# گەنجینەی

# ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

**وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف**

پێڕست

*- حەمەکەریم عارف پیاوێك...شێرکۆ بێکەس
١- ئیلیادە.......................... هۆمیرۆس
٢- ئۆدیسە................ هۆمیرۆس
٣- نامۆ................... ئەلبیر کامۆ
٤- کوختەکەی هاپۆ تۆم... هریت بیچر ستو
٥- مەدام بۆڤاری........... گۆستاف فلۆبیر
٦- مالاوایی لە چەك......ئیرنست هەمینگوای
٧- دەیڤید کۆپەر فیلد.... چارلز دیکنز
٨- تاوان و سزا............. دۆستۆیفسکی
٩- سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو..مارسیل پرۆست
١٠-گیانە مردووەکان...... نیکۆلای گۆگۆڵ
١١-هەڕاجە بازاڕ.............. ویلیام تاکری
١٢-قارەمانێکی ئەم سەردەمە.... میخائیل لیرمانتۆف
١٣-کێوی جادوو............. تۆماس مان
١٤-باوکان و کوڕان.......ئیڤان سیرگیوفیچ تۆرگینیف
١٥-یولیوس قەیسەر..... ویلیام شەکسپیر
١٦- فرهەنگۆك.......... حەمەکەریم عارف

# حەمە كەریم عارف

# پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

**شێركۆ بێكەس**

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان.ئەو كاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای كتێب ورستەیەكی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێكەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەكەریم عارف
پیاوێك لە شەونخونی و
لە ڕێژنەی وشەو
خۆشنەكردنەوەی قەڵەم و
پەنجەرەیەك بۆ خەمی كەسك و
گزنگی بەیان.
حەمەكەریم عارف
ژێیەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی
ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و
گۆرانیی هەمیشە پاراوی
گەرووی ژیان!
هەشتا ئەستێرەی كتێب لەو تەمەنەدا
هەشتا جۆگەی ڕوون لەو دارستانەدا.
هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.
هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!
ئەمشەو بە تەنها خۆم لە سەر مێزەكەم
ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!
بە تەنها خۆم وچەند دێرە شیعرێكی جاویدان.
بە تەنها خۆم وپەپوولەیەكی غەمگین و
چەند كاغەزێكی سپی چاوەڕوان.
بە تەنها خۆم كەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم،نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە ڕۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و
نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی
عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم ڕووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەك..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین
ئەلبێر کامۆ.ئەلکساندەر فەدایەف.هێرب میدۆ.قاسمۆف.کازانتزاکیس.چیخۆف.گوینتەر دیشنەر.فنسنت ڤان
گۆگ.مالرۆ.شەکسپیر.م.گۆرکی.هۆمیرۆس.چرنیشفسکی.چایکۆفسکی.ئیدگار ئالان پۆ.جاك لەندەن.گۆگۆڵ.سیرۆس پرهام.بلیخانۆف.کریس کۆچرا.مەهدی حسێن.سابت ڕەحمان.ئەحمەد مەحموود.سەمەدی بیهرەنگی.عەزیز شەریف.نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی.مەسعود

**ئەحمەدزادە.گەوهەر مراد.یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و ڕووباری تریش...**

**لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی**

**بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.**

**لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا ڕێگای تازەی**

**لەم نەخشەیەدا کردەوە**

**هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ**

**هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و**

**هەشتا تابلۆ**

**لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.**

**لەم ڕەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.**

**لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.**

**لەم دەغلانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.**

**من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ**

**ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.**

**بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو**

**کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سلاو ئەی بارانە**

**جوانەکەی زمانی کوردی.سلاو ئەی**

**کەرکوکی خۆشەویست!سلاو!**

**سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥**

**ئەدەب وهونەر/ژمارە(٦٤٣)/پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣**

## ١- داستانی ئیلیادەی

### هۆمەر، سەدەی ١٠-٨ پ. ز

لە روانگەی رۆژئاواییانەوە گەورەترین هۆنەری داستانە لە مێژوودا، مشتو مڕو چەندو چوونو جیاوازی دید و بۆچوون لەمەڕ بوونی کەسێك بە نێوی هۆمەرو بەرهەمەکانی هۆمەر زۆرە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باوەڕی رەخنەگران ئەمەیە کە نابێ هیچ گومانێك لەوە هەبێت کە هەردوو داستانی ئیلیادەو ئودیسە لەلایەن شاعیرێکی راستەقینەوە بە نێوی هومیرۆس (هۆمەر) هۆنراوەتەوە.

***

ئیلیادە، گەورەترین، مەزنترین، و کۆنترین بەرهەمی داستانیو قارەمانیەتی هەموو زمانانی ئەوروپاییە. داستانو بەیتێکی شەش سیلابییە (بڕگەیی) بە شێوازەری (یونی) کە یەکێکە لە سێ دیالێکتەکەی زمانی یۆنانی، تەمەنی نزیکەی سێ هەزار ساڵە کە هێشتا، سەرباری ئەوەی نزیکەی سی سەدەی بەسەرا بوریوە، بەرهەمێکی هاوتای ئەو بەرهەمە دانەهێنراوە. داستانێکی شیعریە کە سەربورو بەسەرهاتو واریقاتی دەیەمینو دواترین ساڵی ئابلوقەو گەمارۆی شاری کەونارای (تەروادە)و کەوتنو وێران بوونی قەڵای لەگرتن نەهاتوو و شکانو لەناو چوونی میللەتێکی دلێرو خەباتکار بە جوانترینو پڕ جۆشترین شێوە دەردەبڕیٚو نیشان دەدات. لە هەمان کاتدا شەرحو شرۆڤەیەکە دەربارەی هەڤدژیو ناکۆکی خواوەندان لەسەر پاراستن یان لەناو بردنی قەومو میللەتێك کە جەنگاوەرانی ئەو میللەتە مایەی خۆشەویستی یان غەزەب و نەفرەتی خوداوەندان بوون. بە کورتیەکەیو بەگوێرەی بۆچوونی رەخنەگرانی ئەدەبی جیهان، ئەم داستانە شیعرییە لە نێو بەرهەمێن داستانی تیرەی بەشەردا، بە باڵاترینو باشترین بەرهەمی هزری چەرخو رۆژگاران دانراوە.

ئەم شاکارە داستانییە نێوی ئیلیادەیە، بە زمانی یونانیان (ئیلیاس)ەو هۆنەرەکەی شاعیرێکی پایە بەرزە بە نێوی هۆمەر کە بە زوبانی یۆنانی (هومیروس)ی پێ دەڵێن. ئیلیادەی هۆمیرۆس کۆنترین بەڵگەنامەی زیندووی رۆشنبیریی و هزری تیرەی بەشەرەو ئەو راستیە دەسەلمێنیٚ کە مرۆڤ، تەنانەت سێ هەزار ساڵ لەمەو پێش، تواناو بەهرەی ئەفراندنی بەرهەمێکی هەبووە کە دواتر، وێڕای پەرەسەندنو گەشەکردنی زانستو هزرو زەوقو بەهرەش، شاعیرانو هۆزانڤانو هزرڤانان نەیان توانیوە بەرهەمێکی هاوتای ئەو بخوڵقێنن.

رەنگە چاوخشانێك بەم بەرهەمە مەزنەداو هەڵوەستەیەك لەسەر ژیانی ئەم شاعیرە پاپەبەرزە، ئەو راستیەمان پتر بۆ بەرجەستە بکاتو بخاتە بەرچاو.

هۆمەر کێیەو ژیانی چۆن بووە؟ هیچ کەسێك ئەمە بە تەواوەتی نازانیٚ. هەموو دنیا بە شاعیرێکی دەزانن کە دوو شاکاری داستانی بە نێوی ئیلیادەو ئۆدیسە داهێناوەو ئەم جووتە بەرهەمە ئەوە نیشاندەدەن کە شاعیرێکی بە تواناو پیشەیی بووە، ئەو گێڕانەوانەی کە لە سەردەمی ژیانی ئەوەوە ماونەتەوە، هەر هەموویان رەنگو رووی ئەفسانەو خەیاڵیان هەیەو لە

روانگەو دیدی بابایەکی مێژوونووس یان بیوگرافی نووسەوە هیچ بایەخێکیان نیە. نێوی ئەو لە هەر سێ دیالێکتە یۆنانیەکەدا، هیچ مانایەکی نیە، لە کاتێکا ناو لە زمانی یونانیدا ماناو چەمکی خۆی هەیە. دەڵێن گوایە کوێرەو نابینا بووە، بەڵام ئەم بۆچوونە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا رەت کراوەتەوە. هۆی ئەوەی کە خەڵکی پێیان وا بووە کوێرە بووە، ئەمە بووە کە هومەر لە سروودەکانیدا لە ژێر سەرناڤی (سروودێك بۆ ئەپولۆ) داوا لە ئاشقان و شایەران دەکات کە کاتێ خەڵکانێك ستایشی دەکەن و دەپرسن خاوەن و بێژەری ئەم ئاوازو گۆرانیە دڵنەوازانە کێیە، بڵێن کە: "شاعیرێکی نابینا بووەو لە دوڕگەی شاخاوی کیوس دا دەژیا". بەڵام پاشان توێژەران و مێژوونووسان بۆیان ساغ بووەتەوە کە ئەم سروودانە هی هۆمەر نەبوون و بە سەدان ساڵ دوای ئەو دانراون. لەلایەکی تریشەوە وردبینی شاعیری ئیلیادەو ئۆدیسە لە سەرانسەری دیمەنەکانی داستانەکەدا دیارەو گەواهی ئەم حەقیقەتەن کە جووتێ چاوی گەش و بیناو تیژی هەبووەو هەموو شتێکی بە چاوانی خۆی دیتووەو وێنە گرتووە. ئیدی هۆمەر لە چ ساڵێك یا چ سەدەیەکدا هاتووەتە دنیاوە، خویا نیە، بەڵام هەندێ قەرینە هەن، بەڵگەو گەواهی ئەوەن کە لە نێوان سەدەی دەیەم تا هەشتەمی پێش زاین دا ژیاوە.

ئایا جووتە داستانی ئیلیادەو ئودیسە بەڕاستی بەرهەمی هزرو بەهرەی هۆمەرن، ئەو بە تاقی تەنیا ئەو جووتە شاکارە بێ وێنەو بێ هەڤرکەی داهێناوەو خوڵقاندووە؟ هەڵبەتە ناتوانرێ وەلامی بنجبڕی بێ چەندو چوونی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە هەندێ قەرینە هەن دەیسەلمێنن ئەم دوو بەرهەمە مەزنە لە نووسین و هۆنینەوەی یەك کەس نین، فردریك ئاگوست ولف، توێژەرو ئەدیبی ناوداری ئەڵمانی سەدەی هەژدە، لە کتێبێکیدا دەربارەی ژیانی هۆمەر دەڵێت: "ئیلیادەو ئۆدیسە، لەو جۆرە داستانانە نین کە خەڵکی بتوانن بەو وردی و هونەریەتە ئەزبەری بکەن و پشتاو پشت بیگێڕنەوە، بێگومان مانەوەی ئەو جۆرە بەرهەمە مەزنە دەگەڕێتەوە بۆ نووسین، یانی بە فەزڵی نووسین ماونەتەوە".

ئیلیادە، بە تاقی تەنیا بریتییە لە ٢٤ سروودو ١٥,٦٨١ بەیتە، ئیدی چۆن تەسەور دەکرێت خەڵکی بە وردی و بێ هیچ کەموکوڕیەك ئەو هەموو بەیتە ئەزبەر بکەن و دەماودەم بیگێڕنەوە. لە چەرخ و رۆژگاری ژیانی هۆمەردا، خەڵکی یۆنان، خەت و نووسینیان نەزانیوە، بۆیە دەبێ ئەم جۆرە بەرهەمە، سەدان ساڵ لەوە دواتر تۆمار کرابن و نووسرابنەوە. هەر لەبەر ئەمەشە گومانی ئەوە دەکرێت و مەزندەی ئەوە لێدەدرێ کە ئیلیادەو ئودیسە لەوەیە بەرهەمی هزری دەیان نەفر بێ و دەسکەوت و پێکهاتەیەکی دەستەجەمی بێت.

دەشێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە هۆمەر ناوێك هەبووەو شاعیرێکی فیکرمەندو بە توانا بووەو کاری، هۆنینەوەو خوێندنەوەی هۆزانێن داستانی بووە بۆ خەڵکی و بۆ پاشاو میران، ئیلیادەو ئۆدیسەی بۆ دۆستان و لایەنگرانی خۆی هۆنیوەتەوەو گوتووە. پاش مەرگی هۆمەر ئیدی ئەم داستانە شیعریانە لە کەنارەکانی (ئیونی)یەوە کە دەکەوێتە دوڕگەکانی دەریای ئیجەوە، بۆ شوێنانی دیکەی یونان پەڕیوەتەوەو تیرەو تایفەی تری یۆنانی پێشوازیان کردووەو وەریان گرتووە. هەندێ قەواڵەو بەڵگە هەن گەواهی ئەوە دەدەن کە وتاربێژو قانونزانێکی خەڵکی

ئەسپارتە بە نێوی (لیکورگوس) هەشت سەد ساڵێك بەر لە زاین، ئیلیادەو ئۆدیسەی بە خەڵکی ئەسپارتە ناساندووەو ئەم داستانە لەوێندەرەوە بۆ شوێنانی تری یونان پەڕیوەتەوە. بە درێژایی چەرخ و رۆژگاران، هەر شاعیرو ئەدیبێکی یونانی، هەنگاوێکی لە مەیدانی تۆمارکردن و کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمانەدا ناوە، بۆ نموونە، دەڵێن سولون کە یەکێك بووە لە حەوت زانایانی دەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زاین، رێبازێکی تایبەتی بۆ خوێندنەوەو دووبارە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئیلیادەو ئۆدیسە دانا بوو، و کردبووی بە باو کە چەندین سەدە پەیڕەوی کراوە. هەروەها ئاشکرایە کە ئەم نوسخەیەی ئیلیادەو ئۆدیسە، لەلایەن کۆمەڵێك زانای سەر بە قوتابخانەو رێبازی ئەسکەندەریەی میناکی زنودوتس و ئاریستوفان و ئاریستارکوس-ەوە نووسراوەتەوەو بژار کراوە کە هەموو نووسخەکانیان کۆکردووەتەوەو تەتەڵەیان کردووەو پەراوێزیان بۆ وشەو گوزارشتە نامەفهومەکان نووسیوە،و نوسخەیەکی بژارکراوی بژاردەیان لەم دوو داستانە نەمرو زندووە ئامادەو فەراهەم کردووە.

لەلایەکیشەوە ناوەڕۆکی هەردوو داستانی ئیلیادەو ئۆدیسە لە رووی تیمەو داڕشتن و جۆری زاراوەکان و گوزارشت و دەربڕین و هەروەها لە رووی روونی و رەوانی شیعرییەوە یەکدەستن و ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە یەك بیرو یەك زەوق و سەلیقە ئەم دوو بەرهەمەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی نووسیوە. لەم حاڵەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە هۆمەر ئەگەر خۆی داهێنەری ئەم دوو شاکارە بووە لە کوێ و چۆن ئەم ناوەڕۆکانەی پاراستووە کە دوور لە چەپۆکی رووداوان گەیوونەتە نەسلەکانی دواتر؟ بە هەرحاڵ، مێژوو، بە تایبەتی توێژینەوەی هاوچەرخان، بوونی شاعیرێکی گەورە بە نێوی (هومیروس) دەسەلمێنێ و پێی وایە ئەم رۆشنبیر و منەوەرە پایەبەرزە نەك هەر شاعیرێکی بە توانا بووە، بەڵکو لەو سەرەتای شارستانیەتەدا لەو رۆژگارەی کە بەشی زۆری جیهان لە تاریکستانی جەهل و نەزانی و بێ ئەقڵیدا دەژیا، ئەو ئاشنایی دەگەڵ کەلتوورو شارستانیەتی گەورەی، وەکو کەلتوورو شارستانیەتی رۆژهەڵات و کەلتووری (میسری)دا هەبووەو لە هەردوو بەرهەمە مەزنەکەی خۆیدا، سوودی لە هەموو ئەو زانستانە وەرگرتووە.

* * *

**ئیلیادە، ئەم شاکارە داستانیەی رۆژگارانی کۆن، باسی چیدەکات؟**

ئیلیادە، بە هەموو مەزناتیەکی خۆیەوە، بریتییە لە رووداو بەسەرهاتەکانی دوا چل رۆژی، دوا رۆژەکانی جەنگی دە ساڵەی یۆنانیان کە دژی شاری تەروادە ئەنجام دراوە. تەروادە یان تەروی مەڵبەندی ستانێك بووە بە نێوی تروواس کە کەوتووەتە باشووری ئاسیای بچووك، لە رەخی دەریای ئیجەو کەوتووەتە زارکی تەنگەی دەردە نیل-ەوە، رووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١١٨٤پ.ز.. واتە بۆ پتر لە سێ هەزارو چەند ساڵ لەمەپێش. شەڕەکە لەسەر ژنێکی خشکۆکی جوان، بە نێوی هیلین هەڵگیرساوە. هیلین رۆژگارێك هاوسەری بەختەوەری مینیلاوسی فەرمانڕەوای ئەسپارتە بووە. پاریس-ی شازادەی تەروادەیی، و کوڕی رەشیدی (پریام)ی پاشای ئەو دەڤەرو قەڵەمڕەوە، دەساڵ بەر لە مێژووە، لە سەفەرێکدا کە بە نهێنی بۆ ئەسپارتەی کردبوو، سوود لە غیابی مینیلاوس دەبینێ، و هیلنی ناسك و نازداری هەڵگرتبوو و

دەگـەڵ خۆیـدا بـۆ تـەروادەی هێنـا بـوو. مینـیلاوس کـاتێ بـۆ وڵات دەگەڕێتـەوە، لـە ڕێگـەی خواوەندانـەوە، لـە هـەڵگرتنی هاوسـەرەکەی لەلایـەن پاریسـەوە ئاگـادار دەبێـت و هـەنگێ داوا لـە هەموو میرانی یونان دەکات کە فریای بکەون و بێنـە یارمـەتی و لەشکر بکەنـە سـەر دژمن. سوپاو لەشکرێکی گـەورەو گـران ئامـادە دەبێـت. فەرمانـدەی ئـەم لەشـکرە کـە بـریتی بـوو لـە شـەرڤانان و جەنگاوەرانی هـەموو دەڤـەرو ناوچەکانی یونـان، شـەڕڤانێکی عەگیـدو جەنگاوەرێکی مـەردەمێر، بـەڵام ئـەقڵ سـووک دەبێـت بـە نێـوی ئاگامـەمنون کـە بـرای مینـیلاوس–ە. جـا داسـتانی ئیلیـادە، بەرهەمە نەمرەکەی هۆمەر، وێنەیەکی زندووی پڕ جۆش و خرۆشی دوا ڕۆژەکانی شەڕێکە کە دە دانە ساڵی خایاندو سەرەنجام بە وێرانی و لە نێو چوونی تەروادە کۆتایی هات.

بەر لەوەی بێینە سەر باسی کارەساتەکانی داستانەکە، دەبێ هەوەڵجار وەڵامی چەند پرسیارێك بدرێتـەوە: یەکـەم ئەوەیـە بۆچـی پـاریس، شـازادەی دلاوەرو خۆشەویسـتی قەڵـەمڕەوی تـەروادە، کەوتە سەر کەڵکەڵەی ڕفاندن و هەڵگرتنی هیلین و بڕیاری دا سەفەری وڵاتێکی دوور بکات و لە نێو هەر هەموو پەری وەشانی جیهاندا، هیلین ناوێك بە هاوسەری هەڵبژێرێت و بۆ وڵاتی خـۆیی بێنێ، لـە کاتێکـا سـوور دەیزانـی ئـەم ڕەفتـارەی نسـیبەت و بەڵایـەکی گـەورەی لێدەکەوێتـەوەو بـە دوودا دێـت. دووەم ئەوەیـە هیلـینی مـانگ ڕوو، سـەرباری ئـەوەی کـە بـە خـۆی لـە نێـو هـەموو خوازگارەکـانی سەرانسـەری یونانـدا، مینیلاوسـی بـە هاوسـەری هەڵبـژاردبوو، ملـی بـۆ پێشـنیازەکەی پـاریس داو بـۆ وڵاتێکـی نادیـار، کـە هیچـی دەربـارە نـەدەزانی، ڕەدووی کـەوت، سێیەم ئەوەیـە کـە گریمـان مینـیلاوس بـەو کـارە نـا جوامێرانەیـەی پـاریس بـە خۆیـدا شـکایەوەو غیرەت و هەستی بریندار بوو، ئەو کارەی بە دەستدرێژی و تەعەدای نامووس زانی، باشە میرانی دیکەی یونانی بۆچی بچنە هیمدادی ئەوو جەنگاوەران و لەشکریانی خۆیان بۆ شەڕێکی دژوارو ماڵوێرانکەرو مسیبەتبار ڕەوانە بکەن؟

لەمەوە گەلێك لە خاڵە نادیارەکانی داستانی ئیلیادە ڕوون دەبێتەوەو خوێنەر ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە کە شەڕی کارەساتباری تەروادە لە ڕاستیدا شەڕی خوداوەندان بووە کە لە ئەنجامدا بە وێرانبـوونی تـەواوەتی ئـەم شـارەو فـەوتانی خـەڵکی ئـەو قەڵـەمڕەوەو هـەروەها بـە تێشـکان و بۆڕخواردنی ئەو خواوەندە شکایەوەو تەواو بوو کە گوایە تەروادەی خستبووە ژێر باڵی خۆی و داکۆکی لێدەکرد.

پـاریس، لەبـەر ئـەوە چـوو بـۆ ئەسـپارتە چـونکە ئـافرۆدێتی خوابـانۆی جـوانی، بـەڵێنی ڤیـان و هاوسـەری جـوانترین ژنـی دنیـای پـێ دابـوو، و هـەر ئـەویش ژێـراو ژێـر جـۆش و خـرۆش و سـۆزو گودازی خستە دڵ و دەروونی هیلین و وای لێکرد بە تاقە نیگایەك شەیداو ئاشقی پاریس ببێت. بۆچی ئافرۆدێت ئەو بەڵێنەی بە پاریس دابوو؟ دەبێ لەو بەزم و زیافەتدا کە لە بارەگای زیوسدا، خوای خواوەندان بەرپا کرا،بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێی. سێ خوابانۆ، کە هەر یەکەیان خـۆی لـەوی تـر بـە جـوانتر دەزانـی، لـەو میوانیـەی خـودای خواوەندانـدا ئامـادە بـوون. لـە میوانییەکـەدا سێوێك لەلایـەن یـەکێك لـە خواوەندەکانـەوە پێشـکەش بـە جـوانترین خوابـانۆ دەکرێـت. هـەر سـێ خوابانۆکـە، خوازیـاری وەرگـرتنی سـێوەکە دەبـن، واتـە هـەر یـەکێکیان خـۆی لـە دووەکـەی دی بـە

جوانتر دەزانێ. ئەم داوەرییە بە خودای خواوەندان دەسپێردرێ. زیوس، بۆ ئەوەی هیچ یەکێك لە خوابانووەکان نەڕەنجێنێ و پەسندی کەسیان بەسەر دووەکەی تردا نەدات، ئەم کارە بە پاریس، شازادەی هەرێمی تەروادە دەسپێرێت. پاریس ئەفسوونی ئافرۆدێت دەبێت، و ئەو بەسەر دووەکەی دیدا پەسند دەدات. ئافرۆدێت، خوابانۆی جوانی، بەڵێنی پاداشتێکی باشی دەداتێ، بەلاّم ئەم کارەی پاریس، بۆ پاریس و وڵاتی پاریس دوو دژمنی سەخت و خوێنڕێژو دڵڕەق دێنێتە ئاراوە، کە لە ئەنجامدا ئەوان سەردەکەون.

بەڵام هۆی ئەوەی کە میرانی تری یونانی ئامادە دەبن بچنە شەڕێکی سەخت و دژوارەوە ،ئەوە بوو کە پێشتر لە بەینی خۆیاندا پەیمانێکیان دەربارەی هیلین بەستبوو کە بە کۆمەڵ لەسەری هەڵدەنێ: هیلین شەیدایان و خوازگارانێکی فرەی هەبوو، چونکە هیچ یەکێکیان ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەو روو مانگە ئاشوبگەرە ببێ و چاوپۆشی لێبکات، ئەوە بوو بە کۆمەڵ لێبڕان کە هیلین بە خۆی سەرپشك بێت و هاوسەری دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت، و هەر لەوێشدا پەیمان و سۆزیان بە یەکتردا کە ئەو هەر کێیەك هەڵبژێرێت، ئەوانی دی بە کۆمەڵ ئەو دووە، واتە هیلین و هاوسەرەکەی بپارێزن و ئەگەر رووبەڕووی مەترسییەك بوونەوە، ئەوا بە کۆمەڵ دژی دژمنەکەیان بوەستنەوەو شەڕی دژمنەکەیان بکەن. لەبەر ئەمە بوو کە مینیلاوس داوای کۆمەك و یارمەتی لە میلانی یونانی کردو لە ئەنجامدا سوپاو لەشکرێکی گەورە خڕبووەوە.

* * *

دە دانە ساڵ شەڕو خوێنڕێژی هیچ بەرهەمێکی نەداوە. تەروادە بە حوکمی قوللەو قەڵاتی بەرزو شورەو دیوارێن مکومو قایم، نایەتە گرتن. بەردەوامبوونی جەنگ، دووری لە نیشتمان، نائومێدی و دەست شۆردن لە سەرکەوتن بەسەر دژمندا، هەڵەو خەتای جاروباری سەرکردەکان و هەندێ ناکۆکی و هەڤدژی سوپاسالاران، هەر هەموو جەنگاوەرەکانی ماندوو و بێتاقەت کردووە. ئێستا ئاگامەمنونی فەرماندەی گشتی جەنگاوەرانی یونان. کارێکی نابەجێ و ناپەسندی کردووە، کە ناخۆشی و بشێوی ناوەتەوە، شاری کریسەی دراوسێی تەروادە کەوتووەتە دەستی یونانیەکان و خەڵکەکەی دیل و یەخسیر بوون. ئاگامەمنون، لە نێو یەخسیرەکاندا چاوی تەماح دەبڕێتە کریسیس-ی کیژی زۆر جوانی کاهنی پەرستگەی ئەپولۆ و ناتوانێ دەستبەرداری بێت و ئیدی دەیبات بۆ خێوەت و خەرگاکەی خۆی. کاهینی ناڤبری داوا لە فەرماندەی گشتی سوپا، واتە لە ئاگامەمنون دەکات کە کیژەکەی بداتەوەو هەنجەتەکەشی ئەمەیە کە دەیەوێ کیژە هەرە ئازیزو خۆشەویستەکەی لەبەر پێی پەیکەری ئەپولودا بکاتە قوربانی. ئاگامەمنون مل نادات. ئەپۆلۆی خواوەندی لاوی و موسیقاو هونەر، لە ئاگامەمنون دەچێت بە قیناو تاعونێکی کوشندە لە نێو لەشکرەکەیاندا بڵاودەکاتەوە. فەرماندەکانی دی داوای لێدەکەن کە دیلە بەدبەختەکە ئازاد بکات. ئاگامەمنون داواکەیان قەبوڵ دەکات، بەلاّم لە جیاتی کریسیس، کیژێکی خشکۆکی دیکە بە نێوی پریسیس داگیر دەکات. ئەم کیژە سەر بە ناوچەیەك بوو کە قەڵەمڕەوی شەڕی ئەخیلی سەرداری دلاوەری یۆنانی بوو. ئەخیل زۆر لەم رەفتارەی سوپاسالار (فەرماندەی گشتی) تووڕە دەبێت، و چیتر درێژە بە شەڕی دژمن نادات، تیتیس، دایکی ئەخیل کە

بـه خـۆی یەکێکـە لـە خوابانۆیـەکان، سـکاڵا دەباتـە لای زیوسـی گـەورەی خواوەنـدانو داوای لێدەکات سزای سوپاسالاری توندە مگێز بدات. زیوس بۆ ئەوەی تەمبێی بکاتو لوتی بشکێنێ، خەوێکی قوڵی لێدەخاتو لە جیهانی خەوندا پێی دەڵێت کە "شەوەکی هێرش بەرە سەر قەڵای تەروادە، و دەیگریت".

ئاگامەمنون دەگەڵ گەردی بەیانیدا بە سوپاکەی خۆیەوە ئامادەی هێرش دەبێت. هیکتۆری کوڕی پریام شا،و قارەمانی لە شکان نەهاتووی تەروادە، لە بەرانبەردا ئامادەی بەرگرییە. هەوەڵجار مینیلاوس، برای ئاگامەمنونو کۆنەمێردی هیلین، دێتە پێشێ تا دەگەڵ پاریسدا، کە کوڕێکی تری پریام شایەو هیلینی هەڵگرتووە، شەڕی تەن بە تەن بکات. شەڕ دەست پێدەکات، پاریس کە بە دژمنو خەنیمەکەی ناوەستێ دەگاتە شەرای مەرگ، لێ ئافرۆدێت کە لە خەمیدایە، لەو تالوکەیەی دەربازدەکاتو لە جیاتی ئەو پانداروس، کە جەنگاوەرو قارەمانێکی دیکەی تەروادەیە دەخاتە بەرانبەر مینیلاوس. پانداروس بە پەیکانێك دژمن بریندار دەکاتو لە دوای ئەوە جەنگاوەرانی هەردوو لەشکر بەردەبنە گیانی یەکدی. ئیدی دەبێ بە جەنگی مەغلۆبەو لە ئەنجامدا سوپای یونان بە کوژراوو زیانێکی زۆرەوە بەرەو ئۆردوگای خۆ پاشەکشە دەکەن.

ئەخیل، مەردەمێری نەبەز، بەشکستی هاوڕێ یونانیەکانی خەمبار دەبێتو ناچار خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات. هەوەڵجار چەكو ئەسڵەحەو جەنگەوزارەکانی (ئەسپابی شەڕ) خۆی دەدات بە پاتروکلوسی دۆستی دلێری مندالی خۆیو لەگەڵ سوپای میرمیدون دا، کە لە ژێر فەرماندەیی خۆیدا بوو، بۆ تێکشکانی دژمن دەنێرێ. پاتروکلوس، هێزەکانی تەروادە ڕاودەنێت، بەڵام لە ئەنجامی خەمساردیو بێ موبالاتیەکی خۆیەوە، لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ. هیکتۆری مەردەمێر، کوڕی پریام شا، جەنگەوزارەکەی ئەو دەگرێتو بەر دەبێتە گیانی دژمن. ئەخیل کە ئەو وەزعو حاڵە دەبینێ، دەگەڵ ئاگامەمنوندا ئاشت دەبێتەوە، جەنگەوزاری تازە لە تیتیس–ی دایکی، خوابانۆی دەریا کە لە خەمو هۆڵی ئەودایە، وەردەگرێتو دەچێت بۆ شەڕی هیکتۆر. هیکتۆر شەڕڤانو مەردەمێری تەروادە، لە نهێنییەکی سەیر بێئاگایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەخیل بابایەکی پۆڵاتەنەو هیچ چەکێك کاری تێناکات. شەڕ دەست پێدەکاتو لە ئەنجامدا هیکتۆر دەکوژرێ، سەرداری سەرکەوتوو لێرەدا کارێك دەکات کە رقی خواوەندان هەڵدەستێنێ، ئەویش ئەوەیە، پاش ئەوەی دەکوژرێت، گۆزینگی پێی کون دەکاتو پەتێکی تێ هەڵدەکێشێتو جەنازەکەی لە گالیسکەکەی خۆی دەبەستێتو گێرەی ئەو مەیدانەی پێدەکات.

بە مردنی هیکتۆری سەرداری مەزنی تەروادە، ماتەم شار دادەگرێت، پریام شا داوای جەنازەی کوڕەکەی لە ئەخیل دەکاتەوەو ئەخیل دوای دوانزە ڕۆژ ئەوسا ئەو داوایەی قەبوڵ دەکات. کەچی لە هەمان ڕۆژی شەڕدا پاش شکستی هیکتۆر، جەنازەی پاتروکلوسی دۆستی بە تەشریفاتێکی تایبەتی بە خاك دەسپێرێتو بە گوێرەی دابو نەریتی ڕۆژ، لە دەوری مەزارەکەیدا ڕێوڕەسمێکی شکۆداری گەمەێن وەزرشی بەرپا دەکات.

***

هومەر، شاعیری بە توانای یونانی، بەڕاستی لە بەرجەستەکردن و نیشاندانی دیمەنی شەری جووتە قارەمان، ئەخیل و هیکتۆردا، گۆی هونەری بردووەتەوەو موجیزاتی نواندووە. ژمارەیەکی زۆر لە لاپەڕەکانی داستانی ئیلیادە تەرخانکراوە بۆ وەسفی شەڕی نێوان ئەم جووتە قارەمانە، کە بە گوتەی پاچڤەوانانی یونانی، وەرگێڕانی ئەم بەشە بۆ سەر زمانی ئەمڕۆ نزیکەی شازدە هەزار بەیت یان دێڕ دەبێت.

داستانی ئیلیادە، لێرەداو بەشکستی هیکتۆرو بە خاك سپاردنی هیکتۆر دوایی دێت کە بە رواڵەت وا دێتە بەرچاو تەواو نەبووە. بۆیە ئەوەی لێرەوە دەربارەی ئەم کێشماکێشە بێ کۆتاییەی نێوان یونانیان و جەنگاوەرانی تەروادەیی گێڕدراوەتەوە زادەی هزرو زەوق و سەلیقەی شاعیران و مێژوونووسان و چیرۆکنووسان و شانۆنامەنووسانی دیکە بووە کە زۆر دیمەن و بویەری تریان بۆ زیاد کردووە، واتە سێبەرو کاریگەریی ئیلیادە بەسەر بەرهەمەکانیانەوە دیارە. یەکێك لەوانە شاعیری ئیتاڵیایی فیرجیلە کە هاتووە چیرۆکی ئەسپە دارینە زەلامەکەو فێڵی یونانیەکان و سەرەنجام گرتنی شاری تەروادەی لە داستانەکەی خۆیدا (ئینیادە)دا داڕشتووەتەوە.

وەکو پێشتر باسکرا، داستانی ئیلیادە لە راستیدا شەڕی نێوان خواوەندان بووە، لێرەدا خواوەندان رەفتارو هەڵویستی میناکی بەشەرانیان هەبووە. هیراو ئەتینا دوو خودابانۆن کە دژمنی پاریس و زاگەو نیشتمانی پاریسن، چونکە پاریس، ئافرۆدیتی لەوان بە جوانتر زانیوەو پەسندی ئەوی بەسەر ئەواندا داوە. زیوس، خودای خوداوەندان حەز ناکات شاری تەروادە تەخت بکرێ و جەنگاوەرەکانی لە خوێنا بگەوزێن و بکوژرێن. بەڵام بە زۆری لە حاڵیان غافڵە، هۆیەکەشی ئەمەیە کە هیرا، ئەم خوابانۆ ئەفسونکارەی کە شابانۆی خواوەندانە، لەو کاتانەدا کە پێویست بووە خودای خواوەندان بە هانای تەروادەییەکانەوە بچێ، لەگەڵیا کەوتووەتە ئاشقێنی و مژۆلی کردووە.

ئەتیناش سەبەبکاری مەرگی هیکتۆر بووە، چونکە ئەو پانداروس هاندەدا کە پەیکانێك لە مینیلاوس بدات و شەڕەکە بە جۆرێ بئاڵۆزێنێ کە ئەخیلی پۆڵاتەن تووڕە ببێت و قارەمانەکەی تەروادە بکوژێت.

لەلایەکی ترەوە ئەپولۆو ئافرۆدیت، لایەنگری خەڵکی تەروادەن و لەم بەینەدا ئەریس یان مەریخ کە خواوەندی جەنگە هیچ کارێکی نیە جگە لەوەی هەردوو سوپاکە بە گژ یەکتردا بکات.

گەمەو سەرگەرمی خوداوەندان لەم بەینەدا، ئەو حەقیقەت و راستیە دەسەلمێنێ کە رۆشنبیرانی قەڵەمڕەوی میسینا لە یونان، لەو چاخ و رۆژگارەدا کە بەیت بێژی هزرڤانی یۆنانی تیا ژیاوە، پابەندی خورافات و پڕو پوچ نەبوون، و هەرچەندە باوەڕیان بە خواوەندان هەبووە بەڵام هیچ ترس و خۆفێکیان لێیان نەبووەو بە گوێرەی رۆشنبینی خۆیان، خواوەندانیان دەهێنایە ئاست و پایەی مرۆڤان.

***

بێگومان ئیلیادە و ئۆدیسە، رۆڵێکی حاشا هەڵنەگریان هەبووە لە پەروەردەی بەهرەو سەلیقەی هونەرمەندانی یونانی و شاعیران و شانۆنامەنووسان و نووسەرانی دیکەی جیهان. خەڵکی یونان

بە درێـژایی سـەدان سـاڵ ئـەم هۆزانـە داسـتانیانەیان ئەزبـەر بـووە. جـەنگاوەران و پاڵـەوانان کـە گوێیـان لـەو بەیتانـە دەبـوو لـەزەتیان لێـوەردەگرت و هەسـتیان بـە شـانازی دەکـرد. هـەر کـاتێ کـە گۆشەیەکی خاکی یونان دەکەوتە بەر هێرش و پەلامارو لەشکرکێشی دژمن، خەڵکی لـە جاران پتر روویـان دەکردە ئـەم بەیتـە جۆشـدەرو روح بزوێنانـە، گـەلێك لـە شـاکارە زنـدووەکانی ئـەدەبیاتی جیهان، بە ئیلهام و سەرۆی ئەم جووتە داستانە (ملحمە) هاتوونەتە ئاراوە، وەکو چۆن داستانی ئەمری ئینیادە کە مایەی شانازی خەڵکی ئیتاڵیایەو نێوی نووسەرەکەی، فەرجیلی لـە مێژووی ئـەدەبی ئـەو وڵاتـەدا جاویـدان کـردووە، زادەی ئیلـهام و سـەرۆی ئـەم داسـتانەیە. فەیلەسـوفانی مـەزنی مینـاکی ئەرسـتۆ لـە کتـێبی (هونـەری شـیعر)ەکـەی خۆیـدا، و هـۆراس، شـاعیری رۆمـی لـە دیوانەکـەی خۆیـدا، بـە جـۆرێ ستایشـی هۆمـەریان کـردووە کـە گەیاندوویانەتـە پلـەی خودایـەك، دیارە ئەم ستایش و قەدرزانیە، هەر تایبەت نەبووە بە شاعیرانی کۆن، بەڵکو بە درێـژایی چاخ و رۆژگـاران زۆربـەی ئـەو هزرڤانانـەی کـە سـەرو سـەختیان دەگـەڵ بەرهـەمێن کلاسـیکی دا هـەبوو، ستایشـی ئافەرێنـەری ئیلیـادەو ئودیسـەیان کـردووە. داسـتانی ئودیسـە، چـیرۆکی شـاعیرانە و خەیاڵئـەنگێزی گەڕانەوەی ئودیسیوسی جەنگاوەری قارەمانی نێوداری یونانی بۆ زاگەی خـۆی دەگێڕێتـەوە. پنلـوپ، هاوسـەرە ئەمەکدارەکـەی و تیلیماخۆسـی کـوڕە قارەمـان و پـاك نەژادەکـەی، چـاوەڕوانی دەکـەن تـا بـۆ ئیتاکـا بگەڕێتـەوە، بـەڵام سـەفەری گەڕانەوەکـەی ماوەیـەکی زۆر دەخایـەنێ، ئیـدی لـەو وڵاتـەدا کەسـێك نیـە تەسـەور بکـات کـە ئودیسـیوس مـاوەو هێشـتا لـە ژیانداپە، بۆیە خۆسەرانی لـەخۆ رازی لە ماڵەکەی قارەمانی ئیتاکادا خڕدەبنەوەو گوشار لە ژنـە جوانەکـەی دەکـەن تـا مێردێکـی دیکـە بـۆ خـۆی هەڵبـژێرێت. ئودیسـیوس لـە وەخـت و کـاتێکی هەسـتیارو ناسـکدا بـۆ دیـاری دێـرین دەگەڕێتـەوەو پـاش شـەڕێکی مەردانـە، تۆڵـەی خـۆی لـە بەدخوایان دەستێنێ.

شارەزایان و پسپۆران گومانیان لەوە نیە کە ئودیسەش هی هەمان شاعیر و هۆنەری ئیلیادەیە، چونکە جگە لەوەی کە زمان و هزرو بیری هەردوو بەرهەمەکە یەکە، لە چەند بەشێکی ئەم بەیت و داستانەدا، نـاوی هەنـدێ قارەمـان و جـەنگاوەر دووبارە دەبنـەوە کـە کاراکتـەرو قارەمـانی سـەرەکی داسـتانی ئیلیـادە بوونـە،و ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا ئـەوە دەگەیـەنێ کـە هـەردوو بەرهەمەکـە زادەو بەرەنجامی یەك فیکرن.

سەرچاوە:

تصویری از ادبیات کلاسیك جهان /٣ معرفی ایلیاد/ اپر هومر/

شرکت سهامی کتابهای جیبی وابستەی بە موسسه انتشارات امیر کبیر /اسفند ١٣٨٨

# ٢- داستانی ئۆدیسەی هۆمەر

## پیشەکی و وەرگێڕانی

## حەمەکەریم عارف

"١"

ئیلیادەو ئۆدیسە دوو شاکاری داستانی کۆنی یۆنانین ودراونەتە پاڵ شاعیرێکی کۆن ونابینای یونانی بە نێوی هۆمیرۆس کە مشتومڕو چەندوچوونێکی یەجگار فرەی دەربارە هەیەوتا رۆژگاری ئەمرۆش بەردەوامە.بەهەرحاڵ چەندوچوون وبیروباوەرو بۆچوونەکان چەند زۆرو چەند جیاوازبن،بە تۆزقاڵیش لەو حەقیقەتە ناگۆڕن کە دوو دانە گەوهەری دانسقە بە نێوی (ئیلیادەو ئودیسە) گەییونەتە دەستی خەڵکی ئەم سەردەمەوپەساپۆرتی ئەم گەشتە دوورو درێژەشیان تەنیا هونەریەتی خۆیان بووە،جا خوای دەکرد لەبنی خاوەنیان نەدەبوو.چونکە ئەوەی بۆ خوێنەر گرینگە دەقی داستانەکانە وەکو چۆن هەن،نەك هۆنەرو شاعیرەکەیان.بەگوێرەی بۆچونی شارەزایان ئەم دوو داستانە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ٨٥٠پ.ز..بەهەرحاڵ وەکو دەگوترێ شاعیری ناڤبری سەر بە تیرەی ئیونی بووە،لە سیمیرناهاتووەتە دنیا،لە شپوس ژیاوە ولە لوس کۆچی دوایی کردووە.

***

وشەی ئیلیادە بە مانای واریقات وسەربهوردو بەسەرهاتی(ئیلوس)ـە.هەڵبەتە دەبێ ئەوە بگوترێ کە جەنگی تەروادە،تەوەرەو تانوپۆی هەردوو داستانەکە پێکدێنێ.ئیلیادە بریتییە لە چیرۆکی تۆران وتوڕەبوونی ئەخیل،کە لە پشت چیرۆکی گەمارۆی تەروادەوە دێتە گێڕانەوە.واتە گێڕانەوەی چیرۆکی گەمارۆی تەروادە زیاتر بۆ بەرجەستە کردنی چیرۆکی تورەبوون وتۆرانەکەی ئەخیلە.ئەخیل کاراکتەرێکی سەرەکییە:گەنجێکی گەڕناس وجوانخاس و بەهێزوتوانایە.لە شەڕا بوێرو چاونەترس وکەڵەمێردە.هیچ جەنگاوەرو شەڕڤانێکی یۆنانی هاوتای ناکاتەوە.بوونی لە مەیدانی شەڕا،بە بێ چەکیش،مایەی نیگەرانی وترسی تەروادەییەکانە.کەسێکی بە دەم وزمان وقسە زانە.کەسایەتییەکی زۆر کاریگەرو ئیجابییە،عەیبی سەرەکی ئەوەیە کە توندەتەبیعەت ودڵناسك وزوو ڕەنجە،لێ وێرای ئەوەش سەرپێچی لە فەرمانی خواوەندان ناکات..بۆ نموونە کە لێدەبرێ ئاگامەمنوون بکوژێت، ئەتینا داوای لێدەکات کاری وانەکات.ئەویش یەکسەر بە گوێی دەکات وشمشێرەکەی دەخاتەوە کێلان.

***

ئۆدیسیوسی شا قارەمانی ئودیسەش،کاراکتەرێکی نموونەیی و ئایدیالییە،هەرچەندە لە مرۆڤی ئاساییەوە نزیکە.بە هەمان گەنجی و جوانی ئەخیل نییە،هەمان قۆزی و بەژن و بالأو جورئەتی ئەدەبی ئەخیلی نییە.بەلأم بە دەم و زمان وقسە زانە،کە دێتە قسە وشە وەکو نمەباران

لە زارییەوە دەبارێت وبە جۆرێ كار لە گوێگران دەكات،كە شێوەو روخساری لە بیردەكەن.لە گەنگەشەوموناقەشەدا زۆر بە زەین وكارامەو لێزانە. بۆ نموونە كە لەگەڵ نوسیكادا دەدوێ لە تۆ وایە لە جیاتی وشە گوڵ لە زاری دەبارێت.یان چەند لێزانانە وچەند بە مەعلانی پولیفیمۆس لە خشتە دەبات!پیاوێكی یەجگار زیتەڵ وچەلەنگ وچالاكە،زۆر ئازایە، خۆراگرە،پشوو درێژە،لە بەردەم هەر بەلایەكدا كە خواوەندان بەسەریا دەدەن بەسەبرە. زۆر زیرەكانە خۆی لە تەنگانەو ئاستەنگ وسەختی ودژواریان دەپەڕێنێتەوەو دەربازدەكات.قارەمانێكی یەجگار ئازایە.بەلام هەندێجار بێباك وخەمساردو كورتبینە كە چاوەروانكردنی گەڕانەوەی پۆلیفیموس بۆ ئەشەوتەكەی نموونەیەكی ئەو حاڵەتەیە.بەلام ئەم خاڵە لاوازانەی لێ جوانە..بە شێوەیەكی گشتی فریوی هیچ ئیغراو تەماحێكی حسی ناخوات وبە درێژایی سالانی ئاوارەیی ودەربەدەری هەر بیری لە لای نیشتمانەو بەو هەوایە دەژی كە لە ولاتی خۆیەوە دێت، بەو یادو یادگارانەوە دەژی كە لەمەڕ زاگەو مەفتەنی خۆی هەیەتی وهەرچەندە سالانێكی زۆر دەگەڵ كالیپسودا دەمێنێتەوە،بەلام ئەمەی لە ناچارییەو بە خوایشتی خۆی نییە.عەشقی ولات وكەسوكارو پنلۆپی ژنی بە جۆرێ لە ناخیا ریشاژۆ بووە،لە پێناوی گەرانەوە بۆ وەلات،ژیانی جاویدانی و خوایانە رەفزدەكات.

ئیلیادەو ئودیسە، زیاتر تەرخانن بۆ وەسف وباسی بەسەرهات وكارێن قارەمانانەی هەردوو قارەمانی سەرەكی(ئەخیل وئودیسیوس)،بەلام شاعیر هەولی ئەوەی نەداوە هەموو شتێكان دەربارە بهۆنێتەوە،بەڵكو بەشێكی دیاریكراوی لە ژیانی هەر یەكێكیان وەرگرتووەو كردوویەتی بە تیمەو بابەتی هەردوو داستانەكە.

لە ئیلیادەدا تورەبوونەكەی ئەخیل و ئاكامەكانی ئەو تۆران وتوڕەبوونەی هونەراندووە.لە ئۆدیسەدا گەڕانەوەی ئودیسیوسی بۆ وەلاتی خۆی لە دوای كەوتنی شاری تەروادە،كردووە بە بابەت.كار لە هەردوو داستانەكەدا دیاریكراوە،سەرەتاو كۆتایی خۆی هەیە.رووداوە جۆراوجۆرەكان بە شێوەیەكی زنجیرەیی و بە دووی یەكتردا دێن.هەركارێك بە شێوەیەكی ئاسایی،خۆی بە كاری پاش خۆی دەسپێرێت،واتە یەكێتییەكی ئۆرگانیكی تەواو لە بویەروكارەكاندا هەیە.بەلام ئەمە بەو مانایە نییە كە لە رووی بونیادو رێختمانەوە هیچ عەیبێكیان نییە.بە تایبەتی لە ئیلیادەدا عەیبی پێكهاتەی بونیادی زەق بەدی دەكرێت.

ئەم دوو داستانە كۆنترین داستانن لە مێژووی داستانانی ئەوروپاییدا،بوون بە سەرچاوەو ئیهامبەخشی كۆمەڵێك داستانانی ئەدەبی،لە سەردەم وقۆناغانی دواتردا.بە تایبەتی ئنیادەی فەرجیل.لێ دەبێ ئەوە بگوترێ كە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جۆرە داستانەدا هەن.گرینگترینیان ئەوەیە كە داستانی ئەدەبی بۆ خوێنەر نووسراوە، بەلام داستانەكانی هۆمیرۆس بۆ گوێگر هۆنراونەتەوە،بۆیە تایبەتمەندی زمانی زارەكیان بەسەردا زاڵە.

هەردوو داستانەكە،مەگەر بە دەگمەن،دەنا لە خەسلەتە گشتییەكاندا هاوبەشن:تیمەو بابەتی ئیلیادە جەنگ وشەڕە،زۆر درامییەو كۆتاییەكی تراجیدی هەیە.ئەفسوونی ئودیسە لە ریسككاری و ژیانە كۆمەلایەتییەكەیدایە،كۆتاییەكەی دوو لایەنی هەیە،سەبارەت بە

ئودیسیوس،کۆتاییەکی خۆشە،وسەبارەت بە خوازگارەکان کۆتاییەکی ناخۆش وکارەساتبارە. ریسکەکانی ئودیسیوس ئەفسووناوی وئەفسوون ئامێزن.ئامادەگی وحوزوری ژنان لە ئودیسەدا زۆر چڕترو زیاترە تا لە ئیلیادەدا.شاعیر لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی نوسیکاوە وێنەیەکی ئاشکرای ئازادی و دەنگ ودەورو شادمانی کیژێکی گەنجی سەردەمی پاڵەوانییەتی دەخاتە روو.لە کەسایەتی پنلۆپیدا نەك هەر وێنەی هاوسەرێکی دڵسۆزو ئەمەکدار دەنوێنێ،بەڵکو وێنەی ژنێکی زرینگ وپاك وسەلارو سەنگین و بە وەج و بە نموود نیشاندەدات.لە کەسایەتی ئاریتی دا،ئەو رێزو حورمەتە زۆرە وێنە دەگرێت کە لە ژنان دەگیرێت،وکاریگەریی ژن نیشاندەدات.

ئەوەی مایەی سەرنجە شاعیر بێلایەنانە داستانەکە دەگێرێتەوە،بەشی هەرە زۆری گێرانەوەکانی بە کاراکتەروقارەمانەکان سپاردووە.وکەسایەتییەکانی زیاتر لە دیوی دەرەوە وەسف کردووە و دیوی ناوەوەیان پتر لە ڕێگای کرداریانەوە بەرجەستە دەبێت.ئەگەر ویستبێ رووداوێك یان کاراکتەرێك بەرجەستەتر بنوێنێ وکاریگەرتری نیشان بدات، پەنای بردووەتە بەر لێکچوون،لێکچوونەکانی لە جەرگەی ژیان وتەبیعەتەوە هەڵبژاردووە:میناکی ستێرانی ئاسمان،زریان،تۆف وکرێوە،شێرودڕندە،دێوودرنج،هەڵۆودالاشان،شەڕەژنی گەرەك و بانان،یان کچۆڵەیەك کە چمکی داوێنی دایکی گرتبێ..هەڵبەتە ئەم لێکچوونانە تەنیا بە مەبەستی رازانەوەی هونەری بەکار نەهێناوە،بەڵکو بۆ ئەوەشە کە کاریگەری رەوتی داستانەکە زیاتر بکا.

ئاوێتەکردنی کارێن خوایی ومرۆڤانی لە تایبەتمەندیەکانی ئەم جووتە داستانەیە،رەنگە هەندێ کەس پێیان وابێ ئەم دیاردەو تایبەتمەندییە لەزەتی خوێندنەوە لای خوێنەروگوێگر کەم بکاتەوە،لێ وانییە.خوابانۆو خواوەندەکانی هۆمیرۆس،راستە زۆر زۆر لە مرۆڤ بە تواناترن،وئەوەی بەوان دەکرێت،هەرگیز بە مرۆڤ ناکرێت،بەلاّم لە رووی کەسایەتییەوە زۆر لە بەشەر دەچن.واتا خوابانۆو خواوەندانی هۆمیرۆس، لە سەرانسەری ئیلیادەو ئودیسەدا دێن و دەچن،دەوردەبینن،بەشداری رووداوان دەکەن،پشتیوانی ئەم قارەمان و دژایەتی ئەویتردەکەن.رێنوێنی ئەم دەکەن وسەر لەو دەشێوێنن،وتەنانەت هەڵیدەخەڵەتێنن،بەلاّم وێرای ئەوەش کەسایەتی قارەمانەکان ناسڕنەوەو نابن بە بوکەڵەی بێوەج و بێنموود،وداستانەکە لەزەتە ئیستاتیکییەکەی خۆی لە دەست نادات و خوێنەروگوهدار لێی تەوەلا نابێت.

"٢"

ئودیسە بریتییە لە سەربهوردو بەسەرهاتی ئودیسیوس،کە لە دووی ئەخیل،مەزنترین و بەنێوبانگترین قارەمانی یۆنانە.یەجگار زیرەك وچەلەنگ چالاك ولێزانە.ئودیسیوس،پاشای ئەفسانەیی ئیتاکایە،کوڕی لایرتیسە،دایکی نێوی ئانتیکلیایە.ئودیسیوس خەڵکی ئیتاکایە،هێشتا بابی لە ژیاندا بوو کە عەرشی پاشایەتی لێوەرگرت.پنلۆپی کیژی ئیکارۆسی خواست وکورێکی لێی بوو بە نێوی تیلیماخۆس.ئودیسیوس بەرلەوەی پنلۆپی بێنێت،یەکێك بوو لە خوازگارانی هیلین.ئەو ژنە جوانەی کە ڕفاندنەکەی بووە مایەی هەڵگیرساندنی شەڕی تەروادە.ئودیسیوس نایەوێ بچێتە شەڕی تەروادەو بۆ ئەو مەبەستە خۆی لە شێتی داوە.بەلاّم

هەوڵەکەی بێهوودە بووەو لە ئەنجامدا بووە بە یەکێك لە قارەمانە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو شەڕە.پاش دە ساڵ،بە نەخشەیەکی کاراو زیرەکانە،شاری تەروادە،ئەو قەڵا قایمەی لە بەردەم یۆنانیەکاندا کردەوە:تەگبیری بۆ کرد کە ئەسپە دارینەیەکی گەورە دروستبکەن وبە خۆیان بە فێڵ پاشەکشە بکەن وئەسپەکە لە مەیداندا بەجێ بێڵن. ئازاترین شەڕڤانی یونانی خۆیان لە نێو سکی ئەسپە دارینەکەدا مەڵاس دا،لەشکری یۆنان بە درۆ کەوتە پاشەکشە،تەروادەییەکان،کە چاویان بەئەسپە دارینە کەوت،بە نوقلآنەی خێریان زانی،پێیان وابوو شارەکەیان لە وەیشوومەو بەڵایان دەپارێزێ.ئیدی بە خۆشحاڵییەوە وەکو دەسکەوتی شەڕو نیشانەی سەرکەوتن رایدەکێشن ودەیگەیەننە ناوشار،بەو جۆرە شەڕڤانانی یۆنانی بە ئاسانی دەچنە ناو شاری تەروادە. شەوێ کە خەڵکی تەروادە بە خەیاڵی خۆیان،رزگاربوون،ئاهەنگی ئازادی شارەکەیان دەگێڕن وسەرقاڵی ئاهەنگ دەبن،شەڕڤانانی یۆنانی دەست بە چەك لە ئەسپەکە دێنە دەرێ ودەرگاوان وپاسەوانەکان دەکوژن.لەشکرەکەیان کە بە فێڵ پاشەکشەی کردبوو،دەگەرێنەوەو شەبەیخون دەکەنە سەر شاری تەروادەو دەکەونە تالآن و بڕۆوقەتڵ وعامی خەڵکەکە و وێرانکردن وسووتاندی شارەکەو ژنەکانیان بەسەر یۆنانییەکاندا دابەش دەکەن.دوای گرتنی تەروادە،ئودیسیوس رێی گەڕانەوە بۆ ئاخی ئیتاك دەگرێتە بەر ودەشت ودەریایان تەی دەکات،وئەم سەفەری گەڕانەوەیە دە دانە ساڵ درێژە دەکێشێت، ئودیسیوس،ئاوارەو سەرگردان،رێی دەکەوێتە وڵات وشوێنانی جۆراوجۆر،تووشی رەنج ودەردو مەینەتی زۆر دەبێت.ئیدی چیرۆکی ئەم گەڕانەوەیە بووە بە هەوێن وتیمەو بابەتی داستانی ئودیسە کە بریتیە لە بیست وهەشت هەزاروهەشت سەد بەیت.ئەم داستانە بەسەر سێ بەشدا دبەش کراوە:

*– تیلیماخۆس(سەفەرەکانی تیلیماخۆس):ئەم بەشە لە سروودی یەکەمەوە تا سروودی چوارەم لە خۆ دەگرێت.تیلیماخۆس بۆ تاقیب و سۆراخی بابی(ئودیسیوس) سەفەری ئیلۆس دەکات ودەچێتە نك نەستوور و لەوێ میوانداریيەکی گەرم وگوڕو شاهانە دەکرێت.پاشان هەر بە نیازی ئەوەی هەواڵێکی بابی بزانێت دەچێت بۆ لاسیدیمون و مینیلاوس دەبینێت.

*–گەڕانەوەی ئودیسیوس:ئەم بەشە لە سروودی پێنجەمەوە تا سروودی سیانزەیەم لە خۆ دەگرێت.زیاتر باسی ژیانی ئودیسیوسە لە دوورگەکەی لەمەڕ کالیپسو،ئەم خوابانۆیە کە ئاشق وشەیدای ئودیسیوس بووە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە دوڕگەکەی خۆیدا گلی دەداتەوەو بەڵێنی دەداتێ کە ئەگەر لەوێ وەمێنێ وبیخوازێت کارێکی وەها دەکات کە ژیانی جاویدانی پێببەخشێت وهەرگیز پیری بە خۆیەوە نەبینێت، لێ ئودیسیوس نایەتە ڕەداو هەربیری لای نیشتمان وکەسوکارو ژنەکەیەتی وخەیاڵی گەڕانەوە بەری نادات..سەرەنجام بە هەر هەنجەت و بیانوويەك بێت، خۆی لەوێندەر دەرباز دەکات.بەڵام زریان و تۆفانی ترسناك راپێچی دەکات و خۆی لە سەرزەمین وقەڵەمڕەوی فیاسیاندا دەبێنێتەوە. ئودیسیوسی قارەمان لەوێ نوسیکای کیژی شا ئالسینۆسی فەرمانرەوای فیاسیان دەبینێت. نوسیکا، رێگەی پێنیشان دەدات وڕەوانەی لای بابی دەکات وزۆر بە گەرمی پێشوازی لێدەکات وداوای لێدەکات سەربهوردی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. ئیدی ئودیسیوس گشت بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ شا ئالسینۆس

دەگێڕێتــەوە..دوای گێڕانــەوەی بەسەرهاتەکانی،فیاسـیان بـە کەشـتی خۆیان،ئودیسـیوس بـە دەریادا دەبەن تا دەیگەیەننەوە ئیتاك.ئیدی لەوێوە بەشی سێیەمی داستانەکە واتە

*- تۆڵـە سـەندنەوەی ئودیسـیوس:دەسـت پێـەکات.ئـەم بەشـە لـە سـروودی چـواردەیەمەوە تـا سـروودی بیست وچوارەم لـە خـۆی دەگرێت.ئودیسـیوس کـە دەگاتـەوە ئیتاکا،لـە شـێوەی پـیرە پیـاوێکی شـڕۆڵەی گـەدادا خـۆی بـەلای یۆمایۆسـی بـەرەزەوانی خۆیـدا دەکـات.یۆمـایۆس نایناسێتەوە.دوای ماوەیەکی کەم تیلیماخۆسی کوڕی دەبینێت.بەرەبەرە خۆی پێدەناسێنێت و ئەوسا بە دووقۆڵی و زۆر بە نهێنی تەگبیروراوێژ دەکەن ونەخشەو پلان دادەنەن کە چۆن تۆڵـە لـە خوازگارەکان بسەننەوە.ئەو خوازگارانەی کە بە ناهەق و بەوپەڕی گۆساخی و بیٚ ئەدەبی موڵك ومالَەکەیان بە فیرۆ دەداو چاوی تەماحیان دەبڕییە هاوسەرە سەلاروسەنگین وجوانەکەی، کـە بـە درێــژایی بیســت دانــە ســالٚ هــەر بــە داوێنپــاکی وئەمەکـداری ووەفـاداری مـابووەوەو خــۆی نەدۆڕاندبوو.دیارە ئەتینا، خوابانۆی چاوگەش پشتیوانی ئودیسوس بوو.ئیدی ئودیسیوس بە ڕێنـوێنی ئـەتینا، لـە شـێوەوهەیئەتی گەدایـەکی روتەڵـەی شـڕۆڵەدا خـۆی بـە کۆشـك وسـەراکەی خۆیــدا دەکاتــەوە، ئیــدی ئــەو بێگانەیــەوخوازگارەکان خــاوەن مالَن،واتــە مــالٚ لــە مــالَخۆ حەرامـە.خوازگارەکـان زۆری ئـازار دەدەن.جنێوی دەدەنیٚ..سوکایەتی پێدەکەن و ئـەویش خـۆی شێلو ناکات وتەحەمولیان دەکات..ئیدی پنلۆپ کە گوشاری خوزگارەکان تەنگەتاوی دەکات و زۆری لێدەکـەن کـە یـەکێك لـەو خوازگارانـە هەڵبـژێرێت وشـووی پێبکـات و بڕێتەوە،هەڵدەسـتیٚ پێشبڕکێیەکیان بۆ دادەنیٚ ،کە هەرکەسێك پێشبڕکێیەکە بەرێتـەوە، شوو بەو دەکات و بە گەڵی دەکـەوێت وبـە ناچـاری وبـە نەبـەدڵی ئـەم کۆشـك و سـەرایە، کـە زۆر لـە دڵیـا شـیرینە ومـاڵی بوکێنیـەتی بـۆ تیلیماخۆسی کوڕی بەجێدێڵیٚ.پێشـڕکێیەکە ئەوەیـە هەرکەسێك لـە خوازگارەکـان بتوانێت کەوانەکـەی ئودیسـیوس بهێنێتـە سـەرپیٚ وتیرێـك بـە کونی دوازدە پاچـی بـەریز دانـراوا ئاودیو بکات،دەبێت بە مێردی پنلۆپی.هەڵبەتە کەس ئەم کارەی پێناکرێت.ئەنجام ئودیسـیوس کەوانەکـە وەردەگرێـت وگرەوەکـە دەباتـەوەو ئەوسـا بـە یارمـەتی کوڕەکـەی ویۆمـایۆس و نۆکـەرە وەفادارەکەی تری،هەموو خوازگارەکـان بـە سزای خۆیـان دەگەیـەنێت.ئودیسـیوس کە گـەڕابووەوە دۆخـی جـارانی خۆی،خـۆی بـە پنلـۆپی دەناسـێنێت و سـبەینیٚ بـۆ ئـەوەی لـە تۆڵـەی کەسـوکاری کوژراوەکــان بخەلەســێت ودووربێت،لەشــار وەدەردەکــەویٚ و دەچــێت بــۆ دەشــت بــۆ دیــدەنی لایرتیسی بابی. دژمنان دووی دەکەون و لەویٚ هێرشی دەکەنە سەر،لیٚ دوای چەند سووکە شەڕو پێکادانێك، خواوەندان دەکەونە بەینەوەوسولَحیان دەکەن.

"٣"

ئودیسـە یەکێکـە لـەو شـاکارە ئەدەبییـە هـەرە بەرزانـەی لـە کۆنـەوە تـا رۆژگـاری ئـەمرۆ کاریگـەری بەسەر ئەدەبیاتی دنیاوە، بە تایبەتی ئەدبیاتی ئەوروپاوە هەبووە..زۆربـەی تراجیدیا یۆنانییـەکان لــە ئودیســەوە هــەڵێنجراون وســێبەری بەســەر زۆربــەی کارەکــانی ئیســخیلۆس و ســۆفۆکلیس ویوربیدسەوە دیارە.

شاعیری رۆمانی فرجیل، لە داستانی(ئینیادە)دا لە ژێر کاریگەری هەردوو داستانی(ئیلیادەو ئودیسە)دایە.کار گەییوەتە رادەیەك كە بەوە تاوانبار دەکرێت كە ئودیسەی کۆپی کردووەتەوەو بە شێوازێکی هەندێ جیاواز لە شێوازی هۆمەری دایڕشتووەتەوە..فینلۆن لە (تیلماك)ەکەی خۆیدا،هەر گەڕانەکەی تیلیماخۆسی لە ئودیسیۆس،وەرگرتووەو تۆزێ درێژی کردووەتەوەو شاخ و باڵی لێناوە،دەنا وەکو رەوتی گشتی داستان، هیچ شتێکی تازەی دانەهێناوە.

لەسەردەمانی تازەشدا، جگە لە تۆلستۆی کەسی تر لاسایی ئیلیادەی نەکردووەتەوە.ئەم کەڵە ئەدیبە هەوڵی داوە بە چاولێکەری ئیلیادە، مامەڵە دەگەڵ (شەڕو ئاشتی)یەکەی خۆیدا، کە بەراستی لوتکەیەکی ئەدەبی یەجگار بەرزە بکات،بەڵام نەیتوانیوە کاراکتەرو قارەمانەکانی بە هەمان نەفەسی هۆمیرۆس بهونەرێنێ و بەرجەستە بکات.ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی وقۆناغە مێژووییەکان.

دەکرێ بگوترێ ئودیسە لە ئیلیادە زیاتر سەرنجی رۆماننووسانی رۆژگاری تازەی راکێشاوەو بووە بە سەرچاوەی ئیلهام وسەرۆیان..بۆ نموونە (ئۆلیس)ی جیمس جویس كە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە سەرانسەری دنیادا دەنگی دایەوەو جۆرە دابڕان و وەرچەرخانێکی رۆمانەوانی دروستکرد،رێك لە ژێر کاریگەریی ئودیسەدایە،بەڵام جویس نەفەسی رۆژگاری خۆی پێبەخشیوە..بەوەش ویستوویەتی ئەوەمان پێبڵێ کە شاکاری وەکو ئودیسە لەم رۆژگارەدا دووبارە نابێتەوە.ئەگەر دووبارەش ببێتەوە لە قاڵب وڕێختمان وتیمەو ناوەرۆکێکی مۆدیرندا دووبارە دەبێتەوە.ئیدی زۆر هەوڵی رۆمانەوانی دیکە هەن، گەر لێیان وردببیتەوە دەبینی ئودیسە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئیلهامبەخشیان بووە.بۆ نموونە(موبی دیك)ی هرمان ملفیل یان(پیرەمێردو دەریا)ی هەمینگوای، یان چیرۆکی(چیرۆکی دەریاوانێکی خنکاو)ی گابریل گارسیا ماکیز..هەڵبەتە هەموو ئەو بەرهەمانە شەقڵی رۆژگارو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و قۆناغی مێژوویی خۆیانیان بەسەردا زاڵە.زەمەن ورۆژگار حوکمی خۆی هەیە..گومان لەوەدا نییە کە ئودیسە تا رۆژگاری ئەمرۆش سەرچاوەی ئیلهامی ئەهلی ئەدەب وئەدیبانی دنیایە.پتر لە سێ هەزار ساڵە بە بەردەوامی دەخوێنرێتەوەو بەگەڵ کاروانی ژیانی تیرەی بەشەر کەوتووەو هاتووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هۆمیرۆس توانیویەتی ساتە هەرە زندووەکانی ژیانی بەشەر وێنە بگرێت وکەڵکەڵەو ئەڵها دەروونی و رۆحییەکانی مرۆڤ بهونەرێنێ و بەها بەرزەکانی میناکی قارەمانیەتی،ئازایەتی،ودادپەروەری وعەدالەت وبێگەردی وپاکی و پاکیزەیی وئەمەکداری ودڵسۆزی ونیشتمانپەروەری لە لای بەشەر شیرین بکات،وخیانەت ودڵرەشی و پیلانگێڕی و پیلان لە دڵو دەروونداا رەشبکات و بیکورهێنێ..یەکێك لە نیشانەکانی زندوویەتی ئودیسە،وێڕای ئەوەی بە درێژایی رۆژگار سەدان پاچڤە کراوە،تا ئەمرۆش ساڵانە دەیان پاچڤەی تازەی، بە دەیان زمانی زندووی جیهان لێ دەخرێتە بازاڕەوەو ئەم داستانە هەر تەڕو تازەیەو پیرنابێت وبە نیاز نییە بەم زووانەش مل بۆ پیربوون بدات.

جا خوێنەری بەرکەتی بەندە پێشەکییەکی لەمە درێژترم بۆ ئیلیادە نووسیوە،کە لەوێدا باسی ئودیسە کراوەو بۆ کەسێك مەبەستی بێت دەتوانێت بچێتەوە سەری.بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە

ئـەم پێشـەكییە هەرچییەك بێـت وهەرچـۆنێك بێـت، ئەلتـەرناتیفی دەقەكـە نییـە،ناتوانێت هـەمان سـوود ولـەزەتی راسـتەوخۆی دەقەكـەت بـداتیّ.بۆیـە لـەوەی پـتر بـە تانیـا نـارۆم ،ولـە لـەزەتی خوێندنـەوەی دەقـی ئـەم داسـتانە ئەدەبییـە نـەمرە مـەحرومت ناكـەم كـە بریتییـە لـە داسـتانی گەڕانەوەی ئودیسیوس بۆ زاگەو ولاّتی خۆی كە نۆستالیژاو خۆشەویستیی ولاّت لە جوانترین وبـالاّترین گوزارشـتدا هونـەرێنراوە،هیچ تـەماحێك، تەنانـەت ژیـانی جاویـدانی و هـەرمانیش ناتوانێت قارەمـانی داستانەكەمان، ئودیسیوس،لە گەڕانەوە بۆ ئیتاكـای زێدو نیشتمانی سارد بكاتـەوە،بۆ لای پنلۆپی،هاوسـەرە سـەلارو سـەنگین وپـاكیزەو بەسـەبرو حەوسـەڵەو ئەمەكـدارو وەفادارەكەی، بۆ لای تیلیماخۆسی كوڕی كە كون نامێنێت بە دوای بابی بەرزەیدا سەری پێدا نەكات،سـارد ناكاتـەوە..ئیـدی ئودیسـە هـەر خـۆی ئۆدیسـەیەو..هـەڵوای تەنتـەنانی، تـا نـەیخۆی نایزانی.

تێبنی:

بۆ نووسین و ئامادەكردنی ئەم پێشەكییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

*– ئلیادە/هۆمیرۆس/و:حەمەكەریم عارف/دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/چ١/٢٠٠٩

*– ایلیاد/هومر:مترجم:سعید نفیسی/چاپ سوم١٣٨٥/ناشر/دنیای كتاب

*– ادیسه.هومر،ترجمەی میر جلال الدین كزازی،نشر مركز،چاپ:پنجم/١٣٨٥

*– هـومیروس شـاعرالالیاده والاودیسـا/بقلـم:الـدكتور عبـدالمعطـی الشـعراوی/الهیئـه المصـریه العامه للتالیف والنشر/١٩٧١

*– اساطیر الیونان/د.عماد حاتم/٢٠٠٨/دارالشرق العربی للطباعة والنشر والتوزیع

*– دلیـــــــــل القـــــــــاری الی الادب العـــــــــالمی.تـــــــــالیف:لیلیـــــــــان هیرلاند/ج.د.بیرسی،ستیرلنج.أ.براون..ترجمه:محمد الجورا.دارالحقائق/١٩٨٦

# هۆمەر

هۆمەر یا هۆمیرۆس کە لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا بە ئومیرۆس ناسراوە گەورەترین شاعیری داستانەوانی دنیای کۆنە، وردەکارییەکانی ژیانی مەعلووم و خۆیا نیەو مێژوونووسان بیروبۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە زەمان و شوێن و هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندیە شەخسی و هونەرییەکانی کانی هەیە.

***

## دەربارەی داستانی ئۆدیسە

پتر لە دوو هەزارو حەوت سەد ساڵە کە کەلتووری رۆژاوا، بە ناوی هۆمەر(١) ئاشنایەو بە یەکەم شاعیری داستانەوانی دنیای دەزانێ کە بە هۆنینەوەی هەردوو داستانی جاویدانی ئیلیادە(٢)و ئۆدیسە(٣)، ناوی خۆی لە جیهانی ئەدەبدا نەمر کردەوە. شیعری هۆمەر بە درێژایی ئەم سەدان ساڵە، تەنیا سروودێن خۆش ئاهەنگی غروور ئەنگێزی جەنگاوەریی نەبووە کە ئاشقان و شایەرانی گەڕۆك، لەو سەردەم و رۆژگارانەی کە هێشتا خەت و نووسین باو نەبووە، لە بەریان کردووەو بەدەم ئاوازو نەغمەی بەربەت(٤) یان سێتارە(٥)وە خوێندبێتیان. بەڵکو ئەم دوو بەیتە (مەنزوومە)، بنەمای رێنمایی فەرهەنگی و بناغەی وانەێن ئاکاری و ئۆلی بوون. تیرەو هۆزێن پەراگەندەی سەر زەمینی یونان، لە ماوەی ئەم بیست و حەوت سەدەیەدا بە شیعرو هزرو بیرێن ئەم دوو شاکارە ژیاون و لە هەمان کاتدا ئەم دوو بەرهەمە، سەرچاوەی بەردەوامی زەوق و ئیلهام و داهێنان بوون بۆ شاعیران و شانۆنامەنووسان و داستانەوانێن ئەورووپایی.

هۆمەر، ئەم شاعیرە مەزنە و ئەم یەکەم پەیڤ ئافەرینی مێژووی تیرەی بەشەرە، وێڕای ئەوەی کە شیعرەکانی لە هەموو شوێنێکا مایەی ستایش و رێزی خەڵکی بوون، بەڵام بە جۆرێ خۆی وەپشت پەردەی ئیبهام و گومان داوە کە زانایان و هزرڤانان هەمیشە لە خۆیان پرسیوە ئایا بە راستی هۆمەر ناوێك هەبووە، ئەگەر کەسێکی واهی لە خاکی یۆناندا ژیابێ، ئایا ئەم جووتە شاکارە بێ وێنەیە، زادەی قەریحەو تەبعی ئەوە، ئایا کەسێك یان کەسانێکی دی، لە ئەفراندنی ئەم دوو بەیتەدا شەریك نەبوون؟

هیچ گومانێك لەمەدا نییە کە لە دنیای کۆندا، لە ساڵانی نێوان سەدەی دەیەم تا سەدەی حەوتەمی پ.ز ، لە سووچێکی سەر زەمینی بەرینی یۆناندا، شاعیرێك بە ناوی هۆمەر هەبووە. ئەو شاعیرو هزرڤانانەی کە لە سەردەمی ئەوەوە نزیك بوون و ناوی ئەویان بردووە بریتین لە ئالکمان(٦)، ئارکیلوکۆس(٧)، کالینوس(٨)و تیرتیوس(٩) کە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا ژیاون. سافو(١٠)ش کە لە سەدەی شەشەمی پ.ز ژیاوە، هۆمەری ناسیوەو لە هەڵبژاردنی بەحروکێش و قافیەی شیعردا لاسایی ئەوی کردووەتەوە. لەو رووەوە کە لە سەدەی پێنجەمی پ.ز بە دواوە ئیلیادەو ئۆدیسە سەرچاوەو بنەمای هزرو بیرو زەوق و ئەدەبی خەڵکی یۆنان بووەو کەلتوورو شارستانیەتی ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر بناغەی ئەم شاکارانە رۆنراوە،لەم پێودانگەوە نابێ گومان لەوە بکرێ کە هۆمەر لە سەدەکانی پێش حەوتەمدا لە دورگەیەك لە دورگەکانی دەریای ئیجەدا ژیاوە.

پرۆفیسور جفری –ئیس– کیرك، مامۆستای ئەدەبیاتی کلاسیك لە زانستگەی بریستولی ئینگلیستان لە کتێبی دنیای کلاسیك لە ئەدەبیات و شارستانیەتی رۆژاوا(١١)دا باوەڕی وایە کە ئیمپراتۆریەتی میسین(١٢) لە دەوروبەری ساڵی ١١٢٠ پ.ز روو لە هەرەس و داڕوخان و نەمان چووەو ئیدی تا دوو سەدە دواتریش، سەردەم سەردەمی پەراگەندەیی و گۆشەگیری خەڵکی دوڕگەکانی یۆنان بووە. ئەو گروپ و جماعەتە خەڵکەی کە ئاکنجی دوڕگەکانی ئیونی(١٣) بوون هزرڤانانی ئەوان دەگەڵ کۆمەڵێك لە هزرڤانانی یۆنانی ئاکنجی سەرزەمینی ئەسڵی یونان، لە ئاتینەوە کۆچیان کردو پەیوەندیان بە ریزی ئەو راپەڕینانەوە کرد کە بە درێژایی دەریای ئیجە کاریان بۆ بە یۆنانی کردنی بەستێنی ئاسیای بچووك و بونیاتنانی ئیونیا و ئیولیس(١٤) دەکرد(١٥). یۆنان تا سەدەی هەشتەمی پ.ز لە سەردەمی تاریکیدا دەژیاو لە سەروبەندی نێوان سەدەی هەشتەم تا حەوتەم، جارێکی دی سەردەمی رۆشنگەریی یۆنان دەستی پێکردەوەو لەم دەوروزەمانەدا بوو کە هۆمەر هاتە ئاراوەو لە سەرانسەری دوڕگەکانی ئیونیدا وەکو ئاشق و شایەری گەڕۆك و خاوەنی ئیلیادەو ئۆدیسە، خۆی دەرخست.

زۆر دەلیل و بەڵگە هەن دەیسەلمێنن کە ئیلیادەو ئۆدیسە زادەی بیرو زەوقی یەك کەس نین. بێگومان هۆمەر لە پێش نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمدا ژیاوە، لە کاتێکا خەڵکی یۆنان تا ساڵی ٧٠٠ی پ.ز خەت و نووسینیان نەزانیوە. باشە ئەگەر وایە چۆن دەشێت تەسەور بکرێت کە ئەم دوو بەیتە (داستان) دوورو درێژە، بێ هیچ گۆرینێك و بە دەقی خۆیەوە، لە یادو یادگەی چەندین نەسل و نەوەی یونانیدا مابێتەوە؟ خاڵێکی دیکە ئەمەیە کە شێوازو زمانی ئیلیادە و ئۆدیسە جیاوازەو ئەم حەقیقەتە دەیسەلمێنێ کە خاوەنی ئەم دوو بەرهەمە، دوو شاعیری جیاواز بوون. بە هەرحاڵ هۆمەر وەکو یەکەمین شاعیری داستانبێژی جیهان و داهێنەری هەردوو کتێبی ئیلیادەو ئۆدیسە ناسرابوو، تا لە هەوەڵین ساڵانی نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا کە توێژەرو پەیجۆرو مامۆستایەکی ئەدەبیاتی یۆنان و روم لە ئەڵمانیا، بە نێوی فردریك ئوگوست ولف(١٦) لە کتێبێکی بەڵگەدارا کە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٢– ١٨٧٥دا نووسیویەتی، سەلماندوویەتی کە ئیلیادەو ئۆدیسە، زادەو بەرهەمی فیکری یەك کەس نییەو بەرهەمێن ئەم شاعیرە بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە چەندین پارچەو کۆپلەی پەراگەندە کە شایەرانی گەڕۆك هۆندویاننەوەو پاشان زانایانی قوتابخانەی ئەسکەندەریە لە سەدەی سێیەم یان دووەمی پ.ز ئەم سروودە پەراگەندانەیان کۆکردووەتەوەو بە نێوی هۆمیرۆس ناوێکەوە، کە یەکێك بووە لەو ئاوازخوانە پیشەییانە، تۆماریان کردووە.

هەڵبەتە ئەم بۆچوونە، وێڕای ئەو بەڵگە زۆرانەی کە ئەو نیشانی دابوون و بە نموونە هێنابوونیەوە، مایەی قەبووڵی هەمووان نەبوو. لایەنگران و عاشقانی ئەم شاعیرە مەزنە داستان هۆنە، لە هەموو لایەکی ئەوروپاوە کەوتنە پەلاماردانی و کتێبێن تازەیان سەبارەت بە رەتکردنەوەی بۆچوون و تیۆرەکانی ئەو نووسی، ئیدی سەرپەرشتانی زانستگەی "هال"ش کە فردریك ئوگوست ولف لەوێ خەریکی دەرس وتنەوەی مێژوو و فەلسەفە بوو، لێیڕان بە

مەبەستی داشداری‌و پشتیوانی لەو، لێکۆڵینەوەێن گەورە ئەنجام بدەن‌و دروستی بۆچوونەکانی مامۆستا بسەلمێنن(١٧).

هەر لەو ساڵانەدا، بویەرێکی(ڕووداو) دیکەش ڕووی دا کە لە جاران پتر ناوی هۆمەری لە سەرانسەری دنیادا خستە سەر زاران. بویەرەکەش بەمجۆرە بوو کە کەونارا ناسێکی بە توانا بە نێوی هاینریش شلیمان(١٨) کە لە گەنجیدا شەیداو شیفتەی هۆمەرو سروودەکانی ئەو بوو، لێبڕا کە بچێتە تاقیب‌و سۆراخی شاری کەونارای ترواد‌ەو لە ڕێگەی کەشف‌و دۆزینەوەی ئەم سەر زەمینەی دەورانی کۆنەوە، بیسەلمێنیٚ کە داستانی ئیلیادە دەربارەی شەڕی دە ساڵەی یۆنانیان دەگەڵ جەنگاوەرانی ترواد‌ەیی داو سەرەنجام کەوتن‌و وێران بوونی ئەم قەڵا سەخت‌و لە گرتن نەهاتووە، تەنیا ئەفسانەیەکی خەیاڵی و بیٚ بنەما نەبووە.

هاینریش شلیمان، ئەم ئاشقەی هۆمەرو ئەم شەیدایەی کەلتووری یۆنان، سەرمایەیەکی مۆڵی تەرخان کردو یەکەمین کاری کۆڵینکاری لە شوێنێکا بە ناوی "حەسارلیغ" لە کەنارو بەستێنی دەردەنیلدا، کە دەگوترا شاری ترواد‌ە کەوتووەتە ژێر خاک‌و خۆڵی ئەو شوێنەوە، دەست پێکرد. سەیر ئەوە بوو کە دوای لابردنی نۆ چین خاک، کە هەر چینەیان سەر بە دەورانێك بووە، گەییە وێرانەو کەلاوەیەکی بەربڵاو کە دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ٣٢٠٠(١٩) پ.ز.

کەشف‌و دۆزینەوەی ئەم شارە کەونارایە کە شوێنەواری ئاگر کەوتنەوە و سووتان‌و داڕووخانی خێرای پێوە دەبینرا، پاش تاقیق‌و لێکۆڵینەوەی قووڵی کەوناراناسان، ئەم حەقیقەتەی سەلماند کە داستانی ئیلیادەو بەسەرهاتی شاری ترواد‌ە، شتێکی بیٚ بنج‌و بناوان نەبووەو هۆنەری ئەم بەیتە، هەر کەسێك بووبیٚ، لەسەر بناغەو بنەمای ڕووداوێن مێژوویی، ئەم ڕووداوەی بە هۆنراوە هۆنیوەتەوە. ئەمە یەکەم هەنگاوی بەڵگەدار بوو دەربارەی سەلماندنی بوونی هۆمەرو بەرهەمە بەناوبانگەکەی ئەو، ئیلیادە. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، زانایەکی دیکەی لە ئینگلیستان پەیدا بوو کە سەر لە نویٚ دووبەرەکی و ناکۆکی خستە نێوان یاران‌و نەیارانی هۆمەرەوە. ئەم پەیجۆرو نووسەرە ناوی ساموئیل باتلەر(٢٠) بوو کە بە نووسینی سیٚ کتێبان لە ژێر سەرناڤێن: خۆش تەبعی هۆمەر(٢١)، دەربارەی بونیادی فەندئامێزی ئۆدیسە(٢٢)و، ئۆدیسە هۆنینەوەی ژنێك(٢٣)، کۆمەڵیٚ مەسەلەی نوێی بەمجۆرە خستەڕوو کە ئیلیادە نووسینی هۆمەر نییە، بەڵکو شاعیرێکی خەڵکی ترواد‌ە هۆنیویەتیەوە کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات‌و ئیدی ئەمەی کە داستانی ئۆدیسە ژنێك هۆنیویەتیەوە نەك پیاوێك و بوونی شارێك بە ناوی ئیتاك کە لە داستانی ئۆدیسەدا ناوی هاتووە، بیٚ بنج‌و بناوانەو بەسەرهات‌و سەربهوردەکە پەیوەندی بە کۆمەڵێك دەریاوانەوە هەیە کە لە دوڕگەی (سیسیل)ـەوە بەرەو شوێنێکی نادیار ڕۆییشتوون‌و لە ڕێگەدا تووشی کۆمەڵێك ڕووداوی سەیرو عەنتیکە بوون.

نووسین‌و قسەکانی ساموئیل باتلەر هەرچەندە تازە بوون و باس‌و گەنگەشە دێرینەکەی نێوان یاران‌و نەیارانی تازە دەکردەوە، وێڕای ئەوەش وەڵامی ئەم پرسیارە بنەڕەتیەی پیٚ نەبوو

که ئیلیادەو ئۆدیسە چ کەسێك یان چ کەسانێك دایان هێناوە، هۆمەری شاعیر، ئەگەر بە ڕاستی هەبووبێ، لەم بەینەدا چ دەورێکی هەبووە؟

لێکۆڵینەوەی زانایان، بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە: بەڵگەنامەیەك هەیە هی نیوەی سەدەی حەوتەمی پ.ز بەم لاوەیە، ئەوە دەسەلمێنێ کە شاعیرێك بە ناوی (ئومیروس) هەبووە، کە لە شاری سمیرنا(٢٤) یان کیوس(٢٥)، لە نێوان سەدەی یازدە –حەوتەمی پ.ز ژیاوە.

ناوێن یۆنانی ئاسایی، مانایان هەیە، بەڵام ئومیروس هیچ جۆرە مانایەکی نییە. تاقە چەمكو مانایەك کە بۆیان دۆزیوەتەوەو هاوتای بکاتەوە وشەی بارمتەیە. ئایا ئەم ئومیرۆسە بارمتەیەك بووەو لەلای خانەوادەیەك ژیاوە؟ ئەگەر ئەمە وا بێت، کەسی وا، بە گوێرەی دابو نەریتی کۆنی یۆنان، بۆی نەبووە لە شەڕدا بەشداری بکاتو لەم حاڵەدا چۆن لە ڕازو نهێنی شەڕی نێوان تیرەو هۆزێن یۆنانیو بەرگریکارانی شاری ترِوادەدا ئەوەندە بە ئاگا بووە کە بتوانێ بەو وەستاییە بیهۆنێتەوەو بیگێڕێتەوە؟ شایەرێکی گەڕۆك ئەو زانیاریە فرەوانەی نییە(٢٦). جگە لە ئیلیادەو ئۆدیسە، زۆر سروودو هۆنراوەی دیکەش هەن کە دراونەتە پاڵ ئومیرۆسی یۆنانی. یەکێك لەم بەیتانە کە پێشکەش بە ئاپولۆن کراوە و تا دوا سەدەش وا تەسەوڕ دەکرا کە هۆنەرەکەی هەمان داهێنەری ئیلیادەو ئۆدیسەیە، باسی شاعیرێکی نابینا دەکات کە لە دوڕگەی چیایی کیوس دا ژیاوە، بەڵام ئەوە ڕەتکراوەتەوە کە ئەم سروودە هی ئومیرۆس بێ، بۆیە دەنگۆی کوێری ئەو بەڕاست نازانن‌و باوەڕیان وایە کەسێك کە بتوانێ بەو وردی و بە وەستاییەوە دیمەنێکی شەڕ لە شیعری خۆیدا وێنە بگرێت، ناچێتە ئەقڵەوە لە نیعمەتی چاو مەحرووم بووبێ، بەڵام سەبارەت بە شیعرو سروودەکانی دیکە، ئەوە ساغ بووەتەوە کە هی ئەم شاعیرەیە. بەم پێودانگە شایەری ئەم شیعرە ڕەزمیانە (جەنگی) شاعیر خۆی بووە.

بەڵام پرسیاری گرینگ ئەمەیە کە چۆن لە ڕۆژگارو دەورانێکا کە هێشتا خەتو نووسین دا نەهاتووە، کەسێك توانیویەتی ئەم هەموو هۆنراوەیە لەبەر بکاتو بۆ خەڵکانی تری بڵێتەوە؟ گریمان ئەو توانا ئاوارتەیەی(ڕیزپەڕ) هەبووە، ئەدی ئەم هۆنراوانە چۆن لە دووی ئەو پشتاو پشت، دەماودەمی کردووەو بێ هیچ کەمو کوڕییەك تا چەندین سەدە ماونەتەوە؟

ئەو ڕوونکردنەوەیەی لەم مبارەیەوە دراوە بەمجۆرەیە: شارستانیەتی یۆنان تەقریبەن لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەی پ.ز دەستی پێکردووە، واتە لەو زەمانەدا دەستی پێکردووە کە شاری کەونارای میسین بایەخو پایەیەکی بەرزی پەیدا کردبوو(٢٧). هۆزێن پەراگەندەی یۆنانیشین نزیکەی چوار سەد ساڵێك پێش ئەو مێژووە، ڕوویان کردبووە ئەم دەڤەرەو چوار شتی دیاریان لەگەڵ خۆدا هێنا بوو: یەکەم، ئەسپ، دووەم، سنعەتی ئامان سازی، سێیەم، هونەری دروستکردنی قولەو قەڵاتانو چوارەم، زمانی یۆنانی، کاتێ شاری میسین بوو بە مەڵبەندی هاتوچۆی دەریاوانان، دەوڵەمەندان ڕوویان کردە ئێرەو دانیشتووانی ئەم شارە سەروەتو سامانێکی زۆریان پێکەوە نا. کاتێ پێگەو پایەگای ژیانیان جێگیر بوو، بەرەو دوڕگەی کریت کە بەر لە هیجرەتی یۆنانیان، شارستانیەتێکی پرشنگدارو درەخشانی هەبوو، هێرشیان بردو ئەوێیان خستە سەر وڵاتەکەی خۆیان. میسین نزیکەی چوار سەدە، لە نێوان ساڵانی ١٥٥٠–

١١٥٠ دا حوكمڕانی سەرانسەری دەریای ئیجەی کرد. لەم ڕۆژگارو دەورانەدا یۆنانیان پەلاماری شاری (تب)یان داو سێ شەڕی دیکەیان کرد کە دوانیان دەگەڵ میسرییەکاندا بوو و یەکێکیان دژی شاری کەونارای ترواده بوو کە هۆمەر لە ئیلیادەدا باسی کردووە. یۆنانیەکان بە درێژایی ساڵانی هەوڵو کۆششیان بۆ دامەزراندنو بونیادنانی شارستانیەتی خۆیان، تەماسو بەرخوردیان دەگەڵ سۆمەرییەکانیشدا هەبووە، دوور نییە کە خەتو نووسین لە سۆمەرییەکانەوە فێر بووبن. لەم حاڵەتەدا دەشێت وێنای ئەوە بکرێت کە هۆمەر، شاعیرو شایەری سەدەی دەیەمی پ.ز، بە هەر شێوەیەك بوو بێ، خەتو نووسین فێر بووبێو هۆنراوەکانی خۆی نووسیبێتەوە، هەر چەندە هیچ بەڵگەیەکی نووسراو، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، لەبەر دەستا نییە.

هەرچەندە مەسەلەی کەشفو دۆزینەوەی خەتو نووسین، زیاتر بە گوێرەی مەزەندەو قەرینەو قیاسە، بەڵام مەسەلەیەکی دیکەش لە ئارادایە کە زیاتر مایەی پەسندی زانایانە، ئەویش ئەوەیە کە لە زەمانی هۆمەر بە دواوە، کۆمەڵانێك لە شایەرو دەنگ بێژان وا تەعلیم درا بوون کە هۆنراوەکانی ئیلیادەو ئۆدیسە بە دەنگ و ئاوازەوە بڵێنەوە. ئەم شایەرو دەنگبێژە پیشەییانە، لەلایەن مامۆستایانی هونەرەوە تەعلیم دەدرانو ئەرکو پیشەیان ئەوە بووە هەندێ بەشی دیاریکراوی ئەم جووتە بەیتە ئەزبەر بکەنو بۆ فەرمانڕەوایانو خەڵکانی تریان بڵێنەوە. لەم حاڵەدا دەشێت وێنای ئەوە بکرێت کە هەر بیستو چوار سروودەکەی ئیلیادەو (دەکاتە ١٥ر٦٨١ بەیت) هەر بیستو چوار سروودەکەی ئۆدیسە (دەکاتە ١١ر٧٣٨ بەیت) بە درێژایی سەدان ساڵ، لە چەپۆکی ڕووداوێن ڕۆژگار پارێزراوە(٢٨).

بەڵام پرسیارێکی دیکەش لە ئارادایە کە زەینی ئاشقانی ئەم بەرهەمانەی بە خۆوە مژوول کردووە، ئەویش ئەوەیە کە چۆن یۆنانیەکان، بەو هەموو شانازییەوە کە بە شاعیری مەزنی خۆیان، ئومیرۆس-ەوە کردویانە، هیچ هەوڵێکیان نەداوە ژینامەی ئەو بنووسنەوەو پەردە لەسەر ڕازو نهێنییەکانی ژیانی هەڵنەدەنەوە؟ لێکۆڵینەوەکان لەمبارەیەوە دەڵێن: نزیکەی هەشت سەدە پ.ز، لوکورگوس ناوێکی خەڵکی سپارتە کە خەتیب ومافەوان بووە(٢٩)، ئەم دوو بەیتەی (مەنزوومە) بە خەڵکی سپارتە ناساندووەو لە نێو شیعر دۆستاندا ڕەواجی پێداون بەڵام هیچ قسەیەکی لە بارەی هۆنەرەکەیانەوە نەکردووە، یان ئەگەر کردبیشی، ئەمڕۆکە لەبەر دەستی هیچ کەسێکدا نییە. سولون کە یەکێك بوو لە حەوت زانایانی یۆنانیو، ئەویش ڕێسایەکی تایبەتی بۆ خوێندنەوەی ئەم بەیتە دانابوو، کە پاشان پەیڕەوی دەکرا، کەچی هیچ لایەکی بەلای ژیانی ئومیرۆسەوە نەکردووەتەوە. لە سەدەی پێنجەمی پ.ز بەم لاوە، زانایان تەرکیزیان لەسەر خودی هۆنەر کردووە. هیراقلیتۆس، ئەو فەیلەسوفەی کە لە پێش سوکراتدا ژیاوە(٣٠)، ئاماژە بۆ ریوایەتێك لەمەڕ مەرگی هۆنەر دەکاتو دەنووسێت:

ئومیرۆسی شاعیر تووشی کێشەیەك دەبێ کە توانای بەسەر چارەسەریا ناشکێتو لە داخو خەفەتی ئەوەدا دەمرێت. ڕۆژێ چەند منداڵێك دەوری دەگرنو داوای لێدەکەن تا یارمەتیان بدات کە لە شەڕی ئەسپێیەکانیان ڕزگاربن، چونکە ناتوانێ کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات، لە ناڕەحەتیو نیگەرانیدا نەخۆش دەکەوێو دەمرێت(٣١).

هیرۆدۆتی مێژوونووسی یۆنانی ئاماژەیەکی بۆ هۆمەر کردووە، ئەویش ئەمەیە کە ئەوو هزیود(٣٢) چوار سەدە پێش ئەو ژیاون، جا بەم پێودانگە، دەبێ هۆمەر لە سەدەی نۆیەمی پ.ز لە دایك بووبێ. شێوەزاری (ئایونی) کە شاعیر، داستانەکانی خۆی پێ نووسیون، ئەم راستیە دەسەلمێنی کە هۆمەر لە بەشی مەرکەزیی دەریای باشووری ئاسیای بچووك هاتووەتە دنیاو لەوێندەر دەستی داوەتەکاری شاعیریو شایەریو شیعرخوانی. هەڵبەتە ئەم بۆچوونەی کە لە سمیرنا یان کیوس لە دایك بووبێ، بە تەواوەتی خویاو مەعلووم نییە، چونکە دانیشتوانی هەموو ئەم ناوچانە، لە ڕووی غروورو شانازییەوە، لاڤ ئەوە لێدەدەن کە ئومیرۆس لە دایکبووی دیارو دەڤەری ئەوان بووە(٣٣).

پرسیارێکی دیکە ئەمەیە، کە توێژەرانی سەدەی بیستەم، بە هەموو ئەو ئیمکاناتە زۆرەوە کە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لەمەڕ ژیانی هۆمەرو داهێنانی هەردوو بەرهەمە نەمرەکەی ئەو، واتە ئیلیادەو ئۆدیسە، هەیان بووە، ئایا قەناعەتیان بەوە هەیە کە داهێنەری ئەم دوو شاکارە داستانیە خودی ئەوە، یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی موخالیفانی وەکو ولف و باتلەرەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەمجۆرەیە:

لە نێوان سەدەی یازدەو نۆیەمی پ.ز، شاعیرێك هەبووە بە ناوی ئومیرۆس. ئەم شاعیرە، ئاشقو دەنگبێژێکی گەڕۆك بووەو کەسێکی بینا بووەو لە دوڕگەی یۆنانی کیوس یان لەگینە لە سمیرنا ژیابێ. ئەم شاعیرە داهێنەری هەردوو بەرهەمی ئیلیادەو ئۆدیسەیە (هەرچەندە ئیلیادە بەیتێکی ڕەزمی و قارەمانیەو ئۆدیسە داستانێکی خەیاڵی – بەزمی و ریسککاریە)و ئەو بۆچوونەی ئەرستۆ دەگەڵ حەقیقەتدا تێکدەکاتەوە کە هۆمەر لە ساڵانی پیریدا ئۆدیسەی نووسیوەو بە جۆرە تەواوکەرێکی داستانی ئیلیادە هاتۆتە ژماردن. (ئەگەری ئەوە هەیە کە هەموو ئۆدیسە هی خۆی نەبێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە بونیادو بناغەی داستانەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی زادەی ئەندێشەو هزرو زەوقو سەلیقەی ئەوە.) ئەم شاعیرە هونەرمەندە جۆرە سازێکی، ڕەنگە بەربەت یا سێتار بووبێ، ژەندووەو بەدەم ئاوازی مۆزیقاوە ئیلیادەی خوێندووە، هەرچەندە لە سەدەی حەوتەم بەملاوە، زانایانێك هەوڵیانداوە ئیلیادەو ئۆدیسە بە نووسین بنووسنەوە، بەڵام ئەم جووتە بەرهەمە، زیاتر لە سینگی خەڵکیدا پارێزراو بوونە، تا لە سەردەمی پرزیستراتوسی فەرمانڕەوای بە هێزو زەبتو ڕەبتی ئاتیندا، لە نزیکەی نیوەی سەدەی پێنجەمی پ.ز(٣٤)، کۆمەڵێك ئەرکی کۆکردنەوەو نووسینەوەی ئیلیادەو ئۆدیسەیان گرتە ئەستۆو خەڵکی ئاتین، بە پیرو گەنجەوە، بۆیان هەبوو کە لە مەیدانی گەورەی شاردا کۆببنەوەو گوێ لە خوێندنی ئەم بەرهەمانە بگرنو ئیدی ئەم شیعرانە لە یادگەی خەڵکی یۆناندا پارێزراون تا ئەوە ئەوو بە فەرمانی بەتڵیمۆس، شارداری مەقدونیا(٣٥)، قوتابخانەو مەکتەبی ئەسکەندەریە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی پ.ز، لە بەندەری ئەسکندەریە لە میسر دامەزراو لە ماوەی نزیکەی سێ سەدەدا زانایانو دانایانی ناودار کەوتنە کۆکردنەوەو نووسینەوەی بەرهەمێن شیعریو پەخشانی یۆنانی و ئیلیادەو ئۆدیسەیان بەم شێوەیەی ئەمڕۆیان، تۆمار کردو خستیانە بەردەستی خەڵکی دنیا.

ناونیشانێن ئیلیادەو ئۆدیسە هەر یەکێکیان مانایەکیان هەیە. ئیلیادە کە ناوی ئەسڵی بەیتەکەیەو ئەمڕۆ لە دنیادا بە ئیلیادە ناسراوە، لە زمانی یۆناندا مانای (دەربارەی ئیلیوم) دەگەیەنیٚو "ئیلیوم" هەمان ناوی "تروی" یان "تروا"یە کە کەوتبووە کەنارو بەستێنی ئاسیای بچووکەوە. ئۆدیسە کە ناونیشانی دووەمین بەیتە، باسی ئاوارەیی شێرە پیاوێك دەکات بە نێوی "ئۆدیسیوس" کە جەنگاوەرو قارەمانێکی لە بەزین نەهاتوو بووەو وایان لەمەڕ نووسیوە کە لە رووی هێزی جەستەییەوە بە پێی ئاخیلیوس (یان وەکو لە زمانی پارسیدا باوە: ئاشیل) نەگەییوە، بەڵام لە رووی ئاقڵیو هۆشمەندییەوە لەو باڵاتر بووە، ناوی ئۆدیسە کە ئومیرۆس بۆ چامەکەی خۆیی هەڵبژاردووە مانای "دەربارەی ئودیسیوس" دەگەیەنیٚ.

ئەو کەسەی بە دیقەت هەردوو داستانی ئیلیادەو ئۆدیسە بخوێنێتەوەو بگاتە قوڵایی بیرو ئەندێشەی هۆنەرەکەیان یەکسەر بۆی دەردەکەوێت کە لە هەردوو داستانەکەدا، ئەکتەرانی سەرەکی خواوەندانن نەك بەشەران، یانی خواوەندانی قەومو هۆزێن یۆنانی، چارەنووسی قارەمانەکانیان دیاری دەکەنو لە مەیدانێن شەڕدا یان لە پەیوەندیانی دەرێی مەیدانێن شەڕدا رووبە ڕووی یەکیان دەکەنەوە. بەم پێودانگە دەبیٚ بگوتریٚ کە چامەو بەیتی داستانی ئیلیادە لە راستیا جیلوەگای خۆنواندنو خۆ هەڵکێشانو لافو گەزافو هەڤرکخوازی خواوەندانەو، ئاساییە لەم هەڤرکیو ڕکابەریانەدا، خەڵکێکی زۆر گیانی خۆ لە دەست بدەن. لە دەست بدەن. لە داستانی ئۆدیسەشدا وەزع بەمجۆرەیە:ئۆدیسیۆسی شاقارەمانی ئەم چامەیە ، دوای دە ساڵ شەڕ دەگەڵ خەباتکارانو زێرەڤانانی تروادەدا، دەیەویٚ بۆ (ئیتاك)ی زاگەو زێدی خۆی بگەڕێتەوەو بە هاوسەرە ئەمەکدارەکەی خۆی، پنلوپەو کوڕە دلێرەکەی خۆی تیلماکوس شاو شوکور بێتەوە، بەڵام پوسیدونی، خواوەندی دەریا، لێی دەچیٚ بە قیناو عینادی دەگەڵ دەکاتو لەبەر ئەمە، ئەم قارەمانە ناوادارە دەبیٚ بەردەوام سەرگەردانی دەریایانو گرفتارو گیرۆدەی جۆرەها رەنجو بەڵایان بێت(٣٦).

ئیلیادە ،بە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی هیکتۆری قارەمانی لە بەزین نەهاتگی ترواده کە بە دەستی ئاخیلیوس دەکوژرێت، کۆتایی دێت. پریام شا، میری ترواده، دوای تێپەڕ بوونی دوازدە رۆژ بەسەر مەرگی کوڕەکەیدا، تەرمەکەی لە دژمنان وەردەگرێتەوە، کاتیٚ کە جەنازەکە بە دەم فرمێسك بارانی خەڵکی تروادەوە بە خاکی گۆڕ دەسپێردرێت، وا دەردەکەویٚ مەبەستی داستانەکە بۆ هۆنەرو لای هۆنەری داستانەکە کۆتایی هاتبێت، بەڵام لای خوێنەری ماتەمبارو بیٚ ئۆقرە، تەواو نەبووە. ئیدی ئەمەی کە هێرشبەرانی یۆنانی پاش ئەم سەرکەوتنە چ بڕیارێك دەدەنو چارەنووسی هەر یەکێکیان بە کویٚ دەگات، ئەمانە کۆمەڵێك بابەتو رووداون کە شاعیرانو شانۆنامەنووسانی دیکە نووسیویانن. بە گوتەی ڤیرجیل، شاعیری گەورەی رۆمی لە داستانی ئینیادە(٣٧)دا، هێرشبەرانی یۆنانی بۆ ئەوەی قەڵای بە قوەتو لە گرتن نەهاتووی تروادە فەتح بکەن، پەنا دەبەنە بەر فەندێك کە سەر دەگرێت، فەندەکەش ئەمەیە کە ئەسپێکی زەلامی دارینی ناو بە تاڵ دروست دەکەنو کۆمەڵێك لە جەنگاوەرانو شەڕڤانانی خۆیانی دەخەنە ناو، کە پاسەوانانی شار، ئەسپەکە وەکو دەسکەوتی شەڕ، رادەکێشنە ناو قەڵاکە، شەویٚ،

جەنگاوەرانی یۆنانی، لە ناو ئەسپەکە دێنە دەرێو شەبەیخون دەکەنە سەر پاسەوانانی ترواده‌و شارەکە دەگرن. دوای کوشت‌و بڕو قەتڵو عام‌و تالان و بڕۆو روخاندنی کۆشك‌و تەلاران‌و سووتاندنی مالان، ئیدی کاری هێرشبەران تەواو دەبێو هیچ ئیشێکیان نامێنێ تەنیا ئەوە نەبێ کە دوای سالانێك لە دووری‌و دەر بە دەری بۆ زاگەی خۆ بگەڕێنەوە.

هۆمەر لە داستانی ئۆدیسەدا، چارەنووسی هەندێك لەم دلاوەرانە بۆ خوێنەر روون دەکاتەوە. لە هەمان سالی وێرانی تروادەدا خواوەندانی چیای ئۆلەمپ کۆدەبنەوەو زیوسی، گەورەی خواوەندان لە کاتێکا لەسەر تەختی پاشایی پالی دابووەوە، لە پەیك و پەیام ئاوەرانی پرسی کەچی بەسەر جەنگاوەرانی یۆنانیدا هاتووەو بە نیازی چین. وەلامی دەدەنەوە کە ئاگامەمنون، سوپاسالاری جەنگاوەری یۆنانی کە دەگاتەوە "میسین"ی قەلەمڕەوی فەرمانڕەوایی خۆی، بە دەستی هاوسەرەکەی‌و دۆستە فاسقەکەی هاوسەرەکەی دەکوژرێت. کلیتمنسترا، هاوسەری گەنجی ئاگامەمنون، بە پێچەوانەی پنلوپەی هاوسەری ئودیسیوسەوە، کە نموونەو ڕەمزی داوێنپاکی‌و وەفاداریە، خیانەت لە مێردەکەی خۆی دەکات‌و دەگەل ئاگیستوسی دلداری خیانەت پیشەی خۆیدا، دەست تێکەل دەکات‌و بە خەنجەری کەرب‌و کین دلی مێردەکەی شەق دەکات(٣٨).

دەربارەی ئۆدیسیوس، ئەوە دەگێڕنەوە کە ئاوارەی دەریایانە و بە هۆی توڕەبوونی پوسیدونەوە، سالانێکی زۆرە ئاوارەی دەریایانەو نەیتوانیوە هاوسەرەکەی‌و کوڕەکەی بدۆزێتەوەو وەکو جاری جاران دەست بە ژیان بکاتەوە. دەگێڕنەوە دەلێن کە لەم ساتەدا، لە دوڕگەی ئوجیجیادا، دیل‌و ئەسیری خوابانۆ کالیپسۆیەو ئەم خوابانۆیە بە جۆرێکی ئەفسوون کردووە کە ناتوانێ خۆی دەرباز بکات. ئاتینای خواوەندی جەنگ‌و ئەقلمەندی(٣٩)، کە داشداری ئۆدیسیوسە داوا لە خودای خودایان دەکات کە فەرمانی رزگاری ئودیسیوسی بداتێ، بەلام ئەم فەرمانە بۆ زیوس ئاسان نییە، چونکە زیوس لە پوسیدۆنی برای دەترسێت. ئاتینا، کە دەبینێ خودای خودایان (زیوس) دوو دلە، پێشنیازێکی دیکە دەکات: داوای لێدەکات کە هرمس، کوڕی خۆی کە "پەیك‌و تەتەری تایبەتی" ئەوە بۆ رزگاری ئودیسیوس بنێرێت‌و خۆی سەفەری ئیتاك بکات تا هەوال بە هاوسەرو کوڕەکەی ئەو بدات کە ئودیسیوس بەڕێوەیەو بە ئومێدی دیداری ئەو، دژی دژمنانی داگیرکەر بوەستن‌و سەری تەسلیم بوون دانەنەوێنن.

لە داستانە شیعری ئۆدیسەدا، شاعیری بە توانای یۆنانی نیازی ئەمەیە کە ئودیسیوس، قارەمانی ناودار، بگەیەنێتەوە نیشتمان‌و مالی خۆی. بەلام ئەرکی ئەو یەجگار گرانە، چونکە بویەرو رووداوەکانی ئەم بەرهەمە نزیکەی دە سال دەخایەنێت‌و لەبەر ئەمە جیاوازییەکی یەجگار زۆری دەگەل ئیلیادەدا هەیە، چونکە سەرانسەری ئیلیادە بە دەوری چەند رۆژێکی دوایەمین شەڕدا، بە تایبەتی شەڕی هیکتۆرو ئاخیلیوسدا دەسووڕێتەوە. شوێن لە داستانی ئیلیادەدا دیارە، چوار دەوری حەساری بەرزو قایمی تروادەیە، بەلام لە ئەفسانەی ئۆدیسەدا، پانتایی دەریایان‌و مەیدانی دوڕگان، جەولەگای قارەمانانە. داستانبێژانی شارەزاو چیرۆکبێژانی

به توانا هەموو دان بەوەدا دەنەن کە هۆمەر لە کارەکەی خۆیدا پەرجووی نواندووەو لە رووی رەچاو کردنی کاتو شوێنەوە، ئەوپەڕی وەستایی بەکار بردووە.

داستانی نەمری ئۆدیسە، هۆنینەوەی ئومیرۆسی یۆنانی، لە بیستو چوار سرووداو لە ١١ر٧٣٨ بەیت دا، بەمجۆرە دەست پێدەکات(٤٠):

ئەی خواوەندی شیعر(٤١)، بۆ منی بگێڕەوە
بەسەرهاتی ئەو جەنگاوەرە چارە ئەندێشەی
کە دوای وێرانکردنی شاری بە ناوبانگی تروادە
سەفەری وڵاتانی دوورو فراوانی کرد
چەند شارو وڵاتانی بینی
چەند تیرەو هۆزی زۆری بینیو
دەرسو پەندی لە کارو کردەوەیان
وەرگرت
و لە هەمان کاتا چ رەنجێکی بە دەست
دەریاوە نەکێشا.
لەو کاتەدا کە هەوڵی دەدا گیانی
خۆی رزگارکا
و دەریاوانەکانی خۆی بە سەلامەتی
بگەیەنێتەوە ماڵ
هەرچی لە توانادا بوو کردی تا
گیانی پیاوەکانی رزگار بکا
بەڵام حەیفێ کە بێهودە بوو
چونکە لەبەر بێ ئەقڵی خۆ
هەموو لە دەسیان دا گیانی خۆ.
گاگەلی هیپریونی خواوەندی هەتاویان
لە برسێتیدا خوارد
خواوەندی ناوبراویش
کردیە کارێك ئاواتی گەییشتنەوە
بۆ هەتا هەتایە ببەنە گۆڕەوە
ئەی کیژی زیوس،
هەر شتێك لەم جۆرە سەربورانە
دەزانی
بۆ منی بگێڕەوە.
ئیدی لەم دەورو زەمانەدا لە

نێو هەموو ئەوانەدا کە لە مەیدانی شەڕدا
لە مەرگ خەلسی بوون
یان لە دەریادا بە سەلامەتی دەرچوو بوون
تەنیا یەك کەس بوو کە پێی نەنایە ماڵی خۆی
ئەویش یولیسس بوو.
ئەو هەر چەند لە ئاگری ئارەزووی گەیشتنەوە
بە هاوسەرو وڵاتی خۆیدا دەسووتا
گیرۆدەی ئەسارەتی کالیپسۆی خوابانۆ بوو.
لە ئەشکەوت و غارێکی گەورەی
گەورەی پەستا بوو
داوای لێدەکرد کە زەماوەندی دەگەڵ بکات.
دوای تێپەڕ بوونی ساڵانێکی زۆر، زەمانێ
هاتە پێشێ
کە خواوەندان بڕیاریان دا کە ئەو بۆ ئیتاك بگەڕێتەوە
ئەوساش رەنج و ئازاری ئەو
لە نێو کەسوکاریا کۆتایی نەهاتبوو،
بۆیە خواوەندان بەزەییان پێداهاتەوە
جگە لە نبتۆن کە کون بە کون بە شوێنییەوە
بوو و ئامانی نەدەدا
رێی نەدەدا بەرەو یارو دیار بگەڕێتەوە
نبتۆن چوو بوو بۆ ناو خەڵکی ئەتیوبیا
کە نیشتەجێی ئەوپەڕی دنیان و دوو تیرەن:
یەکێکیان سەر بە رۆژاواو یەکێکیان سەر بە رۆژهەڵاتن
چوو بووە ئەو وڵات و سەر زەمینە،
تا لە رێوڕەسمی قوربانی سەد گاو پەزدا
کە بۆ ئەو دەکرا
بەشداری بکات،
و لەم جەژن و خۆشیەدا بە کامی دڵ بگا.
لەم کاتەدا خواوەندەکانی دی لە کۆشکەکەی
زێوسی ئۆڵەمپ نشیندا کۆ بوو بوونەوە
خودای خواوەندان و ئادەمیان
یەکەم کەس هاتە قسان
لەو کاتەدا بیری لە ئوگیستوس دەکردەوە کە

به خەنجەری کەرب‌و کینەی
ئورستیسی کوڕی ئاگامەمنون،
کوژرا بوو،
لە خاك‌و خوێنا گەوزا بوو.
ئیدی رووی کردە خواوەندەکانی دیکەو
بەمجۆرە هاتەگۆ:
"بڕوانن کە لەم دەورو زەمانەدا چۆن ئادەمیان
سەرزەنشتی ئێمە دەکەن
کە هیچ مانایەکی تیا نییە جگە لە بێ ئەقڵی خۆیان
ئێوە تەمەشای ئیگیستوس بکەن، ئایا
ئیجابی دەکرد
بە ناڕەوا ئاشقێنی دەگەڵ هاوسەری ئاگامەمنووندا بکات،
و ئەوسا ئاگامەمنوون بکوژێت
لە کاتێکا دەیزانی کە مەرگ دێتە رێی خۆیشی؟
من عەتاردم بۆ لای ناردبوو
تا ئاگاداری بکاتەوە کە کاری وا نەکات،
چونکە گومان لەوەدا نەبوو کە کاتێ ئورستیس
پێی دەنایە تەمەنی گەنجی
و کاتێ گەڕانەوەی بۆ ماڵ دەهات،
تۆڵەی خوێنی بابی دەسەندەوە.
عەتارد، لە رووی خێرخوازییەوە پێی گوت
بەڵام ئەو گوێی نەگرت،
ئەوەتا، سزای کارەکەی خۆی بە
تەواوەتی دەدات(٤٢)."

داستانی ئۆدیسە لە زمانی هۆمەرەوە بەو جۆرە دەست پێدەکات‌و خوێنەر سەرسام‌و بێ قەرار بە دووی خۆیدا بکێش دەکات. ئەم ئەفسانە شیعرییە، بە شێوەیەکی گشتی، بریتیە لە سێ بەشی سەرەکی:

یەکەم: تاقیب‌و هەوڵی تیلماکوس بۆ دۆزینەوەی بابی خۆی، ئودیسیوس.

دووەم: سەرگەردانی و ئاوارە بوونی ئودیسیوس لە نێو دەریایانی بێ کەناردا

سێیەم: رەنج‌و ئازارێن پنلوپەی داوێنپاك، لە پێناوی دوورخستنەوەی خوازگارە بێ ئۆقرەکاینا.

لەم بەیتە دڵگیرەدا کە گوتیار بە پەیڤێن ئەفسوونکارانەی خۆی چیرۆك لە دوای چیرۆك، ئەفسانە لە دوای ئەفسانە دێنێتە پێشەوە، هیچیان ناگەیەنێتە کۆتایی تا رووداوێکی تازە لە

کۆتایی رووداوی یەکەوە دەست پێبکات، بەڵکو قسەیەك لە شوێنێکی هەستیاردا بە جێدێڵیّ و دەچێتە سۆراخی خاڵێکی دیکەو ئەم خاڵانە کە هەموویان پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە بە جۆریّ دەداتە دەم یەکەوە کە لە ئەنجامدا هەیکەلی ئەسڵی چیرۆك و داستانەکە پێك دەهێنن و دەردەخەن. خوێنەری مۆدێرن، ئەم شێوەیەی پێ پەسند نییەو هەندێجار لەم لادان و دوورکەوتنەوەو پچرپچڕی بابەتە پەستو تووڕە دەبێت، بەڵام وێڕای ئەمەش ناتوانیّ دەستبەرداری کتێبەکە ببیّ و دای بنێت. هەڵبەتە هیچ روون نییە کە ئەم جۆرە دەربڕینە، شێوەی کاری خودی هۆمەر بووە یان ئەو زانایانەی کە هۆنراوەو شیعرەکانی ئەویان کۆ کردووەتەوە، وایان بە باش زانیوە بەم شێوەیە رێکی بخەن. دەبیّ ئەوە بگوتریّ بۆ شاعیرێك کە شیعر دەڵێت، بەڵام توانای ئەوەی نییە زنجیرەی هزرو هزرینی خۆی رێك بخات و نوسوراوێکیشی لەبەر دەست دا نییە کە بەردەوام چاوی لێبکات، بەردەوامی لەسەر ئەم شێوەو رێبازە کارێکی یەجگار دژوارو تەنانەت مەحاڵیشە، مەگەر وای دابنەین کە ئەم پەیڤەوانە یۆنانیە بلیمەتێکی ئاوارتەو رێزپەڕ بووەو بە زەبری نێروی یادگە توانیویەتی پەیوەندی لۆژیکی رووداوو بویەرەکان بەیەکەوە بپارێزێت و نەکەوێتە هەڵەوە.

لە هەردوو داستانە شیعرییەکەی ئیلیادەو ئۆدیسەدا، هیچ قسەیەکی زیادەو دووبارەو نا پێویست بەدی ناکرێت. خوێنەر لە هەندیّ شوێندا دووچاری حیرەت و بێزاری دەبێت کە دەبینیّ هۆمەر چەند لاپەڕەیەك بۆ باسی شتێن بێگیان تەرخان دەکات و ئەم شەرح و شرۆڤەیەش لە شوێنێکا دێنێتەوە کە خوێنەری بەرهەمەکە بە هەموو بوونی خۆیەوە تاسەمەندی ئەوەیە کە کۆتایی بەسەرهات و رووداوەکە بزانیّ و لە سەرگوزشتەی قارەمانەکان ئاگادار بێت، بەڵام کاتیّ کە دەگاتە کۆتایی بابەتەکە، بۆی دەردەکەویّ کە ئەم شەرح و شرۆڤەو بە تاناچوونە نەك زیاد نە بووە بەڵکو پێویستیش بووە(٤٣).

بۆ ناسینی ئودیسیوس و بەرقەراری پەیوەندی دۆستایەتی دەگەڵ ئەم قارەمانە نەمرەدا، پێویستە ئۆدیسە لە هەوەڵەوە تا کۆتایی بە وردی بخوێنرێتەوەو بۆ ئاشنا بوون بە پەرجووکاری ئەم شاعیرە داستان بێژە، دەبیّ لە کەلامو رۆنبێژی و توانای داستانگۆیی ئەو ورد ببینەوە. ئەم جەنگاوەرە تێکۆشەرو کۆڵنەدەرە، لە داستانی ئیلیادەدا، یەك ئامانجی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە قەڵای سەخت و ئاسێی ترواده بەسەر بەرگریکارانی قەڵاکەدا بڕوخێنیّ و لە داستانی ئۆدیسەشدا یەك ئاواتی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە بە زووترین کات بۆ ماڵ و لای هاوسەرو کوڕەکەی بگەڕێتەوە.

کورتەی داستانی ئۆدیسە، بە کورتی و پوختی بەمجۆرەیە:

ئودیسیوس، میرو پاشای ئیتاك، بە لەشکری خۆیەوە چوو بوو بۆ ترواده، تا دەگەڵ میرانی دیکەدا، خاکی ئەو دیارو دەڤەرە بە تورەکە ببێژیّ و هێلنی شۆخ و شەنگ کە لەلایەن پاریس، شازادەی تروادەوە ڕفێنرا بوو، بۆ مینەلایوسی مێردی بگێڕێتەوە. دوای دە ساڵ شەڕو خوێنڕێژی، ئاقیبەت ترواده بەدەستی هێرشبەران فەتح کراو بە ئاگری کەرب و کین کرا بە کۆمەڵێك خۆڵەکەوە. ئیلیادە، چیرۆکی ئەم داستانە جەنگاوەری و سەرانسەر قارەمانیەیە.

دوای نزیکەی دە ساڵ،داستانی ئۆدیسە دەست پێدەکات، هەرچەندە هەموو سەرکردەکانی دیکە گەڕاونەتەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان، بەڵام ئودیسیوس هێشتا هەر لە ڕێگایەو کەس ئاگای لە چارەنووسی نییە. لە غیابی دووروودرێژی ئەودا گەورە پیاوانی ئیتاکو سەرکردەکانی دەوروبەر ،تێکڕا ڕوو دەکەنە کۆشکی میر تا بەڵکو دڵی پنلوپەی هاوسەری ئەو بەلای خۆدا ڕاکێشنو بێتە ڕەداو زەماوەندی دەگەڵ بکەنو لەو ڕێگەیەوە تەختی پاشایەتی ئەو سەر زەمینە بە دەست بێنن، پنلوپە لەسەر ئەمەکداری بۆ مێردەکەی پایەدار دەبێتو بە هیچ جۆرێ مل بۆ هێرشبەرانی گەردنکێش نادات. بەڵام بە چاوی خۆی دەبینێ کە چۆن ئەم خوازگارە ملهوڕانە، لە کۆشکی ئەواندا، ئاهەنگان بەرپا دەکەن سەروەتو سامانی مێردەکەی بە بادا دەدەنو لە هەمان کاتدا خزمەتگوزارانی کۆشك بەرەو گەندەڵی و گومڕایی دەبەن. تاقە هیواو ئومێدی پنلوپە بۆ ڕزگاری لە بێدادی ئەم تاڵانچیانە، کوڕە دلاوەرەکەیەتی، تیلماکوس کە تازە پێی ناوەتە تەمەنی گەنجایەتیو بە تەمایە بچێتە سۆراخو تاقیبی بابە ون بووەکەیو وەڵام بۆ پنلوپە بێنێتەوە کە ئایا ئەم میرە دلێرە زندووە یان بۆ هەمیشە چاوی لە ژیان پۆشیوە.

لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کە بەسەر سەفەری ئودیسیوسدا لە دەڤەری ترواەوە بەرەو ئیتاك دەبورێ، ئەم دلاوەرە سەرگەشتەیە ڕێی دەکەوێتە زۆر دەڤەرو قەڵەمڕەوێن نە ناسراوی دنیا. چونکە پوسیدونی خواوەندی دەریایان لێی دەچێت بە قینا، دلاوەرەکەی ئیتاك، تووشی جۆرەها دەردو بەلاّ دەبێت . هەموو کەشتیەکانی بەر غەزەبی شەپۆلان دەکەونو تێكو پێك دەشکێنو هەموو پیاوەکانی دەکەونە داوی فەندەڵ فێڵانەوەو تیادەچن. تەنیا ئەو دەمێنێ کە هیلاكو ماندوو، ڕوح بە ئازار، بە گژ نەهامەتیاندا دەچێتو نامرێت.

سەرەنجام میری گوم بوو بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوەو بە ژنو کوڕەکەی شاد دەبێتەوە، هەڵبەتە ئەگەر خواستو مەشیەتی خودای خودایان نەبوایەو یارمەتی پاشای فیاسیو هەوڵو تەقەلای ئاتینا، خواوەندی میهرەبان، کە لە هیچ یارمەتیو ڕێنماییەکی درێغی نەکردبوو، نەبوایە، ئەم ئاواتەی ئودیسیوس نەدەهاتە دی، ئودیسیوس چاك دەزانێ کە چۆن سزای دەستدرێژکارانی سەرکێش دەداتو تەناهی و ئاشتیو ئاسایش و بەختەوەری بۆ مەملەکەتەکەی خۆی بگەڕێنێتەوە.

بیستو چوار سروودەکەی ئۆدیسە، هەر یەکەیان بابەتێکی سەرەکی لە خۆ گرتووەو بویەرو ڕووداوەکان بە دەوری هەمان بابەتدا دەسوڕێنەوە.

لە سروودی یەکەمدا، خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە ئودیسیوس لە دوڕگەی ئوجیجیا(٤٤)دا ئەسیرو دیل بووەو نزیکەی دە ساڵە خاکی ترواەی بە نیازی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی، بە جێهێشتووەو نەی توانیوە با ئاواتی دێرینی خۆی بگاتو بە دیداری ژنو کوڕەکەی شاد بێتەوە. لەگینە خوێنەری جدی لە خۆی بپرسێت کە بۆچی هۆمەر، بەیتەکەی خۆی لەم دوڕگە ڕاز ئامێزەوە دەست پێکردووەو بۆچی زەمانێکی هەڵبژاردووە کە دە ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. هەڵبەتە ورد بوونەوەو دیقەت دانو دووبارە خوێندنەوەو سەرنج تۆمار کردن، هۆی ئەوە ئاشکرا دەکات:

مەبەستی شاعیر ئەمەیە کە دوو بابەت بۆ خوێنەر روون بکاتەوە: یەکێکیان ئەمەیە کە خوێنەر حاڵی بکات کە ئەم جەنگاوەرە هوشیارو کۆڵنەدەرە، بەر غەزەبی پوسیدونی خواوەندی دەریایان کەوتووەو ئیدی بە درێژایی ئەم دە ساڵە، زیوس، خودای خودایان، پشت گوێی خستووەو بە هۆی ئەم بێموبالاتیەی زیوسەوە، تووشی ئەم سزا خەمناکە بووە، دوڕگەی ئوجیجیاو فەندوفێڵ و نێرەنگی کالیپسو(٤٥)، کە خواوەندی دەستنیشاندەی پوسیدونەو فەرمانڕەوایی ئەم دوڕگەیە دەکات، کۆمەڵێك لەو تەڵەو داوانەن کە خواوەندی تووڕەی دەریا بۆ ئودیسیوس و یارو یاوەرەکانی دانا بوون تا گیرۆدەو گرفتار بن و نەگەنەوە ماڵی خۆیان.

لە سروودی یەکەمدا، شاعیر هەموو خواوەندان لە بارەگای کێوی ئۆڵەمپدا کۆ دەکاتەوەو زیوس لە حاڵی ئودیسیوس دەپرسێت و کە دەزانێ بەر تووك و پشم و غەزەبی پوسیدونی برای کەوتووە، تاقە هەنگاوێك بە مەبەستی رزگاری ئەو نانێ، بەڵام ئاتینا، خواوەندی ئەقڵ، ئامادە نییە کە ئودیسیوس بەو چارەنووسە تاڵەوە بەرەڵڵا بکات. ئیدی غیابی پوسیدون بە هەل دەزانێت و پێشنیازێك بۆ خودای خودایان دەکات کە فەرمان بە هرمس، پەیکی خواوەندان بدات، بچێ بۆ لای کالیپسو و داوا لەم جادووگەرە ستەمکارە بکات کە دیلەکانی ئازاد بکات و لە هەمان حاڵ دا ئەم، ئاتینا، بەرەو ئیتاك سەفەر بکات و بە هەر شێوەیەك بووە، ئاگری ئەشقی دێرین لە دڵی هاوسەرو کوڕەکەی هەڵیسێنێتەوەو کوڕەکەی بۆ سۆراخی بابی، بۆ دوڕگەی پیلوس(٤٦)، قەڵەمڕەوی نەستور(٤٧) بنێرێت.

زیوس ئەم پێشنیازە پەسند دەکات و ئاتینا، لە سیمای منیتس(٤٨)، سەرکردەی رێگرانی دەریایی دا، دەگاتە خاکی ئیتاك. لەوێ خوازگارانی زۆرداری ملهوڕ، دەوری پنلوپەیان داوەو خەریکی خواردن و خواردنەوەن. لەو کاتەدا کە فیموسی(٤٩) شایەرو دەنگبێژی گەڕۆك، بە دەم بەڕبەت لێدانەوە، لاوکێکی پڕ جۆش لەمەڕ جەنگی دلاوەران دەڵێت، ئاتینا دەرفەت دێنێ و کوڕە دەخاتە سەر کەڵکەڵەی دۆزینەوەی بابی و ئیلهام و سەرۆی دەداتێ کە بابی زندووەو هەنگێ بەسەرهاتەکەی ئورستیسی کوڕی ئاگامەمنونی وەبیر دێنێتەوە کە چۆن رۆژێ لە رۆژان هەڵدەستێ و تۆڵەی بابی لە زۆرداران و ستەمکاران دەستێنێ و، سەرەنجام وەختایەك لە ماڵ وەدەردەکەوێ، خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە ئەم گەنجە پڕ جۆش و خرۆش و بێ قەرارە، ئەو تیلماکۆسە نائومێدو پەشێوو بێ دەم و زمانەی جاران نییە.

هۆمەر دووەم سروودی داستانی ئۆدیسە بەمجۆرە دەست پێدەکات:

ئەو دەمەی کە منداڵی سپێدە، خواوەندی دەست ڕەنگینی سپێدان<br>
دەستی بە جیلوەگەری کرد،<br>
تیلماکوس چاوی هەڵێنا، لە خەو ڕابوو<br>
کالەو پێتاوی لە پێیە جوانەکانی کردو شمشێری کردە شان<br>
وەکو خواوەندێکی نەمر،<br>
لە ئاستانەی ماڵ چووە دەر.<br>
دەستبەجێ جاڕچیانی بۆ ناو شار نارد

تا بانگ ڕادێرن
خەڵکی بێنە کۆبوونەوە
کە خڕ بوونەوە، بە خۆی نێزە بەدەست،
کە دوو سەگ لەم لاو لەو لایەوە بوون، هاتە ناو ئاپۆڕاکە.
"مینروا" جوانی و جەماڵێکی خوایی وای دابویە،
کە هەموو بە سەرسامی دەیانڕوانیە ئەو
کاتیٚ لە جێگاکەی بابی دانیشت
هەموو راوێژکاران ڕێزیان بۆ نواند(٥٠)

لە روانگەو نۆرینی هۆمەرەوە، کۆکردنەوەی خەڵکی و سەرانی قەوم‌و راوێژو گفتوگۆ دەگەڵیاندا دەربارەی کاروباری وڵاتڕانی، نیشانەی شارستانیەت بووەو ئەم دیمەنە نیشانەی ئەم راستیەیە کە تیلماکۆس گۆڕاوەو ئیدی ئەو گەنجە ترسنۆك‌و بیٚ شەهامەت‌و نائومێدەی جاران نییە. بەڵام وتارە ئاگرینەکەی ئەو هەرچەندە پیرانی قەوم دێنێتە جۆش‌و خرۆش، بەڵام خوازگارانی پنلوپە بە ڕادەیەك توڕە دەکات کە دەکەونە گاڵتە پێکردنی‌و ئەم خوازگارانە کە نزیکەی سیٚ دانە ساڵە لە سەراکەی بابی ئەودا دایانکوتاوەو لەسەر خوانی نیعمەتی ئەو دەلەوەڕن، ئامادەنین، زندوو بوونی ئودیسیوس قەبوولٚ بکەن‌و قەناعەتیان وایە چونکە فەرمانڕەوای ئیتاك مردووە، ئیدی دەبیٚ هاوسەرەکەی یەکێك لە خوازگارەکان بۆ خۆی هەڵبژێرێت‌و کۆتایی بە ڕۆژانی سەرگەردانی خۆی بێنیٚ. بەڵام پنلوپەش بیانووی خۆی هەیە. بە خوازگارەکانی خۆی گوتووە، وەختایە گویٚ بۆ پێشنیازەکەی ئەوان دەگرێت کە ئەو کفنە(٥١)ی بە دەستیەوەیە بۆ لورتس(٥٢)ی، بابی ئودیسیوسی بچنیٚ، تەواو بکات. بەڵام وا دیارە ئەم کفنە قەت تەواو نابیٚ‌و تەنیا بیانووە، چونکە سیٚ دانە ساڵە خەریکی چنینەو کفنەکەش هەر لە جێی خۆیەتی‌و تەواو نەبووە، هەڵبەتە ئەمەش نێرەنگێکە کە پنلوپە بەکاری دەبات.

هەموو شەوێك، کاتیٚ هەمووان سەر دەنەنە سەر سەرین‌و دەخەون، پنلوپە دەچیٚ بەلای چوار چێوەی دارو تەونەکەیەوەو ئەوەی بە ڕۆژەوە چنیویەتی، سەر لە نویٚ تان‌و پۆیەکەی هەڵدەوەشێنێتەوەو ئیدی بەو جۆرە کارەکەی هەرگیز تەواو نابیٚ.. لە کاتی کۆبوونەوەو گفتوگۆیەکاندا، دوو هەڵۆ بەدەم فڕینەوە، لە دووری دوورەوە دەردەکەون. غەیبزانی ئیتاك، ئەم دوو باڵندە باڵ کراوەیە بە نیشانەی خەبەری خۆش ڕاڤە دەکات‌و رایدەگەیەنیٚ کە ئودیسیوس زندووەو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی. نارەزایان دەیکەن بە هەراو زەناو قسەکانی تیلماکۆس ناگەنە هیچ کویٚ، ئەنجام خەمبارو نائومێد پەنا دەباتە بەر کەناری دەریاو رێك لەم دەمەدا ئاتینا، لە قاڵب‌و سیمای مینتور(٥٣)ی یاری دێرینی ئودیسیوسدا خۆی نیشانی دەدات. ستایشی شەهامەت‌و ئازایەتی ئەو دەکات‌و ئاگاداری دەکات کە کەشتیەك بە بیست دەریاوانی دلێرەوە ئامادەیە کە دەگەڵ خۆیدا بۆ پانتایی دەریایانی بەرێت تا لە بابە ونبووەکەی بگەڕێت.

لەو کاتەدا کە تیلماکۆس خاکی ئیتاك بە جێدێڵیٚ شەوە، بەرە بەرە تاریکی شەو بەرەو رەوینەوە دەچێت‌و سپێدە دەردەکەویٚ، سروودی دووەمیش کۆتایی دێت‌و خوێنەر بۆی

دەردەکەوێت کە گەنجی دلێر دەگەڵ مینتورو گەلی دەریاواناندا، مەسافەیەکی زۆری دەریای بێ سنووریان بڕیوەو وان بەسەر شەپۆلانی شینباوەوەو بەرەو دوڕگەی پیلوسی، مەڵبەندی فەرمانڕەوایی نەستور دەڕۆن.

هۆمەر، سروودی سێیەمی داستانی ئۆدیسە بەمجۆرە بونیات دەنێت:

لەو کاتەدا کە خۆر لە دەروونی دەریای دڵنەوازەوە
هەڵدەهات
تا بەرەو عەرشی ئاسمان بڕوات.
تیشکی بوون بەسەر مەرگ پەزێران و فانیاندا پەخش بکاتەوە
رێبواران گەیینە دوڕگەی پیلوس‌و دیاری نیلیوس
لەوێ خەڵکی پیلوس لە کەناری دەریا گرد بوو بوونەوە
تا لە رێوڕەسمی قوربانی گایانی رەشدا،
سوپاس‌و ستایشی خۆ پێشکەش بە نپتون،
پەروەردگاری بوومەلەرزە بکەن.
لەوێ نۆ ریز ئینسان ریزیان بەستبوو،
کە لە هەر ریزێکدا پێنج سەد کەس وەستا بوو،
بۆ هەر ریزێك نۆ گا تەرخان کرا بوو.
لەو کاتەدا کە گۆشتی برژاویان دەخوارد،
و ئێسقانی ڕانیان لەسەر پشکۆی گەرم بە
یادی نپتۆن دەسووتاند،
تیلماکۆس‌و هاوڕێکانی گەیینە کەنارەکە
بایەوانەکانیان پێچایەوەو لەنگەری
کەشتیەکەیان هەڵدایە ئاوەکەوەو
پێیان نایە سەر وشکایی(٥٤)

بە گوتەی شاعیر، سێ رۆژ بەسەر سەفەرەکەیاندا بوری بوو و هەموو شەکەت‌و ماندوو پێویستیان بە ئیسراحەت‌و پشوو بوو. نەستور، فەرمانڕەوای پیلوس، دلاوەرێکی پیرە کە رۆژگارێك دەگەڵ جەنگاوەرانی یۆنانیدا بەشداری شەڕی تروادەی کردبوو و ئێستا لە مەملەکەتەکەی خۆیدا سالآنی ئارامی کۆتایی ژیانی بەسەر دەبرد. شازادەی ئیتاك لەم سەفەرەیدا بە تەنیا نییە. ئاتیناشی لە کلێشەی مینتوردا دەگەڵە.

قسەی میرو فەرمانڕەوای پیرو زورهان، پاش خێر هانین، بۆ ئەو دەریاوانانەی کە ناسینی، ئەمەیە کە ئەو ئاگای لە بەسەرهاتی ئاگامەمنون‌و ئەوەی بەسەر ئەم فەرمانڕەوا نەگبەتەدا هاتووە، هەیەو ئاگاداری ئەوەش هەیە کە مینەلایوسی فەرمانڕەوای ئیسپارتە زندووەو، وا بە چاك دەزانێ کە تیلماکۆس بۆ تاقیبی بابی خۆی بڕوات بۆ ئەوێ. بۆ ئەوەی پشتیوانی‌و دڵسۆزی خۆیشی نیشان بدات ئامادە دەبێت کوڕەکەی خۆی بەگەڵ بخات. تیلماکۆس شەو لە قەلآو

بارەگاکــەی ئــەودا دەگــوزەرێنیٚ و بەرەبــەیان بــەرەو ئیســپارتە وەرێدەکــەویٚ. لــە مەملەکــەتی مینەلایوسدا، کۆشکێك هەیە کە رۆژگارێك نشیمەنی هیلینی دێم جوانی، پەری پەیکەر بووەو پاشای ئیسپارتە هێندەی شانازی بە هاوسەری ئەوەوە کردووە کە سەری فەخرو شانازی لە بارەگای خواوەندان سویوە. شاعیری یۆنانی کە سەربوری ئەم شابانۆ ئەشق ئافەرێنەی لە داستانی ئیلیادەدا بە دوورو درێژی باسکردووە، لە سروودی چوارەمی ئۆدیسەدا، جارێکی دیکە یادی ئەو لە دلاندا زندوو دەکاتەوە.

تیلماکۆس، شازادەی عەودالی باب، دەگەلْ خواوەندی ئەقلدا، شەوی ڕۆژی پێنجەم دەگەنە ئەو دەڤەرە، کە دەگەنە ئەویٚ سەیر دەکەن ئاهەنگێکی گەورە بەرپایەو کیژی مینەلایوس ئامادەیە کە شوو بە کوڕی ئاخیلیوس بکات. هەر ئەو شەوە کوڕی مینەلایوس، زەماوەند دەگەلْ کیژێکی جوانی ئیسپارتەییدا دەکات. کاتیٚ هیلین بەوپەڕی شکۆو جەلالەوە بەرەو رووی ئەم جووتە گەنجە دێت، بە یەکەم دیتن شازادەی ئیتاك دەناسێت و یەکسەر دەزانێت کە کوڕی ئودیسیوسە، چونکە شێوەیان زۆر لە یەکدی چووە: هیلینی شۆخ و جوان بەسەر هاتێکی ئودیسیوس دەگێڕێتەوە کە گوایە رۆژێك دلاوەری ئیتاك، لە جل و بەرگی گەداو دەرۆزەکەراندا خۆ بە قەلای شاردا دەکات و دوای گەشت و گەڕانێك، بریاری گەڕانەوە دەدات و چونکە دەیناسنەوە کۆمەلێك دەکوژێت و سەرەنجام بە زەحمەتێکی زۆر لە داوی مەرگ هەلدیٚ. (مینەلایوس)ش سەرگوزشتەیەکی دی دەربارەی ئەسارەتی خۆی لە میسر دەگێڕێتەوەو دەلێت کە لە وێندەر، لە زمانی پروتیوسەوە(٥٥)، یەکێك لە خواوەندەکانە، بیستوویەتی کە ئودیسیوس، لە دوڕگەی ئوجیجیادا دیل و ئەسیری کالیپسۆیە.

هۆمەر، لەم بەشەی داستانەکەدا، خوێنەر بۆ ئیتاك دەبات و بەسەرهاتی سەفەرەکەی تیلماکۆس بە نیوەچلی دەهێلێتەوە. پنلوپەو خەلکی دیکەی ئیتاك بە سەفەرە چاوەڕوان نەکراوەکەی شازادەیان زانیوە. خوازگاران بەو ئومێدەی کە جارێکی دی نەگەڕێتەوە، لە بەینی خۆیاندا پیلانێك دادەڕێژن کە ئەگەر گەڕایەوە بیکوژن و لە کۆلی بکەنەوە. ئەم رازە دەگاتەوە گوێی شابانۆی خەمبار. دایکی گەنج و دلْ بە ئازار، کە هەم مێردەکەی لە دەست داوەو هەم جگەرگۆشەکەی و تاقە هیواو ئومێدەکەی سەفەری دیارێن نا دیاری کردووە، لە داخا شەو تا بەیانی چاو لێك نانێت. بەلام ئاتینا دەچێتە کلێشەی خوشکی پنلوپەوەو خۆی نیشانی دەداو مژدەو ئومێدی دەداتیٚ کە رۆژیٚ دیٚ مێردەکەی و کوڕەکەی هەردووکیان بۆ مالی خۆ دێنەوە.

لە سروودی پێنجەمدا، هرمیس، پەیك و تەتەری خواوەندان، ئەرکی خۆی ئەنجام داوەو پەیامی خودای خودایانی گەیاندووەتە کالیپسو کە دەبیٚ دیلەکەی لای خۆی ئازاد بکات. کالیپسو بە ناچاری ملی بۆ ئەم فرمانە داوە. ژنەی ئەفسوونگەر، ئودیسیوس فێری چۆنیەتی دروست کردنی "کەلەك" دەکات، ئیدی خۆی و هاوڕێکەی بەم کەلە کە بەرەو مەنزلْ دەڕۆن. ئێستا مەنزلیان دەڤەرو سەر زەمینی ڤ ئیشایە(٥٦) و نزیکەی هەژدە رۆژە کە کەوتوونەتە ریٚ، پوسیدون بۆ بارەگای خۆی دەگەڕێتەوەو بە هەلاتنی ئودیسیوس دەزانیٚ. دەرباز بوون لە

سنووری دەسەڵاتی ئەو کارێکی ئاسان نییە. فەرمان دەدا شەپۆلێن دەریا قووتی بدەن. قارەمانی ئیتاك کاتێ وەخۆ دێتەوە سەیر دەکات نیوە گیان لە بەستێنی ڤ ئیشادا کەوتووە.

لە سەرانسەری سروودەکاندا، دەوری ئاتینا، خوابانۆی میهرەبانو داشداری ئەو دیارو خویایە. ئەگەر ئاتینا نەبوایە، ئۆدیسیوس ئەو توانایەی نەبوو کە بەگژ پێلو شەپۆلانی نەرو خوێن مژدا بچێ. ئاتینا، لە مەرگی رزگار کرد بوو. لە سروودی شەشەمدا، خوابانۆی ئەقڵ، دەچێتە خەوی نازیکا(٥٧)ی شازادە خانمی خشکۆکی ڤ ئیشاو داوای لێدەکات کە بەیانی بە مەبەستی کولو کانی بڕوات بۆ بەستێنی دەریا. نازیکای دڵرفێن وا دەکاتو لە وێندەر ئۆدیسیوس دەبینێو کاتێ کە دەگەڵ کیژەکانی دیدا، بەدەوری ئەودا دەکەونە چەپڵە لێدانو هەڵپەڕکێ، ئۆدیسیوس لە دنیای بێ خەبەری وەخۆ دێتەوەو چاو هەڵدێنێ، کیژان، ئۆدیسیوس بۆ لای شاو شابانۆ دەبەنو ئەویش سەر بهوردی خۆی دەگێڕێتەوەو لێرەدا حەوتەمین سروودی ئۆدیسە کۆتایی دێت.

لە سروودی هەشتەمدا، ئالکینوس شا، فەرمانڕەوای ڤ ئیشا، زۆر خەفەت بۆ دلاوەری ئیتاك دەخواتو دڵی بە حاڵی دەسووتێ، بە تایبەتی کاتێ کە دمودوکوسی(٥٨)، دەنگبێژو شایەری نابینای دەربار، چەند چیرۆکێك لەمەڕ جەنگاوەریەکانی ئۆدیسیوس دەڵێتو هەموو ئامادەبووان سەرسام دەکات. ئۆدیسیوس بە خۆی کە رابردووی خۆی بیر دەکەوێتەوە خەمناك دەبێتو رونداك هۆن هۆن لە چاوانی دێنە خوارێ، بەڵام دمودوکوس لەسەر گۆرانی خۆی بەردەوام دەبێتو ئەمجارە باسی چیرۆکی ئەسپە دارینەکە دێنێتە ناو ناوان کە لە سینەی ئەو قارەمانە ئیتاکیەدا پەنهان بوو. ئالکینوس کە مەفتوونی ئەم بەسەرهاتە دەبێت، داوا لە ئۆدیسیوس دەکات کە سەربهووردی خۆی لە ماوەی ئەم ساڵە ئاوارەییەدا بگێڕێتەوە ئیدی لێرەدا، یەك زنجیرە واریقاتی حیرەتبار لە زمانی دلاوەرەکەی ئیتاکەوە بە گوێی ئامادەبووان دەگات.

وا دیارە، شاعیری یۆنانی کە داستانی ئۆدیسەی گێڕاوەتەوە، وای بە پەسند زانیوە کە هەموو ئەو واریقاتو بویەرانەی بە سەر ئۆدیسیوس هاتوون، بەخۆی نەگێڕێتەوە. هەڵبژاردنی شاعیر وا بووە کە چیرۆکی ئۆدیسە لە دەیەمین ساڵی سەرگەردانی ئۆدیسیوسەوە لە دوڕگەی ئوجیجیا، دەست پێبکاتو لاپەڕەکانی کتێبی ژیانی ئەم قارەمانە بە کاوەخۆ بەرەو پاش هەڵبداتەوە. بۆیە ئەوەی لە سروودی نۆیەمدا، واریقات و سەربهوردان دەگێڕێتەوە ئۆدیسیوسە، نەك هۆمەری شاعیر، ئەم گەڕانەوەیە بۆ دواوە لە زمانی قارەمانەوە تا کۆتایی سروودی دوازدەیەم بەردەوام دەبێت، ئەوەی لەم چوار سروودەدا هاتووە، ژیاننامەی جەنگاوەرەکەی ئیتاکە لەو کاتەوە کە لە شاری وێرانی ترواده وەدەرکەوتووە تا ئەو کاتەی کە گەییوەتە دوڕگەی ئوجیجیاو کالیپسو ئەفسوونی کردووە.

شاو میری ئیتاك بەمجۆرە سەربهوردی خۆی دەگێڕێتەوە کە دوای مودەتێك لە دەریابڕیو تووشیونەگبەتی زۆرو دژوار، خۆیو هاوڕێکانی دەگەنە یەکەمین بەشەرانێك کە (سیکون)(٥٩)یان ناو دەبێو لە دوڕگەی ئیسماروسدا دەژین. ئەمانە لە داشدارانو لایەنگرانو پشتیوانانی خەڵکی ترواده‌ن. ئەو و هاوڕێکانی یەکێك لە شارەکانی سیکونان لەگەڵ خاکا تەخت

دەکەن، بەڵام لە جیاتی بەدیل و دەسکەوتەکانیانەوە ئەو سەر زەمینە بەجێ بێڵن، دەریاوانانی مەست و لە خۆبایی، بە پێچەوانەی فەرمانی رابەرەکەی خۆیانەوە، لێدەبڕێن ئاهەنگێك بەرپا بکەن و کامی دڵی خۆیان لەو هەموو نیعمەتە بشکێنن، بەڵام غافڵن لەوەی کە سەربورو چیرۆکی وێرانی و ئەسارەتی سیکونەکان گەییوەتە گوێی تیرەو قەومەکانی دیکەو ئیدی لە شەوا، دەدەن بەسەر ئەم تاقمە بێ خەبەرەداو حەفتاو دوو کەسیان لێدەکوژن.

ئودیسیوس و باقی دەریاوانەکان بە پەلە پرووزێ لەو سەرزەمینە شوومە هەڵدێن و بۆ دوازدە رۆژی تەواو گرفتارو گیرۆدەی تۆفانی لە پەستاو بێ پسانەوەی دەریا دەبن. سەرەنجام دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، بە هەزار گیانبازی، دەگەنە دوورگەی کونارخۆران(٦٠) (لۆتس خۆران).

داستانبێژەکەی یۆنان دەربارەی کاریگەری ئەم گیایە بەسەر بەشەرەوە، لە زمانی ئودیسیوسەوە، دەڵێت:

ئەوەی یەکجار لەو خۆراکە شیرینەی خواردبا
ئیدی حەزی نە دەکرد وڵاتی خۆی ببینێ
یان دەگەڵ هاورێیانی خۆیدا باسێکی
چارەنووسی خۆی بکات
بەمجۆرە پەیك و تەتەرانی من لێبڕان
کە لە نێو کونارخۆراندا ئاکنجی بن
و بە "کونار" بژین و قەت نەگەڕێنەوە(٦١).

دووان لە دەریاوانەکان کە لە باندۆرو کاریگەریی کونار بێئاگا بوون، لە برسانا سەرو برێك کونار دەخۆن و لە ئەنجامدا تووشی بیرچوونەوە دەبن. ئودیسیوس دەیانگەڕێنێتەوە ناو کەشتیەکەو حەپسیان دەکات و هەنگێ فەرمان دەدات تا زووە لەوێش هەڵێن.

ئەوەی لە قۆناغی دواتری ئەم سەفەرە پڕ رووداوەدا، بەسەر ئودیسیوس و هاورێکانی دێت، جوانترین و دڵگیرترین بەشێن ئەم ئەفسانەیەیە. پوسیدونی برای زیوس و خواوەندی دەریایان، لە شای ئیتاك توڕەو پەست بوو، چونکە دوای سەرکەوتن بەسەر جەنگاوەرانی ترواددا، سرووتی بەندایەتی و سوپاسگوزاری خۆی بەرانبەر بەم خواوەندە بە توانایە ئەنجام نەدابوو، بەڵام لە دوورگەی سیکلۆپاندا، ئودیسیوس گوناهێکی کردبوو کە بەلای پوسیدونەوە قابیلی بەخشین نەبوو، ئەویش ئەمە بوو کە ئودیسیوس، پولیفموسی کوڕی ئەوی کە دێوێکی یەکەڵەچاو بوو، لە نیعمەتی بینایی بێبەش کردبوو. شەڕو سەرکەوتنی ئودیسیوس بەسەر پولی فیموس دا، ترسناك ترین و سەیر ترین واریقات و بویەری بەیتی ئودیسەیە(٦٢).

دەریاوانی جەربەزەی ئیتاك، کاتێ دەچێتە دوورگەی "دیوانی یەکەڵە چاو" هەرگیز تەسەوری ئەوە ناکات کە پێی ناوەتە چ خاکێکی ترسناك، دنیا شەو بوو، چرە تەمێکی خەست سەرانسەری دوورگەکەی گرتبوو، بۆیە دانیشتوانی دوورگەکە هیچ کەسێکی ئەم دارو دەستەیە نابینن. بەرە بەیان، دەریاوانانی برسی، پەلاماری ژمارەیەك مەڕو بزن، کە لە بناری کوێستانێکی بەستێندا دەلەوەرین، دەدەن و جەژن و ئاهەنگی گۆشت خواردن بەرپا دەکەن. پاشان ئودیسیوس

دەگەڵ دوازدە کەسداو بە ژمارەیەك قەڕابە شەڕابەوە، بە کێوەکەدا هەڵدەگەڕێن و دەچنە ناو غارو ئەشکەوتێکەوە. ئەم ئەشکەوتە شوێنی پولیفیموس، دێوی یەکەڵە چاوو کوڕی پوسیدون بوو، بەڵام ئەوان لە کویٚ بەمە بزانن. لە سەر پێشنیازی ئودیسیوس، ئاگرێك دەکەنەوەو چەند بەرخ و کارژۆلەیەك، کە لە نێو ئەشکەوتەکە دەبن، لە شیش دەدەن و هێشتا بە تەواوەتی لە گۆشت خواردن نەبوو بوونەوە کە لە ناکاوا دێوەی یەکەڵە چاو دەرکەوت. مێگەلەکەی هێنایە ژوورەوەو تاوێرێکی گەورەی نا بە زارکی ئەشکەوتەکەوە. کاتیٚ چاوی بە ئودیسیوس و هاوڕێکانی کەوت، یەکەم پرسیاری ئەمە بوو کە ئەم میوانە ناوەختانە کێن؟ ئودیسیوس ناوی خۆی نەبرد بەڵام پێی گوت کە خۆی و هاوڕێکانی لەو جەنگاوەرە یۆنانیانەن کە لە شەڕی تروادە دەگەڕێنەوەو گیرۆدەی غەزەبی خواوەندێکی زۆردار، بە ناوی پوسیدون بوون.

ئودیسیوس لەوە بێئاگا بوو کە ئەم دێوە زەلامە کوڕی پوسیدونە، بۆیە ئەم قسەیەی ئودیسیوس بە جاریٚ تووڕەی کردو گڕی گرت. یارۆی سیکلۆپ دەم و دەست دوان لە هاوڕێیانی ئەوی گرت و بە زندوویەتی قووتی دان. ئەمە نسیبەت و بەڵایەکی گەورەو چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڵام ئەوان هیچ چارێکیان نەبوو و هیچیان لە دەست نەدەهات . گریمان کە ئودیسیوس و هاوڕێکانی بە گژیا چوونەوەو توانیان بیکوژن، بەڵام دوای مردنی پیرە دێو چۆن دەیانتوانی لەو زیندانە ترسناکە دەربازبن، چونکە جگە لە خودی دێوەکە چ کەسێکی دی نەیدەتوانی ئەو تاشە بەردە لەزارکی ئەشکەوتەکە لا ببات.

لە بەرەبەیاندا، هەمان دیمەنی شەویٚ دووبارە بووەوە. پولیفموس بۆ تێشت و قاوەڵتی دوانی دیکەی لە هاوڕێیانی ئودیسیوس گرت و خواردنی. دلاوەری ئیتاك لێبڕا بە هەر جۆریٚ بووە خۆی و هاوڕێکانی رزگاربکات. ئیدی بیری لە چارەیەك کردەوە. کاتیٚ خانە خوێی خوێنمژ پەزەکانی بۆ لەوەڕ بردو دووبارە زارکی ئەشکەوتەکەی لە دوای خۆیەوە گرت، ئەو (ئودیسیوس) دیرەك و ئەستوونێکی، کە لە ناو ئەشکەوتەکە بوو، هەڵگرت و بە هاوڕێکانی سپارد تا نووکەکەی تیژ بکەن. ئەمە تاقە چەکێك بوو کە دەکرا شەڕی دێوە دڵڕەقەکەی پێبکرێت. شەویٚ کاتیٚ دێوە گەڕایەوە، ئودیسیوس قەڕابە شەرابەکانی خستە بەردەستی و پولیفیموس هێندەی خواردەوە کە ئاگای لە خۆ نەما. لە گەرمەی مەستیدا ناوی ئودیسیوسی پرسی، ئودیسیوس وەڵامی دایەوە کە ناوی "هیچکەس"ـە. کاتیٚ دێوەی مەست خەوی لێکەوت، ئودیسیوس و هاوڕێکانی نووکە تیژەکەی دیرەکەکەیان لە ئاگردا سوور کردەوەو پاشان بە هەموو هێزو قوەتی خۆیانەوە لە چاوی دێوەیان ڕاکرد. لە تاو ئازار لە نەعرەتەیەکی وای دا کە ئەشکەوەتەکەی هێنایە لەرزین و لەم دەمەدا دێوانی دی هاتن بە دەنگیەوەو کە لێیان پرسی کیٚ ئازاری داوە، وەڵامی دانەوە "هیچکەس". ئیدی دێوەکان بە حاڵی خۆیەوە بە جێیان هێشت و رۆییشتن. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو کە ئەم دیلانە خۆ رزگار بکەن و لەو ئەشکەوتە دەربازبن و دێوەی بریندار کە لە تاو ئازار گێنگڵی دەدا، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە ئەوان بگرێت، بەڵام چونکە نابینا بوو نەیدەتوانی. ئیدی بیرێکی بە مێشکا هات. دەرکی ئەشکەوتەکەی کردەوە تا پەزەکان بباتە دەرەوەو ئەوسا سزای میوانە دەستدرێژکارەکان بخاتە لەپی دەستیان، بەڵام (ئودیسیوس)ش وریا بوو. بە

فەرمانی ئەو، هەموویان خۆیان بە ژێر سکی پەزە بە قوەتەکاندا کردو دێوەی نابینا کە دەستی بەسەر پشتی پەزەکاندا دێنا هەستی بەوە نەدەکرد کە هێرشبەران خۆیان خزاندووەتە ژێر سکی پەزەکانەوە. کاتێ بەم رازەی زانیو پەی بە فێڵەکەیان برد کە هێرشبەرەکان، خۆیان گەیاند بووە کەشتیەکەیان.

دلاوەرەکەی ئیتاک هەڵاتبوو و ئیدی گرتنەوەی کارێکی ئاسان نەبوو. جا چونکە گیانی جەنگاوەری رێگەی نەدەدا دەستبەرداری ئازاردانی دژمنەکەی بێ، لە دوا ساتدا لە نەعرەتەی داو خۆی ناساند. دێوەکە کە ناسی بویەوەو سەمتی دەنگەکەی دیاری کرد بوو، تاوێرێکی گەورەی هەڵگرتو بەرەو کەشتیەکەی هاویشت. ئیدی شانسی ئودیسیوس تاوێرەکە نەکەوتە ناو کەشتیەکەوە، بەڵام پێلو شەپۆلانێکی وای هەستاند کە لەزگ بوو هەر هەموویان غەرق بکات. دەریاوانەکان رێگەی خۆیان گرتەبەرو رۆییشتن، پولیفیموس هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی پەنا بەرێتە بەر بابیو داوای لێبکات کە ئودیسیوس بۆ هەتا هەتایە تووشی بەڵاو نەهامەتی بکات.

شاعیری یۆنانی ئەم دلێری و تۆڵە ئەستێنییەی ئودیسیوس لە داستانی ئۆدیسەدا بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:

ئەهای، ئەی دێوی یەکەڵە چاو
ئەوانەی کە تۆ، لە ناو ئەو ئەشکەوتە
سامناکە،
بەو دڕندەییە کردنت بە تێشووی خۆ
یارانی کەسێ بوون کە لە جەنگاوەریدا
وەستا بوو
ئەو سزای تۆی نایە قولی دەستت
ئەی ستەمکار، تۆ کۆت لە خواردنی
ئەو کەسانە نەکردەوە کە پەنایان
هێنا بووە ماڵی تۆ
خودای خودایانو خواوەندەکانی دی
بەمجۆرە تۆڵەیان لە تۆ ئەستاند.
لە شوێنێکی دیدا لەسەری دەڕوات:
ئەی دێوی یەکەڵە چاو، ئەگەر رۆژێ
بەشەرێکی فانی
تەمەشای چاوی نابینای تۆی کردو پرسی
کێ تۆی بەم رۆژە گەیاند،
پێی بڵێ ئەمە شاکاری کوڕی لورتس بوو،
ئودیسیوس، وێرانکاری شارانی عاسێ،

ئەوەی کە ماڵی لە ئیتاکە(٦٣).

پاشـــان ئۆدیســـیوس و دەریاوانـــەکانی گەیینـــە دوورگـــەی ئـــەیۆلیا(٦٤)، کـــە قەڵـــەمڕەوی (ئیولـوس)ی خواوەنـدی بایـان بـوو. ئیولـوس مـاوەی یـەك مـانگ میوانـداری ئۆدیسـیوس و هاوڕێکانی کردو وەختایەك کە ڕۆییشتن، مەشکەیەکی دایە کە پڕبوو لە با. دلاوەرەکەی ئیتاك، دیاریە بە نرخەکەی وەرگرت‌و بەرەو مەنزڵی خۆی بەڕێکەوت. دوای نزیکەی دە ڕۆژ خاکی ئیتاك لـە دوورەوە دەرکـەوت، خۆشـی‌و شـادی هـەموو دەریاوانـە شـەکەت‌و مانـدووەکانی گـرت، بـەڵام ئۆدیسیوس لـەم کاتـەدا دوا هەڵـەی کـرد، ئـەویش ئـەوە بـوو بـۆ سـاتێك چاوانی خـۆی لێـك نـان‌و خـەوی لێکـەوت، هاوڕێکـانی کـە چـاوەڕوانی ئـەم دەرفەتـە بـوون، لـە رووی کونجکاوییـەوە مەشکەکەیان کردەوەو لە ناکاو بایەکان هاتنە جۆش‌و خرۆش و تۆف‌و زریانێکی خرۆشاوی بـەترەف دەریـای گرتـەوە. کەشتیەکان کـە ژمارەیـان دەگەییـە دوازدە، لێـك پـەرت‌و بڵاوبوونـەوەو دەریاوانەکان کاتێ وەخۆ هاتنەوە دیسان خۆیان لە بەستێنی دوورگەی ئەیولیادا بینییەوە.

ئەم بەڵا تازەیەی ژیانی ئۆدیسیوس لەوەدا بوو کە ئیولوس، خواوەندی بایان، ئەم کارەی ئەوی بە سووکایەتی بۆ خوایان زانی‌و زۆر توڕە بوو. داستانبێژی یۆنان، ئەم غەزەب‌و توڕە بوونەی ئەو دەرهەق بە دلاوەری ئیتاك بەمجۆرە دەردەبڕێت:

دوورکەونەوە، دوورکەونەوە و خێرا
ئەم دوورگەیە بەجێ بێڵن
ئەی مرۆڤانی چەپەڵ‌و دزێو
چ هەڵەیەك بوو میوانداری ئێوە
و کۆمەك کردن بەتۆ،
ئەی ئەو کەسەی تووك لێکراوی
هەموو خواوەندانی پیرۆزی،
دوورەوکەوە! ئەی ئەو کەسەی
کە مایەی نەفرەتی هەموو خواوەندانی(٦٥)...

ئۆدیسیوس ناچار بەوپەڕی نا ئومێدی بۆ لای هاوڕێکانی گەڕایەوە. دەیزانی کە ناتوانێ بە ئاسانی بگاتەوە دوا مەنزڵ. ئیدی بە ناو توڕەیی دەریاو نەعرەتەی بادا، دەستی بە سەفەر کرد. سروودی دەیەم ئەو سەربهوردو واریقاتانەی لە خۆ گرتووە کە ئەم دلاوەرە کۆڵنەدەرە دەربارەی واریقاتـەکانی ئایولیـاو سـەفەرەکانی دواتـری بـۆ دوورگـەی بەشـەرخۆرانی لسـتریگون(٦٦)، بـۆ ئالکینوس شا دەگێڕێتەوە.

دوورگەی لستریگونەکان، قەسابخانەو کوشتارگەی سەرنشینانی یازدە کەشتی ئۆدیسیوس بوو. خۆ ئەگەر خۆشی ئاقڵی نەکردباو کەشتیەکەی لە دەرێی لەنگەرگایەکەدا رانەگرتبا ئەوا مەرگی خۆی‌و کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی مسۆگەر دەبوو. بەشەرخۆران گەمارۆی کەشتیەکانیان داو لە هەموو لایەکەوە ڕێگەی رزگاریان لێبەستنەوە. قارەمانەکەی ئیتاك ئەم بەڵا گەورەیەی بە چاوی خۆی دەبینی، بەڵام هیچ کارێکی لە دەست نەدەهات. ناچار بوو لەم تالوکەیە هەڵهات‌و کاتێ

گەییە وشکایی سەیری کرد ئەویٚ دوڕگەیەك بوو بە ناوی ئیا(٦٧) کە نشیمەنی سیرسی بوو کە ژنێکی جوانی جادووکەر بوو.

هۆمەر، لە سروودی دەیەمی داستانە نەمرەکەی ئۆدیسەدا باسێکی دیداری ئودیسیوس، دلاوەری کۆڵنەدەری ئیتاك، دەگەڵ سیرسی روو مانگی بە داوو ئەفسوونکاردا دەگێڕێتەوە کە یەکێکە لە دیمەن و بەشە جوان و دڵگیرەکانی ئەم ئەفسانە شیعرییە. لێرەدا گوتیارو داستانبێژ خودی ئودیسیوسە کە لە دەرباری ئالکینوس شادا، باسی بەسەرهاتی خۆی و هاوڕێکانی دەگێڕێتەوەو ئامادە بووان حایرو سەرسام دەکات. بەیتەکە بەمجۆرەیە:

هەنگیٚ بە دڵی پڕ لە خەمەوە
ڕێگای دەریامان گرتە بەر
لە کاتێکا خۆشحاڵ بووین لەوەی کە لە داوی
مەرگ خەلەسیووین
هەرچەندە یارانی خۆمان لە دەست دابوو.
بەرەو ئاسۆیانی نادیار ملی ڕێمان گرت
سەرەنجام لە دوڕگەی ئیا گیرساینەوە
ئەویٚ کە نشیمەنی سیرسی یە،
خوابانۆی مەزن و پڕ مەکر،
کە خوشکی "ئوتس"ی جادووگەرە،
و هەردووکیان کیژی هەتاون لە "پرسە"
کە ئەویش کیژی "ئۆسیانوس"ی خواوەندی دەریایە(٦٨).

لەم دوڕگەیەدا، دیسان فەندو فێڵ و گەمەیێن خواوەندان دەردەکەویٚ. سیرسی، ئەڵقە لە گویٚ و فەرمانبەرداری پوسیدونە و ئەرکی ئەوەیە کە ئودیسیوس و هاوڕێکانی تووشی سەرگەردانی و ئاوارەیی بکات. ئەو بە خۆیشی خوابانۆیەو توانایەکی وای تیایە کە بیچم و هەیئەتی بەشەران بگۆڕێت وەکو چۆن کۆمەڵێك لە دەریاوانەکان دەکات بە بەراز. بەڵام لە هەمان کاتدا خواوەندەکانی دیکەش دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتوون، بەڵکو لە بیری ئەوەدان کە پاشاو میری ئیتاك رزگار بکەن. هرمسی تەتەرو پەیکی خواوەندان، گیایەکی دەداتیٚ کە ئەفسوون و جادووەکەی سیرسی بە تاڵ دەکاتەوە.

ئودیسیوس، کاتیٚ کە بەم رازە دەزانیٚ، ئاقڵی دەکات، دارو دەستەکەی بە سەر دوو بەشدا دابەش دەکات و بەشێکیان دەگەڵ خۆیدا دێڵێتەوەو بەشەکەی تریان بە سەرکردایەتی ئوریلوکوس(٦٩) دەنێرێت. دەستەکەی ئوریلوکوس دەگەنە کۆشکەکەی سیرسی و دوای نان خواردن و شەراب نۆشین، بە تەماسی تەرکەیەك(شول)، دەبن بە بەراز، شاعیر ئەم دیمەنە بەمجۆرە روون دەکاتەوە:

تەرکە و شوولێکی پێدا هێنان و لە نێو گەوڕێکی بەرازاندا
تێکڕا هەمووانی کرد بە بەراز

که دەنگ و سەرو لەشیان وەکو بەراز بوو

بەڵام مێشکی بەشەریان هەبوو

ئەو مێگەلە خرۆشاوو چاو بە گریانەی بەرەو ئاغەڵ رانی

کە لەوێ، سیرسی، بە روو و میوەی کێوی تری

کردنە بەر

تا حەیوان ئاسا بلەوەڕن‌و سکی خۆ تێر بکەن(٧٠).

بەڵام ئوریلوکوس، کە پێی نەنا بووە حەرەمی ئەو، هەرکە هاوڕێکانی بەو شێوەیە بینی، بەلەز بۆ لای ئودیسیوس گەڕایەوە. ئیدی دلاوەرەکەی ئیتاك هیچ چارەیەکی نابێ جگە لەوەی بە ئامۆژگارییەکەی هرمیس بکات. تەتەرو پەیکی خواوەندان فێری کرد بوو چۆن بچێتە دڵی ئەو ژنە خشکۆك‌و ئەفسوونکارەوە. ئودیسیوس، بە زانینی ئەو رازو نهێنییە، وەستایانە دەورەکەی دەگێڕێت و سیرسی کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەوەوە، هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە سەر دۆخ‌و سیمای جارانی خۆیان. ئودیسیوس بە خۆی رۆژگاری مانەوەی خۆی‌و هاوڕێکانی لە دوڕگەی ئیادا کە یەك ساڵ دەخایەنێ(٧١)، دەگێڕێتەوە:

لەو دیارو دەڤەرەدا، رۆژ لە دوای رۆژ،

مودەتی یەك ساڵ ماینەوەو

لەسەر خوانی ئاوەدانی ئەو

و بە گۆشتی بەلەزەت‌و شەرابێن گەوارا

ئاهەنگ‌و جەژنمان گێڕا(٧٢).

ئەنجام ئودیسیوس، ئارەزووی گەڕانەوەی خۆی، بۆ جادووگەری خشکۆك دەدرکێنێ. سیرسی پێی دەڵێت کە گەڕانەوەی ئەوان بۆ وڵات‌و زاگەی خۆ مەیسەر نییەو نابێ، مەگەر بروات بۆ هادیس و لەوێندەر "ترزیاس"ی غەیبزانی نابینای شاری "تب" بدینێ‌و ئەو تەگبیری بۆ بکات، زاهیری ئەمە تاقە رێگای ئەوە، ئەگەر جاران بویەرو واریقات‌و رووداوێن ترسناك‌و مەرگبار، لە ناکاو لە ناغافلا رێگەی بەخۆی‌و هاوڕێکانی دەگرت، ئەمجارەیان دەبوایە بە خۆی تاقیبی ریسك‌و خەتەران بکات، میرو شای ئیتاك کە هیچ چارێکی دیکەی نەبوو، ناچار ملی رێگای هادیس، جیهانی ژێرینی گرتەبەر، ئەو جیهانەی کە ماڵی مردووان بوو و هیچ شوێنەوارێکی زندوانی تیا نەبوو.

بای باکوور، وەکو جادووگەرە جوانەکە پێشبینی کردبوو، کەشتیەکەی ئەوی تا بەر دەروازەی بەرزەخ برد.

لەوێ، تونێلێکی بۆ خاکی بەرزەخ، وەکو ژنەی جادوگەر پێی گوتبوو، لێدا، هەنگوین‌و شیرو شەراب‌و ئاوی تێکردو پاشان خوێنی مەڕێکی، کە سەری بڕی بوو، بەسەرا کرد. لەم کاتەدا روحی مردووەکان یەك لە دوای یەك دەرکەوتن. ترزیاس باسی ئایندەی ئەوی کرد. ئاگاداری کردەوە کە کەشتیەکەیان لە رێگای ئیتاکدا دەگاتە دوڕگەی هلیوس(٧٤)ی خواوەندی هەتاو. جا ئەرکی خۆی‌و هاوڕێکانی ئەمەیە کە لەم دوڕگەیەدا دەستدرێژی نەکەنە سەر هیچ شتێك، بە

تایبەتی لەو کاتەدا کە چاویان بە گاگەلەکەی هلیوس دەکەوێ. ئەگەر بە گوێی نەکەنو ئەم ئامۆژگارییەی ئەو وەکو ئەڵقە لە گوێ نەکەن، سزایەکی قورس دێتە ڕێگەیان. پاشان ترزیاس، لە وەڵامی ئەم پرسیارەی ئۆدیسیوسدا کە لە ماڵی ئەودا، لە ئیتاك چ دەگوزەرێ، گوتی کە خوازگارانی ملهوڕو سەرکێش هێشتا لە ماڵی ئەودانو ئەرکی ئەو ئەمەیە کە کاتێ گەییشتەوە زاگەی خۆی، دژمنان ریز بکاتو هەر هەموویان بکوژێتو پاشان لە خاکی ئیتاك وەدەربکەوێو پاش ئەوەی چەند قوربانییەك لەبەر بارەگای پوسیدوندا، پێشکەش بکات، هەنگێ بۆ کۆشکەکەی خۆی بگەڕێتەوەو تا کۆتایی تەمەنی بە ئاسوودەیی و شادی بژی.

لەم شوێنەدا، ئودیسیوس، دیدەنی دایکی خۆیشی دەکاتو سێ جار هەوڵدەدا تا لە ئامێزی بگرێت بەڵام ناتوانێ. هۆمەر سەربووردی ئەم واریقاتەی لە سروودی یازدەیەمدا هێناوەتەوە. بەرخوردی ئودیسیوس دەگەڵ گیانی ئاگامەمنونو ئاخیلیوسو ئەو جەنگاوەرانەی دیکەدا کە لە شەڕی ترواددا پێکەوە هاوسەنگەر بوون، بەشێکی زۆر جوانی ئەم بەیتە داستانییەیەو ئەم روحو گیانە ئازاردیدانە، هەر شتێکیان بەسەر هاتبوو، لە سیری تا پیازی، بۆ دەگێڕنەوە.

ئودیسیوس بە کەشتیەکە دەگەڕێتەوەو درێژە بە سەفەرەکەی خۆی دەدات. بەدەم گەڕانەوەوە، جارێکی دی دەگاتەوە دوڕگەی ئیاو سیرسی میوانپەروەری دڵبەستە کە دڵی ها بە دلاوەرەکەی ئیتاکەوە، ئاگاداری دەکات کە لە ڕێگای گەڕانەوەدا ئاگادار بیێو فریوی پەریانی دەریایی(٧٥) نەخوات.

پێی دەڵێت ئەم پەریانە دەنگێکی ئەفسووناوییان هەیەو هەر کەسێك گوێی لە دەنگو ئاوازی دڵگیری وان بیێ خۆ بەخۆ بەرەو لای ئەوان پەل دەبێتەوەو گیرۆدەی داوی ئەوان دەبێت. بۆیە داوای لێدەکات کە فەرمان بە هەموو دەریاوانەکانی بدات کە مۆمی تواوە لە گوێ بئاخنن تا گوێیان لە دەنگی فریبۆکی وان نەبێ(٧٦). پاشان باسی تاوێرێن سەرگەردان(٧٧) دەکاتو پێی دەڵێت ئاگادار بن نەبا ئەم تاوێرانە بێنە ڕێگایان، دەنا مەرگیان حەتمیو ئەسەح دەبێت. هەروەها باسی دەڵە دێوێکیش دەکات کە ناوی (سکیلا)یە کە دەتوانێ لە بەرزایی کێوانەوە ملی خۆی بەرەو دەریا دانەوێنێو هاوڕێکانی دی لە ناو کەشتیەکەوە بڕفێنێ(٧٨).

هۆمەر، لە داستانی ئۆدیسەدا، لە سروودی دوازدەیەمدا، بەمجۆرە باسی ئەم دەڵە دێوە دەکات:

هیچ دەریاوانێك نییە بتوانێ لاف ئەوە لێبداتو بڵێ
کە دەگەڵ هاوسەفەرانیا بە بەردەم سکیلادا تێپەڕیوەو
بە سەلامەتی و بە بێوەی دەرباز بووە.
چونکە هەرکاتێ بە زاری کراوەوە، مل بەرەو
کەشتیەك درێژ دەکات،
ئینسانێك دەکات بە تێشوو قووتی دەدا(٧٩).

سیرسی لەوەش ئاگاداری دەکاتەوە کە گەرداوێکی گەورەو بە سامی لە ڕێیە بە ناوی (شاریبیە(٨٠))، ئەم گەرداوە دەتوانێ لە چاو تروکانێکا کەشتیەکی گەورە قووت بدات.

کەشتی و ڕێبوارانی دەریا، دوای زەحمەت و ماندوو بوونێکی زۆر دەگەنە دوڕگەی هلیوس. ئیدی بڕینی دەریاو ریسکی ناو دەریا هەموویان شەکەت و ماندوو دەکات. دەریاوانان لە دوڕگەیەك لا دەدەن تا بە ئارامی شەوێ لەوێندەر ڕۆژ بکەنەوەو سارەزی(بەیانی زوو) بەرەو ئیتاك وەڕێکەون. بەڵام بایەکی ساردو توندی بەترەف هەڵدەکات و یەك دانە مانگ بەردەوام دەبێت. ڕێبوارەکان پەیمانیان بە یەکدی دابوو کە لەم دوڕگەیەدا دەست بۆ مێگەلی خواوەندی خۆر نەبەن، بەڵام بێ ئازووقەیی، بەرەو پەیمان شکێنیان دەبات. ڕۆژێك لە غیابی ئودیسیوسدا کە چوو بووە راوی باڵندان، گایەك سەر دەبڕن و زیافەتێکی بەدڵی خۆیان دەکەن. هەواڵ دەگاتە هلیوس. دەم و دەست دەڕوات بۆ لای زیوس و هەڕەشە دەکات کە ئەگەر ئەو، سزای ئودیسیوس و هاوڕێکانی نەدات، دەڕوات بۆ هادیس (جیهانی ژێرین) و تیشك و گەرمی خۆی پێشکەش بە مردووان دەکات.

ئودیسیوس لەو کاتەدا کە سەربوری خۆی بۆ ئالکینوس شا دەگێڕێتەوە، کاتێ دەگاتە ئێرە دەڵێت کە ئەو لە توڕە بوونی زیوس ئاگادار بوو بوو، چونکە هرمیس ئەم هەواڵەی بەکالیپسو دا بوو و ئەم ژنە شۆخە، ئەم رازەی بۆ ئەو کەشف کرد بوو. زیوس لە هەنبەر هەڕەشەکەی هلیوس دا، هیچ چارێکی نابێ جگە لەمەی کە خەتاکار سزا بدات، چونکە دنیای ئەو بە بێ روناکی خۆر، ژیانی تیا نەدەما.

داستان بێژی یۆنانی، وەڵامی خودای خودایان بۆ خواوەندی خۆر، بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:

هەر درەوشاوە بە، ئەی خۆر لە ناو
خواوەندانی نەمرا
بۆ ئەم بەشەرە فانیانەی کە لەسەر زەوی
دەژین، بدرەوشێوە
هەر ئێستا کەشتیەکەیان لە نێوان شەپۆلێن
دەریای رەشدا
بە شمشێری بروسکەی زیو ئاسا دەکەم
بە دوو لەتەوە(٨١).

سرووردەکەی هۆمەر ئاوایە، بەڵام ئودیسیوس ئاماژە بۆ سزایەکەی زیوس ناکات و لەسەر گێڕانەوەی پاشماوەی سەربورەکە بەردەوام دەبێت. کاتێ پاشاو میری ئیتاك لەم خیانەتەی هاوڕێکانی ئاگادار دەبێتەوە، زۆر توڕە دەبێت، بەڵام تازە چی پێدەکرێت. خەتایەکی گەورە بووو تازە کرا بوو. ئودیسیوس فەرمان دەدا کە تا زووە بارو بنە تێکبنەن و بڕۆن، غافڵ بوو لەوەی کە داوێکی کوشندە لەسەر ڕێگایان نراوەتەوە. هەرکە کەشتیەکە کەمێك لە بەستێنەکە دوور کەوتەوە، تۆف و زریانێکی خرۆشان و بەترەف هەڵیکرد.شەپۆلان بۆ ئاسمان بەرز دەبوونەوە و کێو ئاسا دادەهاتنەوە. زۆری پێنەچوو کە کەشتیەکە بەدەم گوشاری شەپۆلانەوە تیا چووو سەرنشینەکانی کەوتنە بەر ڕەحمەتی شەپۆلان. هەوڵ و تەقەلای رزگاری بەردەوام بوو تا سەرەنجام تەنیا خودی ئودیسیوس لەو تالوکەیە رزگاری بوو، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە

دەستی لە کوشتنەوەی گایەکەدا نەبوو. ئاقیبەت دوای نۆ شەوو رۆژ گیانبازی بەسەر ئاوەوە، رێی کەوتە دوڕگەیەك کە نشیمەنی کالیپسو بوو، ئەم ژنە ماجوومێکی دەرخوارد دا، دیل و ئەسیری کردو لە دوڕگەی ئوجیجیادا پابەندی خۆی کرد.

لێرەدا، گێڕانەوەی سەربهوردەکە لەلایەن دلاوەرەکەی ئیتاکەوە کۆتایی دێت و جارێکی دی شاعیر وەکو گوتیاری(راوی) چیرۆکەکە دەردەکەوێتەوە. لە سروودی نۆیەمەوە تا کۆتایی دوازدەیەم، گوتیارو داستانبێژی سەربهوردەکە، ئودیسیوس خۆی بووە، بەڵام لە سروودی سیازدەیەمەوە، جارێکی دیکە، شاعیر سەرەداوی گێڕانەوەی داستانەکە دەگرێتەوە دەست.

قارەمانی ئاوارە، ئێستا ئامادەیە کە دوڕگەکە بەجێبێڵێ. بە فەرمانی ئالکینوس شا، کەشتیەکی تەیارو ئامادەی بۆ فەراهەم دەکەن و زەخیرەو ئازووقەی تەواوی تیا دادەنەن. ئودیسیوس، لەم سەفەرەدا تەنیا نییە. دەریاوانانی کارامەو بە ئەزموونی خراونەتە خزمەت و دیاری و سەوقاتیەتی زۆریشیان وەکو دیاریی سەفەر بەگەڵ خستووە. ئودیسیوس کە هەوا لە بارو کەشتیەکە ئامادەو هەموو شتێك بە دڵی خۆی دەبینێ، پاڵی لێدەداتەوەو کەشتیەکە بەرەو سەر زەمینی ئیتاك دەکەوێتە رێ.

لەوە دەچێ کە بەدخوایی و کینە کێشیان کۆتایی هاتبێ و پوسیدون، ئەو خواوەندە رکونی و تۆڵە ئەستێنەی جاران نەمابێ و نیازی ئازاردانی ئەوی نەبێ، چونکە کەشتیەکە بە سەلامەتی و بێوەی دەگاتە بەستێنی ئیتاك. دەریاوانان کاتێ دەگەنە مەنزڵ، ئودیسیوس لە غوڕابی خەوێکی قووڵدا دەبێت. بە ئەسپایی هەڵیدەگرن و لە کەنارەکەداو لە ژێر دار زەیتونێکی دادەنەن، ئەوجا هەر هەموو ئەو دیاری و سەوقاتیانەی کە لەلایەن فەرمانڕەوایان و گەورە پیاوانی ڤ ئیشاوە، بەو پێشکەش کرا بوون، لە پاڵیا دادەنەن. دلاوەرەکەی ئیتاك کاتێ چاو هەڵدێنێ خۆی بە تاقی تەنیا لە شوێنێکی نادیاردا دەبینێتەوە. نۆزدە دانە ساڵ بوو کە لە خاکی زاگەی خۆی دوور کەوتبووەوە، بۆیە لە سەرەتاوە نەیدەزانی لە کوێیەو ئێرە کوێیە. لەم کاتەدا شوانێك بەخۆی و مێگەلەکەیەوە بەلایا تێدەپەڕێ. ئەم شوانە ئاتینا، خواوەندی ئەقڵ دەبێت کە وەکو سێبەر لە هەموو شوێنێ بە دوایەوەیەو دەی پارێزێ. پێی دەڵێت کە سەرەنجام گەییوەتەوە نیشتمانی خۆی و هەرچەندە لە ماڵی خۆیدایە بەڵام دەبێ ئاگای لە خۆی بێ نەبا دژمنان بیناسنەوەو کاری بکەن. ئیدی دەیخاتە کلێشەو سیمای گەدایەکەوەو رەوانەی ماڵی خۆی دەکات.

پوسیدون، کە هێشتا دڵی دانەکەوتووە، وەختایەك پێدەزانێ کە کەشتی و دەریاوانانی ڤ ئیشایی ئەویان گەیاندوەتەوە، بەراوێژی زیوس هەر هەموو دەریاوانەکان دەکات بە بەردو لێدەبڕێت سەرانسەری دوڕگەکە بە خودی ئالکینوس شاو گشت کەس و کارەکەیەوە بخاتە گەمارۆی تاوێرانی بەرزەوە تا هەموویان لە برسا گیان بسپێرن. ئالکینوس شا هەوڵدەدا لە رێگەی قوربانی کردنەوە تووڕەیی و غەزەبی خواوەند بڕەوێنێتەوەو شاعیری یۆنانی ئەم خاڵە روون ناکاتەوە کە چارەنووسیان چۆن دەشکێتەوەو دەگاتە کوێ، لە سروودی چوار دەیەمەوە تا کۆتایی داستانەکە کە دە سروودی دیکەیە، بریتیە لە گێڕانەوەی هەوڵ و تەقەلای ئودیسیوس بۆ دۆزینەوەی ماڵ و هاوسەرو قەڵەمڕەوە لە دەست چووەکەی.

لەم کاتەدا کە میرو پاشای سەرگەردانی ئیتاك گەڕاوەتەوە بۆ زاگەی خۆی، کوڕە کارامەکەی، واتە تلیماکوس لە خاکی سپارتەیەو لە هەوڵی دۆزینەوەی بابیدایە. ئاتینا کە چاودێری دەکات لێدەبڕێ کە بە زووترین کات بۆ ماڵی خۆی بگێڕێتەوە.

لە خاکی ئیتاکادا، یەکەمین کەسێك کە دەبێ ئودیسیوس بیدینێ، (ئومیوس)ی شوانی خۆیەتی(٨٢)، ئومیوس، یەکێك بووە لە خزمەتگوزارە فیدایییەکانی ئەو، بێگومان ئەمڕۆش دەتوانێ لەو ئەرکە ترسناکەدا کە لە پێشیەتی، یارمەتی ئەو بدات.

ئومیوس، بە تاقی تەنیا لە کوخەکەی خۆیدا دانیشتووە. ئەو چوار شوانەی کە هاوکاری دەکەن، چوون بۆ دەشت. سەگەکان، کە یەکەمجار ئەم گەدا شپڕێوە دەبینن، پەلاماری دەدەن، ئومیوس کە نایناسێتەوە، فریای دەکەوێ، شوانی پیر، لە ناونیشانی ئەم غەوارەیە دەپرسێت و نانی بۆ دادەنێ، ئودیسیوس بە باشی نازانێ وا زوو خۆی پێ بناسێنێ، ئیدی خۆی وەکو پیرەمێرێکی گەڕیدە دەناسێنێ کە سالأنێکی زۆر بە ولأت و قەڵەمڕەواندا، سەرگەردان بووە. شوانەی پیر، باسی شاو میری گوم بوو، دێنێتە ئاراوەو میوانە ناوەختەکە بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن چەندین ساڵ لەوە پێش لە شەڕی تروادەدا بەشداری کردووەو لەو رۆژگارو زەمانەدا ئودیسیوسی دیتووە. ئیدی خانەخوێیەکەی خۆی دڵنیا دەکات کە ئودیسیوس لە ژیاندایەو سەرەنجام رۆژێ بۆ ولأتی خۆی دەگەڕێتەوە. ئومیوس گوێ لە هەموو چیرۆکەکەی دەگرێت، باوەڕ بە هەموو ئەو واریقاتە دەکات کە بەسەری هاتووە، بەڵام بە هیچ جۆرێ باوەڕ بەوە ناکات کە میر زندووەو جارێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ ولأت.

لە کۆتایی سروودی چواردەیەمدا، رێبواری ماندوو لە کوختەکەی شوانەی پیردا دەچێتە جێگاوە بە ئومێدی سبەینێیەکی پڕ رووداو دەخەوێت، لە کاتێکا ئاتینا، خواوەندی مەدەدکار، چووە بۆ کۆشکەکەی مینەلایوس لە سپارتەو خەریکی زەمینەسازییە تا تیلماکۆس بۆ ئیتاك بێنێتەوە. هەوڵی ئاتینا بۆ گەڕاندنەوەی تیلماکۆس لە سروودی پازدەیەمدا باس کراوە.

تیلماکوس، شەوێ دەخەوێ و خەونێکی ترسناك دەبینێ، ئاتینا ئەو خەیالأتانەی خستووەتە مێشکەوە. تیلماکۆس لە خەونە ئاڵۆزەکەی خۆیدا، دەبینێ کە دایکی ملی بۆ یەکێك لە خوازگارە زۆردارەکان داوەو نەك هەر میراتی بابی، بە شووە تازەکەی خۆی بەخشیوە، بەڵکو ئامادەیە بەشی کوڕەکەشی، کە بەشی قانووی خۆیەتی، بخاتە ئختیاری کابرای بێگانەوە. تیلماکۆس هەراسان و سەرگەردان لە خەو رادەپەڕێ و داوا لە خانە خوێیەکەی دەکات تا زووە تفاقی گەڕانەوەی بۆ فەراهەم بکات. تفاقی سەفەر ئامادە دەکرێت و تیلماکۆس دەگەڵ دۆستی خۆیدا پیزیستراتوس(٨٣) و بەو دیاری و سەوقاتیە زۆرانەوە کە مینەلایوس و ژنە جوانەکەی، هیلین پێیان بەخشی بوو بەرەو ئیتاك دەگەڕێتەوە. لە رێگادا، کە بۆ پشوویەکی کورت لە دورگەیەکدا لادەدەن، دلاوەرێکی دیکەشیان بەگەڵ دەکەوێ کە نێوی تیوکلیمنوسە(٨٤) کە وەکو یەکێك لە نەوەکانی یەکێك لە خواوەندەکان خۆی دەناسێنێ و دەڵێت چونکە خزمێکی خۆی کوشتووە، بۆیە ناچارە لەو دیارو دەڤەرە هەڵێت. تیلماکۆس ئامادە دەبێت کە لە ئیتاکدا پەنای بدات و بیخاتە ژێر باڵی خۆی، ئاتینا، تیلماکۆسی ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگەر بە ئاشکرا پێ بنێتە

خاکی ئیتاك، لەوانەیە خوازگارەکان خوێنی بڕێژن، بەمجۆرە کوڕە زرینگەکەی ئودیسیوس دەزانێ چۆن بچێتە کۆشکەکەوەو نەکەوێتە بەر دەستی دژمنان. خوێنەر لە نەخشەو پلانی ئەو ئاگادار نییە، بەڵام کاتێ وەئاگادێ، سەیر دەکات ئەو لە کوختی شوانەکەدا، لە بەردەم بابی خۆیدا وەستاوە. ئەم دیدارە لە سەرەتای سروودی شازدەیەمدایەو لە کاتێکایە کە دلاوەرەکەی ئیتاك دەگەڵ شوانەکەی خۆیدا خەریکی قاوەڵتی کردن و خواردنی تێشتە.

* * *

یەکێك لە دیمەن و بەشە پڕجۆشەکانی داستانی ئۆدیسە، دیداری ئودیسیوسی دلاوەری ئیتاکایە دەگەڵ تیلماکۆسی کوریا کە سروودی شازدەیەمی بۆ تەرخان کراوە. میری ئەم وڵاتە، پاش نزیکەی نۆزدە ساڵ دووری و دەربەدەری، سەرەنجام بۆ زاگەی خۆی دەگەڕێتەوەو جگەرگۆشەکەی خۆی دەبینێ و بە کۆمەکی شوانە پیرو زورهانەکەی خۆی، لە سیماو کلێشەی ڕێبوارێکی ئاوارەدا پێ دەنێتەوە ناو کۆشکەکەی خۆی و یەك بە یەکی دژمنەکانی خۆی دەکوژێت و بە هاوسەرە ئەمەکدارەکەی دەگاتەوە و پەیوەندی دێرینی دەگەڵدا تازە دەکاتەوە.

هۆمەر، بەمجۆرە دەست بە سروودی شازدەیەم دەکات:

لەو کاتەدا کە یولیسیس و بەرازەوانەکە لە کوختەکەدا
ئاگرێکیان کردەوەو
دەگەڵ بەرەبەیاندا تێشتیان ئامادە کرد.
شوانەکان تێکڕا، ڕانەکانیان بۆ دەشت بردبوو
ڕێك لەم کاتە تیلماکۆس پەیدا بوو
سەگەکان نە هاڕوژان
کەوتنە کلکە لەقێ بۆ میوانی تازە
یولیسیس کە هەستی بە هاتنی میوانی تازە کرد بوو
و دەی بینی کە سەگەکان ناوەڕن
ڕووی کرد، ئومیوس و گوتی:
"ئومیوس، من گوێم لە دەنگی پێی کەسێکە
لەوە دەچێ خزمێکی تۆ بێ یان بەم ماڵە
بێگانە نییە.
هاتووەتە ژوورەوە، چونکە سەگەکان دەمیان
لێك ناوەو
بە کلکە لەقێ پێشوازی دەکەن."

هێشتا قسەکەی تەواو نەکرد بوو کە کوڕەکەی لە ئاستانەی دەرگاکەدا دەرکەوت.

ئومیوس، خێرا هەستا، پیاڵەی شەرابەکان قلپ بوونەوە یەکەمجار ماچێکی سەری کردو هەنگێ چاوە جوانەکانی ماچ کرد،

پاشان لە خۆشیا دەستی بە گریان کرد.

بۆ باوكێك، خۆشی لەوە گەورەتر نەبوو كە لە
تاقە فرزەندەكەی خۆی بڕوانیٚ
فرزەندیٚ كە ئارامبەخشی زەمانی پیری ئەو بوو،
و پاش دە سالٚ دووری، لە ولاٚتانی بیٚگانە،
و تەحەمولی رەنج و ئازارێكی زۆر بۆ مالٚ بگەڕێتەوە.
لە باوەشی دەگرێت و سەرو رووی ماچ دەكات
بە جۆریٚ وەكو بلٚێی لەو دنیا هاتبێتەوە.
پێی دەگوت: "ئەنجام هاتی تیلماكۆس، ئەی
رووناكی چاوەكانم،
كە بیستم سەفەری (پایلوس)ت كردووە،
وام هەست دەكرد جارێكی دی
هەرگیز ناتبینمەوە.
وەرە ژووریٚ، كوڕە ئازیزەكەم، بەندی دلٚەكەم
وەرە ژووریٚ و ئارام بگرە
ئێستا كە هاتوویتە مالٚەكەم، لیٚم گەڕیٚ با
تێر تەمەشات بكەم.
تۆ بە دەگمەن دێیتە گوندان تا دیدەنی ئێمەی
شوانكاران بكەی
و وادیارە دلٚت بە ژیانی شارستانی خۆشە.
لەگینە تاسەمەندی ئەوە بی كە بزانی،
خوازگاران، چیان بەسەر شابانۆ پنلوپە هێناوە؟(٨٥)"

دلاوەرە شەكەت و ماندووەكەی ئیتاك كە دوای سالاٚنێكی زۆر بۆ ولاٚتی خۆی گەڕابووەوە، بە چاوی خۆی گفتوگۆی شوانەی پیر دەگەلٚ كوڕەكەی خۆیدا دەبینیٚ. بەلاٚم دەمی خۆی گرتووەو توانای ئەوەی نییە كە خۆی بۆ كوڕەكەی ئاشكرا بكات. تیلماكۆسیش ئەم كابرا غەوارەیە ناناسێت. ئاتینا، خواوەندی ئەقلٚ، بە رەوای نازانیٚ كە لەوەی پتر ئەم دوو ئینسانە، ئەم باب و كوڕە، دوور لەیەك، نامۆ بەیەك، رابگرێت. كاتیٚ ئومیوس، بۆ كاری رۆژانە دەچێتە دەریٚ، ئاتینای خواوەند، بە ئاماژەی سەری قامكێك جل و بەرگی گەدایی لەبەر دادەكەنیٚ و جل و بەرگێكی شایستە بە میری ئیتاكی لەبەر دەكات و قژە بۆزەكەی كەمێك رەش دەكاتەوەو سیمای بیٚ رەنگ و ماندووی دەگەشێنێتەوەو. تیلماكۆس، سەری لەم گۆڕانە كوت و پڕە سوڕ دەمێنیٚ و هۆی ئەمە لە كابرای نەناس دەپرسێت. هۆمەر لە درێژەی سروودی شازدەیەمدا، دەلٚێت:

تیلماكۆس پرسی "ئەی غەوارە" چ بوو
وا لە ناكاوا شێوەی خۆت گۆڕی
ئەو كەسەی تۆزیٚ لەمەپێش نیت.

جلەکانت گۆڕان
ڕەنگو رووت گەشایەوە؟
ئایا تۆ بەشەری یان خواوەندێکی
خەڵکی ئاسمانی؟
ئەگەر خواوەندیت، با ئەمە بە
مژدەی خۆشی وەربگرم،
و قوربانی لەبەر پێی تۆدا بکەم
و دیاری زێڕت بەسەردا
هەڵبدەم.
کەرامەتی خۆتم پێ
ڕەوا بدینە."
ئولیسیس وەڵامی دایەوە "من لە جوملەی
خواوەندان نیم.
بۆچی وا زەن دەبەی؟ من باوکی تۆم.
باوکێك کە تۆ زۆرت خەمت بۆ خوارد
و لەبەر خاتری ئەو، ئازارێکی زۆرت
بەدەستی خەڵکانی یاساشکێن کێشا."
بە دەم ئەو قسانەوە ماچێکی گۆنای کوڕەکەی کردو
فرمێسکێکی لە چاو ڕژایە سەر عاردی
ئەمە یەکەم فرمێسك بوو کە لە چاوی
هاتە خوارێ
چونکە تا ئەو ڕۆژە سەبرو حەوسەڵەیەکی
زۆری نواند بوو.
بەڵام بۆ تیلماکۆس زەحمەت بوو باوەڕ
بکات کە ئەوە باوکیەتی
گوتی "تۆ بابی من نیت، بەڵکو خواوەندێکی
کە بە کەرەمی خۆت، خۆ بە بابی من دەزانی
تا لەمە بە دواوە زەجرێکی زیاتر
بە من بدەی.
هیچ ئینسانێکی فانی ئەو توانایەی نییە
لە دەمێکا پیرو لە دەمێکی دیدا جەوان بنوێنێ
مەگەر خواوەندێکی لە پشت بێ.
تۆزێ لەمە پێش تۆ

پیریٚ بوو شڕپۆش،
ئێستا له خواوەندیٚ دەچی
که له ئاسمانیٚ را هاتبێته
سەر زەوی."
ئولیسیس وەڵامی دایەوە:
"تیلماکۆس، تۆ نابیٚ سەرت لەمە
سوڕبمێنیٚ که من لەم شوێنە
دەبینی.
جگە له من هیچ یولیسیسێکی دیکە نییە
که پیٚ بنێتە خاکی ئیتاك.
ئەو گوم بووە منم که پاش ساڵەها
ئاوارەیی و تەحەمولی سەختی و تەنگانە
دوای نزیکەی بیست دانە ساڵ بۆ
زاگەی خۆ گەڕاومەتەوە.
ئەگەر شتێك هەبیٚ و تۆ سەرسام بکات
ئەوە خواست و مەشیەتی خوابانۆی
بە توانا ئاتینایە که وای دەویٚ.
توانایەکی ئەوتۆی هەیە که هەرچییەکی
بویٚ، ئەنجامی بدات.
دەمیٚ پۆشاکی گەداییم لەبەر دەکات،
دەمیٚ جەوانم دەکاتەوەو جلکی نایابم
لەبەر دەکات.
بۆ خواوەندانی ئاسمان
ئاسانە که کەسێك له دەمێکا دەوڵەمەند
و له دەمێکی ترا دەسکورت بکەن(٨٦).

میری ئیتاك له ڕێگەی کوڕەکەیەوە، دەزانێت که کۆمەڵێك خوازگار، که ژمارەیان نزیکەی سەدو هەشت کەسە، لە کۆشکەکەی ئەودا کۆبوونەتەوەو بە بیانووی بە دەست هێنانی دڵی شابانۆ پنلوپە، خوانی تالانیان ڕاخستووەو بە هیچ کلۆجیٚ ئامادەنین، ئەوێندەر چۆڵ بکەن، بۆیە تێکشکاندنیان کارێکی ترسناکەو وا چاکە کە میری ئیتاك وەکو نەناسێك خۆی بە کۆشەکەیدا بکات و بە کۆمەکی ئاتینا، خۆی لە مەترسی هێرش و پەلاماری ئەوان دوور بگرێت. نەخشەی ئەو دووانە وا دەبیٚ کە بە ئاماژەی ئودیسیوس، کوڕەکەی هەموو چەکەکانی ئەوان کۆ بکاتەوە. نابیٚ هیچ کەسێك بە هاتنەوەی قارەمانی گوم بوو بزانێت، چونکە ئەگەر تاقە کەسێك لە ڕووی

خەمساردیو بیٚ موبالاتیەوە قسەیەکی لە دەم دەربچێت، دژمنانی بە هاتنەوەکەی دەزانن‌و دەم‌و دەست خوێنی دەرێژن‌و دەیکوژن.

نەخشەیەکی ورد لە نێوان باب‌و کوڕەدا دادەڕێژرێ، لە شارا بڵاودەبێتەوە کە تیلماکۆس، شازادەی ئیتاك گەڕاوەتەوەو هەمووان بەم هەواڵە خۆشحاڵ دەبن. شابانۆ پنلوپە کە بە نەخشەی کوشتنی کوڕەکەی، لەلایەن دژمنانەوە زانیوە، زۆر دەترسێت، بەڵام هیچ دەسەلاٚتێکی نییە. حەز دەکات بە هەر شێوەیەك بووە کوڕەکەی ببینیٚ، بەڵام نازانیٚ لە کوێیە. باوك‌و کوڕ سەرانسەری شەو بە دەم چاوەڕوانی ڕۆژ بوونەوە دەبەنە سەرو بەرەبەریان بەرەو کۆشك دەکەونە ریٚ.

سەرەتای رۆژ، لە سروودی هەڤدەمیندا، بە حەرەکەتی تیلماکۆس‌و ئەوسا ئودیسیوس‌و ئومیوس دەست پێدەکات. شازادەی گەنج، کە دەگاتەوە کۆشك‌و یەکەم کەس ئورکلیا(٨٧)، دایەنەکەی خۆی دەبینیٚ، کە بە تاسەوە دەچێتە پێشوازی. کوڕە دەیەویٚ مژدەی هاتنەوەی بابی بە دایەنی میهرەبان بدات، بەڵام نابیٚ ئەم کارە بکات‌و نایکات. ئەوسا دەچیٚ بۆ لای دایکی کە لە ئامێزی پڕ میهری خۆی دەگرێت. بۆ دایکە بیٚ قەرارەکەی هیچ مژدەیەك لەوە گەورەتر نییە کە بزانێت مێردە گوم بووەکەی بۆ ماڵی خۆی هاتووەتەوە، بەڵام ئەم رازەی پیٚ ناڵێت. چەندین چیرۆك‌و واریقات دەربارەی سەفەرەکەی خۆی دەگێڕێتەوە. سەرەنجام لە هەنبەر مکوڕ بوون‌و سوور بوونی ئەو کە ئایا بابی زندووە یان نا، وەڵام دەداتەوە کە زندووەو لە دوڕگەی ئوجیجیادا ئەسیرو دیلی کالیپسۆ، خواوەندی بەدخوایە. کەسێکی دیکەش شایەتی بۆ قسەکانی ئەودا، ئەو کەسەش (تیوکلیمنۆس)ی هاوسەفەری تلیماکۆس بوو، کە لەم ساتانەدا پەیوەندی بەدۆستو هاوسەفەرەکەی خۆیەوە کردووە، بەم حاڵەشەوە شابانۆ پنلوپە دوو دڵەو شوێنەواری خەم‌و نا ئومێدی بە سیمایەوە دەبینریٚ. لە لایەکی دیکەشەوە ئودیسیوس دەگەڵ ئومیوسدا دێنە ناو شارەوە تا بەرەو کۆشك، ماڵی دێرین، بڕۆن، لە ڕێگەدا جەنگاوەرەکەی ئیتاك (میلانتیوس)(٨٨)ی خیانەتکار دەبینیٚ. ئەمە رۆژگارێك شوانی ماڵباتی ئەو بوو بوو، بەڵام نها خیانەتی بە سەروەری خۆی دەکردو هەموو رۆژیٚ مەڕو ماڵاتەکەی ئاغای بۆ کۆشك دەباتەوە تا خۆراکی خۆازگاران دابین بکات. ئەم میلانیتوسە، سووکایەتی بە ئومیوس کە سەبارەت بە ئاغای پێشینی خۆی لەسەر وەفاداری خۆی ماوە، دەکات. لە هەمان کاتدا پەلاماری ئەو گەدا شڕپۆشە دەدات کە بە دارەتەقیٚ دەگەڵ ئومیوسدا ریٚ دەکات، گاڵتەی پێدەکات‌و بە شاپان لەسەر ڕێگای خۆی لای دەدات. ئودیسیوس زۆر توڕەو نیگەرانە، بەڵام نابیٚ کارێکی وەها بکات کە گومانی لێبکرێت.

لە سروودی هەڤدەیەمدا، دیداری ئودیسیوس دەگەڵ سەگە ئازیزەکەیدا کە تەواو پیر بووە یەجگار خەمناکە(٨٩)، سەگەکەکە، هەرچەندە پتر لە نۆزدە ساڵە خاوەنەکەی خۆی نەدیتووە، بەڵام هەردەیناسێتەوە، (ئودیسیوس)ش زۆر نیگەران دەبێت ، بەڵام ناتوانیٚ خۆشەویستی خۆی بۆ بنوێنیٚ. شادی سەگەکە بە رادەیەکە، کە بەرگە ناگرێت‌و بەجۆریٚ هەڵدەچێت، کە پاش دیتنی خاوەنەکەی، یەکسەر دەتۆپیٚ.

ئودیسیوسن بە جل‌و بەرگی سواڵکەرێکی ئاوارەوە خۆی بە کۆشکەکەدا دەکات. خوازگاران، تێکڕاو لە سەرانسەری کۆشکەکەدا مژوولی بادەنۆشی‌و سك لەوەڕێنین و لە شادی‌و مەستیدا غەرق بوون‌و ئاگایان لە دنیا نییە، بە سەرسامی دەڕوانێتە ئەم بێگانە دەست درێژکارانەو بەڵام بە جۆرێ دەست‌و پێی بەستراوە کە ناتوانێ زار هەڵێنێ. تاقە ئەرکی سەرشانی ئەمەیە کە بە کۆمەك‌و یارمەتی کوڕەکەی نەخشەکەی خۆی ورد ورد جێبەجێ بکات‌و دیمەنی کۆشکەکە بە خوێنی ئەم تالانچیە دەست درێژکارانە سوور بکات.

لە کۆشکەکەداو لە نێو ئەم میوانە ناخۆشەویستانەدا، گەداو لێبۆکێکی دەست‌و بازوو قەوی هەیە بە نێوی ئیروس(٩٠) کە زۆر دەڵێت‌و خوازگارە گەمژەکان، بە کردەوە پوچەکانی خۆی دێنێتە پێکەنین، کاتێ لێبۆکی شڕپۆش چاوی بە ئودیسیوس دەکەوێت‌و گەدایەکی دیکەی وەکو خۆی لەوێندەر دەبینێ، زۆر ناڕەحەت دەبێت‌و بە تەوس‌و توانج‌و جنێوان بەر دەبێتە گیانی‌و دەیەوێ بە هەزیلی‌و ڕەزیلی لەوێی وەدەرنێت. میوانەکان، کە هەر هەموویان مەست‌و بێ قەرارن‌و خوازیاری شەڕو خوێنڕێژین‌و لە دەوری ئەو دوانە خڕ دەبنەوە و زیاتر دەیانکەن بەگژ یەکدیداو ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکەن. سووکایەتی‌و تەوس‌و توانج‌و تانەو تەشەرو جنێوو سخێف تا ئەو ڕادەیە بەردەوام دەبێت کە ئودیسیوس ناچار دەبێ داکۆکی لە خۆی بکات. لەو کاتەدا کە پشتێنێکی شڕ لە پشتی خۆی دەپێچێ تا بچێتە مەیدانی ئەو. ژمارەیەك لە میوانەکان چاویان بە قۆڵ‌و باسکی بتەوو قەوی ئەو دەکەوێت‌و سەریان سوڕ دەمێنێ. لێبۆك‌و گەدای شەڕفرۆشیش. لەم کاتەدا بۆی دەردەکەوێ کە بە هەڵەدا چووە، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە. دلاوەرەکەی ئیتاك بە حەرەکەیەك وەك داهۆڵێك لە عاردی هەڵیدەکەنێ‌و هەڵیدەداتە ناو حەوشە گەورەکەوەو هەنگێ دێتەوە جێگاکەی خۆی.

ئاتینا لەم بەینەدا نیگەرانە. لەلایەکەوە پنلوپە جوانتر دەکات و لە لایەکی ترەوە ئودیسیوس درێوترو پیرتر دەکات. میوانە ملهوڕو زۆردارەکان بە گومانەوە دەڕواننە ئەم کابرا شڕپۆشەو باوەڕ ناکەن کە ئەم پاڵەوانە سەر رووتاوە، دلاوەرێکی بە ناوو ناوبانگ بێت‌و ڕواڵەتی خۆی گۆڕی بێ. لە سەرەتای سروودی نۆزدەیەمەوە، نەخشەکانی دواتری ئودیسیوس یەك بە یەك ئەنجام دەدرێن. باوك‌و کوڕ بە بیانوو هەنجەتی ئەمەی کە نەبا شمشێرو نێزەو تیروکەوانەکان لەم جەنجاڵی‌و ئاڵۆزی زیافەت و ئاهەنگەدا ئاسیو ببینن یان هەڵەو خەتایەکی بچووك لە یەکێکی مەستەوە سادر ببێ و ئاگری شەڕو خوێنڕێژی هەڵایسێنێ، هەر هەمووی کۆدەکەنەوەو لە هۆڵەکەیان دەبەنە دەرێ. درەنگانێ، کاتێ میوانەکان هەموو پەراگەندەن‌و تیلماکۆس، شەکەت‌و ماندوو خەوی لێکەوتووە، پنلوپە خۆی بە هۆڵەکەدا دەکات‌و لەبەر ئاگرەکەدا دادەنیشێت. ئەوسا داوا لە ئودیسیوس، کە بە گەدایەکی زیرنگ‌و هۆشیار دێتە پێش چاوی، دەکات کە سەربهووردی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام کە ئودیسیوس مل نادات، دووبارە هەمان داوای لێدەکاتەوە. لەو زەمانەدا وا باو بووە ئەگەر شابانۆیەك دووجار هەمان داوا بکاتەوە، دەبێ ئەو داوایە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر ئەم داوایە لە مێردەکەی خۆیشی بکات. ئودیسیوس ناچار دێتە قسان‌و وەکو کەسێکی خەڵکی کریت خۆی دەناسێنێ‌و بە دەم قسانەوە دەڵێت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان

خانەخوێی ئودیسیوس بووە. لە هەنبەر پرسیارەکانی پنلوپەدا کە ئەو (ئودیسیوس) چۆن بووە، چ سیمایەکی هەبووە، چ جلێکی لەبەر بوو، کێی دەگەڵ بوون، گەدای شڕپۆش هێندە بە وردی و دروستی وەڵامی دەدایەوە کە پنلوپە باوەڕ دەکات کە ئەو مێردەکەی ئەمی دیتووە، سەرەنجام ئەمەش دەڵێت کە بە گوێرەی قسەی ئودیسیوس، گوایە ئودیسیوس تا کۆتایی ساڵ بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوەو سەر لە نوێ دەست بە ژیانی دێرینی خۆی دەکاتەوە. گوتەکانی ئەو بەڕادەیە دڵی شابانۆ خۆشدەکەن کە هەر لەوێ دەستوور بە ئورکلیا، دایەنەکەی تیلماکۆس دەدات کە پێی کابرای گەدا بشوات، ئەمە نیشانەی ئەو رێزو حورمەتە بوو کە خانەخوێ لە میوانی خۆی دەنێت.

ئورکلیا، بە دەم شۆردنی پێی ئەوەوە، سەرنجی لەسەر جێ زامەکەی سەرووی ئەژنۆی ئودیسیوس دەگیرسێتەوەو یەکسەر هەست دەکات کە ئەمە ئاغایەتی. ئودیسیوس بە منداڵی ئەم زامەی تێ بوو بوو، کاتێ بە تەنیا چوو بووە راوی بەرازە کێوی، حەیوانی دڕندە زۆر توڕە بوو بوو، پەلاماری دابوو و زامێکی کوشندەی کرد بووە سەرووی ئەژنۆی. پیرەژن کە ئەمە دەبینێ زۆر نیگەران دەبێت، بەڵام پێش ئەوەی بیکات بە فیغان، ئودیسیوس داوای لێکرد بێدەنگ بێت. شابانۆ، کە زۆر بە قسەکانی خۆشحاڵ دەبێت، لێی دەپرسێت کە تیا ماوەو گیری خواردووە، بەڕای ئەو پێویستە چ رێگەیەك لە هەنبەر خوازگارەکانیا بگرێتە بەر. میری ئیتاك هەوەڵجار پێی دەڵێت کە سەبر بکات و ئەوسا رێگەیەکی بۆ دادەنێت. پێی دەڵێت هەقە شابانۆ کەمانەکەی ئودیسیوس، کە جگە لە خۆی کەسی دی نەیدەتوانی بیکێشێت، لە نێو خوازگارەکاندا دابنێ و داوایان لێبکات هەر کەسێك بتوانێ وەکو مێردەکەی ئەو، ئەم کەوانە بە جۆرێ ڕاکێشێت و تیرێکی پێ باوێژێ کە حەوت تەوران دیواودەر ببڕێت ئەوا ئامادەیە شووی پێبکات.

پنلوپە، یەکسەر ئەم پێشنیازە پەسند دەکات. دەزانێ کە هیچ کەسێك جگە لە خودی ئودیسیوس، ناتوانێ کەوانەکە راکێشێت و تیرێکی بخاتە سەرو بە قودرەت و توانایەکی ئەو تۆوە بیهاوێژێ کە ئەستورایی حەوت تەوران ببڕێت. لێدەبڕێ ئەم ئەزموونە بخاتە سبەینێ و بە بەرچاوی هەموو خوازگارەکانە ئەنجام بدرێ.

کاتێ هاوسەری خشکۆك و داوێنپاك، خودا حافیزی لە میوانە نەناسەکە دەکات و دەڕوات بخەوێ، مێردی نیگەران خەوی دەزڕێ و ناتوانێ چاوی خەو لێکبنێ. دنیایەك رووداوی سەیرو ترسناکی لەبەردەمە. ئایا سبەینێ دەتوانێ دەرەقەتی ئەم هەموو پاڵەوانە بێت و یەك بە یەك تێکیان بشکێنێ و لە ماڵ و شارەکەی خۆی وەدەریان بنێ؟

لە سەرەتای سروودی بیستەمدا، ئاتینا لە سیمای کیژێکی گەنجدا دێتە دیدەنی ئودیسیوس و دڵنیای دەکات کە هەموو شتێك بە دڵی ئەو دەبێت و هیچ شتێك جێگەی نیگەرانی نابێت. هەنگێ دلاوەرەکەی ئیتاك هەست بە ئاسوودەیی دەکات و بە ئیسراحەت سەر دەکاتە سەر سەرین.

بەیانی، جۆش و خرۆشێکی زۆر لە هۆڵەکەدا بەرپا بوو. هەموو خەریکی خواردنەوەو بادەنۆشی بوون، بێ ئاگا لە هەر شتێك خۆ بۆ سەرخوانی کراوە دەکوتن و ئەوسا دەکەونە

سـوڕدان‌و چـەقەنە .کۆمـەڵێك سـەر دەکەنـە سـەر گـەدای شـڕپۆش‌و گاڵتـەی پێدەکـەن‌و پێـی رادەبوێرن، کە ئەویش چاوی بڕیوەتە رووداوەکانی ئایندە. ئەنجام شابانۆ پنلوپـە پەیدا دەبیٚ، کەوانێکی گەورەو قورسی لەگەڵ خۆدا هێناوە. میوانەکان تێکڕا، بە سەرسامی تەمەشای دەکەن، لـە نێـو سەرسامی ئامادەبووندا رایدەگەیـەنیٚ کـە کەسـێك دەتـوانیٚ بـبیٚ بـە هاوسـەری ئـەو گـەر کەوانەکەی ئودیسیوس رابکێشێت‌و تیرێکی بخاتە بەرو بیگرێتە نیشانەیەك و تیرەکە ئەوەندە بە قوەت بیٚ کە دوازدە تەوران ببڕیٚ، ئەمە دوا بڕیاری ئەوەو تەواو.

هۆمـەر، داسـتانەوانی یۆنـانی، لـە سـروودی بیسـت‌و یەکەمـدا، بـەمجۆرە وەسـفی پنلوپـە و دەوری پنلوپە دەکات:

پێشنیازی من بۆ ئێوە ئەمەیە،
ئەم کەوانە توندو تۆڵە کە هی ئودیسیوسی مەزن بوو.
هەر یەکێك لە ئێوە بتوانیٚ رای بکێشێت
و تیرێکی بخاتە بەرو دوازدە تەورانی
پیٚ ببڕێت
من شوو بەو کەسە دەکەم،
و ئەم ماڵە جوانەی ساڵانی گەنجیم
بە هەموو بیرەوەرییەکانیەوە بە جێدێڵم
هەر چەندە دەزانم ئەو بیرەوەریانە
بە درێژایی تەمەنم
دەستبەردارم نابن(٩١)

قسەکانی پنلوپە دەبێتە مایەی سەرسامی پیاو ماقوولانی ئیتاك، چونکە باوەڕناکەن شابانۆی داوێنپاك‌و ئەمەکدار بڕیـاری خـۆی گـۆڕی بـیٚ‌و ئامادەبێـت شـوو بـە یـەکێك لـەم ملـهوڕو دەسـت درێژکارانـە بکـات. لەلایەکـەوە دلاوەرانـی تالانچـی بـە تەوسـەوە دەڕواننـە ئـەم پێشـبڕکێی هێـز نواندنـە، چـونکە بـەلای ئەوانـەوە ڕاکێشـانی کەوانەکـەی ئودیسـیوس و هاویشـتنی تیرێـك بـەو بـە قوەتیە کێشە نەبوو.

پاڵـەوانان یـەك بـە یـەك دێنـە پێشـەوەو شـەرمەزارو تـوڕەو تـەریق دەگەڕێنـەوە. تەنانـەت (تیلمـاکۆس)ش کـە وای دەزانـی توانـاو هێـزی بـابی بـە مـیرات بـۆ ماوەتـەوە، بـە سـیٚ هـەوڵی یەکەمجار کەوانەکـەی بـۆ رانەکێشـراو لـە هـەوڵی چوارەمدا، بـە ئامـاژەی بـابی مەیدانەکـەی چـۆڵ کـرد. کـاتیٚ هـەموو پاڵەوانـەکان بۆڕیـان داو پـیرە کـەوانیان بـۆ رانەکێشـرا، ئودیسـیوس خـۆی بـە چەند لایەنگرێکی خۆی دەناسێنیٚ‌و داوایان لێدەکات دەرگاکانی هۆڵەکە داخـەن نە بادا خاینـانی دەست درێژکار، دەرفەت بێنن و لـەم تالوکەیـە هـەڵێن، هـەنگیٚ دێتە پێشـیٚ‌و لە هەنبـەر ژارخـەن‌و تەوسخەنی ئامادەبوواندا، لە چاو تروکانێکا کەوانەکە رادەکێشێت‌و تیرەکە هـەوا شـەق دەکات‌و بە قوەتێکی ئەوتۆوە بەر نیشانەکە دەکەویٚ، لەو دیـوی دوازدە تەورەکەوە دەردەچێت. رێك لـەو کاتەدا هەموو بە ترس‌و حیرەتەوە لە ناخی دڵەوە ئاه هەڵدەکێشن.

به هەرحاڵ ئەم سەرکەوتنە نیشانەی ئەوە نییە کە ئودیسیوس گەڕاوەتەوە. ئامادەبووان حەپەساونو بە دروستی نازانن ئەم کابرایە کێیە، بەڵام کاتێ تیلماکۆس بە شمشێری لەکێلان هەڵکێشراوەوە لە تەکیا دەوەستێ، ئیدی نهێنییەکە ئاشکرا دەبێ: ئەم کابرایە کە بە جلی گەداوە هاتووەتە ئێرە جگە لە ئودیسیوس، میری گوم بووی ئیتاك، کەسی دی نییە... پەشمینە تاڵکێشەکەی داکەندووەو بە سیمایەکی جوانو دڵگیرەوە، لە ناوەندیاندا وەستاوە. جێ زامەکەی سەر لاقی، دەیسەلمێنێ کە ئەمە ئودیسیوسە. قارەمان، کەوان بە دەست، تیر لە دوای تیر دەنێ بە سینەو گەردنی دەستدرێژکارانەوەو خڵتانی خوێنیان دەکاتو هەناسەیان لەبەر دەبڕێ. ئیدی هۆڵەکە دەبێ بە مەیدانی جەنگو، خوێن بە هەموو لایەکا ڕێ دەکاتو هەر کەسێك دەرفەت بێنێو بیەوێ رابکات، سەیر دەکات هەموو رێگاکانی لێگیراوەو خۆی لە داوی چارەنووسدا دەبینێتەوە.

*  *  *

شاری ئیتاك لە داستانی ئەمری ئۆدیسەدا، لە سروودی بیستو سێیەمدا، جارێکی دی بەسەر دژمنانی ناوخۆی خۆیدا سەرکەوتووەو گەڕاوەتەوە ژێر رکێفی بێ چەندو چوونی فەرمانڕەوای دێرینی خۆی. خوازگارانی هەوەسبازو نەوسنو زگدڕاو کە ماوەیەکی زۆر لە کۆشکەکەی ئەودا بەو بیانووە دایانکوتا بوو کە گوایە شابانۆ پنلوپە، یەکێك لەوان وەکو مێردو جێگری ئودیسیوس بۆ خۆی هەڵبژێرێت، هەنووکە بەتیری تۆڵەی دلاوەرەکەی ئیتاك یا کوژرابوون یان قوچاندبوویانو هەڵاتبوون. هیچ کۆسپو تەگەرەیەکی لە پێش نەبوو تا دوای نزیکەی بیست ساڵ، لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشێتو باقی ساڵانی تەمەنی خۆی دەگەڵ هاوسەرو کوڕەکەیدا بەسەر بەرێت، بەڵام سەیر ئەمەیە کە پنلوپەی هاوسەری، وێڕای ئەوەی کە بە چاوی خۆی بینی، ئەم میوانە نەناسە، لە سیمای گەدایەکی شڕپۆشدا، کەوانەکەی ئودیسیوسی هێنایە سەر پێو چەندین تیری پێ هاویشت و وێڕای ئەوەی کە بە چاوی خۆی دیتوویەتی کە رەفتارو کردارەکانی ئەو، دەقاو دەق، کوتو مت وەکو هی مێردە ون بووەکەی ئەوەو تیلماکۆسی کوڕیشی ئەوی وەکو بابی راستەقینەی خۆی قەبووڵ کردووەو شان بە شانی ئەو شەڕی دژمنانی کردووە، کەچی بەم حاڵەشەوە نەیدەتوانی بەو ئاسانییە رازی بێت کە ئەمە ئودیسیوسەو جەستەو گیانی خۆی دە ئختیاری ئەو بنێ.

جەنگاوەرەکەی ئیتاك، ئەم گومانو دوو دڵیە لە سیمایدا دەخوێنێتەوەو ناچار داوا لە هاوسەرەکەی دەکات کە تاقی بکاتەوەو هەر پرسیارێکی هەیە لێی بکات، لێرەدا ئودیسیوس دەست بە قسان دەکاتو هەندێ رازو نهێنی بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە کە جگە لە هەردووکیان، کەسی دی پێی نەزانیون. سەرەنجام شابانۆی داوێنپاك لە هەنبەر ئەودا مل دادەنەوێنێ.

شاعیری یۆنانی لە سروودی بیستو سێیەمدا، ئەم دیمەنە بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:

لەو دەمەدا کە بەڵگەێن حاشا هەڵنەگری لە

زاری یولیسیسەوە ژنەوت

لە ناکاوا بە چۆکا هات.

**به گریانەوە بەرەو پیری رایکرد**

**هەردوو باسکی لە گەردنی وەرینا**

**و ماچانی دایە**

**هاواری دەکرد "لێم زویر مەبە یولیسیس، ئەی زیرەکترن مرۆڤ!"**

**ئێمە هەردووکمان عەزابمان خواردووە**

**وادیارە رەزای ئاسمان وا نەبووە کە**

**ئێمە سالآنی جەوانی پێکەوە بەسەر بەرین**

**و هەردووکمان پێکەوە پیر بین.**

**ئیدی لەوە دڵگیر یان تورە مەبە کە**

**من لە یەکەم ساتەوە**

**کە تۆم بینی لە هەمێزم نەگرتی**

**بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە هەمیشە**

**ترسی ئەوەم لە دلا بووە نەبا**

**غەوارەیەك پەیدا بێت**

**و بە چیرۆکێکی درۆینە فریوم بدات**

**تۆ خۆت دەزانی فریوکاران زۆرن**

**هیلینی کیژی زیوس هەرگیز رادەستی**

**پیاوێکی بێگانە نەدەبوو**

**ئەگەر زانیبای کورانی ئاکیان**

**دێنە سۆراخی**

**و دەگەڵ خۆیانی دەبەن(٩٢).**

**خواستی ئاسمان وا بوو کە ئەو هەڵە بکات**

**ئەو هەرگیز بیری لەم گوناحە**

**نەکردبووەوە کە سەرچاوەی گشت**

**ئازارێکی بوو.**

**ئێستا کە تۆ رازو نهێنی ئەو تەختەت**

**کە لەسەری دەنووم، ئاشکرا کرد**

**تەختێك کە جگە لە من و تۆو**

**یەك کارەکەر، کە کیژی ئاکتۆرە**

**هیچ کەسێکی دیکە نەیدیتوە،**

**و بابم لە کاتی شووکردنما بە منی**

**بەخشی و تەنیا ئەوە کە**

**هاتوچۆی خەوتنگاکەمان دەکات.**

دوای ئەم قسانە (یولیسیس)ش

بە کوڵ گریا

و هاوسەرە ئازیزو وەفادارەکەی

بە سینگی خۆیەوە نووساند(٩٣).

جووتە ئاشق تاکو هەڵاتنی هەتاو، لە باوەشی یەکتردا هەر دەگریان. ئیدی رۆژگاری نامرادیو هیجران بەسەر چوو و هەردووکیان ئەو شادمانیەیان، کە نۆزدە ساڵ بوو لە دووی دەگەڕان، بە دەست هێنایەوە. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو کە ئودیسیوس بچێتە دیدەنی بابی خۆیو مژدەی گەڕانەوەی خۆی بەویش بدات.

سروودی بیستو چوارەم کە کۆتایی داستانەکەی هۆمەرە، بەشێکی بۆ سەفەری روحو گیانی کوژراوەکان بۆ هادیس (جیهانی ژێرین) تەرخان کراوە. ئەم ئەرکە بە هرمیس سپێردراوەو روحی کوژراوەکان بۆ شوێنێ دەبات کە ئاگامەمنونو ئاخیلیوس لای یەکەوە دانیشتوونو قسان دەکەن.

لە خاکی ئیتاکدا، هەرچەندە میری بە دەسەڵاتی شار گەڕاوەتەوەو کۆمەڵێك لە بەدخوایان کوژراونو تیاچوون، بەڵام دژمنایەتی و خوێنڕێژی هێشتا کۆتایی نە هاتووە. باوكو کەسو کاری، ئەو خوازگارانەی کە بە تیغی تۆڵەی ئودیسیوس گیانیان لە دەست داوە، دژی ئەو (ئودیسیوس) کەوتوونەتە پیلانگێڕی. جا لەم بەینەدا تەنیا یەك کەس دەتوانێت ئاشتی و تەناهی پێشوو بۆ ئیتاك بگێڕێتەوە، ئەویش ئاتینای خوابانۆی میهرەبانە کە داشداری ئودیسیوسەو ئەنجام ئەوی بۆ زاگەی خۆی گێڕاوەتەوە.

خواوەندی ئەقڵو تەگبیر، بۆی دەرکەوتووە کە ئودیسیوس هێشتا مەترسی مەرگی لە سەرە. ژمارەی ناحەزانو نەیارانی روو لە زیادیەو ئەگەری ئەوە هەیە کە ئودیسیوسو تیلماکۆسی کوڕی بەرگەی هێرشی سێڵاوئاسای ئەمانە نەگرن. ئیدی پەنا دەباتە بەر زیوس، خودای خودایانو داوای کۆمەکی لێدەکات تا وەکو جاران یارمەتی قارەمانەکەی بداتو لە شەڕی دژمنانی بپارێزێت.

نەیارانی توڕە، روو دەکەنە ئەو کێڵگەو مەزرایەی کە لورتس، بابە پیرەکەی ئودیسیوسی لێیە، ئودیسیوسو تیلماکۆس بەرەنگاریان دەبنەوە، بەڵام تواناو هێزی نەیاران، لە هی ئەو دووە زیاترە. ئاتینا هەوڵدەدات سوڵحیان بکات بەڵام بێفایدەیە. ئەوانە تەنیا بە مەرگ و نەمان قایل دەبن.ئیدی لێرەوە بە فەرمانی زیوس، چەخماخەو هەورە برووسکە سەرانسەری ئیتاك دێنێتە لەرزینو ترسو لەرز بە جۆرێ کینەکێشان دادەگرێت کە چەك دادەنێنو هەنگێ بە پێشنیازی ئاتینا، دەستی ئاشتی و میهر بۆ یەکتر درێژ دەکەن. ئیتاك جارێکی دی ئارامی جارانی خۆی بە دەست دێنێتەوەو قارەمانانی ئەم داستانە، ژیانی شادمانی خۆیان دەست پێدەکەنەوە:

شاعیری یۆنانی، دوا دێڕەکانی داستانی نەمری ئۆدیسە بەمجۆرە کۆتایی پێدێنێ:

خروشی ئاتینا ترسی خستە دڵی جەنگاوەرانی ئیتاکەوە

ترساو وهەراسان دەستیان لە خوێنڕێژی هەڵگرت

چەکیان داناو بە ئومێدی رزگاری
روویان کردە شار
ئودیسیوس، ئەو پیاوە کۆڵنەدەرە، لە نەعرەتەی دا
وەکو هەڵۆی باڵکراوە هێرشی بۆ بردن
بەڵام لەم کاتەدا، بە فەرمانی زیوس
چەخماخەیەك بروسکە ئاسا هاتە خوارێ
لە بەرانبەر ئەو کیژە چاوگەشە، فرزەندی
ئەو پایە بەرزە، بە شێوەیەکی سەیر
پڕتەوی خستەوە.
ئاتینا یەکسەر ئودیسیوسی بە ناوبانگ
و عینوانی فەرمانڕەوایی خۆیەوە بانگ
کردو
فەرمانی دا، دەست راگرێت و کۆتایی بەم
شەڕی بەشەر کوژیە بێنێ،
نەبا خودای خودایانی چاوتیژ تووڕە بکات.
ئودیسیوس، بە دڵێکی پڕ شادی، ملی
بۆ فەرمانی ئەودا
لەم کاتەدا، ئاتینای، کیژی خواوەندی
رووناکی،
بە لاسایی کردنەوەی دەنگی مینتور
ئاشتی و تەناهی لە نێوان ئەو دوو
گرووپە دژەدا بەرقەرار کرد(٩٤).

***

ئەفسانەی ئۆدیسە، بێگومان، ئەفسانەیەکی جوانی داستانی و قارەمانیە کە لە دنیای ئەودەبدا، لە نێو هیچ نەتەوەو میللەتێکدا وێنەی نییە. چامەیەکی کۆنە کە شێوەی ژیان و هزرین و باوەڕو داب و نەریت و ئاواتی ئەو میللەتانەمان بۆ دەگێڕێتەوەو روون دەکاتەوە کە پتر لە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە سەر زەمینی پان و بەرینی یۆنان ژیاون. بەیتێکە جوان و دڵگیر، پڕ لە رووداوو واریقات و بەسەرهاتی سەیری قارەمانیەتی کە بۆ ماوەی نزیکی سی سەدە سەرچاوەی ئیلهام و سەرۆی شاعیران و داستان بێژان و شانۆنامەنووسان بووە.

گومان لە بایەخی ئەم بەرهەمەو لەمەی کە ئۆدیسە شاکارێکی بێ چەندو چوونی دنیای ئەدەبە، نییە. ئەوەی جێگەی باس و لێکۆڵینەوەو گەنگەشەیە ئەمەیە کە ئایا ئیلیادەو ئۆدیسە بەرهەمی یەك کەسن، ئایا دانەرو داهێنەری هەردوو بەرهەمەکە هۆمەر ناوێکی یۆنانی بووە کە لە نێوان سەدەی دەیەم تا هەفتەیەمی پ.ز ژیاوە، ئەدەبناسانی دنیا بە تایبەتی ئەوانەی کە لە

بواری ناسینی بەرهەمێن کۆنی ئەدەبی یۆناندا پسپۆڕن، باوەڕیان وایە کە داهێنەری ئۆدیسە هەمان داهێنەری ئیلیادە نییەو کەسێك یان چەند کەسێکی دیکە پاشان هاتوون و ئەم بەیتەیان بە هەمان شێوازو ستایلی ئیلیادە داناوە، ڕەنگە لەبەر ئەمەش ئەو کارە کرابێ کە ئاشقانی داستانی ئیلیادە، حەزیان کردبێ بزانن کە چی بەسەر دلاوەرانی یۆنانیدا هاتووەو پاش داگیرکردنی شاری (تروادە)و تێکشکانی سوپاکەی (پریام شا)و هێنانەوەی (هیلینی جوانی تیژڕۆ)و تۆڵە کردنەوە لە (پاریسی هەوەسبازی دەست درێژکار) هەر یەکێك لە جەنگاوەران چ چارەنووسێکیان هەبووەو ئایا ئەم جەنگاوەرە سەرکەوتووانە، بە ساغ و سەلامەتی گەڕاونەتەوە بۆ ماڵ و زاگەی خۆیان. جا بەو پێودانگەی کە ئودیسیوس، میری ئیتاك، قارەمانێکی بێ هاوتا بووەو ژنەکەی ،واتە شابانۆ پنلۆپە لە رووی میهر و خۆشەویستی مێردەکەیەوە، کەسێکی بە هەڵوێست و وەفادارو نەگۆڕ بووە، (ئودیسیوس) یان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردووە.

جا لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئەگەر داستانی ئۆدیسە هی هۆمەر نەبێ، باشە کێ دایهێناوە؟ لێکۆڵینەوەی قووڵ لە ئەفسانەی ئۆدیسە ئەم راستیە دەسەلمێنێ کە ئەم بەیتە لە سێ بەشی جیاواز پێکهاتووە کە دوور نییە هەر بەشێك لەم سێ بەشە لەلایەن شاعیرێکەوەو بە ناوەڕۆکێك داهێنرابێ. بەشی یەکەم کە بریتی یە لە چوار سروود (تیلماك نامەیە)، یانی ناوەڕۆك و تیمەیەکە دەربارەی ژیانی تیلماکۆسی کوڕی ئودیسیوس، بەشی دووەم کە لە سروودی پێنجەمەوە دەست پێدەکات و تا سروودی دوازدەیەم دەخایەنێ، بریتییە لەو بویەرو واریقاتانەی کە بەسەر ئودیسیوس دێن، پێش ئەوەی بگاتەوە خاکی ئیتاك. بەشی سێیەم کە لە سروودی سیازدەیەمەوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی سروودی بیست و چوارەم بەردەوام دەبێت، دەربارەی گەڕانەوەی ئودیسیوسە بۆ زاگەو زێدی خۆی و شەڕی وی دەگەڵ ئەو دەستدرێژکارانەی کە لە سەراو ماڵەکەی ئەودا دایانکوتاوەو چاوی تەماحیان بڕیوەتە ژنەکەی و تەختی پاشایەتیەکەی. ئەم تەقسیمبەندییە تای تەرازووی ئەم گومانە قورس دەکات کە ئۆدیسە زادەی زەوق و خەیاڵی چەند کەسێکی جیاوازەو زانایانی قوتابخانەی ئەسکەندەریە کە لە سەدەی سێیەمی پ.ز، ئەم سرووده پەڕاگەندانەیان کۆ کردووەتەوەو بە ناوی ئومیرۆسی یۆنانیەوە تۆماریان کردووە.

ساموئیل باتلەر، توێژەری پایەبەرزی ئینگلیزی، لەو کتێبانەدا کە دەربارەی هۆمەرو داستانی ئۆدیسەی نووسیوون و بە تایبەتی لە کتێبی (ئۆدیسە داهێنراوی ژنێك) دەیەوێ سێ بابەت ساغ بکاتەوە:

یەکەم: ئەمەیە کە ئیلیادەو ئۆدیسە هەرچەندە تەواوکەری یەکترن و شێوازو ستایلی زمانیان یەکە، بەڵام لە یەکدی جیان و لە داهێنانی یەك کەس نین.

دووەم: ئەمەیە کە داستانی ئۆدیسە نزیکەی دوو سەد ساڵ دوای ئیلیادە هاتووەتە ئاراوەو ساڵی تەقریبی داهێنانەکەی (١٠٥٠)ی پێش لە دایکبوونی مەسیحە.

سێیەم: ئەمەیە کە داهێنەری ئۆدیسە خانمێکی گەنجی خەڵکی سیسیلە کە لە شاری "تراپانی" ژیاوەو تێکڕای ئەو ناوە جوگرافیانەی کە لەم بەیتەدا هاتوون، تایبەتن بە دوڕگەی

سیسیلو دەوروبەری، هۆیەکەشی ئەمەیە کە ئەم خانمە داهێنەرە جگە لە خاکی وڵاتی خۆی شوێنانی دیکەی نەناسیوە. ئیتاك هەمان سیسیلەو شاری (تراپانی) کە ناوی خوازراوی لە خۆ گرتووە، هەمان شوێنە کە پنلوپە، لەوێ، لە یەکێك لە کۆشکەکانی خۆیدا ئاکنجی بووە.

شتێکی بەڵگە نەویستە عاشقانی هۆمەر، بە بۆچوونەکەی ئەو قاییل نینو ئەگەر بە نە بەدڵی بۆچوونی یەکەمو دووەمیان پێ قبووڵ بێ ئەوا بە هیچ جۆرێ بە تێوریو بۆچوونی سێیەم رازی نین کە داهێنەری ئۆدیسە خانمێکی خەڵکی سیسیل بووە.

* * *

یەکێك لەو بەڵگانەی کە توێژەران پەنای دەبەنێ کە گوایە داهێنەری ئۆدیسە هەمان داهێنەری ئیلیادە نییە، ئەمەیە کە قارەمانی داستانەکە، واتە ئودیسیوسی دلاوەر، هەمان ئەو خەسڵەتو ئاکارە بەرزانەی نییە کە لە ئیلیادەدا وێنەگیراون... ئودیسیوس لە داستانی ئیلیادەدا پیاوێکە یەجگار هۆشمەند، ئابڕوومەند، پابەندی ئەخلاقو دروستکار، بەڵام لە داستانی ئۆدیسەدا وانییە، لە داستانی ئیلیادەدا سیمای فەیلەسوفێکی هەیە ، ئەوپەڕی متمانەی بە خۆی هەیەو زۆر گەشبینە. بۆیە کاتێ لەسەر کورسی وتارخوێنی دادەنیشێت تا قسە بۆ جەنگاوەرانی ناڕازی یۆنانیان بکات کە لە ئابڵۆقەدانی دوورو درێژی قەڵای ترواده بێتاقەت و وەڕەز بوون، قسەکانی یەکپارچە لۆجیكو لۆجیکینو ورەی لەشکرییان بەرز دەکاتەوەو ئومێدیان پێدەخشێت. کەچی لە داستانی ئۆدیسەدا، زۆربەی قسەکانی نا ئومێدانەو رەشبینانەن. ئەم عەیبە بە تاقی تەنیا بەسە کە ئینسانێك چەندیش بە هێز بێ، لە پایەی بەرزی قارەمانێکەوە بیهێنێتە خوارێو بیخاتە ریزی خەڵکانێکی عەوامی گومناوەوە. جگە لەمانەش، ئۆدیسیوس لە ئەفسانەی ئۆدیسەدا کەسێکی درۆزنو بەفێڵو دەهۆیە. ئەو جوامێریەی کە خەسڵەتو سوخەتی تایبەتی پاڵەوانانو دلاوەرانە، لەودا نییە. تۆ سەرنجی ئەم قسانەی ئاتینا، کە روو لەوەو لە سروودی سیازدەیەمدا دەیکات، بدە:

تۆ ئەی ئینسانی سەر سەختی کەڵەوەکێش، ئەی ئەو پیاوەی سەرانسەری بوونت پڕە لە فریوو نێرەنگ، تۆ تەنانەت لە زێدو زاگەی خۆشتدا کە لە ناخی دڵەوە خۆشت دەوێ، نیازت نییە کە چاوپۆشی لە فێڵو دەهۆو درۆو خاپاندن بکەیت...

هەڵبەتە پیاوی واو قارەمانێتیان نەگوتووە، لە هەموو ئەمەش زیاتر ئەمەیە کە ئەم (ئودیسیوسە) ئەو (ئودیسیوسە) نییە کە لە جەنگنامەی غیرەت ئەنگێزی ئیلیادەدا بەرجەستە بووە.

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی دیکە ئەمەیە کە ئۆدیسە، لە رووی دیمەن ئارایی چیرۆکڤانیەوە، ناگاتە پایەی ئیلیادە. دیمەنەکان لە داستانی ئۆدیسەدا، بە زۆری دووبارەو وەکو یەکنو وا دیارە داهێنەری ئەم بەیتە، بەهرەی ئەفراندنی تەواوی نەبووە.

هاتنی ئاتینا بۆ ئیتاك، هاتنی تیلماکۆس بۆ پیلوسو پاشان بۆ سپارتە، هاتنی هرمیس بۆ ئوجیجا، هاتنی ئودیسیوس بۆ سکریاو گەلێك رووداوی تری لەو بابەتانە، هەر هەموویان دەشوبهێنە سەر یەکدیو هیچ جۆرە داهێنانو ئەفراندنێك لە دیمەن ئاراییدا بەکار نەهاتووە.

خاڵێكی دیكە ئەمەیە كە سێ بەشەكەی داستانی ئۆدیسە، وەكو پێشتر باسكراوەو ئاماژەی كراوەتێ، دیارە هی سێ شاعیری جیاوازن، لە رووی جوانیو رەوانی زمانو، توانای وەسفو گێڕانەوەوە، وەكو یەك نینو، وا دیارە لە هۆنینەوەی شاعیرانی بەهرە جیاوازن، لە بەشی یەكەمدا كە دەتوانرێ بە (تیلماك نامە) ناو ببرێت، شاعیر پەرجووكاریەكی ئەوتۆی كردووە كە كۆمەڵێك لە ئەدەبیاتناسان باوەڕیان وایە كە ئەم بەشە لە زۆربەی بەشەكانی ئیلیادە باڵاترە. لە بەشی دووەمدا ئەم هێزی زمانپاراوی و گێڕانەوەكارییە هەرەس دێنێو لە بەشی سێیەمدا هاوسەنگ تر دەبێتەوە، لە كاتێكا ئەم گۆڕانی دەربڕینو زمانە، لە داستانی ئیلیادەدا بەدی ناكرێت.

داهێنەری ئۆدیسەو، داهێنەرەكانی هەوڵیانداوە ناوی ئەو جەنگاوەرانە بەرن كە لە داستانی ئیلیادەدا، دەوری سەرەكیان هەبووەو شا قارەمانی داستانەكە بوون تا پەیوەندییەك لە نێوان هەردوو داستانەكەدا چێبكەن، بەڵام ئەم جەنگاوەرانە، بەو شێوەیەی كە لە ئۆدیسەدا باسكراون، ئەو قارەمانە دیارانە نین، دەڵێی كەسایەتیو سیمایان گۆڕاوە. ئاخیلیوس لە داستانی ئیلیادەدا، دلاوەرێكە كە گەرەكیەتی بجەنگێو سەر بكەوێ، ئەگەر لە هەڕەتی گەنجیشدا بمرێت، بە گوتەیەكی دی باكی بە مردن نییە، بەڵام لە داستانی ئۆدیسەدا، كۆیلەو بەندەیەكی چكۆلەی ژیانەو تەنیا ئاواتو ئارەزووی ئەمەیە كە پێ بنێتە دنیای بوونەوەو بەوپەڕی پارێزەوە رێگەی ژیان بگرێتە بەرو بە دەم ژیانەوە پیرو خەڕۆ ببێ. لەمەدا داهێنەری ئۆدیسە هەمان داهێنەری ئیلیادە نییەو كەسێكی دیكەیە. هۆمەر، لە ئیلیادەدا، مردن بۆ دلاوەرێكی جەنگخوازی شۆرەت خواز، بە رووداوێكی چكۆلەی هیچ دەزانێو تەنانەت هەندێجار بەلایەوە زەروورىو پێویستە كە قارەمان لە هەڕەتی گەنجیدا بكوژرێت، بەڵام ئەو هۆمەرەی كە داستانی ئۆدیسەی هۆنیوەتەوە، نەك ئەمە بەزەروورى نازانێ بگرە لە مەرگ دەترسێتو خۆی لێدەشارێتەوە. گەرەكیەتی دلاوەری دڵخوازی خۆی بگاتە تەمەنی پیری، ئەگەر لە مەیدانی شەڕیشدا هەڵێت. ئودیسیوس لە بەیتی ئۆدیسەدا، لە مەرگ هەڵنایەت، خۆی نادزێتەوە، بەڵام لە هەمان كاتیشدا ئامادە نییە بە ئاسانی خۆی بخاتە تالوكەوەو تەمەنی بایەخداری خۆی بداتە دەم باوە. بەم پێودانگە وادیارە كە داهێنەری ئیلیادە ویستوویەتی "تراژیدیا"یەك بخوڵقێنێ، بەرهەمێك كە دڵ دابلەرزێنێو رونداك لە چاوان بێنێ، بەڵام داهێنەری ئۆدیسە ئەو مەبەستەی نەبووەو لە هەندێ شوێندا دیمەنو رووداوێن ئەوتۆ دێنە پێشێو روو دەدەن كە خوێنەر یان گوێگر دێننە پێكەنین(٩٥).

ئەم بۆچوونو وێنایەی كە ئۆدیسە. هاوتای ئیلیادە نییەو یان ئەمەی كە لەلایەن یەك كەسەو دانەهێنراوەو بەڵكو چەند كەسێك لە داهێنانیدا بەشدارن، بە هیچ جۆرێ نە لە بایەخی ئەم داستانە كۆنە كەم دەكاتەوەو نە پایەی بەرزی هۆمەر دێنێتە خوارەوە. رەنگە باشترین داوەرییەك كە دەربارەی ئەم داستانە كرابێت، ئەم قسەیەی جفری – ئێس – كیریك، مامۆستای ئەدەبیاتی كلاسیكو دانەری كتێبی سروودەكانی هۆمەر بێت كە لە نووسێنێكی دیكۆمێنتاریدا لە كتێبی ئانسایكلوپیدیای بریتانیكادا دەڵێت:

ناوی هۆمەر لە زەینی ئێمەدا، ئەو شاعیرە یان شاعیرانە وەبیر دێنێتەوە كە هەوەڵجار هەردوو داستانی ئیلیادەو ئۆدیسەی داهێناوە، دوو داستانە جەنگاوەرییە گەورەكەی یۆنانی كۆن،

سەبارەت بە ژیانی هۆمەر جگە لەمەی کە یۆنانیان ناوی ئەویان بەم دوو بەرهەمەوە ناوەو ئەویان بە داهێنەری ئەم دوو داستانە زانیوە، هیچی دی لەبەر دەستدا نییە.

هەڵبەتە کەمی زانیاری دروست دەربارەی ژیانی ئەو بۆتە هۆی ئەوەی کە زمانەوان و رەخنەگرێکی ئاڵمانی، حاشا لە بوونی ئەو بکات و وای بۆ بچێت کە ئەم دوو داستانە لە بنەڕەتدا پارچەو کۆپلەی شیعری پەراگەندە بوون، کە خەڵکێن جیاواز بە گوێرەی زەوق و بەهرەی خۆ، خەڵقاندوویانەو لە هەمان کاتدا ساموئیل باتلەر (١٨٣٥- ١٩٠٢) بگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئۆدیسە لەلایەن ژنێکەوە داهێنراوەو لە ئەنجامدا ئەم ئەنجامگیرییە بکرێت کە لە رۆژگاری کۆندا، شاعیرێکی داستانبێژ بە ناوی هۆمەر هەبووە کە لە داهێنان و رێکخستنەوەی هەردوو داستانی ئیلیادەو ئۆدیسەدا دەستی هەبووە. ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێ ،دەبێ بگوترێ کە هۆمەر بێ چەندو چوون یەکێکە لە گەورەترین ئەدەب ئافەرینانی دینا. خۆ ئەگەر لە روانگەیەکی بەرینترەوە بڕوانین ئەوا دەبێ هۆمەر بە یەکێك لە شاعیرە هەرە بە دەسەلاتەکانی دنیا دابنرێ چونکە دوو داستانەکەی ئەو بەردی بناغەی کەلتوورو شارستانیەت و فێربوون و پەروەردەی خەڵکی یۆنان داناو، پرەنسیپی پەروەردەی مرۆڤانی تا سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆم و بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیەتی فەراهەم کرد.

دیارە ئەم دوو داستانەی هۆمەر، چ نا راستەوخۆ لە رێگەی داستانی ئینیادەی فەرجیلەوە (کە نموونەیەکە لە هەردوو جەنگنامەی ئیلیادەو ئۆدیسە) و چ راستەو خۆ بەهۆی زندووکردنەوەیانەوە لە ژێر باندۆرو کاریگەریی کەلتووری بیزانیتنەوە پاش سەدەی هەشتەمی زایینی و پاشان گەییشتنیان بە ئیتاڵیا لە رێگای ئەو زانا یۆنانیانەوە کە لە جەورو زۆری کار بەدەستانی عوسمانی هەڵدەهاتن، کاریگەرییەکی سەیریان کردە سەر بزووتنەوەی رێنیسانس لەم وڵاتەدا (ئیتاڵیا) ئیدی لەو زەمانە بەم لاوە، زۆری پاچڤە کردیە کارێك کە ئەم دوو بەیتە، ببن بە گرینگترین شیعری باوی ئەوروپایی و تەنانەت پایەیەکی گەورەترو بالاتر لە فەرجیل و دانتی بە دەست بێنن. پێدەچێ کە کاریگەری ئەم دوو داستانە بەسەر کەلتووری کلاسیکی یۆنانەوە، کردبێتیە کارێك کە ئەم دوو داستانەی ئیلیادەو ئۆدیسە، بووبن بە بالاترین پێوەری هزری و هونەری خەڵکی ئەوروپا. یۆنانیەکان، ئەم دوو بەرهەمە گەورەیەیان بە دیاردەێن بالاتر لە دوو چامەی ئەدەبی زانیوەو بە درێژایی سەدان ساڵ ئەو شیعرانەیان ئەزبەر کردووەو نەوە لە دوای نەوە، نەك هەر بەرەمزو نیشانەی یەکێتیی و نیشتمان پەروەری میللەتانی "هیلینێك"یان زانیوە، بەڵکو ئەم دوو چامەیەیان بە سەرچاوەیەك زانیوە کە لە رۆژگارێن کۆنەوە ماوەتەوە تا فێری بنەماکانی ئەخلاق و پرەنسیپی ژیانیان بکات. رەگ و ریشەی داستان لەو داب و نەریت و فۆلکلۆرانەدایە کە لە سینگی خەڵکی کوچەو بازاڕدا پارێزراون و دەبێ لەوێدا بۆی بگەڕێی و بیدۆزیتەوە. بۆیە هۆمەر بۆ هزرڤانێکی وەکو ئەفلاتون، سەرەتا و وەرچەرخانێك بوو کە فەیلەسووفی مەزنی ئاتینی هەوڵیدا نموونەیەکی لوژێکی تری رەفتار بۆ خەڵکی یۆنان بێنێتە ئاراوەو بیکات بە ئەلتەرناتیفی چیرۆکێن هەڵبەستراوی شیعری مێژوویی(٩٦).

*-پەراوێز:

١- هۆمەر یان هومەر (Homer) کە ئەمڕۆکە لە زۆربەی زمانانی ئەوروپایی دا باوە، لە زمانی فارسیدا ناوێکی ئاشنایە، بە یۆنانی ئەمیرۆس Omeyrosو بەلاتینی هومیرۆس Homerusی پێ دەڵێن.

٢- ئیلیادە ناونیشانی بەرهەمێکە کە بە زمانی یۆنانی ئیلیاس Iliasو یان ئیلیادۆس Iliadosی پێ دەڵێن و لە زمانی فارسیو چەند زمانێکی ئەوروپاییدا بە ناوی ئیلیاد ڕۆییوە. ئیلیاس لە وشەی ئیلیون Ilionەوە وەرگیراوەو ئەمە ناوی شاری (تروی= Troy) یان (تروا = Troie) بووە لە ئاسیای بچووك.

٣- ئۆدیسە (Odyssee) وشەیەکە لە زۆربەی زمانانی ئەوروپاییدا باوە، لە ناوی یۆنانی ئودیسیوس (Odusseus)ـەوە وەرگیراوە. ئەم ناوە لە ئینگلیزیدا بە ئۆدیسی Odysseyو شا قارەمانەکەی بە ئودیسیوس Odysseus ڕۆییشتووە. هەروەها ئەم لە زمانی ئینگلیزیدا بە یولیسیس Ulysses و لە فەرەنسیدا بە ئۆلیس دەخوێنرێتەوە.

٤- مەبەست لە سازێکە کە لە زمانی ئەوروپاییدا لیرا (Lyra) یان "چەنگی بچووك"ی پێ دەگوترێ.

٥- سێتار (Cithara) یا کیتارا جۆرە سازێکە وەکو بەربەت کە لە کۆنی کۆنا لە یۆنان باو بووە.

٦- ئالکمان (Alcman) شاعیرێکی یۆنانی خەڵکی ساردیس بووە لە لیدی کە بۆ سپارتە کۆچی کردووە، هەرچەندە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی هەشتەم یان سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی پ.ز ژیاوە، بەڵام هەندێ بەشو کۆپلەی هۆنراوەکانی ماون (یەکێك لەوانە هۆنراوەیەکە بۆ کیژان کە لە سەدەی یەکەمی ز، لە سەر لەبان نووسراوە، لە میسر دۆزراوەتەوە) ئەو بەرهەمانەی ماونەتەوە ئەوە نیشان دەدەن کە شاعیرێکی زاناو بە توانا بووەو تەبیعەت دۆستێکی گەورە بووە.

٧- ئارکیلوکوس Archilochus (سەدەی حەوتەمی پ.ز) خەڵکی پاروس parosو شاعیرێکی بە تواناو نووسەرێکی هزرڤان بووە. بابی لە چینی ئەرستۆکراتی قەڵەمڕەوی لیدیو، دایکی کارەکەری باوکی بووە، کە ئارکیلوکوس منداڵ دەبێ، بابی زۆری خۆش دەویو لێدەبڕێ کە بە جوانی پەروەردەی بکاتو پێی بگەیەنێ، بەڵام چونکە دایکی کەنیزەكو کۆیلە دەبێ، بۆی نەبووە پلەو پایەی گەورە وەربگرێتو ئیمتیازاتی چینی ئازادی هەبێ. لە گەنجیدا حەز لە کیژێکی جوان بە ناوی نیوبول Neobule دەکاتو دەیخوازێت، بەڵام چونکە ئەم ویساڵە بەبێ ڕەزامەندی بابی دەبێت، ئەو دوو ئاشقە لێکدی جیا دەکەنەوەو ئیدی لەو کاتەوە ئارکیلوکوس ڕوو دەکاتە شیعرو بە شیعرێن ئەڤینداری پڕ داخو کەسەران هاواری دڵی خۆی دەگەیەنێتە گوێی خەڵکی دنیا.

٨- كالینوس Callinus شاعیرێكی شینبێژی ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پ.ز یۆنانی بووە، لە ئیفسوس Ephessus ژیاوەو ئەو بەرهەمەی كە بە ناوی ئەوەوە ئەمڕۆ لەبەر دەستدایە ئەوە نیشان دەدات كە تا چ ڕادەیەك لە ژێر كاریگەریو باندۆری هۆمەردا بووەو بە خۆیشی دانی بەمەدا ناوە.

٩- تیرتیوس Tyrtaeus شاعیرێكی دیكەی داستانبێژی یۆنانی بووە، لە نیوەی سەدەی حەوتەمی پ.ز ژیاوە، سپارتەی زۆر خۆش دەویستو ئەو بەرهەمە كەمەی كە لە پاشی بە جێماوە، ئەوە نیشان دەدات كە شیعری بۆ هاندانی خەڵكی سپارتە گوتووە تا بە سەر میسیندا سەر بكەونو جەنگاوەرەكانی فێری شیعری جەنگاوەری كردووە.

١٠- سافۆ Sappho ئافرەتێكی شاعیری هاو ڕەگەزبازی خەڵكی لسبوس، دوورگەیەك لە یۆنان كە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی حەوتەمی پ.ز ژیاوەو لە بنەماڵەیەكی دەوڵەمەند بووە. سافۆ بە مەبەستی پەرستنی خواوەندانی هونەرو بە تایبەتی سوپاسو ستایشی ڤینوس، خواوەندی جوانی، كۆمەڵێك كیژی جوانی لە ماڵەكەی خۆیدا كۆكردبووەوەو بەرە بەرە پەیوەندی ئاشقێنی دەگەڵدا دروست كردبوون. ئیدی لای ئەوان شیعرە ئاشقێنییەكانی خۆی دەهۆنیەوەو دەگەڵ ئەواندا دەیخوندن، دەڵێن سافۆ، خۆی لە تاوێرێكی بەرزەوە هەڵدەداتە دەریاوەو كۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. زانایانی قوتابخانەی ئەسكەندەریە شیعرەكانیان كۆكردووەتەوەو كردوویانە بە كتێب.

١١- G. S Kirk: Literature and Western Civilization: The chassical World. P P. 155- 158.

١٢- شارستانیەتی میسین Mycenaean Civilization دەگەڕێتەوە بۆ ئاخرو ئۆخری سەردەمی برونزی (١٦٠٠- ١٢٠٠ پ.ز) ئەم شارستانیەتە پەلوپۆی بۆ سەرانسەری یۆنانو دەریای ئیجەو تا كەنارەكانی ئاسیای بچووكو سوریا هاویشتووەو هەروەها لە باشوورەوە تا دوورگەی سیسیلو ناوچەكانی باشووری ئیتاڵیا ڕۆییوە. ئەو شوێنەوارانەی لەم ناوچانەدا دۆزراونەتەوە كە ژمارەیان زۆرەو دەگاتە چوار سەد ناوچە، نیشانەو بەڵگەی ئیمپراتۆریەتی میسینو كەلتوورو شارستانیەتی دەرخشانی ئەو خەڵكەیە.

١٣- مەبەست ئەو دوورگانەی ناو دەریای ئایونی Ionian I slands یە لە كەنارەكانی باشووری ڕۆژاوای ئەلبانیاو ڕۆژئاواو باشووری سەر زەمینی ئەسڵی یۆنان.

١٤- Ionia and Aeolis

١٥- مەبەست لە بنەمای ئەسڵی یۆنانی كۆنو ناوچەی كەنارای ئیولیسە كە كەوتبووە ئاسیای بچووكەوەو لە دەوروبەری ساڵی هەزاری پێش زاینەوە تا ساڵی ١٣٣پ.ز هەبووەو لەو ساڵەدا ئاتالوسی سێیەم (Attalus III) دوا فەرمانڕەوای ئەم سەر زەمینە خستیە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆم.

١٦- فردریك ئوگوست ولف، توێژەرو زانایەكی شوێنەوارناسی یۆنانو ڕۆم بوو كە لە ساڵانی ١٨٢٤- ١٧٥٩دا ژیاوەو بەهۆی لێكۆڵینەوە نایابەكانیەوە مایەی شانازی خەڵكی پروس

بوو. کتێبێکی چەند بەرگی نووسی بەناونیشانی: Pro Legamenaad tlomerum و ئەم کتێبە تا کۆتایی سەدە پاچڤەی زمانانی دیکەش کراوە.

١٧- ولف سالانێك مامۆستای فەلسەفەو بەشی پەروەردەی بەدەنیو هزری زانستگەی Halle (کەوتووەتە ئوستانی ساکسۆنی ئەڵمانیای رۆژهەلاتیەوە) بوو. بەلام دوای بلاوبوونەوەی ئەم کتێبەو ئەو هەراو هەنگامەیەی کە نایەوە، ناچار بوو واز لە کارەکەی خۆی بێنیٚو بۆ بەرلین بڕوات. لەوێش هەڵی نەکردو چوو بۆ مارسیو ئەنجام لە هەمان شارا کۆچی دوایی کرد.

١٨- هـاینریش شـلیمان (١٨٩٠- ١٨٢٢) کەوناراناسـێکی ئەڵمانیـە، لـە منداڵیـدا کەشـیش زادەیـەکی دەسـکورتو هـەژار بـوو کـە لـە دارای دنیـادا هیچـی نـەبوو. سـەفەری بـۆ ئەمسـتردامو زیرەکـی لـە بـواری بازرگانیـداو لـە هـەموو ئەمانـەش گـرینگتر، بەسـتنی قـەراردادێك دەگـەڵ روسـیای تزاریـدا بـە مەبەسـتی دابینکردنـی چەك بـۆ شـەڕەکانی قـرم، کردیان بە یەکێك لە دەوڵەمەندە ناودارەکانی ئەورووپا. تەنانەت بە مەبەستی کۆکردنەوەی سەروەتو سامانی تۆزوبا، سەفەری کالیفورنیاشی کردو بۆ ماوەیەکیش پەیوەندی کرد بەو خەڵکە ریسکبازانەوە کە لەو دەڤەرانەدا لە دۆزینەوەی زێڕ دەگەڕان.

هاینریش شلیمان لە منداڵیەوە شیفتەی هۆمەر بوو. فێری زمانی یۆنانی بوو و دەستی دایە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان دەربارەی بنەماکانی ئیلیادەو سەرەنجام لە ساڵی ١٨٧٠دا لێکۆڵینەوە زانستیەکانی خۆی بە کۆڵینکاری لە حەسارلیغ دەست پێکرد (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی شلیمان بڕوانە International Encyclopedio بەرگی شازدەیەم، ل ٢٥٨.)

١٩- ئەو کۆڵینکارانەی کە لەبەر دەستی هاینریش شلیمان دا کاریان دەکرد. سـەیریان کـرد لـە ژێر ئەم شارەوە، چەندین قوللەو قەلاتان لە سەردەمانی جیاوازدا دروست کراون. چینە زەوییەکان نۆچین بوونو ئیدی کەوناراناسەکان نەیاندەتوانی بە ئاسانی دەست نیشانی بکـەن کـە کـام شـار لـەم شـارانە مەیـدانی شـەڕی دە سـاڵەی جـەنگاوەرانی تـروادەو هێرشبەرانی یۆنانی بووە. ئەوەی کە گومانی تیا نەبوو ئەمە بوو کە ئەم خاڵە لە زارکی دەردەنیلدا لـە رۆژگـارانی کۆنـدا بایـەخێکی سـتراتیژی هـەبووەو هـەر میللـەتێك کـە ئـەوێی کـۆنترۆڵ بکردایـە دەیتـوانی هاتوچۆی کەشـتیان لـە دەریـای ئیجـەوە بـۆ دەریـای ئۆکسـین کـۆنترۆڵ بکـات. سـەرەنجام لێکۆڵینـەوەکان دەریـان خسـت کـە یەکـەمین شـار لـە چـینی ژێریندا، لە دەوروبەری ساڵی ٣٢٠٠ پ.ز، لە سـەردەمی یەکەمی برونزیدا هاتۆتە ئاراوە. ئەم بورجو قوللەو قەلاتانە بە هۆی ئاگر کەوتنەوەوە لە ناو چووەو یەکسـەر دووەمین شار (کـە نـاوی تـروادەی دووەمیـان لێنـاوە) هاتووەتـە ئـاراوەو ئـەویش لـەوە دەچـیٚ بـە هـۆی بوومەلـەرزەوە یـان هـۆی دیکـەوە وێـران بـووبیٚ، ئیـدی دوای ئـەوە دەسـت بـە بونیاتنـانی شـاری سێیەم کـراوە. ئیـدی بە تێپـەڕ بـوونی رۆژگـار ئـەم بـورجو قەلایانـە وێـران بـووە تـا نزیکـەی سـاڵی ١٩٠٠پ.ز کـە شەشـەمین شـاری ترواده‌یـان لـە هـەمان شـوێندا دروسـت کـردووە. پاشماوەکـانی ئـەم شـارە ئـەوە نیشـاندەدەن کـە خـەڵکی ئـەم دەڤـەرە لـە مەیـدانی

زانستێن ئەندازیاریو تەلارکاریدا شارەزایی باشیان هەبووەو خانووبەرەکانی خۆیان بە شێوازی دروست بینا کردووە. ئەو شوێنەوارانەی کە دۆزراونەتەوە، ئەوە نیشاندەدەن کە ئەمانە ئاڵوێڕی بازرگانیان دەگەڵ یۆنانییەکاندا هەبووەو شارستانیەتێکی تا رادەیەك پرشنگداریان هەبووە. بەڵام ئەم شارەش بەهۆی ئاگر کەوتنەوەوە لە ناو چوو بوو. چینی حەوتەم کە حەوتەمین شاری ترواده‌یان لەوێندەر دروست کردبوو، شارێك بوو کە لە دەوروبەری ساڵی ١٢٥٠ پ.ز هەبووەو ئەوەی کە کەوناراناسان لەم چینەدا بە دەستیان هێناوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە شەڕێکی قورسو ماڵوێران کەر لەم شارەدا رووی داوەو تەڕو وشکی لە ناو بردووە. توێژەرانی دیکەش گومانیان لەوە نەبووە کە گەیبوونەتە قەڵا عاسێیەکەی ترواده، ئەو قەڵایەی کە پریام شا فەرمانڕەوانی بووەو هێرشبەرانی یۆنانی داگیریان کردووە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئۆدیسەی هۆمەر زنجیرەی Monarch Notes ژمارە ٥٠٢..)

٢٠- ساموئیل باتلەر (١٨٣٥- ١٩٠٢) زانایەکی لاهوتی بوو، نووسەرو تەنزنووسێکی ئینگلیزی بوو کە لە دنیای ئەدەبیاتدا زیاتر بەم چیرۆکە بەناوبانگە The Way of All Flesh کە دەشێت بە چارەنووسی هەموو بەشەران پاچڤە بکرێت، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە تاڵو واقیعبینانە دەربارەی خانەوادەیەکی مەزەبی کاتولیكو رەفتاری ریاکارانەو فێڵبازانەیان. هەروەها کتێبێکیشی هەیە لە ژێر سەرناڤی Eer Whom (بە مانای هیچ شوێنێ) کە کتێبێکە لە بابەتی دنیای ستایش ئەنگێزی ئالدوس هاکسلی (ساڵی ١٩٣٢)و ١٩٨٤ جورج ئورویل (١٩٤٩)، ئەو بەرهەمەی دوایی کە بەرواری نووسینەکەی ساڵی ١٨٧٢ـە، لاسایی کردنەوەیەکی بەرهەمەکانی جوناتان سویفت-ی تەنزنووسی ئینگلیزیە، هەندێکی دی لەبەرهەمەکانی بریتین لە: ژیانو عادەت، ١٨٧٧، خودای ناسراوو خودای نەناسراو ١٨٧٩، یەغباڵ یان نێرەنگ ١٨٨٧، ساموئیل باتلەر ماوەیەك خووی دایە هۆمەرو بەرهەمێن کلاسیکی یۆنان، نەك هەر ئیلیادەو ئۆدیسەی پاچڤە کردن، بەڵکو چەند کتێبێکی رەخنەیی و لێکۆڵینەوەشی دەربارەی ئەم بەرهەمانە نووسی.

٢١- The Humour of Homer (1892)

٢٢- On the Trapanese origin of the odessey (1893)

٢٣- The Authoress of the odessey (1897)

٢٤- Smyrna

٢٥- Chios

٢٦- دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە ئانسایکلوپیدیای ئەمریکانا، بەرگی ١٤، ل ٣٣٨.

٢٧- شاری کەونارای میسین کە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی میسین بوو لە ئاخرو ئۆخری سەردەمی برونزیدا، مەڵبەندی شارستانیەتو کەلتووری یۆنان بووە. ناوی ئەم شارە لە قەڵایەکەوە بە هەمان ناو لە دەڤەری بەربلاوی پلوپونس، وەرگیراوە. ئەم شارە نزیکەی چوار سەد ساڵێك (لە نێوان ١٥٥٠ تا ١١٥٠ پ.ن) ئاوەدانترین شاری سەرانسەری یۆنان

بووە (جگە لە کریت). هاینریش شلیمان لە ساڵی ١٨٤٠دا کەوتە کۆڵینکاریەکی فراوان لەم ناوچەیەو ئەنجام توانی بەشی هەرە زۆری ئەم شارە وێرانە بە پەرستگەو دەروازەو کۆشکەکانیەوە لە ژێر عاردی دەربێنێ.

٢٨- "سروود" وشەیەکە کە نووسەری ئەم کتێبە لە جیاتی وشەی ئینگلیزی book بەکاری بردووە، لە هەموو پاچڤە ئینگلیزیەکانی ئیلیادەو ئۆدیسەدا، وشەی "کتێب" یان "دەفتەر" بەکار براوەو وا نووسراوە کە بەیتی ئیلیادە بریتییە لە ٢٤ کتێبو ئۆدیسەش هەر ٢٤ کتێبە، بەڵام چونکە ئەم دوو بەرهەمە بە هۆنراوەن، نەك بە پەخشان، لەبەر ئەمە وشەی "سروود" گونجاوترە.

٢٩- لوکورگوس: مافزانێکی سەردەمانی کۆنی یۆنان بووە، کە دەڵێن یەکەمین قانونگوزاری میللەتی سپارتە بووەو تا چەندین سەدەی بەردەوام، یاساکانی ئەو جێبەجێکراون. دوو مێژوونووسی گەورەی ئاتینایی، هیرودوتو گەزەنەفۆن ناویان بردووە.

٣٠- هراکلیتوس یان هرقلیطوس (لە دەوروبەری ساڵی ٥٤٠ پ.ز لە دایك بووە) لە شاری ئیفی سوس لە دایك بووە، لە گەورە فەیلەسووفانی یۆنانی پێش سوکراتو ئەفلاتون بووە، (دەڵێن گوایە. دەگەڵ داریوشی مەزنی، پاشای هەخامەنشیاندا نامەو نامەکاریان لە بەینا هەبووەو شاهنشای ئێرانی دەعوەتی کردووە بۆ دەرباری خۆیو زانای یۆنانی گۆشەنشینی بەسەر هاودەمی پاشادا پەسند داوە. (بڕوانە سیر حکمت در اوروپا، بەرگی ١، ل٢١)

٣١- بڕوانە ئانسایکلوپیدیای بریتانیکا – ماکروپیدیا – بەرگی ٨، ل ١٠١٨.

٣٢- هزیود: Hesiod شاعیرێکی یۆنانیە ( لە ساڵی ٨٠٠ پ.ز لە دایك بووە) لە دوای هۆمەر، گەورەترین شاعیری یۆنانی بووە کە داستانە نیشتمانیو بەیتە میللییەکانی بە ناوبانگ بوونو ئەمڕۆ تەنیا دوو چامەی ماونەتەوە.

٣٣- هیرودوت: مێژوونووسێکی ئاتینایییە، لە کتێبەکەی خۆیدا، لە ژێر سەرناڤی مێژوو، ئاماژە بۆ نەمانو فەوتانی شاری تروادە دەکاتو دەنووسێت کە ئەم دەڤەرو دیارە ئاوەدانە لە دەوروبەری ساڵی ١٢٥٠ پ.ز بە دەستی سوپای هێرشبەری یۆنانی تەخت کراوە. لێکۆڵینەوەی توێژەرانی تازەش ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنن کە چینی حەوتەمی (ترواده) لە حەساریغ، لە هەمان مێژوودا، ئاگری تێ بەردراوەو وێران بووە.

٣٤- پزیستراتوس: فەرمانڕەوایەکی ستەمکاری ئاتین بووە، لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠ پ.ز هاتووەتە دنیایەو لە ساڵی ٥٢٧دا مردووە. ئەمە ئەشرافزادەیەکی پایەخوازی خۆپەرستی ستەمکار بووە، وەکو دەربارەیان نووسیوە، بە حوکمی ئەوەی کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو و کەسێکی تەڕزمان بوو، پێشی هەموو دۆستەکانی خۆی دایەوەو بەسەر ئەو سێ حیزبەدا کە لە یۆناندا دەسەڵاتو پێگەیان هەبوو، زاڵ بوو و ئەنجام بوو بە فەرمانڕەوای سەرانسەری یۆنان. هەرچەندە زوڵمو زۆرو بێدادییەکی زۆری دراوەتە پاڵ،

ئەوجاش خزمەتێکی فرەی بە خەڵکی ئەو دەڤەرو دیارە کردووە کە یەکێك لەوانە ڕەواج دانی هەردوو بەیتەکەی هۆمەر بوو لە نێو خەڵکی یۆناندا.

٣٥- بە تلیموسی یەکەم ناسراوە بە (فریارەس) لە دەوروبەری ساڵی ٣٦٧پ.ز هاتووەتە دنیایەو لە ساڵی ٢٨٣دا مردووە، لە دۆستانی نزیکی ئەسکەندەری مەقدونی بووەو لە سەفەرە جیهانگیریەکانی مەقدونیدا هەمیشە لەگەڵیا بووە. دوای مردنی ئەسکەندەر بوو بە فەرمانڕەوای میسرو لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەوا بوو کە قوتابخانەی ئەسکەندەریەیان دامەزراند. زۆر زانای ناودار لەم قوتابخانەیەدا لە دەوری یەکدی خڕ بوونەوە تا ئیلیادەو ئۆدیسە بە بژار کراوی کۆبکەنەوە، یەکێك لەم زانایانە، کە لە هەموویان گەورەتر بوو، زنودوتوس بوو کە ئەرکی ئامادەکردنو بژارو پاکنووسی ئیلیادەو ئۆدیسەی گرتە ئەستۆو دەرەقەتی ئەو کارەش هات. پەتلیموس، مۆزەخانەو کتێبخانەیەکیشی لە ئەسکەندەریە دامەزراندو وەکو مێژوو نووسەکان نووسیویانە ئەم کتێبخانەیە لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا پتر لە حەوت سەد هەزار کتێبو تۆماری تیا بووە. ئەم کتێبخانە مەزنە لە کاتی هێرشی یولیوس قەیسەردا بۆ سەر ئەم شارە، سووتێنراو هەر هەموو ئەم بەڵگەنامە گرانبەهایانە لە نێو چوون (ئەمریکانا. بەرگی ١، ل ٣٧٣)

٣٦- پوسیدون، برای زیوسەو زیوس لێی دەترسێت. هۆی دژمنایەتی پوسیدون لەگەڵ ئودیسیوسدا ئەمەیە کە ئەم دلاوەرە، لە شەڕێکی حیلەگەرانەدا پولیفیموسی کوڕە گەورەی پوسیدونی کوشتووە. پولیفیموس، دێوێکی یەکەڵە چاو بووە، لە شکەفتێکدا لە لوتکەی ئەتینادا ژیاوە. ئودیسیوس بەدیلی دەکەوێتە دەستی ئەو و دلاوەری یۆنانی کە دەبینێ گیانی لە خەتەردایە، شەوێ، پولیفیموس مەست دەکات و چاوی کوێر دەکات. چیرۆکی ئەم فێڵەو سەرکەوتنی ئودیسیوس بەسەر دێوەی یەکەڵە چاودا لە بەیتی ئۆدیسەدا، لە سروودی نۆیەمدا باسکراوە. لە ئەفسانانی رۆمیدا، ئەم خواوەندە بە نیپتۆن ناسراوە.

ئاتیناش لە هەوەڵەوە لە دژمنانی ئودیسیوس بوو و هۆی ئەم دژمنایەتیەش ئەمە بوو کە کاتێ یۆنانیەکان ترواده‌یان گرت، هێندە مەستی بادەی سەرکەوتن بوون کە لە بیریان چوو بڕۆن بۆ پەرستگەکانی پوسیدون و ئاتیناو بە پێی عادەتی رۆژ، سوپاسو ستایشیان بکەن. ئەم دوو خواوەندە بە جۆرێ تووڕە بوون کە لێبڕان دەرسی عیبرەتی یۆنانیەکان دابدەنو نەیەڵن بگەنەوە ماڵو حاڵی خۆیان. چارەنووسی زۆربەشیان تیاچوون بوو و نەگەڕانەوە ماڵی خۆیان. بەڵام ئاتینا ئەنجام دڵی بە حاڵی ئودیسیوس سووتاو کەوتە داشداری لەو.

٣٧-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئینیادەی فیرجیل، بڕوانە بەرگی یەکەمی گەشتێك بە گەورەترین کتیبانی دنیادا.

٣٨-چیرۆکی ئاگامەمنوون هەر لەژێر هەمان سەرناڤدا لەلایەن ئاشیلی تراژیدیانووسی یۆنانی کۆنەوە، لە چوار چێوەی تراژیدیایەکی بە هێزدا نووسراوە. لە داستانی ئیلیادەدا، ئاگامەمنوون فەرماندەی گشتی سوپای یۆنانی باکووریو باشووریەو سەرزەمینو قەڵەمڕەوی

فەرمانڕەواییەکەی میسین بووە، لەم داستانەدا ئاگامەمنوون پیاوێکە دەمدەمی رەئی و بێتواناو داوێن پیس، بۆیە ناتوانێ وەکو پێویست فەرماندەو سوپاسالارەکانی یۆنان کۆبکاتەوە، بەڵام چونکە نوێنەری زیوسی خودای خودایانە کەس ناتوانێ لەم پایەیە لای بەرێت، خیانەتی ئەو بە خەباتکاری ناوداری یۆنان، ئاخیلوس و رفاندنی کەنیزەکەکەی ئەو، بۆ خۆی هەنجەت و بیانوویەك بووە کە ئەوانی تر دەیانتوانی لێی بخەن، بەڵام بە هەر شێوەیەك بووە دەگەڵیا سازاون. لەم داستانەدا تەنانەت مینەلایوس، فەرمانڕەوای سپارەتە کە برای ئەوە، لەو رازی نییە. وەختێ تروادە تەخت دەکرێت، کاسانداری کیژی پریام شا وەکو بەشێك لە دەستکەوت دەبێ بە دیلی ئەوو ئەو (ئاگامەمنوون) پاش دە ساڵ بۆ وڵات دەگەڕێتەوە. لەوێندەر لەلایەن کلیتمنسترای هاوسەری و ئاگیستوسی ئامۆزایەوە دەکوژرێت. دوای حەوت ساڵ لەو بەرواره، ئوریستوسی کوڕی ئاگامەمنوون، هەقی باوکی دەکاتەوەو هەم دایکی و هەم دۆستەکەی دەکوژێت. لە داستانەکەی هۆمەردا هۆی کوشتنەکەی ئاگامەمنوون، رابواردنی هاوسەرەکەیەتی دەگەڵ دۆستەکەیدا. بەڵام لە تراژیدیاکەی ئاشیلدا هۆی کوشتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ غیرەو حەسوودی کلیتمنسترا، چونکە مێردەکەی کاساندرای دەگەڵ خۆیدا هێناوەو لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی بە قوربانیکردنی ئیفی ژنیای کچی. تراژیدیای ئاگامەمنوون یەکێکە لە خەمنامە بە ناوبانگەکانی یۆنانی کۆن.

دوو دلاوەری دیکەی ناوداری ئیلیادە، یەکێکیان: مینەلایوسی فەرمانڕەوانی سپارتەیە کە هاوسەرەکەی، هیلینی جوان خیانەتی لێکردووە، و رەدووی پاریسی کوڕی پریام شا کەوتووە. دووەمیان: ئاخیلوسی میری فتیوتیسە کە کەسێکی پۆڵاتەنی لە شکست نەهاتووە کە لە داستانی ئیلیادەدا لە هەموو شوێنێك تاقە سوارەی مەیدانە. مینەلایوس لە هەردوو بەرهەمەکەی هۆمەرو هەروەها لە ئینیادەی فیرجیلدا، رۆڵ و دەورێکی سەرەکی و هەستیاری هەیە. یەکێك بووە لەو جەنگاوەرانەی کە چووەتە ناو سکی ئەسپە دارینەکەوەو شەوێ دەروازەی شاری بۆ سوپای یۆنانی کردووەتەوە. پاش تێکشکان و وێران بوونی تروادە، مینەلایوس ژنە هەڵگیراوەکەی خۆی بۆ ماڵ دێنێتەوە و ئەم سەفەرە دەریاییە نزیکەی حەوت دانە ساڵ دەخایەنێت. بەمجۆرە، میری سپارتە دوای نزیکەی هەژدە ساڵ بۆ شارو ماڵی خۆی دەگەڕێتەوەو بە ئازیزانی خۆی شاد دەبێتەوە. مینەلایوس پاش مردنی، دەبێ بە یەکێك لە خواوەندان و پەیڕەوەکانی دەیپەرستن. ئاخیلوس چارەنووسێکی جیاوازی هەیە: ئەو کوڕی پلوسی پاشای میرمیدونەکان بوو میر میدونەکان خەڵکانێك بوون کە لە ناوچەیەکی تسالی لە یۆنان دەژیان. دایکی، تەتیس، لە خواوەندان بوو. لە شەڕی تروادەدا، پاش ئەوەی هیکتۆری کوڕی پریام شاو جەنگاوەری نەبەردی تروادە دەکوژێت، بە هۆی ئەو بێ رێزی و بێ حورمەتیەوە کە دەرهەق بە جەنازەکەی هیکتۆری دەکات، خواوەندان غەزەبی لێدەگرن. ئەخیلوس کەسێکی پۆڵاتەن بوو، چونکە دایکی بە منداڵی لە ئاوی روباری ستیکسی هەڵکێشابوو، بۆیە هیچ چەکێك کاری تێنەدەکرد، بەڵام لەو کاتەدا کە گۆزینگی لاقی گرتبوو و لە روبارەکەی هەڵکێشا بوو، بیری چوو بوو کە گۆزینگی تەڕ نەبوو بوون و بۆیە وەکو هەر ئینسانێکی فانی، گۆزینگی پێی قابیلی پێکان و بریندار بوون بوون.

بە فەرمانی زیوس، ئاپولون، لە کڵێشەی پاریسدا پەیدا دەبێتەو لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا، تیرێك داوێتە گۆزینگی ئەو ودەیکوژێت. بە ڕێوایەتێکی دیکە، پاریس تیرەکەی تێدەگرێ‌و ئەپولون بەرەو گوزینگی ئەخیلوسی دەبات. ڕیوایەتێکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەخیلوس، پیس ئاشقی پولیزنای کیژی پریام شاو خوشکی پاریس دەبێت. کیژێ بە مەرجێ قاییل دەبێ کە ئەشقی ئەو پەسند بکات کە پارێزگاری لە خەڵکی ستەم لێکراوی تروادە بکات. ئەخیلوس بەبێ چەك دەچێ بۆ پەرستگەی ئەپولون تا داوای چارەیەکی لێبکات‌و لەوێندەر بە دەستی پاریس دەکوژرێ. (ئەمریکانا، بەرگی یەکەم، ل ٨٨.)

٣٩-ئاتینا کە لە ئەفسانانی رومیدا مینیرڤای پێدەڵێن، خوابانۆی جەنگەو لە هەمان کاتدا رەمزی ئەقڵمەندی و پارێزەری هونەرو سنعەتە.

٤٠-دانەری ئەم کتێبە بۆ چاچڤەی هەندێ بەش لە داستانی ئۆدیسە، بۆ سەر زمانی فارسی، چوار دەقی بە زمانی ئینگلیزی لە بەر دەستدا بووە کە بریتین لەم دەقانە:

١- دەقی ساموئیل باتلەر (لە کتێبێن گەورەی دنیای رۆژاوا - کۆمەڵەی بریتانیکاوە وەرگیراوە).

٢- دەقی ئی. وی. ریو (لە زنجیرە کتێبێن پنگوینەوە، چاپی ئینگلیستان، دوو بەرگ، وەرگیراوە.)

٣- دەقی روبرت فیتزجیرالد (لە داستانی ئۆدیسە، چاپی ریورساید لیتراچر، ئەمریکا، وەرگیراوە.).

٤- دەقی یاکوب بریانت (لە داستانی ئۆدیسە، چاپی زانستگەی کالیفورنیا، وەرگیراوە. لەم چوار کتیبەدا، پاچڤەی دەقی یەکەم و دووەم بە پەخشانە، لە دوو دەقەکەی تردا بە هۆنراوەیە. لە کۆتایی هەر کۆپلەیەکدا، ئاماژە بەوە کراوە کە سوود لە کام دەق وەرگیراوە.

٤١-لێرەدا شاعیر رووی دەمی لە موزە کە ئیلهامبەخشی ئەوە، موزەکان نۆ کیژی زیوس بوون کە لە خوابانۆی خاتیرە بوون. ئەم خواوەندانە رەمزی هەموو هونەرو زانست‌و هۆشمەندییەکان بوون‌و هەمیشە پشتیوانیان لە زانایان‌و هونەرمەندان کردووەو بە گوێرەی داب‌و نەریتی رۆژ، هەر بەرهەمێکی هونەری یان زانستی دەبوایە بە ناوی یەکێك لەم خواوەندانە دەست پێبکات. ئەم نۆ خواوەندانە بریتین لە: ١- کالیوپی: خواوەندی هۆزانێن داستانی. ٢- کلیۆ: خواوەندی مێژوو. ٣- ترپسیکور: خواوەندی شیعری لیریکی‌و بەزمی. ٤- یوترپ: خواوەندی مۆسیقا. ٥- ئیراتوە: خواوەندی سروودی ئاینی. ٦- ملپومین: خواوەندی تراژیدی. ٧- تالیا: خواوەندی کۆمیدی. ٨- پولی هیمنیا: خواوەندی شانۆنامەی بێ گفتوگۆ. ٩- ئورانیا: خواوەندی ستێران.

ئاشکرایە لەم بەرهەمەدا، رووی دەمی هۆمەر لە کالیوپی، خواوەندی شیعرێن داستانیە.

٤٢- لە دەقە ئینگلیزییەکەی (ساموئیل باتلەرەوە، لە کتێبێن گەورەی جیهانی رۆژئاواوە، کۆمەڵەی بریتانیکا، ل ١٨٣ـەوە پاچڤە کراوە).

٤٣- بۆ نموونە ئەو بابەتانەی کە لە سروودی نۆزدەیەمدا دەربارەی برینەکەی ئودیسیوس وتراون، لە سەرەتادا دەبێتە مایەی ماندوو بوون‌و بێزاری خوێنەر. ئودیسیوس بە جل‌و

بەرگێ گەداییەوە بۆ ماڵی خۆی گەڕاوەتەوەو ئورکلیای دایەن و کارەکەری ماڵەکە دەیشوات. پێش ئەوەی کارەکەرەکە لە ڕێگەی دیتنی شوێنەواری ئەو زامەوە کە بە لەشی ئودیسیوسەوەیە، ئاغای دێرینی خۆی بناسێتەوە، شاعیر هەفتاو چوار بەیتە شیعری دەربارەی ئەم زامەو هۆی چێبوونی ئەم زامە دەهۆنێتەوە. "ئەم دوور کەوتنەوەیە لە بابەتەکە" لە هەوەڵێ را دەبێتە مایەی ناڕەحەتی و ماندوو بوونی خوێنەر، بەڵام پاشان خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە باسی ئەم بابەتە یەکەم بۆ نیشاندانی رابردووی ئودیسیوس لە کاتی گەنجیدا پێویست بووەو دووەم کە کارەکەرەکە دەیناسێتەوە، ئودیسیوس داوای لێدەکات کە پنلوپەی هاوسەری لە هاتنەوەی ئەو ئاگادار نەکاتەوە. لێرەدا، چیرۆکەکە لە باری چیرۆکڤانییەوە، هەڵچوونێکی زیاتر لای خوێنەر دروست دەکات. (بڕوانە رەخنەی بەرهەمەکانی هۆمەر لە ژێر سەرناڤی Mimesis دانانی ئەریك ئورباخ، زانستگەی پرینستون. ساڵی ١٩٥٣).

٤٤- دوڕگەی ئوجیجیا، لە بەیتی ئۆدیسەدا دوڕگەیەکی ئەفسانەییەو لەوە دەچێ هۆمەر ئەم ناوەی لە ئوجیجزی میری ئەفسانەیی ئاتیکاوە وەرگرتبێت و بە گوێرەی ئەفسانانی یۆنانی ئەم دوڕگەیە بە درێژایی ساڵ، گێرۆدەی سێڵاوو لافاو بووەو ئۆجیجزو خەڵکانی دیکەی ئەم دوڕگەیە ئیش و کاریان تەنیا ئەوە بووە بەردەوام بە گژ ئەم سێڵاوو لافاوە وێرانکەردا بچن.

٤٥- کالیپسۆ: لە ئەفسانانی یۆنانیدا کیژی ئەتڵەس، دێوی زەبەلاحە، کە وا تەسەور دەکرا کۆڵەکەکانی ئاسمان لەسەر شانی ئەو وەستاون. کالیپسۆ کە لە زمانی ئەیونیدا بە مانا "پەنهان کار"ـە، بە فەرمانی پوسیدون بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئودیسیوس، لە بەندو ئەسارەتی جادوویی خۆیدا رادەگرێت، بەڵام ئەنجام ناچار دەبێ لەسەر داوای هرمیس چاوپۆشی لێبکات و کاتێ ئودیسیوس ئەو بە جێدێڵێ، کالیپسۆ، دەچێتە ریزی فانیانەوەو دەمرێت.

٤٦- پیلوس: بەندەرێکە لە زارکی کەنداوێك بە هەمان ناو، کە لە سەردەمانی کۆندا، لەبەر پێگە جوگرافیاییەکەی خۆی بە ناوبانگ بووەو یۆنانیەکان باوەڕیان وابوو کە لەنگەرگاکەی ئەم بەندەرە لە سەرانسەری ئەو دەڤەرەدا ئەمینترین و ئارامترین پەناگەی کەشتیان بووە.

٤٧- نەستور: پاشای پیلوسە، لە ئەفسانانی یۆنانیدا بە یەك شت بە ناوبانگ بوو، ئەویش ئەوە بوو کە بەردەوام خەمی لە رابردوو دەخواردو بە عەزرەتی رابردووەوە روندکی لە چاو دەباراند.

٤٨- منتس: سەرکردەی دزانی دەریایی بوو (سروودی یەکەم.)

٤٩- فیمیوس: شایەرو گۆرانیبێژی پیشەیی بوو لە کۆشکی ئیتاکدا.

٥٠- لە دەقە ئینگلیزیەکەی ساموئیل باتلەرەوە –کتێبێن مەزنی دنیای رۆژاوا، بریتانیکا، ل ١٨٨.

٥١- وەرگێڕی ئینگلیزی زمان، لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا، وشەی Shroud داناوە کە دەشێت بە کفن پاچڤە بکرێت.

٥٢- لرتس: پاشای پێشینی ئیتاکو بابی ئودیسیوسەو بە یەکێك لە پۆڵاتەنانی سەردەمی خۆی ناسراوە. دوای دوورکەوتنەوەی کوڕەکەی پەنا دەباتە بەر مەزراکەی خۆیو لەوێ کونجی قەناعەت دەگرێت تا ئەو کاتەی کە ئودیسیوسی دلێر لە سەرفەری نۆزدە ساڵەی خۆی دەگەڕێتەوەو شادمانی بۆ دەگێڕێتەوە. لرتس، ناوێکە کە ویلیام شەکسپیر لە تراجیدیای هەملێتدا لە برایەکەی ئوفلیای ناوەو لە شەڕێکی دەستەویەخەدا، رووبە رووی شازادەی دانیمارکی دەکاتەوە.

٥٣- مینتۆر: لە داستانی ئۆدیسەدا، پیرێکی ئەقڵمەندی خەڵکی ئیتاکەو سەبارەت بە ئودیسیوس وەفادارە.

٥٤- لە پاچڤەکەی ساموئیل باتلەرەوە کراوە بە فارسی.

٥٥- پروتیوس: لە ئەدەبی یۆنانی کۆندا بە پیری دەریا بە ناوبانگەو پوسیدون هێزو توانایەکی ئەوتۆی دابوویە کە دەیتوانی خۆی بە هەر شێوەو هەیئەتێ، کە خۆی بیەوێ، دەربێنێ و لە هەمان کاتدا توانایەکی ئەوتۆی هەبوو کە دەیتوانی باسی رابردوو و ئایندەی هەر کەسێك بکات.

٥٦- ڤ ئیشا: یەکێکە لە دوڕگە گەورەکانی دەریای ئیونی. توێژەران پێیان وایە ئەم دوڕگەیە کە هۆمەر ناوی بردووە هەمان دوڕگەی گەورەی کورفویە. بە گوێرەی ئەو باسانەی کە هۆمەر لەمەڕ دانیشتوانی ئەم دوڕگەیەی کردووە، دەبێ ئەمانە خاوەنی شارستانیەتێکی تا رادەیەك پێشکەوتوو بووبن. ئالکینوس شاو شابانۆی ئەم دوڕگەیە وەکو خەڵکانی منەوەرو مرۆڤدۆست پێشاندراون.

٥٧- نازیکا: دۆتمیرێکی جوانی دڵسافە کە لە لایەکەوە لەو شازادە خانمانەی ئەفسانانی سەدەکانی ناڤینی چیرۆکی پەریان دەچێتو لەلایەکی ترەوە چاوەڕوانی ئەمەیە کە شازادەیەکی ئازای قۆز لە وڵاتێکی نا دیارەوە بێتو ئەم باوەش بۆ ئەشقی ئەو بکاتەوەو لەم بەینەدا ئودیسیوس پەیدا دەبێت، نازیکا لە دڵی خۆیدا وا تەسەور دەکات کە ئەم دەریاوانە ئازاو قۆزە، هەمان شازادەی خەیاڵی ئەوەو ئودیسیوس لە سەرەتادا بە جۆرێ دەوری خۆی دەبینێ کە ئەم گومانەی لە دڵدا بەهێز تر دەکات. بەڵام زۆری پێناچێ کە دۆتمیری جوان ئەو چاوە رەشەی کاڵ دەبێتەوەو تووشی نا ئومێدی دەبێ.

٥٨- دمودوکوس: لەم داستانەدا گۆرانی بێژێکی نابینایەو چیرۆکێن قارەمانیەتی دەگێڕێتەوە. یەکێك لە بەڵگەکانی جماعەتێك لە توێژەران کە هۆمەریان بە شاعیرێکی نابینا زانیوە، ئاماژە بەم شایەرو گۆرانی بێژە پیشەییە بووە.

٥٩- سیکونەکان: ئەمانە دانیشتوانی دوڕگەیەك بوون بە ناو ئیسماروس بە گوتەی هۆمەر، خەڵکی ئەم دوڕگەیە دەوڵەمەند بوون. ئەمانە لایەنگرو هاوپەیمانی خەڵکی تروادە بوون. هۆی ئەمەی کە ئودیسیوس پێشنیازی کرد کە پەلاماری ئەم دوڕگەیە بدەن، بە دەست

هێنـانی دەسـکەوت و تـالآنی زۆر بـووە، کـە دەیـانتوانی بـە نـاوی دەسـکەوتی جەنگـەوە بیبەن، بەڵام ئەنجام رووبە ڕووی ناکامی بوونەوە.

٦٠- لۆتس خۆران: بە قسەکانی هۆمەردا وا دەردەکەوێ کە خواردنیان میوەو گەڵاو شکۆفەی ئەم گیانە بووە. لوتس بە جۆرە نیلوفەرێکی شینش دەگوترێ.

٦١- لە دەقە ئینگلیزییەکەی یاکوب بریانت (١٧١٥- ١٨٠٤)ەوە کراوە بە فارسی، ل ١٢٣.

٦٢- سـیکلوپان: ئەمانـە دێـوی یەکەڵـە چـاو بـوون کـە زۆرجـار لـە ئەفسـانانی یۆنانیـدا باسکراون. ئەمانە گیانداری زەبەلاح بوون، وەکو بەشەر، بەڵام لە جیاتی دوو چاو، یەك چاوی خڕیـان لـە سـەر ناوچـەوانیان هـەبووە. ئەمانـە لـە دوورگـەی سیسـیل دا ژیـاون. لـە داسـتانەکەی هۆمـەردا، ئـەو دێـوەی کـە لـە ئودیسـیوس راسـتاوە. پولیفیمیوسـی کـوڕی پوسیدونی، خواوەندی دەریایانە.

٦٣- لە دەقە ئینگلیزییەکەی یاکوب بریانت، ل ١٥٨، کراوە بە فارسی،

٦٤- ئەیولیا، وەکو لە داستانی ئۆدیسەدا هاتووە، دوورگەیەکی سەر ئاوە کە بارەگاو ماوای (ئیولوس)ی خواوەندی بایان بووە. بە گوێرەی ئەفسانانی یۆنانی حەوت کوڕو حەوت کیـژی هـەبووەو کـوڕو کچـەکانی خـۆی لێکـدی مـارە کـردووە، تـا هـەرگیز پاشـایەتی و سەڵتەنەتەکەی هەرەس نەهێنێ.

٦٥- لە دەقی داستانی ئۆدیسە/ پاچڤەی یاکوب بریانت، ل ١٥٩ وە پاچڤەی فارسی کراوە.

٦٦-لستریگونەکان: ئەمانە گۆشتخۆرانی دڕندە بوون و کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی ئودیسیوس-یان خوارد.

٦٧-دوورگـەی ئیـا کـە مـاوای سیرسـەیە، وەکـو قارەمانەکـەی، سـەرزەمینێکە ئەفسـانەیی و لـە دەرێی دنیای خەیاڵدا بوونی نییە.

٦٨-لە دەقە ئینگلیزییەکەی ساموئیل باتلەرەوە... لە بریتانیکا، ل ٢٣٧ پاچڤەی فارسی کراوە.

٦٩- ئوریلوکـوس: لـە نێـو هاوسـەفەرەکانی ئودیسیوسـدا، تاقـە دلاوەرێکـە کـە لـە رووی ئازایـەتی و هۆشـیاری و دووربینییـەوە هاوتـای ئودیسیوسـە. لـە داسـتانی ئۆدیسـەدا زۆرجـار بەرانبـەر بـە مـیری ئیتـاك وەسـتاوەتەوەو بـە نەخشـەکانی ئـەو قاییـل نـەبووە (سروودی دەیەم و سیازدەیەم).

٧٠- لە دەقە ئینگلیزیەکەی یاکوب بریانتەوە. سروودی دەیەمەوە کراوە بە فارسی.

٧١- ئودیسیوس لە ماوەی ساڵێکی ئاکنجی بوونیا لای سیرسە، هاوجێیی دەگەڵ دەکات و کوڕێکی لێی دەبێ کە ناوی دەنەن تلەگونوس.

٧٢- لە دەقە ئینگلیزیەکەی یاکوب بریانتەوە -سروودی دەیەم، پاچڤەی فارسی کراوە.

٧٣-ترزیاس یان تیرزیاس، لە ئەفسانانی یۆنانیدا لە غەیبگۆیانی شاری تب Thehes بوو کە بـە دەسـتی زیـوس نابینـا کرابـوو (لـەوە دەچـێ بـە هـۆی ئـەوەوە نابینـا کرابـێ، چـونکە تەمەشای پەیکەری رووتی ئاتینای کردبوو) وەکو لەم ئەفسانەیەدا هاتووە، پاش کوێر

بوونی، ئاتینا دڵی بە حاڵی دەسووتیٚو فێری زمانی باڵندانی دەکات، (زیوس)ش تواناو بەهرەی غەیبگۆیی دەداتیٚ. لۆرد ئالفرید تنیسون، شاعیری سەردەمی ڤیکتۆریایی ئینگلیستان، بەیتێکی خەمناکی دەربارەی سەربهوردی ئەو هۆنیوەتەوە.

٧٤- هلیوس: خواوەندی هەتاوە، لە ئەفسانانی یۆنانی کۆندا یەجگار بەناوبانگەو تا ماویەکی زۆر لەلایەن میللەتانی یۆنانی ورومیەوە دەپەرسترا. گوایە مەڵبەندو ماوای دورگەی (رودز) بووەو لە داستانی ئۆدیسەدا تەنیا ناوی دورگەی هلیوس براوە.

٧٥- سیرینەکان: کە لێرەدا بە پەریانی دەریایی هاتووە، ئەمانە جۆرە ژنانێکی جوان و دڵڕفێن بوون کە لە ئەفسانانی یۆنانی کۆندا سەرچاوەی مەرگ بوون، بە تایبەتی دژمنی دەریاوانان بوون.

٧٦-لە داستانی ئۆدیسەدا، خودی ئودیسیوس، خۆی لەوە دەدزێتەوە کە مۆم بکاتە گوێی خۆیەوە، بەڵام داوا لە هاوڕێکانی دەکات بە توندی بیبەستنەوە بە بورجی کەشتیەکەوەو نەیەڵێن پیٚ لە حەوشی کەشتیەکە وەدەرنێت.

٧٧-تاوێرانی سەرگەردان کە هۆمەر باسیان دەکات، داو و تەڵەیەکی هێندە کوشندە بوون کە تەنانەت تەیریش لەسەری نیشتباوە دەمردن.

٧٨-سکیلا: دەعبایەکە کە لە داستانەکەی هۆمەردا ناوی هاتووە، جەستەیەکی درێژی چوار مەتریو شەش گەردنو شەش دەمی هەبووە، شوێنو ماوای تاوێرێك بووە لە خاکی ئیتاڵیا. لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا وا هاتووە کە سکیلا رۆژگارێك ژنێکی جوان بووە، دڵی هەموو کەسی ڕفاندووە، ئیدی ئافرودێت غیرەی لێدەکاتو لە بەغیلیدا، تۆڵەی لیٚ دەستێنیٚو بەو شێوەیەی دەردێنیٚ.

٧٩- لە دەقە ئینگلیزیەکەی یاکوب بریانت، سروودی دوازدەیەمەوە کراوە بە فارسی.

٨٠-کاریبدیس (شارلیبید) لە داستانی ئۆدیسەدا گەرداوێکی کوشندەیە.

٨١- لە دەقە ئینگلیزیەکەی یاکوب بریانت، سروودی دوازدەیەمەوە، پاچڤەی فارسی کراوە.

٨٢- ئومیوس، شوانی بەرازەکانی ئودیسیوسە. پیرەمێردێکی فەرتوسە کە بۆ خۆی بەسەرهاتێکی جوانو عەنتیکەی هەیە، لە سروودی پازدەیەمدا، بەدەم دیداری ئودیسیوسەوە کە وا تەسەور دەکات جیهانگەڕێکی بیٚ نەوایە، بەمجۆرە باسی سەربهووردی خۆی دەکات کە گوایە لە رۆژگاری جەوانیدا لە نەجیبان بووە (نەجیب لە سەردەمی هۆمەردا کەسانێك بوون کە خانوو و زەویو سەنگو ئیحتوبارێکیان هەبووە.). کاتیٚ کە منداڵێکی شیرەخۆرە بووە دەیدزن و بۆ دیارودەڤەرێکی تری دەبەن. ئەو کەسەی کە لە دایكو باوکی خۆیی جیا کردووەتەوە، دایەنەکەی بووە. دایەنەکە لە کەشتیدا تووشی نەخۆشیەکی نادیار دەبێتو کاتیٚ کە کەشتیەکە دەگاتە خاکی ئیتاك، دایەنەکە کە هیچ ئومێدێکی بە ژیانی خۆی نامێنیٚ، بە لرتسی بابی ئودیسیوسی دەفرۆشێتو ئیدی لەم ماڵەدا گەورە دەبیٚو سەرەنجام دەبیٚ بە شوانی ڕەوە بەرازەکانی ئاغای. ئودیسیوس لە سروودی چواردەیەمدا بە سەر بەرزی و شانازییەوە باسی خۆیو رابردووی خۆی دەکات. خۆی بە یەکێك لە خەڵکی کریت لە قەڵەم

دەدات کە لە هیچەوە گەییوەتە هەموو شتێك، ئیدی لە دەڤەرو ناوچەی خۆیدا بووە بە یەکێك لە ناوداران، لە شەڕی دە ساڵەی تروادەدا بەشداری کردووە، ماوەی حەوت ساڵ لە میسر ماوەتەوەو ئەنجام بە کۆیلەیەتی دەیفرۆشن‌و ئیدی ڕێگەی هەڵاتن دەگرێتە بەرو ئەوەتا ئێستا گەییوەتە خاکی ئیتاك. هۆمەر بەشێك لەم سرووده بۆ سەرگورشتەی ئەو تەرخان دەکات...

٨٣-پیزیستراتۆس: کوڕی نەستور شایە کە لە کاتی بەجێ هێشتنی دوڕگەی پیلوسدا، کوڕەکەی دەگەڵ تیلماکۆسدا نارد بوو.

٨٤- تیوکلیمنوس: دلاوەرێکی گەنجە کە هۆمەر لە سروودی پازدەیەمدا ناوی دەبات‌و لە بەشەکانی دواتریشدا شان بە شانی تیلماکۆس دەوری قارەمانانە دەگێڕێت.

٨٥- لە دەقە ئینگلیزییەکەی ساموئیل باتلەرەوە، بریتانیکا، ل ٢٧٢ پاچڤەی فارسی کراوە.

٨٦-لە دەقە ئینگلیزیەکەی ساموئیل باتلەرەوە، کتاب های بزرگ جهان غرب، لە برتیانیکاوە لە ٢٧٣ – ٢٧٤ـەوە پاچڤەی فارسی کراوە.

٨٧-ئورکلیا: ژنێکی میهرەبان‌و بە وەفایە کە تا دوا ساتی ژیان دەگەڵ وەلی نیعمەتانی خۆیدا دەمێنێتەوە.

٨٨-میلانتیوس: شوانێکی دیکەیە کە خیانەت لە ئاغای خۆی دەکات‌و پەیوەندی بە دژمنانی پنلوپەوە دەکات.

٨٩- ناوی سەگەکەی ئارگوسە کە نۆزدە ساڵ چاوەڕانی ئاغای بووەو لە سروودی هەڤدەیەمدا دەتۆپێ.

٩٠- ئیروس، لەم بەیتەدا ڕۆڵی لێبۆك دەبینێ‌و خەڵکی دێنێتە پێکەنین، هەر بۆ ئەوەی تۆزێك خواردنی بدەنێ.

٩١- لە دەقە ئینگلیزیەکەی یاکوب باتلەرەوە، سروودی بیست‌و سێیەمەوە پاچڤەی فارسی کراوە.

٩٢- چیرۆکی رفاندن‌و هەڵگرتنی هیلین لەلایەن پاریسەوەو گەڕاندنەوەی بۆ سپارتە لەلایەن مینەلایوسی مێردییەوە، ماك‌و بنەمای داستانی بەیتی ئیلیادەی هۆمەر پێکدێنێ. هیلین لە ئەفسانانی یۆنانیدا کچی زیوس، خودای خودایانە، کە لە ناو قاوغی هێلکەی قوووە هاتووەتە دنیایەو هۆیەکەشی ئەمەیە کە (لیدا)ی دایکی شێوەی قووی هەبووەو زیوس حەزی چووەتێ‌و هەڤجێیی دەگەڵ کردووە. لە ئەفساناندا وا هاتووە کە تزیوس، قارەمانی ئاتین‌و فەرزەندی پوسیدونی، خواوەندی دەریایان، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، هیلینی جوان دەڕفێنێ بەڵام برایەکانی رزگاری دەکەن. لەو زەمانەدا کە هاوسەری مینەلایوس بووە، عینوانی جوانترین ژنی سەرانسەری خاکی یۆنانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد بوو. کاتێ کە لە بارەگای خواوەندانـدا، پاریس سێوەکەی زیوس، دیاریەکەی زیوس، پێشکەش بە "ئافرودیت" دەکات‌و ئافرودێت وەکو جوانترین خواوەند دەست نیشان دەکات، ئافرودێت بەڵێنی دەداتێ کە جوانترین ئافرەتی دنیا بخاتە داوی ئەشقی ئەوەوەو بیخاتە هەمێزییەوە. بەمجۆرە پاریس بەرەو سپارتە دەبات‌و پاشان هیلین ئاشقی ئەو دەکات‌و دەگەڵ ئەودا بۆ سەر زەمینی

(تــرواده) دەڕوات. ئیـدی ئـەم مەسـەلەیە دەبێتـە هـۆی هەڵگیرسـاندنی ئـاگری شـەڕی نێـوان تـروادەو میللەتـەکانی دیکـەی یۆنـانی، وەکـو لـە ئیلیـادەدا باسکراوە سـەرەنجام هێرشـبەرانی یۆنـانی سـەردەکەون و تـرواده دەگـەڵ عاردیـدا تـەخت دەکـەن و هـیلین دەبەنـەوە. دەڵـێن گوایـە ئاخیلوسی پۆلاتەنی لە شکان نەهاتووش حەزی لێکردووە. مەبەست لە ئاکیان یۆنانیەکانە.

٩٣- لە دەقە ئینگلیزیەکەی ساموئیل باتلەر -کتابهای بزرگ جهان غرب از بریتانیکا. سروودی بیست و سێیەم، ل ٣١٥ـەوە پاچڤەی فارسی کراوە.

٩٤-لە دەقە ئینگلیزیەکەی ئی. ڤی. ریو، بڵاوەخانەی پنگوین -ئینگلیستان - ل ٣٦٥ـەوە پاچڤەی فارسی کراوە.

٩٥-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جیاوازی ئیلیادەو ئۆدیسە، بڕوانە کتێبی ئیلیادە -ئۆدیسەو داب و نەریتی داستانی، دانانی چارلز رووان بی پێنجەم لە ژێر سەرناڤی ئۆدیسە.

٩٦- بڕوانە ئانسایکلوپیدیای بریتانیا - ماکروپیدیا - بەرگی هەشتەم ل ١٠١٧ و ١٠١٨.

سەرچاوە:

آثار کلاسیک جهان/ ٩/دفتر معرفی و نقد ادبیات کلاسیک جهان

معرفی و نقد حماسه اودیسه/ اثر هومر.شرکت سهامی کتابهای جیبی وابسته به مؤسسهء انتشارات امیر کبیر/ تهران ١٣٨٨

# ٣-نامۆی ئەلبێر کامۆ*

## ئەلبێر کامۆ (١٩١٣- ١٩٦٠)

رۆژنامەنووس، چیرۆکنووس‌و فەیلەسووف ئەگزیستانسیالیستی فەرەنسایی لە جەزایر لە دایکبووە. لە ژیانیا جۆرەها پیشەو ئایدولوژیای جەرباندووەو بۆ نووسینی وتاران، کتێبان‌و دیدو بۆچوونانی سیاسی، سوودی لەو ئەزموونانە بینیوە. ئەوپەڕی ئامانجی ئەو دۆزینەوەی ڕێگایەك بوو بۆ ژیانی باشتری بەشەر. براوەی خەلاتی نۆبلی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٥٧ بوو.

ئەم فەیلەسووفە ڕۆشنبینەو ئەم مامۆستای زانستی ئەخلاقە، کە لە ساڵانی پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە بوو بوو بە قیبلەی میلونەها نەوەی سەرگەردان‌و مەینەتباری ئەوروپا، چی دەگوت‌و چ پەیامێکی پێبوو کە هەمووان ڕوویان دەکردە ئەوو لە دوو توێی کتێبەکانی ئەودا بۆ ئاسوودەیی خۆ دەگەڕان؟ ئەم گەنجە خوێنەوارە جەزایریە، کە باوکی کرێکارێکی سادەی فەرەنسی‌و دایکی ژنێکی عەوامی ئەسپانیایی بوو و لە ناکاوا دەرکەوت‌و لە پڕا مرد، چ قسانێکی دەکرد کە ناوی ئەوی لە سەرووی پێرستی کەڵە ئەدیبانی فەرەنساو زانایانی دیکەی هاوعەسری خۆیەوە دانا بوو؟ ئەم پیاوە کە ناوی "ئەلبێر کامۆ" بوو لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٥ کاتێ ئەوروپا لە ژێر پۆستاڵی سەربازانی نازیدا دەلەرزی، دەگەڵ نیشتمانپەروەرانی فەرەنسەویدا ڕۆژنامەی نهێنی خەباتی بەرێوەدەبرد، چ بابەتێکی نووسین‌و چ کتێبانێکی دەرکرد کەوا ئەمڕۆکە بەرهەمەکانی ئەو بە شانازی ئەدەبی فەرەنسی دێنە ژماردن؟

دنیای کامۆ دنیایەکی خەیاڵبزوێنە، دنیایەکی پڕ ترس‌و لەرزە کە پتر لە نیو سەدەیەك، بوو سەرنجی هزرڤانانی وەکو فرانز کافکا، جان پول سارتەرو ئالدوس هکسلی بە جۆرێکی دیکە بۆ خۆی ڕاکێشا بوو.

هەمیشە چەند پرسیارێك لە هزری کامۆدا حازر بوون: ئایا ئەم ژیانە جگە لە پوچی‌و بێ بەری هیچ بەرهەمێکی دیکەی هەیە؟ ئایا ئەم ژیانەی کە خەم‌و مەرگ تیایا حەتمی‌و بێ چارەیە دەتوانرێت بەبێ نەفرەت‌و بێزاری بەسەر ببرێت؟

ئایا لەم جیهانەدا کە ئێمەمانان تا دوا ساتی ژیان پێی نامۆین و دەزانین مەرگ‌و فەنا لەگینە لە هەر ساتێکدا ڕێگامان پێبگرێت، دەتوانین دڵی پێخۆش بکەین‌و لە ڕێگەی خۆ فریودانەوە ئەم چەند ڕۆژەی ژیان بۆ خۆ خۆش بکەین؟

ئایا بەشەر، بە هەموو هەوڵ‌و کۆشش‌و یاخیبوونێکەوە دەتوانێ بگاتە ئازادی فەردی، ئازادی فەردی بە دەست بێنێ، دەتوانێ پابەندی پرەنسیپەکانی ئەخلاق بێت، دەتوانێ لە تەنیایی‌و بێکەسی هەڵێت‌و دۆست‌و خەمخۆرێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت، دەتوانێت لە کۆتایی ئەم سەفەرە کورتەی تەمەندا، بە خۆی بنازێت کە بە ڕاستی شتێك لەم ژیانە حاڵی بووە؟

ئەم پرسیارانە هەمیشە بە مێشکی ئەودا دەهاتن‌و کامۆ لە ماوەی تەمەنی کورتی چل‌و حەوت ساڵەی خۆیدا، زۆرجار هەوڵیداوە وەڵامێن قەناعەتبەخشیان بۆ بدۆزێتەوە. هەمان ئەم پرسیارانە

لایەنگرانی فەلسەفەی "ئەگزیستانسیالیزم" لە خۆیان دەکردو ئەم هزرڤانە گەنجە، لە نیوەی ڕێگادا، ڕێڕەوی خۆی لەوانی دی جیاکردەوە. ئەوەی کامۆ لە سەرەنجامدا گوتوویەتی و لە دوو کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا: نامۆ و تاعوون(١)دا بەرجەستە بووە. لەم چەند ڕستەیەدا چڕ بووەتەوە.

" لە قوڵایی باوەڕی بتەومەوە بەمەی کە تێکڕای یاساو ڕێساو داب‌و نەریت‌و باوەڕێن بەشەری بێبناغەو بێپایەیەو لەم دنیایەدا دەبێ نکۆڵی لە هەموو شتێك(٢) بکەیت، من هەوڵمداوە پەنا وەبەر هەندێ ئەوزاران بەرم کە بەسەر ئەم نکۆڵی کردنەدا زاڵ بم. لە زستانی جاویدانی ڕوحی خۆمدا، سەرەنجام بۆم دەرکەوت کە هاوینێکی هەمیشەیی هەیە".

بـۆ ناسـینی ڕاسـتەفینەی کـامۆو کەشـفکردنی ڕوونـی بیرەکـانی، پێویسـتە کتـێبی نـامۆ بخوێنرێتەوە. نامۆ سەرگوزوشتەی پیاوێکی گەنجە کە لە شارێکی جەزایردا دەژی. بە ڕواڵەت نە بەختیارە نە بەدبەختە. لە کاتێکا لە دارای دنیادا هیچی نیەو لە خانوویەکی پەرپووتدا دەژی، لە هەموو شتێك ڕازییە، لە ڕاستیدا جۆری بیرکردنەوەی ئەو جۆرێکە کە گلەیی لە هیچ شتێك نیەو هەبوونی و نەبوونی بەلاوە وەکو یەکە. تەمەن دەچەرخێ، ئەویش بێگوێدان بە کاروانی گێتی بوون، ڕۆژ بە شەو وشەو بە ڕۆژ دەسپێرێت(٣)، ڕۆژێك ڕووداوێك لە ژیانیا ڕوو دەدات:

دایکە ئەمڕۆ مرد، یان لەگینە دوێنێ بووبێ، دڵنیانیم. ئەو تەلەگرافەی لە کەترەخانەکەوە(٤) گەیی دەڵێت: "دایکت مرد. ڕێو ڕەسمی بەڕێکردنی جەنازەکەی سبەینێیە. لەگەڵ سەرەخۆشی قووڵا." بەمجۆرە ڕوون نەبووەتەوە. ڕەنگە دوێنێ بووبێ.

کەترەخانەکە لە مارنگۆیە(٥) کە نزیکەی پەنجا میلێك لە جەزایرەوە دوورە. دەتوانم بە پاسی سەعات دوو، پێش ئەوەی دنیا تاریك ببێت خۆم بگەیەنمە ئەوێندەر. پاشان دەتوانم شەو لەوێ بەسەر بەرم، بە دیار جەنازەکەوە، شەو ڕۆژ بکەمەوەو تا سبەی شەو دووبارە خۆم بگەیەنمەوە ئێرە. دوو ڕۆژ مۆڵەتم لە بەڕێوەبەرەکەم وەرگرت، هەڵبەتە بە حوکمی ئەم وەزعە نەیتوانی مۆڵەتم نەداتێ. بە هەرحاڵ وام هاتە بەرچاو کە ئەم داوایەی لەبەر گران بوو و من بەبێ بیرکردنەوە گوتم: "ببورە جەناب، بە خۆتان دەزانن کە ئەمە خەتای منی تیا نییە." پاشان وام بە خەیاڵدا هات کە بە خۆڕایی ئەم قسەیەم کرد. هیچ هۆیەك لە ئارادا نەبوو کە پاکانە بۆ خۆم بکەم. خۆ دەبوا ئەو سەرخۆشی و ئەم شتانە لە من بکات، ڕەنگە دوو سبەی، کاتێ دووبارە چاوی پێم دەکەوێتەوە، ئەم کارە بکات. جارێ وەزع‌و ڕەوشەکە جۆرێکە وەکو ئەمەی کە دایکە ئەسڵەن نەمردبێ، پاش ئەوەی ڕێوڕەسمی ناشتنی جەنازەکە تەواو بوو و مۆری ڕەسمیەتی پێوەنرا، هەنگێ دەشێت بگوترێ کە بە ڕاستی مردووە(٦).

بـە پاسـی سـەعات دوو دەڕوات: دنیـا گەرمـە. عادەتـەن، پاسـی نەفەربـەر لـە خوارنگەکـەی سیلسیت(٧) دەوەستێ. هـەموو زانیویانـە کـە دایکـی مـردووەو هاوسـۆزی دەگـەڵ دەکـەن. مسـیو سیلسـیت، خـاوەنی خوارنگەکـە، پێـی دەڵێـت: "کـەس نـابێ بـە دایـك." پاشـان بـە هەشـتاو، بـەو خۆرەتـاوە گەرمـە، دەچـێ بـە سـۆراخی عەمانوئیلـەوە(٨) تـا بۆینباخـە ڕەشـەکەی بـە ئەمانـەت لێوەربگرێت. ڕاکە ڕاکەو دنیای ئاگر پـژێن‌و هاڕەهاڕی ترومبێل‌و بۆنی بەنزین دەکەنە کارێك کە

بە درێژایی ڕێگا، بێئەوەی سەرنجی هیچ شوێنی بدات، هەر باوێشکان بدات، لە کەترەخانەکەدا داوا لە دەرگاوانەکە دەکات کە دایکی لە تابووتەکەیدا ببینێ بەڵام دەرگاوانەکە پێی دەڵێ کە دەبێ بچێتە لای بەڕێوەبەر. بەڕێوەبەر کە پیرەمێردێکی ئەندام وردیلەیەو میداڵو نیشانی (لژیون دونور)ی لە بەرۆکی خۆی داوە، مودەتێك لێی ڕادەمێنێ، پاشان تەوقەی دەگەڵ دەکاتو ئیدی دەستی بەر نادات و ئەویش ناڕەحەت و نیگەران دەبێت. هەنگێ ئەو دەفتەرەی کە لەو بەرەوە لەسەر مێزێکە هەڵدەداتەوەو پێی دەڵێت: "مەدام مەرسو سێ ساڵ لەمە پێش هاتووەتە کەترەخانە. هیچ ئیمکانێکی ژیانی نەبوو و تەنیا سەرچاوەی ژیانی تۆ بوویت." هەستم کرد، کە دەیەوێ بە بیانویەکەوە سەرزەنشتم بکات، دەستم بە ڕوونکردنەوە کرد، بەڵام قسەکەی بڕیم:

" کوڕی خۆم، پێویست ناکات پاکانە بۆ خۆت بکەی. من فایلەکانم دیتوونو وا دیارە تۆ لە وەزعو حاڵێکی ئەوتۆدا نەبووی کە وەکو پێویست سەرپەرشتیو چاودێری بکەیت. ئەو پێویستی بە کەسێك بوو کە شەوو ڕۆژ بە دیاریەوە بێو ئەو گەنجانەی کە وەکو تۆ کارێکیان هەیە، دەرامەتیان ئەوەندە نییە. بە هەرحاڵ ژیانی لە کەترەخانەکەدا زۆر خۆشتر بوو."

گوتم:

"بەڵێ جەناب، من لەو ڕووەوە دڵنیام."

ئەوسا ئەو لە سەری ڕۆیی:

"ئەو لێرە دۆستانی باشی هەبوون. دەزانی خەڵکانی بە تەمەن، عادەتەن دەگەڵ خەڵکانی هاوتەمەنی خۆدا باشتر دەسازێن. تۆ زۆر گەنجیت. نەتدەتوانی ببی بە هاودەمێکی باشی ئەو."

قسەکانی، حەقیقەتی تەواو بوون، دایکم هەمیشە تەمەشای منی دەکردو بە دەگمەن قسەمان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد. کە تازە هاتبووە کەترەخانەکە، لە هەفتەکانی سەرەتاوە بەردەوام دەگریا. بەڵام هۆی ئەم کارەی ئەمە بوو کە هێشتا ئاکنجی ئێرە نەبوو بوو، ڕانەهاتبوو. دوای یەك دوو هەیڤان، ئەگەر پێیان گوتبا کە دەبێ لێرە بڕوات، هەنگێ دەستی بە گریان دەکرد. ئەمە بۆ خۆی بەلایەك بوو. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لە یەك ساڵی ڕابردوودا، من بە دەگمەن بۆ دیدەنی ئەو بۆ ئێرە دەهاتم. لەلایەکی تریشەوە ئەم کارە دەیکردە ئەوەی کە ڕۆژی یەك شەمەکانم لە کیس بچێت، جگە لەمەی کە ناچار بووم بچمە سۆراخی پاسو بلیت ئامادە بکەمو بەلای کەمەوە دوو سەعات بۆچوونو دوو سەعات بۆ هاتنەوە تەرخان بکەم(٩).

کوڕەی گەنج دەگەڵ بەڕێوەبەردا دەڕوات بۆ دیتنی دایکی. لەلای بینایەکی چکۆلەی ئەلاحەدەوە، بەڕێوەبەر لێی جیا دەبێتەوەو دەڵێت "مسیو مەرسۆ. من بە تەنیات جێدێڵم، ئەگەر کارێکت بە من هەبوو لە ئۆفیسم. پێشنیازمان کردووە کە ڕێوڕەسمی بەڕێکردن و ناشتنی جەنازەکە سبەینێ بێت. واتە دەتوانی هەموو شەوەکە بەدیار تابووتەکەی دایکتەوە بەسەر بەریتو من دڵنیام کە ئەمە ئاواتو ئارەزووی تۆیە."

گەنجەکە، خۆی بە مردووخانەکەدا دەکات، جەنازەکەی دایکی لە تابووتێکایە لە ناوەندی ژوورێکاو چەند کورسیو سێ پایەیەکیشی بە دەورەوەیە. ژنێکی عەرەب، کە پێدەچوو پەرستار

بیّ، لەویّ بوو و حەماڵێك كە بە  هەشتاو هاتبوو و هانكە هانكی پێكەوتبوو، بەلەز چووە بەرەوە تا برغوو سەمونەی دەرگای تابووتەكە بكاتەوە بەڵام گەنجەكە نەیهێشت.

بە سەرسامی پرسی:

"با بزانم. مەسەلە چیە؟ ناتەویّ دایكت...."

گوتم: "نە"

ئاچارەكەی لە بەرکی نایەوەو بە سەرسامی تەمەشای منی كرد. هەنگیّ هەستم كرد كە نەدەبوو بڵێم "نە"و ئەم تەسەورە شپرزەی كردم. دوای ئەوەی چەند دەقیقەیەك لێم ورد بووەوە پرسی:

"بۆچی ناتەویّ؟"

هیچ گلەییەك بە دەنگیەوە دیار نەبوو، پاشان بێئەوەی نیگام بكات. بە مجامەلەوە گوتی:

"تێدەگەم!"(١٠).

ژنە عەرەبەكە، كە لایەكی دەموچاوی داپۆشی بوو، لەویّ ڕۆیی. حەماڵە پیرەكە، سەرنجی گەنجەكەی بۆ ژنەی تاین ڕاكێشاو گوتی كە غودە لە دەموچاوی هاتووە. پاشان خۆیشی هەستا تا بڕوات، بەڵام كە تەمەشایەكی كوڕە گەنجەكەی كرد، دوچاری دوو دڵی بوو و لەویّ مایەوە. ئەوسا كەوتە گێڕانەوەی بە سەرهاتی خۆی.

بە قرچەی گەرمای ڕۆژو لە هەلومەرجێكی دژوارو تاقەتبەردا، دایكەیان بە ڕێوڕەسمێكی سادە بە خاك سپارد، لە كاتێكا كە كوڕەكەی بۆ تاقە جارێكیش تەمەشایەكی دەموچاوی نەكرد(١١). هەندێجار بیری لەوە دەكردەوە ئەم كارە بكات، بەڵام پاشان، لەبەر هۆیەك كە خۆیشی نەیدەزانی چییە، وازی لەو بیرۆكەیەش هێنا. دوای ڕێوڕەسمی ناشتنەكە بۆ شار گەڕایەوەو ئەوەندە شەكەت و ماندوو بوو كە خەوێكی قورس و بە لەزەت بردییەوە. بۆ سبەینیّ كە یەك شەممە بوو، درەنگ لە خەو ڕابوو(١٢).

هەستانەكەم لەبەر گران بوو چونكە دوێنیّ بە ڕاستی ماندوو بوو بووم. كاتیّ كە ڕدێنم دەتاشی، بیرم لەوە دەكردەوە كە چۆن ڕۆژ بگوزەرێنم و ئەنجام گەییمە ئەم قەناعەتەی كە مەلە لە هەر شتێكی دی باشتر ماندوویەتی لەشم دەر دەكات. بەم مەبەستە سواری ترامواییەك بووم كە بەرەو بەندەر دەڕۆیی.

لە هەموو ڕوویەكەوە وەكو ڕۆژانی پێشوو وابوو. ژمارەیەكی زۆری گەنج لە ناو ئەستێڵی مەلەكەدا بوون، ماری كاردونام(١٣) لە ناویاندا ناسییەوە، كە ماوەیەك تاپیێستی دایەرەكەی ئێمە بوو. لە یەكەم ڕۆژانەوە چووە دڵمەوەو هەستم دەكرد كە ئەویش ڕقی لە من نییە. بەڵام ماوەی مانەوەو كاركردنی دەگەڵ دایەرەی ئێمەدا ئەوەندە كورت بوو كە هیچم نەدروویەوە.

لەو ساتەدا كە كۆمەكم دەكرد تاسەر بكەوێتە سەر تەختەی مەلەكە، دەستم بەرەو دەستەكانی خزاند. سەركەوتە سەر تەختەكە و لەسەر گازی پشت خۆی دا بەسەر تەختەكەداو منیش لە هەمان كاتدا ئاوم پێدا دەپرژاند، دوای دەقیقەیەك ئاوڕی دایەوەو تەمەشای منی كرد. قژەكەی كەوتبووە سەر چاوانی و پێدەكەنی، سەركەوتمە سەر تەختەكەو لەلایەوە پاڵكەوتم. هەواكەی زۆر

خۆش بوو و من هەر بۆ تاقی کردنەوە سەرم خستە سەر باوەشی. هەستم کرد لاری نییە. بۆیە بە هەمان دەقەوە مامەوە. ئاسمان، شین‌و زێڕین، لەبەر چاوم پانەوپان کرابووەوە، بەو دەقەوە دەمتوانی هەست بە لێدانی دڵێك بکەم کە ژێر سەرما بەرزو نزم دەبووەوە. لەوە دەچوو پتر لە نیو سەعاتێك بێ کە بەو دەقەوە پاڵ کەوتبووین‌و نیمچە خەوو نیمچە بێدار بووین. کە گەرما تەواو تینی بۆ هێناین ئەو خۆی هەڵدایە ئاوەکەوەو منیش بە دوایا. لە ناوەندی ئاوەکەدا گرتمەوەو بە دوو قۆڵی، بە دەم مەلەوە، بەرەو بەستێنەکە ڕۆیشتین. هێشتا هەر پێدەنکی.

کاتێ کە لە کەناری ئەستێڵەکە خۆمان وشك دەکردەوە پێی گوتم: "ڕەنگی من لە ڕەنگی تۆ تۆختر بووە." پێمگوت کە ئەگەر مەیلی لێیە با شەوێ پێکڤە بڕۆین بۆ سینەما. دووبارە پێکەنی‌و گوتی "دێم، بە مەرجێ بمبەی بۆ فیلمێکی کۆمیدی، بۆ نموونە فیلمێك کە فرناندل دەوری قارەمانی تیا بدینێ."

کاتێ کە خەریك بووین جل لەبەر بکەین چاوی بە بۆینباخە ڕەشەکەی من کەوت‌و لێی پرسیم بۆچی بۆینباخی ئەزێتباریم بەستووە. پێمگوت کە دایکم مردووە. پرسی "کەی؟" وەڵامم دایەوە "دوێنێ" هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵام وام نەهاتە بەرچاو کە کەمێك خۆی لێدوور خستمەوە.

سوور بووم کە پێی بڵێم خەتای من نییە کە دایکم مردووە، بەڵام پێم نەگوت، چونکە بیرم کەوتەوە کە هەمان قسەم دەگەڵ بەڕێوەبەرەکەمدا کردبوو، لەو کاتەدا ئەم هەستەم لا دروست بوو کە قسەیەکی گەوجانەم کردووە. بە هەرحاڵ گەوجانە بووبێ یا نا گەوجانە، بە نۆڕینی من بنیادەم لەم کاتانەدا کەمێك هەست بە گوناح دەکات.

تا کاتی شەوێ ماری هەموو شتێکی لە بیرکرد. فیلمەکە هەندێ بەشی کۆمیدی تیا بوو، بەڵام بەشی زۆریشی بێهودەو هەلەق و مەلەق بوو. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە لۆجی سینەماکە بووین، ئەو دەستانی دەگوشیم‌و منیش قژیم نەوازشت دەکرد. فیلمەکە کە خەریك بوو دەگەییە کۆتایی، ماچم کرد. بەڵام ئەم ڕەفتارە ناشیانەیەی خۆمم بە دڵ نەبوو. کاتێ فیلمەکە تەواو بوو، دەگەڵما بۆ ماڵەکەم هاتەوە.

بەیانی کاتێ بێدار بوومەوە، سەیرم کرد ماری ڕۆییوە. پێی گوتبووم کە پۆری بەیانی زوو چاوەڕوانی دەکات. بیرم کەوتەوە کە یەك شەممەیەو ئیدی لەم ڕووەوە، بیرم ڕەحەت بوو. بە تەبیعەت حەزم لە یەك شەمموان نەدەکرد. ئەمجارەیان سەرم لەسەر بالیفەکە سوڕاندو بۆ ئەو شوێنەم برد کە ماری سەری لەسەر دانا بوو، ئەوجا بۆنی عەتری زوڵفی ئەوم بەسەردا هات. تا سەعات دە خەوتم. دوای ئەوەش تا نیوەڕۆ بەدەم سیغارکێشانەوە، هەر لە ناو جێگاکەمدا مامەوە(١٤).

قارەمانی چیرۆکی نامۆ، لە عیمارەتێکا ئاکنجییەو لە عیمارەتەکەدا یەك ژووری بەکرێ گرتووە، دەگەڵ چەند کرێچییەکی دیکەدا دەژیو دەگەڵ زۆربەیاندا هاتوچۆی هەیە. نە زۆری خۆش دەوێن‌و نە لێیان بێزارە. یەکێك لەوانە سالامانویە(١٥) کە پیرێکی ڕووگرژی خوێنتاڵەو لە دنیادا جگە لە سەگێکی گڕوێ هیچ کەسێکی دیکەی نییە. نەخۆشی سەگەکەی، بە هۆی تێکەڵاوی بەردەوامیانەوە بۆ ئەویش سیرایەتی کردووەو ئەویش تووشی نەخۆشی گڕوێ بووە.

یەکێکی دی لە هاوسێکانی پیاوێکی شەڕانی جینگزە بە ناوی ریمون. ریمون پیاوێکە کورتە باڵا، ناوشان پان، لووت فس عەینی مست بازان. کەس نازانێ چ کارەیە. زۆر قسەی لە پاشملە دەگوترێ. بۆ نموونە دەڵێن کە گوایە لە ڕێگەی ژنانی لەشفرۆشەوە نانی خۆی پەیدا دەکات، یانی بە گەوادی دەژی، بەڵام خۆی دەڵێت کە عەمارداره(١٦).

شەوێك ڕیمون دەعوەتی دەکات بۆ ژوورەکەی خۆی. بوتڵێ شەرابی سوورو کەمێك خۆراکی شەومەنە، پێکەوە دەخۆنو رازی قسان دادەمەزرێنن.ریمۆن باسی کچێکی دۆستی دەکات کە ئەوی بەجێهێشتووەو ڕۆییوە. دەڵێت وێڕای ئەوەی خەرجی ژیانی کێشاوە، ژنە هەر خوتەو بۆڵەی ئەوە دەکات کە ناتوانێ بەم کولە مەرگیە بژی. ریمون ڕۆژێك لە جانتاکەی ئەودا بلیتێکی لوتاری دەدۆزێتەوەو چونکە ژنە ناتوانێ بۆی ڕوونبکاتەوە کە چۆن ئەو بلیتەی کڕیووە، دەیگرێتە ژێر کوتەك و بە قەستی کوشت لێی دەدات. ئەنجام ژنە لەوێ هەڵدێو دەڕوات بۆ لای براکەی. ریمون داوا لە میوانەکەی دەکات کە نامەیەکی دڵداری بۆ ژنە بۆ بنووسێت و کارێکی وەها بکات کە ژنە بۆ لای ئەم بگەڕێتەوە.

نامەکە دەنووسرێت و ژنە دەگەڕێتەوە. شەوێك کاتێ کابرای جەوان دەگەڵ دڵدارەکەی خۆیا، ماری، لە ژوورەکەی خۆیدا پاڵکەوتووە، دەنگە دەنگە لە ژوورەکەی تەنیشتیانەوە بەرز دەبێتەوە:

هەوەڵجار گوێمان لە دەنگی بەرزی ژنێك بوو کە هەندێ شتی دەگوت، پاشان نەڕەی ریموندمان هاتە گوێ کە هاواری دەکرد: سەگە خوێڕی! تۆ دەتەوێ ئابڕووی من ببەی؟ ئێستا تێت دەگەیەنم ئابڕوو بردن یانی چی؟ ئەوسا دەنگی ئەزرەبەو جەزرەبەی یەك لە دووی یەك بەرز بووەوەو پاشان قاوقیژێکی هێندە تیژ بەرز بووەوە کە خوێنی مەیاندین و لە ماوەی چەند دەقیقەیەك هەمهەمەو ژاوە ژاوە لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە. من و ماری دەرگاکەمان کردەوەو چووینە دەرەوە تا بزانین چی قەوماوە. ژنەی تاین هێشتا هەر دەیقیژاندو ریموندیش بەردەوام لێی دەدا. ماری پێی گوتم "شتێکی ترسناك نییە؟" و من هیچ وەڵامێکیم نەدایەوە. پاشان داوای لە من کرد بڕۆم پۆلیس بێنم، پێمگوت کە من حەز لە چارەی پۆلیس ناکەم. هەرچەندە لەم کاتەدا کرێچییەکی دیکە ئەم کارەی کرد. کابرایەکی بۆریچی کە ماڵی لە نهۆمی دووەما بوو، دەگەڵ پۆلیسێکدا هاتە سەرێ، کاتێ بە توندی لە دەرگای ژوورەکەی ریموندی دا، دەنگی ناو ژوورەکە بڕا، بەڵام پۆلیسەکە هەر لە دەرگای دەداو پاش ئەوە دەنگی گریانی ژنەکە بەرز بووەوە. ئاقیبەت ریموند دەرگای کردەوە. جگەرەیەکی بەلا لێوەوە بوو و، بزەیەکی نەخۆشانە سیمای داپۆشی بوو. "ناوت چییە؟" و ریموند ناوی خۆی گوت. پۆلیسەکە بە زبری گوتی: "کاتێ کە قسە دەگەڵ منا دەکەیت، سیغارەکەت لابە!" ریموند هەڵوەستەیەکی کرد، نیگایەکی لای منی کردو سیغارەکەی لانەبرد. پۆلیسەکە لە ناکاوا بازووی با هەڵداو یەك مستی مزری بە گۆنای چەپیا کێشا. سیغارەکە لە دەمی پەڕیو لە دووری مەترێك کەوتە سەر زەوی. ریموند خۆی گرژ کرد بەڵام هیچ قسەیەکی نەکرد. پاشان بە شێوازێکی خاکیانە مۆڵەتی خواست کە سیغارەکە لە عاردی هەڵگرێتەوە.

پۆلیسەکە گوتی: "زۆر باشە"و پاشان لە سەری ڕۆیی "لە بیرت بیٚ کە جاریٚکی دی ئیٚمە، ئەم دوو نەفـەرە، بـۆ ئـەمجۆرە کـارە گەوجانانـە ڕووبـەڕووی یـەك نابینـەوە، دەگـەلٚ کەسـیٚکی بـیٚ سەروبەری وەکو تۆدا!".

کیژەکە بە هەمان دەقەوە دەگریاو پەیتا پەیتا دەیگوت "ئەم نامەردە لیٚی دام."

ریموند هاتە قسە:

"ببوورە جەنابی ئەفسەر، ئاخر ئەمە ڕەوایە کە لەبەردەم ئەم هەموو خەلٚکەدا من بە... ناو بەریت؟".

پۆلیسەکە پیٚی گوت کە زاری شوومو گلاٚوی لیٚك بنیٚ.

ریموند بەرەو لای کچەکە گەڕایەوە.

"گویٚ مەدەیە نازەنین، ئیٚمە جاریٚکی دیکەش یەکدی دەبینینەوە!".

"بەسە!"

و پاشان پۆلیسەکە ڕووی کردە ژنەکەو گوتی لەویٚ بڕوات. ریموند دەبیٚ لە ژوورەکەی خۆیدا بمیٚنیٚ تا لەلایەن دایەرەی پۆلیسەوە بانگ دەکریٚت.

"تۆ دەبیٚ شەرم لە خۆت بکەی، ئەوەندە مەستی خۆت لەسەر لاقان ناگریت. دەلەرزیت!".

" هەلٚبەتە دەلەرزم.من مەست نیم،لیٚ کاتیٚ تۆ دەبینم کە لەویٚ وەستاویت و خەریکە تەحقیق دەکەی لەرزم لیٚدیٚت.ئەمە شتیٚکی تەواو ئاساییە."

ئەوسا دەرگاکەی داخستو ئیٚمەش هەموو بلاٚوەمان لیٚکرد(١٧).

برای کیـژەی دلٚـداری ریمونـد، کـوڕیٚکی جـەوانی عـەرەبی بـەرەلٚلاٚی تونـدڕەوە، دەگـەلٚ چـەند هاوڕیٚیـەکی چەقۆکیٚشـی خۆیـدا لیٚـدەبڕیٚن کـاری ریمونـد بکـەن. لـە زۆر شـویٚندا ڕیٚـی پیٚـدەگرنو تـاقیبی دەکـەن، بەلاٚم ریمونـد هەلٚدیٚو بـە سـەلامەتی دەردەچیٚ. تا ڕۆژیٚکی یـەك شـەممە، لەسـەر داوای ریمونـد، قارەمـانی چیرۆکەکە هـاوڕیٚ دەگـەلٚ ئـەودا دەچـیٚ بـۆ کـەناری دەریـا. ماریشـیان دەگـەلٚ دەبیٚـت. دوو پیاوەکـە دەزانـن لەگینـە لەلایـەن گـەنجانی عەرەبـەوە پـەلامار بـدریٚن، بۆیـە ریموند، لە ڕووی پاریٚزەوە، دەمانچەیەکی پڕ دەداتە دۆستەکەی خۆیو ئەویش بیٚخەمو خـەیالٚ لە گیرفانی خۆی دەنیٚ. لە کەنارەکەدا دۆستان لیٚکدی دادەبڕیٚنو....

.... من ڕیٚم دەکرد، تا چاو بڕی دەکرد، تیشکی ئاگرینی هەتاو بوو کە بەسەر دەریاو زەویدا دەڕژاو پیٚلو شەپۆلانی چکۆلە، وەکو هەناسەیٚن کورتو ماندوو، بەرزو نزم دەبوونەوە. بەو دەقەوە کە هیٚدی هیٚدی بەرەو بەردەلاٚنی کۆتایی بەستیٚنەکە دەڕۆییشتم، هەستم دەکرد کە لا جانگەکانم لە ژیٚر باری کەلٚەکە بوونی ڕوناکی دا بەرە بەرە دەئاوسیٚن، گوشارەکە بەڕادەیەك بوو، کە لە ڕۆییشتنی دەکردم. هەر جاریٚ کە هەستم دەکرد گڕەبایەکی ئاگر ئاسا بەر تەویٚلم دەکەویٚ، ددانەکانم لیٚکدی دەسوو، کۆلٚەمستم لە نیٚو گیرفانی پانتۆلٚەکەمدا دەگوشیو زۆرم لە خۆ دەکرد تا تیشکی هەتاوەکە و ئەو سەرە گیٚژکە قورسەی کە گەمارۆی دەدام لە خۆ دوور بخەمەوە. هەر کاتیٚ کە تیرۆژی تیشکی کویٚرکەر، لە پارچە شووشەیەك یان لە پارچە سەدەفیٚکەوە هەلٚدەستا،

شەویلەکانم لەسەر یەك قەپات دەبوون. نەمدەویست کە پاشەکشە بکەمو بگەڕێمەوەو بە هەمان دەمەوە دەچوومە پێشێ.

لـــە کەنارەکـــەدا، بـــەرزایی تـــاوێرێکی چـــکۆلە دەرکـــەوت. بۆخـــاری گـــەرمو تیشـــکی بەرێشکەوپێشکەی هەتاو، خەرمانەیەکی لە دەوری دروستکرد بوو بەڵام تەسەوری ئەوەی کە جۆگایەکی ساردو زوڵاڵی لە پشتەوە بوو و لەزەتی ئەوەی خوڕە خوڕی ئاوە ڕەوانەکەی دەژنەوم، بەرەو ئەوێی دەبردم.

ئامادە بووم هەر کارێ بکەم بۆ ئەوەی لە هەتاو ڕزگار ببم. ژنان نەبینم کە بە چاوانی گریانەوە، هەوڵدەدەن هانکە هانك هەناسە دەدەن. حەزم دەکرد پەنا بەرمە بەر ئەو گۆڵاوە سێبەرەی کەنار تاوێرەکەو فێنکاییە ئارام بەخشەکەی.

بـەڵام کـاتێ نـزیکتر بوومـەوە، چـاوم بـە گەنجـە عەرەبەکـەی حـەریفی ریمونـد کـەوت کـە گەڕابووەوە. ئەمجارەیان بە تەنیا بوو و بە پشتا لەسەر ئەرزەکە ڕاکشا بوو. دەستەکانی نابوونە ژێر سەری و دەموچاوی لە سایەو سێبەری تاوێرەکەدا بوو و باقی بەدەنی لەبەر هەتاوەکە بوو. بە جلە پەمووە ناپەسندە سپیەکەیەوە، دەتتوانی ئەوە بدینی کە لەبەر ئەو گەرما توندەدا چۆن بوخاری لێهەڵدەستێ. کـەمێك سـڵەمیمەوە. وامـدەزانی کـە مەسـەلەکە تـەواو بـووەو بڕاوەتـەوەو کاتێ بە دیوی ئەم دیودا دەهاتم هەرگیز ئەوەم بە بیردا نەدەهات کە لەگینە تووشی ئەو ببم.

گەنجە عەرەبەکە کاتێ منی بینی، ئاخێزێکی بۆ کردو یەکسەر و بێئختیار دەستی بۆ گیرفانی چـوو. تونـد دەسـتم خسـتە سـەر دەمانچـەکەی ریمـون کـە لـە گیرفانمـدا بـوو. عەرەبەکـە دووبـارە گەڕایەوە سەر حاڵی یەکەمجاری، بەڵام ئەو شتەی، کە لە دەستیا بوو و لە گیرفانیا شاردبوویەوە، ڕەهـا نـەکردبوو. مـن هەنـدێك لێـوەی دوور بـووم، نزیکـەی دە شـەقاوێك، زۆرجـار لەبـەر شـەپۆلانی گەرمی بوخارا، وەکو تارماییەك دەمبـینی و لـە هـەمان کاتـدا ئاگـام لـە چاوە زیتـەکانی بـوو کـە لـە نێوان پێڵوە نیمچە داخراوەکانیەوە تەمەشای منی دەکرد. دەنگی شەپۆلان، چونکە کاتی نیوەڕۆ بـوو، کزتـرو لاوازتـر بـوو بـوو، بـەڵام تیشـکی هەتاوەکە هـیچ گـۆڕانێکی بەسـەردا نـەهاتبوو. وەکو خۆی بێ ڕەحمانـە بەسـەر ئـەو بەستێنە بەرینـە لمەڵانیـەدا کـە لـەم تـاوێرەدا دەبڕایـەوە، دادەبـاری. دەتگوت دوو دانە سەعات بوو کە خۆر لە جێی خۆی نەجوڵا بوو و لە ئۆقیانووسێکی پۆڵای گڕ گرتـوودا، ئـارامی گرتبـوو، لـە دووری دوور، لـە نـاو دەریاکـەدا کەشـتیەك لـە جوڵـەدا بـوو و مـن بـە تیلـەی چاو، لـە هـەمان کاتـدا کـە چاوێکم هـەر لـە کوڕیژگـە عەرەبەکە بـوو، خـاڵێکی ڕەشـی بـزۆزم دەبینی.

ئەوەی لەو ساتەدا بە مێشکما هات ئەمە بوو کە بگەڕێمەوەو بێگوێدان بە هیچ شتێ درێژە بەڕێی خۆم بدەم. بەڵام هەموو کەنارەکە کە نەبزی لە گەرمادا لێی دەدا، لە تۆ وایـە گوشـار دەخاتـە سەر سەرم. یارۆی عەرەب هیچ جوڵەیەکی نەکرد. بە هـەر حـاڵ هێشـتا مەسافەیەك لـە بـەینی مـن و ئـەودا مـابوو. ڕەنگـە بـە هـۆی ئـەو سـێبەرەوە کـە کـەوتبووە سـەر دەموچـاوو سـیمای و، مـن نەمـدەبینی، خـەریك بـوو دەمەلاسـێکی دەکردمـەوە. لـە جێـی خـۆم وەسـتام. هەسـتم دەکـرد کـە گۆناکانم خەریکن لە گـەرما تلـۆق دەکـەن، ئارەقـە زنگـوڵ زەنگـوڵ بـە تەوێڵمـدا دەهاتـە خـوارێ و لـە

پشت برۆکانمەوە کەڵەکە دەبوو. ڕێك هەمان گەرمای کوشندە بوو کە لە ڕۆژی ناشتنی جەنازەکەی دایکمدا دیتبووم‌و هەمان هەستی ناخۆش باڵی بەسەر بوونما کێشا بوو. بە تایبەتی تەوێڵم کە دەتگوت دەمارەکانی، یەك یەك خەریکە دەسووتێن. ئیدی نەمدەتوانی لەوەی پتر تەحەمول بکەم‌و یەك هەنگاو چوومە پێشەوە، دەمزانی کە کارێکی گەوجانە دەکەم — نەدەبوو لەو گەرما بەترەفەدا، کە پیاوی گێژ دەکرد، تاقە یەك هەنگاوی دی چووبامە پێشیێ‌و ئەوە بوو هەرکە ئەو کارەم کرد، کابرای عەرەب چەقۆکەی لە گیرفانی دەرهێناو لە بەرانبەر هەتاوەکەدا، بۆ لای منی وەرگێڕا.

تیشکدانەوەی هەتاوەکە لە سەردەمی پۆلاینی چەقۆیەکە، بریقەیەکی دایەوەو ئەم بریقەیە وەکو تیغێکی ناسکی بڕندە، نێوچەوانی شەق کردم. ئەو زەنگوڵە ئارەقانەی کە کە لە پشت برۆکانمەوە کەڵەکە بوو بوون، لە ناکاوا، داڕژانە خواریێ‌و چاوانمی بە توێژاڵە ڕتوبەتێك لێڵێ کرد. لەو دیوی ئەم سوێراوی ئەشك‌و ئارەقەیەوە، بۆم دەرکەوت کە ئیدی هیچ نابینم. تاقە شتێك کە هەستم پێدەکرد جۆرە خرۆشێکی تیشکی خۆرەکە بوو کە هەراو ئاژاوەیەکی لە مێشکما بەرپا کرد بوو هەر مەپرسەو تۆزیێ لەو سووکتر، بریقەی تیغی چەقۆیەکی بڕندە بوو کە پێڵوەکانی دەڕوشاندم‌و دەچوو بە بیلبیلەی چاوانما.

ڕێك لەم دەمەدا بوو کە هەموو شتێك لە بەرانبەرما کەوتە خولانەوە. ئاسمان لەم سەر تا ئەوسەر بوو بە دوو لەتەوە. گڕەبا یەك لە ئاگر، لە قوڵایی دەریاکەوە هەستاو، سێڵاوێك لە شوعلە، لە درزی ئاسمانەوە دستی بە داڕژان کرد. هەر دەمارێکی بە دەنم بوو بە سپرینگێکی پۆڵاو دەستم کە لەسەر دەمانچەکە بوو کەوتە جوڵان، هەوەڵجار ماشەکەو (پەلەپیتکە)و ئەوجا ژێرسکی ساڤ قۆناغەکە، ناو لەپی جۆڵاندم — و بەمجۆرە، هەموو شتیێ بە دەستڕێژێکی کوت‌و پڕو هاژەیەکی شەلاق ئاسا، دەستی پێکرد. بە یەك حەرەکەت، دلۆپێك ئارەقەم لە ڕووم ڕشت‌و بە حیجابی نورەوە چەسپیم، دەمزانی کە من هاوسەنگی ڕۆژم تێکداوە، ئارامی پانتایی کەنارێکم شێواندووە کە لەوێدا هەستم بە شادمانی دەکرد. بەڵام ئیدی نەمدەزانی چی دەکەم. چوار گوللەی دیکەشم لەو جەستە کەوتووەدا خاڵیکرد، ئەو گوللانەی کە بە ڕواڵەت هیچ نیشانەیەکیان بەوە بەدەنەوە نەنا— بەڵام هەر یەکێك لەو گوللە یەك لە دووی یەکانە، تەقول بابێکی چارەنووس سازی پڕ سەرو سەدایەك بوو کە لە دەروازەی نابووتی‌و فەوتانی خۆمم دەدا(١٨).

دادگایی زۆر زوو دەستی پێکرد. هەموو بە ڕواڵەت ئارام بەڵام لە ناخدا، بە ترس‌و لەرزەوە تەمەشای ئەویان دەکرد. لە نوڕینی خەڵکانی بەرپرسەوە، لە پارێزەری بە سوخرە گیراوەوە تا تەحقیقکارو بەرپرسانی زندان، ئەو بابایەکی تاوانباری بە سۆزو بەزەیی بوو کە بە خاڵی کردنەوەی پێنج گوللە، ئینسانێکی بێگوناحی لە خاك‌و خوێنا گەوزاند بوو.

دادپرسەکە بێهیچ پێشەکیەك پرسیاری لێکردم کە ئایا من دایکی خۆم خۆش دەویست. وەڵامم دایەوە:

"بەڵیێ وەکو هەموو خەڵکی!"

دادنووسی دادگاکە لەپشت منەوە دانیشتبوو و خەریك بوو بە خاوی تایپی دەکرد، لە ناکاوا وەك ئەوەی وشەیەکی بە هەڵە نووسیبیّ، هەڵوەستەیەکی کردو ئەوجا دوگمەکانی گۆڕی. دادپرسەکە، دوای چەند دەقیقەیەك، لە نویّ پرسیاریّکی دیکەی کرد کە بە ڕواڵەت هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی بە قسەکانی ئیّمەوە نەبوو:

"بۆچی، پیّنج گوللەت دوا بە دوای یەك تەقاند؟"

ساتیّك لە فکران ڕاچووم‌و ئەوسا ڕوونم کردەوە کە گوللەکان زاهیری دوا بە دوای یەك نەبوون. من یەکەم گوللەم تەقاندو دوای چەند دەقیقەیەك چوار گوللەی دیکەم تیا خاڵی کرد.

"بۆچی، ماوەت خستە بەینی گوللەی یەکەم‌و گوللەی دووەمەوە؟"

دیمەنەکان جاریّکی دی هاتنەوە بەرچاوم: ئەو پزیسکە سورباوەی هەتاوی کەنارەکە، ئەو گڕە سووتیّنەرەی کە گۆناکانی دەسووتاندم، بیّدەنگ بووم‌و چ قسەیەکم نەکرد.

لەم چەند دەقیقە بیّدەنگیەدا، دادپرسەکە، هەر جوڵە جوڵی بوو، نیمچە ئاخیّزیّکی دەکردو دیسان لە جیّگاکەی خۆی دادەنیشتەوە و قامکەکانی بە بن قژیا دەکرد. ئەنجام کە هەردوو ئانیشکی لەسەر میّزەکە دادەنا و روو لە من سیمایەکی سەیری لە خۆ دیّنا، پرسی:

"ئاخر بۆچی، بۆچی تەقەت لە بەشەریّك کرد کە لە عاردی کەوتبوو؟"

جاریّکی دیکەش هیچ وەڵامیّکم بە بیرا نەهات.

دادپرس، دەستیّکی بە تەویّڵی خۆیدا هیّناو بە تۆنیّکی جیاواز گوتی:

"لە تۆ دەپرسم بۆچی؟ دەمەویّ وەڵامم بدەیتەوە!"

دیسان دریّژەم بە بیّدەنگی خۆم دا.

لە ناکاوا لەجیّی خۆی هەستا. بەرەو دۆڵابی فایلەکان کە بە دەستی دیوارەکەی بەرانبەریەوە بوو، ڕۆیی‌و چەکمەجەیەکی کردەوە. خاچیّکی لە ناویا دەرهیّناو بەو دەقەوە کە تەکانی دەدا، لە پشت میّزەکەیەوە دانیشت.

"ئەم کەسە دەناسیت؟"

تۆنی دەنگی بە تەواوەتی گۆڕا بوو. لە هەڵچوونا دەلەرزی.

وەڵامم دایەوە:

"هەڵبەتە کە دەیناسم!".

پیّدەچوو ئەم قسەیەی من تەکانیّکی پیّدا بیّ. بە جۆشیّکی زیاترەوە دەستی بە قسان کرد. بە منی گوت کە باوەڕی بە خودایەو هەر گوناحکاریّك، چەندیش گوناحەکەی گەورە بیّ، دەتوانیّ ڕوو لەو بکات‌و داوای بوردنی لیّبکات.لیّ دەبیّ پیّش ئەوە تۆبە بکات و وەکو منداڵیّکی ساوای لیّبیّتەوە، بە دڵیّکی پاك‌و بیّگەردەوەو بە هەر مەحکوومیەتیّك ڕازی بیّ. پاڵی بە میّزەکەوە دابوو و خاچەکەی بە بەرچاومەوە دەجوڵاند.

ئەلهەقی بۆ من زۆر زەحمەت بوو کە لە قسەکانی ئەو بگەم، چونکە یەکەم ژینگەی ئۆفیسەکە لە ڕادەبەدەر گەرم بوو و دووەم مەگەزیّن درشت هەمیشە بە بەرچاومەوە وزە وزیان دەکردو لە سەر دەم‌و چاوم دەنیشتنەوە، لەلایەکی تریشەوە ڕەفتاری بە جۆریّ بوو کە زەندەقی بردبووم،

هەڵبەتە دەمزانی کە ئەم جۆرە هەستە گەوجانەیە، بە تایبەتی بە هەر حیسابێ من بابایەکی تاوانبار بووم.

وێڕای ئەمەش کاتێ کە قسەی دەکرد، هەوڵم دەدا تێی بگەم. وا دیارە لە ئیعترافاتەکەی مندا تەنیا یەك خاڵ هەبوو کە بێگومان دەبوایە ڕوون ببێتەوە، ئەویش ئەمە بوو، لەبەرچی فاسیلەم خستبووە نێوان فیشەکی یەکەمو فیشەکی دووەمەوە. پێدەچوو مەسەلەکانی دیکە لای ئەوان ڕوون بێ. ئەوەی نادیار بوو و بووە مایەی نیگەرانی دادپرسەکە، مەسەلەی هەڵوەستەکردنەکەی من بوو.

ئیدی دەستم کرد بە ڕوونکردنەوە دەربارەی ئەمەی کە سوور بوونی ئەو لەسەر دۆزینەوەی ئەم بابەتە کارێکی بێفایدەیە چونکە ئەم خاڵە شایستەی بایەخ پێدان نییە، بەڵام پێش ئەمەی کە مەبەستی خۆم ڕوون بکەمەوە، ڕێك لە بەردەممدا ڕاوەستاو لێی پرسیم کە ئایا باوەڕم بە خودا هەیە. کاتێ پێمگوت "نە!" بە تووڕەیی کەوتە ناو کورسیەکەی. گوتی کە قسەکەی من باوەڕکەردەنی نییە، چونکە هەمووان باوەڕیان بە خودا هەیە، تەنانەت ئەوانەش کە ڕووی لێ وەردەگێڕن. دەیگوت باوەڕێکی ئەوتۆی بەو قسانە هەیە کە دەیانکات، کە ئەگەر وانەبوایە، هەموو تەمەنی ئەو هیچ ماناو چەمکێکی نەدەبوو.

بە تووڕەیی لێی پرسیم:

"حەز دەکەی کە ژیانی من بێهودە بێ؟"

لە ڕووی حەقیقەتەوە پێمگوت کە من هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئارەزووی منو ژیانی ئەودا نابینم.

لە کاتێکا کە ئەم وشانەم دەگوت، خاچەکەی بە تووڕەیی هێنایە بەر لووتی منو هاواری کرد:

"من، بە هەر حاڵ من، کەسێکی مەسیحیم. تێدەگەی؟ و من داوا لەو دەکەم کە لە گوناحەکانت ببورێ. کوڕیژگە نەگبەتەکەی من، ئاخر تۆ چۆن نازانی کە ئەو ڕەنجی کێشاوە، لەبەر خاتری تۆی کێشاوە؟"

هەستم کرد کە ڕەفتاری، بە بەکاربردنی ڕستەی "کوڕیژگە نەگبەتەکەی من" لە بازنەی ئەتەکێتو نەزاکەتی دادگایی چووەتە دەرێو ئیدی ئەم سنوورە بۆ من بەس بوو. هەستم کرد گەرمای ژوورەکە ڕوو لە زیادیە. ئیدی وەکو عادەتی ئاسایی خۆم کە هەرکاتێ گەرەکم بێ، خۆ لە شەڕی قسەکردنی کەسێك کە ماندووم دەکات، ڕزگار بکەم، سەری تەسلیم بوون دادەنەوێنم، وام نواند کە دەگەڵ بۆچوونەکەی ئەودام. بە پێچەوانەوەی چاوەڕوانی خۆمەوە، سیمای گەشایەوەو ڕووی کرایەوە:

"دەبینی! دەبینی! ئیعتراف دەکەی کە ئیمانت هێناوەو ئامادەی کە ڕوو بکەیتە قاپی ئەو؟"

دەبوایە سەری خۆم بە نیشانەی نەفی بلەقاندایە، چونکە لە ناکاوا کەوتە ناو کورسیەکەیو، لە خۆ بورایەوە(١٩).

لە زندانـدا. خووی بە ژیانی بابایەکی زندانیەوە گرتبوو. لە ڕۆژانو هەفتانی یەکەمدا، بیرو هزرینی وەکو بیرو هزرینی هەر ئینسانێکی ئازادی هەبوو – بۆ نموونە ئارەزووی دەکرد

دڵدارەکەی "ماری" بدینێ. تامەزرۆو تاسەمەند بوو جارێکی دی بە مەبەستی گەشتو گەڕان بڕوات بۆ کەناری دەریا. حەزی دەکرد خواردنی چاك بخواتو بچێتە دیدەنی ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن، بەڵام بەرە بەرە ئەم ئارەزووانەی لە دڵی خۆیدا کوشت. سیغار نەکێشان ئەزیەتی دەدا بەڵام بە زوویی ئەوەشی فەرامۆش کرد. شەوانی هەوڵ نەیدەتوانی بخەوێتو ڕۆژانیش نەیدەتوانی ئیسراحەت بکات، بەڵام بە زوویی دەگەڵ خەودا ئاشت بووەوەو بە جۆرێ بە ئاسوودەیی دەخەوت کە هەندێجار ماوەکەی لە شازدە سەعاتیش تێدەپەڕی. ڕۆژێك لە بەینی داری تەختە خەوەکەی‌و دۆشەکە پۆشەکەیدا، پارچەیەك ڕۆژنامەی کۆنو ڕەنگ بواردوو زەردباوی دۆزییەوە. هەواڵێکی تیا بوو کە بەشێکی دڕا بوو. ئەم هەواڵەی جارەهای جار خوێندەوە، هێندەی خوێندبووەوە، هەموو وشەکانی ئەزبەر کردبوو. بابەتەکەی ئەمە بوو کە لە چیکوسلۆڤاکیا یان لە شوێنێکی دیکە، گەنجێك لە گوندەکەی خۆی دەڕەڤێ‌و بە ئومێدو هیوای دەوڵەمەند بوون دەڕوات بۆ دنیایانی نەناسراوی دیکە. نزیکەی بیستو پێنج ساڵ بەسەر ئەو بویەرەدا ڕەت دەبێ. کوڕیژگەکە کە ئێستا پیاوێکی میانە ساڵی دەوڵەمەندە، بۆ زاگەی خۆی دەگەڕێتەوەو دەچێتە میوانخانەیەك کە هی دایکی‌و خوشکەکەیەتی. بۆ ئەوەی لێیان بکات بە موفاجەئە، لە هەوەڵەوە خۆی پێیان ناناسێنێ و لە هەمان کاتدا بە هەر شێوەیەك بووە، دەوڵەمەندیەکەی خۆی لەبەر چاوی واندا دەنوێنێ .دایكو خوشك کە ڕۆڵەکەی خۆیان نەناسیوەتەوەو لە هەمان کاتدا قوربانیەکی دەوڵەمەندیان خستووەتە داوەوە، شەوێ بە تەماعی پارە دەیکوژن و کاتێ حەقیقەتەکە ئاشکرا دەبێت، دایکەکە خۆی لە دار دەداو خوشکەکەش خۆی دەخاتە بیرەوە(٢٠).

ساتەکانی ژیانی ئەو بەمجۆرە تێدەپەڕن، تا ڕۆژێك پاسەوانی زندانەکە پێی دەڵێ کە ئەو ماوەی پێنج مانگە کە لێرەدا زندانیە. ماوەیەکی دیکەش دەگوزەرێ. ڕۆژێك سەعات حەوتو نیوی بەیانی بۆ دادگایی ئاشکرای دەبەن. هۆڵی دادگای تاوان پڕە لە خەڵکی، دادسێن ئیدیعانامەکە دەخوێنێتەوە. ئەو تاوانی پیاوکوژی کردووە. شایەتەکان بانگدەکەن. لە نێو شایەتەکاندا، خەڵکانی وەکو بەڕێوەبەرو حەماڵی کەترەخانەکە، ریمون، ماری‌و چەند کەسێکی دیکە لە دۆستو بناژۆکانی خۆی دەبینێ. هەوەڵجار ناوو شۆرەت دەپرسنو پاشان پرسیارێن وەکو "بۆ دایکت لە کەترەخانە دانا بوو؟ بۆچی بە درێژایی یەك ساڵ نەچوویتە دیدەنی؟ بۆچی شەوی پێش ناشتنەکەی نەتویست سیمای دایکت بدینی؟ بۆچی ڕۆژی دوای ناشتنەکەی دایکت چوویتە گەشتو گەڕان؟ بۆچی ویستت وەختی خۆت بە تەمەشای فیلمێکی کۆمیدی بەریتە سەر؟ بۆچی دەگەڵ دڵدارەکەتدا لە ئەستێلەکەدا مەلەو لە ماڵەوە ئاشقێنیت کرد؟ بۆچی لەگەڵ پیاوێکی وەکو ریموندا کە بە ڕواڵەت عەماردارەو بەڵام ژێراو ژێر لە ڕێگەی ژنانی لەشفرۆشەوە بژێوی خۆی پەیدا دەکات، دەرگای دۆستایەتی کردەوە؟ بۆچی بە ناوی ئەوەوە نامەیەکت بۆ دڵدارو ماشقەکەی نووسی‌و ئەو ماشقەیەت هێنایەوە بەر دەستی کابرایەکی دڵڕەق تا لێی بدات؟ بۆچی دژمنایەتی برای ئەو ژنەت کردو بۆچی ئەو ڕۆژەی کە بۆ گەڕان چووبوویت بۆ کەناری دەریا دەمانچەت لە بەرکی خۆ نابوو؟ بۆچی لە خۆڕاو بەبێ هۆ بەرەو سەرچاوەوکانیاوەکە

ڕۆییشتی و بۆچی کابرای عەرەبی بێگوناحت بەر گوللەدا؟ بۆچی کاتێ یەکەم گوللەت تیا خاڵی کردو دیتت گیانی دەرچووە، چوار گوللەی دیکەشت تیا خاڵی کردەوە؟ و سەدان بۆچی دیکە.

دنیای دەروونی ئەم پیاوەو ئەوەی واقیع بوو، بۆ دادسێن و سەرۆکی دادگاو ئەندامانی ئەنجوومەنی دادگا بێمانا بوو. سەرەنجام ساتی چارەنووسساز هاتە پیشێ:

کاتێ دووبارە دەنگی زەنگەکە بەرز بووەوە و من دووبارە پێم نایە ناو قەفەزی تاوانباری، بێدەنگی هۆڵەکە سەرانسەری فەزای دەوروبەری منی گرت و دوا بە دوای ئەوە جۆرە هەڵچوون و خرۆشانێکی سەیر باڵی بەسەر هەموو ئامادەبووانـدا کێشا. سەرم وەرگێڕاو تەمەشای لای ڕۆژنامەنووسێکی گەنجم کردودیتم بۆ یەکەمجار نیگای لەسەر من گواستووەتەوە. تەمەشای ئەو لایەم نەکرد کە ماری لێ دانیشتبوو چونکە دەرفەتی ئەم کارە نەبوو، و سەرۆکی قازیان دەستی کرد بوو بە گوتنی کۆمەڵێك قسەی هەلەق و مەلەق و بێهودەو لە کۆتاییدا گەییە ئەم ئەنجامگیرییەی کە بە "ناوی خەڵکی فەرەنساوە" لە مەیدانێکی گشتیدا دەبێ سەری من لە لاشە جیا بکرێتەوە.

لەو کاتەدا بۆم دەرکەوت کە دەتوانم پاکانەو خوێندنەوە بۆ جۆری نیگاکردنی ئەو خەڵکانەی کە لە دادگادا دانیشتوون بکەم – نیگایەك بوو پڕ لە هاودەردی حورمەت ئامێز، تەنانەت ئەو پۆلیسانەش کە منیان دێناو دەبرد، ئەمجارەیان بە نەرمو نیانی ڕەفتاریان دەگەڵ مندا دەکرد. پارێزەرەکە دەستی نایە سەر مەچەکی من. بەڵام من ئیدی بیرم لە هیچ شتێك نەدەکردەوە. جارێکی دی گوێم لە دەنگی قازی بوو کە دەیپرسی ئایا من هیچ داوایەکی دیکەم هەیەو من دوای بیرکردنەوەیەکی ساتەوەختی گوتم "نە." هەنگێ پۆلیسەکان بەرەو زندانیان بردم(٢١).

***

چیرۆکی نامۆ یان غەوارەی ئەلبێر کامۆ بە مەحکوومیەتی قارەمانەکەی کۆتایی دێت، لە دوا هەناسەکانی ژیاندا، هاتنی کەشیش قەبووڵ ناکات و لە دنیای خەیاڵدا، وا تەسەور دەکات کە ئێستا هیچ جۆرە خەمێکی نیەو، وێڕای ئەوەی تروسکەی هەموو ئارەزووەکان لە دڵیا کوژاوەتەوە، بەم حاڵەشەوە بەشەرێکی بەدبەخت نییەو تەنیا ئاواتی دڵی ئەمەیە کە کاتێ بەرەو مەیدانی ئیعدام دەڕوات، جەماوەرێکی زۆر لەوێ، لە چاوەڕوانی خۆیدا بدینێ(٢٢).

مسیو مەرسۆ، ئەم گەنجە دانیشتووەی جەزایر، کە دڵی هەبوو و هەستی هەبوو و وەکو هەموو خەڵکی مافی ژیانی هەبوو، بۆچی مردو بۆچی بەم ئاسانیە حوکمی مەرگی بەسەرا درا؟ گوناحی ئەو، بەڕاستی چی بوو و ئایا خەتایەکانی بەو ئەندازەیە بوون کە بە گیوتین سەری لە لاشە جیا بکرێتەوە؟

ئەلبێر کامۆ، نووسەری کتێبەکەو ئافەرێنەری ئەم قارەمانە، یا "دژە قارەمانە"، چەندین ساڵ دواتر کاتێ کتێبەکەی بۆ زمانی ئینگلیزی پاچڤەکرا، دیباجەیەکی بۆ نووسی و چونکە دەیزانی هەموو خوێنەرەکانی لێی دەپرسن ئەمە چ چارەنووسێ بوو کە تۆ بۆ ئەم ئینسانە دڵپاکەت بڕیوە، ڕوونکردنەوەیەکی لە باری ئەوەوە دا، ڕوونکردنەوەیەك کە لە هەموو ڕوویەکەوە شایەنی ئەوەیە کە بە قووڵی بیری لێبکرێتەوە:

"... قارەمانی کتێبەکە حوکمی مەرگ دەدرێت. هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەکتەری نازانیّ. لەو کۆمەڵگەیە نامۆیە کە تیایا دەژی. لە پەراوێزدا دەژی، لە دەوروبەری ژیانێکی تەنیایی تایبەتی و ئاوێتە بە لەزەتێن شەهوانیدا دەژی. بۆیە هەندیّ لە خوێنەران دووچاری ئەم گومانو دوو دڵیە دەبن کە بە "منداڵێکی بێخاوەنی ناو ببەن. ئێوە کاتیّ وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەم کەسیەتیە کەشف دەکەن–و یان لە نیازی باتینی نووسەر نزیك دەبنەوە کە لە خۆ بپرسن بۆچی مەرسۆ ڕۆڵی خۆی لە ژیاندا بە دروستی نەدەبینی. وەڵامەکەی زۆر ئاسانە: ئەم کابرایە درۆی نەدەکرد. درۆ هەر ئەوە نیە باسی شتێك بکات کە حەقیقەتی نیە. درۆ ئەمەش دەگرێتەوە کە زۆر بەحەقیقەتیشەوە بنیّو سەبارەت بە ڕوح و هەستێن ئادامێزاد، لەوە زیاتر بڵێی کە هەستی پێدەکرێت. ئەمە هەمان کارە کە ئێمەمانان هەموو ڕۆژیّ مومارەسەی دەکەینو بەمجۆرە ژیان لە خۆ سادەو ئاسان دەکەین. مەرسۆ، بە پێچەوانەی ئەو کارانەوە کە دەیکات، نایەویّ ژیان سادەو ئاسان بکات. هەمان ئەو شتانە دەڵێت کە حەقیقەتی ڕووتن. خۆ لەوە دەبوێریّ کە هەستەکانی خۆی لە بەرگێکی ترا بنوێنیّو دەرببڕێت و ڕێك لەم ساتەدایە کە کۆمەڵگە وا خەیاڵ دەکات کە کەوتووەتە بەر هەڕەشە. بۆ نموونە داوای لێدەکەن سەبارەت بەو تاوانەی کە کردوویەتی پەشیمانی دەربڕێت و ئەمەش هەمان کارە کە لە هەموو دادگاکاندا باوە. ئەو وەڵامەی ئەو دەربارەی ئەم ڕووداوە دەیداتەوە، ئەمەیە کە ئەو زیاتر هەست بە ئازار دەکات تا — بە پەشیمانیو دیارە ئەم چەمکە گۆنگەوە دەبێتە باعیسی مەحکومیەتی ئەو.

بەمجۆرە ئەم گەنجە بەلای منەوە نەك هەر "بنیادەمێکی بێخاوەن نییە، بەڵکو پیاوێکە بیّ شێلەو بێلە، بێنەواو بێڕتوش، کە ئاشقی هەتاوێکە کە هیچ دەرفەتێك بۆ سێبەر نەیەڵێتەوە. شتێکی بەڵگە نەویستو حاشا هەڵنەگرە کە ئەو دارای هەموو جۆرە هەستیارییەك نییە، بەڵام ئەشقێکی قووڵو سەرکێش، لە بوونیا شەپۆل دەدا، ئەشقی حەقیقەتو ڕاستی. ئەم حەقیقەتە، حەقیقەتێکی بێدەنگی نەرێنییە، حەقیقەتی بوونەو حەقیقەتی ئیحساس، بەڵام بەمجۆرە حەقیقەتە نەدەشێت بەسەر خۆتا سەر بکەویو نە بەسەر ئەو جیهانەدا کە ئینسان تیایدا دەژی.

لەم حاڵەدا ئێوەیەك کە ئەم چیرۆکە دەخوێننەوە نە هەقتان نیە  ئەگەر وا تەسەور بکەن کە ئینسانێك، بێئەوەی کارێن قارەمانانە بکات، لەبەر خاتری حەقیقەت مەرگ قەبوولّ بکات. زۆرجار گوتوومەو تەنانەت ڕاڤەو شرۆڤەی هەڤدژیش بۆ هەندیّ لایەنی قسەکانم کراوە، کە لەم چیرۆکەدا هەوڵمداوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی تاقە مەسیحێك کە ئێمە شایانین، بەرجەستە بکەم (٢٣).

دوای ئەم ڕوون کردنەوەیە تێدەگەن کە من ئەم قسەیەم بێئەوەی بمەویّ کفر بکەم، گوتووەو لەم ڕونکردنەوەیەمدا سووکە میهرێکی تەنزئامێز هەبووە کە هەر هونەرمەندێك هەقی خۆیەتی سەبارەت بەو کەسانەی کە خوڵقاندوونی، هەی بیّ(٢٤).

مەرسۆی شا قارەمانی چیرۆکی نامۆ، لە ڕاستیدا شەهیدی ڕێگای حەقیقەتە. بەڵام ئەو ئیرادەی کە لێی دەگیرێت ئەمەیە کە بۆچی زوڵمی کۆمەڵایەتی مەحکووم ناکاتو بە هیچ کلۆجیّ دژی ئەم ستەمکارییە نایەتە مەیدانی خەباتەوە. چارەنووسی خۆی، کە دەڵێی مەشیەتی خودایە، بیّ چەندو چوون قەبوولّ دەکاتو خۆی ڕادەستی دەکات.

کونور کروز ئوبرین، کامۆ ناسی ناوداری ئەمریکایی، لە کتێبی ئەلبێر کامۆی ئەورووپاو ئەفریقا(٢٥)، دەربارەی نامۆ دەنووسێت و دەڵێت:

نامۆ، خۆی لە خۆیدا، زیاتر لەوەی کە رەخنەگران دەربارەی قارەمانەکەی دەیڵێین و پێش ئەوەی نووسەرەکەی بکەوێتە ڕاڤەو شرۆڤەی دەوری ئافەریدەکەی، کتێبێکی سەرنجڕاکێش و جوان و گۆنگ و ئاڵۆزە. لەم چیرۆکەدا، تەنیا یەك جۆرە دیاردەی تەبیعی هەیە کە مەرسۆ، درۆی دەربارە ناکات، ئەویش هەستی خودی خۆیەتی، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ. چۆنە کە نە ئیحساسی لەزەت بەخشینێ بە کەسێکی دی، نە شەوقی رزگار کردنی ئینسانێك لە خەمێ، نە مەیلی رزگارکردنی گیانێك کە لەبەر هەڕەشەدایە، ئەم مەیلە لەوا دروست ناکات کە هەست بە شتێك بکات کە تا ئەو کاتە هەستی پێنەکردبێ و یان نەیویستووە هەستی پێبکات. لە ڕووی ئەقڵ و لۆژیکەوە هیچ هۆیەك نییە کە واهی نەبێت. هیچ هۆیەك لە ئارادا نییە کە درۆ نەکات، تا خۆی لە گێژاوی ئەو کێشەو تالوکەیە دەرباز نەکات کە ئەو بە خۆی بە درۆ هێناویەتیە ئاراوە. لە ڕاستیدا، سەبارەت بە ئەنگێزەو هاندەری دووەم، وا دێتە بەرچاو کە ئەم شەوقە دەبێ زۆر بە هێزتر بێ . بەڵام ئەو هەر مکووڕە لە سەر ئەوەی کە پابەند و وەفاداری هەستی شەخسی خۆی بێت. هیچ بەڵگەیەکیشی بۆ ئەمە نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە هەستی خودی ئەوو، هەستکردنی سەبارەت بە هەستی خۆی، بەلاوە پیرۆزو شایستەی ڕێزو حورمەتە. ئەم هەستە خودایەکە کە نابێ خیانەتی لێبکرێ و پێویستە ببێ بە شەهیدی ئەو هەستە. کەماڵی ئەو، کەماڵی کەسێکی هونەرمەندە، وەکو ئەو کەماڵەیە کە نیتشە هەی بووە. باوەڕی بە دژایەتی زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی، لە حەقیقەت خاڵیە. کاتێ ریمون کیژە عەرەبەکە دەگرێتە ژێر دار، ئەو ناچێ بە دوای پۆلیسدا، چونکە حەز لە پۆلیس ناکات. بەڵام نەفرەتی لە پۆلیس، بە مانای نەفرەت و بێزاری لە ستەمی کۆمەڵگە نییە .چونکە بە شەخسی هەنگاوێك بەرەو پێشگیری لەم زوڵمە نانێ، زوڵمێك کە ئێستا لە ژوورەکەی ریموندا لە ئینسانێك دەکرێت و هۆو فاکتەری سەرهەڵدانی ئەم زوڵمەش نامەیەك بووە کە ئەو بە خۆی نووسیویەتی. هۆی نەچوونەکەی بە دوای پۆلیسدا زۆر سادەیە: بە هۆی وەفاداری سفت و توندی ئەوە بەرانبەر بە روحانیەتی هەستی خۆی، لە بیرۆکەی پۆلیس هێنان بێزارەو کەچی لە ئاست کوتەك خواردنی ژنێکدا بێخەم و خەیاڵە.

کەماڵی هونەرمەند ئەو شتەیە کە مەرسو بە خالقەکەی خۆیەوە دەبەستێ. کامۆ لە بن دێڕی روونکردنەوەیەکیا لەمبارەیەوە دەڵێت:

" لە پێکهاتەی چیرۆکی نامۆدا سێ کەس رۆڵی سەرەکیان هەیە: دوو پیاو "کە یەکێکیان خودی منە) و ئەویتر ژنێکە."

وەکو چۆن مەرسو سەبارەت بە هەستی خۆی کەسێکی واسواسەو دەربارەی کۆمەڵگەی دەوروبەری خۆی بێخەم و خەمساردە – کامۆش سەبارەت بە داوەریە زەینی و ڕۆحیەکانی قارەمانەکەی واسواسە(٢٦).

***

به شێوەیەکی گشتی چەند حەقیقەتێك لە بەرهەمەکانی کامۆدا شەپۆل دەدەن: پۆچیو بێهودەیی تەمەن، بێ نرخیو بێ قەدری ژیان، نەبوونی ئازادی فەردیو نا ئاشنایی مرۆڤان بە مەسئولیەتە ئەخلاقیەکان. ڕوونترین وێنەیەك کە کامۆ لەمەڕ بیرکردنەوەکانی خۆی کێشابێتی، چیرۆکی فەلسەفی ئەفسانەی سیزیفە(٢٧). دیارە سەرچاوەی ئەم چیرۆکە ئەفسانانی کۆنی یونانیە، حیکایەتی سیزیفوس، یەکەمین فەرمانڕەوای قەڵەمڕەوی کورینت ئەوە کە زیوسی خودای خودایانو پلوتونی خواوەندی جیهانی ژێرینی فریو دا تا بەسەر مەرگدا زاڵ بێت، بەڵام کە جارێکی دی کەوتەوە بەردەستی پلوتون بەوە حوکمدرا بەردێکی گەورە لە نشێوەوە سەربخاتە سەر هەورازێك و هەرکە بەردەکەی گەیاندە لوتکە، بەردەکە دووبارە غل ببێتەوەو سیزیفوس هیچ چارەیەکی نەبێ جگە لەمەی سەر لە نوێ بەردەکە بەرێتەوە سەرێ، ئیدی ئەم کارە، پەیتا پەیتا دووبارە ببێتەوەو بەردەوام ببێت.

کامۆ ئەم ئەفسانەیەی بە دەسکارییەوە لە پەیامی خۆیدا تەوزیف کردووەو دەگاتە ئەو ئەنجامگیریەی کە ئینسانو چارەنووسی ئینسان وەکو سیزیفوسە کە جۆرە گەمەیەکی بە ئازارو تاقەتبەرو توانا پڕوکێنی ئەوتۆی لە عۆدەدایە کە هەرگیز لە تەواو بوون نایەت. ژیان بەسەر بردن بەکارێن گەوجانەی ڕۆژانەوە، کارێکە وەکو سزا بە ئازارەکەی سیزیفوس، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و هەمیشە بە ئازارو مایەی بێزاریە.

کامۆ، کاتێ کە بێنەوایيو داماوی سیزیفوس دەخاتە ڕوو، پرسیارێك لە زینی خوێنەردا دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە کەسێکی وا، لەو هەلومەرجە سەختو پڕ ئازارەدا، چاری چیە، دەبێ چیبکات، یانی بۆ خۆی بسازێو تەحەمول بکات، یان خۆی بکوژێتو کۆتایی بەم مەینەتیە بێنێ؟ ڕێگەیەکی دیکەش دەمێنێ ئەویش ئەمەیە بداتە تان بێعاری، یاخی ببێتو تا دوا هەناسە، لە پێناوی لابردنی ئەم زوڵمەدا بخەبتێ. ڕوو بکاتە کوێ؟

کامۆ، هزرڤانی فەرەنسیو نووسەری پەیامی ئەفسانەی سیزیف، ڕێگەی سێیەم هەڵدەبژێرێ کە بریتیە لە یاخی بوون. باشە ئەم یاخی بوونو خەبتینە چۆن دێتە ئەنجامدان؟ پەیامی ئەو ئەمەیە کە ئینسان دەبێ دژی پوچی ژیان ڕاپەڕێو هەرگیز بە قەدەری خۆی ڕازی نەبێ، مل بۆ ئەو قەدەرە نەدات کە بۆی دانراوە. ئەم "ناڕازی بوون"و "مل نەدانە" بەو مانایە نییە کە خۆی بکوژێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، درێژە بە ژیان بدات، پەنا بردنە بەر خۆ کوژی، یان قبووڵکردنی خۆی کوژی کۆتاییەو ئەمە بێتوانایی بەشەر دەگەیەنێ کە پێش بڕینی قۆناغەکان، خۆی بگەیەنێتە قۆناغی بنبەست. سۆزو گودازی ڕاستەقینە لە "مەرگێك دایە کە ئاشتی تیا نییەو هەوڵو بەرخودانی تیایەو لە هەمان کاتدا ئیرادەی ئازاد هیچ دەورێکی تیای نییە."

ئەم "لۆژیکی شۆڕشو یاخی بوونە" شێوەی هزرینی توماس هوبزی(٢٨) فەیلەسوفی ناوداری سەدەی هەڤدەی ئینگلیستان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێت ئەگەر بەندەیەك سەری ڕێزو نەوازش لە هەنبەر حاکمێکدا دابنەوێنێ تا بە فەرمانی ئەو شتێکی پێببەخشن کە تەنیا خودا دەتوانێ بیبەخشێت بە زەرورەت بت پەرست نییەو پاشان لە سەری دەڕوات کە: .... حاکمی ستەمکار فەرمان بەڕەعیەتەکەی خۆی دەدا کە ئەو بپەرستێتو ڕەعیەتەکەش فەرمانی ئەو، وەکو فەرمانی

خوا، قەبووڵ دەکات. ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە ڕەعیەتەکە "بت پەرستە"و بەندەیەکی لە جیاتی خودا قەبووڵ کردووە. لەگینە هۆی ئەم کارە ئەمە بێ کە ئەگەر ئەو فەرمانە قەبووڵ نەکات گیانی بکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە سەری ئیتاعەتو گوێڕایەڵی فرودێنێ تا هەم گیانی بە فیڕۆ نەداتو هەم ژیانێکی بە ئازار بۆ خۆی دروست نەکات(٢٩)....

خاڵی هاوبەشی گوتاری هوبزو کامۆ لە مەدایە کە ئینسان دەبێ بژیو بە هوشیاریو چالاکی داکۆکی لە ژیانی خۆی بکات.

دەربارەی پەیامی کامۆ لە چیرۆکی نامۆدا، ڕەنگە یەکێك لە شرۆڤە هەرە نەختو پوختو باوەڕ پێکراوەکان ئەو قسەیەی سایریل کونولی، چیرۆکنووسو ڕەخنەگری ناوداری ئینگلیزی بێ کە دەڵێت:

"کامۆ، لە کتێبی نامۆدا، هێزێکی نەرێنی وێرانکەرە کە لە هەوڵی ئەودایە نا واقیعی بوونی پرەنسیپی ئەخلاقی بۆرژوایی نیشان بدات، ئەوەندە بەس نییە کە ئینسان ژیان بە ڕێ بکات. ئێمە دەبێ هەمووان فێربکەین کە لە جیاتی نەفرەت لە ژیان بکەن، ژیانیان خۆش بوێ، دڵبەستەی ژیان بن. دەبێ ئەوەمان قەبووڵ بێ کە بەختەوەری، خودئاگاییەو ئەم خود ئاگاییە بەهرەیەکە کە هەموو تەجەلیاتەکانی پیرۆزە. ئەم ڕێبازو قوتابخانە تازانەی شاعیریو چیرۆکڤانی باشتر دەتوانن دەرسی ژیانمان فێر بکەن."

***

لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە چ فاکتەرانێك کامۆیان وا لێکردووە کە لە دنیای نووسیندا، ئەم پەیامە بکات بە پیشە کە وەکو فەیلەسووفێکی ڕەشبین، باسی پووچیو بێهودەیی تەمەن بکات؟ ئایا ئەو سەردەمەی کە کامۆ تیایا دەژیا، وای دەخواست ڕوو بکاتە فەلسەفەی بێهودەیی ژیان یان ژیانی ڕابردووی نووسەر، بە ناچاری ئەو جۆرە بیرانەی خستبووە زەینی ماندوو و نائارامی ئەوەوە؟ دەشێت هەردوو فاکتەرەکە یەکانگیر بووبنو وایان لێکردبێ کە ڕێگایەکی جیا، جیاواز لەوەی کە هونەرمەندانی دی گرتبوویانە بەر، بگرێتە بەر.

کامۆ بیرەوەرییەکی خۆشی دەربارەی ڕابردووی دووری خۆی نەبوو. بیرەوەریانی سەردەمی منداڵیەتی، زۆر کارەساتبارو ناخۆش بوو. کامۆ لە ١٩١٣/١١/٧دا لە شاری موندوڤی(٣٠) وڵاتی جەزایردا هاتووەتە دنیایە. باوکی کرێکارێکی هەژاری خەڵکی ئالزاسی فەرەنسا بوو و دایکی کە ئەسپانیایی بوو کارەکەرێکی کرێگرتە بوو. ئەلبێر هێشتا ساڵەوەختی تەواو نەکردبوو کە بابی لە شەڕی (مارن)دا(٣١) کوژراو دایکی ناچار ئەلبێرو (لوسینی(٣٢)) برا گەورەی کامۆی هەڵگرتنو دەگەڵ برا گۆجو ئیفلیجەکەی خۆیدا ڕۆیی بۆ گەڕەکی کرێکارنشینانی جەزایرو مودەتی سێ دانە ساڵ لە دوو ژووری پەرپووتدا ژیان.

کامۆ بە پێنج ساڵی چووە قوتابخانەی سەرەتاییو لەم ماوەیەدا بەختو یەغباڵ ڕووی تێکردو مامۆستایەك بە نێوی لویس جیرمان(٣٣)، کە تا کۆتایی تەمەن کامۆ میهرەبانیو کۆمەکەکانی ئەوی لە بیرنەکرد، هاتە ڕێی. کامۆ توانی لە ڕێگەی ئەوەوە، لە ساڵی ١٩٢٣دا کۆمەکی خەرجی خوێندن وەربگرێتو بچێتە قوتابخانەی ئامادەییو لە هەمان کاتیشدا خوو

بداته وەرزشێن وەکو فوتبۆڵ و مەلەو بۆکسێن، بەڵام دەورانی ئەم شادمانیە درێژخایەن نەبوو، زوو بە زوو شوێنەواری نەخۆشی سیل‌و دەردە باریکەی لێدەرکەوت‌و ئەم نسیبەتە نەك هەر لە چالاکیە وەرزشیەکانی خست، بەڵکو هەودای خوێندنەکەشی بڕی. ئەلبێری لاو دوای پازدە ساڵ لە ژیانی نەخۆشی‌و هەلومەرجێن نالەبار، ناچار یارو دیاری بە جێهێشتن‌و چوو بۆ لای مامەکەی کە کاری قەسابی دەکردو بە هەر ڕەنج‌و زەحمەتێك بوو درێژەی بە خوێندنی خۆی دا. لەم سەروبەندەدا هەر کارێکی دەست کەوتبا دەیکرد تا پارەیەك بە دەست بێنێ‌و لە دەرس‌و دەوام دوا نەکەوێت، ئەوە بوو ئەنجام ناوی خۆی لە بەشی فەلسەفەی زانستگەی جەزایر قەید کرد. ڕەنگە ئەم دەورانە باشترین ڕۆژگاری ژیانی ئەو بوو بێ چونکە گەیی بووە ئاواتێکی گەورەی ئەوتۆ کە بە خەویش تەسەوری نەکرد بوو پێی بگات.

لە ساڵی ١٩٣٦دا، کاتێ تەمەنی بیست‌و سێ ساڵان بوو، ڕاپۆری خۆی لەمەڕ پەیوەندی هزری فەیلەسووفانی یۆنانی‌و مەسیحیەت نووسی‌و زەمینەی وەرگرتنی زانستنامەی پسپۆری ئاگرژەی بۆ دەرس گوتنەوە لە زانستگە فەراهەم دەکرد، کە بۆ جاری دووەم نیشانەی نەخۆشی سیلی لێدەرکەوتەوە. ناچار ڕووی کردە ئاسایشگەیەکی داوێنی ئالپی فەرەنساو ئەمە یەکەمجاری بوو کە پێی دەنایە خاکی ئەوروپا.

بۆچی ئەلبێر کامۆ ڕوویکردە ئەدەبیات؟

کامۆ لە تەمەنی دەورو‌بەری بیست ساڵیدا، پەیوەندی بە گرووپی ڕۆشنبیرانی چەپگەرای جەزایرەوە کردبوو و لەم قۆناغەدا زۆر بەجەدی بەرهەمەکانی جید، مالرو مونتەرلانی دەخوێندەوە(٣٤). لە ساڵی ١٩٣٣ـەوە تا ١٩٣٥ ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی جەزایر بوو و، جگە لەوەی کە هەندێ وتاری بۆ دەنووسین، شانۆنامانیشی بۆ شانۆی کرێکارانی جەزایر، پاچڤەو ئامادە دەکرد یان دەنووسی. زۆری حەز لە شانۆ بوو، بە درێژایی تەمەنی چل‌و حەوت ساڵەی ئەم ئەشق‌و حەزەی کاڵ نەبووەوە و لەم بوارەدا کۆمەڵێك بەرهەمی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە.

کامۆ بە یەك دوو ساڵێك پێش جەنگی دووەمی جیهان، بە فەرمی داخڵی کاری ڕۆژنامەڤانی بوو و هاوکاری دەگەڵ ڕۆژنامەی سیاسی ئالجیر– ریپۆبلیکاندا(٣٥)دەکرد. لە زەرفی ئەم دوو ساڵەدا هەم وتارێن سیاسی دەنووسی، هەم ئەو بابەتانەی ڕاست دەکردەوە کە بۆ ڕۆژنامەکە دەهاتن، هەم ڕەخنەی لە کتێبان دەگرت‌و ئاشنایەتی ئەو دەگەڵ بەرهەمەکانی سارتەردا لەم سەردەمەوە، دەستی پێکرد کە کامۆ هەندێ خوێندنەوەی شیکاریانەی بۆ کتێبە فەلسەفیەکانی سارتەر دەکرد.

لەم ساڵانی پڕ چالاکیەدا، هەندێ گۆڕانکاری بە سەر هزرین‌و بیروبۆچوونی ئەودا دەهات. کامۆ بە پێچەوانەی هاوکارەکانی تری خۆیەوە، تەنیا لە دیدگای ئایدولۆژیەوە بیری لە سیاسەت نەدەکردەوە، بەڵکو ئەو بیرە سیاسیانەی لە دیدگای ئینسانیانەوە، هەڵدەسەنگاندو تاوتوێ دەکرد. ڕاپەڕینی خۆیبوونخوازی جەزایر، بە توندی دەستی پێکرد بوو و کامۆ هەرچەندە

سوودی فەرەنسای لەم کێشماکێشەدا لەبەر چاو دەگرت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا چاوپۆشی لە زوڵم و زۆر و بێدادیەکانی ئیستعمار بەسەر میللەتانی مەزلوومەوە نەدەکرد.

لە سالآنی جەنگو داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن سوپای ئەڵمانەوە، کامۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی نهێنی "کومبا"شی لە ئەستۆ گرت. ئیدی ئەم چالاکیانەو بلاوکردنەوەی یەك دوو کتێبی پڕ سەرو سەدا کردیانە کارێك کە لە هەموو شوێنێك ناوی بکەوێتە سەر زاران. نامۆ لە ساڵی ١٩٤٢دا بلاو بووەوە، هەرچەندە فەسڵەکانی هەوەڵی پێش دەستپێکردنی جەنگ نووسرا بوون، لە هەمان ساڵدا، نامەی فەلسەفی (ئەفسانەی سیزیف)شی بە چاپ گەیاندو ئەم دوو کتێبە، هەرچەندە قەبەو ئەستوور نەبوون، بەڵام وێڕای ئەمەش لە ڕادەبەدەر سەرنجی ڕۆشنبیرانیان بۆ لای خۆ ڕاکێشا. تاعوون لە ساڵی ١٩٤٧دا گەییە دەستی شەیدایانی ئەدەبو بەم کتێبە ناوی نووسەری گەنج، شۆڕەتی زۆربەی نووسەرانی مەزنی هاوعەسری خۆی خستەبەر سێبەر.

بۆ ناسینی ڕاستەقینەی بەرهەمەکانی کامۆ، پێویستە پەیگیری ڕێڕەوی هزریی ئەو بکرێت. کامۆ لە سالآنی پڕ جۆشو خرۆشی لاویدا، سەرەتا ڕووی کردە مارکسیزم، پاشان ئاشنایەتی دەگەڵ کۆمۆنیزمدا پەیدا کردو ئەوسا پەیامی سارتەری لە فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزمدا قەبووڵ کرد. بەڵام لە سەر ئەم جۆرە بیرکردنەوانەش بەردەوام نەبوو و ڕێگەی خۆی لە هەمووان جیاکردەوە.

کامۆ، لە سەرەتاوە بابایەکی نەهلیست بوو، بەڵام هەر زوو تێگەیی کە ئەم جۆرە هزرینە ڕەنگە ئاکامێکی زۆر خراپی لێبکەوێتەوەو سەری ئینسان بخوات، بۆیە کەوتە وردکردنەوەو شیکردنەوەی ئەم جۆرە هزرینانەو سڕینەوەو نەهێشتنی ئەم جۆرە داوەریو هەڵسەنگاندنە–و ئەم هەوڵو تەقەلاو نیگەرانیەش، بە ڕوونی لە کتێبی ئەفسانەی سیزفەکەیدا، دیارە.

لە تاعووندا کە بەرهەمێکی بە ناوبانگی دیکەی ئەوە، کۆمەڵێك قسەو پەیڤێن دی لە ئارادان کە دەبێ گوێیان لێبگیرێتو بە وردی بیریان لێبکرێتەوە(٣٦).

ئەم چیرۆکە وەکو بەرهەمەکانی دیکەی کامۆ، پڕ ڕووداوە پیلانامێز نییە، بەڵام بۆ یەك ساتیش خوێنەر بەر نادات و هەمیشە کۆمەڵێك پرسیاری بێوەلامی دەخاتە بەردەم. بویەری چیرۆکەکە لە شاری ئاران(٣٧)، کە یەکێکە لە شارەکانی جەزایر ڕوو دەدات. دکتۆر بیرنارد ریو(٣٨)، دکتۆری گەنجی شارەو ئاسوودەو ڕازیە بەوەی کە خزمەتگوزاری خەڵکیە. ڕۆژێك لە دالآنی ماڵەکەیدا چەند مشکێکی تۆپیو دەبینێ کە خوێن لە لووتیانەوە هاتووە. پێی سەیر دەبێو لە دەرگاوانی ساختمانەکە دەپرسێت کە ئەم مشکانە چین و لە کوێوە هاتوون، دەرگاوانی پیر بێ ئاگایەو هیچ وەلامێکی قەناعەتبەخشی پێ نییە. مەسەلەکە بە ڕواڵەت بیر دەچێتەوە. دکتۆر ریو لەوە سەرقاڵترە کە بیر لە چیرۆکی چەند مشکێکی نۆپیو بکاتەوە. هاوسەرەکەی کە نەخۆش بووە ناردووە بۆ ئاسایشگایەكو ئێستا دایکی پەرستاری دەکات. لەم سەروبەندەدا ڕۆژنامەنووسێك بە ناوی ریمون رامبر(٣٩)ش هاتووە بۆ ئاران و تا ڕادەیەك ئەمی بە گیر هێناوە. ڕۆژنامە نووسەکە دەیەوێ ڕاپۆرتێکی دیکومێنتاری دەربارەی ڕەوش و وەزعی کرێکارانی شاری ئاران بنووسێت و داوای کۆمەك لە دکتۆر دەکات. پزیشکی لاو، چونکە دەزانێت کە بابەتەکان

لەلایەن کار بەدەستانی دەوڵەتەوە سانسۆر دەکرێن، ئەم هەوڵە بە بێهودە دەزانیٚ و ئامادە نییە وەختی خۆی بەمجۆرە کارانەوە بە فیڕۆ بدات.

ژمارەی مشکانی تۆپیو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبیٚ و دکتۆر ڕیو کە بۆ عیادەت و سەردانی نەخۆشان بۆ گەڕەکە ئالودەکانی باشووری شار دەڕوات، تەمەشا دەکات کە زۆربەی ئەم نەخۆشانە دووچاری سەریەشەو تای توندو ئاوسانی جەستەو دەردێن کوشندەی مەوزوعی بوون، پاش کەمێك نیگەرانی و وردبوونەوە، دڵنیا دەبێت کە شار لەبەر هەڕەشەی نەخۆشیەکی ترسناکدایە، نەخۆشیەك کە بیستنی ناوەکەی پشتی هەمووان دێنێتە لەرزین. ئاران بە نەخۆشانی تاعوون لەو تاوە، بەڵام کار بەدەستانی حکومەت نایانەویٚ ئەم نهێنییە ئاشکرا بکەن چونکە یەکەم زۆر لەم دەنگۆیە دڵنیا نین و دووەم دەترسن خەڵکی دووچاری ترس و نیگەرانی بن.

بەڵام تاعوونەکە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بڵاودەبێتەوەو ژمارەی مردووان سەعات بە سەعات زۆرتر دەبێت. ئاران، شاری بیٚ کۆترو بیٚ درەخت و بیٚ باخ، شاری ماڵە هەژارانی تەپوتۆزاوی کە لە ساڵانی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا، حاکم نشینی فەرەنسی بوو لە کەناری جەزایرداو لە ڕووی نۆژدارییەوە هەژاری تەواوی پێوە دیاربوو و نەیدەتوانی بە ئاسانی بەرگەی ئەم بەڵا گەورەیە بگرێت. ئیدی کوشتاری قورسی مرۆڤان دەست پێدەکات و ئێدی دکتۆر ریو و هاوکارەکانی هیچ کارێکیان لە دەست نایەت. تەنانەت قەبر هەڵکەنەکانیش فریا ناکەون هەموو مردووەکان بە خاك بسپێرن و ناچار چاڵی گەورە هەڵدەکەنن و بڕ بڕ جەنازەی تێدەخەن و گڵەبانیان دەکەن، فریادو ناڵەو هاواری خەڵکی لە هەموو لایەکەوە بەرزدەبێتەوە، بەڵام هیچ کارێك ناکرێت، ئیدی هێز نییە بتوانیٚ ئەم شارە نەگبەت زەدەیە لە چنگی ئەژدیهای تاعوون دەربێنیٚ، لە نێو ئەم خەڵکە تاعوون زەدەیەدا تەنیا یەك کەس هیچ شتێکی بەلاوە گرینگ نییە. ئەم کەسە ناوی کوتارە(٤٠). کوتار مەحکوومێکی هەڵاتوو بووە کە هاتبووە ئاران. تا تاعوون بڵاونەبووەوە دەترسا بێتە ناو خەڵکی . ترسی ئەوەی هەبوو کە دەسگیری بکەن. بەڵام ئێستا ئازادانە بە بەر چاوی پولیس و جەندرمەوە دەسووڕێتەوە. دەزانێت کە خۆیان لە ترسی تووشبوون بە تاعوون، فریای ئەوە ناکەون بیر لە خەڵکی دی بکەنەوە.

کوتار، بە تارۆی دۆستی دەڵێت:

"تاعوون باشترین و کاریگەرترین محەکی ئەزموونی بەشەرانە. ئەم خەڵکە لە کاتی ڕەنج و تەنیاییدا پێویستیان بەوەیە لە یەکدی نزیك ببنەوەو لە خەم و ماتەمی یەکدا شەریك بن. دەزانی بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە دەزانن تاعوون لە هەموو شوێنێك لە کەمینایە بۆیان. نزیکترین دۆست و عەزیزترین خزم دەشێت هەڵگرو گوێزەرەوەی نەخۆشی تاعوون بیٚ. کە تاعوون هات ئیدی پیرو گەنج و، ژن و پیاو ، ناسیاو و بێگانە ناناسێت. بۆ ئەم خەڵکە ژیان دوای تاعوونە. تووشی هەر کەسێك ببی دەڵێت: "دوای تاعوونەکە ئەمە دەکەم. دوای تاعوون ئەوە دەکەم." ئیدی هەرچییەك هەیە، دوای تاعوونە. ئەم قسەیەی ئەوانە وەکو ئەمەیە کە من بڵێم "دوای گرتن و زندانی کردنم ئەم بەرنامانە ئەنجام دەدەم" لە کاتێکا کە ئەم گرتنە خۆی سەرەتای قۆناغێکە نەك کۆتایی...."

تارۆ(٤١)، ئەکتەرێکی دیکەی ئەم چیرۆکەیە. تارۆ گەنجێکی ئەندێشمەندە کە هەموو شتێکی بە فشقیات گرتووە، دنیای داوەتە بەر کلکان، تەنانەت گاڵتەی بە تاعوون و مەرگیش دێت. ڕۆژێك ئەم ڕێبوارە بیرمەندە شۆڕشگێڕە خۆی لە ڕیزی قوربانیانی تاعووندا دەبینێتەوە.هەنگێ لە دکتۆر ریو دەپرسێت کە ڕای دەربارەی تاعوون چییە. دکتۆر دەڵێت:

من پێش ئەمەی کە بۆ شار بێم و کوشتاری بێرەحمانەی تاعوون بدینم، خۆم دووچاری تاعوون بووم. تاعوون یەك جۆر نییە، چەندین جۆری هەیە. بۆ نەگبەتی خەڵکی تەنیا یەك جۆر لەم تاعوونە دەناسن. باوکم دادسێن بوو. من تا ساڵانی نەوجەوانی زۆرم ڕێزو حورمەت دەگرت. ڕۆژێك بۆ دادگاییەکی گەورە منی دەعوەتی دادگا کرد. سیمای تۆمەتبارێکم، کە سەرەنجام حوکمی مەرگ درا، هەرگیز لە بیر ناچێتەوە. ئەم باوکەی من کە تا ئەو کاتە جگە لە میهرو سۆز چ قسەیەکی تری بە زارا نە هاتبوو، ئەو ڕۆژە بە دەم بادانەوە هێندەی قسان کرد تا ئاقیبەت ئەو تۆمەتبارە بێنەوایە بە مەرگ مەحکووم کراو، من لەو ڕۆژەوە ئیدی هەموو شت و هەموو کەسێکم لەبەر چاو کەوت..."

هەمان دکتۆر ریو لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

لەم دنیایەدا کە هیچ کەس دەگەڵ کەسدا هاوڕێ و هاودڵ و هاو زمان نییە، ئەگەر دەتەوێ ئەوانە بکەی بە یارو خەمخۆری یەکدی و یەکیان بخەیت، بەڵاو نسیبەتێکی گەورەیان بۆ بنێرە. بەڵایەکی گەورەی وەکو تاعوون. لەو کاتانەدا کە داسی مەرگ بڕ بڕ درەویان دەکات و زیاتر بە دەردو ئازاری مەینەتیەکانی یەکدی دەزانن، زیاتر دەستی یارمەتی و برایەتی بۆ یەکدی درێژ دەکەن. بەشەریەت لەو کاتانەدا زیاترو باشتر خۆی دەنوێنێ..."

سەرەنجام زستان و بای ساردو بە سەرما دەست پێدەکات و دەستپێکی سەرماو بارانی لافاوئاسا کۆتایی بە دەورانی دەسەڵاتی بێرەحمانەی تاعوون دێنێ. ئەوانەی کە لە شاری ئاران مابوونەوە هەناسەی ئۆخەی هەڵدەکێشن. بەرە بەرە جادە چۆڵ و هۆڵەکان پڕ دەبنەوە لە خەڵکی. ژنان و مێردان، دڵداران و عاشقان، دۆستان و ئاشنایان، هەموو دێنە کوچەو کۆڵان، سەر لە نوێ دەست بەژیان دەکەنەوە.

لەو ئێوارەیەدا کە خەڵکی ئاران ئاهەنگی سەرکەوتنی خۆ بەسەر بێدادی تاعووندا بەرپا دەکەن دکتۆر ریو ئەو شارە بە جێدێڵێ لە کاتێکا کە دەزانێ ئەم ئاهەنگ و شادمانییە هەمیشە لەبەر دەم هەڕەشەدایەو ئەم تاعوونە ستەمکارە دەتوانێ ساڵەهای ساڵ و بگرە سەدان ساڵ لە نێو کەلوپەلی ماڵەکاندا و لە درزو توێی لێفەکاندا خۆی مت بکات و هەر ڕۆژێ سەر هەڵدانەوەی خۆی لە نێو خەڵکیدا بە زەروری بزانێت، چەند مشکێك پەیدا بکات و سەر لە نوێ بەناو یەك بە یەکی جەماوەری خەڵك بکەوێ، جەماوەری خەڵکێك کە زوو خۆ لە بیردەکەن و دەبێ بۆ خۆ فێر کردن، دەرس لە بەدبەختی وەربگرن.

***

لە ساڵی ١٩٥٧دا کاتێ کە ئەلبێر کامۆ بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات هەڵبژێردرا، جۆرە سەرسامیەك دنیای گرت کە چۆن خەڵاتێکی وا گەورە بە نووسەرێکی گەنجی وەکو ئەو دەدرێت.

کامۆ لەو کاتەدا چل‌و چوار ساڵ بوو. یەکێك لە ڕەخنەو ئیرادەکانی ڕەخنەگرانی ئەدەبی جیهان ئەمە بوو کە سەری دوا قۆناغ‌و ئامانجی کۆتایی ئەم هزرڤانە گەنجە بە تەواوەتی ڕوون نییەو لە دنیای چیرۆکنووسیدا نەگەییوەتە ئەو مەرزو ئاقارەی کە پەیامی خۆی ڕوون کردبێتەوە، بەڵام نـوێرین‌و داوەری ئەنـدامانی ئەنجوومـەنی بەخشـینی خەڵاتەکـە، جـۆرێکی دیکـە بـوو، لـە تەقدیرنامەکەیانـدا ئـەم ڕسـتەیە بەرچـاو دەکـەوت "بـە ئەشـق و تاسـەیەکی ڕۆشـنبینانەوە، دژوارییەکانی ویژدانی ئادەمیزادی ئەم سەردەمەی، ڕوونکردنەوەتەوە." بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەگەر کامۆ لە هەوڵ‌و چالاکی بەردەوامی پێشووی خۆیدا بۆ کەشفی چارەنووسی ئادەمیزادو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بە چارەنووسی ئادامیزادەوە هەیە وەکو گوناح، پاداشت، ئەشق، نەفرەت، جەنگ، مەرگ و ئەو جۆرە شتانە نەگەیی بووە قەناعەتی بنجبڕو ڕوون و لە کورتە چیرۆکەکانیا هەندێ جار کاژە هەورێکی دوو دڵی بەری ئاسمانی بیری گرتووە، بەڵام وێڕای ئەوەش نیشانی داوە کە چۆن بە هەموو بوونی خۆیەوە و بە هەموو هێزێکی لوژیکیەوە هەوڵیداوە کە پەیوەندی نێوان یاساو ڕێساو داب‌و نەریت‌و بیروباوەڕان بە پرەنسیپی ژیان‌و بایەخی تەمەنەوە ڕوون بکاتەوە. جۆرە ئاشتیەکی لە نێوان ئەو دووەدا هێناوەتە ئاراوە. خوێنەر لە نووسینەکانی ئەودا داڕوخانی ئەخلاق‌و گەندەڵی سیاسەت دەبینێ‌و تەواو نیگەرانی ئایندەی بەشەر دەبێت.

لە هەر سەردەم و ڕۆژگارێکدا، نووسەرانێك هەبوون کە هەوڵیانداوە دزێوی و کرێتییەکانی ئادەمی لە کلێشەو سیمای قارەمانانی بەرهەمەکانی خۆیاندا وێنە بگرن‌و بنوێنن، لە ساڵی ١٨٣٩دا یەکێك لەم ئافەریدانە لە کلێشەو سیمای رودریك ئاشەردا بەرجەستە کراو خوڵقێنەرەکەی ئیدگارئالن پۆی چیرۆکنووسی نوێخوازی ئەمریکایی بوو کە لە چیرۆکی هەرەسی ماڵەکەی ئاشەردا بەرجەستەی کرد(٤٢). پاشان نۆرە هاتە سەر پیاوێکی خۆ سەری ستەمکار بە ناوی دوریان گری کە خوڵقێنەرەکەی چیرۆکنووسێکی ئیرلاندی بوو بە ناوی ئوسکار وایلد کە لە ساڵی ١٨٩١دا ناساندی‌و بەرجەستەی کرد. ڕاستکولنیکوف قارەمانی چیرۆکی تاوان‌و سزا لە ساڵی ١٨٦٦دا بە نێروی خەیاڵی دوستویفسکی لە دایکبوو. لە کاتێکا کە فرانتز کافکا لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا (جوزیف. ك) ی هێنایە ئاراوەو لە کتێبی دادگاییدا ئەوی بە خەڵکی دنیا ناساند. لورد جیم‌و راجومف، دوو کەسی دیکەی لەم جۆرە قارەمانانە بوون کە جوزیف کونراد، چیرۆکنووسی ئینگلیزی لە هەردوو چیرۆکی لورد جیم‌و لە ژێر چاوانی ڕۆژاوایی دا بەرجەستەی کردن(٤٣)، هەروەها توماس مان، چیرۆکنووسی ئەڵمانی، فلیکس کرولی لە چیرۆکی دان پێدانانەکانی فلیکس کرولدا بەرجەستە کردووە. کامۆش لە سەردەمی خۆیدا کەسێکی خوڵقاند کە ناوی مەرسۆ بوو و دەوری شا قارەمانی چیرۆکی نامۆی بینی.

ئەمانە هەر هەموویان ئینسانانی سەردەمانی ئێمەن، بە چەند ساتێك جیاوازیەوە. ئەمانە خەڵکانێکن کە دەردو ئازارو چەوسانەوەو بەدبەختی‌و گوناح‌و سەرگەردانی لە ڕێگەی میانڕەوی دەرکردوون، لەوانەشە ئەوان نوێنەرو خەڵکی شارستانیەتی ئەمڕۆکە بن‌و خەڵکی دی، خەڵکانی توندڕەو ونائاسایی بن.

بە ڕاست بۆچی وایەو بۆچی بەشەر ڕێگەی خۆی بەرەو سەر زەمینی ئاسوودەیی و تەناهی و لەزەت و خۆشبەختی گوم کردووە. هەڵبەتە خۆلاسەو پوختەی قسەی زۆربەی ئەم چیرۆکنووسانە ئەمەیە کە بەشەر، لە دنیایەکدا کە ئەوزارو کەناڵێن پەیوەندی جڤاکی تەنانەت بۆ ساتێکیش وازی لێنایەنێ، دوو چاری کابوس بووە، کابووسی ڕووداوێن ڕۆژانەو کابووسی ڕووداوێن مێژوو. مێژوو وەکو ڕەنووە بەفرێکی تۆفان ئاسا بەسەریا هەرەسی هێناوەو ڕووبکاتە هەر شوێنێ هەمان دووبارە بوونەوەی ڕابردووەو ئێستایە. وەکو ئەمەیە کە بەردەوام لە ناوجەرگەی ڕووداوێکی جینابیدا گرفتار بووبێ و دەبێ هەمیشە گەمە بکات یان نیگەران بێ یان تەمەشا بکات ئاخری چۆن و چی دەبێت.

لەم جۆرە دنیایەداو لەم چەشنە ژیانەدا، نووسەر بە جۆرێ گێڕۆدەی خەیالاتی ترسەزێیە کە جگە لە قارەمانانی نائارام و نا هاوسەنگ، هیچی دیکە ناخوڵقێنێ. ئەدەبیاتی دڵخوازی ئەو دەبێت بە ئەدەبیاتیی ترس و دڵەخورپێ. دین و ئەخلاقی، یاساو ڕێساو زەبت و ڕەبتێکیان بە دەستیەوە داوە کە تەنیا لە دوو تویێی کتێباندا هەن و لە دەرێی کتێباندا نین. ئەم یاساو ڕێساو پێوەرو پێوانانە لە دنیای ئەمڕۆدا، هەر هەمووی بەسەر یەکدا ڕژاوە. تاوان کە لە پشت پەردەو دەمامکی سیاسەتەوە کرا، دەبێت بە بەردەباری و هۆشمەندی و دیرایەت. پیاو کوژی کاتێ دەگەڵ "مەسڵەحەتی ڕۆژدا" یەکی گرت، وەکو کارێکی ئابڕوومەندانە دەنوێنێ، جەنگ کاتێ لە ژێر ناوی "بەرگری لە ماف ڕەوا" و "ڕێگە گرتن لە دەستدرێژی ئیحتمالی" دەستی پێکرد، ئیدی جەنگ و بەدبەختی و وێرانی و لە ناوچوون نییە، بەڵکو مەسڵەحەت ئەندێشییە ، بەرژەوەند پەروەریە. بۆیە نووسەری ڕۆژگاری ئەمڕۆ ناتوانێت بە گوێرەی هزرینی پێشنیان، بکەوێتە سۆراخی ئەشق و ئاشقی و گەورەترین کێشەی ژیان لە چوار چێوەی سۆزو گودازو هەڵچوونی دڵداریدا نیشانبدات.

***

ئەو خوێنەرەی کە بە ناو دەریای هزرو هزرینی ئەلبێر کامۆ دەکەوێ و لە دوو تویێی بەرپەڕێن کتێبەکانی ئەودا، تووشی قارەمانانی لە خۆ سڵ و لە دنیا نامۆ دەبێت، زۆر جار لە خۆی دەپرسێت ئایا لەم دنیایەدا، لە نێو ئەم میللەتە خۆی گوتەنی "نەهلیستە"دا هیچ جۆرە ڕزگاری و نەجاتێك بۆ ئەم خەڵکە سەرگەشتانە نییە؟ ئەمانە کە بەمجۆرە تیا ماون و هیج ڕێگایەك شك نابەن، دەبێ چی بکەن و بۆ هەڵاتن و دوور کەوتنەوە لەم ئازارو ڕەنج و نا ئومێدی ونامورادیە ڕوو بکەنە کوێ؟

کامۆ لە کتێبێکی خۆیدا لە ژێر ناوی یاخی(٤٤) بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە:

" ئەوانەی کە لەم جیهانەدا هیچ ئارامیەك نابینن، نە لەلایەن خواوەو نە لەلایەن مێژووەوە مەحکوومن بژین بۆ کەسانێ کە وەکو خۆیانن و ناتوانن بژین. ئەمانە پێویستە بژین و ڕەنج بکێشن بۆ کەسانێك کە وەکو خۆیان زەبوون و کەساس بوون...."

بە هەر حاڵ سەیر دەکەین کە هەمان نووسەری ڕۆشنبیرو فەیلەسووف کۆمەڵناس، خۆی لە هەمان کتێبدا وەڵامی ئەو کێشەیە ناداتەوە کە خستوویەتێ ڕوو، بەڵکو وەڵامەکە دەخاتە

کتێبێکی دی. بە گوتەیەکی دی، لە نووسراوێکدا مەسەلەیەك دەخاتە ڕوو و پاشان لە کتێبێکی دیکەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە، ئەوەی لە چیرۆکی نامۆدا خراوەتە ڕوو، لە چیرۆکی تاعووندا وەڵامی داوەتەوە، ئەوەی لە تاعووندا خراوەتە ڕوو لە چیرۆکی کەوتن(٤٥)دا وەڵامی داوەتەوەو ئەم چیرۆکانە هەرسێکیان، واتە نامۆ، تاعوون‌و کەوتن، کۆمەڵێك ڕاڤەن بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە هەردوو چیرۆکی ئەفسانەی سیزیف و یاخیدا هێنراوەتە ئاراوە. یەکێك لە چیرۆکە کورتە فەلسەفیەکانی کامۆ چیرۆکێکە بە ناوی ژنی زیناکار(٤٦). قارەمانی ئەم چیرۆکە، خانمێکی ناڤساڵە بە ناوی جانین(٤٧) کە دەگەڵ مێردە لە خۆ ڕازی‌و کەودەنەکەی خۆیدا دەڕوات بۆ باکووری ئەفریقا. مێردەکەی کابرایەکی فرۆشیارەو ئەم سەفەرە جۆرە سەفەرێکی بازرگانیە. تەمەشای بیابان‌و دەشتی کاکی بە کاکی‌و بەرخوردی دەگەڵ عەرەباندا ژنە لە ژیانی پوچ‌و بۆش‌و بەتاڵ‌و بێوەری خۆی وەئاگا دێنێ. بەرخورد دەگەڵ عەرەبانی پێخاوس بەڵام گەردنکێش‌و مەغروور، ئەو ڕۆمان‌و ڕووداوانەی وەبیر دێنێتەوە کە دەربارەی ڕۆژگارو سەردەمانی کۆن خوێندبوونیەوە. "ئینسانانێك کە نە خزمەتکاری کەس بوون‌و نە کەس خزمەتکاریان بوو و لە دنیای خەیاڵدا حوکمیان دەکرد."

جانین بیری دەکەوێتەوە کە چۆن هەمیشە چاوەڕوانی بەختەوەریەکی گەورە، سەڵتەنەت‌و دەسەڵاتێك بەسەر قەڵەمڕەوێکی نادیارەوە بووەو قەتیش بەو ئاواتە نەگەییوە. "شەوێك لێدەبڕێت کە بگاتە ئەم بەختەوەرییە گەورەیە. ئیدی لێدەبڕێت بڕەڤێ، لەم خەمی ژیان‌و بێزاری گیان‌و ترسی مردن هەڵێت." ناچار دوای ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو دەکەوێت. لە شەوی خەیاڵئەنگێز و لە بیابانی وەهەم ئامێزدا بەرەو هەوەس‌و ئارەزوو دەڕوات‌و کاتێ سەرەنجام بۆ خەوتنگەی میوانخانەکە دەگەڕێتەوە تا ئەشکی پەشیمانی بۆ ئەو کارە بڕێژێ کە کردوویەتی یان داوای بوردن لە مێردەکەی خۆی بکات، سەیر دەکات مێردەکەی لە غوڕابی خەودایە وەکو ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێت.

لە کۆ چیرۆکی تاراوگەو سەڵتەنەتدا(٤٨) کە لە ساڵی ١٩٥٨دا بڵاو بووەتەوەو شەش چیرۆکی کورتی لە خۆ گرتووە، جگە لە ژنی زیناکار، چیرۆکێکی دیکەی تیایە بە ناوی مورتەد(٤٩) (لە دین هەڵگەڕاوە) کە کاریگەرییەکەی زیاتر لە ڕێگای دروستکردنی ترس‌و شەرارەتەوەیە. کەشیشێکی مژدە بەری گەنج، بە ئومێدی هیدایەتی تیرەیەکی کێوی بت پەرست، دەڕوات بۆ دیارو دەڤەرێکی نهێنی ئامێز بە ناوی "شاری خوێ". ئاگاداری ئەم مەترسیانە هەیە لەگینە بێنە ڕێگای، بەڵام ناترسێت، چونکە بە خەیاڵی خۆی ئەگەر سەرکەوتنیش بە دەست نەهێنێ، تیاش بچێت ئەوا دەچێتە ڕیزی قەدیسانەوە.

هۆڤیانی خوێنخۆر، بەوپەڕی بێڕەحمی دەیگرن‌و ناچاری دەکەن کە بتە ترسناك‌و دێو ئاساکەی ئەوان بپەرستێت‌و کابرای کەشیش هەرچی دەکاو دەکۆشێت کە تێیان بگەیەنێ کە ئەمە خوا پەرستی نییە، سوودی نییە، گوتیاری چیرۆکەکە لە "مەنەلۆگێکی" دوورو درێژا هەوڵدەدات ئەم حەقیقەتە بسەلمێنێ کە تەنیا لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ڕەهاو حکومەتی ئەهریمەندا، هێزی ئیمان کەمترین لەرزین قەبووڵ ناکات. لەو دیمەنەدا کە ئەو باوەڕی بە بتەکەی

بت پەرستەکان هێناوەو تەنانەت لێبڕاوە کەشیشەکەی دی کە بۆ رزگار کردنی ئەو بۆ ئەم قەڵەمڕەوەیان ناردووە، بە کوشت بدات، دەنگێك لە گوێیدا دەنگ دەداتەوەکە "ئەگەر تۆ ڕازی ببی کە لە ڕای بە دەستهێنانی دەسەڵاتدا یا لە پێناوی دامرکاندنەوەی شەڕارەتی نەفرەتدا بمریت، ئەدی کێ ئێمە دەبەخشێت؟" ئیدی کەشیشەکە ناتوانێ دیاری بکات کە ئەمە سەرۆو سروشی خواییە یان فریادی ئینسانێکی دیکەیە کە بەسەر پێیدا کەوتووەو دەپاڕێتەوە کە نەیکوژن. ئەم شانۆنامە "سەمبولیزمە" کاتێ دەگاتە لوتکەی خۆی کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا "مستێك خوێ، زاری کوڕیژگەی چەنەبازو فشەکەر دادەخات.".

لەگەڵ ئەم چیرۆکە "سومبولێك"و بەتەمو مژانەدا، چیرۆکێکی دیکە هەیە لە ژێر سەرناڤی "میوان(٥٠)" کە بەڕواڵەت بویەرو سەربهوردێکی سادەیە، بەڵام ئەم چیرۆکە سادەیە، پەندو عیبرەتێکی گەورەشی تیایە.

لە خاڵێکی دوورە دەستی بیابانی جەزایردا، لەسەر بەرزاییەکی دوورا، قوتابخانەیەك هەیە کە مامۆستایەکی لێیەو لەم تاراوگەیەدا کە سەرچاوەی خزمەتە، خۆشحاڵە. لە شەوێکی تۆفدا، دوو ڕێبوار پەنا دێننە بەر ئەم بینا دوورە دەستە. ئەم دوانە، یەکێکیان عەرەبە کە پیاوکوژەو دووەمیان جەندرمەیەو کەلەپچەی لە دەست کابرای عەرەب کردووەو بۆ شاری دەبات تا ڕادەستی دادگای بکات.

جەندرمەکە بە بیانووی ئەوەی کە کارو ئەرکی دیکەشی هەن داوا لە مامۆستاکە دەکات کە یاروّی زیندانی بگەیەنێتە نزیکترین مەخفەر، لە گوندەکەی نزیکیان. مامۆستای گەنج، لەلایەکەوە بێزارە لە کابرای پیاوکوژ کە تاوانی کردووەو لەلایەکی ترەوە حەز ناکات کابرایەکی خەتابار ڕادەستی دادگاو حکومەت بکات، دەگەڵ کابرای زندانیدا بۆ گوندەکەی نزیکیان دەکەونە ڕێ. لەسەر دوو ڕیانێکدا، کەلەپچەکەی دەستی کابرای عەرەب دەکاتەوەو پێی دەڵێت: "تۆ سەرپشکی لەوەی لە نێوان زندان و ئازادیدا یەکێکیان بۆ خۆت هەڵبژێریت." بە پێچەوانەی تەسەوری ئەوەوە ، کابرای عەرەب زندان هەڵدەبژێرێت. کاتێ مامۆستا لە گوندەوە بۆ قوتابخانەکە دەگەڕێتەوە، پەیامێك لەسەر تەختە ڕەشەکە دەبینێ، پەیامەکەی هی یەکێك لە کەسوکارەکەی کابرای عەرەبە کە هەڕەشەی کوشتن لەو "مامۆستاکە" دەکات.

لە سەرانسەری چیرۆکەکانی کۆچیرۆکی تاراوگەو سەڵتەنەتدا دیاردەیەك زاڵە کە بریتیە لە "تەنیایی مرۆڤ" و لەم تەنیاییەدا دوو شتی دیکەش هەیە: یەکێکیان حەقارەت و ئەویتریان ڕەنجە. جا تەجەلی ئەم هێزە گەورەیە، تەنیا لە چیرۆکی ژنی زیناکار یان مورتەد یان میواندا بەرجەستە نەبووە، بەڵکو لە چیرۆکەکانی دیکەی ئەم کۆ چیرۆکەشدا وەکو پیاوانی بێدەنگ(٥١) یان هونەرمەند لە کاتی کارا(٥٢) یان تاوێر(٥٣)... بەدی دەکرێت. لە هەموو شوێنێکدا ئەم ئینسانە هەر زەبوون و ڕاونراوە. لە تۆ وایە بەردەوام لە تاراوگەدایە وهەمیشە لە هەوڵی ئەوەایە لەم تاراوگەیە رزگار بێت و بگاتە قەڵەمڕەوی سەڵتەنەت و دەسەڵات و هەر نایگاتێ.

کامۆ، لە سەرانسەری نووسینەکانی خۆیدا هەوڵدەدات پرسیارێك لە زەینی خوێنەردا دروست بکات "بۆچی ئاوهایە." هەندێجار هەر لەوێداو لەبن دێری ڕووداوەکانەوە وەڵام دەداتەوەو

هەندێجار وەڵام بە بەرهەمەکانی دیکەی خۆی دەسپێرێت. بە هەرحاڵ هەر چییەك بێ کامۆ زۆر باش پەی بە دەردی ئینسانی سەدەی بیستەم بردووەو وەستایانە توانیویەتی پێ بنێتە قوڵایی دەروون و ڕوحی ئازار چەشتەی ئەم خەڵقەندەیەوە.

دەڵێن گرتود شتاین(٥٤)، نووسەرو هونەرمەندی نوێخوازی ئەمریکایی، لە دوا ساتەکانی ژیانیا، لە ناکاوا لەسەر جێگاکەی هەستاوەو گوتوویەتی "وەڵام چییە؟" لە کاتێکا کە ئەوانەی بە دیارییەوە بوون، بەسەرسامی تەمەشایان دەکرد سەیریان کرد کە دوای چەند چرکەیەك دووبارە هەستایەوەو پرسی: "پرسیارەکە چی بوو؟" و ئەوسا گیانی دەرچوو(٥٥).

ئەوانەی کە بەرهەمی کامۆ دەخوێننەوە، یان دەپرسن "وەڵام چییە؟" یان دەپرسن "پرسیارەکە چییە؟" ئەم ئینسانەی کە لە سەردەمانێکی دوورو درێژا پایەیەکی بەرزی هەبووە. ئەو وێنەیەی کە پێشینیان لەمەڕ ئەم ئینسانە کێشاویانە بە زۆری نیشانەی ئەمەیە کە بەشەرێکی شادمان و سەرکەوتوو بووە، بەرنامەی کاری خۆی زانیوە، ئاوات و ئامانجەکانی دیارو روون بووە، دۆستان و یارانێکی زۆری هەبووە، ئەشقێنی کردووە و لەزەتی لەم هونەرەی خۆی بینیوە، غروورو سەنگ و دەنگی خۆی هەبووەو بە کورتیەکەی خەڵقەنەیەکی ڕازی و بەختەوەر بووە.

بەڵام هەر ئەو ئینسانە، لەم دەورو زەمانەدا، دەڵێی لەو لوتکەی شادمانی و غرووڕەوە کەوتووەتە خوارەوە. بە پێچەوانەوە نەك هەر ئاشق و مەعشووق و هاوڕێ و هاودەم و هاوزمان و هاوهزری نییە، بەڵکو لە باری دەروونییەوە سلۆك و تێکشکاویش دێتە بەرچاو. خەڵقەنەیەکە لاوازو مایەی بەزەیی.

ئەو هەموو شادی و سەرگەرمی و دڵخۆشیانە لەبەر چاوی پووچ و بێ "بەها" بوون. بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی بزانێ کە گوناهی چییەو چ تاوان و خەتایەکی کردووە، هەمیشە لە ناخ و دەروونی خۆیدا هەست بە گوناح دەکات و ئەزیەت بەم گوناحکارییەوە دەبینێ. هەوڵدەدات پەناگەیەك بدۆزێتەوەو دەرمانێك بۆ دەردەکانی خۆی بدۆزێتەوەو بە دەگمەن سەرکەوتن بە دەست دێنێ. بە کورتیەکەی دنیای ئێمە پڕاو پڕە لە نەوەیەکی سەرگەردان و بێکەس و تەنیا و گومڕا.

کامۆ هەوڵیداوە ببێ بە پەیڤداری ئەم نەوەیە. ئەو قسانەی کە لە دڵی ئەواندا بووەو نەیانتوانیوە بیڵێن، ئەو بیڵێ و بیخاتە ڕوو ووەڵامی بداتەوە.

یەکێك لەو بەرهەمانەی کە ڕەنگدانەوەی هزرێن ئاڵۆزو ئاشوفتەی ئەم نەوەیەیە چیرۆکی کەوتنە کە لە ساڵی ١٩٣٦دا بڵاوبووەتەوە.

چیرۆکی کەوتن، سەرگوزوشتەی پیاوێکە بە ناوی جان باپتیست کلیمەنس(٥٦). پیاوێکی ناڤساڵەو خەڵکی پاریسە. پێشتر پێشتر پارێزەر بووەو هەنووکە ئاوارەو سەرگەردان بووە. لەوەدەچێ بە عەزابی گوناحێکی گەورەوە بناڵێنێ. لە جیاتی بۆ کڵێسا بڕوات و لە بەردەم کەشیشدا بە چۆکا بێ و ئیعتراف بکات. وا بە باشتر دەزانێ کە دەگەڵ خۆیدا قسان بکات.

کاتێ کە لە پاریس بوو، پارێزەرێکی زۆر باش بوو. زۆر باش و لۆژیکیانە قسەی دەکرد، جۆری دەم و دووی کاری لە دڵان دەکرد. هەر لە دووی کارێن ئابڕوومەندانە بوو و دەعوای

خەڵکانی نەجیب‌و لەسەر هەقی وەردەگرت. ڕووداوو پێشهاتێك ڕوو دەدات کە ئەم پارێزەرە سەرفرازو نەفس بەرزە دەکەوێتە نشێوی فەوتان‌و لێکەوتن و بونیادی دەروونی تێك دەڕوخێت‌و هەرەس دێنێ. بەسەرهات‌و ڕووداوەکە ئەمە بوو کە ژنێك خۆی دەخاتە روباری "سن"ـەوەو ئەم ئاغای کلیمەنسە توانایەکی وەهای دەبێت کە لە مەرگ دەربازی بکات. کاتێ کە لە حەقیقەتی مەسەلەکە دڵنیا دەبێت، بە جۆرێ گیرۆدەی سەرزەنشتی ویژدان دەبێت کە خۆی فەرامۆش دەکات‌و لە عەرشی غروور دەکەوێتە خوارەوە. قسەی ئەمە بوو کە "ئێمە بە متمانەو دڵنیایی تەواوەوە ناتوانین باسی بێگوناهی خەڵکانی دیکە بکەین، بەڵام دەتوانین بەوپەڕی متمانەوە باسی شەڕانیەت‌و گوناحی دەروونی خۆمان بکەین."

لەو زەمانەدا کە سەرزەنشت‌و لۆمە ڕووی تێدەکات، ماڵ‌و ماوای خۆی بە جێدێڵێ‌و دەڕوات بۆ ئەمستردام‌و لە مەیخانەیەکی ئەم شارەدا کە بە ناوی "مەکزیکوسیتی" بە ناوبانگە خانوویەك بە کرێ دەگرێت‌و لێدەبڕێ کە بۆ ئاسوودەیی ویژدان، بە خۆڕایی خزمەتی هەژاران بکات. جان باپتیست شەوو ڕۆژ مەستەو بەردەوام باسی دنیای پڕ وەهم‌و خەیاڵاتی خۆی دەکات. ئەگەر کەسێك گوێی لێبکرێت باشتر، دەنا دەگەڵ خۆیدا گفتوگۆ دەکات. ئەم پارێزە ناسراوو سەرکەوتووە داماوە، بە هۆی ئاگایی بوون لە خەتایەك دەبێ بە کۆیلەیەکی زەبوونی ویژدانی بێ قەراری خۆی‌و وەکو خنکاوێك کەوتبێتە گێژاوێکی کوشندەوە، پەیتا پەیتا تێدەکۆشێ کە خۆی لەم داوە کوشندەیە ڕزگار بکات. لە تۆ وایە مەیخانەی ئەمسترام بۆ ئەو بووە بە کڵێسایەك کە دەتوانێ لەوێوە بۆ خۆی‌و بۆ هەموو خەڵکی وەعز دابدات‌و ڕێگەی ڕزگاری فێری خەڵکی بکات.

چیرۆکی "کەوتن"ش وەکو بەرهەمەکانی دیکەی کامۆ پڕە لە ڕەمزو ڕازو میتافوڕان.

ئەمستردام، ئەم شارەی کە چەند کەناڵێك لە ناوەندی جیا دەبێتەوە، جۆرە نزیکی‌و وێکچوونێکی دەگەڵ دۆزەخەکەی دانتی دا هەیە. خودی جان باپتیست، بەخۆیشی جۆرە لێکچوونێکی دەگەڵ حەواری (شاگرد)ـە هاو ناوەکەی خۆیدا (یوحەنای تەعمیدکار) هەیە. کە ماوەیەکی زۆر ئاوارەی بیابان بوو بوو و چاوی بڕی بووە ئەستێرەی ڕۆژێ، وەکو چۆن کە جان باپتیست کلیمەنس چاوی دەبڕییە کۆتران‌و کوکوختیانی ئاسۆی ئەمستردام. کامۆ لەم بەرهەمە فەلسەفیەدا چەندین پرسیار دەخاتە ڕوو، بەڵام لە جیاتی ئەمەی کە خۆی وەڵامیان بداتەوە، بە خوێنەریان دەسپێرێت‌و داوا لە خوێنەر دەکات وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزێتەوە. وەڵامدەرەوەی ئەم پرسیارانە ویژدانی خوێنەرە.

کامۆ، سەرباری چیرۆك‌و حیکایەتی کورت‌و نامەێن فەلسەفی چەندین شانۆنامەشی نووسیون کە بە ناوبانگترینیان ئەمانەن: کالیگۆلا(٥٧)، دادپەروەران(٥٨)، قۆناغی ئابلووقە(٥٩)و هەڵێنجان‌و ئامادەکردنی چوار شانۆنامەش لە بەرهەمێن دۆستویفسکی، کالدرون، بوتساتی‌و فاکنەرەوە، لە کارە بەهادارەکانی ئەون(٦٠).

کامۆ، بەڕێوە بوو کە ببێ بە داهێنەرێکی بەنێوبانگتر لەوەی کە هەبوو، بەڵام بویەرێکی کارەساتباری ناوادە تۆماری ژیانی پێچایەوە. لە ڕۆژی ١٩٦٠/١/٤ ئوتومبیلەکەی بە خێراییەکی

زۆر لە خاڵێکی نزیکی ڕوباری سن تامپۆنی کرد. هەوڵی پزیشکان بۆ ڕزگار کردنی فایدەی نەبوو و ئێوارەی هەمان شەو بە یەکجارەکی چاوی لێك نا.

**پەراوێز:**

١- سەبارەت بە کتێبی تاعوون، بڕوانە کۆتایی ئەم کتێبە.

٢- فەلسەفەی نەهلیزم، لە هەمان بەرگدا، لە باسی کتێبی باوکان و کوڕانی ئیڤان تورگینیف، بە دوورو درێژی باسکراوە.

٣- مەرسۆ، کە شا قارەمانی ئەم چیرۆکەیە، مەشرەبێکی تایبەتی هەیە کە لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا ڕەنگدەداتەوەو دەردەکەوێ. سیفەتی دیاری ئەو ئەمەیە کە دەربارەی خۆی درۆ ناکات‌و بە هیچ جۆرێ ئەو پرەنسیب‌و داب‌و نەریتانەی کە لە کۆمەڵگەکەی ئەودا باون‌و خەڵکی پابەندیانە، قەبووڵ ناکات. ئاین‌و خوا بۆ ئەو و لای ئەو مانایەکیان نییە-و بەلای کەمەوە باوەڕو قەناعەتی وایە کە نابێ بۆ ڕێگرتن لە مەرگ‌و درێژەی ژیان پەناوەبەر ئەو شتانە ببرێت. پرەنسیپی ژیان یان مردن بۆ ئەو جیاوازیەکی زیادیان نییە، بۆیە مەرگی دایکی بە دیاردەو ڕووداوێکی زۆر ئاسایی‌و سروشتی دەزانێ. لە هەمان کاتدا هەمان کەس عاشقی لەزەتە‌و حەز لەو کارانە دەکات کە خۆشیان تیابێ. بەڵام هەرگیز ئەم خۆشی‌و لەزەتە لە ڕێگەی درۆوە بە دەست نایەنێ. بەشەرێك ژیانی وەکو چۆن پێڕەوا بینراوە قەبووڵ کردووەو لەبەر ئەمەیە کە لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا مەرسۆ پرسیار ناکات، بەڵکو ئەگەر کەسێك پرسیاری لێبکات، وەڵامی وەکو چۆن خۆی هەستی پێدەکات، بەو ئاوایە دەداتەوە.

٤- لە دەقە ئینگلیزیەکەی کتێبی، پنگوین، چاپی ساڵی ١٩٧٤، پاچڤەی ستیوارت گیللبرت‌و پێشەکی سایریل کونولی چیرۆکنووس‌و ڕەخنەگری ناوداری ئەمریکاییدا، لە جیاتی کەترەخانە، خانەی پیران بەکار هاتووە.

٥- Marengo

٦- لە دەقی ئینگلیزی، پنگوین،لە ل ١٣ەوە پاچڤەی فاسی کراوە.

٧- خوارنگە یان ریستۆرانتی سیلسیت کە مەرسۆ لەوێندەر لادەدات هی هەمان کەسە کە لە هەمان کاتدا دۆستی مەرسۆشەو لە مێژە دەیناسیت.

٨- عەمانوئیل، لە هەمان دایەرەی مەرسۆدا کار دەکات.

٩- بڕوانە کتێبی پنگوین، بەر پەڕێن ١٤و ١٥.

١٠- بڕوانە لاپەڕەی (١٦) کتێبی پنگوین.

١١- گەرماو هەتاو، گەرمی سوتێنەری هەتاو لە چیرۆکی نامۆدا لە هەموو شوێنێ دەوری سەرەکی هەیە. کاتێ مەرسۆ بەرەو مارینگۆ دەڕوات، هەرچەندە دایکی مردووەو هەقە بە مەرگی دایکی خەمبار بێ، ناڕەحەتی و پەریشانیەکەی زیاتر هی ئەو گەرمایەیە کە لە ڕێ لێیداوە. لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکەی دایکیا خۆشحاڵە کە ڕۆژەکەی ڕۆژێکی

دڵگیرەو هەوای دنیا دڵگیرە، بەڵام زۆری پێناچێ کە لە گەرما تەنگەتاو دەبێت و هەموو هەوڵ و کۆششێکی دێتە سەر ئەمەی کە هەتاوە سووتێنەرەکە تەحەمول بکات. لە سەرانسەری ڕێوڕەسمەکەدا، هەرچەندە هەندێ پێشهاتان دەگوزەرێن (بۆ نموونە کەسێك بە ناوی توماس پیرز دەردەکەوێ کە بەڕێوەبەری کەترەخانەکە بەگاڵتەوە پێی دەڵێت کە ئەشق و ڤیان لە بەینی ئەم کەسەو دایکیا هەبووە) هەرگیز هیچ پرسیارێك لە هیچ کەسێك ناکات، بەڵکو بە دوای ڕێڕەوی ڕێوڕەسمەکەدا دەڕوات و لە دڵی خۆیدا خۆشحاڵە کە ڕێوڕەسمەکە تەواو بوو، ئیدی دەتوانێ بۆ جەزایر بگەڕێتەوە و بە ئیسراحەت و بێ خەم و خەیاڵ لەماڵەوە بخەوێ.

١٢- ڕووداوی کتێبی نامۆ، لە ڕۆژی پێنج شەممەوە دەست پێدەکات - لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا (تێکڕا لە چاپڤە ئینگلیزیەکەدا پەنجاو یەك لاپەڕەیە) چیرۆکەکە لە ڕۆژی پێنج شەممەوە دەست پێدەکات و تا ڕۆژی هەینی لە مارینگۆیە. شەممە و یەك شەممە لە جەزایرە کە کاتی خۆی دەگەڵ ماری دا بەسەر دەبات. یەك شەممەی دوو هەفتەی دواتر بویەری تاوانەکە لە کەنارەکەدا ڕوو دەدات کە ئیدی مەرسۆ دەستگیر دەکرێت. بەم پێودانگە هەموو ڕووداوەکانی بەشی یەکەم مودەتی نزیکەی دوو هەفتە دەخایەنێ لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا (لە چاپەکەی پنگویندا تێکڕا پەنجاو سێ لاپەڕەیە). دادپرسی و دادگایی نزیکی یەك ساڵ دەخایەنێ کە سەرەنجام حوکمی مەرگ دەدرێت.

١٣- ماری کاردونا، دڵداری قارەمانەکەیە. ماری لە بەشی یەکەمی چیرۆکەکەدا، ئەکتەری یەکەمی ژنە، بەڵام دوای ڕوودانی تاوانەکە، لە تۆ وایە ئەو ئەرکەی کە بەو سپێردرا بوو کۆتایی هاتووەو هیچ بوونێکی دەرەکی نییە.

١٤- بڕوانە بەرپەڕێن ٢٧ ، ٢٨ ، ٢٩، کتێبی پنگوین.

١٥- سالامانو، دەگەڵ سەگەکەیدا کە لە جۆری سپانیالی یە ( سەگی موو درێژ و گوێ شۆڕ) هاوسێیەکەی لاتی مەرسۆیە.

١٦- ریمون، نموونەی لات و لەوێرێکی فەرەنسییە کە ئاکنجی جەزایرە. کابرایەکی کورتە باڵای مل ئەستوورە. دیارە کە لە ڕێگەی گەوادیەوە دەژی و ژنان بە کرێ دەدات و بەزەحمەت دەرامەتی خۆی پەیدا دەکات. هەرچەندە کابرایەکی لا تەو وادەنوێنێ کەدەستی شەقاوەگەریشی هەیە، دەیەوێ لە دەسەڵاتی قانوونیش یاخی بێت. ریمون، هوشیارانە مەرسۆ بەرەو تاوانێك بکێش دەکات کە ڕەنگە خۆی بە خەویش ئەوەی بە بیردا نەهاتبێ کە کۆتاییەکەی وا بکەوێتەوە.

١٧- بڕوانە نامۆ، چاپی پنگوین، ساڵی ١٩٧٤ بەرپەڕێن ٤٣ و ٤٤.

١٨- = = = = = = = ٦٢، ٦٣ ، ٦٤.

١٩- = = = = = = = ٧١، ٧٢، ٧٣.

٢٠- کامۆ ئەم بەسەرهاتە خەیاڵ ئەنگێزو پڕ ئازارەی لە شانۆنامەی بەدحاڵی بووندا بەکار بردووە.

٢١- بڕوانە نامۆ، چاپی پنگوین، ساڵی ١٩٧٤، ل ١٠٦ و ١٠٧.

٢٢- مەرسۆ دەزانێت و، کە لە هەموو خەڵکەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگایە جیاوازەو هەر ئەم جیاوازیەش بووەتە باعیسی مەحکوومیەتی ئەو. هەموو ئارەزوویەکی ئەمەیە کاتێ کە بەرەو قەتڵگاکەی خۆی دەڕوات، ئاپۆڕایەکی یەجگار زۆرو توڕەو خرۆشاو لە چاوەڕوانی خۆیدا بدینێ، بۆ ئەوەی دڵنیا ببێ کە کۆمەڵگەش دەریان کردووە. دەیەوێ دڵنیا ببێت هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە لەو دەترسن و ڕەئی دادگا بە ڕەوا دەزانن و بە ئاواتەوەن ئەو بمرێت و لە نێو ئەواندا گوم بێت، بۆچی؟ چونکە ئەو هاوڕەنگی ئەوان نەبووە کە درۆ بکات و درۆ قەبوولێ بکات و هەموو تەمەنی بە درۆ بژی.

٢٣- شایانی باسە کە ئەلبێر کامۆ بە هیچ کلۆجێ پابەندی مەزەب و بیروباوەڕێن مەزەبی نییەو باوەڕی بە خوداش نییە. شوێنەواری ئەم بێباوەڕیو خوا نەناسییە لە تێکڕای بەرهەمەکانی ئەودا دیارەو تەنانەت باسی ئەمەی کە لە پشت ئەمڕۆوە سبەیەك هەیەو ژیانێکی دیکەی لە دوای مردن هەیە، بۆ ئەو و لای ئەو بێماناو بێبنەمایە.

٢٤- کامۆ، ساڵانێکی زۆر دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی نامۆ، ناچار بوو لە هەنبەر پرسیاری هەزاران هەواداری بەرهەمەکانی خۆیدا، چ لە ڕۆژنامەو چ لە ڕادیۆو چ لە کەناڵە میدیایەکانی دیکەدا، هەندێ ڕوونکردنەوە لەمەڕ هزرو هزرینی خۆی پێشکەش بکات و ئەم ڕوونکردانەوانە بە شێوەیەکی جیاواز لەو کتێبانەدا کە دەربارەی ژیان و بیرکردنەوە نووسیونی، ڕەنگیان داوەتەوە.

٢٥- Conor Cruise obrine: Albert Camusof Europe and Africa.

٢٦- بڕوانە ل ٢١ و ٢٢ لە کتێبی ئەلبێر کامۆی ئەورووپاو ئەفریقا، چاپی The Viking press، ساڵی ١٩٧٠.

٢٧- Le My the de sisyphe

٢٨- توماس هوبز، یەکێکە لە فەیلەسووفە ڕەشبینەکانی سەدەی شازدەیەمی ئینگلیستان. ساڵانێکی زۆر لە ڕۆژئاوادا پەیڕەوانی هەبووە.

یەکێك لە قسە بەناوبانگەکانی کە زۆر جار دەگوترێتەوە ئەمەیە کە "دینداری لە ترسی سزاو عەزابەو تەنانەت ئەو کەسەش کە بەزەیی بە هەژاراندا دێتەوە، زادەی ئەو عەزابەیە کە هەستی پێدەکات، چونکە وا تەسەور دەکات کە لەگینە بە خۆیشی تووشی هەمان هەژاری ببێ".

٢٩- کتێبی ئەلبێر کامۆی ئەورووپاو ئەفریقا، ل ٣٢.

٣٠- Mondovi Algeria

٣١- Marne

٣٢- Lucien

٣٣- لویس جەرمن هەمیشە مایەی ڕێزو حورمەتی ئەو بوو. ڕادەی وەفاداری کامۆ بەرانبەر بە مامۆستاو پەروەردەکارو پشتیوانەکەی خۆی بە ڕادەیەك بوو کە ٣٤ ساڵ لەوە دوا کاتێ کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، بە شایستەی مامۆستاکەی خۆی دەزانی و لە وتەیەکا بەوی پێشکەش کرد.

**٣٤- ئاندریە جید، ئاندری مالرو و هنری مونترلان، هەرسێکیان لەم ساڵانەدا لە نووسەرانی چەپگەرابوون. مونترلان یەکێك بوو لە دژمنە سەر سەختەکانی دیموکراسیەتی فەرەنساو تەنانەت داگیرکردنی فەرەنسای لەلایەن سوپای نازییەوە، بە جۆرە پەندو عیبرەتێك بۆ گەلی فەرەنسا دەزانی. پرەنسیپی ڕەخنە جڤاکی و سیاسیەکانی لە کتێبێکدا بڵاو بوونەتەوە. لە ژێر سەر ناڤی شینێك بۆ مەرگی چینی دکتاتۆر. مونترلان لە ساڵی ١٩٦٠دا بوو بە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنساو دوای دوازدە ساڵ، لە سپتامبەری ١٩٧٢دا لە ترسی کوێری، بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.**

٣٥- Alger – Republicain

**٣٦-تاعوون، لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەوە پتر لە دوو هێندەی نامۆیە. نوسخە ئینگلیزیەکەی ئەم کتێبە، پنگوین، چاپی ١٩٧٥، ٢٥٢ لاپەڕەیەو پێنج بەشە. بایەخ و گرینگی تاعوون بە ڕادەیەکە کە هەندێ لە گەورە ڕەخنەگرانی (کامۆ ناس) دنیا ، تیا ماون کە لە نێوان هەردوو کتێبی نامۆو تاعووندا کامیان بە شاکار هەڵبژێرن.**

٣٧- Orar

٣٨- Bernard Rambert

٣٩- Raymond Rambert

٤٠- Cottard

٤١- Jean tarrou

٤٢- Oscar Wild: The picture of Doriau Gray

٤٣- Joseph Conrad: Lordjim – under Western Eyes

٤٤- The Rebel

٤٥- The Fall

٤٦- The Adulterous Women

٤٧- Janine

٤٨- L, Exil et Le royaume (Exile and Kingdom)

٤٩- The Ranagade

٥٠- The Guest

٥١- The silent men

٥٢- The Artist at work

٥٣- The Growing stone

٥٤- Gertrude stein

**٥٥- لە کتێبی** Masterplost **دانانی** Frunk. N. MeGill **چاپی نیویورك ١٩٦٣ ل ١٨٠ وەرگیراوە. باسەکەی کامۆ لە چیرۆکی کەوتندا، پرسیارەکەی گرترود ستاین وەبیر دێنێتەوە.**

٥٦- Jean – Baptisite Clamence

**٥٧- کالیگولا، ئەم شانۆنامەیەی کامۆ کە لە ساڵی ١٩٤٤ دا نووسراوە و ساڵی دواتر نمایش کراوە. لە ژیانی ئیمپراتۆری ڕۆمەوە، کە لە ساڵانی ٣٧ تا ٤١ی زاینی لەسەر حوکم بوو، هەڵێنجراوە. لە قسان گوایە حەزی لە خوشکە جەوانەکەی خۆی دروسیلا بووەو پەیوەندی ئاشقانەی دەگەڵیا بووە. کاتێ خوشکە گەنجەکەی لە ساڵی ٣٨دا لە ناکاوا**

دەمرێت، کالیگولا (بە مانای پێڵاوی بچووك- ناوێك بوو کە بە منداڵی، هاوتەمەنەکانی خۆی لێیان نابوو) لە سوێی مەرگی دڵدارەکەی شێت دەبێت. دەستی بە تاوانێن جۆراو جۆر دەلەوتیۆ دوای تەحەمولی عەزابێکی زۆر، لە ساڵی ٤١ز بە دەستی کاسیوس، قەیسەری ئایندەی ڕۆم دەکوژێ.

٥٨- The just Assassins

٥٩- The state of siege

٦٠- ئەو چوار شانۆنامەیەی کە کامۆ لە بەرهەمێن کەسانی دیکەوە هەڵی هێنجاونو ئامادەی کردوون بریتین لە:

١- پدرو کالدرون دولابارکا: شاعیرو شانونامەنووسی سەدەی هەڤدەی ئەسپانیا لە ژێر سەرناڤی: دڵسۆزی بۆ خاچ.

٢- دینو بوتساتی: چیرۆکنووسو درامانووسی سەدەی بیستەمی ئیتالیایە بە شێوازی شانۆنامەکەدا دیارە کە بوتساتی لە ژێر کاریگەری هزرێن کافکادا بووە (چیرۆکی شانۆنامەکە دەربارەی چەند دکتۆرێکی پسپۆرە کە بە کۆمەکی ژمارەیەك دەزگا، ئینسانێکی ساغو سەلامەت بەرەو مردنو نابودی دەبەن) بەم حاڵەشەوە شانۆنامەکە هەوەڵجار لە ئیتاڵیاو پاشان لە ئەڵمانیاو وڵاتانی دیدی ئەوروپادا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست هێنا کە ناوی نووسەرەکەی لە هەموو شوێنێ کەوتە سەر زاران.

لە ویلیام فوکنەری چیرۆکنووسی ئەمریکاییەوە شانۆنامەی شیوەنێك بۆ ڕەبەنیتەیەکی هەڵێنجاوەو لە دوستویفسکی چیرۆکنووسی ڕووسیشەوە شانۆنامەی جن زدەکانی هەڵێنجاوە.

*- سەرچاوە :سیری در بزرگترین کتابهای جهان/جلد دوم/تالیف:حسن شهباز
موسسه انتشارات امیر کبیر ١٣٨٩/چاپ: پن

# ٤- کوختەکەی* هاپۆ تۆم

**هریت بیچرستو ( ١٨١١- ١٨٩٦ )**

یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی ئەمریکا، یاسا سەختەکانی ساڵی ١٨٥٠، کە بە یاساێن کۆیلەداری بە نێوبانگە. بە جۆرێ کاری تێکرد، کە کوختەکەی هاپۆ تۆم بنووسێت. بەرهەمەکانی دیکەی ئەو بریتین لە شیعرو گوتارو چیرۆکانو لە شازدە بەرگدا کۆ کراونەتەوە.

***

**ئەم کتێبە**

ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨٥٢دا بڵاوبووەتەوەو دەورێکی زۆر گرینگی لە هاڕوژاندنی هەستێن دژە کۆیلەداری لەلای باکووریەکان گێڕاوەو هاپۆ تۆم بوو بە ڕەمزی مەزڵوومیەتی هەموو کۆیلەکان نەك هەر لە ئەمریکا بەڵکو لەگشت دنیادا.

***

چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی کوخەکەی هاپۆ تۆم، بە بۆچوونی رەخنەگرانی ئەدەبی ئەمریکا، پر سۆزو گودازترین رووداوە لە مێژووی دنیای چیرۆکنووسیدا، باوەڕیان وایە لە شوباتی ساڵی ١٨٥١و، کە ئەم رۆمانە بە زنجیرە لە رۆژنامەیەکی لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتیدا، بە نێوی (سەردەمی نەتەوەیی) چاپی واشینگتون دی سی، بڵابووەوە هەرگیز هیچ کتێبێك بەمجۆرە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگەیەکدا، دەنگدانەوەی نەبووەو هەراوزەناو مشتو مڕو چەلەحانێی نەناوەتەوە. هریت پیچرستو، ژنێکی چل ساڵە، ژنی پرۆفیسۆر کالڤین ئیستو بوو، ژنێکی پارێزکارو گۆشەگیر بوو، مەسئولیەتی ئاگاداریو سەرپەرشتی حەوت منداڵی لە ئەستۆدا بووە. بە نووسینی ئەم چیرۆکە، هەراو هەنگامەیەکی ئەوتۆی لە نێو خەباتکارانی رێگای ئازادی رەش پێستەکاندا نایەوە کە لە کوتو پڕێکا بوو بە قارەمانی وڵاتەکەی خۆیو شۆرەتو نێوبانگی سەرکەوتنی ئەو لە سنووری ئەمریکا تێپەڕیو گەییە دنیا. لە سەردەمێکا کە چاپ و فرۆشی کتێب زۆر سنووردار بوو و کەم بەرهەم دەگەییە چاپی سێیەم یا چوارەم، کوختەکەی هاپۆ تۆم، لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا، نیو ملیۆن دانەی بە زمانی ئینگلیزی، تەنیا لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێفرۆشرا بوو. لە ئینگلیستاندا لە هەمان ماوەدا ژمارەی فرۆشی رۆمانی نێو براو لە سنووری یەك ملیۆن نوسخە تێپەڕیو هەر لە هەمان سەروبەندا، پاچڤەکارانی پیشەیی لە پتر لە وڵاتێکی ئەوروپاییدا، خەریکی پاچڤەو بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بوونو دەڵێن هەندێجار، پێنج پاچڤەی چیرۆکی کوختەکەی هاپۆ تۆم، لە یەك زماندا کراوە.

هریت پیچرستو، سەربهوردی هاپۆتۆمی قارەمانی ئەم چیرۆکەی لە کێ ژنەوتووە؟ ئەم سەرگوزشتەو بەسەرهاتە بە ئازارو خەمناکانەی، کە ئاوێنەی دنیای مەینەتباری کۆیلە ڕەشەکان

بوو، لە کویێو چۆن بە دەست هێناوە؟ ئایا ئەمانە هەر هەمووی زادەی زەوقو سەلیقەی داهێنەرانەی خۆی بوو؟

هەڵبەتە گومان لە توانای داهێنانی هریت نییە. چونکە زۆر کتێبی دیکەی نووسیونو مرۆڤی سەرنج ڕاکێش و جوانیشی خوڵقاندووە. خۆ ئەگەر کوختەکەی هاپۆ تۆمیش بەو ڕادەیە لەلایەن جیهانیانەوە پێشوازی نەکراباو پلەی شاکاری نووسەری وەرنەگرتبا، ئەوا ئەدەبدۆستانی دیکە، ڕوویان دەکردە بەرهەمەکانی دیکەیو ئەویان زیاتر و باشتر دەناسی. بەڵام بە گوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنو توێژینەوە زۆرانەی کە توێژەرانی ئەمریکا کردوویانە، چیرۆکی کوختەکەی هاپۆ تۆم چیرۆکێکی خەیاڵی نییەو شا قارەمانەکەی خەڵقەندەی زەینو زەوقی هریت پیچرستو نەبووە. لەو سەردەمەدا کە نووسەر سەر گوزشتەی مەینەتباری تومە ڕەشی دەنووسی، بەڕاستی لە ئەمریکادا کۆیلەیەك هەبووە کە چیرۆكو بەسەرهاتی ژیانی هەمان چیرۆکی ژیانی تومی ڕەنجەڕۆو چەوساوە بوو، ئەم مرۆڤە ناوی ڕاستەقینەی جوزیا– هنسن بووە، لە پورت توباکو، لە ستانی مەری لاند لە دایکبووە. جوزیا بە کۆیلەیی لە دایك بوو بوو، هەر چەندە دڵسۆزانەو بە دڵ و گیان کاری بۆ ئاغاکانی دەکرد، بەڵام جگە لە تووڕەیی و ڕووو گرژیو خوتەو بۆڵەو ئازار هیچ شتێکی دیکەی لێنەدەبینین. سەرەنجام ڕۆژێ ماڵو حاڵ و ژیانو ژینگەی خۆی بە جێهێشتو بەرەو کەنەدا هەڵهات. هەڵبەتە سەفەرەکەی، زۆر دژوارو ناڕەحەتو مەترسیدار بوو، مەینەتی زۆری بەسەردا هات، بەڵام بەختو نێوچەوان ڕووی تێکردو توانی خۆی بگەیەنێتە وڵاتەکەی دراوسێیان. لە کەنەدادا، دوای تەحەمولی برسیەتیەکی زۆر، تووشی کەشیشێکی میهرەبانو دڵپاك بوو و ئیدی ئەم پیاوە مەینەتبارە دەگرێتە خۆی. جوزیا، لەو ڕۆژە بە دواوە خوو دەداتە مەزەبو ئاینو دوای چەند ساڵێك دەبێت بە کەشیش و جلو بەرگی کەشیش لەبەر دەکات. لە شاری ئاندوڤری ویلایەتی ماساچوست، بابی ڕۆحانی تووشی خانەوادەی پروفیسۆر ستو دەبێت. هریت، ئەوی لە ماڵی خۆیاندا بینیو باشتری ناسی. ڕۆژێك کە گوێ لە چیرۆکی ژیانی ئەو دەگرێت، لێدەبڕێت دەست بداتە قەڵەمو بەسەر هاتی ژیانی یەکپارچە ڕەنجو ئازاری ئەو بنووسێتەوە. بەمجۆرە ڕۆمانی کوختەکەی هاپۆ تۆم لە دایك دەبێتو دێتە ئاراوە.

جوزیا هنسن، ئەگەر لە خزمەتی ئەربابانی سپی پێستدا ماباوە، بە درێژایی تەمەنی، جگە لە سەختکارییو چەوسانەوەو سووکایەتیو بێحورمەتی هیچی دیکەی نەدەدوریەوە، دوای بڵاوبوونەوەی چیرۆکی کوختەکەی هاپۆ تۆم، بڕیاری دا خۆی دەست بداتە قەڵەمو داکۆکی لە کۆیلە ڕەشەکان بکات، لەم سەرو بەندەدا، ڕەش پێستە، چارە ڕەشەکان، لە دەوری ئەو خڕ بوو بوونەوەو ئەویان کردبوو بە نوێنەری خۆیان. ئەوان، وەسیلەی سەفەری ئەویان فەراهەم دەکرد، تا بۆ هەموو شوێنێك بڕواتو هاوارو بانگو گازی ئازادیخوازی وان بگەیەنێتە گوێی میللەتی ئەمریکاو جیهانیان. جوزیا هنسن، بۆ ئەو مەبەستە سێجار سەفەری ئینگلیستانی کردو لەو وڵاتەدا، کۆمەڵێك کۆڕی دەربارەی ئازادی ڕەش پێستان گرتو وتاری لەو بارەیەوە خوێندەوە. لە دوا سەفەریدا، کاتێ بۆ ئەمریکا گەڕایەوە، ئەو کتێبەی کە خۆی نووسی بووی، لە ژێر سەرناڤی ( ژیانی جوزیا هنسن، کۆیلەی جارانو ئاکنجی و هاووڵاتی ئێستای کەنەدا،) لە زمانی خۆیەوە

بڵاوکردەوە. سەیر ئەمە بوو کە کتێبەکەی چەند چاپێکی دیکەی کرایەوەو نێوی ئەو لە هەموو شوێنێك کەوتە سەر زاران.

چیرۆکی کوخەکەی هاپۆ تۆم، لە ساڵی ١٨٥٢دا، بە کتێب چاپ و بڵاوبووەوەو نۆ ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ١٨٦١دا شەڕی ناوخۆی ئەمریکا دەستی پێکرد کە سەرەنجام بە شکشتی باشوورییەکان کۆتایی هاتو بە دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری شکایەوە. ئایا هریت پیچرستو، مەبەستی لە نووسینی ئەم کتێبە، لێدانی تەپڵی جەنگو هەڵگیرسانی فیتنەو دووبەرەکی نێوان باکووریو باشوورییەکان بوو؟ هەڵبەتە بە هیچ جۆرێ ئەو مەبەستەی نەبووە. هریت، پاشماوەی بنەماڵەیەك بوو کە هەر هەموو ئەندامەکانی لایەنگری پیوریتانیزم بوون (پیوریتانیزم: لایەنگری پاکی رواڵەتو پاکی ئەخلاق بوون تا ڕادەی توندڕەوی و واز وازی.) لە دابو نەریتو ئەتوارو ڕەفتاری ئەم قەومەدا، جەنگو خوێن ڕشتن زۆر قێزەون بوو. ڕۆژێك کە خەڵکانێك گلەییان لێکردو ئیرادیان لێگرتو گوتیان: "کتێبەکەی تۆ، کۆمەڵگەی ئەمریکای دا بە گژ یەکداو ئەندامانی یەك کۆمەڵگەی بۆ خوێن ڕشتنی یەکدی هاندا." هریت لە وەڵامی ئەوانەدا گوتی: "ئەوەی من کردم، ویستو مەشیەتی خودا بوو. ئەو واداری کردم تا دەست بدەمە قەڵەم، هەر چییەك ئەو دەیگوت من دەمنووسیو من هیچ کارێکم لە خۆمەوە نەکردووە."

کۆخەکەی هاپۆ تۆم، بە سەرهاتی دەردو ئازارو مەینەتیانی ئینسانانێکە کە بە ڕەشی دروست بوونو بە هۆی ئەو داغمەی کۆیلایەتیەوە کە بە تەوێڵیانەوە نراوە، دەبێ هەر جۆرە ستەمێك لە ئاغایانی سپی قەبووڵ بکەن. گوێ بۆ قسەکانی تۆم ڕادێرن:

هاپۆ تۆم: جەنابی لگری بزانە چیت پێدەڵێم... تۆ پارەت هەیەو منت کڕیوە... باشە قەبووڵمە... منیش غولامێکی ڕەشم... باشە... تۆ دەتەوێ کارت بۆ بکەمو ڕەنجت بۆ بدەم... ئەمەش دەزانم... گەرەکتە ئەمەکدار بمو خیانەتت لێنەکەم. وەفادارمو تا بمێنم خیانەتت لێناکەم... دەتەوێ هەرچی هێزو توانام هەیە لەم مەزرایەدا... شەوو ڕۆژ... بۆتی بخەمە کار... بە چاوان... ئەمر دەکەی... هەر چییەك بڵێی، بە گوێت دەکەم، بە چاوان... چونکە دەزانم تۆ پارەت داوەو منت کڕیوە... تۆ خاوەنی هەموو شتێکی منیت... سەراپام موڵکی تۆیە... بەڵام ئەرباب.... تۆ روحی منت نەکڕیوە... روحی من، موڵکی خۆمە... هی ئەو کەسەیە کە منی هێناوەتە ئەم دنیایە... تۆ دەتوانی جەستەی من بکوژی... بەڵام ناتوانی روحی من بکوژیت... تۆ گەرەکتە هەموو شتێکت بدەمێ... بە چاوان... بەڵام من ناتوانم روحی خۆم بدەمە کەسێك کە ئەویش وەکو منە... ئەویش وەکو من ڕۆژێك دێت کە دەمرێت...

لگری: بکەوە سەر زەوی! سەگی خوێڕی! ئێستا بوویت بەو پیاوەی لە هەنبەر ئاغاو ئەربابی سپی خۆتدا، خۆت بنوێنی... وەرکەوە سەر زەویو پێم ماچ بکە.

هاپۆ تۆم: نە ئەرباب نا. تۆ بە ناهەق بەر قامچیم دەدەی... بە ناهەق برسیم دەکەیت.... بە ناهەق حەپسم دەکەیت... بەبێ تاوان ئەزیەتم دەدەیت... زۆر چاکە... قەبووڵمە... تۆ پارەت داوەو منت کڕیوە... بەڵام من بەسەر لاقتا ناکەوم... من ڕوحی خۆم بچووك ناکەمەوە.

لگری: پێت دەڵێم وەرکەوە، بکەوە سەر زەوی... ڕەشی قەرە بەخت... بکەوە سەر زەوی (شەلاقەکە دادێنێتەوە.)

هاپۆ تۆم: نا، من سەر دانانەوێنم... بە من دەڵێن هاپۆ تۆم.... من عومرێك خزمەتی ئەرباب "شەلبی"م کردووە... هەمیشە وەفاداری بووم... ئەو بە ئەرباب (هیلی) فرۆشتم، بۆ ئەویش خولامێکی ئەڵقە لە گوێ و وەفادار بووم، پاشان ئاغا "سن کلیر" کڕیمیو خزمەتی ئەویشم کرد.... ئێستا تۆ خاوەنو ئاغای منیت... پارەت داوەو منت کڕیوە... زۆر باشە. کارت بۆ دەکەم... هەرچیەك بڵێی دەیکەم... بەڵام ئامادە نیم خۆم بەسەر پێتدا بدەمو بکەومە لالانەوەو پاڕانەوە... من هیچ خەتایەکم نەکردووە...

لگری: بە خۆم دەزانم چۆن لووتت لە عاردی دەدەم. بکەوە سەر زەوی هەی خوێڕی. هێندەت دارکاری دەکەم تاوەکو سەگ دەتۆپیت... ئەگەر پێویست بکات ئاگرت تێبەردەدەم... دەتکەم بە خۆڵەمێش... (شەلاقەکە دادێنێتەوە)

هاپۆ تۆم: ئەگەر ئەو بیەوێ کە من بمرم دەمرم.

لگری: ئەو کێیە؟ ئەو منم تێدەگەی؟ ئەو منم.

هاپۆ تۆم: نە ئەو تۆ نیت.... ئەو خودای منە.... خودایەك کە تۆڵەی من لە تۆ دەکاتەوە. تێدەگەی؟

لە نێو هەزاران کۆیلەی ئاکنجی ستانی کنتاکی دا، ڕەنگە هاپۆ تۆم لە هەموو کەس هەژارترو چەوساوەتر بووبێ، پیاوێکی بەکەلەش زەلامو بەهێزو بەکار، کە لە مەزرا پانو بەرینەکانی خانەوادەی شلبی دا خزمەتی دەکرد. شلبی نەیدەویست دەستبەرداری بێ چونکە دڵسۆزیو ئەمەکەداری ئەوی لە هەموو ڕوویەکەوە تاقی کردبووەوە، جارێك ناردبووی بۆ سینسیناتی تا پێنج سەد دۆلار قەرزی ئەو وەرگرێتەوەو هەرچەندە ئەم بڕە پارەیە بۆ کۆیلەیەکی هەژارو دەستکورتی، بێکەسی وەکو تۆم سەرمایەیەکی فرە بوو، بەڵام فریوی، فریوکارانی نەخوارد کە دەیانگوت: "بەو پارەیە بۆ کەنەدا هەڵێتو عومرێك بە ئاسوودەیی پێی بژی" و ئەمانەتەکەی بە دەقی خۆیەوە گەیاندە دەستی ئاغای.

شلبی، چاکیەکانی ئەوی دەزانی، بۆیە کاتێ ناچار بوو لە هەنبەر قەرزی هالی معامەلەچی ئاکنجی نێو ئورلیان، ئەو ڕادەست بکاتو بۆ هەمیشە خوا حافیزی لێبکات، زۆر خەمگین بوو. هالی، لەم مامەڵەیەی زۆر ڕازی بوو، چونکە توانی بووی شلبی ڕازی بکات تا منداڵێکی دوو ڕەگی پێنج ساڵانیش بە نێوی هاری کە لە نێو کۆیلەکاندا بوو، بۆ خۆی ببات. بەسەرهاتی هاریو دایکە زەحمەتکێشەکەی، ئیلیزا، لە سەربهووردی هاپۆ تۆم کەمتر نەبوو. تۆم کاتێ زانی دەبێت لەگەڵ ئەربابی تازەیدا بەرەو ستانەکانی باشوور بڕوات، خۆی بە خودای خۆی سپاردو ملی بۆ ویستو مەشیەتی پەروەردگار دا، بەڵام لیزای گەنج کە هاری کوڕە تاقانەکەی، نیوەی ڕوحو گیانی بوو، ئامادە نەبوو لە هەنبەر ویستی ئاغایدا ملکەچ بکات، دەگەڵ مێردە گەنجەکەیدا، جورج هاریس کە لە مەزرای هاوسێکەیدا خزمەتی دەکرد، تەگبیری کردو بڕیاری ترسناکی خۆی دا. ئێوارێ، کە بایەکی ساردی زستانی هەڵیکرد، خوا حافیزی لە کوختە

گەرمەکەی خۆی کرد، منداڵەکەی لە هەمێز گرت و لەو دیارو دەڤەرە ناخۆشە هەڵهات بەو ئومێدەی ڕۆژێك لە ڕۆژان پا بنێتە خاکی کەنداو ژیانێکی نوێ دەست پێبکات.

هەڵبەتە هەڵاتنی ئەو بە نێو مەزراو بێشەو ڕوباراندا ئاسان نەبوو، بە تایبەتی کە کڕیارە تازەکە کاتێ بە هەڵاتنەکەیانی زانی، خەڵکانێکی بۆ تاقیب و دەستگیر کردنیان نارد بوو. تاقیبکارەکان لە کەناری روباری ئوهایو، لە کۆیلە هەڵاتووەکان نزیك بوونەوەو دایکەکە، کە هەستی کرد خەتەری دیلی و تەحەمولی سزای قورس لێیانەوە نزیکە، ڕیسکی کرد، منداڵەکەی توند لە ئامێز گرت و خۆی هەڵدایە سەر پارچە سەهۆڵێك کە شەپۆلان دابویانە بەرێ. لە چاو تروکانێکدا پارچە سەهۆڵەکە لە کەناری روبارەکە دوور کەوتەوەو بەرە بەرە ئەوی بۆ ناوەندی روبارەکە برد. ئیلیزا، لەو دەمەدا کە ئەم قرێرە ترسناکەی دا، لەوە نەدەچوو بزانێت مەسافەیەك لەولا ترەوە، تاڤگەیەکی گەورە هەیە کە ئاوەکەی بە هەموو هێزو تواناو قورسی و کەفاوێکەوە، دەڕژێتە خوارەوە. ئەو دووانە، بەرێڕەوی ئاوە خرۆشاوەکەدا دەچوونە پێشێ. لە یەك دوو دەرفەتی لە باردا، ژنەی گەنج و کۆڵنەدەر کە دەستی لە گیانی خۆی و منداڵەکەی شتبوو و لە هەمان کاتدا، هەوڵی بۆ مانەوەی خۆی دەدا، لە پارچە سەهۆڵەکەوە، کە لە ڕاستیدا پەناگای ئەو بوو، خۆی هەڵدایە سەر پەناگایەکی دیکە تا بەرە بەرە لە کەنارەکەی دی نزیك بووەوە. ئیدی درێژەی بەم هەوڵ و گیانبازیەی خۆی دا تا سەرەنجام پێی نایە سەر کەناری رزگاری و لەو دەمەدا کە خۆی دوور لە ڕاوچیانی زاڵم، لە سەر ئەرزی بینی، ئەسرینی شادی بە چاوانیا هاتە خوارێ.

هاپۆ تۆم دوای ماڵاوایی لە هاوسەرەکەی، بەرەو چارەنووسی نادیاری خۆی رۆیی. جورج، کوڕە میهرەبانەکەی ئاغای پێشین، زۆری بۆ گریا، بەڵام لە هەمان کاتدا سوێندی خوارد هەر کاتێ کە پارەو سەرمایەیەکی بێتە دەست، دەیکڕێتەوە. کەشتیەکە بەرەو نیوئورلیان کەوتە ڕێ و ئاغای تازە بە گومانی ئەوەی لەگینە تۆم بە نیازی هەڵاتن بێت، زنجیری لە پێیەکانی بەست، کچێك لە کەشتیەکەدا بوو بە نێوی ئیڤا– سن کلیر کە دەگەڵ بابە دەوڵەمەندەکەیدا سەفەری دەکرد. کچە لە دڵی خۆیدا هەستی بە جۆرە سۆزو خۆشەویستیەك بەرانبەر بەم خولامە ڕەشە میهرەبانە کردو لە ناکاوێکدا کە کچە کەوتە نێو شەپۆلی می سی سی پی یەوە، تاقە کەسێك کە فریای کەوت و ڕزگاری کرد تۆم بوو. باوکی ئیڤا، کە ئەو هەموو جوامێری و فیداکارییەی لەم خولامە بینی، بە پارەیەکی زۆر کڕی. جارێکی دیکە، ژیانێکی نوێ بۆ هاپۆ تۆم دەستی پێکرد.

تۆم، لە ژیانی تازەی خۆی ڕازی بوو نەك هەر وەکو عەرەبانچییەکی ئاغا خزمەتی دەکرد، بەڵکو دەستباری هەموو خەڵکی ماڵەکە بوو، ئیدی لێرەدا بوو کە کۆیلەی دڵساڤ میهرەبانی ڕەش پێست، تووشی کەنیزەکێکی دیکە بوو کە ڕۆژگاری هەزاران جار لە کەنیزان و خولامانی دی تاریکترو خەمناکتر بوو: تۆم، بۆچی گلەییم لێدەکەیت کە شەوو ڕۆژ مەستم: من کە بەم پیرییە کاری خۆم دەکەم... ئاغا هەرچییەکی بوێ دەیکەم... لەوەتای چاوم لەم دنیایەدا کردووەتەوە، وەکو سەگ ڕەنجم داوە. من لە کنتاکی گەورە بووم . ئاغام منداڵی دەکڕی... منداڵی قولە ڕەش... و من بە خودانم دەکردن... من ڕەنجم دەکێشاو ئەو منداڵانەم گەورە دەکرد... کە گەورە دەبوون و توانای کارکردنیان پەیدا دەکرد، هەنگێ ئاغا ئەو وەجبەیەی دەفرۆشت و وەجبە

منداڵێکی دیکەی دەکڕی. زۆربەی کات من لە خەمی ئەم منداڵانەدام... کە دەگریان‌و نەیاندەویست من بە جێ بێڵن... دەگریام، خەفەتم دەخوارد، نەخۆش دەکەوتم... چ بکەم... من ئەوانەم وەکو منداڵی خۆم خۆش دەویست... تا ڕێم کەوتە ئێرە... ئەڕبابی تازە کڕیمی... مێردم کردو دوای چەندین ساڵ، بە خۆم بووم بە خاوەن منداڵ... منداڵەکەم جوان بوو... جوانتر لە هەموو منداڵەکان... بە ڕێکەوت ئەم رۆژا خانمەی ئەڕباب نەخۆش کەوت... تایەکی سەیری لێدەهات... من ناچار بووم پەرستاری بکەم. دوای چەند ڕۆژێك من ئەو نەخۆشیەم لەوەوە گرت... شیرم وشك بوو... پاڕامەوە کە شیری وشك بۆ منداڵەکەم بکڕن، بەڵام نەیانکڕی... دەیانگوت، هەمان خۆراك بە منداڵەکەت بدە کە خەڵکی گەورە دەیخۆن... منداڵی تاین دەگریاو نەیاندەهێشت لە باوەشی بکەم چونکە دەنگی، خانمی ئەزیەت دەدا... بردم لە کادێنەکەدا دامنا...و منداڵە تا چەند ڕۆژێك ئەوەندە گریا تا مرد... پاشان مێردەکەیان لێ جیا کردمەوەو فرۆشتیان... منیش کە سەیرم کرد لەم دنیایەدا هیچم نییە، دەستم کرد بە بادەنۆشی...و حاڵی حازر کار دەکەم، ڕەنج دەدەم‌و مەیش دەخۆمەوە...

ئیڤا سن کلیر، ئەو کیژە میهرەبانەی کە هاپۆ تۆمی وەکو بابی خۆی خۆش دەویست، مردو جارێکی دیکە خەمێکی قورس سەرو دڵی خوڵامی میهرەبانی گرت. کچە بەدەم گیانەللاو ئاوزینگەوە داوای لە بابی کرد بوو کە هەموو خوڵامەکان ئازاد بکات، بەڵام ئەم ئارەزووەی جێبەجێ نەکرا، چونکە بابی پاش ماوەیەکی کورت مردو هاوسەرەکەی هەموو کەنیزەك‌و غوڵامەکانی نارد بۆ بازاڕی کویلە فرۆشی‌و لەوێ کابرایەکی عەرەقخۆری دڵڕەشی ستەمکار بە نێوی سیمون لیگری، تۆمی بە نرخێکی هەرزان کڕی...

جورج شلبی، کوڕی ئەڕبابی هەوەڵی، هەرگیز وازی لەو بیرۆکەیە نەهێنا بوو کە ڕۆژێك پارەیەك پاشەکەوت بکات‌و جارێکی دی هاپۆ تۆم بکڕێتەوەو بیهێنێتەوە بۆ ماڵ‌و مەزراکەی خۆیان. کاتێ کە پارەی تەواوی هاتە دەست، ڕۆیی بۆ سۆراخی لیگری، لێ لە بەد شانسیدا برێك درەنگ گەیی بوو، چونکە لیگری بەد نیهادو بێ ئینساف، هێندەی ئەزابی جەستەیی‌و دەروونی تۆم دابوو، کە هاپۆ تۆم، ئەو خوڵامەی کە لە وەفاداری‌و دڵسۆزی‌و جوامێریدا بوو بوو بە داستانی سەرزاران، خەریك بوو ماڵاوایی لە ژیانی پڕ ئازارو ڕەنج دەکرد.

جورج شلبی: خودایا... باوەڕ ناکەم... ئەم ئینسانە نەگبەتەی کە لە عاردی کەوتووەو لە حاڵی مردندایە ئەوە... تۆمە... هاپۆ تۆمە... دۆستە وەفادارو میهرەبانەکەی ئێمەیە... تۆم چاو هەڵێنە... منم... جۆرج... جۆرج شلبی... هەمان ئەو کوڕەم کە تۆ ساڵەها، نازت کێشا، خۆشت‌ویست، گەورەت کرد... قسەم لەگەڵ بکە... تەمەشای من بکە...

تۆم: (بە ئاستەم دەنگی دەهات) سوپاس بۆ خودا کە پێش مردنم کەسێك پەیدا بوو کە میهرەبانیم دەگەڵ بکات... کەسێك هەیە کە یادم بکات... ئێستا ئیدی دەتوانم بە ئاسوودەیی بمرم.... ئێستا ئیدی هیچ خەمێکم نییە...

جورج شلبی: نا، تۆم... تۆ نابێ بمریت... تەماشا... هەموو ئەم پارەیەم هێناوە تا تۆ بکڕم... بتکڕم‌و ئازادت بکەم...

تۆم: بەڵام زۆر درەنگ هاتی... زۆر درەنگ... جاران ژێر بەدەنم رەقو سەخت بوو، بەڵام ئێستا ئیدی تەختە خەوەکەم لە پەڕی قوو نەرمترە... جاران خەمو ئازارم هەبوو، لێ هەنووکە هیچ خەمێك نییە... هیچ ئازارێکم نییە... هەموو شتێك جوانە... ئەم ئاسمانە تەنانەت لە کنتاکی-ش جوانترە...

جورج شلبی: (دەگری) دۆستی کڵۆڵی من... ئاخر تۆ بۆچی دەبێ ئەم هەموو عەزابە بکێشیت...

تۆم: نە جورج... نە... من کڵۆڵ نیم... ئیدی تەواو بوو...

ئەو رۆژانە بورین، بەسەر چوون... ئەوانە رۆژێك هەموو شتێکیان لێم سەند... ئازای بەدەنیان تێکشکاندم، لێ نەیانتوانی ڕوحم لێبسەنن... هەموو شتێکیان نابود کردم، بەڵام نەیانتوانی روحم نابود بکەن، هەموو ڤیانو ئەشقەکانی دڵمیان کوشت، بەڵام نەیانتوانی عەشقی خودا بکوژن... نەیانتوانی... نەیانتوانی...

قارەمانەکانی دیکەی ئەم چیرۆکە خەمناكو پەند ئامێزەش، سەربهووردی وەکو هەمان سەرگوزشتەی هاپۆ تۆمیان هەیە. ژمارەیەکیان بە دیلی، هەندێکیان لە ڕاکردناو هەندێکیان لە ژێر ئەشکەنجەو عەزابی ئەرِبابانی ستەمکاردا تیاچوونو مردن. مەزرا پانو بەرینەکانی ویلایەتەکانی باشوور، بە زۆری بوو بوون بە گۆڕستانی فەرامۆشکراوی ئەم ڕەش پێستە قەرەبەختانە، ئەمانەی کە لە سەر بچووکترین خەتا سزای قورس دەدرانو جگە لە خودا هیچ پەنایەکی دیکەیان نەبوو. لە نێو کۆڕو کۆمەڵی ئاغایانی سپیدا، کەسانێك هەبوون، کە تروسکەی ئیمانو نووری حەقیقەتیان لە دڵدا هەبوو، بە پێچەوانەی ئەرِبابانی دیکەوە، بەزەییەکیان بەم ڕەش پێستە ڕۆژ ڕەشانە ڕەوا دەبینیو هەندێجار وەکو جۆرج شلبی، هەموویان ئازاد دەکردن تا بە دڵی خۆیان بژین، بەڵام ژمارەی ئەم جۆرە ئەرِبابانە لە ژمارەی قامکانی دەستی تێنەدەپەڕین.

تراژیدیای کوختەکەی هاپۆ تۆم، تراژیدیایەکی نەتەوەیی نەبوو، بەڵکو کارەساتو ماتەمنامەیەکی جیهانی بوو. هریت پیچرستو، زەمانێ ئەم ڕۆمانەی بڵاوکردەوە کە ئەمریکا خۆی بۆ خەباتێکی گەورە، دژی ستەمی سپی لە ڕەش پێستان، ئامادە دەکرد. لە ئاخرو ئۆخری سەدەی پازدەیەمدا، کە کیشوەری تازە کەشف بوو بوو و لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەمدا کە هەزاران ڕیسککار، ڕوویان کردبووە ئەم وڵاتە نەناسراوە، ئیدی بوونی ئەو کۆیلانەی کە بتوانن لە هەوای ناهەمواری ئیستیوایی باشووری ئەمریکادا هەڵبکەنو کاری چاندو کشتوکاڵ بکەن، زەروری بوو. سوودخوازانی هەلپەرستو بێ ویژدان، ئەم دەرفەتەیان بە هەل زانیو کەوتنە کاری کڕینو فرۆشتنی کۆیلەی ڕەش. ئیدی ئەم دەورانی کۆچو کۆچبەریە بە کۆمەڵو ناچارییەی قولە ڕەشان لە ئەفریقاوە بۆ ئەمریکا نزیکەی سێ سەدە بەردەوام بوو تا سەرەنجام زەمانێ هات کە زۆربەی هەرە زۆری ئاکنجیانی ویلایەتەکانی باکوورو ڕۆژاوای ئەمریکا دژی ئەم ستەمکاریە ڕابوونو داوایان لە کۆنگرە کرد کە فەرمانی هەڵوەشانەوەی کۆیلەداری دەربکات.

ئەبراهام لینکولن، لە ساڵی ١٨٦٠دا بە دەنگی ڕادیکالەکان کە خوازیاری ئازادی کۆیلەکان بوون، گەییە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئیدی لە سایەی ئەودا زەمینە بۆ وەدیهاتنی ئەم ئارەزووە

دێرینە فەراهەم بوو. چونکە شەش ستانی بەرهەم هێنی پەموو لە باشووری ئەمریکادا، واتە کارولینای باشوور، می سی سی پی، فلوریدا، ئالا باما، جۆرجیاو تەکساس، جۆرە حکومەتێکی ئیئتیلافیان پێکهێنا بوو و جیا بوونەوەی خۆیان لە کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕاگەیاند بوو، ئیدی سەرهەڵدانی شەڕێکی گەورە لە نێوان باکوورو باشووردا، مسۆگەر بوو و لە ساڵی ١٨٦١دا، ئەم شەڕە گەورەیە دەستی پێکردو نزیکەی چوار ساڵی خایاندو بە وێران بوونی بەشی هەرە زۆری ئاواییو ئاوەدانیەکانی باشوور کۆتایی هاتو ئەنجامەکەی بە هەمان ئامانجی زۆربەی خەڵکی ئەمریکا شکایەوە. واتە بە دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشانەوەی کۆیلەداریو دانی ئازادی بە قولە ڕەشەکان شکایەوە.

هریت  پیچرستو، ئەم ژنە گومناوە کە لە گوندێکی ستانی کنتاکی، لە ماڵباتێکی مەزەبی هەژارو دەستکورت هاتبووە دنیا، لەم خەباتە گەورە مرۆڤانیەدا، ڕۆڵێکی ئەرێنی گەورەی هەبوو، چونکە کتێبەکەی ئەو جۆرە هاڕواژنێکی گشتی لای میللەتی ئەمریکا، دژی سەوداچیانی کۆیلە دروستکرد بوو. ئەم بەرهەمە کە یەکەمین ناونیشانی ( ژیان لە نێو بێ نەوایان ) بوو بێگومان نەدەکرا بە دڵی هەمووان بێت، چونکە ئاغایانی دەوڵەمەند کە کۆشکی دەسەڵاتی ئەوان بە بازووی لاوازی ئەم خەڵکە مەزڵوومە ڕۆنرا بوو، دژی کتێبەکەی ئەو بوون، وەکو لە ژیاننامەی نووسەردا باسکراوە ویستیان بیکوژن. بەڵام خانمی نووسەر، لەم هەڕەشانە نەترساو گوێی لە مەرگ یان ژیانی خۆی نەبوو. ڕەخنەگرانی ئەدەبو زانایانی پسپۆڕو شارەزا هەندێ ئیرادیان لەم بەرهەمە گرتووە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە دەیانگوت، نووسەر لە باسو شرۆڤەی مەینەتباری و ڕەنجی کۆیلەکاندا زێدەڕۆیی کردووەو لە شێوەی نووسینی چیرۆکەکەیدا سوودی لە کتێبی نهێنییەکانی یودلفو، نووسینی خاتوو ئان رادکلیف وەرگرتووە کە نزیکەی شەست دانە ساڵ لەوە پێشتر نووسی بووی.

بەڵام ناشێت نکۆڵی لەم حەقیقەتە بکرێت کە: تراژیدیای کوخەکەی هاپۆ تۆم یا کارەساتی قولە ڕەشەکان، یەکێکە لە بەرهەمە کەم وێنەو هەڵبژاردەکانی ئەمریکاو لە مێژە ئەم بەرهەمە لە لیستی گەورەترین کتێبانی جیهاندا دانراوە.

قارەمانو کاراکتەرانی کوخەکەی هاپۆ تۆم جۆراوجۆرن، لە هەردوو ڕەگەزی ڕەشو سپی، بە تەبیعەت و مەشرەبو تەربیێتی جیاوازەوە، دیمەنانی ڕۆمانەکە بەرجەستە دەکەنو ئەمە خۆی لە خۆیدا هوشیارییو وەستایی ژنێك دەگەیەنێت کە تا کاتی نووسینی ئەم چیرۆکە، ئاشنایەتی دەگەڵ هونەری چیرۆکنووسیدا نەبووەو کەچی لە نووسینی ئەم بەرهەمەدا، هەموو تەکنیکەکانی چیرۆکنووسی ڕەچاو کردووە. شا قارەمانی ئەم چیرۆکە هاپۆ تۆمە کە غولامێکە تا بڵێی نەجیب، خاکی، دروستکارو سەر ڕاستو لێبوردە، بەڵام لە هەمان کاتدا، جدیو یەك ڕێو دوور لە هەر جۆرە خیانەتو دوو ڕوویەك. هاوسەرەکەشی پورە کلو، وەکو مێردەکەی کەسێکی فیداکارو داوێن پاکە، کابانێکی چاکو زۆر ڕێز لە وەلی نیعمەتەکانی خۆی دەگرێتو دڵسۆزانە خزمەتیان دەکات. ئەمانە دەستاو دەست دەکەن، لە ئاغایەکەوە بە ئاغایەکی دی دێنە فرۆشتن، کە لە نێو ئەو ئاغایانەدا، خەڵکانی وەکو ئارتور شەلبیس پەیدا دەبن کە ئینسانێکی ئابڕوومەندو میرەبان

و خۆش تەبیعەتەو هەرگیز ژێر دەستانی خۆی ئازار نادات. ئیمیلی شەلەبی هاوسەریشی، بەو جۆرەیەو جۆرج شەلبی، کوڕە گەورەشیان نموونەی گەورەیی‌و مرۆڤدۆستیە. بەلاّم تۆمی خزمەتکارو کۆیلە، تووشی دەبێت بە تووشی دڕندەیەکەوە لە پێستی ئینساندا کە ناوی سایمون لیگرییەو ئەم کابرایە کە بە گیانی نەخۆش‌و تەبیعەتی خوێنڕێژانەی خۆی، ئەم کۆیلەو خزمەتکارە دڵسۆزە، بە مەرگ دەسپێرێت.

جورج هریس، خولاّمێکی دیکەیە کە کەسێکی هۆشمەندو لە خۆ باییەو ژنەکەی ئیلایزا، ژنێکە شیرین‌و ئازاو ڕوح سووك‌و ڕەزا سووك‌و خۆشەویست. هری، کورشیان کوڕیژگەیەکی نازەنین‌و گوێڕایەڵ، بەلاّم ستەمکاریی ئاغایانی سپی، ژیانیان لێدەکەن بە دۆزەخ، هیچ دەرفەتێکی ژیانیان بۆ نایەڵن.

لەم بەینەدا کیژۆڵەیەکی پارچەڵە هەیە کە یەکێکە لە کاراکتەرە خۆشەویست‌و دیارەکانی چیرۆکەکەو چارەنووسی ئەو، فەسڵێکی زۆر خەمگینی چیرۆکی کوخەکەی هاپۆ تۆم پێکدەهێنێ. ئەم کیژە نێوی ئیڤانژلینەو هەمووان بە ئیڤا بانگی دەکەن. ئیڤانژلین، کیژی ئاگوستین– سینت کلورەو هاپۆ تۆم لەو سەرو بەندەدا کە لە نێو ئورلیان دەژی، لە ماڵی ئەواندا کار دەکات.

ئیڤانژلین، ڕوح‌و دڵ‌و دەروونێکی فریشتە ئاسای هەیەو عاشقی چاکەو چاکەخوازیە، هەر زوو بۆی دەردەکەوێت کە هاپۆ تۆم ئینسانێکی زۆر باشەو دەچێتە دڵیەوە. خوێندنەوەی ڕۆمانی کوخەکەی هاپۆ تۆم پشتیوانی ئەم بۆچوونەیە کە نووسەری چیرۆکەکە وەکو فریشتە دەڕوانێتە ئیڤاو پڕتەوێکی لە نووری خوایی ئاوێتەی هەموو ڕەفتارو گوفتارەکانی کردووە. بڕواننە فەسڵی بیست‌و شەشەمی چیرۆکی کوخەکەی هاپۆ تۆم. بەمجۆرە وەسفی مردنی ئیڤانژلینی خشکۆك دەکات:

ئیڤا، پشتی دابوو بە سەرینەکانیەوە. گێسووەکانی، بێهیچ جۆرە ئارایشێك، بەسەر دەموچاوی ڕژا بوو. گۆنا پەمەییەکانی تا ڕادەیەك، ئازار، بێ ڕەنگی سیماو لاوازی دەست‌و پێ‌و بەژن‌و بالاّی دەنواند، چاوە درشتە ڕوح ئاساکانی بە تاسەوە، بە هەموو ئەوانەدا کە لەوێندەر کۆبوو بوونەوە، دەگێڕا. خزمەتکارەکان هەموو شپرزە بوون. ئەو ڕوخسارە ڕوحانیە، پێچ‌و خەمی گێسوی کە بەسەر ڕوویدا ڕژا بوو، دەموچاوی باوکی کە ڕووی وەرگێڕا بوو، جگە لەمانە گریەو زاری مری سۆزی ئەو نەژادە هەستیارەی تەواو هاڕوژاند بوو. ئەوانە کە دەهاتنە ژوورەوە شپرزە بوون. دەیانڕوانیە یەکدی، ئاهیان هەڵدەکێشاو سەریان دەلەقاند. بێدەنگیەکی قووڵ، باڵی بە سەر هەموو شوێنێکدا کێشا بوو، زیاتر لە تازیەو پرسە دەچوو.

ئیڤا، خۆی بەرز کردەوەو بۆ ماوەیەکی زۆر، بە تاسەوە، ڕوانیە یەك بە یەکی ئەوانەی لەوێ بوون. سیمای هەر هەموویان نیگەران‌و ماتەمبار بوو. گەلێك لە ژنەکان، ڕوخساری خۆیان لە کۆشیان نابوو. بەکاوەخۆ هاتە قسان:

"دۆستانی ئازیزم، من بە دووی هەمووتانمدا نارد کە بێن بۆ لام . دەزانن بۆ؟ چونکە خۆشم دەوێن. دەمویست قسەیەکتان دەگەڵدا بکەم. قسەیەك کە هەمیشە لە یادتان بمێنێ... دەزانن دۆستان، من قەرارە بڕۆم‌و دەزانم کە تاچەند هەفتەی دیکە لە نێو ئێوەدا نامێنم..."

لێرەدا، سەدای گریان‌و فرمێسك ڕشتن، نەی هێشت درێژە بە قسەکانی بدات. هەموو دەگریان‌و دەنگ‌و سەلای هەنسك هەڵدان نەیدەهێشت دەنگی کزو نەوی کیژەکە بگاتە گوێی ئەوان. ئیڤانژلین، بۆ دەمێك سەیری کردو هەنگی بە دەنگێك کە هەموویانی بێدەنگ کرد، درێژەی بە قسەکانی خۆیدا:

"ئەگەر منتان خۆشدەوێ، ئەگەر خاتری منتان دەوێ نابێ قسەکەم پێ ببڕن، گوێم بۆ بگرن. دەمەوێ دەربارەی روحی ئێوە قسە بکەم. مخابن، دەبێ ئەوە بڵێم کە زۆربەتان، خەڵکانی بێ گوێ‌و نەژنەون. هەموو هۆش‌و گۆشتان وا بەلای دنیاوە ، من دەمەوێ کە بزانن کە لەو دیوی ئەم دنیایەوە، دنیایەکی جوانتر هەیە، لەوێ مەسیح هەیە، من خەریکم بۆ ئەوێ دەڕۆم‌و ئێوەش دەتوانن بۆ ئەوێ بڕۆن. ئێوەش هەمان دەرفەتی منتان هەیە. بەڵام ئەگەر بتانەوێ بۆ ئەوێ بڕۆن، نابێ خەڵکانێکی بێ کارەو خەمساردو بێ فیکربن. یەکێك لە مەرجەکانی ئەمەیە کە مەسیحی بن، بە هەموو مانایەکی مەسیحی بوون. ئەوەتان لە بیر بێ کە هەر یەکێك لە ئێوە دەتوانێ ببێ بە فریشتەیەك‌و بۆ هەتا هەتایە فریشتە بێ. ئەگەر ئێوە مەسیحیەکی بە ئیمان بن، مەسیح یارمەتیتان دەدات. دەبێ نوێژ و نزا بکەن... ئینجیل بخوێننەوە". لێرەدا، هەڵوەستەیەکی کرد، بە سۆزو بەزەییەوە لێی ڕوانین‌و هەنگێ بە خەمینی لە سەری ڕۆیی:

"خودایا... ئێوە سیواتتان نییە تا بخوێننەوە... داماوینە..."و خۆشی کەوتە گریان، دەموچاوی نا بە بالیفەکەیەوەو ڕوندك بە چاوانیدا هاتە خوارێ. ئەوانەی کە گوێیان لە قسەکانی ئەو دەگرت‌و هەموو لەوێندەر بە چۆکدا هاتبوون، دەگریان . دوای ساتێك سەری هەڵێنا، روندك لە چاوانیا قەتیس مابوو. بە دەم بزەیەکی خەمینەوە گوتی:

" گرینگ نییە. من دوعام بۆ کردن‌و دەزانم کە عیسا مەسیح یارمەتیتان دەدات، ئەگەر نەشتوانن ئینجیل بخوێننەوە. داوای لێبکەن یارمەتیتان بدات، هەر کاتێ دەستتان گەیی‌و مەیسەر بوو، ئینجیل هەڵگرن‌و داوا لەوانە بکەن کە سیواتیان هەیە تا بۆتانی بخوێننەوە. من لە بەهەشتدا دەتان بینمەوە..."

ئیدی لە زمانی هاپۆ تۆم و دایکەو هەندێکی دیکە لە بە ساڵاچووەکانی سەر بە کڵێسای متدیست، وشەی ئامین دەرچوو. ئەوانەی کە گەنجتر و بێ فیکر تر بوون لەو ساتە هەستیارەدا خۆ بە خۆ فرمێسکیان دەڕشت‌و سەریان وەسەر ئەژنۆیان نابوو، ئیڤا، هاتە قسان:

"دەزانم هەمووتان، منتان خۆش دەوێ"

هەموو، خۆ بە خۆ هەڵیاندایە:

"هەڵبەتە هەموومان خۆشمان دەوێی. سڵاوی خوات لێ بێ!..."

ئیڤا، لە سەری دەڕوات:

"بەڵێ. دەزانم خۆشتان دەوێم! لە نێو ئێوەدا تەنانەت یەك کەسیش نییە، حەز لە من نەکات، جا من ئێستا گەرەکمە لە هەنبەر ئەم خۆشەویستییەی ئێوەدا، دەمەوێ شتێکتان بدەمێ کە هەمیشە منتان لە یاد بێ. من دەمەوێ ئەڵقەیەك لە قژی خۆم بە هەر یەکێك لە ئێوە بدەم تا هەر کاتێ

تەمەشاتان کرد، منتان بیر بکەوێتەوەو بزانن کە من چەندم ئێوە خۆش دەویستو ئێستا کە دەڕۆم بۆ ئاسمان لەوێ چاوەڕوانتان دەکەم تا یەکدی ببینین."

مەحاڵە بتوانرێ ئەو دیمەنەی کە ئەم خزمەتکارانی چاو بە گریان و دڵ بە خەمانەی کە لە دەوری ئەم بوونەوەرە چکۆڵەیە کۆبووبوونەوەو شتێکیان لێوەردەگرت کە بەلای ئەوانەوە گرانبەهاترین بەڵگەی خۆشەویستی بوو، وەسف بکرێت. هەر هەموو کەوتبوونە سەر چۆکان، دەگریان، دوعایان دەکرد، داوێنی جلەکانیان ماچ دەکرد. گەورەترەکان، بارانی پەیڤ وشەێن مەحەبەت ئامێزیان، بە دەم دوعاو نزاوە، کە ئەمە عادەتیان بوو. بەسەر ئەودا دادەباراند.

لە کاتێکدا کە هەر یەکێك لە حەشیمەتەکە، دیاری خۆی وەردەگرت، میس ئەفلیا، کە دەترسا ئەم هەموو هەڵچوونو سۆزو گودازە کار لە نەخۆشە بچووکەکەی بکات، بە ئاماژەی سەر هەر هەموویانی تێگەیاند کە ژوورەکە بەجێ بێڵن.

ئەنجام هەموو لە ژوورەکە وەدەرکەوتن جگە لە هاپۆ تۆم و دایکی، ئیڤا بە تۆمی گوت:

"وەرە هاپۆ تۆم، ئەم ئەڵقە جوانە بۆ تۆ. خۆزگە دەتزانی چەند خۆشحاڵم کە تۆ لە بەهەشتدا دەبینم. من ئەرخایەنم کە تۆ لەوێندەر دەبینم... تۆ، دایکە، دایکی ئازیزو باش و مێریڤانم، من دڵنیام کە تۆش لەوێندەر دەبینم..."

ئەوسا هەردوو باسکی لە ملی ئەو وەرینا.

ئەم بوونەوەرە میهرەبانە بە چاوانی تەژی ڕوندکەوە گوتی:

"میس ئیڤا... من نازانم بەبێ تۆ چۆن دەتوانم بژیم... ئەوی ڕاستی بێ... ئەگەر تۆ نەبی، وەکو ئەوەیە بە کەرەتێك هەموو شتێکیان لێ سەندبمەوە..." ئەوجا خەمێکی قورس، سەراپای داگرت.

میس ئەفلیا، بە هێمنی ئەو و هاپۆ تۆمی لە ژوورەکە کردە دەرەوەو لەم ساتەدا وای تەسەور دەکرد کە هەمووانی لە دەوروبەری ئیڤانژلین دەرکردووە، لە ناکاوا سەیری کرد توپسی لەوێندەر وەستاوە. بە سەرسامی پرسی: "ئەوە تۆ لە کوێوە پەیدا بووی."

کچۆڵەی ڕەش، بەدەم سڕینی فرمێسکەکانیەوە گوتی:

"من لێرە وەستا بووم.... ئۆ میس ئیڤا... خۆ من کیژێکی خراپ نەبووم... بۆچی دیاری بە من نادەیت؟"

"تۆپسی، با بە تۆشی دەدەم، هەر کاتێ تەمەشات کرد، ئەوە بزانە کە خۆشم ویستوویت، چەند حەزم کردووە کیژێکی باش دەربچیت..."

تۆپسی گوتی:

"من هەمیشە هەوڵدەدەم بەڵام خوا گیان، چەند زەحمەتە کە مرۆڤ بتوانێ باش بێت. لەوە دەچێ من نەتوانم بەو ئاسانییە باش بم... باوەڕ بکە بە ڕاستیمە..."

" مەسیح یارمەتیت دەدا، ئەو ڕێوڕەسمەکەی دەزانێت..."

توپسی، چاوە فرمێسکاویەکانی لە کراسەکەیدا پەنهان کرد بوو. بە یارمەتی ئەفلیا لە ژوورەکە وەدەرکەوتو بەدەم ڕێوە، ئەڵقە قژە گرانبەهاکەی بە سینگی خۆیەوە دەگوشی.

که هەموو چوونە دەرەوە، ئەفلیا، دەرگاکەی داخست. ئەم خانمە بە حورمەتە، کە بە دیتنی ئەو دیمەنانە زۆر گریا بوو، فرمێسکەکانی سڕی، بەڵام هەمیشە نیگەرانی، ئەم هەموو هەڵچوونە بوو کە یەخەی نەخۆشە منداڵکارەکەی دەگرت.

سینت کلیر، بە درێژایی ئەم ماوەیە بە بێدەنگی دانیشتبوو و دەستی بە چاوانییەوە گرتبوو تا کەس ئاگای لە گریانو فرمێسك ڕشتنەکەی نەبێت. کاتێ هەموو ڕۆییشتن، ئیڤا دەستە لاوازەکانی درێژکردو نایە سەر بازووی ئەو. بە دلۆڤانی گوتی: "باوکە گیان..."

سینت کلیر، لە ناکاوا راچڵەکی. لە رزێك سەراپای گرتبوو. ئیڤا دوو بارەی کردەوە:

"بابی میهرەبان...."

بابی ئاگادار بوو ئەو چی دەوێ. لە جێگاکەی خۆی هەستاو گوتی:

"ئەم کارە بە من ناکرێت.... باوەڕ بکە ناتوانم... خودای گەورە زۆر بە سەختی دەگەڵ مندا ڕەفتاری کردووە."

میس ئەفلیا گوتی:

"ئۆگوستین. ئایا خودا بۆی نییە، بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار دەگەڵ بەندەکانی خۆیدا بکات؟"

"ڕەنگە وابێ، بەڵام ئەم مەشیەتەی ئەو باری قورسی دەرد سووك ناکات...."

تۆنی قسەکەی وشك و سارد بوو و هیچ فرمێسکێکیش بە چاویەوە نەبوو.

ئیڤا، بە ئەستەم لە جێی خۆی هەستاو هەوڵیدا خۆی لە هەمێزی ئەو باوێت. گوتی:

"باوکە... تۆ خەریکە دڵی من دەشکێنی. تۆ نابێ واهی بیر بکەیتەوە."

لە ناکاوا، لە هۆڕژنی گریانی دا، گریانەکەی هێندە بە کوڵو بە جۆش بوو کە هەموویانی نیگەران کرد. باوکی هێندە دڵگران بوو، کە ترسا:

"بزانە چ دەڵێم ئیڤا گیان... مەگری... هێوربەوە تا پێت بڵێم... من هەڵەم کرد... من خەتام کرد.... هەوڵ دەدەم وا نەبم... تۆ خۆت بەمجۆرە سەخڵەت مەکە... گوتم من هەڵەم کرد... "

کچەی نەخۆش، وەکو کۆترێکی ماندوو، بە بێتاقەتی کەوتە هەمێزی بابیەوە. ئۆگوستین، هەوڵیدەدا، بە دلۆڤانی و قسەی خۆش، بیلاوێنێ. مری لە جێی خۆی هەستا بوو، خۆی بەرەو ژوورەکەی خۆی بکێش کردو لە حەژمەتاندا، لە هۆش خۆی چوو. بابی، بە هێمنی و بەدەم بزەیەکەوە گوتی: "ئیڤا گیان، تۆ ئەڵقەیەکت لە قژەکەی خۆت بە من نەدا..."

"هەموو قژەکەم هی تۆیە بابە گیان، هی تۆو دایکەیە، بەشی مامەش بدە ئەگەر ویستی، ئەگەر بینیت من خۆم بە یەك بە یەکی ئەوانەم دا، لەبەر ئەوە بوو ئەوانە خەڵکی بێچارە و داماون. دەزانی باوکە، من دەترسم ئەگەر بمرم، ئیدی کەس گوێ بەوانە نەدات. تۆ خۆت مەسیحیت باوکە ؟"

ئەوجا بێدەنگ بوو، چاوەڕوانی وەڵام بوو.

"بۆچی ئەم پرسیارە لە من دەکەی؟"

"نازانم. تۆ ئەوەندە باشی کە من هیچ هۆیەك نابینم کەوا نەبیت."

"ئیڤا گیان، مەگەر بابایەکی مەسیحی چ دەکات؟"

"له هەموو کەس زیاتر عیسا مەسیحی خۆش دەویٚ."

"تۆ خۆشت دەویٚ کچەکەم!"

"هەڵبەتە خۆشم دەویٚ."

"خۆ تۆ نەتدیتووە."

"فەرق ناکات. ئەگەر تا ئەمڕۆش نەمدی بێت، تا چەند رۆژێکی دیکە دەیبینم."

سیمای باریك‌و بنێسی، له خۆشیا گەشا بووەوە. سینت کلیر، ئیدی هیچ قسەیەکی نەکرد. ئەو ئەم جۆش و خرۆشەی پێشتر له دایکیا دیتبوو. بەڵام هیچ یەکێك لەم دیمەنانە، دەروونیان نەهەژاند بوو.

لەو کاتە بە دواوە، ئیڤانژلین، بلەز بەرەو مرن دەچوو، ئیدی گومان له مردنەکەی نەمابووو هیچ ئومێدیك بە ژیان و مانی نەما بوو. ژوورە جوانەکەی، بە ئاشکرا رەنگی ژوورێکی نەخۆشی گرتبوو. میس ئەفلیا، رۆژو شەو بیٚ وچان ئەرکی پەرستارێکی ئەنجام دەداو هیچ یەکێك له ئەرکەکانی بەو رادەیە مایەی پەسەندو سوپاسی خەڵکەکە نەبوو. بەو دەستە کارامانەی، بەو چاوانەی کە بە وردی چاودێری دەکرد، بەو هەموو ئەزموون‌و چالاکیانەوە، کە سەرچاوەی ئاسوودەیی‌و پاکیزەیی بوو، بەو هەموو هەوڵە بەردەوامەوە کە دەیویست شوێنەواری ناخۆشی نەخۆشی بسڕێتەوە، بەو هەموو دیقەت‌و هوشیارییەوە کە له چاوە گەشەکانیا دەدرەوشایەوە، بە دڵ‌و بە گیان هەوڵی دەدا ڕێنوێنیەکانی دکتۆرو ڕەچەتەکەی بە وردی‌و وەکو خۆی ئەنجام بدات. ئەو بۆ ئەو خێزانە هەموو شتێك بوو. ئەوانەی کە ئەو هەموو دڵسۆزی‌و دیقەت‌و خەمخۆرییەی ئەویان دەبینی، سەریان دەسوڕما. بە پێچەوانەی بیٚ سەروبەری و خەمساردی خەڵکی باشوورەوە، کە ئەویان بەو هەموو دیقەت و جدیەت‌و خەمخۆرییەوە دەبینی، دانیان بەوەدا دەنا کە کەس لەو باشتر نیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە.

هاپۆ تۆم، زۆربەی کات له ژوورەکەی ئیڤانژلین بوو: کیژیٚ ئازاری یەجگار زۆر بوو، هاپۆ تۆم ئارامی بە گیانی دەبەخشی. بۆ تۆم، ئەمە ئەوپەڕی شادمانی بوو کە ئەم بوونەوەرە نەخۆش‌و دەغەزارە له باوەش بگرێت، بە ناو ژوورەکەدا بیگێڕێت، لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری ببات، بیهێنیٚ بۆ بەر هەیوانەکە تا ئەو شنە بایەی له دەریاچەکەوە دەهات، له سەرو چاوی بدات. ئەم منداڵە، کە ئەو دڵسۆزی‌و دلۆڤانیەی تۆمی دەبینی هەستی بە بار سووکی‌و شادی دەکرد. هەندێجار دەگەڵ ئەودا له ژێر دار میوەکانی باخەکەدا پیاسەو راوێچکەی دەکرد یان منداڵەکەی لەسەر یەکێك له تەختە کۆنەکانی باخەکە دادەناو گۆرانیەکی کۆنی ئاشنای بۆ دەگوت.

بابی ئیڤاش زۆر جار ئەم کارەی دەکرد، بەڵام چونکە هەمان توانای بەدەنی تۆمی نەبوو زوو شەکەت دەبوو و لەم کاتەدا کچەکە پێی دەگوت:

"باوکە، بە یارمەتیت با هاپۆ تۆم بمبات. دەزانی ئەم پیاوە کە من له باوەش دەگرێت چەند خۆشحاڵ دەبێت. ئەم پیاوە حەز دەکات کارێکم بۆ بکات، بەڵام لەوەی پتر دەتوانیٚ چ کارێك بکات؟"

بابی گوتی: "ئیڤا گیان، منیش ناتوانم هیچ کارێك بکەم."

"بەڵام باوکە تۆ دەتوانی زۆر کار بکەیت و بۆمی دەکەیت. تۆ کتێبم بۆ دەخوێنیتەوە،شەوان بە دیارمەوە دادەنیشیت بەڵام تۆم جگە لەمە چی تری هەیە؟ جگە لەمەی کە من لە ئامێز بگرێت و بمبات و سترانم بۆ بچڕێت... باوکە، تۆم وەکو تۆ نییە. ئەو ئینسانێکی بە توانایە."

شەوێك، لە نێوان سەعات دە تا یازدەی شەو، میس ئەفلیا هەموو کارەکانی کردو خەوگەکەی ئامادە کرد تا کیژە نەخۆشەکە بخەوێت، بەڵام یەجگار ناڕەحەت و نیگەران بوو. شتێك خەبەرێکی ناخۆشی دەدایە، دڵی خەبەرێکی ناخۆشی دەدایە. ئیڤانژلین، ئەو ڕۆژە، دوا نیوەڕۆکەی، بە شێوەیەکی نا ئاسایی شادو بە کەیف بوو. لە سەر تەختەخەوەکەی دانیشت و هەرچی خشڵ و زێوەری ئەسڵ و نا ئەسڵی هەبوو و بەلایەوە گرانبەها بوون، کۆی کردنەوە، ئەوجا یەك یەك جیای کردنەوە کە هەر یەکەیان بە کێ بدرێ، بە روح و سەر زندوو بوو، دەنگیشی لە ڕۆژانی پێشوو ئاسایی ترو ڕەساتر بوو. ئەو شەوە بابی لەوێ بوو و گوتبووی کە کچەکەی لەو شەوەدا، زۆر باش بوو بوو و وەکو ڕۆژانی پێشوو نەبوو، کاتێ کە ئیڤای ماچکردو شەو باشی لێکرد، رووی کردە میس ئەفلیاو گوتی:

"پورزا گیان، هەست ناکەی ئیڤا زۆر باشتر بووەو دەشێت ئومێدی ئەوەمان هەبێ کە نامرێت و بە جێمان ناهێڵێت؟"

پاشان، بە دڵێکی ئاسوودەتر بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیی. چەندین هەفتە بوو کە بابی ئەم ئاسوودەییەی بە خۆوە نەبینی بوو.

بەڵام لە نیوەشەودا، لەو سەعاتە سەیرو پڕ ڕازەدا، کاتێ کە پەردەی نێوان زەمانی تیژ تێپەڕی ئەمڕۆ لەگەڵ ئایندەی جاویدانیدا، تەنك دەبێتەوەو دەدڕێت، ئەو دوا پەیامە ڕادەگەیەنرێت. لە ژوورە کپەکەدا، هەوەڵجار دەنگێك هاتە گوێ. ئەمە میس ئەفلیا بوو کە دووچاری نیگەرانی و پەشۆکان بوو بوو و حەزی دەکرد، ئەو شەوە زیاتر چاودێری بکات. ئەو لە سەرەتای شەوەوە، بە پێی ئەو ئەزموونانەی کە لە ڕێگای پەرستارییەوە بە دەستی هێنا بوو، هەستی بەم گۆڕانە ناگەهانیە دەکرد کە بەڵایەك بەڕێوەیە. دەگەڵ دەنگی پێی ئەودا، دەرگای دەرەوەش کرایەوەو تۆم کە لە دەرەوە ئێشکی دەگرت، وەژوور کەوت.

میس ئەفلیا، بە هەشتاو و بە ئەسپایی گوتی:

"بڕۆ بە دووی دکتۆرا، بلەز بڕۆو خاوە خاو نەکەی!"

پاشان چوو بۆ لای ژوورەکەی بابەو بۆ قامك چەند جارێکی لە دەرکە داو گوتی:

"خاڵۆزا ڕابە وەرە...."

ئەم وشانە، لەو ساتە چاوەڕوان نەکراوەدا، حوکمی ئەو گڵ و خاکەی هەبوو کە دەیانکرد بەسەر تابووتەکەدا. دوای ساتێك دەرگای ژوورەکە کرایەوەو بە هەشتاو خۆی گەیاندە دیار ئیڤا. کچە لە خەوا بوو.

لە گەڵ تەمەشایەکدا، دڵی داڕژا. ئەو چی بینی کە دڵی بەو جۆرە داخورپا ؟ بۆچی هیچ وشەیەك لە نێوان ئەو دووانەدا، ڕەدو بەدەڵ نەبوو؟ تۆیەك کە ئەو حاڵەتەت بە روخساری

ئازیزترین ئازیزانتەوە نەبینوە، ناتوانی وەڵام بدەیتەوە. ئەو حاڵەتە لەوەسف نەهاتگە، حاڵەتی نا ئومێدییەك بوو كە دەیگوت، ئەم ئازیزە دڵبەندەی تۆ، ئیدی تەواو هی تۆ نییە.

سیمای ئەو منداڵە، بە هیچ جۆرێ ناشیرین نەبوو بوو، بەڵكو بە پێچەوانەوە، حاڵەتێكی ئاسمانی وەرگرتبوو و تیشكێكی رۆحانی كەوتبووە سەر كە ئەوەی دەنواند، سپێدەی ژیانی جاویدانی لە ڕوحیدا هەڵاتووە.

هەموو، بە ئارامیو كڕییەكی ئەوتۆوە بە دیارییەوە وەستا بوون و دەیانڕوانیە روخساری ئەو، كە تەنانەت دەنگی چركە چركی سەعاتەكەش بەرزو ناخۆش بوو. دوای چەند دەققەیەك هاپۆ تۆم دەگەڵ پزیشكێكدا هاتەوە. پزیشكەكە چاوێكی گێڕاو هەنگێ وەكو ئەوانی دی، بەبێ جوڵە وەستا. رووی كردە میس ئەفلیاو بە ئەسپایی پرسی: "لە كەیەوە ئەم گۆڕانە روویدا؟"

"تەقریبەن لە سەرەتای شەوەوە."

مری كە لە دەنگی پێی دكتۆرەكە بێدار بوو بووەوە، بە هەشتاو لە ژوورەكەی تەنیشتەوە خۆی گەیاندە ژووری نووستنەكەی ئیڤا. هێندە بە پەرۆش بوو خۆی بە پێوە نەدەگرت. گوتی:

"ئوگستین... چ بووە؟ چی روویداوە؟"

بە ئەسپایی بەرسڤی دایەوە: "نابینی خەریكە دەمرێت؟"

مامی كە گوێی لەم قسانە بوو. بە هەڵەداوان بەرەو لای خزمەتكارەكان ڕۆیی تا هەموویان خەبەر بكاتەوە. لە ناكاوا جمو جولێ لە سەرانسەری ماڵەكەدا پەیدا بوو، چراكان پێكران. دەنگی پێ لە هەموو لایەكەوە بەرز بووەوە. خەڵكەكە بەرەو ژوورەكەی ئیڤا هاتن تا لە پشت شووشەی دەرگا داخراوەكانەوە تەمەشای ئەو بكەن، زۆربەیان چاو بە فرمێسك و نیگایان لە مۆڵەق وەستا بوو. سینت كلیر، ئاگای لەم جمو جۆڵە نەبوو، چاوانی بڕیبوونە ئەو خەڵقەندە بچووكەی كە خەوی لێكەوتبوو. بە ئەسپایی گوتی:

"یانی دەشێت جارێكی دی بێدار بێتەوەو قسەیەك بكات؟"

بەسەریدا دانەوییەوەو بە گوێیدا چپاند: "ئیڤا... ئیڤای نازەنینم...."

چاوە درشتە شینەكانی هەڵهێناو بزەیەك نیشتە سەر لێوانی. هەوڵیدا سەر هەڵبڕێ و قسەیەك بكات، بەڵام نەیتوانی.

"ئیڤا گیان، دەمناسیت؟"

بە هەوڵێكی زۆر، هەردوو باسكی لە گەردنی بابی وەریناو گوتی: "باوكە گیان."

بەڵام لەوە زیاتر خۆی پێنەگیرا، دەستەكانی كەوتنە خوارەوەو لێوەكانی خامۆش بوون. سینت كلیر، لە كاتێكا سەری بەرز دەكردەوە، گرژ بوونی گیانەللاو ئاوزینگی بە روخسارییەوە بینی. كچە هەوڵیدەدا هەناسە هەڵبكێشێتو ئەم كارە زۆر ئەستەم بوو.

باوكەكە، كە بە كەسەرو داخێكی زۆرەوە ڕووی وەردەگێڕا گوتی: "ئەی خودایا، لەم كارەساتە!".

و پاشان دەستی هاپۆ تۆمی، كە لە لایەوە وێستا بوو گرت. لەوە دەچوو خۆیشی نەزانێ چ دەكات. ڕوو لە تۆم گوتی: "تۆم... كوڕەكەم... ئازار خەریكە دەمكوژێت!"

تۆم، هەردوو دەستی ئاغای لە نێو دەستی خۆی نان و لە کاتێکا ڕوندك بە سەر گۆنا ڕەشەکانیا دەهاتە خوارێ، چاوانی بڕینە روخساری ئەو. دەتگوت وەکو هەمیشە چاوەڕوان بوو کە فەرمانێك لەو وەربگرێت. سینت کلیر، لە سەری ڕۆیی:

"دوعا بکە کە ئەم نەگبەتیە زوو تێپەڕێت. خەریکە دڵم شەق دەبات."

تۆم، نیگایەکی سیمای کیژەکەی کردو گوتی:

" دەبێ شوکری خوا بکەی. ئیدی تەواو، ئەڕباب تەماشای بکە...."

منداڵەکە، وەکو مرۆڤێکی چروساوە، لە سەر تەختە خەوەکە کەوتبوو و چاوە درشت و گەشەکانی بڕیبوونە لایەك و نەدەجولاّن. ئەو چاوانە چییان دەگوت و چ پەیامێکیان لە بەهەشتەوە پێ بوو، کەس نەیدەزانی. دنیای فانی و ئازارەکانی تەواو بوو بوو، بەلاّم پرشنگی سەرکەوتوانەی ئەو روخسارە بەڕادەیەك بە ویقارو نهێنی ئامێز بوو کە تەنانەت گریەو زاری خەمیشی لە ناخ و دەروونندا خەفە دەکرد. هەموو مات و بێدەنگ، کەس هەناسەی نەدەدا، چوار دەوریان گرتبوو.

سینت کلیر، بە کاوەخۆ گوتی: "ئیڤا"

بەلاّم ئیڤا گوێی لێنەبوو. بابەکەی لە سەری رۆیی: "ئیڤا گیان، بڵێ بزانم، تۆ لەوێ چ دەبینی؟"

لێوانی کیژێ جولاّن. بزەیەکی گەش و شکۆدار، نیشتە سەر سیمای بە پچڕ پچڕی گوتی:

"ئەشق... شادی.... ئاشتی..."

ئەوسا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بێدەنگ بوو. ئیدی دنیای فانی بەرەو ژیانی ئەبەدی بەجێ هێشتبوو.

"بە دوعا، منداڵی خۆشەویست، دەرگای ئەبەدی رۆشن لە دوای تۆ داخرا . ئیدی ئەو ڕوخسارە جوانەی تۆ نابینین. خەم و پەژارە، تازیەباری بۆ ئەو کەسانەیە کە تۆیان بە ڕێگای بەهەشتەوە بینی و ئیدی پاش هەر بەیانییەك کە لە خەو رادەبن، ئاسمانی کەوەیی و ساردی ژیانی رۆژانە دەبینن کە تۆی تیا نیت و بۆ هەتا هەتایە بە جێت هێشتووە...."

داهێنەری، چیرۆکی ئیقلیمگیری کوخەکەی هاپۆ تۆم، ژینامەیەکی کورتی هەبوو:

ناوی تەواوی ئەو هریت ئیلیزابت پیچرستووە. لە ١٨١١/٦/١٤ لە شاری لیچفیلدی سەر بە ویلایەتی کنتیکات لە دایکبووە، دوای هەشتاو پێنج ساڵ، لە رۆژی ١٨٩٦/١٠/١ لە ئاندوڤەر، ماڵاوایی لە ژیان کرد.

هریت، کیژی قەشەیەکی پارێزکارو خواناس بوو بە نێوی لایمەن بیچر. دایکی لە ساڵی ١٨١٥، کاتێ کە ئەم تەمەنی چوار ساڵان بوو، کۆچی دوایی کرد، خوشکە گەورەکەی، کاترین سەرپەرشتی ئەو و منداڵەکانی دیکەی گرتە ئەستۆو ئەم کاترینە، چەند ساڵێك پاشتر، لە هارتفوردا، قوتابخانەیەکی سەرەتایی کردەوە کە هریت یەکەمین قوتابی ئەو قوتابخانەیە بوو و پاشان کە هەندێکی خوێند، بوو بە مامۆستای هەمان قوتابخانە.

لایمەن بیچر، پاش ئەوەی شەش ساڵ لە شاری بوستن، لە خزمەتی کڵێسادا کاری کرد، سەرپەرشتی فێرگەیەکی مەزەبی لە شاری سین سیناتی گرتە ئەستۆو چوو بۆ ئەوێندەر. ئەم

زەمانە ساڵ، ساڵی ١٨٣٢ بوو و هریت تەمەنی بیستو یەك ساڵ بوو. کاترینی خوشکی لەو دیارە تازەیەدا، کۆلیجێکی بۆ پەروەردەی کیژان کردەوەو ناوی نا ئەنجوومەنی ژنانی باشووری و چونکە، چوو بووە ژێر باری ئەركو مەسئولیەتێکی گەورە، داوای لە "هریت"ی خوشکی کرد کە ببێ بە یاریدەدەری ئەم فێرگە مەزنە. هەرچەندە هەردوو خوشك، زۆریان هەوڵدا ئەم ئەنجوومەنە بپارێزنو نەیەڵن کوێر ببێتەوە، بەڵام دوای چەند ساڵێك، فێرگەکە نابووت بوو و جووتە خوشك زۆریان خەفەت خوارد. هریت، خوازگاری کالفین ئیلیس ستوی، کە مامۆستای پێشووی فێرگەکە بوو، قەبووڵ کردو شووی پێکرد.

بۆ ئەوەی بیری پەریشانی خۆی ئاسوودە بکات، دەستی بە کاری نووسین کرد، وێڕای ئەوەی بۆ بۆنەێن جۆراو جۆری هەفتانەو مانگانە هەندێ بابەتی دەنووسی، لە ساڵی ١٨٤٣دا کتێبێکی نووسی بە ناونیشانی کەشتی مای فلاوەر، یا چەند سکێچێکی دیمەنو کرداری پاشماوانی زیارەتکاران.

ماوەی هەژدە ساڵان لە سین سیناتی دا ژیا. ئێرە مەڵبەندی کۆیلان نەبوو، بەڵام کەمێك دوورتر، لەوبەری ڕووباری ئوهایووە، هەزاران کۆیلەی چەوساوەو مەینەتبار دەژیانو هریت، پەیوەندی و تەماسی لە گەڵیاندا هەبوو، لە ساڵی ١٨٥٠دا کالڤین ئیلیس ستۆ، مێردەکەی هریت، وەکو مامۆستا نەقڵ بوو بۆ برونزویك لە ویلایەتی مەین. هریت ناچار دەگەڵ مێردەکەیدا ڕۆییو لەو کەسانەی، کە سەبارەت بەو ڕۆژگارو سەردەمە، پەیوەندی نزیکی دەگەڵیاندا هەبوو، دوور کەوتەوە، بەڵام دەستبەرداری یارمەتیدانیان نەبوو. لە گۆڤاری، سەردەمی نەتەوەییدا، کە لە پایتەختی ئەمریکاو لە شاری واشینگتۆن دی سی بڵاو دەبووەوە، دەستی بە نووسینی وتاران دژ بە کۆیلەداری کردو هەر لە هەمان بڵاوکراوەدا بوو کە بە زنجیرە ڕۆمانی کوخەکەی هاپۆ تۆمی بڵاوکردەوە. کتێبی نێوبراو، دوای دوو ساڵ، بە جیاو لە شێوەی کتێبدا بڵاو بووەوە (ساڵی ١٨٥٢) وەکو دیرۆکنووسان گوتوویانە ئەم کتێبە یەکێك بووە لە فاکتەرەکانی بەرپا بوونو هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا، لەو سەرو بەندەدا کە شەڕی چوار ساڵەی باکوورو باشوور لە ئانو ساتدا بوو بەرپا ببێت، ناوی هریت پیچرستو، بەلای هەزاران هەزار کۆیلەو هەزاران بەشەر دۆستی دژی کۆیلاندنو کۆیلەداری، چوو بووە ڕیزی پیرۆزانەوە. کاتێ کە ڕۆمانەکەی بە زنجیرە بڵاو دەبووەوە خەڵکانێك پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەم چیرۆکە ئەگەر لە شێوەی کتێبدا چاپو بڵاو بکرێتەوە، فرۆشێکی یەجگار باشی دەبێت، بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون کە لە ماوەیەکی یەجگار کەمدا پاچڤەی سەر بیستو سێ زمان بکرێت و لە دوای کتێبی پیرۆز، ببێت بە خۆشەویست ترین کتێبی هەموو ئەمریکاییەکان.

ساڵێك پاش بڵاو بوونەوەی کوخەکەی هاپۆ تۆم، خانم ستو پاشکۆیەکی بۆ ئەم ڕۆمانە نووسی کە ناوی نا کۆدێك بۆ کوختەکەی هاپۆ تۆم.. نووسەر لەم پاشکۆ نامەیەدا قەواڵەو بەڵگەنامەیەکی زۆری دژی کۆیلاندنو کۆیلەداری کۆ کردبووەوە.

ساڵێك لەوە دوا سەفەرێکی ئەورووپای کرد. لە ئەورووپادا، جۆشو خرۆشو حەماسەتی خەڵکی بۆ دیتنی ئەو، لە وێناکردن نەدەهات. لە ئینگلیستان، ڕێبواران، بە قامکان ئاماژەیان بۆ دەکردو

ستایشیان دەکرد. لەم سەرو بەندەدا، بویەرێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراو روویدا، بڵاوکراوەیەکی ئینگلیزی وتارێکی لە ژێر سەر ناڤی چیرۆكو بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی لەیدی بایرون، لەو وتارەدا، بە زمانی خانم هریت پیچرستووە گێڕدرا بووەوە کە لۆرد بایرون، شاعیری گەورەو خۆشەویستی ئینگلیسی، پەیوەندی ناشەرعی دەگەڵ خوشکەکەیدا هەبووە. ئەم ئیدیعایە، کە هیچ بنچو بناوانێکی نەبوو، بە شێوەیەکی ناگەهانی هزرو بیری خەڵکی ئینگلیزی دژی نووسەری ئەمریکایی هاڕوژاند.

چیرۆکنووسی ئەمریکایی، لە ساڵی ١٨٥٦دا، واتە سێ ساڵ دوای ئەم سەفەرە، کتێبێکی لە ژێر سەر ناڤی (حیکایەتێکی باتلاخی شووم) بڵاوکردەوە. لەم کتێبەدا، نووسەر گوناحی ئەم قسەو قسەلۆکانەی خستووەتە ئەستۆی ئەو کۆمەڵگە گەندەڵەی کە هیچ نیازو نیەتێکی نییە جگە لە کۆیلاندنی بەشەران. کاتێ کە مانگنامەی ئەتلانتیك لە ساڵی ١٨٥٧دا کەوتە بڵاوبوونەوە، هریت پیچرستو، دەرفەتی هێنا کە بە بەردەوامی وتاران بنووسێتو ئامانجی ئازادیخوازانەی خۆی بەگوێی جیهانیان بگەیەنێت. جگە لە مانگنامەی ئەتلانتیك، بڵاوکراوەیەکی دیکەش بە نێوی سەربەخۆ هەبوو کە لە نیویورك بڵاودەبووەوەو لەوێشدا بانگەوازی بەشەر دۆستی خۆی بە گوێی ئەمریکاییەکاندا دەدا. براکەیشی بڵاوکراوەیەکی هەبوو بە نێوی کریستین یونیون، کە وتارەکانی ئەوی بڵاودەکردەوە.

هریت پیچرستو، تەمەنێکی زۆری کرد. لە پەنجا ساڵی بەدواوە هیچ کارێکی نەبوو جگە لەوەی کتێب بنووسێتو وتاران بڵاوبکاتەوە. ئەشقبازی وەزیر (١٨٥٩)و مرواری دوڕگەی ئور (١٨٦٢) لە جوملەی ئەو کتێبانەن، کە لەم ساڵانی گۆشەگیرییەدا نووسیونی.

کاتێ شەڕی ناوخۆی ئەمریکا کۆتایی هاتو بەرە بەرە توڕەیی و نەفرەت لە جۆش کەوت، مەدام ستو، پارچە زەوییەکی لە فلۆریدا کڕیو بۆ ئەوێندەر گواستیەوە. مێردەکەی لە ساڵی ١٨٨٦دا کۆچی دوایی کردو، هریت بە مردنی ئەو خەمگینو تەنیا مایەوە. ئیدی بۆ خانووە بچووکەکەی هارتفورد گەڕایەوەو ژیانی خۆی لە تەنیایی و گۆشەگیریدا بەسەر برد تا لە ڕۆژی ١٨٩٦/٣/١دا کۆچی دوای کرد. ئیدی لە تەنیشت مێردەکەیەوە لە ئاندوڤەر بە خاکیان سپارد.

* سەرچاوە: سیری در بزرگترین کتابهای جهان/ جلد دوم/ تالیف: حسن شهباز/ چاپ پنجم/ موسسه انتشارات امیر کبیر / تهران ١٣٨٩

## ٥- مەدام بوڤاری

داوەری دەربارەی ڕۆمانی مەدام بوڤاری، بەرهەمە بە نێوبانگەکەی گوستاف فلوبیر، تا ڕادەیەك سەختو دژوارە، چونکە دنیا ئەو بەرهەمە بە بەرهەمێکی گەورەو نەمر دەژمێرێت، لە کاتێکا خوێنەری ئاسایی، نەخاسمە ئەگەر فەرەنسی زمان نەبێتو بیەوێ پاچڤەی ڕۆمانەکە، ئەگەر پاچڤەوانەکەشی زۆر کارامەو وردو بە ئەمانەتەوە تەرجەمەشی کردبێ، بخوێنێتەوە، لە ساردیو یەکهاویو یەکنەوایی ڕۆمانەکە بێزارو بێتاقەت دەبێت(١).

لە سەرەتای نیوەی سەدەی نۆزدەیەمەوە (١٨٥٧) کە ئەم ڕۆمانە لە فەڕەنساو دوای ماوەیەکی کورت لە ئینگلتەرا چاپ بوو، تاکو ئەمڕۆ ئەم ڕۆمانە پێگەی خۆی وەکو شاکارێکی ئەدەبی نوێی فەرەنسا پاراستووە، بە هەرحاڵ خەڵکانێکی زۆر بە سەرسامیەوە لە یەکدی دەپرسن "بۆچی؟" بەڵام هیچ بەرسڤێکی قەناعەتبەخشیان دەستناکەوێ.

مەدام بۆڤاری بە ڕواڵەت ڕۆمانێکی سادەی دڵداریو ئاشقێنیە. بریتییە لە سەربهوردو بەسەرهاتی ئاسایی ژنێك بە نێوی "ئیما# Emma" کە شوو بە پزیشکێکی سادەو ساویلکەو تا ڕادەیەك "دێهاتی" بە نێوی چارلز بوڤاری دەکات. ژیانی ئاساییو بەدەر لە هەر جۆش و خرۆشێکی مێردەکەی، ئەو، واتە ئیما وەکو زۆربەی ژنانی جوانو گەنج، ئاواتو ئارەزووی بێ کۆتایی هەیە، شەکەتو بێزار دەکاتو بەرەو هەڵدێری خیانەتی دەبات. هەروەها زیادە مەسرەفیش دەکاتو مێردەکەی دەخاتە چاڵی ئیفلاس و نابووتییەوە، لە کۆتاییدا کە تەمەشا دەکات خەونەکانی بوون بە بڵقی سەر ئاو، خۆ کوژی دەکات(٢). ئەمە ڕۆمانی مەدام بوڤارییە، تا ئەو کاتەی کە ئەم ڕۆمانە بڵاو بووەوە لە فەرەنساو لە زۆر وڵاتی دیکەشدا، زۆر ڕۆمانانی لەو بابەتە هاتبووە نووسینو بڵاوبوونەوە. کەواتە چ ڕازێك لە بن دێری ئەم ڕۆمانەدا پەنهانە کە ناوی داهێنەرەکەی خستووەتە ڕیزی لیستی بلیمەتانی جیهانەوە؟

لە سەدەی هەڤدەیەمدا، ئەم چیرۆكو ڕۆمانانەی کە لە فەرەنساو شارستانیەتانی دیکە جیهاندا دەهاتە نووسین، بە زۆری بریتی بوون لە شەرحو شرۆڤەو باسی ژیانی ئەو ژنو پیاوە دەوڵەمەندانەی کە لە نازو نیعمەتدا دەژیانو بەکامی دڵ ڕایان دەبوارد و لە ئەنجامدا، بە ئاسوودەیی یا بەدبەختی دەمردن(٣). جۆری نووسینی چیرۆکان بە شێوەیەك بوو وەکو ئەوەی کۆمەڵێك ئەکتەر، بە بەر چاوی نووسەرەوە، لەسەر تەختەی تەمەشاخانەی تەمەندا، دەور بدینو پاشان دیار نەمێنن، لێ چیرۆكو ڕۆمانی سەدەی هەژدە گۆڕانیان بەسەردا هات، دوو فاکتەری بەهێزی تازە هاتە دنیای چیرۆکەوە. ئەم دوو فاکتەرە یەکێکیان سوسیولۆجیا بوو و، ئەویتریان فەلسەفەی ژیان بوو. بەمجۆرە خوێنەر وێڕای خوێندنەوەی چیرۆکێکی دڵگیر، نا ئاگایانە ئاشنای ئەو پەیامەش دەبوو کە نووسەر پێی بوو، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەم شێوە چیرۆکنووسیەش گۆڕانی بە سەردا هاتو چیرۆکنووسان، لە دنیای خەونو خەیاڵان دوورکەوتنەوەو پێیان نایە دنیای واقیعەوە. ڕۆمانتیزمو خەیاڵاتی شاعیرانە، لە بەردەم ریالیزمو واقیعگەراییدا پاشەکشەی

کرد، ئەوەی کە نووسەرانی وەکو بالزاك‌و ستاندال نووسیان لە ڕاستیدا، سەرگوزشتەی ڕاستەقینەی خەڵکی بوون کە بە قەڵەمی نیگارکێشی نووسەر، دوور لە وەهم‌و تەسەور، خرا بووە سەر کاغەزو خوێنەری دەگەڵ خوێدا بۆ ناو ژیانی ڕاستەقینەی ئەوان دەبرد. بەڵام لەم بوارەدا، فلوبیر هەنگاوێك لەوان هێوەتر ڕۆیی و ڕۆمانەکەی خۆی لەوان "واقیعیانەتر" نووسی‌و سنوورێکی دانا کە دەشێت بە "سنووری ئەدەبیاتی نوێی فەرەنسا" ناو ببرێت.

مەدام بوڤاری جۆرە ڕۆمانێکە کە دەتوانرێ لە ریزی (ئاسانی قورس) دابنرێت، واتە هەرچەندە ئاسان دەنوێنێ بەڵام لە ناواخندا ئاڵۆزو گۆنگ‌و دوو لۆنەیە. دیمەنەکانی بە جۆرێ نەخشێنراون کە خوێنەر دەتوانێ بە ئاسانی بە نێو قارەمانەکاندا هەنگاو بنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە زۆر شوێندا، لە لێکدانەوەکانی خۆیداو لە دیاریکردنی هەڵوێستەکاندا دووچاری دوو دڵی دەبێت، چاوشارکێی چیرۆکنووس دەگەڵ خوێنەردا بە جۆرێکە کە تەنانەت ڕەخنەگرانیش، لە داوەریەکانیاندا تیا دەمێنن. بۆ نموونە یەکێك لە ڕەخنەگرەکان بەمجۆرە باسی دەکات: (٤).

خوێنەر پێش ئەوەی ڕۆمانی مەدام بوڤاری بخوێنێتەوە دەبێ ئەوە بزانێت کە ئەم بەرهەمە لە چ ساڵێکدا هاتووەتە نووسین‌و بویەرو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە هی چ سەردەمێکن.

لەم ڕۆمانەدا کاتێ چارلز بوڤاری دەچێتە پۆلی دەرسەوە، ساڵ‌و وەخت مانگی ١٨٢٧/١٠و دوا دیمەنیش، کاتێ چارلز دەمرێت، مانگی ١٨٤٦/٨. بەمجۆرە بویەرەکانی ئەم رۆمانە لە ماوەی نۆزدە ساڵدا ڕوو دەدات. کاتێ ئیما مێرد بە چارلز دەکات ساڵی ١٨٣٧و کاتێ هەردووکیان لە دنیا دەردەچن، ساڵی ١٨٤٦– واتە ماوەی ژن‌و مێردایەتیان نۆ ساڵ دەخایەنێت، لە مێژووی فەرەنسادا، لوتکەی دەسەڵات "سەڵتەنەتی مانگی تەمووز"(٥)، واتە دەورانی فەرمانڕەوایی لویس فیلیپ، ناپلیونی سێیەم، هەمان دەوران‌و سەردەمە، یانی ئەو سەروبەندەیە کە چارلزو ئیما پێکەوە دەژین. لویس فیلیپ، لە ڕێگەی کودەتاوە، لە ساڵی ١٨٣٠دا هاتە سەر حوکم‌و دوای چواردە ساڵ، لە ١٨٤٤دا، لە سەڵتەنەت لابرا. نازناوی "شا گولاوی"یان لێنابوو، هۆی ئەم ناوەش ئەوە بوو کە دەیانگوت دەموچاوی وەکو هەرمێ گولاویەو لەو زەمانەوە، لە زمانی فەرەنسیدا، کە بیانەوێ بە کەسێك بڵێن بەشەرێکی بودەڵەو کەودەنە، دەڵێن "وەکو گولاویە" هەر چەندە لویس فیلیپ لە بنەماڵەی خانەدانی ئورلیان بوو، بەڵام ڕژێمەکەی ئەو تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕژێمی چینی مامناوەنجی بوو. ئامۆژگاری ئەو بۆ هەوادارو دەست‌و پێوەندەکەی ئەمە بوو کە "خۆ پارەدار بکەن." بە خۆیشی، دروست وەکو بۆرژوایەك، چەتر بە دەست بە شەقامەکانی پاریسدا دەسوڕایەوەو پیاسەی دەکرد. لە دەورانی سەڵتەنەتی ئەودا جل‌و بەرگ، ڕازانەوەو جوانکاری ماڵ، تەلارکاری، زەوق، هەر هەموو ئەمانە هاوتای "بێ زەوقی" بوو. بۆرژوازی فەرەنسی، ئەو کەلەپوورو مێراتەی کە لە شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ەوە مابووەوە، بە زەقی هاتبووە خوارێ‌و دابویەوە کەندێ.

تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەو دەورو قۆناغە، بە باشی لە ڕۆمانی مەدام بۆڤاریدا دیارە. بچووکترین ئاماژەی چیرۆکنووس لەم بەرهەمەدا، نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی یاسایی ئە زەمانەی لە خۆدا هەڵگرتووە. کە ئیما بخورد لە مەقەڵیدا دەسووتێنێ، یادئاوەری ئەمەیە کە لەو ساڵانەدا

لاسایی کردنەوەی کاری خەڵکی جەزایر مۆد بووەو نیشانەی ئەوەیە کە فەرەنسا وڵاتی جەزایری کردووە بە بەشێك لە قەڵەمڕەوی خۆی. لەو شوێنەدا کە "ئیما" لە کۆشکی لاڤبیساردا دەبینێ کە هەندێك لە خانمان شەراب دەخۆنەوەو هەوڵدەدەن دەستکێشە ناسکەکانیان نەکەوێتە گلاسی شەرابەکانەوە، سەری سوور دەمێنێ و ئەمە دیمەنێکە کە نووسەر دەربارەی جیاوازی چینایەتی فەرەنسا نیشانی دەدات. بۆرژوازی دێهاتی لەو زەمانەدا کە لە ڕۆمانی مەدام بۆڤاریدا لە شێوەی پیوریتانیزمێکی (٦) میانڕەودا بەرجەستە بووە، بۆ خانمان وای ئیجاب دەکردو دەخواست، کە بە مەبەستی نیشاندانی دەربڕینی ناڕەزایی خۆ لە خواردنەوەی شەراب، دەستکێشی ناسکی شەوانەی خۆ بخەنە گلاسەکەوە، یان دەسماڵە ناسكو تۆڕیەکانی خۆ بخەنە گلاسەکەوە، لە کاتێکا خانمانی ئەشرافی کۆن، لە ڕەفتارو کرداری خۆدا، زۆر ئازادتر بوونو سڵیان لە خواردنەوەی شەراب نەدەکردەوە. هۆی ئەمەی کە گوستاف فلوبیر دەورانی "سەڵتەنەتی مانگی تەمووز"ی بۆ ڕۆمانەکەی خۆی هەڵبژارد بوو، ئەمە بوو کە ساڵانی تەمەنی گەنجی لەم سەردەمەدا بە سەر بردبوو. لە ساڵی ١٨٢١دا لە دایك بوو بوو و لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا بە چاوی خۆی دەبینێ کە چۆن جەنگ دەکەوێتە ناو شەقامە سەرەکیەکانی پاریسەوە و خەڵکی بۆ کۆتایی هێنان بە حکومەتێك کە بۆ نەجیمزادان، جگە لە بێهودەیی هیچ سوودێکی نەبوو، شەڕی دەستەویەخە دەکەن، لە پایزی ١٨٤٩دا سەفەرێکی بۆ باشووری ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی نزیك کرد(٧). تا ئەو کاتە بەرهەمێکی شایستەو سەرنجڕاکێشی نەنووسی بوو. کاتێ کە بۆ فەرەنسا گەڕایەوە لێبڕا چیرۆکێك بنووسێت کە لە بەرهەمی هەموو نووسەرانی دی و لە نووسینەکانی خۆیشی جیاواز بێتو ئەم جیاوازیە بریتی بوو لە دابڕان لە ڕومانتیزم. ئەم ئامانجەی کە ئەو کاری بۆ دەکرد، ئەمە بوو کە ژیانی ڕاستەقینەی چینی بۆرژوای دێهات نشینانی خۆی بە وردی وێنە بگرێتو بێ هیچ خاترانەیەك هەموو دزێوی و کرێتیەکانیان بخاتە ڕوو و لە قاو بدات.

بەمجۆرە ڕۆمانی مەدام بوڤاری تەنیا چیرۆکێك نییەو تەواو، بەڵکو ئاوێنەیەکی باڵانمایە هەموو ڕەنجو شادیەکانی خەڵکی سەردەمی لویس ناپلیونو بیرو هزرینیان سەبارەت بە ژیانی ڕابردووی فەرەنسا نیشاندەدات.

ڕەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە فلوبیر بۆ بڵاکردنەوەی رۆمانەکەی خۆی، بە بەردەوامی دووچاری سانسۆری کار بەدەستانی حکومەت دەبووەوە، ئەمە بوو بێ- کە بە داخو کەسەرەوە باسی ڕابردووی دەکردو بۆ ژیانی ئێستای فەرەنسا دەگریا.

نووسینی رۆمانی مەدام بوڤاری کە وەکو ژمارەی بەر پەڕان کتێبێکی مامناوەدییە، مودەتی پێنج ساڵی خایاند. بڵاوبوونەوەی لە ساڵی ١٨٥٦ەوە، لە گۆڤاری رڤو دو پاریس دا دەستی پێکرد(٨). سەرنووسەری گۆڤاری ناڤبری لە ترسی سەختگیری مامورانی سانسۆر، بابەتەکانی کورت دەکردەوەو پەڕوباڵی دەکردن، ئەوجاش چیرۆکنووسیان بە تۆمەتی "بەزاندنی سنووری ئەخلاقو مەزەب" کێشایە پای مێزی دادگایی. دادگا لە هەموو ڕوویەکەوە سەیرو دادگاییەکە عەنتیکە بوو. دادسێن لە لایەکەوە بە پشتیوانی یاساێن خەڵکی ئەوی بە سەرپێچی کارو

گوناحبار دەزانیو لەلایەکی ترەوە فلوبیرو پارێزەرەکەی بە زمانی ئەدیبانە، تۆمەتەکانیان رەتدەکردەوە(٩). سەرەنجام چیرۆکنووس، واتە فلوبیر تەبرێ بوو و ڕۆمانەکە لە ژێر سەرناڤی مەدام بۆڤاری- داب‌و نەریتی دێهات، لە رۆژی ١٨٥٧/٤/١٨دا بلاوبووەوە. زوو بە زوو سەرکەوتنی بە دەست هێنا . خەڵکی بە لێشاو ڕۆمانەکەیان دەکڕیو نووسەرەکەی لە شەوو رۆژێکدا بوو بە خۆشەویستی هەزاران کەس.

بەو حاڵەشەوە مەدام بۆڤاری بە ئاسانی تێنەپەڕی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەلایەن کۆمەڵێك لە ئەهلی شارنشینی فەرەنساو هەروەها گروپێك لە رەخنەگرانی ئەدەبناسەوە، بە توندی هێرشی کرایە سەر. یەکەم، بێ وەفاییو خیانەتکارییەکانی "ئیما" ژنانی فەرەنسای بەگشتی لە نووسەر پەرستو تووڕە کرد. دووەم خەڵکی نورماندی بە توندی کەوتنە دەربڕینی ناڕەزایی کە بۆچی فلوبیر لە نێو هەموو شارەکاندا، شاری "روئن"ی مەرکەزی ویلایەتی نورماندی بۆ ئەم گەمەو نەنگیانە هەڵبژاردووەو تەنانەت چەند کەسێك لە دەرمانسازانی ئەم شارە، بەو بیانووەی کە بە خوڵقاندنی کاراکتەرێکی خیانەتکار بە نێوی "ئومە" ئابڕووی لەکەدار کردوون، داوای دوئێلیان لێکرد(١٠).

جا لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە فلوبیر تیمەو بابەتی ڕۆمانەکەی لە کوێوە وەرگرتووەو چ کەسانێك یا چ سەرچاوەیەك ئیلهامی ئەفراندنی ئەم قارەمانانەیان بەو بەخشیوە؟

لویس بویە، شاعیری فەرەنسایی کە بەهرەو سەلیقەی چیرۆکنووسی لە فلوبیری گەنجدا دەبینیو لەلایەکەوە بە توندی ئیرادی لە نووسینە پەڕاگەندەکانی ئەو کە مۆرکو شەقڵی رۆمانتیزمیان پێوە دیاربوو، دەگرت، چیرۆکێکی بۆ گێڕایەوە. ئەوەی ئەو بۆی گێڕابووەوە حیکایەت نەبوو، بەڵکو رووداوێك بوو ڕاستەقینە، کە لە شاری روئن رووی دابوو. رووداوەکە بەمجۆرە بوو کە لە شاری روئندا پزیشکێکی گەنج بە نێوی ئوجین دلامار دەژیا. ئەم ئوژینە، وا دیارە رۆژگارێك لەلای بابی فلوبیر، کە پزیشك بوو، دەخوێنێ، ئوژین پاش تەرك کردنی خوێندن، بە عینوانی پزیشکی ڕێگە پێدرا(١١)، لە شاروچکەیەکی نزیکی روئن دادەمەزرێو دەست بە کار دەبێت. لەوێندەر دەگەڵ بێوەژنێکی دەوڵەمەندا کە چەندین ساڵ لەو گەورەتر بوو، زەماوەند دەکات. بەڵام زۆری پێناچێت کە هاوسەرەکەی مالاوایی لە ژیان دەکات. دکتۆر دلامار، کە زۆر هەست بە تەنیایی دەکات دەکەوێتە بیری ئەوەی ژنێکی دی بێنێو ئەمجارەیان حەز لە کیژێکی خەڵکی گوندێکی نزیك دەکات کە ڕوخسارێکی دڵڕفێنو بەژنو بالایەکی جوانی دەبێتو ماوەیەکیش لە یەکێك لە دێرو کڵێساکاندا خوێندوویەتی(١٢)، مەدام دلامار، پاش ئەوەی لە ماڵی پزیشکدا دەوڵەمەند دەبێتو لە ڤیانو خۆشەویستی شووەکەی دڵنیا دەبێت، سواری ئەسپی هەواو هەوەس دەبێتو ئەسپی سەرکێشی ئارەزووە ئەهریمەنیەکان بە هەموو لایەکدا تاو دەدات. گەوهەرانو جلو بەرگی گرانبەها دەکڕێتو چەند دڵدارێك بۆ خۆی پەیدا دەکات، بەڵام زۆری پێناچێت کە دەمرێتو کە خۆی بە ناکامیو نامرادی دەبینێتەوە، جامێ ژەهر هەڵدەداتو کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ . لەو لاشەوە مێردی گرفتار، کە هەرگیز ژنەکەی خۆی تا ئەم رادەیە

بە خیانەتکارو هەرزە نەدەزانی، پاش ئەوەی بە ڕازو نهێنییە ژێراو ژێرەکانی ئەو دەزانێت، چونکە زۆری خۆش دەویست، خۆی دەکوژێتو تاقە منداڵەکەی خۆی بۆ دایکی بەجێدێڵێت.

لویس بویە، ئەم بەسەرهاتە بۆ فلوبیر دەگێڕێتەوە، بەڵام داوای لێدەکات کە چیرۆکەکە واقیعیانە و ڕاستگۆیانەو بێ هیچ ڕتووشێکی ڕۆمانتیکی بنووسێتو بە نیشاندانی ژیانی چینی بۆرژوازی فەرەنسایی، بەرهەمێکی هاوتەرازی بەرهەمەکانی بالزاك بخوڵقێنێت .

لە ساڵی ١٩٤٦دا، نزیکەی سی ساڵ لەوە پێش، کتێبێك، لە کتێبخانەی نیشتمانی شاری روئن دۆزرایەوە کە لە هەموو ڕوویەکەوە جوان بوو(١٣). ئەم کتێبە چیرۆکی ژیانی ژنێك بوو بە نێوی لویز پرادیە، هاوسەری جیمز پرادیەی پەیکەرتاشی پایەبەرز بوو، کە لە سەردەمی خۆیدا شۆرەتو ناوبانگو خۆشەویستیەکی فرەی هەبوو(١٤). ئەم چیرۆکە کە لویز بە خۆی بۆ کەسێکی گێڕابووەوەو ئەو کەسە وەکو خۆی خستبوویە سەر کاغەز، ئەم چیرۆکە لێکچوونێکی سەیری دەگەڵ چیرۆکی مەدام بوڤاریدا هەبوو. هەندێك ئاماژان بە دەست هاتوون کە گوایە دیدارێك لە نێوان لویزو فلوبیردا رووی داوەو دوور نییە کە لویز ژینامەکەی خۆی بەم نووسەرەی فەرەنسا دابووبێ(١٥). لەو ساڵانەدا کە ڕۆمانی مەدام بوڤاری خۆشەویستی میللەتی فەرەنساو ئەوروپا بوو. نووسەرانی ناسیاو، زۆرجار لە فلوبیریان پرسیوە کە مەدام بۆڤاری کێیەو چیرۆکنووس بەرسڤی دابوونەوە " مەدام بۆڤاری خودی خۆمە(١٦)". ڕەنگە فلوبیر لەو رووەوە راستی کردبێت کە وەکو نووسەر هێندە دڵبەندو ئەفسوونی شەخسیەتی "ئیما بوڤاری" بوو بوو کە بۆ ساتێکیش لە بیری نەکردووەو، لەم ساڵانەدا لە نامەیەکدا بۆ یەکێك لە دۆستەکانی، دەڵێت: "بوڤاریە بێچارەکەی من، لەم کاتەدا، لە چەندین شارو گوندا، دەگریو دەناڵێنێ." لە شوێنێکی دیدا، کاتێ کە زەمینەی خۆکوژیەکەی ئیما بۆڤاری خۆش دەکات، هێندە نیگەرانو ناڕەحەتو بێ ئۆقرە دەبێت کە خۆی گوتەنی "کە هەستی بە تامی ئارسینکەکە، لە زاری خۆیدا دەکرد.(١٧)" سەرەنجام بە وێنەگرتنی جۆرو شێوەی ژیانی خەڵکی سەر بە چینی دووەمی فەرەنسا، بە تایبەتی خەڵکانی دێهات نشینی نورماندنی، بەرهەمی دڵخوازی خۆی خوڵقاند. ڕۆمانێك کە هیچ مۆرکێکی ڕۆمانتیزمی پێوە نەبوو و شێوەیەك بوو سەربەخۆ کە پاشان پەیڕەوانێکی فرەی پەیدا کرد.

گوستاف فلوبیر کێیەو چۆن لە مەیدانی ئەدەبی فەرەنسیدا دەرکەوت؟

گوستاف، لە رۆژی ١٨٢١/١٢/١٢دا لە شاری روئن هاتووەتە دنیا. باوکی، ئاشیل کلیو فاس فلوبیر، کە خەڵکی شامپانی بوو لە نەخۆشخانەی گەورەی شاری روئن دا جەڕاحو مامۆستای وانەی پزیشکی بوو. دایکی کە کیژی پزیشکێکی بە نێوبانگ بوو، بە نموونەیەکی بژاردەی خانەوادەی بۆرژوازی دەژمێردرا.

گوستاف، لە منداڵی ڕا دەستی بە کاری نووسین کردووە. تەمەنی شازدە ساڵان بوو کە چیرۆکێکی نووسیو هەژدە ساڵان بوو کە ناسیاوی دەگەڵ هزرڤانانی وەکو ئالفرید لوپواتونی، فەیلەسوف رۆژدا پەیدا کرد(١٨)، ئەم دیدارو دۆستایەتیە دەگەڵ فەیلەسوفی ڕەشبینی فەڕەنسیدا کردیە کارێك کە تا کۆتایی تەمەنی دیلو ئەسیری جۆرە دێوێکی ڕەشبینی بێت. هەڵبەتە

کارەکەی بابی، کە مایەی ڕێزو حورمەتی هەموو خەڵکی ڕوئن بوو، دەرفەتی بۆ دەڕەخساند تا ناسیاوی دەگەڵ کەسایەتیانی ئەدەبی و هونەری شاردا پەیدا بکات. دەچووە ژووری توێکارییەکانی بابی، هەرچەندە حەزی لە ئەدەبیات دەکرد، بەڵام خۆی لە فێر بوونی زانستێن پزیشکیش نە دەدزییەوە، ڕەنگە هەر ئەم شارەزاییەی لە واری پزیشکیدا کربێتە کارێك کاتێ کە چیرۆکی گرازیلای نووسینی ئالفونس دولامارتینی خوێندبووەوە، بڵێت: "بێگومان ئەگەر لامارتین چاوو دیدی پزیشکێکی هەبوایە ئەم سەربهوردەی زۆر باشتر دەنووسی."

لەو سەروبەندەدا کە هێشتا لە ڕوئن دەیخوێند، بۆ ئەوەی خۆی مژوول بکات، گروپێك لە هاوتەمەنانی خۆی خڕ کردەوەو ئەنجوومەنی شانۆیی دامەزراند. کاری ئەم نۆ لاوانە ئەوە بوو کە دەربارەی شانۆ موتالاّبکەن و مەشق و ڕاهێنان لە سەر چەند شانۆنامەیەك بکەن، جاری وا هەبوو، گوستاڤ نۆ لاو بە خۆی هەندێك لەو شانۆنامانەی دەنووسی، لە ژێر زەمینەکەی ماڵەوە، لە سەر مێزی بیلیاردەکەدا پێشکەشیان دەکرد. لە ساڵی ١٨٤١دا، کاتێ تەمەنی بیست ساڵان بوو، لە کۆلیجی ماڤ پاریسدا ناوی خۆی نووسی و سەفەری پایەتەختی فەرەنسای کرد(١٩). بەڵام دوای ساڵێك نەخۆش کەوت و دکتۆران نەخۆشیەکەیان بە جۆرە فێیەك دەست نیشان کرد، کە بە هۆی لاوازی توندی ئەعسابەوە تووشی خەڵکی دەبێت(٢٠). ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە لەخوێندن دوا بکەوێ و چونکە شەوق و زەوقی لەسەر ئەدەبیات بوو، ڕووی کردە موتالاّو خوێندنەوەی ئەدەبیات. بابی لە ساڵی ١٨٤٦دا کۆچی دوایی کرد و مردنی ئەو کارێکی زۆری لەم گەنجە کرد، بەڵام بوونی دایکی و کارولینی خوشکی، کە زۆر هۆگری ئەو بوو،و هەموو تەمەنی خۆشی منداڵی دەگەڵ کارولیندا بەسەر برد بوو، ئارامیی گیانیان پێدەبەخشی، بەڵام ڕووداوێکی بەسوێی دیکە، جەزرەبەیەکی قورسی دیکەی لێدا. خوشکە میهرەبانەکەی بەسەر منداڵی دووەمیەوە مردو داخێکی لە ساڕێژ نەهاتگی بە دڵییەوە نا. گوستاف لەم سەرو بەندەدا دەستی دایکی خۆی گرت و چوو لە ناوچەی کراواسەی نزیکی ڕوئن، لە خانوویەکی چەپەك و لاتەریکدا گیرسایەوە. ئیدی فلوبیر هەموو تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵەی خۆی لەوێدا بەسەر برد.

جیمز پرادیە، ئەو هونەرمەندەی کە پاشان نووسیان گوایە فلوبیر ڕۆمانی مەدام بوڤاری لە یاداشتەکانی هاوسەرەکەی ئەوەوە وەرگرتووە، لە پاریسدا وەرشەیەکی هونەری هەبوو کە هونەرمەندان و ئەدەبدۆستان لەوێندەر کۆ دەبوونەوە. فلوبیر لە تەمووزی/١٨٤٦دا، لە وەرشەکەی ئەودا، ناسیاوی دەگەڵ لویز کولا، (١٨١٠- ١٨٧٦)، شاعیری وەخت پەیدا دەکات. جوانی و شەخسیەت و سەنگینی و بە ویقاری ئەم ژنەو، لەوانەش زیاتر بەهرە شیعرییەکەی، کاریان لە فلوبیر کرد. ئەم دوانە جاری دیکەش یەکیان بینی و لە ئەنجامی ئەم دیدارانەوە، ئەشقێکی قورسیان کەوتە نێوانەوە. لویز کولا، مێردی هەبوو و مێردەکەی ئاهەنگسازو مامۆستای بە نێوبانگی کونسرڤاتوری فەرەنسا، هیپولیت کولا بوو، بەڵام لویز گوێی نەدایە. جووتە دڵدار ماوەیەك درێژەیان بە دیدارەکانیان دا، بەڵام ئەم ئەشقە بەردەوام نەبوو، گوستاف کەسێتییەکی سەربەخۆی هەبوو و لویز هەستیارو دڵناسك و حەسوود بوو. سەرەنجام ئەو دووە لێکدی جیا بوونەوە، بەڵام هیچیان تا کۆتایی تەمەن، یەکتریان لە بیر نەکرد(٢١).

ڤیانو ئەشقی ڕاستەقینەی فلوبیر، نووسینو داهێنان بوو، هیچ ئاواتو خۆزیایەك لە دنیادا لەوە بالآتر نەبوو كە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێت بە چیرۆكنووسێكی ناودار. دڵبەندی ئەو بە نووسینەوە بە رادەیەك بوو كە بە ڕەبەنێكی ئیمانداریان شوبهاندووە، كاتێ دەینووسی، حەزی نەدەكرد كەس سەرقاڵی بكات، ئەگەر هەواڵی خۆشیشی بۆ ئەو بێبوایە. هەر لاپەڕە، هەر دێڕو هەر وشەیەكی دەجار دەخوێندەوەو لە نوێ ڕاستی دەكردەوە. نموونەش بۆ ئەوە مەدام بوڤاریە كە بە پێنج ساڵ تەواوی كردووە، یانی هەفتەی لە دوو لاپەڕە زیاتری نەنووسیوە. لەوە دەچێ بابەتەكەی درەنگ بۆ بێتو ڕستەی دڵخوازی خۆی بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نەداتو نەیەتە سەر كاغەز. تاقە چیرۆكێك كە خۆی گوتەنی تا ڕادەیەك بەلەز تەواوی كردو بابەتەكەی بە خێرایی لە زەیندا گەلاڵە بوو، چیرۆكی وەسوەسەی سن ئانتون بوو، كە بە سەرهاتی ڕەبەنێكی سەدەی سێیەم دەگێڕێتەوە كە ئەسیری وەسوەسەی شەیتان بوو بوو. ڕەنگە فلوبیر ویستبی وێنەیەكی وەكو خۆی بگرێت كە لە كرواسەدا وەكو ڕەبەن دەژیاو لە هەواو هەوەسی ئەهریمەنیش بە دوور نەبوو. بە هەر حاڵ ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەمەیە كە كاتێ چیرۆكەكەی بۆ دوو دۆستی شارەزا، بۆ دوكانو بوئیە خوێندەوە، هەردووكیان ئیرادی توندیان لێگرت.

فلوبیر، هەرچەندە چیرۆكی وەسوەسەی سن ئانتوانی وەلاوەنا، بەلاّم لە نێوی نەبردو پاشان دەسكارییەكی فرەی كردو لە لایەن خوێنەرانەوە پێشوازییەكی گەرمی لێكرا(٢٢).

بلاّوبوونەوەی مەدام بوڤاری پاش پێنج ساڵ هەوڵو كۆششی بەردەوام، جۆرە غروورو خۆشحاڵیەكی دەروونی پێبەخشی، سەرەنجام فلوبیر كارێكی شایستەی ئەنجام دابوو و بە چاوی خۆی دەیبینی كە فەرەنسا نێوی ئەوەی خستووەتە ڕیزی پێشەوەی كەڵە نووسەرانی ریالیستەوە، ئیدی كاتی ئەوە هاتبوو، بكەوێتە ئاسوودەیی فیكریو بەهرەبردن لەو شانازیانەی كە خەڵكی ولاّتەكەی پێیان بەخشی بوو، بەلاّم ئەو قەڵەمی دانەناو بلەز كەوتە نووسینی رۆمانی سالامبو، وێدەچوو، چیرۆكنووسی لاو لە باسی ژیانی بۆرژوایانی ولاّتەكەی خۆی ماندوو بووبێتو دەیویست ماوەیەك بە دنیای كۆنو لە نێو قەومی كۆنی كارتاجدا بگەڕێت. ئەم چیرۆكە تەقریبەن جۆرە "ئۆپرایەكی پەخشانی" بوو. كە ڕاپەڕینی بەكرێگیراوان دژی خەڵكی كارتاجو ئەشقی سەركردەكەیان بە سالاّمبوی كیژی سوپاسالاری كارتاجی، دەگێڕێتەوە(٢٣).

فلوبیر لە نووسینی ئەم ڕۆمانە مێژووییەدا، كە واریقاتو بویەرەكانی لە سێ سەدەی پێش ز دا ڕوویدا بوو، هەمان ڕێبازی هەڵبژاردووەو گرتووەتە بەر كە شەكسپیر دەربارەی چیرۆكو حیكایەتی یونانی گرتبوویە بەر. درامانووسی ئینگلیزی (شەكسپیر) بەرهەمەكانی خۆی بە شیعر دەنووسیو چیرۆكنووسی فەرەنسی (فلوبیر) سالامبوی بە پەخشانێكی جوانو رەوان، وەكو شیعر، نووسیوە(٢٤).

لەم زەمانەوە كە ساڵ، ساڵی ١٨٦٢ بوو، فلوبیر تەمەنی چلو یەك ساڵ بوو، تا كاتی مردنی كە هەژدە ساڵ دواتر ڕووی دا، هیچ ڕووداوێكی گرینگ لە ژیانیدا ڕووی نەدا. لە ساڵی ١٨٧٢دا "مەشقی هەستی" دوای سێ جار گۆڕین، بە چاپ گەیاند و دوو ساڵ لەوە دواتر، وەسوەسەی سن ئانتوانی، بە شێوەیەكی نوێ بلاّوكردەوە. شانۆنامەیەكی لە ژێر سەر ناڤی كاندیدا، كە

سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، نووسی. ئیدی بۆ وەدەست هێنانەوەی حەیسیەتو شۆرەت، دەستی بە نووسینی رۆمانێك کرد کە هەر تەواو نەبوو. ناونیشانی ئەم رۆمانە: بوڤار- پکوشە بوو و سەرگوزشتەی تەنزئامێزی دوو فەرمانبەر دەگێڕێتەوە کە دوای ساڵەها خزمەت، خانەنشین بوونو لە بێکاریدا لێدەبڕین هەر هەموو زانستەکانی سەردەم فێر بن. ئەم ڕۆمانە کە نووسەر بە بەردەوامی کاری لە سەر نەدەکرد، بەر لە مردنی خودی چیرۆکنووس تەواو نەبوو. لەم قۆناغەدا، کتێبێکی دیکەشی بە ناونیشانی سیٚ چیرۆك(٢٥) بلاّو کردەوە کە ناو نیشانی ئەم سیٚ چیرۆکە بریتی بوو لە : دلّی بێگەرد، ئەفسانەی سن ژولیان... و هرودیاس. شارەزایانو پسپۆڕانی بواری ئەدەب پێیان وایە ئەم کتێبە بە هۆی هەمە جۆری بابەتو نایابی پەخشانەکەی و توانای نووسەر لە بەرجەستەکردنی دیمەنەکاندا، بە شاکاری فلوبیر دێتە ژماردن(٢٦).

چیرۆکنووسی ناوداری فەرەنسی لە ئاخرو ئۆخری ژیاندا، تووشی ئاریشەو کێشەیەکی زۆری دەستکورتیو بیٚ پارەیی بوو، بەلاّم دلّخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە کە دۆستایەتی دەگەلٚ ناودارانی وەکو جورج ساند، ئیڤان تورگینیف، ئەمیل زولاو ئالفونس دودە دا پەیدا کرد بوو. هەروەها هاوڕێیەتی گەنجێکی دیکەشی دەکرد کە بە دۆستو شاگردی خۆی دەزانی، ئەویش گی دو موپاسانی، خوشکەزای دۆستە مردووەکەی خۆی ئالفرید لوپراتون بوو(٢٧).

فلوبیر، لە ڕۆژی ١٨٨٠/٦/٨دا لە کاتێکا کاری لەسەر ڕۆمانی بوڤار- و- پکوشە دەکرد، بە هۆی سەکتەی دلّەوە مالاّوایی لە ژیان کرد. گی دو موپاسان، کە بە دیاریەوە بوو، دەربارەی دەلّێت: "سەرەنجام مرد، بە سەر مێزی کارەکەیەوە مرد، ئەوەی ئەوی کوشت، ماشقەکەی بوو، واتە ئەدەبیات بوو، ئەو بکوژەی کە زۆر مرۆڤی پڕ جۆشو هۆشمەندی لە گۆڕ ناوە(٢٨)".

***

ئیما بوڤاری – Emma، ئەم خەلّقەندەیەی زەینی فلوبیر کە نزیکەی سەدەیەکە، سیمایەکی نەمری لە نێو ئەدەبناسانی جیهاندا پەیدا کردووە، کێیەو بۆچی چیرۆکی بەسەرهاتی ئەو لە ژێر سەرناڤی مەدام بوڤاریدا، هەموو ساڵێك چاپ دەکرێتەوە؟ ئایا ئیما بوڤاری، وەکو چیرۆکنووس خۆی گوتوویەتی "خودی فلوبیرە"؟ ئایا ژنێکە بە نێوی "دلڤین دلامار" کە رۆژگارێك لە شاری روئن دەژیاو دوای ماوەیەکی کورت لە رابواردنو هەرزەیی و داوێن پیسیو خیانەت بە هاوسەرەکەی، خۆ کوژی دەکات؟ یان ئیما بوڤاری ژنێکە بە ناوی لویز کولا، شاعیرە بە ناوبانگەکەی سەدەی نۆزدەیەمی فەرەنسا کە سەردەمانێکی نزیك بە دەساڵ ماشقەی گوستاف فلوبیر بووەو، فلوبیر بۆ ئەوەی نەمری بکات، هاتووە کەسایەتی ئەوی لە سیمای ئەفسانەیی ژنێك دا، بە نێوی مەدام بوڤاری، وێنەگرتووە؟

لە گینە مەدام بوڤاری تێکەلّەیەك بیٚ لە هەموو ئەمانە. دیارە هیچ گومانێك لەم قسەیەدا نییە کە نووسەر سەربهوردی ڕاستەقینەی دلفین دلاماری، هاوسەری ئۆژین دلاماری، پزیشکی ناوچەیەکی ویلایەتی نورماندی، دەستکەوتووەو، دەقی رۆمانەکەی لەوەوە وەرگرتووە. هەروەها نکۆلّی لەوەش ناکرێت کە چیرۆکنووس، لە زۆر دیمەنی ڕۆمانەکەیدا، وێنەی لویز کولای لە زەیندا هەبووەو کارە سەخیفو هیچو پوچ و توڕەهاتەکانی ئەوی، کە بە دلّی نەبووە، لە

ڕەفتارەو کرداری ئیما بوڤاری دا وێنەگرتووە. هەروەها گومان لەوەشدا نییە کە فلوبیر بە جۆرێ ڕموودەی قارەمانەکەی خۆی بووەو دەگەڵیدا ژیاوە، کە بە درێژایی پێنج دانە ساڵ، بۆ ساتێکیش لێی جیا نەبووەتەوە . ئیدی ئەم ئەشق و بەرخوردەی ئەو دەگەڵ ڕۆمانەکەی و قارەمانەکەیدا، بە ڕادەیەك بووە، بە هەموو حاڵ و حیسابێك قسەکەی ئەو "مەدام بوڤاری خودی خۆمە" ڕاست و دروست دێتە بەرچاو.

بە هەر حاڵ مەدام بوڤاری بووە بە کاراکتەرێکی ئەفسانەیی و ڕۆمانەکەشی، یەکەمین بەرهەمی بە نرخ و شایستەی سەر بە قوتابخانەو ڕێبازی ریالیستیە لە ئەدەبیاتی نوێی فەرەنسیدا.

چیرۆکی ژیانی مەدام بوڤاری وەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، کاتێ گەنجێك بە ناوی چارلز بوڤاری، کە پاشان دەبێت بە مێردی ئەو، لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا دێتە پۆلەوە. گوستاف فلوبیر بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە(٢٩):

"ئێمە خەریك بوو خۆمان ئامادە دەکرد کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خۆی بە پۆلدا کرد، کوڕێکی گەنجی دەگەڵ خۆیدا هێنا بوو کە جل و بەرگی فەرمی و یەکجۆری قوتابخانەی لەبەر نەبوو(٣٠). فەڕاشێکیانیش بە دواوە بوو، ریحلەیەکی گەورەی بە کۆڵی خۆیدا دابوو. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی ئەواندا، ئەوانەی کە خەریکی وەنەوزدان و خەوەنوتکێ بوون، لە خەون ڕاپەڕین و هەستانە سەر پێیان، وامان خۆ نواند کە خەریکی کار بووین. بەڕێوەبەر لە کاتێکا بە ئاماژەی دەست فەرمانی پێ دەداین کە دانیشین، ڕووی کردە مامۆستاکەو بە دەنگێکی هێمن گوتی: "مسیو رۆژە، قوتابیەکی تازەم بۆ هێناون. پێمگوتەوە لە پۆلی دووەم دەوام بکات، ئەگەر خوێندن و ڕەفتاری پەسند بوو، دەیبەینە پۆلێك کە لە گەڵ تەمەنی خۆیدا بگونجێت."

لە سووچی دەرگاکەدا، کە بە جوانی دیار نەبوو، گەنجێکی پازدە ساڵە وەستا بوو کە دیار بوو دێهاتیە. باڵای لە هەموو ئێمە بەرزتر بوو، قژەکەیان بە جۆرێ تاشی بوو کە ڕێك لە ئاواز خوێنی کڵێسایەکی دێهاتی دەچوو. نیگای هێمن، بەڵام ئاوێتە بە ترس بوو(٣١)....

چارلز بوڤاری، کە گەپجاڕی هەمووانە، لەم قوتابخانەیەدا دەخوێنێ، ساڵی سێیەم تەواو دەکات و پاشان بۆ ڕوئن دەڕوات و لە کۆلیژی پزیشکی دەخوێنێ. بە درێژایی ساڵانی خوێندن، هەموو کارو ئەتوارێکی سەخیف و گەوجانە دەبێت و هەموو گاڵتەی پێدەکەن و پێی پێدەکەنن. سەرەنجام خوێندن تەواو دەکات و دەڕوات بۆ شارۆچکەی "توستە" تا ببێت بە پزیشکی گوندی. جا چونکە بە تەنیایەو پێویستی بە کەسێکە هاودەمی بکات، دایکی ژنێکی بۆ دێنێ(٣٢). ئەم ژنە، تەمەنی چل پەنجا ساڵە هەم لاوازەو هەم ناشیرینە. ژیان بە خاوی و ڕۆتینی دەڕوات، تا درەنگە شەوانێك خەبەری بۆ دێنن کە دەبێ بۆ مەزرای "برتو" بڕوات و خاوەنی مەزراکە، کە پای شکاوە، دەرمان بکات. ڕێگا دوورەو شەو ساردو بارانە، بەو حاڵەوە دکتۆر بوڤاری ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات و لاقە شکاوەکەی خاوەن مەزراکە دەگرێتەوە. لەوێ، ئاشنایەتی دەگەڵ کیژە جوانەکەی خاوەن مەزراکەدا، بە نێوی "ئیما" پەیدا دەکات و دڵی دەداتێ .دیارە بۆ دکتۆر هیچ شتێك لەوە خۆشتر نییە کە بە بەردەوامی هاتوچۆی مەزرای "برتو" بکات و بە هەر شێوەیەك بووە ئیمای خشکۆك ببینێ. هاوسەرە حەسوودەکەی بە سڕەکەی دەزانێت و شەوێك بە هۆی

سەکتەی دڵەوە دەمرێت. ئیدی چارلز بوڤاری خۆیو ماشووقە ئایدیالیەکەی واتە ئیما دەمێننەوە :

مسیو روئال سەیری دەکرد کە هەر جارێ کیژەکەی دەچێتە ژوورەوە، روخساری چارلز بوڤاری لە خۆشیا سوور دەبێتەوە. مانای ئەم کارە ئەمە بوو کە لە یەکێك لەم رۆژانەدا، دکتۆر دێت بۆ لایو خوازگاری ئیمای لێدەکات. سەرەنجام ئەو رۆژە هات. چارلز، زاتی وەبەر خۆناو گوتی: "مسیو روئال. شتێك هەیە کە گەرەکمە لە گەڵتاندا باسی بکەم." مسیو روئال کە رووی لەو بوو، وەستاو بە شەوقەوە تەمەشای کرد. چارلز بێدەنگ بوو." "دەی باشە، قسە بکە! دەتویست چ بڵێی؟ دیارە شتێك لە ئارادا هەیەو من لێی بێ ئاگام." چارلز بە دەمەلاڵکێ لە سەری ڕۆیی: "مسیو روئال... مسیو روئال..." و دیسان بێدەنگ بوو. خاوەن مەزراو موڵکدارەکە کە دەیزانی دەیەوێ چ بڵێت، گوتی: "تەمەشا. من بەش بە حاڵی خۆم ڕازیم. پێوایە کیژەکەش رازی بێ، باشتر وایە قسە دەگەڵ کیژەکە خۆیدا بکەیت، من لێرەوە خوا حافیزی لە تۆ دەکەمو دەڕۆم، ئەگەر قاییل بوو ئیدی پێویست ناکات تۆ بێیتەوە بۆ ئێرە. ئەم هاتوچۆیەی تۆو ئەم کونجکاوییەی خەڵکی، تووڕەی دەکات...(٣٣)".

دکتۆر چارلز بوڤاری بە مەرامی خۆی دەگاتو ئیمای شۆخو شەنگ دەخوازێت(٣٤).

ئیما بوڤاری دوای ئەوەی دەبێت بە شەریکی ژیانی ئەو، یەکەم کارێك کە دەیکات ئەمەیە کە سەراپای ماڵەکەی بە یەکدا دەدات، تا سەر لە نوێ بیڕازێنێتەوەو رێکی بخاتەوە. ژنەی گەنج لە رۆژانی هەوەڵەوە هیچ ئەشقو ڤیانێکی بەرانبەر بە مێردەکەی نەبوو، لێ قەناعەتی وا بوو ئەم ئەشقو ڤیانە دوای زەماوەند بەرە بەرە دروست دەبێت(٣٥). بە هەرحاڵ، هەرچەند زەمان تێدەپەڕی، سەیری دەکرد هیچ هەواڵێك لە ئەشقەوە نییە. بیری کردەوە چەند کتێبێکی ئاشقانە بخوێنێتەوە تا حەزی بچێتە سەر چارلز، بەڵام فایدەی نەبوو. نە حیکایەتێن ئاشقانەی کۆنو نە رۆمانانی تازەی پڕ جۆش، شتاقیان ئاوری ئەشقیان لە دڵیدا هەڵنەیساند. بە پێچەوانەوە، بە تێپەڕ بوونی ڕۆژگار و تێکەڵاوی زیاترو نزیکتر دەگەڵ مێردەکەیدا، سەیری دەکرد زیاتر رقی لە چارلز دەبێتەوە، بە تایبەتی کە چارلز بەردەوام بە کاری دکتۆرییەوە مژوول بوو و سەری زمانو بنی زمانی هەر باسی نەخۆشیو دەرمان بوو(٣٦).

ڕۆژێك یەکێك لەو نەجیمزادانەی کە چارلز مالیجەی کردبوو، بۆ زیافەتێکی گەورەیان دەعوەت دەکات. ئەو شەوە ئیما بوڤاری، لە کۆشکی یارۆی خانە خوێدا سەمایەکی زۆرو دڵڕفێن دەکات. شامپانیا دەخواتەوەو ستایشو ئافەرینی ئامادەبووانی لە گیان خۆش دەبێتو پەیتا پەیتا حەریفی سەماکەی دەگۆڕێت. جیاوازی ژیانی دەرێی خۆی و ناو ئەم کۆشکانە دڵی دەگوشی. ئەو شەوە کاتێ بۆ ماڵ گەڕایەوە، زیاتر پەی بەوە برد کە چەند لە مێردەکەی وەڕزەو مێردەی ساویلکە هەرچی زیاتر هەوڵی دەدا بەلای خۆیدا ڕایکێشێت، ژنەکەی زیاتر لێی بێزار دەبوو.

ئەم گۆڕانەو خەمی بێبەش بوون لە شادی، بەرە بەرە کاری تێدەکاتو نەخۆش دەکەوێت، چارلز کە ڕەوشەکەی بەو جۆرە بینی، لەوێندەر گواستیەوە بۆ شاری یونویل رۆیی. لەوێندەر خانوویەکی تازەی بەکرێ گرتو ژیانێکی نوێی دەست پێکرد- لەم کاتەدا دەرکەوت کە ئیماش

سکی هەیەو چاوەڕوانی ئەوەیە منداڵی ببێت. منداڵەکە لە دایك دەبێتو چونکە کیژ دەبێت ناوی دەنەن "برت". برت دەخەنە دایەنگەی تایبەتیەوەو ژنەی گەنج "ئیما" هەر ماوە نا ماوەیەك دەچێتە دیداری ئەو، لەم هاتوچۆیانەدا دەگەڵ گەنجێکدا بە نێوی "لیون" ئاشنا دەبێتو ئیدی ئەم لیونە یەکەمین وەسوەسەی خیانەت دەخاتە دڵی مەدام بوڤارییەوە:

ئەو ڕۆژە، ئێوارەی یەك شەممە، هەموو لە دەرمانخانەکەی مسیو ئومە کۆبووبوونەوە. ئیدی بەدەم قسەو گەمەوە کاتیان بەسەر دەبرد. دەرمانسازەکە دەستێك یاری دەگەڵ ئیمادا کردو کاتێ کە وەرەقەکان لە دەستی ئیمادا بوون، لیون لە پشت کورسییەکەی ئەوەوە وەستا بوو و دەستی نابوونە سەر دەسکی کورسییەکە. ئیما دادەنەوییەوەو ڕاست دەبووەوە، دەگەڵ هەر جوڵەیەکیدا، کراسەکەی بە جۆرێ دەکرایەوەو دادەخریەوە کە لیون دەیتوانی بە دەنی جوانو خەیاڵ بزوێنی ئەو بدینێ. کاتێ کە گەمەکەیان تەواو بوو، دکتۆری دەرمانساز پێشنیازی کرد کە دەگەڵ چارلزدا یاری دۆمینە بکەن، ئیما شوێنەکەی گۆڕی و لە تەنیشت لیونەوە دانیشتو پاشان گۆڤاری "ئیلو ستراسیون" کە تازە کڕی بووی، کردەوەو کەوتە تەمەشای مۆدەکان، لیون لە تەنیشتیەوە بوو و بە دوو قۆڵی تەمەشای وێنەکانیان دەکردو هەردووکیان لە حاڵی یەکدی تێدەگەیشتن. دوای چەند دەقیقەیەك، ئیما پێی گوت کە شیعری بۆ بڵێت. لیون بە کاوەخۆو بە ئەسپایی کەوتە شیعر خوێندنەوەو لە هەر شوێنێکدا بابەتەکە ئاشقانەتر دەبوو، دەنگی نزمتر دەکردەوە... چەند دەقیقەیەك بوری و ئەو دوو حەریفەی کە گەمەیان دەکرد، هەردووکیان شەکەت بوون. هەردووکیان لاقیان لەسەر مێزەکە ڕاکێشاو لەبەر ئاگری سۆپاکەدا کە بەکاوە خۆ دەیسا، خەویان لێکەوت. لیون شیعری دەخوێندەوەو بە تامەزرۆییو تاسەوە سەیری ئەوی دەکردو ئەویش گوێی دەگرت(٣٧)..."

بەڵام ئەم ئەشقە هیچ بەرێکی نەدا. ئیما بوڤاری، ملی بۆ پێشنیازەکەی لیونو قەبووڵکردنی کەڵکەڵەو وەسوەسەی خیانەت نەدا. لیون، ناچار شاری "یونویل"ی بەجێهێشتو بۆ پاریس ڕۆییو ئیما لە جەرگەی حەسرەتو پەیشمانیدا مایەوە. ئەم داخو خەفەتە بە ڕادەیەك بوو کە ژنەی گەنج جارێکی دی نەخۆش کەوتەوە، بەڵام پێش ئەوەی حاڵی خراپ ببێت، پیاوێکی دیکەی لێ پەیدا بوو. ئەم پیاوە کە یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکیەکانی ڕۆمانی مەدام بوڤاری، رودولف- بولانژەی ناو بوو. رودولف لە کاری ئەشقو ئاشقێنیو مێبازیدا وەستا بوو و ڕۆژێك کە یەکێك لە کرێچییەکانی خۆی بۆ لای دکتۆر چارلز بوڤاری هێنا بوو و هاوسەرە جوانو گەنجەکەی بینی، یەکسەر زانی دەتوانێ بە ئاسانی ڕێگا بەرێتە نێو دڵی.

ئەمجارەیان تەنیا یەك ڕێگا بۆ "ئیما" مابووەوە. بۆ ئەوەی رودولف، لە دەست نەدات، دەبوایە مەیلو ئارەزووە سێکسیەکانی دابین بکات، بەڵام چۆن؟ ئەگەر خۆی ڕادەستی ئەو بکات، ئەمە کارێکی بێ ئەخلاقیەو پێچەوانەی دابو نەریتە. جا بۆ هێوەر کردنەوەی ویژدانی خۆی هەنجەتێکی دۆزییەوە. لە دنیادا هیچ لە ئەشق جوانترو دڵگیر تر نییە- و ئاشقێنی ناچێتە خانەی گوناحەوە. ئیدی دیداری ئەم دووە بەردەوام بوو تا ئەو ڕۆژە....

ڕۆژانی هەوەڵی مانگی ئۆکتۆبەر بوو. تەنکە تەمێك ڕووی ئەرزی گرتبوو و هەر سا نا ساتێ لوولی دەخواردو بەرەو بەرزایی گردەکان بەرز دەبووەوەو ئەوجا بەرەو قوڵایی دۆڵەکان نشێو دەبووەوە. هەندێجار تیشکی خۆر، لە درزی هەورانەوە دەهاتە خوارەوەو لە دوورەوە سەربانی خانووەکانی "لونویل"ی ڕوناك دەکردەوەو بورجی کڵێساو باخە گەورەکانی دەوروبەری نیشان دەدا. "ئیما" چاوانی خۆی بە ئاستەم کردبوونەوە تا خانووەکەی خۆیان لەو مەودا دوورانەوە بێنێتەوە بەرچاوو ئەو گوندە چکۆلەیە هەرگیز لە دیدی ئەودا ئەوەندە تورەهات نەی نواند بوو...

لەو شوێنەدا کە ئەو وەستا بوو، لەو شوێنە بەرزەوە، سەرانسەری دۆڵەکە لە دەریاچەیەکی سپی دەچوو کە لە هەوادا دەتوایەوە. پەڵە درەختانی چڕو تێکڕژاو، لێرەولەوێ، وەکو تاوێرانی ڕەش دەهاتنە بەرچاوو ڕیزی بەرزی سپیدار کە لق و پۆپەکانیان دەگەییە چڕە تەمەکە، کەناری بە ئاو شۆردراوی دەریایان وەبیر بینەر دێنایەوە. روناکیەکی گۆنگی ئامال قاوەیی بە سەر سەوزەزاری ساڤ نێوان کاژەکانەوە، بە ئاسمانەوە تەقڵەی لێدەدا، زەوی ژێر پێی ئەوان کە سوورێکی قاوەیی و لە چەشنی گەردی تووتندا بوو، سەدای سمی ئەسپانی لە خۆیدا خەفە دەکردو ئەسپەکان کە بە درێژایی ئەم ڕێگەیەدا بە یۆرغە دەڕۆییشتن، ناو بە ناو بەرێکی دارکاژ، کە لە لقەکان بەر بوو بووەوە، لە ژێر سمیانەوە بەلایەکدا دەردەپەڕی.

هەردووکیان تا نزیکی جەنگەڵەکە غاریان دا. لەم ساتانەدا هەموو هەوڵێکی ئیما ئەمە بوو کە تەمەشای چاوانی هاودەمەکەی نەکات. هەوڵی دەدا تەنیا تەمەشای قەدی. ئەو درەختە بە تەمەنانە بکات کە لە سەر ڕێگاکەی بوون و ئەم کارە، بەرە بەرە گێژی دەکرد. ئەسپەکان هانکە هانکیان دەکردو زینە چەرمەکانیان لە ژێر ئەواندا جیڕە جیڕیان دەکرد، کاتێ گەییینە دەوری جەنگەڵ و بێشەکە، هەتاو تازە هەڵدەهات و گزنگی دەدا.

رودولوف گوتی: "خواوەندان لە گەڵ ئێمەدان."

ئیما بەرسڤی دایەوە: "بە ڕاستی وا بیر دەکەیتەوە؟"

رودولوف لە سەری ڕۆیی: "بەڵێ. ئێستا لە دوای منەوە وەرە." ئەوجا مامێزێکی لە ئەسپەکەی داو، ئەسپی تاین هەڵیکردە چوار ناڵە. لە هەردوو لاوە، سەرخەسانی بەرز، ڕێگەی تێپەڕ بوونی ئەو دوانەیان دەبەست و رودولوف، هەوڵی دەدا لقەکان لە ڕێگای ئەسپی هاوسەفەرەکەی لابەرێت. پێشتر، زۆرجار رودولوف دەهاتە تەنیشتییەوەو بە دەم دانەوینەوە کە لقەکانی بەردەمی ئەو لا بدات و ڕێگای بۆ بکاتەوەو لەم کاتەدا ژنەی گەنج هەستی بە تەماسی بەدەنی ئەو دەکرد. ئێستا ئاسمان ساف و شین بوو بوو و گەڵاو لق و پۆپەکان تەواو ئارام و بێ جووڵە بوون. بەو ڕێگایەدا کە گزیچار ئەمبەرو ئەوبەری گرتبوو، تێپەڕین. ڕەنگی وەنەوەشەیی پەلك و گەڵای گزیچارەکان بە ڕەنگێن زێڕین و خەنەیی و کەوەیی بە قەدی درەختەکانەوە تێك دەئالآن و تێکەڵەیەکی ڕەنگینیان پێك دێنا. زۆر جاران، جوڵەی باڵی باڵندەیەکیان لە ژێر چڵێکدا دەژنەوت، یا قرە قری قەلێکیان بە گوێ دەگەیی کە لە سەر دار بەڕووییەکی سەر ڕێگاکەیانەوە هەڵدەفڕی.

هەردووکیان لێرەدا دابەزین. رودولوف، هەوساری هەردوو ئەسپەکەی گرت، ئیما بە باریکە رێگاکەدا کەوتە ڕێ. هەرچەندە، تەنوورەکەی بە هەردوو دەستان هەڵکردبوو، بەڵام نەیدەتوانی بە باشی هەنگاو هەڵێنێتەوە. رودولوف کە لە دوایەوە دەڕۆیی، چاوانی بڕیبوونە گۆرەویە سپیە تەنکەکانی کە لە نێوان هەردوو رەنگی ڕەشی تەنوورەکەی‌و پوتەکەیدا، دەتگوت پێستی خۆشڕەنگی ئەو نیشان دەدات.

ئیما وەستا، گوتی: "ماندووم".

رودولوف گوتی: "هەوڵبدە، چەند هەنگاوێکی دی وەرە پێشتر."

دوای نزیکەی سەد شەقاوێك هێوەتر، ئیما دووبارە وەستا. تۆڕێکی ناسکی بە کلاوە پیاوانەکەیەوە، کە بەلاری لە سەری نابوو، بەستبوو کە تا ناو قەدی دەهات، دەموچاوو شێوەو شەکڵی، لە پشت ئەم حیجابەوە، وەکو وێنەیەکی پشت تەمێکی ئامال شین، دەهاتە بەرچاو، یا وەکو سیمایەك بوو کە لە نێو شەپۆلانی شینباوەوە تەمەشای ئەو بکەن. گوتی: "ئەوە ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین؟" رودولوف هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. ئیما کەمێك هەناسەی تەنگ بوو بوو و پیاوە گەنجەکە بەدەم تەمەشای ئەملاو ئەولاوە سمێڵی خۆی دەجوو. گەیینە پانتاییەك کە نەمامەکانیان بڕی بووەوە. هەردووکیان لەسەر کۆتەرە دارێك دانیشتن‌و رودولوف کەوتە باسی ئەشق‌و ڤیان، هەوڵیدەدا زۆر بە زەقی قسان نەکات تا لە هەوەڵەوە نەترسێت‌و نەڕەوێتەوە. هێدی‌و هێمن‌و هێواش و بە میهرەوە قسانی دەکرد. ئیما سەری وەبەرخۆ نابوو و گوێی دەگرت. هەندێجار بە نووکی پووتەکەی، چیلکەیەکی دەپلیشاندەوە. کاتێ کە قسەکانی رودولوف گەییە ئێرە کە گوتی: "هەست دەکەی چارەنووسی من‌و تۆ بە یەکەوە بەستراوە؟" یەکسەر وەڵامی دایەوە: "نەخێر، تۆ وا تەسەور دەکەی."و ئەوجا لە جێی خۆی هەستا. رودولوف دەستێکی لە قەدی ئەو ئاڵاندو ئیما لە جێی خۆی نەجولا. ئەوجا پاش ئەوەی دەقیقەیەك بە چاوانی پڕ لە نەوازشتەوە تەمەشای کرد گوتی: "تکایە چیتر قسە مەکە. ئەسپەکان لە کوێن؟ باشتر وایە بڕۆین."و کابرا جوڵەیەکی بۆ کرد کە نیشانەی تووڕەیی‌و بێتاقەتی ئەو بوو.

ئیما دووپاتی کردەوە: "ئەسپەکان لە کوێن؟ لە کوێت بەستوونەتەوە؟"

رودولوف کە بزەیەکی سەیر بەسەر لێویەوە بوو، چاوانی بڕی بوونە چاوانی ئەو و لێوەکانی دەکرۆشت، بە ڕوویەکی کراوەوە بەرەو ئەو چوو. ژنە کە ئازای دەلەرزی چووە دواوەو گوتی: "تۆ دەمترسێنی، هەستێکی ناخۆشم لەلا دروست دەکەیت، با بگەڕێینەوە." نیگای پیاوە گۆڕا. بە هێمنی گوتی: "زۆر باشە، بە دڵی تۆ." ئەوسا خۆی قورس گرت. ئیما دەستی بۆ درێژ کرد تا پێکەوە بکەونە ڕێ .

رودولوف گوتی: "مەسەلە چییە؟ چی ڕوویداوە؟ تێناگەم. لەوە دەچێت تۆ بە هەڵە لە من گەییشتبیت؟ باوەڕ بکە، تۆ وەکو پەیکەری مریەمی پاکیزە بە سەر پایەیەکی بەردینەوە، بەو ئاوایە لە دڵی مندایت، بەرزو بێگەردو ئاسوودە ڕاوەستاویت، ژیانی من بێ تۆ مەحاڵە. پێویستم بە تۆیە، بە چاوانی تۆیە، بە دەنگی تۆ، بە خەیاڵی تۆیە. ئیما، لێت دەپاڕێمەوە، هی من بە... خوشکی من بە... فریشتەی من بە..." ئەوجا بازووی توندتر گوشی. ژنە بە خاوی ویستی خۆی

له دەستی دەربێنێ، بەڵام نەیتوانی. تەقریبەن خۆی بەسەر ئەودا دابوو. پیاوە دیسان تکاو پاڕانەوەکەی خۆی دووبارە کردەوە "یەك تۆزی دی سەبر بکە!" ئیدی ژنەی گەنجی بەرەو گۆلاوێك ڕاکێشا کە زەل‌و قەوزە سەرانسەری داپۆشی بوو و چەند گوڵە زەمەقیەکی سیس‌و ژاکاو لە نێو زەلەکانەوە سەرە تاتکێیان دەکرد. چەند بۆقێك لە دەنگی پێی ئەوانە ترسان‌و خۆیان هەڵدایە ئاوەکەوەو لە چاو ون بوون، ژنە گوتی: "ئەم ڕەفتارە هەڵەیە... خەتایە... گوێگرتن لە قسەی تۆ شێتییە."و رودولوف یەکسەر گوتی: "بۆچی؟ ئیما... بۆچی؟...."

ژنەی گەنج لە کاتێکا کە بە ئارامی ئاهی هەڵدەکێشاو سەری خۆی بە شانی ئەوەوە نابوو، گوتی: "ئاه... رودولوف...." ئەوەندەی لێی نزیك بوو بووەوە کە پرزی جلەکانی لە مەخمەلی چاکەتەکەی ئەو دەخشا، پاشان گەردنە سپییەکەی دانەواندەوە، ئاهێکی قووڵ ئەوکی پڕ با کرد، ئەوجا لەرزێکی شەرمامێز ئازای گرت‌و روندك بە چاوانیدا هاتە خوارێ. سەرەنجام شەکەت‌و ماندوو، بە ناچاری خۆی ڕادەست کرد(٣٨).

ئیما بوڤاری، قارەمانی ڕۆمانی مەدام بوڤاری، دوای ئەو هەموو کێشماکێشە روحی‌و دەروونیە کەوتە هەڵدێری گوناحەوە. ئامادە نەبوو لە دڵی خۆیدا ئیعتراف بکات کە خیانەتی بەمێردە دڵپاکەکەی کردووە، بەڵکو خۆشحاڵ بوو کە وەکو هەموو ژنانی نێو ڕۆمانانی ئاشقانەو وەکو خانمانی بە نێوبانگی ئەشراف، بۆ خۆی دڵدارێکی هەیە. لە ئاوێنەدا تەمەشای سیمای گوناحباری خۆی دەکرد. وای دەهاتە بەرچاو جوانتر بووە، چاوەکانی گەشترو پرشنگدارتر بوون، لێوەکانی ئارەزوو بزوێنتر بوون. لێکدا لێکدا بە خۆشحاڵییەوە بە خۆی دەگوت: "منیش ئاشقم هەیە... منیش دڵدارم هەیە....(٣٩)"

بەڵام ئەم ئاشقە، بە پێچەوانەی وێنای ئەوەوە بەردەوام نەبوو، تەمەنی ئەم ئەشقە لە چەند رۆژێك پتری نەخایاند، رودولوف بەجێهێشت‌و رۆیی‌و داوای ئیما کە لەگەڵ خۆیدا بیبات، سوودی نەبوو، بویەرێکی دیکە ڕوویدا کە لە جاران پتر، ژنەی گەنجی شۆڕەتخوازی، پەست و تووشی نائومێدی کرد، ئەوەش ئەوە بوو کە دکتۆر چارلز بوڤاری، لە عەمەلیاتکردنی پێی منداڵێکدا تووشی هەڵە بوو و منداڵی تاین تووشی گانگرین بوو و گەییە حاڵی مردنێ، بە سەر هاتی منداڵەی نەخۆش‌و ناکامی دکتۆر لە مالیجە کردنیدا، بوو بە داستان‌و کەوتە سەر زاران‌و لە ئەنجامدا پایەو پێگەی چارلز بوڤاری بە تەواوەتی لەق بوو.

ئیما، لەم رۆژانی تاڵی تەنگانەیەدا هیچ چارێکی نەما جگە لەوەی خوو بداتە کڕینی خشڵ‌و جەواهێرو جل‌و بەرگان‌و بەو کارە نیگەرانی‌و پەریشانی دەروونی خۆی برەوێنێتەوە. ئیدی ئەم دەست بڵاوی‌و وێڵخەرجیە، بووە هۆی ئەوەی کە مێردی داماو ڕۆژ بە رۆژ زیاتر لە زەلکاوو باتلاخی نابووتی‌و بە دناویدا نقوم ببێت(٤٠).

رۆژگار، بۆ خانەوادەی بوڤاری زۆر بە خاوی و بە ئازار دەبوری، تاشەوێك، ئیما بوڤاری لە شانۆی شاری روئندا جارێکی دی تووشی لیونی کۆنە دڵداری دەبێتەوە. ئیدی ئەمە دەرفەتێکی باش بوو کە ژنەی گەنج، خەمی خیانەت لەگەڵ رودولوفدا، لە بیر خۆی بەرێتەوەو لەگەڵ ئاشقێکی دیکەدا، گەردو تۆزی پەشیمانی و بێزاری لە دڵی خۆی بسڕێت. جووتە دڵدار بە

دزییەوە یەکدی دەبینن‌و لیون بە دڵ‌و گیان گوێ بۆ سەربهووردی سکاڵائامێزو پڕ گلەیی ژنەی جوان دەگرێت. سەرەنجام رۆژی چاوەڕوان کراوو ساتی گونجاو دێت. جووتە دڵدار لە نێو گالیسکەیەکدا کە بێهیچ مەبەست‌و ئامانجێك بە سەعاتان لە شەقام‌و کوچەکاندا دەسوڕێتەوە، لە پشت ئەو شووشانەوە کە پەردەیان پێدا درا بوو، بە باوەشی یەکەوە کات بەسەر دەبەن– و بەمجۆرە گوناح‌و خیانەتی ئیما بوڤاری دەگەڵ پیاوێکی دیکەدا و بە جۆرێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە.

سێ ڕۆژی تەواو، دەگمەن‌و بەشکۆ، لەگەڵ یەکدا دەبن‌و رۆژانێك وەکو خۆشترین رۆژانی مانگی هەنگوین بەسەر دەبن.

لە ئوتێلی دوبولنی لایاندا بوو، ئوتێلەکە دەیڕوانیە لەنگەرگاکە. لە پشت دەرگایانی داخراوو پەردەی دادراوەوە لە باوەشی یەکدا بوون. پەڕەی گوڵان بە نێو ژوورەکەدا رژابوو و خواردنەوەی ساردو تەزییان بەلاوە بوو.

کاتێ شەو دادەهات، بەلەمێکی سەرگیراویان بە کرێ دەگرت‌و بۆ شێو دەچوون بۆ یەکێك لە دوڕگەکانی دەوروبەر. کاتێ لە ئوتێلەکە دەردەچوون کە خۆر لە ئاوا بووندا بوو و دەنگی چەکوشی وەستاو شاگردانی راستکردنەوەی بۆدی کەشتیان، لە هەموو سووچێکی تەعمیر خانەی کەشتیانەوە دەگەییە گوێ‌و ئەڵقەی دووکەڵێکی خەست کە بە هۆی سووتانی قیرەوە بەرز دەبووەوە، بە پێچ‌و دەورە دەچوو بە ئاسمانداو ون دەبوو و تیشکی سورباوی خۆر لەسەر ئاوە بە پێل‌و شەپۆلە بێ ئۆقرەکەدا رەنگی دابووەوە، پەڵە رۆنی گەورە دەبینرا کە وەکو میداڵی برونزکاری فلورەنسا، بە هەموو لایەکدا دەخولانەوە، بەلەمەکەیان، بە نێو ئەو لۆتکانەدا کە لەنگەریان خستبوو، داژۆت‌و هەندێجار فاسیڵەی نێوان ئەمان‌و ئەم بەلەم‌و لۆتکانە هێندە کەم بوو کە پەتە ئەستوورەکانیان بەر سەقفی بەلەمەکەی ئەمان دەکەوت. خرۆشی شار بەرە بەرە کەم دەبووەوە. ئیما پەتی کڵاوەکەی کردبووەوەو بەو حاڵەوە پێی نایە قەراخ دوڕگەکە. بەرەو مەیخانەیەك رۆییشتن کە تۆڕی رەشی ماسیگرییان بەسەر دەرگاکەیەوە هەڵواسی بوو و لە سەر مێزێك دانیشتن کە کەپرێکی یەجگار نزمی بەسەرەوە بوو. داوای خواردنیان کرد، قزل ئالای سوورەوەکراو، قەیماغ و سەرشیر، پاشان لە مەیخانەکە وەدەرکەوتن، بەرەو سەوزەزارەکە رۆییشتن – هەنگێ لە گۆشەیەکی ئەوێدا کە لە نێو سپیدارانداا لە چاو ون دەبوون،لەسەر سەوزەزارەکە لێی کەوتن. حەزیان دەکرد کە وەکو رۆبنسون کرۆزو، لەو چۆڵەوانیە دوورە دەستەدا، کە لە هەموو شوێنێکی دنیا بۆ ئەوان خۆشتر بوو، بە یەکجارەکی بمێننەوە. ئەمە یەکەم جاریان نەبوو کە درەختیان بە ئاسمانی شینەوە یا چەمەنزاری تەڕو تازەیان دەبینی، یا یەکەمجاریان نەبوو کە دەنگی خوڕە خوڕی ئاو یا زەمزەمەو شنەی با لە نێو گەڵایانەوە بژنەون، بەڵکو هەرگیز لە ژیانی خۆدا، بەم ڕادەیە لەزەتیان لە دیتن‌و بیستنی ئەم شتانە نەبینی بوو. وەکو ئەوە بوو کە سروشت پێش ئێستا، لە ئارادا نەبووبێ یا زەمانێك بە جوانی جیلوەگەری کردبێت، کە ئەوان بە کامی دڵ گەیی بوون.

شەویٚ گەڕانەوە. بەلەمەکە بە نزیکی دوڕگەکاندا تیٚدەپەڕیو ئەو جووتە لە نیٚو بەلەمەکەدا، بیٚ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەن، لە سوچیٚکی تاریکدا پالٚ کەوتبوون، سەولٚە چوارگۆشەکان، لە نیٚو ئەلٚقەی ئاسنینی ناوەندی بەلەمەکەدا، بە ریٚكو پیٚکی دەجولاٚنو دەنگی سەولٚەکان لەو خامۆشیەی شەودا وەکو زەربەیٚن کوٚك ژمیٚری مۆسیقا دەهاتە گویٚ، بەو حالٚەوە، لەو ڕیٚڕەوەوە کە گوریس ئاسا لە دوای بەلەمەکەوە چیٚدەبوو، دەنگی خوڕە خوڕی ئاو دەهات.

کاتیٚ کە مانگ هەلٚهات، هەردووکیان بۆ چەند دەقیقەیەك کەوتنە باسی ئەم تۆپە زیوینە ئەفسووناوی خەیالٚ ئەنگیٚزەو پاشان ئیما بوڤاری هەلٚیکردە ئەم گۆرانیە:

"شەویٚك... ئایا بیرتە؟... ئیٚمە دەگەلٚ ڕیٚڕەوی ئاوەکەدا دەڕۆییشتین..." دەنگی ناسك بوو بەلاٚم بەرز نەبوو و ئەم دەنگە خۆشە لە زەمزەمەی ئاوەکەدا مەحوو دەبووەوە. شنەی بایەکە دەنگی ئەوی وەکو پەپولەی بالٚ کراوە بە ئاسمانا دەبردو لە گویٚی لیونی دوور دەخستەوە. لیون لە هەنبەریدا دانیشتبوو و پالٚی بە قەراخی بەلەمەکەوە دابوو. تریفەی مانگ لە درزی جاوی سەر بەلەمەکەوە دەیدا لە ژوورەوە.

جلە ڕەشەکانی ئیما بەو تەنوورەیەوە کە بە دەوریا لوولی دەخوارد، ئەوی بەرزو باریکتر دەنواند. سەری بەرز کردبووەوەو تەمەشای مانگی دەکردو بۆ ساتیٚك چاوی لە مانگەکە نەدەگواستەوە.

کاتیٚ مانگ لە پشت چڕە درەختانی بەرزی بییەوە ون دەبوو، ئەویش لە تاریکی نیٚو بەلەمەکەدا، لە چاو پەنهان دەبوو.

لیون لەبەر تریفەی مانگەکەدا چاوی بە نەواریٚکی سوور کەوت کە لە ناو بەلەمەکەدا کەوتبوو. هەلٚیگرتەوەو دایە دەست بەلەمەوانەکە، کابرا تەمەشایەکی کرد بۆ دەمیٚك دەبیرەوە چوو و گوتی: "ئا بیرم کەوتەوە. ئەمە هی یەکیٚك لەو نەفەرانەیە کە دویٚشەو دەگەلٚما سواری ئەم بەلەمە بوو. هەموویان لە نەجیمزادانی بە زەوقو شەوق بوون. لیٚرەدا کیٚکیان پیٚ بوو، شامپانیایان پیٚ بوو و زۆر شتی دیکەیان پیٚبوو. یەکیٚکیان گەنجیٚکی بالاٚ بەرز بوو، لە بیرمە کە سمیٚلٚی هەبوو و زۆریش ڕوو خۆشو سوعبەتچی بوو، بەردەوام نوکتەی دەگوت. ناویم لە بیر نەماوە. شتیٚك بوو وەکو ئادولف... دودولوف... شتیٚك بوو لەو بابەتە..."

ئیما کەوتە لەرزین... ئەم گۆڕانە بەڕادەیەك خیٚراو کوتو پڕ بوو کە لیون یەکسەر هەستی پیٚکرد. پرسی: "گیانەکەم.... چی بوو؟ چی ڕوویدا؟".

ئیما وەلاٚمی دایەوە: "هیچ نییە. وا هەست دەکەم جەوەکە حالٚی تیٚك داوم..."

بەلەمەوانی پیر، دریٚژەی بە قسەکەی دا: "ئا باسی ئەو گەنجەم دەکرد . بەشەریٚکی زۆر خۆش بوو.... پەسندی ژنان بوو...." ئەوسا تفیٚکی کردە نیٚو هەردوو دەستی و سەر لە نویٚ سەولٚەکانی بە دەستەوە گرت.

سەرەنجام وەختی ئەوە هات کە دەبوایە لیٚکدی جیا ببنەوە. لیٚکدابڕانو دووریەکی خەمناك بوو. لیون دەبوایە هەرچی زووترە نامەی خۆی بۆ مەدام رولت ڤڕیٚ بکات. لە ئیمای پرسیو ئەویش هیٚندە بە وردی باسی بە کاربردنی دوو زەرفی یەك لە نیٚو یەکدای بۆ کرد کە پیاوەی گەنج

وای زانی ماشقەکەی ژنێکی یەجگار زیرەك‌و فێڵبازە. کاتێ ئیما بۆ دوا جار ماچی کرد، گوتی: "بەمجۆرە دڵنیابە هیچ بویەرێك روو نادات..." و لیون بەرسڤی دایەوە "بێگومان وایە.." و پاشان کاتێ کە بە تەنیا بە شەقامەکەدا دەڕۆیی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمە چ سرێکە کە ئێمە ئەوەندەی بە خەمی ئەم وەکالەت نامەیەوەیە؟(٤١)".

چارلز بوڤاری رۆژ بە رۆژ پتر، لە باتلاخی قەرزو نابووتی ڕۆ دەچوو. مەرگی باوکی‌و بێئاگایی دایکی لە رەوشی دارایی مێردە مردووەکەی، بوو بووە بیانوویەك بە دەست ئیماوە کە وەکالەتنامەیەك لە چارلز وەربگرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیەی لە مێشکیدا بوو و پێی "لیون"ش بێنێتە ناوان، لیون کاری ئەوقاتی دەکردو، ئەم وەکالەتنامەیە دەکرا ببێ بە بیانوویەکی دیکە بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك بڕوات بۆ روئن‌و لیون ببینێ. ئەم وەکالەتنامەیە لەلایەکەوە دەرفەتی بە ژنەی گەنج دەدا کە بە کەیفی دڵی خۆی هەر بڕیارێك دەربارەی موڵك‌و ماڵی مێردەکەی‌و میراتی خەزووری بدات. بەڵام دەورانی ئەم تاقە سوارەییە زۆری نەخایاند.

چارلز تا ڕادەیەك هەستی کردبوو کە ژیانی لەبەر هەڕەشەدایەو لەسەر داوای دایکی، لێبرا کە ئەم وەکالەتنامەیە هەڵوەشێنێتەوە. ئیدی لێرەوە گلۆڵەی ئیما دەکەوێتە لێژی، تکاو پاڕانەوەی ژنەی گەنج، لە مێردی ستەمدیدە، بێ سوودە. خودان قەرزان لە هەموو لایەکەوە گوشاری دەخەنە سەرو لیون، ئەو دڵدارەی کە بە بۆچوونی ئیما تاقە داڵدەو پەناگەی ئەوە، خۆی لە یارمەتیدانی ئەو دەدزێتەوە، ئیدی لەلایەن دادگاوە حوکمی دەست بەسەراگرتنی سەروەت‌و سامانی دکتۆر چارلز بوڤاری دەردەچێت و ئیما لە ناچاری‌و نائومێدیدا پەنا بۆ رودولوف دەبات، بەڵام ئاشقی پێشین خۆی لەگێلی دەدات(٤٢). ئیدی هەموو شتێك تەواو بووە. ڕازی خیانەتەکەی ئاشکرا بووەو تەنیا یەك چارەی ماوە، مردن، مردن بە شێوەی قارەمانێك(٤٣).

دکتۆر چارلز بوڤاری لە شار نییە. ئیما لە دەرمانخاکەی ئومە، بڕێك ئەرسنیك دەباتەوە، دێتە ماڵەوەو ئەم دەرمانە ژەهراویە بە سەرەوە دەنێت. کاتێ مێردە دێتەوە کار لە کار ترازاوە رزگارکردنی یاری دڵبەند مەحاڵە:

جارێکی دی چووە دیار جێگاکەی، لەسەر قاڵیەکە دانیشت‌و بەدەم چۆك دادانەوە دەگریا. ئیما هەستی پێکرد. بە ئەسپایی گوتی: "مەگری، بەو زووانە ئازارو زەحمەتی منت لەسەر لادەچێت، کۆتایی دێت..."

"بۆ ئەم کارەت کرد؟ چ شتێ وای لێکردی ئەم کارە بکەیت؟"

"گیانەکەم. هیچ چارێکی دیکە نەبوو..."

"تۆ پێم بڵێ. بەختەوەر نەبوویت؟ من گوناحێکم کرد بوو؟ من هەر کارێك تۆ ویستت، کردم...."

"بەڵێ، دروستە، تۆ ئینسانێکی باشیت."

و پاشان ئیما بوڤاری دەستی هەڵبڕی و نایە سەر سەری چارلز. ئەم کارە، بە جۆرێ کاری لە ناخی پیاوەی خەمبار کرد کە خەمی خۆی لە بیر چووەوە. هەستی دەکرد کە سەرانسەری بوونی لە کوورەی نا ئومێدی و لە سووی ئەمەی کە ئەو بۆ هەمیشە لە دەست دەدات – ئەویش لەم کاتەدا کە خۆشەویستی بۆ ئەو زیاد بووە– دەسووتێت‌و دەتوێتەوە. نەیدەزانی چی بکات.

ئەقڵی بە هیچ کویێ ڕا نەدەگەیی. زات و جورئەتی هەر کارێکی لە دەست دابوو. کۆستی مەرگی ئەو قەڵەمی دەست و پێی شکاند بوو(٤٤)

ئیمابوڤاری مردوو بە مردنی ئەو تۆماری ژیانی چارلز بوڤاریش پێچرایەوە. کاتێ کە بزمارەکانی تابووتەکەی ئەویان دادەکوتا، بە چاوی خۆی دەیبینی کە مۆمی ژیانی بەرەو کوژانەوەی یەکجارەکی و ئەبەدی دەڕوات(٤٥). ڕۆژێك پەی بەڕازێکی سەیر برد. ڕازێك کە هەرگیز نەیدەتوانی باوەڕی پێبکات. لە چەکمەجەی مێزەکەی ئەودا نامە دڵدارییەکانی ڕودولوف و لیونی دۆزییەوە کە بەوپەڕی دیقەت هەڵگیرابوون. وای هەست دەکرد بە کەشف بوونی ئەم نامانە دەتوانێت خۆشەویستی ئەو لە دڵی خۆیدا بکوژێت و ئەو لە بیر بباتەوە، بەڵام بێهودە(٤٦). خیانەت و بێوەفاییەکانی ئەو، جەڵدەو شەلاقی تازە بوون و بە پەیکەری ڕوحی ئەودا دەکێشران. گوشاری خودان قەرزانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادیدا بوو. سەرەنجام چارلز بوڤاری مرد(٤٧). کاتێ کە مرد لە دارای دنیادا تەنیا دوازدە فرانکی لە پاش بەجێ مابوو کە ئەویشیان دا بە کیژە چکۆلەکەی "برت بوڤاری."

دوای سی و شەش سەعات لە مەرگی چارلز بوڤاری، لە سەر داوای دکتۆر ئومە، دەرمانسازەکەی شار، مسیو کانیوە هات. جەستەکەی توێکاری کرد تا هۆی مردنەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە.

کاتێ هەموو موڵك وماڵەکەی فرۆشرا، دوازدە فرانك و هەفتاو پێنج سەنت مایەوە کە دایان بە مادموزیل بوڤاری، تا عەرەبانەیە، شتێ بە کرێ بگرێ و بڕوات بۆ لای داپیرەی. ئەو ژنە باشەش دوای کەمتر لە ساڵێك مردو کچەی منداڵیان بۆ لای پووری برد، ژنێك کە لە پیریدا گۆدو ئیفلیج بوو بوو. چونکە هیچ داراییەکی نەبوو کچەیان بۆ کارگەیەکی ڕستن کاری نارد، تا کار بکات و خەرجی ژیانی خۆی دەربێنێ. دوای مردنی بوڤاری سێ پزیشك یەك لە دووی یەك هاتنە یونویل، لێ شتاقیان لەوێندەر هەڵیان نەکرد. هێرشی ئومە بۆ سەر ئەوان هێندە خێراو قورس بوو کە دەرفەتی بۆ کەسیان نەهێشتەوە. سەرکەوتنی ئەو وەکو ئاگرێك بوو کە بکەوێتە پووشەوە. جێگای ڕێزی حکومەت و خۆشەویستی جەماوەری خەڵك بوو. لە ئەنجامدا خەڵاتی "لژیون دو نور"ی وەرگرت.

***

داهێنانی ڕێبازی ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، تایبەت نەبوو بە گوستاف فلوبیر و مەدام بوڤارییەکەی ئەوەوە، پێش ئەو چیرۆکنووسێکی بە توانای وەکو ئونورە دو بالزاك و ستاندالێ، لەم بوارەدا هەنگاویان نابوو و هاوڕێ نزیکەکانی فلوبیر، بوئیەو دوکان، سوور بوون لە سەر ئەوەی کە ئەو خۆی لە شێوازو ستایلی ڕۆمانتیزم بپارێزێت و لە نووسیندا هەمان ڕێبازی بالزاك بگرێتە بەر، ئەوان بە خۆیان دڵبەندی شێوازو ستایلی ئەم هونەرمەندە داهێنەرو گەورەیەو کتێبەکانی ئەو بوون کە لە ژێر سەر ناڤی کۆمیدیای مرۆڤانی دا دەینووسین، یان ڕۆمانی بە نێوبانگی سوورو ڕەشی ستاندالیان خوێندە بووەوەو بەدڵیان بوو. بەڵام ئەو کارەی کە فلوبیر کردی، کەمێك وردترو ناسکتر بوو لە کاری ئەوان. واتە مەدام بوڤاری بوو بەو ئاوێنەیەی کە وێنەیەکی روون و

بیٚ ڕتووشی ژنێکی بۆرژوازی دێهاتی فەرەنسای دەنواندو ناوەڕۆکی رۆمانەکە، بە شێوەیەکی گشتی لە قارەمانەکانی بالزاك‌و ستاندال واقیعی ترو حەقیقی تر بوو.

ڕیالیزم لە ئەدەبیاتدا تەمەنێکی درێژی نەبوو. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا سەری هەڵداو دوای نزیکەی چل ساڵ تەواو بوو. چیرۆکنووسانی دواتر لە واقیع و پابەند بوون بە واقیعەوە بێزار و بێتاقەت بوون‌و کەسانی وەکو ئەمیل زولا وایان بە باش زانی کە ڕێگایەکی تازە بگرنە بەر.

ڕیالیزم لە ئەدەبیاتدا، بریتییە لە پابەند بوون بە حەقیقەتی ژیانەوە(٤٨). شێوازو ستایلێکە رێك دژی ئایدیالیزم یا خەیاڵپەروەری. جیاوازی زەقیشی دەگەڵ رۆمانتیزمدا هەیە. لە شێوازی ئاشقانەی ڕۆمانتیزمدا، قارەمان کارێن ئەفسانەیی ئەنجام دەدات. جۆش‌و خرۆش‌و سۆزو گودازو هەڵچوون‌و بیٚ قەراری‌و نیگەرانی زۆر لە سەرووی واقیعەوەیە، هەموو شتێك بە رادەیەك لە قاڵبی جوانی گیراوەو خەرمانەی جوانی دەورەی داوە، لە تۆ وایە لە دنیادا، لە ژیانی ڕۆژانەدا هیچ جۆرە ناجۆری‌و دزێوییەك نییە، لە کاتێکا تەبیعەتی ژیان وا نییە. ئەزموون ئەوە بە ئینسان دەڵێت کە حەقیقەت، خەون نییە، شتێکی دییە. وەکو چۆن دەورانی ڕۆمانسیەتی ئیما بوڤاری و ژیان لە کۆشکێن ئایدیالی‌و خەیاڵ ئەنگێز زۆری نەخایاندو لە ناکاوا خۆی لە هەنبەر دنیایەك دزێوی حاشاهەڵنەگری تەمەندا بینی و چونکە ئامادەگی‌و توانای ڕوو بە ڕووبوونەوەیانی نەبوو، بۆ خۆی مرد.

پاش بڵاوبوونەوەی مەدام بوڤاری، کۆمەڵێك لە ڕەخنەگران هێرشیان کردە سەر نووسەر کە بۆچی ئەم چارە نووسە خەمناکەی بۆ ژنێك هەڵبژاردووە کە سزای گوناح‌و خەتایەکانی بەو قورسییە نەبووە.

هەڵبەتە ئەم ڕەخنەگرانە، لە ئاشقانی ڕێبازی ڕۆمانتیزم بوون نەیاندەویست ڕوو بە ڕووی حەقیقەتی چارەنووسی ژنێك ببنەوە. گوستاف فلوبیر گوتبووی "ئیما بوڤاری خودی خۆمە". مانایەکی دیکەی ئەم ڕستەیە ئەمەیە کە مەدام بوڤاری، مرۆڤێکە وەکو من، نەك ژنێکی خەیاڵی و فلوبیر ئەو کەسەی کە ئەم سەر بهووردەی نووسیوە، وا بیر دەکاتەوە کە ئەگەر ئەویش لە جیاتی مەدام بوڤاریدا بوایە، هیچ چارێکی نەدەبوو جگە لە خۆ کوژی.

مەسەلەیەکی دی ئەمەیە کە مەدام بوڤاری پەیوەندی دەگەڵ پیاوێکدا هەیە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ژیانی ئەوەوە هەیە. ئەم پیاوە ناوی چارلز بوڤارییەو مێردی ئەوە. ئیما لە هەوەڵی ژیانەوە، وێڵی هەندێك شت بوو کە هیچ یەکێك لەو شتانەی لە مێردەکەی خۆیدا نەدەبینی. ئیما، زیرەکی‌و هوشیاری دەویست، تەفاهوم‌و لێك حاڵی بوونی دەویست، ئەشقی پڕ جۆش‌و خرۆش و گەرم گوڕی دەویست، هاودەمی دڵگیری دەویست.تواناو بالاٚ دەستی دەویست‌و هیچ یەکێك لەمانە لە چارلز بوڤاریدا نەبوو، بۆیە ژنەی گەنج‌و پڕ ئارەزوو و، فرە خۆزی و ئاوات، بتەویٚ‌و نەتەویٚ لە ژێر ڕکێفی مێردەکەی دەردەچوو و بەرەو لایەك دایدەکێشا کە هێزێکی سەرکێش تری تیا بێت.

تاوەکو پێش بە باوبوونی ڕێبازی ڕیالیزم لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا، ئەهلی خوێندنەوەو خوێنەری فەرەنسی حەزی دەکرد چیرۆکێن ئاشقانە بخوێننەوەو گوێ لە ئارەزووە بێ کۆتاییەکانی قارەمانەکان بگرێت، بێئەوەی لە دادگای داوەری وێژداندا بیان بینێت. وەکو ئەوەبوو کە عاشقانی فەرەنساوی حەزیان نەدەکرد، پەردەی سەر ڕازەکانیان بێتە هەڵماڵین.ژنانی مێردار ئەگەر خەتایەکیان دەکرد، حەزیان دەکرد، گوناح و خەتاکەیان لە بخەرمانەیەکی خەیاڵ وخەونانداا بپێچرێتەوە. دڵداران وەکو ڕۆدولۆف ولیون نەبن کە کاتێ ژنەی لێقەوماو، پەنایان بۆ دەبات تا لە باتلاخی نابووتی و ریسوایی نەجاتی ، ڕووی لێوەرگێڕن و ئیما بۆڤاری بە جۆرێ تیا بمێنێ کە جگە لە خۆکوژی هیچ چارێکی دیکەی نەبێت. لەبەر ئەمە کەوتنە دەمڕێژی جنێودان و نووسەریان بە پەردە دڕ، کەچڕەو و دژمنی خەڵکی دڵپاك وئابڕوومەندی دێهاتی، لە قەڵەم دا

لە نێو خوێنەرانی ڕۆمانی مەدام بوڤاریدا خەڵکانێك هەن کە بە یەك نەواو تاقەتبەری دەزانن و ئەمەی بە عەیب لێدەگرن. هەڵبەتە هۆی ئەم یەکنەوایی و یەکهاویە، دەگەڕێتەوە بۆ پابەندی نووسەر بە شێوازو ستایلی ریالیزمەوە. فلوبیر دەیویست لە دەربڕین و بەرجەستەکردنی هەموو شتێکدا وردو دروست بێ. جا پاراستنی ئەم ئەمانەتداری و واقیعگەراییە بۆ خوێنەرێك کە شیفتەو دڵبەندی ڕووداوێن خەیاڵی و پلۆتی چاوەڕوان نەکراو و یا هەستێن موبالەغەئامێز بێت، هەندێك تاقەتبەر دەنوێنێ. ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە چیرۆکنووسانی دواتر هەمان ڕێگای فلوبیر نەگرنە بەر. گروپێکی وەکو زۆلا، زانستیانیش تێکەڵ بە ژیان کردو ڕێبازی ناتورالیزمیان داهێنا(٤٩). گروپێکی دیکە پێیان نایە دنیای دەروونی قارەمانەکان و کەوتنە گەشت و گەڕان بە ڕوح و دەروونیاندا، و ڕێبازی ریالیزمی دەروونیان دامەزراند(٥٠).

یەکێك لە خاڵە ئەرێنییە بێ چەندو چوونەکانی ڕۆمانی مەدام بوڤاری، قەڵەم و ئینشای لە زەبری نووسەرە لە واری ڕستە بەندی و دارشتنی زمان و هەڵبژاردنی وشەدا. ژمارەیەك لە ڕەخنەگران پێیان وایە هیچ نووسەرێك لە سەرانسەری فەرەنساو بەدرێژایی مێژووی کۆنی ئەم میللەتە، بە ئەندازەی گوستاف فلوبیر، لە هەڵبژاردنی وشەێن خۆشاهەنگ و ڕستەێن هاوسەنگ و دڵگیردا ورد نەبووە. ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فلوبیر ماوەی پێنج دانە ساڵی تەواو لە کرواسەدا، دەرگای لە هیچ ئاشناو بێگانەیەك نەکردەوەو هەر خەریکی نووسینی ئەم ڕۆمانە بوو. بەری کاری ئەو هەفتەی تەنیا دوو لاپەڕە بوو. هەندێك لە ڕەخنەگران، بە جۆرێ کەوتوونەتە زێدەگۆیی کە نووسیویانە: "فلوبیر دادەنیشت، چاوەڕوانی دەکرد تا ڕستەکە لە ئاسمانەوە بڕژێتە سەر مێزەکەی." بۆیە تاقە وشەیەکی ندەخستە سەر کاغەز تا دڵنیا نەبوایە کە وشەی دڵخوازی خۆی دۆزیوەتەوە.

بە هۆی ئەم هەموو هەوڵ و کۆشش و دیقەت و واز وازیەوە بوو کە ڕۆمانی مەدام بوڤاری بوو بەو ڕۆمانە جوان و هاوسەنگ و خۆش ڕیتم و ئاهەنگە. خوێندنەوەی هیچ جۆرە ئاریشەو کێشەیەکی بۆ خوێنەر چێنەدەکرد، لە هەمان کاتدا ئەگەر کەسێك ویستبای لاسایی بکاتەوە نەیدەتوانی، چونکە بەرهەمەکەی وەکو دەڵێن: "قورسی ڕواڵەت ئاسان" بوو.

دیقەت و ئیرادگیری ڕەخنەگران دەربارەی ڕۆمانی مەدام بوڤاری، گومانێکی دیکە دەخاتە دڵەوە، ئەویش ئەوەیە کە فلوبیر، لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکەیدا دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتووە تا ئیلهامو سەرۆی بۆ بێت. بەڵکو بەردەوام، قەڵەمەکەی لە کاردا بووەو پەڕە لە دووی پەڕەی ڕەش کردووەتەوەو کە ئەو لاپەڕانەی خوێندوونەتەوەو بەگەنی نەکردووە، ئەوسا ئەو لاپەڕانەی خستوونەتە لایەکەوەو سەر لە نوێ کەوتووەتەوە نووسینی بابەتەکە. بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەمەیە کە لە رۆمانی مەدام بوڤاریدا، وێڕای ئەو هەموو دیقەتو وردیە، هەندێ هەڵەو سەهوی ئاشکرا دەبینرێ . ئەم هەڵانە هی ئەوەیە کە فلوبیر بە خۆی بە سەهو لاپەڕەیەکی لە جیاتی لاپەڕەیەکی دی داوەتە چاپ و ئەم کارە بووەتە مایەی ڕوودانی هەندێ هەڵەی ناگرینگ، بەڵام نەوەشاوە لە نووسەرێکی وردی وەکو فلوبیر، لە ڕۆمانەکەدا ڕوویداوە.

دەشێت ئەو هەقی مالیجەیەی کە مسیو روئال، بابی ئیما، لە بری مالیجەی پای خۆی بە دکتۆر چارلز بوڤاری داوە، بە نموونە بهێنرێتەوە. چیرۆکنووس، لە رۆژی یەکەمدا سەد فرانکی بۆ ئەم مالیجەیە داناوە کە هەر هەمووی بە سکەی دوو فرانکی داوە. پاشان فلوبیر ئەم بڕە پارەیە دەکات بە هەفتاو پێنج فرانك، بیری چووە کە مەسەلەی سکە دوو فرانکیەکان چاك بکاتەوە، لە ئەنجامدا کابرای نەخۆش هەفتاو پێنج فرانکی، لەو سکە دوو فرانکیانە بە دکتۆر داوە.

یا کاتێ چیرۆکنووس لە هۆڵی شارەوانی یونویل دا قسان دەکات، لەلاپەڕەیەکدا دیمەنی دەرەوە بە سێ ستوون و لە شوێنێکی دیدا بەچوار ستون ناو دەبات.

کاتێ کە دەیەوێ ئەو ڕاگوزەرەی کە خەڵکی یونویل بەرەو گۆڕستان دەبات بەرجەستە بکات لە شوێنێك دەنووسێت ئەوان تەنیا یەك ڕێگایان هەبوو، ئەویش تێپەڕ بوون بوو بە سەمتی چەپی مەیدانی گەورەی شاردا، کەچی لەلاپەڕەی دواتردا وشەی چەپی کردووە بە ڕاست.

ئیدی ئەم جۆرە هەڵەو غەفڵەتە بچووکانە لە مامەڵەکانی ئیما بوڤاریدا دەبینرێتو لەوە دەچێت کە چیرۆکنووس کاتێ بابەتێکی لە نوێ نووسیوەتەوە، نوسخەی پێشووتری لە ناو نەبرد بێتو لە ئەنجامدا هەندێك لەم لاپەڕە ڕەفزکراوانە تێکەڵ بە دەقە راستکراوەکە بووبێت. لە رۆمانی مەدام بوڤاریدا، هەندێ سووکە هەڵە هەن کە هەموو نووسەرێکی گەورە ئەو سووکە هەڵانەیان لێ ڕوو دەدەنو هۆیەکەشی ئەمەیە کە نووسەر زیاتر لە خەمی مەسەلە گەورەو گرینگەکانی رۆمانەکەیدا بووە تا مەسەلە بچووكو بێ بایەخەکان. بە هەر حاڵ ئەم هەڵەو غەفڵەتانە لە چاوی ڕەخنەگرانی وردو پڕ ئیراد ون نابێتو سەریان لەوە سووڕ دەمێنێ کە چیرۆکنووسێك سەدان جار نووسینەکەی خۆی خوێندووەتەوەو ئەم غەفڵەتانەی بەسەردا تێپەڕیوە. بۆ نموونە فلوبیر باسی چەندی پێنج شەممە دەکات کە ژنەی گەنج لە "یونویل"ەوە بۆ روئن دەڕۆیی تا لەگەڵ لیونی دڵداری خۆیدا ڕۆژ بەسەر بەرێت. بەڵام ئەوەی کە خودی نووسەر دەربارەی مەوداو فاسیلەی نێوان ئەو دوو شارەو کێشەی ڕێگا باسی کردووە، ئەوە دەردەخات کە جووتە دڵدار ناتوانن ئەم هەموو سەعاتە خۆشو بێ خەمو خەیاڵە پێکەوە بگوزەرێننو، بۆیە دەبێ ئەم سەعاتانە، سەعاتانی خۆشی رابواردنە، لەوە کورت تر بن کە ئەو (نووسەر) بەو دوورو درێژییە باسی کردووە.

هەمان گومان دەربارەی دیدارە پەنهانەکانی ئیما بوڤاری و "رودولوف"ش لە ئارادایە، چ ئەو دیدارە پەنهانانەی کە لە ماڵەکەی رودولوف دا دەکران و چ ئەوانەی لە باخەکەی ماڵی چارلز بوڤاریدا دەکران. دیارە خوێنەری زیرەك و وریای فەرەنساوی، بە تایبەتی ئەگەر خەڵکی ئەو دەڤەرانە بێت، دەزانێ کە ئەم ڕابواردنانە چ لە ڕووی زەمانەوەو چ لە ڕووی شوێنەوە نەدەکرا بەو ئاسانیە ئەنجام بدرێت، بۆیە چیرۆکنووس کەمێك لە خەتی واقیعیەت دەرچووەو لایداوە(٥١).

***

ڕۆمانی مەدام بوڤاری، هەرچەندە بزوتنەوەیەکی تازەی بونیاد نا کە ناویان نا ریالیزم، بەڵام سوودی زۆری لە دەروون بینی چیرۆکنووسانی سەدەی بیستەمیش وەرگرتووەو دەشێت بگوترێ کە یەکێك بوو لە پێشەنگانی ڕێبازی ریالیزمی دەروونی. لە هەموو ئەو دیمەنانەدا کە خەونە زێڕینەکانی قارەمانی ڕۆمانەکە ئاوێتە بە تاڵی ناکامی دەکات و لە شێوەی بێدارییەکی بە سوێدا دەردەکەوێ، چیرۆکنووس سەرگەردانی و نیگەرانی ئەو بە جوانترین شێوە دەنوێنێ و وێنە دەگرێت. ئیما بوڤاری لە سەرەتاوە تا کۆتایی سێ ئەشقی هەبوو کە هەرسێکیان بە نامرادی شکانەوە: ئەشقی یەکەمی کە بەر لە شوو کردن بوو و شەقڵ و مۆرکی ئارەزوو و حەزی کچێکی خەیاڵپەروەری بێ ئەزموونی لە خۆ گرتبوو، ئەشقی دکتۆر چارلز بوڤاری بوو کە دوای زەماوەندەکەیان بوو بە فشەو گاڵتەبازاڕ. پاشان بەرەو رودولوف چوو و سەرەنجام بە لیونەوە گیرسایەوە، لەم دوو ئەشقەشدا جگە لە پەشیمانی و ناکامی هیچی دیکەی نەدوریەوە. لە سەرانسەری ئەو سەروبەندەدا کە ئەو لە دنیای ئەشق و ئارەزوواندا دەسوڕایەوە یا لەو سەرو بەندەدا کە دەکەوتە دۆزەخی نامرادی و پەشیمانییەوە، خۆێنەر بە روحی سەرگەردان و بیرێن پەریشانی ئەو ئاشنا دەبێت. باوەڕێن ئاینی، خەیاڵێن ئەخلاقی، دادگایی ویژدان. خۆفریودان، ترس، ئومێد، لەزەتی بەدەنی، سۆزو گودازی دەروونی، هەر هەموو ئەمانە لە بن دێڕەکانی ئەم رۆمانەدا رەنگی داوەتەوە، واتە چیرۆکنووس واریقات نووسی نەکردووە، واقیعی کۆپی نەکردووەتەوە بەڵکو "وێنەیەکی ڕاستەقینەی دەروون و بێرونی" قارەمانەکانی وێنەگرتووە.

لە رۆمانی مەدام بوڤاریدا، خوێنەری بە ئینساف هەست دەکات کە ژنەی گەنج لە گەلێك لەو خەتایانەدا کە کردوونی نەهەقی نەبووە. لەوە دەچێت چیرۆکنووس هەوڵێکی زۆری دابێت کە قارەمانی رۆمانەکەی، واتە مەدام بوڤای، لە بەردەم دادگای ویژداندا تەبرێ بکات. هەست و نەستی زۆربەی کاراکتەرەکان تەقلیدی و کلێشەییە، تەنیا ئیما بوڤاری نەبێت کە شەقڵ و مۆرکی ڕاستگۆیی و رەسەنایەتی پێوە دیارە. قسەو کردارێن رودولوف، هەر هەمووی کلێشەییەو داون بۆ فریودانی ژنێکی گەنج و جوان. بێ فیزی، میهرەبانی و مجامەلەکانی لیون هەموو کلێشەیین و نەخشە و پیلانن بۆ فریودانی ژنێکی دڵساف و عاتیفی. کارو کردارێن ئومەی دکتۆری دەرمانسازی یونویل هەر هەمووی کلێشەییەو سیناریۆیە بۆ خاپاندنی خەڵکی و گیرفان پڕ کردن. قسەکانی سەرۆکی پۆلیسی شاری یونویل کە لە فەسڵی هەشتەمی بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا هاتووەو ئەو کاتانەیە کە ئیماو رودولوف هاتوون تا بەرەو جەنگەڵ بڕۆن، هەر هەمووی دەسکردو کلێشەییەو کۆمەڵێك بابەتی پووچە بۆ گومراکردنی خەڵکی، کۆمەڵێك بابەت و

قسەن کە لەو زەمانەدا هەموو بەرپرسێك وەکو تووتی دەیانگوتەوە... جا ئەم کلێشەکارییە لە لایەن نووسەرەوە، شەقلێکی بە رۆمانەکەی داوە کە خستوویەتیە ڕیزی ڕێبازی ریالیزمەوە.

***

رۆمانی مەدام بوڤاری وەکو پول بورژیە(٥٢)(١٨٥٢- ١٩٣٥)ی چیرۆکنووسی ناوداری فەرەنسی سەدەی نۆزدە، دەربارەی گوتوویەتی "ئایدیالی ڕاستەقینەی هونەرمەندێکی ئەدەب ئافەرێنە"و فلوبیر بە نووسینی هەمان رۆمان، شاکارێکی هێناوەتە ئاراوە کە دەشێت بە یەکێك لە گەورەترین ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەیەمی جیهان ناو ببرێت‌و بایەخ‌و کاریگەری ئەم رۆمانە بەڕادەیەك بوو، کە پاش وی گەلێك لە چیرۆکنووسانی جیهان هەوڵیانداوە چاوی لێبکەن‌و لاسایی بکەنەوە. پییرمیل (١٨٦٤- ١٩٤١)(٥٣). رەخنەگرێکی ناوداری دیکەیە دەربارەی ئەم رۆمانە گوتوویەتی "ئیما بوڤاری نموونەیەکی جیهانی‌و نەمری ژنێکی ئاشق‌و عاتیفییە کە داب‌و نەریتی باوی ژیانی، لە پێناوی ئەشقێکی ئاگریندا، داوە بە یەکاو ژێر پێی ناوە." هەروەها رەخنەگرێکی نێوداری دیکەش بە نێوی لویس برتران(٥٤)(١٨٠٧- ١٨٤١) هێندە ئەم بەرهەمەی بەلاوە گرینگ‌و پڕ بایەخە کە زاراوەی "بۆڤاریزمی" بۆ داهێناوەو دەڵێت: "بوڤاریزم وێناو تەسەورێکە لەمەڕ ژیان، ئاوێتە بە ئارەزووێن ئاشقانەی خەیاڵی‌و پووچ‌و بێهودە، کە لە زۆر ژنان‌و پیاوانی جیهاندا هەبووەو هەیەو بۆیە بەشەر هەمیشە خەڵکان‌و نموونەی وەکو ئیما بوڤارین دەبینن(٥٥).".

سەرچاوەو پەراوێزان:

١- لە پاچڤەی ڕۆمانی مەدام بوڤاریدا بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، هەوڵێکی زۆر دراوە تا ستایلی نووسەرو هەموو جوانیکاریەکانی زمانی ئەسڵی دەقەکە (فەرەنسی) بپارێزرێت، وێڕای ئەمەش کاردانەوەی خوێنەری ئینگلیزی زمان سەبارەت بەم ڕۆمانە، بەو جۆرە نییە کە فەرەنسایی‌یانی زمانناس هەیانەو ئەم خاڵە زۆر جار بووەتە مایەی گفتوگۆو گەنگەشەی شارەزایان (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاداشتەکانی ئارتەر رۆزن، سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلیجی ناتانیل هاتورن- لە بڵاوکراوەی Monarch Notes، ژمارە (٥٦٠)

٢- ئاشکرایە ڕۆمانی مەدام بوڤاری بەو سادەییەش نییە. پێویستە ڕۆمانەکە بە وردی بێتە خوێندنەوە. خاڵی سەرەکی‌و بنەڕەتی رۆمانەکە ئەمەیە کە ژنەی گەنج مێردەکەی خۆی خۆشناوێت‌و ئەم زەماوەندە، زەماوەندی مەسڵەحەتەو لە پێناوی هاتنەدی بەشێك لە ئارەزووە سەرکێشەکانی ئەوە. لە لایەکەوە مێردەی تاین کەسێکی ئابڕوومەندەو کەمێك گەمژەو ناخۆش دێتە بەرچاو، بەڵام بە دڵ‌و بە گیان هاوسەرەکەی خۆش دەوێ‌و نازی هەڵدەگرێت. لەم رۆمانەدا "هەوەس" بەسەر "شەرەف"دا زاڵ دەبێت‌و چیرۆکنووس بە زیرەکی‌و هۆشیارییەکی زۆرەوە، ئەخلاق لە هەنبەر خولیاکانی ئینساندا، دەخاتە سەر هەڵدێری کەوتن‌و فەنا بوونەوە.

٣- له نموونه‌ی ئه‌م جۆره ڕۆمانانه‌دا، ده‌توانرێ دوو رۆمانی "دۆتمیركلو"ی نووسینی مه‌دام دولافیت (١٦٣٤- ١٦٩٣)و ڕۆمانی په‌یوه‌نده ریسك ئامێزه‌كانی، نووسینی پییردلاكلو، به نموونه بهێنرێنه‌وه.

به‌رهه‌می یه‌كه‌م له ساڵی ١٦٧٨دا بڵاو بووه‌ته‌وه‌و رۆمانی ئه‌شقێكی خه‌مناكه كه تا ماوه‌یه‌كی زۆر خه‌ڵكی فه‌ره‌نسای به خۆوه خجڵ كردبوو و كاریگه‌ریی به سه‌ر خوێنه‌رانی فه‌ره‌نسییه‌وه به هه‌مان ڕاده‌ی كاریگه‌ریی چیرۆكی دڵداری "ژانه‌كانی ڤارته‌ری لاو"ی گۆته بووه، ره‌خنه‌گران زۆریان ستایشی ئه‌م به‌رهه‌مه كردووه‌و له جۆری خۆیدا به یه‌كه‌م به‌رهه‌میان داناوه كه كاردانه‌وه‌ی سایلكولۆژی قاره‌مانه‌كانی، له‌لایه‌ن نووسه‌ره‌وه، ڕه‌چاو كراوه.

رۆمانی په‌یوه‌نده‌یه ڕیسك ئامێزه‌كان، له لایه‌ن ئه‌فسه‌رێكی پیاده‌ی فه‌ره‌نسییه‌وه به‌نێوی پییر دلاكلو (١٧٤١- ١٨٠٣) نووسراوه‌و له ساڵی ١٧٨٢دا بڵاو بووه‌ته‌وه. چیرۆكه‌كه بریتیه له زنجیره نامه‌یه‌ك كه له نێوان قاره‌مانانی رۆمانه‌كه‌دا ئاڵوگۆڕكراون‌و مه‌سه‌له‌ی ئاشقێنی تاڕاده‌یه‌ك زۆر به بێ په‌رده خراوه‌ته سه‌ر كاغه‌ز.

فه‌ره‌نسییه‌كان ئه‌م ڕۆمانه‌یان به یه‌كه‌مین چیرۆكی سێكسی له جۆری Pornography له قه‌ڵه‌م داوه‌و كاتێ كه بڵاوبووه‌وه، هه‌رایه‌كی ئه‌وتۆی نایه‌وه كه كڵێسا خوێندنه‌وه‌ی به ناپه‌سند ژمارد. سه‌یر ئه‌وه‌یه له‌م ڕۆمانه‌دا هه‌ندێ گرێی سایكولۆژی سێكسی، كه پاشان فرۆید ئاماژه‌ی كردوونه‌تێ، زۆر به روونی باسكراوه.

٤- بڕوانه خانم فرانسیس ستیگمولری وه‌رگێڕی ڕۆمانی مه‌دام بوڤاری بۆ سه‌ر زمانی ئینگلیزی، پێشه‌كی كتێبه‌كه به قه‌ڵه‌می وه‌رگێڕ -مدرن لایبراری- چاپی نیویورك/ ساڵی ١٩٥٧.

٥- مه‌به‌ست سه‌رده‌مانێكه كه له مێژووی فه‌ره‌نسادا July Monarehy پێده‌گوترێ.

٦- پیوریتانیزم، ته‌ریقه‌تی مه‌سیحیانی سه‌ده‌ی هه‌ڤده‌ی لایه‌نگرانی ساده‌یی‌و پاكی رواڵه‌ت‌و باتین‌و پارێز له هه‌ر جۆره خه‌تاو هه‌ڵه‌یه‌كه.

٧- له ڕۆژهه‌ڵاتی نزیك و ئه‌وروپادا، ئه‌و وڵاتانه‌ی كه فلوبیر سه‌ردانی كردوون بریتین له میسر، فه‌له‌ستین، سوریا، توركیا، یونان‌و به‌شێك له ئیتالیا. ئه‌م سه‌فه‌ره له نۆڤه‌مبه‌ری ١٨٤٩ه‌وه تا نیسانی ١٨٥١ی خایاندووه. هاوسه‌فه‌ری ئه‌و له‌م گه‌شت‌و گه‌ڕانه‌دا "ماگزیم دو كان"ی ئه‌دیب‌و چیرۆكنووسی فه‌ره‌نسی بوو. ده‌گێڕنه‌وه كه فلوبیر پێش ئه‌م سه‌فه‌ره، ڕۆمانێكی به ده‌سته‌وه بووه به ناونیشانی وه‌سوه‌سه‌ی سن ئانتوان‌و هه‌موو هه‌وڵێكی ئه‌وه بووه كه ته‌واوی بكات وبیخاته به‌ر ده‌ستی هه‌ردوو دۆستی خۆی، دو كان‌و هه‌روه‌ها شاعیری فه‌ره‌نسی لویس بوئیه. له‌به‌ر ئه‌مه سه‌فه‌ره‌كه‌ی بۆ چه‌ند رۆژێك دوا خستووه. كاتێ كه چیرۆكه‌كه‌ی ته‌او كردووه‌و بۆ هاوڕێ شاره‌زاكانی خۆی خوێندووه‌ته‌وه، دو كان پێی گوتووه "بیخه ناو ئاگری سوپاكه‌وه‌و ئیدی ناوی مه‌یه‌نه!" بوئیه پێی گوتووه: "تۆزێ نان‌و ئاو به خواوه‌ندی

شیعر، که ئیلهامبەخشی تۆیە، بدە دەنا هەستی پڕ جۆشو حەماسی تۆ، تۆ دەکوژێت!" کە دەبینن فلوبیر خەمینو خەمبار تەمەشای ئەو دوانە دەکات بوئیە پێی دەڵێت "چیرۆکێك بنووسە وەکو بەرهەمەکانی بالزاك، رۆمانێکی وەکو Parents Pauvre دەبینی کە ئەم چیرۆکنووسە لە جیاتی بە ئاسماندا بگەڕێت هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر زەوی دەگەڵ خەڵکی زەویدا تێکەڵ بووە؟" (بڕوانە ماکروپیدیا- بەرگی ٧، ل ٣٧٩).

٨- بەڕێوەبەری گۆڤاری روو- دو- پاری، هەمان مسیو دو کانی دۆستی فلوبیر بوو. ئەو لە سستی کارو وازوازی بێ سنووری نووسەر یەجگار تووڕە بوو بوو و لێکدا لێکدا داوای دەکرد هەرچی زووترە ئەم چیرۆکە تەواو بکات، بەڵام فلوبیر بە هێمنیو کاوەخۆ کاری دەکرد. هەندێ لاپەڕەی دە کەڕەت دەخوێندەوەو هەر ڕستەیەکی بیست کەڕەت راستدەکردەوە، سەرەنجام چیرۆکەکە تەواو بوو و بە ناونیشانی دابو نەریتی دێهات، لە بەرواری ١/١٠ەوە تا ١٨٥٦/١٢/١٥ی خایاند.

٩- شارل بودلیری شاعیری نوێخوازی فەرەنسیش لە هەمان سەرو بەندا، لە سەرنی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە شیعرەکەیدا بە ناونیشانی "گوڵێن شەڕ" تووشی هەمان چارەنووس بوو و لە ساڵی ١٨٥٧دا، شەش هەیڤ پاش بڵاوبوونەوەی مەدام بوڤاری، دایانە دادگا، بەڵام ئەنجامی رەئی دادگا دەربارەی بۆدلێر، جیاواز بوو لە ڕەئی دادگا دەربارەی فلوبیر. فلوبیر تەبرێ و ئازاد بوو، بەڵام بودلیر حوکم دراو سزایەکی تا ڕادەیەك قورسی بۆ بڕایەوە.

١٠- بڕوانە یاداشتەکانی ئارتر روزن، ل ٩.

١١- فرانسیس ستیگمور لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا باوەڕی وایە کە ئەم کاراکتەرە پزیشکی ڕێگە پێدراو بوو، واتە بە تەجرەبە زانیاری پزیشکی بە دەست هێناوەو بە پراکتیکی مومارەسەی کردووە یانی شادەتنامەی دکتۆرای نەبووەو وەزارەتی تەندروستی فەرەنسا ڕێگەی تەبابەتی داوەتێ (بڕوانە پێشەکی مەدام بوڤاری ل ٩).

١٢- نێوی ئەم کچە بە دلفین نووسراوە (بڕوانە ماکروپیدیا- بەرگی ٧- لە ٣٧٩).

١٣- ئەوەی ئەم کتێبەی کەشف کردووە، نووسەری هاوچەرخ گابریل لەلو بووە (ماکروپیدیا، بەرگی ٧، ل ٣٧٩).

١٤- لوئیز پرادیە، هاوسەری جیمز پرادیە بووە. پەیکەرتاشی فەرەنسی ناوی راستەقینەی جان جاك پردیە بووەو لە نێوان ساڵانی ١٧٩٢- ١٨٥٢دا ژیاوەو لە سویسراو فەرەنسادا زۆر مەنشوور بووە. دوای تەواو کردنی خوێندنی پەیکەرتاشی سەفەری رۆمای کردووەو پاش گەڕانەوەو بەشداری کرن لە چەند پێشبڕکێیەك، چەندین خەڵاتی وەرگرتووەو سەرەنجام خەڵاتی لژیون دو نوری وەرگرتووە. ئەو کۆتەڵو پەیکەرانەی کە ئەو دروستی کردوون تا ئەمڕۆش لە زۆر شوێنی شاری

پاریسی وەکو پلاس دولاکنگورد، ئارك دو تریومف، ڤێرسای، مەیدانی فوارەی مولیر... هتد بەدی دەکرێن (بۆ زانیاری پتر بڕوانە ئەمریکانا- بەرگی ٢٢- ل ٥٠٠).

١٥- فلوبیر بەردەوام هاتوچۆی وەرشەی پەیکەرتاشیەکەی پرادیەی دەکردو دیدەنی لویزی هاوسەری پەیکەرتاشی نێو براوی دەکرد. لەم وەرشەیەدا فلوبیر، تاقە ماشقەی هەمیشە خۆی، لویز کولای پەیدا کرد. (بڕوانە ئارتر روزن، پێشەکی یاداشتەکان، ل ٧.)

١٦- ڕستە بە نێوبانگەکەی چیرۆکنووس ئەمەیە: Madame Bovary, Cestmoi (ماکروپیدیا، بەرگی ٧، ل ٣٧٩).

١٧- بڕوانە پێشەکی ڕۆمانی مەدام بوڤای، پاچڤەی ئینگلیزی ئالان روسل، چاپی پنگوین، ساڵی ١٩٧٥.

١٨- ئالفریدلو پواتون کاریگەرییەکی سەیری بەسەر فلوبیرەوە هەبوو، دەڵێن گوستاف لە قۆناغی ئامادەییدا ئاشنایەتی دەگەڵدا پەیدا کردووە، لەوەیە فەیلەسوف گەنج هەر لە هەمان ئامادەییدا دەرسی گوتبێتەوە. ئەم مامۆستایە کەسێك بووە کە بەهرەی نووسەرایەتی لە فلوبیردا کەشف کردووەو هانی داوە تا دەست بداتە قەڵەم. فلوبیر، لە ساڵی ١٨٣٨دا، ڕۆمانی بیرەوەری شێتێکی بە زۆری مامۆستاکەی خۆی نووسیوە. قسەیەك هەیە کە گوستاف لاو دڵبەندو ئاشقی ژنێکی شوودار بووە بە نێوی ئیلیزا – شلزینگر. ئیلیزا یازدە ساڵ لەو گەورەتر بوو و مێردەکەی وەشانکاری ئاهەنگ بوو (ئاواز). لاوی ئاشق هەرگیز ئەشقەکەی خۆی بە دڵدارەکەی نەگوت. دوو ساڵ لەوە پێش لە دەعوەت و زیافەتێکدا دیتبووی و دڵ و ئەقڵ و ئیمانی خۆی لە دەست دابوو. ئالفرید لوپواتون پێشنیاز دەکات ئەم بەسەر هاتە بکات بە چیرۆکێك و ئەویش بە قسەی کرد. دەڵێن کە فلوبیر سی و پێنج ساڵ لەوە دوا، کاتێ لە ئاسمانی شۆرەت و خۆشەویستی و ناوبانگدا بوو، ئەم ڕازەی بۆ ئیلیزا باسکردووە، کە ئەو لەو زەمانەدا مێردەکەی لە دەست دابوو و بێوەژنێکی ناڤساڵ بوو. وا دیارە سەربهووردی ماریا- ئارنوی قارەمانی چیرۆکی فێر بوونی هەستی، هەمان ئیلیزا بێت کە نووسەر بە درێژایی ساڵان چەند جارێك ناوەڕۆکەکەی گۆڕی (ماکروپیدیا، بەرگی ٧، ل ٣٧٩).

(مانگی نوڤەمبەر)یش بەرهەمێکی دیکە بوو کە نووسەری لاو، بە زۆری دۆستەکەی خۆی، لەم ساڵانەدا خستیە سەر کاغەز. چیرۆکەکان بە شێوەیەکی گشتی بە دەوری ئەشق و شەیدایی و ناکامی و نامرادیدا دەسوڕێنەوەو قارەمانەکانیان بە زۆری ژنانی مێرددار بوون، لەوە دەچێت کە زیناکاری، هەمیشە زەینی فلوبیری مژوول کردبێت و لەزەتێکی بێ پایانی پێ بەخشی بێت.

١٩- گوستاف حەزی لە خوێندنی ماف نەبوو. لەبەر خاتری بابی ئەم بەشەی هەڵبژارد. لە مێژ بوو دروشمێکی هەڵگرتبوو کە بۆ مامۆستاکەی خۆیشی باسکرد

بوو، ئەویش ئەمە بوو "نەفرەتکردن لە بۆرژوازی سەرەتای رزگارییە" دیارە گەنجێك بەمجۆرە هزرینەوە نەیدەتوانی لە پۆلی دەرسی مافدا ئۆقرە بگرێت. رۆمانی سێیەمی ئەو لە ژێر سەرناڤی (فێر بوونی ئیحساسی) دەربڕی شێوەی هزرین و قەزاوەتی ئەوە دەربارەی هەمان دەورانی کورتی خوێندن.

٢٠- دەگێڕنەوە دەڵێن کە گوستاف رۆژێك دەگەڵ برا گەورەکەیدا کە نێوی "ئاشیل" بوو، بە رێگایەکی گوندیدا عەرەبانەیەکی تاکە ئەسپەی داژۆت. کات مانگی ١/١٨٤٤ بوو. گوستاف خوێندکاری کولیجی ماف بوو. لە دوورەوە گالیسکەیەکی سەرگیراو دەبینێ کە نزیك دەبێتەوە. بۆ چەند دەقیقەیەك بە حەپەساوی لێی دەڕوانێت. کەس نازانێ چی لە بیرو زەیندایە. هەست دەکات چاوانی دەکەونە ڕێشکەو پێشکە. کۆمەڵێك وێنەی تێکەڵ و پێکەڵ دێنە بەرچاوی و دوای چەند دەقیقەیەك لە خۆ دەچێت. ئەم حاڵەتە، لە هەفتەکانی دواتریشدا دووبارە دەبێتەوەو ئیدی خۆی و کەسوکارو نزیکەکانی دووچاری نیگەرانیەکی توند دەبن. پزیشکان بەجۆرە فێیەکیان دانا، دایکی وای بە خەیاڵدا هات کە رەنگە هۆی ئەم نەخۆشییە، خوێندن و خوێندنەوەی زۆر بێت. ئەنجام ئەوەبوو کە گوستاف لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا وازی لە خوێندن هێناو چونکە مانەوەی ئەو لە پاریسدا هیچ سوودێکی نەبوو، پەنای بردە بەر کرواسەی نزیکی روئن و لەوێندەر کونجی خەڵوەتی گرت.

٢١- دەڵێن لویز کولا، نزیکەی سیازدە ساڵ لە گوستاف گەورەتر بوو، بەڵام جوانێکی وەها بوو کە تەمەنی پێوە دیار نەبوو. لویز، کچێکی چکۆڵەشی هەبوو، ئەم کچە لە مێردە ئاهەنگسازەکەی نەبوو، بەڵکو لە ڤیکتور کوزنی فەیلەسوف و سیاسەتوانی ڕۆژ بوو. عەشقی لویزو گوستاف و رەفتاری لویز دەگەڵ دڵدارە لاوەکەیدا، واریقاتی عەشقی جورج ساند و ئالفرید دو موسەی وەبیر دێنایەوە. لویز شاعیرێکی رۆمانتیك بوو، هەرچەندە بەهرەو قەریحەیەکی مامناوەندی هەبوو، ئەو جاش دووجار خەڵاتی شیعریی ئەکادیمیای فەرەنسای وەرگرت بوو. ئەشق و خۆشەویستی و تۆران و ئاشتبوونەوەو شازش و ناسازگاری ئەم جووتە دڵدارە تێکڕا دە ساڵێکی خایاند تا سەرەنجام گوستاف لە دەستی بێزار بوو و فەرامۆشی کردو لە بیر خۆی بردەوە. هۆی نەگونجانی ئەو جووتە زیاتر ئەمە بوو کە گوستاف دەیویست لە کرواسە بمێنێتەوەو درێژە بە کاری نووسین بدات، بەڵام لویز زۆری لێدەکرد کە بێت بۆ پاریس و لە پایتەختی فەرەنسا بژی. گوستاف هەوڵی دەدا کۆتایی هەفتە لە پاریس بەسەر بەرێت، بەڵام ئەم دیدارە کورتە، ژنەی ئاشقی تێر نەدەکرد. ئافرەتێك بوو یەجگار حەسوودو بە گومان، گوستاف زیاتر لەمە دەڕەنجا. هەندێ جاریش لە بێ زەوقیەکانی ماشقەکەی دەڕەنجاو لەوە دەچێت کە ئەو وێنەیەی نووسەر دەربارەی ئیما لە ڕۆمانی مەدام بوڤاریدا کێشاویەتی، لە ڕاستیا وێنەیەکی ڕاستەقینەی لویز کولا بێت. (بڕوانە پێشەکیەکەی ئارتر روزن، ل ٧).

٢٢- ڕۆمانی "وەسوەسەی سن ئانتوان"یان بە فاوستەکەی شاکاری گوتە شوبهاندووە . خۆ لەگینە لە ناخود ئاگادا، کاریگەریی ئەو بەرهەمەی گۆتەی بەسەرەوە بووبێ. ڕیوایەتێك هەیە کە گوایە گوستاف فلوبێر شەوێك لە "بازاڕی مەکارەی سن ئانتوان" چووەتە تەمەشای شانۆنامەیەك کە هەمان ناونیشانی وەسوەسەی سن ئانتوانی هەبووە، دوای دیتنی شانۆنامەکە، کودەتاییەکی ئەوتۆ لە روح و دەروونیدا پەیدا دەبێت کە دەچێتەوە ماڵێ ویەکسەر دەکەوێتە نووسینی ڕۆمانەکە.

ئەم ڕۆمانە هەر تەواو نابێت و پشتگوێ دەخرێت. پێنج ساڵ دواتر فلوبێر سەفەرێکی "ژن"ی ئیتاڵیا دەکات و لە کۆشکی بالبێدا تابلۆیەکی دەستکردی نیگارکێشی نێوداری ئیتاڵیایی پییتر بروگل، لە ژێر سەرناڤی دۆزەخدا دەبینێ. دیتنی ئەم تابلۆیە، بیرەوەری سن ئانتوانی لەلا زندوو دەکاتەوە. دێتەوە ماڵێ و چیرۆکەکە تەواو دەکات.

پیاو دەتوانێ زەوقی کەماڵخوازی و ئایدیالی فلوبێر لە ڕۆمانی وەسوەسەی سن ئانتونی دا بەزەقی ببینێ... ئەم ڕۆمانە سێ دەستنووسی بە قەڵەمی فلوبێر هەیە کە هیچیان لە هیچیان ناچن. چیرۆکنووس بەردەوام دەق و بابەت و ناوەڕۆك و رستەو وشەی دەگۆڕێ تا سەرەنجام لە ساڵی ١٨٤٩دا، لە دوا نوسخە دەبێتەوەو ئەمە دوا نوسخەی ڕۆمانی ناڤبرییە. دەڵێن فلوبێر لەم دەورانەدا خووی دابووە فەلسەفەی سپینۆزا، بۆیە شوێنەواری هزرو بیری ئەو لەم نوسخەیەی ساڵی ١٨٤٩دا بەدی دەکرێت. (بڕوانە ماکرو پیدیا، بەرگی حەوتەم، ل ٣٧٩).

٢٣- بابەتی ڕاپەڕینی سەربازانی بەکرێگیراو دژی فەرماندەکان ئەمە بویەرو ڕووداوێکی مێژووییەو لە نێوان ساڵانی ٢٤٠- ٢٣٧ پ.زدا ڕوویداوە، بەڵام شەخسیەتی سالامبو، کیژی هامیلکار ، زادەو بەرەنجامی زەین و خەیاڵی نووسەرە.

٢٤- شانۆنامەی شیعری ئانتونی و کلیوپاترای شەکسپیر لە حیکایەتی پلوتارکەوە هەڵێنجراوە، بەڵام شەکسپیر بە قەڵەمی ئەفسوون ئافەرینی خۆی، جوانی و سیحرێکی تایبەتی پێ بەخشیوە. فلوبێرش لە نووسینی ڕۆمانی سالامبودا هەمان کاری شەکسپیری کردووە. سەرچاوەی ئەم ڕۆمانە، حیکایەتی پولیبیوسی دیروکنووسی یونانییە لە دوو سەدەی پێش زایین دا، چیرۆکی بوڤار- پکوشە، بە هەمان نیوەچڵی دوای کۆچی دوایی چیرۆکنووس بڵاوبووەوە، مخابن بەدحاڵیبوونێکی زۆری لێکەوتەوە. ئەو حیکایەتەی کە فلوبێر دایمەزراند بوو بەمجۆرە بوو کە دوو کارمەند میراتییەکیان پێدەبڕێت و واز لە کار دێنن. ئەم دوانە خانوویەکی گوندی دەکڕن و کێڵگەیەکی دەخەنە سەرو بەرە بەرە دەست دەدەنە هەندێ کاران کە زۆر لە هزرو بیری ئەوانەوە دوور بووە. ئەمانە کشتوکاڵ دەکەن، دەکەونە باخداری، تاقیگە دەکەنەوە، ڕوو دەکەنە کەوناراناسی و، خۆلاسە خۆ لە قەرەی هەموو لقێکی زانستان دەدەن و تووشی شکستی گەورە دەبن. ئەنجام دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەمانە دوو بۆرژوای مێشك پووت و هیچن و جێگایان ژوورو مێزو کورسی شەق و شڕی ئیدارەیە.

ئه ڕەخنەگرە پسپۆڕو شارەزایانەی کە ئەم کتێبەیان خوێندووەتەوە، کەوتوونەتە ئەم وێناو هەڵەیەوە کە گوایە چیرۆکنووس ویستوویەتی، نکۆڵی لە بایەخی زانست بکاتو گاڵتە بە زانایان بکاتو بە سووك تەمەشایان بکات. باسو گفتوگۆ و مشتو مڕ سەبارەت بەم کتێبە لە نێوان یاران ونەیارانی کتێبەکەدا ماوەیەکی زۆری خایاند.

٢٥- کتێبی سێ چیرۆك ئەم سێ حیکایەتەی لەخۆ گرتووە:

١- دڵی بێگەرد، ٢- ئەفسانەی سن جولیان بیمارنەواز، ٣- هیرودیاس.

٢٦- (بڕوانە ماکروپیدیا، بەرگی ٧، ل ٣٧٩).

٢٧- فلوبیر بەو دەرامەتە باشەوە، کە لە ڕێگای فرۆشی کتێبەکانیەوە دەستی دەکەوت، ژیانێکی تا ڕادەیەك ئاسوودەی دەبردە سەر. بەڵام پێشهاتێك هاتە پێشەوە کە سیستەمی ژیانی ئەوی شێواند و دووچاری ئیفلاس و نابووتی کرد. لە ساڵی ١٨٧٥دا یەکێك لە خزمەکانی بە ناوی ئێرنست کومانڤیل، کە بازرگانی هاوردەکردنی دار بوو، ئیفلاس دەکاتو نابووت دەبێتو خاوەن قەرزان دەیانەوێ سکاڵای لێبکەنو بیخەنە زندانەوە. ئیدی فلوبیر بە فیداکردنی دارایی خۆی ئەو لە زندان ئازاد دەکات، بەڵام خۆی تووشی نەبوونیو دەستکورتییەکی خراپ دەبێتو ئەم دەستکورتیەی تا کۆتایی تەمەن لە کۆڵ نابێتەوە.

٢٨- بڕوانە پێشەکیەکەی ئارتر روزن، ل ١٠.

٢٩- لە دەقە ئینگلیزییەکەی ئالان روسلەوە، پنگوین، چاپی یازدەیەم، ساڵی ١٩٧٥، کراوە بە فارسی.

٣٠- ڕۆمانی مەدام بوڤاری تانیوەی کەسێك دەیگێڕێتەوە کە دیار نییە، لە نیوە بەدواوە ئەو کەسە دیارنامێنیو پاشماوەی ڕۆمانەکە لە زمانی نووسەرەوە دەگێڕدرێتەوە.

٣١- بڕوانە بەشی یەکەم، فەسڵی یەکەم.

٣٢- دیارە کە چارلز بوڤاری، لە باری خوڵقی و تەبیعەتەوە کەسێکی سەربەخۆ نییە، دەبێ یەکێك بەڕێوەی ببات، وەکو دایکی ئەم عادەتو خووەی تا کۆتایی ڕۆمانەکە هەر هەردەوامە.

٣٣- بەشی یەکەم، فەسڵی یەکەم.

٣٤- باسی شووکردنی ئیما بە چارلز بە دوورو درێژی کراوە. فلوبیر حەزیکردووە جۆری ژیانو شادیو خەمەکانی خانەوادەیەکی بۆرژوای لادێ نشینی فەرەنسا، بە وردی لە ڕۆمانەکەی خۆیدا بەرجەستە بکاتو لەمەشدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە. بۆ نموونە لە شەوی زەماوەندەکەدا بابی چارلز تا درەنگانی شەو هەر مەی دەخواتەوەو چاوبڕکێ دەگەڵ کچێکی دێهاتیدا دەکات- و دایکی چارلز، لەبەر ئەوەی کوڕەکەی، بەبێ پرسی ئەو بووکێی هەڵبژاردووە زیزەو زوو دەچێتە جێگاوە. کاتێ چارلزو ئیما دەچنە خەوگاوە، هەراو هەنگامەو ژاوە ژاوێکی سەیر لە

دەوروبەریاندا پەیدا دەبیٚ، ئەمە جگە لە دەخالەتی خەزووری چارلز، هەموو ئەمە بەشێك لە دابو نەریتو ڕێوڕەسمی دێرینی خەڵکی چینی دووەمی دێهاتنشین نیشان دەدات.

٣٥- خوێنەر تا سەرەتای فەسڵی پێنجەم، وا هەست دەكات كە چیرۆكنووس زیاتر لە خەم و خزمەتی چارلز بوڤاریدایەو ئەو بایەخە بە كاراكتەرەكانی دی نادات، بەڵام لە فەسڵی پێنجەمەوە زیاتر تەركیز لەسەر ئیما بوڤاری دەكرێت.

٣٦- ئەو كەسەی كە بە ناوی چارلز بوڤارییەوە، لەلایەن نووسەرەوە وێنەگیراوە، كەسێكی سەتحیو بێ هەستو بێ موبالاتە. ئیما بوڤاری كە ڕۆمانانی ئاشقانەو رۆمانسی وەكو "پولو فیرجینی" خوێندووەتەوە كە دەبینیٚ چارلز ئەوەندە وشكو ساردو سڕە، دڵی تێك هەڵدیٚ. هەرچەند هەوڵ دەدات شتێك بدۆزێتەوە كە كەمێك بیهێنێتە جۆشو خرۆش، بیهێنێتە سەر شەوقو زەوق فایدە نییە. لەبەر ئەمە ئیمای گەنجو پڕ هەستو سۆزو جۆشو خرۆش كە چاوەڕوانی پزیشكێك بوو تا حوزووری ئامادەی كڵپەسەندنی ئەو، هەڵگیرسێنیٚ، ڕۆژ بە ڕۆژ لەو دوورتر دەكەوێتەوە.

٣٧- بڕوانە بەشی دووەم، فەسڵی چوارەم.

٣٨- بڕوانە بەشی دووەم، فەسڵی نۆیەم.

٣٩- ئیما، لە پەیوەندی ئاشقێنی خۆیدا دەگەڵ رودولوفدا، ژنێكی سادەو ساویلكەو مندالانە دەنوێنیٚ. چیرۆكنووس دەنووسێت كە لە وەرزی زستاندا رودولوف هەفتەی سیٚ چوار جار بۆ باخەكەی ئەوان دێتو پاشان كاتیٚ چارلز بوڤاری بیٚ خەمو خەیاڵ، بیٚ ئاگا لە هەموو شتێك، شەكەتو ماندووی كار لێی دەخەوێت، ژنە بە جلی خەوەوە لە جێگاكە دەخزێتە دەرەوەو خۆی دەگەیەنێتە فاسقەكەی خۆیو ئەو دووانە بەدەم هەڵ لەرزینەوە، لە گۆشەیەكدا یەكدی دەگەوزێنن. جارێك لاساری و سەركێشی پیاوە دەگاتە ڕادەیەك كە ژنە دەباتە ژووری كاركردنی مێردەكەیەوە. كاتیٚ ئیما پێی دەڵێت هەقە هەمیشە دەمانچەیەك لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێت، نەبا مێردەكەی بێت بەسەریاندا، رودولوف، بە تەوسو پێكەنینەوە دەڵێت: "لەبەر چی؟ لە ترسی ئەم مێردە بیٚ غیرەتەی تۆ..."

لەم هاتوچۆیەدا ئیما بۆ ئەوەی ئەشقی خۆی بۆ رودولوف بسەلمێنیٚ، كارێن پێكەنیناوی دەكات. بۆ نموونە داوێك لە زلفی خۆی دەكاتەوەو بە دیاری دەیدا بەو یان داوای داوێك لە قژەكەی ئەو دەكات. داوای لێدەكات تا ئەڵقەیەكی بۆ بكڕێت كە رودولوف هۆی ئەمەی لێدەپرسێت، وەڵامی دەداتەوە: بۆ ئەوەی هەتا هەتایە پێكەوە بین....

كردارو گوتاری ئیما لە هەموو شوێنێكدا بەلای رودولوفەوە كە ئەشرافزادەیە، گەوجانەو دێهاتیانەیەو بە جۆرە لاسایی كردنەوەو ئەتوایٚكی بۆروازیانەی دەبینیٚ، بەڵام ئەو گویٚ بەم مەسەلانە نادات، كاتیٚ ژنەی گەنج پێی دەڵێت: "بە رۆژەوە مەیە دیدەنی منو ئاشقێنی و چاو بڕكێم دەگەڵدا مەكە، چونكە بە رۆژەوە خیانەتەكانی خۆمم بیر

دەکەویتەوە!" رودولوف هەمان کار دەکات کە ئەو دەیەوێ، بەڵام لەدڵی خۆیدا گاڵتەی پێدەکاتو بە سووك تەمەشای دەکات.

٤٠- یەکێك لەو هۆیانەی کە ئیما بوڤاری مێردەکەی خستبووە سەر ساجی عەلی، ئەمە بوو کە ئیما، لەو سەروبەندەدا کە ئاشقێنی دەگەڵ رودولوفدا دەکرد، بۆ ئەوەی رۆژ لە دوای ڕۆژ جوانتر بنوێنێ جلو بەرگی فاخیرو عەتری گرانبەهاو خشڵو زێوەری قورسی دەکڕی. هەروەها بەردەوام دیاری بۆ رودولوف دەکڕی، هەرچەندە ئەم دیاریانە بۆ گەنجێکی دەوڵەمەندی وەکو رودولوف هیچ نەبوون، بەڵام بۆ پیاوێکی وەکو چارلز بوڤاری زۆر گران دەکەوت. یەکێك لەو هۆیانەی کە رودولوف زوو لە ئیما دوور خستەوە، ئەمە بوو کە ئیما بەردەوام داوای لێدەکرد کە پێکەوە بۆ شوێنێك هەڵێنو ژیانێکی تازە دەست پێبکەن، کە ئەم پێشنیازە بەلای ئەم پیاوە گەنجەوە، زۆر بێ مانا بوو.

٤١- بڕوانە بەشی سێیەم، فەسڵی سێیەم.

٤٢- دیداری ئیما بوڤاریو رودولوف، خەمناك و کوشندەیە. رودولوف دەزانێ کە ڕووداوێکی ناگەهانیو چاوەڕوان نەکراو ئەوی کێشاوەتە ماڵەکەی ئەو، بەڵام لەوە ناگات کە ئەمە پێویستی مادیە. کاتێ ئیما پێی دەڵێت "سێ هەزار فرانك قەرزم بدەیەو ژیانی من بکڕەوە." رودولوف بە خوێنساردی لە جێگا هەڵدەستێو دەڵێت: "بە داخەوەم گیانەکەم. تۆ بەخۆت دەزانی کە من ئەم پارەیەم نییە." هەڵبەتە ئیما دەیزانی درۆ دەکات، چونکە بەهای هەر شتێکی ناو ژوورەکەی لەو پارەیە زۆر زیاتر بوو.

٤٣- لەو ساتی داماویەدا کە ئیما دەیەوێت ڕووبکاتە هەر کەسێك تاپارەیەکی لێوەربگرێت، خوێنەر وا تەسەور دەکات کە ئیما ئامادەیە بۆ ئەو مەبەستە پەنا وەبەر لەشفرۆشی بەرێت، ئەمە ئەو شتە بوو کە ژنانی هاو عەسری فلوبیری زۆر تووڕە کرد. بە نۆڕینی ئەوان لەشفرۆشی لە پێناوی ئەشق یا ڕابواردن لە پێناوی ڕەواندنەوەی بێزاری ژیان جیایە لە لەشفرۆشی لە پێناوی پارەدا . بەڵام سەرەنجام، زەمانێك دێت کە ئیما بڕیاری خۆکوژی دەدات. لێرەدا ئیما لە خەمی هەرەسو داڕوخانی ژیاندا نییە، بەڵکو بیر لە ئەشقی لە دەستچوو و روحی فریو خواردوو و غرووری پایەماڵ بووی خۆی دەکاتەوە. ئێستا وەختی ئەوەیە کە تۆڵەی دڵی خۆی لە هەمووان بکاتەوە: مردنو پەنا بردنە بەر گۆڕی ساردو سڕ.

٤٤- بڕوانە بەشی سێیەم، فەسڵی هەشتەم.

٤٥- فلوبیر لە فەسڵەکانی کۆتایی ڕۆمانەکەدا، رقی خوێنەر لە هەموو کاراکتەرانی ئەو ژیانە، هەڵدەستێنێ .کاتێ تابووتەکەی ئیما بوڤاری دەخەنە گۆڕەکەوەو چارلزی خەمبارو نەخۆش بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، ئەوانەی کە لەم ڕووداوەدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەستیان هەبووە، هەموو بێ خەمو خەیاڵو خوێنسارد درێژە بە ژیانی خۆ

دەدەن. رودولوف، لە ماڵەکەی خۆیدا مژوولی ئیسراحەتەو بە کەماڵی خەمساردی دەخەوێ. لیونش بە هەمان شێوە، لە ناوەندی ڕووداوەکەوە دوورەو هەر مێشیش میوانی نییە. دایکی چارلز کە بۆ پەرستاوی کوڕەکەی هاتووەتە ماڵێ، لە کانگای دڵەوە خۆشحاڵە کە جارێکی دی بووەتەوە بە خاوەنی کوڕە لە دەستچووەکەی خۆی و لە ئێستا بە دواوە دەتوانێ لە گەڵ ئەودا بژی. ئومە، دکتۆری دەرمانسازش نقومی دنیای فریوکارانەو ڕیائامێزی خۆیەتی و هەرگیز خەمی ئەوەی نییە کە ئەویش لەم مەرگەدا بەشدارە. لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە کە "برت"ی کیژی "ئیما بوڤاری"ش هەر زوو دایکی خۆی لە بیر دەکاتو بەمجۆرە لەم تازیە نامەیەدا تەنیا کەسێك دەمێنێ و پەیوەندی بەوەوە دەکات خودی چارلزە.

٤٦- چارلز بوڤاری، بەر لە مردن، ڕۆژێك رودولوف دەبینێ، کابرای خیانەتکار هەوڵدەدات لە ژێر نیگای پڕ گازاندەی چارلز هەڵێت بەڵام ناتوانێت و دەعوەتی پێکێك مەشرووبی دەکاتو سەرەنجام چارلز تەنیا یەك قسە دەکات ئەویش ئەمەیە: "ئەمە درێغی تۆ نەبوو، درێغی چارەنووس بوو!" هەڵبەتە ئاساییە کە رودولوف لەو ساتەدا بە گەوجێتیەکانی ئەو پێدەکەنێ.

٤٧- دیمەنی مردنەکەی چارلزیش زۆر بە سوێ و خەمناکە. ئاشقی ڕەنجکێش و خیانەت لێکراو، لە حاڵی مردندایە، لە سەر کورسی نێو باخەکە هەڵدەستێت تا بڕواتە ژوورەوە، کە لە کوتو پڕێکدا تاپۆی مەرگ لە بەردەم خۆیدا دەبینێ برتی کچی خۆی کە لەو نزیکانە دەبێت بانگ دەکات. کچە بەو خەیاڵەی کە بابی نیازی گەمەو شۆخی هەیە، بە دەست پاڵێکی پێوە دەنێت. بابی بەدەما دەکەوێتە سەر ئەرزەکەو ئیدی هەڵناسێتەوە، تومەز مرد بوو.

٤٨- لە بنەڕەتدا چیرۆکنووسین، هونەری کۆپی کردنەوەی ژیانی واقیعییە، بەڵام نووسەر ئامانج و مەبەستو پەیامی خۆی لە میانەی گێڕانەوەو دەربڕینی بەسەرهاتو ڕووداوەکەوە بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێ. جیاوازی بنەڕەتی چیرۆکنووسانی ریالیست لەگەڵ چیرۆکنووسانی دیکەدا ئەمەیە کە ئەوان زیاتر پابەندی تەبیعەتی ژیانن، ئەو کەس و شتو شوێنانەی کە لە چیرۆکەکانی خۆیاندا باسی دەکەن، دروست بەو شێوەیەیە کە لە دنیای واقیعدا هەیەو بە خەیاڵ رتووش نەکراوە. ئەم بزووتنەوە ریالیستیە کە ساڵی ١٨٥٠دا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا دەستی پێکرد، هەر لە مەیدانو واری چیرۆکنووسیدا نەبوو، بەڵکو لە شیعرو دراماشدا هەبوو، بەڵام رەنگدانەوەکەی لە واری چیرۆکنووسیدا، لە وارەکانی دیکە پتر بوو. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە وڵاتی فەرەنسادا نەبوو، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاواشدا کاری کردە سەر داهێنەرانو هونەرمەندان. ناودارانی رێبازی ڕیالیزم لە واری چیرۆکنووسیدا بریتین لە: جوڤانی ڤیرگا (١٨٤٠- ١٩٢٢) چیرۆکنووسی ئیتاڵیایی، بنیتو پرزگالدوس (١٨٤٣- ١٩٢٠) چیرۆکنووسی ئەسپانیایی، چارلز

**دیکنزو جۆرج ئیلیوت، چیرۆکنووسانی ئینگلیزی، ویلیام دین هاولز (١٨٣٧– ١٩٢٠) چیرۆکنووسی ئەمریکایی، گوتفرید کیلەر (١٨١٩– ١٨٩٠) هەردوو نووسەری ناوداری رووس ئیڤان تورگینیف و لیو تولستوی، دوو ناوی دیاری سەر بەم شێوازو ستایلەن‌و زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانیان ئاوێنەی راستەقینەی ژیانی میللەتی رووسیای ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەیە.**

**٤٩– سەبارەت بە رێبازی ناتورالیزم بڕوانە رۆمانی نانای ئەمیل زولا، لە هەمان کتێبدا.**

**٥٠– رێبازو قوتابخانەیەکە کە بە ئینگلیزی** Psycholgical Realism**ی پێدەڵێن.**

**٥١– بڕوانە پێشەکییە دوورو درێژەکەی فرانسیس ستیگمولر لە سەرەتای پاچڤەکەی مەدام بوڤاری چاپی ١٩٥٧ی نیویورك.**

**٥٢– پول بورزە (١٩٣٥– ١٨٥٢) بە خۆی لە جوملەی ئەو چیرۆکنووسە ناودارانە بوو کە بە بەرهەمە شایستەکانی خۆی قوتابخانەو رێبازێکی تازەی لە هەنبەر ناتورالیزمدا هێنایە ئاراوە. بۆچوونی ئەو دەربارەی گوستاف فلوبێر و رۆمانی مەدام بوڤاری، شایانی سەرنجە.**

**٥٣– پییر میل (١٨٦٤– ١٩٤١) رۆژنامەنووس، چیرۆکنووس‌و رەخنەگرە.**

**٥٤– لویس برتران (١٨٠٧– ١٨٤١) نووسەرێکی سەدەی نۆزدەی فەرەنسایە.**

**٥٥– بڕوانە، ئینسایکلوپیدیای ئەمریکانا، بەرگی هەژدە، ل ٩٦...**

**سەرچاوە:**

**سیری در بزرگترین کتابهای جهان/ جلد دوم/ تالیف: حسن شهباز، موسسەی انتشارات امیر کبیر / تهران ١٣٨٩.**

## ٦- ماڵاوایی لە چەك*

**ئێرنیست (میلەر هەمینگوای)**

**(١٨٩٩- ١٩٦١)**

لە چیرۆکنووسە گەورەکانی ئەمریکایە. بەرهەمەکانی بابەتی هەمە جۆریاتن لە خۆگرتووە، لە شەڕەوە بیگرە تا دەگاتە ڤیانو خۆشەویستی و ململانێ. ڕێچکەی کورتبڕی ئەو لە واری چیرۆکنووسیدا، بۆ خۆی شاکارە.

هەمینگوای لە ساڵی ١٩٥٣دا خەڵاتی پویتزری وەرگرتووە و پاشان خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵی وەرگرت.

***

### ماڵاوایی لە چەك

چیرۆك و بەسەر هاتی ئەفسەرێکی گەنجە لە بەشی نوژداری سوپای ئیتاڵیا، لە یەکەم جەنگی جیهاندا. ئەم بەرهەمە، دژی جەنگە کە نائومێدیو یوچیو بێ ئاکامی و ڕەنج بێوەری لە سەرانسەریدا شەپۆل دەدات. ئایا فردرێك هنری قارەمانی چیرۆکەکە خودی ئێرنیست هەمینگوایە؟

***

ئەم پیاوە قارەمانانە هاتە دنیاوەو قارەمانانە مرد. دۆستە نزیکەکانی دەیانگوت کە ئەگەر هەمینگوای لە مەیدانی نووسەریدا، نەبوایە بە کەسێکی نێودار، بێگومان لە مەیدانی وەرزش یا جەنگ یا ڕاووشکار یا جیهانگەڕیدا، دەبوو بە تاقە سوارەی مەیدان.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەو ڕیسککاری بوو، خۆی لە کارێن مەترسیدار دەدا. بە درێژایی تەمەنی شەستو دوو ساڵەی هەرگیز لە گۆشەیەکی ئەمینو دوورەپەرێز نەژیاوە. کاتێ منداڵ بوو، قولاپی ڕاوە ماسیو ساچمەزەنەکەی خۆی هەڵدەگرتو ڕووی دەکردە پارکە سروشتیەکانی دەوروبەری ماڵی خۆیانو کەس ئاگای لێنەبوو تا شەوێ بە کۆڵە پشتیەکی پڕ لە باڵندەو ماسییەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. کە پێی نایە تەمەنی نۆلاویەوە، یا لە مەیدانی فوتبۆڵدا خو نوێنی دەکرد یا لە مەیدانی بۆکسێندا، شوێنەواری زامەکانی بەدەنیو کەپووی شکاوی ئەوەیان نیشاندەدا کە هیچ باکی بە تێکشکانو مەرگ نییە.

کاتێ گەورەتر بوو، حەوسەڵەی درێژەدان بە خوێندنو مانەوەی لە ژینگەی تەنگو سنووورداری ئەوك پارك(١)، نەما. ئیدی ڕوویکردە شارە گەورەکانو بۆ ئەوەی کارێکی پڕ جمو جوڵی بەدەست بکەوێت، بوو بە پەیامنێری ڕۆژنامەیەك. هێشتا نۆزدە ساڵی تەواو نەکردبوو، کە لە پشت ئەمبولانسێکی سوپاییەوە دانیشتبوو و لە شەڕگەی جەنگی ئیتاڵیادا، سەربازانی نیوەگیانی بۆ نەخۆشخانە مەیدانیو گەڕۆکەکان دەگواستەوەو لەم مەیدانی شەڕەدا بوو، کە بە هۆی تەقینەوەی بۆمبێك لە دە مەتری ئەوەوە، بە سەختی بریندار بوو و لە مردن گەڕایەوە.

وێڕای ئەمەش نەمردو توانی بیرەوەریانی سەردەمی جەنگی خۆی لە کتێبێکدا تۆمار بکات، کتێبێك کە لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوەو ناوی خاوەنەکەی لە سەرانسەری جیهاندا خستە سەر زاران. ئەم کتێبە ناوی (مالاوایی لە چەك بوو)و ئەو کەسەی کە بەو وەستاییە نووسی بووی، ئێرنیست هەمینگوای ناو بوو.

ئێرنیست هەمینگوای، دەقاو دەق وەکو قارەمانانی رۆمانەکانی، بۆ نموونە فردریك هنر لە رۆمانی مالاوایی لە چەك یا رۆبەرت گوردن لە رۆمانی زەنگ بۆ کێ لێدەدرێ، یاسا نیتاگو لە رۆمانی پیرەمێردو دەریادا، ئینسانێکی دلێر و خەباتکار و کۆڵنەدەر بوو. لە رووی بەدەنیەوە، کەسێکی کەتەو زەلامو قورس بوو، نزیکەی سەدو پێنج کیلۆ بوو. لە گەنجیدا، لە دەستەی سەنگین کێشاندا، دەچووە کێبڕکێی بۆکسێن. جارێك هاری سیلڤستر کە لە قارەمانانی بۆکسێن بوو دەڵێت: "من کەسی بە هێزی وەکو ئێرنیستم نەدیووە.(٢)".

لە فوتبۆڵدا، هەڤڕك‌و حەریفەکانی، خۆیان لێ دەپاراست‌و لە شکاری حەیواناتی دڕندەو کێویدا، هێندە بێباك بوو کە ڕێنوێنە ئەفریقاییەکان، بە ترسەوە دەیانڕوانیە بێباکی ئەو. وێنەیەکی دیکەی سیمای ئێرنیست هەمینگوای دەتوانرێت لە بەفرێن کلیمانجارودا ببینرێت، کابرایەك کە تووشی گانگریا بوو بووو لە مردن نەدەترسا. کاتێ بۆ ئەسپانیا دەڕۆیی تا شەڕی ماتادوران دەگەڵ گای هۆڤیدا ببینێ، لەو رۆژانەدا کە مەیدان خاڵی بوایە، خۆی دەگەڵ گایەکاندا بەشەڕ دەهات‌و هەرگیز ترسی ئەوەی نەبوو کە خوێنەکەی لمەلانە گەرمەکە بڕەنگێنێ. خۆ لە راوی ماسیدا لەمەش بێباکترو دلێرتر بوو. دەقاو دەق وەکو قارەمانی پیرەمێردو دەریا، سواری بەلەمێك دەبوو و روویدەکردە قولایی دەریا. حەزی دەکرد نەهەنگ ڕاو بکات، هەندێجار ماسی ئەوتۆی ڕاو دەکرد، سێ ئەوەندەی خۆی دەبوو(٣). لە کارێن فیکریشدا، کارەکانی هیچیان لە زۆرەبانییە بە دەنیەکانی کەمتر نەبوو. کاتێ دەیویست ڕۆمانی زەنگ بۆ کێ لێدەدری بە چاپ بگەیەنێت، وەشانکارەکە پێشنیازی کردبوو کە سووکە دەستکارییەك لە هەندێ فەسڵی رۆمانەکەدا بکات. هەمینگوای بۆچوونەکانی ئەوی پەسند کردبوو. لەو زەمانەدا کە هاوینی ساڵی ١٩٤٠ بوو، ئەو لە میامی دەژیاو وەشانکارەکە ئاکنجی نیویورك بوو، هەمینگوای فارگۆنێکی قیتاری نێوانی میامی‌و نیویورکی، دەربەست بەکرێ گرت‌و لە گەرمای پەنجا پلەی سەرووی سفردا، ماوەی دوو شەو و ڕۆژ، پەیتا پەیتا کاری کرد تا تەواوی کرد. کاتێ پرۆڤەی پیت چنینەکەیان دابوویە، کە دوا هەڵەچنی بکات، چوو بووە ژووری ئوتێل‌و نەوەدو شەش دانە سەعات بەبێ خواردن و خەوتن کاغەزانی هەڵەچن کردبوو و دابویەوە بە وەشانکارەکە. کارەکەی بە ڕادەیەك سەیر بوو کە هیچ کەس باوەڕی نەدەکردو هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون کاری هەڵەچنی، بەلای کەمەوە دوو هەفتە بخایەنێت(٤).

هەمینگوای لە کاری جڤاکی‌و کۆمەلایەتیشدا، کەسێکی بوێرو بێباك بوو. دەستی دۆستایەتی‌و یارمەتی بۆ هەموو کەسێك درێژ دەکرد و لەگەڵ هەموو کەسێکدا تێکەڵ دەبوو. زۆری دەستدەکەوت و زۆری خەرج دەکردو هەرگیز ترس‌و خەمی ئەوەی نەبوو کە ڕۆژێ لە رۆژان دووچاری هەژاری‌و نابووتی ببێت. لەم رووەوە و لە باری زەلامی کەلەشەوە، ڕەنگە بشێت

به ئەلکساندەر دومای باوك بشوبهێنرێ. دوما، ڕەگێکی ڕەشی تیا بوو، چونکە دایکی خەڵکی هایتی بوو. بەڵام هەمینگوای لە داك‌و بابەوە سپی بوو. هەروەها وەکو دوما، منداڵێکی حەرامزادە نەبوو. بەڵام لە ڕووی ڕووخۆشی‌و کراوەیی‌و، دەست بڵاوی‌و دڵاوایی‌و هاوڕێتیەوە، هەردووکیان وەکو یەك بوون.

لە ساڵانی دوای دووەم جەنگی جیهان، کاتێ لە کۆشکە ئەسپانیاییەکەی خۆیدا، لە فینکا ڤیگیا، لە نزیکی هاڤانای پایتەختی کوبادا دەژیا، ژیانی وی شێوەیەکی ئەفسانەیی‌و خەیاڵی لە خۆگرتبوو، چێشتچیە چینییەکەی هەرگیز نەیدەزانی کە ئاغا بۆ فراڤین یا شیو چەند میوانی هەیەو کارەکەران و خزمەتکارانی ماڵەکە، قەت نەیاندەزانی کە دەبێ پێشوازی لە چەند نەفەر بکەن. ماڵەکە هەمیشە لە میوانا جمەی دەهات‌و پتر لە پەنجا پشیلەی دڵخوازی خۆی‌و ژنەکەی، لە بەینی دەست‌و پێی خەڵکەکەدا دەسوڕانەوە.

هەمینگوای، سەرگەرمیەکی دیکەشی هەبوو، کە بریتی بوو لە چەلۆژەنین. ئەمە یادگارێك بوو لە دایکیەوە بۆی مابووەوە. دایکی موزیك ناس بوو و گۆرانیشی دەگوت. کاتی خۆی بە بۆنەی لە دایکبوونی کوڕەکەیەوە، دیارییەکی بۆ کڕی بوو، ئەویش چەلۆ بوو. بە جۆرێ ڕمووەدەی ئەم ئامێرە مۆسیقیە بوو بوو کە قەت لە خۆی دوور نەدەخستەوە. کاتێ دەچوو بۆ قوتابخانە، کاتێ کە لە ئورکستەری قوتابیاندا بەشداری دەکرد. هەندێجاریش دەگەڵ کارگێڕانی بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی قوتابخانەییدا هاوکاری دەکرد، بەڵام گەورەترین عەشق‌و حەزی ئەو، ئاوێتە بوون بوو دەگەڵ دیمەنە سروشتییەکاندا. ئیدی خۆی بە قوڵایی لێرەوارو بێشەکاندا، بە بناری کێوەکاندا یا قوڵایی دۆڵەکاندا، بەو شوێنانەدا کە ئاوی بە هاڕەو هاژەو کەفچەڕینی روبارەکان بە سەر یەکدا دەڕژان، دەکرد تا تێکەڵاوی دیاردەکانی ژیان بێت‌و بیریان لێبکاتەوە. لەو ساڵانەدا، تەنیایی و ڕامان دوو یاری هەمیشەیی ئەو بوون.

خوێنەرێك کە لە نزیکەوە، سەرو سەختی دەگەڵ بەرهەمەکانی هەمینگوایدا هەبێت، لە خۆی دەپرسێت، چۆن گەنجێك کە لە ڕووی خوێنەوارییەوە، تەنیا قۆناخی ناوەندی تەواو کردبێت‌و بۆ ماوەیەکی کەم پەیامنێری چەند بڵاوکراوەیەك بووبێت، بتوانێ ڕۆمانێکی وەکو ماڵاوایی لە چەك بنووسێت. ئایا ئەزموونی چەند مانگێك، وەکو شوفێری ئەمبولانسێکی خاچی سوور لە بەرەکانی شەڕی باکووری ئیتاڵیا، دەتوانێ ودەشێت دەست مایەیەکی ئەوتۆی بداتێ کە شاکارێکی پێ بخوڵقێنێ؟ چ بلیمەتیەکی شاراوە لەم ئینسانە بێ ئۆقرەو ریسکبازەدا هەبووە، کە بتوانێ بەرهەمێکی ئەوەندە ناوازەو دەگمەن بافەرێنێ؟

هەمینگوای لە شەوی ١٩١٨/٧/٨دا، لە کاتێکا بلەز ئوتومبیلێکی پڕ لە زامدارانی جەنگی بە قەراخ گوندی پیاڤدا بەرەو نەخۆشخانەی مەیدانی‌و گەڕۆك دەبرد، دووچاری ڕووداو بوو و پای ڕاستی بە سەختی ئاسیوی دیت. بە پەلە گەیاندیانە نەخۆشخانەو ئەگەر هەوڵی چەند جەڕاحێکی خاچی سوور نەبوایە، دەبوایە لاقی ببڕێتەوە. هەمینگوای لە نەخۆشخانەی میلان، ئاهەنگی بیستەمین ساڵیادی لە دایکبوونی خۆی گێڕا. دوای چەند مانگێك کە پێی ئەرزی گرتبوو، بۆ شیکاگۆ ڕۆیی‌و لەوێندەر نزیکەی دوو دانە ساڵ خەریکی کاری ڕۆژنامەوانی بوو. لە

مانگی ١٩٢١/١٢دا، وەکو پەیامنێری ئەوروپایی ڕۆژنامەی (تورنتوستار) ئەمریکای بەجێهێشت و بۆ فەرەنسا هات. هەرچەندە ئۆفیسی کارەکەی لە پاریس بوو، بەڵام بۆ ماوەی پێنج دانە ساڵی یەك لە دووی یەك سەفەری وڵاتانی ئیتالیا، سویسرا، ئاڵمان، یۆنان و ئەسپانیای کردو وتاری سیاسی و هەواڵی بۆ بڵاوکراوەکەی خۆی نووسی و ئامادە کرد. پێویستە ئەوە بگوترێ هەر گۆڕان و گەشەکردنێکی بەهرەی هەمینگوای و پەروەردەی بەهرەو توانای نووسەرایەتی ئەو، لەو چەند ساڵەدا روویدا کە لە پاریسدا دەژیا. چونکە لەم ساڵانەدا دەگەڵ خەڵکانێکدا دەژیا کە هەر یەکێکیان پاشان بوو بە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی ئەدەبی وڵاتی خۆی. ئەم خەڵکانە بریتی بوون لە: جیمس جویسی چیرۆکنووسی نوێگەرای ئینگلیزی، ئەزرا پاوەندی شاعیری ئەمریکایی و شروود ئاندرسن و گرترود ستاینی چیرۆکنووسانی ئەمریکایی.

گرترود ستاین کە لەو سەرو بەندەدا، خانمێکی بەتەمەن بوو و خۆی تازە کتێبی (چۆن ئەمریکاییان دروست بکرێن)ی بڵاوکردبووەوەو لە خەڵکانی دی زیاتر هەمینگوای گەنجی هاندەدا تا واز لە رۆژنامەوانی بێنێت و ڕوو بکاتە چیرۆکنووسی. لەوە دەچێ بە هۆی پێداگری ئەوەوە بووبێ کە هەمینگوای هەر بۆ خۆ تاقیکردنەوە سێ چیرۆکی کورتی نووسی و هەندێ بەیتیشی نووسی و لە ساڵی ١٩٢٣دا، هەموویانی لە یەك بەرگداو بە تیراژی کەم و لە ژێر سەرناڤی سێ چیرۆك وده شیعردا بڵاو کردەوە. دوای ساڵێك چیرۆکێکی کورتی بە ناونیشانی(لە سەردەمی ئێمەدا) بڵاوکردەوە کە دەشێت بە پەخشانە شیعر دابنرێ. بەڵام هێشتا کارێکی گەورەو شایستەی ئافەرینی نەکردبوو. ئەندرسن کە نزیکەی بیست و سێ ساڵ لە هەمینگوای گەورەتر بوو و چەندین بەرهەمی بڵاوکردبووەوەو شۆرەت و ناوبانگی لە ئەمریکا و ئەوروپا دەکرد بوو، لەو سەردەمەدا چیرۆکێکی بە ناونیشانی (قاقای تاریك) بڵاوکردبووەوە. هەڵبەتە ڕۆژنامەنووسی گەنج، کە تازە دەیوست، پێ بنێتە مەیدانی چیرۆکنووسانەوە، کاری ئەم نووسەرەی بە دڵ نەبوو، بایەخی بە نووسینەکانی نەدەدا، لە کاتێکا کە بە گوتەی جون لهمانی ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەمریکایی، لە ساڵانی ١٩٢٠– ١٩٣٠دا لە مەیدانی ئەدەبی ئەوروپاو ئەمریکادا چوار کەس هەبوون کە چیرۆکنووسانی گەنج هەوڵیان دەدا باشتر و زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەواندا پەیدا بکەن و لە واری نووسیندا ڕێچکەو ڕێبازی ئەوان بگرنە بەر، ئەم چوار کەسە بریتی بوون لە شروود ئەندرسن، ئیدوارد مورگان فورستەر، ویلفرد ئووین و دی، ئێچ – لۆرانس.

بە هەر حاڵ، هەمینگوای شروود ئەندرسنی بە هیچ نەدەزانی و باوەڕی وابوو لە چیرۆکی قاقای تاریکدا لاسایی گرتروود ستاینی کردووەتەوەو بۆ نیشاندانی مەبەست و ئامانجی تەنزئامێزی خۆی چیرۆکێکی نووسی بە نێونیشانی سێڵاوی بەهارە، کە لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجاڕیانەی چیرۆکەکەی ئەو بوو و بووە مایەی زیز بوونی هەردوو نووسەر لە یەکدی(٥).

ڕەخنەگرانی ئەدەب و ئەوانەی کە هەمینگوایان لە ڕووی ئەخلاق و کردارەوە هەڵسەنگاندووە ئەم چیرۆکەی ئەویان بە دڵ نەبووەو بگرە سەرزەنشتیانیش کردووەو بەڵام لە هەندێ ڕووەوە

ویستویانە پاکانەی بۆ بێننەوە بەو بیانووەی کە دووچاری نەخۆشی سکتیزوفرنیا، یان نەخۆشی جووت شەخسیەتی بووە، بۆیە ئەو جۆرە هەڵوێستانەیان لێنەدەگرت.

لە هەمان ساڵدا، یەکەمین چیرۆکی بایەخداری خۆی نووسی. ئەم چیرۆکە کە لە ژێر سەرناڤی (هەتاو هەڵدێتەوە)(٦) بوو، بەسەرهاتێکی نەوەی سەرگەردان و گومڕای دوای جەنگ بوو.

ڕۆمانی (هەتاو هەڵدێتەوە) پەیامێك بوو بۆ هەوادارانی ئەدەب کە نووسەرێکی مەزن بەڕێوەیە. ساڵی دواتر کۆچیرۆکێکی بلاوکردەوە لە ژێر سەرناڤی پیاوانی بێ ژن، ئەم کۆچیرۆکە ئەوەی نیشاندەدا کە نووسەر لە هەوڵی خۆ دروستکردندایە، تا ئەوە بوو لە بەهاری ١٩٢٩دا، ڕۆمانێك هاتە ئاراوە کە شۆرەتی جیهانی پێبەخشی و ئەم ڕۆمانە ناوی (ماڵاوایی لە چەك بوو).

ماڵاوایی لە چەك، چ جۆرە چیرۆکێك بوو وا لە ساڵەکانی ئاخرو ئۆخری دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمدا لە ناکاوا ناوی ئەوی لە سەرانسەری جیهاندا خستە سەر زاران و عینوانی یەکێك لە گەورەترین چیرۆکنووسانی پاش جەنگی جیهانی بۆ ئەو مسۆگەر کرد؟

لەم ڕۆمانەدا، دەنگو هاواری پیاوێکی ڕەنجدیدە دەبیسترێ کە باسی سێ شت دەکات: جەنگ، ئەشق، مەرگ. قسە تاڵ و ڕوح تەزینە. ناداتە تانی درێژ دادڕیو لە خەت دەرناچێت و هەموو شتێك لە کورتی دەبڕێتەوە، بە ڕاشکاوی و بێئەوەی شاخو گوێی لێبنێ دەردەبڕێتو هەر ئەم شێوازەیە کە دەشێت بە شێوازی ئەمریکایی بە گشتیو بە شێوازی ستایلی هەمینگوای بەتایبەتی، ناو ببرێت. واقیعی خەمناکی چیرۆکەکە ئاوێتەی قەڵەمی شاعیرانەی نووسەر بووەوەو دیمەنی ترسناکی جەنگو وێرانیو بەدبەختی لە لایەکەوەو ئەشقو وەفاداریو ناکامی لەلایەکی ترەوە، لە بن دێڕی ڕۆمانەکەوە لە بەردەم خوێنەردا بەرجەستە دەبێتو ئەم پرسیارەی لە هزرو زەیندا دروست دەبێت کە ئایا بەشەر شایستەی ئەوەیە کە لە خوتوخۆڕایی، بەبێ هۆ خوێنی خۆی بڕێژێتە سەر زەویو پاشان بۆ ئەم ڕۆژ ڕەشیەی خۆی جۆگەی فرمێسك هەڵبەستێ ؟

ئەم ڕۆمانە کردیە کارێك کە نەك هەر بە خێرایی لە جیهاندا دەنگ بداتەوەو بە گەرمی پێشوازی لێبکرێت، بەڵکو نووسەرانی گەنجی والێکرد کە دەستبەرداری شێوازی نووسینی خۆیان بنو، شوێن پێی ئەو لە واری چیرۆکنووسیدا بگرنە بەر. ماڵاوایی لە چەك، وێڕای ئەوەی بە سەرهاتی ڤیانی ئەفسەرێکی ئەمریکایی دەرهەق بە پەرستارێکی ئینگلیزی و شەرحو شرۆڤەی کارەساتو ماڵوێرانیەکانی جەنگ، هونەریانە دەردەبڕێتو دەگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا دەربڕی پەیامێکیش بوو کە هەمینگوای ئەم پەیامەی لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکانیا پاراست کە بریتی بوو لەوەی بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی ژیان دەبێ ئینسان شەهامەتو ئازایەتی هەبێتو بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن دەبێ کۆڵنەدەرو بێ پەرواو بێباك بێت.

هەمینگوای لەم چیرۆکەدا نیگارکێشە. مامۆستای ئەخلاق یا ڕابەری کۆمەڵایەتی نییە. هەرچیەکی دیتووە یا هەستی پێکردووە خستوویەتیە سەر کاغەز، بەڵام ئەوەی بەلای ڕەخنەگرانەوە مایەی سەرسامیە، ئەمەیە کە هەمینگوای چۆن توانیویەتی بەردەوامی لوژیکی چیرۆکەکە بپارێزێتو لەوەش گرنگتر قسەکانی خۆی بەم سادەییو ڕوونی و بێ هەڵەو پەڵەی زەق بنووسێت، ڕستەکانی هەموو کورتنو شێوازی دیالۆگیان هەیەو ئەوە نیشاندەدەن بە

پێچەوانەی گەلێك لە نووسەرانەوە، بە هیچ کلۆجێ هەوڵی نەداوە، نووسینی خۆی بئالۆزێنێ‌و لە خوێنەری بکات بە مەتەڵ.

دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت کە نووسەرانی سەرەتاکانی سەدەی بیست، لە کاری نووسیندا، سەنعەتی لەفزیان زۆر بەکار دەبرد. کتێب لە دیدی خوێنەر یا نووسەرەوە دوو لایەنی هەبوو، یەکێکیان بابەت‌و دووەمیان شێوەو داڕشتن. وەکو ئەوە بوو کە چیرۆکنووس، ئەگەر قەڵەم وئینشایەکی درەخشان‌و بەرچاوی نەبێت، هەقی ئەوەی نەبێت قەڵەم بخاتە سەر کاغەز، بەڵام هەمینگوای ئەم داب‌و نەریتەی شکاند. بابەت‌و نێوەڕۆك، لە جیاتی لە ڕێگای نووسەرەوەو بە پەیڤ‌و ڕستەێن ڕازاوە ئەدا بکرێت، زیاتر لە زمانی کاراکتەرانەوە دەهاتە دەربڕین‌و ئەوەی قسەی دەکرد بێ هیچ خۆ نواندنێکی زمانەوانی، قسەی خۆی دەکرد.

ئەم لادانە لە باوو، ئەم سادە نووسییە، یەکێك بوو لە نهێنییە گرینگەکانی هەمینگوای، کە کردیە کارێك نەوەی نوێ قەناعەت بێنێ کە دەکرێت، سونەت‌و داب‌و نەریت بێتە شکاندن‌و بە زمانی باوی گفتوگۆی ڕۆژانەو ئاسایی، لە نووسیندا بەکار ببرێت. چیرۆکنووسان، بەگوێرەی توانا، خۆیان لە بەکاربردنی زبری لە چیرۆکدا، دەبوارد، ئەشق و ناسکی پێکەوە بوون، ئازایەتی شەقڵی خەیاڵی هەبوو، دڵڕەقی خەمی بە دووی خۆدا دێناو تۆڵە لە حورمان‌و ئازار بەدەر نەبوو، بەڵام هەمینگوای هەر هەموو ئەم یاساو ڕێسایانەی شکاند. لە کتێبی (مەرگ لە دوای نیوەڕۆ)دا، بەوپەڕی دڵڕقیەوە، بە دەر لە هەر سۆزو سۆزدارییەك چیرۆکی ململانێی هۆڤیانەی گابازێکی ئەسپانیایی نووسیوەو ئەم سەربهوردەی بەجۆرێ دەربڕیوەو بەرجەستەکردووە کە خوێنەر پڕ بە لووتی خۆی بۆنی خوێنەکە دەکات.

لە چیرۆکی تەپە سەوزەکانی ئەفریقادا، کە لە ساڵی ۱۹۳۵، واتە نزیکەی شەش ساڵ پاش نووسینی ماڵاوایی لە چەك، بڵاوبووەوە، هەمینگوای خوێنەری لە گەڵ خۆیدا بۆ ڕاوی حەیواناتی کێوی بردووە. هەمینگوای لە دەشت‌و هەردەو باسکەکانی کیشوەری ڕەشدا، ڕاوچیانی بێ بەزەیی و دڵڕەقی چەکداری دەبینی کە بەوپەڕی بێ ڕەحمی دەکەوتنە گیانی، گیانلەبەرانی بێ پەناو لە زەتیان لە ڕشتنی خوێنی ئەم بێ پەنایانە دەبینی، بە هەرحاڵ ئەمە حەقیقەتێك بوو لە گۆڕە. ڕاستە کە خودی هەمینگوای بەشداری لە ڕاوی ئەم دڕندانەدا دەکرد، بەڵام ڕاوچییەکان ئەم کارەیان دەکردو بەم خوێنرێژیە مەستی بادەی غروور دەبوون.

کاتێ هەمینگوای دەهاتە سەر نووسین، دەچووە کڵێشەی نیگارکێشێکەوە کە جگە لە هونەری وێنەگرتن‌و کۆپی کردن، هەستێکی سەیریشی هەبوو و دەیتوانی ئەوەی بە هزرو زەین‌و بیری قارەمانەکانیا دەهات، بخوێنێتەوەو وێنەی بگرێت. لە شەڕێن ناوخۆی ئەسپانیادا، شان بە شانی پارتیزانەکان چووە مەیدانی شەڕەوەو بۆ ماوەیەك دەگەڵ خەباتکارانی پارتیزاندا ژیا، تا لە نزیکەوە دیمەنی ڕاستەقینەی شەڕو گیانبازی ئەوان بدینێ، ئەنجامی ئەم کارانەی، پەیدا بوونی بەرهەمێك بوو، کە ماوەیەك دنیای بەخۆوە مژوول کرد، ڕۆمانێك بوو بە نێوی (زەنگان بۆ کێ لێدەدرێن).

هەمینگوای، لەم رۆمانەدا، ئینسانێکی دڵڕەقە. زبرە، توندو تیژو بێباکە، بەلایەوە گرینگ نییە کە خوێنەر بگری یا بلەرزێ، ئەو گەرەکیەتی کارێ بکات کە خوێنەریش وەکو خەباتکارێکی ئەسپانیایی بێتە ناو سەنگەر ببێ بە کەسێکی وەکو پابلۆی سەردەستەی پارتیزانەکان یان هاوڕێ شادۆستەکەی، واتە ئەنسیلمۆ. بەلای کەمەوە دەیەوێت کەسێك کە رۆمانەکە دەخوێنێتەوە، وەکو خودی ئەو یا وەکو روبەرتی قارەمانی رۆمانەکەی، هەست بە ئازارەکان بکاتو ببێ بە شەریکی خەمی ئەم گیان لەسەر دەستە دلێرانە.

بەرهەمەکانی هەمینگوای، لە دیدی رۆژنامە نووسێکی کارامەو مەعلانەوە، کۆمەڵە ریپۆرتاژێکی جوان و ڕاستگۆیانەن دەربارەی کۆمەڵێك بویەرو سەربهوردێن جیاوازو ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە بێ چەندو چوونەکانی چیرۆکەکانی ئەو.پەیامنێری زرینگ و زیرەك، کاتێ ڕادەسپێردرێت تا رووداوێك بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەیەك بنووسێت،بە جۆرێ شوێنی روودانی بویەرەکە بەرجەستە دەکات،کە خوێنەرەکە خۆی لە هەمان شوێندا دەبینێتەوە.هەڵبەتە ئەرکی هەر رۆژنامە نووسێکی باش، حەقیقەت نووسییە. هەواڵ و ڕاپۆرەکەی نابێت هەڵە بێت. هەمینگوای کە خۆی ڕۆژگارێك پەیامنێری گەڕۆك بوو، هەمان شێوازی لە رۆماننوسیشدا بەکار بردووە.تاقە جیاوازی ئەم دووکارە ئەمەیە کە پەیامنێری ڕۆژنامە، ڕووداوەکە وەکو خۆی بێ کەم و زیاد دەگوازێتەوەو تاقە وشەیەکی خۆی ناخاتە سەر. بەڵام هەمینگوای لە نووسینەکانی خۆیدا پەیگیری پەیامێك دەکات و وەکو هەموو چیرۆکنووسان، فەلسەفەی شەخسی خۆی ئاوێتەی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات.

لە چیرۆکی (بەفرێن کلیمانجارو)دا خوێنەر هەستدەکات کە مەرگ هەنگاو بە هەنگاو لە قارەمانی چیرۆکەکە نزیك دەبێتەوە، تا دەگاتە بەر دەرکی کوختەکەی ئەوو لە درزی دەرگاکەوە دەڕوانێتە کابرایەکی نەخۆش کە تووشی گانگریا بووە. جاری وا هەیە مووی سەری خوێنەر گرژ دەبێتو لە نزیکی خۆیەوە بۆنی هەناسەی مەرگی بەسەردا دێت. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی هەمینگوای. هەڵبەتە ئیجادی ئەم ریالیزمە بە هێز و تاڵو بەرجەستەیە، کاری هەر نووسەرێك نییە.

***

شا قارەمانی، چیرۆکی ماڵاوایی لە چەك کە دەشێت بە (ماڵاوایی لە جەنگ)یش پاچڤە بکرێت، ئەفسەرێکی ئەمریکاییە بە نێوی فردریك هنری، ئەم ملازمە گەنجە کە لە تیپی نۆژداری سوپای ئیتالیادا کار دەکات، جگە لە خودی هەمینگوای، کەسی دی نییە کە لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا، لە لیوای پیادەی سوپای ئیتاڵیا، لە باکووری ئەم وڵاتەدا خزمەتی دەکرد. هەمینگوای بە خۆی شوفێری ئەمبولانس بوو و (فردریك هنری)ش لە یەکەی ئەمبولانس دایە. بەم پێودانگە، دەبێ دان بەم حەقیقەتەدا بنرێت، ئەوەی بەسەر فردریك هنریدا، لە یەکەی ئەمبولانس دێت، کەمو زۆر هەمان ئەو بەسەرهاتانەیە کە بەسەر ئیرنیست هەمینگوایدا هاتووە.

لە چیرۆکی ماڵاوایی لە چەك، فردریکی نێوبراو کە لە پوچی و بێهودەیی ژیان یەجگار وەڕەزو بێزارە. تارمایی و تاپۆی نا ئومێدی لە خەوو لە بێداریدا دەستبەرداری نابێتو هەرچی دەکات

پەناگایەکی بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە کوشندەیە دەست ناکەوێت . لە هەموو کەس‌و لە گشت شتێك بێزارەو دڵی لە جیهان‌و جیهانیان تۆراوەو ئیدی لەم دنیاو گەردوونەدا تەنیا یەك ئومێدی هەیە، ئەویش ئەوەیە بەڵکو ئەمە خوایە رۆژێك لە رۆژان، بگاتە حەقیقەتێك کە بتوانێ کەمێك دڵ بەم عومری بێ بەرە خۆشبکات.

سەردەمی دوایەمین ساڵی جەنگی یەکەمی جیهانەو شوێن دەڤەرێکە بە نێوی گورتیزیا لە ناوچە سنووریەکانی ئیتاڵیاو سویسرا. هەمینگوای، هەوەڵین فەسڵی ڕۆمانی ماڵاوایی لەچەك بەم جۆرە دەست پێدەکات:

لە دوایەمین رۆژانی هاوینی ئەو ساڵەدا، ئێمە لە خانوویەکدا دەژیاین کە کەوتبووە گوندێکەوە، دەیڕوانیە ڕوبارو کەوتبووە دەشتێکی روو لە چیا، زیخ‌و چەوو خرەکە بەرد بە بەستێنی روبارەکەوە دیاربوو. وشك بوو و لە بەر تیشکی خۆرەکەدا سپی دەنواندو ئاوێکی کەمی پێدا دەڕۆیی . ئاوەکە روون بوو و بلەز دەڕۆیی‌و کاتێ دەگەییە کە ناڵەکان ڕەنگی شینی لە خۆ دەگرت. فەوجی سەربازان بە بەرانبەر ئەم خانووەدا تێدەپەڕیێ‌و بە سەمتی جادەکەدا بەرەو خوار دەبووەوەو تەپوتۆزێکیان لە دواوە هەڵدەستاو بە سەر لق‌و پۆپی درەختەکانەوە دەنیشتەوە. قەدی درەختەکان یەکپارچە تۆزو غوبار بوو و ئەو ساڵە گەڵاکان زووتر لە وەختی ئاسایی ڕژان‌و ئێمە بەردەوام بە چاوی خۆ دەمان بینی کە چۆن سەربازەکان بە درێژایی ئەم رێگایە لە حەرەکەتدان‌و تەپوتۆزیان لە ئەرزەکە هەڵدەستان‌و گەڵاکان بە دەم شنەباوە دەلەرزین‌و دەڕژانە سەر زەوی‌و عەسکەر دەستە دەستە دەڕۆن‌و جادەکە چۆڵ دەکەن، ڕێگاکە ڕووت‌و قووت دەهاتە بەرچاو، مەگەر جار جارێك پۆلە گەڵایەك بڕژایەتە سەر عاردی.

دەشتەکە یەکپارچە، شینایی بوو. تەمەشای هەر کوێیەکت دەکرد باخی میوەو بێستان بوو و کێوەکانی ئەوبەری دەشتەکە ڕووتەن‌و مەیلەو قاوەیی دەهاتنە بەرچاو. شەر لەو کێوانە بەردەوام بوو، شەوان بلاّچەی تۆپ‌و هاوەن دەبینرا. کە شەو دادەهات، ڕەنگی هاوێنێکی لە خۆ دەگرت کە کرابێت بە چراخان، بەڵام شەو سارد نەبوو، پێنەدەچوو تۆفانێك بەرێوە بێت.

هەندێجار لە تاریکیەکەدا، گوێمان لە دەنگی پێی سەربازان دەبوو کە بە پشت پەنجەرەی ماڵەکەی ئێمەدا تێدەپەڕین‌و تۆپە قورسەکان، لە تراکتۆران بەسترابوون‌و لە دووی ئەوانەوە دەهاتن. هاتوچۆ لە شەوا زۆر بوو — ئەو هێسترو قاترانەی کە سەندوقە تەقەمەنیان لێبارکرابوو و ئەو بارکێشە قاوەییانەی کە سەربازیان دەگواستەوەو ئەو لۆریانەی کە بارەکانیان مشەماو چادریان پێدا درابوو، بە ئارامی دەجولاّن، تۆپی گەورەو قورسیان بە رۆژەوەو بە تراکتۆر دەپەڕاندەوە — لوولە درێژەکانیان بە گەڵاو چڵ‌و چێوانی کەسك دادەپۆشی‌و تراکتۆرەکانیان بە مێو وچڵ‌و چێوی چڕە گەڵا دادەپۆشی. سەمتی باکوور، دۆڵێك بوو، یەکپارچە دار بە ڕوو بوو، لە پشت دار بەڕووەکانەوە، لەوبەری روبارەکەوە، کۆجارێکی دیکە دەبینرا، لەوێدا جەنگ بەردەوام بوو، بەڵام سەرکەوتنی لێنەدەکەوتەوە. لە مانگەکانی خەزاندا، کاتێ باران دەستی پێدەکرد، گەڵای دار بەڕووەکان دەڕژان‌و لق‌و پۆپەکان رووت دەبوونەوەو قەدی درەختەکان کە باران دەیشۆردنەوە، ڕەش دەهاتنە بەرچاو. ڕەزەکان، بێ ڕەونەق‌و بێ چڵ دەیاننواندو

سەرانسەری ئەم دەشتو دەرو كێوانە، هەركە پاییز دەهات، تەڕو ئامال قاوەیی دەبوونو دەمردن، بەستێنی روبارەكە زۆربەی كات تەمو مژ داییپۆشی بوو و كۆجاڕەكان هەورو، لۆریەكان لە بوارەكاندا پەڕتەنشیان دەكردو قوڕیان هەڵدەداو سەربازەكان قوڕاوی بوونو پاڵتۆكانیان تەڕ بوو، ئەم ڕتوبەتو شێیە سیرایەتی كردبوو بۆ ڕەختە پڕ فیشەكەكانی ژێر پاڵتۆكانیانو بۆ ئەو كیسە چەرمیانەی كە پڕبوون لە فیشەكی كالیبەر ٦ر٥ ملم ئیدی بەرز بوونەوەی ئەم پێویستیانەی جەنگ لە ژێر پاڵتۆكانیانەوە جۆرێ بوو، كە تەمەشای سەربازەكانت دەكرد، لە تۆ وایە هەموو ژنی سكپڕنو سكیان شەش مانگانە.

هەندێ ئوتومبیلی بچووكی خاكی، بلەز تێدەپەڕین. ئەم ئوتومبیلانە بە زۆری لە پێشەوە شوفێرێكو ئەفسەرێكیان تیا بوو و لە دواوە چەند ئەفسەرێك دانیشتبوون. ئەم ئوتومبیلە بچووكانە، لە باركێشە گەورەو قورسەكان پتر قوڕیان هەڵدەدا. ئەگەر یەكێك لەو ئەفسەرانەی كە لە دواوە لە نێوان دوو جەنەراڵدا دانیشتبوو، كەسێكی وردیلە بوایەو هێندە بچووك بوایە كە تەنیا كلاوەكەی لە پێشەوەو پشتە باریكەكەی لە دواوە ببینرایەو ئەم ئوتومبیلە زۆر بە تیژی بڕۆیشتایە، دەشیا وا مەزندە ببرێت كە ئەوە خودی پاشایە. ئەو لە ئودین دەژیاو هەموو رۆژێك بەم ڕێگایەدا تێدەپەڕی تاسەردانی بەرەكانی شەڕ بكاتو بە چاوی خۆی ڕەوشەكە بدینێ، هەڵبەتە پێتڤیە ئەوەش بگوترێ كە ڕەوش و بارودۆخەكە ڕۆژ بە ڕۆژ خراتر دەبوو.

لەگەڵ دەستپێكی زستاندا، باران بە بەردەوامی دەستی پێكرد و دوای ئەوە پەتا هات. ئەنجام چاریان كرد، بەڵام لە كۆتاییدا دەركەوت كە تەنیا حەوت هەزار سوپایی بەو پەتایە مردوون(٧).

ئەو دۆڵی ئودینەی كە هەمینگوای باسی دەكات كەوتووەتە داوێنی چیای ئەلپەوە، یەكپارچە بەفرو بەستەڵەكەو پەڕینەوە لە گوزەرگا كوێستانیەكانی مەحاڵە. سەربازان چاوەڕوانی ڕۆژانی لە بارترن تا بتوانن لە گوزەرگا خەتەرەكان بپەڕنەوەو هێرش بۆ سەر ئۆردوی نەمساویەكان، كە لەو بەری ئەلپە، ببەن. ئەم وەستانە كاتیە درێژەی كێشاو سەربازان بەرە بەرە بۆ سەرگەرمی خۆ، پەنایان بۆ مەیخانەو قەحپەخانەكان برد. لە نێو ئەمانەدا ئەفسەرێكی گەنجی ئەمریكایی بە نێوی فردریك هنری دەبینرێ كە بەوپەڕی خوێنساردی و خەمساردی دەڕوانێتە ڕووداوەكانی دۆڵی ئودین. یەكێك لە سەرگەرمیەكانی ئەو، تەمەشاكردنی حاڵی كەشیشێكە بە نێوی ئابروزی، كە بە نێو سەربازەكاندا هاتوچۆ دەكاتو بەوپەڕی سەبرو حەوسەڵەوە دەڕوانێتە كارێن گوناح ئامێزی ئەوان.

فردریك هەر جارێ كە ئەم كەشیشە دەبینێ، لە خۆی دەپرسێت: " ئەم پیاوی خوایە، چۆن پاكانە بۆ گوناحی ئەم گەنجە مەستو لەوتاوانە دەكات، چۆنە كە دنیای دەروونی ئەو هەرگیز شلوێ نابێت ؟" كاتێ كەشیشەكە دەبینێ كە لەو بەفرو سەرمایەدا، لەو ڕۆژگارەدا كە سێبەری مەرگی شووم باڵی بە سەر هەمووياندا كێشاوە، بەو ئارامیو ئاسوودەییە ئاشقێنی دەگەڵ چیاو دۆڵو ئاسمانو درەختانی رووتو قووتو جۆبارانی بەستەڵەك بەستوودا دەكات، بە خۆی دەڵێت: "بێگومان ئەو شتانێك دەزانێت كە من قەت نەمزانیون"و پاشان، چونكە ناتوانێ لەوەی پتر لەو ژینگەیەدا هەڵبكات، مۆڵەتێكی كورت وەردەگرێتو دەچێتە سەفەر. دوای چەند ڕۆژێك

که له سەفەر دەگەڕێتەوە، له ملازم رینالدی جەڕاحی سوپایی دەبیستێ که چەند پەرستارێکی ئینگلیزی بۆ ئەم یەکەیە هاتوون تا نەخۆشخانەیەکی مەیدانی گەڕۆك دامەزرێنن. لێرەدا ملازم فردریك هنری، بۆ یەکەمجار له ڕێگای ملازم دکتۆر رینالدی هاوڕێیەوە، تەعاروف دەگەڵ کاترین بارکلی پەرستاری گەنج و رەزا سووکی ئینگلیزیدا دەکات.

کاترین، دەورێکی یەجگار کاریگەر له چارەنووسی ملازم فردریك هنری و خوڵقاندی رۆمانی ماڵاوایی له چەك دەبینێ. کاتریك کیژێکە پاك و بێگەرد، دوور له هەر خۆپەرستیەك، بەڵام جەنگ کارێکی خراپی له دەروونی ئەویش کردووە. له یەکەم دیداردا، کاریگەریی جوانی و کەسایەتی ئەوا، بەسەر ملازمی ئەمریکاییەوە زۆر نییە، بەڵام فردریك زوو بۆی دەردەکەوێت که هۆش و گۆشی بەردەوام بەوەوە مژوولە... له خۆی دەپرسێت: "ئایا ئەمە خۆشەویستیە؟" پاشان بەمجۆرە پاساو بۆ هەستی خۆی دێنێتەوە که: "هەموو پیاوێك پێویستی به هاودەمی ژنێك هەیەو کاترین هاودەمێکی باش و روح شیرینە."

ئیدی بەمجۆرە، وای لێدێت که ناتوانێ بەبێ ئەو هەڵبکات. هەواڵەکان ناخۆشە. ئۆردوگاکە دەبێ دەست به هێرش بکات. فردریك دەبێ به ئەمبولانسەکەی خۆی بەگەڵ هێرشی سەربازەکان بکەوێت. کاترین هەرچەندە پەژارەو خەمی خۆی دەرنابڕێت، بەڵام نیگەرانەو بەڵگەی پەشێوی و پەریشانیەکەشی ئەمەیە که میداڵی سینت ئانتونی یەکەی خۆی له ملی فردریك دەکات، تا له هەر بەڵایەکی بپارێزێت.

له شەڕگەدا، یەکەمین کارەساتی کوشندە روو دەدات:

لەو کاتەدا که ملازم هنری دەگەڵ چەند شوفێرێکی خۆیدا له سەنگەرێکدا دانیشتبوو تا نان و پەنیرو ماکەروونیەکەی بخوات، له ناکاوا گولله هاوەنێك تەقییەوە. ئەفسەری لاو هەستی به ئازارێکی توند کرد که له لاقی هەستا، هەستیکرد، خوێن له نێوچەوانی دەچۆڕێت، بەڵام ئەم کارەساتە بۆ ئەو، هەرچییەك بوو، لەوە کەمتر بوو که بەسەر هاوڕێکانیدا هات، چونکە یەکێکیان دەم و دەست و له جێوە گیانی سپاردو یەکێکی دیکەیان له مردن گەڕایەوە. کاتێ له ئەمبولانسەکەیان نابوو تا بۆ خەستەخانە مەیدانیەکەی ببەن، به چاوی خۆی دیتبووی که خوێن له تەوێڵی ئەو سەربازەی که به دیاریەوە دانیشتبوو، دەچۆڕێت و ئەمبولانسەکە هێشتا نەگەیی بووە جێ، سەربازەکە مرد بوو.

پزیشکی شەڕگەکە، دوای معایەنە قەراری دابوو که دەبێ ملازم هنری بەپەلەو بێ دواکەوتن بۆ خەستەخانەی گەورەی میلان بگوزارێتەوە. لەو دوا ساتانەدا خۆشحاڵ بوو بەوەی که کەشیش دەگەڵ ملازم رینالدی برادەریدا بۆ دیدەنی ئەو هاتبوون. برایەکەی ئابروزی هەوڵیدەدا تا ورەی ئەو بەرزبکاتەوەو له بەینی قسەکانیا باسی ئەشقی خوایی بۆ کردو له هەمان کاتدا، ملازم رینالدی باسی ڕابواردنی ئایندەی بۆ دەکرد.

بۆ ملازم فردریك هنری، ئەفسەری نەخۆش وبریینداری ئەمریکایی، سەیر بوو که له خەستەخانەی میلاندا، کاترین بارکلی، پەرستاری ئینگلیزی ببینێ، دوای نەشتەرگەرییەکەو

دڵنیابوونی پزیشکی جەڕاح لەوەی کە هنری لاقی لە دەست نادات، فردریك هنری، ڕۆژانێکی هێورتری لە پاڵ کاتریندا بەسەر دەبرد.

لەوێدا جووتە دڵدار، هەست بەوە دەکەن کە بەڕاستی دڵبەستەی یەکدین، بۆیە پەرستاری جوان، کاتێ لە کارەکانی خۆی دەبووەوە دەچووە دیدەنی ئەو، یا ئەو شەوانەی کە لە خەستەخانەدا ئێشکی دەگرتو خەفەر بوو، پاش ئەوەی نەخۆشەکانی بەسەر دەکردەوە، لەلای فردریك دەمایەوە. یارۆی ئەفسەری ئەمریکایی هێندە شەیداو بێ قەراری ئەوە کە خوا خوایەتی زەماوەندی دەگەڵ بکات، بەڵام کاترین بەم پێشنیازە رازی نییە. پێی دەڵێت: "ئێمە ژنو مێردین. بە دزییەوە زەماوەندمان کردووە. من ئەگەر مەزەبێکم هەبوایە رەنگە بە حوکمی مەزەبو باوەڕەکەم ناچار بایەم لە حوزوری قەشەدا قەواڵەیەك دەگەڵ تۆدا مۆر بکەم، بەڵام چونکە باوەرم نییە، ئیمزای گرێبەستو ژننامەو ئەو جۆرە شتانە بە حوزورو شایەدی قەشە بە پێویست نازانم. من خۆم بە هاوسەری تۆ دەزانمو تۆش مێردی منیت..."

هەڵبەتە هۆیەکی دیکەش بۆ ئەم سڵکردنەوەیەی کاترین هەیە. سەرنجی ئەم گوتانەی فردریك لە ناو ڕۆمانی ماڵاوایی لە چەکدا، بدەن:

".... ئێمە بە یەکدیمان گوتبوو، کە لە هەمان ڕۆژی یەکەمدا کە ئەو بۆ خەستەخانە گوازرایەوەو هاتە دیار من، ئەوا زەماوەندمان کردووە، دوای ئەو ڕۆژە، ئەو هەفتەو مانگانەی کە بەسەرماندا دەبورین، بە ڕۆژانی مانگی هەنگوینمان حیساب دەکرد. من دەمویست بەڕاستی زەماوەندی دەگەڵدا بکەم، بەڵام کاترین دەیگوت ئەگەر بەرپرسانی پەیوەندار بزانن شووی کردووە، ئەوا لە منی دوور دەخەنەوە. من دەمویست زەماوەندی دەگەڵ بکەم، لەبەر ئەوەی نیگەرانی منداڵەکەی ئایندەمان بووین، بەڵام کە ڕوو بە ڕووبوونەوەی قاییل نەبوونەکەی ئەو بوومەوە، منیش لە بڕیارەکەی خۆم ژێوان بوومەوەو ئیدی هیچ نیگەرانیەکمان لەو ڕووەوە نەما کە ئێمە بە فەرمی ژنو مێرد نینو خۆیشم زۆر نیگەرانی ئەوە نەبووم کە بە فەرمی زەماوەندمان نەکردووە..."

مانگەکانی هاوین، کە دەورانی بوژانەوەی ملازمی ئەمریکایی بوو، تێدەپەڕن، دەبێ جارێکی دی بۆ شەڕگە بگەڕێتەوە. بۆ ماوەیەکی کەم تووشی نەخۆشی زەردووی دەبێتو سەرپەرستارەکەی گلەیی ئەوەی لێدەکات کە هۆی ئەم نەخۆشییەی زۆر خواردنەوە بووەو ملازم هنری بۆیە پەنای بۆ مەیگوساری بردووە، تا لەبەر نەخۆشی و بێتاقەتی لە خەستەخانە دەری نەکەن.

هەوڵو خۆدزینەوە بێفایدەیە. جووتە دڵدار دوایەمین شەو بە خەمو پەریشانی بەسەر دەبەن، لەو شەوەدا، ئەو قسانەی کە لە نێوان ئەو دوانەدا دەکرێن، ڕازێکی تازە کەشف دەکەن کە کاریگەری بەسەر چارەنووسی هەردووکیانەوە هەیە:

کاترین، کارەکەی لە خەستەخانەدا سەعات نۆی شەو دەستی پێدەکرد. دەوروبەری سەعات نۆ، دەنگی پێی لە ڕاڕەوەکەوە دێت کە یەکەمجار چووە ژوورەکەی تەنیشت منو هەرکە لەوێندەر

وەدەرکەوت، ئەوم بینی. دوای ئەوەی هەموو ژوورو قاوشەکانی بە سەرکردەوە ئەوسا هاتە سۆراغی من و گوتی:

"درەنگ هاتم گیانەکەم. بە ڕاستی کێشەم هەبوو. حاڵت چۆنە؟"

باسی مادوونی و ئەو کاغەزانەم بۆ کرد کە پڕم کردبوونەوەو گوتی:

"زۆر باشە. بۆ کوێ دەڕۆیت؟"

"بۆ هیچ کوێ ناڕۆم لێرە دەمێنم."

"ئەمە کارێکی گەوجانەیە. شوێنێ پەیدا بکەو بڕۆ، پاشان من پەیوەندیت پێوە دەکەم‌و دێم بۆ لات."

" تۆ چۆن دەتوانی ئەم کارە بکەیت؟"

"نازانم. بەڵام بە هەرحاڵ، کارێك دەکەم."

"کە کیژی باشیت!"

"باوەڕ ناکەم. بزانە، ئیدارەی ژیان کێشە نییە، ئەگەر شتێکت نەبێ کە لە دەستی بدەیت.".

"لە مەبەستت تێناگەم؟"

"هیچ مەبەستێکم نییە. دەمویست بڵێم هەندێ کێشە هەن، هەندێجار لەبەر چاوی ئینسان گەورە دەنوێنێ، ئەگەر لێیان ورد ببینەوە، ئەو گەورەیە نین."

"بەڵام لابردنیشیان ئەو ئاسانە نییە."

"سەبارەت بە من ناڕەحەت مەبە گیانەکەم. ئەگەر پێویست بکات بەبێ مۆڵەت دێم. بەڵام بۆ ئەوێ بکێش ناکرێم."

" بەڕای تۆ بۆ کوێ بڕۆین ؟"

"بۆ من هیچ فەرقێك ناکات. هەر شوێنێ کە تۆ حەز بکەی. دەچین بۆ شوێنێ کە خەڵکی نەماننناسن."

"شوێن بەلای تۆوە گرینگ نییە؟"

"نەخێر، هەر شوێنێ بێ بەلای منەوە باشە.".

کاتێ ئەو قسەیەی کرد، هەستم کرد ناڕەحەت و نیگەرانە.

"کاترین. ڕاست بڕۆ، تۆ لە شتێك نیگەرانیت؟ هیچ ڕووی داوە؟"

"بە هیچ جۆرێ. هیچ ڕووی نەداوە."

"با من هەست دەکەم شتێك هاتووەتە پێشێ."

" گوتم هیچ نەبووە. باوەڕ بکە."

" من تۆ دەناسم گیانەکەم. متمانەت بە من هەبێت. پێم بڵێ."

" شتێکی ئەوتۆ نییە."

"هەرچیەك هەیە بیڵێ."

"پێویست ناکات بیڵێم، چونکە دەترسم تۆ ناڕەحەت یا نیگەران بکات."

"بیڵێ. ئەرخایەن بە ناڕەحەت نابم."

"دڵنیایت کە نارەحەتت ناکات؟ بەلای منەوە گرینگ نییە، بەڵام بەلای تۆوە..."

"دڵم نایەت بیڵێم."

"بیڵێ."

"یانی هەر دەبێ بیڵێم؟ چ پێویست دەکات؟"

"بەڵێ، دەبێ بیڵێی."

"گوێ بگرە گیانەکەم من سکم هەیە. سکم نزیکەی سێ مانگە . نیگەران نەبوویت؟ مەبە، تکا دەکەم. تۆ نابێ...."

"زۆریش باشە"

"یانی... بە بۆچوونی تۆ...."

"هەڵبەتە کە زۆر باشە."

"گوێ بگرە. من هەر کارێکم لە دەست دەهات کردم. هەر جۆرە دەرمانێکم خوارد، بەڵام فایدەی نەبوو."

"من نیگەران نیم."

"دەزانی گیانەکەم. ئیدی لە دەستو دەسەڵاتی من دەرچوو بوو... کاتێ بینیم هیچ کارێکم بۆ ناکرێت، ئیدی دەستبەرداری بووم... جا ئێستا تۆش نارەحەت مەبە."

"من ئەگەر نارەحەت ببم، لە بەر تۆیە."

"مەبەستم ئەمەیە. دەربارەی ئەمەش نارەحەت مەبە. هەموو کەسێك منداڵیان هەن. منداڵدار بوون شتێکی ئاساییە."

"گوتم کە چەند نازەنینی."

"نەخێر، نازەنین نیم. قەولم بدەیە کە گوێ نەدەیتێ. هەوڵدەدەم کەمترین نارەحەتیت بۆ دروست نەکەم. پێشتر تۆم زۆر ئەزیەت دا. بەڵام تا ئێستا کیژێکی خراپ نەبووم بۆ تۆ؟ تۆ تا ئەم ساتە نەتزانیوە کە سکم هەیە؟"

"نەخێر."

"دەی چاکە. لەمە دواش نازانیت. قەولم بدەیە دەربارەی ئەم بابەتە نیگەران نەبیت. من لە ئێستاوە هەست دەکەم تۆ نارەحەتی. بەسە. حەزت لێیە مەشروبت بۆ بێنم؟ دەزانم کە پێکێك مەشرووب دەتهێنێتەوە تایم."

"من عەیبم نییە. سوپاست دەکەم کاتی. بە ڕاستی تۆ کەسێکی باشیت."

"من گوتم نەخێر باش نیم. دەربارەی مۆڵەتەکەت، ئەگەر تۆ شوێنێك پەیدا بکەیت، من دێم بۆ لات. مانگی ئۆکتۆبەر، هەوا خۆش دەبێت. گیانەکەم، کارێك دەکەم کە لە هەردووکمان خۆشبگوزەرێ. تا ئەو کاتەی تۆ لە شەڕگەدا بیت. هەموو ڕۆژێك نامەت بۆ دەنووسم."

"تۆ لە کوێ دەبیت؟"

"تا ئێستا مەعلووم نەبووە. لێ هەوڵدەدەم بۆ شوێنێکی باش بڕۆم."

هەردووکمان بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بووین. کاترین لەسەر تەختەکە دانیشتبوو و من تەمەشای ئەوم دەکرد، بەڵام دەستمان نەدەگەییە دەستی یەکدی. ئەو لە دووری من دانیشتبوو تا ئەگەر یەکێك خۆی بە ژووردا کرد، گومانی خراپ نەکات.

هەندیٚ کەس سووسەیان کردبووین.

ئەنجام دەستی هێناو دەستی گرتم. گوتی:

"لە دەستی من نیگەران نیت گیانەکەم؟"

"نەخێر"

"پێت وا نییە کە ئەم پێشهاتە بۆ تۆ دەستو پیٚ گیربێت؟"

"رەنگە کەمێك– بەڵام نەك لەلایەن تۆوە."

"مەبەستم ئەمە نەبوو کە من کێشەیەکت بۆ دروست بکەم. تۆ نابیٚ هێندە ساویلکە بیت کە بەمجۆرە بیر بکەیتەوە. مەبەستم ئەمە بوو کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم منداڵە..."

"بەڵام بە هەرحاڵ تۆ کەوتوویتە زەحمەتەوە و تەبیعەتی تۆ جۆرێکە کە هەمیشە نیگەرانیت."

مودەتێکی درێژ بێدەنگ بوو و لە فکران ڕاچوو. لە جێی خۆی نە دەجووڵاو دەستی دەنێو دەستی مندا بوو. گوتی:

"وشەی "هەمیشە" وشەیەکی باش نەبوو کە بە کارت برد"

"داوای بوردنت لێدەکەم."

"گرینگ نییە، لیٚ گویٚ بگرە گیانەکەم. من کە جاران منداڵم نەبوو و هیچ کاتێکیش حەزم نەدەکرد منداڵم ببیٚ. لەو کاتەوە کە تۆم بینی هەوڵم داوە کە بە دڵی تۆ بم، تۆ چۆنت دەویٚ ئاوابم، کەچی هێشتاش تۆ دەڵێیت من هەمیشە..."

"ئامادەم زمانم ببڕم."

لەو حاڵی خەمباریە هاتەدەر. هەردووکمان جارێکی دی پێکەوە بووینو لەو حاڵەتی خود ئاگاییە هاتبووینە دەریٚ. گوتی:

"عەزیزم. لە قسەکانی من زویر مەبە، ئێمە هەردووکمان یەکین و نابیٚ چیتر هیچ بەدحاڵی بوونێك بکەوێتە نێوانمانەوە."

"نا، ناکەوێتە نێوانمانەوە."

"بەڵام هەموو کەسێك وا نین. خەڵکی یەکیان خۆش دەویٚو ئەوجاش بە ئانقەست قسەی یەکدی خراپ لێکدەدەنەوە. شەڕ لە گەڵ یەکدیدا دەکەنو بە تەواوەتی دەگۆڕێن."

"ئێمە، قەت شەڕ لە گەڵ یەکدیدا ناکەین."

"نابێت، چونکە لەم دنیایەدا تەنیا ئێمە، هەردووکمان لە گەڵ یەکداین. ئەگەر ناکۆکیمان بکەوێتە بەینەوە، ئەوانە سواری سەرمان دەبنو بە ئارەزووی خۆیان هەڵمان دەسوڕێنن."

"نەخێر، بە هیچ جۆریٚ ڕێگەیان نادەین سواری سەرمان بنو ئێمە هەمیشە بە یەکەوە دەبینن. هۆکەشی ئەمەیە تۆ کەسێکی ئازایت. کەسی ئازا هیچ خەتەرێك نایترسێنیٚ."

"هەڵبەتە ئەم جۆرە کەسانە زووتر دەمرن."

"بەڵێ، بەڵام هەمیشە وا نییە. مەرگ تەنیا یەك جار دێ بە سۆراغیانەوە."

"نازانم. کێ ئەم قسەیەی کردووە؟"

"ئەم پەندەت نەبیستووە کە دەڵێن ترسنۆکان هەزار جار دەمرن و ئازایان یەك جار."

"با بیستوومە. قسەی کێیە؟"

"نازانم."

"پێموایە ئەو کەسەی گوتوویەتی خۆی یەکێك بووە لە ترسنۆکان. زۆر شارەزای ترسنۆکان بووە، بەڵام شتێکی ئەوتۆی لەمەڕ ئازایان نەزانیوە. ئینسانی ئازا، ئەگەر وریا نەبێت، دوو هەزار جار دەمرێت. بەڵام هیچ کاتێ بە سەر خۆیدا نایهێنێ."

"نازانم، زەحمەتە کە کەسێك بتوانێت مێشکی خەڵکانی ئازا بخوێنێتەوە."

"بەڵێ، ئەمە نیشانەی ئازایەتی ئەوانە"

"تۆ خاوەن ڕەئیت!"

"سوپاس گیانەکەم. لوتفی خۆتە."

"ئازاشیت."

"حەز دەکەم ئازابم، لێ ئازا نیم."

"تۆ ئازایت، بەڵام من ئازا نیم. من خۆم دەناسم، دەزانم بایی چەندم. من بەشی خۆم، خۆم ناسیوە، من وەکو ئەو یارچی بیس بۆڵەم کە دوو سەدو سی جار لە تۆپەکەی داوەو دەزانێ کە ناتوانێ لێی بدات."

"دوو سەدو سی جار هیچ نییە، کەمە؟"

"مەبەستم یاریچییەکی مامناوەندییە، لە تۆپەکە دەداتو دەزانێت کە ناتوانێ باشتری لێبدات."

" گرینگ ئەوەیە هەوڵی خۆی دەدات."

"وا تەسەوردەکەم، هەردووکمان تەماحمان زۆرە. بەڵام هەرچییەك هەیە، تۆ کەسێکی ئازایت."

"خۆزگە، ئازا بم."

"من کاتێ پێکێك هەڵدەدەم، هەست بە ئازایەتیەکی زۆر دەکەم."

کاترین، ڕۆیی بەرەو لای کۆمەدیەکەوەو بە بوتڵێك کۆنیاكو پەرداخێکەوە بۆ لای من گەڕایەوە. بە میرەبانی گوتی:

"پێکێك هەڵدە ئازیزم. دەزانم ئێستا دڵت پێوەیە."

"ئەگەر ڕاستت دەوێ، ئێستا دڵم پێوەی نییە."

"وەرە. پێکێك هیچ نییە."

"زۆر باشە."

پەرداخەکەم، کە پەرداخی ئاو خواردنەوە بوو، تا سێیەکی پڕ کردو هەڵمدا. پرسی:

"زۆر نەبوو گیانەکەم؟ بیستوومە کۆنیاك خواردنەوەی قارەمانانە بەڵام تۆ نابێت زیادە ڕۆیی بکەیت."

"لە دوای شەڕ لە کوێ دەژین؟"

"ڕەنگە لە خانەی پیران. تا سێ ساڵ دوای ئەوەی شەڕ دەستی پێکرد بوو، بەردەوام لە دڵی خۆمدا دەمگوت کە ئەم کریسمسە جەنگ تەواو دەبێت. بەرە بەرە بۆم دەرکەوت ئارەزوویەکی منداڵانە دەکەم. ئێستا ئیدی هەموو هیواو ئومێدێکم بە ئایندە ئەمەیە کە کوڕەکەمان ببێت بە فەرماندەی هەنگ."

"ئەدی بۆ نەبێ بە فەرماندەی فەیلەق؟"

"ئەگەر ئەم جەنگە، سەد ساڵ بخایەنێت، بێگومان بەم پایە و پلانە دەگات."

"مەشرووب دەخۆیتەوە؟"

"نە گیانەکەم. دەزانم کە تۆ حەز لە مەشرووب خواردنەوەی من دەکەیت، بەڵام پێم ناکەوێت، گێژم دەکات."

"تۆ تا ئێستا کۆنیاکت نەخواردووەتەوە؟"

"نە گیانەکەم. پێویستە دان بەوەدا بنەم کە من ژنێکی قەدیمیم."

دەستم درێژ کرد، بوتڵەکەم لە عاردی هەڵگرت و پەرداخێکی دیکەم پڕ کرد.

کاترین گوتی:

"وا چاکە بڕۆم سەرێك لە هاونیشتمانانی تۆ بدەم تۆ بۆ خۆت ڕۆژنامە بخوێنەوە تا من دەگەڕێمەوە."

"یانی، تۆ هەر دەبێ بڕۆی؟"

"بەڵێ، یا ئێستا یاچەند دەققەیەکی دی."

"دەی چاکە، ئێستا، بڕۆ."

"درەنگتر دەگەڕێمەوە."

"منیش تا ئەو کاتە لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بوومەتەوە...(٨)"

فردریك، سەرەنجام بۆ شەڕگە دەگەڕێتەوە. لە کاتی ماڵاوایی و دوعاخوازیدا لە وێستگەی قیتاری مایل نیست، سەیر دەکات هاوسەرەکەی دەگری. بۆیە بە خورتی سواری گالیسکەی دەکات و بۆ ماڵی دەنێرێتەوە. لە شەڕگەدا، دەبێت بە ماموورو بەرپرسی ناوچەی بنسیتزا، ناوچەیەکە لە نزیکی شارۆچکەی کاپورتو. پێش ئەوەی سەربازانی ئیتاڵی بتوانن دەست بە هێرشی خۆ بکەن، سەربازانی نەمساوی، هێرش بۆ شارەکە دەبەن و دەیگرن، پەردە لە سەر نهێنییەکە لادەچێت. ئەڵمانیەکان بە هانای نەمساویەکانەوە هاتوون. ملازم فردریك هنری، هیچ چارێکی نییە جگە لەوەی کە بە هەموو ئەو کەرەستەو تفاقی نەخۆشیانەوە کە لە ئەمبولانسەکەی ئەودا کەڵەکە بوو بوون، پاشەکشە بکات. ئەمبولانسەکانی دیکەش دوای ئەو کەوتن. ئەم پاشەکشەیە زۆر ئەستەم و دژوار بوو، ڕێگاکان بە مەبەستی بەرەڤانی و بەرخودان لە هەنبەر ئاڵمانی و نەمساوییەکان گیرا بوون. فردریك، بە زەحمەتێکی زۆر، هەوڵدەدات کە لە ژێر

ڕێژنەی بارانی توندو بە خوڕدا، لە ڕێگا گیراوەکانەوە تێپەڕێت و خۆی بگەیەنێتە دۆڵی ئودین. لە ڕێگادا دوو عەریفی برینداریش هەڵدەگرێت، لە شوێنێکدا، کاتێ ئەمبولانسەکە لە قوڕ دەچەقێت، فردریك داوای یارمەتی لە دوو عەریفە ئیتاڵیەکە دەکات تا بە هەموویان، ئوتومبیلەکە لە قوڕو قوڕاوەکە دەربێنن، بەڵام عەریفەکان، گوێ بە داواکەی ئەو نادەن و هەڵدێن، فردریك تەقەیەك لە یەکێکیان دەکات و برینداری دەکات، بەڵام عەریفەکەی دی هەڵدێت، گوللەی دووەمی فردریك، حەیاتی لەبەر دەبڕێت و دەیکوژێت.

کە دەبینن، دەرهێنانەوەی ئەمبولانسەکە مەیسەر نییە ملازم فردریك هنری، دەگەڵ سێ کەسی دیکەدا، بە پێیان دەکەونە ڕێ. لە نزیکی پردێك، فردریك سەیر دەکات ئەو سەربازە ئەڵمانیانەی کە پێش ئەو گەییونەتە ئەو دەڤەرە، بە زەحمەت و گیانبازیەکی زۆر لە ڕوبارەکە دەپەڕنەوە، بەڵام لەم هەوڵ و تەقەلایەدا دوو کەس لەو دارو دەستەیە گیانی خۆ لە دەست دەدەن. ئیدی شەپۆلی سەربازان و ئەفسەرانی ئیتاڵیایی کە لە حاڵی هەڵاتن و پاشەکشەدا بوون، لە هەموو شوێنێکدا بەدی دەکرا. سەربازەکان، چەکەکانی خۆیان فڕێ دەدا، تا باریان سووك بێت و خێراتر هەڵێن، ئەفسەرەکان، نەجمەکانیان لە شانی خۆ دەکردەوە تا کەس نەزانێت کە ئەفسەرو پلەو پایەداری سوپای ئیتاڵیان.

ئەو بە شانەی کە هەمینگوای بۆ باس و شرۆڤەی پاشەکشەی سوپای ئیتاڵیاو پێشڕەوی سەربازانی ئەڵمانی و نەمساوی تەرخانی کردوون، هەم عیبرەت ئەنگێزو هەم خەمناکە، خوێنەر کە داماوی و بێنەوایی بەشەر دەبینێ موچوڕك و لەرزی لێدێت یا هەندێجار نەفرەت لە دڕندەیی و بێ بەزەیی مرۆڤان دەکات. وەسفی ئەمەی کە ملازم فردریك هنری، سەرەنجام چۆن توانی خۆی لە تالوکە بخەلەسێنێ، لە هەنبەر دەستڕێژی بەردەوامی سەربازانی دۆست و دژمندا، بە سەلامەتی خۆی بپارێزێت، پاشان شێت ئاسا خۆی فڕێ بداتە ڕوبارەکەوەو سەرەنجام خۆی بگەیەنێتە نێو قیتارێکی باری کە بەرەو میلان دەڕوات، بە ڕاستی جوان و مایەی سەرنجە. لەم سەعات و دەقیقە کوشندانەدا بووە کە بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە چەك و لە شەڕ کرد. لە دڵی خۆیدا سوێندی خوارد کە ئیدی هەرگیز پێ نەنێتە مەیدان و بەشەرکوژی، ئەگەر ناچاریشی بکەن. ئەمە دوا ماڵاوایی ئەو بوو لە دیمەن و مەیدانی خوێنینی جەنگ و چەکی بەشەرکوژ.

لە میلان خەبەر دەزانێت کە دڵدارەکەی بۆ سترسای دەڤەری دەریاچەکان ڕۆییوە. بۆ خۆی جلی مەدەنی پەیدا دەکات و بە هەشتاو بەرەو سترسا دەڕوات. دۆزینەوەی کاترین کە لە گەڵ پەرستارێکی دیکەی ئینگلیزدا بە نێوی هیلین فیرگومون، بۆ ئەو دیارو دەڤەرە ڕۆیی بوو کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ئەو هەر چۆنێك بوو دەیدۆزێتەوە. دیداری جووتە ئاشق و ماشوق، دوای ماوەیەك دووری ، یەجگار دڵڕفێن و پڕ هەڵچوونە، هەردووکیان زۆر دڵخۆش و شادن، بەڵام ئەم خۆشی و شادیەیان، پڕە لە دوو دڵی و نیگەرانی،

خەڵکی هەست دەکەن کە فردریك ئەفسەرێکی فیرارە. شەوێ میرزای (کاتب) ئوتێلەکە هەواڵی دەداتێ کە مەفرەزەی عەسکەری تاقیبی دەکەن و دەبێ تازووە هەڵێت. ئیدی هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە شەوێ، بۆ ئەوبەری سنوور، کە خاکی سویسرایە، هەڵێت.

کاترین بە هیچ جۆرێ ناتوانێ لێی جیا بێتەوەو دەستبەرداری بێت. جووتە دڵدار شەوێ بەلەمێك بەکرێ دەگرن و ڕێگای دەریاچەکان بەرەو ئەوبەری سنوور دەگرنە بەر. ئیدی ئەفسەری لاو بە ڕادەیەك شەکەت دەبێت، کە بازووەکانی هێزی سەوڵ لێدانیان نامێنێ، کاترین ناچار دەبێ یارمەتی بدات. باران، بای سارد، تاریکیو ماندوویەتی لە ڕادە بەدەر، هەردووکیان لە پەلوپۆ دەخات، وێڕای ئەمەش لە هەوڵو تەقەلای خۆ ناکەونو بۆ ڕۆژی دوایی دەگەنە سنووری سویسرا. ماموران لەوێ چاوەڕوانن تا هەردووکیان دەستگیر بکەن. پەساپۆرتە ئینگلیزیو ئەمریکاییەکانیانو ئەو پارەیەی کە بەکاترین بوو، مامورەکان دڵنیا دەکات کە ئەو جووتە، وەکو فردریك گوتبووی، هاتبوون بۆ ئەوەی چەند هەفتەیەك لە وڵاتی سویسرا بەرنە سەرو خەڵکانێکی گومان لێکراو نین. لە دەرێی مونترو، ڤیلایەك بەکرێ دەگرنو لەوێ بە یەکەوە پاییزو زستان بەسەر دەبەن.

فردریك، سوورە لەسەر ئەوەی کە بە فەرمی زەماوەند بکەنو کاترین سوورە لە سەر ئەوەی ئەم کارە بخەنە دوای لە دایکبوونی منداڵەکە، ڕۆژان بە پیاسەو ڕاوێچکەو گەڕان و پاسکیل سواری دەبەنە سەرو شەوان کتێبان دەخوێننەوەو باسی ئایندەی پڕ ئومێد دەکەن. سەرەنجام کاتێ دی دەبێت بۆ لە دایکبوونی منداڵەکە بچنە خەستەخانەیەکی تایبەتی.

مانگی ئازارو سەرەتای بەهارە. هەردووکیان بە دڵی پڕ ئومێدەوە بەرەو لۆزان دەڕۆنو ژوورێك لە خەستەخانەیەکی گەورە بۆ کاترین دەگرن. معایەنەی پزیشك مایەی دوو دڵییە. لەوە دەچێت زاینەکەی کاترین ئاسایی نەبێت، دوای دوو دڵییەکی چەند ڕۆژە، پێشنیاز دەکەن کە بە نەشتەرگەری منداڵەکەی لێبکەنەوە. منداڵە لە دایك دەبێت. کوڕە، بەڵام مردووە. حاڵی کاترینیش باش نییە. پزیشکان دوو دڵن لە مانی، دەیانەوێ فریای بکەونو ڕزگاری بکەن، بەڵام ناتوانن.

فردریك، نەگبەتو بێتاقەت چاوەڕوانی هەواڵی سامناکی مەرگی ئەوە. کە مەرگی خۆشەویستەکەی دێنێتە بەرچاوی خۆی لەرزی لێدێتو نازانێ چ بکات، حەزدەکات بکەوێتە سەر چۆکان و نوێژو نزا بکات، بەڵام دڵنیا نییە کە ئەم نزایە گیرا دەبێت یان نا. بیر دەکاتەوەو ڕووداوێکی بیردەکەوێتەوە: ڕۆژێك لە بەر موغەیری ماڵەوە دانیشتبوو، کۆتەرە داری گەورە لە ئاگردانەکەدا دەسووتان. نیگای لەسەر چەند مێرولەیەك نیشتەوە کە لە بەشی سەرەوەی کۆتەرە دارەکاندا لەم لاوە بۆ ئەولا دەڕۆییشتن. مێرولەکان دەیانزانی خەتەرێك هەڕەشە لە ژیانیان دەکات، بەڵام نەیاندەزانی چۆن خۆیان نەجات بدەن. هەندێکیان بەدەم هەڵاتنەوە دەکەوتنە ناو ئاگرەکەوەو دەبوون بە قەرەبرووت. دڵی بە حاڵی مێرولەکان سووتا. کەوتە بیری ئەوەی ڕزگاریان بکات، بەڵام ئەم کارە هەندێك ئەستەم بوو. قاپێکی گەورەی ئاوی هێناو کردی بە ئاگرەکەدا. ئەنجام هەمان ئەنجام بوو. مێرولەکان، لە نێو بوخاری ئاوەکەدا سووتانو تیا چوون. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئیدی ئەمە سوننەتو یاسای ژیانە. بە خورتی دەمان هێننە ژیانەوە بەڵام ئەوەندەمان دەرفەت نادەن کە بتوانین بەرگریو داکۆکی لە خۆمان بکەین. وەکو چۆن بە زۆر ژیان دەدەن، بەو ئاوایەش بە تۆبزی لێتی دەسەننەوە."

سەرنجی قسەکانی هەمینگوای لە کۆتایی رۆمانەکەدا بدەن، فردریك هنری بەمجۆرە کۆتایی بە سەربهووردی خۆی دێنیٚ:

دیسان لە خوارنگەکەوە، بەو بارانی شەستو ڕەهێڵەیە بە هەشتاو بەرەو نەخۆشخانەکە چووم. لەسەر قاڵدرمەکان، پەرستارەکەم بینی. کە منی بینی گوتی:

"من ئێستا تەلەفۆنم بۆ ئوتێل کرد."

دڵم داخورپا، پرسیم:

"چ بووە؟"

"مەدام هنری تووشی خوێنڕێژی بووە."

"دەتوانم بچمە ژوورەکەی؟"

"ئێستا نا، دکتۆر بە دیاریەوەیە."

"باشە حاڵی خەتەرە؟"

"زۆر خەتەرە."

و پاشان چووە ژوورەوەو دەرگای داخست. من لە هەیوانەکە دانیشتم. یەجگار نیگەران بووم. بیرم کاری نەدەکرد. دەمزانی خەریکە دەمرێتو پەیتا پەیتا دوعام بۆ دەکرد. دەمگوت: "خودایا، مەیەڵە بمرێت، لێت دەپاڕێمەوە، مەیەڵە بمرێت، هەر کارێکت بویٚ دەیکەم. تەنیا مەیەڵە بمرێت خودایا تکا دەکەم، لێت دەپاڕێمەوە، تەنیا مەیەڵە بمرێت خودایا، خودای میهرەبان، فریای بکەوە، کارێك بکە. مەیەڵە بمرێت، ئەگەر نەیەڵی بمرێت، هەرچیەکت بویٚ، هەرچیەك بڵێی دەیکەم. تەنیا مەیەڵە بمرێت. منداڵەکەت بردەوە، خۆی مەبەرەوە. ئەی خودایا. تکا دەکەم، هاوارو زاری دەکەم، مەیەڵە ئەو بمرێت، مەیەڵە، مەیەڵە!"

پەرستارەکە دەرگای ژوورەکەی کردەوەو بە قامکان ئاماژەی کردیٚ کە بچمە ژوورەوە. لە دوای ئەوەوە وەژوور کەوتم. کاتیٚ چوومە ژوورەوە، کاترین چاوی لە من نەکرد. چووم بەلای جێگاکەیەوە. دکتۆرەکە لە سەمتی بەرانبەرەوە وەستا بوو. کاترین هەستی بە من کردو بزەیەکی کرد. بە سەریدا دانەویمەوەو دەستم بە گریان کرد.

کاترین بە ئەسپایی و بە میرەبانی گوتی:

"گیانەکەم."

ڕەنگی بزڕکا بوو. گوتم:

"کاتیٚ تۆ چاك دەبیتەوەو هەموو شتێك بە خۆشی دەبڕێتەوە."

"من خەریکە دەمرم."

پاشان بێدەنگ بوو، دوای کەمێك لە سەری ڕۆیی:

"حەزم نەدەکرد بمرم."

دەستیم گرت.

"دەستم لێمەدە."

و دەستیم لەجێی خۆی دانایەوە. بزەیەکی کرد.

"گیانەکەم. دەزانم چەند حەز دەکەی دەستم بگریت، بیگرە."

"تۆ چاك دەبیتەوە کاتی. دڵنیام چاك دەبیتەوە."

"دەمویست، شتێکت بۆ بنووسم و خوا حافیزیت لێبکەم."

"بچم کەشیشت بۆ بێنم؟ یا هەر شتێکی دیکە؟"

بە ئەسپایی گوتی:

"تەنیا تۆم دەوێ."

دوای تۆزێك لە سەری ڕۆیی:

"من لە مردن ناترسم، بەڵام حەزم دەکرد نەمرم."

دکتۆرەکە گوتی:

"نابێ زۆر قسە بکەیت."

کاترین بەرسڤی دایەوە:

"زۆر باشە."

"کاتی گیان. دەتەوێ چ کارێکت بۆ بکەم؟ دڵت چی گەرەکە؟"

بزەیەکی کردو گوتی:

"هیچ شتێکم ناوێ."

دوای چەند چرکەیەك، هەڵیدایە:

"تۆ دوای من، پەیوەندی لەگەڵ کچێکی دیدا ناگریت؟ وا نییە؟ و هەمان ئەم قسانە لەگەڵ ئەویشدا ناکەیت؟ ها؟"

گوتم: "بە هیچ جۆرێ."

"لەگەڵ ئەواندا وەکو من مەبە."

دکتۆرەکە گوتی:

"قسە زۆر دەکەیت. نابێت ئەم هەموو قسەیە بکەیت. کاك هنری، باشتر وایە تۆ بڕۆیت."

و ئەوجا نیگای بەرەو کاترین وەرگێڕا:

"دوایی دێتەوە بۆلات. تۆ نامریت، گەوج مەبە."

کاترین گوتی:

"زۆر چاکە. دێم بۆ لات و شەوانێکی زۆر لات دەمێنمەوە."

بە ئاستەم گوێم لە قسەکانی بوو. دکتۆرەکە ڕووی لە من کردو گوتی:

"بێ زەحمەت بچۆ دەرەوە."

کاترین تەمەشایەکی کردم و چاوێکی داگرت. ڕەنگی تێك چوو بوو. گوتم:

"لە دەرەوە چاوەڕوان دەکەم."

کاترین گوتی:

"نیگەران مەبە گیانەکەم. من زەرەیەك ترسم نییە، ئیدی ئەمە فەندو فێڵی ژیانە."

"گیانەکەم، بوێرە نازدارەکەم."

لەبەر هەیوانەکەدا، بەدەم چاوەڕوانییەوە، مامەوە. ماوەی چاوەڕوانیەکەم زۆری درێژە کێشا، ئەنجام پەرستارەکە هات و گوتی:

"مخابن، حاڵی مەدام هنری باش نییە. زۆر بۆی بە داخم."

"مرد؟"

"نە، بەڵام هۆشی بە خۆی نییە."

وا دیار بوو، کاترین، یەك لە دوای یەك تووشی خوێنرێژی دەبوو. دکتۆرەکان، پێیان چارە نەدەکرا. چووم بەلای کاترینەوە، هێندە بە دیاریەوە دانیشتم تا مرد. بە درێژایی ئەم ماوەیە بێهۆش بوو و مردنەکەشی زۆری نەخایاند.

لە دەرێی ژوورەکە، لە بەرهەیوانەکەدا، لە گەڵ دکتۆرەکەدا کەوتمە قسان:

"هیچ کارێك هەیە کە ئەمشەو بە من بکرێت؟"

"نەخێر، هیچ کارێك نییە. ئەگەر حەز دەکەیت با بتگەیەنمەوە ئوتێلەکەتان؟"

"نە، سوپاس. حەز دەکەم جارێ لێرە بمێنمەوە."

"دەزانم، کە هیچ قسەیەکم نییە بە تۆی بڵێم، ناتوانم بە تۆبڵێم کە....."

قسەکەیم بڕی:

"دەزانم. هیچ قسەیەك نییە کە بکرێت."

"شەو باش. یانی ناتەوێ. بتگەیەنمەوە ئوتێل؟"

"نە، سوپاس."

"ئەمە تەنیا کارێکە کە بتوانم بیکەم. نەشتەرگەریەکەشمان..."

"حەز ناکەم باسی ئەو بکەین."

"نەتگەیەنمەوە ئوتێل؟"

"نە، سوپاس."

بە قەراخ بەر هەیوانەکەدا ڕۆیی، من بەرەو ژوورەکە چووم.

یەکێك لە پەرستارەکان گوتی:

"تۆ بۆت نییە، ئێستا بێیتە ژوورەوە."

"دەزانم، بەڵام حەز دەکەم بێم."

"ئێستا... ناتوانیت."

"وەخۆتان بڕۆنە دەرەوە، ئەوانی دیکەش بچنە دەرەوە!"

لێ پاش ئەوەی ئەوانم کردە دەرەوەو دەرگام داخستو چراکانم کوژاندنەوە، سەیرم کرد ناتوانم لەو ژوورەدا بمێنمەوە. کارەکەی من وەکو ئەوە بوو کە بمەوێ خوا حافیزی لە پەیکەرێك بکەم. دوای کەمێك چوومە دەرەوە، لە نەخۆشخانە وەدەرکەوتمو بە ژێر شەستو ڕەهێڵەی باراندا بەرەو ئوتێل وەڕێ کەوتم(٩)".

خوێنەری ڕۆمانی ماڵاوایی لە چەك، چەندیش جدی و بێ سۆز بێ، ناتوانێت دیمەنەکانی ئەم ڕۆمانە، بە ئاسانی لە بیر بکات. شەهامەتو ڤیانی بێ ڕتوشی جووتە دڵدارەکەی ناو ئەم ڕۆمانە

که سەر ڕێژە لە شەڕو پیاوکوژیو وێرانیو کوێر بوونەوە، زۆر کار لە دڵو دەروونی دەکاتو تا ماوەیەکی زۆر بیری بە خۆوە مژوول دەکات، داڕشتنی سادەو ڕەوانو لە هەمان کاتدا تەنزئامێزی (هەمینگوای)ش لەم چیرۆکەدا، ئەفسوناویەو هەندێك لە بەرجەوەنو دیمەنەکان، هێندە ڕاستگۆیانە و واقیعیانە، وێنەگیراونو هاتوونەتە نەخشاندن کە وێنەیان یەجگار کەمو دەگمەنە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بووبێ کە ڕۆمانەکە پاش بڵاوبوونەوەی، سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە دەست هێنا. هەرچەندە لە هەندێ شوێنی دنیاو ئەمریکادا، بڵاوبوونەوەو خوێندنەوەی قەدەقە دەکرێت(١٠)، لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەمەکەی هەمینگوای بە کتێبو نامیلکەو زنجیرە و شانۆنامەی ڕادیۆییو نمایشی سەر شانۆو بە فیلم بڵاودەبێتەوەو ناوبانگی نووسەرەکەی لە هەر پێنج کیشوەری دنیادا بڵاودەبێتەوە.

یەکێك لە هونەرکارییەکانی هەمینگوای لەم ڕۆمانەدا، هەڵبژاردنی کاراکتەرو قارەمانەکانی چیرۆکەکەیە.

فردریك لە فەسڵەکانی هەوەڵینی ڕۆمانەکەدا، کەسێك نییە گوێ بە هیچ جۆرە پابەندیو ئیلتیزاماتێك بدات. هیچ بایەخێك بۆ ژیان دانانێت. تەنانەت لە ئەشق و خۆشەویستیشدا، ئەشقی ئینسان بە ئینسان یا ئەشقی ئینسان بە خودا، هیچ مەنتیقو لۆژیکێك نابینێ کە لە هەنبەریا، سەر دابنەوێنێ. ژیانو دیمەنەکانی ژیان لە دیدی ئەودا گەمەیەکی گەوجانەیە. بۆیە دەچێتە مەیدانی شەڕەوە، چونکە هیچ کارێکی لەمە خۆشتر نییە بیکات، لە هەمان کاتدا کاتێ دەبینێ میداڵێك بە بەرۆکی کەسێکەوە دەکەن، و یارۆ زۆری کەیف پێدێتو پێوەی دەفشێ، پێکەنینی بە ئەقڵی دێت.

لە فەسڵەکانی دواتردا، فردریك گیرۆدەی داوی ئەشقو ڤیانی کاترین دەبێت. حەزی لێدەکاتو ئیدی ئەم ئەشقو ئەشقێنیە، مانای ژیانی لەلا دەگۆڕێتو ژیان چەمكو مانایەکی باشتر پەیدا دەکاتو لەبەر ئەمە هەوڵدەدات خۆ لە تالوکان دەرباز بکات، ئەم هەستە وای لێدەکات ماڵاوایی لە چەك بکات، بەو ئومێدەی بگاتە دڵدارەکەی و دەگەڵ مەعشووقەکەیدا ببنە یەك، کاتێ کە ماشووقەکەی لە دەست دەچێت، ناچار ماڵاوایی لە عەشقیش دەکات.

چیرۆکەکە بە باران دەست پێدەکاتو بە باران کۆتایی دێت. ئەم بارانەش دەشێت هەم بارانی بەختەوەری بێ هەم بارانی بەدبەختی.

***

هەمینگوای، کاتێ لە ساڵی ١٩٥٢دا ڕۆمانی پیرەمێردو دەریای نووسی، جون هنری ئوهارا، چیرۆکنووسی هاوچەرخی ئەمریکایی دەربارەی گوتی: "دوای شەکسپیر، بەلای منەوە گەورەترین نووسەرە.(١١)"و گەورە رەخنەگرانی ئەوروپاو ئەمریکاش هەر یەکەو بە جۆرێ ستایشیان کردو ئەویان بە "بە باشترین نموونەی داهێنەری ڕۆمان بە شێوازو ستایلی ئەمریکایی، لە سەدەی بیستەمدا" لە قەڵەم دا. دەستەی داوەرانی بەخشینی خەڵاتی پولیتزر، لە ساڵی ١٩٥٣دا، لەسەر ڕۆمانی پیرەمێردو دەریا خەڵاتی نێوبراویان دایەو دەستەی داوەرانی خەڵاتی نۆبڵیش لە ساڵی ١٩٥٤دا، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتیان دایە.

ئەو ڕستە بە نێوبانگەی کە ئەنجوومەنی داوەران دەربارەی ئەو گوتیان‌و ستایشیان کردو بە شایستەی وەرگرتنی ئەو خەلاَتە گەورەیەیان زانی ئەمە بوو:

"ئیرنیست هەمینگوای، یەکێکە لەو چیۆرکنووسانەی کە سەربەرزانەو بێباکانە، سکێچە ڕاستەقینەکانی سیمای دژواری زەمان، سەر لە نوێ دەخولقێنێتەوە."

لە دوا ساڵەکانی ئاخر و ئۆخری ژیاندا، نەخۆشی شەکر زۆری ئازار دەدا. گیانی ئازا و بێباك و نەسرەوتی ئەو لە جەستەی نەخۆش و پڕ ئازاریدا، لە هەوڵ و تەقەلای خۆیدا بوو و ئیدی ئەم کێشماکێشە هەمیشەییە تەواو وەڕەزی کردبوو. کاتێ خاکی کوبای لەبەر هەندێ پرسی سیاسی بەجێهێشت‌و بۆ یەکێك لە جوانترین و خۆش ئاوو هەواترین دەڤەری ئەمریکا هات(١٢). — بەلاَم ناچار بوو ڕۆژانە بچێتە لای دکتۆر و بە مەبەستی درێژەدان بە ژیان شیرەت‌و ڕاوێژی پێبکات. ڕۆژێك کە لە خەستەخانەوە بۆ ماڵ دێتەوە، دنیای زۆر پوچ و بێ مانا دێتە بەرچاو. ئیدی ئەو جۆرە ژیانە ئەوەی نەدەهێنا کە هەموو بەیانییەك بڕوات و سواڵی ژیان بکات و بە کلۆڵی درێژە بە ژیان بدات. ئیدی بێ ئەوەی شیرەت بە هاوسەرەکەی خۆی بکات، دەکەوێتە تاقیبی یەکێك لەو دەیان تاپڕو ساچمەزەنانەی خۆی کە ڕۆژگارێك لە دەشت‌و سەوزە زارەکانی، لە هەردەو باسکەکانی ئەفریقا، ڕاوی دڕندانی پێدەکرد. بێ چەندو چوون لوولەی تفەنگەکەی نایە سەر لاجانگی خۆی‌و پلی بە پەلە پیتکەکەیەوە نا، هاوسەرەکەی کە لە ژوورەکەی تەنیشتەوە بوو، بە سەرسامی غار دەدات و سەیر دەکات مێردەکەی بەبێ گیان‌و خڵتانی خوێن لە ژوورەوە کەوتووە. ڕۆژی ١٩٦١/٧/٢ بوو و هێشتا شەست‌و دوو ساڵی پڕ نەکردبووەوە. هەمینگوای قارەمان وەکو چۆن قارەمانانە هاتبووە دنیاو قارەمانانە ژیا بوو، قارەمانانەش مالاَوایی لە ژیان کردبوو.

پەراوێز:

١- ماڵی بابی ئیرنیست هەمینگوای لە ئوك پارك، نزیکی شیکاگۆ بوو و ئیرنیست دووەمین فرزەندی، شەش فرزەندەکەی خانەوادەکەی خۆیان بوو کە لە ١٨٩٩/٧/٢١ هاتبووە دنیا. بابی پزیشکێکی وەرزشکار بوو کە لەو دەڤەرەدا، بە نێو بانگ‌و خۆشەویست بوو.

٢- بڕوانە وتاری هەمینگوای و چیرۆکی ئەمریکایی، نووسینی جۆن ئەتکینز، گۆڤاری ویزدەم،ساڵی سێیەم، ژمارە بیست‌و شەش، ١٩٥٨/٦.

٣- هەمینگوای وێنەیەکی هەیە کە دەگەڵ یەکێك لەو ماسیانەدا گرتوویەتی کە ڕاوی کردووە. ئەم جۆرە ماسییە لە جۆری مارلینەو نزیکەی چوار سەد کیلۆ دەبێت. هەمینگوای دەربارەی ئەم ماسییە گوتبووی: "بۆ من ئەم ماسییە بە فەرخە ماسی دەژمێردرێت." بڕوانە. گۆڤاری ویزدەم ل، پازدە.

٤- بڕوانە وتارەکەی ویزدەم.

٥- بڕوانە ئینسایکلوپیدیای ئەمریکانا، بەرگی١٤ ، ل ٨٨.

٦- دۆستانی نزیکی هەمینگوای دەیانگوت کە گوایە توانای سێکسی لاواز بووەو هەموو زۆرمەندی و ئاشقێنیەکانی زادەی ئەم نەخۆشییە بووە.

٧- فەسڵی یەکەمی، بەشی یەکەمی، ماڵاوایی لە چەك، چاپی پنگوین، ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن نووسەری ئەم کتێبەوە کراوە بە فارسی.

٨- کۆتایی فەسڵی بیستو یەکەم، لە چاپی پنگوین/ ساڵی ١٩٧٤ لە دەقە ئینگلیزییەکەوە لەلایەن نووسەرەوە کراوە بە فارسی. لە ١٠٨- ١١٢.

٩- بەرپەڕێن ٢٥٤- ٢٥٦ی فەسڵی کۆتایی ڕۆمانەکەی هەمینگوای، لە ئینگلیزییەوە، لەلایەن نووسەرەوە کراوە بە فارسی.

١٠- ماڵاوایی لە چەك، دوای بڵاوبوونەوەی، لە ئیتاڵیا، هەراو هەنگامەیەکی زۆری نایەوە، لێ حکومەتی فاشیستی مۆسولینی قەدەغەی کردو تا ئەو کاتەی موسولینی لەسەر کار بوو، لەم وڵاتەدا کەس هەقی ئەوەی نەبوو ئەم کتێبە بخوێنێتەوە. لە نیو ئینگلاندیشدا، ئەم ڕۆمانە تا ماوەیەك قەدەغە بوو کە چاپو بڵاوبکرێتەوە. چونکە هەندێ دیمەنیان بە پێچەوانەی ئەخلاق دەزانی (بڕوانە یاداشتەکانی مونارك، ژمارە ٦٧١ ل ٥١.)

١١- بڕوانە وتارە پوختەکەی ویزدەم، ل ٦.

١٢- ئەو شوێنەی کە هەمینگوای بۆ ژیانی خۆی هەڵی بژارد لە سان ڤالی سەر بە ویلایەتی ئایداهۆ بوو.

*- سەرچاوە: سیری در بزرگترین کتابهای جیهان/ تهران، امیر کبیر، جلد دوم/ چاپ پنجم/ ١٣٨٩/ تالیف: حسن شهباز

# ٧- رۆمانی دەیڤید کوپەرڤیڵد*

**چارلز دیکنز (١٨١٢- ١٨٧٠)**

**چیرۆك نووسێکی ئینگلیزە... بەوە بە نێو بانگە کە لە بەرجەستە کردنی تایبەتمەندیەکانی قارەمانێن رۆمانەکانیا و لە وێنەگرتنی دیمەنێن ژیانو خەباتیان دژی کرێتیو گەندەڵیە جڤاکی و کۆمەڵایەتیەکاندا زۆر بەهرەمەندو بە توانا بووە .**

***

بەرهەمەکانی دیکنز، ئاوێنەو ڕەنگدانەوەی ژیانی خەمناکی خودی ئەون، بەڵام لە هیچ یەکێك لە بەرهەمەکانیا، دەردو ڕەنجو ئازاری منداڵیەتی و نۆلاوی ئەو، وەکو لە رۆمانی دەیڤید کوپەر فیلدا وێنەگیراوە، بەو تێرو تەسەلیە بەرجەستە نەکراوەو ڕەنگی نەداوەتەوە. دەیڤید کوپەر فیڵد خودی دیکنزە، زۆربەی قارەمانەکانی هەمان یارانو خزمانو ئەو کەسوکارانەن کە لە ژیانی واقیعی ئەودا، رۆڵی سەرەکیان هەبووە. جەنابی "ویلکینز میکابر"، باوکیەتی کە هەمیشە گیرۆدەی هەژاریو دەسکورتیو کەم پارەییو قەرزاری بووە.

"دۆراسپینلۆ" هەمان یەکەمین دڵداری دیکنزە کە ناوی راستەقینەی (ماریا بنیدیل) بوو و ئەشقو ڤیانەکەیان سەری نەگرت (ئوریا هیپ)و قارەمانەکانی دیکەی هەر هەموویان ناوی خوازراونو چیرۆکنووس لەو کەسە ڕاستیانەی ناون کە لە زەینی ئەودا هەبوون، سالانێکی زۆر تێکەلاوی دەگەڵیاندا هەبووە. دیکنز ویستوویەتی لەم رۆمانەدا، خۆی وەکو چۆن هەبووەو چی بەسەر هاتووە، بەو ئاوایە بە جیهانیان بناسێنێ. — بێگومان لەبەر ئەوەش بووە کە ڕۆمانی دەیڤید کوپەرفیڵد، لە نێو هەر چوار ڕۆمانە گەورەکەیدا، بە شاکاری وی دێتە ژماردنو بە خۆی لەو دێباجەیەدا کە بۆ ئەم بەرهەمە زندووەی نووسیوە دەڵێت: "ئەم بەرهەمەم لە هەموو بەرهەمەکانی دیکەم خۆشتر دەوێت، وەکو چۆن باوکان، هەموو منداڵەکانی خۆیان خۆش دەوێت، بەڵام لە کانگای دڵیا، یەکێکیانی لەوانی دی خۆشتر دەوێت، منیش، دەیڤید کوپەر فیڵدم لەوانی دی خۆشتر دەوێ...."

ئەم دەیڤید کوپەر فیڵدە، فرزەندێك بوو کە لە ماوەی نۆزدە مانگدا لە دایك بووە، یانی لە مایسی ١٨٤٩ەوە تا مانگی یازدەی ١٨٥٠، کاتێ کە داهێنەرەکەی چارلز دیکنز، تەمەنی ٣٧-٣٨ساڵی خۆی بەڕێ دەکرد، ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیڵد، بە درێژایی نۆزدە هەیڤان، بە نۆزدە بەشو نامیلکەی مانگانە چاپو بڵاوبووەوە، کاتێ کە تەواو بوو، ئەنجوومەنانی ئەدەبی ئینگلیستان، جۆشو خرۆشێکی گەرمو گوڕیان تێکەوتبوو.

جا با پێکەوە گەشتێکی دنیای ئەم کەڵە چیرۆکنووسەی سەدەی نۆزدەیەمی ئینگلیستان بکەینو چاوێك بە بەرزترینو ناوازەترین بەرهەمی ویدا، واتا دەیڤید کوپەر فیڵدا بگێڕین:

"دیکنز بە هەژاری و دەستکورتی هاتە دنیاوە، ئەمەش بۆ دنیای ئەدەب خۆشبەختیەکی گەورە بوو، چونکە ئەگەر چارلزی بچووك، دووەمین فرزەندی خانەوادەکەیان، کە جگە لەو

حەوت منداڵی دیکەیان هەبوو، لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەندو دەستڕۆ گەورە بوایە هەرگیز شارەزایی لە ژیانی بێنەوایان‌و غەم‌و ئازاری هەژاراندا پەیدا نەدەکردو هەرگیز پێی بۆ پەناو پاسارەکانی باشووری لەندەن نەدەکرایەوە تا کرێتی‌و دزێوی و نالەباری ژیانی وان لە ڕۆمانەکانیا بنەخشێنێ.

لە ساڵی ١٨٢٤، گاڤێ چارلز تەمەنی دوازدە ساڵان بوو، بابی بە هەنجەتی ئەوەی توانای دانەوەی قەرزەکانی خۆی نەبوو، خرایە زندانەوە. دایکی کە ژنێکی ڕۆشنبیرو خوێنەوارو فیداکار بوو، بۆوەی فریای خۆی‌و منداڵەکانی بکەوێ‌و بژێوییەك بۆ خۆیان دابین بکات، هەستا قوتابخانەیەکی بۆ منداڵان کردەوە، بەڵام هیچ خانەوادەیەك منداڵیان نەبردە قوبتابخانەکەی ئەوو لە ئەنجامدا قۆتابخانەکە داخراو هێندەی دی کەوتنە ژێر باری قەرزەوە. لەم سەردەمەدا، دایکیان‌و شەش منداڵ بوون، دەرامەتیان لە هەفتەیەکدا نزیکەی شەش لیرە دەبوو کە بەشی خەرجی‌و مەسرەفی نەدەکردن، بۆیە دایکەکەیان دەبوایە کارێك بکات کە بابی منداڵەکانی لە زندان ئازاد بێت، چارلز کەوتە تاقیبی کار، دوای ماوەیەك لە عەمارێکی زوخاڵدا، کارێکی دۆزییەوە. ڕۆژانەکەی تەنیا یەك شیلینگ بوو، چارلزی دوازدە ساڵە، بە دڵ‌و بە گیان کاری دەکرد تا خاوەنکارەکە، دەری نەکات.

ئەنجام، دایکەکەیان ناچار بوو بۆ رزگاری مێردەکەی، تەنیا سەرمایەیەکی گران بەها، کە لە ماڵەوە هەی بوو بفرۆشێت، ئەم سەرمایەیە کتێبخانەیەك بوو پڕ لە دەستنووس، ئەم کتێبانە خۆشەویستی چارلزی چکۆلە بوون. کتێبەکان فرۆشران‌و لەگەڵ مردنی دایە گەورەیاندا، پارەیەکیان هاتە دەست تا جەنابی جان دیکنز، سەرگەڤاری خانەوادەکە بتوانێ لە زیندان ئازاد ببێ.

چارلز، بە عەمراتی، بە درێژایی تەمەنی ئەم بیرەوەریانەی لە بیر ناچێت، بیرەوەری ئارەزووە ناکامەکانی، بیرەوەری ساڵانی دەستکورتی و نەبوونی، بیرەوەری ئیش‌و کارێن قورس‌و تاقەت پروکێن، لە هەنبەر کرێی کەم، بیرەوەری تێکەڵاو بوون دەگەڵ هەژاران‌و بێکەسان، بیرەوەری نەخۆشی‌و ڕەنج بێوەری‌و ژیانی بێ سەروبەری. هەر هەموو ئەمانەی وەیاد دێنایەوەو هەر لاپەڕەکیان بە شێوەیەکی زندووتر لە چیرۆکە کەم وێنەکانی خۆیدا وەکو: ئولیڤەر تویست، نیکولاس نیکلبی، ئاوازی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح، دەیڤید کوپەر فیڵدا ئەوانی دیدا، بەرجەستە دەکرد.

دەیڤید کوپەر فیڵد، وەکو لە ڕواڵەتدا دیارە، هەمان ناوی نووسەرە کە دەستکاری کراوە. چارلز دیکنز، دوو پیتی یەکەمی سی‌و دییەو دەیڤید کوپەر فیڵدش وایە.

دەیڤید، منداڵێکە، بە پێچەوانەی حەزو مەیلی هەمووان لە دایك بووە، چارلزش وابووە، کاتێ دەیڤید لە دایك دەبێت، هەموو بە تەما دەبن کە کچ بێت، کە پورە گەورەکەیان دەبیستێ کوڕە، لە حەژمەتاندا، لە ماڵ وەدەردەکەوێ. چارلزیش کەم‌و زۆر وابووە. سەردەمی منداڵیەتی ئەو زۆر بە دژواری دەبورێت. ئیدی لە دۆکانۆچکەیەکی بادەفرۆشی سەر جادەدا، کاری شۆردنی شووشەی بەتاڵ‌و مارکە پێوەنانیان دەکات، چارلز بە خۆیشی

لە عەمارێکی زوخاڵفرۆشیدا کاری کردووەو ڕەنجی داوە. لەم تەمەنەدا هەردووکیان برسی و نەخۆش و لەش بەبار، هەمان چارەنووسی هاوبەشیان هەبووە.

لە دەورانی نۆلاویدا، دەیڤید، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر دەدات کە بخوێنێ و فێری شت ببێت و خۆی لە قۆرتی قووڵی قەرەبەختی ڕزگار بکات. چارلزیش لە ژیانی واقیعی خۆیدا وابووە، ئیدی ئەشقی دەیڤید بۆ دوراو مەرگی خەمناکی ئەو و زەماوەندی ئەو دەگەڵ ئاگنیس دا، هەموو ئەمانە کەم و زۆر وەکو ژیان واقیعی دیکنز بووە.

چارلز، لە ساڵی ١٨٣٦دا، کاتێ کە تەمەنی هەژدە ساڵان دەبێت، دەگەڵ کیژێکدا بە نێوی کاترین هوگارت زەماوەند دەکات. بەڵام لە ساڵی ١٨٥٨دا، دوای ئەوەی دە منداڵیان دەبێت، لێی جیا دەبێتەوەو حەز لە ئەکتەرێك دەکات بە نێوی ئیلین ترنان و ئەم ژنە ساڵانێکی زۆر وەکو ماشقە دەگەڵیا دەژی. بەمجۆرە چارلزو دەیڤید لە ژیانی هاوسەری و دنیای ئاشقێنی و سۆزداریشدا، هاو چارەنووس بوون.

دەتوانرێت بگوترێت کە دەیڤید کوپەر فیلد، جۆرە ئوتوبیوگرافیەکە کە چیرۆکنووسێکی لە زەبرو زەبەر دەست تێکی هەڵشێلاوەو گۆڕانکاری تازەی بەسەر هاتووە.

ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیلد، هەرچییەك بووبێ، ناوی نووسەرەکەی گەیاندە لوتکەی شۆڕەت و خۆشەویستی، بە ڕادەیەك نووسەرانی کارامەو لە زەبری وەکو بولور لایتن و ویلیام تاکری و ماتیو ئارنولد، زۆریان ستایش کردووەو بە چیرۆکنووسێکی کەم وێنەیان لە قەڵەم داوە. ماتیو ئارونولد کە بە خۆی شاعیرو هزرڤان و وتارنووس بوو و لە ژیانیا کەمتر ئاوڕی لە چیرۆك و حیکایەتان داوەتەوە، لە وتارێکیدا دەڵێت:

لەم کتێبەدا، چ گەنجینەیەکی پڕ لە ژیان، داهێنان، هەوڵ و کۆشش و جموجۆڵ هەیە! ئەمە چ بەهرەو هۆش و توانایەکە! لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا یەك ڕوحی شادو میهرەبان، بەسەر هەموو شتێك و هەموو کەسێکدا فەرمانڕەوایی دەکات... ئەم کتێبە بەڕاستی بەرهەمێکی نایاب و ناوازەیە...

کەسێك کە ئاشنایی نزیکی بە ژیانی چارلز دیکنز هەبێت تێدەگات کە بۆچی ئەم چیرۆکنووسە ئینگلیزە، کەڵکەڵەی نووسینی دەیڤید کوپەر فیلدی کەوتووەتە سەر.

چارلز، لە دەورانی لاوی و نۆلاوی خۆیدا، هەندێ ڕووداوی بە سەرهاتووە کە حەزی کردووە ئەو بیرەوەریانە تۆمار بکات. دوای ئەوەی فێری نووسینی اختزال (توندنووسی) دەبێت و کاری پەیامنێری دادڤانی وەردەگرێت و ماوەیەك بە مەبەستی زیادکردنی زانیاری خۆی، لە مۆزەخانەی بەریتانیا بەسەر دەبات، بە ڕێکەوت دەگەڵ کچێکدا بە نێوی ماریا بیدنل ناسیاوی پەیدا دەکات و هەر لە یەکەم دیدارو بەرخوردا حەزی لێدەکات. ڕەفتاری دیکنز دەگەڵ ئەوداو ئەو وێنانەی کە سەبارەت بە ئەشق و ئەڤینی ئەو هەیبووە، بە ڕادەیەك هاوسەنگ بووە کە ویستوویەتی ئەو، بەهەر شێوەیەك بووە، لە یەکێك لە ڕۆمانەکانی خۆیدا، جاویدان بکات، بۆیە لە ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیلدا، ماریا، لە شێوەی دورا سپنیلودا بەرجەستە دەکات.

ڤیان‌و خۆشەویستی‌و رێزو سۆزی خۆی بۆ هەڵدەرێژێت‌و لە ئەنجامدا، لە چیرۆکەکەدا دەیکوژێت. بەڵام سەیر ئەمەیە کە دیکنز، پێنج ساڵ دوای نووسینی ئەم چیرۆکە جارێکی دی خۆشەویستە دێرینەکەی خۆی دەبینێتەوەو بە جۆرێ لەم ژنە بێزار دەبێت کە لە قاڵب‌و کلێشەو سیمای گەوجانەی فلورادا، لە چیرۆکی دوریتی بچووکدا، بەرجەستەی دەکات.

دیکنز، لە ساڵی ١٨٣٢دا، کاتێ کە تەمەنی بیست ساڵان بووە، حەز دەکات ببێت بە ئەکتەرێکی بە تواناو لە سەر شانۆکانی لەندەندا دەربکەوێت. ئیدی دووی ئەم حەزو ئارەزووەی دەکەوێت، بەڵام نەخۆشی کوت‌و پڕ، خانەنشینی دەکات، تا دوای یەك دوو ساڵان، بە عینوانی پەیامنێری پەرلەمانی، لە ڕۆژنامەی ئاوێنەی پەرلەماندا کارێك وەدەست دێنێ. جا چونکە حەزو خولیای ئەکتەریی هەرگیز لە دڵیا دانەمرکابووەوە، لە تەمەنی سی‌و پێنج ساڵیدا، رێك دوو ساڵ بەر لە نووسینی ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیڵدا، کۆمەڵێك ئەکتەری پیشەیی و نا پیشەیی لە دەوری خۆی خڕ دەکاتەوەو لە ڕێگای سێ شانۆنامەوە، یەکەمیان هی بن جونسن بوو لە ژێر سەرناڤی "هەر ئینسانێك دیلی مجێزی خۆیەتی)و دووەمیان هی ویلیام شەکسپیر بوو لە ژێر سەرناڤی "هاوسەرانی شۆخ‌و شەنگی ویندرور"و سێیەمان هی بولور لاتین بوو لە ژێر سەرناڤی "ئەو خراپەش نەبووین وەکو تەسەور دەکراین" لە شارانی وەکو: مانچستەر، لیڤەرپول، ئەدینبورگ،گلاسکۆو لەندەن، پێشکەش دەکرێن. لەم شانۆنامانەدا، خودی دیکنز، دەوری سەرەکی دەبینێ، بەڵام لەم ڕێگایەوە، سەرکەوتنی گەورەو دڵخوازی خۆی بەدەست نایەنێ‌و بیر لەوە دەکاتەوە کە کارێك بکات کە زووترو خێراتر شۆرەت‌و نێوبانگ پەیدا بکات، جا لەم پێودانگەوە، بیرۆکە دێرینەکەی خۆی پراکتیزە دەکات‌و دەست بە نووسینی ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیڵد دەکات. دیکنز، لە پێش ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیڵدا، چیرۆکی دیکەشی نووسی بوو. یەکەمین بەرهەمی چیرۆکێك بوو بە نێوی "شێو لە شەقامی سپیدار"دا کە لە ژمارەی دیسامبەری گۆڤاری مانگانەی ساڵی ١٨٣٣دا بڵاوی کردبووەوە. بەرهەمەکانی دیکەی کە بریتی بوون لە بەسەرهاتەکانی پیك‌و ویك، کە بە زنجیرەو لە شێوەی نامیلکەدا، مانگانە لەلایەن دەزگای بڵاوەخانەی چاپمن‌و هولەوە بڵاودەکرانەوە. "پیك ویك" یەکەمین سەرکەوتنی گەورەی دیکنز بوو. بەڵام ئەم پیك‌و ویکە لە ڕاستیدا چیرۆك نەبوو، بەڵکو زنجیرە بویەرو ڕووداوێکی کۆمیدی‌و کومیکی پیاوێك بوو بە نێوی پیك‌و یك، کە زادەی خەیاڵی دیکنز بوو کە مانگانە چیرۆك‌و بەسەرهاتی وی دەگەڵ کۆمەڵێك کاریکاتۆری دەستکردی نیگارکێشێکی زەبەر دەستەوە، بڵاودەکرایەوە. سەیر ئەوە بوو ئەم پیك ویکە کە لە سەرەتاوە تەنیا چوار سەد نووسخەی لێ چاپ دەکرا، بە ڕادەیەك دەنگی دایەوەو پێشوازی لێکرا کە تیراژی چاپکردنی گەییە چوار هەزار نووسخەو هەر کاتێ کە بڵاو دەبووەوە، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دەبوو بە وێردی سەر زاری هەموو خەڵکی لەندەن، بە گشت چین‌و توێژە کۆمەڵایەتیەکانەوە. ئیدی هەموو خەڵکی باسی کارو کردەوەکانی پیك‌و ویکیان دەکرد.

وێڕای ئەمەش، پیك‌ویك، کارێك نەبوو کە دیکنز دڵی پێخۆش بکات. ئەو دەیویست چیرۆك بنووسێت‌و بگاتە ریزی چیرۆکنووسانی مەزنی دنیا، ئیدی پاشخان و باکراوندی فیکری ئەو دەربارەی قۆناغی منداڵیەتی خۆی، داهێنان‌و ئەفراندنی بەرهەمێکی لێکەوتەوە، کە ئەو بەرهەمە یەکێکە لە بەرهەمە نەمرەکانی ئەدەبیاتی جیهان، ئەم بەرهەمە چیرۆکی ئولیڤەر تویستەو دیکنز لە نێوان مانگی یەکی ١٨٣٧ەوە تا ئازاری ١٨٣٩یانی لە زەرفی پازدە هەیڤدا نووسیویەتی و تەواوی کردووە. ئولیڤەر تویست، مژدەیەکی گرینگ بوو بۆ میللەتی ئینگلیزو جیهان، کە نەك هەر چیرۆکنووسێکی مەزن هاتە مەیدانەوە، بەڵکو پیاوێك بە چەکی قەڵەم سەری بەرز کردووەتەوەو دەیەوێ کۆمەڵگەی ئینگلیز چاك بکات. میللەت‌و حکومەت تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆکی ئولیڤەر تویستەوە پەیان بەوە برد کە یاساو ڕێسای بەرگری لە چینی چەوساوەی ئینگلیز، لەو وڵاتەدا دەکاتە چی‌و ئەم دەزگا خێرخوازی‌و ئاینیانەی کە لە گۆشەو کەناری وڵاتا بڵاوبووبوونەوە، چ ڕەفتارو بەرخوردێکیان لە گەڵ ئەو چارە ڕەشانەدا دەکرد کە پەنایان بۆ دەبردن.

لە چیرۆکی ئولیڤەر تویستدا، زەمینە خۆش نەبوو کە نووسەر بەسەر هاتە شەخسیەکانی خۆی تیا بەرجەستە بکات، بۆیە ناچار سەربهووردی خۆی بۆ دەرفەتێکی دی هەڵگرت. بەڵام لەو دوا هەفتەو ڕۆژانەدا کە دیکنز خەریکی نووسینی چیرۆکی ناڤبری بوو، بویەرێکی دیکە ڕوویدا، کە دیسان نووسینی شتێکی ئوتوبیوگرافی ئاسا دوا کەوت. ئەوەش ئەوە بوو لە مانگی یەکی ١٨٣٨دا دۆستێکی نزیکی دیکنز، بە ناوی براون، دەعوەتی کرد کە بڕوات بۆ یورکشایرو لەوێندەر قوتابخانەیەکی نموونەیی شارەکانی ئینگلیز ببینێ. دیکنز بە بیانووی ئەوەی کە دەیەوێ منداڵانی بێوەژنێك کە تازە مێردەکەی مردووە بخاتە ئەو قوتابخانەیەوە، سەردانی چەندین قوتابخانەی شەوانە ڕۆژی دەکات‌و لە نزیکەوە ئاشنایەتی دەگەڵ جۆری ڕەفتاری فێرکارانی قوتابخانانی منداڵان، پەیدا دەکات، لەم سەنتەرو قوتابخانانەی بەناو پەروەردە کردنانەدا بوو کە بۆی دەرکەوت، ژیانی منداڵان، لە هی حەیواناتیش خراترو نالەبارترە، مامەڵەی بەڕێوەبەرو فێرکارەکان دەگەڵ منداڵاندا، لە ڕەفتارێن دڕندەش بێ ڕەحمانەترە. دەگەڵ چەندین منداڵ کە بە هۆی ئەشکەنجەی مامۆستاو فێرکارەوە، کە بینایی یا گوێی خۆیان لە دەست دابوو قسەی کرد، ئەنجامی هەموو ئەو سەرنجانەی خۆی لە چیرۆکێك بە ناوی نیکولاس نیکلبی)دا بەرجەستە کردبوو. ژیان‌و بەسەرهاتی نیکولاس نیکلبی، بە جۆرێ لە کۆمەڵگەی ئینگلیزدا دەنگی دایەوە کە وێنا ناکرێت، هەندێك بۆ چارەنووسی خەمناکی قارەمانی چیرۆکەکە گریان، هەندێکی دی دژی سیستەمی فێرکاری هەڵەی وڵات ڕاپەڕین. هەندێك لە بەرپرسانی قوتابخانەکان، هەڕەشەی مەرگیان لە دیکنز کرد، هەندێك لە بەرپرسان، دیکنزیان بە بابایەکی نەخۆشی دەروونی لە قەڵەم دا کە گوایە مەبەستی ئازاردانی خوێنەرە. دیارە دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی چیرۆکی نێوبراو یەجگار خێراو بە سوود بوو، چونکە دوای ماوەیەکی کەم چەند فێرگەیەك داخران‌و چەند یاسایەکی تازە بۆ پاراستنی منداڵانی بێ داڵدەو پەنا، دەرکرا.

نیكولاس نیكلبی، یەكێك بوو لەو چیرۆكانەی كە لە شێوەی نامیلكەی مانگانەدا بڵاوبووەوەو بڵاوبوونەوەكەی نزیكەی یەك ساڵی خایاند. یەكەمین بەشی لە هەیڤی نیسانی ١٨٣٨دا گەییە بەردەستی خوێنەرانو دوا بەشیشی لە مانگی مایسی /١٨٣٩دا بڵاوبووەوە. بەرهەمەكانی دیكنز ویژدانی میللەتو خەڵكی ئینگلیزی بێداركردبووەوە. بۆیە هەم وەشانكارانو هەم خوێنەران بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی نووسینی تازەی ئەویان دەكرد. دەزگای چاپمنو هول، كە بەرهەمەكانی ئەم نووسەرە هزرڤانەی بڵاودەكردەوە، پێشنیازی دەركردنی بڵاوكراوەیەكی كرد كە مانگانەو بەرێكو پێكی دەربچێت. دیكنز ئەو بیرۆكەیەی پەسند كردو بڵاوكراوەیەكی هەفتانەی لە ژێر سەرناڤی (سەعاتەكەی مستەر هامفری) بڵاو كردەوە، بەڵام چونكە لەلایەن جەماوەری خەڵكەوە پێشوازیەكی ئەوتۆی لێنەكرا، خێرا ناوەكەی گۆڕیو هەفتەنامەیەكی دیكەی بڵاوكردەوە بە ناوی (دوكانچەی شتومەكی كۆنی سەیرو سەمەرە). كە ماوەیەكی تا ڕادەیەك زۆر بەردەوام بوو.

دیكنز سالانێك هەر بە خەیاڵی نووسینی بەسەرهاتی خۆی بوو، لە دەرفەتێك دەگەڕا تا ئەو ڕووداوانەی كە بە سەر خۆی هاتوون، بخاتە سەر كاغەز. وێڕای ئەوەی كە هێشتا نەگەیی بووە تەمەنی سی ساڵی، شۆرەتو نێوبانگی، سنووری ئینگلیستانی بڕی بوو و گەیی بووە وڵاتانی دیكە. لە دیسامبەری ساڵی ١٨٤١دا، زانی كە بەرهەمەكانی ئەو، بەبێ ئیزنو پرسی خۆی لە بوستنو شارەكانی دیكەی ئەمریكا بە چاپ دەگەیەننو هیچ پارەو پولێكیش بەو نادەن. دوای مانگێك، لە مانگی یەكی /١٨٤٢دا دەستی هاوسەرەكەی گرتو بەرەو بوستن وەڕێكەوت. سەفەرەكەی بۆ ئەمریكا، شەش دانە مانگی خایاندو هەرچەندە خەڵكی ئەمریكا، لە هەموو شوێنێك بەرێزەوە پێشوازیان كرد، بەڵام چونكە یاسای كۆپی ڕایت (پاراستنی مافی نووسەر) ئیحتوباری جیهانی نەبوو، دیكنز نەیتوانی هیچ كارێك سەبارەت بە بەرهەمەكانی خۆیو پێشگیری لە چاپكردنەوەیان، ئەنجام بدات، ئیدی بۆ ئینگلیستان گەڕایەوەو گلەیی و گازاندەكانی لە كتێبێكدا بەرجەستە كرد بە ناوی (یاداشتە ئەمریكاییەكان) بەڵام دیكنز نووسەرێك بوو كە نەیدەتوانی یەك سات ئارام بگرێ. تەبیعەتی كەماڵ پەسندی، كارێن بچووكو ئاسایی بەگەن نەدەكرد. حەزی دەكرد بەرهەمێك دابهێنێ كە سەرانسەری بەریتانیا بهەژێنێ و لە هەمان كاتدا، لەو ڕێگایەوە چینی دەسەڵاتدارو خەڵكی ستەمكارو ملهوڕی وڵاتەكەی لە ژیانو گوزەرانی نالەبارو خەمناكی هەژاران ئاگادار بكاتەوە.

لە دیسامبەری / ١٨٤٣دا، چیرۆكی (ئاوازی جەژنی لە دایكبوونی مەسیح)ی بڵاوكردەوە، كە یەكێكە لە چیرۆكە زندووەكان. ئەم كتێبە، یەكەمین بەرهەمی زنجیرە كتێبێك بوو كە دەربارەی بەسەر هاتەكانی لە دایكبوونی مەسیح دەینووسین. چوار كتێبی دیكەی لەو بارەیەوە بە ناونیشانی (زەنگەكان، زەنجەرەی سەر ئاگردان، شەڕی ژیان، پیاوێكی دیلی تاپۆیان) یەك لە دووی یەك بڵاوبوونەوە. ئەم نووسینانە وێنەی ڕاستەقینەی كەلاوەنشینە هەژارو بێ دەرەتانەكانی ئینگلیزیان، خستە بەرچاوی دەوڵەمەندانی بێخەم و خەیاڵی ئەو وڵاتە.

ئەو دەرامەتەی کە لە ڕێگەی ئەو کتێبانەوە هاتە دەست دیکنز، کردیە کارێك بە خاوخێزانەوە بۆ ئیتاڵیا بڕوات، ئەم سەفەرە نزیکەی یەك ساڵی خایاند، کە گەڕایەوە بیرەوەریی و یادگارییەکانی خۆی دەربارەی ئیتاڵیا، لە ژێر سەرناڤی (چەند وێنەیەکی ئیتاڵیا) بە چاپ گەیاندو پاشان چیرۆکی (دومبی و کوڕ)ی دەست پێکرد.

بەگوێرەی ژیانی ئەم سەردەمەی نووسەر بێ، ئەوە بە دیاردەکەوێت کە گوایە لە نووسینی دوا چیرۆکی ڕازی نەبووە و لە خەمی ئەوەدا بووە، دەرفەتێك پەیدا بکات، تا کارێکی گەورەو شایستەی ستایش ئەنجام بدات. بەڵگەش ئەمەیە کە دیکنز پێش تەواو کردنی ئەم چیرۆکە، کەڵکەڵەی ئەکتەری و نواندنی سەر شانۆی دەکەوێتە سەرو هەروەها پێش ئەوەی دوا فەسڵی چیرۆکەکەی تەواو بکات، بیر لەوە دەکاتەوە کە زەمینە بۆ ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیلد فەراهەم بکات.

بە هەرحاڵ، لە بەرهاری ساڵی ١٨٤٩دا دەستی بە نووسینی ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیلد کرد، بە کۆمەکی یادگەو بیرەوەریە شەخسیەکانی خۆی دیمەنەکانی ڕێك خست. لە هەوەڵەوە دەیزانی کە دەیەوێت چ بنووسێت "سەربهووردی لاوێکی سەرکەوتوو کە لە هیچەوە دەگاتە هەموو شتێك، لە نێو کوختە ساردو تاریك و نوتەکەکانەوە دێتە دەرێ‌و بە زەبری هۆش‌و دیرایەت و لە ڕێگەی هەوڵ‌و کۆششەوە، دەبێت بە نووسەرێکی ناودارو ئەمە وێنەیەکی ڕاستەقینەی خۆی بوو".

دەیڤید کوپەر فیلد کێیەو سەرگورشتەی ئەو چۆن بووە؟

دەیڤید کوپەر فیلد، منداڵێکی ساوایە کە لە گوندێکی دەڤەری سوفوك، لە خانەوادەیەکی مام ناوەنجی لە دایك دەبێت. بابی، بە شەش مانگ بەر لە دایك بوونی ئەم، دەمرێت‌و دایکی، کلارا بێوەژنێکی گەنجە کە دەگەڵ کارەکەرێکدا بە ناوی پگوتی دەژی. دەورانی تەنیایی ئەم بێوەژنە گەنجە زۆر ناخایەنێ. زەماوەند دەگەڵ مستەر موردستون دا دەکات و، هەر دوای زەماوەندەکەیان، دەردەکەوێت کە ئەم پیاوە کەسێکی لەگام‌و ئاڵچاخ، سەختگیرو بێ هەستە.

ئیدی لەم کاتەوە، سەردەمی سەرگەردانی‌و ڕەنج و سەریەشەی دەیڤید دەست پێدەکات. دەیڤید بۆ هەر کوێیەك دەنێردرێ جگە لە خەم‌و نامرادی هیچی دی نادورێتەوە، لە ماڵی خاڵی‌و لە فێرگەی شەوانە ڕۆژی‌و لە هەموو شوێنێك جگە لە ئازارو مەینەت هیچی دی نابینێ. ڕۆژێك خەبەری دەدەنێ کە دایکی بەسەر منداڵەوە مردووە. دەیڤید کوپەر فیلد ئەم تاقە پشت‌و پشتیوانەی خۆی لە دەست دەدات. باوە پیاڕەکەی، کارەکەرەکەش لە ماڵ وەدەردەنێت‌و ئیدی لەو ماڵەدا جگە لەو و باوە پیاڕەکە دڵڕەقەکەی کەسی دی نییە.

مستەر موردستون، دەیەوێ زڕ کوڕەکەی کار بکات‌و بەم مەبەستە، لە عەمارێکی داگرتن‌و بارکردنی شمەکان، کارێکی هاکەزایی بۆ دەدۆزێتەوە. کاری کوڕە دەسالانەکەی ئەمەیە بوتلان بشوات‌و مارکەیان پێوە بنێ. ئەم منداڵە هەمیشە برسی‌و ماندووە. ئەو ڕۆژانەو کرێیەی وەری دەگرێت، ئەوەندە نییە سکی خۆی پێ تێر بکات. ڕۆژێك لەوێندەر هەڵدێت. هەڵبەتە دەزانێت ئیدی دوای ئەم کارەی ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو دیارو دەڤەرە. ماوەیەك

وێڵ‌و سەرگەردان تیا دەمێنێ بۆ کوێ بڕوات‌و ڕووبکاتە کێ. سەرەنجام پورێکی بیر دەکەوێتەوە، ئەو پورەی، کە بۆ ئەمیان گێڕا بووەوە کاتێ ئەم لە دایك بوو بوو، لە داخی ئەوەی کوڕ بووەو کچ نەبووە، ماڵەکەی بە جێهێشتووەو ڕۆییوە. ئیدی ڕوو دەکاتەوە ئەو پوورەی، پوورە بتسی، ناچار، بە نە بە دڵی، برازایەکەی دەگرێتە خۆ، تەنانەت وەختایەك مستەر موردستون، دەچێ بۆ ئەوێندەر تا زڕ کوڕەکەی لێ وەربگرێتەوەو تەمبێی بکات، پوورێ، دەستبەرداری نابێت‌و دەیگرێتە ژێر باڵی خۆی.

دەیڤید کوپەر فیلْد، هەنووکە پەناگایەکی تازەی دەست کەوتووەو چاوی لە ئاسۆی ئایندەیە، لە خوێندنگەی کانتربوری درێژە بە خوێندن دەدات. مستەر سترونگی بەڕێوەبەری خوێندنگاکە وەکو بەڕێوەبەرەکەی پێشووی سەختگیرو دڵڕەق نەبوو، ئیدی لەم ماوەیەدا بۆ خۆی دۆست‌و هاوڕێیانی تازە دەگرێت. مەدام ویکفیلدی، پارێزەری پوورە بتسی، کیژێکی هەیە بە نێوی ئاگنس کە دەیڤید هەست دەکات لە دڵەوە خۆشی دەوێت. دەیڤید لە ماڵی ئەم پارێزەرەدا، ئاشنایەتی دەگەڵ پیاوێکدا پەیدا دەکات کە نموونەی ڕیاو دوو ڕوویی‌و فێڵ‌و تەڵەکەیەو نێوی ئەو کە پاشان لە ئەدەبیاتی ئینگلیزدا دەبێت بە وێردی سەرزاران، ئوریا هیپە.

دەیڤید لە تەمەنی هەڤدەساڵیدا، خوێندن تەواو دەکات، دوای چەند سەفەرێك‌و بەرخورد دەگەڵ بویەرو ڕووداوێن تازە، بە ڕەزامەندی پوورە بتسی، دەچێتە بەشی ماڤ زانکۆو درێژە بە خوێندن دەدات، دەیڤید، لە ماڵی مستەر سپینلو، بەڕێوەبەری دەزگای ماف، تووشی دورای کیژی ئەو دەبێت. دورا کیژێکی نەشمیل‌و خشکۆکە، لێ ئەقڵی پڕ نییە. ئیدی حەزی لێدەکات‌و ژێراو ژێر پەیوەندی دەبەستن. لەم ماوەیەدا زۆر بویەران ڕوو دەدەن، کە یەکێك لەوانە نابووت بوونی پووری دەبێت. دەیڤید ناچار، دەستبەرداری هەموو شتێك دەبێت‌و دەڕوات بە سۆراغی پووریەوەو پێی دەڵێت ئامادەیە هەموو فیداکارییەك بکات، تا ئەو، پوورێ خەفەت نەخوات. لەبەر ئەمە، کارێك لەلای بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی پێشووی خۆی، مستەر سترونگ، بە دەست دێنێت. ئەم کارە دەرامەتەکەی زۆر کەمە، دەیڤید دەکەوێتە بیری ئەوەی کاری دی بکات، ئیدی بەدەم ئەم کارەوە، کاری پەیامنێری دادڤانیش دەکات. دەیڤید، لە تەمەنی بیست‌و یەك ساڵیدا، دەگەڵ دورای کۆنە دەزگیرانیدا زەماوەند دەکات. بەڵام زوو بۆی دەردەکەوێت کە لە ڕووی فیکریەوە، ناکامڵە. دوای ماوەیەکی کەم دورا نەخۆش دەکەوێ‌و وێڕای هەوڵ‌و تەقەلای زۆری مێردەکەی‌و ئاگنس کە لەم ڕۆژانەدا یارمەتی ئەوی دەدا، ژنەی گەنج، گیان دەرنابات‌و دەمرێت. بە مردنی دورا، دیسان ئەو ئاوارەو سەرگەردان دەبێتەوە. بۆ ماوەی سێ دانە ساڵ لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپادا دەسوڕێتەوە. وەختایە دەگەڕێتەوەو لە ماڵی پوورە بتسی دا ئاکنجی دەبێت، هەست دەکات زۆر بیری ئاگنسی کۆنە دۆستی دەکات‌و پڕ بە دڵ حەز دەکات بیدینێ.

ئەم دیدارە سەر دەگرێت و ئەنجام بە زەماندە دەشکێتەوە، دەیڤیدش، هەمان ڕێگای حەزو کەڵکەڵە دێرێنەکەی دەگرێتە بەر، ڕوو دەکاتە کاری نووسین و دەبێت بە چیرۆکنووسێکی نێودارو مەنشوور.

ئەوانەی کە ئاگایان لە بە سەرهاتی ژیان و گوزەرانی دەیڤید هەبوو، زۆر بە چاکی دەیانتوانی حوکمی ئەوە بدەن کە ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیلد، جگە لە سەربهووردی خودی نووسەر، چ شتێکی دیکە نییە کە بڕێك بویەرو ڕووداوی دیکەی تێکەڵاو کردووە. لەم چیرۆکەدا، چەند هێزێکی پەنهانی، بە سەر چارەنووسی کەسەکاندا زاڵ و فەرمانرەوایە: میهرەبانی، بەزەیی، دڵسۆزی و خەمخۆری لەلایەکەوەو دڵرەقی و خوێنڕێژی و تاوانکاری و خوێڕییەتی لەلایەکی دیکەوە. ئەم چیرۆکە جاریٚ دەتهێنێتە پێکەنین، جاریٚ دەتخاتە گریان. وێنەو دیمەنەکان ڕاستین کە هیچ کەسێك بە ئاستەمیش گۆمانیان لێناکات، ئەو قارەمان و کاراکتەرانەی کە لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵی جیاواز دەبینن، سەدی سەد خەڵکی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی ئینگلیستان و هەر ڕووداوێك کە لەم ڕۆمانەدا هاتووە، بۆ خوێنەر ئاساییەو قەناعەتبەخشە. هەر بۆیە ڕەخنەگران، ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیلد بە بەرهەمێکی یەجگار نایاب و ناوازەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەزانن. چارلز دیکنز، بە نووسینی ئەم چیرۆکە گەییە ترۆپکی شۆرەت و نێوبانگ و خۆشەویستی.

دیکنز، تێکڕا چواردە ڕۆمان و چەندین چیرۆکی کورتی نووسیوە. بەشێك لە چیرۆکەکانی دیکەی وەکو چیرۆکی دوو شار کە لە ١٨٥٩/٤/٣٠دا کاتیٚ کە لە تەمەنی چل و حەوتساڵیدا بوو، دەستی پێکرد، یا چاوەڕوانیە گەورەکان، کە لە ١/دیسامبەر/ ١٨٦٠دا بناغەکەی دانا، هەموو شۆرەتی جیهانییان پەیدا کردووەو دەسکەوتی مادی و مەعنەوی گەورەیان بۆ ئەو هەبووە، بەلاّم شتاقیان نەگەییونەتە شۆرەت و خۆشەویستی دەیڤید کوپەر فیلد.

لە ٨//١٨٧٠/٦دا، دیکنز لە خانوویەکی جواندا کە لە دێر زەمانەوە خۆزیای دەخواست هی ئەو بوایە و ماوەیەك بەر لەو بەرواره کڕی بووی، خجڵی نووسینی شەشەمین بەشی چیرۆکی (ڕازی ئیدوین درود بوو. یەکەمین بەشی ئەم چیرۆکە لە هەیڤی نیساندا بلاّو بوو بووەوە. جورجینای خوشکی دیکنز کە دوای جیابوونەوەی مامۆستا دەگەڵ هاوسەرەکەیدا، لەگەڵ براکەیدا دەژیا، داوای لێکرد تا بۆ فراڤین بێت بۆ ژووری نانخواردن.

دیکنز هەستیکرد، ناتوانیٚ ڕیٚ بکات. زۆر بە زەحمەت خۆی گەیاندە پشت مێزی نانخواردنەکە، بەلاّم سەری بەسەر مێزەکەدا شۆڕ بووەوەو لە خۆی چوو. پزیشکان زۆریان هەوڵدا کە لە مەرگ رزگاری بکەن، لیٚ بێفایدە بوو. چارلز دیکنز ئەم چیرۆکنووسە گەورەیەی ئەو سەدەیە، بەرەبەیانی رۆژی پاشی لە تەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا، مالاّوایی لە ژیان کرد. ئیدی وەسێتی کردبوو، لە گۆڕێکی سادەدا، لە نزیکی ماڵەکەی خۆیدا بە خاکی بسپێرن، بەلاّم میللەتی قەدرزانی ئینگلیز، بەوەسێتەکەیان نەکرد. ئەویان بە ڕێزێکی فراوانەوە، کە شایستەی کەڵە نووسەرێکی وەکو ئەو بوو، لە ویستمنستەر، گۆڕستانی بلیمەتانی ئینگلیز، بە خاك سپارد، کە ڕێکەوتی ١٨٧٠/٦/٩ بوو.

ئەوەی دیکنز لە ماوەی سی ساڵکیدا بەرهەمی هێناوە، واتە لە ساڵی ١٨٣٦ەوە کە هەوەڵین چیرۆکەکانی لە ژێر سەرناڤی سکێچاندا بڵاوکردنەوەو تا ساڵی ١٨٧٠ کە لە کاتی نووسینی چیرۆکی "ڕازی ئیدوین درود" ماڵاوایی لە ژیان کرد، جگە لە هەندێ نامەو یاداشتی کەمبایەخ بریتین لە:

١- سکێچەکانی "بوز" بریتیە لە کۆمەڵە چیرۆکێك کە لە ماوەی ساڵانی ١٨٣٥- ١٨٣٦دا لە گۆڤاری مانگانەو ڕۆژنامانی مورنینگ کرونیکلو ئیڤینیگ کرونیکلدا بڵاوی کردوونەتەوە، ئەم چیرۆکانە، وەکو لە ناو نیشانەکەیدا دیارە، زیاتر سکێچ بوون تا چیرۆك و کۆمەڵێك دیمەنی کاریکاتوریی ژیانو ئەخلاق و دابو نەریتو کرداری خەڵکی ئەو سەردەمەیان نیشاندەدا. ئەم سکێچانە، لەلایەن هونەرمەندێکەوە بە نێوی جورج کروکشانکەوە، وێنەیان بۆ کێشرا بوو.

٢- کاغەزە بڵاوکراوەکانی پاش مەرگی سەرۆکی یانەی پیك ویك: ئەو چیرۆکەی کە چارلز دیکنز لە ساڵانی ١٨٣٦و ١٨٣٧دا نووسینیو کاراکتەرانی زندووی وەکو سام ویلەرو ساموئیل پیك ویکی خوڵقاند. ساموئیل پیك ویك سەرۆکی یانەی پیك ویکە. پیاوێکە دڵپاك، مەردانەو مرۆڤدۆست بەڵام لە ڕادەبەدەر بە پارێزو ترسنۆك، دەگەڵ سێ ئەندامی یانەکەدا دەچێتە سەفەر تا دەربارەی سەرچاوەکانی گۆلاوەکانی هامپ ستد لێکۆڵینەوە بکات، لەم سەفەرەدا زۆر بویەری چاوەڕوان نەکراوی دێتە ڕێ. بەڵام گرینگترینیان بەرخوردە دەگەڵ میسیز باردلدا کە دەگاتە دادگاو هەراو هەنگامەیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە.

٣- لولیڤەرتویست:

دیکنز ئەم چیرۆکەی لە ساڵی ١٨٣٨دا بڵاوکردەوە. ئەمە یەکەمین چیرۆکی درێژی دیکنزە کە بلیمەتی و بەهرەی ئەو لە واری چیرۆکنووسیدا دەسەلمێنێ. لەوە دەچێت خودی نووسەریش بە تەمای ئەوە نەبووبێ کە بەم سەرکەوتووییە لەم ئەزموونە دەربچێت.

ئولیڤەر تویست یەکێکە لەو هەزاران منداڵانەی کە لە ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، لە هەتیوخانە دەژیان. ڕۆژێك تاوانێکی گەورە دەکاتو ئەم تاوانە بریتیە لەمەی کە داوای نانی زیاتر بۆ خۆی دەکات. ڕەفتاری سەرپەرشتانی هەتیوخانەکە (گەداخانە) بە ڕادەیەك لەگەڵیا نەنگینو خراپ دەبێت کە ئولیڤەر تویست ڕۆژێك، دەرفەت دێنێو لەو هەتیوخانە شوومە هەڵدێتو لە بەدبەختی خۆیدا، گیرۆدەی داجر، کوڕیژگەی تەڵەکەبازو گیرفان بڕو ئەربابی بێ رەحمی ئەو فاگین دەبێت. بەسەر هاتو سەربهووردێن ئەم منداڵە سەرگەردانە زۆرە، بەڵام بەدەم ڕووداوێن ڕۆژگارەوە دەڕواتو سەرەنجام ڕێی دەکەوێتە ماڵی میسیز میلیو لەوێندەر ئەم نهێنییە سەیرە کەشف دەبێت کە ئولیڤەر تویست، برازای ئەوەو خوشکەکەشی، رۆز، لە همان کۆشکا دەژی.

٤- نیکولاس نیکلبی:

چیرۆکنووسەکەی ئینگلیز، دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی لە ئولیڤەر تویستدا، بە دەستی هێنا، ئەم چیرۆکەی لە ساڵی ١٨٣٢دا دەست پێکردو لە زەرفی ساڵێکدا تەواوی کرد. نیکولاس نیکلبی کوڕی کابرایەکی نەجیمزادەی دەستکورتە کە ڕوو دەکاتە دنیا تا ئەستێرەی بەختی خۆی بدۆزێتەوە. هەوەڵجار، بە فێرکاری بێ ڕوتبە لەلای مستەر سکویرز دادەمەزرێ. لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا لە یورکشایر دەست بەکار دەبێ. لەوێندەر، بە دەستی سکویرزو ژنەکەیەوە، بە جۆرێ هەراسان دەبێت، کە لە گیانی خۆی وەڕەز دەبێت، نەفرەت لە خۆی دەکات. سەرەنجام دەگەڵ کوڕیژگەیەکدا بە نێوی سمایك کە چەوساوەی دەستی بەڕێوەبەرو ژنەکەی دەبێت، لەوێندەر هەڵدێت. سمایك بە جۆرێ ڕمموودەی سۆزو میهرو میهرەبانی نیکولاس دەبێت کە تا کۆتایی تەمەنی دەست بەرداری نابێت. لە پرتزموت دا نیکولاس پەیوەندی بە گرووپی ئەکتەرانی مستەر کروملزەوە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوانیشدا تاقەتی دەچێت‌و بێزار دەبێت‌و ئیدی لەوێندەرەوە خۆی بە بویەرو ڕووداوانی تازە دەسپێرێت. ئەنجام قەدەرو چارەنووس بەرەو لای برایانی چەریبلی بکێش دەکات و ئیدی لای ئەوان بەختی دەکرێتەوەو بەرەو سەرکەوتن‌و شۆرەت دەڕوات‌و پاش ئەوەی وەکو بازرگانێك سەروەتێکی باش کۆدەکاتەوە، دەگەڵ کچێکی دڵخوازی خۆیدا بە نێوی مادلین بری، زەماوەند دەکات.

٥- دوکانچەی ئەشیای کۆنی سەیرو سەمەرە:

دیکنز، لە ساڵی ١٨٤٠دا دەستی بەم چیرۆکە کردو بۆ ساڵی پاشی تەواوی کرد. قارەمانی ئەم چیرۆکە ژنێکە بە نێوی نیل ترنت کە دۆستەکانی بە نێوی نیلی چکۆلە بانگی دەکەن. باپیرەی نیل دوکانێکی هەیە کە پڕە لە ئەشیای کۆن‌و فەرامۆشکراو، ئیدی هەموو خۆشیەکی بریتیە لە دوکانەکەی‌و نەوەکەی. لێ پیری فەڕتوس لە رووی نەزانیوە هەرچی هەیەو نییە، دارو نەداری خۆی لە قوماردا دەدۆڕێنێ، ناچار لەگەڵ نەوەکەیدا دەکەوێتە دەرۆزەو سەرگەردان دەبێت. سەرەنجام نیل، لە ناکامیدا و بە نامرادی دەمرێت‌و خوێنەران دەخاتە خەم‌و پەژارەیەکی زۆرەوە.

لەم چیرۆکەدا کوڕیژگەیەکیش هەیە بە نێوی کیت نوبڵز کە لە دوکانەکەدا کار دەکات. ئەم کوڕیژگەیەش ئەسیرو دیلی قەدەرێکی شوومە بەڵام لە ئەنجامدا گرێی بەختی دەکرێتەوە ڕێگای سەر زەمینی بەختەوەری دەدۆزێتەوە.

٦- بارنابی روج:

ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٨٤١دا نووسراوە، بارنابی روج، قارەمانی ڕۆمانەکەیە، گەنجێکی تەمەن بیست‌و سێ ساڵانە، باڵا بەرز، تۆکمە، دەموچاو کاڵ‌و قژ درێژی قژ لوولی، ئامال سوور. چاوەکانی شووشەیی‌و ماندوو دێنە بەرچاو، لە هەموو ئەمانەش سەیرتر جل‌و بەرگەکەیەتی کە ڕەنگی سەوزەو ناشیانە دوراوە.

خەڵکی، بارنابی بە دوو شتدا دەناسنەوە، یەکێکیان شێوەو شەکڵی سەیرو کۆمیدی ئەوەو دووەمیان قەلەڕەشێکە کە نێوی گریپەو هەمیشە لەگەڵیایە. ئەم قەلە ڕەشە توانای ئاخافتنی هەیەو هەندێ ڕستەی وەك : "من شەیتانم" یا "مەڵێ دەمرم" دەڵێتەوە.

بارنابی، پەیوەندی بە گروپێکی ئاژاوەچیەوە دەکات. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کەلەشێکی زەلامی هەیەو حەزدەکات بەیداخەکەیان هەڵبگرێتو لە پێشی ئەوانەوە بڕوات. ئیدی دەستگیرو دیلی دەکەنو حوکمی مەرگی دەدەن، لێ بە هۆی کابرایەکەوە بە نێوی گابریل ڤاردن، کە پیاوێکی قفڵسازە لە مەرگ دەخەلەسێت. بارانابی کە لەم قۆرتە ڕزگار دەبێ، کونجی قەناعەت دەگرێتو پاشماوەی تەمەنی دەگەڵ دایکیدا، لە مای پول بەسەر دەبات.

دیکنز، لە بارەیەوە دەڵێت:

"ئەو، لێرەدا درێژەی بە تەمەنی خۆیدا. سەری گاو گۆتاڵ و مەڕو ماڵاتو مریشكو جوجەڵەکانی دەدا. هەندێجار سەری باخچەکەی خۆی دەداو هەندێجار دەچووە هاوکاری ئەمو ئەو. هەر فڕندەو هەر دڕندەیەکی ئەو دیارو دەڤەرە ئەویان دەناسی و ئەویش نێوی تایبەتی بۆ هەر هەموویان دانا بوو. لەو دەڤەرەدا، هەرگیز جووتیارێك پەیدا نەبوو بوو کە وەکو ئەو دڵپاكو بار سووكو روح سووك بێت، هەرگیز بوونەوەرێك پەیدا نەبوو بوو کە وەکو ئەو خۆشەویستی پیرو جوان بێ. وەکو روح بوو، شادو شادیبەخشو ناوی بارنابی روح بوو."

٧- بیرەوەرییە ئەمریکاییەکان:

دیکنز ئەم بیرەوەریانەی کە زادەی سەفەری ئەو بۆ ئەمریکا بوو، لە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆدا، لە ساڵی ١٨٤٢دا بڵاوکردەوە. ئەم یاداشتانە لە بەریتانیا، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، لێ لە ئەمریکادا، هەراو زەنایەکی زۆری نایەوەو خەڵکانی زۆری ئەو دیارو دەڤەرەی زویرو زیز کرد.

٨- مارتین جوزل ویت:

دیکنز ئەم بەرهەمەی لە ساڵی ١٨٤٣دا بڵاوکردووەتەوە. قارەمانی ئەم چیرۆکە خودی مستەر چوزل ویتە. لە سەرەتادا کابرایەکی شەقاوەو لەخۆبایی بوو، بەڵام ئەو ناخۆشیو مەینەتیانەی لە ئەمریکادا بەسەری هات، تەواو گۆڕی و سەرەنجام وای نەمرکردو هێنایە تایم، کە بوو بە مایەی پەسندی خانم ماری گراهامو زەماوەندەی دەگەڵ کرد.

٩- حیکایەتەکانی جەژنی لە دایکبوون:

ئەم کۆمەڵە کە لە ماوەی ساڵانی ١٨٤٣- ١٨٤٨دا بڵاوبوونەوە، بریتیە لە شەش چیرۆك کە ئەمانەن: ئاوازی جەژنی لە دایکبوون، نەواکان، زەنجەرە لە سەر ئاگردان، شەڕی ژیان، پیاوێکی دیلی شەبەنگان، سەودای ڕوح.

ئاوازی جەژنی لە دایکبوون، بەسەرهاتی خەونی عیبرەت ئامێزی سکروجە کە حەقیقەتی ژیان، لە ئێوارەی جەژنی کریسمسدا، لە زمانی شەریکە مردووەکەی خۆیەوە دەژنەوێو زنجیرەیەك حەقیقەتی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەرگیز تەسەوری نەکردووە.

نەواکان، یا دەنگدانەوەی زەنگەکان، بەسەرهاتی پیاوێکە بە ناویترووتی ڤیك کە کاری بلیت فرۆشیو تەتەریەو ئاکنجی شاری لەندەنە. کاتیٚ دەنگی زەنگەکان بەرز دەبێتەوە، پەیامی تێپەڕبوونی ساڵی کۆنو هاتنی ساڵی نویٚ ڕادەگەیەنێت، هەست بە ئارامیەکی دەروونی دەکاتو لە ئاسۆی دوورە دەستی ئاسمانەوە، ترسکەیەکی شادیو خۆشی ساڵی ئاییندە بەدی دەکات.

قارەمانی چیرۆکی زەنجەرەی سەر ئاگردان، پیاوێکە بە نێوی جۆن پیری بینگڵ کە بە قسەی دیکنز:

"…. هێمنو نەجیب، بە ڕواڵەت سەنگین بوو، بەڵام لە ناخا شادو روح سووك بوو. بە ڕواڵەت زبر دیار بوو، بەڵام لە دەروونداا دڵپاكو میهرەبان بوو، ئەی دایکی تەبیعەت… شیعری ڕاستەقینەی دڵ، فێری رۆڵەکانی خۆت بکە، کە لە سینگی ئەم پیاوە دەستکورتەدا پەنگاوەتەوە، تا ئێمە بتوانین تا ماوەیەکی زۆر، دوورو درێژ، بە گیان قسەکانی ئەو بنۆشین…"

جۆن، هاوسەرێکی هەس کە "دۆت"ی پێدەڵێن، دەگەڵ ئەم هاوسەرە شیرینو روو خۆشەدا هەست بە شادمانی دەکات، بەڵام بویەرێك ڕوو دەدات، کە هەوری گومانو نیگەرانی و خەمو پەژارە بەری ئاسمانی پاكو بێگەردی ئەم پیاوە دەگرێت. دۆت، پیاوێك دێنێتە ماڵەوە بە نێوی ئیدوارد. ئەم پیاوە کە لەو دەڤەرەدا هیچ ماوایەك جگە لە کوختەکەی جۆن، شك نابات، ماوەیەکی زۆر لەوێندەر دەمێنێتەوەو هەڵبەتە مقۆ مقۆ و دەنگۆ دەربارەی پەیوەندەی ئاشقێنی ئەو دەگەڵ مەدام پیری بینگلدا بڵاو دەبێتەوە. لیٚ ڕۆژێك دێت کە یارۆی بێگانە دەستی زەماوەند بۆ مەی فلیدینگ درێژ دەکاتو بەم زەماوەندە هەموو نیگەرانییەکان کۆتاییان دێتو هەتاوی شادمانی جارێکی دی لە ژیانیاندا هەڵدێت. جۆن هەستدەکات کە لە دنیادا جگە لە دوت، کەسی دیکەی ناویٚ.

١٠- کۆمەڵێك دیمەنو وێنە لە ئیتاڵیاوە:

ئەمە هەندیٚ بیرەوەری و یاداشتی پەڕاگەندەن دەربارەی سەفەری دیکنز بۆ ئیتاڵیا، لە ساڵی ١٨٤٥دا بڵاو بووەتەوە.

١١- دومبی و کوڕ:

دیکنز ئەم کتێبەی لە ماوەی دوو ساڵدا (١٨٤٦- ١٨٤٨)دا نووسیوە. ئەم چیرۆکە بە مردنی میسیسز دومبی دەست پێدەکات کە سەروەتێکی فرەو ساوایەکی کوڕ بۆ مێردەکەی بەجێدێڵیٚ. باوکەکە بە غروورێکی زۆرەوە دەڕوانێتە میراتی هاوسەرەکەی. منداڵەکەی بە ڕادەیەك خۆشدەویٚ کە فلورانسی کیژی خۆی لە بیر دەکات، لیٚ بۆ نەگبەتی کوڕەکە ناژی. مستەر دومبی بە پێچەوانەی هەر تەسەورێکەوە، دەگەڵ ژنێکی گەنجدا کە وەکو خۆی خوێنساردو لە خۆباییە، زەماوەند دەکات. ئەم ژنە، ڕموودەی فلورانس، کە بووە بە کیژێکی خشیكو شایستە، دەبێتو ئەو دووانە وەکو دوو دۆستی گیانی بە گیانی تێکەڵ دەبن، بەڵام ئەم دۆستایەتیە، لە ڕوانگەو نۆڕینی مستەر دومبی یەوە نالوژیکیە، بۆیە ڕەفتاری دەگەڵ

هەردووکیاندا خراپ دەبێت‌و داوا لە مستەر کریکەر، کە بەڕێوەبەری کارەبا بازرگانیەکانیەتی، دەکات کە بە هەر شێوەیەك بووە، هاوسەرەکەی سەر کۆنە بکات. کریکەر کە بە خۆی کابرایەکی حیلەباز و زرینگە، بە جۆرێ لە مێردەکەی پڕ دەکات کە ژنەی تاین، یەکسەر داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی دەکات جا چونکە مێردەکەی قاییل نابێت‌و لەسەر هەمان ڕەفتاری زبری خۆی بەردەوام دەبێت، ژنە ڕەدووی کریکەر دەکەوێت‌و دەڕۆن بۆ فەرەنسا.

مستەر دومبی، فلورانسی کیژی بە سەبەبکاری ئەم نەگبەتیە دەزانێت‌و لە خۆیی دوور دەخاتەوەو دەری دەکات. فلورانس پەنا بۆ کەشتیوانێکی پیر دەبات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان براکەی دۆست دەبێت، ئیدی لە ڕێگای ئەوەوە شوو بە پیاوێك دەکات بە نێوی والتەرگری. گری دەریاوانەو هاوسەرەکەی بۆ ئەوبەری دەریایان دەبات. مستەری دومبی هێشتا هەر تووڕەیەو لە دووی کریکەر دەگەڕێت تا تۆڵەی خۆی لێ بستێنێ.

ڕۆژێك لە وێستگەی قیتاردا تووشی دەبێت‌و تاقیبی دەکات. کریکەر، کە پێی دەزانێ، لێدەبڕێت کە هەڵێت بەڵام بە هۆی هەڵەیەکەوە دەکەوێتە ژێر قیتارەوەو دەمرێت.

ئیدی مستەر دومبی خۆی‌و دنیای پڕ لە خەم‌و پەژارە.

فلورانس، ڕۆژێك دەگەڕێتەوەو دەکەوێتە سۆراخی بابە خۆپەرستەکەی ودەستی یارمەتی‌و خۆشەویستی بۆ درێژ دەکات.

١٢- دەیڤید کوپەر فیلد: بگەڕێوە سەر دەقی ئەم وتارە.

١٣- بلیك هاوس: دیکنز ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ١٨٥٣دا نووسیوە. لەیدی دیلوك، ژنێکی خشکۆکی بە شەخسیەتە کە ڕازێکی سەیری شاردووەتەوە. ئیدی ئەمە بووە بە دەزگیرانی پیاوێك بە نێوی کاپتن هاودن، بەڵام بە هۆی هەندێ هەلو مەرجی دژوارو لە دەسەڵات بەدەر، نەیانتوانیوە پێکەوە زەماوەند بکەن‌و ئیدی بە خۆی تەسەوری وایە کە ئەو منداڵەی بویەتی لە کاتی لە دایکبووندا لە باری چووە، لە کاتێکا منداڵە کچ بووەو، خوشکەکەی گەورەی کردووەو ناوی ناوە ستێر سومرسون. ستێر دەبێت بە پەرستاری مستەر جارن دایس‌و لە بلیك هاوسدا ئاکنجی دەبێت. باوکی کە کاپتن هاودنە، نەخۆش‌و بێکەس، لە لەندەن کۆچی دوایی دەکات. شەوێك خانمێك کە ڕووبەندێکی کردووە، دێتە سەر گۆڕەکەی مستەر تولکینگ هورن ناوێك کە پارێزەری سیرلستر دیلوکی مێردی لەیدی دیلوکە، گومان دەکات ئەم ژنە رووبەند بەسەرە، لەیدی دیلوك بێت. ئیدی بە یارمەتی کارەکەرێك کە فەرەنسییە، پەردە لە رووی ئەم نهێنییە هەڵدەماڵێت‌و لێدەبڕێ کە ئەم مەسەلەیە لای مێردەکەی ئەو باس بکات. شەوێك پێش ئەوەی مستە تولکینگ هورن، ڕازەکەی لەیدی دیلوك لەلای مێردەکەی کەشف بکات، دێتە کوشتن. ئەوەی کە تاوانبار دەکرێت‌و گومانی لێدەکرێت فیدی دیلوکە کە دیار نامێنێ‌و دوای ماوەیەك تاقیب‌و سۆراخ، ستێری، کیژەکەی خۆی دەگەڵ ئەمنێکدا دەدۆزێتەوە کە لە نزیکی گۆڕەکەی کاپتنی دا بێ گیان کەوتووە. چیرۆکەکە بەشێکی بە

زمانی کەسی سێیەم‌و بەشێکی بە زمانی ستێرەوە دێتە گێڕانەوەو شەقڵی ئوتوبیوگرافی لە خۆ گرتووە.

چیرۆکەکە، هەندێك درێژو ئاڵۆزو گۆنگە، هەر چەندە شەقڵی پۆلیسی پێوە دیارە، بەڵام بە شۆخی‌و نوکتەش بارگاویە. رەخنەگران پێیان وایە کە دیکنز ئەم چیرۆکەی تەنیا بە یەك مەبەست نووسیوە:

تەوس‌و توانج‌و تانەو تەشەر لە دادگاکانی ئینگلیز و ڕەخنە لە بێ سەروبەری یاساکانی دادڤانی.

١٤- مێژووی ئینگلیستان، تایبەتە بە منداڵ: پێدەچێ دیکنز ئەم مێژووەی بۆ منداڵەکانی خۆی نووسیبێ‌و بە نیازی ئەوە نەبووبێ چاپی بکات، بەڵام بە پێشنیازی دۆستێك ئەم نووسینانە دەداتە گۆڤاری پەیڤێن خانەوادە. ئیدی بڵاوبوونەوەکەی لە رۆژی ١٨٥١/١/٢٥ەوە دەستی پێکردو تا دیسامبەری /١٨٥٣ بەردەوام بوو. ئەم پاداشتە مێژووییانە لە وێدا تەواو بووە کە شۆڕشی ساڵی ١٦٨٨ دەستی پێکردووە.

١٥- ڕۆژانی تەنگانە:

ئەم چیرۆکەش. لە گۆڤاری پەیڤێن خانەوادە، بە زنجیرە بڵاوبووەتەوە، لەم سەروبەندەدا، کە ساڵی ١٨٥٤ بوو، دیکنز هێشتا لە نێوەی ڕێگای شۆرەت‌و نێوبانگ‌و خۆشەویستیدا بوو. ئەم چیرۆکە کە نووسەر بە دۆست‌و هاودەورەی خۆی، بە توماس کارلایلی مێژوونووسی مەنشووری ئینگلیزی پێشکەش کردووە، لە ڕاستیدا بە گوتەی خودی دیکنز: "شتێکی کۆمیکی بوو دەربارەی ئەو کەسانەی کە ئابووری سیاسی وڵاتیان وێران کردبوو.

مستەر جۆریا بوندربای کە بابایەکی عەرەبی بازاڕییە، بە هۆی هۆشمەندی‌و ئابووری زانی خۆیەوە، سەروەت‌و سامانێکی زۆر کۆ دەکاتەوە، ئیدی لە کەسێکی بازاڕییەوە، دەبێت بانکدارێکی بە نێوبانگ و ناسراو. جا بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرێك، دەچێتە لای پایەبەرز تۆماس گراد گرایند کە کچێکی جوان‌و سەنگینی هەیە بە نێوی لویزا. هەڵبەتە بۆ لویزا، تەسەوری ئەمەی کە شوو بە کابرایەکی عەرەب بکات، کە چەندین ساڵ لەم گەورەترە، باوەڕ کردەنی نییە. بەڵام بە هەرحاڵ، تەماحی دەوڵەمەندی مێردو ئەگەری ئەمەی کە لەوەیە رۆژێ لە ڕۆژان تومی برای ببێ بە جێگیری مێردەکەی، ئەم خوازگاریە قەبووڵ دەکات، مێردەکەی، دۆستێکی هەیە بە نێوی جیمز هارت هاوس، جا چونکە ئینگلیزە، ناتوانێ خۆی بگرێت‌و لویزا سەر کۆنە نەکات. ئیدی گلەییەکانی ئەوو هەندێ شتی دی، ناکۆکی دەخەنە بەینی ژن‌و مێردەوە، بە ڕادەیەك کە لویزا دەتۆرێ‌و دەڕواتەوە بۆ ماڵی خۆیان، بەڵام هەر لەو ماوەیەدا دەنگۆ بڵاودەبێتەوە کە تۆم گراد گرایندی برای ئەو سەدو پەنجا لیرەی دزیوەو دیار نەماوە.

ئەم ڕووداوە، زۆر کار لە دەروونی ژنە دەکات، چونکە لویزا، لە ڕاستیدا بەو ئومێدە خۆی فروشت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، براکەی ببێت بە جێگری مێردەکەی، ئێستا بە دزینی ئەو پارە کەمە، حەیاو ئابڕووی خانەوادەکەیانی بەبادا داوەو ئەگەری پێشکەوتنی خۆیشی زندەبەچاڵ

کردووە. بە هەرحاڵ تەمەنی شووەکەی زۆر درێژ نابێت. ئەو دەمرێت. لویزا دەتوانێ ببێ بە خاوەنی سەروەت و سامانەکەی ئەوو مێردێکی بە دڵی خۆی بکات.

١٦- دوریتی چکۆلە:

دیکنز، لە ساڵی ١٨٥٦دا دەستی بە نووسینی چیرۆکی دوریتی چکۆلە کردووەو دوای ساڵێك، واتە لە ساڵی ١٨٥٧دا تەواوی کردووە. لەو سەروبەندەدا دیکنز یەکێك بوو لە کەسایەتیە ئەدەبیو هونەرییە هەرە ناوداروو خۆشەویستەکانی ئینگلیستان. ئەم چیرۆکە، قارەمانانێکی یەجگار زۆری تیایە، ئامانجی سەرەکی نووسەر لە کۆکردنەوەی ئەم هەموو قارەمانانە، ئەمە بووە کە بڵێت، خەڵکی کە لە یەك کات و یەك شوێندا، تێکەڵی یەکدی دەبن ومامەڵە دەگەڵ یەکتردا دەکەن، دەکەونە ژێر باندۆرو کاریگەری یەکترەوە. بە هەرحاڵ، هەندێ قۆناغ دێتە پێشێ لە بەر زۆری کاراکتەران، ئامانجی نووسەر پایەماڵ دەبێت. تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە، ژیانی خانەوادەی دوریتە. ئەو کەسانەی کە بە هۆی قەرزاری زۆرەوە، ماوەیەك لە زنداندا بوون لە ناکاوا دەوڵەمەند دەبنەوە، ئازادی خۆ بەدەست دێننەوە. چونکە هەژارو دەستکورت بوون و هەنووکە کەمێك بوژابوونەوەو کرا‌ژێکیان پەیدا کرد بوو وەکو هەر نۆکیسەو تازە پیاکەوتوو و تازە دەوڵەمەند خۆیان لە بیر کرد بوو. تەنیا ئامی کە بە دوریتی چکۆلە بە ناوبانگ بوو، لەم یاسایە بەدەرە، بە هەمان بێ فیزی و پاکی و جوانی و روح سووکی خۆیەوە، ماوەتەوە. ئەم کیژە ناسك و نازدارو دڵرفێنە، کە چیرۆکنووس، زۆری پێدا هەڵگوتووە، ئاشقی لاوێك دەبێت بە نێوی ئارتورکیلنام کە وەکو ئەم پاك سروشت و سەنگینە. ئارتور ژیانێکی خەمناکی هەیە. هەرچەندە تازە لە هندستان گەڕاوەتەوەو پارەو پول و کەسایەتیەکی هەیە، بەڵام وێڕای ئەمەش بەردەوام لە خەمی کەسوکارو دایك و باوکیایەو لە ڕووی دەروونیەوە ناڕەحەت و نیگەرانە، دایکی بە هۆی فریوی کۆمەڵێك خەڵکی حیلەبازو فێڵبازەوە دووچاری خەیاڵات و ماخولیا بووەو ڕووی کردووەتە خورافات و پشتی کردووەتە هەموو شتێکی دنیا. ئەنجام چیرۆکەکە بە شێوەیەکی شاد کۆتایی دێت و دوریت و ئارتور، دەگەنە یەك.

دیکنز، لە نووسینی هەر چیرۆکێکدا، مەبەست و ئامانجێکی هەبووە. جارێ ڕەخنەی لە کۆمەڵگە دەگرت، جارێ ڕەخنەی لەو دامو و دەزگاو دامەزراوانە دەگرت کە کەم و زۆر، لە دوورو نزیك، پەیوەندییەکیان بە چارەنووسی خەڵکەوە هەبوو، هەڵبەتە دەبێ ئەو حەقیقەتەش بگوترێ کە نووسینەکانی وی بەڕادەیەك کاریگەر بوون، کە کەم و زۆر، بەرپرسانی خۆپەرست و بێموبالاتی ناچار دەکرد کە بەخۆدا بچنەوەو خۆیان چاك بکەن.

١٧- چیرۆکی دوو شار:

دیکنز لە ساڵی ١٨٥٩دا لە بڵاوکراوەی سەرانسەری ساڵدا، دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئەم رۆمانە کرد، گۆڤارەکە هی خۆی بوو، لە مانگی نیساندا دەستی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە کردو تا مانگی نۆڤەمبەر درێژەی کێشا. چیرۆکی دوو شار، مێژووی شۆڕشی فەرەنساو ئەو بویەرو ڕووداوانە دەنوێنێ کە لە نێوان هەردوو شاری پاریس و لەندەندا ڕوو دەدەن. ئەم

ڕۆمانە لە باری شێوازی نووسین و بابەت و تیمەی چیرۆکەوە بە هیچ جۆرێ لە بەرهەمەکانی دیکەی دیکنز ناچێت و پێدەچێ چیرۆکنووسی نێوداری ئینگلیز ویستبێتی، ئەزموونێکی تازەی چیرۆکنووسی، پێشکەش بکات. جۆن فوستەر (١٨١٢- ١٨٧٦) دیرۆکنووس و بیوگرافی نووسی ئینگلیز، کە بیوگرافیای دیکنزی لە سێ بەرگدا لە ساڵانی ١٨٧٢- ١٨٧٤دا بڵاوکردووەتەوە دەڵێت:

"چیرۆکی دوو شار، لە هەموو بەرهەمەکانی دیکەی دیکنز جیایە. دیکنز لە سەرانسەری بەرهەمەکانی خۆیدا هەوڵیداوە قارەمان دروست بکات و مەبەست و ئامانجی قارەمانەکان، لە زمانی خۆیانەوە بگێڕێتەوە. بۆیە کە خوێنەر بەرهەمەکانی دەخوێنێتەوە، خەڵکانێك دەناسێت کە تایبەتمەندی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیان هەیەو ئەمانە هەموو بویەرو رووداوو بە سەرهاتەکان، دەخەنە ژێر سێبەری خۆیانەوە. بەڵام لە چیرۆکی دوو شاردا وانییە. دیکنز، بە ئانقەست تەکنیك و شێوازێکی دیکەی لە چیرۆکنووسیدا بەکاربردووە کە لە هیچ بەرهەمێکی دیکەیدا دووبارە نەبووەتەوە.

لەم چیرۆکەدا، قارەمانەکان، ڕووداوەکان بەڕێوە نابەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ڕووداوەکان، ئیدارەی چیرۆکەکە دەدەن و کاراکتەرەکان دێنن و دەبەن. کەسێك کە ئاگای لە بەرهەمەکانی دیکنز بێت، هەرگیز ناتوانێ ئەم حەقیقەتە قەبووڵ بکات کە لە چیرۆکی دوو شاردا، نە سوعبەت هەیە، نە نوکتەیەك، نە تەوس و نە تەنزێك و ئەو قارەمانانە، لە ڕاستیدا قارەمان نین بەڵکو خەڵکانێکن کە بە حوکمی ڕووداوەکان ناچار بوون لە ڕۆژانی وەیشوومەو ترسناکدا، یاخی بوونی خۆ ڕاگەیەنن و هەنگێ تیابچن."

وەکو گوترا، ڕووداوەکان، لە هەردوو شاری پاریس و لەندەن ڕوو دەدەن و سەردەم سەردەمی دەستپێك و بەردەوام بوونی شۆڕشی خوێناوی فەرەنسایە. ڕووداوی ترسناك ژیانی ئینسانەکان تەی دەکات و لەم بەینەدا تەماس دەگەڵ ژیانی پیاوێکدا پەیدا دەکات بە نێوی دکتۆر مانێت، ئەم پیاوە نزیکەی هەژدە دانە ساڵ لە زندانی باستیلدا دەباتە سەر، لە کاتێکا، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تاوانەکە نا دیارو ئاڵۆز بووە. سەرەتای ئەم چیرۆکە خەمگینە، چەند دیمەنێکە. ئازادی ئەو، گەییشتنەوەی بە لووسی کچی، دادگایی و ئازادی کەسێك بە نێوی شارل دارنی بە تاوانی خیانەت، خوشکەزای مارکییەکی فەرەنسییە، زەماوەندی لووسی و شارل، ئەمانە کۆمەڵە ڕووداوێکن کە سەرەتای درامایەکی خوێناوی پێکدێنن. دوو دۆستی خانەوادەی مانێت، ئەم ئەکتەرانە، تەواوتر دەکەن. مستەرلوری، وەکیل و پاێزەری فرۆشگایەکی کۆنی لەندەن و سیدنی کارتون، نەجیمزادەیەکی گەورە کە نموونەی لە بەرهەمەکانی دیکنزا کەمتر بەدی دەکرێت. کارتون، لە ژیانیا دەرفەت و دەلیڤەی زۆری بۆ هەڵکەوتبوو کە بگاتە پۆست و پلەو پایەی بەرز، بەڵام ئەو ئازادی و خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی کردبوو بە پیشەی خۆی. ئیدی ئاشق و شەیدای لووسی مانێت دەبێت، گیانی خۆی لە سەر ئەم ئەشقە بێئاکامە دادەنێت. کاتێ شۆڕشە خوێناویەکەی فەرەنسا دەست پێدەکات، شارل دارنی بە هەشتاو بۆ پاریس دەڕوات تا کۆنە خزمەتگوزارێکی

خانەوادەکەیان، کە گیانی کەوتووەتە مەترسییەوە، ڕزگار بکات. هاوسەرەکەی و خەزوریشی لەم سەفەرە پڕ مەترسیەدا دەگەڵیدا دەڕۆن. بەرە بەرە دۆستان و ئەندامانی دیکەی خانەوادەکەی وەکو لوری، سیدنی کارتونیش، خۆیان لە نێو بارانی ترسی فەرەنسەدا دەبیننەوە. شارل دارنی، بە پێچەوانەی وێنای هەمووانەوە، دەکەوێتە زندان و دوای دادگاییەکی خێرای لامسەرلایی، حوکمی ئیعدام دەدرێت. هاوسەرە خشیك و گەنجەکەی، واتە لووسی، دەکەوێتە ژێر باری خەم و پەژارەیەکی قورسەوە، بۆیە خوداوەندی ئەشق، سیدنی کارتون، هاندەدات و ئامادە دەبێت لەبەر خاتری لوسی دڵداری، لە جیاتی شارلی مێردی ئەو ئیعدام بکرێت-و ئەم کارەش دەکات. مردنی سیدنی لە سەر شانۆی ئیعدام، شتێکی سەیرە. کەس نازانیٚ کە ئەو تاوانبار نییەو بەڵام ئەو ئامادەیە، سەری خۆی وەژێر ملیپەڕێن بنیٚ تا لوسی خۆشەویستی شادمان بێت.

١٨- سەفەری نابازرگانی: ئەمە کۆی بیست و هەشت وتارو چیرۆك بوو کە دیکنز جارێك لە بڵاوکراوەی سەرانسەریساڵدا بڵاوی کردبوونەوەو پاشان لە ساڵی ١٨٦٠دا بە کتێب بڵاوی کردەوە.

١٩- چاوەڕوانی گەورە: دەیەمین کتێبی گەورەی دیکنز بە ناونیشانی چاوەڕوانی گەورە نۆ ساڵ پێش مردنی نووسەر، لە ساڵی ١٨٦١دا چاپ و بڵاوبووەتەوە. بە هەمان شێوەی ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیلد، قارەمانی چیرۆکەکە چیرۆکی بەسەرهاتی خوی لە سەردەمی منداڵیەوە، بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە. جیاوازیەك کە (چاوەڕوانی گەورە) دەگەڵ بەرهەمە هاوشێوەکانی دیکەی دیکنزدا هەیەتی ئەمەیە کە قارەمانانی چیرۆکەکە کەمترن و بویەرو ڕووداوەکان سنووردارترن. بۆیە چیرۆکەکە لە ڕووی یەکێتی پلۆتەوە، سفت ترو کۆکترە. قارەمانانی ئەم چیرۆکە، وەستایانە مامەڵەیان دەگەڵدا کراوەو تێکڕا بەدەوری "پیپ"ی شاقارەمان و گوتیاری چیرۆکەکەدا دەسوڕێنەوە.

وەکو زۆربەی چیرۆکەکانی دیکنز، قارەمان ڕووداو دروست دەکات نەك ڕووداو قارەمان دروست بکات. پیپ بابایەکی دێهات زادەیە، بەڵام هەموو ئاواتی ئەوەیە ببیٚ بە کەسێکی جەنتڵمان و خانەدان. خەون و خەیاڵەکانی سەبارەت بە سەروەت و سامان، لە ناکاوا دێتەدی. دەڕوات بۆ لەندەن تا بخوێنیٚ و خەت و ڕێگەی ژیانی ئایندەی خۆی هەڵبژێرێت. ئەم پارەیە کیٚ پێی داوە، کە لە سەرەتاوە ناوو ناسنامەی نازانیٚ، بەڵام ڕۆژێك بۆی دەردەکەوێت کە وەلی نیعمەتەکەی کەسێکی مەحکومی فیرارە کە ڕۆژێك ئەم چاکەیەکی دەگەڵ کردووە. ئەم مەحکوومە کە لە دەرێی وڵات بووە، بۆ ئینگلیستان دەگەڕێتەوەو دەکەوێتە زندان و لە زنداندا دەمرێت. هەڵبەتە دارو نەداری دەستی بەسەرا دەگیرێت و پیپ، لە ناکاوا، بۆی دەردەکەوێت کە هەموو چاوەڕوانیەکانی بە باداچووە.دیکنز لە نەخشاندن و نیشاندانی حاڵەت و ورەی قارەمانەکەیدا، چ لەو سەردەمەدا کە گەییووەتە سەروەت و سامان و چ لەو سەردەمەدا کە دارو نەداری لە دەست داوە، هونەرمەندییەکی کەم وێنەی نواندووە. وا دیارە

دیکنز ویستویەتی کۆتاییەکی خەمناك بە چیرۆکەکەی بدات، بەڵام لە سەر قسەی هاوڕێی چیرۆکنووسی خۆی بولویر لایتون، کۆتاییەکی شادو پڕ ئومێد بە چیرۆکەکەی دەبەخشێت.

٢٠-هاوڕێ هاوبەشەکەمان :دیکنز ئەم چیرۆکەی لە ساڵی ١٨٦٤دا نووسیوە، یانی شەش ساڵ پێش مردنی خۆی. ئەم هاوڕێ هاوبەشە نێوی مستەر جۆن هارمونە کە بە ناوی خوازراوی جۆن روك سمیتەوە دەژی. باوکی ئەم جۆن هارمونە، کاتێ کە کوڕەکەی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دەبێت، بە نەعلەتی دەکات و لە ماڵ و موڵکەکەی دەری دەکات، بەڵام وەسێت دەکات کە ئەگەر رۆژێ لە رۆژان گەڕایەوەو ئامادە بوو دەگەڵ کیژێکدا بە نێوی بیلا ویلفەر زەماوەند بکات، ئەوا با ماڵ و موڵکەکەی هەمووی بۆ ئەو بێت.

جۆن هەرگیز بیلای نەدیتووە، چونکە نزیکەی چواردە ساڵ بوریوەو هەرگیز پێی نەناوەتە ئەم دیارو دەڤەرە. هەندێ هەواڵ و دەنگۆ لەو دواییانەدا داکەوتبوو کە گوایە کوژراوە، بۆیە هیچ ئومێدێکی گەڕانەوەی نییە. بە هەرحاڵ ماڵباتی ویلفەر، چاوەڕوانی ئەوەن کە بەڵکو ڕۆژێ لە رۆژان بگەڕێتەوەو کچەکەیان، بدەن بەم خانەوادەیەو ببێ بە خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆر.

جۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام ناوی جۆن روك سمیتی لە خۆ ناوەو هیچ کەسێك نایناسێتەوە. ئیدی بە شێوەیەك لە شێوەکان، دەکەوێتە لای ماڵباتی بوڤین، باوکی جۆن وەسێتی کردووە کە ئەگەر کوڕەکەی، ئامۆژگاریەکانی بابی بەجێ نەهێنا، یان بە هەر هۆیەکەوە بیلا ویلفەر بێ شوومایەوە ئەوا سەروەت و سامانەکەی ئەو بدرێ بە ماڵباتی بوڤین. جۆن و بیلا یەکدی دەبینن و حەز لە یەکدی دەکەن. جۆن، خوازگاری دەکات و خوازگاریەکەی قەبوول دەکرێت. کاتێ کیژێ شووی پێدەکات و ماوەیەك بە هەژاری و دەستکورتی دەژین، هەنگێ جۆن، خۆی ئاشکرا دەکات و هەموو سەروەت و سامانەکەی بابی وەدەست دێنێ و جارێکی دی دەبێتەوە بە مستەر جۆن هارمون.

٢١- نهێنی ئیدوین درود:دیکنز لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٠دا دەستی بە نووسینی ئەم بەرهەمە کرد. حاڵی ئەوەندە بێ حاڵ نەبوو کە مەترسی مردنی لێبکرێت. لە مانگی نیسانی ئەو ساڵەدا، یەکەمین بەشی ئەو چیرۆکەی لە گۆڤاری مانگانەی ئەتلانتیکدا بڵاوکردەوە. هێشتا کاری لەسەر بەشی شەشەمی ئەم چیرۆکە پۆلیسیە دەکرد کە ڕۆژێك ، لە دەمی فراڤیندا، لە ماڵە خۆشەویست و دڵخوازەکەی خۆیدا، لە گادز هیل، سەری بەسەر مێزەکەدا شۆڕ بووەوەو ئیدی چاوی هەڵنە هێنایەوە. بۆ خەستەخانەیان برد، بەڵام پزیشکەکان، چەندیان کردو کۆشا، نەیانتوانی گیانی وەبەردا بکەنەوە. بەمجۆرە لە ١٨٧٠/٦/٩دا کۆچی دوایی کردو ئەم نهێنییە بۆ هەمیشە بە ناتەواوی مایەوە.

*: سەرچاوە: سیری در بزرگترین کتابهای جهان/ تالیف: حسن شهباز/ موسسه انتشارات امیر کبیر / تهران (١٣٨٩) جلد دوم.

## ٨- تاوانو سزا

### فیودور میخائیلوفیچ دۆستویفسکی

چیرۆکنووسی ڕووسیو یەکێك لە گەورەترین نووسەرانی جیهانە. بە تاوانی چالاکی ڕامیاری دەستگیرکراو لە دەمە دەمە ئیعدامکردندا، حوکمەکەی بۆ سووك کرایەوەو بە حەپسی ڕەهەنەی زاندانو تاراوگەکانی سیبریا کرا. ڕەنجو مەشەقەتو دەردەسەری سالانی زیندان، بوون بە زەمینەسازی سۆزی سەرڕێژی، سەبارەت بە تیرەی بەشەر، کە لە بەرهەمەکانیا دیارە.

***

لە هەوەڵین سەعاتەکانی بەرەبەیانی ساردو لێڵی ڕۆژی ١٨٤٩/١٢/٢٣دا، فەوجێك لە پایەگای سوپایی شاری سانپترزبۆرگەوە، پازدە زیندانیی سیاسییان، کە لەبەر کزەبای تیژی زستانی ڕووسیادا، سەراپایان دەلەرزی، هێنا بۆ مەیدانی عەرەزاتی سمینوڤسکی. دەستانی زیندانیەکان لە پشتەوە بە سترابوونو سەرو سەرپۆشی ئەستووریان بەسەرو چاویاندا دابوو. ئەمانەیان لە تەوقیفخانەی ئالکسیس راڤلینەوە، کە کەوتبووە قەڵاو حەساری پیتەرپولەوە، دەرهێنابوو تا بەرەو شوێنی ئیعدام کردنیان بەرن.

لە مەیدانێکی گەورەدا، لە شوێنێکی بەربڵاودا کە بە دەگمەن ڕێبوارێك بەوێندەرا تێدەپەڕی، زاندانیەکانیان بە ڕیزو هەر یەك بە ئەستوونێکەوە بەستەوە. دادسێنی سوپایی، بەدەنگی بەرز حوکمی مەحکومەیەتەکەیانی خوێندەوەو ئەوسا کەشیشی زندان هاتە پێشەوە تا بەپەلە دوعای خۆی بخوێنیو لە خوا بپاڕێتەوە کە گیانی گوناحبارایان ببەخشێت، دوای چەند دەقیقەیەك هەموو شتێك ئامادە بوو. فەرماندە، فەرمانی ئامادەباشی بە سەربازەکانی خۆی داو لوولەی تفەنگان کرانە سینگی مەحکومەکان.

پێش ئەوەی فەرمانی تەقەکردن بدرێت، لە ناکاوا سوارێك لەوبەری مەیدانەکەوە دەرکەوتو هاواری کرد: "بوەستن! بە ئەمری تزار بوەستن!" یارۆی فەرماندە حایرو دوودڵ لە جێی خۆی وەستا. پەیکەکە لە ئەسپەکەی دابەزی و نامەیەکی دەرهێنا. بە فەرمانی تزار، حوکمی ئیعدامی زندانیەکان سووك کرابوو، بۆ حوکمی ئەبەدیو دوور خستنەوە بۆ سیبریا.

کە فەرمانەکەی تزار ڕاگەیەندرا، یەکێك لە مەحکوومەکان لە ناکاوا هاوارێکی کردو دەستی بە گریان کرد، کە چوون بەلایەوە و چاوانیان کردەوە سەیریان کرد شێت بووە. دووانی دیکە لە مەحکوومەکان بورابوونەوە. لەم بەینەدا تەنیا یەك کەس بە دەم بزەیەکی تاڵەوە دەیڕوانیە چارەنووسی خۆیو ئەو کەسانەی بەدەورییەوە بوون، ئەو یەکە نێوی فیودور، میخائیلوفیچ دۆستۆیفسکی بوو، ئەو پیاوەی کە پاشان بوو بە یەکێك لە گەورەترینو ناودارترین چیرۆکنووسی ڕووسیا. ئەو ڕۆژەی کە لە بەردەم فەوجی تەقەکەران ڕاپانگرتو بە پەڕجوویەکی چاوەڕوان نەکراو لە مەرگ خەلەسی، تەمەنی بیست و حەوست ساڵان بوو.

هەڤدە ساڵ لەو ڕۆژە بەدواوە، چیرۆكی تاوان و سزای نووسی، ئەو بەرهەمەی كە چووە ڕیزی گەورەترین كتێب و بەرهەمێن جیهانەوە*. (*- بڕوانە "گرولیر، كلاسیكز"، چاپی ١٩٥٦، پێشەكی كتێبی تاوان و سزا)

فیودور دۆستویفسكی بۆچی حكومی ئیعدام درا بوو و گوناحی چی بوو؟

تا ساڵی ١٨٤٤، كە تەمەنی گەیی بووە بیست و سێ ساڵان چ كەسێك دۆستویفسكی نەدەناسی. لە هاوینی ئەو ساڵەدا كە لە زانستگەی سان پترزبورگ دەیخوێند، پاچڤەیەكی ئازادی "ئۆژین گراندە"ی بالزاكی بڵاوكردەوە. ئەم كتێبە هیچ شۆڕەتێكی پێنەبەخشی و خۆیشی ڕازی نەكرد. لێبڕا بە خۆی چیرۆكێك بنووسێت، ئیدی دوای یەك ساڵ هەوڵ و تەقەللا، چیرۆكێكی بڵاوكردەوە لە ژێر سەر ناڤی "هەژاران" كە لە بە هاری ساڵی ١٨٤٥دا كەوتە بەر دەستی خوێنەران. چیرۆكی هەژاران بووە مایەی سەرنجی ڤیساریون بیلینسكی ڕەخنەگری مەزنی ڕۆژو وتارێكی ڕەخنەیی دەربارەی ئەم ڕۆمانە نووسی كە بە "دەركێكی قووڵ و شیكردنەوەیەكی وەستایانەی سیمای خەمناكی ژیانی" لە قەڵەمدا و ئەم ستایشە بەس بوو بۆ ئەوەی كە ناوی ئەم كتێبە لە هەموو شوێنێك بكەوێتە سەر زاران. ( ڤیساریون گریگۆریوفیچ بیلینسكی ١٨١١-١٨٤٨ بە خۆی ئەدیب و نووسەرو شانۆنامەنووس بوو. ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری بەربڵاوی هوشیار بوو و لەوێدا وتارێن قووڵی كۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی خۆی بڵاودەكردنەوە لەلایەنگرە جدیەكانی ئەلكساندەر پوشكین بوو و كتێبی گەورەی پێنج سەد لاپەڕەیی دەربارەی بەرهەمەكانی پوشكین نووسیوە. بەهۆی گیانی ئازادیخوازانەیەوە، لە ماوەی تەمەنی كورتی خۆیدا هەمیشە جێگەی ڕێزو حورمەتی ڕۆشنبیرانی مۆسكۆو سان پترزبۆرگ بوو. دەڵێن لە پشتیوانانی دۆستویفسكی بووەو هاندان و ڕێنوێنی ئەو، كاریگەرییان بەسەر پێشكەوتنی كارە ئەدەبیەكانی ئەم كەڵە نووسەرەی رووسیاوە هەبووە.)

لەوە بە دواوە نووسەری لاو، لە هەموو شوێنێك بوو بە مایەی ڕێزو حورمەتی توێژی ڕۆشنبیرانی سان پترزبورگ و بەرە بەرە پای بۆ ئەنجوومەنان و كۆڕو مەجلیسی لاوانی هۆشمەندو ریفۆرمخوازان كرایەوە. بیلینسكی، هەوادارانو لایەنگرانێكی هەبوو، كە بە شێوەیەكی گشتی لە لاوانی نوێخوازو ڕۆشنبیرانی سەردەم و ڕۆژ بوون، ئەمانە كە "ئیڤان تورگینیف"ش یەكێك بوو لەوان، هەفتەی چەند جارێك لە گەڵ یەكدا كۆدەبوونەوە. دۆستویفسكی لە سەرەتاوە هاتوچۆی كۆڕو كۆبوونەوەكانی دەكردن، بەڵام چونكە بیلینسكی، بە توندی ڕەخنەی لە بەرهەمەكانی دواتری وەكو: (ژنی خاوەنماڵ، شەوە سپییەكان و ساڵنامەی تایبەتی) گرت، ئیدی دۆستویفسكی وازی لەوان هێناو پەیوەندی بە كۆڕو مەجلیسانی میخائیل پتروشڤسكی، هزرڤانی ئازادیخوازەوە كرد.

دۆستویفسكی بە خۆی لە ژینگەیەكی مەزەبی و محافەزەكارانە گەورە بوو بوو، بۆیە بەلای ڕێبازی توندڕەویدا مایل نەبوو، بەڵام وێڕای ئەمەش پێشوازی لە بیرو بۆچوونی ئەمانە، كە خوازیاری ئازادیی چاپەمەنی و گوزارشت و دەربڕین بوون، دەكرد، یەكێك لەو فاكتەرو هۆكارە بنەڕەتیانەی كە كردیە كارێك لە خەڵكانی ناڕازی نزیك ببێتەوە ئەمە بوو كە دۆستویفسكی هەم

نەخۆش و لەشبەبار بوو. هەم دەستکورت و بێ پارە بوو، هەر لە گەنجییەوە تووشی نەخۆشی فێ لێهاتن بوو و بەو دەرامەتە کەمەی لە فرۆشی کتێبەکانیەوە دەستی دەکەوت، گوزەرانی دەکرد.

ڕۆژێکی هەینی کە ڕۆژی دیداری یارانی کۆمەڵەکەی پتراشڤسکی بوو و، ڕۆژی ١٨٤٩/٤/١بوو، فیودور دۆستویفسکی، هاتە سەر تریبۆنی گوتاردان و کۆمەڵێك قسەی کرد کە بە دڵی پیاوانی دەوڵەت نەبوون، قسەێن شۆڕشگێڕانە بوون و دژی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بوون. دۆستویفسکی لەو گوتارەدا باسی لابردنی سانسۆرو هەڵوەشاندنەوەی ماڤی موڵکایەتی ڕەعیەت و ریفۆرمی دادگاکانی کرد. لە کۆبوونەوەی هەفتەی دواتردا دۆستویفسکی کارێکی دیکەی کرد کە ئەویش بە تاوانێکی گەورە لە قەڵەم دراو، ئەویش ئەوە بوو کە لە کۆڕی یاراندا، نامەیەکی کراوەی بیلینسکی خوێندەوە کە لە ژێر سەرناوی نامەیەك بۆ گوگول نووسرا بوو، کە لەو نامەیەدا حکومەتی بە سانسۆرکردنی چاپەمەنیان مەحکووم کردبوو. ( ئەم نامەیەی کە دۆستویفسکی بەسەر یارانی کۆڕەکەدا دابەشی کردبوو، پێشتر چاپ بووبوو و چونکە مامورانی سانسۆر بە "زیانبەخش و گومڕاکەریان" لە قەڵەم دابوو، لە بازاڕدا کۆکرابووەوە، بۆیە بڵاوکردنەوەی دووبارەی، پێچەوانەی یاسا بوو.)

لە سەعات پێنجی بەرەبەیانی ٤/٢٣دا، لە دەرگای ژوورە پەرپووتەکەیان داو دوای چەند دەقیقەیەك، چەند مامورێك دەوریان گرت و بۆ زندان (ئالکسیس راڤلین)یان برد. دادگایی کردنەکەی تا ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری خایاند. بە درێژایی ئەم ماوەیە ئارامی خۆی پاراست. لە ماوەی تاقیق و پرسوجۆیەکاندا، هەوڵیدا هاوبیرەکانی خۆی بێ گوناح نیشان بدات و لە هەمان کاتدا سوور بوو لە سەر بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی ئەوەی ئازادی زیاتر بە جەماوەری خەڵك بدرێت، لە شازدەی مانگی نۆڤەمبەردا، دادگایی کردنی ئەوو باقی گروپەکەی پتراشڤسکی کۆتایی هات. بە گوێرەی بۆچوونی دادگای سوپایی و دەستەی دادڤانان، دۆستویفسکی بە "ترسناکترین" ئەندامی گروپەکە لە قەڵەم درا. ئەوو چواردە نەفەری دیکەی ئازادیخوازان حوکمی ئیعدام دران. بەڵام پاشان ئەم حوکمە سووك کرا بۆ دوورخستنەوەی ئەبەدی و پاشان بۆ هەشت ساڵ بێگارە زندان* ( دەڵێن کە ئەم حوکمە هەوەڵجار لەلایەن دادسێنی گشتییەوە کرا بە هەشت ساڵ بێگارە زندان و پاشان خودی تزار ئەم هەشت ساڵەی کرد بە چوار ساڵ بێگارە زندان و چوار ساڵ خزمەت بە دەرەجەی سەربازی لە پایەگای سیبری. بڕوانە ئینسایکلوپیدیای بریتانیکا، بەرگی ٧، ل ٦٠٢).

دۆستویفسکی بە خۆی دەربارەی ڕۆژی شوومی ١٢/٢٢ کە بەرەو مەیدانی ئیعدام دەڕۆیی دەڵێت:

"ئێمە ئەندامانی گروپەکەی پتراشڤسکی لەسەر سەکۆی ئیعدام وەستا بووین و گوێمان لە فەرمانی مەرگی خۆمان دەگرت. کەمترین هەستی پەشیمانیمان لەلا نەبوو. زۆربەمان پێمان شەرم بوو بۆچوون و قەراری دادگا ڕەت بکەینەوەو ناڕەزایی دەربڕین. ئەو ئامانجەی کە ئێمە خەباتمان لە پێناویدا دەکرد، بەلامانەوە بە ڕادەیەك پیرۆز بوو کە بە هیچ کلۆجێ هەستمان بە پەشیمانی نەدەکرد، بەڵکو بە تاسەوە ئامادەبووین کە بچینە ڕیزی شەهیدانی گەییشتن بەم ئامانجە..."

شەوی ١٨٤٩/١٢/٢٤ فیودور دۆستویفسکییان دەگەڵ دوو مەحکومی دیکەدا، لە کاتێکا دەست و لاقیان لە زنجیرا بوو، بە سەرپەرشتی کۆمەڵێك ماموری چەکدار بۆ سیبریا ڕەوانە کرد. لە ڕۆژی ١٨٥٠/١/٢٣دا رادەستی زندانی مەحکومانی شاری ئومسك کرا. دوای چوار ساڵ، لە ڕۆژی ١٨٥٤/٣/٢دا ناردیان بۆ سمی پالاتینسك تا بە دەرەجەی سەربازی لە فەوجی حەوتەمی سیبریا خزمەت بکات. لەم شارەدا ڕێگەیان دا کە لە ژووری تایبەتی خۆیدا بژیو لەم دیارو دەڤەرەدا بوو کە بە دادسێنی شار، "بارون ورانگل"یان ناساندو و دۆستایەتیەکی قووڵیان لە نیواندا چێبوو. ( پێدەچێ ئەم پیاوە دەوری زۆر بووبێ لە رزگارکردنی دۆستویفسکی لە خزمەتی لە پایەگاو، گەڕاندنەوەی بۆ سان پترزبورگ).

یەکەمین نەمامی ئەشق و ڤیانی دۆستویفسکی لەم شارەدا هاتە بەرو دڵبەستەی ژنێکی گەنج بوو بە نێوی ماریا دیمیتریوڤنا ئیزائیوڤا، کە هاوسەری فەرمانبەرێکی بچووکی دەوڵەتی بوو و کوڕێکی نۆ ساڵانی هەبوو.

ماریا کە بە خۆی ئاشقی مامۆستایەکی دەستکورت و نەدار بوو، دوای ماوەیەك مێردەکەی لە دەست داو کە سوور بوون و پێداگری دۆستویفسکی بینی، شووی پێکردو ئەمە گەورەترین هەڵەی نووسەر بوو. چونکە ماریا دەردێکی وەهای دایە کە تاکو مردن لە بیری نەچووەوە.

نەخۆشی فێ، کردیە کارێك کە دوای چەند ساڵێك لە خزمەتی زۆرەکی سوپایی مەعاف بکرێت. لە مانگی دیسامبەری ساڵی ١٨٥٩دا، دوای نزیکەی نۆ ساڵ جارێکی دی بۆ شاری پترزبورگ گەڕایەوە، لە ماوەیەی ساڵانی حەپس و دوو خراوەییدا سێ کتێبی نووسی. "قارەمانی بچووك" کە لە زندان و حەپسخانەی ئەلکسیس ڕاڤلین نووسی بووی. "خەونی لالەو دۆستی خانەوادە" کە لە حەپسخانەی ئومسك و سمی پالاتینسکدا نووسی بوونی. ئەم کتێبانە بەرە بەرە بلاوبوونەوە، بەلام هیچیان ناوو شۆڕەتێکیان بۆ پەیدا نەکرد. شۆرەت و نێوبانگی دۆستویفسکی وەکو چیرۆکنووسێکی گەورە لە ساڵی ١٨٦٦ەوە دەستی پێکرد. ئەو کاتەی کە ڕۆمانی مەزن و گرینگی "تاوان و سزای" نووسی، یانی کاتێ کە نزیکەی شەش ساڵ بەسەر گەڕانەوەی لە حەپسخانەو تاراوگەو بێگارو ئەشکەنجە، بوری بوو. بلاوبوونەوەی ڕۆمانی (تاوان و سزا) دۆستویفسکی گەیاندە ڕیزی پێشەوەی نووسەرانی رووسیا.

(تاوان و سزا) بۆچی نووسراو نووسەر دەیویست لەم ڕۆمانەدا چ پەیامێك بگەیەنێ؟ بۆ پەیبردن بە هۆی بلاوکردنەوەی ئەم رۆمانە، دەبێ هەوەڵجار رۆماننووسەکە بێتە ناسین. لە نێو بلیمەتانی ئەدەبی ڕووسیدا ڕەنگە هیچ کەسێك بە ئەندازەی دۆستویفسکی ئازاری ژیان و مەینەتی دنیای نەکێشا بێ. دۆستویفسکی دیل و ئەسیری ئەشکەنجەی دەروون بوو. عەزابی ناخ و دەروون بۆ ساتێك ڕەهای نەدەکرد. هەڵبەتە هەر ئەم عەزاب و مەینەتە کردیە کارێك کە پەی بە رۆحی تاریك و بێ ئۆقرەی بەشەر بەرێت.

بۆچی لە ناخ و دەروونی خۆیدا دەینالاند، دەبێ بۆ زانینی هۆی ئەمە، ڕابردووی ئەو بخرێتە بەر وردە بینی لێکۆڵینەوەوە. ئەم پیاوە بە هەستیاری و دڵناسکی هاتبووە دنیاوە. تەبیعەتێکی زۆر هەستیاری هەبوو. بابی کە جەڕاحێکی سوپا بوو، کەسێکی زۆر تووڕەو تڕۆو توندە مجێزو

تەبیعەت بوو، ئەمە حاڵەتی جەستەیی‌و روحی‌و دەروونی کوڕەکەی لە ڕێڕەی ئاسایی خۆی دەرکرد. بە تۆپزی ناردیە قوتابخانەی ئەندازەی سوپا لە سان پترزبورگ، بەڵام خۆی لە مەسرەڤ دەدزییەوە. ئەمە کردیە کارێك کە هەستی نەفرەت‌و بێزاری سەبارەت بە بابی لا دروست بیٚ‌و ئەم هەستە بۆ ساتێکیش ڕەهای نەدەکرد. لەلایەکەوە بە خوێنی ئەو تینوو بوو و لە لایەکی دیکەوە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد کە بۆچی بەم ڕادەیە رقی لە بابی خۆی بوو و لێی بێزار بوو.

ئەم هەموو ئازارو نیگەرانی‌و ترسە کردیە کارێك کە نەخۆش بکەوێت‌و لە جێگادا بکەویٚ‌و سەرەنجام لە سەرەتای لاوییەوە دووچاری نەخۆشی ڤێ ببێت. کاتیٚ کە مسکێن‌و ڕەعیەتەکانی بابی، بابیان کوشت، ئەم نەخۆشییەی زیادی کرد. خولقاندنی گەنجێك بە ناوی "سمر دیاکوف" لە ڕۆمانی "برایانی کارمازوف"داو چوونیەکی ژیانی سمردیاکوف و ژیانی نووسەر، ئەم راستیە ساغ دەکاتەوەو دەسەلمێنیٚ کە لە نەستی نا ئاگای ئەودا، مەیل‌و ئارەزووی بابکوژی هەبووەو کە تەسەوری ئەم تاوانەشی کردووە، لەرزی پێدا هاتووە. هۆی ئەوەی کە لە زۆربەی ڕۆمانە گەورەکانیا، مەسەلەی تاوان‌و سزای باسکردووە، ئەوەیە. وەکو چۆن دیکنز لە هەردوو ڕۆمانی دەیڤید کوپەر فیلْدو ئولیڤەر تویست دا، بە جۆریٚ قەڵەمڕانی دەکرد، لە تۆ وایە قارەمانەکانی خودی نووسەر خوێن و لە راستیشدا خودی خوی بوون.

دەڵێن پاش زندانیکردنی لە حەپسخانەی ترسناکی قەڵای پیتەر پول‌و مەحکووم کردنی بە مەرگ‌و بردنی بۆ مەیدانی ئیعدام‌و پاشان ڕزگاربوونی پەرجوو ئاسای لە مەرگ، دووچاری حاڵەتێکی وەهای کردبوو کە خۆی بە "عازر"ی برای مریەمی پاکیزە دەزانی کە بە فەرمانی عیسا دووبارە لە گۆڕ هەستایەوە.* (عازر: ناوە عیبریەکەی "لازاروسە" لە تەوراتدا.)

ئەوەی لەم ساڵانەدا بەسەر ئەوا بووری‌و لە ڕۆمانی "یادگاریەکانی خانەی مردووان"دا دەری بڕیون، دڵی هەرخوێنەرێك دەگوشێت. پاشان زەماوەندی دەگەڵ ژنێکدا کە زۆری خۆشدەویست کرد، ئەم ژنە زۆری رق لە مێردەکەی بوو وبۆ ئازاردانی مێردەکەی لە هیچ کارێك نەدەپرینگایەوەو تەنانەت سڵی لە خیانەتی ئاشکرای ژن‌و مێردایەتیش نەدەکردەوە، ئەمە هێندەی دی دەردو ئازاری زیاد دەکرد. هەر ئەم سەربهوردەی مێردێکی خیانەتدیدە بوو کە کردیە کارێك ڕۆمانی "مێردی هەمیشەیی" بنووسێت.

بۆیە هیچ سەیر نییە ئەگەر دوستویفسکی ڕۆمانێن وەکو  تاوان‌و سزاو برایانی کارامازوف بنووسێت، چونکە ئەمانە هەر هەموویان ئاوێنەی باڵانمای ژیانی سەرانسەری پڕ لە مەینەتی‌و ماندوویەتی خودی خۆین، هەروەها ڕۆمانی گەمژەش جگە لە سەربهووردی خۆی هیچی دی نییە، کە بە هۆی نەخۆشی فێداریەوە، تووشی جۆرەها تورەهات‌و گەمژەیی دەبێت.

دوستویفسکی بە درێژایی ساڵانی قەڵەمڕانی خۆی یا کەم پارەو پول بوو، یا نەخۆش بوو یان لە ناڕەحەتی فیکریدا وەکو مۆم دەتوایەوەو بەرە بەرە دەکوژایەوە. زۆربەی کات بە پەلە کاری دەکردو تەنانەت هەوڵی نەدەدا ڕستەو وشەکانیشی برازێنێتەوەو هەڵبژێرێت، هۆیەکەشی ئەمە بوو کە دەیوست تا حاڵی باشە بنووسێت‌و بە زووترین کات بەرهەمەکەی بداتە وەشانکاران‌و پارەو پولێك وەربگرێت، لە هەلومەرجێکی ئاوهادا ڕۆمانی مەزنی تاوان‌و سزای

نووسی، که ئەمڕۆکە بە یەکێك لە شاکارە بێ چەندو چوونەکانی ئەدەبی جیهان دەژمێردرێ.*
(بڕوانە میراتی ئێمە لە ئەدەبیاتی جیهان، ساڵی ١٩٤٦، فەسڵی "ئەدەبیاتی رووسیا، ل ٩١٠).

ڕۆمانی تاوانو سزاو ڕۆمانە گەورەکانی دیکەی ئەم نووسەرە، لایەنو توانایەکی دەروون بینی ئەوتۆیان تێدایە کە لە بەرهەمە هاوشێوەکانی، وێنەی نییە. ئەم گەشتو گەڕانەی کە بە دەروونی قارەمانەکانیا دەکات، ئەم لێکۆڵینەوەو قوولبوونەوەو ڕۆچوونە بەردەوامەی بە دەروونی ئەو ئینسانانەدا دەکرێت کە ئەو دروستی کردوون، ئەویان گەیاندووەتە ئاستی پسپۆڕێکی دەروونناسی ئەوتۆ کە بەردەوام لە هەوڵی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی حاڵەتە نائاسایی و دەروونی و ئەخلاقییەکانی بەشەردا بێت.

هۆی ئەوەی کە زیاتر بایەخ بە حاڵەتە ناهاوسەنگە مرۆڤانیەکان دەدات ئەمەیە کە لەو حاڵەتو هەلومەرجانەدا، دەتوانێ باشتر پەی بە ناخ و گەوهەری دەروونیان ببات. فردریك ویلهلم نیتشە کە بە پتر لە سی ساڵ پاش دوستویفسکی هاتووەتە دنیاوە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە فەلسەفیەکانی خۆیدا، هەمان ڕێگەو ڕێبازی ئەوی گرتەبەرو گەلێك لە هزرڤانانی دیکەش هەمان رێبازیان گرتە بەر.

رازی پەنهانی جەوهەر کرۆکی کەسیاتی مرۆڤ و ئەمەی کە لە هەوەڵەوە چی بووەو کۆمەڵگە چی لێدروست کردووە، دوا ئامانجی خولیاو کەڵکەڵەی هزرڤانێکی وەکو دوستویفسکی بووە. *(بڕوانە ئینسایکلوپیدیای ئەدەبیاتی جیهانی، کاسل. جلدی دووەم. ل ٤٠٢).

ئەشقو ڤیان، رۆڵێکی گەورەی لە خوڵقاندنو داهێنانی بەرهەمەکانی دوستویفسکیدا بینیوە، بەڵام لە ژیانی خۆیدا، جگەلە خەمو پەشیمانی هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە. یەکەمین ئەشقێنی ئەو دەگەڵ (ماریا، ئیزئیڤا)دا بوو، ئەو ژنەی کە کوڕێکی نۆ ساڵانی لە مێردی پێشووی هەبوو و شەیداو دڵبەستەی مامۆستایەکی دەستکورت بوو. لە یەکەم ڕۆژی زەماوەندیا دەگەڵ فیودرا، خیانەتی لێکردو چوو بە سۆراخی حەزلێکردەو دڵدارەکەیەوە. دوستویفسکی لەو سەروبەندەدا، لە شاری "سمی پالاتینسك"دا، کە کەوتبووە دەشتە ساردو بەستەڵەکەکەی سیبریاوە، بە ڕەهەندەیی و دوور خراوەیی دەژیاو هیچ تواناو دەسەڵاتو شەهامەتێکی لە هەنبەر هاوسەرە بێ وەفاو خیانەتکارەکەی نەبوو. ماریا نەخۆش بوو، کاتێ گەڕانەوە بۆ سان پترزبۆرگ، حاڵی روو لە خراپی رۆیی و سەرەنجام بە هۆی نەخۆشی سیلو دەردە باریکەوە، لە ساڵی ١٨٦٤دا مرد. دوستویفسکی درێژەی بە دەورانی تەنیایی و بێکەسی خۆی دا.

دوای سێ دانە ساڵ، دەستی مەحەبەتو خۆشەویستی بۆ سکرتێرەکەی خۆی درێژ کرد کە کیژەێك بوو بە نێوی (ئانا سنیتکینا) کە لە هەوەڵەوە بە عینوانی خێرانووس ڕای گرتبوو تا ڕۆمانی قوماربازی بۆ بنووسێتەوە. کە تەمەشای نێوەرۆکی رۆمانی قومارباز بکەی، کە بە گوتەی تێکڕای واریقات نووسان، سەربهوردی خودی نووسەرە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە (پولینا سوسلوڤا)ی قارەمانی ژنی رۆمانەکە، خیانەت لە ئالیکسی ئیڤانوفیچ دەکات، لە پاریسدا ئەو بە جێدێڵێ و حەز لە گەنجێکی ئەسپانیایی دەکاتو ڕەدووی دەکەوێت. ئایا دوستویفسکی لە ژیانی واقیعی خۆیدا، ماشقەیەکی وەکو پولینای هەبووە؟ گومان لەوەدا نییە کە نووسەری

مەزنی رووس، زۆری حەزی لە قومار بووەو ئەگەر سووکە دەستکەوتێکی لە فرۆشی بەرهەمەکانیەوە دەستکەوتبێ، ئەوەشی لە قومارا دۆڕاندووە. کەواتە هەبوونی ئەم کیژە خوێندکارەی زانکۆیە بە ناوی خوازراوی پولینا، دەگەڵ حەقیقەت و ڕاستیدا تێکدەکاتەوە. فیودور، دەگەڵ ئانای هاوسەریا سەفەرێکی ئەوروپا دەکات و لە مانگی نیسانی ساڵی ١٨٦٧ەوە تا تەمووزی ١٨٧١ لە وڵاتانی ئەڵمان و سویسراو ئیتاڵیا دەمێننەوە. هیچ دیار نییە کە ئاخۆ ئانا وەفاداری مێردەکەی خۆی بووە یان نا، بەڵام ئەوەی دیارە، دوو منداڵی لێی بووە کە یەکێکیان لە تەمەنی دوو مانگیدا مردووەو، لە هەمان کاتدا کەمێك بە حاڵی بێ حاڵی دارایی مێردەکەی ڕاگەییوە. کاتێ بۆ رووسیا دەگەڕێنەوە، لە ساوپەنای (ئانا)و ماڵداری ئەودا، دوستویفسکی بووە بە خاوەنی خانوویەك، بەڵام تەندروستی تەواو خراپ بووەو لەشبەباری و بێ توانایی بەسەرا زاڵ بووە.

فێدرایش، هەر سانا ساتێ بڕستی لێدەبڕی . دەگێڕنەوە کە کاتێ لە سیبریا گەڕابووەوە، بچووکترین رووداو کاری تێدەکردو لە خۆی دەچوو. دیتنی تابووتێك، بیستنی هاوارێکی بە ئازار، دیتنی خوێنی تازە، بیستنی هەواڵێکی ناخۆش بەس بوو بۆ ئەوەی کووڕی بکاتەوەو بە عاردیدا بدات، کە هەواڵی مردنی بیلینسکی بیست، دوای ساتێك یەکسەر بورایەوەو نۆرە فێ سەراپای هێنایە لەرزە، ئەم نەخۆشی و دەروون پەرێشانیە کە بەردەوام وەکو ئاگرێك، بوونی دەتواندەوە، تەمەنی کورت کردو مەودای نەدا لە مەرزی شەست ساڵی تێ بپەڕێ، لە رۆژی ١٨٨١/٢/٩دا لە سان پترزبورگ کۆچی دوایی کرد.

ڕۆمانی تاوان و سزا باسی چی دەکات و قارەمانەکانی کێن؟

ڕووداوەکانی تاوان و سزا، بە دەوری بیرکردنەوەو کردارێن خوێنکارێکی گەنجدا دەسوڕێنەوە بەناوی رودیون راسکولنیکوف کە لە زانستگەی سان پترزبورگدا، بەشی ماف دەخوێنێ. ئەم کوڕە وتارێکی دەربارەی تاوان نووسیوەو بیروباوەڕی خۆی دەربارەی سەرچاوەو هۆیەکانی تاوانکردن دەربڕیوە، بەڵام ئەم وتارە کە قەرار بووە لە بڵاوکراوەیەکدا بە چاپ بگەیەنرێ و یاداشتێکی لە سەر وەربگرێت، لە لایەن سەرنووسەری بڵاوکراوەکەوە قەبووڵ ناکرێت.

رودیون راسکولنیکوف، دەستکورت و نەبووە. ژیانی بێ سەروبەرو ئاڵۆزە. دایکی و خوشکەکەی کە مانگانە پارەیان بۆ دەنارد، ماوەیەك نەیان توانیوە هیچ یارمەتی و پارەیەکی بۆ بنێرن و ئەنجام کوڕەی گەنجی خوێندکار دەکەوێتە قەرزو قۆڵە، سەرەنجام پاش بیرکردنەوەو هزرینێکی زۆر لێدەبڕێت ژنێکی بارمتەچی بە نێوی ئالینا ئیڤانوڤنا، کە بە سووتخۆری و پارەپەرستی و بێ ڕەحمی بەنێوبانگە، بکوژێت و نەختینەکەی "گەنجینە" بدزێت. هەنجەت و بیانوویشی بۆ ئەم تاوانکارییەی خۆی ئەمەیە کە ئەگەر ئەسکەندەرو ناپلیون، بەو هەموو تاوانە زۆرانەوە کە کردویانەو لەو رێگایەوە شۆرەت و نێوبانگیان دەرکردووەو، پاکانەشیان بۆ ئەو کارو کردەوانەی خۆ کردبێت و لەسەر هەق بووبن، کەواتە ئەویش بە جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە هیچ خەتایەك ناکات، چونکە یەکەم ئەو ژنە ریباخۆرو بارمتەچیە فەرتووسە بە بەدنیهادی ودڵی

ڕەشی بە ناوبانگەو دووەم، ئەمیش لە ڕێگای بەدەست هێنانی هەزاران رۆبڵەوە دەتوانێ درێژە بە خوێندنەکەی خۆی بدات و لە نێو کۆمەڵگەدا ببێت بە کەسێکی ناودارو بە نامێ.

رۆدیون راسکولنیکوف، بە مەبەستو مەرامی خۆی دەگات. بە تەورێك کە دەیخاتە ژێر پاڵۆکەی ژنەی سووتخۆر دەکوژێت و بەلەز لە ماڵەکەدا دەکەوێتە سۆراغی نهێنگەی پارەو پولەکان، بەڵام لەم ماوەیەدا ڕووداوێکی دیکە ڕوو دەدات. زڕخوشکێکی ئالینا، بێ ئاگا لە هەموو شتێك خۆی بە ماڵدا دەکات. هیچ چارێك نییە، دەبێ ڕازی ئەم کوشتنە ئاشکرا نەبێت. تەورەکە بۆ جاری دووەم بەرز دەکرێتەوەو دادەهێنرێتەوە، ژنەکەی دیکەش تەخت دەکاتو لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت.

تاوانەکە ئەنجام دەدرێت، بەڵام خوێندکارە گەنجەکە هیچ پارەیەکی دەست ناکەوێ. جانتاکەی ئەو کە بڕێك ئەسکەناسی تیایە دەگەڵ یەك دوو پاکەتی خشڵو جەواهێری بارمتەدا هەڵدەگرێتو دەیەوێ بڕواتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. لەم کاتەدا دەنگی پێ لە سەر قاڵدرمەکانەوە دێو دوای ساتێك، لە تەقەی دەرگا دەدرێت. رودیون راسکولنیکوف، دەرگای لە ژوورەوە قفڵ داوە، کاتێ کەسەکەی بەر دەرگا ماندوو دەبێتو بە دوو دڵی دەڕوات، رودیون، بە هەشتاو وەدەر دەکەوێتو چونکە هێشتا لە ڕاڕەوەکەدا دەنگە دەنگ دێت، خۆی بە ژوورێکدا دەکات کە کرێچییەکەی تازە چۆڵی کردبوو. دوو پیاوی نیگارکێش، تا ماوەیەك لەوە پێش لەم ژوورەدا دەژیان. خوێندکارە لاوەکە، لە پشت دەرگاکەوە، گوێی لێدەبێت کە پاسەوانی بینایەکە دەگەڵ ئەو کەسەدا کە تازە هاتووە، گەرەکیانە بێن بۆ ماڵی ژنەی سووتخۆرو بارمتەچی. کوڕەی خوێندکاری لاو دەرفەت دێنێو لەوێ هەڵدێت، ئاگای لەوە نییە کە بڕێك خشڵو جەواهێری لە دەست کەوتووەتە ناو ژوورەکە.

رودیون راسکولنیکوف، لەوێندەرەوە خۆی بە حەوشەی خانوویەکی چۆڵی تەنیشتی ماڵەکەی پیرەژندا دەکاتو جەواهێرە دزراوەکان دەشارێتەوە. لە ماڵەکەی خۆیدا ئەو پەڵە خوێنانەی کە بە پوتینو پاڵتۆکەیدا پرژاون پاك دەکاتەوەو هەنگێ، وەکو ئەوەی نەبای دیبێو نە باران، دەکەوێتە ئیسراحەتو پشوودان.

کوڕەی بکوژ، بە ڕواڵەت هەموو شوێنەواری تاوانەکەی سڕیوەتەوە، بەڵام بۆی دەردەکەوێت کە بە هیچ جۆرێ ناتوانێ، پەڵەی ترسی ئەم تاوانە لە ویژدانی خۆی بسڕێتەوە. مۆتەکەی ئەم قەتڵە بە جۆرێ چۆك دادەتە سەر روحێ، کە ئارامو ئاسایشی بە جارێ لەبەر دەبڕێت. شەوو رۆژ لە ترسی ئەم تاوانە ناحەوێتەوە، تاوای لێدێت کە نەخۆش دەکەوێت و لە جێگەدا دەکەوێت. دۆستەکانی ناتوانن پەی بە جۆرێ نەخۆشیەکەی ببەن. کردارو رەفتاری وەکو شێتانی لێهاتووە. رۆژی چەند جارێك سەری وێستگەی پۆلیس دەداتو لەوێندەرەوە بۆ شوێنی تاوانەکە دەڕوات.

دیارە پۆلیس و ئەمن لەم هەڵسوکەوتو ڕەفتارانەی بێئاگا نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێك لە نیگارکێشەکانی ئیعترافی بەم تاوانە کردووە، ئەویان بۆ تاقیقو پرسو جۆ بانگ نەکردووە. وێڕای ئەمەش پترۆفیچ زۆر لەو بە گومانە. ئەو وتارەی کە رودیون راسکولنیکوف نووسیویەتیو تازە بڵاو بووەتەوە، دەخوێنێتەوەو لە هەمان کاتدا لە نیگەرانی بەردەوامی ئەوەوە دەگاتە ئەو

ئەنجامگیرییەی کە بکوژەکە ئەوە. یەك دوو جار داوای لێکردووە کە ئەگەر شتێك دەربارەی ئەم تاوانە دەزانێ، خەبەری پۆلیس بدات و یان ئەگەر خۆی ئەم کارەی کردووە، با پیاوانە ئیعتراف بکات و بەمە سزاکەی خۆی کەمێك سووك بکاتەوە، بەڵام ڕاسکولنیکوف، وێڕای ئەم ڕەوشە قەیراناوییەش، هەر بێدەنگی هەڵبژاردووە.

سەرەنجام ئەم سەرگەردانی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە، تەنگەتاوی دەکات و چیتر بەرگە ناگرێت، لە کاتێکا هەست دەکات کە پشتی لە ژێر باری قورسی ئەم پەشیمانیەدا چەماوەو ئەعسابی وێران بووە، ڕۆژێ حیکایەتی ئەم تاوانە ترسناکە لای "سۆنیا"، ئەو ژنە گەنجەی کە لە داماوی و دەسکورتیدا، دەست دەداتە کاری لەشفرۆشی، دەگێڕێتەوەو ئیعتراف بە هەموو شتێك دەکات. ئەم ئیعترافە سووکە ئارامیەکی پێدەبەخشێت و چاوەڕوانی ئەوە لە ژنێك دەکات کە بە خۆیی لە ناچاری و نەخۆشیدا پەنای بۆ ئەم هێناوە، چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. سۆنیا، بە هاوخەمییەکی زۆرەوە، داوای لێدەکات کە بڕوات بۆ لای پۆلیس و دان بە تاوانەکەی خۆیدا بنێت، لە هەمان کاتدا بەڵێنی دەداتێ کە ئامادەیە تا دوا هەناسە لەلای ئەو (ڕاسکولنیکوف) بمێنێ و بەجێی نەهێڵێت.

گفتوگۆی ڕاسکولنیکوف دەگەڵ سونیادا، یەکێکە لە هەستیارترین و جوانترین بە شەکانی ڕۆمانی تاوان و سزا کە بە خامەی ئەفسوونکاری دوستویفسکی هاتووەتە نووسین و توانای پەڕجوو ئامێزی ئەو لە شیکردنەوەی دەروونی نیگەران و نەخۆشی ئەو دووانە، ئاشکرا دەکات:

"ڕاسکولنیکوف، دەیویست پێبکەنێت، بەڵام وێڕای هەموو هەوڵێکی نەیتوانی خەمینی سەرو سیمای خۆی بشارێتەوە. لەم کێشماکێشەدا، لە ساتێکی تیژتێپەڕدا، هەستی کرد ڕقی لە سونیایە. حایرو ترساو لەم کەشفە سەیرە، لە ناکاوا سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییە سۆنیا، کە لەم کاتەدا بە چاوانی پڕ خۆشەویستییەوە دەیڕوانییە ئەو. نەفرەت و ڕق لەدڵی ڕاسکولنیکوف ڕەوییەوە. هەڵەی کردبوو. خەتای ئەو ئەمە بوو کە پەی بە ڕادەو جۆری هەستی ئەو، نەبرد بوو. لەم دەمەدا هەستیکرد کە ساتی مەرگبار هاتووە. هەمدیس دەموچاوی لە نێو هەردوو دەستی ناو سەری داخست. لە ناکاوا ڕەنگی هەڵبزڕکا، هەستاو پاش ئەوەی نیگایەکی سۆنیای کرد، بێ ئیختیار بەرەو ئەو ڕۆیی و بێ ئەوەی تاقە وشەیەکی لە زار بێتەدەر، لە کەنار تەختەکەدا ڕۆنیشت. وەزع و حاڵی ئەو (ڕاسکولنیکوف) لەم کاتەدا وەکو ئەو کاتە بوو کە لە تەنیشت پیرەژنە فەرتووسەکەوە وەستا بوو، لەو دەمەدا کە تەورەکەی لە ئەڵقەی پەتەکە شل کردەوە و لە بن لێوانەوە دەیگوت: "ئیدی نابێ یەك چرکەش بە فیڕۆ بدرێت!" سۆنیا بەسەرسامی پرسی: "چی ڕوویداوە؟"

وەڵامی نەدایەوە. ڕاسکولنیکوف، لای خۆیەوە وای دانا بوو کە لە هەلومەرجێکی دیکەدا، هەلومەرجێکی جیا لەوەی هاتبووە پێشێ، قسەی خۆی دەکات و، ئێستاش بە خۆیشی نەیدەزانی بۆچی وەزع و حاڵی بەمجۆرە گۆڕاوە. سۆنیا هێشتا هەر بەلایەوە بوو و چاوی لێنەدەگواستەوە. بە جۆرێ هەڵچوو بوو، خەریك بوو دڵی بوەستێ، وەزعەکە وای لێهاتبوو

تەحەمول نەدەکرا. ئەم گەنجە ڕووی مات‌و بێ ڕەنگی خۆی بەرەو لای ژنە وەرگێڕاو لێوەکانی بەدەم هەوڵی ئەوەوە کە قسەیەك بکات جوڵان.

ترس باڵی بەسەر سەراپای سۆنیادا کێشا. لە کاتێکا کە کەمێك لەو دوورکەوتەوە گوتی: "چی بووە؟ بۆچی وات لێهاتووە؟"

راسکولنیکوف، وەکو ئەوەی خۆی نەبێت لە بن لێوانەوە گوتی: "مەترسە سۆنیا! هیچ نییە. شایەنی وتن نییە. فشەیە. بەڵام... ئەوە هەیە کە من بۆچی دەبێ بۆ ئێرە بێم تا تۆ ئازار بدەم؟" یەکسەر لەسەری ڕۆیی: "بەڵام بۆچی؟ من بەردەوام لە خۆم دەپرسم بۆچی؟".

ڕەنگە راسکولنیکوف، چارەکێك لەوە پێش، ئەم کارەی ئەنجام دابووبێ، کەچی ئێستا دەترسا، بە جۆرێ نەترەی بەردا بوو کە ئەعسابی خۆی پێ زەوت نەدەکرا. لەرزێکی بەردەوام، ئازای ئەندامی گرتبوو.

سۆنیا، لە کاتێکا کە بەخۆشەویستییەوە تەمەشای دەکرد، بە دەنگێکی پڕ لە هەڵچوونەوە گوتی: "چیتە؟ بۆ ناڕەحەتی؟"

"هیچ نییە بەڵام... ئەسڵی مەسەلەکە لەمەدایە..." (بۆ ساتێك یان کەمتر، بزەیەکی کاڵ کەوتە سەر لێوانی) "بیرتە کە دوێنێ دەمویست چی بە تۆ بڵێم؟" سۆنیا، بەتاسەوە چاوەڕوان بوو "کاتێ کە خەریك بوو دەڕۆییشتم، بە تۆم گوت، کە من دەمەوێ دوعاخوازی هەمیشەیی لە تۆ بکەم، بەڵام گوتم ئەگەر جارێکی دەی گەڕامەوە، پێت دەڵێم کە کێ (ئیلیزابت)ی کوشت!" لەرز سەراپای سۆنیای داگرت "دەیسا، ئێستا ئامادەم پێت بڵێم کە بکوژەکە کێیە؟"

ژنەی گەنج بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی: "لە بیرمە کە دوێنێ پێت گوتم" ئەوسا هەوڵیدا نەفەسێك تازە بکاتەوە . سیمای سات بە سات پتر دەبزڕکا.

"من دەزانم ئەو کەسە کێیە!"

دوای یەك سات بێدەنگی، سۆنیا بەترسەوە پرسی: "چما بکوژەکەیان.... دۆزیوەتەوە؟

"نە، هێشتا نەیاندۆزیوەتەوە!"

بۆ ساتێکی دیکەش بێدەنگ بوو، ئەوسا پرسی: "ئەدی لە کوێ دەیزانی؟" دەنگەکەی سۆنیا هێندە نزم‌و لەرزۆك بوو کە بە ئاستەم دەبیسترا.

راسکولنیکوف، بەرەولای سۆنیا گەڕایەوەو بە نیگایەکی وشکەوە لە کاتێکا کە بزەیەکی لەرزۆك بەسەر لێویەوە بوو، گوتی: "مەزەندەی لیبدە!"

سۆنیا هەستی کرد کە نیگەرانی‌و پەشۆکانێکی قورس سەراپای دادەگرێت. بەدەم بزەیەکی منداڵانەوە پرسی: "باشە تۆ بۆچی دەتەوێ من بترسێنی؟"

راسکولنیکوف، هێشتا چاوی بڕی بوونە ئەو، لە تۆ وایە توانای ئەوەی نەبوو رووی وەربگێڕێت. لە سەری ڕۆیی: "من دەزانم، چونکە من زۆر لە گەڵیا تێکەڵم. ئیلیزابت... ئەو ژنەی کە کوژرا... دەزانی، ئەم کەسە نەیدەویست ئەو بکوژێت. بەبێ هیچ نیازێکی پێشوەختە کوشتی. بەو نیازە بوو، کاتێ ئەو پیرەژنە بکوژێت، کە بەتەنیا بێت. چوو بۆ ماڵەکەی. بەڵام بە

ڕێکەوت ئیلیزابت لە هەمان ساتدا خۆی بە ژوورا کرد. ئەم پیاوە لەوێ وەستا بوو. ناچار بوو ئەویش (ئیلیزا بت) بکوژێت!"

دوای ئەم قسانە، بێدەنگیەکی بە ئازار باڵی بەسەرا کێشان، هەردووکیان تەمەشای یەکتریان دەکرد. راسکولنیکوف، وەکو کەسێك کە لە قەراخ هەڵدێرێکا وەستابیێو چیوای نەمابیێ، هەڵدێرێتو هەپروون بە هەپروون ببێ، لە سەری ڕۆیی: "یانی مەزەندەت بە هیچ کوێ ڕاناگا؟"

بە دەنگێکی لەرزۆکی ئەوتۆ کە بە زەحمەت دەبیسترا، بەرسڤی دایەوە: "نە!"

"زیاتر هەوڵبدە!"

راسکولنیکوف، بەدەم ئەو قسانەوە، لە ناخی دڵیەوە هەستی بەو ساردیە کردەوە، کە باشی دەناسی. لە سیمای سۆنیادا، هەمان حاڵەتی بەدی کرد، کە جارێك لە سیمای ئیلیزابتدا بەدی کردبوو. ئەو کاتەی کە ژنەی بەلەنگاز لە ترسی ئەو بکوژەی کە تەور بەدەست لەونزیك دەبووەوە، چووە دواوە. لەو دوا ساتانەدا ئیلیزابت دەستی بەرز کردبووەوە، ڕێك وەکو منداڵێك کە کاتێ ترسابیێو پاشان بیەوێ بگری. هەمان ترسی گونگو لە گوزارشتکردن نەهاتوو، سیمای سۆنیای داگرتبوو. ئەویش دەستی بەرز کردەوەو پاشان. بە نەرمی راسکولنیکوڤ لە خۆی دوور خستەوە. دەستی بە ئاستەم بەر سینگی ئەو کەوتبوو و پاشان بێئەوەی بڕوانێتە دەموچاوی، پاشەو پاش کشایەوە. ئەو ترسەی لە ژنەی تاین نیشت بوو بە ڕادەیەك بوو کە کاری لە کوڕەش کردو دووچاری ترس بوو. جارێکی دی دووبارەی کردەوە: "مەزەندەت لێدا؟"

سۆنیا، بەبێ ئیختیار ناڵەیەکی بۆ کرد: "ئەی خودایا!" ئەوسا بە بێتاقەتی کەوتە سەر تەختەکە. بۆ ماوەی چرکەیەك، دەموچاوی لە بالیفەکەدا نقووم کردو پاشان بە هەشتاو هەستا. لە کوڕەکە نزیك بووەوە. بە هەردوو دەست توند گرتی. هێندە بە توندی گرتی کە قامکە ناسکەکانی وەکو مەنگەنە لە جلەکانی ڕۆچوو. ئایا دەشێت ئەم پیاوە هەڵە بکات؟ بەڵام ئەم دوو دڵییە زوو ڕەوییەوە. بە نیگای چاوەکانیا بۆی دەرکەوت کە هەڵەی نەکردووە.

راسکولنیکوف، بە تۆنێکی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی: "بەسە سۆنیا! بەسە! وازم لێ بێنە!" هەر هەموو حیسابەکانی هەڵە دەرچوون، وەزعەکە لە هیچ ڕوویەکەوە، بەو جۆرە ئامادە نەبوو کە ئەو دان بە تاوانەکەی خۆیدا بنێت.

راسکولنیکوف، لەسەر تەختەکە دانیشتبوو و سۆنیاش لەلایەوە بوو. هەندێجار لە جێی خۆی رادەپەڕیو لەم لای ژوورەکەوە بۆ ئەو لای دەڕۆیی. دەستەکانی بە یەکدا دەماڵینو دیسان دەهاتەوەو لە لای ئەوەوە دادەنیشتەوە. ئەوەندە لێوەی نزیك بوو کە هەستی بە بەرخوردی شانەکانی دەکرد. ئەنجام دەستی بە لەرزین کرد، بێ ئختیار هاوارێکی کردو پاشان لە هەنبەر راسکولنیکوف دا هاتە سەر چۆك: " تۆ... تۆ تازە لە دەست چوویت!" دەنگی لە نائومێدیدا دەلەرزیو ئەوسا لە پڕێکا خۆی بەسەر ملیا داو دەستی بە ڕامووسانی کرد. دەیویست هەموو خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕێت.

راسکولنیکوف، خۆی لە هەمێزی دەرهێناو بە دەنگێکی خەمناك گوتی:

"سۆنیا، من بە باشی لە تۆ حاڵی نابم. تۆ خەریکی من ماچ دەکەی؟ دوای ئەوەی بە ڕازەکەت زانی؟ دڵنیام نازانی چ دەکەی."

لە تۆ وایە ژنەی گەنج قسەکانی ئەوی (راسکولنیکوف) نەدەژنەوت. گوتی: "تۆ لەم ساتەدا بەدبەخت ترین ئینسانی دنیایت!" پاشان دەستی بە گریان کرد. هەستی خەمخۆری لەم کارەیدا بە باشی دیار بوو.

راسکولنیکوف، لە ژێر باندۆرو کاریگەریی ئەم هەستەدا، کە لە مێژ بوو، شتی وای نەبینی بوو، هەستیکرد کە دڵی زۆر دەگوشرێ. دوو دڵۆپە ڕوندك لە چاوانیا پەنگانەوەو بە برژانگەکانیەوە قەتیس مان . پرسی: "یانی تۆ وازم لێناهێنی؟"

سۆنیا هاواری کرد: "نە! نە! هەرگیز! قەت! بۆ هەر کوێ بڕۆیت لەگەڵتا دێم! خودایا! من چەند مرۆڤێکی داماوم؟ بۆچی زووتر تۆم نەناسی؟ بۆچی زووتر نەهاتیتە لای من؟"

"ئەوە نییە هاتووم."

"جا ئێستا؟ تازە چ کارێکمان لە دەست دێ؟" ئەوسا، وەکو ئەوەی هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا بێ، راسکولنیکوڤ ڕامووسی و گوتی: "هەمیشە لەگەڵتا دەبم... هەمیشە... هەر حوکمێك بدرێی، دەبم بەشەریکت..."

ئەم گوتانە، راسکولنیکوفیان دووچاری هەڵچوونێکی بە ئازار کرد. بزەیەکی تاڵو غروور ئامێز نیشتە سەر لێوانی. بە ئەسپایی گوتی: "ڕەنگە جارێ نەمەوێ خۆم تووشی حوکمو بێگارە زندان بکەم."

سۆنیا، بلەز نیگای بۆ لای ئەو وەرگێڕا. تا ئەم چرکەیە جگە لە هەستێکی بەزەیی ئامێز هیچی تری سەبارەت بەو نەبوو. ئەم گوتەیەو، چۆنیەتی گوتنەکەی، لە ناکاودا سۆنیای دڵنیا کرد کە ئەم پیاوە نەگبەتو قەرەبەختە، بابایەکی بکوژە. تەمەشایەکی پڕ سەرسامی کرد. تا ئەم دەمەو نەیدەزانی کە چۆنو لەبەرچی دەستی خۆی بەم تاوانە لەوتاندووە. بەدەم ئەو قسانەی ئەوەوە، ئەم پرسیارانەی بە مێشکا هاتو جارێکی دیکە، بێ ئختیاری لە خۆی پرسی: "یانی ئەم پیاوە دەشێت بکوژ بێ؟ ئایا شتی وەها دەبێت؟ نا! بە دڵنیاییەوە ئەم قسانە ڕاست نین! من لە خەوا دەیان بیستم!".

چاوانی بڕینە چاوانی راسکولنیکوف: "چۆن شتی وا دەبێ کە تۆ، کەسێکی وەکو تۆ، بیر لە شتێکی وا بکەیتەوە؟".

بە دەنگێکی ماندوو وگیراو بەرسڤی دایەوە: "بۆ دزی!" سۆنیا هەستی دەکرد تێناگات، مێشکی کار ناکات. هاوارێك لە ناخیەوە بەرز بووەوە: "تۆ برسی بووی؟ بۆچی ئەمەت دەکرد؟ دەتویست یارمەتی دایکت بدەی؟ قسە بکە!"

راسکولنیکوف، سەری شۆڕ کردەوەو لە ژێر لێوانەوە گوتی: "نا. سۆنیا. نا. من ئەوەندەش بێ پارەو پوول نەبووم. ڕاستە دەمویست یارمەتی دایکم بدەم، بەڵام هۆی سەرەکی ئەم کارە نەبوو. سۆنیا بەمجۆرە ئازاری روحم مەدە !".

سۆنیا، دەستەکانی دان بە یەکدا "باشە دەکرێ باوەڕ بە شتی وا بکرێت؟ تۆ دەڵێی لە پێناوی دزیدا تاوانت کردووە، تۆ، تۆیەك کە لەبەر خاتری خەڵکی دی خۆت لە هەموو شتێك مەحرووم و بێ بەش دەکەیت؟ ئاه! تێگەییشتم! تۆ ئەو پارەیەت دزی تا بیدەیت بە کاترینا ئیڤانوڤنا؟ و دەنگی بەرزتر کردەوە: "هەر ئەمە نییە؟"* ( کاترینا ئیڤانوڤنا مارمیلادوڤ، هاوسەری سیمون زاهاروفیچ مارمیلادوڤ، کە کارمەندێکی بێکارەی دەوڵەت بوو، کە هەمیشە مەست بوو و نەخۆشی سادیەتی هەبوو. کاترینا لەبەر ئەوەی رۆژگارێك دەوڵەمەند بوو و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی لە دەست دا بوو، زۆربەی کات نیگەران و نارەحەت و تووڕە بوو.)

راسکولنیکوف، خێرا قسەکەی ئەوی بڕی: "نا، سۆنیا، من دڵنیات دەکەم کە ئەم پارەیە لە جێیەکی دیکەوە هاتووە. دایکم لە ڕێگەی کۆمەکی بازرگانێکەوە، ئەم پارەیەی لە کاتی نەخۆشیەکەمدا بۆ ناردم و هەر ئەو ڕۆژەی کە ئەم پارەیە گەیی، هەر ئەو رۆژە دامێ، رازومکین ئاگای لەم مەسەلەیە هەیە، ئەو بە خۆی زەحمەتی کێشاو چوو ئەم پارەیەی بۆ وەرگرتم. ئەو پارەیە بە ڕاستی هی خۆم بوو." *(*- دیمیتری پروکوفیچ رازومکین گەنجێکی دڵپاك و خزمەتگوزارو، برادەری نزیکی راسکولنیکوف بوو.) سۆنیا، بە پەریشانیەوە گوێی دەگرت. هەوڵیدەدا لە قسەکانی ئەو تێبگات. راسکولنیکوف درێژەی دایە: "بەڵام سەبارەت بە پارەی ئەو پیرەژنە، ڕاستت دەوێ من نازانم کە ئاخۆ پارە لەوێ هەبوو یان نا. من کیسەیەکی چەرمینم لە ملی کردەوە کە پڕ پڕ بوو. بەڵام دەستم لە ناوەڕۆکەکەی نەدا. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە دەرفەتی ئەم کارە نەبوو، چەند شتێکی جیاوازی دیکەم هەڵگرت، وەکو دوگمەی سەر دەست و زنجیری سەعات. ئەم شتانەم لەگەڵ کیسەکەدا، رۆژی پاشی، لە حەوشەی ئەو خانووەدا کە دەڕوانێتە سەر موڵکەکەی "و" لە ژێر بەردێکا شاردەوە. هەر هەموو ئەو شتانە ئێستا لەوێن."

سۆنیا، بەبێ تاقەتی گوێی دەگرت. کاتێ بێدەنگ بوو، گوتی: "باشە کە تۆ دەڵێی لە ئاتاجیدا پەنات وەبەرکوشتن بردووە، ئەدی بۆچی سەیری ناو کیسەکەت نەکرد؟"و زیاتر تاکیدی لەسەر ئەم ڕستەیەی دوایی کرد کە بۆنی نائومێدی لێدەهات.

بە هەمان تۆنی دوو دڵیەوە گوتی: "نازانم، ڕاستت دەوێ، دوو دڵم لەوەی کە بچم بە سۆراخی کیسەکەوە یان نا." بەدەم بزەیەکەوە لە سەری ڕۆیی: "دەبینی خەریکم چ چیرۆکێکی گەوجانە بۆ تۆ دەگێڕمەوە؟"

"ئایا ئەم پیاوە شێتە؟" ئەمە پرسیارێك بوو کە بە مێشکی سۆنیادا هات. بەڵام بە پەلە ئەم گومانەی لە خۆی تاراند. نەخێر شێت نییە. ڕەنگە هۆیەکی دیکە لە ئارادا بێ کە ئەو تێی ناگات.

راسکولنیکوف، بە دەنگێك کە ڕەنگدانەوەی ئاسوودەیی و دڵنیایی دەروونی ئەو بوو، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا "دەزانی دەمەوێ چیت پێ بڵێم سۆنیا؟ ئەگەر تاقە هاندەری ئەم تاوانەی من تەنیا دەسکورتی و ئاتاجی بوایە، دەبوایە ئێستا کەسێکی بەختەوەر بوایەم؟" و تاکیدی لەسەر چەند وشەیەکی کۆتایی قسەکەی خۆی کرد: "سۆنیا، تۆ بیڵێ. باشە ئەگەر ئەنگێزەی ئەم تاوانە ئاتاجی نەبووبێ، چی بووە؟ فایدەو سوودی ئەم سەرکەوتنە گەوجانەیەی من چیە؟ من بۆ ئەم مەبەستە هاتووم بۆ لای تۆ.... هاتووم کە تۆ بە من بڵێی..." کە بینی سۆنیا لە فکران

ڕاچووەو ڕاوەستاوەو بە واقی وڕەوە تەمەشای ئەو دەکات و هیچ قسەیەك ناکات، لە سەری ڕۆیی: "دوێنێ پێشنیازێکم بۆ کردی کە بە دوو قۆڵی لەم شارە بڕۆین. تۆ تاقە کەسێکی کە لەم دنیایەدا بۆ من ماوی."

سۆنیا، بە دەنگێك کە ترسێکی پەنهانی پێوە دیار بوو، پرسی: "بۆچی دەتویست لە گەڵتا بێم؟"

بزەیەکی تەوسامێز، نیشتە سەر لێوانی ڕاسکولنیکوف: "بۆ دزی یان پیاوکوژی نا... لەم ڕووەوە دڵنیابە! جۆری بیر کردنەوەمان بە هیچ کلۆجێ یەکسان نییەو.... دەزانی سۆنیا، ئێستا، کە تازە زۆر درەنگ بووە، تێدەگەم کە بۆچی داوام لە تۆ کرد کە بەڕێم بکەیت. من ئەو کاتە نەمدەزانی کە چارەنووسی من، بەرەو کوێم دەبات، بەڵام ئێستا دەیزانم. من ئەمڕۆکە تەنیا یەك ئاوات و ئارەزووم هەیە، ئەویش ئەمەیە کە تۆ دەستبەردارم نەبی، بە جێم نەهێڵی و لە گەڵمدا بی. قەولم دەدەیە سۆنیا کە ئەم ئاواتەم بێنیتە دی؟"

سۆنیا دەستی گرت. ڕاسکولنیکوف، دوای تۆزێك لە دڵی خۆیدا گوتی: "من بۆچی ئەم ئیعترافەم لای ئەو کرد؟ بۆچی ئەم قسانەم کرد؟"

نیگای بەرانبەر بە سۆنیا، یەکپارچە میهرو سۆز بوو، بەڵام نا ئومێدی بە قسەکانیەوە دەبینرا. گوتی: "سۆنیا، هەستدەکەم چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەت بدەمێ، بەڵام لەوەی پتر چ قسەیەکم پێیە کە بیڵێم؟ تۆ هیچ شتێك لەم ئیعترافاتەی من حاڵی نابیت، بۆیە من جگە لەوەی نیگەرانی و ناڕەحەتی زیاترت بۆ دروست بکەم، هیچ سوودێکی ترم نییە. دەتەوێ بگریت سۆنیا؟ لەبەر ئەوەی دەبینی کە من بە تەنێ باری قورسی ئەم پەشیمانییە ببەم؟ لەبەر ئەوەی وا دەستدەکەیت من بۆیە ئەم ئیعترافەم کرد تا سۆزو بەزەیی کەسێکی دی بەلای خۆما ڕابکێشم؟ جا ئێستا پێم بڵێ. تۆ دەتوانی کەسێکی ترسنۆکی وەکو منت خۆش بوێ؟" سۆنیا بەرسڤی دایەوە: "بەڵام تۆش لەلای خۆتەوە ئازار دەکێشیت."

بۆ ساتێك، هەستێکی پڕ لوتف، ڕاسکولنیکوڤ داگرت. گوتی: "سۆنیا، وەزع و حاڵی من خراپە. ئەمە خۆی لە خۆیدا زۆر شت ڕوون دەکاتەوە. بۆیە هاتوومە بۆ لای تۆ، چونکە حاڵێکی بێ حاڵم هەیە. ڕەنگە زۆر کەس هەبن و وەکو منیان لێ نەهاتبێ. هۆی ئەمەیە، کە ترسنۆکێکی گومناوم. هەرگیز لە سەر ئەم کارەی کە کردم لە خۆم خۆش نابم."

سۆنیا هاواری کرد: "نە! نە! بە پێچەوانەوە! کارێکی باشت کرد هاتی! باشتر بوو، زۆر باشتر بوو، زووتر هاتبای!"

ڕاستکولنیکوف، بە چاوانی غەمبارەوە تەمەشای کرد "ڕاستت دەوێ زۆر لە مێژە ئەم شۆڕەتخوازییەم لەلا بوو کە ببم بە ناپلیونێکی دیکە. من ئەم تاوانەم بەم مەبەستە ئەنجامدا. ئێستا حاڵی بووی سۆنیا؟"

سۆنیا، بە شێوەیەکی شەرمنانەو بە دەنگێکی ترساوەو گوتی: "نا! وا نییە! بەڵام قسە بکە! تا دەتوانی قسە بکە! تا باشتر تێبگەم!"

" گوتت دەتەویٚ تێبگەی؟ خوای گەورە! دەی باشە." ئەوسا هەوڵیدا، بیرو هۆشی پەرتو بڵاوی خۆی کۆبکاتەوە: "دەی زۆر باشە، دەڵێم، قسە دەکەم، گویٚ بگرە سۆنیا، من ڕۆژێك لە خۆم پرسی – با وای دابنەین ناپلیون لە جێگای من بوو، گریمان ئەم پیاوە بۆ دەستپێکی ژیانی خۆی نە تولونی هەبوو، نە دەستی گەیی بووە میسر، نە بە لوتکەی موبلاندا تێپەڕی بوو، بەڵام لە جیاتی هەموو ئەمانە، لە جیاتی هەر هەموو ئەم ئیمکاناتە درەخشانە، ناچار دەبوو کە بۆ دابینکردنی ئایندەی خۆی، ئینسانێك بکوژێت، ئایا لە وەزعو حاڵێکی ئاوهادا ناپلیون، کۆی لە کوشتنی پیرەژنێكو دزینی سیٚ هەزار ڕۆبڵ دەکردەوە؟ ئایا بیری لەمە دەکردەوە کە ئەم کارە بۆ بە دەست هێنانی ئیحتوباری ئەو، تاوانێکی بیٚ چەندو چوونە؟ دەزانی سۆنیا، من ماوەیەکی زۆر مێشکی خۆم بەم جۆرە پرسیارانەوە ماندوو کردو ڕاستت دەویٚ بە هیچ کلۆجیٚ هەستم بەشەرمەزاریش نەکرد، گەییمە ئەو ئەنجامگیریو قەناعەتەی کە ئەگەر ناپلیونیش لە جێگای من بوایە، هەر ئەمەی دەکرد...*" (*– بڕوانە دەقی ئینگلیزی، کتێبی گەنجینەی ئەدەبیاتی جیهان، لاپەڕەی ٣٢٩– ٣٣٥).

رودیون راسکولنیکوف، بە قسەی سۆنیا خۆی ڕادەستی دادگا دەکات. دادگاییەکە درێژە ناکێشێت. راسکولنیکوف، حوکمی هەشت ساڵ دەدریٚ وبۆ سیبریا دووردەخرێتەوە. لەم سەفەرە پڕ ئازارو مەینەتەدا، تاقە کەسێك کە هاوڕێیەتی دەکات، ئەم ژنەیە (سۆنیا) ئەم دۆستە بۆیە هاوڕێیەتی دەکات تا باری قورسی ژیانو پەشیمانیو عەزابی ویژدانی لە سەر شان سووك بکات.

لەم ڕۆمانە بە ڕواڵەت سادەیەدا، دوستویفسکی چ هونەرێك و چ وەستایەتیەکی نواندووەو چ هونەرێکی بەکار بردووە کە کردوویەتیە کارێك، کە ڕۆمانەکەی ئەو بە یەکێك لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهان بژمێرن، قارەمانو ڕووداو لە ڕۆمانی تاوانو سزادا زۆرن، بەڵام هەر هەموویان کەوتوونەتە بەر سێبەری کارەکەی راسکولنیکوفو پەرچە کرداره دەروونیەکانی ئەوەوە.

راسکولنیکوف، خوشکێکی گەنجو جوانی هەیە کە لەم ڕۆمانەدا دەورێکی بەرچاوی هەیە. ئەم کیژە لە بەر خاتری یارمەتیدانی دایکیو برایەکەی، بە تایبەتی بۆ دابینکردنی خەرجی خوێندنی برایەکەی، مل بۆ کارەکەری دوو خانەوادە دەدات کە پیاوانی ئەو دوو خانەوادەیە، هەردووکیان چاوی تەماحیان تێبڕیوە. شڤیدریگایلوف، ئەڕبابی دووەمی ئەم چیرۆکە، کەسایەتیەکی گرینگی هەیە. ڕەخنەگرانی ئەدەبناس، کەسایەتی ئەویان بە یەکێك لە قارەمانەکانی دیکنز شوبهاندووە.

نا ئومێدی لە ویساڵی خوشكو خۆکوژی ئەو فەسڵێکی جوانی ڕۆمانی تاوانو سزا پێکدێنیٚ.

سیمیون مارمیلادۆڤ، بابی سۆنیا کە فەرمانبەرێکی بچووکی حکومەتە و لە داخی نەداری پەنای بردووەتە بەر مەیگوساریو بەدمەستیو ئاقیبەت شەوێك دەکەوێتە ژێر عەرەبانەیەکەوەو لە ژێر سمی ئەسپاندا گیانی خۆی لە دەست دەدات، یەکێکە لە قارەمانە دیارەکانی دیکەی ئەم ڕۆمانە.

هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە دوستویفسکی لە هەوەڵەوە، پێش ئەوەی دەست بە نووسینی یەکەمین دێڕی ڕۆمانی تاوان‌و سزا بکات، لە زەین‌و هزری خۆیدا، ژیانی ئەم پیاوە مەی خۆرەی وێنەگرتووەو ویستویەتی چیرۆکێکی کورت دەربارەی ئەوو ئەنجامی مەیخۆری ئەو بنووسێت، بەڵام پاش ئەوەی رودیون راسکولنیکوف، خوڵقاو هاتە ئاراوە، روح‌و فیکری نووسەری بە جۆرێ مژوول کردو داگیرکرد کە هەموو شتێکی تری لە بیر بردەوە*. ( بڕوانە "گرولیر کلاسیکز" پێشەکی ڕۆمانی تاوان‌و سزا.)

گەلێك لە بیرەوەری و ئەزموونە تاڵەکانی نووسەر لە ڕۆمانی تاوان‌و سزادا ڕەنگیان داوەتەوە. لەوانە هەندێ دیمەنی ئەو سەردەم‌و دەورانانەی کە بە خۆی لە ناو ئاگرێن ئارەزوو و ئاواتە ناکام‌و نەهاتووە دیەکانیدا دەسووتا، ئەو ڕۆژانەی کە بە خۆی بە دەست نەداری‌و نەبوونیەوە دەینالاند، ئەو سالانەی کە لە حەپسخانەو تاراوگەی سیبریادا بەسەری بردن، ئەو زەمان‌و ڕۆژگارانەی کە لە ناچاری‌و دەستکورتیدا، بیری لە تاوان دەکردەوە، هەر هەموو ئەو دیمەنانە بە ڕوونی لە ڕۆمانی ناوبراودا بەرجەستە بوون‌و نیشاندراون. لەو شوێنەدا کە راسکولنیکوف داوا لە سۆنیا دەکات تا ئینجیلی بۆ بخوێنێ، بەڵکو لەم ڕێگایەوە ئاوێ بەسەر ئاگری دەروونیدا بکات، هەمان نووسەری گەنج وێنە دەگرێت کە لە دوا ساتی ڕێوڕەسمی ئیعدام کردنەکەدا، لە کلکی عەدەم دەگەڕێتەوەو قەدەرو چارەنووسێکی وەکو چارەنووسی "عازر"ی برای مریەمی پاکیزە پەیدا دەکات. لەم دیمەنەدا، ئارەزوومەندە، لە خۆشی ژیانی دووبارەو ژیانەوەدا، لە حەریمی خودا نزیك ببێتەوە.

خوێنەر. وەختێ ڕۆمانی تاوان‌و سزا دەخوێنێتەوە، هەندێجار لە هەنبەر دۆزینەوەی بەرسڤی ئەم پرسیارە کە بۆچی رودیون راسکولنیکوف، ئەم تاوانەی کردووە، دۆش دادەمێنێ‌و هەرچی دەکاو دەکۆشێت وەڵامێکی قەناعەتبەخش نادۆزێتەوە؟ ئایا بە ڕاستی نەداری‌و نەبوونی‌و ئومێدی وەدەست هێنانی پارەو پولێکی مشەو مۆڵ فاکتەرو هۆکاری ئەم تاوانە بووە؟ ئایا لەزەتی لە کاری کوشتن‌و ئەنجامدانی ئەم تاوانە بینیوە؟ ئایا وەکو شیکارێکی هزرڤان، حەزی کردووە ئەم تاوانە ئەنجامبدات‌و بزانێت چ پەرچەکردارێکی لەلا دروست دەکات؟ ئایا ویستویەتی زیرەکی‌و توانای خۆی لەم تاوانەدا تاقی بکاتەوەو بزانێت دەتوانێ ئینسانێك لە خوێنی خۆیدا بگەوزێنێ‌و کەسیش گومان لەو نەکات؟

ئایا بە شێوەیەکی گشتی رودیون راسکولنیکوف، ئەنجامدانی ئەم تاوانەی بەڕەوا زانیوەو باوەڕی وابووە وەکو چۆن جیهانگیران، قەتڵ‌و عامی خەڵکی بە مافی ڕەواو بێ چەندو چوونی خۆ دەزانن و ئەم کارە بە جۆرە شانازییەك دەزانن، ئایا ئەویش وا وێنا دەکات کە کارێکی گەورەی پڕ شانازی و ئابڕومەندانەی ئەنجام داوە؟

ڕەنگە وەڵامەکە یەکێك لەوانە یان هەر هەمووی بێت، ئەوەی گرینگە ئەمەیە کە داهێنەرو خوڵقێنەری ئەم قارەمانە، هەڵسوکەوت‌و باری دەروونی ئەم قارەمانەی کردووە بە شاکارێکی گەورە.

به درێژایی سەدەو نیوێك كە بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانەدا تێپەڕیوە، هزرڤانانی جیهان، ڕاو بۆچوونی جۆراو جۆریان دەربارەی ئەم ڕۆمانە (تاوانو سزا) دەر بڕیوە، بەڵام هەر هەموویان، هاوڕا بوون لەسەر ئەمەی كە ئەم ڕۆمانە یەكێكە لە بەرهەمە هەڵبژاردەو نایابەكانی فیكری تیرەی بەشەر، باندۆرو كاریگەریی ئەم ڕۆمانە بەسەر خوێنەرانەوە، هێندە بەهێز بووە كە دەڵێن، لە یەكەمین مانگی بڵاو بوونەوەیدا، یەكێك لە خوێندكارانی زانستگەی مۆسكۆ، بە چاولێكەری راسكولنیكوف، تاوانێكی وەكو ئەوەی ئەوی ئەنجام داوە*. (بڕوانە ئینسایكلوپیدیای ئەمریكانا، بەرگی هەشتەم، ل ١٩٣). لە زۆر وڵاتی دیكەشدا، تاوانی لەو جۆرە ڕوویداوە. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٨٦٦دا لە ڕووسیا بڵاوبووەوە، دوای نۆزدە ساڵ، لە ساڵی ١٨٨٥دا، بۆ سەر زمانانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەوروپایی و ئەمریكایی پاچڤەكرا. ئیدی بەرە بەرە ئەم بەرهەمە بۆ سەر هەموو زمانە زندووەكانی تری دنیا پاچڤەكرا.

ڕۆمانی تاوانو سزا، لە ڕووی بونیادی هونەرییەوە، لە عەیبو ئیراد بەدەر نییە. بڵام ئەم عەیب و ئیرادانە لە هەنبەر گەورەیی ڕۆمانەكەدا، ناكەنە هیچ، بۆ نموونە دەڵێن قارەمانەكان زیاتر لە هەلومەرجێن نابەجێو نالوژكیدا بەرخوردو مامەڵە دەگەڵ یەكدیدا دەكەن. بۆ نموونە سڤیدریگایلوف، دوا ئەڕبابی، دونیای خوشكی رودیون راسكولنیكوف،كاتێ دەكەوێتە تاقیبو سۆراخی كچەی ڕەنجاوو تۆراو، دێت بۆ شاری سان پترزبورگو لێدەبڕێت بە هەر جۆرێ بووە كچە ڕازی بكات كە شووی پێبكات، بە ڕێكەوت لە هەمان بینادا لا دەدات كە سۆنیا لە هەمان بینادایە.

ئەوجا، ئەو ڕۆژەی كە راسكولنیكوف، نهێنی تاوانەكەی خۆی بۆ سۆنیا دەگێڕێتەوە، سڤیدریگایلوف، لە ژوورەكەی خۆیەوە گوێی لەم ڕازو نیازە دەبێتو لەم ڕێگایەوە هەڕەشە لە راسكولنیكوف دەكات كە ئەگەر خوشكەكەی ڕازی نەكات تا شوو بەم بكات، ئەمیش دەچێت لای پۆلیس خەبەری لێدەدات. ئەم بەرخوردە نابەجێو نالوژیكییە.

لە شوێنێكی دیكەدا لوژین، دڵدارەكەی هەوەڵی "دونیا" كە راسكولنیكوف ڕقی لێیەتیو حەز لە چارەی ناكات، دەچێتە سۆراخی سۆنیاو بە دزی تاوانباری دەكات. پاشان دراوسێیەك گەواهی دەدات كە بە چاوی خۆی دیتویەتی كە لوژین، بە دزییەوە سەفتەیەك ئەسكەناسی خستووەتە گیرفانی سۆنیاوە. ئەم دیمەنەش، زەحمەتە بەم سادەییو ئاسانیە ڕوو بداتو، دیارە نووسەر بۆ ئەوەی خوێنەران بەلای ئەسڵی "پیلانو دەسیسەكە"دا ڕابكێشێت، ئەم ڕووداوانەی خوڵقاندووە*. (بڕوانە كتێبی پەنجا نۆڤڵی ئەوروپایی، ل ٥١).

ڕۆمانی تاوانو سزا، بەم وردە ئیرادو ڕەخنانەشەوە، هەر یەكێكە لە شاكارەكان، ڕۆمانێكە، كە بە دڵنیاییو بێ چەندو چوون دەكرێت لە ڕیزی گەورەترین ڕۆمانانی دنیادا بژمێردرێت.

سەرچاوە:
سیری در بزرگترین کتابهای جهان.جلد دوم/ چاپ پنجم: ١٣٨٩/ موسسه انتشارات امیر کبیر/ تهران/ تالیف/ حسن شهباز. ص٤٥٥– ٤٧٢.

## ٩- سۆراخی ڕۆژگاری لە دەست چوو

**مارسیل پروست**

**١٨٧١- ١٩٢٢**

یەکێکە لە چیرۆکنووسە فەرەنسییەکان. بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی شیکاری، لەواری چیرۆکنووسیدا، دادەنرێت، کە هەمیشە خوێنەر لە زەماندا ڕەها دەکات. لە ساڵی ١٩١٨ خەڵاتی گونکوری وەرگرت.

***

ڕۆمانی پازدە بەرگی "سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو" کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەزموونی شەخسی پرۆستەوە، دەربارەی ژیان هەڵێنجراوەو، نووسەر ڕابردووی خۆی بە هەموو وردو درشتێکیەوە زندوو دەکاتەوە، تا جارێکی دی تیا بژێتەوە.

***

خوێنەر بۆ ئەوەی شارەزای بیرو هزرینی مارسیل پرۆست ببیّ، چاری ناچارە، دەبی ڕێگایەکی دوورو درێژ ببڕێتو ئەم ڕێگایەش موتاڵاو خوێندنەوەو قووڵبوونەوەو ورد بوونەوەیە لە کتێبێکی گەورەی دوورو درێژ لە ژێر سەرناڤی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو.

ڕۆمانی ناوبراو، کە بە گوتەی ژمارەیەك لە ڕەخنەگرانی پسپۆڕو ئەدەبناس "یەکێکە لە سەرکەوتنە گەورەکانی دنیای ئەدەبیات.(١)" لە ماوەی چواردە ساڵداو لە پازدە بەرگدا بڵاوبووەتەوە(٢).

بەمجۆرە خوێنەری فەرەنسی ماوەیەکی یەجگار زۆری بەدەم چاوەڕوانی دەرچوونی دوا بەرگەکانی ئەم ڕۆمانەوە بەسەر بردووە. وەختیّ دوا بەرگی ڕۆمانی ناڤبری گەییە دەست خوێنەران، کە پێنج ساڵ بوو نووسەرەکەی مردبوو. پاچڤەی ئەم بەرهەمە بۆ سەر زمانی ئینگلیزیش ماوەیەکی زۆری خایاند: نۆ دانە ساڵ، لە ساڵی ١٩٢٢ەوە تا ساڵی ١٩٣١، هەڵبەتە بەناونیشانێکی نویّ کە پاچڤەوانەکە لە شیعرێکی شەکسپیرییەوە وەرگرتبوو: "یادەوەری شتەکانی ڕابردوو"و وا دیارە ئەم عینوانەی بۆ ئەم ڕۆمانە بە گونجاوتر زانیوە(٣).

بە هەرحاڵ، ڕۆماننووس، عەوداڵی دۆزینەوەی ڕۆژگاری لە دەست چوو بووەو خوێنەریش دوا بە دوای ئەو لە هەوڵی دۆزینەوەی عومری ڕابردوودا بووە. هەڵبەتە وەڵامی ئەم پرسیارەی کە ئایا ئەم خەڵکە عەوداڵانە، بە گوم بووی خۆ گەییوون یان نا؟ لە دوا بەشی ڕۆمانەکەدا، کە بە ناونیشانی ڕۆژگاری دۆڕاوەوەیە(٤)، دراوەتەوەو ئەم بەشە ئەوە نیشاندەدات کە نووسەر خۆشبەختانە هەوڵو تەقەلاکەی بەفیرۆ نەچووەو گوم بووەکەی خۆی دۆزیوەتەوە. کەواتە خوێنەریش لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا نائومێدو بیّ نەسیب نامێنیّو دەبێت بە شەریکی شادمانی و خۆشی داهێنەری ئەم بەرهەمە. بە هەرحاڵ لەوەتای ئەم بەرهەمە بڵاوبووەتەوەو تائێستا،

ئاشقانێکی یەجگار زۆر هەبوون، کە بە جۆش‌و خرۆشەوە، بەتاسەوە تاسووقەوە ئەم ڕۆمانەیان گرتۆتە دەستەوەو کەوتوونەتە خوێندنەوەی، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە نیوەی بەرگی یەکەمی، وازیان لێهێناوەو وادیارە لە یەکەم قۆناغی ئەم ڕێگا دوورو درێژەدا پەکیان کەوتووە. ئەمە بۆچی وایە؟ بۆچی نەیانتوانیوە سوور بن لەسەر ئەوەی بگەنە قۆناغەکانی دی؟ دەبێ بۆ هۆی ئەمە، لەو هۆیانەدا بگەڕێی کە نووسەری ڕۆمانەکە قەناعەتی پێیان هەبووەو ئەم هۆیانە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو،دەکات بە ڕۆمانێکی ناوازەو شاکارێکی بێ چەندو چوونی سەدەی بیستەم.

مارسیل پروست، تواناو بەهرەیەکی سەیری لە وێنەگرتنی قارەمانانی ڕۆمانەکەیدا هەبووەو ئەم هونەرە، لە چیرۆکی نیوکلاسیزمی فەرەنسییەوە فێر بوو بوو. باری دەروونی کاراکتەرانی ڕۆمانەکەی بە جۆرێ دەنەخشان‌و بە جۆرێ ڕەنگدانەوەی سۆزداریانی نیشان دەدا کە خوێنەر هەستی بە هەموو خەم‌و ئازارەکانیان یا شادی خۆشییەکانیان دەکرد.

دوستویفسکی، چیرۆکنووسی ڕووس، کەمێك پێش ئەو ڕێبازی دەڕوون ڕوانی لە جیاتی بێروونڕوانی هەڵبژارد و لە دوو ڕۆمانی بە نێوبانگی خۆیدا بە ناونیشانێن: برایانی کارامازوف(٥)و تاوان‌و سزا(٦)، لە جیاتی ئەوەی دەوری گێڕەرەوە بدێنێ‌و ئەوەی بە ڕواڵەت‌و بەچاو دەیبینێ، بیخاتە سەر کاغەز، دڵ‌و دەروونی کاراکتەرەکانی خۆی خستبووە بەر وردەبینی شیکردنەوەوە. مارسیل بروستیش هەمان ڕێبازی لە چیرۆکنووسیدا هەڵبژاردبوو، هەڵبەتە بەم جیاوازییەوە کە بە گوتە دەروونناسان، دوستویفسکی زیاتر خووی دابووە دەروونانی "نا ئاسایی"و "مەیلەو نەخۆش" بەڵام پروست زیاتر بایەخی بە دەروونانی هاوسەنگ دەدا.

بابەتێکی زۆر گرینگی دیکە کە لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، خراوەتە ڕوو، زەمانە، بێ ئاماژە کرن بۆ ڕابردوو یا ئایندە. زەمان، لە نێو دێڕەکانی ئەم ڕۆمانەدا شەپۆل دەدات‌و لە تۆ وایە تاپۆو تارماییەکە کە بۆ ساتێکیش گوتیاری ڕۆمانەکە ڕەهاناکات. چیرۆکنووس، وەکو لە ناونیشانی رۆمانەکەشیا دیارە، سۆراخی ڕۆژگار یا زەمانی لە دەستچوو دەکات‌و، ئیدی ئەم "زەمانە" بەردەوام لە زەینیدا کەڵەکەیە. هەر شتێکی چکۆلە، ڕابردووی وەبیر دێنێتەوەو هەر ڕووداوێکی بێ بایەخ، بە سەرهاتێك لەزەینیدا زندوو دەکاتەوە، ئەم ڕابردووە، لە زۆربەی جارەکاندا، بە دروستی دیار نییە کە چەندی بەسەردا ڕۆییشتووە، ڕابردوویەکی زۆر دوورە، یا ڕابردوویەکی زۆر نزیکەو هەندێجار لە تۆ وایە لە ئێستادایەو هەر ئەمەشە کە خوێنەری نا ئاشنا بە بیرو هزرینی ئەو، ڕێی خۆی گوم دەکات‌و لە هاوڕێتی ئەو دوا دەکەوێت.

لە مەسەلەی زەماندا، کە ڕۆڵی سەرەکی‌و بنەڕەتی لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا دەبینێ، پروست سەر بە فەلسەفەی هنری برگسونە. بە نۆڕینی برگسون، یەك زەمانی دیار، نییە، یەك دەقیقە یا یەك سەعات یا یەك ڕۆژ، لە رووی میکانیکییەوە و بە حوکمی پێوانەی زەمان پێو، نیشانەی بورین‌و تێپەڕبوونی کاتێکی دیاریکراوە، بەڵام لە دیدی سایکۆلۆژیەوە قابیلی پێوان نییە. یەك دەقیقە دەشێت لە یەك دەقیقە کەمتر بێ یا زیاتر. کەواتە محەکی زەمان هەرچییەك بێ، "زەمان کشدارە"و ئەوەی کە درێژی‌و تەنانەت بوونی زەمان

دیاریدەکات زەینی بنیادەمە، پێوەرو پێوانەی دیاریکردنی زەمان، حاڵەتی کەسەکەیە، ئەمەیە کە لەو کاتەدا چ هەستێکی هەیەو لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکدا، چ جۆرە کاردانەوەیەکی هەبووە.

پروست لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، دەکەوێتە پاککردنەوەی بن‌و بساتی گۆلاوی بیرەوەرییەکانی خۆی‌و لە قولایی ڕابردووەوە، کەلەپورێك کە بەرەنجامی ئەزموونێن ساڵانی ژیانە،دەردێنێ. لەم پرۆسەی گەڕان و پشکنینەدا،هەموو شتێکی کەمبایەخ یا هەر ڕووداوێکی وڕوژێنەر، ئەو بە ڕابردووەوە دەبەستێتەوە. یانی ڕابردووی لە هزرو خەیاڵدا زندوو دەکاتەوە. بۆ نموونە کاتێ کە پارووەیەك لە جۆرە نانێکی شیرین بە نێوی "مادلین" کە لە منداڵیدا حەزی لێ بووە، دەکات بە چایەکدا بە ناوی "تیول"و دەیخاتە دەمی، جۆرە شادیەکی منداڵانە دەیگرێت. جا لەم کاتەدا، بێئەوەی لە دەستی خۆیدا بێ، لە خۆی دەپرسێت بۆچی‌و چ شتێك لە تامی ئەم نانە شیرینەدا هەیە کە بەو شێوە نادیارو ناڕاستەوخۆیە ئەو دەهاڕوژێنێ. کاتێ زیاترو وردتر دەبیرەوە دەچێت، دەبینێ کە ئەم تامە، کلیلێکە کە دەربیچەیەك ڕووەو ساڵانی خۆشی منداڵی یا نۆلاوی ئەو دەکاتەوەو بەمجۆرە ئەو نان‌و چایە، بە ڕابردوویەکیەوە دەبەستێتەوە کە ئەو لە بیری چوو بوو. پرۆست، لەم ڕۆمانە مەزنەدا، لە ڕێگای ئەو بوارانەوە، ڕۆژگاری ڕابردووی خۆی یەك بە یەك لە بەرچاو بەرجەستە دەکات‌و ژینامەی ڕاستەقینەی خۆی‌و ئەو کەسانەی کە بە هەر شێوەیەك پەیوەندییان بەوەوە هەبووە بە وشەو نووسین دەسپێرێت(٧).

داوەری‌و قەزاوەتی ڕەخنەگرانی دنیا دەربارەی پرۆست‌و ڕۆمانە نایابەکەی، واتە سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، جۆراو جۆرە، هەرچەند تێکڕا بە یەکێك لە دەسکەوتە پڕ شانازییەکانی فەرەنسای سەدەی بیستەمی دەژمێرن. جۆرە دانکان پینتەر، نووسەری کتێبی پرۆست: ساڵانی لاوی و پرۆست: ساڵانی ناڤساڵی(٨)، لە ئینسایکلوپیدیای بەریتانیکادا دەنووسێت:

" هاماج‌و فەزای گشتی چیرۆك لە سەدەی بیستدا لە ژێر باندۆرو کاریگەری مارسیل پروستدا بووە، نووسەرێکە کە ڕۆمانی "سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو"ی ئەو یەکێکە لە سەرکەوتنە گەورەکانی دنیای ئەدەبیات. گوتاری ئەو ئەمە بوو کە "ئەو ئەوزارەی کە من لە ڕێگایەوە توانای دیتنم هەیە میکروسکوب نییە، بەڵکو تەلسکوپێکە کە ڕووی لە ڕوژگار کردووە"

ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری ڕابردوو، هەرچەندە کەرەستە سەرەتایی‌و خاوەکەی ژیانی ڕابردووی چیرۆکنووسە، بەڵام بە ڕواڵەت وا دیارە کە باسی نەگەڕانەوەی عومری ڕابردوو دەکات، باسی بە هەدەرچوونی پاکی‌و بێگەردی دڵ لە پێناوی وەدەست هێنانی ئەزموون دەکات، باسی بە تاڵبوونەوەی ڤیان‌و دۆستایەتی دەکات، باسی بێهودەیی هەوڵ‌و تەقەلای مرۆڤانی دەکات، باسی زاڵی گوناح‌و نا ئومێدی دەکات، بەڵام ئەنجامێك کە لەم باسانەوە بە دەستی دێنێ ئەمەیە کە تەمەنی ئادەمیزاد، هەر ڕۆژێکی بۆ خۆی بایەخێکی شایستەی هەیەو ئەم ژیانە بە جوانی‌و خۆشی باتینی بارگاویەو بە جۆرێکە کە لەوەیە مرۆڤ بە هۆی هەڵەکانی خۆیەوە، کە ئەمە شتێکە لە تەبیعەتی بەشەردا، هەر هەموو ئەوانە لە دەست بدات، بەڵام بەو حاڵەشەوە لەبن نەهاتگ‌و نەمرو قەرە بوو پەزێرە.

شێوازو ستایلی پرۆست لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا یەکێکە لە ستایلە هەرە جوانەکانی دنیای ئەدەبیات، بێ وێنەیەو لە یەکگرتووی، ناسکیو وردی، گونجانو ئەفسوون، لە پەیڕەوی کردنی هەردوو قوتابخانەی کلاسیسزمو سەمبولیزمدا، بووە بە سەرمەشقی نووسەرانی دواتر. شۆڕەتی وی وەکو نووسەرێکی بلیمەت ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادیە(٨).

دەنیس سورات، مامۆستای زمانو ئەدەبیاتی فەرەنسا لە زانستگەی لەندەنو دانەری کتێبی ئەدەبیاتی مودێرنی فەرەنسا، لەو فەسڵەدا کە تایبەتە بە پرۆست، بەدەم دەست نیشانکردنی جوانیو دزێویەکانەوە دەنووسێت:

هەرچەندە، بەرهەمەکانی پرۆست لە کێماسیو کەمو کوڕی بەدەرنین، بەڵام پایەی ئەو لە ئەدەبیاتی فەرەنسای سەردەمی خۆیدا، بە ئەندازەی پایەی ویلیام شەکسپیر لە سەردەمی ئیلیزابت دا، بەرزە. من لەو باوەڕەدام کە لەگینە لە داوەرییانی ئایندەدا پروست نەگات بە پایەی بالزاك دا، بلیمەتی وی لەواری چیرۆکنووسیدا بێ وێنەیە، بەڵام بێ چەندو چوون لە دوای بالزاکەوە دێت، ئەم داهێنەرو فیلیڤانە هاوتایەی دوستویفسکی، ئەسیرو گیرۆدەی هەمان نیگەرانیانی دەروونی ئەوە، بەڵام بەو جۆرە نەخۆشیەی دوستویفسکی نا.

جگە لە توانای خەیاڵ، پرۆست، مامۆستای بێ چەندو چوونی زمانە. خوێنەری وردو بە سەرنج، لە نووسینەکانی ئەودا، سووکە مۆرکێکی "نا فەرەنسی" بەدی دەکات، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە نیوە جولەکەیەو هەندێجار وا هەست دەکات کە نووسەر لە هەڵبژاردنی وشەکاندا، بێ موبالات بووەو نەیزانیوە چی دەنووسێتو ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە پاچڤەی بەرهەمەکانی ئەو بۆ زمانێکی دیکە، زەحمەت دەکات. بە هەرحاڵ سفتیو کۆکی زمان، ئاوێتە بە جوانیو ڕەوانیو سەرڕێژ لە ناسکی، لە سەرانسەری بەرهەمەکانیا شەپۆل دەدات. هێندە وەستایانەو لێهاتووانە بە زمانی فەرەنسی دەنووسێتو هێندە زاڵە بەسەر ئەو زمانەدا، کە ڕێگە بە خۆی دەدات هەندێجار بداتە تانی درێژ دادڕیو بێموبالاتیو خەمساردی لە هەڵبژاردنی وشەدا. بەڵام وادیارە بە خۆی ئەمانە دەزانیو ئاگای لێیانەو بە هەموو دەسەڵاتداریەکی خۆیەوە بەسەر زماندا، دەیەوێ زمان لە هەنبەر خۆیدا بێنێتە کڕنۆش و بەو جۆرە بە کاری بەرێت کە بە خۆی دەیەوێت. بەڵام خۆزگە هیچ کەسێك هەوڵ نەدات کە چاو لەو بکاتو لاسایی ئەو بکاتەوە(٩).

جوزیف کولینز، دانەری کتێبی پزیشك تەمەشای ئەدەبیات دەکات، کە ڕەخنەگرێکی ناودارەو چەندین کتێبی لە مەیدانی پەیوەندی زانست بە ئەدەبیاتەوە نووسیوە، لە فەسڵی پێنجەمی کتێبی ناوبراودا، لە ژێر سەر ناڤی "مارسیل پرۆستی گەورە سیکولوجیست" دا دەڵێت:

جێگای خۆیەتی کە مارسیل پرۆست بە گەورەترین چیرۆکنووسو سایکولوجیستی سەدەی بیستەم بزانین. پرۆست لە واری شیکردنەوەی دەروونیی مرۆڤانی ئاساییدا، یەجگار زەبەر دەستە، چەند دوستویفسکی لە واری شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤانی نائاساییدا، قووڵڕوانێکی بێ هاوتایەو گێڕەوەیەکی بێ وێنەیەو وەستایانەو هونەرمەندانە هزرو ڕەفتاری مرۆڤان

دەخوێنێتەوەو دەیخاتە سەر کاغەز، پرۆستیش لە واری شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤانی ئاساییدا، وایە.

لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢٢دا کاتێ پرۆست کۆچی دوایی کرد، فەرەنسا نووسەرێکی لە دەست دا کە شۆرەتو نێوبانگی هاوتای بالزاکی دەکردەوە. بەراوردکردنی پرۆست لەگەڵ چیرۆکنووسانی وەکو بالزاك یا بورژی(١٠) (١٨٥٢– ١٩٣٥)، یا باربوس(١١)و هی دیکەدا کارێکی پەسند نییە، چونکە ئەوان چیرۆکنووسنو ئەو نووسەرە. ئەو خەڵکە زۆرانەی کە ئارەزوومەندی موتاڵاو خوێندنەوەی ڕۆماننو ڕۆماننووسان لەبەر خاتری ئەوان ئەو جۆرە بەرهەمانە دادەهێنن، ئاوڕێکی ئەوتۆ لە بەرهەمێن پرۆست نادەنەوە، تەنانەت ئەو خوێنەرە کەمانەشی کە خوازیاری چیرۆکانی ڕۆمانسینو زۆربەی هەرە زۆریان ژنانن، زۆر حەز لەم جۆرە کتێبانە ناکەن. خۆ ئەگەر خوێنەرانێك هەبن دڵبەندی داهێنەری بەرهەمێك بن، لە کاتێکا ئامادەن زەحمەتی خوێندنەوەی بەرهەمێکی نەخوازراو بکێشنو تەحەموول بکەن کە ئەو بەرهەمە کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیکەی وەکو شێوازی سفتو نایابی لە خۆ گرتبێ یا کەسێتی نووسەرەکە لە کڵێشەی یەکێك لە قارەمانەکاندا بەرجەستە کرابێت، تەنیا لەو حاڵەتەدا پێشوازی لەو بەرهەمە دەکەن، هەڵبەتە دەبێ دان بەو حەقیقەتەدا بنرێت کە ئەمرۆکە، کەم نووسەر یا چیرۆکنووس هەیە بتوانێ لە کاریگەریو باندۆری نووسەرێکی دەروونناس یا هونەرمەندی وەکو پرۆست بەدەربێت. ناوی پرۆست وەکو گەڕیدەیەکی پێشەنگ کە سەفەری بێشەی دەروونی نا ئاگایی بەشەری کردووەو ئەو دنیاو بێشەیەی بە گێڕانەوە سپاردووە، بە نەمریو زندوویەتی دەمێنێتەوە. من گومانم لەوە نییە کە ناوی پرۆست، وەکو چۆن ناوی موپاسان یا پۆ لەو یەك دوو دەیەی ئەم دواییانەدا پەیوەست بووە بە چیرۆکی کورتەوە، بەو ئاوایە بەدنیای چیرۆکنووسینەوە پەیوەست دەبێت. خۆ ئەگەر ڕۆژێکیش بێ، بەرهەمی بیری ئەو هیچ کڕیارێکی نەبێت، ئەوا ڕێگەو ڕێبازی ئەو لە واری چیرۆكو قووڵبوونەوە لە دەروون، لەلایەن نووسەران، هەوادارانی هونەرە ئیستاتیکەیەکانو لێکۆڵەرانی ئەکادیمیەوە، پەیڕەوی دەکرێت(١٢).

دورتی بروستەر و جۆن ئانگوس بوریل، مامۆستایانی زانستگەی کولومبیاو دانەری کتێبی چیرۆکی دنیای مۆدرین، دەربارەی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو و نووسەرەکەی دەڵێت: بۆچی پرۆست لە ڕۆمانەکەی خۆیدا هەوڵیداوە ڕابردوو زندوو بکاتەوەو جارێکی دی بیژێنێتەوە؟ پرۆست لە هەوڵی ڕزگاری خۆیدایە، یا بە گوتەیەکی دی، لە کۆمەڵە بەهایەك دەگەڕێت کە گەرەکیەتی ڕۆژگارو زەمان یا یاساو ڕێسای گۆڕان پەزێری چەرخو دەوران، لە ناویان نەبات.

ئەوەی کە ئەو دۆزیویەتیەوە، ڕێگەیەکە بۆ وەدەست هێنانی ئەو ڕزگارییە، کە لە چەند ڕستەیەکدا نایەتە دەربڕینو وەختێ دەشێت بێتە تێگەییشتن کە خوێنەر لە سەرانسەری ئەم بەرگانەدا دەگەڵ نووسەردا بێتو ڕابردوو کە بەرەبەرە خۆی دەنوێنێ، ببینێو تا دەمی ئاشکرا بوونی تەواوەتی دەگەڵ ویدا بێ. پرۆست دەیەوێو هەوڵدەدات کە لە زەمانەوە بڕوانێتە ئەبەدیەت. ڕەنگە چەمكو مانای ئەم ڕستەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئاشنایەتیان دەگەڵ ئەهلی

ڕازدا نییەو لەو جەزمەو نەشانەی کە لەو هەڵوێستانەداو لەو کاتانەدا دەیانگریٚ بیٚ ئاگان، بە ئاسانی نەیەتە دەرك كردن. پرۆست لە ڕێگەی ئەزموونەوە ئەو ساتانەی دەرك كردووەو، لەم ڕێگەیەوە گەییوەتە شادییەکی سەیرو ئاسوودەییەکی عەجیب. ئەم سەرکەوتنە چتۆ وەدەست هاتووە؟ لە ڕێگای "دۆزینەوەو شەخسیەتێکی پەنهانی دەروونی کێوێکی جادووییەوە."

پرۆست لە سەردەمێکدا کە مەسەلەکانی شیکردنەوەی دەروونی، فرۆید هەموو ڕەخنەگران و رۆشنبیرانی بەخۆوە مژوول و خجڵ کردبوو و هەموو هزرڤانەکان دەیانویست خۆیان بخەنە بەر تاقیکردنەوە، نەیانتوانی خۆ لەم وەسوەسەو خولیایە دووربگرن. پاشان لە دەیەی ۱۹۳۰-۱۹٤۰دا کە گریمانەکانی فرۆید خەریك بوو، کارەساتی لە شارستانیەتی رۆژاوادا دێنایە ئاراوە، قسە تەنز ئامێزە کۆمەڵایەتی و جڤاکیەکانی پرۆست، لە جاران پتر بایەخیان دەرکەوت. ئیدی لەم قۆناغ و سەردەمەدا بوو کە ئیدموند ویلسون، ئەدیب و ڕەخنەگری بە نێوبانگی ئەمریکایی، ناوەڕۆکی گوتەیەکی برناردشۆی وەرگرت و گوتی: "دنیای پرۆست، کۆشکێکی وێران بووی فەرهەنگ و کەلتوورێکی سەرمایەدارییە(۱۳)."

دانەرانی ئینسایکلۆپیدیای ڕێنمای خوێنەران بۆ ناسینی ئەدەبیاتی جیهان، لە ژێر سەرناڤی مارسیل پرۆست و دەربارەی بەرهەمە بەناوبانگەکەی، سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، دەڵێت:

مارسیل پرۆست، زۆر پێش مردنی، لە ناوەندو ئەنجوومەنە ئەدەبییەکانی فەرەنسادا، حوکمی ئەفسانەی وەرگرتبوو. بە هۆی هاتوچۆی کۆڕو مەجلیسی ئەشرافانی پاریسەوە، تووشی نەخۆشی و بێتاقەتی و گۆشەگیری بوو کە بە دەست نەخۆشی تووش و دەژواری کۆکەو تەنگە نەفەسییەوە دەینالاندو ئیدی ئەم مەیلی گۆشەگیرییە، بە جۆریٚ کەسیرەی کرد کە لە هەموو کۆڕو مەجلیسەکانی سەردەمی کۆماری سێیەمی فەرەنسا دوور کەوتەوەو زۆرجارو بۆ ماوەی دوورو درێژ خۆی لە خەوتنگەکەی خۆیدا زندانی دەکردو بیری لە کتێبەکەی و نووسینی کتێبەکەی دەکردەوە. حەساسیەت و هەستیارییەکی فرەی سەربارەت بە دەنگ، ڕوناکی و خاك هەبوو. ژوورەکەی دژی دەنگ و لە ڕادەبەدەر گەرم بوو. لە ژینگەی نیمچە تاریکدا کاری دەکردو هێندە لە خەمی کتێبەکەیدا بوو لە تۆ وایە تەنیا بەو ئاواتەوە دەژی. لەوە دەچیٚ کە پرۆست لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا، بووبیٚ بە کەشتیەکی شکاوی هەست لە نێو دەریای خرۆشاوی نا موراديان و خۆی بوو بە ئەوزارێکی ئازایانەی ئەوتۆ، کە خۆی خۆی شیبکاتەوەو ئەوەی ئەو نووسیویەتی، ڕاستگۆیانەترین لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی هونەرییە کە ئینسانێك دەربارەی هێزی هەست و تەسەوری خۆی کردوویەتی(١٤).

مارتین تورنیل، پرۆست ناسی نێوداری ئەمریکایی و دانەری کتێبی پڕ بەهای، چیرۆکنووسی لە فەرەنسادا، لە بەشی تایبەت بە پرۆستدا، دەربارەی ئەم نووسەرە و ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، دەڵێت:

بە گوێرەی ئەوەی کە بە دوورو درێژی، بە تێرو تەسەلی باسکرا، دیاریکرنی شوێنی پرۆست لە نێو چیرۆکنووسانی گەورەدا، کارێکی یەجگار زەحمەت و دژوارە. ئەمە بەس نییە کە بگوترێت، تواناو بیٚ توانایی ئەو نایەنە لێکدابڕان. ئەو بەرهەمەی ئەو دەیخاتە مێشکمانەوە،

هەڤدرژە، خوێنەری زیرەك و خاوەن ڕەئی بە ئاسانی هەست بە هەڤدرژیەکان دەکات: دەوڵەمەندیو هەژاری، هەمە جۆری و یەکنەوایی، بەربلاویو بەر تەنگی. پرۆست، بێگومان زانیاریەکی زۆری دەربارەی ژیان هەبوو، بەڵام هەموو ڕێگاکانی کورت دەکردەوەو دەهاتنەوە هەمان ئەو ژوورە دەرکە داخراوەی کە خۆی تیایدا دەژیا. ئەم پیاوە بەهرەی خۆبینیو دەروون بینی هەبوو کە ئەمە بەشێك بوو لە دابو نەریتی کۆن و دێرینی فەرەنسییەکانو پرۆست بە پشتیوانی ئەو دابو نەریتانە کەوتە گەشتو گەڕان بە دەروونو روحی خۆیدا، بەڵام وەکو هنری مایرز، ڕەخنەگری بە نێوبانگی ئینگلیزی دەربارەی دەڵێت: "پرۆست بە یەك چاو دەیڕوانیە هەموو جۆرە هەستێك، بە یەك چاو دەیڕوانیە تەجەلیاتی تەبیعەتی بەشەر." زۆر زەحمەتە بگوترێ کە ئەو دارای هەمان ڕەوانیو روونی،و ئەدەبی دەروونی بوو کە لەلای گەورە نووسەرانی دیکە هەبوو. ئەوەندە بەسە دەگەڵ ستنداڵدا بەراوردی بکەیتو پەی بە هەستیاری نائاسایی وبێ سنووری ئەم مامۆستایەی سەدەی نۆزدەیەمە ببەیتو ئەوەت بۆ دەربکەوێ کە هەستیاریی پرۆست لە چاو ئەودا چەند سنووردارو بەرتەسك بووە. لە هەمان کاتدا کاتێ ڕەخنەگر دەگەڵ بالزاك یا فلوبیردا دەیخاتە تاکی تەرازووی بەراوردەوە، بۆی دەردەکەوێت کە ئەو نووسەرێکی گەورەترە، شارستانیترەو نۆڕنی ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە لەوان بەرینترە.

ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچووی پرۆست لە زۆر شوێنا بێزارت دەکاتو لە هەمان کاتدا نا هاوئاهەنگە. شیکردنەوەی پێگەی مرۆڤانی ئەو، زۆر کێماسی بنەڕەتی تێدایە کە لە دیدی کەسێکی کەچڕەوەوە، قابیلی هەڵوەشانەوەو لێکدانەوە نییەو لاوازییە شەخسیەکان کە بناغەی ڕۆمانەکەی لە سەر ڕۆنراوە، پێچەوانەی ئاراستەی ئەستاتیکایە، بەڵام هیچ یەکێك لەم فاکتەرو هۆکارانە، ناتوانن لە بایەخی کارەکە کەم بکەنەوە. ئەم هەستە نوێو ئەم بەسیرەتە نوێیە، نکۆڵی لێنایەتە کردنو بەرهەمەکەش بەرهەمێکی پایەدارو زندووە. ئەم پیاوە هەر چیرۆکنووسێکی گەورەی ئەوروپاییی نییەو فرانسوا موریاك گوتەنی: "شوێنی ئەم لە ڕیزی گەورەترین چیرۆکنووسانی ئەوروپاییدا، دیارو پارێزراوەو ئەمە شانازییەکە کە مەحاڵە لێی بسەنرێتەوە. فرانك ماگیل، دانەری کتێبی شاکارێن ئەدەبیاتی جیهان، لە پێشەکی ئەو بەشەدا کە بۆ ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچووی تەرخان کردووە، دەڵێت:

ناتوانرێ ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، بە گوێرەی مەحەكو پێوەرو پێوانەی تەقلیدی، بە ڕۆمان دابنرێت. لە کاتێکا لە ڕووی نەخشەو سکێچەوە سەمفۆنیایەکە بۆ خۆی، بێئەوەی هیچ پلۆت یا قەیرانێکی لە خۆ گرتبێت، نووسەر بە دەم تاوتوێکردنی ڕابردووەکانی خۆیەوە، ئەنگێزەو هاندەرەکانی ئەزموونەکانی خۆی دەردەبڕێتو بۆ ئەوەی لە هۆیەکانیان بگات، ماوەیەك خەریکیان دەبێت، لە گەڵیاندا دەژیو هەنگێ لەبەر چاو دووریان دەخاتەوەو جارێکی دی بەدەم ئاماژەوە بۆ ڕابردوو، دەگەڕێتەوە سەریان. ئەم نموونە جۆراو جۆرەی ئەزموون، یەك زنجیرە پەیوەندی یەك لە دووی یەك دەگەڵ خۆیدا دێنێ کە تێکڕا زادەی خەیاڵو سەرنجی گوتیای چیرۆکەکەنو ئەم گوتیارە، بە سەبرو حەوسەڵەیەکی پڕ ئازارەوە، سۆراخی ڕابردووەکانی خۆی دەکاتو هەموو ئەو شتانەی کە بە خۆی دیتوونی لە منداڵیەوە تا ناڤسالی،

که زەینی دووچاری گیرۆدەی جۆرەها خەیالات بووە، بە ئاماژە بۆ گشت ئەو شوێن یا خەڵکانەی که دیوونی، دەخاتە بەر دەستی خوێنەر.

چیرۆکەکەی پرۆست، لەو خەوو خەیاڵەوە کە، ئەو بەرەبەرە خەڵك‌و بابەتە هاوپەیوەستەکانی ئەو خەیالاتە وەیاد دێنێتەوە، تا دوا دێڕی ڕۆمانەکە، کە لە بن دێڕەکانیا بەردەوام دەنگدانەوەی ڕۆژگاری ڕابردوو بەرگوێ دەکەوێ، شاکارێکی هونەریە، یانی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی شاکارێکی هونەرییە، شاکارێك کە زادەی بیرەوەرییەو شێوەو پێکهاتەو بابەتەکەی، پەیوەستە بە هەست‌و تەبیعەتی گوتیارو حیکایەتخوانەوە کە هەڵبەتە تێپەڕ بوونی ڕۆژگار هەم ئەوو هەم بابەتەکانیش دەگۆڕێت. ئەو ناونیشانەی کە چیرۆکنووس بۆ ڕۆمانەکەی خۆی هەڵبژاردووە، هەڵگرو دەربڕی دوو خاڵە: وەیاد هێنانەوەی تەمەنێك کە تێپەڕیوەو هەوڵدان بۆوەی کە جارێکی دی ئەم زەمانە لە دەسچووە بە دەست بێنێتەوە. دیارە بۆ خوێنەری هۆشیار ئەم خاڵە ڕوونە کە پرۆست دەزانێت حەقیقەتی ڕاستەقینەی ئەزموونێن بەشەری لە زندووکردنەوەو ژیانەوەی بیرەوەریەکاندا نییە، بەڵکو لە بەکارهێنانی هەستی بەدەنییە کە لە یادگەدا سەر لە نوێ دەخولقێتەوە(١٥).

***

مارسیل پرۆست، لە ڕۆژی ١٨/ نۆڤەمبەر/١٩٢٢دا، لە تەمەنی پەنجاو یەك ساڵیدا مالاوایی لە ژیان کرد. ئەم ڕووداوە خەمناکە کە بۆ میللەتی ئەدەبدۆستی فەرەنسا، بە کارەساتێك دەژمێردرا، لە خانووی ژمارە "٤٤"ی شەقامی هاملن، لە پاریس ڕوویداو کاتێ مالاوایی لە ژیان کرد، ئەو بەرهەمە مەزنەی، کە لە هاوینی ساڵی ١٩٠٩ەوە، واتە سیازدە ساڵ لەوەپێش، دەستی پێکرد بوو، تەواو نەکردبوو. پرۆست بۆ فەرەنساو بۆ جیهان پەیکەرێکی لە خەیاڵ‌و بیروزەوق دروست کردبوو کە سالانێکی زۆر بیری لێکردبووەوەو کاری لە سەر کردبوو و سەرەنجام پێش ئەوەی بەرەنجامی هەوڵەکەی خۆی بە تەواوەتی ببینێ، گیانی خۆی لە سەری دانا، ئەو ڕۆژەی کە کۆچی دوایی کرد، سێ بەرگ لە ڕۆمانی هەفت بەرگی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، هێشتا چاپ نەبوو بوو و پرۆڤە ڕاستکراوەکانی لە سەر مێزێکی تەنیشت تەختە خەوەکەی‌و لەبەردەم موغەیریەکەدا، کەڵەکە بوو بوو. ئەو سەرنجە زۆرانەی کە تۆماری کردبوون، ئەوەیان نیشاندەدا کە دەیویست گۆڕانکاری فرە لە بەشە چاپ نەکراوەکاندا بکات‌و ئەگەر تەمەن مەودای بدایە، ئەم دەقەی ئێستا بە جۆرێکی دیکە دەگەییە دەست ئارەزوومەندانی بەرهەمەکانی(١٦).

یەکەمین بەرگی ڕۆمانی مەزنی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو لە ساڵی ١٩١٣دا چاپکراوە، بۆیە دەبێ پرۆست و ڕۆمانەکەی بە خەڵك‌و بەرهەمی سەدەی بیست بزانرێن، لە کاتێکا هەر ئەم نووسەرە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەدا پێی ناوەتە دنیای چیرۆکنووسان‌و بەرهەمێکی بەناونیشانی جین سانتویل، کە جۆرە ئوتوبیوگرافیەك بوو و لە ڕووی بونیادو نێوەڕۆکەوە چیرۆکێکی یەجگار لاوازە. بەختی پرۆست لەوەدا بوو کە ئەم چیرۆکە تەواو نەبوو و هەر بە نیوەچڵی مایەوە تا نزیکەی سی ساڵ پاش مردنی چیرۆکنووس هاتە چاپکرن، پرۆست جگە لە جین سانتویل، چەند کورتە چیرۆکێکیشی نووسی بوو، کە مۆرکی خۆ جەڕباندن‌و فەنبازیان پێوە دیار بوو و هەر هەموویان بە جیا، لە هەندێ بلاوکراوانی ئەدەبی وەختدا بلاو بووبوونەوە،

لە ساڵی ١٨٩٦دا، لە ژێر سەرناڤی "بەختەوەری خوازی و ڕۆژان" کۆکرانەوەو چاپکران، هەر چەندە ئەم کتێبە مژدەی ئەوەی پێ بوو کە نووسەرێکی گەورەو شایستە بەڕێوەیە، بەڵام بڵاوبوونەوەکەی نە داهێنەری بەرهەمەکەو نە ئەو خەڵکەی کە تاسەمەندو ئارەزوومەندی موتاڵاو خوێندنەوەی بەرهەمی شایستە بوون، ڕازی نەکرد، تا ئەوە بوو کە لە مانگی ١٩٠٩/١دا، ڕووداوێکی بە ڕواڵەت بێبایەخ، پرۆستی بەرەو ئامانجێك کێشا کە بووە مایەی لە دایکبوونی یەکێك لە شاکارە گەورە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەمو ڕووداوەکەش ئەمە بوو کە ڕۆژێك چیرۆکنووس، پارچەیەك نان بە کوپێك چای گەرمدا دەکاتو دەیخوات. تامی ئەو نانە شیرینە کە ناوی "مادلین" بوو، ئاوێتە بە جۆرە چایەك کە پێیان دەگوت "تیول"، ئەم گەنجە خەیاڵپەڕەوەرە، دەخاتە یادی ڕۆژگاری رابردوو و بە جۆرێك یادەوەری دەورانی منداڵی لەلا زندوو کردەوە کە ناچار بوو دەست بداتە قەڵەم و بکەوێتە سۆراخو تاقیبی ڕۆژگارانی لە دەستچوو. بەرهەمی ئەم کارەی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانێکی مەزن بوو لە چوار هەزار لاپەڕەو لە حەوت بەرگی گەورەدا.

پرۆست، لە بەرگی یەکەمدا، لە کۆتایی بەشی یەکەمدا بەمجۆرە ئەم بیرەوەرییە دەگێڕێتەوە:

... تامی ئەم پارچە "مادلینە" بە چای ترشەوە، کە زۆرجار پوریێ گیان بۆی دروست دەکردم، لە نکاوا بۆ دنیایەکی دیکەی بردم.... ماڵە کۆنە قاوەییەکە... وەکو دیکۆری تەمەشاخانەیەك لەبەر چاو قوت بووەو دوای ئەوە شار، بە بەیانیان لە هەموو جۆرە کەشو هەوایەکداو، ئەو مەیدانەی کە بەر لە نیوەڕوان بۆ ئەوێیان دەناردم... و ئەو کوچەو جادانەی کە بە قەراخیاندا غارم دەدا تاپەیامێك بگەیەنمو، جادەکانی دەرێی شار، کە کاتێ هەوا خۆش با، پێیان تێدەپەڕیم. وەکو ژاپۆنیەکان کە خۆیان بە کاسەیەکی چینی پڕ ئاوەوە مژوول دەکەنو پاشان وردە کاغەزانی تێدەکەنو کاتێ ئەم کاغەزانە شێیان وەرگرت، دەکشێنو شێوەی تازە وەردەگرنو ڕەنگ پەیدا دەکەنو لە شێوەی گوڵو خانوو و بەشەردا دەردەکەون، منیش لەو کاتەدا هەستم کرد کە گوڵەکانی باخەکەی خۆمانو پارکی مسیوسوئانو نیلۆڤەڕە شینەکان (ویون)و خەڵکانی باشی گوندەکەو خانووە دێهاتیەکانیانو نوێژ خانەکەی گوندو هەموو گوندی کومبرێو دەوروبەری لەبەر چاوم قوت دەبنەوەو بەرە بەرە چەند ڕەهەندی وەردەگرنو لە ناو ئەم کووپە چای ترشەدا، شارو باخان تێکڕا، واقیعیەت پەیدا دەکەن(١٧).

پرۆست لەو دەمەدا کە مادلینو تیولەکەی نایە دەمی و هەستی بەتامو چێژەکەی کردو لەو ڕێگایەوە کلیلو کۆدی گەڕانەوە بۆ ڕابردووی دۆزییەوە، کەوتە بیری ئەوەی بکەوێتە سۆراخی ڕۆژگاری ڕابردوو و یادگارییەکانی عومری بە سەرچوو، زندوو بکاتەوە، بەڵام ئەم کارە تا هاوینی ئەو ساڵ ئەنجام نەدرا، لە مانگی حەوتدا بوو کە هەوەڵین دێڕی ئەم شاکارە خرایە سەر کاغەز، لە هەلومەرجێکدا کە شەست دانە سەعاتی ڕێك دەرگای خەوگەکەی خۆی کە لە هەمان کاتدا ژووری پێشوازیو هەروەها ژووری کارکردنیشی بوو، لە رووی کەس نەکردەوە، وەکو دەیگێڕنەوە، چرای ژوورەکەی، بە درێژایی ئەم ماوەیە بۆ تاقە جارێکێش نەکوژایەوە(١٨). لەو ڕۆژی هاوینەی ساڵی ١٩٠٩دا، ئەو دەستی بە سەفەرێك بەرەو ڕابردووەکان کرد کە هەڵبەتە سەفەرێکی زۆر بە تالوکەو ترسناك بوو و ئیدی ئەم سەفەرە هەر هەموو هێزو تواناو بلیمەتیەکی

ئەوی هەڵمژی. مەبەستی ئەو دوو شت بوو: یەکەمیان ئەوە بوو کارێکی گەورەی هونەری پێشکەش بکات‌و دووەمیان ئەمە بوو کە لەم ڕێگەیەوە، کەفارەی گوناحانی ڕابردووی خۆی بدات. گەلێك لە ساڵانی باشی عومری خۆی بە فیڕۆ دابوو. کاتێ کە دەیڕوانیە کارنامەی سی‌و هەشت ساڵەی عومری خۆی، دەیبینی دەیتوانی زۆر کاران لەم ماوەیەدا بکات کە نەیکرد بوو.

منداڵێکی بەختەوەر بوو کە لە ماڵباتێکی دەوڵەمەندی خۆشگوزەرانی بۆرژوازی، لە ڕۆژی ١٨٧١/٧/١٠دا هاتبووە دنیا. بابی، دکتۆر ئادرین پرۆست، پزیشکێکی ناسراوی کاتولیك‌و دایکی، جین ویل، ژنێکی دەوڵەمەندی جوولەکە بوو. ئەمانە لە ئوتویل، قەراخی شاری پاریسدا دەژیان‌و ژیانێکی تێرو تەسەل‌و خۆشیان هەبوو. مارسیل، لە باوکیەوە، حەزو خولیای مەسەلە زانستییەکانی بۆ مابووەوەو لە دایکیەوە، کە جووڵەکە زادەیەکی خوێنەواری جوان پەسندو هەستیار بوو، هەستیاری‌و دڵناسکی‌و ئارەزووی جوانیپەرستی بۆ مابووەوە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر پرۆست بە درێژایی تەمەنی دیل‌و ئەسیری ڕەنجان‌و تۆران بووبێ، نموونەیەکی ئەم هەستیاری‌و تۆرینۆکی و دڵناسکیە نائاساییەی کە لە کتێبی جین سانتویل دا و هەروەها لە سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا هاتووەو ئەزرەبەو جەزرەبەیەکی قورسی لە ناخی داو تا کۆتایی تەمەنی، ئەم داخەی لە دڵ دەرنەچوو، ئەوە بوو دایکی شەوێك، وەکو هەمیشە ماچی نەکردبوو، لە کاتێکا بەوە ڕاهاتبوو کە دایکی هەموو شەوێك، گۆنای منداڵە چکۆلەکەی ماچ بکات‌و بەو شێوەیە شەوباشی لێبکات، جا دایکی، لەوەیە بیری چووبێ، ئەم کارەی نەکرد، ئەم منداڵە بە درێژایی ئەو شەوە خەو نەچوو بووە چاوی‌و تا بەیانی لەیەکبینە فرمێسکی ڕشتبوو و لەم هەڵوێست و ڕەفتارەی دایکیەوە گەییە ئەم قەناعەت‌و باوەڕەی کە ئینسان هەر کەسێکی خۆش بوێ‌و بوونی خۆی لە قەبەڵی ئەو بکات، سەرەنجام خیانەتی لێدەکات‌و لەگینە هەر ئەم جۆرە داوەرییە بووبێ کە پرۆست بە درێژایی تەمەنی کورتی خۆی، هەرگیز بە هەموو دڵ‌و گیانی خۆیەوە ژنێکی خۆش نەویست و هەر لە گۆشەگیری‌و زوگورتیەتیدا ژیا(١٩).

بەڵام تراژیدیای ڕاستەقینەی ژیانی ئەو لە نۆ ساڵییەوە دەستی پێکردو ئەم بەڵاو نسیبەتە هیچ کاتێك بەرۆکی بەرنەدا تا سەرەنجام لەگەڵ خۆیدا بردییە گۆڕەوە: یەکەمین نیشانەی تەنگەنەفەسی لە ساڵی ١٨٨٠دا لێدەرکەوت‌و هەرچەندە بابی پزیشك بوو و زۆربەی پزیشکانی ئەو سەروبەندەی فەرەنسای دەناسی، نەیتوانی کوڕەکەی خۆی ڕزگار بکات.

مارسیل لە ئوتوی وئیلیە، کە هەردووکیان لە دەوروبەری پایتەختی فەرەنسا بوون‌و ئەم دوانە لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو بە ناوی کومبرییەوە باسکراون، گەورە بوو تا گەییە تەمەنی چوونە بەرخوێندن، لە ساڵانی ١٨٨٢– ١٨٨٩دا لە قوتابخانەی کوندورسە خوێندویەتی: لەم قۆناغەدا، چەند بویەرێکی گرینگ لە ژیانی ئەودا ڕوویان داوە:

یەکەمیان ئەمە بوو کە لە واری نووسیندا توانای خۆی سەلماندو هەرچەندە نۆ لاوێکی کەم ئەزموون بوو، بە بەردەوامی بابەتی بۆ بڵاوکراوەی فێرگەکەی خۆی دەنووسی.

دووەمیان ئەمە بوو کە ئاشقی کچێکی چکۆلە بوو بە نێوی ماری دوبرناردا‌کی، کە لە شەقامی شانزە لیزەدا، ناسیاوی دەگەڵدا پەیدا کرد بوو و ئەشق‌و ڤیانی بێ ئاکامی ئەم کچە، گۆڕانێکی تازەی لە دڵ‌و دەروون‌و ناخیدا دروستکرد.

ماری دو برنارداکی کچێك بوو کە مارسیل لە سالآنی نۆلاویدا ئاشنایەتی دەگەڵ پەیدا کردو یەکێك بوو لەو چەندین کیژانەی کە کاریان لە دڵ‌و دەروونی چیرۆکنووس کردبوو، بەلاّم جێگەو شوێنەواری ئەو لە هەموو دڵدارەکانی دیکە، دیارترو و پایەدارتر بوو. مارسیل هەرچەندە لە گەڵ ئەودا هیچی بە هیچ نەکرد، بەلاّم هۆی ئەم ناکامیە، خووی ناسازگاری خۆی بوو، بە هەرحاڵ یادی ئەو کیژە بە ڕادەیەك ڕەگی داکوتا، کە چیرۆکنووسی فەرەنسی، ئەوی لە دەوری "ژیلبرت سوئان"دا لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، بەرجەستەو نەمر کردووە.

سێیەمیان ئەمە بوو کە لە نێو نۆلاواندا، دۆستانێکی گرت، بەلاّم ئەم دۆستانە بە زۆری کوڕی ژنانێك بوون کە لە قەحپەخانەکانی ئەشرافی پاریسدا دەژیان‌و ژیانی تایبەتیان هەبوو. لە ڕێگای ئەم دۆستانەوە، پێی بۆ جۆرەها خانە، کە بە سالۆن بە نێوبانگ بوون‌و لە دەورانی کۆماری سێیەمدا، ژوانگەی پیاوانی ناوداری فەرەنسا بوون، کرایەوە. ئەم هاتوچۆیانەو تێکەلاّو بوونە دەگەڵ جۆرەها ژندا، دەستە مایەیەکی ئەوتۆیان پێبەخشی، کە پاشان لە نووسینی بەرهەمەکانیا سوودی زۆری لێیان بینی.

چوارەمیان ئەمە بوو کە دڵبەستەی بیرو هزرینی ئالفونس دارلوی مامۆستای بوو کە دەرسی فەلسەفەی پێدەگوتەوە. ئیدی ئەم ئاشنایەتی‌و ڕووکردنە فەلسەفەیە، ڕێگایەکی تازەی لە دنیای ئەدەبدا، بۆ کردەوە کە بە داهێنانی ڕۆمانی "سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو،" شکایەوە. پرۆست، پاش ئەوەی کۆمەڵێك بنەمای تازەی لە واری فەلسەفەدا بۆ کەشف بوو، خووی دایە عەمانوئیل کانت، فەیلەسوفی نێوداری ئەڵمانی و بایەخدانی بە بیرو هزرینی فەیلەسوفان کردیە کارێك کە کاتێ لە زانستگەی سوربۆن بە دیداری هنری برگسون شاد بوو، بە ڕادەیەك دڵبەستەی ئەوو تیورییە فەلسەفیەکانی ئەو بوو، کە تیورییەکانی ئەوی دەربارەی زەمان، کرد بە بناغەی کتێبەکەی خۆی(٢٠).

هەڵبەتە ئەزموون‌و تەجروبە پەیدا کردنی مارسیل پرۆست، تەنیا لەم سنوورەدا نەوەستا. لە سالآنی ١٨٨٩- ١٨٩٠، چوو بۆ فێرگەی سوپایی شاری ئورلیان‌و ئەم بڕیارەی، دڵی دایك‌و باوکی خۆشکرد، چونکە هەموو ئومێدێکیان ئەمە بوو کە مارسیل فێری زەبت‌و ڕەبت بێت‌و لە ڕێگای وەرزشەوە، بەسەر نەخۆشی تەنگە نەفەسیدا زاڵ بێت، بەلاّم ئەم خەیاڵ پلاّوەیان کەڕووی هەڵێنا، مارسیل، زۆر زوو وازی لە فەوجی پیادە هێناو تەنیا قازانجی لەم کارەدا، ئەوە بوو کە ناسیاوی دەگەڵ ئاناتۆل فرانسدا پەیدا کرد کە پاشان هەمان نووسەری پایەبەرز، بە جۆرێ خستیە ژێر شەلاخی ڕەخنەو لە هەندێ مەسەلەدا بە جۆرێ هێرشی کردە سەری کە پرۆست لە کتێبەکەی خۆیدا کردی بە مۆدێل‌و ڕوخساری ئەوی لە چوار چێوەی یەکێك لە قارەمانەکانیدا بە نێوی "مسیو برگوت" بەرجەستە کردووە.

پرۆست، ساڵێك دوای تەرككردنی خوێندنگەی سوپایی، لە كۆلیجی زانستێن سیاسیدا، سەر هەڵدەدات، بابی لەم كارەی ڕازییە، چونكە وای تەسەور دەكرد كوڕەكەی لە ئایندەدا دەبێت بە كەسێكی دیپلومات. هەڵبەتە بۆ دكتۆر ئادرین پرۆست و هاوسەرەكەی، كە جگە لە مارسیل كوڕێكی دیكەشیان بە نێوی "ربر" هەبوو، سەرگەردانیو پەشێوی ئەم كوڕە یەجگار ناخۆش بوو. حەزیان دەكرد كە "مارسیل"ش وەكو ربر، گەنجێكی جدیو لێبڕاو بێ. ربر بەشی پزیشكی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو و پەیگیری كردو پاشان بوو بە پزیشكێكی نێودار، بەڵام مارسیل هەمیشە كەسێكی سەرگەردان بوو. پاش ئەوەی بەكالورێوسی لە مافناسی سیاسی وەرگرت، كەوتە خولیای ئەدەبیات، ئەم سەروبەندە ساڵی ١٨٩٥ بوو و مارسیل تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو. بەڵام ئەم ڕێگایەش نەگەییە هیچ شوێنێك، لەوە دەچوو ئاوارەیی فیكریو گۆڕان پەزێری زەوقی ئەدەبی بەسەر ئارامیو جێگیریدا پەسند بدات، یەكەم لێبڕا زەماوەند بكاتو بۆ هاوسەری ئایندەی خۆی نوبرژەی هەڵبژارد كە خزمایەتێكی دووری دەگەڵ دایكیدا هەبوو. بەڵام زوو بە زوو ژێوان بووەوەو وازی لێهێنا. دووەم دەگەڵ ژنانی وەكو مەدام شتراوس و مادلین لومردا تێكەڵاوی پەیدا كرد كە هەر یەكێكیان لە پاریسدا خاوەنی "ساڵۆن" بوونو ئەشرافانی فەرەنسا لەو ساڵۆنانەدا خڕ دەبوونەوە. پرۆست لە سەر پێشنیازی مەدام شتراوس كە ئامادە بوو لە ڕووی داراییەوە پشتیوانی لێبكات، گۆڤارێكی ئەدەبی مانگانەی بە نێوی "زیافەت"ەوە دامەزراند. كە هەوەڵین كورتە چیرۆكەكانی خۆی لەوێدا بڵاو دەكردەوەو پاشان ئەم چیرۆكانە و ئەوانەی كە لە گۆڤارێكی ئەدەبی دیدا بە نێوی لاروۆ بلانش بڵاوی كردبوونەوە، هەر هەموویان لە كتێبێكی سەربەخۆدا بە ناویشانی "حەزو ڕۆژان" بڵاوكردەوە. خاڵی سێیەم كە لە زگ بوو ببێتە بایسی شار بەدەریو دوورخستنەوەو ئازارو ئاوارەیی هەمیشەیی ئەو، دەخالەتی ئەو بوو لە مەسەلەی ئازادی ملازم دریفوس، كە ئەمە ئەفسەرێك بوو مەحكووم بە تۆمەتی جاسووسیو بۆ دورگەی شەیتان دوور خرابووەوەو شار بەدەر كرابوو. پرۆست، نەك لەبەر ئەمەی كە ئالفرید دریفوس جوولەكە بوو و ئەمیش لە دایكەوە بە جوولەكە دەژمێردرا، تەرەفداری لێكردبوو، بەڵكو لەبەر ئەوە بوو كە باوەڕی وابوو بێتاوانە، بۆیە شانبەشانی ناودارانی دیكەی وەكو زولاو فرانس، رووبە ڕووی حكومەتی فەرەنسا وەستایەوە، لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەمە بوو كە بە مەبەستی یارمەتیدانی مسیو لابوری، پارێزەرەكەی دریفوس، لیستێكی ئامادە كردبوو و ماڵ بە ماڵو گەڕەك بە گەڕەك، بە یەك بە یەكی لایەنگرانی دریفوس دا، كە زۆربەیان بۆرژوا بوون، دەیگێڕاو ئیمزای كۆدەكردنەوە، تا ئەوە بوو دادگایی ئەفسەری تۆمەتبار تازەكرایەوەو بە ئازادی ئەو شكایەوە(٢١).

هەڵبەتە ئەم جمو جۆڵو چالاكیانە بۆ كەسێكی نەخۆشی وەكو پرۆست زیانبەخش بوو، ئیدی نەخۆشیەكەی بەرە بەرە بەرەو خراپی چوو، وای لێهات بە دەنگو بە ڕوناكی زۆر بێزارو بێتاقەت دەبوو و دەگەییە حاڵی مردن، حەزی دەكرد لە ژوورەكەی خۆیدا، كە بە هەر شێوەیەك بوو، وای كردبوو هیچ دەنگێكی لێنەیەتە ژوورەوە، بژیو پەردەكانی دابداتەوە تا هیچ روناكییەك لە ژوورەوە نەداتو لە هەموو ئاشناو بێگانەیەك بە دوور بێت.

ئەم سەروبەندە ساڵی ١٨٩٩ بوو و پرۆست هەر کاتیٚ تەندروستی باش بوایە، چەندین سەعاتی بە نووسینی چیرۆکی جین سانتویلەوە دەبردە سەر بەڵام دیداری دەگەڵ ژنێکدا ڕێڕەوی بیرکردنەوەی گۆڕی.

مادموزێل ماری نوردلینجە، کیژێکی جوان بوو کە زۆری حەز لە هونەرو جوانیناسی دەکردو بەرهەمی هونەرمەندان و فیلیڤانانی دەخوێندەوەو ستایشی دەکردن، یەکێك لەو هزرڤانانەی کە ئەم زۆری خۆشدەویست جون روسکین، نیگارکێش و هونەرناس و نووسەرو ڕەخنەگری سەدەی نۆزدەی ئینگلیستان بوو کە سالأنێکی زۆر کتێبەکانی، هونەرو ئەدەبی سەردەمی ڤیکتۆریایی ئەم ولأتەیان خستبووە بەر سێبەر(٢٢).

روسکین، هونەری دەورانی مەلیکە ڤیکتۆریای رەتدەکردەوەو و جوانی لە تەلارکاری گوتیك و نیگارکێشی سەدەکانی ناڤیندا دەبینی. دڵبەستەی سروشت بوو، هەر شتێك کە بە دەستی سروشت و لە سروشتدا چێدەبوو، ئەم بە دڵی بوو. ڤینیسای بە کۆشك و تەلارانی جوانی گوتیکیەوە، بە یەکێك لە شاکارە دەستکردو چێکریەکانی بەشەر دەزانی و جوزیف تورنێری، نیگارکێشی ئینگلیزی کە هاوسەلیقەو هاوفیکری ئەو بوو، بە باشترین نیگارکێشی وەخت دەزانی. مادموزێل نوردلینجە، کتێبەکانی ئەوی، لەوانە حەوتە چرای تەلارکاری (١٨٤٩)، پایەکانی ڤینیسا (١٨٥١)، کونجی وسوسنان (١٨٦٥)،دایٚ و داوای لە پرۆست کرد تا بیانخوێنێتەوەو ئەگەر بە دڵی بوون، پاچڤەیان بکات.

نووسینەکانی جون روسکین، دەربیجەی جیهانی مودێرنی بە ڕادەیەك لەبەر چاوی پرۆست کردەوە، کە چیرۆکی جین سانتویلی بە نیوەچڵی نایە لاوەو بە تاسەو تاسوقەوە کەوتە موتاڵاو پاچڤەی بەرهەمەکانی روسکین. پرۆست، لەم سەروبەندەداو لە دەفتەری بیرەوەریەکانی خۆیدا نووسیویەتی: "لە ناکاوا کائینات لە بەر چاوما، بەهایەکی بیٚ کۆتایی پەیدا کرد."

پاشان بۆ ئەوەی بە دروستی بۆی دەربکەوێت روسکین لە کتێبی پایەکانی ڤینیسیادا، چی دەربارەی ئەم شارە گوتووە، دەستی دایکی خۆی گرت و بەرەو ئەو دیارو دەڤەرە رۆیی. کە بۆ فەرەنسا هاتەوە، بە مەبەستی ئامادەکرنی بەرنامەیەکی ورد، سەری هەموو کڵێساکان و شوێنە پیرۆزەکانی داو کەوتە لێکۆڵینەوە دەربارەی شێوازو ستایلی تەلارکارییەکان، بەرهەمی ئەم کارەی ئەو پاچڤەی دوو کتێبی روسکین بوو کە بە دیباجەو پێشەکییە درێژو تێرو تەسەلەکانیانەوە، بە باشترین پاچڤەی بەرهەمێن روسکین، بۆ سەر زمانی فەرەنسی، دەژمێردرێن.

ئێستا ساڵ، ساڵی ١٩٠٥. دوو ساڵ لەوە بەر بابی پرۆست مردبوو و ئێستاش دایکی ماڵاوایی لە ژیان کرد. هەرچەند مارسیل بە هۆی میراتی دارایی باوك و دایکیەوە، ژیانێکی بڕێك خۆشی هەبوو، بەڵام مردنی وان زۆر کاری تێدەکات، نەخۆشییەکەی زیاد دەکات. بۆ خۆ خافڵاندن و سەرگەرمی وتاران دەنووسێت، وتارێن ئەدەبی و توێژینەوانی دەربارەی هزرڤانانی هاوچەرخی وەکو فلوبێر، رونان و سان سیمون و، ئەم نووسینانەی لە ڕۆژنامەی فیگارو بڵاودەکردەوە، بەڵام زوو بۆی دەردەکەوێت کە بەرهەمەکانی مۆرکی فەلسەفییان پێوە نییە، بۆیە

هێرش دەباتە سەر بیروبۆچوونەکانی چارل ئوگوستین سانت بیڤ (٢٣) (١٨٠٤- ١٨٦٩) و تیوریە ڕەخنەییەکانی ئەو دەربارەی ئەدەبیات ڕەت دەکاتەوە، لێ ئەم کارەش زۆر ڕازی ناکات. خولیای ئەوەیە بەرهەمێك بخوڵقێنێ گەورەو بێ وێنە کە لە ئەدەبی فەرەنسادا بە نەمری بمێنێتەوە، بەڵام بابەتی سەرەکی چیرۆکەکەی لە زەیندا نییە. چیرۆکی جین سانتویلی خۆی کە بە نیوەچڵی ماوەتەوە، بە دڵ نییە، چونکە ئەو ڕەوتە دەروون بینییەی چیرۆکنووسانی وەکو دوستویفسکی تیا نییە. دەتوانێ چیرۆکانی دڵگیرو خۆش، بە شێوازی ئاسایی و قەراردادی ڕۆماننووسی، بنووسێت و باشترین نموونەش ئەم چیرۆکی جین سانتویلە، بەڵام مل بۆ ئەم کارە نادات، تا ئەوە بوو ڕۆژێك، بە گوتەی خۆی پارچەیەك نانی "مادلین" لە چایەکی "تیول" دا دەخوسێنێ و دەی خاتە دەمیەوە و گڕو گومەت ڕابردوانی دوور، هی ئەو کاتانەی کە منداڵێکی چکۆلە بووە، لە خەیاڵدانیدا زندوو دەبێتەوەو ئەم بیرەوەریە دێرینانە، دووچاری خەمی هیجرانی دەکات. لەبەر خۆیەوە بیر لەوە دەکاتەوە ئایا دەتوانێت لە ڕێگەی وەبیرهێنانەوەی بیرەوەریانی ڕابردووەوە، ڕۆژگارانی لە دەست چوو، زندوو بکاتەوە، ئیدی لەمەوە بۆ نیادو چوار چێوەی ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەست چوو، لە زەینیدا گەڵاڵە دەبێت.

پرۆست، لە سەرەتاوە، وا وێنا دەکات کە دەتوانێ بەرهەمەکەی خۆی لە سێ بەرگدا تەواو بکات، بەڵام ئەمە خەیاڵی خاو بوو. لە مانگی ئایاری/١٩٠٩دا کاتێ کە لە نورماندی دەبێت، تووشی کیژێك، کە بە خەیاڵی خۆی "زۆر گەنج و پڕ جۆش و خرۆشی ژیان بوو" لە کەناری کابورگ دەبێت، ئەمە شوێنێکە کە پاشان لە شاکارەکەیدا، بەعلەبەکی ناو ناوە. لەوێدا ئەو کچە دەبینێ و لێدەبڕێت زەماوەندی دەگەڵدا بکات، بەڵام ڕەئی دەگۆڕێت و لە جیاتی زەماوەند دەگەڵ ئەودا، دێتەوە بۆ ماڵەوەو دەرگا لە ڕووی ئاشناو بێگانە دادەخات و دەست بە نووسینی کتێبەکەی خۆی دەکات، کات مانگی تەمووزەو کتێبی ناڤبری نەك لە سێ بەرگدا تەواو نابێ، بەڵکو لە هەڤدە بەرگ تێدەپەڕێت. سۆراخی ڕۆژگارێن ڕابردوو و وەدەست هێنانەوەی عومری بەسەر چوو، هێندە درێژە دەکێشێت، کە نووسەر بەخۆی دەمرێت و ساڵانێك دوای خۆی ئەوسا دوا بەرگەکانی کتێبەکەی چاپ دەکرێن. بەڵام هەر چۆنێك بێ، نووسەر بە ئاواتی خۆی دەگات و کتێبێك دەنووسێت کە دەستی ڕۆژگار ناتوانێ لە بیری بەرێتەوەو بەرەبەرە دەچێتە ریزی بەرهەمێن نەمرو زندووی ئەدەبیاتی جیهانەوە.

ڕۆمانی، دوورو درێژی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، تێکڕا بریتییە لە حەوت کتێب کە هەر یەکەیان ناونیشانێکی جیاوازی هەیە. ئەم کتێبانە بریتین لە:

ڕێگای سوئان(٢٤) کە واریقات و بەسەرهاتی پیاوێکی مێبازە بە ناوی شارل سوئان و گوتیاری چیرۆکەکە  کە خودی مارسیل پرۆستە، باسی دنیای سەیرو سەرنجڕاکێشی ئەو دەکات.

ئەم کتێبە دەستپێك و پێشەکییەکە بۆ ئەم سەمفۆنیا گەورەیە، یا دیباجەیەکە بۆ ئەم بیرەوەرینامە دوورو درێژە. سوئان کاراکتەری سەرەکییەوە کوڕی کابرایەکی جوولەکەی تا ڕادەیەك دەوڵەمەندە کە کاری دەلاڵی شەریکاتی بووە. شارل پیاوێکی جوان و بە سەلیقەیەو،

هەر چەندە لەچینی ئەشراف نییە، چونکە کەسێکی بە شەخسیەت و ڕوح سووکە هاتوچۆی کۆڕو مەجلیسی دەوڵەمەندان و دارایان دەکات.

مارسیل پرۆست کە لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا، ڕۆڵی یەکەم دەبینیٚ، دڵبەستەی ژیلبرت سوئان، کچەکەی ئەو دەبێت. مارسیل بۆ خۆی کوڕێکی منداڵەو ژیلبرتیش هاوسونحی ئەوە. ئەم کتێبە سالانی منداڵیەتی چیرۆکنووسی لە خۆ گرتووە.

کتێبی دووەم کە ناونیشانی "لە سایەی کیژانی گوڵوەشان" یا "لە نێو باخی شکۆفان(٢٥)"دای هەیە، ئەمە هەمان ئەو چیرۆکەیە کە لە ساڵی ١٩١٨دا خەلاتی ئەدەبی گنکوری وەرگرت. مارسیل پرۆست لەم کتێبەدا، دەورانی نۆلاوی خۆی دەگێڕێتەوە.

هێشتا ڤیانی ژیلبرتی لە یاد نەچووە، بەلام زۆری پێناچیٚ کە لێی دوور دەکەوێتەوەو دڵدارێکی دیکە بە نێوی ئالبرتین سیمونە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. جگە لەو ئەکتەرێکی دیکە دێتە ئاراوە کە نێوی بارون دو شارلویەو ئەم پیاوە، بە هۆی مەیلی هۆمۆسیکسیواڵی خۆیەوە، بابەتێکی تازە لەم کتێبە دوورو درێژەدا، بە دەست نووسەرەوە دەدات.

کتێبی سێیەم لە ژێر سەرناڤی "ڕێگای گرمانتەکان(٢٦)" دایە و بابەتەکەی، ڕووداوێکە کە بە دەوری ئەندامانی ماڵباتی گرمانتدا دەسوڕێتەوەو مارسیل بە خۆیشی لەم ڕووداوانەدا بەشدارەو دەوری هەیە. شا قارەمانی ئەم کتێبە، دوای مارسیل پرۆست، دۆتمیر دوگرمانتە کە ژنێکی جوان و لەبارو ئەشرافیەو، مارسیل کە ئاکنجی پاریسە، هەوڵدەدا خۆی بگەیەنێتە قەڵەمڕەوی دڵ و هەستی ئەوو لەم هەوڵ و کۆششەیدا ناکام دەبێت.

کتێبی چوارەم بە ناوی سودومو گومور، یا وڵاتی بیابانە(٢٧). وەکو بە ناوەکەیدا دیارە، باسی ژیانی خەڵکانێکە کە وەکو خەڵکانی گوناحکاری ئەم دوو دەڤەرە دێرینەی تەورات لە خاکی فەلەستیندا، خەریکی کەچڕەوی و گوناحکاری بیٚ سنووری خۆیانن، ڕابواردنی هۆموسیکسیواڵی نێوان ژنان و پیاوان بابەتی سەرەکی ئەم کتێبەیە.

کتێبی پێنجەم بە ناونیشانی زیندانی یادیلەو(٢٨) ئەم ئینسانە گیرۆدەیە، جگە لە ئالبرتین کەسی دیکە نییە کە مارسیل ئەوی لە ئەپارتمانەکەی خۆیدا زندانی کردووە. ئەم کتێبە ڕووداوەکانی ساڵانی لاوی نووسەر دەگێڕێتەوە.

کتێبی شەشەم لە ژێر سەرناڤی دیارنەمانی ئالبرتین(٢٩)ـە. ئەمە ڕەنگدانەوەی پەرچە کردارەکانی هەستی مارسیلە سەبارەت بە دیارنەمان و لە دەستچوونی ئالبرتین و بەوە کۆتایی دێت کە بۆی دەردەکەوێت دڵدارەکەی لە ئەسپ بەربووەتەوەو مردووە. مەرگی ئالبرتین و شیکردنەوەی خودی نووسەر سەبارەت بەو ئەشقەی دەربارەی ئەم ژنە هەیبوو، بابەتی سەرەکی کتێبی شەشەمی "سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو" پێك دەهێنێت.

کتێبی حەوتەم و کۆتایی، ناوی وەدەست هێنانەوەی ڕابردووەو(٣٠) کاتەکەی، لە هەوەڵین ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، تەواو دەبێت. لەم کتێبەدا، خوێنەر گۆڕانکاری سەیرو زۆر لە ژیانی قارەمانەکەدا دەبینیٚ. مارسیل نەخۆشەو لە جێگادا کەوتووە، "ربر"ی برای لە بەرەی جەنگدایەو کاراکتەرەکان تێکڕا مردوون یا لە ناکامیدا تەمەن بەسەر دەبەن. ئەوەی لەم بەینەدا

گرینگە، ئەمەیە کە نووسەر، لە ڕێگەی بیرکردنەوەو وردبوونەوەو شیکردنەوەی خودەوەو بە دەست هێنانی ئەو کۆدو کلیلانەی کە دەرگاکانی ڕابردوو دەکەنەوە، دەتوانێ ڕۆژگاری لە دەستچووی خۆی بە دەست بێنێتەوەو لە ڕێگای هونەرەوە، زندوویان بکاتەوەو بیانژێنێتەوەو نەمرییان پێببەخشێت.

ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، بە هەر حەوت کتێبەکەوە، لە سەرەتاوە تاکۆتایی، بە نەختی و بە پوختی بەمجۆرەیە:

مارسیل لە سەرانسەری ژیانیدا ڕوو بە ڕووی یەك کێشەی گەورە بوو، عەزرەتی ئەوە بوو شەوێك بە ئاسوودەیی بخەوێت. هەر کاتێ دەچووە جێگاوە خەوی دەزڕاو خەوی لێنەدەکەوت. مۆمەکەی دەکوژاندەوەو بە تاریکی دەچووە سەر جێگاکەی، بەڵام لە بری ئەوەی خەوی لێبکەوێت، گرفتارو گیرۆدەی خەیاڵێن پەراگەندە دەبوو. هەوەڵجار بیری لە کتێبێك دەکردەوە کە تازە خوێندبوویەوە. پاشان ڕووداوێکی مێژوویی لە زەینی خۆیدا بەراورد دەکردو جا چونکە خەوی لێنەدەکەوت، بابەتێکی ڕابردووی دووری وەبیاددێنایەوە. هەندێجار بیری لە شوێنانێك دەکردەوە کە لەوێندەر خەوی لێکەوتبوو، بۆ نموونە ماڵی پووری لە کومبری، یا ماڵی داپیرەی لەبەعلەبەك یا ئۆردوگای سوپایی لەگەڵ "ربر دوسن لو"ی برادەریدا، یا لە پاریس، یا لە ڤینیسیا کاتێ کە هاوسەفەری دایکی بوو. مارسیل پرۆست، لە هەوەڵین لاپەڕەکانی کتێبەکەدا، دەربارەی ماڵی سوئان، بە شێوازی نیگارکێشی لە واری چیرۆکنووسیدا، کە یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی ئەوو زمان و ئینشای ئەوی لە زمان و ئینشای نووسەرانی سەدەی بیستەمی فەرەنسا جیا دەکردەوە، بەم جۆرە دەست بە کتێبەکەی دەکات:

ساڵانێکی زۆر وا ڕاهاتبووم کە زوو بچمە ناو جێگاوە. هەندێجار، کاتێ مۆمەکەم دەکوژاندەوە، چاوانم هێندە خێرا دادەخران کە فریا نەدەکوتم بڵێم دەمەوێ بخەوم و دوای نیو سەعات ئەو تەسەورەی کە لە جێگادا خەوتووم، بێداری دەکردمەوە. هەوڵم دەدا ئەو کتێبەی وام خەیاڵ دەکرد بە دەستمەوەیە، لەلایەکەوە دابنێم و مۆمەکە بکوژێنمەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە خەوتبووم، وام دەهاتە بەر چاو کە لەو کتێبەدا چیم خوێندووەتەوە، بەڵام بیرەکانم هەر یەکەو بەلایەکدا دەڕۆیی و ئیدی بەرە بەرە بە خۆم دەبووم بە بابەتی کتێبەکە، وەکو دیمەنی ناو کڵێسایەك، یا گروپێکی ئاوازژەنی چوار نەفەری، یا گەنگەشەی نێوان فرانسوای یەکەم و شارلی پێنجەم. تەنانەت کە بێداریش دەبوومەوە، ئەم بیروخەیاڵە هەر لە زەینمدا دەمایەوەو هەرچەندە ئازاری نەدەدام، وەکو قورساییەکی قورس، پێڵوەکانی دەهێنامەوە یەك و نەیدەهێشت بزانم مۆمەکان کوژاونەتەوەو ژوورەکە تاریکە. لەم کاتانەدا هەموو شتێك دەکەوتە نەدیووی و وا دەهاتە بەرچاو کە خەیاڵاتی پێشین خەریکە سەر لە نوێ دەژێنەوە تا زەینم پڕ بکەن. بابەتی کتێبەکە خۆی لە من جیا دەکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ئازادیەی بە من دەدا کە من خۆم بە بەشێك لە کتێبەکە بزانم یا نەزانم، پاشان بیناییم دەگەڕایەوەو دیقەتم دەدا کە لە تاریکی بێ خەبەریدا نقوم بووم و ئەم تاریکیە بۆ چاوانم خۆش و ئارامبەرخشە، بۆ زەینیشم هەر خۆشەو بگرە خۆشتریشە، کە لە خوتو خۆڕایی وێدەچوو، قابیلی فامین نەبێت. لە خۆم دەپرسی تۆ بڵێی

ئێستا سەعات چەند بێت. دەمتوانی گوێم لە شووتی قیتارەکە ببێ، کە بەرە بەرە نزیك دەبووەوەو پاشان دوور دەکەوتەوەو، وەکو دەنگی باڵندەیەکی نێو جەنگەڵ، تێی دەگەیاندم کە لە چ فاسیڵەیەکی مندایەو ئەم دەنگە ئاسۆیەکی لە بەر چاومدا بەرجەستە دەکرد: ئاسۆی خاڵێك لە دەوروبەری شار، کە لە هاتوچۆ خاڵییەو ڕێبوارێك بە هەشتاو بەرەو نزیکترین وێستگا غار دەدات و ئەو جادەیە کە ڕێبوارەکەی پێدا ڕەت دەبوو، لە زەیندا بەرجەستە دەبوو، بە هۆی ئەو هەڵچوونەوە کە بە یادی مانەوەی لە شوێنێکی نا ئاشنادا تووشی بوو بوو، بە یادی ئەو کارە سەیرو سەمەرانەوە کە کردبووی، بە هۆی ئەو قسانەوە کە لە دوایەمین قسەو گفتوگۆکانیا کردبووی، بە یادی ئەو دوعاخوازیو خوا حافیزیانەوە کە لەبەر روناکی گڵۆپێکی نا ئاشنادا ئەنجامی دابوو و لە بێدەنگی شەوەکەدا، قسەکان هێشتا لە گوێیدا دەزرینگایەوەو بە هۆی ئەو شادمانیەوە کە جارێکی دی بۆ ماڵ دەگەڕایەوە.

گۆناکانم، بە ئەسپایی دەنەمە سەر سەرینەکەم، کە وەکو گۆناکانی سەردەمی منداڵی، خرپن و ناسکن. یا تەڵە شقارتەیەك دادەگیرسێنم تابزانم سەعات چەندە. تەقریبەن نیوە شەوە. سەعاتێکە کە کاتێ نەخۆشێك چووەتە سەفەرو بە ناچاری لە ئوتێلێکی نەناسراو خەوتووە، بە هۆی نەخۆشییەوە لە خەو ڕادەبێت و بە خۆشحاڵییەوە دەبینێ کە سپێدەی بەیانی خەریکە لە خەوگەکەیەوە دەخزێتە ژوورەوە. پەح لەو خۆشی و شادییە. پێشخزمەتەکان دەکەونە جم و جۆڵ و ئەویش دەتوانێ لە زەنگ بدات و یەکێك گاز بکات کە فریای بکەوێ و بە دادیا بگات، جا ئەم خەیاڵەی کە کەسێك هەیە کۆمەکی بکات، وای لێدەکات تەحەمبوولی ئازار بکات. دڵنیایە کە دەنگی پێیەکی هاتووەتە گوێ، نزیکتر دەبێتەوەو بە بەر دەرگای ژوورەکەی ئەودا تێدەپەڕێت. لە درزی دەرگاکەوە دەبینێ گڵۆپی ڕاڕەوەکە دەکوژێننەوە. زیاتر دیقەت دەدات. شەو گەییوەتە نیوەو کەسێك لۆکسەکەی کوژاندووەتەوەو ئەو دوا خزمەتگوزارە کە خەریکە بۆ ژووری نووستنەکەی خۆی دڕوات تا بخەوێت و دەبێ هەموو شەوەکە بەدەم دەردو ئازاری زۆرەوە بەسەر بەرێت و ئیدی هیچ کەسێك نییە کە تا بەیانی فریای بکەوێ(٣١).

مارسیل، لە نێو ئەو شەوە زۆرو زەبەندانەی کە دیل و ئەسیری دێوی بێ خەوی بوو و ئازاری زۆری دەکێشا، شەوێکی قەت لە بیر نەدەچووەوە، ئەو شەوەی کە مسیو شارل سوئان، بۆ شێوی شەوێ هاتبووە ماڵی ئەوان. سوئان، دۆستی ماڵباتەکەیانە، بۆیە دایکی زۆر سەرقاڵی پێشوازی ئەوەو بۆیە کاتێ کوڕەکەی بۆ خەوگەکەی دەنێرێ تا بنووێت، لە بیری دەچێت ماچی بکات، بۆیە کوڕەی هەستیارو دڵناسك و تۆرینۆك، دەکەوێتە دۆزەخی بەغیلی و توڕەیی و داماویەوەو تا ئەو دەمەی کە دایکی نایەت بەلایەوە، بۆ ساتێك ئۆقرە ناگرێت. داخی ئەو شەوە، بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ هەر لە دڵیدا دەمێنێ و دەگەڵ کۆمەڵێك بیرەوەری دیکەدا، دەربارەی هاوینێك کە لە کومبری لە نك پووری و باپیرو داپیریدا بەسەری بردبوو، ئاوێتە دەبێت، ئیدی ساڵانێك بە سەر ئەمەدا دەبورێ تا ڕۆژێك پارووە نانێکی "مادلین" لە چای "تیول" دەکات و لە دەمی دەنێ، گزوگومەت، سەردەمی منداڵیەتی بیر دەکەوێتەوەو ڕابردووانی دوور لە بەر چاوی بەرجەستە دەبێت و دەژێتەوە. لە نێوان دیمەنەکانی ڕابردوودا، دوو وێنە لەبەر چاویدا زندوو دەبنەوە،

یەکەمیان ئەو جادەیەیە کە بەلای بێستانەکەی مسیو سوئاندا ڕەت دەبوو و لەمبەرو لەوبەریدا درەختانی گوێزو بنە یاس خۆیان دەنواندو دووەمیان ڕێگەیەك بوو کە بە پاڵ روبارەکەدا دەچوو بۆ کۆشکەکەی دۆك‌و دۆك خانم گرمانت و ئەم خانەوادە گەورەو ناسراوەی کومبری لەوێدا دەژیان. ئەم دوو جادەیە بە ڕواڵەت وەکو یەك بوون، بەلام لە ناوەڕۆکدا زۆر جیاواز بوون. یەکێکیان نیشاندەری ژیانی سوئان‌و خزم‌و کەسوکارەکانی بوو، کەسەر بە چینی بۆرژوا بوون‌و ئەویتریان نیشاندەری ژیانی ماڵباتی گرمانت‌و کەسوکارەکانیان بوو کە لە ئەشراف فەرەنسا بوون.

لەم بەینەدا، گوزەرگاو ڕچە ڕێگای دیکەش هەبوو کە بە هیچ شێوەیەك لەم دوو جادەیە نەدەچوون. ئەو ڕێگایەی کە بۆ ماڵباتی وردون‌و هاوشێوەکانی ئەوان دەڕۆیی‌و، ئەم ڕێگایە خەڵکانێکی بەرجەستە دەکرد کە تێکڕا "نۆکیسە" و "تازە پێیاکەوتووبوون"و خەڵکی ئەوانەیان بە عەوام‌و ڕەش‌و رووت‌و بچووك‌و هیچ و پووچ دەزانی‌و بێزیان نەدەهات تێکەلاویان بکەن‌و جادەیەکی دی هەبوو کە بۆ دنیای هونەرمەندان‌و ڕۆشنبیران دەڕۆیی‌و لەوێدا سالۆنانێك هەبوو کە ئەم تاقم‌و دەستەیە، بێ خەم‌و خەیاڵ‌و دوور لە کێشماکێشی ژیان تیایدا کۆ دەبوونەوە.

مارسیل، هەموو ڕابردوو، یەك بە یەك وەیاد دێنێتەوە: پوورە لیونی، ژنێك بوو ڕەشبین‌و تووڕە کە کارەکەرێکی ئەمەکداری هەبوو بە نێوی فرانسوازو لالۆ ئادولف کە ئینسانێکی فێڵبازو مەند بوو و جا ئەم پیاوە، هەرچەندە تەمەنی هەبوو، ئاشقی ئودت، هاوسەری مسیو سوئان بوو بوو کە پێشتر رووسپیەکی هومۆسێکسیواڵ بوو و چونکە بە زۆری جل‌و بەرگی پەمەیی لەبەر دەکرد، ئیدی بە "خانمی پەمەیی پۆش" ناوی دەرکرد بوو. مسیو برگوتی وەیاد هاتەوە کە نووسەرێکی ڕۆشنبیر بوو و مارسیل هەمیشە حەزی لە چارەی دەکردو خۆشی دەویست. ژیلبرتی، کیژی مسیو سوئانی بیر کەوتەوە کە رۆژگارێکی زۆر ئاشقی بوو بوو و بۆ ساتێکیش لە خەیاڵی دەرنەدەچوو. سەرەنجام کەوتە یادی بە سەرهاتی ڤیانی مسیو سوئان کە ئەم ئەشقە بتەوێ‌و نەتەوێ کاری کردبووە سەر ژیانی ئەو.

لەبەر ئەم فانۆسی خەیاڵەدا، کە بەردەوام دەسوڕێتەوەو دەگەڵ هەر سووڕانەوەیەکدا، دەورانێکی ڕۆژگارانی ڕابردووی ئەو بەرجەستە دەکات، ژیانی شارل سوئان، عەشقی مسیبەت باری ئەو لە هەموو شتێکی دیکە روونتر و درەخشان ترەو، یا بەلای کەمەوە، چیرۆکنووس، لە وەسفی ئەودا، وەستایەتیەکی تایبەتی بەکار بردووە، بە ڕادەیەك کە ڕەخنەگرانی ئەدەب، ئەم بەشەی کتێبەکە کە دوورو درێژ ترین بەشی بەرگی یەکەمە، بە شاکاری ئەو دەزانن و قەناعەت‌و باوەڕیان وایە کە پەڕجووی پرۆست لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، لەم بەشەدایە.

لە چیرۆکی ئەشقی سوئاندا، شا قارەمان هەندێجار مارسیلە کە بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوەو هەندێجار خودی سوئانە، لەبەر ئەمەیە کە ئەوەی بەسەر ئەم کابرا مێبازو ئاشق پیشەیەدا هاتووە، واقیعیانە دەنوێنێ. لەم بەشەدا خەڵکانێکی دیکەش هەن کە ڕەسەنایەتی چیرۆکەکە هێندەی دی ریشاژۆ دەکەن، ئەمانە، وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤانێکن کە لە ژیانی پرۆستدا هەبوون. کونت روبیرت دومونتسکیو، دۆستە هۆمۆسێکسیواڵەکەی پرۆست لەم بەشەی

چیرۆکەکەدا، لە کلێشەو جلو بەرگی بارۆن دو شارلودا دەردەکەوێ. ماشقەکانی مارسیل لەم بەشەی کتێبەکەدا، سێ کەسنو بریتین لە ژیلبرت، ئالبرتینو، ئاندری. ئەم ناوانە لە زمانی فەرەنسیدا، لە ناوی ژیلبرو ئالبیرو ئاندریەوە کەناوی باوی پیاون، وەرگیراونو بە سووکە دەسکارییەك کراون بە ناوی مێینە، پرسیار ئەمەیە کە بۆچی نووسەر بۆ قارەمانانی ژنی چیرۆکەکەی ئەم جۆرە ناوانەی هەڵبژاردووە، مەسەلەکە ئەمەیە کە بە خۆی لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیدا مەیلی هۆمۆسێکسی هەبووە.

ئودت، ماشقەکەی سوئان تێکەڵەیەکە لە دوو ڕووسپی پاریس بە ناوێن لیونی کلومنیلو لورهیمان کە پرۆست لە نزیکەوە دەیناسین. لێکچوونی نێوان کاراکتەری چیرۆکەکەو ژنانی ڕووسپی تا ئەم ڕادەیە بووە کە کاتێ کتێبەکە، لە ساڵی ١٩١٨دا بڵاو دەبێتەوە، لورهیمان، داوا دژی چیرۆکنووس تۆمار دەکات کە گوایە هەموو ژیانی ئەوی لە ڕۆڵی "ئودت"ی ڕووسپیدا، بەرجەستە کردووە. بە هەرحاڵ چیرۆکی ئەشقی سوئان، وەکو بەرهەمەکانی بالزاك کە نزیکەی نیو سەدە پێش ئەو نووسراون، ئاوێنەی کۆمەڵگەی فەرەنسای ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەیە.

چیرۆکی ئەشقی سوئان، لە ناو یەکێك لە هۆڵەکانی پێشوازی ئەوسای فەرەنساوە، کە لەو سەرو بەندەدا "ساڵۆن"یان پێدەگوترا، دەست پێدەکات. خاوەنی ئەم ساڵۆنە، مەدام وردورنە کە دەگەڵ مێردەکەی خۆیدا، مسیو وردورندا دەژیو ژنێکی یەجگار حەسوود و پڕ غیرەیە کە تەنانەت سەبارەت بەو چەند کیژە "میواندارە"ش کە لەبەر دەستی خۆیدا کار دەکەن، هەست بە غیرەو حەسوودی دەکات. شارەزایی و ئاگادارییەکی ئەوتۆی دەربارەی موزیكو هونەرە جوانەکان نییە، لێ وا دەنوێنێ کە هونەرناسو هونەردۆستە. خەڵکانی جۆراو جۆر هاتوچۆی ئەم خانووە گەورەیە دەکەن، لەوانە نیگارکێشێك، پیانۆ ژەنێك ودکتۆرێکی گەنج کە لە مشتەریانی هەمیشەیی ئەم ساڵۆنەن. ژنانێکیش هاتوچۆی ئەم ساڵۆنە دەکەن کە یەکێکیان بە نێوی ئودت دوکرسی، لە هەمووان بەرچاوی ترە. ئودت، ژنێکی تا ڕادەیەك جوانو گەنجە کە پتر لە هەمووان سەرنجان ڕادەکێشێتو زۆربەی کات دەگەڵ پیاوێکی گەنجدایە بە نێوی شارل سوئان کە تازە لە ڕێگای ئاشنایەکەوە دەرگای دۆستایەتی لەگەڵدا کردووەتەوە. ئودت، بە خورتی شارل سوئان بۆ ئەم ماڵە دێنێو سوورە لە سەر ئەوەی کە لە ڕیزی دۆستانی مەدام وردورندا بێت، لە کاتێکا یارۆی گەنج لەم جۆرە ژنانەو لەم چەشنە کۆڕو مەجلیسانە بێزارە، لێ لەبەر ئەوەی زۆر دڵی بە ئودتدا چووەو بە هاوشێوەی یەکێك لە تابلۆکانی بوتیچلی دەزانێت، پێی بۆ ئەم ساڵۆنە دەکرێتەوەو تێکەڵاوی خەڵکانێکی بێ زەوق دەکات.

سوئان، پێش ئەمەش کۆمەڵێك هاوڕێی کیژی هەبوون کە سەبارەت بە هیچ یەکێکیان مەیلو ئارەزووی ئاشقانەی پەیدا نەکردبوو، بەڵام ئەمجارەیان، لە هەنبەر ئودتدا، مووی نەدەپساند، ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بووبێ کە ئەم ژنە عەیارو ئاشوبگەرە،توانی بووی هەستی حەسوودی و غیرەی لەلا بوروژێنێ. ئودت تا زیاتر فریوی دەدا، کابرا پتر دڵبەندو ئاشقی دەبوو و ئەم ئەشق و غیرەیە بە جۆرێ باڵی بەسەردا کێشا بوو کە سوئان بەرە بەرە چاودێری بچووکترین ڕەفتاری دەکردو تەنانەت نامەکانیشی دەکردەوە تابزانێ نەبا یەکێك ئاشقێنی دەگەڵدا بکات، یا لە

دەوروبەریماڵەکەی ئەودا دەسوڕایەوە تا هیچ کەسێك هاتوچۆی ئەوێندەر نەکات. ڕۆژێك لە ڕێگای نامەی کەسێکی نەناسەوە، تێدەگات کە ئودت، ئینسانێکی سووكو خوێڕییە، بە پێچەوانەی ڕواڵەتیەوە، حەز لە پیاو ناکاتو زیاتر بەلای هومۆسیکسییەوە مایلە. بە دزییەوە دەکەوێتە تاقیبو بۆی دەردەکەوێت کە ئەم دەنگۆیە ڕاستەو لەمەش خراتر ئەوەیە دڵنیا دەبێت کە ئودت تازە پیاوێکی دیکەی بە ناوی "کونت دو فورشویل"ەوە خستووەتە داوەوەو سەرو سرێکی دەگەڵدا هەیە.

بە هەرحاڵ، سوئان کە هیچ ڕێگایەك شك نابات تا خۆی لەم تالوکەیە دەرباز بکات، ئامادە دەبێت کە باجێکی قورسی ئەم ئەشقو ڤیانە بداتو ئودت بخوازێت. بەڵام ئەم فیداکاریەش ناکاتە کۆتایی خەمو پەژارەو دەردو ئازاری. شارل سوئان ناچارە لە بری ئەم هەڵە گەورەو لە چارە نەهاتگەی خۆی، هەموو دارو نەداری خۆی لە سەر ئەم مێزی قومارەدا دابنێو بدۆڕێنێ.

مارسیل پرۆست، لە بەرگی یەکەمی ڕۆمانی دوورو درێژی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، بە تایبەتی لەو بەشەدا کە بۆ ئەشقی شارل سوئان تەرخانکراوە، لە وەسفی نامورادی و سەرگەردانی قارەمانی چیرۆکەکەدا، پەڕجووی نواندووەو هەر بۆیەش زۆربەی ڕەخنەگران ئەم بەشەی ڕۆمانەکە بە شاکار دەزانن‌و باوەڕیان وایە کە لە واری چیرۆکنووسی سەدەی بیستەمدا بێ هاوتایە.

بڕواننە چەند لاپەڕەیەکی ڕۆمانەکە دەربارەی ماڵەکەی سوئان، کابرای عاشق بۆی دەرکەوتووە کە ئەم رووسپییە پاریسیە بە هیچ کلۆجێ شایستەی خۆشەویستی پڕ لە فیداکاری ئەو نییە، بەڵام بە جۆرێك لەم گەرداوە قورسەدا گیرۆدە بووە کە ڕێگای پاشو پێشی نییە:

سوئان ئاگاداری ئەم ڕاستیە بوو کە ئودت، ئەو مەیلو خۆشەویستیەی جارانی دەرهەق بەو نییەو دڵنیا بوو بوو ناتوانێت ئەم خۆشەویستیە تازە بکاتەوەو بۆیە هەر ئومێدێکی بە ئایندە بێهودەیە. ئەو ڕۆژانەی کە بە هۆی ڕێکەوتێکی لە بارو گونجاوەوە، خۆی بە خۆشەویستی نیشان دەداو ئەو ئەشقەی دەرهەق بەو دەینواند، یا ئەو ئاوڕەی لەوی دەدایەوە، لە هزرو یادگەیدا دەمێنێ و پاساوی ئەوەی بۆ دێنایەوە کە ئەمانە نیشانەی روونو گومڕا کەرن، لە یەك سووکە جووڵەی ئەوەوە بەرەو ئەو بە هەمان لوتفو تاسەی بە گومانو خۆشحاڵی ئاوێتە بە نائومێدی ئەو کەسانەوە کە بە دیار دۆستێکەوە وەستاون کە خەریکە دوا ڕۆژانی نەخۆشیە بێ دەرمانەکەی بەسەر دەبات، هەندێ بیانووی سووکەڵەو بێ سەروبەر بۆ خۆ دێننەوەو ئومێدێکی زۆری پێ دەبەستن "دوێنێ ئەم ئینسانە خۆی فریای خۆی کەوتو سەیر ئەمەیە خۆی هەندێ لە هەڵەکانی راستکردەوەو ئەمڕۆ بە تاسووقو لەزەتەوە هێلکەیەکی خواردو ئەگەر مەعیدەی تێك نەچێت، بە نیازین سبەینێ، هێلکەو رۆنی بدەینێ..." لەو کاتەدا کە ئەم قسە بێ مانایانە دەکەن، زۆر چاك دەزانن کە ئەم قسانە لە شەوی مەرگی مسۆگەری ئەودا بێ مانان. سوئان، بێگومان دەیزانی کە ئەگەر لەم ڕۆژانەدا دوور لە ئودت بژی بەرە بەرە هەموو پەیوەندیەکی دەگەڵ ئەودا دەبڕێتو بۆیە کە بیستی ئەو پاریس بە جێدێڵێ و دەچێتە سەفەر، خۆشحاڵ بوو.

ئەو پیاوەتیەی تیا بوو کە بە بێ ئەو ژنە لە پاریسدا وەمێنێ، بەڵام ئەو جورئەتو شەهامەتەی تیا نەبوو کە ئەوێ بە جێبێڵێو بڕوات.

جارەهای جار هاتبوو بەبیریدا کە بچێتە سەفەر. لەم ڕۆژانەدا کە کاری لەسەر وتاری ورمیری نیگارکێش دەکردو سەر لە نوێ دەستی بەم نووسینە نیوەچڵە کردبووەوە، حەزی دەکرد بەلای کەمەوە بۆ چەند ڕۆژێك بۆ لاهای یا درسدن یا برونزویك بڕوات، دڵنیا بوو کە تابلۆی ئارایشی دیانا کە لەلایەن موریشوییی لە هەڕاجخانەی گولدشمیت کڕدڕاوە، نوسخەی ئەسڵیەو کاری ورمیرەو، زۆری حەز دەکرد کە بە خۆی، ئەم تابلۆیە لە نزیکەوە ببینێو تاوتوێی بکات تا بیروبۆچوونی خۆی بسەلمێنێ، بەڵام ئەمەی کە پاریس بەجێ بێڵێ، ئیدی ئودت لەوێ بێ، یا ئەوێی بەجێ هێشتبێ — بۆ ئەوەی لە شوێنانی غەریب دا، لە شوێنانێ کە هێشتا خوومان پێوە نەگرتبێ، ئەو دەردەی لە دڵماندایە، تازەو زندوو دەکاتەوە– بۆ ئەم پیاوە کارێك بوو هێندە سەختو دژوار دەهاتە بەر چاو کە دڵنیا بوو بەو یادگە تەژی بیرەوەریانەی خۆیەوە، هەرگیز ئەم نەخشەیە نایەتە جێ بە جێکرن. ئارەزووی سەفەرو لە بیر بردنەوەی ئودت کاتێ لەگێن بوو کە خەوی لێکەوتباو ئەو ئاواتەی خۆی لە خەودا ببینێ (و لەو حاڵەدا ئەوەی بە بیر نەیەتەوە کە ئەو جۆرە سەفەرە مەیسەر نییە.) شەوێك خەوی بینی، کە خەریکە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە پاریس دوور دەکەوێتەوەو لەو کاتەدا کە لە پەنجەرەی قیتارەکەوە سەری دەرهێنا بوو و خوا حافیزی لە پیاوێکی گەنج دەکرد کە لە دووری ئەو دەگریاو چونکە دڵی ئۆقرە ناگرێت، داوای لێ دەکات کە دەگەڵ ئەودا سەفەرە بکات. قیتارەکە حەرەکەتی کردو ئەو بە نیگەرانی لە خەو ڕادەپەڕێتو هەنگێ بۆی دەردەکەوێت کە چ سەفەرێك لە ئارادا نییەو شەوێ ئودت دەبینێو سبەینێو دوو سبەیش بە هەمان شێوە دەیبینێ. لە ژێر کاری ئەم خەوەدا، شوکرانەی خوا دەکات، کە هەڵێکی وەهای بۆ ڕەخساوە کە بە سەڵتیو سەربەخۆیی وەمێنێ و لە هەمان دەوروبەری ئودتدا بژیو هەندێجار دەرفەتی بۆ بڕەخسێت کە ئەویش ببینێ. کاتێ کە یەك یەك تایبەتمەندییەکانی خۆی دەژماردو هەستی بە شادی و غروور دەکرد: ڕەوشی کۆمەڵایەتی خۆی، سەروەتو سامانەکەی کە دەبووە بایسی ئەوەی ئودت هەمیشە ئاتاجی ئەو بێتو دەستی پاڕانەوەی بۆ درێژ بکاتو لەبەر ئەمە، لە ئەشقو جوانی خۆی بێبەشی نەکات. (بە گوتەی خەڵکی، نەخشەی یەکجارەکی ئەمە بێت کە زەماوەندی دەگەڵدا بکات)

دۆستایەتی دەگەڵ مسیو دوشارلودا کە بە ناخی خۆیدا دەچووەوە، دەیبینی کە زۆر دڵبەندی ئودت نییە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە سەرفراز بوو بەوەی کە ئەم دۆستە هاوبەشە کە ڕێزو حورمەتی زۆری دەگرت، بە باشی یادی دەکاتەوەو هەروەها شانازی بە هۆشیاری خۆیەوە دەکرد کە لە سۆنگەی ئەم هەموو تایبەتمەندیانەوە دەیتوانی هەموو ڕۆژێك نەخشەیەکی تازە دابڕێژێتو کارێك بکات کە حوزورو ئامادەگی بۆ ئودت — ئەگەر زۆریش خۆش نەبێ– بەلای کەمەوە پێویست و زەروری بێتو، پاشان بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئەم ئیمتیازانەی نەبوایە، چی بۆ پێشدەهاتو، پاشان ئەم بیرە مژوولی دەکرد کە ئەگەر ئەویش وەکو خەڵکانی دیکە بوایە: هەژارو نەدارو بێ دەرامەت، ناچار بوایە هەر کارێکیان پێ سپێردبا قەبووڵی بکات یا

دیل‌و ئەسیری باب‌و داکی بوایە یا ژن‌و ماڵ‌و منداڵی دەست و پێی گرتبا، هەنگێ ناچار دەبوو چاوپۆشی لە ئودت کردباو، لەو هەلومەرجەدا، ئەو خەونەی کە دیتبووی، ڕاست دەهاتە بەرچاوی‌و هەندێجار بە خۆی دەگوت: "بەشەران وەختێ بەختەوەرن، خۆیان نازانن. ئەمانە لە ڕاستیدا ئەوەندە بەدبەخت نین کە خۆیان وێنای دەکەن." لە دڵی خۆیدا دەگەییە ئەم ئەنجامگیرییەی کە ئەم بەختەوەرییەی ئەو تەنیا چەند ساڵێك پتر نەبووەو کاشکێ تا کۆتایی تەمەنی بەردەوام دەبوو ئەو بە درێژایی ئەم ماوەیە کارەکەی خۆی فیدا دەکرد، خۆشیەکانی خۆی فیدا دەکرد، دۆستەکانی فیدا دەکردو بە کورتیەکەی هەموو تەمەنی خۆی فیدا دەکرد، لە پێناوی ئەمەی کە ڕۆژی یەك جار ئەو بدینێ و کەچی ئەم دیدەنیەش کەمترین خۆشی‌و شادی بۆ ئەو بە دەست نەهێناو، لە خۆی دەپرسی کە ئایا بە سەهو نەچووە، ئەو هەلومەرجەی کە ئەم پەیوەندیانەی هێناوەتە ئاراوە و نایەڵێت ئەم دۆستایەتیە بپچڕێت، ئەزرەبەی لە کەسێتی ئەو نەداوە، ئایا ئەوەی بەم براوە، ئەوەیە کە هەمیشە چاوەڕوانی کردووەو ئایا قازانجی لەم خەون‌و خەیاڵەدا نەبوو کە واز لە هەموو شتێك بێنێ‌و دەستبەرداری ماڵ‌و ژیان بێ‌و بە خۆی دەگوت بەڵێ، خەڵکی نازانن کە چ کاتێ بەختەوەر نین‌و هەرگیز ئەوەندە بەختەوەر نەبوون کە تەسەوریان کردووە.

هەندێجار پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ئەم ژنە بمرێت، بەڵام بەبێ ئازار، بۆ نموونە لە ڕووداوێکدا — ئەم ژنەی کە بە زۆری لە دەرەوەو لە جادەو باناندا بوو، ڕۆژو شەو بە شوێنە قەرەباڵغەکانی شاردا تێدەپەڕی— چونکە هەمیشە بە ساغ‌و سەلامەتی دەگەڕایەوە، سەری لەم هێزو شنگ‌و نەرمی‌و مروونەتەی بەدەنی بەشەر سووڕ دەما کە بەمجۆرە هەمیشە دەتوانێ سەلامەتی و ساغڵەمی خۆی بپارێزێت‌و هەر هەموو ئەو مەترسیانەی دەوریان داوە، بسڕێتەوەو لە خۆی دووریان بخاتەوە. ( کە بەلای ئەوەوە یەجگار زۆر بوون، چونکە لە دڵی خۆیدا مەترسیانێکی زۆری لەسەر ڕێگای ئەو بەرجەستە کردبوو ) بەمجۆرە سوئان، ڕێگەی بە روحی خۆی دەدا کە ڕۆژ لە دووی ڕۆژ، قاڵبی خۆی بەجێ بێڵێ‌و بەبێ کەمترین بەخشینێك تا ڕادەی مەحاڵ دوای ئەو ژنە بکەوێت‌و لەم ڕێگایەوە لەزەت بدینێ. سوئان بەرە بەرە دەگەڵ محەمەدی دووەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، کە وێنەیەکی ئەوی، لە گاری بلینی بینی بوو و ستایشی دەکرد، خەمخۆریەکی نزیکی پەیدا کردبوو و ستایشی کارەکەی ئەوی دەکرد کە کاتێ لە نێو هەموو ئاشقەکانیا یەکێك بوو بوو بە هاوسەری، بە خەنجەر کوشتی، بۆ ئەوەی، بە گوتەی بیوگرافیانووسە بێ زەوقەی ڤینیسیەکەی، ئازادی روحی خۆی بە دەست بێنێتەوە. سوئان کاتێ ئەم بیرانەی دەکردەوە، شەرمی لە خۆی دەکرد و خۆی بە شایستەی ئەم پەریشان حاڵیانە دەزانی کە دەیبینی بەم ئاسانیە ئامادەیە کە ژیانی ئودت بە فیڕۆ بدات(٣٢).

مارسیل پرۆست لە بەشی کۆتایی کتێبی دەربارەی ماڵەکەی سوئان، یا ڕێگای سوئان، جارێکی دی بیر لە رابردووانی دوور دەکاتەوەو بیرەوەری دەورانی نۆلاوی خۆی وەیاد دێنێتەوە کە لە شەقامە جوانەکەی شانزەلیزەدا تووشی کیژێك دەبێت‌و دەبێت بە هاو وازی ئەو. ئەم کیژە ژیلبرتە کە ئودت دایکی‌و سوئان باوکیەتی. ئەو سەروبەندەی کە ئەو کوڕێکی چکۆلە بوو و لە

کومبری ئاکنجی بوو، ئەوی دەگەڵ دایکیدا دەبینی کە بەو جادە بە دارو درەختەدا پیاسەی دەکردو لەوساوە لە دڵی خۆیدا ستایشی دەکرد. ئەم ستایش‌و مەدحە وردە وردە بۆ ئەشق‌و ڤیانێکی پاك و بێگەرد گۆڕاو پاشان کاتێ هەردووکیان پێیان نایە قۆناغی نۆلاوییەوە، هەر بەلای یەکدا مایل بوون. مارسیل لەبەر خاتری ئەو بۆ ماڵی سوئان دەڕۆیی‌و زۆر دڵی بەم ناسیاوی‌و ئەشقە خۆشبوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە هەندێك ڕەفتارو هەڵوێستی ئەو، کچەی دڵناسکی وەڕز کردو ناچاری کرد کە بێموبالاتی و خەمساردی بکاتە پیشە. هەڵبەتە ئەم بێ موبالاتیە، غروری (کبریا) مارسیلی بریندار کردو ناچاری کرد تا چاوپۆشی لەو بکات. پاشان کاتێ دڵداری ڕەمەن‌و ڕەڤۆك بۆ کومبری گەڕایەوە، بە یادی جارانەوە، ڕێڕەوی هەمان جادەی جارانی گرت. سەیری کرد هیچ شتێك لە جاران، لە ڕابردوو ناچێت: ئوتومبیل جێگای گالیسکەی باوی گرتبووەوە، ژنان کە جلی درێژی پۆشتەیان لەبەر دەکرد، هەنوکە جلەکانیان کورت‌و نیمچە ڕووت بوو. ئەو ئارامی و ئاسایشەی جاران نەمابوو، لە تۆ وایە کومبری ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دابوو. نووسەری هەستیار، بەم گۆڕانە زۆر خەمبار دەبێت‌و وای دێتە بەرچاو کە ڕۆژگارو زەمان نەك هەر بیرەوەرییەکانی ئەوی قووت داوە، بەڵکو خەڵکەکەو شوێنەکان‌و واریقاتەکانیشی قووت داوە.

مارسیل پرۆست، لە کتێبی دووەمدا بە ناونیشانی لە سایەی کیژانی گوڵوەشان یا لە نێو باخی پڕ شکۆفەدا، باسی سەردەمی نۆلاوی ولاوی خۆی دەکات‌و بەشێوەیەك دەیگێڕێتەوە، هەموو ڕابردوو لەبەر چاوی خۆی بەرجەستە دەکات. هێشتا لە ژیلبرت ئومێدبڕ نەبووەو تاسەمەندی دیداری ئەوە. لە ماڵی ئەواندا، تەعاروف دەگەڵ پیاوێکدا دەکات کە بەردەوام ستایشی دەکات. ئەم پیاوە نێوی برگوتەو کەسێکی ڕۆشنبیری زاناو نووسەرە. ژیلبرت پێکیان دەناسێنێ‌و مارسیل سوپاسی ئەم لوتفەی ئەو دەکات. کاریگەری دیداری برگوت بەسەر مارسیلەوە، وەختێ ئاشکرا دەبێت کە پێ دەنێتە ناو جەرگەی نووسەرانەوەو دەخوازێت ڕەوت‌و ڕێبازێکی سەربەخۆ بۆ خۆی بگرێتە بەر.

ژیانی مارسیل لەم قۆناغ‌و سەروبەندەدا بە هۆی نەخۆشییەوە دەگۆڕێت. ئەندامانی خانەوادەکەی تێکڕا بە منداڵێکی لەش بەبارو نەخۆش و شایستەی بەزەیی دەزانن‌و هەر بۆیەش خەمین‌و توڕەو تۆراوە. داپیرەی بەو ئومێدەی کە مارسیل چاك ببێتەوەو ئیفاقەی بۆ بێت، دەیبات بۆ کەناری دەریاو لە شوێنێکدا لا دەدەن کە نووسەر بە بەعلەبەك ناوی بردووە. لەم دیارو دەڤەرەدا، مارسیل دۆستانی تازە دەگرێت: ئیلستیر کە نیگارکێشێکی بە ناڤو دەنگەو ساڵانێك لەوەپێش، یەکێك بووە لە ئەندامانی ساڵۆنەکەی مەدام وردورن. یەکێکی دی نەجمیزادەیەکی بە ڕواڵەت ماقوول‌و هۆشیارە بە نێوی بارون دۆشارلو کە لە ناخدا و ژێراو ژێر کەسێکە کەچڕەوو هاوڕەگەزبازو هەموو هەوڵ‌و فەندو فێڵێکی خۆی وەگەر دەخات تا مارسیل بخاتە داوەوە. هەر لە هەمان کەناردا، مارسیل تەعاروف دەگەڵ مەدام ویلپاریزیدا، کە دۆستی داپیرەیەتی، تەعاروف دەکات‌و ئیدی ئەم ئاشنایەتیە دەبێتە پێشەکی دۆستایەتی ئەو دەگەڵ ماڵباتی ناسراو گرمانت و هەروەها لەگەڵ "روبردوسن لو"ی برازایدا، کە مارسیل دۆستایەتی

ئەو قەبوولْ دەکات. روبر گەنجێکی جوانەو دڵبەندانێکی زۆری هەن، لەوانە راشل کە ئەکتەرێکی جوولەکەیە، لەم دەڤەرەدا هەموو شتێك بەدڵی ئەوە، جگە لە نەخۆشیو بوونی بارون دوشارلو، کە زۆری بێزارو بێتاقەت کردووە. لە هەمان کاتدا دنیای ئەو خاڵییەو دڵی ئەو لە دیداری هیچ یارێك نالەرزێ، بەڵام ئەم ئارەزووەی زوو دێتە دیو مارسیل تووشی کیژێك دەبێت بە نێوی ئالبرتین سیمونە.

لە بەرگی دووەمی ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا مارسیل، هێشتا بە ناو ژیان نەکەوتووە. نۆلاوەو لە ژێر دەسەلاتی خانەوادەکەیدایەو تەنانەت دۆستەکانیشی فەرمانی بەسەردا دەکەن، بەڵام تامەزرۆو ئارەزوومەندی فێر بوونەو حەزدەکات ئەزموونێن تازە لە زەمینەی هونەر، ئەدەبیات وموزیکدا بەدەست بێنێ، بۆیە لە هەر شوێنێك هونەرمەندێك شك بەرێت، بە تاسەو ئارەزوویەکی گەرمو گوڕەوە بەرەو پیری دەڕوات. لە نێو ڕەوتی ڕۆمانەکەدا، ژیلبرت ڕەها دەبێتو ئالبرتین جێگای دەگرێتەوە. ئەشقی ئەویان حەسادەتو غیرەئامێز بوو و ئەشقی ئەمیان ئاوێتە بە نائومێدی بوو. کاتێ ئالبرتین ڕادەمووسێت، وا دەزانێت بە یەکێك لە گەورەترین ئارەزووەکانی ژیانی گەییوە، بەڵام زوو تێدەگات کە خەمناك و بێهودەیە. ناونیشانی لە سایەی کیژانی گوڵوەشاندا، خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەمەیە کە هەموو دیمەنەکانی ژیان لە دیدی نووسەرەوە وەکو گوڵی بەشکۆفە دەنوێنێ. جادەو خانوان لە کومبری دا یەکپارچە گوڵو کچن، گوڵانی ڕاستەقینەی ئەم گوڵخانەیەن. بەعلەبەك گوڵزارێکی تازەیە کە گوڵێن بۆنداری پێشکەش دەکات، بەڵام نووسەر زوو بە زوو بۆی دەردەکەوێت کە لە لە پشتی هەر بەهارێکەوە، خەزانێك بەڕێوەیە، کە ناکرێت لێی هەڵێی.

لە سێیەمین کتێبی ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا کە لە ژێر سەرناڤی دەربارەی ماڵی گرمانتەکانە و لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەوە لە بەرگەکانی دیکە زیاترە، مارسیل ئاکنجی پاریسەو هاوسای ئاشنای پێشین دۆتمیر دوگرمانتە. بۆ ئەو تێکەڵاوی دەگەڵ ئەم ماڵباتەدا ئاواتێکی گەورەیە، چونکە ئەو سەر بە چینی بۆرژوایەو گرمانتەکانی بە ئەشرافی فەرەنسا دەژمێردرێن. بارون دوشارلو و روبر دوسن لو، کە لە ڕیزی خانەدانانندان، ڕێگەی بۆ خۆش دەکەن کە بگاتە کۆشکی گرمانتو بەمەش بە ئاواتی خۆیی دەگەیەنن، بەڵام مارسیل زوو لەم هاتوچۆیە نائومێد دەبێتو زۆری پێناچێت کە پەی بە حەقیقەتێکی تاڵ دەبات، ئەویش ئەمەیە کە ئەشرافیەت هەرگیز بەو جۆرە نەبووە کە ئەو لە بیرو زەینی خۆیدا بەرجەستەی کردووە. دۆتمیر دوگرمانت، هەرچەندە بە ڕواڵەت ژنێکی بە ویقارو سەلارو سەنگین بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ژنێکی بێ مێشكو پولەکیو خۆپەرست بوو. خۆ پەرستیو خۆویستی ئەو بە ڕادەیەك بوو کە ڕۆژێك شارل سوئان، دۆستی دێرینی ئەوان، دێتە دیدەنی دۆتمیر تا ئاگاداری بکاتەوە کە لە حاڵی مەرگدایەو پێویستی بە کۆمەكو یارمەتی ئەوان هەیە. لەم کاتەدا دۆتمیر دەگەڵ مێردەکەیدا، بەڕێوە دەبن بۆ ئاهەنگێكو، تەحەمووڵی دیداری کەسێك ناکەن، بەتایبەتی ئەو کەسە نەخۆشێکی لە حاڵی مەرگای وەکو سوئان بێت، هەڵبژاردنی جووتێ پێڵاو کە دەگەڵ جلەکانیدا بگونجێت، بەلای دوتمیرەوە زۆر لەوە گرینگتر بوو کە دانیشێتو گوێ لە قسە

پڕوپووچەکانی ئەو بگرێت، بۆیە بەمجۆرە دۆستە دێرینەکەی بە نائومێدی لە خۆی دوور دەخاتەوە .

لەم سالانەدا، دیمەنێن گەش و ڕوناکی ژیان لە دیدی مارسیلەوە، ئاوێتەی غوباری ڕەشبینی و نائومێدی دەبێت. هیچ قازانجێك لە دۆستایەتی ناچنێتەوە، جگە لە ئازار هیچ شتێکی دی لە کۆمەڵگە نادورێتەوە، تەنانەت ئەشقیش بۆ ئەو جگە لە خەم و ئازار هیچی لێنایەتە بەرهەم. لەم بەینەدا تاقە شتێك کە شایەنی دۆستی و خۆشەویستی بێ هەر هونەرە . باوەڕی بێ چەندو چوون پەیدا دەکات کە ئەوەی دەمێنێتەوەو زندوو و نەمر دەبێت و مایەی سەرفرازییە ئەو دیاردانەیە کە بە زەبری هێزی داهێنەرانەی هونەرمەند خوڵقاوەو پەیدا بووە.

مارسیل لەم سالانەدا تووشی ئەزرەبەو جەزرەبەیەکی ترسناکی دیکە دەبێت، ئەویش ئەمە بوو کە داپیرەی کە ئەوەندە خۆشی دەویست مالاوایی لە دنیا دەکات. هەڵبەتە تەحەموولی ئەم بەلایە یەجگار زەحمەتە و ماوەیەکی زۆر تێدەپەڕێت تا مارسیلی گەنج بتوانێت بە سەر ئەو داخ و کەسەرەی خۆیدا زال بێت. دوای مردنی ئەو دایکی بۆ کومبری دەگەڕێتەوەو ئەوەی لە پاریسدا سەرپەرشتی و هاوڕێیاتی ئەو دەگرێتە ئەستۆ جگە لە ئالبرتین سیمونە کەسی دی نییە کە بێ گوێدان بە قسەو قسەلۆکی بەد زمانان، خواری مانەوە دەگەڵ گەنجێکی سەلتدا قەبوول دەکات.

لە چیرۆکی دوورو درێژای دەربارەی مالی گرمانتەکان کە تەقریبەن نیوەی کتێبی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، پێکدەهێنێ و کاتێ لە سالی ١٩٢٠دا بلاوبووەوە، شۆرەت و نێوبانگی جیهانی بۆ نووسەرەکەی پەیدا کرد، شێوازی پرۆست لە پەخشانی ئاوێتە بە گەشبینی و شۆخ تەبعییەوە دەگۆڕێت بۆ پەخشانی تەنزئامێزو بارگاوی بە ڕەشبینی، چاوانی پاك و سادەبینی مارسیل پرۆست بەرە بەرە بەرەو دەروونانی تاریك و کینەکێشی بنیادەمان شۆڕ دەبێتەوەو لە ئەنجامدا خەم و ئازارو نامورادی جێگای شادی و بێ خەیالی دەگرێتەوە. بە سەرهاتی مولازم دریفوس، کە بتەوێ و نەتەوێ فەرەنسای خستبووە ژێر کاریگەرییەوە و کۆمەڵگەی فەرەنسی کردبوو بە دوو بەشەوە، کار لە ڕوحی نووسەریش دەکات و سەبارەت بە سەرانی ولات ڕەشبینی دەکات. هەڵبەتە ڕەخنەگرانی خوردەگیر، بەشی یەکەمی ئەم کتێبەیان، واتە دەربارەی مالی سوئان، لەم کتێبە، واتە دەربارەی مالی گرمانتەکان پێ باشترو لە ڕووی زمان و نێوەڕۆکەوە بە پەسندتری دەزانن.

چوارەمین بەشی ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، لە ژێر سەرناڤی سودوم و گومور یا ولاتی بیاباندا، لە نێوان سالانی ١٩٢١– ١٩٢٢دا بلاو بووەوەو هەوەڵجار لە سێ بەرگدا بوو. ئەم چیرۆکە وەکو لە ناوەکەیدا دیارە، دەبێ واریقاتنامەی ڕاپەڕینەکانی میللەتی فەرەنسا بێت و، لە ڕاستیشدا هەروایە. ئەم کتێبە لە هەوەڵیەوە تا کۆتایی سەرڕێژە لە کاروکردەوەی هۆمۆسێکسیوالی لە لایەکەوە لە بەینی ژناندا و لەلایەکی دیکەوە لە بەینی پیاواندا، لەلایەکی دیکەوە و لەم مەیدانەدا، بارون دوشارلو، پێشەنگی مەیدانە. بۆ ماوەیەك پەیوەندی دەگەڵ خەیاتێکی لاودا بە نێوی ژوپین دەگرێت. پاشان خوو دەداتە بابایەکی کەمانجەژەنی دێهاتی بە نێوی موریل. موریل، کە زۆری حەز لە نێوبانگ و شۆرەتە، هەست دەکات کە پێویستی بەوەیە لە

سایەی پیاوێکی ناسراوو دەسترۆی وەکو بارون دا بێ، ئیدی بەم پەیوەندییە ڕازی دەبێت‌و بەرە بەرە سەرو ساخت دەگەڵ کوڕو ناوەندە ئەشرافیەکانی پاریسدا پەیدا دەکات. ئالبرتین دەبێت بە ماشقەی مارسیل، بەڵام خەم‌و نامورادی کاتێ دێتە سۆراخی مارسیل کە بۆی دەردەکەوێت دڵدارەکەی هۆمۆسێکسیواڵەو دڵبەستەی یەکێك لەو کیژانەیە کە لە بەعلبەکدا هاتوچۆی لەگەڵیدا هەیە. بە کەشفبوونی ئەم نهێنییە، ئەویش دووچاری هەمان ڕەنج‌و مەینەتیان دەبێت کە شارل سوئان لەگەڵ ئودت دا تووشی بووەو گەلێك بەرنامەو نەخشە دادەنێ تا ئەو لەم کەچڕەویانە بگەڕێنێتەوەو کە ئەمەی پێناکرێت، لێدەبڕێت بیخوازێت‌و زەماوەندی دەگەڵدا بکات. بەڵام بە خۆی نەخۆشەو دەبێ ناو بە ناو پاریس بەجێ بێڵێ‌و بۆ بەعلەبەکی کەنار دەریا بڕوات، تا سەلامەتی لە دەستچووی خۆی وەدەست بێنێتەوە. لەم بەینەدا بیرەوەرییەك کە بۆ یەك سات دەست بەرداری نابێت‌و ڕوحی شپرزەو نیگەران دەکات، بە سەرهاتی مەرگی داپیرەیەتی کە زۆر ڕموودەو هۆگری بوو.

ڕۆژێك کە لە ئوتێلی بەعلەبەك خەریکی کردنەوەی دوگمەکانی پووتەکانی خۆی دەبێت لە ناکاودا داپیرەی بیر دەکەوێتەوەو سەراپای گرژ دەبێت. داپیرەی میهرەبان هەمیشە مارسیلی لە هەمێز دەگرت‌و پووتەکانی لە پێی دادەکەند. سوێ‌و ئازاری لە دەستدانی دایە گەورە بە ڕادەیەکە کە مارسیل دەکەوێتە بیری مردنی خۆی‌و جۆش‌و خرۆشی ژیان‌و زندوویەتی لە بیر دەچێتەوە.

لە چیرۆکی سودوم و گوموردا، چیرۆکنووس لە شرۆڤەو ڕاڤەی کەسێتی‌و شیکردنەوەی دەروونی هەندێ لە قارەمانەکانیا پەڕجووی نواندووە. بارون دوشارلو، بە ڕواڵەت ئەشراف زادەیەکی مەردم خەڵەتێنە کە دەیەوێ بچێتە دڵ‌و دەروونانەوەو هەر کەسێك کە بەرخورد دەگەڵ ڕواڵەتیا بکات، یەکسەر بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوەو مەدح‌و ستایشی بکات، بەڵام لە ناخدا، ئیبلیسێکی شەهوەترانی ئەوتۆیە کە مەیلی هۆمۆسێکسیواڵیەکەی گەییوەتە ڕادەی شێت بوون‌و لە پێناوی گەییشتن بەم مەبەستەی دا، سڵ لە هیچ داب‌و نەریتێکی ئەخلاقی ناکاتەوە. ئەو ڕەخنەگرانەی سەرو ساختیان دەگەڵ بەرهەمەکانی پرۆستدا هەیە، قەناعەت‌و باوەڕیان وایە کە لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، ئەم پیاوە یەکێکە لە قارەمانە هەرە دیارو جوانەکانی‌و بێگومان، چیرۆکنووس لە کاتی خوڵقاندن‌و ئەفراندیدا، روبیر دومونتسکیوی ئەدیب‌و نووسەری هاوعەسری خۆی، کە یەکێك بووە لە پێشەنگانی ڕێبازی سمبولیزیم، لەبەر چاو بووە.

هەر لەم بەشەی ڕۆمانەکەدا، قارەمانێکی دیکەش هەیە بە نێوی دکتۆر کوتار کە پزیشکێکی لە زەبرو بە تواناو ڕۆشنبیرەو لە هەمان کاتدا، زۆر شۆرەتخوازەو دەچێتە میوانداری‌و دەعوەت‌و کۆڕەکانی چوار شەمموانی مەدام وردورن‌و لەم کۆڕو ئاهەنگانەدا، بە تەواوەتی ئەوە لە بیر خۆی دەباتەوە کە پیاوێکی پزیشکەو بۆ گەییشتن بە مەبەستە شوومەکانی خۆی، تەنانەت تەوس‌و توانج لە ژنە سەلارو شەرمنەکەی خۆیشی دەدات‌و گاڵتەی پێدەکات. لەم چیرۆکەدا، مارسیل دەگەڵ دوو کەسدایە، میرو دۆتمیر دوگرمانت کە دەگەڵ دۆتمیر دوگرمانت‌و دۆك دوگرمانت دا،

خزمایەتیان هەیە. میرو دۆتمیر دژە سامیو دژی دریفوسنو چونکە مارسیل یەکێکە لەلایەنگرە جدیەکانی دریفوس و لەو باوەڕەدایە بە نەهەق تۆمەتی جاسووسی دراوەتە پاڵ، بۆیە دیداری ئەوان ئاسایی نییە.

ئەم بەشەی ڕۆمانەکە، پڕ لە ئەشقو غیرەیە، مارسیل دەورانێ بە سەر دەبات ڕێك وەکو ئەو شەوەی کە دایکی ماچی نەکردبوو و تا درەنگانێکی شەو لە حەژمەتو حەسوودیدا دەگریو دەناڵێنێ. لە هەوەڵێن بەرخوردا دەگەڵ ئالبرتین، ئەم پیاوە گەنجە هیچ حیسابێکی بۆ ناکاتو ناسیاوی و دۆستایەتی ئەو بە پولێکی قەڵب ناکڕێت، بەڵام بەرەبەرە ڕووداوەکان گۆڕانو ئەمجارەیان مارسیل، کەوتە داوی خۆشەویستی ئالبرتینەوە. حەزی دەکرد ئەو لە خۆی دوور بخاتەوەو خۆی لە زنجیری ئەسارەتی ئەو ڕزگار بکات. بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو و هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی پەرچەکردارێکی توند نیشان بدات.

***

زندانی یا دیل ، پێنجەمین کتێبی ڕۆمانی دوورو درێژی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچووە کە لە ساڵی ١٩٢٣دا بڵاو بووەوەو، تەمەن مەودای چیرۆکنووسی نەدا کە بە چاوی خۆی کاردانەوەی ئەدەبدۆستانی فەرەنسا سەبارەت بەم بەرهەمەی خۆی بدینێ، چونکە ساڵێك پێش ئەم بەروارە بە هۆی نەخۆشی درێژ خایەنەوە، لە تەمەنی پەنجاو یەك ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

زندانی یا دیل، لەم چیرۆکەدا، بە ڕواڵەت ئالبرتینی دڵداری مارسیلە کە لە ماڵی ئەودا لە پاریس، حەپس دەکرێتو ڕێگای هەڵاتنی نییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا خودی مارسیلە کە گیرۆدەی داوی ئەو بووەو وەکو شارل سوئان، کە بەردەوام هەوڵی دەدا لە کۆتی کۆیلایەتی ئودت ڕزگار بێتو نەیدەتوانی، ئەویش تەیرێکی پەڕوباڵ شکاوەو لە قەفەسی خۆشەویستی ئەودا، دیلو بەندە.

بەشی هەرە زۆری ئەم کتێبە ڕەنگدانەوەی ئازارو ڕەنجی زادەی حەسوودی و غیرەیە کە مارسیلی گرتووە و بە کەشفی ئەم ڕازەی کە دڵدارەکەی هاورەگەزبازەو ئاشقێنی دەگەڵ کیژێکدا بە نێوی مادموزێل ونتوی، ئاکنجی بەعلەبەك دەکات، وەکو مۆم دەتوێتەوە، جگە لەو، کیژێکی دیکەش لە ئارادایە بە نێو مادموزێل ئاندری کە ئالبرتین هەر کاتێ دەرفەتی چوونە دەرەوەی بۆ بڕەخسێت بۆ لای ئەو دەڕوات.

نەخۆشی درێژخایەنو دێرینی، ئەم پیاوە گەنجە لەلایەکەوەو نامورادی ئەشقو دۆستایەتی دەگەڵ ئالبرتیندا لەلایەکی دیکەوە، ئەویان زۆر بە خێرایی لە پەلوپۆ دەخستو هیچ دەرمانێکی شیفا بەخش بۆ دەردەکەی خۆی نادۆزێتەوە.

لەو دواییانەدا لە هەموو کەسو لە گشت شتێك بێزار بوو، تەنانەت لەو کیژە خشکۆكو شەنگولانەشدا کە لە گەڕەكو باندا دەی بینین هەر بێزار بوو، چونکە قەناعەتی تەواوی هێناوە کە ئەمانەش وەکو ئالبرتین، نائاساییو کەچڕەون، یا بەلای کەمەوە کۆمەڵە ئەوزارێکن کە غەریزەو ئارەزووی کەسانی وەکو ئالبرتین پاراو دەکەن.

مارسیل پرۆست، لە کتێبی زندانی دا، بەمجۆرە پاساو بۆ داماوی قارەمانەکان دێنێتەوە:

هەر ڕۆژێك كە تێدەپەڕی، جوانیو خشكۆكی ئالبرتین لەبەر چاوم كەمتر دەبووەوە، تەنیا كاتێ لەبەر چاوم جوان دەبوو، كە ئارەزووی كەسانی دی دەوروژاندو بەم كارەی خەمو دەردی منی تازە دەكردەوەو من ناچار دەبووم بەگژ ئەوانەدا بچمەوەو لەمیان دوور بخەمەوە. ئەم ژنە لە هاروژاندنو كولاندنەوەی دەردو ئازاردا زۆر بە توانا بوو و بەڵام لە ئیجادی شادیدا هیچ. هەر ئەم ئازارە بە ترەفەی ئەشقە، منی بە زندوویەتی هێشتبووەوە، هەر كاتێ دەردو ئازارەكە نەدەماو پێویستم پێی نەدەما، بیرم لە پەریشانیەكی كوشندە، ئازاد دەبوو و بۆم بە دیاردەكەوت كە نە ئەو بۆ من هیچ مانایەكی هەیەو نە من بۆ ئەو. بێنەوایی و كڵۆڵی من كاتێ ڕووی لە زیادی دەكرد كە هەستم دەكرد ئەم وەزعو ڕەوشە، ماوەیەك درێژە دەكێشێتو هەندێجار،ئارەزووی ئەوەم دەكرد كە ئەو كارێكی ترسناك بكات، كارێك ئازارم بدات، نەخۆشم بخاتو لە جێگادا بكەومو چارەكەی ماوەیەك درێژا بكێشێت، تا دووبارە ئاشت ببینەوەو ئەو زنجیرەی كە دەستو پێی ئێمەی پێكەوە بەستبوو، بە جۆرێكی دی، بە شێوەیەكی نەرمتر ڕێك بخەینەوە. لەو حاڵەدا هەزاران پاساوم دێنایەوە كە بۆ ئەو، لە كۆمەڵگەی خۆمدا، تەسەوری ئەو بەختەوەرییە فەراهەم بكەم كە خۆم هەستم دەكرد، تواناm بەسەر فەراهەمكردنیدا نییە. زۆرم حەز دەكرد هەر كە چاك ببمەوە، بەرەو ڤینیسیا بڕۆم، لێ چۆن؟ مەگەر دەگەڵ ئالبرتین دا زەماوەند بكەم — من لەو سەرو بەندەدا هێندەم غیرە دەكرد لێبڕا بووم، لە هەمان شاری پاریسدا هەر كاتێ لە ژوورەكەی خۆم وەدەربكەوم، دەبێ ئەویش لەگەڵ خۆمدا ببەم. تەنانەت كە دوا نیوەڕوان لە ماڵەوە دەمامەوە، هەر بیرم لەلای ئەو بوو، لە دوورە دەستان، لە ئاسمانێكی شیندا بۆی دەگەڕام كە زەینم دروستی كردبوو و لەو ناوەندەدا،خۆم وەكو خاڵێكی لەق ئۆقرەم گرتبوو. بە خۆمم دەگوت: "چ دەبوو ئەگەر ئالبرتین لە یەكێك لە گەڕانەكانیا كاتێ دەیبینی كە من باسی زەماوەندی دەگەڵدا ناكەم، لێدەبڕا كە ئیدی نەگەڕێتەوەو بەبێ خودا حافیزی لە من، بۆ ماڵی پوورەكەی بڕواتو هەنگێ من لە هەموو ڕوویەكەوە لە ژێر باری خەم دەربچم." دڵی من لەم حاڵەتەدا كە زامەكەی بەرەو ساڕێژ بوون دەچوو، ئیدی لە دڵی ئەو دوور دەكەوتەوە.

بە زەبری خەیاڵ دەمتوانی ئەو لە خۆم دوور بخەمەوەو لە هەمان كاتدا بەرگەی هەر ناڕەحەتییەك بگرم. ئەگەر من توانای ئەم كارەم نەبوو، بێگومان پیاوانی دیكە هەبوون كە ئامادەبن خوازگاری بكەنو زەماوەندی دەگەڵدا بكەنو هەنگێ، لە دڵی خۆدا تەسەوری ئەوەم دەكرد كە ئەم ژنە، بە سوود وەرگرتن لە ئازادی خۆی، دووی ئەو ڕووداوانە دەكەوت كە تەسەور كردنی، پشتی منی دەلەرزاند(٣٣).

لە كتێبی زندانیدا(٣٤)، برگوت، ئەو نووسەرە هزرڤانەی كە مایەی دڵبەندی مارسیلە دەمرێتو نووسەر وێنەیەكی ڕاستەقینەو خەمناكی مردنەكەی ئەو دەگرێت. پەیوەندی بارون دو شارلو دەگەڵ كەمانجەژەنە لاوەكەدا، لەگەڵ مسیو موریل دا، هەر بەردەوامەو بارون، بۆ ئەوەی ئەم لاوە زیاتر بە خەڵكی بناسێنێو پایەی هونەریی بەرزتر بكاتەوە، بە یارمەتیو هاوكاری مەدام وردورن، كۆنسێرتێكی بۆ ساز دەكات. ئەم كۆنسێرتە لە سالۆنەكەی مەدام دایەو قازانجی مەدام لەم كارەدا ئەمەیە كە بارون ئەو لە ئەندامانی ماڵباتی گرمانت نزیك بكاتەوە. بەڵام بارۆن،

قسەو بەڵێنەکانی خۆی فەرامۆش دەکات‌و ئیدی بەمە بەڕادەیەك مەدام لە خۆی بێزارو پەست دەکات، کە کابرای کەمانجەژەن دەباتە گۆشەیەکەوەو پێی دەڵێت کە ئاشقە دڵ‌و دین لە دەستداوەکەی تۆ، لەلایەن پۆلیسەوە تاقیب دەکرێت. ئەم بەسەرهاتە موریل بە ڕێگایەکدا دەبات کە ئەنجامەکەی بریتیە لە بوغزاندنی بارون‌و جیابوونەوە لێی‌و ئەم کارە بە ڕادەیەك کار لە بارون دەکات کە نەخۆش دەکەوێ‌و لە جێگادا دەکەوێ. خوێنەر بە خوێندنەوەی نیوەی کتێبەکە، بۆی دەردەکەوێ کە ماڵی مارسیل، پڕە لە حەسوودی و گومانداری‌و نامورادی. کار دەگاتە ئەوەی کە مارسیل، لە پێناوی ئاسوودەیی روحی بێ ئۆقرەی خۆیدا، ئالبرتین لە ئەپارتمانەکەی خۆیدا حەپس دەکات‌و بە ڕێی خۆیدا دەڕوات. ژیانیان بە جۆرێکە کە تەنانەت فرانسواز، کارەکەرە میهرەبانەکەش ناتوانێ تەحەمولی بکات. ڕۆژێك کە مارسیل لێدەبڕێت بەرەو ڤینیسیا بڕوات‌و ماشقەکەی بە دەقی خۆیەوە بەجێ بێڵێ، لە فرانسواز دەژنەوێ کە ئالبرتین، بەشێوەیەك دەرگاکەی کردووەتەوەو لەو ماڵە هەڵاتووە. هەرچەندە هەڵاتنی ئەو ناخۆشە، بەڵام هۆیەکیشە کە ئەم پیاوە گەنجە لە کۆت‌و زنجیری ئەسارەتی ئەو، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بووە، ئازاد بکات.

لە چیرۆکی زندانیدا، خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە شارل سوئان مردووەو ژیلبرتی کیژی، بەشە میراتێکی مۆڵی لە ڕێگای یەکێك لە مامەکانی بابیەوە پێ بڕاوە. تا ئەو کاتەی کە ئەو کەسێکی جوولەکە زادە بوو و هیچ سەروەتێکی نەبوو، دایکی ئودت بوو، کە جاران ڕوو سپی ژنێکی هەژارو ئاتاج بوو، هیچ کەسێك ئاوڕی لە ژیلبرت نەدەدایەوەو گەنجی و خشیکی و سەلاری ئەوی بە پولێك نەدەکڕی، بەڵام هەنووکە کە دەوڵەمەند بوو بوو و هاتبووە ڕیزی ئەشرافانی فەرەنساوە، هەمووان بەدەوریا دەسووڕانەوەو خاکی ژێر پێی ئەو دەکەن بە دەرمانی چاوی خۆ. بارون دو شارلو، کە نموونەیەکە لە ئەشرافزادانی داڕوخاوی فەرەنسا، لە چینی ئەرستۆکراسییەوە بۆ بۆرژوازی هەرەس دێنێ‌و بەڕادەیەك دادەڕوخێت کە ئاتاجی ژنێکی سووکی وەکو مەدام وردورن دەبێت. لە لایەکەوە موریل کە کوڕی خزمەتکارەکەی مامی مارسیلە، پایەیەکی کۆمەڵایەتی هێندە بەرز پەیدا دەکات کە داڵدە دەرو پشتیوانەکەی خۆی، یانی بارون دوشارلو، بە سەپان ناگرێت‌و لووتی لێ هەڵدەکات‌و تێکەڵاوی ناکات، نەبا شەخسیەتی هونەری ئەو لەکەدارو عەیبدار ببێت.

فانۆسی خەیاڵی پرۆست هەر لە سووڕانەوەدایە، لەگەڵ هەر سووڕانەوەیەکدا، کۆمەڵێك وێنەی تازەی، ڕۆژگارانی ڕابردووی ئەو، دێنێتەوە بەرچاوی:

شەشەمین بەرگی ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، لە ساڵی ١٩٢٥دا بڵاو دەبێتەوە، واتە بە سێ ساڵ پاش مردنی چیرۆکنووس. ناونیشانی کتێبەکە بریتیە لە دیارنەمانی ئالبرتین، کە پاچڤەی وانە ئینگلیزەکە ناوی فیراری فەریبای شیرینی لێناوە. لەم چیرۆکەدا، مارسیل کە بەڕواڵەت بە هەڵاتن‌و ڕەڤینی ماشقەکەی خۆشحاڵە، دووچاری خەمی هیجران دەبێت‌و بۆی دەردەکەوێت کە بەبێ ئەو هەڵناکات‌و ناتوانێ بژی. بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بۆ پاریس پەنا وەبەر هەر ڕێگایەك دەبات، یەکێك لەوانە ئەمەیە کە دیاریەکی سێ هەزار فرانك بایی بۆ دۆستی دێرینی خۆی روبیر دوسن لو دەکڕێت‌و دەینێرێت بۆ لای پوورەکەی تا قەناعەتی پێبکات‌و بۆ پاریسی

بێنێتەوە، بەڵام بێهودە. ڕێگایەکی دی دەگرێتە بەرو نامەیەکی بۆ دەنووسێتو هەڕەشە دەکات کە ئەگەر داواکەی ئەم قەبووڵ نەکاتو نەگەڕێتەوە، دەچێت بە سۆراخی ئاندرێی، دۆستی کیژەکەی ئەوەوەو ئەو بۆ ماڵی خۆی دێنیٚو لەگەڵ ئەودا دەژی، بەڵام ئەمجارەش وەڵامی دڵخوازی خۆی دەست ناکەویٚ. تا سەرەنجام بروسکەیەکی بۆ دەنێرێتو دەستی پاڕانەوەی بۆ درێژ دەکات . لەم سەروبەندەدا، وەڵامێکی سەیرو دڵتەزێنی پێدەگات، کە گوایە ئالبرتینی گەنجو خشیك مردووە. گوایە لە کاتی سواریدا لە ئەسپەکەی خۆی بەردەبێتەوەو دەمو دەست گیانی دەردەچێت.

جا ئێستا چی بکات؟ بگری یا هەڵهەڵەی شادی لێبدات؟ بە خۆیشی بە دروستی نازانێت کە ئایا بە دڵو بە گیان ئەم ژنەی خۆش ویستبوو یان دیلو ئەسیری خەیاڵاتی خۆی بووە. بۆ ئەوەی داوەرییەکی دروستی دەربارەی ماشقەکەی خۆی هەبێت، هەوڵدەدات بکەوێتە تاقیبی رابردووی ئەوو بۆ ئەم مەبەستە، مسیو ئەمەی، سەرۆکی خزمەتکارانی ئوتێلی گرانبەهای بەعلەبەك کە پیاوێکی بە فێڵو دەهۆو پارەپەرستە، هەڵدەبژێرێت. لێکۆڵینەوەکانی ئەو ئەوە دەسەلمێنن کە ئالبرتین، مەیلی هاوڕەگەزبازی هەبووە، بەڵام لەو کاتەدا کە واز لەو دێنیٚ، کەوتووەتە داوی خۆشەویستی پیاوێکی دیکەوەو، لە پێناوی ئەودا لە ماڵی مارسیل هەڵاتووە. جا لێرەدا و لەبەر ئەمە کابرای گەنج هەنجەتی ئەوەی دەست دەکەویٚ تا دوا خەیاڵی ئەو لە دڵی خۆی دەربێنیٚو نەو نەمامی میهرو خۆشەویستی ڕیشەکێش بکات.

ڕۆژێك کە بۆ کات بەسەر بردن بۆ ماڵە بەشکۆو جەلالەکەی میر دوگرمانت دەڕوات، بەوپەڕی سەرسامی مادموزیل ژیلبرت سوئان ئودت سوئانی دایکی لەوێندەر دەبینیٚ، هەڵبەتە بوونی ئەوان لە کۆڕو مەجلیسی ئەشرافی پاریسدا، مایەی سەرسامییە، چونکە ئەوان سەر بە چینی بۆرژوان، بەڵام ئەم حەپەسانەی ئەو زۆر ناخایەنیٚ. تومەز ئودت دوای مردنی مێردەکەی، شووی بە کۆنت دوفورشویل کردووەتەوەو جگە لەوەش ژیلبرت کە سەروەتو سامانێکی مۆڵی پیٚ بڕاوە، مافی ئەوەی هەیە هاتوچۆی کۆڕو مەجلیسی دەوڵەمەندان بکات.

مارسیل لە سەفەری ڤینیسیادا، کە دەگەڵ دایکیدایە، بروسکەیەکی پێدەگات کە ئیمزای ڤڕێکەرەکەی بە دروستی بۆ دیاری ناکرێتو وا تەسەور دەکات کە ئالبرتینە. ئیدی وێنای ناوی ئالبرتین جارێکی دی بەرەو ڕابردووی دەباتەوە. بەڵام زۆری پێناچێت کە بۆی دەردەکەوێت کە ژیلبرت ئەو بروسکەیەی ناردووەو بە نیازە دەگەڵ ئالبیر دوسن لو، دۆستە دێرینەکەی ئەودا زەماوەند بکات.

دوای ماوەیەکی کورت، دوای دیدارێکی پەنهانی، ژیلبرت لەلای مارسیل ئیعتراف دەکات کە هێشتا ئەوی خۆشدەویٚ و هەرگیز نەیتوانیوە ئەشقی دەورانی منداڵیەتی لە بیربکات. بەڵام ئەم ئیعترافە بێهودەیە، چونکە مارسیل، کەمترین سۆزو مەیلی بەرانبەری نەماوە. لە دنیای خۆیدا گیرۆدەو گوم بووەو بە دروستی نازانیٚ چی گەرەکەو لە چ دەگەڕێتو عەوداڵی چییە.

مارسیل پرۆست، لە چیرۆکی دیارنەمانی ئالبرتین دا، لە رووی دەوڵەمەندی بابەتەوە، لە چاو پێنج بەرگەکەی دیکەدا، داویەتیٚ پاش و لە پاشەکشەدایە، بەڵام لە بەرگی حەوتەمدا، ئەم

کێماسییە نامێنێ. لەبەر ئەم کەمو کوورپییەیە کە زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە بەرگی شەشەم، واتە چیرۆکی دیارنەمانی ئالبرتین، تەواوکەری بەرگی پێنجەمە، واتە چیرۆکی زیندانی، ئەگەر چیرۆکنووس بە خۆی لە ژیاندا بوایە هەردوو چیرۆکەکەی لە یەك بەرگدا بلاودەکردەوە. خاڵێکی دیکەش ئەمەیە کە چیرۆکی دیارنەمانی ئالبرتین، بە هەق و بە ناهەق، پڕە لە حەسادەتو بەغیلی و غیرە. دروستە کە نووسەر زیاتر بایەخی بەدیووی دەروونو ناوەوە داوەو کەمتر ئاوڕی لە بێرون داوەتەوە، بەڵام خۆ دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێت کە جوڵاندنو ختوکەدانی سۆزی بەشەری، ناشێت تائەم ڕادەیە بەبێ هۆ بێت. مارسیل حەسوودە ،بەردەوام لە ئاگری خانە گومانی و دڵ پیسیدا دەسووتێتو ئالبرتین هەمیشە نیشانەی توڕەییو نەوازشی ئەوە، بەڵام لە زۆر شوێنیشدا خوێنەر لە خۆی دەپرسێت بۆچی؟ ئەم هەموو غیرەو خانەگومانییە لە پای چی؟

کتێبی حەوتەم کە بە ناونیشانی "دۆزینەوەی ڕۆژگار"ە، دوا بەرگی ئەم ڕۆمانەیەو ئەوەی بەسەر قارەمانەکاندا دێت، ڕێکەوتی دەورانی یەکەم جەنگی جیهانو ئەو ساڵانەیە کە ئەوروپا، نەخاسمە فەرەنسا، لە ئاگری شەڕێکی سووتماکدا دەسووتا. مارسیل، بە ئومێدی چاکبوونەوەو رزگار بوون لە نەخۆشییەکەی لە ئاسایشگادایە، کە شەڕ دەست پێدەکاتو کاتێ، جارێکی دی بۆ پاریس دەگەڕێتەوە دەبینێ هەموو شتێك گۆڕاوەو پایتەختی فەرەنسا بە جۆرێ گۆڕاوە کە ناینا‌سێتەوە. روبر دوسن لو، دۆستە گەنجەکەی ئەو، وەکو قارەمانێك لە شەڕگەدا کوژراوە. مەدام وردورن، بێوەژن کەوتووەو سەروەتو سامانێکی مۆڵی پێبڕاوەو بارون دو شارلو، کەوتووەتە پاراستنو پشتیوانی لە ئەڵمانەکان. لەلایەکەوە ئەم ئەشرافزادە کەچرەوە، بە ڕادەیەك ئالوودەی هەوەسبازی خۆی بووە کە پارە لە دژمنان وەردەگرێتو دەیدات بەلاوان تا بە جەزرەبەی قامچیو زنجیر ئازاری بدەنو سەراپای خڵتانی خوێن بکەن. هیچ کەسێك لە یارانو دۆستانی پێشوو نەماوە، ئەوەشی کە ماوەتەوە، بە ڕادەیەك شێواوەو خەمبارە کە بە زەحمەت دەناسرێتەوە. لە تۆ وایە ئەم جەنگە هەموو خەیاڵێکی شیرینو خەونێکی ئایندەی بەشەری داوە بە یەکاو بۆی ساغکردوونەتەوە کە لەمە بە دواوە، ناشێت متمانە بە ژیان بکرێت. لە پاریسدا تاقە سوارەی مەیدان مەدام وردورنە کە عینوانی دۆتمیر گرمانتی هەڵگرتووەو گەییوەتە پایەیەك کە "ساڵۆن"ەکەی ئەو بووە بە چاوو چرای پایتەختی فەرەنسا. کاتێ کە لێدەبڕێت بچێتە کۆشکە دێرینەکەی گرمانتەوە، بە ڕادەیەك سەرسام دەبێت کە ناتوانێ چاو لە تەمەشای سەردەرو حەسارەکەی بەرانبەر ساختمانەکەو درەختانو گوڵانو ڕاڕەوێن سەڵبەند بگوازێتەوە. هەر هەموو ئەم دیمەنانە دەیخەنە یادی ڕابردووەوە. لە نێو کتێبخانەکەدا، پێش ئەوەی بچێتە هۆڵەکەوە، چاوی بە یەکێك لە کتێبەکانی جورج ساند دەکەوێت کە دایکی ساڵانێك لەوەپێش، کاتێ لە کومبری بوو، بۆی دەخوێندەوە. کاتێ ژیلبرت بانگی دەکاتو بە کیژەکەی خۆی دەناسێنێ، خەمێکی پەنهان دڵی مارسیل دادەخورپێنێ. ئەم دیمەنانە هەر هەموویان عومری رابردوو و ساڵانی بە باچوو وەیاد دێننەوەو نیشانەی ئەم واقیعەن کە ساڵانێکی نزیك بە نیو سەدەی بەسەر بردووەو هیچ خێرێکی لەم تەمەنە لە دەستچووە نەبینیوە. لە ناکاوا گوێی بە دەنگی زەنگێك دەزرینگێتەوە، دەنگێکی وەکو زەنگی ماڵەکەی خۆیان کاتێ کە ئەو منداڵێکی

چکۆله بوو و ئەم زەنگە نیشانەی ئەوە بوو کە مسیو سوئان، میوانەکەی دایکی، لە ماڵ وەدەرکەوتووەو ئیدی دایکەکە دەکەوێتە بیری منداڵە خەمبارو بێدارەکەی کە لە ناو جێگاکەیدا، چاو بە ڕوندك دانیشتووەو چاوەڕوانی ئەو ساتەیە کە ئەو بچێت بەلایەوەو ماچی "شەوباش"ی بکات. جا لەم ژیانە بەسەر چووەدا، بەلای کەمەوە توانیویەتی ڕابردوو گرتە بە گرتە وەیاد بێنێتەوەو جارێکی دی، لاپەڕەکانی ژیانی خۆی هەڵبداتەوە.

مارسیل پرۆست، دوا لاپەڕەکانی کتێبە دوورو درێژەکەی خۆی بەم دێرانە کۆتایی دێنێ:

ئێستا من بە نیازم کە ئەم ڕۆژگارە بە هەڵم بووە، ئەم ساڵە لە دەست چوانە، کە هەڵبەتە لە هەمان کاتدا لە ئێمە جیانین، بە گوێرەی تواناو ئەوەندەی لە توانادا بێ، لە نووسینەکانمدا بەرجەستە بکەمەوە. لەم ساتە دیاریکراوەدا، لەم ماڵەی میر دوگرمانت دا، کە عەزمی من جەزمتر دەکات، دەنگی پێی دایكو باوکم دەژنەوم کە بە مەبەستی بەڕێ کردنی مسیو سوئان بەرەو دەرگای ماڵەکە دەچن و ئەم دەنگدانەوە بەردەوامەی زەنگی دەروازەی باخەکە، شەپۆلدار، لە بڕانەوە نەهاتگ، ئاهەنگین و شیوەن ئاسا، ئاگادارم دەکەنەوە کە سەرەنجام میوانەکە لە ماڵی ئێمە ڕۆیی و تا چەند دەقیقەیەکی دی دایکم دێتە قاتی سەرەوەو، من بەگوێی خۆم گوێم لەو دەنگانە دەبێت کە لە دووری دوورەوە دێن و دەگەنە من، هەرکە بیر دەکەمەوەو ئەو زنجیرە واریقاتەی نێوان ڕۆژانی منداڵیم و تا ئەم ئاهەنگەی ماڵی گرمانت بە بەر چاومدا تێدەپەڕن، ترسم لێدەنیشت کە بە ڕاستی باوەڕ بکەم کە ئەم زەنگە هەمان زەنگەکەی ماڵی خۆمانەو لەم دنیایەدا هیچ کارێکم لە دەست نایەت کە ئەوەی موقەدەر بووە بیگۆڕم، بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی باشتر ببیستم و ئەم ڕازەم خێراتر بۆ هەڵبێت کە بۆچی ئەم زەنگ و دەنگدانەوەیە، بۆ ساتێك لە فەزاو هاماجی ڕوحمدا خامۆش نەبووە، گوێ بۆ قسانی خەڵکانێکی دەمامکدار هەڵدەخەم کە وەکو تارمایی و تاپۆیان بە دەوری مندا دەسوڕێنەوەو من لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، ئەو دەنگە ڕوونتر و باشتر دەناسمەوەو دڵنیا دەبم کە هیچ هۆیەك نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەم دەنگە لە پەستاو بێ پسانەوەیە لە قولایی ڕوحمدا خۆی مەلاس داوە، نەك هەر ئەم دەنگە، بەڵکو لە نێوان ئەو ساتە دوورەو ئەم ساتە نزیکەدا، هەموو تۆماری ژیانی ڕابردووم، بەکراوەیی ماوەتەوەو من لە بوونی ئەو تۆمارە بێ ئاگا بووم و کاتێ کە زەنگی دەروازەی باخەکە لێیدا، من هەبووم و لەو ساتە بە دواوە، لە ژیانی مندا، هیچ هەڵوەستەیەك نەبووەو ساتێك نەبووە کە من بوونم تەرك کردبێت، یا بیرم نەکردبێتەوە، یا لە خۆم غافڵ بووبم، چونکە ئەو ساتەی ڕۆژگارانی دوور هێشتا بە منەوە پەیوەستەو من دەتوانم زندووی بکەمەوەو بە قووڵبوونەوە لە ڕوحی خۆمدا، هەنگاوەکانی خۆمی لە گەڵدا یەکبخەم و ئەم توانایە زادەی ئەوەیە کە ئەو ساتانە، کۆمەڵێك چیرۆکیان لە خۆ گرتووە، چیرۆکی کلۆڵی ئاشق، دەگێڕنەوە، چیرۆکی ئەو شادی و بەختەوەرییەی کە بۆ دڵدارەکانیان ئارەزوویان کردووە دەگێڕنەوە، چیرۆکی ئەشق و قیانی دڵدارەکانیان دەگێڕنەوە، ئەم بیرەوەریانە هەرچەندە بە هۆی دووری ڕۆژگارەوە، نیوەیان سڕدراونەتەوە، بەڵام بۆ ئاشق زۆر بە ئازارە، کاتێ ئەوە وەیاد بێنێتەوە کە چەند غیرەی لەو بوونەوەرە کردووە کە ئەوەندە خۆشی ویستووەو ئەم غیرەو خانە گومانیەی گەیاندووەتە

ئاستێك كە تەنانەت ئامادە بووە، لە نێوی بەرێت. بۆچی وای ویستووە؟ چونکە لە دوای مردن، "زەمان" خۆی لە جەستە جیا دەکاتەوەو ئەم بیرەوەریانە تا ئەو زەمانە زندووە کە جەستەی ماشوق زندووەو کاتیٚ مرد، هەنگیٚ دەچێتە بەدەنی ئاشقەوە تا بۆ ماوەیەك ئەو ئازار بداتو پاشان بیر دەچێتەوە چونکە ئەو ئارەزووەی کە ڕۆژێك ئیلهامبەخشی بوونی ژنێك بوو، ئیدی لەو جەستەیەدا نییە تا نیگابانی ئەو بێت.

لەم مەوداو ڕەهەندە بەربڵاوەدا کە من لە بوونیا ،لە خۆما بیٚ ئاگا بووم، لەو زەمانەدا کە من دەنگی زەنگی دەرگای باخی "کومبری"م ژنەوت – ئەو دەنگدانەوە دوورانەی کە هەمیشە لە مندا، لە بوونی مندا بوو– خاڵێك هەبوو کە من دەمتوانی بە سەرەتای هەڵسەنگاندنی دابنێمو، وەکو ئاماژەم کردیٚ، هەستم بە جۆرە شەکەتیەکی ئاوێتە بەترس دەکرد، کاتیٚ دەمهێنایە بەرچاوی خۆم کە بە درێژایی ئەم دەورانە دوور و درێژە، نەك بە بەردەوامی لە مندا زندوو بوو، لە هەوڵدا بوو و من نائاگایانە هەوڵمدەدا بیشارمەوە، بەڵکو ژیانی من بوو، خودی من بوو و، تا ئەو دەمەی هەناسەم تیا بوو، بەردەوام لە خۆمدا ڕامگرتبوو و ئەو ستوونی پایەداری من بوو و من لە لوتکەکەیدا، بەبیٚ ئەو، توانای کەمترین جوڵەم نەبوو. کاتیٚ تەماشای خوارەوە، تەماشای بەرپێی خۆم دەکرد سەرم بەگێژەوە دەچوو و کاتیٚ لە دڵەوە، لە بەرزییەوە، دەمڕوانییە خۆم، ساڵانی عومری ڕابردووم دەبینی کە ئاوێنەی باڵانمای قۆناغە ڕێگاکانی ژیانی من بوون.

ئێستا تێدەگەییشتم کە بۆچی دۆك دوگرمانت، کاتیٚ لە سەر کورسیەکە دانیشتبوو، ئەوەندەی گەنج دەینواند کە منی دەخستە حیرەتەوە، لە کاتێکدا کە زۆر لە من گەورەتر بوو و کاتیٚ لە جێی خۆی هەڵدەستا، بەپاش و پێشدا دەڕۆیی و لار دەبووەوە، ڕێك وەکو لاقی لەرزۆکی قەشە باشیەکی فەرتووس کە جگە لە خاچەکەی، ئازای بلەرزیٚو کاتیٚ بیەویٚ ڕێبکات، کۆمەڵێك کەشیشی گەنجو بە شنگو تاقەت بە هەشتاو فریای بکەونو یارمەتی بدەنو ئەویش وەکو گەڵایەکی لەرزۆك بجوڵێتو بە دژواری هەنگاو هەڵێنیٚو لەو ترۆپکەی تەمەنی نزیکەی هەشتاو سیٚ ساڵەیدا، وەکو کەسێکی لێبێت کە بەسەر دوو لاقی دارینی درێژەوە وەستابیٚو لە هەمان شوێندا بژیو ئەم لاقانە هەرگیز لە نەشونما نەکەون تا ئەوەی کە لە منارەی کڵێسایان بەرزتر ببنەوەو ڕێکردن ئەوەندە ئەستەمو زەحمەت ببیٚ، کە بە جۆڵەیەك، کابرا بکەوێتو ئیدی لە جێی خۆی نەبزویٚ . من کە لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە کە نەبادا لاقە دارینەکانی منیش گەیی بنە ترۆپکی نەشونمای خۆیان، دەترسام دوای ماوەیەکی کەم، ئیدی توانای ئەوەم نەبیٚ کە خۆم لە سەر ڕابردووان بگرم، ئەو ڕابردووانەی کە لە بەردەممدا کرابوونەوە. بەڵام ئەگەر توانایەکم پیٚ بدرابایە و تەمەن ئەوەندەی مەودا دابام تا ئەو کارەی کە لە ئەستۆمدایە تەواو بکەم، کۆم لەوە نەدەکردەوە کە وەسفی پیاوانێك بکەم – هەرچەندە ئەنجامەکەی ئەوەشی نیشاندابا کە شێوەی دێویان پەیدا کردووە– کە لە داگیرکردنی شوێنێکی شایانی سەرنجدا، کە لە پایەیەکی دیاریکراودا، پێشەنگ و پێشڕەو بن، چونکە هاو زەمان، وەکو دێوانی نقومی ناو ساڵان، ڕۆژگارانێك لە خۆ دەگرن کە یەجگار لە یەکەوە دوورنو بەهۆی هاوبەستەکی بەرە بەرەی ڕۆژانی بیٚ شومارەوە، لە ڕەهەندی زەماندا، لەیەك جیا بوونەتەوە(٣٥).

مارسیل پرۆست، بەم دێرانە کۆتایی بە بیوگرافی گەورەو دوورو درێژی خۆی دێنێتو ئەوەی دەیخاتە بەر دەستی خوێنەر جگە لە وێرانەیەکی ژیان هیچی دیکە نییە، دنیایەك کە هەموو شتێکی بە باچووە: مەحەبەت، دۆستایەتی، ناسیاوی، ئومێدو ئارەزوو، بە هەوڵو تەقەلایەکی بێ وچانەوە کۆشاوە ڕۆژگاری لە دەستچوو و عومری بە باچوو بگەڕێنێتەوە، بەڵام جگە لە خەمو پەژارەو دۆڕان هیچی دیکەی نەچنیوەتەوە.

ناتوانرێت ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، بە بەرهەمێکی "تراجیك" نێو ببرێت، چونکە کارەساتێکی ئەوتۆی تیا نییە کە بوونی ئینسانێکی ژێرو بان کردبێ، بەڵام ناشتوانرێ نکۆڵی لەوەش بکرێت کە ئەم کتێبە بە شێوەیەکی گشتی خەمنامەیەکە، غەمنامەیەك دەربارەی داستانی ژیانی بنیادەمێكو، جا چونکە ژینامەی نووسەرە، دەکرا تا ئەم ڕادەیە، بەم ئەندازەیە ڕەشبینانە نەبوایە بە تایبەتی ئەگەر ئاگری شەڕ هەڵنەگیرسابا، هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی، زۆر گۆڕانکاری هێنایە ئاراوە کە ئاکامەکەی هەموو وێناو تەسەورەکانی نووسەری ئاڵۆزاندووەو هەمان شێوانی ژیان و بە تایبەتی پاشاگەردانی چینایەتی کۆمەڵگە، لە داوەرییەکانی نووسەردا، سەبارەت بە خۆیو خەڵکانی دی، ڕەنگی داوەتەوە.

***

کتێبی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، نووسینی مارسیل پرۆست، چۆن دێتە هەڵسەنگاندن؟ پرۆست چ مەبەستێکی لە نووسینی ئەم ژینامەیە هەبووەو چ کەسانێك لە گەڵاڵە بوونی بیرکردنەوەی ئەودا دەوریان هەبووەو شەریك بوون؟

دانەرانی کتێبی ئەدەبیاتی فەرەنسا لە سەرەتای سەدەی هەڤدەوە تا ئەمڕۆ، لە فەسڵێکی کتێبی ناڤبریدا لە ژێر سەرناڤی چوار مامۆستای تازەدا، دەربارەی پرۆست دەنووسن:

بۆ ئەوەی بزانی مارسیل پرۆست بە چ مەبەست و ئامانجێك کتێبی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچووی داهێناوە دەبێ لە گوتەکەی جون راسکین داو لە کتێبی بەردەنووسەکانی ڤینیسیادا بۆی بگەڕێی. ئەدیبو هونەرناسی ئینگلیزی لە کتێبی ناڤبریدا دەڵێت:

"چاوەڕوانی ئێمە لە هونەر ئەمەیە کە ئەوەی وەکو با لە جوڵە دایە لە جێگای خۆیدا ڕابگرێتو جێگیری بکاتو ئەوەی کە ئاڵۆزو تاریکە ڕوونی بکاتەوە، شتە پەراگەندەکان بداتە دەم یەکەوە و ئەو شتانەی کە مردەنین، نەمرو جاویدان بکات(٣٦)".

دنیای پرۆست، دنیای ڕازو نهێنییە کە بە یارمەتی گوزارشتی هونەری، بیرکردنەوەی بروگسون سەبارەت بە ڕەفز کردنی فەلسەفەی ئەقڵانی و باوەڕی زانستی دەنوێنێتەوە. لەم کتێبەدا گوتیارو گێڕەرەوەی چیرۆکەکە بەرە بەرە فێر دەبێت کە زەمان لە ڕێگای هاندەری نا ئیرادی یادگەوە و پاشان لە ڕێگەی هونەرەوە ڕابگرێت.

وەکو چۆن هێدی هێدی پەیوەندییە پەنهانیە لە یادچووەکان لە ڕێگەی هەندێ بیرەوەری حسییەوە (وەکو خواردنی نانی مادلین بە چایەوە، یا لە ڕێگەی تەمەشاکردنی دارگوێژەوە... هتد) دێنەوە بیری وهەر جارەی نهێنییەکی بۆ کەشف دەبێت، بەو ئاوایە بەشێ لە ڕابردووی لەلا زندوو دەبێتەوە، تەبیعەتی بە سەبری خۆی مکوم دەکاتو سەرەنجام بناغەی داهێنانی

چیرۆکەکەی خۆی ڕۆدەنێت. لەم هەوڵ‌و کۆششەدا، خۆیشی دەخاتە مەیدانی ئاشقێنییەوە "چ وەکو هاو ڕەگەزبازی‌و چ وەکو مێبازی) کە هەوڵدەدات، بە شێوەیەکی جوانی خۆ خەڵەتێنی، کە ئاکامەکەی جگە لە تاڵی‌و پەژارەو غیرەو سەرەنجام ناکامی هیچی دی نییە، خۆ بخاتە بەر وردەبینی شیکردنەوەی دەروونییەوە. وەکو چۆن ئەم تاقیب‌و کەشفکاریانە لە میانەی چیرۆکەکەدا بەردەوام دەبێت، بەو ئاوایەش گەلێ بابەتی دیکە لە خۆ دەگرێت وەکو هونەری ژیان، کۆمەڵگە، خودو هەندێ ڕێبازی ئەمپرسیونیزم‌و سەمبولیزم‌و هەروەها نیگارکێشی و موزیکیش ئاوێتەی یەکدی دەکات. تەنزو کۆمیك، شیعرو نۆڕینی شیکاری لە سەرانسەری بابەتێن چیرۆکەکەدا بە کار دەبرێت تا شا قارەمانەکان جوانتر دەربکەون. لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەمەیە کە پرۆست گەورەیی خۆی لە واری چیرۆکنووسیدا، لە ڕێگای داهێنانی دنیایەکی خەیاڵی‌و سەر بەخۆوە نیشاندەدات کە ئێمە ئامادەین بێ چەندو چوون ڕادەستی موقەدەراتی ئەو دنیایە ببین‌و خۆشحاڵین بەوەی کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەزموونی ڕۆژانەی ئێمە. ئەم تیشك و ڕۆشناییە لە سەر بناغەو بنەمای زمان‌و شێوازو بەسیرەت. پرۆست‌و جیدو هەروەها پول ڤالیری لە واری شیکردنەوەی هوشیاری و هەستاریی هونەریدا، خاوەنی بەهرەی نائاسایین. ئیدی ئەم بەهرەو توانایانە بە ناچاری شێوەی جیاوازیان لە خۆ گرتووە. هەر چەندە پرۆست لە تەمەنی ناڤساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام بەرهەمەکانی پیاوێکمان پێ نیشان دەدەن کە پێش کامڵ بوون، گەییوەتە پیری‌و ئەم کەسە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕابردووەکانی خۆی لە نوێ زندوو بکاتەوەو سەر لە نوێ بکەوێتە ڕاڤەو شرۆڤەیان(٣٧).

بۆ درك کردن‌و کەشفی نووسینەکانی پرۆست، پێویستە ئەم خاڵە گرینگە ڕەچاو بکرێت کە ئەم چیرۆکنووسە زۆر ئاڵۆز و گۆنگ دەنووسێت، لە سەرانسەری هەر حەوت بەرگەکەی ئەم بەرهەمەیەوە، ئەوە دیارە کە کەمترین بایەخ بە شێوازی نووسین نادات، کەمترین هەوڵنادات کە ڕستەێن کورت‌و قابیلی فام بنووسێت. هەندێجار کە دەست بە ڕستەیەك دەکات، بە جۆرێ بەتانیدا دەچێت‌و درێژەی دەداتێ کە هەموو لاپەڕەکە ڕەش دەکاتەوەو هێشتا نە گەییوەتە کۆتایی ڕستەکە، دەربارەی ڕێڕەوی فیکریش ڕێبازێکی دیاری نییە. هزرو بیری، لە تۆ وایە بێ ئامانج سەرگەردانەو لە شوێنێك جێگیر نابێت. کاتێ بابەتێکی باش‌و شایەنی نووسینی بەزەیندا دێت، بە چەند ئاراستەیەکدا دەجووڵێت تا سەرەنجام لە سەر ئەو بابەتە بگیرسێتەوەو کاتێکی بۆ تەرخان بکات، هەنگێ چەندین لاپەڕە بە شەرح‌و شرۆڤەی ئەو بابەتەوە ڕەش دەکاتەوە، تا باڵندەی فیکری جارێکی دی بگاتە هەوای خۆی‌و ئیدی لەسەر بیرەوەرییەکی دی یا بابەتێکی دیکە بنیشێتەوە.

گەلێك لە گەورە نووسەران دەربارەی پرۆست و کتێبەکەی گوتوویانە کە ئەگەر نەمردباو چەند ساڵێك لە دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی مابایە، بێگومان دەستکاری نووسینەکانی خۆی دەکردو بەلای کەمەوە ئەو حەوت بەرگەی دەکرد بە پێنج بەرگ و لە ئەنجامدا خوێنەر بە زەحمەتێکی کەمتر نووسینەکەی تا کۆتایی دەخوێندەوەو ئەم کارە هیچ ئاسیوێکی بە بەرهەمەکەی نەدەگەیاند. دنیس سورا، لە کتێبی ئەدەبیاتی نوێی فەرەنسادا باوەڕی وایە کە

نەخۆشی درێژدادڕی و زیادنووسی، لە نیوەی سەدەی هەژدەوە، بەرۆکی چیرۆکنووسانی فەرەنسای گرتبوو. ئەم دیاردەیە بە ئەندازەیەك بوو کە دەشێت دەربارەی هەندێ لە چیرۆکنووسەکان بگوترێ کە تەنیا لە سەدا دەی بابەتەکانیان جوانەو بە کەڵك دێن و باقیەکەی هەر هەمووی وڕینەیە. ڤیکتۆر هۆگۆی قارەمانی ئەدەبی فەرەنسی لەم عەیب و کێماسیە بە دەرنییە. خۆ ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی ئەو، بێنەوایان، پڕە لە بابەتی زیادەو درێژدادڕی کە ئەگەر کوێر بکرابانەوە، هیچ ئاسیوێکی بە ڕۆمانەکە نەدەگەیاند. لە گینە هەلومەرجی خوێنەران، لەو ساڵانەی سەدەی هەژدەو نۆزدەدا، وای خواستبێ کە چیرۆکنووسان، ڕێچکەو ڕێبازی حیکایەت خوانان بگرنە بەرو خۆ لە دەربڕینی شتە ئاساییەکان و دووبارەکردنەوەی بابەتە سواوەکان نەپارێزن.

به هەرحاڵ پرۆست نووسەرێکی گەورەیە کە شێوازێکی نوێی هێناوەتە ناو ئەدەبی فەرەنساوەو کۆمەڵێك هزرڤان و نووسەری بە دووی خۆیدا ڕاکێشاوە. دەشێت پرۆست بە ئینسایکلوپیدیایەکی فیکری مودێرن لە قەڵەم بدرێت، کە لەم ئینسایکلوپیدیایەدا، هەموو شتەکان بە دەوری یەك کەسدا دەسوڕێتەوە، ئەو کەسەش خودی پرۆستە. ئەم کتێبە بە هیچ کلۆجێ لە بەرهەمێن کلاسیك یا ڕۆمانتیکی پێشووی فەرەنسا ناچێت. لە بەرهەمێن کلاسیکدا "خود" هیچ دەورێکی نییەو نابێ دەربکەوێت. لە بەرهەمێن رۆمانتیکیدا "خود" بە زۆری خودایە کە لە کلێشەی چیرۆکنووسدا دەرکەوتووەو ئەشقی ئەو، ئەشقێکی ئاسمانی و خواییە. بەڵام لە ڕۆمانەکەی پرۆستدا، هەموو شتێك "خود"ەو ئەم "خود"ەش هەرگیز سیمای خوایی نییە.

نووسەر، لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، بەردەوام چینە لە ڕوحی خۆی دەکات. روح چییە؟ بە گوتەی دیکارت روح جەوهەری ئەقڵەو بە گوتەی لامارتین، ماهیەتی روح، شەوق و جۆشەو ئەم شەوق و جۆشەش ئەشقە. لێرەدا جیاوازی نێوان ئەهلی لوژێك لەلایەك و پەیڕەوانی ڕۆمانتیزم لەلایەکی دیکەوە ئاشکرا دەبێت. بەڵام گوتاری پرۆست بە تەواوەتی لەم دوو گروپە جیایە. ئەو دەڵێت: "ئەمە خەیاڵی خاوە کە وا تەسەور بکەین هەر ئینسانێك خاوەنی یەك ڕوحە. هەر ئینسانێك خاوەنی چەندین ڕوحە کە هەندێکیان زۆر لاوازو کاتین، ئێوە دەڵێن روح، جەوهەری ئەقڵە؟ ئەوزارێکە کە تەنیا خەتاو خەیاڵاتی پوچ و بێ بنج و بناوان دروست دەکات. ئەوەی هەمیشە هەڵە دەکات و دەکاتە کارێك کە حەقیقەت بە پێچەوانەی ئەوەوە کە هەیە بێتە دیتن، هۆش یا ئەقڵ یا ئیدراکە. ئەشق چییە؟ ئەشقیش جۆرە خەیاڵێکە کە لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنان و بەردەوامبوونەوە، لە زەینی ئێمەدا پەروەردە وگەورە دەبێت، ئەشق لە ڕاستیا زادەی خەیاڵی ئێمەیە. بەڵام ئەوەی کە حەقیقەتی هەیەو جێگای هیچ گومان و دوو دڵییەك نییە، هەستی ئێمەیە، ئەوەی هەستی پێدەکەین، تەنیا لە دەروون و ناخی ئێمەدا هەیەو هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئێمەو جیهانی دەرەوەدا بەرقەرار ناکات. هەڵبەتە لە پشت ئەم هەستەوە، هەستێکی دیکە هەیە کە لە هەر هەموو ئەمانە حەقیقی ترەو ئەویش هەستی سێکسییە."

له نۆڕینی پرۆستەوە، سەرچاوەی بوون، جگە لە هەوڵی ئینسان بۆ گەییشتن بە لەزەتی سێکسی هیچی دیکە نییە. هەڵبەتە هەندێ حاڵەتیش دێتە پێشێ کە لە نێو ئاشووبی ئەم مەیلانەوە، سەرنجی مرۆڤ دەکەوێتە سەر شتێکی دیکە کە ئەویش ئەبەدییەتە. دەڵێت ئەگەر کەسێك وەکو من بکەوێتە سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، بۆی دەردەکەوێت کە بە درێژایی تەمەنی، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، عەوداڵی ئەبەدییەت بووە.

پرۆست، لەم خاڵەدا، دەگەڵ مالارمیەدا یەك دەگرێتەوە. ئەم شاعیرو ئەدیب و دامەزرێنەرەی ڕێبازی سەمبولیزمە، لە تێکڕای بەرهەمەکانیدا، عەوداڵی ئەبەدیەت بووەو نەیگەیوەتێ، بەڵام بە گوتەی گەلێك لە ڕەخنەگران، پرۆست پێی گەییوە (ئەبەدیەت).

مامۆستایانی پرۆست کێ بوون و پرۆست لە ژێر کاریگەری بەرهەمی کیهەیاندا بووە؟ ئەم خەڵکانە سەر بە چ گرووپە نووسەرێکن؟

پێش هەموو شتێك دەبێ نێوی دوان لە نێودارانی ڕێبازی نیو کلاسیزمی فەرەنسا، لە سەدەی هەڤدەیەمدا ببرێت:

ئەم دوانە، یەکێکیان، دۆك دوسن سیمونی (١٦٧٥- ١٧٥٥)، ئەدیب و نووسەری دەرباری لویسی چواردەیەمە کە کتێبەکەی "بیرەوەری" ئەو، سەرچاوەی ئیلهام و سەرۆی پرۆست بووەو، ئەویتریان مارکیز دوماری دو رابوتن شانتال سوینیە، کە نووسەرێکی سەدەی هەڤدەیەمی فەرەنسایەو کۆی نامەکانی، بە یەکێك لە بەرهەمە ئەدەبییە بەهادارەکانی فەرەنسا دێتە ژماردن و پرۆست، شێوازی تەنزو تەشەر لەوەوە فێر بووە.

لە ڕۆمانی مەزنی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، ستایلی هەموو جۆرە ڕێبازە ئەدەبییەکان بەدی دەکرێت، لەوانە ڕێبازی ڕۆمانتزیزم. یەکێك لە پێشەنگانی ڕێبازی رۆمانتزیزم، کە کاریگەرییەکی بەرچاوو ئاشکرای بە سەر بەرهەمەکەی پرۆستەوە هەیە، فرانسوا رینیە دو شاتوبریانە (١٧٦٨- ١٨٤٨) کە کتێبی "یادگارییەکانی ئەو دیوی گۆڕی" ئەو ژینامەی نووسەری لە دەورانی منداڵییەوە تا ئەو کاتەی پێی ناوەتە ناوەندی داهێنەرانی هونەرەوە. هەڵبەتە پرۆست ئەم کتێبەی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی خوێندووەتەوەو، لەبەر خاتری ئەم بەرهەمە ڕێزو حورمەتی زۆری ئەم مامۆستایەی گرتووە.

مامۆستایەکی دیکەی سەر بەم ڕێبازە، کە پرۆست زۆر لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی ئەودا بووە، جیراردو نرڤالە (١٨٠٨- ١٨٥٥) کە لە سەدەی نۆزدەدا ژیاوەو لە ئەدەبی فەرەنسادا، بە تایبەتی لە نێو پەیڕەوانی سەمبولیزم و سوورریالیزمدا ناسراو بووە. یەکێك لە بەیتە شیعرییەکانی ئەو بە نێوی کیژانی ئاگر، کە لە ساڵی ١٨٥٤دا بڵاوبووەتەوە، مایەی سەرنجی پرۆست بووەو بە شێکی ژینامەکەی خۆی لە بەیتێکی ئەم کتێبەوە کە لە ژێر سەرناڤی سیلوڤی دایە، هەڵێنجاوە.

لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، سێبەری ڕێبازێن ڕیالیزم و ناچرالیزمیش بەدی دەکرێت . گوستاف فلوبێر، شارل ئوگوستین سن پیڤ و هیپولیت تن، لە جوملەی ئەو چیرۆکنووسانەن کە پرۆست لە کاریگەریی هزرین و ستایلی بەرهەمەکانیان نە خەلەسیوە، بە

تایبەتی ڕۆمانی مەدام بوڤاری، کە بە زەقی کاریگەریی شێوازی ریالیستی بە سەر قەڵەمی پرۆستەوە دیارە.

لە ڕێبازی ناتورالیزمدا، ئەو مامۆستایانەی کە ڕێڕەوی بیرکردنەوەیان بە نووسینەکانی پرۆستەوە دیارە، بریتین لە: ئونوره دو بالزاك‌و ئەمیل زولا. مەسەلەی بۆ ماوەیی و کاریگەریی ژینگە لە دروست بوونی ئینساندا، لەو بابەتانەن کە پرۆست لەم دوو نووسەرەوە فێریان بووەو دەتوانرێ بگوترێ کە کۆ بەرهەمی کتێبی کۆمیدیای مرۆڤانی، نووسینی بالزاك‌و خانەدان‌و بنەماڵەی روگون ماکار، نووسینی زولا، مایەی دڵبەندی‌و ستایشی پرۆست بوون‌و لە کاریگەرییان بە دەر نەبووە. چیرۆکی دەربارەی ماڵی گرمانت، نووسینی پرۆست، بەزەقی لە ژێر کاریگەری قارەمانی رۆمانی نانادا بووە. فیودور دوستویفسکی-ش بۆ پرۆست مودیلێك بووە. ئەم چیرۆکنووسەی رووس، بە نووسینی دوو ڕۆمانە بە نێوبانگەکەی خۆی: برایانی کارامازۆف و تاوان‌و سزا(٣٨)، ڕێگای خۆی لە چیرۆکنووسانی دیکەی دنیا جیا کردەوەو لە جیاتی بێرونڕوانی، دەروونبینی کرد بە پیشە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی ئەو، پرۆستی ناچارکرد، ڕوو بکاتە دنیای ئاڵۆزو گۆنگی ناخ‌و دەروونی بەشەرو شێوەی "شیکاری دەروونی" فرۆید بگرێتەبەر.

لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، شێوازو ستایلی سەمبولیستەکانیش بەدی دەکرێت، ئاگاداری پرۆست لە هزرو هزرینی عەمانوئیل کانت کە لە ئەدەبی فەرەنسیدا، یەکەمجار لەلایەن شارل بودلیرو ئارتور ڕامبۆوە بەکار براوە، کردیە کارێك کە پرۆست لە کاریگەری ڕێبازی سەمبولیزمیش بەدوور نەبێت. سەمبولیزم وقوتابخانەو ڕێبازی بەکاربردنی زمانی ڕەمزی‌و میتافۆری هەردوو شاعیر، واتە بۆدلێرو ڕامبۆ لە شیعرەکانی خۆدا، هەوڵیان داوە بیری خۆیان دەربارەی "حەقیقەت"و "لێکدانی رابردوو و ئێستا بۆ دەرکی "حەقیقەت"و "بەسیرەت‌و جیهانبینی کە پێویستی بە بیرکردنەوە نییە"و "رۆڵی هەست یا ویژدانی باتین" کە هەر هەمووی لە بیرو هزرە فەلسەفیەکانی کانتە، بە زمانی ڕەمزو خواستن "استعارە" دەربڕن. لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی پرۆست دەریدەخات کە ئەم دێڕانەی بۆدلێر، لە زۆر بەشی رۆمانەکەیدا، بەرجەستە بووە:

بۆنەکان، ڕەنگ‌و دەنگەکان، بانگمان دەکەن

ئەمە بۆنی تازەی پێستی نەوزایە.

روحی نەوزا وەکو شنەی بێستان، سەوز وەکو مێرگواز

کۆ شیعرەکەی بۆدلێر "گوڵێن شەڕ" بریتییە لە ئاوات‌و ئارەزووی شاعیر بۆ گەییشتن بە "کەماڵی ئایدیال" لە هونەرو ڤیاندا. ئەم هەوڵ‌و تەقەلایە بۆ ئەوەیە کە شێتانی ماخولیایی خۆی بسڕێتەوەو پرۆست، پێش ئەوەی کلیلی دۆزینەوەو کەشفی بیرەوەری‌و یادگارییەکانی رابردووی خۆی بدۆزێتەوەو بەوە خۆی مژوول بکات کە بە نێو دنیای پێشینی خۆی بکەوێت، دیل‌و ئەسیری هەمان خەیاڵات بووە. هەروەها کۆ شیعری "بەلەمی مەست"ی ڕامبۆش هەمان کاریگەریی بەسەر پرۆستەوە هەبووە.

له ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەدا، له فەرەنسادا کتێبێك بڵاوبووەوە کە دەتوانرێ بگوترێ ئەم کتێبە بەتەنیا ڕێڕەوی بیری پرۆستی گۆڕی. ئەم کتێبە بە ناونیشانی زەمان‌و ویستی ئازاد بوو، نووسەرەکەی فەیلەسووفێکی گەنج بوو بە نێوی هنری برگسون (١٨٥٩- ١٩٤١)، پرۆست خودانی ئەم بەرهەمەی نەدەناسی، لێ کتێبەکەی خوێندبووەوە. پرۆست، لە ساڵی ١٨٩١دا، نزیکەی دوو ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی کتێبە فەلسەفیەکەی برگسون، چووە کۆلیجی زانستە سیاسییەکان لە زانستگەی سور بون‌و لەم ژینگەی خوێندنەدا بوو کە بە دیداری هزرڤانی گەورەی فەرەنسی شاد بوو. ئەنجامی ئەم دۆستایەتی‌و ناسیاویە ئەمە بوو کە بنەمای ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچووی، لەسەر بناغەی تیۆری‌و گریمانەکانی برگسون دامەزراند: تێپەڕبوونی زەمان، ڕەوتی هەمیشەیی و گۆڕان پەزێری بەشەر، دۆزینەوەی هەستی ویژدانی نا ئاگا، بەدەستهێنانەوەی نا ئیرادی یادگارییانی ڕابردوو لە ڕێگای تەداعییەوەو گێڕانەوەی تەمەن لە ڕێگای داهێنانی هونەرییەوە، بەمجۆرە دەتوانرێ بگوترێ کە برگسون، بەزەبری بیرێن فەلسەڤی خۆی، بوو بە دروستکەری پیاوێك کە لە ماوەیەکی کورتدا، چووە ریزی ناوە نەمرەکانی ئەدەبی فەرەنساوە.

مارسیل پرۆست، چ خزمەتێکی جیهانی بەشەرییەتی کردووەو ئەنجامی ئەم کتێبە مەزنە چ بووە؟ دوروتی بروستەرو جون ئانگوس بارل، مامۆستایانی زانستگەی کولومبیا، لە کتێبی چیرۆکی دنیای مودریندا، بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە:

ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری نوێ، لە سەرەتاوە هەمان ڕۆڵ دەبینێ کە کتێبە مەزنەکانی دنیا دەیبینن، یانی زانیاری خوێنەر سەبارەت بە جیهانی بێرونی زیاد دەکات. ئەم کتێبە بە تەنزە کۆمەڵایەتییە بێ وێنەکانی خۆی بە کۆمەڵگەیەکمان ئاشنا دەکات کە لەو کۆمەڵگەیەدا خەڵکی لووتبەرزو فڕناخ‌و لە خۆ ڕازی هەن‌و هەم هەلپەرستانی پیلانگێڕ هەن‌و لە هەمان کاتدا ئاشنای کەلتووری کۆمەڵگەیەك دەبین کە هەم ڕێگای کەماڵ دەبڕن‌و هەم ڕێگای زەواڵ. ئەمە ئاشنا بوونە بە دنیای دەرەوە، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی‌و بنەڕەتی ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، ئاشناکردنی ئێمەمانانە بە دنیای ناوەوە. ئەم کتێبە ئێمە بە خۆمان دەناسێنێ. بە دەگمەن خوێنەرێك پەیدا دەبێت کە دوای خوێندنەوەیەکی وردو گەشتێکی قووڵ بە نێوەڕۆکی کتێبەکەدا، ڕابردووی خۆی وەبیر نەیاتەوەو ئەو ئەوزارە وردو نادیارانە کەشف نەکات کە لە ڕێگایانەوە، دەروونی خۆی کەشف نەکات. پرۆست گەیبە ئەو ساتە ئاوارتەو ریزپەڕانە کە بۆ ئەو بایەخی یەجگار گەورەیان هەبوو. هەر نەبێ توانیویەتی کە ئەم ساتانە بهونەرێنێ و لە قاڵبی هونەردا زندوویان بکاتەوەو نەمرییان پێببەخشێت. زۆر کەس هەن کە ئەو ساتانەیان هەبووە، لێ چونکە توانای هونەریی پرۆستیان نەبووە، نەیانتوانیوە بەرجەستەی بکەن. هارولد مارش، ڕەخنەگری هاوچەرخی ئەمریکایی لە کتێبی هونەرمەند لە کڵێشەی بینەردا، ئەم خاڵەی باسکردووە. ئەو دەڵێت:

هەندێ سات هەیە کە پەردە لادەچێت، کەسێکی ئاسایی ڕەنگە جگە لە دیمەنێك، ئاسۆیەك، چاوئەندازێك یا شارێك یا شەقامێك هیچی دی نەبینێ، بەڵام هونەرمەند، لەو ساتەدا ژیان

دەبینیّ، ژاوە ژاو و جمو جۆڵو بزوتنو روناکی و بە کورتیەکەی چەمكو مانا دەبینیّ. ئیدی ئەم ساتانە رەمزی بن، تاپۆو تارمایی ئاسابن، یا لە شێوەی ئیلهام وسەرۆدا بن، تەنیا نووسەرە، کە ئەو جۆرە بەهرەو بلیمەتیەی تیایە کە بتوانیّ ئەو ساتانە بە وردی و وەکو چۆن هەن بخاتە سەر کاغەز، بە گوتەی هنری جیمز، قووڵترین چۆنیەتی هەر کارێکی هونەری، پەیوەندی بە مێشکی ئەو هونەرمەندەوە هەیە، کە ئەو کارە هونەرییەی هێناوەتە ئاراوە، لە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوودا، ڕۆمانەکە دەمانباتە خەڵوەتسەرای دڵی شەخسیەتێکی سەیرو ناوازەوە، نووسەرێك کە نووسینەکانی لە هەموو نووسەرەکانی دی جیاوازە، بە هاکان، ئایدیالەکان بە جۆرێکی دی دەبینیّ، هەندیّ لە جیلوەکانی ئەم دنیایەمان نیشاندەدات کە بەر لەو هیچ کەسێکی دی نەیتوانیوە بەم شێوەیە نیشانی بدات.

تایبەتمەندی خوو وخدەو مەشرەبی پرۆست و شێوەی بیرکردنەوەی بە جۆریّ لەم کتێبەدا ڕەنگی داوەتەوە کە پێویستە کتێبەکە بەو پەڕی وردی بخوێنرێتەوەو بەوپەڕی هوشیاری و وردی پەیگیری و چاودێری قارەمانەکان بکرێت. کردارو خەیاڵی پرۆست بەرانبەر بەو شتەی کە هەستی پێکردووەو دیتویەتی، وەکو ئیلهامو سەرۆ نەگێڕدراوەتەوە، بەڵکو لە خودی ئەودا زندوو بووەتەوەو ئەوسا لە شاکارەکەی خۆیدا نەخشاندوونی(٣٩).

مارسیل پرۆست، جوولەکە زادەیەکی مەسیحی بوو، ژیانی ڕابردووی ئەو، ئەوە نیشاندەدات کە لە هەموو شوێنێکدا سەروکاری دەگەڵ مەسیحیەتدا هەبووەو بەڵام سەیر ئەمەیە کە خودا هەرگیز لە دنیای ئەودا نەبووەو لە هیچ فەسڵێکی کتێبەکەی ئەودا بە ئاستەمیش دەرنەکەوتووە مەگەر لە خەیاڵی خۆدا تەسەورو وێنای ئەوە بکەین، پرۆست لە هەر شوێنیّ سەرو کاری دەگەڵ ئیستاتیکاو هونەردا هەبووبیّ، خوداش لەو شوێنەدا هەبووە. دەبیّ هۆی ئەم دوورییەی نووسەر لە خوا چی بووبیّ؟ ئەوەی لە خوێندنەوەی ژینامەکەیەوە دەست دەکەویّ تەنیا ئەمەیە کە مەزەبو مەسەلەێن ئۆلیو ئاینی لە ماڵباتی پرۆستدا نەبووەو هۆیەکەشی ئەمە بووە کە دایکی جوولەکە بووەو بابی مەسیحی، ئیدی ئەمانە وا ڕێکەوتوون کە هەرگیز گەنگەشەو گفتوگۆی ئاینی لە ماڵەوە نەکەن. لە نووسینەکانی پرۆستدا، هەندیّ شوێنەواری بودایی، بە تایبەتی نیرڤانا، بەدی دەکرێتو، جۆرە نەشەو جەزمەیەك کە لە ڕێگای خۆ ئازار دانو یا مەرگی ئیرادی بەر لە مەرگی ئاسایی، بەرۆکی گرتووە، کە ئەمە نیشانەی بایەخدانی ئەو بووە بە نیرڤانا.

جا ئەم جۆرە هزرینە و لەمەش گرینگتر، ڕەهایی بیرو هزرین لە شێوەی هزرینی زەمانو بەکاربردنی ڕەوتی شەپۆلی هۆش لە نووسینداو لەمەش زیاتر ناسینی بەشەر لە ڕێگای دەروونییەوە نەك لە ڕێگای ڕواڵەتو بێرونییەوە، کردیە کارێك گەلێك لە نووسەرانی سەردەم، ڕووبکەنە ئەوو لە کاری چیرۆکنووسیدا ڕاستەوخۆ چاو لەو بکەنو لاسایی بکەنەوە. لە نێو ئەو نووسەرانەدا کە چاویان لەو کردووە دەکرێت ناوی ئەمانە ببرێت: ئاندریّ جید و کتێبی سکەسازان، جاك دولا کرتلو کتێبی سیلبرمان، ڤیرجینیا ولف و کتێبی شەپۆلانو، ئانتونی پاولو کتێبی موزیکی زەمان(٤٠).

سەرچاوەو پەراوێزان:

١- بڕوانە ئینسایکلوپیدیای بەریتانیکا، ماکروپیدیا، بەرگی ١٥، ل ١٣١.

٢- دەربارەی ژمارەی بەرگەکان، کە لە یەکەم چاپدا، بە زمانی فەرەنسی بڵاو بوونەتەوە، ڕای جیاواز هەیە. هەندێك بە پازدە بەرگ و هەندێك بە شازدە و هەندێك بە هەڤدە بەرگیان داناوە.

٣- پاچڤەوانی زمانی ئینگلیزی، چارلز کینت سکووت مانکریف، بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە (لە بەرگی یەکەمەوە تا شەشەم) ناوی خۆی لە نێو ئەدەبدۆستانی ئینگلیزی زماندا جاویدان کرد. هەندێك لە مامۆستایانی زمان، پاچڤەکەی ئەو بە پەڕجوو دەزانن و باوەڕیان وایە لە وەرگێڕانی بەرهەمەکەی پرۆستدا پەڕجووی نواندووە. ئەم ستایشە بەو ڕادەیەیە کە هەندێك لە ڕەخنەگرەکان باوەڕیان وایە کە وەرگێڕی ئینگلیزی بەو پاچڤەکارامەیەی خۆی مەوداو ڕەهەندێکی زیاتری بە کتێبەکە بەخشیوە. پرۆست لە کاتی بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەمدا (١٩٢٣) لە ژیاندا نەما بوو، بەڵام چەند مانگێك لەوە پێش، لە پاشکۆیەکی ئەدەبی ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنیدا، بابەتێکی دەربارەی پاچڤەی کتێبەکەی خۆی خوێندبووەوەو بەڵام چونکە شارەزایی تەواوی زمانی ئینگلیزی نەبوو، ئەو عینوانەی کە پاچڤەوان بۆ کتێبەکەی ئەوی هەڵبژاردبوو بەگەن نەکردبوو و قەناعەتی وا بوو دەبێ پاچڤەی عینوانەکە، دەقاو دەق و دەربڕی بیرەکەی ئەو بێت. لە کاتێکا سکوت مانکریف، بە هەڵبژاردنی ئەم عینوانە، ئەوپەڕی خۆش زەوقی نواند بوو و بایەخی بەرهەمەکەی پرۆستی بەرزکردبووەوە. عینوانەکە لە شیعرێکی ویلیام شەکسپیرەوە هەڵێنجرا بوو.... (غەزەلی ژمارە ٣٠ شەکسپیر).

٤- دەربارەی ئەم کتێبەو بەرهەمەکانی دیکەی پرۆست بڕوانە لاپەڕەکانی دواتری هەمان وتار.

٥- برایانی کارامازوف، بە دوورو درێژی لە بەرگی یەکەمی سیری در بزرگترین کتابهای جهان، شەرح و شرۆڤە کراوە.

٦- سەبارەت بە تاوان و سزا، نووسینی دوستویفسکی، بڕوانە بەرگی دووەمی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧- لە کتێبە هەڤدە بەرگییەکەی پرۆستدا، چیرۆکنووس لە بیست و دوو شوێندا، دەکەوێتە یادی ڕابردوو و یادگاریانی کۆن و سەر لە نوێ لە زەینی خۆدا دەژێنێتەوە. هەندێ لەم شوێنانە بریتین لە تەمەشای منارەی کڵێسا لە مارتین ویل (بەرگی یەکەم) دەرختانی گۆیژ لە بەعلەبەك (بەرگی دووەم) دەنگی غەرغەرەی لوولەی دەزگای گەرمی ناوەندی لە دن سیر (بەرگی دووەم) کردنەوەی دوگمەکانی پوتەکەی لە گراندهوتێلی بەعلەبەك (بەرگی چوارەم" بۆنی بەنزین (بەرگی چوارەم" دەنگی تێپەڕینی قیتار لە گوندا (بەرگی شەشەم" جادەکانی نزیکی کۆشکی گرمانت "بەرگی حەوتەم".... هتد.

٨- بڕوانە بەریتانیکا، بەرگی ١٥، ل ١٣١- ١٣٢.

٩- بڕوانە دەقە ئینگلیزییەکە، ل ١٠٠- ١٠١.

١٠- پول شارل جوزیف بورجیە (١٨٥٢- ١٩٣٥) چیرۆکنووس و ڕەخنەگری فەرەنسی کە لە چیرۆکێن دڵداری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە ڕوویکردە محافەزەکاری سیاسی و مەزەبی (کاتولیزم) و بە داهێنانی چیرۆکێن وەکو موریدو دیوی نیوەڕۆو هەروەها کتێبانی لێکۆڵینەوەو وێنان، نەمری بۆ خۆی وەدەست هێنا.

١١- هنری باربوس (١٨٥٢- ١٩٣٥)یەکێکە لە چیرۆکنووسەکانی فەرەنساو کەسێکی سوسیال مەشرەبی بەنێوبانگ بووە، چیرۆکێکی بەنێوبانگی هەیە بە نێوی ئاگر، کە وێنەیەکی ترسناکە دەربارەی جەنگ و خوێنڕێژی. هەندێ لە بەرهەمەکانی دیکەی بریتین لە دۆزەخ(١٩١٨)و زنجیر (١٩٢٧)

١٢- بڕوانە دەقە ئینگلیزیەکە، ل ١١٦- ١١٧.

١٣- بڕوانە دەقە ئینگلیزیەکە، ل ١٤٢- ١٤٣.

١٤- بڕوانە دەقە ئینگلیزیەکە، ل ٤٣٣- ٤٣٤.

١٥- بڕوانە دەقە ئینگلیزییەکە، بەرگی یەکەم، ل ٨١٦.

١٦- پرۆست بۆ بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەم، رووی لە چەند وەشانکارێك نا، بەڵام بەرهەمەکەیان قەبووڵ نەکرد. وەشانکارەکان کتێبەکەیان بە ناباو دەزانی و قەناعەتیان وابوو کە فرۆشی نابێت. ئیدی پرۆست ناچار بوو بە پارەی خۆی، بەرگی یەکەم لە ژێر سەرناڤی دەربارەی ماڵی سوئان بڵاوبکاتەوە. هەڵگیرسانی یەکەم شەڕی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤دا، هەموو شتێکی شێواندو ئیدی کەس لە خەمی بڵاوکردنەوەی کتێبدا نەبوو. ئەم سەردەمەو دەورانە دەرفەتی بۆ نووسەر ڕەخساند کە چاوێك بە کتێبەکەی خۆیدا بخشێنێتەوەو هەندێ دەسکاری بکات. ئیدی ئاکامی ئەم پێداچوونەوەیە ئەوە بوو کە ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، لە جیاتی هەزارو دوو سەد لاپەڕە، بە چوار هەزار لاپەڕە ئامادەی چاپ بوو. بە هەرحاڵ ئەم پێدا چوونەوەو دەستکاری و گۆڕینە تا دوا دەمی ژیانی هەر بەردەوام بوو.

١٧- بڕوانە دەقی ئینگلیزی دەربارەی ماڵی سوئان، ل ٣٦.

١٨- دەڵێن کە پرۆست هێندە لە دەنگ و ژاوە ژاو وەڕزو بێزار بوو کە دیواری ماڵەکەی خۆی لە بولڤاری هۆسمان بە تەپەدۆر گرتبوو تا دەنگ نەیەتە ژوورەوە. پەنجەرەکانی ژوورەکەی هەرگیز نەدەکرانەوەو بۆ ئەوەی بۆنی خواردن لە ماڵەکەیدا بڵاونەبێتەوە، دەگەڵ رستورانەکەی هوتیل ریتسدا کە زۆر لە ماڵەکەیەوە دوور نەبوو رێکەوتبوو، تا شێوو نیوەڕۆژەی بۆ ئامادە بکات. هەندێجار کە لە تەنیایی و قورسی کاردا، تەواو شەکەت و بێزار دەبوو، لە ژوورەکەی دەهاتە دەرێ و بە جادەکاندا ڕاوێچکەو پیاسەی دەکرد. هەڵبەتە ئەم دەرچوونانەی زیاتر بە شەو بوو کە بێدەنگی و ئارامی باڵی بەسەر جادەو شەقامەکاندا دەکێشا.

١٩-سلست ئالبارت، کارەکەرەکەی پرۆست کە لە دوا دە ساڵی کۆتایی ژیانی چیرۆکنووسدا لە ماڵی ئەو بووە، کتێبێکی دەربارەی ئاغای نووسیوە بە ناونیشانی ئاغای پرۆست، کە لە هەندێ رووەوە مایەی سەرنج و وردبوونەوەیە. ئەم کارەکەرە هەوڵیداوە لەم کتێبەدا وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی نهێنی نووسەر بکێشێت و لەم وێنەیەدا چەند حەقیقەت و ڕاستیەك بسەلمێنێ، یەکێك لەوانە ئەمەیە کە چۆن پرۆست هەموو شتێکی خۆی فیدای کتێبەکەی کردووەو چۆن وەکو مۆمێکی لە حاڵی گیانەڵلادا، لە سووچێکی خەوگایەکەیدا ژیانی لە خۆ حەرام کردووە تا بەرهەمەکەی تەواو بکات. دووەم ئەمەیە کە پرۆست، بە پێچەوانەی ئەو شتانەوە کە دەربارەی گوتراوە یان بە ئاماژە لە کتێبەکەی خۆیداو لە زمانی مارسیل پرۆستەوە، ئاماژەی بۆ کراوە، هاوڕەگەزباز نەبووە، بەڵکو هەڤرکی ئاندرێ جید دەگەڵ ئەودا، کە هەرگیز هاوکارەکەی بە هیچ نەدەزانی، ئەم بانگەشەیەی دوو خستووە. خاڵێکی دیکە ئەمەیە کە ئەم چیرۆکنووسە گەنج و دەغەزارو لەشبەبارە، هەرچەندە سیمایەکی جوانی هەبووو شەخسیەتی بە جۆرێ بوو کە دەچووە دڵەوە، هەرگیز لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، ئەشقی هیچ ژنێکی بە خۆیەوە نەبینی و تەنانەت دۆستانێکی زۆریشی نەبوو تا ڕەنجی تەنیایی و بێکەسی لە دڵی بڕەوێننەوە. ماشقەی ئەو نووسینەکانی و دۆستانی ئەو کتێبەکەی بوو. کارەکەرەکەی وێڕای ئەوەی ژنێکی گەنج و بڕێك جوان بوو، لە کتێبەکەی خۆیدا هیچ ئاماژەیەکی بۆ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەودا نەکردووە. بەڵام هەموو کاتێ ئەوی بە شازادەی خۆی بانگ کردووەو ناو بردووەو شانازی بە خزمەتکردنی ئەوەوە کردووە.

٢٠- سەبارەت بە ئەمانوئیل کانت و کتێبە بە نێوبانگەکەی (نەقدی ئەقڵی ڕەها) بڕوانە بەرگی دووەمی کتێبی سیری در بزرگترین کتابهای جهان.

٢١- بەسەرهاتی دریفوس و تاوانبار کرن و تەبرێ بوونەکەی بە دوور و درێژی لە بەرگی دوومی سیری در برزگرتین کتابهای جهان، لە ژێر سەر ناڤی نانا، لە نووسینی ئەمیل زولا، شەرح و شرۆڤەکراوە.

٢٢-جون روسکین (١٨١٩- ١٩٠٠) نووسەری هونەرناس، ئابووری زان و زانای سوسیولوجی، کە بەرهەمەکانی دەورێکی یەجگار گەورەیان لە پەروەردەکردنی زەوقی میللەتی ئینگلیزدا دیتووەو، بە یەکێك لە ناودارەکانی سەردمی ڤیکتۆریایی دەژمێردێت.

٢٣-شارل ئوگوستین سانت بیڤ (١٨٠٤- ١٨٦٩) ئەدیب و ڕەخنەگری ناوداری فەرەنسی خاوەنی کۆمەڵێك کتێبە. هەرچەندە کابرایەکی پزیشك بوو و زۆری دڵ بە دنیای زانستەوە هەبوو، رووی کردە دنیای ئەدەب و شێوەیەکی نوێی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هێنایە ئاراوە. ڕاو بۆچوونی ئەو دەربارەی شیعرێکی ڤیکتۆر هۆگۆ، بووە مایەی ناسیاوی نێوانیان و دەڵێن گوایە پەیوەندی ئاشقێنی دەگەڵ هاوسەرەکەی

چیرۆکنووسی گەورەی فەرەنسادا پەیدا کردووەو بۆیە لە ماڵیان دەرکراوە. بەرهەمێکی زۆری لە پاش بەجێماوە کە کۆمەڵەیەکیان لە ژێر سەرناڤی گفتوگۆی دوو شەممە دایە (١٨٤٩- ١٨٦١) و یەجگار بە نێوبانگە.

٢٤- بە ناونیشانی رێگای سوئانە، لە چوار بەش پێکهاتووە، بەناونیشانی: پێشەکی، کومبری، عەشقی سوئان، شوێنی ناوەکان – ناو (بڕوانە دەقە ئینگلیزیەکە، چاپی Vintage.

٢٥- ئەمە بریتیە لە دوو بەرگ. بەرگی یەکەم بە ناونیشانێن مەدام سوئان لە ماڵەوەو، ناوی شوێنەکان- ناو. بەرگی دووەم بە ناونیشانێن شوێنی ناوەکان: ناو و دیمەنێکی دەریا، بە رۆڵی کچان (بڕوانە دەقە ئینگلیزیەکە، ٣٨٦ لاپەڕە، چاپی Vintage.

٢٦- بەناونیشانی ئینگلیزی (رێگای گرمانتەکان) دوو بەرگی جیایە. بەرگی یەکەم دوو فەسڵە و بەرگی دووەم دوو فەسڵە. هەر فەسڵێك چەندین عینوانی لاوەکی هەیە (دوو بەرگە ئینگلیزیەکە ٨٢٤ لاپەڕەیە، چاپی Chatted and Windus – London.

٢٧- ئەمە دوو بەشە، هەر بەشەو دوو فەسڵە، هەر فەسڵەو چەندین عینوانی لاوەکی هەیە (دەقە ئینگلیزییەکەی ٣٧٨ لاپەڕەیە، چاپی Vintage)

٢٨- ئەمە دوو بەشەو هەر بەشە دوو فەسڵە (فەسڵی یەکەمی بەشی دووەم درێژەی فەسڵی پێشووە، بە ناونیشانێن ژیان دەگەڵ ئالبرتین، خانەوادەی وردورن دەگەڵ بارون شارلودا شەڕ دەکەن و ڕەڤینی ئالبرتین (دەقە ئینگلیزییەکەی ٢٨٩ لاپەڕەیە، چاپی Vintage).

٢٩- ئەمە چوار فەسڵە بە ناونیشانێن خەم و فەرامۆشی، مادموزیل دو فورشویل، ڤینیسیاو، روناکیەکی تازە بەسەر سیمای روبر دوسن –لو. (دەقە ئینگلیزییەکەی ١٩٦ لاپەڕەیە. چاپی Vintage).

٣٠- ئەمە سێ فەسڵە: ترانسڤیل، پاریس لە سەردەمی جەنگدا. باوەڕو شادمانیەکانی مسیو دو شارلو، عەسرە زیافەت لە کۆشکەکەی دۆتمیر دوگرانت (دەقە ئینگلیزییەکەی ٢٧٢ لاپەڕەیە، چاپی Vintage).

٣١-بڕوانە دەڤە ئینگلیزییەکە، لە ٣-٤، بەرگی یەکەم.

٣٢-بڕوانە دەقە ئینگلیزییەکە، ل ٢٧٠- ٢٧٢ بەرگی یەکەم.

٣٣-بڕوانە دەقە ئینگلیزییەکە، ل ١٧، بەرگی پێنجەم.

٣٤- پرۆست لە سەرەتاوە ناوی ئەم کتێبەی نابوو هەڵاتوو، پاشان گۆڕی بە زندانی.

٣٥- بڕوانە دوا دێڕەکانی ڕۆمانی سۆراخی ڕۆژگاری لە دەستچوو، بەرگی حەوتەم، گەڕانەوە یا دۆزینەوەی زەمان، لە ٢٧١- ٢٧٢، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە پاچڤەی ئەمین و وردی نووسینەکانی پرۆست، کارێکی زۆر ئەستەمە، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، نووسەر دەربەستی ڕەچاو کرنی، رستەبەندیو خاڵبەندی نییەو بێگومان خوێنەر و بە تایبەتی وەرگێڕ، لەناو دێڕە دوورو درێژو بێ وەستانەکانی ئەم ڕۆمانەدا

تووشی سەرەگێژکێ دەبێت و لە وەرگێڕانیا بۆ سەر زمانێکی دی بە هەمان ستایلو شێواز، تووشی سەریەشەی زۆر دەبێتو بە هیلاکی رەش دەچێت، بۆیە ئەدەبناسانی بێلایەن، ئیحتوبارێکی زۆر بۆ پاچڤە ئینگلیزییەکەی دادەنەن. دیارە وەرگێڕی بەشە جیاوازەکانی کتێبەکەی پرۆست لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی، زۆری هەوڵداوە، کە ئەم ئەرکە بە دروستی ئەنجام بدات.

٣٦- پرۆست، پاش ئاشنایی بە بەرهەمەکانی جون روسکین، رووی کردووەتە بەرهەمی کۆمەڵێك نووسەری دیکەی ئینگلیزو کەوتۆتە موتالاو خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەوان بەلاَم تەنیا دڵبەندی چەند دانەیەکیان بوو. ئەمانەش بریتی بوون لە: جۆرج ئیلیوت، بە تایبەتی کتێبی ئاشی روباری فلاس، هەروەها توماس هاردیو کتێبی دووچاوی شین.

٣٧- بڕوانە دەقە ئینگلیزییەکە، ل ٧٩- ٨٠.

٣٨- سەبارەت بە هەردوو ڕۆمانی برایانی کارامازوف و تاوانو سزای دوستویفسکی، بڕوانە بەرگی یەکەمو دووەمی سیری در بزرگترین کتابهای جهان.

٣٩- بڕوانە دەقە ئینگلیزیەکە، ل ١٤٤.

٤٠- سەبارەت بە بۆچوونی مارسیل پرۆست دەربارەی یەکەم چاپی کتێبەکەی خۆی. بڕوانە ڕاوبۆچوونی ویلیام سامرست موم، لە بەرگی دووەمی سیری در بزرگترین کتابهای جهان، لە ژێر سەرناڤی دەربارەی ئەسارەتی مرۆڤانی.

## ١٠- گیانه مردووه‌كان

### نیكۆلای ڤاسیلوڤیچ گۆگول

١٨٠٩- ١٨٥٢

ئه‌م گه‌نجه په‌شێوو حاڵ په‌ریشانه‌ی خه‌ڵكی ئۆكراین، كاتێ له به‌یانی ڕۆژی ١٨٠٩/٣/٣١ زانینیدا، زێدو زاگه‌ی خۆی، شاری میرگۆرۆدی به‌جێهێشت‌و به‌پای پیاده، له كاتێكا ته‌نیا چه‌ند كوپیكێكی له به‌ركدا بوو، به‌ره‌و سان پترۆسبۆرگ ده‌ڕۆیی، ته‌نیا یه‌ك ئومێدی له دڵدا بوو ئه‌ویش ئه‌وه بوو كه ببێت به ئه‌كته‌ر، له‌سه‌ر ته‌خته‌ی گه‌وره‌ترین شانۆخانه‌ی پایته‌ختدا ده‌ربكه‌وێت‌و گۆرانی بچڕێت، به‌ڵام ئه‌مه ئاره‌زوویه‌كی بێ بنچ‌و بناوان بوو، خۆ ئه‌گه‌ر تواناو به‌هره‌ی ئه‌كته‌ری‌و هونه‌رمه‌ندی تیابوایه یاده‌نگێكی زوڵاڵ‌و دڵگیری هه‌بوایه، ئه‌وا ده‌یتوانی له ده‌ڤه‌ری "پولتاڤا"دا، له ئۆكراین، كاری دڵخوازی خۆی بدۆزێته‌وه‌و هونه‌ری خۆڕسك‌و خوادادی خۆی بنوێنێ، به‌ڵام به درێژایی ساڵان، هه‌وڵ وته‌قه‌لای ئه‌و نه‌هاتبووه به‌رهه‌م، ته‌نانه‌ت دوای ته‌رككردنی ئاماده‌یی(نژین)ش هونه‌ری ئه‌و له كاری نووسیندا هیچ به‌رهه‌مێكی نه‌دا بوو و ئه‌و وتارو چیرۆكانه‌ش كه به ناوی خوازراوی "ڤ .ئالوف"ه‌وه ده‌ینووسین، كه‌س به پوولێك نه‌ی كڕیبوون.

نیكولای –ڤاسیلوڤیچ– گۆگۆل، ئه‌م جه‌وانه ساده دڵ‌و پڕ حه‌زو هیواو ئاواته نه‌ك ده‌نگێكی به‌رزو خۆشی نه‌بوو، به‌ڵكو ڕوو و ڕوخسارو ڕواڵه‌تێكی دڵگیریشی نه‌بوو. باڵا كورتێكی لاوازی لاق خوار بوو. زۆر خراپ ڕێی ده‌كردو خراپی جله‌كانی هێنده‌ی دی ڕواڵه‌تیان دزێوو ناشیرین ده‌نواند. له باره‌ی ئه‌وه‌وه گوتراوه كه ده‌موچاوێكی پان‌و دفنێكی زه‌لامی هه‌بوو، هه‌میشه چه‌ن چه‌پكه قژێك به پێچه‌وانه‌ی داب و نه‌ریتی ڕۆژه‌وه، به‌سه‌ر هه‌نیه‌یدا ڕژابوو. ئیدی به‌و سه‌رو سیمایه‌وه، ئه‌نجامی هه‌وڵ‌و كۆششه‌كانی ئه‌و دیاربوو. هیچ قسه‌یه‌كی خۆش‌و ئومێد به‌خشی له زمانی كه‌سه‌وه به‌ر گوێ نه‌كه‌وت‌و هیچ ده‌رگایه‌كی شۆره‌ت‌و نێوبانگ‌و سه‌ركه‌وتنی به ڕوودا نه‌كرایه‌وه.

چونكه برسی‌و داماو بوو، كارێكی كه‌مبایه‌خی به عینوانی كاتب ومیرزا له دایه‌ره‌یه‌كی ده‌وڵه‌تیدا به ده‌ست هێناو خزیه دنیای بچووك‌و نه‌بوونی خۆیه، به‌ڵام خۆ ئه‌و كه‌سێك نه‌بوو كه غرووری خانه‌واده‌یی‌و ئومێدو ئاره‌زووی شۆره‌ت‌و شۆڕه‌تخوازی خۆی له بیر بكات. نیكولای خۆی به میراتگری خانه‌واده‌یه‌ك ده‌زانی كه ڕۆژگارێك باب‌و باپیرانی ده‌خزمه‌تی پاشایانی پۆلۆندادا بوون.كاتێ بابی كه‌مێك پێش ئه‌و به‌رواره مردبوو، وه‌سێتی بۆ ئه‌م كردبوو كه كارێك بكات تا گه‌وره‌یی و شانازی ڕابردوو بۆ خانه‌واده‌كه‌ی خۆی بگێڕێته‌وه، به‌ڵام ئه‌م گه‌نجه، له بنه‌چه‌دا پۆلۆندیه، ئه‌وه‌نده‌ی خۆی به رووسی ده‌زانی، خۆی به پۆلۆندی نه‌ده‌زانی، بۆیه حه‌زی له‌و له‌قه‌ب‌و ناوی شۆره‌ته پۆلۆندیه نه‌بوو كه به دوای ناوه‌كه‌یه‌وه بوو. ئیدی هه‌ستا له‌قه‌بی "یانۆڤسكی"كه له دوای ناوی "گۆگۆله‌وه" ده‌هات، سڕییه‌وه‌و خۆی ناو نا "نیكۆلای گۆگۆل".

گۆگۆلی گەنج لەو ساوە کە کارێکی بۆ خۆی دۆزییەوەو توانی بژێوی و سوکنای خۆی دابین بکات، ڕووی کردە کتێبان و ئەوەندەی موتالاکرد کە کاتێ دەگەییە دۆستو ناسیاوەکانی هەموویان بە گەنجێکی ڕۆشنبیریان دەزانی. زیاتر حەزی لە کتێبانی مێژوو دەکرد. کاتێ بەرهەمێن سەردەمانی پڕ شانازی رووسیای دەخوێندەوەو باورودۆخی ڕابردووی دەگەڵ ئەم ڕۆژەدا بەراورد دەکرد زۆری خەفەت دەخوارد. گۆگۆل، زۆری خەفەت لە تەشریفاتی ڕواڵەتی و رۆتینی ئیداری، لە فەرقو جیاوازی ناڕەوا، لە ستەمکاری دەوڵەتیان، لە نەهەقی و زۆرداری داردەستان و کار بە دەستانی تزاری لە خەڵکی ڕەش و رووت، دەخواردو نەیدەتوانی داخی دڵی وەشێرێت. ئیدی ئەم جۆشو خرۆشو سۆزو گودازو بیروبۆچوونانە، ئەوی بە ئەلکساندەر پوشکینی، شاعیری گەورەی وەخت ناساند.

پوشکین نزیکەی دە ساڵ لەو گەورەتر بوو و کاتێ کە گۆگۆل ئەوی بینی، شاعیری مەزنی رووس تەمەنی سی و سێ ساڵو گۆگۆل بیستو چوار ساڵان بوو. پوشکین بە فامو زیرەکی و زرینگی و قسەزانی ئەو خۆشحاڵ بوو، توانی پێشبینی ئەوە بکات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبێت بە نووسەرێکی گەورە. بۆیە بە کۆڕێکی مەرکەزی گەنجانی رۆشنبیری ناساند، کە کۆمەڵەیەکیان دژی حکومەت چێکرد بوو. ئیدی گۆگۆل لەوێندەرەوە مەیدانی بەرینی کراوەی بۆ تاودانی ئەسپی سەرکێش و تۆسنی ئارەزووەکانی بەدی کردو دۆزییەوە، هەم کارێکی وەکو مامۆستای مێژوو دەست کەوت و هەم دەستی دایە کاری نووسین.

کاری مامۆستایەتیەکەی زۆری دەوام نەکرد. مامۆستاکانی دی بە کەسێکی بێسیواتیان دەزانی و قوتابییەکانیان لێ هاندەدا. لە ڕاستیدا گۆگۆل، ئەو توانایەی نەبوو کە مامۆستای مێژوو بێت، بەلام لە سۆنگەی زەوق و سەلیقەی چیرۆکنووسییەوە، قەڵەمو ئینشایەکی گەرمو گوڕی هەبوو. ئیدی بڕیاری دابوو مێژوویەکی تێرو تەسەل دەربارەی ئوکراین بنووسێت، بەلام ئەم ئارەزووەی هەرگیز نەهاتەدی، لە جیاتی ئەوە خووی دایە نووسینی چیرۆکێك دەربارەی زاگەو زێدی خۆی و بەرهەمی ئەم هەوڵو تەقەلایەی ڕۆمانێك بوو کە ناوو ناوبانگی ئەوی لە هەموو شوێنێك خستە سەر زاران. ڕۆمانی بە نێوبانگی تاراس بۆڵبا، هاتە ئاراوەو ئیدی شاکارێکی بێ چەندو چوون هاتە سەر خەرمانی بەرهەمێن پڕ بایەخی ئەدەبی رووسیای سەدەی نۆزدە.

<u>تاراس بولبا:</u>

بریتیە لە سەربهووردی پڕ هەڵچوونو خەمباری بابایەکی قۆزاخی سەدەی پازدەیەم. "ئوستاپ" و "ئاندرێ" دوو کوڕی لێهاتوو و بە توانای ئەو قۆزاقە خۆ سەرو لە خۆبابییەن کە لە کییف دەخوێنن، ئوستاپ پەیوەندی بە باوکییەوە دەکات و دەچێتە ریزی چەکدارو شەرڤانەکانی بابییەوە، بەلام ئاندری کە زۆر ئاشقی کچە جوانەکەی فەرماندار بوو بوو، خیانەت لە بابی و تیرەکەی دەکات و دەچێتە ڕیزی دژمنانی تاراس بولباوە. ئیدی غرووری بریندراری قۆزاق دەوڕۆژێت، حەوانەوەی لێ هەڵدەگرێت، مەگەر بەوە ئارام بگرێت کە بە دەستی خۆی ئاندرێ بکوژێت و لە ئەنجامیشدا هەروا دەکەوێتەوە. لە شەڕێکی سەختدا لە نێوان هێزی پۆلاندیان بە

سەرکردایەتی ئەندریٚ‌و قۆزاقانی یاخی بە ڕابەری تاراس بولبا، باب‌و کوڕ رووبە ڕووی یەکدی دەبنەوە.

باب حوکم لە فرزەند دەکات چەکەکەی دابنێت‌و لە سەر بەردێك بوەستیٚ. کوڕەکە توانای سەرپێچی نابیٚ‌و ناتوانیٚ قسەی بابی لە عاردی بدا ت ،وا دەکات‌و دەم‌و دەست بە گوللەی بابی دێتە کوشتن‌و کۆتایی بە ژیانی دێت. هەڵبەتە کۆتایی ژیانی خودی قۆزاقیش (بابەکە) زۆر ناخۆش‌و پڕ ئازارە. فەرماندەی هێزی سەرکەوتوو، بە زندوویەتی دەیخاتە ئاگرەوەو قۆزاقی مەغروورو عەگید تەنانەت لە دوا دەمی ژیانیشدا، بەدەم سووتانەوە، شەڕڤانەکانی خۆی بۆ بەرگری و بەرخودان هاندەدات.

بڵاوبوونەوەی تاراس بولبا، مقۆ مقۆیەکی زۆری لە نێو خەڵکانی ئەدەبناس‌و ئەدەب دۆستدا بەرپاکرد. ئایا چیرۆکنووسێکی گەورەو قەدرگران هاتووەتە ریزی بلیمەتان‌و هەڵکەوتوانی ئەدەبی رووسییەوە یان نیکۆلاّی گۆگۆل، کوپی کارێکەو لە ژێر باندۆرو کاریگەری "سێروالتەرسکوت"ی چیرۆکنووسی ئینگلیزدا، چیرۆکێکی دڵگیری داوەتە دەم یەکەوە؟

تاراس بولبا، لە ساڵی ١٨٣٥دا بلاّو بووەتەوە، یانی کاتیٚ کە نووسەرەکەی تەمەنی بیست‌و شەش ساڵ بوو. پێشتر، گۆگۆل، چیرۆکێکی دیکەی لە ژێر سەرناڤی "چەند شەوێك لە کێڵگەکانی نزیکی دیکانکا"دای بلاّوکردبووەوە کە تاڕادەیەك سەرنجی ئەدەبناسان‌و ئەهلی ئەدەبی ڕاکێشا بوو. "میرگورود"ش چیرۆکێکی دیکەی بوو کە سەرەتاو دەستپێکی ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە بوو، بەلاّم هیچ یەکێك لەم چیرۆکانە لەو ئاستەدا نەبوون کە ناوی نووسەرەکەی بکەنە داستانی سەرزاران‌و خەڵکی باسیان بکات تا ئەوە بوو چیرۆکی پاڵتۆ چاپ وبلاّو بووەوەو ئەم چیرۆکە بە باشترین چیرۆکی ئەم نووسەرە دەژمێردرێت، ناوی ئەوی وەکو چیرۆکنووسێکی بە توانا جێگیر کرد. ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی ئەم چیرۆکە لە ئەنجوومەن‌و کۆڕی ئەدەبناسانی رووسیا بە ڕادەیەك بوو کە دوستویفسکی پاشان لە بارەیەوە گوتوویەتی:

"پاڵتۆی، نووسینی گۆگۆل، نەمامێکە کە ئەدەبی رووسی لە لق‌و پۆپەکانی ئەوەوە ڕواوە."

**<u>پاڵتۆ، باسی چی دەکات؟:</u>**

پاڵتۆ، بەسەرهاتی خەمناکی کابرایەکە بە نێوی "ئاکاکی- ئاکاکیوفیچ" کە عومرێکی لە خزمەتی دەوڵەتدا بەسەر بردووەو بە درێژایی ساڵانی وەزیفە، هەمیشە بەو ئاواتەوە بووە کە پاڵتۆیەکی تازەی هەبێت، بەلاّم لە سۆنگەی هەژاری‌و دەسکورتی‌و نەبوونیەوە بەم ئاواتە گەورەیەی خۆی نەگەییوە. ئیدی لەسەرمای بەترەڤ سان پتروسبورگدا، بە پاڵتۆ کۆن‌و شڕەکەی خۆیەوە، ڕۆژ بە ڕیٚ دەکات‌و هیچ کاتیٚ توانای ئەوەی نابیٚ کە بەدەنی لەڕو لاوازی خۆی لە پاڵتۆیەکی تازە وەپێچی‌و خۆی لە سەرماو سۆڵە بپارێزێت. سەرەنجام بەختی یار دەبێت‌و بە بۆنەی خزمەتی چەندی ساڵەی خۆیەوە پاداشتێك وەردەگرێت ئەم پاداشتە، لەگەڵ هەموو ئەو پاشەکەوتەدا کە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر کۆی کردووەتەوە، بەشی ئەوە دەکات کە ئاکاکی، ئاکاکیوفیچ بڕوات بۆ لای پترۆفیچی خەیات‌و بەرگدرووی گەڕەك و پاڵتۆیەك بە دروون بدات.

پاڵتۆ تەواو دەبێت و شاقارەمانی چیرۆکەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، لە خۆشیا خەریکە دەفڕێت و باڵدەگرێت، بەڵام ئەم کەیف و خۆشییە گەورەیە زۆر ناخایەنێت.

دۆستان و هاوکارانی بە بۆنەی کڕینی پاڵتۆکەیەوە، زیافەت و دەعوەتێکی چایی ساز دەدەن و ئەویش بۆ ماڵی خۆیان دەعوەت دەکەن. درەنگانی شەو ئاکاکی بۆ کونە گورگەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، دوو دزی لێ پەیدا دەبن بە خورتی ڕووتی دەکەنەوە، پیرە پاڵتۆی لەبەر دادەکەنن و بەگریان و قەرەبەختی، بەو سەرما بەترەفە بۆ ماڵی دەنێرنەوە. بێخەوی و هەوڵ و تەقەلاو دەربەدەری و لالانەوەو پاڕانەوەو پەنا بردنە بەر حکومەت بۆ ئەوەی پاڵتۆکەی بۆ وەربگرنەوە، هیچ دادێك نادات و سەرەنجام ئاکاکی –ئاکاکیوفیچ کە عومرێکی بە عەزرەتی پاڵتۆیەکەوە بەسەر بردبوو، بەداخ و کەسەرەوە دەمرێت و ئەو ئاواتە دەباتە گۆڕەوە. تاساڵانێکی زۆر لەوە دواش خەڵکی سان پترسبورگ، لە نیوە شەواندا تاپۆو تارمایی پیاوێکی داماو دەبینن کە وێڵ و سەرگەردان بە مەبەستی تاقیب و دۆزینەوەی پاڵتۆکەی سەر بە هەر کون و کەلەبەرێکدا دەکات.

شۆرەت و نێوبانگی نیکولای – ڤاسیلوڤیچ– گۆگۆل بەرە بەرە ئەنجوومەن و ناوەندە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە، بەڵام هێشتا نەگەییوەتە ترۆپك و لوتکەی هونەریی خۆی. لە ساڵی ١٨٣٦دا، چیرۆکی جەنابی موفەتیش بڵاودەبێتەوە. جەنابی موفەتیش لە ڕاستیدا درامایەکی تەنزئامێزە دەربارەی شێوەی حکومەتایەتی تزاری لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا. کۆمیدیا نامەیەکە، بینەر هەم دەخاتە پێکەنین و هەم دەیخاتە گریان.

شا قارەمانی ئەم چیرۆکە پیاوێکە بە نێوی "ئانتون– ئانتونیڤیچ– سکوڤزنیك دەموخانوڤسکی"یە کە لە ڕووی پلەو پایەوە وەکو مودیر ناحیە یا فەرمانداری باژێرۆکێکی رووسییە. ژن و کچێکی هەیەو بەکاروباری خۆیەوە مژوول و سەرقاڵەو زۆریش دڵی بەم کارەی خۆشە. ڕۆژێك نامەیەکی دەگاتێ کە بیری دەشێوێنێ. هاوڕێیەکی بۆی دەنووسێت کە بەو زووانە موفەتیشێك بە مەبەستی سەردان و زانینی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروباری خەڵکی دێت بۆ ناحیەکەی ئەو، وا چاکە بەر لە گەییشتنی جەنابی موفەتیش فریای خۆی بکەوێت و هەرچی شوێنەواری تاوان و گەندەڵی و بەتایبەتی قەواڵەی بەرتیل وەرگرتن و ئەو شتانە هەیە لە ناو بەرێت، نەبا قەواڵەو بەڵگەیەك بەر دەستی جەنابی موفەتیش بکەوێت. ئیدی لەو ساتەوە کێچ دەکەوێتە کەوڵی جەنابی مودیر ناحیە. بە پەلە پەل دەکەوێتە ڕێکخستنی کاروباری ناحیەکەو ئیدی یەك بە یەکی کارمەندو فەرمانبەرەکانی خۆی ئامۆژگاری دەکات کە چی بکەن، تا جەنابی موفەتیش لێیان ڕازی بێ و گلەیی لێیان نەبێت. جەنابی "زملیانیکا" بەڕێوەبەری تاقە نەخۆشخانەکەی شار، کە زۆر کەم دەچووە خەستەخانەکە، دوای ماوەیەك دێتە، نووسینگەو ئۆفیسی نەخۆشخانەکەو ئەمر دەکات چەرچەفەکان بگۆڕن و شەوکڵاوی خاوێن لەسەری نەخۆشەکان بکەن. "تیاپکین"، قازی شار کە هەمیشە خەریکی ڕاووشکارە، ئەمجارە دێتە ئۆفیسەکەی خۆی و چەند دۆسیەیەك داوا دەکات تا پێیانڕا بگات. هلوپوڤی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، مامۆستاکان گاز دەکات و ئەمریان پێدەکات کە بچنە پۆلەوەو وا بنوێنن کە دەرس دەڵێنەوە.

ئیدی هەموو فەرمانبەران و مامورانی دەوڵەتی هەر یەکەیان بە شێوەیەك دەکەونە جم و جۆڵ و هەوڵ و تەقەلا، تا بارودۆخەکە بە ڕواڵەت بخەنە سەر سکە. جەنابی مودیر ناحیە بە خۆیشی لە هەوڵ و تەقەلادایە کە شوێنەواری دوا بەرتیلێك کە وەری گرتووە، بسڕێتەوەو هیچ بەڵگەو قەواڵەیەك نەیەڵێتەوە کە وەکو بیانوو بکەوێتە دەستی جەنابی موفەتیش. سەرۆکی پۆستە بانگ دەکات و ئەمری پێدەکات لەوە بە دواوە هەموو نامەکان تەفتیش بکەن، نەبا هەواڵێکی پێچەوانەی مەیلی ئەوانی تیا بێ یا لەوێندەرەوە بۆ پایتەخت بڕوات.

لەم بەینەدا، خەڵکانێك خەبەر بە جەنابی مودیر ناحیە دەدەن کە کابرایەکی بێگانەی مەند، پێدەچێت ئەشرافزادە بێت، لە تاقە میوانخانەکەی شار لایداوەو خزمەتکارەکەی کە بە سات بە جێی ناهێڵێت، بەدزییەوە ڕایگەیاندووە کە ئاغا لە سان پترسبورگەوە بۆ ئەم شارە هاتووە. ئیدی ئەم هەواڵە بەسە کە بەرپرسان بە تایبەتی جەنابی مودیر ناحیە ترسیان لێ بنیشێت. کابرای بێگانە،کابرایەکی قومارچی ڕیسکباز دەبێت بە ناوی "ئیڤان ئەلکساندروفیچ هلیستاکۆڤ" ماوەیەك لە شاردا بەخۆشی دەگوزەرێنێ، بەرتیلێکی زۆر لەم و لەو وەردەگرێت و سەرەنجام ئاشقی "ماریا"ی کچە جوانەکەی مودیر ناحیە دەبێت. کاتێ کە شار بە جێدێڵێ، جەندرمەیەك خۆی بەشاردا دەکات و خەبەر دەدات کە جەنابی موفەتیشی گشتی گەییوەتە شارو لە میوانخانەکەی شاردا لایداوەو لە سبەیەوە، تەفتیشی فەرمی دەست پێدەکات.

گۆگۆل کاتێ کۆمیدیای تەنزئامێزی جەنابی موفەتیشی، کە لە ڕاستیدا، ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی بوو لە کۆمەڵگەی ڕووسیای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، بڵاوکردەوە، چاوەڕوانی ئەوە بوو کە موفەتیشانی حکومەت بە بیانووی ئەمەی کە ڕەخنەی لە حکومەتی وەخت گرتووە، گلەیی و گازاندەی لێبکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە، نیکۆلای یەکەم، تزاری سەختگیری رووسیا، کە خوێندبوویەوە نەك بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی قەدەغە نەکرد، بەڵکو دەستووری دا ئەم شانۆنامەیە لە شانۆی ئەمپریالی سان پترسبورگدا پێشکەش بکرێت. ئیدی ئەم شانونامەیە لە شەوی ۱۸۳٦/۳/۱۹دا، بە ئامادە بوونی تزارو ئەندامانی خانەدانی پاشایەتی پێشەکەش کرا، وەکو دەڵێن تزاری ڕووسیا، بە جۆرێ بە دیمەن و دیالۆگەکان پێکەنیوە کە ئەوانەی دەوروبەری سەریان سووڕماوە. سەرەنجام کاتێ پەردە دادراوەتەوە، بەدەنگی بەرز گوتوویەتی:

"ئەمانە هەر کەسەو پشکی خۆیان وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی بەر من کەوتووە لە هەموویان زۆرترە!"

ئیدی بەم جۆرەو بە ئامادەبوونی چاوەڕوان نەکراوی تزار، خەڵکی پایتەخت بەرەو شانۆی ئەمپریال هێرشیان بردو گۆگۆل لە شەو و ڕۆژێکدا بوو بە مورادی میللەتی ڕووسیا. بەم حاڵەشەوە، سیخوڕان و داردەستانی چاوتیژو تۆڵە ئەستێنی حکومەت نەیانتوانی لەگوناح و خیانەتی لە بەخشین نەهاتگی نووسەر، ببورن. لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا، لێبڕان کاری ئەم گۆگۆلە ڕمووزنە بکەن — ئەم هەواڵە زوو بە زوو گەییە نووسەری بەدبەخت، بە یارمەتی دۆستانی خۆی، لە سان پترسبۆرگ هەڵات و ڕووی کردە ڕۆما، لە کاتێکا کە پارەی پێویستی سەفەرەکەی

پێنەبوو. پاشان دۆستەکانی مووچەو مانگانەکەیان بۆ ناردو دەڵێن گوایە شەخسی تزار ئەم مانگانەیەی بۆ بڕی بووەوە.

لە ڕۆما، گۆگۆل، دەرفەتی هێنا ئەو کتێبە بنووسێت کە لە میژ بوو بە ئاواتی نووسینییەوە بوو. ئەم کتێبە کە چەندین ساڵ بوو، چیرۆکنووسی رووسی دەستی پێکردبوو و کەرەستە خاوەکانی بۆ کۆکردبووەوە. نێوی گیانە مردووەکان بوو، ئەم کتێبە کە بەرگی یەکەمی چەندین ساڵی خایاند، پاشان بە شاکاری ئەو هاتە ناسین و خرایە ڕیزی بەرهەمە پڕ شانازی و نەمرەکانی ئەدەبی ڕووسییەوە.

ڕەخنەگران، لە بارەی ئەم بەرهەمەوە نووسیویانە کە کاتێ گۆگۆل بە شێك لەم ڕۆمانەی بۆ پوشکینی دۆستی خوێندووەتەوە، شاعیری بە تواناو هزرڤانی رووسی، هاواری کردووە: "خودایا... ئەم رووسیایە چ ولاتێکە کە ئێمەی تیا دەژین..." پاشان رووی کردووەتە ئەو برادەرانەی دی کە لەوێ بوو بوون و گوتوویەتی: "گۆگۆل، ئەو قسانەی لە بەرکی خۆی دەرنەهێناوە، ئەوەی نووسیویەتی حەقیقەتە... حەقیقەتی تاڵ... حەقیقەتی ترسناك!"

***

گیانە مردووەکان، بژاردەترین بەرهەمی نیکولای گۆگۆلە، ئاوێنەیەکی بالانمایە کە دەکرێت ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمی رووسیای بە ڕوونی تیادا بدینی.

نووسەر، هێندە بە ئەمانەتەوە، کۆمەڵگەی ڕووسی بە هەموو چین و توێژو پیشەکانەوە، لە ڕۆمانەکەی خۆیدا بەرجەستە کردووەو ژیان و کرداری وانی گێڕاوەتەوە کە دەشێت ئەم ڕۆمانە بەگەلەرییەکی گەورەی نیگارکێشی بشوبهێنی، گەلەری و پێشانگایەك کە بالاترین وێنەو تابلۆی خەڵکانی گومڕاو ڕەزیل و پیسکەو، خەڵکی ئابڕومەندو دڵپاکی ئەو ولاتە بە دیوارەکانییەوە هەڵواسرابێ، ئەم مرۆڤانە بە شێوەیەکی گشتی تەوسخەنێکی تاڵ بەسەر لێویانەوەیەو لە هەمان کاتدا بۆ حاڵ و ژیانی "کۆمیدی- تراژیدی" ژیانی خۆیان و هاوولاتیانی دیکەی خۆیان بە کوڵ و بە دڵ دەگرین، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بێت کە ڕەخنەگرانی ئەدەب و ئەدەبناسان، ڕۆمانی گیانە مردووەکانی گۆگۆل بە گەورەترین ڕۆمانی تەنزئامێزی ئەدەبیاتی رووسیا لە قەڵەم دەدەن.

شا قارەمانی ڕۆمانەکە، فێڵبازێکی ساختەچی هەلپەرستە بە نێوی "پاڤیل- ئیڤانوڤیچ- چیت چیکۆف" کە ڕواڵەتێکی ڕازاوەو دەم و دوویەکی گەرم و دڵگیری هەیەو زۆر بە چاکی دەتوانێ ڕۆڵی بابایەکی دەوڵەمەندی ئەشراف بگێڕێت و ئیدی بەم تایبەتمەندییانەوە دەکەوێتە بیری خاپاندنی خەڵکی و سەروەت و سامان کۆکردنەوەوە. ئەو نەخشەو پلانەی کە چیت چیکۆف بۆ گەییشتن بە مەبەست و ئاواتەکانی، دەیکێشت یەجگار وەستایانەو لێهاتووانەیە. لەو سەردەم ڕۆژگارانەدا فیودال و موڵکدارانی رووسیا، باجی موڵکەکانی خۆیان بە گوێرەی ژمارەی مسکێن و کۆیلەکانی خۆیان دەدا بە دەوڵەت. دەوڵەتی تزای لە بەینی دە تا بیست ساڵ، جارێك سەرژمێری لە گوندو دێهات و شارۆچکەو شارەکانی ئەم ولاتەدا سەرژمێری دەکرد. ئیدی ئەم سەرژمێری و ئامارە دەبووە سەرچاوەی دانی باج، ئیدی ئەگەر لە ماوەی ئەم دە تا بیست ساڵە، خەڵکانێك مردبان یا لە دایك بان، حکومەت هەقی بە سەرەوە نەدەبوو. ئەو لە سەر باجی

سالانەی خۆی بوو و بەم پێیە ئەو موڵکدارە دەوڵەمەندترو ماڵدارتر بوو کە مسکێن‌و کۆیلەی زۆرتری هەبوایەو دەبوا باجی زیاتر بدات. هەڵبەتە ئیعتیبارو متمانەی لەلای بانکەکان‌و مامەڵەچیانیش بە گوێرەی کەمی‌و زۆری ژمارەی کۆیلەکانی بوو، ئەوەی کۆیلەو مسکێنی زۆرتری هەبوایە، دەیتوانی پارەی زۆرتر وەربگرێت. جا ئەم چیت چیکوفە کە بە خۆی ڕۆژگارێك لە دایەرەی گومرك کاری دەکردو دەگەڵ قاچاغچیاندا سەرو ساختی هەبوو و مامەڵەی کالای قاچاغ‌و قەدەغەیان لە بەیندا هەبوو، شارەزایی لە نهێنی ئەم کارانەدا پەیدا کردبوو.

کەوتە بیری ئەوەی کە بە پارەی کەم مسکێنانی مردوو بکڕێت،بڕوات بۆ لای فیوداڵ وموڵکدارانی دوورە دەست وبە پارەیەکی کەم، وەرز ێرانێك بکڕێت کە مردوون وپاشان لیستی ئەم وەرزێرو مسکێنانە بخاتە بەر دەستی دەوڵەت وبە گوێرەی ژمارەی ئەوانە، زەوی کشتوکاڵی لە حکوومەت وەربگرێت،ئەوسا ئەم زەویانە لە بانکدا بخاتە ڕەهنەوەو سەرمایەیەکی باش وەربگرێت. هەڵبەتە نەخشەیەکی زیرەکانە بوو وچیتچیکۆف کە ئاگای لە وەزع وحاڵی دەوڵەت بوو، دەیزانی کەس تاقەتی ئەوەی نییە ئەو زەحمەتە بداتە بەر خۆی کە بچێت پەیگیری ئەم کارە بکات وبچێتە بنج وبناوانی. ئیدی پێش ئەوەی ڕازەکەی کەشف بێت ودەستەکەی بکەوێتە ڕوو، سەروەت و سامانێکی خۆڕایی بەدەست دێنێت وهەواڵەی دەکات.

چیتچیکۆف، تا چ ڕادەیەك دەیتوانی لەم کارەیدا سەرکەوتن بە دەست بێنی؟ چیرۆکەکەی گۆگۆل لەو کاتەدا کە سەرگورشتەی ئەو دەگێڕێتەوە پەردە لەسەر زۆر ڕازی شاراوەی دیکەش هەڵدەداتەوەو گەندەڵی و هیچی چینی فەرمانڕەواش لە قاو دەدات. هەڵبەتە فیوداڵ‌و موڵکداران، ئەم مامەڵەیەی ئەویان پێخۆش بوو، چونکە لە هەمان کاتدا کە بەرانبەر بە هەر مسکێنێك پارەیەکیان لە یارۆی کڕیار وەردەگرت، بەو ئەندازەیەو بگرە کەمتریش، باجیان بە دەوڵەت نەدەدا، جا بە پێی ئەم مامەڵەیە ئەم مامەڵەیە لە هەر ڕوویەکەوە بۆ ئەوان قازانج بوو، بەڵام چیت چیکوف، دەبوایە بە جۆرێ ئەم سەواو مامەڵەیە بکات کە نەبێتە بایسی گومانی خەڵکانی دی، چونکە لە نێو فیوداڵ‌و موڵکدارەکاندا، خەڵکانێك هەبوون کە دەیانویست بە هەڵەو هەر بەناو لە ڕێزی ئەشرافاندا بن، جا با بە هەژاریش بژین– و هەروەها هەندێ موڵکداریش هەبوون کە دەگەڵ گەورە بەرپرسانی سان پترۆسبورگدا پەیوەندی ژێراو ژێریان هەبوو و هەر بۆ خۆ نواندن، ڕازو نهێنی کڕیاریان ئاشکرا دەکرد.

ئاغای پاڤیل –ئیڤانۆڤیچ– چیت چیکۆف، گەنجی قۆزو فێڵباز، لە ڕۆمانی پڕ پەندو عیبرەتی گیانە مردووەکاندا، دێتە ناو ڕووداوەکەوە. ڕۆژێ بە سواری گالیسکەیەکی جوان‌و فاخیرەوە، خۆی بە ناوچەیەکی دڵخوازی خۆیدا دەکات. گالیسکەچیەکەی کە ناوی "سلیڤان"ە، کابرایەکی کەتەی گرژو مۆنەو پێشکارەکەی کە نێوی پیترۆشکایە کابرایەکی بە ئەدەب‌و گوێڕایەڵە، لەسەر کورسییەکی چکۆلە، بەرانبەر بەو دانیشتووە. لە باشترین میوانخانەی شار دادەبەزن. بۆ سبەینێ، لە ڕێگای پێشخزمەتی میوانخانەکەوە، کە بە پارە دەمی چەوردەکەن‌و دەیکڕن، زانیاری پێویست کۆدەکەنەوە. ئیدی چیت چیکۆف، لە هەفتەی یەکەمەوە دەزانێت بچێتە

سۆراخی کیێ، چۆن قسە دەگەڵ هەر یەکێکیاندا بکات، بە چ چەکێك دڵیان بە دەست بێنیێو قەناعەتیان پیێ بکات.

کاتیێ خۆی بەماڵێکدا دەکات، تا ماوەیەك بۆنی قۆڵۆنیای، هەوای ماڵەکە پڕ دەکاتو خەڵکی بە واقی وڕەوە تەمەشای ڕواڵەتی دەکەن. ئیدی زاراوەی پڕ ئەدەبی وەکو: "ئەو بەڕێزە"، "پایەبەرز"، "جەناب" و "جەنابی با سەعادەت" بەگەڵ قسەکانی دەخات، بە شێوەیەکی گشتی دەمو لەبزو زاری هێندە شیرین دەبێت، کە گوێگر بە جۆریێ ئەفسوونی شەخسیەتو دەم دووی دەبێت، تا ماوەیەك تیا دەمێنیێ کە چۆن وەڵامی بداتەوە. هەڵبەتە ناتوانیێ قسەی لە عاردی بداتو ئیدی "گەنجی ئەشرافزادە" بیەویێو نەیەویێ پێشنیازەکەی قەبووڵ دەکات.

خانمانیش دوورو نزیك کەوتوونەتە ژێر باندۆرو کاریگەری ئەو، هەمووی هەفتەیەك نابوڕێت کە شۆرەتو نێوبانگی ئەم کابرا تازەیە لە سەرانسەری ئەو دەڤەرەدا دەنگدەداتەوە، تەنانەت جەنابی پارێزگاریش حەز دەکات سەردانی بکاتو زیافەتو دەعوەتێکی تایبەتی بۆ دەسازێنیێ.

دوای چەند ڕۆژێك، ئیدی ئاغای چیت چیکۆف، فریای دەعوەتو زیافەت ناکەویێ، ئەشراف و پیاو ماقوولانی شار بە زۆرو بە تکاو ڕجا دەعوەتی دەکەنو ئەویش بەوپەڕی ڕێزو لوتفەوە دەعوەتەکانیان قەبووڵ دەکات، بەڵام لە گەرمەی ئەم هەموو دەعوەتو ڕێزو قەدرەدا، جەنابی چیت چیکۆف، ڕایدەگەیەنێت کە دەبێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بچێتە دەرێی شار. دیارە مەبەستو نەخشەکەی دیارە. دەیەویێ بچێتە سۆراخی ئەو موڵکدارانەی لە دەوروبەری شارو لەو ستانەدا زەویو مسکێنیان هەیە.

لەم ماوە کەمەدا، یارۆی دەغەڵبازی زیرەك، هەموو جۆرە زانیاریەك، لەبەر پرسانی جیاوازەوە بە دەست دێنێتو دەزانێت بچێتە سۆراخی چ کەسانێك. ڕۆییشتنی ئەو بەلای ئەشرافانی شارەوە نادیارە. هەندێك دەڵێن کە فەرمانبەرێکی پایەبەرزی دەوڵەتەو بۆ کۆکردنەوەی هەندیێ زانیاری بۆ ئەو دیارو دەڤەرە هاتووەو هەر جەنابی تزار دەزانێت کیێ ناردوویەتی بۆ ئەوێندەر.

بەهەرحاڵ ئەو و ناوی ئەوو شەخسیەتی ئەو دەبیێ بە بابەتی ڕۆژو ژنو پیاو حەز دەکەن، دەرگای دۆستایەتی و ناسیاوی لە ڕوودا بکەنەوە.

چیت چیکۆف، لە نەخشەکەی خۆیدا سەرکەوتوو دەبێت. موڵکداران ناتوانن پێشنیازی ئەو ڕەت بکەنەوەو لە ماوەیەکی کەمدا، دەبێت بە خاوەنی سەدان مسکێنو کۆیلە، بەڵام مسکێنانی مردوو، وەرزێرانێکی بەدبەخت، کە هەر یەکەیان بە هۆیەك مردوونو لە نیعمەتی ژیان مەحرووم‌و بێبەش بوون، بەڵام ناویان ئیعتیباری خۆی هەیە، کە کابرایەکی بێکارەی دەغەڵباز دەخاتە ریزی دەوڵەمەندانی خاوەن موڵكو زەوییەوە.

ئەم نەخشەو پلانە بە باشی ئەنجام دەدرێت، بەڵام چاوچنۆکی و تەماعکاری مرۆڤان کۆتایی نییە. چیت چیکۆف، هەرچەندە لە سەفەری بەردەوامو شەوبێریان و دەعوەتو زیافەت بێزارو بێتاقەت بووە، بەم حاڵەشەوە دەستوور بە عەرەبانچییەکەی دەدات کە بەرەو گوندی دواتر بڕانێت کە لە جێگایەکی دوورە. سلیڤان، گالیسکەچی نەوسنو زۆر خۆرو مەیخۆر، هێندەی ڤۆدگا

خواردووەتەوە کە هێشتا مەستە. سەرماو بەفرو بۆرانیش لەو لاوە بوەستێ، ئیدی ڕێگا گوم دەکات.

گالیسکەکە لە قوڕو بەفرا دەچەقێت و وەردەگەڕێت و ئاغا بە نیوە گیانی دەگەیەنێتە نزیکترین ماڵ، کە ماڵی بێوەژنێکی دەوڵەمەندی ڕژدو پیسکە دەبێت بە نێوی "مەدام کورو بوچکا". مەدام کە لە نیازو مەبەستی ئەو ئاگادارە، هەرچی مسکێنێکی مردووی موڵکەکانی خۆی هەیە، هەر هەموو پێ دەفرۆشێت و هەرچی پارەیەکی پێدەبێت، لێی وەردەگرێت. کاتێ کە لە دەست بێوەژن دەرباز دەبێت و دەیەوێت بۆ شار بگەڕێتەوە، ئیدی پارەیەکی ئەوتۆی پێ نامێنێ. لە ڕێگادا بۆ ئیسراحەت و پشوویەکی کەم خۆی بە میوانخانەیەکدا دەکات و لەوێدا یەکەم ڕووداوی خراپ و چاوەڕوان نەکراو ڕوو دەدات.

"نوژدریڤ"ی مەست و لە خۆ بێئاگا، ئەو ناوەی قۆرخ کردووەو بگاتە هەرکەسێك جنێوبارانی دەکات. ئەم نۆژدریڤە کابرایەکی قوماربازی پیشەیی و سەرکێش و ملهوڕێکی بەدناوەو، لە هەموو ئەمانەش گرینگتر، ئەمەیە، کەسێکە کە زوو بە زوو هەموو کڵاوچی و دەغەڵبازانی وەکو خۆی دەناسێت.

لە شاری "ن... "دا کە چیت چیکۆف، سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی ڕاکێشا بوو، ئەو یەك دوو جار تووشی دەبێت، کاتێ دەکەوێتە تاقیبی، وا هەست دەکات کە ئەویش وەکو خۆی پیاوێکی حیلەبازە. لێرەدا کە تووشی ئەو دەبێت، یەکەمجار دەعوەتی خواردنەوەی دەکات و ئەوجا لە نیازی ئەو سەبارەت بەم سەفەرانە دەپرسێت و کاتێ کە دەزانێ چیت چیکۆف عەوداڵی کڕینی مسکێنانی مردووە، دەڵێت ئەویش ژمارەیەکی زۆری لەم گیانە مردووانە هەیە، بەڵام حەز دەکات قوماری لەگەڵدا بکات. کە چیت چیکۆف، ئەو پێشنیازە ڕەتدەکاتەوە، نوژدریڤ، دەمی لێ بەرەڵڵا دەکات و دەست بە جنێودان دەکات و بە "شەلاتیەکی کڵاوچی" ناو دەبات و هەرکە دەیەوێ دەست بداتە یەخەی، ئەو مامورانەی کە بۆ دەستگیرکردنی نوژدریڤ هاتوون، دەگەنە سەری و ڕێگە بۆ چیت چیکۆف دەکەنەوە کە لەو تالووکەیە هەڵێت و دەرباز بێت. بەمجۆرە ئەم گەنجە هەلپەرستە، بۆ یەکەمجار، هەست بە نزیکی مەترسی دەکات، ئیدی خاوە خاو بێ مانایە. دەبێ تا زووە فریا بکەوێت و دەستی خۆی بوەشێنێ. چیت چیکۆف، دوای کڕینی چەند مسکێنێکی مردووی دی، هەر یەکەو بە دوو ڕۆبڵ و نیو، بە پەلە دەڕوات بۆ ئۆفیسی سەرۆکی ئەنجوومەنی شار تا بەڕواڵەت مامەڵەی گواستنەوەی ئەم مسکێنانە بۆ سەر موڵکە خەیاڵیەکەی خۆی لە خیرسون، جێ بەجێبکات و قانونیەتی پێببەخشێت. هەڵبەتە قەناعەت کردن بە خەڵکی کە گوایە ئەو موڵکی لە شوێنانی دوورەدەست هەیە، کارێکی زەحمەتە، بەڵام بەرتیل لە هەموو شوێنێك دەوری خۆی دەبینێ. ئیدی بەڵگەنامەی فەرمی گوێزانەوەی مسکێنە مردووەکان بەدەست دێنێ و لەوە بە دوا هیچ خەمێکی نامێنێ.

ئێستا، شەوبێری لە دوی شەو بێری، دەعوەت لەسەر دەعوەت چاوەڕوانیەتی. چیت چیکۆف، خۆشەویستی خاس و عامەو پیاوماقووڵان و خانەدانانی شار، بۆ ڕازی کردن و ڕاگرتنی دڵی ئەو ڕکابەری یەکدی دەکەن. ژنانی جوانی شار، لە گەڵ هاتنی هەر میوانێکدا، چاو بە هەموو لایەکدا

دەگێڕن، تا سوارچاکی خەون و خەیاڵی خۆ بدینن و بە ئەفسوون و دلبەری، ئاشقی خۆی بکەن. پارێزگار "ئاهەنگێکی" بەشکۆی سازداوە کە قارەمانەکەی چیت چیکۆفە. لێرەدا، گەنجی فێڵباز بۆ یەکەمجار چاوی بە کیژێکی شۆخ و شەنگ دەکەوێ کە جوانیەکەی چاو دەخاتە ڕێشکەو پێشکە. ئەم ڕوو مانگە خەیاڵئەنگێزە، کیژی پارێزگارە، کە ئاوڕێکی ئەوتۆ لە چیت چیکۆف ناداتەوە، بەڵام ئەم بێ مەیل و خەمساردییەی کیژێ، ناتوانێ ڕێگە لە شەیدایی و بێقەراری چیت چیکۆف بگرێت، لەم کەین و بەینەدا جارێکی دی ڕووداوێکی ناخۆش دێتە پێشێ. نۆژدریڤ، ڕەقیبە بێ پەرواکە، خۆی دەگەیەنێتە ئاهەنگەکەو دوای ئەوەی چەند جامێك هەڵدەدات، بە دەنگێك کە لە سەرانسەری هۆڵەکەدا دەنگدەداتەوە، هاوار دەکات کە چیت چیکۆف، کابرایەکی دزو دەغەڵبازو دەست بڕەو خەڵکەکە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم پیاوە بۆیە سەودای وەرزێرانی مردوو دەکات تا کڵاو بخاتە سەر دەوڵەت.

شا قارەمانی ڕۆمانەکە، بە هەشتاو ئاهەنگەکە بەجێدێڵێت، بەڵام تازە ئەزرەبەو جەزرەبەیەکی قورسی وێکەوتووە. هەمووان هایم و حەیران دەڕواننە یەکدی و حەقیقەتی مەسەلەکە لە یەکدی دەپرسن. ئیدی هەر کەسەو بە جۆرێ باسی دەکات. هەندێك بە کەڵەکچی و خاپینۆکی دەزانن، هەندێکی دی بە کابرایەکی مەندو نهێنی ئامێزی لە قەڵەم دەدەن کە بە مەبەستێکی نادیار بۆ ئەم دیارو دەڤەرە هاتووە. بە هەرحاڵ چیت چیکۆف، ئیدی ئەو پەیکەرە نموونەیی و خەیاڵییە نییە، تێك شکاوەو لە سەر سەکۆی شانازی بەربووەتەوە.

ڕۆمانی گیانە مردووەکان، یا سەربهووردی "پاڤیل ئیڤانوڤیچ چیت چیکۆف" حیکایەت و چیرۆکێك نییە کە بە هەڵچوون و سۆزو گودازێکی زۆرەوە دەست پێبکات و بە ئەنجامێکی ئەخلاقی و عیبرەت ئامێزەوە کۆتایی بێت، قارەمانی ڕۆمانەکە پاش ئەوەی ئەو شارە بە جێدێڵێ، زۆر بویەرو پێشهاتی دێتە ڕێ، بەرنامە و پڕۆژە ڕیسك ئامێزەکانی خۆی یەك بە یەك ئەنجام دەدات تا لە ئەنجامدا بە تۆمەتی تەزویری قەواڵەیەك دەکەوێتە زیندان. لە دادگاییە پڕ هەراو هەنگامەکەی ئەودا زۆر کەس تێوەدەگلێن. ئەم کەسانە کە سەر بە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ڕووسیان، هەموو تاوانبارن و گشتیان وەکو ئەو نێرەنگبازن.

خوێنەر، لە میانەی ئەم ڕۆمانەوە بە هەموو دیاردەیەکی ژیانی ڕووسیای تزاری و بە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی ئەو سەردەمە ئاشنا دەبێت و ئەنجام چیت چیکۆف دەبینێ کە لە زیندان ئازاد بووەو مژوولی ماڵ و خێزان پێکەوەنانە تا لەوە بەدوا بە ئابڕوومەندی و مەردانە بژی و دەست لە فێڵ و تەڵەکەو نێرەنگبازی و فریوان هەڵگرێت. لەم کارەشدا سەرکەوتوو دەبێت و لە یەکێك لە ستانەکاندا (پارێزگا)، لە ڕێگەی کارو کاسبی و وەدەست هێنانی متمانەی خەڵکییەوە، دەگاتە پایەیەك کە پۆستی فەرمانداری دەردرێتێ. بەڵام لە هەمان کاتدا جماعەتێك هەن دەزانن کە جەنابی چیت چیکۆف دەستی داوەتە سەوداو کڕینی جەستەی مردووان تا لە ڕێگای فرۆشتنیانەوە پارەیەکی مۆڵ بخاتە تەنکەی باخەڵییەوە.

لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، کە وادیارە تەواو نەکراوە، چیت چیکۆف، دەگەڵ هاوسەرەکەی و نۆ منداڵەکەیدا، ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنێ و نەخشەی کارو پرۆژەێن پڕ سوودو قازانج بۆ ئایندە

دادەڕیژێت. گۆگۆل، چیرۆکنووس و هونەرمەندی ڕووس، پێدەچێت نەیزانی بێ چۆن کۆتایی پێ بێنێت. زۆر قسە لەمبارەیەوە هەن، دەڵێن نووسەر بەخۆی هەستی بەوە کردووە کە چیرۆکەکەی تەواو نەبووەو هێشتا هەندێ قسەی دی هەن کە پێویستە لەم ڕۆمانەدا بکرێن، بۆیە کەوتووەتە نووسینی بەرگی دووەم، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا لەم کارەی خۆی ژێوان بووەتەوەو ئەوەی لە بەرگی دووەمدا نووسی بووی، دڕاند بووی و فرێی دابوو و ڕۆمانی گیانە مردووەکانی لێرەدا بڕاندووەتەوە. قسەو باسێکی دیکەش هەیە کە گوایە دوای بڵاوبوونەوەی رۆمانەکە، هەزاران دڵبەندی ئەم بەرهەمە، نامەیان بۆ نووسەر ناردووە، داوایان لێکردووە تا سەربهووردی چیت چکۆف لێرەدا خەتم نەکات و جۆرە ئەنجامگیرییەك بە ڕۆمانەکە ببەخشێت، بەڵام گۆگۆل گوێی بە هیچ یەکێك لەم داواکاریانە نەداوە. ڕەنگە هۆیەکی گرینگی ئەم کارەی ئەمە بووبێ کە چیرۆکنووسی دوور خراوەو ئاوارەی رووس، بەرە بەرە لە تەنیایی و بێکەسی و هەژاری و نەداری و دوورە وڵاتیدا، دووچاری نەخۆشی دەروونی بووبێ و ئیدی نەیتوانی بێت لەسەر نووسین بەردەوام بێ. ڕۆمانی گیانە مردووەکان لە ساڵی ١٨٤٢دا بڵاوبووەتەوە کە نووسەر تەمەنی سی و سێ ساڵان بووە. تا چەندین ساڵ ماڵ بە کۆڵ، ئاوارەو دەربەدەر ئەم شارو ئەو شار، ئەم دیارو ئەو دیاری کردووە، تا ئەنجام بە ئومێدی گەییشتن بە ئاسوودەیی، لە بەیتول مەقدیس جێگیر بوو، بەڵام لەوێش دا ڕوحی نیگەرانی ئەو، لە مەینەت و نیگەرانی هەر ڕەها نەبوو، لە کاتێکا جگە لە بەستەیەکی چکۆلە کە یاداشتەکانی خۆی تیا بوو، هیچی دیکەی پێنەبوو، دەستکورت و داماو خۆی بە مۆسکۆدا کرد. ژمارەیەك لە یارانی هەوڵیاندا یارمەتی بدەن، بەڵام نەخۆشیەکەی رۆژ بە رۆژ دەیدایە زیادی و حاڵی خراتر دەبوو، تا سەرەنجام لە ڕۆژێکی ساردی ساڵی ١٨٥٢دا، لە حاڵێکا ژمارەیەکی کەم لە دۆستەکانی لە دەوری خڕ بوو بوونەوە، پەیتا پەیتا و بە دەنگی بەرز هاوار دەکات: "پەیژە... پەیژە..." ماڵاوایی لە ژیان کرد. ئەوانەی کە ئاگایان لە بیرکردنەوەو مەشرەبی ئەو هەبوو دەیانزانی کە گۆگۆل، لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا جگە لە تەورات و ئینجیل، هیچی دیکەی نەدەخوێندەوەو وشەی پەیژە جگە لەو پێبیکلە روحانیەی کە ئەرمیای پێغەمبەر لە تەوراتدا، بۆ گەییشتن بە موعبود ئارەزووی کردووە و بە ئاواتی خواستبوو و لەو کتێبەدا، هیچی دیکە نییە.جا چیرۆکنووسی ڕووسی، بەو هەموو خزمەت و شکۆو شانازییەوە کە پێشکەش بە کۆمەڵگەو ئەدەبی وڵاتی خۆی کردبوو، ئەوەندەی پارە نەبوو کە جەنازەکەی لە گۆڕستانێکی شایستەدا بە خاك بسپێرن، دۆستەکانی ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆگرت و لەسەر کێلی قەبرەکەی تەنیا ئەم رستەیەیان نووسی: "من پێدەکەنم.... بە پێکەنینی تاڵ...."

سەرچاوە:

سیری در بزرگترین کتابهای جهان/ جلد دوم/ تالیف حسن شهباز، چاپ پنجم/ موسسه انتشارات امیر کبیر/ تهران، ١٣٨٩.

## ١١- هەڕاجە بازاڕ

### ویلیام تاکری

چیرۆکنووسێکی ئینگلیزە، لە کەلکەتا لە دایکبووە. تاکری ڕەخنەگر، ئەدیبو هەجوونووس بوو، ڕەخنەو ئیرادی زۆری لە هەستێن ڕۆمانتیك گرتووە. هەندێك کەس بە هاوشانی دیکنزی دەزانن.

***

ئەم ڕۆمانە رەخنەیە لە پوچی جیهان، لە دیدو نۆڕینی تاکرییەوە ژیانی مرۆڤ، پڕە لە بێهودەیی، شەڕەنگێزی، درۆ، نێرەنگو تەڵەکەبازی. هیچ مرۆڤێکی ئاقڵو ئابڕومەندو بە هەڵوێست لەم دنیایەدا ناگات بە شادی و دڵخۆشی. دنیا، لە تراویلکەیەك بەولاوە هیچی دی نییە، دنیا کڵاوی بابردووە .

***

سەردەمی مەلیکە ڤیکتۆریا کە لە مێژووی بریتانیدا بە سەردەمی ڤیکتۆریایی بە نێوبانگە،یەکێکە لە سەردەمە پڕشنگدارەکانی تەجەلی هونەرو ئەدەب لەم وڵاتەدا.لەم دەورانەدا کە لە ساڵی ١٨٣٢وە دەست پێدەکات وبە مەلیکە لە ساڵی ١٩٠١دا کۆتایی دێت،ڕۆشنبیران وهزرڤانان وهونەرمەندانی بەنامێ لەم قەڵەمڕەوەدا وگەنجینەی زەوق وفیکری ئەم کۆمەڵگەیەیان زۆر دەوڵەمەند کرد. مەلیکە لە ساڵی ١٨٣٧دا هاتە سەر تەخت و فەرمانڕەوایی بریتانی ئیرلاندای گرتە دەست و لە ساڵی ١٨٧٦دا عینوانی پڕ شانازی ئیمپراتۆرسی هندستانی وەرگرت، بەڵام سەردەمی ڤیکتۆریایی یادەورەی گەشانەوەو شکۆفایی هونەرو ئەدەبی ئینگلیز، نزیکەی پێنج ساڵ،پێش دەستپێکی دەسەڵاتی ئەو دەست پێدەکات وهۆیەکەشی پەسندکردنی بەرنامەی ڕیفۆرمکاری بوو لە لایەن هەردوو ئەنجوومەنی گشتی و ئەعیانی ئینگلیستانەوە،کە لەو ڕێگایەوە ئازادییەکی فرە بە چینی مامناوەندی کە لە حاڵی گەشەکردن و خۆ نوێنیدا بوو، دەدرا."١"

لەم دەورانە هەفتا ساڵیەدا، گۆڕانێکی مەزنو بێ پێشینە لە واری ئەفراندنی شیعرو پەخشان، چیرۆکنووسیو شانۆنامەنووسی، لە واری پەیکەرتاشی، لە تەلارکاریو هونەرە جوانەکاندا رووی دا، کە تا ساڵانی پاش مردنی مەلیکە ڤیکتۆریا و دەست پێکردنی نوێخوازی و نوێگەرایی هونەرمەندان بەردەوام بوو. لە واری شاعیریو پەخشان نووسیدا، ناودارانی وەکو تۆماس کارلایل (١٧٩٥- ١٨٨١)، جوان راسکین (١٨١٩- ١٩٠٠)، ویلیام موریس (١٨٣٤- ١٨٩٦)، ماتیو ئاڕنۆڵد (١٨٢٢- ١٨٨٨)، لور ئالفرید تنیسون (١٨٠٩- ١٨٩٢)، روبرت براونینگ (١٨١٢- ١٨٨٩)، دانتی گابریل روستی (١٨٢٨- ١٨٨٢)، ئیدوارد فیتزجیرالد (١٨٠٩- ١٨٨٣)، روبرت لویس ستیونس (١٨٥٠- ١٨٩٣)، ئوسکار وایلد (١٨٥٤- ١٩٠٠)، رودیارد کیپلینگ (١٨٦٥- ١٩٣٦)، دەرکەوتن، کە شۆرەتو ناوبانگی هەر یەکێکیان سەرانسەری دنیای شارستانیەتی ئەو ڕۆژگارەی گرتبووەوە. لە واری چیرۆکنووسیشدا، کەسانی گەورەو نەمر پەیدا

بوون كه هەندێك لەوانە لە سەرانسەری دنیادا، تا ئێستاش نموونەیان پەیدا نەبووەتەوە. لەوانە: ئیدوارد بولور لایتون (١٨٠٣- ١٨٧٥)، چارلز دیكنز (١٨١٢- ١٨٧٠)، ویلیام تاكری (١٨١١- ١٨٦٣)، چارلز رید (١٨١٤- ١٨٨٤)، شارلوت برونتی (١٨١٦- ١٨٥٥)، ئیمیلی برونتی (١٨١٨- ١٨٤٨)، جۆرج ئیلیوت (١٨١٩- ١٨٨٠)، چارلز كینگزلی (١٨١٩- ١٨٧٥)، جۆرج مردیت (١٨٢٨- ١٩٠٩)، تۆماس هاردی (١٨٤٠- ١٩٢٨).

ئەم ئەدیبە داهێنەرانە، بە بەرهەمەكانی خۆیان دنیایان داگیركردو پایەی كۆشكی بەرزی ئەدەبیاتی ئینگلیستانیان گەیاندە لوتكەی بەرزیو بۆیە هەموویان لەم هەوڵە پڕ شانازییەدا بەشدارن، بەڵام وێڕای ئەمەش ئەم پرسیارە بە زەیندا دێت كە كێ لەمانە لە ڕیزی پێشەوەی ئەم لیستەدا دێتو كام بەرهەمی ئەم ئەدیبو چیرۆكنووسانە، شۆرەتو ناوبانگو شانازی زیاتری بە زمانی ئینگلیزی بەخشیوەو دەستكەوتی زیاتری بۆی هەبووە؟

لەواری چیرۆكنووسیدا، ئەگەر چارلز دیكنز بە پێشەنگو پێشڕەوی هەموو نووسەرانی ئەم سەردەمە بزانرێت، ئەوا ناكرێت ویلیام تاكری لەو بە كەمتری بزانرێت. جگە لە چیرۆكانی هنری سموند، ماڵباتی نیوكامز، ڤیرجینیاییەكان، و پندنیس كە هەر یەكێكیان بەرهەمێكی بەنێوبانگی ئەم چیرۆكنووسەن، تەنیا ڕۆمانی هەڕاجە بازاڕەكەی، پایەیەكی ئەوتۆی پێدەبەخشێ كە گەورە ڕەخنەگرانی ئەدەب، بە ئاسانیو بێ دوو دڵی دەتوانن بە هاوتای دیكنزی دابنەنو ئەم دوانە لە یەك پایەدا دەگەڵ یەكدیدا بەراورد بكەن(٢).

هەڕاجە بازاڕ(٣)، یەكێكە لە چەند كتێبێكی گەورەی دنیاو ڕەنگە تاقە چیرۆكی ڕەخنەیی جڤاكی بێ كە وەكو بەرهەمێكی كلاسیكی ئەدەبی ئینگلیزی تەمەشا بكرێت(٤). پسپۆڕو ڕەخنەگرێكی دیكە ئەم ڕۆمانە بە مەنشوورترین چیرۆكی زمانی ئینگلیزی دەزانێتو قەناعەتی وایە ئەگەر پێنج چیرۆكی دەرەجە یەك لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بێتە هەڵبژاردن، ئەوا هەڕاجە بازاڕ(٥)، یەكێك  دەبێت لەو پێنج بەرهەمە. ڕەخنەگرێكی ئەدەبناسی دیكە هەڕاجە بازاڕ بە "گەورەترین چیرۆكی شادی ئەنگێزی كۆمەڵگەی ئینگلیزی دەزانێت لە زۆر لاپەڕەی خۆیدا دیمەنێن ڕەنگاو ڕەنگی كۆمەڵگەی ئینگلیزی لە سەردەمی ناپلیونی خۆیدا بەرجەستە كردووە(٦)" خۆلاسە ئەدیبێكی ڕۆشنبیری دیكە دەربارەی ئەم بەرهەمە دەڵێت: "جووڵەی بەهێزو ڕەنگێن جوانی ئەم ئاوێنە باڵانمایەی كۆمەڵگەی نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەی ئینگلیستان، ڕۆمانی هەڕاجە بازاڕ، دەكات بە یەكێك لە ڕۆمانە سەركەوتووەكان. وەسفی لێهاتووانە، هەڵسوكەوتو ڕەفتاری كاراكتەرەكانو چۆنیەتی بەكار بردنی زمان بە جۆرێكە كە ئەم ڕۆمانەیان كردووە بە یەكێك لە بەرهەمە ناوازەو بژاردەكانی ئەدەبی سەردەمی ڤیكتۆریا. خوێنەر لە میانەی بویەرو بەسەرهاتو واریقاتەكانی ئەم چیرۆكەوە، شارەزای هەورازو نشێوەكانی تەبیعەتی مرۆڤانی دەبێتو بەرە بەرە بەجۆرێ هۆگرو ڕمودەی بیرو هزرینی ویلیام تاكری دەبێت كە زۆر بە باشی لە دوا ڕستەكانی ڕۆمانەكەی دەگات كە دەڵێت: "ئەم دنیایە هەڕاجە بازاڕێكی سەیرە. كێ خێرو خۆشی لەم دنیایە دیتووە؟ كێ بە ئاواتی خۆی گەییوەو دڵی

پێی خۆش بووە؟ کوڕینە، گەنجینە وەرن با ئەم بووکەڵەبازییە ڕاگرین، چونکە گەمەکەمان تەواو بووە...(٧)"

باشە ئەم هەڕاجە بازاڕە کوێیەو بۆچی نووسەر ئەم ناونیشانەی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە؟ هەڕاجە بازار، وەکو لە قسەی نووسەرەکەیدا دەردەکەوێ، شوێنێکە پڕە لە بێهودەیی، ڕەنج بێوەری، کارو کردەوەی توڕەهاتو کارێن گەوجانە، شەڕارەتو درۆو نێرەنگ و کەڵەکبازیو هیچ. پیشانگایەکە کە کۆمەڵێك شتی وەکو مۆد تیا ڕانراوەو گشت نوێخوازانو نۆپەسندان هەوڵدەدەن ئەو شتانەیان هەبێت، بەڵام کاتێ دەیگەنێ، دەبینن جگە لە تراویلکە هیچی دی نەبوون، هەمووان درۆ دەگەڵ یەکدا دەکەنو جگە لە ڕواڵەتبازیو ساختەچیاتی هیچ کارێکی دیکەیان نییەو لە هەوڵی ئەوەدان بگەن بە شتێك کە ئەو شتە لە بنەڕەتدا هیچ نییە.

چیرۆکنووس، لە ژێر ناونیشانی هەڕاجە بازاڕدا دەنووسێت: "چیرۆکێکی بێ قارەمان" ڕەنگە ئەم چیرۆکە قارەمانی پیاوی نەبێت، بەڵام قارەمانی ژنی هەیە. (بکی شارپ) کیژێکی جاویدانیەو قابیلی لاسایی کردنەوە نییە، نووسەر کاراکتەرێکی نەمری لێدروست کردووە، هەرکەسێك ناسیاوی دەگەڵدا پەیدا بکات، لە بیری ناچێتەوە. نەوەی نوێ، رۆمانی نوێو هزرینی نوێیان دەوێ، بەڵام سەیر ئەمەیە کە بەسەرهاتی بکی شارپ کۆن نابێتو هەڕاجە بازاڕ ناکەوێتە گۆشەی بیرچوونەوەوە. ئەم کیژە لە ماوەی دوو ساڵدا لە دایکبوو، لە نێوان ساڵانی ١٨٤٦و ١٨٤٨، واتە لەو سەروبەندەدا کە ویلیام تاکری، شێوەی چارلز دیکنزی لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکدا، هەڵبژارد، بەم مانایەی کە هەر مانگەی بەشێکی لە چیرۆکەکەی بڵاودەکردەوەو هەوادارانی رۆمانەکەی بە تاسەوە ئەم بەشانەیان دەکڕیو هەڵیان دەگرتن، تا هەموو بە شەکان لە یەك کتێبدا بێنە بڵاو کردنەوەو، ئەم کارە نزیکەی بیستو چوار هەیڤی خایاند.

ئەمڕۆکە پتر لە سەدو سی ساڵ بەسەر بڵاو بوونەوەی ئەم رۆمانەدا تێدەپەڕێت، لێ بکی شارپ خۆشەویستی خۆی لە دەست نەداوە. سرپیت کرالی دەوڵەمەندی لەگام یا ئەمیلیا سدلی دۆستی مێریڤانو دڵپاکی بکی شارپو مێجەر دوبینی دڵبەندی ئەمیلیاش لەو کاراکتەرانەن کە هەرگیز لە یادی خوێنەر ناچن.

بەڵام بکی لەم چیرۆکی هەڕاجە بازاڕەدا، مرۆڤێکی دیکەیە. لەگینە خەڵکانی وەکو ئەو زۆر بووبن، بەڵام تایبەتمەندییەکانی ئەو، کردوویانە بە قارەمانێکی نەمر.

بکی، کە ناوی تەواوەتی "بەکا"یە نموونەیەکی هەڵبژاردەیە لەو کیژە هۆشمەندو زیرەكو شۆڕەتو پایەخوازانەی کە لە وەختو ناوەختدا لە کۆڕو کۆبوونەواندا دەردەکەون. بۆ ئەوەی بە ئاواتی خۆی بگات کە شۆرەتو سامان و خۆشەویستییە، پەنا وەبەر هەر نێرەنگو فێڵو خاپاندنو تەزویرێك دەبات. لەو ساتەوە کە لە سەرەتای رۆمانەکەوە کاتێ کە ئەکادیمیای کچانی میس پینکرتون تەواو دەکاتو خوا حافیزی لە ئەمیلیا سدلی هاو دەورەی خۆی دەکات، تا دووی چارەنووسی خۆی بکەوێتو لەو کاتەوە کە مەدام پینکرتوون نووسخەیەك لە قامووسەکەی دکتۆر جانسوونی بە دیاری دەداتێ تا دوا دیمەنی رۆمانەکە، کە نزیکەی هەفت

سەد لاپەڕەیەك دەبێت، بکی هەر خەریکی پاشقولگرتن و دەسیسەو پیلانو قسەکردنو خۆ هەڵکێشانو درۆو فریوکاریە.

لەم تەڵەکەبازییە زیرەکانەو نەخشەو پیلانە وەستایانەدا قوربانیانی ئەو یەك و دوان نین. ئیدی هەر کێیەکی بۆ ڕێك بکەویٚ، لە ژنو پیاو، پیرو گەنج، هەژارو دەوڵەمەند هەر هەمووی فریو دەدات. بکی، کچێکی هەتیوە، بابی مامۆستایەکی نەخشەکێشی کەم دەرامەت بووە، کە بابی لە دەست داوە، ئیدی دەگەڵ کچانی ئەشرافزادەی وەکو ئەمیلیادا جیاوازی زۆری دەبێت، بەڵام بەم حاڵەشەوە بکی سیماو ڕەفتارێکی ئەوتۆی دەبێت کە خەڵکی هەست بە جیاوازی چینایەتی ئەو دووە ناکەن.

خوێنەر بەردەوام ئەم جیاوازییە زەقەی نێوان ئەم دوو کاراکتەرە دەبینیٚو هەستی پێدەکات. لە کاتێکدا کە ئەمیلیا بەوپەڕی مێریڤانیو دڵسۆزیو لە خۆ بردووییەوە، خەمی دۆستەکەی دەخواتو پشتیوانی لێدەکات، بکی، یەکپارچە ڕیاوو درۆو فریوە، لە سیماو کڵێشەی دۆستێکی دڵسۆزو پاکدا، نەخشەو بەرنامەکانی خۆی جێبەجیٚ دەکاتو هەوڵدەدات هەر هەموو ئەم کەسانە وەکو پلەی پەیژە بەکاربێنێت وبە سەریاندا سەر بکەوێتو بە ئاواتەکانی خۆی بگات.

ربەکا شارپ، لە ڕۆمانی هەڕاجە بازاڕدا سەرەنجام بە ئاواتی خۆی دەگات. لە ساوپەنای میهری بیٚ درێغی ئەمیلیاو ئەندامانی خانەوادەکەی ئەوەوە، پلەو پایەیەك بەدەست دێنێت، جوزیفی برای ئەمیلیا کە کەسێکی مەیخۆرەو لە هندەوە بۆ ئینگلیستان هاتووەتەوە، شێتو شەیدای بکی دەبێت و ئامادەیە زەماوەندی دەگەڵدا بکات. ئەمە یەکەم هەنگاوە بەرەو سەرکەوتن. بکی وا زەن دەبات کە عومری جوزیف زۆر نابێتو ئیدی ئەم دەبێت بە خاوەنی سەروەتو سامانی بیٚ حیسابی ئەم ماڵباتە، بەڵام بە هۆی ڕوودانی هەندێك بویەرانەوە ئەم نەخشەو بەرنامەیە تێکدەچێتو بکی ناچار وەکو مامۆستای تایبەتی، پەیوەندی بە خانەوادەی سرپیت کرالییەوە دەکات. سرپیت بارۆنێکی خوێڕیو بودەڵەو پارە پەرستە. بەڵام بەو حاڵەشەوە ناتوانیٚ دەڵبەندی جوانیو کەسێتی بکی نەبێت. کاتیٚ کە ژنەکەی دەمرێت، یەکەم پێشنیازی ئەمە دەبێت کە بکی شەرەفی هاوسەرێتی پیٚ ڕەوا بدینیٚ، بەڵام لەم بەینەدا، کچەی ڕواڵەتباز، دڵدارێکی دیکەی بۆ خۆی پەیدا کردووە کە رادون کرالی فەرزەندی سرپیتە کە بە پلەی مێجەر لە سوپادا خزمەت دەکات.

ربەکا شارپ، دەبیٚ بڕیار بدات، نەخشەکە جێبەجیٚ دەکریٚو ئیدی لە وەڵامی خوازگارە فەرتووسەکەیدا، بەدەم پەڵمە گریانەوە ئیعتراف دەکات کە پێشتر هاوسەری خۆی دیاری کردووەو مێردەکەیشی کوڕەکەی ئەوە. ئایا بکی ڕاست دەکات؟ سرپیت بۆ سبەینیٚ، کە لە سەر سامیو نەباوەڕیدا تەواو شپرزە بوو بوو، زانی کە کوڕەکەی دەگەڵ هاوسەرە گەنجەکەیدا بۆ رابواردنی مانگی هەنگوین چووە بۆ برایتون. کەواتە قسەکە ڕاستە. میس کرالی خوشکی سرپیتو پوری رادون کە لەم پێشهاتە زۆر تووڕەو پەست بوو بوو، وەسێتنامەکەی جارانی خۆی، کە قەراری دابوو، هەموو سەروەتو سامانو موڵکەکەی خۆی بە برازایەکەی ببەخشێت، دەگۆڕێتو هەرچی دارو نەداری خۆی هەیە بە سرپیتی برای دەبەخشێت.

بکی له برایتوندا تووشی دۆسته دێرینەکەی خۆی ئەمیلیا دەبێت. ئەمیلیا دەگەڵ جۆرج ئۆسبۆرنی مێردیدا بۆ ئەوێندەر، بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوین هاتبوو. ئەم دیدارە چاوەڕوان نەکراوە بۆ بکی دەرفەتێکی لە بار بوو. مێردەکەی خۆی کە بە هۆی ژێوان بوونەوەی مەدام کرالی وەسێتنامەکەی ئێستا تەنیا مێردو هاوڕێیەکی ئاسایی ژیانی ئەو بوو، بکی داوی جوانی دەنێتەوەو جۆرجی چاو نەکراوە دەکەوێتە داوەکەوە، بەڵام پێش ئەوەی خیانەت دەست پێبکات، ناچار دەگەڵ رادون دا بۆ بروکسل دەڕوات تا هەردووکیان لە شەڕی واترلودا بەشداری بکەن، ئەم سەفەرەی جۆرج بێ گەڕانەوە دەبێت. لە مەیدانی شەڕدا، بە گوللەی دژمن دەپێکرێت و خڵتانی خوێنی خۆی دەبێت. بەڵام رادون بەرز دەبێتەوەو دەگاتە پلەی سەرهەنگی و دەگەڵ بکی دا ماوەیەکی زۆر لە پاریس دەمێنێتەوە.

ژیان لە پاریسدا بۆ بکی دنیایەکی جیاوازە. مێرد، وەکو سەرهەنگێکی سەرکەوتووی سوپای ئینگلیز، دەگاتە بالاترین کۆڕو ئەنجوومەنی ئەشرافی فەڕەنسی و بەرە بەرە خوو بە قومارەوە دەگرێت. دوو ساڵ دەبورێ و ئەو دووە کە بڕێك لە قەرزەکانی خۆ دەدەنەوەو بوون بە خاوەنی کوڕێك، بۆ لەندەن دەگەڕێنەوەو لەوێندەر بۆیان دەردەکەوێت کە ئەمیلیا دوای مردنی مێردەکەی، کونجی گۆشەگیری و خەڵوەتی گرتووەو بە دەرامەتێکی کەم دەگەڵ منداڵەکەی خۆیدا دەژی.

بکی شارپ، لە لەندەندا، خوو دەداتە ژیانی ئەشرافی، ئیفلاس بە مێردەکەی دەکات و خۆی بە جلو بەرگی ئاڵاو والاو جەواهێری عەنتیکەو نایابەوە، لە باشترین کۆڕو ئەنجوومەنی شاردا پەیدا دەبێت. جوانی و شەخسیەتی ئەو بەڕادەیەکە کە هەر هەمووان دەکەونە داویەوە، بەڵام ئەفسوونی ئەو لە هەمووان پتر کار لە لۆردستین دەکات. ئەم لۆردە دەستڕۆو دەوڵەمەندە، بەجۆرێ دڵبەستەی ئەم ژنە جوان و شۆرەتخوازە دەبێت کە ئامادە دەبێت هەر هەموو ئارەزووە بێکۆتاییەکانی بێنێتە دی و تەنانەت بیگەیەنێتە دەربارو بە مەلیکەی ئینگلستانی بناسێنێ. بکی شارپ، لە دەرباردا تووشی پیاوێك دەبێت کە سەرنجی ڕادەکێشێت. ئەم پیاوە برا گەورەی مێردەکەیەتی کە حاڵی حازر هەموو سەروەت و سامانی خانەوادەی کرالی بەوە. دیارە خاپاندنی ئەم پیاوە زەحمەت نییە. زۆری پێناچێت ئەویش دەکەوێتە سەر لاقی ژنەی خۆپەرست و هەوەسڕانەوە.

رادون کرالی، سەرەنجام دەکەوێتە زندانەوە. خەرجی و مەسرەفی بێئەندازەی ژنەکەی لەوە زیاترە کە بەو دابین بکرێت. بەڵام ڕزگار بوونی ئەو لە زندان کارێکی زەحمەت نییە. بکی داوا لە شووبراکەی دەکات کە ئازادی بکات و ئەم کارە ئەنجام دەدرێت. شەوێك کە رادون بە سەردانی دێتەوە ماڵێ، هاوسەرەکەی لە هەمێزی لورد ستین دا دەبینێ و ئیدی لەوە بەدواوە ناتوانێ درێژە بەو ژیانە بدات، لە ماڵ وەدەردەکەوێ و ئیدی ناگەڕێتەوە.

بەڵام ئەم بویەرانە لە هەوەڵەوە، بەلای بکی شارپەوە گرینگ نابن. سواری ئەسپی تۆسن و سەرکێشی موراد بووەو هەڵیکردووەتە چوارناڵە. جۆزیف، برای ئەمیلیا، دەگەڵ ویلیام دوبینی دۆستی نزیکی جۆرج ئوسپونی ئاشقی پێشبینی ئەمیلیا، دوای دە ساڵ مانەوە لە هند، بۆ لەندەن گەڕاونەتەوە. بارودۆخەکە بە شێوەیەکی سەیر گۆڕاوە، بکی و ئەمیلیا هەردووکیان

شوویان کردووەو هەردووکیان مێردەکانی خۆیان لە دەست داوە. دیداری ویلیام دوبین بۆ ئەمیلیا ناکاتە هیچ، چونکە ئەمیلیا بە ڕادەیەك پابەندی خۆشەویستی مێردە کۆچکردووەکەیەتی، ئامادە نییە داخوازی دوبین کە شووی پێبکات قەبووڵ بکات. بەڵام بە نۆرینی بکی، جۆزیف نێچیرێکی باش و تازەیە. خوازبێنی ئەو قەبووڵ دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ناچاری دەکات ژیانی خۆی بە بڕە پارەیەکی مۆڵ دابین بکاتو ئەو بکات بە میراتگری خۆی. ئاشقی ساویلکەو بێ ئەقڵ ئەم کارە دەکاتو دوای ماوەیەکی کەم کۆچی دوایی دەکات. مردنەکەی نهێنی ئامێزە، بەڵام کەس گومان لەو ناکات. دایەرەی بیمە، پارەیەکی زۆر بە هاوسەرەکەی دەدات.

بکی شارپ، ئیدی بووە بە ژنێکی دەوڵەمەند. عینوانی لەیدی بونتی فول(٨) بۆ خۆی دەکڕێتو لە کۆڕو مەجلیسی ئەرستۆکراتانی ئینگلیزدا، پەنجەنمایە، ئەمە هەمان ئەو ئامانجەیە کە لە ڕۆژی هەوەڵەوە خەونی پێوە دەبینیو ئەنجام پێی گەیی. ئیدی گرینگ نییە لە پێناوی ئەمەدا چەند کەس بووبنە قوربانی. ڕۆژێك ئاگادار دەبێتەوە کە ویلیام دوبین زۆر دڵبەستەی ئەمیلیایەو ئەم دۆستە دێرینەی بۆیە قاییل نابێ شووی پێبکات چونکە مێردەکەی پێشووی خۆی بە پاکترینو بە ئەمەکترین مێردانی دنیا دەزانێ. لێرەدا بە پێویستی دەزانێ کە هەنگاوێك بنێتو دەستێك بۆ دۆستە دێرینەکەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هاوپۆلی ئەو بووە، درێژ بکات. دەچێتە دیدەنیو لەم دیدەنیەدا نامەیەکی پێ نیشاندەدات بۆ ئەمیلیا ئەم حەقیقەتە سەیرە قابیلی تەسەور نییە، نامەکە بە دەست خەتی مێردەکەی ئەوە کە بۆ بکی شارپی دۆستی ئەوی نووسیوەو داوای لێکردووە تا لەگەڵ ئەودا بۆ واترلو هەڵێن.

ئەم خیانەتە باری قورسی پەشیمانی لە سەر شانی ژنەی گەنج لا دەبات. دەچێت بۆ لای ویلیام دوبین و شووی پێدەکاتو هەردووکیان، بۆ ئەوەی ژیانێکی سادەو ئارام بەرنە سەر، لە جەنجاڵی شاری پڕگوناحی لەندەن هەڵدێنو بۆ دەرێ دەڕۆن.

ویلیام تاکری، ئافرێنەری هەڕاجە بازاڕ وێنەیەکی زندوو وپڕ عیبرەتی دەربارەی کۆمەڵگەی خاپینۆكو فێڵبازی ئینگلیستانی خستووەتە ڕوو، بە خۆی لە بەرگی پشتەوەی کتێبەکە نووسیویەتی "چیرۆکی بێ قارەمان" بەڵام ئەم ڕۆمانە، جگە لە ربەکا شارپ، کە تەوەری پلۆتی ڕۆمانەکەو شا قارەمانی چیرۆکەکەیە، قارەمانانی دیکەشی هەن. ئەندامانی ماڵباتی کرالی، بە تایبەتی سرپیت کرالی، لە دیدی نووسەرەوە خەڵکانی پیسو خۆ پەرستو بە دەعیەو کوێردڵ بوون. تاکری ئەوانەی وەکو نموونەیەك لە ئەشرافانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمی ئینگلیستان خستوونەتە ڕوو.

ئەمیلیاو خانەوادەکەی ئەو لەم ڕۆمانەدا، نموونەیەکی دیکەی کۆمەڵگەی ئینگلیزی ئەم قۆناغو سەردەمەن. خوێنەر ناکۆکیو هەڤدژیەکی بەرچاو لە نێوان ربەکا شارپو ئەمیلیا سدلی دا دەبینێ. ئەم ناکۆکیو جیاوازیە لە هەموو شوێنێکدا بەدی دەکرێتو تا کۆتایی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت. ئەمیلیا، لە سەرەتاوە کچێکی دەوڵەمەندو ناسراو بوو، بە پێچەوانەی بکی یەوە کە کچێکی هەتیوو و گومناو بوو، بەڵام لە کۆتاییدا بکی شارپ دەبێت بە لەیدیەکی دیاری

ئینگلیزی و ئەمیلیا دەبێ بە ژنێکی حاڵ مامناوەندی. ئیدی کاراکتەرەکانی دیکەی ئەم ڕۆمانە لە خزمەتی ئەم دوانەدان و بە دەوری ئەواندا دەسوڕێنەوە.

بۆچی تاکری کەوتە بیری نووسینی ئەم چیرۆکەو چ فاکتەرو هۆکارێك هانیدا تا قارەمانێکی وەکو ربەکا شارپ بئافەرێنی؟

بەر لە ویلیام تاکری، لە ئینگلیستاندا چیرۆکنووسانی دیکە هەڵکەوتبوون کە لە ژیانی رواڵەتبازیو فریوکارانەی ئەشرافانی دەرەجە یەکی ئینگلیز، بێزارو پەست بوونو نووکی قەڵەمی رەخنەیان تێکردبوون، هنری فیلدنیگ (١٧٠٧- ١٧٥٤) لە ساڵی ١٧٤٩دا رۆمانی توم جونزی بڵاوکردەوەو ئەم ڕۆمانە بوو بە یەکێك لە شاکارە ئەدەبییە زندووەکانی ئەدەبی ئینگلیزی. توم جونز وێنەیەکی گەشی دیکەی کۆمەڵگەی ئینگلیزە لە سەدەی هەژدەیەمدا، ساموئیل ریچاردسۆن (١٦٨٩- ١٧٦١) لە ساڵی ١٧٤٢دا رۆمانی "پامیلا"ی نووسی، کە ئەمیش تابلۆیەکی دیکەی کۆمەڵگەی سەدەی هەژدەیەمی ئینگلیز بوو. جین ئوستین (١٧٧٥- ١٨١٧) لە ساڵی ١٨١٣دا رۆمانە بەناوبانگەکەی خۆی (غروور و تاسووب)ی بڵاوکردەوەو ئەم کتێبەش تابلۆیەکی خەڵکی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەی ئەو وڵاتە بوو.

تاکری ژینگەی ئەرستۆکراتیانەو ئەشرافیانەی ئینگلیستانی ساڵانی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمی بینیو نەفرەتی لەو ژیانە فریوکارانەو بێ سەرو بەرە کرد. کێ وەکو نووسەر دەتوانێ دزێوی و کرێتییە نادیارو پەنهانەکانی کۆمەڵگە بخاتە بەرچاوی میللەتی خۆسەرو خۆپەرستو وێنەی بگرێت؟ ویلیام تاکری شانی دایە بەر ئەم ئەرکەو لەم کارەدا سەرکەوت. تاکری، زۆر ژنانی وەکو ربەکا شارپی لەو کۆمەڵگەیەدا دەبینی، هەر بۆیەش وەکو نموویەك کردوویەتی بە شا قارەمانی ڕۆمانەکەی.

تەنزو توانج لەم بەرهەمەدا زۆر زەقو دیار نییە، بەڵام هەرکەسێك ئەم بەرهەمە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە هەڕاجە بازاڕ تریبۆنێکی بەهێزە، تاکری لە پشتیەوە وەستاوەو تانە وتەشەر لە هەمووان دەدات. ئەو شارەی کە بە قەڵەمی ئەفسوونسازی خۆی وێنەی گرتووە، شاری بێهودەگەرایانە، شوێنێکە هەر هەموویان یەکدی تەفرە دەدەنو هەر هەموو خیانەت لە یەکدی دەکەن. بۆچی؟ لە پێناوی ئامانجێکدا، کە سەرەنجامەکەی جگە لە پووچیو بێهوودەیی هیچی دیکە نییە.

***

ئەم داهێنەرەی کە هەڕجە بازاڕی خوڵقاندووە یا ئەم نیگارکێشە لە زەبرەی کە پێشانگای پڕ هەراو هەنگامەی بێهودەگەرایی لە ڕۆمانەکەیدا بەو وەستاییو هونەرمەندییە وێنەکێشاوە، نیگارکێشو شێوەکاریش بووە. ویلیام تاکری هونەری وێنەکێشی، لە منداڵی ڕا، لە بابیەوە فێر بوو بوو و کە چوو بووە پاریس، لە ساڵانی سەرەتاوە، لە هونەرستانی نیگارکێشی پاریسدا، پەیجوری هیوایەتو حەزی نیگارکێشی خۆی کردبوو. ئەو دۆستو هاوڕێیانەی کە ئەو نامەی بۆ دەنووسین، نەك هەر نێوەڕۆکی جوانو دڵگیریان لە نامەکانیا دەخوێندەوە، بەڵکو هەندێ سکێچی جوانیشیان دەبینی کە ئەو خۆی کێشا بوونی.

زۆربەی کتێبەکانی لەو سکێچانەیان تیا بوو، جا ئەم وێنەو سکێچانە چونکە ڕەنگدانەوەی زەین و هزرینی نووسەر خۆی بوون، راستگۆیانەو ڕەسەن بوون.

تاکری تاقە هەڤڕکو رکابەری دیکنز بوو و ئەم دوانە لە ڕیزی پێشەوەی لیستی چیرۆکنووسانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمی ئینگلیستان بوون. ڕەنگە هەر هەمان رکابەری توند بوو بێتە بایسی ئەمەی کە ئەم دوانە دوای سالآنێك لە ناسیاوی و دۆستایەتی، بە یەکجاری لە یەکدی زیز بن و قەت ئاشت نەبنەوە.

ژیانی تاکری، وەکو ژیانی گەلێك لە بلیمەتان، بە هەورازو نشێوی فرەدا تێپەڕیوە. بەلآم بە شێوەیەکی گشتی ژیانی لە زۆربەی فیلیڤانە گەورەکان باشتر بوو، بە دوور بوو لەو نەبوونی و نەداریو دەردو رەنج و ئازارانەی کە ئەوان پێوەی دەتلانەوە. ئەم نووسەرە لە شاری کلکەتای هندوستان هاتووەتە دنیا. ریچموند تاکری بابی، کە ئەندامێکی پایەبەرزی کۆمپانیای هندی رۆژهەلآت بوو، لە ١٨١١/٧/١٨دا هەوالّی زانی کە ژنە هەر جوانەکەی، ئانبیکر، کە رۆژێك لە رۆژان یەکێك بوو لە جوانە بەناوبانگەکانی شار، کوڕی بووە، ئەمە تاقە فرزەندی خانەوادەکە بوو، کە بابی، بەر لە مەرگی ناوادەی، زۆر دلّی پێخۆش بوو.

چوار سالّ دوای لە دایکبوونی ویلیام، بابی کۆچی دوایی کردو دایکی کە لە مێژ بوو دلّبەستەی ئەفسەرێکی لاو بوو بە نێوی مێجەر هنری سمیت، دوای ئەوەی ویلیامی بۆ خوێندن، بۆ ئینگلیستان نارد، زەماوەندی دەگەلّ کرد. دەلّێن ئەم دابڕانە زووە لە دایك، گوزەرانی سالآنی تەنیایی و بێکەسی لە خوێندنگا شەوانە رۆژییەکان، مانەوەی شەش سالّە لە چارتەر هاوس(٩)، کە بە تاریکترین قۆناغی ژیانی ئەو دێتە ژماردن، بووەتە بایسی ئەوەی کە جۆرە ڕەشبینییەکی بەرانبەر بە ژیان لەلا دروست بیّو خوو بداتە تەنزو کینایە.

خوێندنی بالآ لە قوتابخانانی وەکو ترینتی کولیج، لە کامبریجدا روحی ماندووی ئەوی نەحەسانەوە. خوێندنەوەو موتالآی بەرهەمێن نووسەرانی سەدەی هەژدەیەمی ئینگلیستان بۆ ئەو خۆشترین شت بوو و هەندێجار حەزی دەکرد لە کۆڕی دیالۆگو گفتوگۆی رۆشنبیری و هزری هزرڤانانی گەنجی وەکو ئالفرید تنیسونی شاعیر، هنری هالامی(١٧٧٧-١٨٥٩)دیرۆکنووس، جیمزسپیدینگی(١٨٠٨-١٨٨٧)نووسەر و ریچارد ترنچی (١٨٠٧-١٨٨٦) قەشەباشی، بەشداری بکات.

هەندێجار، هاوکاری دەگەلّ بلآوکراوەیەکی ئەدەبی خوێندکاراندا، بە نێوی سنوب دەکردو بابەتی بۆ دەنووسی. دوای دوو سالّ لەم بەرواره، بیّ ئەوەی هیچ شادەتنامەیەك وەربگرێت، کامبورجی تەرك کرد.

لە سالّی ١٨٢٩دا، کە تەمەنی هەژدە سالآن بوو، رۆیی بۆ پاریس و لەوێندەر کەوتە فێر بوونی زمانانی فەرەنسی و ئەلّمانیو لە هەمان کاتدا پەیگیری زەوقو بەهرەی نیگارکێشییەکەی خۆیشی دەکرد. بەلآم مانەوەی لە پاریسدا زۆری نەخایاند، بە دەرامەتێکی سالآنەی پێنج سەد لیرەی ئینگلیزییەوەو بە سەروەتێکی نزیکەی بیست هەزار لیرەییەوە کە لە بابیەوە بۆی مابووەوە، بۆ هەر کوێی ویستبا دەڕۆیی. رێگەی سەفەری ئەورووپای گرتە بەر. چوو بۆ وایمار،

ئەو شوێنەی کە گۆتەی شاعیرو چیرۆکنووسی پایەبەرزی ئەڵمانی تیایدا نیشتەجی بوو، بەڵام سەرەنجام بۆ ئینگلتەرا گەڕایەوەو لە زانستگەی میدل تیمپل دا ناوی خۆی نووسی بەو نیازەی کە بەشی مافناسی تەواو بکات، بەڵام لێرەش نەحەوایەوە.

دۆستایەتیو تێکەڵاوی ئەو دەگەڵ ئالفرید تنیسونو ئیدوارد فیتزجیراڵدا، ئاگری شەوقو ئارەزووی ئەدەبیاتی زیاتر لەلا خۆشکرد، ماوەیەکی دیکەشی لە پاریس بەسەربردو لەم ماوەیەدا، دەگەڵ کیژێکی نەدارو دەستکورت و دەست بەتاڵی خەڵکی ئیرلەندەدا بە نێوی میس ئیزابیل شاو، زەماوەندی کرد: دەڵێن تاکری بۆیە حەزی لە ئیزابیل کرد چونکە دەنگێکی خۆشی هەبوو و بە جۆرێ کاری لەم کردبوو کە هەر ئەو شەوە داوای لێکردبوو کە شووی پێبکات و دوای هەفتەیەك ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەیان لە سەفارەتخانەی ئینگلیز لە پاریس، بەڕێوە چوو. ئەمە لە رۆژی ١٨٣٦/٨/٢٠دا روویدا بوو، ویلیام تاکری تەمەنی بیستو پێنج ساڵ بوو.

سەروەتو سامانەکەی بابی، ماوەیەکی کەم بوو بە فیڕۆ دابوو. ئیدی قومار، دەستبڵاوی، نە شارەزایی و بێ ئەزموونی ئەو لە کاری مامەڵەو سەرمایەگوزاری هەڵەدا، بوونە بایسی بە فیڕۆچوونی ئەم پارەو پولە کە بۆ ئەو کاتە سەروەتو سامانێکی زۆر بوو. باوەپیارەکەی کڕینی بڵاوکراوەیەکی بە نێوی ناشنال ستانداردەوە تەرتیب کردبوو تا ئەو (تاکری) لە پاریسدا بەم کارە مژوول بێتو دەرامەتێك بۆ بەردەواماندنی ژیانی خۆی بە دەست بێنێ، لێ بڵاوکراوەکە هیچ سوودێکی نەبوو و زوو داخرا. یەك ساڵ دوای ژن هێنان، دەگەڵ ژنەکەیدا بۆ لەندەن گەڕایەوەو لەوە بە دواوە، لە ناچاریدا، رووی کردە کاری رۆژنامەوانی تا ژیانو بژێوی خۆی ئیدارە بدات.

ماوەیەك بەمجۆرە بووری، لەو سێ کچەی کە هەیبوو، یەکێکیان بە منداڵی مردو ژنەکەی دوای چوار ساڵ شێت بوو. هەرچەندە هەوڵێکی زۆریاندا کە مالیجەی بکەن سوودی نەبوو. تا ساڵانێك پاش مەرگی تاکری هەر ژیا، بەڵام هەرگیز نەبووەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی. تاکری لەوە بەدواوە بە تەنیا لە یانەو باخەکاندا ژیانو گوزەرانی بەسەر دەبرد. چیتر نەچووەوە بەلای ژن هێنانەوەو ئارامی خۆی لە کچەکانیا دەبینییەوە. بەڵام دەنکێکی هەبوو کە هاوسەری پیاوێکی هاودەورەی خوێندنی خۆی بوو بە ناوی هنری پروکسفیلد، وەکو لە نامەکانیا دیارە، ئەم ژنەی زۆر خۆشدەویستو کاتێ کە لە ساڵی ١٨٥١دا، بە زۆری مێردەکەی، ئەم ژنە ئاشقە ناچار دەرگای لە رووی دڵدارەکەی خۆی داخست، ئەمە ئەزرەبەو جەزرەبەیەکی هێندە قورسی لە روحی هەستیاری ئەودا، کە تا کۆتایی تەمەنی، ئەوەی لە بیر نەچووەوە(١٠).

تاکری پیاوێکی قۆزو بە سەرو سیما بوو، کەسێتییەکی یەجگار سەرنج ڕاکێش بوو، روویکردبا هەر شوێنێك دەبوو بە نەزەرگای ژنانی جوانو دیار، بەڵام بەم حاڵەشەوە نەیتوانی میهرو خۆشەویستی تاقە دلبەرەکەی خۆی فەرامۆش بکاتو لە بیر بەرێت. سەفەری کرد بە پیشەو ئاسوودەیی روحو گیانی خۆی لە گەشتو گەڕاندا، لە نووسەرایەتی و کۆڕ گرتندا دەبینییەوە(١١).

سەرەتای چالاکی ئەو لە واری چیرۆکنووسیدا، کاتێ دەستی پێکرد کە دەگەڵ گۆڤاری ئەدەبی فریزەردا پەیمانێکی هاوکاری بەست، کە ئەمە لە ساڵی ١٨٣٩دا بوو. یەکەمین رۆمانی ئەو کە لەم گۆڤارەدا بە زنجیرە بڵاوبووەوە و نزیکەی یەك ساڵی خایاند، چیرۆکی پۆلیسی کاترین بوو. کاترین ژنێکی تاوانکار بوو کە بە دەستی خۆی مێردەکەی خۆی کوشتبوو پاشان بەدەنی پارچە پارچە کرد بوو و هەر پارچەیەکی لە کیسەیەك کرد بوو و لە گۆشەو کەنارێکی شاری لەندەن فرێی دابوو.

هۆی ئەوەی کە تاکری ئەم چیرۆکەی نووسی بوو ئەمە بوو کە لەو دەورانەدا خوێنەران خوویەکی زۆریان دابووە ئەمجۆرە حیکایەتە. بە تاسەوە بوون قارەمانی چیرۆك لە دادگاو لە قەفەزی تاوانباریدا ببینن. حەزیان لە چیرۆکی ئەڤیندراری پۆلیسی دەکردو تاکریش لەبەر ئەم هۆیەو رەنگە لە سەر داوای بەڕێوەبەری رۆژنامەکە، ئەم چیرۆکەی نووسیبێ. بە هەرحاڵ، کە سەرنجی چیرۆکەکە دەدەیت بۆت دەردەکەوێ کە نووسەر زانیاری و شارەزاییەکی فرەی لە شێوەی چیرۆکنووسیو بارودۆخو ژینگەی سەردەمی خۆیدا هەبووە.

لە ساڵی ١٨٤١دا، کتێبێکی چکۆلەی لە ژێر سەرناڤی دووەمین بەرێکردنی تەرمی ناپلیون بوناپورت، رەنگە هۆی نووسینی ئەم چیرۆکە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە سەردەمی منداڵیەتیدا، وەختێ لە هندەوە سەفەری ئینگلیستانی دەکرد، لە دورگەی سەنت هێلانەدا، بە چاوی خۆی قەڕاڵی دوور خراوەی فەرەنسای بینی بوو و ئیدی ئەم بیرەوەرییەی لە بیرنەچوو بووەوە، هەروەها بەرهەمێکی دیکەی خۆی لە ژێر سەر ناڤی "حیکایەتێن کۆمیکی و چەند سکێچێك" کە هیچ یەکێك لەو دوو بەرهەمە، بە دڵی خوێنەران نەبوون.

سێ ساڵ لەوە بە دوا، دیسان کەوتەوە هاوکاری دەگەڵ گۆڤاری مانگانەی فریزەرو ئەمجارەیان چیرۆکێکی دیکەی بە ناونیشانی "بەختی باری لیندون" کە ئەمیش بەسەرهاتی تاوانکارێکی تەماحکاری شۆرەتخوازی دەگێڕایەوەو کارو کردەوەی پیاوێکی دەگێڕایەوە کە لە پیاو کوژیدا خۆی بە قارەمانێکی بێ هاوتا دەزانی.

ئەم بەرهەمە کاتێ کە لە گۆڤارەکەدا بە زنجیرە بڵاودەبووەوە زۆر سەرنجی خوێنەری ڕانەکێشا، بەڵام سەیر ئەمە بوو، دوای ئەوەی نووسەر شۆڕەتو نێوبانگی پەیدا کرد و ئەم ئەڵقانە کۆکرانەوەو لە شێوەی کتێبدا بڵاوبوونەوە، لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازییەکی هێندە گەرم کرا کە تەسەور نەدەکرا.

شۆرەتو نێوبانگی تاکری کاتێ دەستی پێکرد کە ڕۆمانی ڕۆژانە یاداشتەکانی جیمزی بڵاوکردەوەو ئەمە یەکەمین بەرهەمی ڕەخنەیی توندی ئەو بوو کە باسی قوماری هاوبەشی ڕێگای ئاسنی دووری دەکرد. بەرهەمی دواتری بە نێوی "گەدازادانی لە خۆبایی" بوو کە سەرنجی خەڵکی ئەدیبو ئەدەبدۆستانی ڕاکێشا، تا ئەوە بوو کە سەرەنجام نایابترین بەرهەمی وی بە ناونیشانی هەڕاجە بازاڕ کەوتە بەر دەستی ئەدەبدۆستان.

دەڵێن کە تاکری منداڵێکی زوو رەس بووە، کاتێ زاگەی خۆی، کلکەتا بەجێ دێڵێتو بەرەو ئینگلیستان دەڕوات تەمەنی شەش ساڵان دەبێت، کاتێ کە بەسەرپەرشتی پووری خۆی بۆ

چیزویك دەڕوات تا لە فێرگەکەی دکتۆر ترنردا دەست بە خوێندنی سەرەتایی بکات لە هەموو منداڵەکان زیرەکتر بووە. ڕەخنەگران دەڵێن کە ڕۆمانی هەڕاجە بازاڕ لە هەوەڵەوە بریتی بووە لەو بیرەوەریانەی کە لەو کاتەدا خۆی هەی بووە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هەوڵێکی یەجگار زۆری داوە بۆ گەلاڵە کردنی نووسینی ئەم ڕۆمانە.

تاکری کاتێ دەستی بە نووسینی ڕۆمانی هەڕاجە بازاڕ کرد کە خانووی ژمارە سیازدەی لە یونگ ستریتی لەندەن بۆ خۆی و کچەکانی بەکرێ گرت، کە هەموو شتێك ئامادە بوو بە وەشانکاری گۆڤاری بە ناوبانگی "پانچ"ی ڕاگەیاند کە دەستی بە نووسینی بەرهەمێکی تازە کردووەو حەزدەکات بە سەرپەرشتی ئەو دەزگایە، لە شێوەی نامیلکەی مانگانەدا بڵاوی بکاتەوە، یەکەمین بەشی لە مانگی ١٨٤٧/١دا بڵاوبووەوەو ئەوسا تاکری تەمەنی سی و شەشساڵان بوو. ئەم نامیلکانە کە بەرگێکی ئامال زەردیان هەبوو تا مانگی ١٨٤٧/٧ بەردەوام بوو، سەیر ئەمە بوو نامیلکەکانی هەوەڵ بە هیچ کلۆجێ سەرنجی خەڵکی ڕانەکێشا.

خوێنەران، بەر لەو بەروارە ناوی ویلیام میکپیس تاکرییان بیستبوو، بەڵام ئەویان وەکو کاریکاتۆرسازو کۆمیدی نووس و سکێچساز دەناسی، کاتێ چیرۆك و بەسەرهاتی ربەکا شارپ، بەردەوام بوو، چیرۆکنووسانی دیکەی هاوعەسری ئەو بە پێکەنینەوە، بە سەرهاتەکانی ژیانی ئەم ژنە جوانەیان دەخوێندەوەو هەرگیز وێنایان نەدەکرد کە ئەم ژنە ببێ بە کاراکتەرێکی نەمر لە ئەدەبی جیهاندا تەنیا یەك کەس بە چاوی ڕێزو ستایشەوە دەیڕوانیە تاکری و بە چیرۆکنووسێکی گەورەی دەزانی، ئەویش شارلوت برونتە(١٢) بوو کە ئەویش خاوەنی ڕۆمانی جین ئیر بوو.

ڕۆمانی هەڕاجە بازار بەرە بەرە لە کۆتایی نزیك دەبووەوە. و لە سەرانسەری ئینگلیستاندا، باس باسی ئەم بەرهەمە بوو. تاکری لەم سەرو بەندەدا بوو بوو بە ئەفسانەی ئەدەبی ئینگلیستان و خەڵکانی وەکو چارلز دیکنزی تەواو نیگەران کردبوو. پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم دەورانە بوو بوون بە دوو بەشەوە، بەشێك تاکرییان بە گەورەترین نووسەری ڕۆژ دەزانی و بەشێکی دی دیکنزیان بە گەورەتریان چیرۆکنووسی ئەو ڕۆژگارە دەزانی. ئیدی ڕکابەری و هەڤڕکیەکی توند لە نێوان ئەو دوانەدا دەستی پێکرد بوو.

لە نۆڤەمبەری ١٨٤٨دا، تاکری لەم قوماری چارەنووسەدا، ئاسێکی بەرەندەی دیکەی دا بە ئەرزدا، یەکەمین بەشی چیرۆکی "پندنیس"ی بڵاوکردەوەو چاپ و بڵاوبوونەوەی بەشەکانی بە ڕێك و پێکی ڕۆیی تا لە پاییزی ساڵی ١٨٤٩دا بە نیوەچڵی وەستا. نووسەر لە جێدا کەوت و بە گوێرەی ڕێنماییەکانی پزیشکان نەدەبوو کار بکات، دوای یەك دوو هەیڤان چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە جارێکی دی دەستی پێکردەوەو تا دیسامبەری ١٨٥٠ کە دوا بەشی بڵاوبووەوە، بەردەوام بوو.

پندنیس، جۆرە ئۆتوبیوگرافیەکەو کەم دابێژێك ژینامەی نووسەری لەخۆ گرتووە کە بە قەڵەمی خۆی هاتووەتە نووسین. کاروکرداری ئارتەر پندنیس لەم ڕۆمانەداو ئەوەی بەسەر ئەودا دێت، تەقریبەن هەمان بویەرن کە بەسەر تاکری دا هاتوون، خوێنەر، لەم بەرهەمەدا، کۆمەڵێك

دیمەن‌و رووداوی ناو فێرگەی چارتەر هاوس‌و هەروەها ترینتی کۆلیجی ئۆکسفۆرد دەبینیٚ. ئاگاداری لە قوماربازی‌و کارە نا ئەخلاقیەکانی قارەمان پەیدا دەکات‌و لە میانەی رووداوو پێشهاتەکانەوە، ناوەڕۆک‌و جەوهەری ڕاستەقینەی وڵات‌و کۆمەڵگەیەک دەبینیٚ کە بە جۆرەها گوناح‌و تاوان لەو تاوە.

دوای بڵاوبوونەوەی پندنیس، ئیدی نووسەر واز لە گۆڤاری پانچ دێنیٚ‌و بە مەبەستی گرتنی چەند کۆڕێك دەگەڵ جیمز روسل لاویل، شاعیرو هزرڤانی ئەمریکاییدا بۆ ئەمریکا دەڕوات، بەڵام هێشتا هەر دڵی بە چیرۆکنووسییەوەیە.

لە ساڵی ١٨٥٢دا، ڕۆمانی (مێژووی جەنابی هنری سموند، لە سیٚ بەرگدا بڵاودەکاتەوە. ئەم ڕۆمانە بریتیە لە بە سەرهاتی گەنجێك بە نێوی هنری سمۆند کە لە ساڵی ١٦٩١دا لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا، چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوەو تا ساڵی ١٧١٨، کە ئەو تەمەنی دەبیٚ بە سی‌و نۆ ساڵ، بەردەوام دەبێت، ئەم بەسەرهاتە نموونەی ژیانی گەنجێکی ئینگلیزە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم‌و سەرەتای سەدەی هەژدەیەم. وەکو دەگێڕنەوە، تاکری بۆ کۆکردنەوەی قەواڵەو بەڵگەنامەی پێویست بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە ڕەنجی زۆری داوە، لیٚ ئەم بەرهەمە لە ڕەخنەو ئیرادی ئەدەبناسان بە دوور نەبووە، جۆرج ئیلیوتی نووسەری نێوداری ئینگلیستان دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت: "ناڕەحەت ترین بەرهەمێکە کە تەسەوری دەکەیت...(١٣)" بە هەر حاڵ ڕەخنەگران ئەم کتێبەیان بە یەکێك لە باڵاترین بەرهەمەکانی تاکری داناوەو زۆریان ستایشی زمانەکەی کردووەو ئافەرینی ئەوەیان کردووە کە ڕاستگۆیانە ژیانی میللەتی ئینگلیزی ئەو سەردەمەی بەرجەستە کردووە.

خانەوادەی نیوکامز، بەرهەمێکی دیکەی تاکرییە کە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی ئەم چیرۆکنووسەیەو یەکێکە لە ڕۆمانە پڕ خوێنەرەکانی زمانی ئینگلیزی. لەم بەرهەمەشدا، وێنەیەکی ژیانی خۆی بەرجەستە کردووە. توماس نیوکام، قوتابی قوتابخانەی چارتەر هاوسە، کاتیٚ کە لە قوتابخانە دەردەچێت پەیوەندی بە سوپای هندەوە دەکات‌و دەگاتە پلەی سەرهەنگی‌و جارێکی دی بۆ زاگەی خۆی دەگەڕێتەوە تا پاشماوەی تەمەنی لەگەڵ کلیڤی فەرزەندیا بەسەر بەرێت. لەم ڕۆمانەدا بویەرو ڕووداوێن فرە دێنە ڕێی باب‌و کوڕ، بە ڕادەیەك کە خوێنەر بەدەم خوێندنەوەوە، بە نیگەرانی چاوەڕوانی ئەوەیە کە نەبا ڕووداوێکی شووم‌و ناخۆش بێتە ڕێی باب‌و کوڕ. خانەوادەی نیوکامز، بە پێچەوانەوەی هەڕاجە بازارەوە، بە دەوری خەسڵەتێن باشی قارەمانەکاندا دەسووڕێتەوە، هەرچەندە لەم ڕۆمانەشدا خەڵکانێکی خراپ هەن.

تاکری بابەتی ئەم چیرۆکەی لە سەفەریکیدا کە بۆ سویسراو ئیتاڵیا کردی، لە هزروبیری خۆیدا گەڵاڵە کرد. لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٥٣دا، بە زنجیرە کەوتە بڵاوکردنەوەی و لە ئابی ساڵی ١٨٥٥دا تەواوی کرد. پێشوازی خوێنەران لەم بەرهەمە بە ئەندازەیەك بوو کە دەڵێن فرۆشی بەرهەمەکە نزیکەی چوار هەزار لیرەی ئینگلیزی قازانجی خالیسەی کرد، نووسەر بە خۆیشی ئەم بەرهەمەی خۆشدەویست، ڕەنگە لە بەر ئەوە بووبیٚ کە سەرهەنگ نیوکام، ئەو قارەمانە جوانەی ڕۆمانەکە، کۆپیەکی مووبە مووی مێجەر هنری سمیتی، باوەپیارەی خۆی بوو.

وێڕای ئەوەی ڕۆمانی خانەوادەی نیوکامز، ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بوو و تاکری زۆر چیرۆکی کورت‌و درێژی دیکەشی هەبوو، ڕەخنەگرانی ئەدەب هەڕاجە بازاڕ بە باشترین بەرهەمی ئەو دەزانن، هەڵبەتە ئەدەبناسانێك هەن کە ئیراد لەم بەرهەمەی ئەو دەگرن‌و لە ڕووی چیرۆکنووسییەوە هەندێك عەیب‌و ئیرادی لێدەگرن، بەڵام هەڕاجە بازاڕو شا قارەمانەکەی، ربەکا شارپ، لە سەرانسەری دنیادا هەر بە خۆشەویستی ماونەتەوە.

یەکێك لە ئیرادو ڕەخنەکانی ڕەخنەگران لەم بەرهەمە ئەمەیە کە دەڵێن: تاکری کەسێکی هونەرمەندە، بەڵام توانا یا ئیرادەی ئەمەی نییە کە کتێبەکە لە چوار چێوەی یەك بەرهەمی هونەری یەکگرتوودا کۆبکاتەوە. خوێنەر حەزی لەوە نییە کە نووسەر هەموو کات‌و ساتێك بەدیار قارەمانەکانیەوە بوەستێ‌و لە ڕووی ئەخلاقیەوە ڕێنماییان بکات‌و وەکو فێرکارێك بە دیار سەریانەوە بوەستێ. کاراکتەرانی وەکو پیت کرالی، جۆرج، ئەمیلیاو دوبین، دیل‌و ئەسیری زیادە ڕۆیی نووسەرن. ئەو ئاوێنەیەی کە بە دەست نووسەرەوەیەو لەوێندەرەوە دەڕوانێتە ژیانی قارەمانەکان ، ئاوێنەیەکی ڕوون‌و شەفاف نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە گونگ‌و لێڵ و تەڵخە. لەم ئاوێنەیەوە سیماو ڕوخسارێن، بە گشتی نیمچە کۆمیدی‌و نیمچە تەنزئامێزی دیتوون.

هەوادارانی بەرهەمی تاکری یەجگار زۆرن، بەڵام بەلای زۆربەیانەوە نووسەر بەجۆرێ دەردەکەوێت وەکو ئەوەی مێشکی بەردەوام ئەسیری پەیوەندییە سەرڤە سەرڤەکانی ژیان‌و ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتییەکان بێت . هونەرمەندانی مەزنی وەکو شەکسپیرو تولستۆی بایەخێکی ئەوتۆ بەو مەسەلانە نادەن، بەڵکو زیاتر بایەخ بە ئەزموونان‌و کاردانەوە عاتیفییەکان دەدەن. مەسەلەی جیاوازی چینایەتی و دارایی ونەداری بەلای ئەوانەوە گرینگ نییە، بەڵکو بایەخ بە پرسێن گرینگتری ژیان، وەکو خۆشەویستی، کار، زەبت‌و ڕەبت‌و شەوق‌و پێشڤەچوون دەدەن.

سەرباری ئەم ڕەخنەو ئیرادانەش، هەڕاجە بازاڕ ڕۆمانێکە کە دیاردەکانی کۆمەڵگەی بە شەری بەرجەستە دەکات. دیارە ئەم بەرجەستەکردنە دەگەڵ حەقیقەتدا تێکدەکەنەوە. ئەوەی نووسەر لە میانەی ربەکا شارپەوە خوڵقاندوویەتی، شاکارێکە لەو گۆڕەو ئەم وێنەگرتنە لە دیدی هونەری وێنەگرییەوە هاوتای نییە.

قەڵەمی ویلیام تاکری ئەفسوون ئاسایە. وشەو ڕستەکانی وەکو جۆگای ڕەوانن، ئەگەر چیرۆکنووس ئەو دەسەڵاتە زۆرەی بەسەر زمان‌و ئەدەبی ئینگلیزیدا نەبوایە، دێڕی رۆمانەکە، بەو ئاسانیە تۆی لە خەمبارییەوە بۆ شادی و لە ڕق‌و کینەوە بۆ مێریڤانی و بەزەیی ڕانەدەکێشا...(١٤)"

تاکری لە کاتی مردندا سەرقاڵی نووسینی چیرۆکی دەنیس دوڤال بوو. بە جۆرێ مێشکی بە قارەمانەکەوە مژوول بوو کە بە دەم گیانەللاوە، گوتەی قارەمانەکەی لە بن لێوانەوە دووبارە دەکردەوە: "دڵی من بە شادمانیەکی روحبەخشەوە دەستی بە لێدان کرد....(١٥)".

شێوازو ستایلی نووسینی تاکری لە ئەدەبیاتی سەردەمی ڤیکتوریاییدا، بە شێوازێکی نایاب‌و ناوازە دێتە ژماردن، لە بواری چیرۆکنووسیدا، ڕێبازێکی گرتووەتە بەر کە جگە لە نووسەرانی بە تواناو زاڵ بەسەر زمان‌و ڕۆشنبیریدا، کەسی دی دەرەقەتی نایەت. وشە پوختەو

هەڵبژاردەیە، ڕستە نایابو رازاوەیە. دیمەنەکان، لە تۆ وایە لەلایەن وێنەگرێکی زەبەر دەستەوە، وێنەکێشراون.

تەمەشایەکی سەرەتای فەسڵی هەشتەمی ڕۆمانی هەڕاجە بازاڕ بکە، کە ربەکا شارپ نامە بۆ ئەمیلیا دەنووسێت:

"ئەی ئازیزترین، شیرینترین ئەمیلیای من،

خۆزگە دەتزانی بە چ خەمو شادیەکی ئاوێتە بە یەکدی، قەڵەم بە دەستەوە دەگرم تا نامە بۆ ئازیزترین دۆستی خۆم بنووسم. سەیرە کە چ جیاوازییەك لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا هەیە، ئەمڕۆ من تەنیا و بێ یاوەرم – دوێنێ دەتگوت لەماڵی خۆمدا بووم، لەگەڵ خوشکێکی دڵبەندما، خوشکێك کە تا دوا دەمی ژیان بە یادی ئەوەوە سەر مەستم.

ئەوەت بۆ نانووسم کە ئەو شەوەی لە تۆ جیابوومەوە، ئەو شەوە کوشندەیەم بە چ داخو کەسەر و ڕوندكو فرمێسکێکەوە، ڕۆژ کردەوە. سێ شەممە، بە شادی و خۆشییەوە، لە کاتێکا دایکت لەلایەكو ئەو سەربازە گەنجە فیداییە لەلایەکی دیکەوە بوو، بەلامدا ڕۆییشتی و، من بە درێژایی شەوەکە هەر بیرم لەلات بوو و تۆم دێنایە بەر چاوی خۆم کە لەو ماڵە "پرکینز"دا سەرقاڵی سەماو هەڵپەڕکێ بوویت، ولەو زیافەتو دەعوەتو ئاهەنگە بەشکۆیەدا، بێگومان لە هەموو خانمان جوانتریت. لە کاتێکا کە من، لە گالیسکەیەکی داڕزیوی شەقو شڕدا، دەگەڵ مەیتەرێکدا بۆ ماڵە شاریەکەی سرپیت کرالی هاتم. چون، ئەو مەیتەرە، ئەوپەڕی بێ ئەدەبی، وگۆساخی بەرانبەرم دەکرد (ئەفسووس کە سووکایەتی کردن بە بابایەکی هەژاری بێ نەوا، هیچ سزایەکی لە سەر نییە!) پاشان منی بە سرپیت سپاردو ناچاری کردم کە شەوێ لە سەر تەختێکی پەرپووت، لەلای خزمەتکارێکی ترسناك کە لەو ماڵەدا خزمەتی دەکرد، بخەومو– من بە درێژایی شەوەکە لە ناڕەحەتیدا چاوم لێك نەنان.

ئەم سرپیتە، لەو بارۆنانە نییە کە ئێمەی کیژانی گەوج کاتێ کە لە چیزویك بووین لە کتێبانی وەکو سیسیلیادا دەمانخوێندەوە. تۆ مرۆڤێك بێنە بەرچاوی خۆت کە تۆزێك لە لورد ئورویل بچێت. پیرێکی قەڵەوەی کورتە بالا بێنە بەرچاوی خۆت کە هەم جلەکانی ناڕێكو پێك بێ، هەم دەمی پیس بێ، هەم هەمیشە پایپێکی پڕ دووکەڵی بە دەمەوە بێو هەم خۆی خواردنی بێ سەرو بەر بۆ خۆی لە تاوەیەکدا بکوڵێنێو زمانی زمانی دێهاتیە، دوێنێ یەك دنیا قسەی بە کارەکەرەکە گوت و ئەو عەرەبانچییەی کە ئێمەی بۆ ئوتێل دەبرد، جنێو باران کردو من ئەنجام گەییمە ئەو شوێنەی کە دەبێ لەوێ ئاکنجی ببم.

سپێدە بوو کە کارەکەرەکە بێداری کردمەوە. گەیی بووینە ئوتێلەکە، من یەکەم کەس بووم کە پێیان گوتم دابەزم. کاتێ گەیینە ئەو شوێنەی کە لیکینگتون–یان پێدەگوت، بارانێکی توند دایکرد، باوەڕ دەکەیت، سرپیت، کە خاوەنی گالیسکەکەیە، لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی ڕێبوارێکی مادبری بکات، منی لەو بەر بارانە ڕاگرتو خۆشبەختانە نەجیمزادەیەکی کۆلیجی کەمبریج لەوێندەر بوو، چەند پاڵتۆیەکی پێ بوو، لە چاکی خۆی یەکێکیانی دا بە من.

***

دوێشەو گیانی من، لە دەنگی دەرگا خەبەرم بووەوە. بە تەسەوری تۆ بەو شەوە کێ بە سۆراخمەوە هاتبوو؟ سرپیت کرالی، بە جلی خەوو شەوکڵاوەوە. بەو جل‌و بەرگە کۆمیدیەوە. کاتێ لە ترسا خۆم خزاندە گۆشەیەکەوە لێم هاتە پێشەوەو شەمدانەکەی لە دەستم وەرگرت. پێی گوتم: "میس بکی! لە سەعات یازدە بە دواوە نابێ لەم ماڵەدا مۆم بسووتێ! بە تاریکی بچۆ ناو جێگاوە... حاڵی بوویت کچە جوانە چکۆلە رووداڕەکە.... (هەمیشە بە کچەی روودار گازم دەکات) ئەگەر حەزدەکەی من دوای ئەمە نەیەم بۆ ژوورەکەت، سەعات یازدە مۆمەکان بکوژێنەوە!".

پاش ئەوەی ئەم قسانەی دەگەڵ مندا کرد، دەگەڵ ئاغای هاروکزدا کە پێشکاری ئاغایە، هەردووکیان بە دەم پێکەنینەوە لێرە ڕۆییشتن، دڵنیابە کە لەمە بە دواوە کارێك ناکەم کە نیوە شە بێن بە سۆراخمەوە. شەوان دوو تاژی زەلام بەرەڵلا دەکەن، ئەم دوو سەگە، دوێشەو تا بەیانی هەر وەڕیون‌و بەرەو مانگ لوراندوویانە. سرپیت دەیگوت: "گەماڵەکەیانم ناو ناوە گورەر(١٦). یەکێکە لەو سەگانەی کە هەر پیاوێك خۆزیا دەخوازێ یەکێکی وای هەبێت. بە قەد گایەك دەبێت. ئەویتریان کە دێڵە جاران بە فلورا گازم دەکرد بەڵام ئێستا بە ئاروار بانگی دەکەم(١٧). چونکە پیر بووەو دانەکانی توانای گازگرتنیان نەماوە...."

ئەوسا لە قاقای پێکەنینی دا(١٨).

***

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١- تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە (سەردەمی ڤیکتۆریایی) تەواو لە سەردەمەکانی دی جیاوازە. وەکو چۆن سەردەمی ئیلیزابتی یەکەم، بە سەردەمی ئیلیزابت ناسراوەو تایبەتمەندی هونەری و ئەدەبی خۆی هەیە، ئەم سەردەمەش بەرهەمی هونەری نایابی هەیە. سەردەمی ڤیکتۆریا، سەردەمی پەرەسەندنی پیشەسازی، زیادبوونی شکۆو جەلالی ئیمپراتوریەت، تازە بوونەوەی ژیانی سیاسی‌و جڤاکی‌و پەرەسەندنی ململانێی نێوان زانست‌و مەزەب بووە.

٢- بڕوانە کتێبی سەد چیرۆکی گەورە، نووسینی جون دانینگ، چاپی سوونیرپرس، ١٩٧٤، ل ٢٧٤.

٣- لەوە دەچێ ویلیام تاکری ناونیشانی کتێبەکەی خۆی لە چیرۆکێکی جۆن بنیانەوە وەرگرتبێ. جۆن بونیان ( لە دایکبووی ساڵی ١٦٢٦) بەرهەمێکی بە نێوبانگی هەیە بە ناوی سەفەری زیارەتکەران کە بە یەکێك لە بەرهەمە مەنشوورەکانی ئەدەبی ئینگلیستانی سەدەی هەڤدە دەژمێردرێت..) پاچڤە فارسییەکەی پڕ بە مانا ئینگلیزییەکەی نییە. ڕەنگە بشێت بەمجۆرە بێتە پاچڤەکرن "سەفەری بەرە بەرەو دوورو درێژی زیارەتکەری خانەی خودا." لە بیرمە کە لە کۆلیجی ئەسفەهان دەمخوێند، ئەم کتێبەم بە فارسی خوێندبووەوەو عینوانەکەی "سەفەری مەسیحییەك لەم دنیایەوە بۆ ئەو دنیا" بوو. لە

یەکێك لە فەسڵەکانی کتێبەکەدا زیارەتکەری خانەی خودا، دەچێتە شاری Vanity کە دەشێت بە شاری بێهودەیی پاچڤە بکرێت. لێرەدا بازاڕێك هەیە شەوو ڕۆژ کراوەیەو ئەوەی لێرەدا نمایش دەکرێت جگە لە کەودەنی و ڕەنج بێوەری وخۆپەرستی و خۆفرۆشی هیچی دیکە نییە. ئەمە هەمان مەبەستی سەرەکی ویلیام تاکری یە لە کتێبەکەی خۆیدا. مانایەکی دیکەی Vanity Fair وەکو لە فەرهەنگی ویبستەردا هاتووە (دیکسیونری جدید قرن بیست و بستر. چ ۲، ص ۲۰۲۰) دەکاتە جیهان یا شار یا کۆمەڵگەیەك کە پووچی و گەوجی و ڕواڵەتبازی بەسەریا زاڵ بێت.

٤- بڕوانە کتێبی The Readers Digest Of books ، ۱۹٦۱، ل ۸۷٤.

٥- بڕوانە ئینسایکلوپیدیای ئەمریکانا، بەرگی ۲۷، لە ٦۸٤.

٦- بڕوانە پەنجا چیرۆکی ئەدەبی ئینگلیزی، چاپی واشینگتون، ۱۹۷٤، ل ۱۲۰.

۷- بڕوانە ئینسایکلوپیدیای بەریتانیکا، ۱۹۷۳، بەرگی ۲۱، ل ۹۲۲.

۱- LayBounti ful بە مانای خانمی سەنگین و دڵاوا دێت.

۹- چارتەر هاوس، وا دیارە کاریگەری بەسەر ژیانی ویلیامی مێردمنداڵەوە هەبووە. ویلیام تەمەنی یازدە ساڵان بوو کە هاتە ئەم قوتابخانە مەزەبییە. چارتەر هاوس کە لە ساڵی ۱۳۷۱دا دامەزرا بوو، شوێنی پەروەردەی ڕەبەنانی کارتوزی بوو کە پاشان لە ساڵی ۱٦۱۱دا کرا بە نەخۆشخانەیەکی مەزەبی و سەرەنجام کرا بە پانسیونێکی شەوانە رۆژی برایانی ئاینی دەستکورت. ویلیام لەم فێرگەو قوتابخانەیەدا، بە چاوی خۆی قەرقەشەو ناکۆکییەکانی قوتابیان و مامۆستایانی ئەوێندەری دەبینی و ئەم نەسازانە لە هەموو شوێنێك و لە نێوان هەموو کەسێکدا هەبوو، وەکو تاکری بە خۆی لە یاداشتەکانی خۆیدا، لەمبارەیەوە دەڵێت: "کاتێکم زانی کە جۆرجی هاوپولم لە ناکاوا بە جۆرێ تووڕە بوو کە دەم و لووتی هاوڕێکەی خۆی پڕ لە خوێن کرد..." چیرۆکی چارتەر هاوس و ئەو ڕووداوانەی لەوێندەردا روویان داوە، هەر هەمووی بە دوور و درێژی لە ڕۆمانی خانەوادەی نیو کامزدا، وێنەکێشراوە.

۱۰- بڕوانە ئینسایکلوپیدیای بەریتانیکا، ۱۹۷٤، بەرگی ۲۱، ل ۹۲۳.

۱۱-سەفەری تاکری بۆ ئەمریکا بێ سەریەشە نەبوو، چیرۆکنووسی ئینگلیز کە بە تەبیعەت کەسێکی خەمین بوو لە نیویورك تووشی کیژێك دەبێت بە نێوی سالی باکستەر. جوانی و شەخسیەت و شایستەیی سالی لەو ساڵانەی کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، بوو بوو بە داستانی سەر زاری خاس و عامی خەڵکی. ڕەنگە تاکری کە دڵی لێوان لێو بوو لە ئەشق و ڤیانی جین بروکفیلدی هاوسەری هنری دۆستی، نەیویستبێ بەلای هیچ ژنێکی دیکەدا بڕوات، بەڵام جازیبەی سالی باکستەر بە ڕادەیەك بوو کە نەیتوانی خۆی لە ئەفسوونی چاوەکانی دوور بگرێت. ساڵ، ساڵی ۱۸٥۲ بوو و تاکری

تەمەنی چلو یەك ساڵان بوو، قژی بۆز بوو بوو، چاوانی قاوەیی (بە عەینەکێکی ناسکەوە کە زۆری لێدەهات) بەڵام شانو شەپیلکی داکەوتووی گەواهی ماندوویەتی دەدا.

سەربهووردی. بەرخوردی تاکری دەگەڵ سالیدا، لە بیرو خەیاڵی کەسدا نەبوو، چاوەڕوان نەکراو بوو. ئاغای جۆرج باکستەر، بابی سالی بازرگانێکی ئاکنجی نیویوریك بوو و ئەندامانی خانەوادەکەی کە زۆریان حەز لە موتاڵاو خوێندنەوەی کتێبان بوو، چەند ڕۆژێك لەوە پێش چیرۆکی هنری سموندی نووسینی تاکرییان خوێند بووەوە. باوکەکەیان، بە سوور بوونەوە نووسەری ئینگلیزی بۆ ماڵی خۆی دەعوت کرد تا ئەندامانی خانەوادەکەی، بتوانن چیرۆکنووسە خۆشەویستەکەی خۆیان لە نزیکەوە بدینن. تاکری هەر کە خۆی بە هۆڵی پێشوازییدا کرد بە سەر سامی قارەمانی ڕۆمانەکەی خۆی، بیاتریکیس سموندی لەوێدا بینی بە گوتەی ئەو "سالی بەڕادەیەك لە کیژە خەیاڵیەکەی من، بیاتریکس دەچوو کە لە جێی خۆم وەکو مێخ چەقیم...."

چیرۆکی ئەشقی ئاگرینو نامە ئاشقانەو ڕۆمانسیەکانی تاکری بۆ سالی یەکێك لە فەسڵە جوانەکانی ژیانی چیرۆکنووسی ئینگلیزی پێکدەهێنێ. ئەشقو ڤیانی وی بۆ کیژە ئەمریکایی بەڕادەیەك بوو کە تاکری تا کۆتایی تەمەنی وێنەیەکی ڕەنگینی کچێکی، کە دەڵێن زۆر لە دلبەرەکەی ئەو دەچوو، لە ژوورەکەی خۆیدا هەڵواسی بوو. ( بۆ زانیاری پتر بڕوانە گۆڤاری American Hertage ١٩٦٢، ل ٤٩).

١٢- بڕوانە ئینسایکلوپیدیای ئەمریکانا، ١٩٦٣، بەرگی ٢٦، ل ٤٨٥.

١٣- هەمان سەرچاوە، ١٩٦٣، بەرگی ٢٦، ل ٤٨٥.

١٤- هەمان سەرچاوە، ١٩٦٢، بەرگی٢٧، ل ٦٨٤.

١٥- بڕوانە گۆڤاری Wisdom چاپی ئەمریکا، ژمارەی تایبەت بە روبرت فروست.

١٦- گورەر، مانای خوێن مژیش دەدات.

١٧- ئاروارەر مانای بە لوورە دەدات.

١٨- لە کتێبی Vanity Fair، چاپی پنگوین، ١٩٧٥، ل ١١١- ١١٢ ( چەند پەرەگرافێکی نامەکەیە ).

سەرچاوە:

سیری در پزرگترین کتابهای جهان / تالیف حسن شهباز، چاپ پنجم / جلد دوم، تهران ، امیر کبیر / ١٣٨٩.

## ١٢- قارەمانێکی ئەم سەردەمە

### میخائیل یوری یوفیچ لیرمانتوف

"١٨١٤- ١٨٤١"

شاعیرو رۆماننووسێکی ڕووسە، لە ژێر کاریگەریو باندۆری بایرۆنی شاعیری ئینگلیزیدا بوو، شیعرێکی ناڕەزایی بە بۆنەی کوشتنی پوشکینەوە نووسی کە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد. بە خۆیشی لە دوئێلدا کوژرا.

***

قارەمانی سەردەمی ئێمە، گەورەترین چیرۆکی ئەدەبیاتی رووسیە کە بوو بە سەر مەشقی نووسەرانی گەورەی ئەم وڵاتە . پچورینی، قارەمانی ئەم ڕۆمانە، نموونەی تاکی رووسی گەندەڵی سەردەمی خۆیەتی کە دەشێت لە میانەی ئەوەوە هەرەسو زەواڵی کۆمەڵگە بەدی بکرێتو بێتە خوێندنەوە.

***

میخائیل لیرمانتوف، شاعیرو چیرۆکنووسی سەدەی نۆزدەیەمی رووسیا، تەنیا بیستو حەوت دانە ساڵ لەم دنیایەدا ژیاوە. وێڕای ئەوەش لە واری شاعیریدا، لە دوای ئەلکساندەر پوشکینەوە بە پلەی دووەم دێت (ئینسایکلوپیدیای کاسل، بەرگی ٣، ل ٤١) لەواری چیرۆکنووسیدا، بە نووسینی تاقە یەك ڕۆمان بە ناونیشانی قارەمانی سەردەمی ئێمە، پێگەیەکی چیرۆکنووسی ئەوتۆی بە دەست هێنا کە چیرۆکنووسانی گەورەی وەکو تورگینیف، تولستوی، دوستویفسکی و نیکراسوف، چاویان لەو کردو بوو بە سەر مەشقیان. (بەریتانیکا، مارکوپیدیا، بەرگی ١٠، ل ٨٣٢). خۆ ئەگەر سەرکێشی و ڕیسککاری نەکردبایەو چەند ساڵێکی دیکە ژیابا، لەوە بوو مێژووی ئەدەبیاتی رووسی بە گەورەترین شاعیرو مەزنترین چیرۆکنووسی رووسیای لە قەڵەم دابایە.

کەلەپوورو میراتی لیرمانتوف هەرچەندە زۆر نەبوو، وێڕای ئەوەش زۆر دەربڕینو زاراوە و گوزارشتی لە بەرهەمی هونەرمەندانی رووسی وەکو شێوەکاران، نیگارکێشان، موزیکڤانان، شانۆنامەنووسانو سینەماکاراندا هێنایە ئاراوە. نووسینو بەرهەمە شانۆییەکانی دەورێکی بەرچاوو دیاریان لە گەشەکردنی هونەری شانۆییدا هێنایە ئاراوەو سەربووری ئەو بوو بە بناغەو هەوێنو ئامیانی زۆر چیرۆك، شیعر، شانۆنامەو فیلمان.

میخائیل لیرمانتوف، شاعیرو چیرۆکنووسی ڕووسی، تەنیا بیست و حەوت ساڵ لەم دنیای فانیەدا ژیا. لە ١٨١٤/١٠/١٥دا لە مۆسکۆ چاوی بە دنیا هەڵێناوەو دوای بیستو حەوت ساڵ لە

ڕۆژی ١٨٤١/٧/٢٧دا لە دوئێلێکی تەن بە تەندا کوژرا. بەڵام سەیر ئەمەیە کە ئەم گەنجە جوانەمەرگ و ناکامە بە چەند بەرهەمێکی شیعرو پەخشانی کەم، بوو بە پێشەنگی ڕێبازو قوتابخانەی ڕۆمانتیزمی رووسیا*. (بریتانیکا، ماکروپیدیا، بەرگی ١٠، ل ٨٣١) یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەو بە نێوی قارەمانی سەردەمی ئێمە، بە شاکاری ئەدەبی رووسی لە قەڵەم دراوەو بە گوتەی ڕەخنەگرانی پسپۆڕ: "سەر مەشقێك بووە بۆ نەش‌و نماو گەشەکردنی شێوەی ریالیزمی دەروونی ئەدەبی رووسیا*". (ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەی رووسیا، جون فنل، بەشی لیرمانتوف، ل ١٧٨).

لیرمانتوف، دوای ئەلکساندەر پوشکین، گەورەترین شاعیری ڕۆمانتیکی رووسیایەو هەر ئەویش بوو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، بوو بە جێگری پوشکین. شۆرەت‌و خۆشەویستی ئەو کاتێ دەستی پێکرد کە مامۆستاکەی ئەو خۆی لە شەڕێکی تەن بە تەندا بە کوشتداو،خڵتانی خوێنی خۆی بوو. لیرمانتوف کە دەیزانی مەرگی پوشکین مەرگێکی دەستکردو زادەی پیلانی تزار بووە، بە جۆرێ خەمبار بوو کە شیعرێکی درێژی بە ناونیشانی مەرگی شاعیرێك بۆ نووسی کە یەکپارچە هاواری توڕەیی‌و خەم‌و پەژارەی ئینسانێکە بۆ شینی بلیمەتێك، هەرایەکی لە رووسیادا بەرپاکرد، بە تایبەتی کە خەڵکی لێرەو لەوێ، کەم‌و زۆر بیستبوویان مەرگی پوشکین، زادەی پیلان‌و دەسیسەیەکی پێشوەختە بووە. ئەم بەرهەمە لیرمانتوڤ کرد بە قارەمانی میللەتی ڕووس. ئەلکساندەر هرزن، رۆژنامەنووس‌و هزرڤانی بە نامێی رووسیا، دەربارەی مەرگی پوشکین‌و دەرکەوتنی لیرمانتوف دەڵێت:

"ئەو گوللەیەی کە لە دەمانچەکەی جۆرج دانتی، ئەفسەری فەرەنسایی گاردی تزار دەرچوو و سینەی پوشکینی شەق کرد، ڕوحی لیرمانتوڤ بێدارکردەوە. (بۆ شارەزایی لە ژیان‌و بەرهەمی پوشکین، بڕوانە سیری در بزرگ ترین کتابهای جهان، ج ٤، زندگی نامە پوشکین) ئەوە بوو قەسیدەیەکی خەمناك‌و ئاگرینی بۆ نووسی‌و پەردەی لە سەر پیلان‌و دەسیسە نامەردانەکان هەڵماڵی، نەخشەو پیلانێك کە لەلایەن ئەدەیبانی دەرباری‌و رۆژنامەنیگارانی بە کرێگیراوەوە داڕێژرا بوو و شاعیری گەنج دەیزانی کە فەرمان لەلایەن تزارەوە دەرکراوە، بێ پەروا و بێ ترس لە هەموو شوێنێ هاواری دەکرد کە: "تۆڵە ئەی تزار، تۆڵە"و ئەم بێباکی پەردەدڕییە بووە مایەی ئەوەی کە بۆ قەفقاز دوور بخرێتەوە. ئیدی لەوساوە ئەم کڵپەی تۆڵەیە سەراپای گرت‌و خرۆش‌و هاواری کینەکێشی بۆ ساتێك خامۆش نەبوو تا چوار ساڵ دواتر، لە ئێوارەی ١٨٤١/٧/١٥دا، ئەفسەرێك بە نێوی مارتینوڤ، بە زەربی گوللە، دای بە عاردیداو دەنگی تۆڵەئەستێنی لە ئەوکیا خەفەکرد." (بڕوانە کتێبی، گەشەکردنی ئاستی چیرۆکنووسی لە رووسیادا، نووسینی ریچارد فریمن، ل ٣٨).

جا مەسەلەی ئەمەی کە مارتینوف بۆ ئەم کارە راسپێردرابێت، هەندێك جێی گومانە، ئەم پیاوە لە کاتی گەڕانەوەی خۆی لە سان پترۆسبۆرگەوە بۆ قەفقاز، چەند رۆژێك لە پیاتیگورسك، مەڵبەندی ئاوی مەعدەنی ئەم ناوچەیە لایدا بوو تا خۆی دەرمان بکات. پیاتیگورسك لەم ماوەیەدا جێگای سەیرانی پیاو ماقولانی مۆسکۆو سان پترۆسبۆرگ بوو. لیرمانتوف، کە

ئەفسەرێکی جوانو بەرچاو و شاعیرێکی ناودار بوو. زوو بە زوو بوو بە پەنجەنمای ئافرەتانی رووسیا. حەریفانی گەنج بەغیلیان پێدەبردو حەزیان نەدەکرد لە کۆڕو مەجلیسی ئەواندا بێتو ئیدی ژینگەیەکی ئاڵۆزی دەسیسەئامێزیان بۆ هێنایە ئاراوە. مێجەر مارتینوۆ کە یەکێك بوو لە هاو پۆلەکانی جارانی لیرمانتوف، زۆر لە نێوبانگو خۆشەویستی کۆنە هاوڕێکەی خۆی قەڵس بوو. سوعبەتو تەنزو ڕووخۆشی لیرمانتوفو بە تایبەتی ستایشی ژنێك کە ماشوقەی مارتینوۆ بوو و ئێستا بە دەوری لیرمانتوف دا دەهاتو مارتینوڤ پشتگوێ خستبوو، مارتینوڤ ناچار کرد، کە داوای دوئێل لە هاوپۆلەکەی جارانی خۆی، لیرمانتوف بکات، میخائیل لیرمانتوف یەکسەر ئەم پێشنیازەی قەبووڵکرد. هەردووکیان لەگەڵ شایەدەکانی خۆیاندا بۆ شوێنی شەڕەکە ڕۆییشتن، ئەو ڕۆژە ٧/٢٧ بوو خۆر بەرە بەرە بەرەو ئاوا بوون دەڕۆیی. شایەدەکەی لیرمانتوف، دەربارەی مەرگی خەمناکی شاعیر دەڵێت:

"جووتە حەریف، لە مەودای دیاریکراوەوە، بەرانبەر بە یەك وەستان. لیرمانتوف، بەبێ جوڵە، سێرەی دەمانچەکەی لەو گرتبووەوەو دەستەکەی دیکەشی لەسەر سینگی دانا بوو وەکو ئەوەی بیەوێ سینگو بەرۆکی خۆی لە گوللەکەی ئەو بپارێزێت. لەو ساتەدا، من بۆ دواجار، تەمەشای ئەوم کردو ئەو حاڵەتەی کە من دیتم، هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. سیمای هێمنو شاد بوو، لە کاتێکا حەریفەکەی لوولەی دەمانچەکەی ڕێك کردبووە دڵی ئەوو نیشانەی لێگرتبووەوە، ئەو هەر خۆی شلوێ نەدەکرد. مارتینوف، هەنگاوێکی بەرەو مەرزی دیاریکراوی نێوانیان ناو بەلەز فیشەکێکی تەقاند. لەگەڵ دەنگی گوللەکەدا، لیرمانتوف، بێ هیچ دەنگێك، قسەیەك یا جوڵەیەك بۆ پێشەوە یا بۆ دواوە یا پێش ئەوەی دەرفەت بێنێ دەستی بخاتە سەر جێ زامەکەی، کەوتە سەر ئەرزەکە، ئێمە بەرەو لای ئەو غارمان دا. زامێکی ڕەش بەڕاستی سینگییەوە بوو و لەلای چەپەوە خۆێنی لەبەر دەڕۆیی، گوللە گڕدارەکە بەر دڵو سییەکانی کەوتبوو و هەڵی تەکاند بوو*." (گەشە کردنی چیرۆکنووسی لە رووسیا، ریچارد فریمن، ل ٣٨).

بە گوێرەی ئەو نووسینەی کابرای شایەد، هەر ئومێدو هەوڵێك بۆ فریاکەوتنو ژیانەوەی لیرمانتوف بێهودە بوو. لەو دەمەدا، ئاسمان کەوتە گرمو هوڕ، بارانێکی توند دایکرد. هیچ پزیشکێك ئامادە نەبوو لەو هەلومەرجە تووشەدا بێتە دیار ئەو گەنجەی کە لە حاڵی مردنو ئاوزینگدا بوو. سی ساڵ دوای ئەو بەروارە، هەمان شایەد، لە بیرەوەریە شەخسیەکانی خۆیدا، دەربارەی مەرگی شاعیر دەڵێت:

"دەڵێی دوێنییە، من هەموو وردەکاریەکانی بویەرکەم، بێ کەمو کووڕی، وەکو خۆی لە بیرماوە: چاوەڕوانی ئێمە بە دیار لیرمانتۆفەوە کە لە جێگادا کەوتبوو، ماوەیەکی زۆری خایاند. هیچ عەرەبانچییەك ئامادە نەبوو کە جەنازە خوێناویەکە هەڵگرێتو هیچ پزیشکێکیش ئامادە نەبوو بوو تا بێت بۆ ئەوێندەر. شەو نزیك دەبووەوەو دنیا بەلەز بەرەو تاریکی دەچوو. لە ناکاوا، لە فاسیڵەیەکی دوورەوە، گوێمان لە دەنگی سمی چەند ئەسپێك بوو کە بەرەو ئێمە دەهات، بیرمان لەوە کردەوە جەنازەکە لە سەر ئەرزەکە هەڵگرین و ئامادەی بکەینو لەو شوێنە شوومە دوور بکەوینەوە کە لە ناکاوا، هاوارێك لە سینەی لیرمانتوفەوە بەرز بووەوە، هاوارێکی پڕ ئازارو

ئێمە بۆ ساتێك وامان تەسەور کرد کە هێشتا روحی تیا ماوە*". (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩).

هەڵبەتە ئەم تەسەورەی ئێمە هەڵە بوو، لیرمانتوف مرد بوو، بەڵام ناوی ئەو زندوو بوو، ئەمڕۆش لە ئەدەبیاتی زەنگینی رووسیدا، زندوو نەمرە.

شاعیری جوانە مەرگی رووسی، لە قەسیدەیەکدا بەناونیشانی مەرگ، کە لە ساڵی ١٨٣٠دا دایناوە، بەمجۆرە وەسفی مردنی خۆی دەکات:

"هەودای تەمەنی گەنج پچڕاوە
سەفەر کۆتایی هاتووە
سەعات لێی داوە
و کاتی کۆچ هاتووە.
کاتی سەفەرە، بۆ وڵاتیٚ کە نە ئایندەیەکی تیایە
نە ڕابردوویەك، نە دەورانیٚ، نە ئەبەدیەتێك،
بۆ شوێنیٚ کە نە چاوەڕوانی هەیەو نە هەڵچوونیٚ،
نە ڕووندکێکی سوێرو تاڵ، نە شۆرەتو نە حوورمەتیٚ،
لە وێندەر کە یادگە، خەوێکی قوولی لێدەکەویٚ،
دڵی ئینسان لە نێو تابووتە باریکەکەیدا
ئەوەندەی فەزا نییە کە هەست بەوە بکات
کرمان، سەر بژەننە جەستەکەی..."*

(بڕوانە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەی رووسیا، جۆن فنل، بەشی لیرمانتوف، ل ١٧٥.)

لیرمانتوف، شاعیرێکی هەژار وعەزرەتی و مەینەتدیدەو دەستکورت نەبوو، لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا، خۆشی، سەرکەوتن، رێزو حورمەتی زۆری بینی بوو، کەچی ئەوجاش شیعرەکانی لە نا ئومێدی و خەمو رەشبینیدا لێو ڕێژن. لە قەسیدەیەکدا بەناونیشانی (بیٚ ئەزموون)دا کە لە ساڵی ١٨٤٠دا، واتە ساڵێك پێش مردنەکەی دانراوە، لە زمانی گەنجێکی یاخیەوە، بەرانبەر بە باوکە رۆحانیەکەی دەڵێت:

"بێهودە سینەی من
پڕە لە ئاوات و ئارەزووان
ئەمە جۆشێکی بۆش و بەتاڵە
خەونێکی هەوەس ئامێزە، نەخۆشیەکی ئەقڵە.
بۆ من، نەخشی زندانی لاچووە،
وەکو گوڵێکە کە لە ناو دەخمەیەکدا، بەتەنیا رواوە
بەبیٚ ڕەنگ، لە درزی سەڵبەندانەوە سەری دەرهێناوە،
دەمێکە، زۆر لە مێژە گەڵایەکی تازەی دەرنەکردووە
و هەمیشە لە چاوەڕوانی هەتاوی ژیانبەخشدا

دانشیتووه،
ڕۆژان‌و شەوان بوریوون
تا دەستێك لە ڕووی میریڤانیەوە هەڵیگرتووە،
پاشان بۆ بێستانی بردووە.
لە هاوسیەتی سۆرگوڵاندا داینا‌وە
لە هەموو لایەکەوە بۆنی شیرینی ژیانی کردووە
بەڵام تەمەشاکەن، کە ئەوسا چی پێشهات؟
هێشتا هەتاو گزینگی نەدا بوو
کە تیشکی ئاگر بارانی
ئەو گوڵەی کە لە زینداندا ڕوا بوو،
وشك کردەوە."*
(ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەی رووسیا، جون فنل، بەشی لیرمانتوف، ل ١٨٤).

لیرمانتوف، لەم چامەیەدا بە هەڵە نەچووە، ڕاستە لە ماوەی تەمەنی کورتیدا، هەندێ سات هەبووە کە لە باوەشی سروشتدا، یا لە دنیای خەیاڵداو دەگەڵ شیعرەکانیدا، هەستی بە لەزەت‌و ئارامی کردووە، بەڵام ئەم ساتانە زۆر کورت‌و تیژ تێپەڕ بوون. وەکو چۆن پەرستگەو دێران، کەسێکی تازە دیندار بۆ خۆی بکێش دەکات، کۆمەڵگەش بۆ ئەو هەمان جازیبەی هەبوو. هەوڵ‌و تەقەلای ئەو بۆ هەڵاتن لە بەندی چارەنووس بێهودە بوو و ئەو هەرگیز نەیتوانی ئەوەی لە دەستی دابوو جارێکی دی بەدەست بێنێتەوە. لەم حاڵەتەدایە کە ئەوی دڵسوتاو برژاو، وەکو قارەمانەکەی، حەز دەکات کە بەختەوەری لە تیشکی هەتاوێکی دیکەو لە دنیایەکی دیکەوە بەدەست بێنێ. لە شیعری: بە ترسەوە دەڕوانمە ئایندە، دەڵێت:

"لەم دنیایەدا، من باجی خۆم داوە،
لە ئەشق، ئومێد، چاکی‌و خراپی.
هاتووم کە ژیانێکی دیکە دەست پێبکەم
بە بێدەنگی و بەدەم چاوەڕوانیەوە، ساتان دەژمێرم
تا زەمان بڕەسێ.
برایەتی خۆم لە دنیادا دانانەم.
تاریك‌و ساردە هەمێزی من،
ماندووە ڕوحی من،
وەکو میوەی کاڵ، مەحروومە لە شیلەی گیایی،
لە تۆفانی چارەنووسدا، ژاکاوم،
و لە تیشکی گەرمی خۆری بووندا، وشك بوومەتەوە*"
(بڕوانە: ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەی رووسیا، جۆن فنل، بەشی لیرمانتوف، ل ١٨٥).

***

میخائیل یوری یوفیچ لیرمانتوف، کاتیّ له ۱۸۱٤/۱۰/۱٥ له مۆسکۆ هاته دنیاوه. نەیدەزانی کە لە ماڵباتێکی خانەدانی ناسراو، هاتووەتە دنیاوە، بابی بە رواڵەت نەقیبێکی خانەنشینی تزار بوو، دایکی کیژە رووسێکی مام ناوەنجیو لایەنگری کڵێسای ئەرتەدوکسی یونان بوو، بەڵام نەنکی یەکێك بوو لە ژنە دەوڵەمەندو ئەشرافەکانی مۆسکۆ کە تێکەڵاوی دەگەڵ تزاردا هەبوو. بابیشی هەر چەندە نەقیب بوو و هەندێ موڵکی کەمی هەبوو، پاشماوەی نەقیب جورج لیرمونت بوو، کە یەکێك بوو لە سەرکێشانی سکۆتلاندی سەرەتای سەدەی هەڤدەیەم، و سەفەری رووسیای کردبوو و لە دەرباری ڕووسیادا گیرسابووەوەو ناوو ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو. هەڵبەتە ئەم ئیمتیازاتە بۆ بابایەکی ڕووسی سەدەیەی هەژدەیەم، کەم نەبوو. لێ میخائیل لیرمانتوف، نە گوێی بەم شتانە دەداو نە حەزی دەکرد هیچ شتێك دەربارەی ڕابردووی خۆی بزانێت. سیّ ساڵان بوو، کە ماریا میخائیلوڤنای دایکی بە گەنجی کۆچی دوایی کرد وجا چونکە پەروەردە کردنی ئەم منداڵە بۆ باوکی، یوری پترۆفیچ لیرمانتوف، زۆر قورس بوو، ئیدی دایە گەورەی، یەلیزاڤیتا –ئەلکسی یڤنا– ئارسنیڤا رازی بوو کە منداڵەکە بگرێتەخۆو لە موڵکەکانی خۆیدا، لە پنزنسکایا بە خودانی بکات.

ئیدی لەو کاتەوە، باب و کوڕ لێکدی دوور کەوتنەوەو ئەو دوانە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، تەواو لێکدی دوورکەوتنەوە. دایە گەورە زۆر دڵبەندی نەوەکەی خۆی بوو، هەرچیەکی بویستایە بۆی دەکردو دەیخستە بەر دەستی، ئیدی ئەم نازە، کردیە کارێك میخائیلی منداڵ، لە هەر زەبت و ڕەبتێك بە دوور بێت. ئیدی لە نێو بێستان و مەزرایانی پان و بەریندا لە نێو دیمەنی جوان و دڵگیرو خەیاڵ ئەنگێزی سرووشتدا گەورە دەبوو و لە هەمان کاتدا بە چاوی خۆی داماوی و نەگبەتی مسکێنان و رەعیەتانی زەحمەتکێشی دەبینی کە بە حوکمی قانون کۆیلەی ئاغا بوون و هەر هەموو ئەمانە کاریان لە روح و دەروونی ئەو دەکرد. زۆری حەز لە گۆرانی فۆلکلۆری و چیرۆك و حیکایەتان دەکردو حەزیدەکرد بچێتە نێو وەرزێرەکان و لە نزیکەوە گویّ لە چیرۆك و حەکایەتە دڵکەش و روح نەوازەکانیان بگرێت.

هەڵبەتە ئەو نازە زۆرەی کە داپیرەی دەیدایە، بەرە بەرە منداڵەکەی کرد بە کەسێکی وڕکن و دڵناسك و گڕوگرو لەش بەبارو نەنکیشی بۆ ئەوەی چاك بێتەوە، بردی بۆ ئاوە گەرمەکانی قەفقاز، واتە بۆ ئەو شوێنەی کە پاشان هەر لەویّ بە گوللەی حەریفێکی خۆی بە کوشت چوو. لە یەکەم سەفەریدا بۆ ئەویّ تەمەنی نۆ ساڵان بوو. لەوە دوا هەموو ساڵێك سەفەرێکی بۆ ئەویّ دەکرد، تا لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا، دەگەڵ لەلەکەی خۆیدا چوو بۆ مۆسکۆ تا بچێتە بەر خوێندن، ئەو قوتابخانەیەی کە ئەو ناوی خۆی تیا نووسی، بەشێك بوو لە زانستگەی مۆسکۆو فێرگەیەك بوو کە تایبەت بوو بە منداڵانی چینی خانەدانان. میخائیل، لە هەوەڵی چوونە ئەو خوێندنگەیە، دەستی بە شیعر دانان کرد. ژیان لە نێو جوانیەکانی تەبیعەتی پنزاو گەڕان بە کۆچارە خەون ئاساکانی قەفقازا زەوق و سەلیقەی شیعریی پێبەخشی بوو، بە تایبەتی کە زۆری حەز لە خوێندنەوەو موتاڵاش دەکردو بەرهەمی پێشینانی دەخوێندەوە. هەروەها حەزی لە نیگاکێشیش دەکردو ماوەیەکیش لە مۆسکۆ هونەری نیگارکێشی خوێند.

ئەدەبیاتی رووسی، لە ساڵانی هەوەڵی سەدەی نۆزدەدا، بە ڕێگایەکدا دەڕۆیی کە ئەلکساندەر پوشکینی، شاعیری مەزنی قۆناغی زێڕینی شیعری رووسی، کردبوویەوە. لە سەردەمی پاشایەتی کاترینی دووەمدا، ناسراو بە کاترینی مەزن، هونەرو ئەدەبی ڕووسیا، یەکپارچە فەرەنسی بوو و هێشتا هیچ بەرهەمێك لەم ولاتەدا نەهاتبووە ئاراوە، کە ڕەسەنایەتێکی ئەوتۆی تیا بێ، کە ئاهی دڵ بشکێنێ.

پوشکین بناغەی ئەم ڕەسەنایەتیەی ڕەنگرێژ کردو ئەوەی لە واری شیعرو چیرۆکنووسیدا، دایهێنا، زادەی ئەندێشەو زەوقی هونەرمەندێکی رووسی بوو، نەك ڕووسیەك کە بە فەرەنسی بیر بکاتەوە، هەرچەندە ڕەخنەگرانو ئەدەبناسان، سێبەری فیکرو زەوقی لورد بایرۆنی شاعیری ئینگلیزی هاو عەسری پوشکین، بە سەر بەیتەکانی پوشکینەوە دەبینن‌و قەناعەتیان وایە، هەر چەندە لە باندۆرو کاریگەریی ئەدەبی فەرەنسی خەلەسیوە، بەڵام لە کاریگەریی ئەدەبی ئینگلیزی، بە تایبەتی شیعری بایرۆن، دەرباز نەبووە.

لیرمانتوفش، لە ساڵانی نۆلاویدا، زۆر ئاشق‌و دڵبەندی شیعری لورد بایرون بوو. سیمای ئەم شاعیرە ئینگلیزەو ژیانی نیمچە ئەفسانەیی ئەو، بۆ دەمێکیش لە خەیاڵی ئەو دوور نەدەکەوتەوە. لەساو پەنا وسەروەت و سامان‌و دەسەڵاتی داپیرەیەوە، بۆ خۆی ئەنجوومەن‌و دیوانێکی ڕازاوەی دامەزراند بوو و بە خۆی خاوەنی بوو و کۆمەڵێك کیژی خشیك دەوریان گرتبوو. میخائیل، وەکو لۆرد بایرۆن، شیعری بۆ هەوادارانی خۆی دەگوت، بەڵام شیعرەکانی خەم‌و ئازار و نا ئومێدیان لێدەتکا.

چەرکەسی (١٨٢٨)و زندانی قەفقازیا (١٨٢٨) بەرهەمی ئەم قۆناغ‌و سەردەمەن کە ئەو هێشتا چواردەمین بەهاری تەمەنی تەواو نەکرد بوو. ڤیسنا (١٨٣٠) شیعرێکی دیکەیەتی کە دواتر نووسیویەتی. لەم بەرهەمانەدا، ئەو قارەمانێکی رەنج بێوەرە، کە لە سۆزو گودازی ئەشقێکی تۆفان ئاسای ئاگریندا، دەستووتێت‌و دەبێت بە خۆڵەمێش‌و چونکە هیچ فریا ڕەسێکی نییە "ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ هەر بە منداڵی دایکی لە دەست دابوو و بابیشی هیچ بایەخێکی نەدەدایەو حیسابی بۆ نەدەکرد.)ناچار بەتاقی تەنیا بەگژ کێشەو سەریەشەکانی ژیاندا دەچێت.

میخائیل لیرمانتوف، لەم سەردەمەدا کە تەمەنی شازدە ساڵان دەبێت دەچێتە زانکۆی مۆسکۆ، ئەم مەڵبەندە رۆشنبیرییە، لەم سەرو بەندەدا، ناوەندی ڕۆشنبیرترین مامۆستایان‌و باشترین خوێندکارانی رووسی بوو، گەنگەشەو مشت‌و مڕو گفتوگۆ لە هەموو بوارەکاندا ئازاد بوو. خوێندکاران دەیان توانی بیروبۆچوونی سیاسی خۆ دەربڕن‌و موناقەشەی بابەتە سیاسییەکان بکەن. باسی فەلسەفەو ئەدەب‌و زانست‌و هونەر بکەن‌و قسەو ڕای خۆیان سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. ئێرە هەمان ژینگەیە، کە نەیارانی حکومەتی تزار، کۆمەڵەی دیسامبەرییەکانیان، تیا دامەزراندو پاشان، بە ئاشکرا، کەوتنە دژایەتی سیاسەتی دەوڵەت. لیرمانتوف، لە ژێر کاریگەریی هەستێن نیشتمانپەروەرانەدا، شانۆنامەیەك دەنووسێت لە ژێر سەرناڤی (سترانی چیلوڤیك– ١٨٣١) کە ئاوێنەی ڕق‌و نەفرەتی خەڵکی ئازادبیرە، سەبارەت بە

حکومەتی ستەمکارانەی تزارو، لیرمانتوف بەم بەرهەمە یەکەمین هەنگاو دژی بەرژەوەندییەکانی نیکولای دووەم دەنێت.

ساڵی ١٨٣٢ لە کاتی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵدا، بەرپرسانی زانستگە، کۆمەڵێك بیانووی پێدەگرن‌و نایەڵن بچێتە تاقیکردنەوەکانەوەو لیرمانتوف زۆر تووڕە دەبێت و زانستگە بەجێدێڵێت‌و بۆ سان پترۆسبۆرگ دەڕواتەوە تا لە زانستگەی ئەوێ ناونووسی بکات. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم سەر لە خوێندگەی سوپاییەوە دەردێنێ‌و هەرچەندە لە خزمەتی سوپایی بێزار بوو، بەڵام تا ساڵی ١٨٣٤ لەوێندەر دەمێنێ، دوای بڕینی تاقیکردنەوە، بە جلکی ئەفسەری سوارەوە، دەبێت بە بەرپرسی سەربازخانەی تزار کوی- سیلو لە دەوروبەری سان پترۆسبۆرگ.

کۆلیجی ئەفسەری و زبری عەسکەری، تەواو گۆڕیان.

میخائیل لیرمانتوف، ئیدی شاعیرە هەستیارو دڵناسکەکەی جاران نەبوو کە بەردەوام لە دنیای خەون‌و خەیاڵدا بژی. ئێستاش لە حەوێڤی ئاسمانەوە بەربوو بووەوەو کەوتبووە نێو ژیانی واقیعییەوە. لە سان پترۆسبۆرگدا، ئەو شۆرەت‌و نێوبانگەی مۆسکۆی نەبوو.. بەڵام هەر لە دڵی ژنانی خشکۆك‌و گەنجدا خۆشەویست بوو. ئیدی لە رووی فیکرییەوە پوختە دەبێت‌و ئەمە دەکاتە کارێك تا شانۆنامەیەکی دیکە بنووسێت ناونیشانی ئەم شانۆنامەیە (ماسکاراد- ١٨٣٥)ـەو لیرمانتوف لەم سەروبەندەدا تەمەنی بیست‌و چوار ساڵان دەبێت، هێشتا تا ئەم تەمەنە، بە ڕاستی ئاشق نەبوو بوو، بەڵام ئەم شادیەش رووی تێدەکات، بۆ یەکەمجار کچێك دەبینێ کە دڵی دادەخورپێ، ئەم کیژە نێوی ڤارڤارا بوو و لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوو. ئیدی دیار نییە کە بە وەسڵی دڵدار دەگات یان نا. بەڵام ئەوەی دیارەو گومان هەڵناگرێت ئەمەیە تا کۆتایی تەمەن، ئەو لە بیر ناکات‌و بە یادی ئەوەوە شادە. شوێنەواری ئەم هەوەڵین ئەڤین‌و ئەشقە، لە چامەی (کنیاجینیا- لیگوڤسکایا)دا بە زەقی دیارە.

شاعیری لاو، وێڕای ئەوەی چەند بەرهەمێکی شیعری و پەخشانی بڵاوکردبووەوە، هێشتا لە کۆڕو ئەنجوومەنە ئەدەبییەکانی مۆسکۆو سان پترۆسبۆرگدا وەکو پێویست نەناسرا بوو. ئاشقانی شیعری ڕەسەن، هێشتا ناویان نەبیستبوو و ئاشقانی ئەدەب، لەم سەروبەندەدا، جگە لە پوشکین، حیسابیان بۆ کەسی دیکە نەدەکرد. بەڵام بویەرێك ڕوو دەدات کە میخائیل لیرمانتوف، لە شەوو ڕۆژێکدا، دەبێ بە خۆشەویستی میلیونان خەڵکی رووسیا.

لە هەیڤی یەکەمی ساڵی ١٨٣٧دا ئەلکساندەر پوشکین، شاعیری گەورەو ئازادیخوازی رووس، لە شەڕێکی بە رواڵەت ئاشقانەدا، دەکوژرێت. ئەم مەرگە پیلان بۆ دانراوە، لیرمانتوف زۆر پەست‌و بێزار دەکات‌و دەخزێتە سووچێکەوە تا شیننامەیەك بۆ مامۆستا خۆشەویستەکەی خۆی بنووسێت‌و لە هەمان کاتدا بارانی جنێو وسخێڤان بەسەر سەبەبکارانی ئەم تراجیدیایەدا داببارێنێ. شاعیری لاو لەو لاواندنەوەیەی پوشکیندا، هێندە، پەریشانە کە دەست لە هیچ کەسێك ناپارێزێت:

"ئێوە، ئەی ئازادانی خۆپەرستی باوکانێ کە

لە دنیادا بە خوێڕیەتی ناسرا بوون....

ئێوە، ئەی ئەوانەی کە بە پێی کۆیلە ئاسای خۆتان
دوا پاشماوەی خانەدانانێك کە لە زوڵمی ناپایەداری بەخت
ستەمیان بینیوە
پێ شێل کرد.... ئێوە.... ئێوە...*"
(بڕوانە: ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە، جون فنل، ل ١٧٤)

ئەم چامە تووڕەو ئاگرینو بە سفت و سوێیە، جۆشو خرۆشێکی ئەوتۆی لە نێو داشدارانی پوشکیندا هێنایە ئاراوە کە حکومەتی تزاری ناچار بوو، بێتە دەنگو ئەوە بوو میخائیل لیرمانتوف، بە فەرمانی نیکولای دەزندانیٚ خراو بە دەستی دادگای مەیدانی سپێردرا، تزار کە بینی وەزعەکە ئاڵۆزەو زەمینە بۆ ڕاپەڕینی خەڵکی خۆشو لەبارە، لەوە زیرەکتر بوو کە لیرمانتوف بە دەستی جەلادی مەرگ بسپێرێت، بەڵکو وای بە باش زانی کە لە پایتەخت دووری بخاتەوە. بە حوکم و قەراری دادگای عەسکەری، میخائیل لیرمانتوف، لە گاردی پاشایەتی نەقڵ کراو گوێزرایەوە بۆ سەرباخانەیەکی قەفقاز.

هەڵبەتە ئەم مەحکوومیەتو دوور خستنەوەیە، لە هەندیٚ ڕووەوە بۆ شاعیری لاو بە سوود بوو. لیرمانتوف لەم ژینگە تازەیەدا، ناسیاوی دەگەڵ شاعیرانو نووسەرانو هزرڤانانی قەفقازدا پەیدا کرد. پەیوەندی نزیکی دەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی دیسامبەرییەکاندا، کە بۆ ئەم دەڤەرە دوور خرابوونەوە، پەیدا کردو ئاگاداری تەواوی لەمەڕ ئامانجو مەبەستەکانیان پەیدا کرد. تەفلیس بوو بە شاری ئایدیالی ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە خۆشحاڵ بوو کە بۆ ئەم دیارو دەڤەرە دوور خرابووەوە. لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەمە بوو کە ئەو ئاشقی جوانیەکانی قەفقازو کەلەپووری دەوڵەمەندی فەرهەنگو کەلتووری ئەم خەڵکە بوو و هەر بۆیەش، زمانی ئازەری فێر بوو و دەستی دایە پاچڤەی هەندیٚ بەرهەمی شیعریو پەخشانی گورجستانو ئازربایجان. ئاشقی غەریب، یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە لیرمانتوف، لەم سەردەمەدا، نووسیویەتی.

ئیدی واسیتەی داپیرەی لەلای تزارو ڕجاو تکای جوکوڤسکی شاعیری دەستڕۆی وەخت کە بەینی لەگەڵ نیکولایدا زۆر خۆش بوو، کاری خۆی کرد. تزار لێی خۆش بوو و ڕێگەی دا جارێکی دی بۆ پایتەخت بگەڕێتەوەو لە خزمەتی گاردی پاشایەتیدا دەست بەکار بێتەوە. ئیدی پاش گەڕانەوەی بۆ سان پترۆسبۆرگ، بەرهەمە بەنرخەکانی لیرمانتوف، یەك لە دوای یەك، لە بلاڤۆکی یاداشتەکانی نیشتمان دا، چاپی پایتەخت بلاوبوونەوەو کەوتنە بەرچاو. بەیتی درێژی سروودێك دەربارەی تزار ئیڤان ڤاسیلیوفیچ، پارێزەری گەنجی ئەوو هەروەها بازرگانی دلێر، کلاشینکن لە ساڵی ١٨٣٧دا، یانی کاتیٚ کە ئەو بیست ساڵان بوو، بە چاپ گەیی و ناوی ئەوی لە جاران پتر، لە نێو ئەدەبدۆستاندا، خستە سەر زاران. دوا بە دوای ئەو چامەی دیومن (١٨٤١) هاتە چاپکرن کە بە بۆچوونی پسپۆڕانو شارەزایان، یەکێکە لە بەرهەمە شیعرییە هەرە ناوازەکانی ئەو .

دیومن، نموونەی خەملێنی فیکریو سەلیقەی لیرمانتوفە. لیرمانتوف، ماوەی دە دانە ساڵ ١٨٢٩– ١٨٣٩ کاری لەسەر ئەم بەیتە کرد. دەکرێت بەیتی دیومن بە لوتکەی داهێنانی ئەو لە

قەڵەم بدرێت. هەندێك لە بەیتە وەسفیەکانی ئەم بەیتو چامەیە، وەکو خۆی لە ئەدەبیاتی ڕۆژاوا، دووبارە کراونەتەوە، وەکو:

"و ماری هوشیار، کە لە درزی تاریکیەوە
دەخزییە دەرێ،
و بەرەو سەڵبەندی هەیوانێکی کۆن دەهات،
هەندێجار، خۆی لوول دەدا،
هەندێجار ڕاست ڕادەکشا،
ئەمە زەمان بوو کە وەکو شمشێرێکی جەوهەرداری ڕەخشان،
لە یاد چوو، لە مەیدانی شەڕێکی بێهودەدا بۆ
جەنگاوەرێکی کوژراو، خۆی دەنواند...."

یا لە وێدا کە شاعیر باسی مەرگی تامارای جوانو خشکۆك دەکات:

"هەموو ڕاگوزەرەکانی ئەو تەژی جوانی بوو،
وەکو مەڕ مەڕ، خاڵی لە جیلوەی بوون،
خاڵی لە هەستو ئەندێشە،
گۆنگ، ڕاز ئامێز وەکو خودی مەرگ...*"
(بڕوانە: ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەی رووسیا، جۆن فنل، ل ١٧١).

***

قارەمانی سەردەمی ئێمە، کە میخائیل لیرمانتوف، لە ساڵی ١٨٣٩دا دەستی پێکرد، یەکەمین چیرۆکی گەورەی پەخشانی ئەدەبیاتی رووسیە کە لە سەدەی نۆزدەدا هاتووەتە نووسینو دوای بڵاوبوونەوەی، بووە بە سەر مەشقێك بۆ چیرۆکنووسانی بەهرەمەندی وەکو گۆگۆل، دوستویفسکی، تورگینیفو تۆلستۆی. ئەم ڕۆمانە، بە نۆڕینی خودی نووسەر، ئاوێنەی باڵانمای خەڵکێکە کە لە سەردەمی ئەودا دەژیانو شا قارەمانی ئەم ڕۆمانە، یەك کەس نییە کە تەنیا نوێنەرایەتی یەك نەوەی کۆمەڵگەی رووسی بکات، بەڵکو کەسێکە کە خەسڵەتو کرداری چەندین کەسی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. پیچورینی* شا قارەمانی ڕۆمانی (قارەمانی سەردەمی ئێمە) ( *- لیرمانتوف، ناوی پیچورینی لە ڕوباری پیچوراوە وەرگرتووەو ئەمە چاولێکەرییەکی پوشکینە کە ناوی "ئونیگین"ی لە ڕوباری ئونیگاوە هەڵێنجاوە. بە نۆڕینی بیلینسکی، جیاوازی نێوان پیچورینو ئونیگین، ڕێك بە قەد جیاوازی نێوان هەردوو ڕوباری پیچوراو ئونیگایە. ئەگەر توێژەرێك بیەوێ بە وردی ئەم دوو کاراکتەرە بەراورد بکات، بۆی دەردەکەوێت کە پیچورین، یەجگار لە ژیان وەڕزو بێزارە، هەمیشە بێ حەواس و حەوسەڵەیە بەڵام ئونیگین، شەیدای دەسەڵاتەو کەڵکەڵەو خولیای شۆرەت بۆ تاقە دەمێکیش بەری نادات (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەمریکانا، بەرگی ١٤، ل ١٣٥). کابرایەکی ئاشقی رووسیە کە لە هەنبەر ئافەرێدەکانی داهێنەرانی وەکو جان جاك ڕۆسۆ، فرانسوا رینیە دو شاتو بریان، هنری بنیامین کونستانو لۆرد

بایرون دا دەرکەوتووەو میراتگرێکی دیکەی فەرهەنگ و داب و نەریتی میللەتی رووسیایە لە دوای یەڤگینی ئونیگینی خەڵقەنەی دەستی ئەلکساندەر پوشکین.

پیچورین، لە ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمەدا، لە هەردەو باسکەکانی قەفقازدا دەژی، نەك لە کۆڕو مەجلیسی ئەشرافی مۆسکۆ و سان پترۆسبۆرگدا، ئەوانەی کە لە دەوروبەری خڕ بوونەتەوە، کۆمەڵێك ڕێگر، سەرکێشی، ژنی جوان و دۆستی خیانەتکارن کە دەگەڵ هەر یەکێکیاندا بە جۆرێ ڕەفتار دەکات و، بە خۆیشی گەنجێکی نەسرەوت و لاسار، ڕەشبین، دڵڕەق و دیل و ئەسیری بیرکردنەوەی هەڵە، کە وەکو پوشکەی بەر ڕەشەبا، گەردەلوولی ڕووداوان هەر جارەی بەلایەکدا دەیبات. ئەو دیباجەیەی کە چیرۆکنووس بۆ رۆمانەکەی خۆی نووسیوە، باشترین پێناسەی ڕۆمانەکەیە:

"لە هەر کتێبێکدا، دیباجەو پێشەکی هەوەڵین و ئاخرین دێرە. پێشەکی و دیباجە یا مەبەستی نووسینی بەرهەمەکە دەردەبڕێت یا وەڵامدانەوەی هێرشی ڕەخنەگران لە خۆ دەگرێت. بەڵام خوێنەر عادەتەن نە گوێی لە ئامانجی ئەخلاقی چیرۆکەکەیەو نە حەوسەڵەی ئەوەی هەیە نۆڕینی ڕەخنەگران بخوێنێتەوە، لەبەر ئەمە نووسینی پێشەکی و دیباچە بەلای ئەوانەوە (خوێنەر) کارێکی بێ مانایە.

بە داخەوە لە وڵاتی ئێمەدا وەزعەکە ئاوایە، یانی خەڵکی ئێمە ئەوەندە ناحاڵی و تێنەگەییشتوون کە هیچ شتێك لە چیرۆك تێناگەن، مەگەر لە کۆتاییدا ئامانجێکی ئەخلاقی روون بە دەستەوە بدات. خوێنەرانی ئێمە توانای دەست نیشان کردنی تەنزو کینایەتیان نییە، بە کورتیەکەی خاوەنی ڕۆشنبینی خۆیان نین. نازانن کە لە کۆمەڵگەیەکی بەڕێزو حورمەتدا، یا لە کوڕی خەڵکانێکی ئابڕوومەندا، سخێف و خەبەرو جنێودان کارێکی دزێوەو زانستی ئەمڕۆکە، چەکێکی بڕندەتری داهێناوە، کە ئەگەرچی نادیارە بەڵام کوشندەترەو لە ژێر پەردەی میتافۆری مجامەلەوە، دەکرێت جەزرەبەی کوشندەی پێ بوەشێنرێ. خەڵکی ئێمە لە کۆمەڵێك دێهاتی دەچن کە گوێ لە گفتوگۆی دوو دیپلوماتی، سەر بە دوو وڵاتی بەشەڕهاتوو، دەگرن، دوای گوێگرتن، دەگەنە ئەم ئەنجامگیریەی کە ئەمانە، لە ڕای پاراستن و بەرقەراری دۆستایەتی هاوبەشی خۆیاندا، خەریکن خیانەت لە دەوڵەتەکانی خۆیان دەکەن.

ئەم کتێبە، دووچاری ئەم نەگبەتیە بووە کە هەندێك لە خوێنەران و تاقمێك لە ڕەخنەگران، تەنیا بایەخیان بە مانای سەرڤە سەرڤەو ڕواڵەتی چیرۆکەکە داوە، کۆمەڵێك لەمانە گلەیی دەکەن کە بۆچی چیرۆکنووس، ئینسانێکی بودەڵەی هیچ و پوچی کردووە بە شاقارەمانی رۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمەو گروپێکی دیکە کە ویستویانە دیقەت و وردیەکی زیاتر بنوێنن، دەڵێن کە نووسەر وێنەی خۆی و کەسانی وەکو خۆی، لەم چیرۆکەدا وێنە گرتووە. بە ڕاستی قسەی قۆڕە. وا دێتە بەرچاو کە رووسیا بە جۆرێ دروست بووە کە دەبێ هەموو شتێکی تیا بگۆڕێت، تەنیا ئەم شتە تورەهاتانە نەبێت. تەنانەت دڵگیرترین حیکایەت و ئەفسانەش لە دیدی ئەمانەوە، جۆرە جنێوو سووکایەتیەکە.

ڕۆمانی (قارەمانی سەردەمی ئێمە)، بێگومان وێنەیەکە بەڵام وێنەی یەك کەس نییە. نەخش‌و نیگارێکە لە بەدکاری‌و خراپییەکانی تێکڕای نەوەی ئێمە. دەزانم دەڵێن کە هیچ مرۆڤێك بەم خراپییە نییە، من بە ئێوە دەڵێم کە کاتیٚ ئێوە لە ئیمکانی هەبوونی ئەم هەموو خەڵکە شەڕاشۆو مێبازو نسیبەت ئەنگێزە بەگومان نین، بۆچی گومان لە هەبوونی پیچورین دەکەن؟ ئێوە کە زۆر چیرۆکی لەمە درێوترو ترسناکترتان پەسند کردووە، بۆچی ئەم قارەمانە ئەفسانەییەتان پیٚ قەبوولٚ نییە؟ ئایا هەر لەبەر ئەمە نییە، کە بە ڕێکەوت، حەقیقەتێکی زیاتر لەوەی کە ئێوە تەسەوری دەکەن، لەم کاراکتەرەدا پەنهانە؟

دەزانم دەڵێن کە ئەم کتێبە زەڕەیەك ئەخلاقی تیانییە. مخابن دەبیٚ بڵێم کە خەڵکی هەستی چەژەو تامکردنیان لە ڕادەبەدەر دەگەلٚ شیرینی ئەفسانەدا ڕاهاتووە، بۆیە دووچاری بەدهەرەسی بوون. دەبیٚ ئەوانە دەرمانی تاڵیان بدرێتیٚ، دەرمانی تیژو تفتی حەقیقەت. تەسەور نەکەن کە نووسەری ئەم چیرۆکە، دوای ئەمە دووچاری خەون‌و خەیاڵی مەیلەو غروور دەبێت کە لە پایەگای ریفورمیستێکدا لە هەنبەر شەڕی بەشەردا وەستابیٚ، خوا لەم تاریکی جەهلەی رزگار بکات! ڕانانی ئەم وێنەیە بۆ ئەو سەر گەرمکەر بوو، وێنەی ئینسانێکی نوێخوازی هاوعەسری خۆی، کە دیتویەتی‌و ناسیویەتی‌و بۆ نەگبەتی زۆرجار روو بە ڕووی ئینسانێکی وا بووەتەوە ڕێگە بدەن، بە وەندە واز بێنین کە نەخۆشییەکە دیاری‌و دەست نیشان بکەین، لەوەدوا کیٚ دەرمان‌و دەوای دەکات، خوا کەریمە*" ( نووسەری ئەم کتێبە، بۆ پاچڤەی ئەم دەقە سوودی لە دوو دەقی ئینگلیزی وەرگرتووە: یەکێکیان پاچڤەی فلادیمیر نابوکوفە و ئەویتریان هی پول فوتە کە هەردووکیان لە رووسیەوە کردوویانە بە ئینگلیزی. کتێبی یەکەم وەشانکاری ئەمریکایی، دبلدی ئانکۆر، دانیشتووی نیویورك‌و کتێبی دووەم پنگوین لە ئینگلیستان چاپیان کردووە).

ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمە، لە ڕووی بونیادی چیرۆکنووسییەوە، لە پێنج چیرۆکی کورت پێکهاتووە کە بەشی یەکەمی، لە ژێر سەرناڤی بەلاّ، بە زمانی گوتیارەوە کە وەکو دیارە دەبیٚ لیرمانتوف بیٚ دەست پێدەکات. ئەوسا دوو کاراکتەری دی دێنە ئاراوە، یەکەمیان "ماکسیم ماکسیمیچ"ـە کە گوتیاری دووەمەو، دووەمیان گریگۆری ئەلکساندروفیچ پیچورینە، کە گوتیاری سێیەمی چیرۆکەکەیە. لە چیرۆکی یەکەمدا "من" کە لیرمانتوفە، دەچێتە دیدەنی ماکسیم ماکسیمیچ‌و هەنگیٚ "ئەو" یانی ماکسیم ماکسیمیچ لە قاڵبی گوتیاری دووەمدا، حیکایەتی دیدارەکەی خۆی دەگەلٚ پیچوریندا دەگێڕێتەوە. لیرمانتوف لە هەردوو چیرۆکی هەوەڵەوە، یانی "بەلاّو، ماکسیم ماکسیمیچ"دا ئامادەگی و حوزووری هەیە، ئەو ڕێبوارێکی پەیگیرو کونجکاوو لاپرەسەنە کە بەجادەی عەسکەری گورجستاندا، لە دەڤەری قەفقازدا دەڕوات‌و ئەو ساڵەی کە ئەو، دەستی بەم سەفەرە پڕ بویەرو رووداوە کردووە، ساڵی ١٨٣٧ـە، دوای ئەم دوو چیرۆکەی سەرەتا، ئیدی ئەو دیار نامێنیٚ‌و هەودای قسان دەکەوێتە دەست پیچورین. لە سیٚ چیرۆکەکەی دیکەدا. کە بە ناونیشانێن: "تامان، دۆتمیر ماری، و دیلی چارەنووس*" ن ( وشەی Fatalist کە چیرۆکنووس بەکاری بردووە، دەشێت بە جەبری یا باوەڕدار بە جەبر (قەدەر) پاچڤە بکرێت. جا چەمکی دیلی چارەنووس لێرەدا "کەسێکە کە

باوەڕی بە حەتمیەتی تەقدیر هەیە". ئیدی گوتیاری چیرۆکەکە پیچورینەو هەر ئەویشە کە چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. چیرۆکی قارەمانی سەردەمی ئێمە بە کورتیەکەی واهیە:

" گوتیاری چیرۆکەکە، کە دەبێ میخائیل لیرمانتوف بێت، لە تەفلیسی پایتەختی گورجستانەوە، بە جادەیەکی شاخاویدا بەرەو "ستاڤروپول" دەڕوات. پایزەو کۆجاڕەکان تەنکە بەفرێك دایپۆشیون. لە ڕێگادا تووشی هاوسەفەرێك دەبێت کە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵێکەو پاڵتۆیەکی عەسکەری لە بەرەو کلاوێکی چەرکەسی لە سەرە، نێوی ماکسیم ماکسیمیچە کە پێنج ساڵ بەر لەو بەرواره لە سەربازخانەی تورك دا، کە کەوتووەتە نێوان داغستانو گورجستانەوە، خزمەتی کردووە، ئیدی بەدەم ڕێوە دەبن بە دۆستو ماکسیم ماکسیمیچ، دەکەوێتە باسی ڕابردووی خۆی.

ماکسیم باسی ئەفسەرێك دەکات بە نێوی گریگۆری ئەلکساندروفیچ پیچورین، ئەم پیچورینە گەنجێکی سەیرە. کاری نائاسایی دەکات، لەوە دەچێت لە ماڵباتێکی زەنگین بێ، چونکە پارەیەکی زۆری هەیە. هەندێجار بە بەفرو باران، دەڕوات بۆ ڕاوی بەرازە کێویو هەندێجار بە تاقی تەنیا لە ژوورەکەی خۆیدا، بۆ ماوەیەکی زۆر دەبیرەوە دەچێت.

ماکسیم ماکسیمیچ دەگێڕێتەوە کە لەو نزیکانەدا، لە بناری کۆسارەکەدا، گوندێك هەبووە کە تیرەیەکی چەرکەسیان لەوێندەر دەژیانو ئەم چەرکەسیانە، سەردارێکیان هەبووە کە هەموو لە ئەمرو ڕای ئەودا بوون. ئەم سەرداره کوڕێکی چوارده پازده ساڵانی هەبووە بە نێوی عەزەمەت کە هەموو رۆژێك بۆ سەربازخانەکە دەهاتو چونکە کەسێکی چاونەترس ولە سواری وتیرەندازی وسەگڤانی وئەنگێوەییدا یەجگار زەبەر دەست بوو، هەمووان دەیانناسی. رۆژێك سەرداری تیرەی ناڤبری بە خۆی دێت بۆ سەربازخانەکە تا ماکسیم ماکسیمیچ و دۆستو هاوکارەکەی وی پیچورین بۆ زەماوەندی کیژەکەی دەعوەت بکات. سەرداری تیرەی ناڤبری، کیژە گەورەکەی بە شوو دەداتو حەزی دەکرد کە لە گوندیدا میوانی گەورەو بەڕێزی هەبن.

ڕێوڕەسمی مارەبڕینو زەوجین بە شێوەی موسوڵمانان، بەڕێوە دەچێت. ئیدی شایەرانی گوندی، بە تەپڵو زوڕنای ناوچەیی، دەکەونە شایی گێڕان. لە نێو ئەو ژنانو کیژانەدا کە سەرگەرمی دەسڕەبادانو هەڵپەڕکێ بوون، جووتە میوان چاویان بە کیژێك دەکەوێت کە جوانیە رۆژهەڵاتیەکەی دەیان حەپەسێنێ، ئەم کیژە نێوی بەلایەو کیژی سەرۆکی تیرەکەیە. هەموو خۆشیان دەوێو هەموو خوا خوایانە کە ئەو نیگایەکی بە خێریان بکات.

لە نێو میوانەکاندا پیاوێکی تۆکمەی کەتە هەیە کە سەر بەو تیرەیە نییە. نێوی کازبیچەو ماکسیم ماکسیمیچ لە یەکەم نیگادا دەیناسێت. کابرایەکی سەرکێشی خۆسەرە، مەعلووم نییە کە لایەنگری چ کەسێکە.

هەندێك دەڵێن چەتەو ڕێگرەو هەندێك لەو قەناعەتەدان کە کابرایەکی مامەڵە چییەو کاڵای پێویست بەدۆستو دژمن دەفرۆشێت. هەرکەسێك هەیە، سوار چاکێکی دلێرو بێباکەو ئەسپێکی هەیە کە کەس شتی وای نەدیتووە. ئەم ئەسپە نێوی قەرە گۆزە، توسنو خۆشبەزێکە ڕەش عەینی عەبەنووس، کە هەرکەسێك ببیبنێ، ئارامی لەبەر دەبڕێت. لە نێو ئارەزوومەنداندا، ئەوەی

له هەمووان پتر، حەزی دەچێتە ئەم ئەسپە، عەزەمەتە. کاتێ کە شایی و زەماوەند تەواو دەبێ، عەزەمەت خۆی دەگەیەنێتە نك ڕێگرو پێشنیازی کڕینی ئەسپەکەی دەکات و ئەویش وەکو ئەوانی دی نائومێد دەبێت. کازبیچ بە هیچ کلۆجێ ئامادە نییە ئەسپە بێ وێنەکەی خۆی بفرۆشێت و تەنانەت بەو پێشنیازەش کە ئەگەر ئەو قاییل ببێت، عەزەمەت بەنرخترین شمشێر یا خەنجەر جەوهەردارو گەوهەرنیشانی بابی دەدزێت و دەیداتێ، یارۆی مامەڵەچی قاییل نابێت و نایەتە ڕەدا. سەرەنجام عەزەمەت پێشنیازێك دەکات، پێشنیازێك کە کابرای سەرکێش دەخاتە هزرینەوە. پێی دەڵێت کە ئەگەر حەزی لە خوشکەکەیەتی، ئامادەیە بەڵا لە جیاتی ئەسپەکە بدزێت و بیبات بۆ ئەو شوێنەی کە ئەو دەیەوێت و ڕادەستی ئەوی بکات. بە هەر حاڵ یارۆی ڕێگر مل بۆ ئەم سەودایەش نادات و عەزەمەت بە نائومێدی بەجێدێڵێت و دەڕوات.

پیچورین، ئاگای لەم کەین و بەینە دەبێت. ڕۆژی دوایی پێشنیازێك بۆ عەزەمەت دەکات و عەزەمەت قاییل دەبێت: "ئەو، پیچورین ئەسپەکە دەدزێت و دەیدا بەو، عەزەمەت خوشکەکەی دەبات بۆ سەربازخانەکەو بەوی دەسپێرێت."

چەندین لاپەڕەی چیرۆکی بەڵا، نووسینی لیرمانتوف، بۆ یەکەم دیداری ئەو پیاوە گەنجەو کیژە جوانەکە تەرخان کراوە. بەلا بە هیچ جۆرێ ئامادە نییە دەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا قسە بکات. بە سەعاتان لە داخی ستەمی براکەی خۆی دەگری و بیر لە ئایندەی نادیاری خۆی دەکاتەوە. پیچورین نایەوێ بە خورتی و تۆبزی کیژێ بەرزەفت بکات و کچەش تەنانەت تەماشاشی ناکات. دیاری و سەوقاتی دەداتێ، خواردنی بۆ ئامادە دەکات، جێگەی بۆ ڕادەخات، تا سەرەنجام دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك.... پیچورین، بە هەمان تۆنی میهر ئامێزەوە لە سەری دەڕوات:

"گوێ بگرە گیانەکەم، بەلای من، بەخۆت دەبینی کە من چەندم خۆش دەوێی. ئامادەم هەر کارێك لەم دنیایەدا بکەم تا بزەیەك بکەوێتە سەر لێوی تۆ، هەموو ئاواتێکم ئەمەیە کە تۆ بەختەوەر بیت. خۆ ئەگەر بەمجۆرە خەمین و دڵ مردوو دەستەو ئەژنۆ دانیشیت، من لە داخا دەمرم. دە بزەیەك بکە. قسەیەك بکە...

بەلا، چاوە ڕەشەکانی بەرەو ئەو هەڵێنا. تەمەشای دەکردو ورتەی نەدەکرد. ئاقیبەت بزەیەکی کرد، بزەیەکی شیرین و پاشان سەری بە نیشانەی ڕەزامەندی لەقاند. پیچورین لێی نزیك بووەوەو دەستی لە نێو دەستی خۆی نا. دەیویست کارێك بکات کە کیژێ ئەو ماچ بکات. بەڵام ئەو داکۆکی لە خۆی کرد. بە رووسیەکی شڕو شەپرێو گوتی: "نە، تکا دەکەم نە."و پیاوە هەر سوور بوو. کیژێ تەزوویەکی پێداهات و لە سەڵای گریانی دا: "من ئەسیری تۆم... من کارەکەری تۆم... هەڵبەتە تۆ دەتوانی بە تۆبزی بەرزەفتم بکەی...." ئیدی گریان، ئەمانی نەدا کە درێژە بە قسەکانی خۆی بدات.

پیچورین، چەند جارێك بە مست کێشای بە تەوێڵی خۆیدا و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. من دوا بە دوای ئەو چوومە ژوورەوە. هەردوو دەستی خستبوونە سەر سینگی و خەمین و خەمبار دەهات و دەچوو. پێم گوت: "هاورێ چۆنی؟" گوتی: "شەیتانە، بەڵام قەولت دەدەمێ کە ڕامی

دەکەم." سەرم بەملاو بەولادا بادا، واتە شتی وا نییە. گوتی: "ئامادەی گرێو بکەین؟ تەنیا یەك هەفتەم مۆڵەت بدە!" وەڵامم دایەوە: "باشە" و ئەوسا تەوقەمان دەگەڵ یەکدی کردو لە ژوورەکە وەدەرکەوتم.

بۆ سبەی بەیانی، هەوەڵێن ئیشی ئەمە بوو کە تەتەرێکی خۆشڕۆ بۆ شاری قیزلیار بنێرێت تا شتی بۆ بکڕێت. دەستووری دا کوتاڵ و قوماشی هەمەجۆری ئێرانی بکڕن‌و بەزووترین کات بۆی بێننەوە. کاتێ کە دیاریەکانی، کە یەجگار زۆر بوون، بە من نیشاندا، گوتی: "چ دەڵێی؟ تەسەور دەکەیت کچێکی خشکۆکی ئاسیایی ئەم جلانە ببینێ دەتوانێ خۆی بگرێت‌و نەرم نەبێت؟ تۆ هێشتا ئەم کیژە چەرکەسیانەی ناناسیت." بەرسڤم دایەوە: "وا خەیاڵ نەکەی کە هەموو کچێك وەکو کچانی گورجی‌و تاتاری ئەودیوی قەفقازن. بە هیچ جۆرێ ئەمانە، لەوانە ناچن، ئەمانە بە جۆرێکی دی تەربێت دراون‌و داب‌و نەریتیان جیاوازە".

پیچورین، بزەیەکی بۆ کردو ئەوجا بە فیکە کەوتە لێدانی ئاوازی مارشێك. وەزعەکان ئەوەیان نیشان دا کە بۆچوونەکەی من دروستە. دیاریەکان تەنیا نیوەی تەسەورەکەی ئەویان هێنایە دی. میهرەبانتر بوو، متمانەی پێ پەیدا کرد، بەڵام لەوە تێنەپەڕی–و پیچورین ئەمجارەیان، پەنای وەبەر نەخشەیەکی دیکە برد. بەیانیەك دەستووری دا کە ئەسپەکەی بۆ زین بکەن‌و پاشان دەستێك جلکی چەرکەسی لەبەر کردو چەکی بەست. ئەوسا هات بۆ ژوورەکەی ئەو و گوتی:

"بەلا. تۆ دەزانی من چەندم خۆش دەوێی، من بۆیە تۆم لە بابت ڕفاند، بەو ئومێدەی کە منت بینی‌و ناسیمت، هەنگێ خۆشت بوێم. من هەڵە بووم. خودا حافیز. تۆ بۆ خۆت بە هەموو ئەو شتانەوە کە پێم داویت‌و بە هەرچی شتێکەوە کە من هەمە، ئەگەر پێت خۆشە، بۆ لای بابت بگەڕێوە، ئیدی تۆ ئازادی. من سەبارەت بە تۆ گوناحکارم‌و دەبێ سزای خۆم بدەم. دەی خوا حافیز، ئیدی بۆ کوێ دەڕۆم، نازانم. خۆم بە دەستی قەزاو قەدەران دەسپێرم. لەوەیە زۆری پێنەچێت کە گوللەیەك ساردم بکاتەوە یا نووکی شمشێرێك دڵم دیواو دەر کون بکات. ئەو کاتە تەنیا یادێکی من بکەوەو گەردەنم ئازا بکە..." ڕووی وەرگێڕاو دەستی بە نیشانەی خوا حافیزی بۆ تەکان دا. ئەو دانیشتبوو و ، من لە درزی دەرگاکەوە دەمبینی کە چ حاڵێکی هەیەو دڵم بە حاڵی دەسووتا. دەتگوت پەردەیەکی مەرگ بەسەر ڕوخساری ناسك‌و جوانیدا دراوە. پیچورین کە هیچ وەڵامێکی لێنەبیست، چەند هەنگاوێکی بەرەو دەرگا نا. خودی ئەویش دەلەرزی‌و من بە تۆ بڵێم کە ئەو لە وەزع‌و حاڵێکدا بوو، کە هەر هەموو ئەو هەڕەشانەی کە کردبوونی بە زیادەوە جێبەجێ بکات، ئەو جۆرە بەشەرێك بوو، خودا خۆی دەیناسی. بەڵام هێشتا دەستی نەگەیی بووە دەرگاکە کە کیژێ لە جێی خۆی ڕاپەڕی‌و لە سەڵای گریانی داو هەردوو دەستی لە گەردنی وەرینا. باوەڕکەردەنی نەبوو. باوەڕ دەکەی کە منیش گریام، ڕەنگە گریانەکەی من گریان نەبووبێ، جۆرە گەوجێتیەك بوو*" ( بڕوانە هەردوو دەقی ئینگلیزی، پنگوین، ل ٣٨– ٤٠و دبلدی ل ٢٥– ٢٧).

بەڵام ئەو ویساڵە بە ئاسانی بە دەست نەهات: کازبیچ کە لە توڕەییدا شێت بوو بوو، بیری لە تۆڵە دەکردەوە. لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە عەزەمەت ئەو پیاوە بە غیرەتە نەبوو کە

ئەسپە خۆشبەزەکەی ئەو بدزێت، چونکە ئەو حەریفی خۆی باش دەناسی، بێگومان ئەم پڕکێشیەی بە ئاگاداری بابی کردبوو و جا کە دەستی نەگەییە کوڕەکە لە جیاتی ئەو بابی کوشت و ئەسپەکەی بە تالآن برد.

دوای تێپەڕ بوونی ماوەیەکی کەم، پیچورین سەبارەت بە دڵدارەکەی خۆی سارد بووەوە. دەگەڵ ماکسیم ماکسیمیچی هاوڕێیدا زۆر کچەی بە تەنیا بە جێدەهێشت و دەچوونە ڕاوو شکار. کازبیچ کە لە سەربهووردی ڕەڤاندنی بەلا ئاگادار بوو بوو، لە دەرفەتەتێکی لەباردا، شەبەیخونێك دەکاتە سەر ئۆردوگایەکە (سەربازخانە) و کچە دەڕەڤێنێ. ئەوان بەم سەربووره دەزانن و هەردووکیان دەکەونە تاقیبی یارۆی ڕێگر:

"بەدەم ڕاکردنەوە سەرم هەڵبڕی و سەیرم کرد پیچورین، بەدەم چوار ناڵەوە هێرشی دێناو لەو نزیك دەبووەوە، لوولەی دەمانچەکەی کردبووە ئەو. هاوارم کرد: "تەقە مەکە، تۆ خەریکە دەگەیتە ئەو. گوللەکەت بە خەسار مەدە." بەڵام ئەم گەنجانە لە کاتی تەنگانەدا هۆشیان لای خۆی نامێنێ. دەنگی تەقە بەرز بووەوەو گوللەکە بەر پاشووی ئەسپەکە کەوت. چەند شەقاوێك بە شەلەشەل ڕۆیی و پاشان بە سەر دەستەکانیا خوار بووەوە. کازبیچ لە ئەسپەکە داپەڕی و سەیرمان کرد بەلای داماو بە باوەشی ئەوەوەیەو شاڵێکی لە سەرو چاویەوە پێچاوە. بە زمانێك کە ئێمە هیچی لێ تێنەدەگەییشتین هەندێ شتی گوت و پاشان خەنجەرەکەی بەرزکردەوەو دایهێنایەوە. ئیدی کاتی ئەوە نەبوو ئەمانی بدەین. من خوابەختەکی گوللەیەکم تەقاند. پێدەچوو گوللەکە بەر شانی کەوتبێ، چونکە لە پڕ بازوی دانەویەوە، کاتێ کە دووکەڵی دەمانچەکە ڕەوییەوە و بەرچاومان ڕوون بووەوە، سەیرمان کرد ئەسپە بریندارەکە لە عاردیدا کەوتووەو بەلاش لە پاڵیا کەوتووەو کازبیچ لە حاڵێکا کە تفەنگەکەی فڕێ دابوو، وەکو پشیلە گوریەیەك بە سینگەخشکێ بە تاوێرێکدا سەر دەکەیێت. حەزم دەکرد دەستگیری بکەم و بیهێنمە خوارەوە، بەڵام تازە دەرفەتی ئەو کارانە نەما بوو. بە هەشتاو لە ئەسپ دابەزین و خۆمان گەیاندە دیار بەلا. کچەی بێنەوا، بێ جوڵە، لە عاردی کەوتبوو و، خوێن لە برینە قوڵەکەیەوە دەچۆڕا. چ نامەردییەك. خۆ بە لای کەمەوە دەیتوانی خەنجەرێك بە دڵیدا بکات و بە جەزرەبەیەك بیکوژێت و گیانی ڕزگار بکات، بەڵام خاینانە لە پشتەوە خەنجەرەکەی لێدا بوو. لەو دەمەدا بێهۆش بوو. ئێمە شاڵەکەمان دڕی و زامەکەیمان توند بەست. پیچورین، بێهودە لێوە ساردو سڕەکانی ڕادەمووسی. ئیدی هێز نەبوو لە دنیادا، ژیانی وەبەردا بکاتەوە*". (بڕوانە هەردوو دەقی ئینگلیزی پنگوین، ل ٥٦– ٥٧و دبلدی ل ٤٣– ٤٤).

بەگوێرەی نووسینەکەی میخائیل لیرمانتوف، بەلا دوای یەك دوو ڕۆژ تەقەلاو ئاوزینگ دەمرێت، بەڵام ئەوەی کە مایەی داخ و کەسەرە، کۆتایی بەسەرهاتەکەیە:

"بەلا پاش ئەوەی چەند دڵۆپە ئاوێکی خواردەوە، حاڵی کەمێك باشتر بووەوە، بەڵام ئەمە ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو. دوای سێ دەقیقە، جووڵەیەکی سووکی بۆ کرد وئیدی گیانی سپارد، ئێمە ئاوێنەیەکمان لە لێوەکانی نزیك کردەوەو هیچ شوێنەوارێکی ژیانمان تیا بەدی نەکرد. من پیچورینم لە ژوورەکە دەبردە دەرێ و هەردووکمان بێدەنگ بووین، بێ ئەوەی هیچ

قسەیەك پێکەوە بکەین، بە بەر قەلاکەدا رۆیشتین، هیچ حاڵەتێکی نائاسایی بە سیمایەوە دیار نەبوو، ئەمەم زۆر لە دڵ گران بوو، عەزابی دەدام. ئەگەر من لە جیاتی ئەوبام، لە داخو سوێیاندا دەمردم. ئاقیبەت لەبەر سێبەرێکدا، لە عاردی دانیشتو بەو دارەی کە بەدەستیەوە بوو، کەوتە خەت خەتۆکێ لەسەر گڵەکە، حەزم دەکرد ئەگەر بۆ مجامەلەش بووە، دڵنەوایی بکەمو ئیدی کەوتمە دڵدانەوەی . لە ناکاوا سەری هەڵبڕیو لە قاقای پێکەنینی دا. کە چاوم بە پێکەنینەکەی ئەو کەوت، ئارەقەیەکی سارد نیشتە سەر ئازام. لە جێی خۆم هەستام تا چۆنیەتی بە خاك سپاردنکەی رێك بخەم." (بڕوانە هەردوو دەقی ئینگلیزی پنگوین، لە ٥٩- ٦٠و دبلدی ٤٦- ٤٧).

بەشی یەکەمی ڕۆمانی (قارەمانی سەردەمی ئێمە)، نووسینی میخائیل لیرمانتوف لێرەدا دوایی دێت. تەنیا یەك شتی دێتە سەر، ئەویش جیابوونەوەی چیرۆکنووسە لە ماکسیم ماکسیمیچ کە لە بەشی دووەمدا، لە ژێر سەرناڤی ماکسیم ماکسیمیچدا تازە دەبێتەوە.

گوتیاری چیرۆکەکە کە وا دیارە خودی لیرمانتوفە دەنووسێت کە دوای بەجێهێشتنی دۆستەکەی خۆی، دەڕوات بۆ شاری ولادی کافکاز و دوای ئەوەی دوو ڕۆژ لە ئوتێلدا دەمێنێتەوە، دووبارە هاو سەفەرەکەی خۆی دەبینێتەوە. هەڵبەتە ئەم دیدارە چاوەڕوان نەکراو بوو، بۆیە زۆری پێخۆش دەبێت کە تووشی هاوسەفەرە قسە خۆشەکەی خۆی دەبێتەوە. ئیدی دوو تازە ئاشنا لەم شارەدا، پەی بە ڕازێکی سەیر دەبەن، ئەویش ئەوەیە کە گریگۆری پیچورین، لەم شارەدایەو بۆ شێو لە ماڵی عەقید "ن"ـە، ماکسیم ماکسیمیچ ئەمە بە فرسەت دەزانێتو هەشتا کوپیك بەخشیش دەدات بە خزمەتگوزاری ئوتێلەکە کە پەیامی ئەو بۆ ئاغای پیچورین بباتو پێی بڵێ کە هاوڕێ کۆنەکەی لەم ئوتێلەدا چاوەڕوانی ئەوە.

بەڵام ئەم دیدارە، بە پێچەوانەی تەسەوری نەقیبی پیرەوە، زۆر خۆش نابێت. پیچورین، خوێنساردو بێ موبالاتە. لە جیاتی ئەوەی دەست لە ملی بکاتو بە خۆوەی بگوشێت، بە ساردیو بێموبالاتی دەستی بۆ درێژ دەکات. لە هەنبەر سوور بوونی ئەودا کە شەوێ میوانی شەرابو شێوی ئەو بێت، بە لووتبەرزیو فڕناخیەوە دەڵێت سەفەری ئێرانی لەبەرەو ناتوانێ سەفەرەکەی بۆ نیو سەعات دوا بخات. کاتێ کە پێ دەنێتە نێو گالیسکەکەی، ماکسیم ماکسیمیچ خۆی دەگەیەنێتێو دەڵێت: "تۆ هەندێ نووسینت لای من داناوەو من لەم ساڵانەدا بەردەوام تاقیبی تۆم کردووە تا بتدەمەوە. ئێستا بڵێ بزانم چییان لێبکەم؟"و پیچورین بە خوێنساردی بەرسڤ دەداتەوە: "بە دڵی خۆت، چی لێدەکەی بیکە."و پاشان خوا حافیزی دەکاتو دەڕوات.

کاتێ نەقیبی پیر، ئەم فڕناخیو لووتبەرزی و بێ موبالاتیەی دۆستە دێرینەکەی خۆی دەبینێ، هەڵوێستی دەگۆڕێت. تەمی خەم ، سیمای دەگرێتو ئیدی هیچ خۆشییەك ناتوانێت قورسایی بێ ئەندازەی خەمی ئەو سووك بکاتەوە. گوتیاری چیرۆکەکە، زۆر بەوە خۆشحاڵ دەبێت کە هاودەمەکەی قاییل دەبێت دەستنووسەکانی پیچورین، کە لە شێوەی ڕۆژانە یاداشت دا دەبن، بدات بەو. ئەم گەنجینەیە بۆ ئەو مایەی دڵخۆشیەکی زۆرە، دوای ئەوە هەرچی دەکا و دەکۆشێت کە هاوسەفەرە دڵتەنگەکەی رۆژێك زیاتر لای خۆی گل بداتەوە، ناتوانێت. سەرەنجام:

"ئێمە بە وشکی لێکدی جیابووینەوە. ماکسیم ماکسیمیچە رووخۆشەکەی من، گۆڕا، بوو بە نەقیبێکی روو گرژی چارەگرانی تووڕەو تڕۆ، بۆچی؟ تەنیا لەبەر ئەمەی کە پیچورین، لە ڕووی فەرامۆشیەوە یا لەبەر هەر هۆیەکی دیکە، لە کاتێکا کە ئەو بە تەما بوو دەست لە ملی بکاو باوەشی پێدا بکاتو بە گەرمو گوڕی بە خۆوەی بگوشێت، تەنیا دەستی بردبووە پێشێ. بۆ گەنجێك زۆر ناخۆشە کە هەموو ئومێدو ئارەزووە شیرینەکانی خۆی لە دەست بدات کاتێ ببینێ پەردەیەکی فریبۆك، لەسەر ڕوخسارێك لە کەنار روبارێكو ئەودا، بە هەموو دزێوی و ترسناکیەوە بدینێ، بەڵام هێشتاش هەر هیوای ئەوەی هەیە بە درێژایی ڕۆژگار، رۆژێ لە ڕۆژان، شتێك لە جیاتی ئومێدو هیوا لە دەست چووەکانی بە دەست بێنێ، بەڵام پیاوێکی بەتەمەنی وەکو ماکسیم ماکسیمیچ، بە ئومێدی چ بێت؟ ئایا ئەو دەتوانێ، قەرەبووی خەونو خەیاڵە شیرینە لە دەست چووەکانی خۆی بکاتەوە؟ هەقی خۆیەتی دڵی بشکێو ڕوحی بگوشرێ.

لێکدی جیابووینەوەو هەر کەسەو بە تەنیا ملی رێگای خۆمان گرت*". (بڕوانە هەردوو دەقی ئینگلیزی پنکوین، ل ٧٣ و دبلدی ، ل ٦٣).

بەشی سێیەم یا چیرۆکی سێیەمی ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمە، بە پێشەکیەکی کورت لە ژێر سەر ناڤی دیباچە، بە ڕۆژانە یاداشتەکانی پیچورین دەست پێدەکات، میخائیل لیرمانتوف، لەم دیباجەیەدا وای نیشاندەدات کە نەقیب گریگۆری پیچورین، نووسەری یاداشتەکان، کاتێ لە ئێران گەڕاوەتەوە لە رێگادا مردووە، بۆیە بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشتانە هیچ کێشەیەکی نابێت. ئیدی چۆن مردووە، ئەمە دیار نییە.

ڕەخنەگرانی بەرهەمەکانی ئەو باوەڕیان وایە کە لیرمانتوف بە نیاز بووە چیرۆکێکی دیکە دەربارەی سەفەرەکەی پیچورین بۆ ئێرانو ژن هێنانی لەوێو سەرەنجام مەرگی لە ناکاوی، ئەو بنووسێت، بەڵام تەمەنی کە تەنیا بیستو حەوت ساڵ بووە، مەودای وەدی هێنانی ئەم ئاواتو ئارەزووەی نەداوە.

نووسەر لە بەشێکی ئەم دێڕانەدا دەڵێت:

" کاتێ من ئەم یاداشتانەم دەخوێندەوە، هەزارو یەك سڵاوتم لە دیداری ڕاستگۆییو جدیەتی ئەم پیاوە دەدا کە ئەوەندە بێ پەرواو بێ منەت عەیبو عارەکانی خۆی ئاشکرا کردووە. سەربهووردی روحی ئینسانێك، چەندیش بودەڵەو خوێڕیو ناکەس بێ، لە ڕووی پەندو عیبرەت وەرگرتنەوە هیچی لە مێژووی ژیانی میللەتێك کەمتر نییە، بە تایبەتی ئەگەر ئەم سەربوورنامەیە، زادەو بەرهەمی وردبینی ودیقەتی ئەقڵێکی ساغڵەمو پوختە بێتو نووسەرەکەی بۆ ئەوەی نەنووسی بێت کە ئافەرین بکرێ یا سۆزو بەزەیی کەسێك بەلای خۆیدا بجوڵێنێ . ئیعترافەکانی جان جاك رۆسۆ لەم لایەنەوە لە عەیب بەدەرنییە کە هاتووە بۆ دۆستەکانی خۆی خوێندووەتەوە*". (بڕوانە هەردوو دەقی ئینگلیزی، پنگوین، ل ٧٥- ٧٦و دبلدی ٦٣- ٦٤).

چیرۆکنووسی رووس، پاشان بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەی لە ژێر سەرناڤی "تامان" بەمجۆرە دەست پێدەکات:

"تامان،خراترین شارۆچکەی سەرانسەری شارە کەنارییەکانی رووسیایە، لەویٚ لەزگ بوو لە برساندا بمرم، ئەمە جگە لەوەی چیوای نەما بوو کە لە سۆنگەی پیلانێکەوە لە دەریادا بخنکێم. شەو بوو، کە بە گالیسکەیەکی بچووکی پۆستەبەر، خۆم بەوێندەردا کرد. یارۆی عەرەبانچی، ئەسپە شەکەتەکانی لە بەرانبەر دەروازەی تاقە بینای بەردینی تاماندا کە لە دەروازەی شاردا بوو راگرت. قەراوڵەکە کە کابرایەکی قۆزاقی دەریای ڕەش بوو، لە دەنگی زەنگۆڵەی هەوساری ئەسپەکە، وەخۆ هاتەوەو بەدەنگێکی خەواڵوی ترسناکەوە هاواری کرد: "زەلام کێی؟" و دوا بە دوای ئەوە سەردەستەیەك‌و سەربازێك لە دەرگاوە هاتنە دەرێ، من بۆم ڕوونکردنەوە کە ئەفسەرم و بۆ ئەنجامدانی ماموریەتێك بۆ ئێرە هاتوومو دەمەوێ شەو، لە یەکێك لە ئیسراحەتگاکانی ئۆردوگاکە، ڕۆژ بکەمەوە. دوای ئەم ڕوونکردنەوەیەی من، سەربازەکە بەگەڵم کەوت‌و بەرەو ناو شار وەڕێکەوتین. سەرمان بە هەر کوختەیەکدا دەکرد، جێگە نەبوو و پڕ بوو. نزیکەی سێ دانە شەو بوو کە نەخەوتبوومو لە ماندوویەتیدا، خەریك بوو دەبوورامەوە. دنیا سارد بوو و بەرە بەرە بێتاقەت دەبووم. بە تووڕەیی نەڕاندم بەسەریا کە "کابرای بەدفەڕ! بمبە بۆ جێگایەك‌و بڕایەوە، خوای دەکرد دۆزەخ دەبوو، شوێنێك کە چاوێکی تیا گەرم بکەم." سەربازەکە بەدەم خوراندنی پشت ملیەوە بەرسڤی دایەوە: "قوربان جێگایەکی دیکە هەیە! بەڵام لەوەیە بەدڵت نەبێ، شایستەی خەڵکی وەکو ئێوە نییە!".

لە مەبەستەکەی حاڵی نەبوومو گوتم هەر ئێستا بۆ ئەوێم ببە. دوای ئەوەی ماوەیەك بە کۆڵان‌و جادە پیسەکاندا کە ئەو بەرو ئەمبەری حەساری وێران‌و داڕوخاو بوو، ڕۆییشتین، بەرەو کوختەیەك کە ڕێك لە کەنار دەریا بوو.

مانگی چواردە، بەسەر سەربانە بە زەل داپۆشراوو دیوارە سپیەکانەوە، دەدرەوشایەوە. لە نێو حەوشەیەکی بەردیندا، کوختەیەکی بچووکترو کۆنتر لە کوختەکەی یەکەم کە تێمان پەڕاندبوو، هەبوو. هەر دیوارێکی ئەم کوختە وێرانەیە، بەئاستەم بە پێوە مابوو و لە تۆ وایە ئێستا نا تۆزێکی دی بەرەو دەریاکە هەرەس دێنێ. لە خوارەوە هاڕەو هاژەی لە پەستاو بێ بڕانەوەی شینە شەپۆلانی دەریا لە گوێماندا دەنگی دەدایەوە. مانگ بەئارامی تریفەی خۆی بە سەر ئەو دەریایەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو پەخش دەکردەوە. من لێرەوە، لە کەنارە دوورەکاندا، لە ئاسۆی بەرین‌و نیمچە ڕوناکدا، دەمتوانی دوو کەشتی بدینم کە پەتە ڕەش‌و بێ جوڵەکانیان وەکو داوی جاڵجاڵۆکان دەهاتنە بەرچاو. لە دڵی خۆدا گوتم:

" لە لەنگەرگاکەدا کەشتی هەن، کەواتە دەتوانم سبەینێ بەرەو گلندژیك بڕۆم".

من موڕاسیلێکم هەبوو کە لە قۆزاقانی سنوور بوو. دەستوورم دایە کە جانتاکەم دابگرێت‌و کابرای عەرەبانچی مەرەخەس بکات. ئەوسا دەستم کرد بە بانگکردنی خاوەن خانووەکە. کەس وەڵامی نەدامەوە. لە دەرکەم دا، هیچ دەنگێك نەبوو. وەزعێکی کۆمیدیم پەیدا کردبوو. ئاقیبەت کوڕیژگەیەکی سیازدە چواردە ساڵان لە دەرگاوە دەرکەوت:

– ئاغا لە کوێیە؟

– ئاغامان نییە.

–چۆن نیتانە؟ ئەدی کێ لێرەیە؟

– هیچ کەس.

– ژنی خاوەنماڵیش نییە؟

– چووە بۆ گوند.

– ئەدی کێ دەرگا لە من دەکاتەوە؟

هەنگێ لەقەیەکم بەدەرگاکەدا کێشا. ئیدی دەرگایەکە خۆبەخۆ کرایەوەو بۆسارێك لە ژوورەوە هات بەسەرما. دەنکە شقارتەیەکم پێکردو ئەوسا لە دەمو کەپووی کوڕێژگەکەم نزیك کردەوە. دوو چاوی سپیم لە بەرانبەر خۆدا بینی. کوێر بوو، کوێری زکماك. بەبێ جوڵە بەرانبەر بە من وەستا بوو و من لە سەرو سیمای ورد دەبوومەوە.

نایشارمەوە، کە سەبارەت بەو کەسانەی کە کوێرن یا یەك چاویان هەیە، یا کەڕن، یا لاڵن، یا بێ دەستن، یا بێ لاقن، یا قەموورن، حەساسیەتم هەیە. بۆم بەدیار کەوتووە کە جۆرە پەیوەندییەکی سەیر لە نێوان ڕواڵەتو روحی ئینساندا هەیە. لەوە دەچێت ئەوانەی کە لە ئەندامێکی بەدەن مەحروومن، بێگومان لە یەکێك لە هەستەکانیش مەحروومن.

بەم نیازو مەبەستە روانیمە سەرو چاوی کوڕیژگەکە. بەڵام ڕوخسارێك کە چاوی پێوە نییە، دەتوانی چی لێبگەیت؟ بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك، زۆر بە بەزەییەوە تێم ڕوانی و لە ناکاوا بینیم بزەیەکی گۆنگ و بە ئاستەم کەوتە سەر لێوە ناسکەکانی و ئیدی لەبەر هۆیەکی نادیار کارێکی ناخۆشی تێکردم. جۆرە گومانێکم لەلا پەیدا بوو کە ئەم کوڕیژگە کوێرە، وەکو دیارە، کوێر نییەو من بە بێهودە کەوتمە ئەوەی قەناعەت بەخۆ بێنم کە یارۆ دەیەوێ لاسایی کوێر بکاتەوە. بەڵام ئەم گەمەیە لە پای چی؟ لە خۆوە تووشی جۆرە بێهودەییەك بوو بووم. زۆر جار ئەم جۆرە خەیاڵاتە بێهودەیەم بە مێشکدا دێت.

ئاقیبەت لێم پرسی:

– تۆ کوڕی ئەویت؟

– نە.

– ئەدی کێی؟

– هەتیوێك. نوقستانێك

– باشە ئەم خانمە، خاوەن خانووە منداڵی نییە؟

– نە کچێکی هەبوو کە لە ڕێگای دەریاوە دەگەڵ کابرایەکی تاتارا ڕەڤی.

– ئەم تاتارە کێ بوو؟

– کە نازانیێ. لە قرمەوە هاتبوو، کابرایەکی بەلەمڕان بوو.

چوومە نێو کوختەکەوە. هەر هەموو کەلوپەلی نێو ئەم ژوورۆچکەیە بریتی بوو لە دوو تەختو مێزێكو یەغدانێکی گەورە کە بە تەنیشت موغەیریەکەوە بوو. تەنانەت وێنەیەکی مەسحیش بە دیوارەکەوە نەبوو، دیارە من ئەمەم بە نیشانەی شەڕ زانیو لێکدایەوە، بای دەریاکە لە شووشەی شکاوی پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە. مۆمێکم لە جانتاکەم دەرهێناو

دامگیرساندو ئەوسا شتی پێویستم لێی دەرهێنا. شمشێرەکەم لە سووچێکی ژوورەکە داناو دەمانچەکانم خستنە سەر مێزەکە. پاشان قاپووتە لبادە قۆزاقیەکەم داکەندو لەسەر یەکێك لە تەختەکان ڕامخست تا لەسەری بخەوم. موڕاسیلەکەشم هەمان کاری کرد و تەختەکەی دیکەی بۆ خۆی چاککرد. دوای دە دەقیقە پرخوهۆڕی بەرز بووەوە. بەڵام من خەوم لێنە دەکەوت. چاوە سپیەکانی کوڕیژگەکەم هەر لەبەر چاو بوو.

نزیکەی سەعاتێك بەمجۆرە بووری. تریفەی مانگەکە لە پەنجەرەکەوە دەیدا لە ژوورەوەو تریفەی مانگەکە سەربانی کوختەکەشی روناك دەکردەوە. لە ناکاوا سێبەرێك بە بەر پەنجەرەکەدا ڕۆیی، بەری هەیڤە شەوەکەی گرت کە بێتە ژوورەوە. هەستامو لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمە دەرەوە. هەمان کار دووبارە بووەوەو کەسێك بە هەشتاو لەوێوە ڕەت بوو. خوا دەزانێ بۆ کوێ ڕۆیی؟ بەلای منەوە، تەسەوری ئەوەی کە کەسێك لەو سەرەوە خۆی هەڵدابێتو بە هەڵدێری دەریاکەدا داگەڕابێت مەحاڵ بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا بە چاوی خۆم تاپۆو تارماییەکم بینیو جگە لەو ڕێگایەش چ ڕێگایەکی دیکە نەبوو. نیوکۆتە عەسکەرییەکەم لەبەر کرد. قەمەکەم بەستو بە ئەسپایی لە کوختەکە وەدەرکەوتم. کوڕیژگە کوێرەکە لە نزیکی منەوە بوو. بە پشت حەسارەکەدا داگەڕام تا هەست بە من نەکاتو ئەو بە هەنگاوی مکوم و بە پارێزەوە بە بەردەم مندا ڕەت بوو. بوخچەیەکی گەورەی بە بن هەنگڵەوە بوو. بەرەو لەنگەرگایەکە نشێو بووەوە و بە باریکە ڕێگایەکی زۆر نشێودا داگەڕا. یەکسەر ئەم ڕستەیەی تەوراتم وەبیر کەوتەوە "هەنگێ چاوانی کوێر بینادەبنەوە و زمانی لاڵ دێنە قسان." و تا ئەو فاسیڵەیەی کە لێم ون نەبێ بە دوایەوە بووم*". (*- بڕوانە هەردوو دەقی ئینگلیزی پنگوین، ل ٨٠ و دبلدی، ل ٦٨).

وەستایی لیرمانتوف لە کاری چیرۆکنووسیدا ئەمەیە کە بۆ دەمێکیش خوێنەر بە دەقی خۆیەوە فەرامۆش ناکات. هەڵاتن لە کاریگەریی قسەکان کارێکی بێهودەیە. دیمەن ئارایی و ڕووداو خوڵقێنی بە جۆرێکە کە خوێنەر خۆ بەخۆ دووی دەکەوێ و لە هەمان کاتدا نازانێ کێوە دەچێت. ڕەنگە ئەمەش یەکێك لە شاکارەکانی ئەو بێ کە پێنج چیرۆکی کورتی بە پێنج بابەتی جیاوازو پێنج لوتکەو پلۆتەوە، لە یەك ڕۆماندا کۆکردووەتەوە. خۆ ئەگەر ئەم ڕۆمانە بەو جۆرە بەسەر پێنج بەشدا دابەش نەکرابوایە، ڕەنگە بە دیاردەیەکی ئاوارتەی جیهانی ئەدەب نەهاتبایە ژماردن.

پیچورین، شا قارەمانی ڕۆمانەکە، تا کەناری دەریا دوای کوڕیژگە نابیناکە دەکەوێتو لەوێندەر، تووشی ژنێك دەبێتو چاوەڕوانی نزیکبوونەوەی لۆتکەیەك دەکەن. وێڕای ئەوەی دەیەوێ سەر لەم لەگەزە دەربێنێ بەڵام، بیری بە هیچ کوێ ڕاناگات. دەگەڕێتەوە بۆ خەوگایەکەی خۆیو بە بێقەراری چاوەڕوانی ڕۆژ بوونەوە دەکات. نیازی وایە بە زووترین کات ئەو ژینگە شوومە بەجێ بێڵێ. لێ مخابن تا سێ دانە ڕۆژ، هیچ ئەوزارێکی گواستنەوەی دەست ناکەوێت. بۆ ڕۆژی پاشی، هەر لەو خانووەدا کیژێك دەبینێ، کیژێکی هێندە جوان دەبێ کە ئەم لە سەرسامیدا زاری بەش دەبێتەوە. هەندێ قسانیان دەکەوێتە بەینەوەو پیچورین ئەڵهای ئەوەی دەکەوێتە سەر بزانێت کە ئەو خانمەی شەوێ کە دەگەڵ کوڕیژگە کوێرەکە دیداری هەبوو، ئایا

هەمان ڕوومانگی ئاشوبگەر بووەو ئەگەر ئەو بووە، لەوێندەر چی کردووە؟ ئەم گەمەیە لە نێو قارەمانانی چیرۆکەکەدا بەردەوام دەبێت تا....

" دنیا تاریك دەبوو و من بە موڕاسیلەکەم گوت کە کتری چایەکە بخاتە سەر ئاگر، ڕێك بەو جۆرەی کە لە جەبهەدا کار دەکەین. پاشان مۆمێکم پێکردو لە پشت مێزەکەوە دانیشتمو پایپە مەیدانیەکەم بەدەمەوە گرت. هێشتا دووەمین پیاڵە چام تەواو نەکردبوو کە دەنگی دەرگاکە هاتو دوا بە دوای ئەوە، هەستم کرد لە پشتمەوە ژنێك بەخشەخشی داوێنی تەنوورەکەیەوە لە من نزیك دەبێتەوە، تەکانێکم دایە خۆو ڕووم وەرگێڕا. خۆی بوو، هەمان حۆرییە دەریاییەکەی من، هێدی و هێمن لە بەرانبەرمدا ڕۆنیشتو چاوانی بڕینە من . نازانم بۆچی نیگاکردنەکەیم نەوازشگەرانە هاتە بەر چاو، ئەو نیگایانەی بیر خستمەوە کە لە سالآنی ڕابردوودا، ستەمکارانە یاریان بە تەمەنی من کردبوو. لە تۆ وایە چاوەڕوانی ئەوە بوو کە من هەندێ پرسیاری لێبکەم. بەلآم من، حەپەساو و پەشۆکاو، بەواقی وڕەوە، بێدەنگ دانیشتبووم. ڕەنگی پەڕیوی، نیشانەی پەریشانی دەروونی بوو. دەستەکانی بێ هەدەف لەسەر مێزەکە دەجولآنو من هەستم بە لەرزینێکی نادیاری ئەو دەستانە دەکرد. هەندێجار سینگی بەرز دەبووەوەو وا دەهاتە بەرچاو کە هەناسەی خۆی گرتووە. ئەم وەزعە کۆمیدیە خەریك بوو بێتاقەتی دەکردمو ئامادە بووم کە ئەم بێدەنگیە بە جووڵەیەکی بەدەر لە هەر زەوقێك بشکێنم، یانی خوڵکی پیاڵە چایەکی بکەم، بەلآم گزوگومەت لە جێی خۆی ڕاپەڕی . هەردوو باسکی لە گەردنم وەرینا و ماچێکی گەرمو تەڕی لێوەکانمی کرد. بەرچاوم تاریك بوو و سەرم بە گێژەوە چوو و من، بە هەموو جۆشو خرۆشێکی گەنجیمەوە، بە سینگی خۆمەوەم گوشی – بەلآم ئەو لە پڕ وەکو مار، لە باوەشم داخزیو بە گوێیدا چپاندم: "ئەمشەو، کاتێ کە هەمووان لە خەوان، وەرە بۆ کەنار دەریا."و ئەوسا وەکو ئەستێرەك ڕاخوشیو لە هاماجی ژوورەکە دەرپەڕی. لە ڕێگادا مۆمەکەی کوژاندەوەو کترییەکەی گەڕاندەوەو هاواری موڕاسیلەکەی کرد: "عفریت!" ئەوی کە لە سەر ڕاخەرێکی حەسیر، پاڵکەوتبوو و بە چا خواردنەوە خۆی گەرم دەکردەوە، زۆر ناڕەحەت کردو من لەو دەمەدا وەخۆ هاتمەوە.

دوای نزیکەی دوو سەعات، کاتێ کە لەنگەرگایەکە، چوو بووە باوەشی بێدەنگی شەوەوە، من قۆزاقەکەم گاز کرد: "ئەگەر گوێت لە تەقەی دەمانچەکەی من بوو، بەرەو دەریاکە وەرە. بەلآم زوو بێی ها، تێگەییشتی؟" چاوەکانی زەق بوونەوەو خۆ بەخۆ گوتی: "دەخزمەتودام سەرکار." ئەوسا دەمانچەکەم لە خۆ بەستو چوومە دەرەوە. لە پایینی نشێوەکەدا چاوەڕوانم بوو. کراسێکی تەنکی لەبەر کردبوو و شاڵێکی دابوو بە شانو ملیا.

دەستی گرتمو گوتی: "لەگەڵ مندا وەرە." ئەوسا بە دوو قۆڵی بەرەو دەریاکە کەوتینە ڕێ. سەرم لەوە سوڕما بوو کە لەو گوزەرگا لێژەوە داگەڕا بووم چۆن ملم نەشکابوو. بە لای ڕاستدا پێچمان کردەوە، بە هەمان ڕێگادا ڕۆییشتین کە دوێشەو من دوای کوڕیژگە کوێرەکە کەوتبووم. مانگ هێشتا هەڵنەهاتبوو و دوو ئەستێرەی چکۆلە، وەکو دوو فانۆسی دەریایی، لە قولآیی ئاسمانی شیندا، دەتروسکانەوە.

هاودەمەکەم گوتی: "با بچینە ناو لۆتکەکەوە!" هەڵوەستەیەکم کرد. خۆ من لەو گەنجە تازە کووڕە عاتیفیانە نیم کە ئامادەن خۆ بە ئاوو ئاگردا بدەن. بەڵام تازە بۆ پاشەکشەو گەڕانەوە درەنگ بوو. خۆی هەڵدایە ناو بەلەمەکەوەو منیش بە دوایدا و هێشتا وەخۆ نەهاتبوومەوە کە لە کەنارەکە دوور کەوتبووینەوە. بە گرژی و مۆنی گوتم: "ئەمە چ کارێکە؟ مەبەستت چیە؟" لە لامەوە دانیشت، دەستی لە قەدم هاڵاندو گوتی: "مەبەست ئەمەیە کە تۆم خۆش دەوێ." گۆنای نا بە گۆنامەوەو هەناسە گەرمەکەی هات بە سەرمدا، لە ناکاودا شتێك شڵپ کەوتە ئاوەکەوەو ئەوسا دەنگی پرژانی ئاوەکەم هاتە گوێ. بەبێ ئختیار دەستم بۆ ناو قەدی خۆم بردو زانیم کە دەمانچەکەم نەماوە. وای چ گومانێك سەراپای داگرتم. خوێن هوروژمی بۆ سەرو چاوم هێناو تەماشایەکی دەوروبەری خۆم کرد، بۆم دەرکەوت کە سەدان مەتر لە کەنارەکە دوورکەوتووینەتەوەو خۆ منیش مەلە نازانم. ویستم ئەو لە خۆم دوور بخەمەوە، بەڵام وەکو پشیلەیەك چنگی بە جلو بەرگەکانمدا کرد بوو و لە ناکاوا تەکانێکی دام، لەزگ بوو بمخاتە دەریاکەوە. بەلەمەکە بۆی دەرچوو، بەڵام من یەکسەر هاوسەنگی خۆم گرتەوەو ئەوسا شەڕێکی خراپ لە نێوانماندا بەرپا بوو. تووڕەیی توانایەکی نا ئاسایی پێبەخشی بووم‌و بەرەڤانیم دەکرد، بەڵام زوو هەستم کرد کە حەریفەکەم لە من چابووکترە. لە کاتێکا کە هەردوو دەستە بچووکەکانیم توند گرتبوون‌و دەمگوشین هاوارم کرد: "چیت لە من دەوێ؟" پاشان وام هەست کرد بەو گوشارە توندانە، قامکەکانیم ورد کرد. بەڵام دەنگی لێوە نەدەهات و ئەو تەبیعەتە ئەهریمەنیەی، دەیکردە کارێك تەحەمولی ئەو ئەشکەنجەیە بکات.

وەڵامی دایەوە: "تۆ نەدەبوایە بتدیتبا، تۆ دیتو لە قاوی دەدەی!" بە گوڕو تینێکی میتابەشەرییەوە، گوشیمی بە قەراخ بەلەمەکەوە. هەردووکمان لە ناو قەد بەسەرەوە هەڵواسرا بووین. قژەکەی لە ئاوەکە دەخشی‌و بەڕاستی ساتێکی ترسناك‌و کوشندە بوو، خۆم بە سەر ئەژنۆمدا دابوو و بە دەستێك قژەکەیم توند گرتبوو و بەدەستەکەی دی ئەوکیم گرت. دەستی لە جلەکانم بەر بوو و بە پاڵێك هەڵمدایە ناوەندی شەپۆلەکانەوە.

دنیا تاریك بوو، چاوم بە باشی نەیدەدی. یەك دوو جار سەریم لە نێو کەفاوی شەپۆلەکاندا بینی‌و پاشان دیارنەما*". ( بڕوانە هەردوو دەقی ئینگلیزی پنگوین، ل ٨٧- ٨٨و دبلدی، ل ٧٦- ٧٨).

یاداشتەکانی گریگۆری پیچورین، لە چیرۆکی تاماندا، نووسینی میخائیل لیرمانتوف زۆری نەماوە. ئەو کیژە جوانە هەژدە ساڵانە، بە پێچەوانەوەی تەسەوری خوێنەرەوە، بۆ هەمیشە لە دەریادا غەرق نابێت. کاتێ ئەو بەوپەڕی زەحمەت‌و گیانەسەری خۆی دەگەیەنێتە کەنارو شەکەت‌و نیوەگیان، بە هەمان ڕێگادا بۆ ماڵەکە دەگەڕێتەوە، کچەکە دەبینێ کە پێش ئەو گەییوەتەوە کەنارەکەو دەگەڵ پیاوێکی گەنجدا، کە پێدەچێت هەمان بەلەمەوانەکەی دوێشەو بێ، مژوولی گفتوگۆیە. کیژێ بە دڵدارەکەی خۆی دەڵێت کە ڕیسەکەیان بووەوە بە خوری‌و باڵندەکە لە داوی مەرگ دەرباز بوو، و ناچارن تا زووە دەبێ ئەو دەڤەرە بەجێ بێڵن، چونکە نهێنی قاچاغەکانی ئەوان ئاشکرا بووە. دوای چەند دەقیقەیەك، کوڕێژگە نابیناکەش پەیوەندی

بەوانەوە دەکات‌و ئەمجارەش پرياسکەيەك لەلای بەلەمەوانەکە دادەنێت. پيچورين کاتێ دەگاتەوە کوختەکەی خۆی دەبێنێ يارۆی قۆزاق لە غوڕابی خەودايەو هەرکە دەڕوانێتە ڕايەخ‌و جێگەو بانەکەی خۆی، بۆی دەردەکەوێت کە چ بەڵايەکی بەسەر هاتووە:

"مخابن. جانتای سەفەرەکەم. شمشێرە زيونيشانەکەم، خەنجەرە داغستانيەکەم کە دياريی دۆستێکی نزيکم بوو، هيچی نەما بوو. هەنگێ تێگەييشتم کە ئەو کوڕيژگە کوێرە لە خوا عاسيە چ شتێکی بەو کوڕە قاچاغچيە دەدا. موراسيلەکەم تەکانداو خەبەرم کردەوەو بە دەمرێژێك جنێو، تۆزێك تووڕەيی خۆم دامرکاندەوە، بەڵام فايدەی نەبوو. بە ڕاستی عەيب نە دەبوو ئەگەر شکاتم کردبا کە کوڕيژگەيەکی کوێر، هەر چيم هەيە دزيويەتی‌و کيژێکی هەژدە ساڵان، لە زگ بوو بمخاتە دەرياوە؟ خۆشبەختانە بەيانی ڕۆژی پاشی، دەرفەتی سەفەرم بۆ ڕەخساو تامانم بە جێهێشت. ئيدی پيرەژنەکەو کوڕە کوێرە داماوەکە چيان بەسەر هات نازانم. ئەمە جگە لەوەی کە من چيم داوە لە خەم‌و شادی خەڵکی؟ من بابايەکی عەسکەريم‌و بەردەوام لە حەرەکەتدام‌و پسوولەی خۆم لە گيرفاندايەو کەس ڕێم لێناگرێت*". (* بڕوانە هەردوو دەقی ئينگليزی پنگوين، ل ٩٠ و دبلدی ، ل ٨٠).

خوێنەر، لە بەشی چوارەمی ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمەی ليرمانتوفدا، ڕووبە ڕووی ناونيشانی دۆتمير ماری دەبێتەوە. دۆتمير ماری درێژترين بەشی ئەم ڕۆمانەيەو گريگۆری پيچورين، شا قارەمانی ئەم بەشەشە.

پيچورين، دوای ئەوەی لە چەند شەڕێکدا، دەگەڵ خێڵانی چياييدا بەشداری دەکات، لە ڕۆژی ١٨٣٢/٥/١٠دا خۆی بە مەڵبەندێکی ئاوی مەعدەنی ناوچەی قەفقازدا دەکات. ئەم دەڤەرە ناوی پياتيگورسك دەبێت‌و هەمان دەڤەرە کە نووسەری ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمە، تەنيا دوو ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە، لەوێ لە شەڕێکی تەن بە تەندا، لە دوئێلێکدا گيانی لە دەست دا.

پيچورين، لە پياتيگورسك و سەيرانگاکەی تەنيشتيدا، کيسلوڤدسك، لە زنجيرە ڕووداوێکی ئاشقانەدا بەشداری دەکات کە ئاکامەکەی شەڕی تەن بە تەن دەبێت دەگەڵ خاوەن پايەيەکی هاوکاری خۆيدا، ئەم شەڕە، بە پێچەوانەی شەڕەکەی خودی ليرمانتوفەوە، بە قازانجی ئەو (پيچورين) دەشکێتەوەو حەريفەکەی بە کوشت دەچێت. ئيدی دۆتمير ماری لە ڕاستيدا، بەسەرهاتێکە کە لە شێوەی ياداشتدا لەلايەن پيچورينەوە دەگێڕدرێتەوە.

لە ياداشتەکانی خۆيدا، ئەوە باس دەکات کە چۆن لە نيوەی بەهاردا گەييوەتە پياتيگورسك‌و لە بناری چيادا، خانوويەکی گرتووەو هەموو بەيانييەك چاوی بە شکۆو جەلالی سروشتی تەڕو پاراوی ئەو ديارو دەڤەرە زاخاو داوە. ڕۆژێك بەدەم گەشت‌و گەڕانەوە، لە سەرچاوەی ئيليزابتدا، ئەو شوێنەی کە ئەشرافان بۆ ئيسراحەت‌و سەيران بۆی دەچوون، تووشی گروشنيتسکی دەبێت. ئەم گروشنيتسکی خوێندکاری کۆليجی ئەفسەرييەو هێشتا ساڵێك نابێت کە پەيوەندی بە خزمەتی عەسکەرييەوە کردووە، بەڵام بۆ شەڕگەيان ناردووەو چونکە زيرەکی‌و ئازايەتی نواندووە، ئيدی ميداڵی شەرەڤ سان جورجيان پێ بەخشيوە. لەش‌و لارێکی توندو تۆڵ‌و

سیمایەکی گەنم ڕەنگی هەیە. لە یەکەم نیگادا، بەو سمێڵە بادراوو قژە پڕە ڕەشەیەوە، وەکو کەسێکی بیست‌و پێنج ساڵان دەنوێنێ، بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا بیست و یەك ساڵانی پڕ نەکردووەتەوە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گروشینیتسکی ئەمەیە کە دەماوەرو زمانپاراوەو سوێرە قسەیە. هەرکە باسێك بێتە ئاراوە، ئیدی ڕزگار بوون لە دەستی ئەو کارێکی ئاسان نییە. بۆیە پیچورین خۆی دەبوێرێ کە گەنگەشەی دەگەڵدا بکات. وێڕای ئەمەش سوعبەتچی‌و قسە خۆشە، بۆیە لە کۆڕی ئافرەتانی جواندا، زوو دەکەوتە بەرچاوان.

ڕۆژێك، بەدەم گەشت‌و گەڕانەوە بەم سەرچاوە ساردانەدا، پیچورین و هاوڕێ گەنجەکەی، تووشی دایك‌و کچێك دەبن، جل‌و بەرگ‌و ڕەفتارو کرداریان ئەوە دەنوێنێ کە لە چینی نەجیمزادانی رووسیان، جوانی ئەو دووانە، بەتایبەتی جوانی کیژەکە، پیچورین بە تەواوەتی ئەفسوون دەکات. جووتە هاوڕێ بەمجۆرە دەکەونە قسان:

" گروشینیتسکی دێتە قسە "ئەو خانمەی کە دەیبینی، دۆتمیر لیگوڤسکوڤیە. ئەوەی دیکەش ماری کچیەتی. دایکی حەز دەکات، بە شێوازی ئینگلیزان بە مەری گازی بکات. تەنیا سێ ڕۆژە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە."

" باشە، کە تەنیا سێ ڕۆژە هاتوونەتە ئێرە، تۆ چۆن تەنانەت ناوی نازی ئەم کچە دەزانی؟"

گروشینیتسکی ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێت: "حەز دەکەم ئەوە بزانی کە بە ڕێکەوت گوێم لێبوو. مەبەستم ئەوە نەبوو کە بیانناسم یا دیبمن. ئەم ئەشرافزادە پیرانە، بە چاوی هۆڤی‌و کێویانەوە تەماشای ئێمەی سوپایی دەکەن. بۆ ئەمانە گرینگ نییە کە لە ژێر یەکێك لەم کاسکێتە سوپاییانەوە مێشکێکی گەورە هەبێت یا لە ژێر یەکێك لەم پاڵتۆ ئەستورانەوە دڵێکی پڕ جۆش و خرۆش هەبێ."

بە دەم زەردەخەنەیەکەوە گوتم: "بەڵێ، هەرچی خەتایەك هەیە بە بۆنەی ئەو پاڵتۆ عەسکەریە پەڕپووتەی تۆوەیە. دەی باشە پێم بڵێ، ئەو پیاوەی کە لە گەڵ ئەواندایەو بەو هەموو نەزاکەتەوە خوڵکی ئاوی کانیەکەیان دەکات کێیە؟" "ئەو کوڕە شیکپۆشە، ناوی ڕایویچە. لە مۆسکۆوە لە گەڵیاندا هاتووە. قوماربازەو بە ئێلەکە شینە ئاسمانییەکەی و بەو زنجیرە زێڕە ئەستوورەوە کە بەستوویەتی، دەتوانی بە مەزەندە بزانی چ کارەیە؟ تۆ تەمەشای دارعاسا ئەستوورەکەی بکە، هەر بۆ رۆبنسون کرۆزۆ باشە. یا ئەو سەرو قژە شوانکارەییەی، بە ڕاستی سەیرە."

" لەوە دەچێت تۆ لە هەموو کەسێك بە گومان بی؟"

" هەڵبەتە، ئەمە هۆی خۆی هەیە!".

" سەیرە، نەمدەزانی!"

لەم کاتەدا خانمەکان لە سەرچاوەکە دوور کەوتنەوەو بەرەو لای ئێمە هاتن. هاوڕێکەی من بە یارمەتی دارشەقەکەی، بە پۆزلێدانەوەو بە دەنگی بەرز، بە زمانی فەرەنسی گوتی: "نەفرەت لە پیاوان دەکەم، چونکە ژیان بەبێ ئەمە دەبێ بە نمایشێکی بێ تام‌و مانا."

شازادە خانمە جوانە چکۆلەکە سەری وەرگێڕاو نیگایەکی دوورو درێژی کونجکاوانەی لای قسەکەرەکەی کرد. زۆر زەحمەت بوو لەو ساتەدا بتوانرێ هەستی ئەو وەسف بکرێت، بەڵام هەر

چوونێك بوو حەقارەت ئامێز نەبوو و بۆیە بیرم لەوە کردەوە پێویستە پیرۆزبایی لە گروشینیتسکی بکرێ بۆ خۆی و ئەو قسەزانیەی، پێم گوت:

" ئەم دۆتمیر مەری یە یەجگار جوانە، چ چاوانێکی مەخمەلینی هەن. بەڵێ، مەخمەلین لە بارترین و گونجاوترین وشەیەکە کە دەشێت بەو چاوانە بگوترێ، من ئامۆژگاریت دەکەم هەر کاتێ ویستت باسی چاوانی ئەو بکەیت، ئەم زاراوەیە بەکار ببە. برژانگەکانی ئەوەندە درێژن کە بیلبیلەی چاوەکانی تیشکی ڕۆژ عەکس ناکەنەوە. من زۆرم حەز لەم جۆرە چاوە خومارانەیە، هەرچەندە شوێنی دیکەشی هەن کە پێویستە باس بکرێن. دانەکانیت بینی کە چ ڕەنگێکن؟ ڕەنگی ددان زۆر گرینگە. حەیفە کە بەم ڕستە پڕ تەنتەنەو سەنسەنەیەی تۆ بزەیەك نەکات."

گروشینیتسکی، بە تۆنێکی تووڕەیی ئامێزەوە گوتی: "تۆ بە جۆرێ باسی ئەم کیژە دەکەی وەکو ئەسپێکی ڕەسەنی ئینگلیزیت دیتبێ." بە زمانی فەرەنسی، و بە لاسایی کردنەوەی ئەو وەلامم دایەوە: "من ژنان دەبوغزێنم تا ئاشقیان نەبم، چونکە بەبێ ئەمە ژیان دەبێت بە میلودرامایەکی کۆمیدی!"

"پاشان خوا حافیزیم کردو لەو جیا بوومەوە....*" ( بڕوانە دەقی ئینگلیزی پنگوین، ل ٩٥- ٩٦و دبلدی، ل ٨٦- ٨٧).

ئاشنایەتی دۆتمیر ماری دەگەڵ گروشینیتسکی لەوێوە دەست پێدەکات کە ڕۆژێ خوێندکاری گەنج، لەو شوێنەدا کە دۆتمیر خانم دانیشتبوو، عەینەکەکەی لە چاو بەر دەبێتەوەو دەکەوێتە سەر چیمەنەکە. ئەو فیشەك بەر قاچی کەوتبوو و دارشەقی پێ دەبێت. ئەگەر لە مەیدانی شەڕدا بریندار نەبوایە بۆ ئێرەیان نەدەنارد. زۆری هەوڵدا کە چاویلکەکە لە عاردی هەڵگرێتەوە، بەلام نەیتوانی.

سەرەنجام دۆتمیری جوانکیلە وەکو باڵندەیەکی باڵ سووك لە جێی خۆی ڕادەپەڕێت و دێت بۆ لای ئەم و چاویلکەکە دەداتەوە دەستی.

بەلام هەستی پیچورین سەبارەت بە دۆتمیر ماری، کە لە ڕۆژانی هەوەڵەوە میهرەبان و ستایش ئامێز بوو، دەگۆڕێت بۆ ڕق و کینە. پیچورین، وا خەیاڵ دەکات کە دۆتمیر سەبارەت بەو بێ لوتف و بێ موبالاتەو، ئەم ڕەفتارو هەڵوێستە بۆ ئەفسەرێکی مێبازو ئاشق پیشە، کە بە دەگمەن لە ئاشقێنیدا شکستی خواردووە، یەجگار تاڵ و ناخۆشە. دۆستایەتی ئەو دەگەڵ دکتۆر وارنەردا کە دکتۆری دەرمانکاری دۆتمیر لیگوڤسکوی دەبێت، کەم و زۆر ئەو لە نهێنییەکانی ئەم خانەوادەیەو ئەو کەسانەی کە تێکەڵاویان دەگەڵیاندا هەیە، ئاگادار دەکات. پیچورین، جەنگاوەرە، پێشەنگە، ئەهلی شکست و کوڵدان نییە، بۆیە لێدەبڕێت، ئەم کیژە خشکۆکە بخاتە داوی خۆیەوە. ئیدی وەکو سێبەر دووی دەکەوێت، لێی نابێتەوە، هەر کارێك کە کیژێ پەست بکات، دەیکات. بۆ نموونە لە دوکانێکی فەرشفرۆشیدا کە دۆتمیر زۆری حەز دەچێتە قالیچەیەکی دەسکاری ئێران و دەیەوێ بیکڕێت، پیچورین دەچێت بە سەرداو پارەی زیاتر دەدات و ئەو قالیچەیە دەکڕێت و پاشان هەر بەوەندەوە ناوەستێ کە قالیچەکە بۆ ژوورەکەی خۆی

ببات‌و لەبەر چاوی دۆتمیری دوور بخاتەوە، بەڵکو دەیدات بە ئەسپەکەی خۆیداو هەموو ڕۆژێك بە بەرچاوی دۆتمیر دا دەڕوات و خۆی دەنوێنێ.

بۆ ئەوەی لە سەر گەمەکەی خۆی بەردەوام بێت، دەکەوێتە گاڵتەکرن بە گروشینیتسکی و سووکایەتی پێکردنی وا دەنوێنێ کە دۆتمیر هیچ حیسابێك بۆ ئەو ناکات‌و بۆیە ڕێگای ئەو دەدات کە هاتوچۆی بکات، تا کەسێکی وەکو ئەو وەکو سەگ بە دوویدا غار بدات.

پیچورین، هەموو بەیانیەك بە نەخشەیەکی تازەوە لە خەو ڕادەبێت: بۆ ئەوەی لە جاران زیاتر پۆرتی کچەی گەنج بشکێنێ‌و لە لووتی بدات، پێویستی بە ژنێکە، ژنێکی جوان‌و دیارو بە سەنگ‌و ئیحتوبار کە پەیوەندی ئاشقێنی دەگەڵ ئەمدا هەبێت‌و ئەم ئەشقبازی خۆی لەگەڵدا، بدات بە ڕووی دۆتمیردا. ئەم ئارەزووەی زوو دێتە دی. ئەفسەری گەنج یەکێك لە کۆنە دلبەرەکانی خۆی بە نێوی ڤیرا لەوێ دەبینێ، ڤیرا کە دنیایەك بیرەوەری ناخۆشی دەگەڵ کۆنە دڵدارەکەیدا دەبێت، مێردێکی ناسراوو لە خۆی گەورەتر هەڵدەبژێرێت تا هەم پشتیوانی لەم بکات و ژیانێکی خۆشی بۆ بڕەخسێنێ و هەم باببێکی میهرەبان بێ بۆ کوڕە چکۆلەکەی.

بەڵام پەیوەندی و تێکەڵاوی پیچورین دەگەڵ ڤیرادا شێوەیەکی دیکە دەگرێتە خۆ، ڤیرا داوا لە پیچورین دەکات کە دەگەڵ دۆتمیردا میهرەبان‌و نەرم‌و نیان بێت، چونکە لەم حاڵەتەدا مێردەکەی گومانی لێناکات. ئیدی نزیکبوونەوەی ئەفسەری گەنج لە دۆتمیری خشیك، حەسوودی و بەغیلی کەسێکی دیکە دەهاڕوژێنێ‌و ئەو کەسە گروشینیتسکییە کە زۆر حەزی لە دۆتمیر کردووە. لەلایەکی دیکەوە ڤیراش وردە وردە تووشی دەردی حەسوودی و غیرە دەبێت‌و وا خەیاڵ دەکات کە خۆشەویستەکەی حەزی لە دۆتمیر کردووە. پیچورین خۆی لە شازادەخانمی دڵڕفێن نزیك کردووەتەوە. بە ڕەفتاری مەغرووڕانەو ئاوێتە بە خەمساردی، بەرەو خۆی ڕایکێشاوە، ڕۆژێك دەست لە نێو دەست پیاسەوی دەگەڵ دەکات، ڕۆژێکی دی بە سواری، هێندە بە نزیکیدا ڕێ دەکات کە هەست بە بای هەناسەی ئەو لە سەر گۆناکانی خۆی دەکات. دۆتمیر لە هەنبەر ئەودا، هەر توانایەکی بەرەڤانی خۆی لە دەست داوە. داوای لێدەکات کە حەزی لێبکات، بەڵام روحی سەرکێش‌و یاخی ئەفسەری گەنج، مل نادات. دڵی بەم گەمەو مانۆڕە خۆشە. نێچیرە خۆشبەزەکەی خستووەتە داوەوەو لەزەت لەمە دەبینێ کە پێی ڕابوێرێت، بەڵام حەریفێکی سەر سەختی هەیە، ئەویش گروشینیتسکییە. ئیدی بویەرێکی چاوەڕوان نەکراو ڕازێکی بۆ کەشف دەکات، ئەویش ئەوەیە کە گروپێك لە نەیارانی ئەو نەخشەی کوشتنی ئەویان داڕشتووە. نەخشەکە بەمجۆرەیە کە گروشینیتسکی، لە ساتێکی هەستیاردا، کاتێ کە جووتە دڵدار لە باوەشی یەکدیدا بن، داوای دوئێلی لێبکات و یەکسەر دوو شایەدی ناسیاو دیاری دەکرێن. بە گوێرەی نەخشە پێشوەختەکە، دەمانچەیەك دەدەنە دەست پیچورین کە گوللەی تیا نەبێ‌و هەر لەوێدا حەریفەکەی کاری ئەو بکات.

پیچورین، بە ئانقەست، خۆی دەخاتە مەترسییەوەو هەڵوێستێك، گروشینیتسکی وادار دەکات کە داوای شەڕی تەن بە تەنی لێبکات، شایەدەکەی پیچورین، دکتۆر ویرنەرەو شایەدەکەی گروشینیتسکی، ئیڤان ئیگناتیوڤیچە، کە نەقیبی سوارەی سوپایە. جووتە حەریف،

له فاسیلەی شەش هەنگاوی یەکدیدا دەوەستن. ئیدی شێرو خەتیان بۆ دەکەن تا دیاری بکەن کە کامیان یەکەمجار تەقە بکات. بە گوێرەی پێشنیازو ڕێکەوتن، پیچورین، حەریفی دووەم کە دەبێ بکرێت بە نیشانە، لە سەر تاوێرێکی بەرز دەوەستێ تا ئەگەر پێکرا بۆ قولایی دۆڵەکە غل ببێتەوە. پیچورین، لە خۆبایی‌و خەمساردو بێباك لە ڕەخی هەڵدێرەکەدا دەوەستێت‌و چاوەڕوان دەکات تا حەریفەکەی تەقەی خۆی بکات. بەڵام گروشینیتسکی ئەم کارە ناکات‌و ڕازی نابێت دۆستەکەی خۆی خڵتانی خوێن بکات. ئیدی نۆرە دێتە سەر پیچورین. جا ئێستا لە زمانی لیرمانتوفەوە، بەسەرهاتەکە بژنەون:

"بۆ چەند ساتێك، ئەبڵەق‌و حەپەساو ڕوانیمە سەروچاوی ئەو تا بزانم کەمترین نیشانەی پەشیمانی پێوە دیارە یان نا. وام دێتە بەرچاو کە بزەیەك نیشتووەتە سەر لێوەکانی. پێمگوت:

– ئامۆژگاری من بۆ تۆ ئەمەیە کە پێش مردنت، داوای عەفو بۆ روحی خۆت بکەیت.

– زۆر خەمی منت نەبێ. باشتر وایە تەقەی خۆت بکەی.

– کەواتە ئامادە نیت، لەو بوختانە ژێوان ببیتەوە کە بۆ منت کردووەو تەوازیم بۆ بێنیتەوە؟ باش بیر بکەوە. گروشینیتسکی، ئایا ویژدانت شتێکت پێ ناڵێ؟

ئەفسەری سوارە دەنگی هەڵبڕی:

– ئاغای پیچورین! تۆ بۆ ئەوە بۆ ئێرە نەهاتووی کە وەعز دابدەیت‌و گوێ لە ئیعتراف بگریت! وا چاکە پێش ئەوەی کەس بێت، کۆتایی بەم گەمەیەی خۆت بێنی.

– زۆر چاکە. ئێستا کە بە خۆت سووری، منیش لاریم نییە، چ قسەیەکم نەما، جەنابی دکتۆر، بێزەحمەت وەرە لای منەوە.

دکتۆر هاتە لای منەوە، داماوە ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو. حاڵی ئەو لە گروشینیتسکی خراتر بوو. بە دەنگی بەرز وەکو ئەوەی بمەوێ فەرمانی مەرگی کەسێك بخوێنمەوە، بە کاوەخۆ گوتم:

–جەنابی دکتۆر. ئەم بەڕێزانە، لە پەلە پەلی خۆیاندا، بیریان چووە گوللەیەك بخەنە ئەم دەمانچەیەوە. بێزەحمەت تۆ تەمەشای دەمانچەکە بکەو گوللەی تێ بخە.

یارۆی نەقیب هاواری کرد:

– مەحاڵە! شتی وا نییە! من بە خۆم هەردوو دەمانچەکەم پڕ کرد. لەوەیە لەم چەند چرکەیەدا گوللەکە دەرچوو بێت! من هەڵەم نەکردووەو تۆ ئەو مافەت نییە دووبارە دەمانچەکە پڕ بکەیتەوە. ئەم کارە پێچەوانەی یاساو ئوسوڵەو من ڕێگەی شتی وا نادەم.

بە دەنگێکی جدی گوتم:

– زۆر چاکە جەنابی نەقیب. ئەگەر وایە من وتۆ، بە هەمان مەرج، شەڕی یەکدی دەکەین!

نەقیب بۆ ساتێك دۆش داما. گروشینیتسکی، خەمین‌و نیگەران، لەوێندەر وەستا بوو و سەری لەبەر خۆی نابوو. نەقیب چوو بۆ لای دکتۆر تا دەمانچەکەی لێوەربگرێت.

دەنگی گروشینیتسکی بەرز بووەوە:

وازیان لێ بێنن. دەزانی ڕاست دەکەن.

هەوڵی نەقیب، بۆ ئەوەی ڕای گروشینیتسکی بگۆڕێت بێسوود بوو. دکتۆر دەمانچەکەی پڕ کردو دایە دەست من . کاتێ نەقیب ئەم دیمەنەی بینی، لەقەیەکی بە عاردیدا کێشاو تفێکی کردە سەر زەوی.

ڕوو لە دۆستەکەی گوتی:

– برا، تۆ گەوجی! گەوجێکی عەوام! ئەگەر متمانەت بە من هەیەو خۆت بە من دەسپێریێ، دەبێ بە قسەم بکەیت. جا ئێستا کە ئامادەنیت بە گوێی من بکەیت، بڕۆ وەکو سەگ بتۆپە!

ئەوجا کەوتە ڕێ، بەدەم ڕێوە لە سەری ڕۆیی:

– دیسان دووبارەی دەکەمەوە ئەم کارە پێچەوانەی یاسایە.

گوتم:

– گروشینیتسکی: هێشتا کات ماوە. تۆ بوختانت بۆ کردووم، وەرە تەوازۆم بۆ بێنەوەو منیش دەتبەخشمو چاو پۆشی لە هەموو ئەو شتانە دەکەم کە بەرانبەر بە من کردووتە، تۆ نەتتوانی کلاوم بکەیتە سەرو من ئەمەم پێخۆشە. ئەوەت لە بیر بێ کە ئێمە جاران دۆست و برادەر بووین...

لە ناکاوا دەنگی نەعرەتەی بەرز بووەوە:

– دەی تەقە بکە! منیش هەم لە تۆ بێزارم و هەم لە خۆم! ئەگەر نەمکوژیت، شەوێك لە کۆڵانێکی تاریکدا، لە پشتەوە بە خەنجەر داتدەدوورم! وا دیارە ئەم دنیایە جێی هەردووکمانی تیا نابێتەوە.

دەمانچەکەم تەقاند.

کاتێ دووکەڵەکە بڵاوبووەوە، گروشینیتسکی لەوێ نەبوو. تەنیا تەپوتۆزێك بە قەراخ هەڵدێرەکەوە دیار بوو.

هەموو هاواریان لێهەستا. گوتم:

کۆمیدیاکە کۆتایی هات!

شانەکانم هەڵتەکاندو ئیکلامێکم بۆ شایەدەکان کردو بە ڕێی خۆدا ڕۆییشتم*." ( بڕوانە هەردوو دەقی ئینگلیزی پنگوین، ل١٦٤– ١٦٧ و دبلدی ، ل ١٦٨– ١٧١).

دۆتمیر لیگوڤشکوی داوای لە پیچورین کرد کە کچەکەی بخوازێ. هەڵبەتە ئەم پێشنیازەی ڕەفز کردو لە گۆشەیەکی ڕۆژانە یاداشتەکانی خۆیدا نووسی کە ژیانی زوگورتیاتی و بەرەڵایی و بێ ماڵی، لەم جۆرە ژیانە ڕەحەتو ئاسوودەیە پێخۆشترە. ئەو دەریاوانێکی بوێرەو دەبێ لە باوەشی پێڵو شەپۆلانی سەر شێتدا بمرێت، نەك لە سایەی ئاسوودەیی دورگەیەکی بەهەشت ئاسادا.

میخائیل لیرمانتوف، ناونیشانی دوا بەشی ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمەی کردووە بە (دیلی چارەنووس) و ئەمە دوایەمین فەسڵی یاداشتەکانی گریگۆری پیچورینە.

ئەمجارەیان ڕۆڵی شا قارەمان، بە کۆمەڵێك ئەفسەری رووسی ئاکنجی گوندێکی چەرکەسی، سپێردراوە. کاری شەوانەی ئەمانە قومارەو ئەو شەوە هەموویان لێبڕا بوون واز لە قومار و وەرەقبازی بێنن‌و دانیشتن‌و چیرۆك‌و حیکایەت بگێڕنەوە، بابەتی باس‌و گفتوگۆیەکەیان ئەوە بوو کەم موسولمانان باوەڕیان بەمەیە کە دەفتەری چارەنووسی هەر مرۆڤێك لە ئاسمانەوە قەڵەمی لێدراوەو مرۆڤ دەبێ وەکو بووکەڵەی بووکەڵەبازی، دیل‌و ئەسیری دەستی چارەنووسسان، دەبێ هەمان ئەو کارە بکات کە لە چارەی نووسراوەو بۆی بڕاوەتەوە، دەبێ بە هەمان ڕێگادا بڕوات کە لە ئەزەڵەوە بۆی دیاریکراوە. لەم مەجلیس‌و کۆڕە گەرم‌و گوڕەدا، هەر کەسە لای خۆیەوە قسەیەکی دەکردو چیرۆکێکی دەگێڕایەوە. ئەو کەسانەی کە لە کۆڕەکەدا ئامادە بوون، دژی ئەم بۆچوونە بوون کە ئختیار و جڵەوی ژیانی هەر مرۆڤێك لە دەستی خۆیدا نییەو بە بەڵگەو نموونەوە دەیانگوت بەشەر لە کاروکرداری خۆیدا ئازادە، بەڵام لە مەجلیسەکەدا ئەفسەرێکی خەڵکی سربستان هەبوو بە نێوی ملازم ڤولیچ کە لایەنگری جەبرو نەیاری ئختیار بوو و ئامادە بوو گرەو لەسەر سەلماندنی قسەکانی خۆی بکات. پیچورین کە بیست سکەی زێڕی لە گیرفاندا بوو، لە ئەرزەکە دانا، بەوپەڕی ڕاشکاوی گوتی: " بەشەر لە بڕیاری خۆیدا ئازادەو ئەمەی کە کەسێکی دی فەرمانی پێدەکات، قسەیەکی نابەجێ‌و بێ مانایە. ملازم ڤولیچ گرەوەکەی قەبووڵ کردو بە بەرچاوی ئەوانی دیکەوە، چوو بۆ ژووری چەکەکان‌و دەمانچەیەکی حازرو لەسەر پێی هەڵگرت، ئەوجا لوولەکەی نایە سەر تەوێڵی خۆی‌و بە پیچورینی گوت کە وەرەقێك لە وەرەقەکانی قومارەکە هەڵگرێت‌و هەڵیداتە حەوا. ئەم وەرەقەیە ئاسی کووپە بوو. هەرکە وەرەقەکە کەوتەوە سەر مێزەکە، ملازم میلی دەمانچەکەی هێنایەوە. دەنگێکی سووك بەرز بووەوەو گوللەکە کوێرەکی کرد. هەر هەموو خۆشحاڵ بوون بەوەی کە دەمانچەکە فیشەکی لەبەر نەبوو، بەڵام ڤولیچ بۆچوونێکی دیکەی هەبوو . دەیگوت دەمانچەکە پڕە، بەڵام چارەنووسی من لەم ساتەدا مردن نەبوو– و پاشان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی، لوولەی دەمانچەکەی کردە دیوارەکەو نیشانەی لە کاسکێتی یەکێك لە ئەفسەرەکان گرتەوە. دەم‌و دەست دەنگێکی سامناك بەرز بووەوەو کڵاوەکە چوو بە ئاسماندا، هەموو بەواقی وڕەوە وەستا بوون‌و هایم‌و حەپەساو تەمەشای ئەویان دەکرد. پیچورین پێی گوت: "من بەو شێوەیەی کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە باوەڕم بە چارەنووس نییە، بەڵام پێموایە تۆ زۆر لە گۆڕەوە دوور نیت." ملازم ڤولیچ سکەکانی لە بەرکی ناو چوو بۆ ناو گوند. هێشتا شەو تەواو نەبوو بوو کە هەواڵیان هێنا، قۆزاقێکی مەستی چەرکەسی بە زەربی شمشێر کوشتویەتی.

پیچورین، دەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا، مامورە کابرای بکوژ کە لە کوختەیەکدا خۆی شاردووەتەوە، دەستگیر بکەن. یارۆی قۆزاق چەکدارەو نزیکبوونەوە لێی گیانبازیە. ئەم بیرە بە مێشکی پیچوریندا دێت کە زەمانی مەرگی ئەو هێشتا نەهاتووەو بۆیە ئەگەر ریسکش بکات، هیچ زیانێکی پێناگات. بەم خەیاڵ پلاوەوە، شێت ئاسا، لە پەنجەرەکەوە خۆی بە ژووردا دەکات‌و بەدەم شەڕێکی سەخت‌و کوشندەوە یارۆی بکوژ دەستگیر دەکات. کاتێ ئەم واریقاتە سەیرە بۆ ماکسیم ماکسیمیچ دەگێڕێتەوە، ئەفسەری پیر، بە خوێنساردی دەڵێت: "ئەم دەمانچە

قەڵبانە دەبێ بزانی چۆن بەکاری بەریت. ئەگەر بە ئەسپایی دەست بە پەلەپیتکەکەیەوە بنەی ناتەقێت، بەڵام ئەگەر توندی پل پێوە بنەیت، دەتەقێ.... ئەو پیاوە... دەبوایە ئەوەندەی ئەقڵ هەبوایە کە بەو ئاخرو ئۆخری شەوە، سەر نەکاتە سەر قۆزاقێکی بەدمەست، دەنا دەکوژرێت..."

پیچورین دەنووسێت: " ئەوەی من نەمتوانی لەو تێبگەم ئەمە بوو. ئەو باوەڕی بە باسی میتافیزیکی نەبوو!"

***

قارەمانی سەردەمی ئێمە، نووسینی میخائیل لیرمانتوف، بەرهەمێکە کە لە ماوەی پتر لە سەدو چل ساڵی ڕابردوودا، جارەهای جار باسکراوەو خراوەتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە.

گەورە ڕەخنەگرانی جیهان، لە ریزی بەرهەمە کلاسیکیەکانیان داناوەو قەناعەتیان وایە ئەم ڕۆمانە خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی چیرۆکنووسی رووسیادا، لە هەر زمان‌و میللەتێکدا، ئەگەر لیستێك بە بەرهەمێن بایەخداری گێتی ئامادە بکرێت، بێگومان (قارەمانی سەردەمی ئێمە)ی لیرمانتوفش دەچێتە ڕیزی ئەو لیستەوە

بایەخی ئەم ڕۆمانە لە چیدایە.

یەکەم دەبێ لەو شا قارەمانە وردببینەوە کە زادەی خەیاڵ‌و زەوقی چیرۆکنووسە. گریگۆری پیچورین، شا قارەمانی چیرۆکەکە، بە گوتەی نووسەر: "تێکەڵەیەکە لە شەڕاڕەتەکانی هەموو نەوەکانی رووسیای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە."و بە نۆڕین‌و باوەڕی وی ئەم مرۆڤە کەچڕەوو خەتاکارە، نموونەیەکە وەکو یەڤگینی ئونیگینی، خەڵقەندە جوانەکەی ئەلکساندەر پوشکین، کە لە نێو خەڵکی دەرەجە یەك‌و نموونەیی رووسیای، سالآنی هەوەڵی سەدەی نۆزدەمەوە، هەڵبژێردراوە. لێ قەناعەت‌و باوەڕی ئەدەبناسان شتێکی دیکەیە: گومانیان لەمە نییە کە پیچورین، یەکێکە لەو کاراکتەرە هەرە جوانانەی کە تا هەنووکە لە دنیای چیرۆکنووسی رووسیادا خوڵقێنراوە بەڵام دەگەڵ چیرۆکنووسدا هاورەئی نین کە گوایە ئەم کاراکتەرە بابایەکی رووسی ئەسڵزادەیەو لەو گەنجە خۆسەرو خۆپەرستانەیە کە لە مۆسکۆو سان پترۆسبۆرگ ژیاوە.

فلادیمیر نابوکوف (١٨٩٩– ١٩٧٧)، چیرۆکنووسی هاوچەرخی ئەمریکایی رووسی نەژاد، لە دیباجەی ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمەدا کە هەر خۆی لە رووسییەوە کردوویەتی بە ئینگلیزی، دەڵێت:

ئێمە نابێت، بە پێچەوانەی زۆربەی شرۆڤەکارانی رووسییەوە، بۆچوونەکانی لیرمانتوف لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا بەجدی وەربگرین (کە لە جێی خۆیدا، بە تێپەڕبوونی زەمان، بووەتە بایسی خۆشباوەڕی خەڵکی،) پیچورین‌و وێنەگرتنی پیچورین لەم چیرۆکەدا، ناکاتە تێکڕای شەڕاڕەتەکانی وەچەو نەسلی ئەو. ئەم پیاوە، ئەم شاقارەمانە کە نێوی پیچورینە، قارەمانێکی وەڕەزو بێزارە، کۆمەڵێك هەستی هەڤدژی هەیە، بەرەنجامی چەند وەچەیەکە نەك یەك وەچەو، هەموو ئەوانەش رووسی نین، ئەم پیاوە میراتگری چەند قارەمانێکی ئەفسانەییە کە لەلایەن چەند نووسەرێکی کارامەوە هێنراونەتە ئاراوە، کە سان پیرۆی ئاشقی ژۆلی دترانژ، لە چیرۆکی

هلویزی تازەی نووسینی جان جاك رۆسۆ، لە پێش هەموویانەوە دێ. هەروەها سوودی لە ڤارتەری ئاشقی شارلوتی چیرۆكی ئازارەكانی ڤارتەری گەنج*، نووسینی گوتە وەرگرتووە. (سەبارەت بە چیرۆكی ئازارەكانی ڤارتەر بڕوانە بەرگی یەكەمی كتێبی سیری در بزرگترین كتابهای جهان ).

رینیەی قارەمانی ڕۆمانی شاتوبریان، ئادولفی كاراكتەری چیرۆكی كونستانو قارەمانە جوانەكانی لورد بایرون لە بەیتێن كافرو كەشتی دزانی دەریایی هەر هەموویان مۆدێل بوون بۆ خوڵقاندنی گریگۆری پیچورین. لە هەموو ئەمانە گرینگتر، یەڤگینی ئونیگینی، مرۆڤە جوانەكەی پوشكینە كە نزیكەی دە دانە ساڵ بەر لە پیچورین، هاتووەتە ئاراوەو لە دایك بووە*. ( بڕوانە لاپەڕە شازدەیەمی پێشەكیەكەی ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمە، پاچڤەی ناباكوف.)

ناباكوف، وەكو ڕەخنەگرێك، هەندێ ئیرادو گلەیی لە نێوەڕۆكی چیرۆكەكە هەیە. بە نۆڕینی ئەو (تامان) كە سێیەمین بەشی رۆمانەكەیەو بە بۆچوونی تێكڕای ڕەخنەوانانی رووسی شاكارێكی بێ چەندو چوونە، لاوازترین بەشی ڕۆمانەكەیە. سەبارەت بە چیرۆكی دۆتمیر ماری، بۆچوونی وایە كە پیچورین، خودی لیرمانتوڤ نووسەری چیرۆكەكەیەو گروشینیتسكی لە قاڵبی پیچورین دا دەور دەبینێ. بە دیدی ئەو، شازادە خانمی جوان، ڕۆڵێكی زۆر گرینگ ناگێڕێتو لە نیوەی چیرۆكەكەدا لە بیری خوێنەر دەچێتەوە. سەبارەت بە (ڤیرا) و (بەلاّ)ش هەمان راو بۆچوونی هەیە. بە هەرحاڵ لە خۆی و لە خوێنەر دەپرسێت كە بۆچی ئەم چیرۆكەیان خۆشدەوێو لە ڕیزی بەرهەمە گەورە ئەدەبیەكانی ڕووسیای دادەنەن. سەبارەت بە وەلاّمی ئەم پرسیارە دەڵێت:

بەمجۆرە، ئەو پرسیارەی كە بەرۆكان دەگرێت ئەمەیە كە جازیبەی جاویدانی ئەم ڕۆمانە لە چیدایە؟ بۆچی بە جۆرێ ڕاتدەكێشێت كە دەبێ دووبارەو چەند بارە بیخوێنیتەوە؟ بێگومان بە هۆی شێوازی نووسینەكەیەوە نییە. هەرچەندە مامۆستایانی ئەدەبیاتی رووسی ئەوە بە تەواوكەری پەخشانی ئەم زمانە دەزانن، دیارە ئەمە خەیاڵێكی كۆمیدیە كە بە گوێرەی بۆچوونی كەسێكی بەزەین، چیخۆف ئەم قسەیەی كردووە. ئەم ستایشانە كاتێ دێنە ئاراوە كە خەڵكی جیاوازی نێوان هونەری ئەدەبیو بەهای ئەخلاقی نەكەنو ئەم دوانە تێكەڵ بكەنو یان ڕەخنەگرێكی ئیستاتیكی، ستایلی ناڕەوانو هەندێجار سواوی ئەو لە پەخشانی دەوڵەمەندو رازەوە بە هونەرە رەوانبێژییەكان جیا نەكاتەوەو بڵێت كە پەخشانی لیرمانتوف یەجگار پاك و خالیسەو سادەیە. بەلاّم هونەری ڕەسەن كاری بە پاكی و سادەییەوە نییە. ئەوەندە بەسە كە پسپۆڕو شارەزایەك تەمەشایەكی ستایلی ئەفسووناوی تۆلستۆی و وەستایی ئەو لە فەساحەتی زماندا بكات (كە هەندێ كەس باوەڕیان وایە میراتگری لیرمانتوفە)و هەنگێ بزانێت كە پەخشانی لیرمانتوف تا چ ئەندازەیەكی زەق لە پەخشانی تولستۆی جیاوازە.

بەلاّم ئەگەر ئێمە وەكو چیرۆكنووسێك تەمەشای لیرمانتوف بكەینو ئەوە ڕەچاو بكەین كە كاتێ ئەو دەستی دایە قەڵەم هێشتا پەخشانو زمانی رووسی لە قۆناغی نۆلاوی خۆیدا بوو ئەویش لە تاڤ لاویدا بوو، كاتێ پەی بە حەقیقەتی توانای نائاسایی چیرۆكەكەو خۆش ئاهەنگی

نێوەڕۆکی بەشەکانی چیرۆکەکە، نەك ڕستەکانی، دەبەین، ئەوسا دووچاری سەرسامی دەبین*.
(بڕوانە: لە ١٨- ١٩ی پێشەکی ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمە. نووسینی فلادیمیر نابوکوف ی خاوەنی چیرۆکی بەنێوبانگی لولیتا.)

نابوکوف، ئاماژە بۆ دوو خاڵی دیکە دەکات کە کاریگەری خۆیان بەسەر خوێنەرەوە هەیە: یەکێکیان ئەو قۆناغو سەردەمەیە کە ئەم بویەرو ڕووداوانەی تیادا ڕوو دەدەن کە سەردەمی پاشایەتیو سەڵتەنەتی ستەمکارانەی نیکولای یەکەمەو دووەمیان: ڕووداوەکانی چیرۆکەکە زۆر لەو واریقاتو بەسەرهاتانەوە نزیکە کە بەسەر خودی نووسەردا هاتوون کە خودی نووسەریش لە هەوەڵی ژیاندا، لە هەمان ویلایەتی داغستانو لە بناری چیاکانی قەفقازدا وەکو یەکێك لەو کاراکتەرانەی کە خۆی خوڵقاندوونی، لە شەڕێکی تەن بە تەندا، بە زەبری گوللەیەکی کوشندە، دەکوژرێت و ماڵاوایی لە ژیانی دەکات.

میر میرسکی، نووسەری کتێبی مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسیا لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە، دەربارەی ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمە، بۆچوونێکی دیکەی هەیەو باوەڕی وایە ئەم ڕۆمانە دەبێ لەلایەن ئەدەبناسانی ڕووسیاوە بێتە هەڵسەنگاندن نەك لەلایەن بیانیانێکەوە کە لە ڕێگەی زمانێکی دیکەوە ئاشنای ئەم چیرۆکە دەبن، چونکە پاچڤەی زمانی لیرمانتوف، هەر چەندە زۆر بەوردی و وەستایش کرابێت، هێشتاش وەکو شیعرەکانی پوشکین، جوانیو ڕەسەنایەتی خۆ لە دەست دەدات. لەو بارەیەوە دەڵێت:

قارەمانی سەردەمی ئێمە سەرکەوتنێکی خێرای بەدەست هێناو چاپی دووەمی بە دیباجەکەی چیرۆکنووسەوە، کە لەو دیباجەیەدا لیرمانتوف، بۆچوونی زۆربەی خوێنەران دەربارەی ئەمەی کە گوایە پیچورین وێنەیەکی ڕاستەقینەی خودی ئەوە، ڕەتدەکاتەوە، بڵاوکرایەوەو ئەم کاتە تەنیا چەند مانگێك بەر لە مەرگی لە ناکاوی نووسەر بوو. ئەم بەرهەمە، یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە ڕووسیان و بیانیان بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی هەیە. ڕەخنەگرانی ڕووس، ڕاوبۆچوونی زۆر باشیان دەربارەی هەیەو بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕۆمانە تەنانەت لە بەرهەمە شیعریەکانیشی بە بەرزتر دەزانن. لە دەرێی ڕووسیادا، دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ڕۆژئاواییەکان وەکو چۆن نەیانتوانی پەی بە بایەخی کارەکانی ئەلکساندەر پوشکین بەرن بەو ئاوایەش نەیانتوانی ڕەمزو ڕازی چیرۆکەکەی لیرمانتوف هەڵێنن. لیرمانتوف، لە ڕادەبەدەر ئەوروپاییە، لە ئەندازە بەدەر مرۆڤانیە، لە ڕادەبەدەر نا ڕووسیەو، بۆیە نەیتوانیوە، زەوقو سەلیقەی کۆمەڵگە لاتینی و ئەنگلوساکسونیەکان، بە قەڵەمەکەی خۆی بجوڵێنێ. لەلایەکی دیکەوە، پەخشانی سفتو ڕێبازی سەلبی ئەو لە نیشاندانی چیرۆکەکەدا، بووەتە مایەی خۆشحاڵی خەڵکی ڕووسیا. ئەو کەسانەی کە پەی بە ڕەمزو ڕازە دڵگیرو پەنامەکیەکانی زمانی ئەو دەبەن، دەزانن ئەو چ پرسو مەسەلەیەکی لە قاڵبی وشەدا داڕشتووەو چی لابردووە . پەخشانی لیرمانتوف باشترین پەخشانێکە کە تا ئەمڕۆ لە زمانی ڕووسیدا نووسراوە، هەڵبەتە ئەگەر بە پێوەری کەماڵ هەڵی بسەنگێنین نەك بە پێوەری دەوڵەمەندی زمانەکەی. ڕوونو شەفافەو پڕ بە پڕی دەربڕینی ناوەڕۆکەکەیەتی. لە ڕووی ئازادی تەواو

ونەبوونی هیچ جۆرە قەیدو بەندێکەوە، لە شیعرو نووسینەکانی پوشکین جیاوازە. ( بڕوانە: مێژووی ئەدەبیاتی رووسیا، ل ١٦٣).

هنری گیفورد مامۆستای ئەدەبیاتی مۆدێرن لە زانستگەی بریستوڤل و نووسەری کتێبی چیرۆك لە رووسیا، لە پوشکینەوە تا پاسترناك، لە شیکردنەوەیەکی تێرو تەسەلدا دەربارەی قارەمانی سەردەمی ئێمە، نووسینی لیرمانتوف، دەڵێت:

لیرمانتوف، نووسەرێکە وەکو پوشکین، بە هەمان زاڵی بەسەر هەستدا، بە هەمان ئاسانی دەربڕین‌و شەرح‌و شرۆڤە، بەم جیاوازیەوە کە هەماهەنگی لە ڕستەکانی ئەودا زیاترە. ئەم چیرۆکنووسە، بە رەسەنایەتیەکی کەم وێنەوە دوو ڕێباز دەگرێتە بەر: لەلایەکەوە وەکو پوشکین، زمانێك بەکار دەبات کە پڕ بە پێستی هەر یەکێك لە کاراکتەرەکانیەتی (بۆ نموونە کاتیَ کە ماکسیم ماکسیمیچ لە دەوری ئەفسەرێکی ناڤساڵی ڕووسیدا نیشاندەدات، یا کوڕیژگە کوێرەکە بە شێوە زارێکی ئۆکرانی نا مەفهووم دەدویَ، یا لەو شوێنەدا کە گروشینیتسکی وەکو خەتیبێك دەکەوێتە قسان) لەلایەکی دیکەوە بە هەمان کارامەیی‌و دوور لە هەر تەکەلوفێك دەکەوێتە وەسفی دیمەنەکان یا شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی بویەرو ڕووداوەکان، بۆیە کاتیَ کە خوێنەری وردبین چیرۆکی قۆزاقەکانی تولستۆی دەخوێنێتەوە یا تواناو زەبەردەستی نووسەر لە چیرۆکی دار شکێندا دەبینیَ، دان بەوەدا دەنێت کە کاریگەریی لیرمانتوف لە هەموو شوێنێکدا زەق دیارە، بەڵام لیرمانتوف لای خوێنەری غەیرەز رووسی ناگاتە ئەو پایەیە کە بگوتریَ پێشڕەو و مامۆستای نووسەرێکی پایە بەرزو قەدرگرانی وەکو تۆلستۆی بووە، بەڵکو بەلای ئەوەوە لیرمانتوف چیرۆکنووسێکە بە هەست‌و هەستیار، بیناو پارێزوانی سەربازێکی سادەیە کە لە جەبهەدا دەخەبتیَ.

بەهەرحاڵ، بمانەویَ‌و نەمانەویَ میخائیل لیرمانتوف، بەهرەیەکی ڕەسەنە لە ئەدەبیاتی رووسیدا. نووسەرێکە خۆڕسك، لێهاتوانە بیرو هزرەکانی خۆی لە قاڵبی وشەو پەیڤاندا دادەرێژیَ‌و هەوڵدەدات مەوداو ڕەهەندە فراوانەکانی حەقیقەت ئەندازە بگرێت*. ( بڕوانە: چیرۆك لە رووسیا، لە پوشکینەوە تا باسترناك، ل٣٩).

یەکێك لەو ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییانەی کە هەوڵی داوە ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمە، نووسینی لیرمانتوف، بیَ لایەنانە بخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوەو دەگەڵ بەرهەمێن بایەخداری گێتیدا، بیخاتە تەرازووی بەراوردو هەڵسەنگاندنەوە دکتۆر ریچارد فریمەنی، مامۆستای ئەدەبیاتی رووسی زانستگەی لەندەن‌و دانەری کتێبی بەنێوبانگی گەشەکردنی چیرۆك لە رووسیایە کە بەدەم شیکردنەوەی بەشەکانی رۆمانەکەوە، لە کۆتایی نامەکەی خۆیدا دەڵێت:

لە هەموو ئەمانە بترازێت، قارەمانی سەردەمی ئێمە، خەیاڵی هەڵەی قارەمانبازی‌و قارەمان پەرستی ئاشکرا دەکات‌و داوا لە خوێنەر دەکات کە بە بۆچوونەکانی خۆیدا، دەربارەی کارێن قارەمانی، بچێتەوە، وەکو تابلۆیەکی چیرۆکڤانی کە کەسێك سەربهووردی خۆی دەگێڕێتەوەو کۆمەڵێك ڕووداو دێنێتە ئاراوە، ئەم بەرهەمە کۆمەڵێك وێنەی لاوەکی لە خۆگرتووە کە هەر

هەموویان سەر بە هەمان قۆناغ و هەمان زەمانەن، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی نموونەێن لەو بابەتە، بە هیچ کلۆجیێ، ئەو کاریگەرییە سەیرەی کە ئەم چیرۆکە لە زەینی خوێنەردا دروستی دەکات، ناسڕێتەوە . ئەم بەرهەمە یەکەیەکی یەکپارچەیە کە دەبێ وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو بێتە هەڵسەنگاندن و داوەری دەربارە بکرێت.

ڤیساریون بیلینسکی، ڕەخنەگری بە نێوبانگی ڕووس، دەربارەی چیرۆکی قارەمانی سەردەمی ئێمە، قسەی بنجبڕی خۆی دەکات و دەڵێت:

"تۆ تەمەشای ڕووەکێك بکە کە گوڵ دەکات، ئەم گیایەو ئەم گوڵە بەشێکە لە سروشت، بەڵام لە هەموو دیاردەو دیمەنەکانی دیکەی سروشت جیاوازە، تەنانەت لە نێو هەزاران جۆرە گوڵدا، ئەم گوڵ و گەڵاو ساقەتەیە، تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە وانی دی جیاوازە، لق و پۆپ و گەڵای ئەم گوڵە، هێندە وەستایانەو بە حیساب و کیتاب هاتووەتە ئاراوە کە هەر بینەرێکی بە سەلیقە سەرسام دەکات. گەڵاکانی هێندە جوان و ناسك و خەملیو دروستکراوە، لە تۆ وایە نیگارکێشێکی زەبەر دەستی کارامە نەخشاندوویەتی، کە تەمەشای گوڵەکەی دەکەیت، یەجگار جوان و بەشکۆیەو هەر گەڵایەکی بە ڕەنگ و بۆیەك و بە جوانیەك هۆشی ئینسان دەبات. بەڵام چیرۆکی دڵڕفێنی و جوانی گوڵەکە لێرەدا تەواو نابێت: ئەوەی ئێمە دەیبینین ڕواڵەتی گوڵەکەیەو لە ڕاستیدا جیلوەو ڕەنگدانەوەیەکی ناوەوەیە. ئەم ڕەنگە ئەفسووناوی و بۆن و بەرامە دڵگیرە لە ناو ساقەتەو ڕەگ و ریشەکەوە هاتوونەتە دەرێ، کەواتە لە ناخ و دەروونی ئەم ساقەتەو ریشەیەدا جیهانێك هەیە، دنیایەك هەیە کە ئێمە لێی بێئاگاین، تاقیگەیەك هەیە کە ئەم ڕەنگ و بۆیانە بەرهەمدێنێ و بە موولوولە ناسکەکاندا بۆ شوێنەکانی دیکەی ڕووکەکەی دەنێرێت. خۆشاوی ژیان بە بەینی ئەو موولوولانەدا دەڕوات و دەگاتە سەرانسەری بەدەنی ڕووەکەکە. پێم بڵێن سەرەتای ئەم گیانبەخشی و ژیانبەخشیە لە کوێیە؟ لە خودی خۆیدا نییە؟ لە خۆیدا تەنانەت پێش ئەوەی ڕووەکێك لە ئارادا بێ؟ گوڵێك ڕوا بێ؟ ئەم هەموو شکۆو جوانیە تەنیا لەو تۆوە بچووکەدایە کە ئێمە هیچ حیسابێکی بۆ ناکەین.

ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمەش، پابەندی هەمان یاسایە. تێکڕا دیاردەیەکی جوان و ناسکە. تۆوێکە چەکەرەی کردووە، ساقەتەی پەیدا کردووە، گەڵای دەرکردووەو گوڵی کردووەو بۆ خۆی قەبارەیەکی تەواوی وەرگرتووە. ئەم یەکەو قەبارەیە گەییوەتە ئاستێك کە دەبوایە یەکەمین چیرۆکی زمان و ئەدەبیاتی ڕووسی پێبگات. لەمانەش بترازێ، بەرهەمێکە سەرکەوتوو، لە ڕێگای سێ کەسەوە دنیایەك لە ئەزموونی بەشەریمان پێشکەش دەکات، کە گرینگترین کاراکتەریان پیچورینەو ئەمانە نەك هەر باسی حەقیقەتی ژیانیان کردووە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەست و یادەوەری و خەون و خەیاڵیشیان پێ نیشانداوین– هەمان ئەو خەون و خەیاڵانەی کە هۆش و خودئاگایی ئازار دەدەن.

پەیوەندی نێوان شا قارەمانی چیرۆکەکەو کاراکتەرەکانی دیکە، نێوان نووسەری ئاوارەو ماکسیم ماکسیمیچ، نێوان ماکسیم ماکسیمیچ و چیرۆکەکەی، دیارە لەو جۆرە چیرۆکانە ئاڵۆزترە کە یەك کەس لە هەوەڵەوە تا کۆتایی دەیگێڕێتەوە، ئەمەی کە هەر یەکێك لەم کاراکتەرانەی

ڕۆمانی قارەمانی سەردەمی ئێمە، چیرۆکێك دەگێڕنەوەو چیرۆکنووس هەر یەکەی ڕۆڵێکی داونەتێ، تا لە ڕوانگەی خۆوە بڕواننە جیهان، کردویەتیە کارێك کە شەقڵێکی واقیعی ژیانی بەشەری بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ببەخشێت و لە ڕووی ماناو شێوەو زمانەوە دەوڵەمەندییەکی نا ئاسایی پێ ببەخشێتو لە چیرۆکێن هاوشێوەی خۆی، بالآتر بێ*. ( بڕوانە پەرەسەندنی چیرۆك لە رووسیا، دکتۆر ریچارد فریمن، لە ٧٢– ٧٣).

فلادیمیر ڤیکتوریوفیچ ژیدانوف، ڕەخنەگری بە ناوبانگی ڕووسیو نووسەری کتێبی میخائیل یورییوفیچ لیرمانتوف، لە ئینسایکلوپیدیای بریتانیکادا، بەمجۆرە پایەی ئەم شاعیرو چیرۆکنووسەی سەدەی نۆزدەیەمی رووسیا، هەڵدەسەنگێنێو دیاری دەکات:

لیرمانتوف، کە کۆچی دوایی کرد تەمەنی تەنیا بیستو حەوت ساڵ بوو، کەچی بەو تەمەنە کەمەشەوە، پایەی خۆی وەکو شاعیرێکی هوشیار ودیار، وەکو نووسەرێك، وەکو شانۆنامەنووسێك وەکو جێگری پوشکینو وەکو شرۆڤەکارێکی باشترین یاساو رێسای ئەدەبیاتی رووس پاراستووە. شیعرە لیریکیەکانی دەورانی گەنجیەتی ئەو پڕن لە مەبەست و ئامانجێن پڕجۆشی ئازادیخوازیو لێوڕێژن لە هاوارو گازی خەباتگێڕی: رەنگدانەوەی بە ئازاری ئەمە کە چۆن توانای خۆت لە ژیاندا بەکار ببەیتو واقیعیەت بە خەونە قارمانیەکانت ببەخشیت. زۆر لە بویەرو وەزعە سیاسیەکانی سەردەمی خۆی بێزار بووە، یاخی بوونو ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٣٠ی وەرزێران ئەو قەناعەتەی لا دروستکردبوو کە "تەختو تاجی تزاران دەکەون" دەنگو باسی شۆڕشی ئەوروپای رۆژئاوا، زۆر کاری تێکرد (سروودەکانی شۆڕشی تەمووزی ١٨٣٠ لە فەرەنساو کەوتنی شارلی دەیەم نموونەی ئەم کاریگەرییەن) و تیمەی شۆڕشی فەرەنسا لە شیعرەکانی دواتری ئەودا، وەکو ساشکا، ڕەنگی داوەتەوە.

توانای داهێنەرانەی لیرمانتوف زیاتر لە دەیەی ساڵی ١٨٣٠ەوە تا ساڵی ١٨٤٠ دەرکەوتو هەڵقولآوی واقیعە مێژووییەکەی ئەو سەروبەندە بوو. هەرچەندە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە دابو نەریتی قارەمانیەتی مێژووی رووسیا، شیعرو هۆزانی ئاشقانەی سەردەمی پوشکین و کاریگەریی شیعرەکانی بایرون کە خودی پوشکینش لە کاریگەرییان بەدەر نەبوو، هەر هەموو ئەمانە بوونە بایسی گەشەو نەشەی زەوقو سەلیقەو بەهرەی ئەو. لاساییکردنەوەی شێوەی بایرونیزم تا ڕادەیەکی زۆر زەوقو سەلیقەی ئەوی خەملآندو کردیە کارێك کە بە شێوەیەکی باشتر گوزارشت لە کەڵکەڵە ئایدیالیەکانی خۆی بکاتو دەرفەتی دەربڕینی ئایدیای ئازادیی تاکی، کە نێوەڕۆکی سەرەکی بەرهەمەکانی ئەوە، بۆ خۆشکرد.

لە هەمان کاتدا رۆمانتیزمی لیرمانتوف، بیرو هزرینی ریالیستی جیهانیشی لە خۆگرتووەو ئەم بابەتە زیاتر لەو شیعرانەیدا بەدی دەکرێت کە لە بابەتە مێژوویی یان واقیعییەکانەوە هەڵێنجراون. لیرمانتوف بەرە بەرە لە شێوازی رۆمانتیك و بابەتێن ئاشقانە، کە لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا زاڵ بوون، دوور کەوتەوەو خۆی گوتەنی لە قسەی قەبەو قەڵەوو درۆینەو زمانی هاتوهاوار دوور کەوتەوە. لە بەرهەمەکانی دواتریدا، کە لە ڕووی دەوڵەمەندی شێوازو ژانرەوە، مایەی سەرنجن، زیاتر بەلای حەقیقەتدا بایدایەوەو ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند کە

بەلای پرسە نازەینییەکاندا بابداتەوەو توانای ئەوەی پێبەخشی کە فەزاو هاماجێکی تازەی کۆمەڵایەتی بخوڵقێنێ، تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ببێت و کاراکتەرانێ بخوڵقێنێ کە سەر بە جەماوەری خەڵکی بن. بابەتی فەلسەفی، بابەتی شاریی، پرسێن زهنی و فیکری، سۆزو گودازی شەخسی هەر هەموو ئەمانە لە شیعری لیرمانتوفدا پێکەوە چنراون.

لیرمانتوف تۆن و شێوازێکی ئاسنینی بە شیعری رووسی بەخشی کە ئەم شیعرانە لە رووی روحی قارەمانی و چۆنیەتی دەربڕینی هوشیارانەوە مایەی سەرنجن، گیانی ئایندەخوازی ئەو کردیە کارێك کە پێویستیە روحیە خێراکانی کۆمەڵگەی رووسیا باشتر هەست پێ بکرێت و ڕاپەرینێك لە پێناوی ئەمەدا بەرپا ببێت. داهێنانی ئەو بووە مایەی سەرهەڵدانی سەردەمێکی زێڕینی تازە لە ئەدەبیاتی رووسیدا*. ( دەربارەی سەردەمی زێڕینی شیعر لە رووسیا، بڕوانە کتێبی سیری در بزرگترین کتاب های جهان، وتاری پوشکین.)و دەتوانرێت کاریگەری ئەو بەسەر نووسینەکانی ئیڤان تورگینیف، لیوتولستوی، فیودور دوستویفسکی، نیکولای نیکراسوف و هەروەها بەسەر شیعرەکانی ئەلکساندەر بلوك و ڤلادیمیر مایکوفسکییەوە ببینرێت.

کەلەپووری میراتی لیرمانتوف، کاریگەری جۆراو جۆری بەسەر بەرهەمی هونەرمەندان و داهێنەرانی رووسی وەکو نیگارکێشان،ئاهەنگسازان، ئاوازدانەران،سازڤانان، شانۆنامەنووسان و فیلمسازانەوە بە جێهێشتووە. گۆرانییە شانۆییەکانی ئەو رۆڵی گرینگیان لە گەشانەوەی هونەری شانۆدا دیتووەو سەربهووردو بەسەرهاتی ئەو بووە بە هەوێن و ئامیانی زۆر چیرۆك، شیعر، شانۆنامەو فیلمان* (بڕوانە بریتانیکا، ماکروپیدیا، بەرگی دەیەم، ل ٨٣٢).

قووڵ بوونەوە لە بەرهەمە شیعری و پەخشانیەکانی لیرمانتوف ئەوە دەر دەخات کە ئەو پیاوە بە دوو دڵی و بە چاوی گومان و نا ئومێدییەوە روانیویەتیە دنیا. پارچە شیعری "جامی ژیان" کە شیعرێکی زۆر بە نێوبانگەو سێ ساڵ بەر لە مردنەکەی وتراوە، بەمجۆرە دەست پێدەکات:

بادەی عومر لە فەزایەکی تاریکدا
هەڵدەدەین
بە چاوانی نوقاوەوە
لێوی زێڕینی جام بە ئەشك و ئاهی
خۆ دەلەوتێنین
لە کاتی مەرگا
کاتێ پەردە بە سەر چاوماندا دەدرێ
ئەوسا تێدەگەین کە
ئەم ئاهەنگ و خۆشیانە سەرانسەر
درۆ بووە.
ئەو کاتە تێدەگەین کە
ئەم جامە بەتاڵ بووە
خەونێك بووە کە بۆ

جورعەی خەیاڵ گەڕاوە،

و هیچ بنج و بناوانێکی ڕاستی نەبووە*. ( *- دکتۆر رعدی اذرخشي ئەم شیعرەی بە شیعرو بە شێوەیەکی زۆر جوان پاچڤە کردووە.)

ئەم ڕەشبینیو نائومێدیە زادەی چیە؟ بۆ دەبێ گەنجێکی ئەشرافزادەی وەکو میخائیل لیرمانتوف دەبێ لە ژیان وەڕزو بێزار بێت؟ هەڵبەتە وەڵامی ئەم پرسیارە، ئەمەیە کە ئەویش، وەکو تێکڕای هزرڤانانی سەدەی نۆزدەی ڕووسیا، لە خەمی بێنەوایی میللەتدا بووە. سروودو نووسینەکانی ئەو هاوارو گازی بوون بۆ ئازادی ئینسان، هەرچەندە دەیزانی کە هاوارەکەی لە ئەوکیدا دەتاسێنن، بەڵام لە ناخی دڵیەوەو بە دەنگی بەرز هاوار دەکاتو، ئەمەش یەکێکە لە ڕازەکانی بڵاوبوونەوەو دەنگدانەوەی بەرهەمەکانی ئەو لە جیهاندا، بە تایبەتی لە دنیای ڕۆژاوادا.

ڤیکتۆر، سادون پریچت، چیرۆکنووسو ڕەخنەگری مودێرینی ئینگلیزی، لە کتێبی (چیرۆکی زندوو)دا لە بەشێکدا بە ناوی ڕۆژی ڕووسیا، بەمجۆرە ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکات:

ئەمە چ نهێنییەکە کە ئێمە شەیدای چیرۆکی سەدەی نۆزدەی ڕووسیاین؟ ئایا فەرهەنگو کەلتووری ئەشرافی ئەوانە کە بەو شێوەیە لەبەر چاومانو لەسەر دەستی چەند پیشەنگێکی چیرۆکنووسی بەرجەستە بووە؟ یا ئەو هەستی نیگەرانیەیە کە لە هەموو شوێنێکی نووسینەکانی ئەواندا شەپۆل دەداتو ختووکەی هەستمان دەدات؟

نەخێر، جەزبەی ڕاستەقینەی ئەم ئەدەبیاتە سانسۆر زەدەیە، ئازادی خودی ئەدەبەکەیە — ئازادی و ڕەهایی لەو شێوازی فێرکاریو وەعزبێژییەی کە لە بەرهەمی ئێمەدا هەیە. شا قارەمانانی چیرۆکەکانی ئێمە، لە هنری فیلدینگەوە (١٧٠٧- ١٧٥٤) تا دەگاتە ئیدوارد مورگان فورستەر (١٨٧٩- ١٩٧٠) هەر هەموویان هەموو ڕۆژێ بەیانی لە خەو ڕادەبن، حەمام دەکەن، جل لەبەر دەکەنو هەنگێ دوی ئەو ئەرکو کارە دەکەون کە چیرۆکنووس بۆی دیاری کردوون. یەکێك لە ئەرکو کارەکانیان ئەمەیە کە ڕۆڵێك لە بواری ئەخلاقدا بگێڕنو دەرسێکی ئەخلاق دابدەن، مەسەلەی دەروونناسی و چوونە دنیای روحو دەروونی بەشەریشەوە، یەکێکە لە بەشەکانی کتێبەکە. بەختو یەغباڵیش لەم بەینەدا دەورێکی لە ئەستۆیە.

بەڵام چیرۆکی سەدەی نۆزدەیەمی رووسیا، لە هەندی بەشی چینی فیودالی کۆمەڵگەی ڕووسیدا، دەرفەتێکی ئەوتۆ بە قارەمانان دەدات کە هەناسە بدەن، هزرو بیرو خولیاو خۆزگەکانی خۆ دەربڕن. ئیرادەی خۆ بەکار بەرن و ئەنگێزە جۆراو جۆرەکانی خۆ نیشانبدەن. لە هەر هەموو چیرۆکە ڕووسییەکاندا، گوێمان لێدەبێت کە دەنگێك دەڵێت: "مانای ئەم ژیانە چییە؟ نازانین بۆچی دەژین، بەڵام بە هەرحاڵ ڕۆژێ دێت، ئەوەمان بۆ ڕوون ببێتەوەو ئەو ڕۆژە هەر دێت. ئەو ڕۆژە مانای ڕاستەقینەی تەمەن تێدەگەین."

(میخائیل لیرمانتوف)یش شاعیرو نووسەرێك بوو کە عەوداڵی مانای ژیان بوو و هەرگیز پێی نەگەیی. ڕەنگە ئەگەر بمابایەو تەمەنێکی درێژتری کردبا، بیتوانیبا پەی بە چەمکی ئەو ڕازە بەرێت کە زۆربەی هزرڤانانی ئەو سەردەمە لە دووی دەگەڕانو لە پێناویدا گیانیان بەخت دەکرد.

سەرچاوە:

سیری در بزرگترین کتابهانی جهان / تالیف حسن شهباز، چاپ پنجم/ جلد دوم / تهران، امیر کبیر/ ۱۳۸۹.

## ١٣- كێوی جادوو

### توماس مان

١٨٧٥- ١٩٥٥

یەکێکە لە نووسەرو چیرۆکنووسە گەورەکانی ئالْمان. نووسینەکانی ڕەنگدانەوەی خەم‌و خولیا فیکریەکانی ئەون دەربارەی پەیوەندی نێوان هونەرو دەروونناسی‌و مەرگدۆستی هونەرمەند، پەیوەندی بلیمەتی و نەخۆشی‌و پێگەی هونەرمەند لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا.

توماس مان لە ساڵی ١٩٢٩دا نۆبڵی وەرگرتووە.

***

ئەم چیرۆکە نموونەیەکە لە مێژوو و فەلسەفەی ژیان لە سەردەمی ئێمەدا. ئاسایشگای دەروونی برگهف، بۆ نەخۆشانی نەخۆشیە دەروونییەکانی، هێندە خۆشە کە هیچ کەسێك ئامادە نییە لە ئاسایشگاکە بڕواتە دەرێ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا، ڕەنگدانەوەیەکی پووچی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە.

***

دنیای توماس مان، دنیای "بلوغی بەردەوامە" کە گوتە ئەمە بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەر بیلمەتێك دەزانێ. لە واری گەشەو نەشەی هزرو هونەری نووسەرایەتیدا، گەییە پایەیەکی یەجگار باڵا. لە ڕۆمانی ماڵباتی بودن برووکدا(١)، یەکێك لە باڵاترین نموونانی "شێوازی کۆنی" بەکار بردووە. جگە لەوەی کە گیانی سروشتگەرایی بە سەرانسەری ڕۆمانەکەوە دیارە، تۆماس مان هونەرمەندی‌و وەستایی خۆی لە هەردوو واری هونەری "ناتورالیزم"و "ئەمپرسیونیزم" دا بە کەرەتێك نواندووە. لە ڕۆمانی کێوی جادوودا، دەستبەرداری شێوازو ستایلی سەدەی نۆزدە بووەو لە چیرۆکی "گەڕانەوەی ماشوق(٢)" تۆماس مان ڕوو دەکاتە بەکارهێنانی شێوازی "شەپۆلی هۆش(٣)" ئیدی خۆ جەڕباندن شێوازێك بوو لە کاری ئەوو ئەم هەوڵەی لە چیرۆکی "دکتۆر فاوستوش(٤)" دا دیارە، کە هەوڵیداوە ڕوحی موزیك بە بەر قسەدا بکات. بەرهەمەکانی توماس مان لە نێو ئەو هەموو کتێبانەدا کە لە سەردەمی ژیانی ئەودا لە واری ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا دەنووسران، لە هەر هەموویان باشترو باڵاترن‌و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەی کە نووسینەکانی ئەو بارگاوین بە بیری بەرزو شێوازی جوان‌و ڕەوانی‌و ڕازاوەیی پەیڤ. ڕاستە چیرۆکنووسانی دیکەی ئەڵمان، وەکو ئەو، کەوتنە خۆجەڕباندن، بەڵام کەمیان ئەو سەرکەوتنەی ئەویان بەدەست هێنا. ناودارانێکی وەکو ئالفرید دوبلین یا هیرمان بروك یا فرانتس کافکا دەناسین کە ڕەنگە لە ڕووی شێوازو ستایلەوە هاوتەرازو هاوتای ئەو بووبن، بەڵام هەر توماس مان بوو کە فۆرم و بابەتی ئاوێتە کرد، ڕەوشی سایکولۆژی‌و و دەروونڕوانی کردە پیشەو جوانی‌و شکۆو دڵگیری بە هەر چیرۆکێکی، بە گوێرەی ئەو قاڵب‌و چوارچێوەیەی بۆی داڕشتبوو، بەخشی. لە کاری دەروون شیکاریدا، کۆمەڵێك شت هەوەڵجار لە نیتشەو پاشان لە فرۆیدەوە فێر

بوو و چیرۆکەکانی بە شێوازێك نووسین کە لە ئەدەبی ئەڵماندا بێ هاوتا بوون. ئەمە یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکنووسێك کە لە دوای گوتە زمانو ئەدەبی ئەڵمانی جارێکی دی خستەوە سەر زاران(٥).

گومان لەمەدا نییە کە توماس مان گەورەترین چیرۆکنووسی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە(٦)، بە درێژایی تەمەنی هەشتا ساڵەی خۆی، بە داهێنانی کۆمەڵێك بەرهەمی پڕ بەها، ناو و ئیحتوباری ئەدەبی ئەڵمانی بۆ جارێکی دی خستەوە سەرزاران. ئەو ناوو ناوبانگەی کە دوای دەرکەوتنی بلیمەتانی وەکو گوتەو شیللەر خەریك بوو بەرەو فەرامۆشی دەچوو، ژیاندەوە، بەڵام خزمەتی ئەو بە میللەتی ئەڵمان لەمە زیاتر بوو. مان، هونەری چیرۆکنووسی، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا مۆرکی دێهاتی و ناوچەیی لە خۆ گرتبوو، لە چوار چێوەی بیرو هزرینی سنوورداری ناوچەیی دەرهێناو شەقڵێکی جیهانی پێبەخشی، ئەنجام ئەمە بوو کە نەك هەر خۆی گەیاندە ئاستێك کۆمەڵێك خەڵاتو میداڵو نیشانانی پڕ شانازی وەربگرێت کە یەکێکیان خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات بوو، بەڵکو شکۆو جەلالی ئەدەبی ئەڵمانیای سەردەمی گوتە سەر لە نوێ لە زەینو بیراندا زندوو بکاتەوە.

مان، شەرمی لەوە نەدەکرد ئیعتراف بەوە بکات کە دەرسی بە سوودی لە گوتەوە وەرگرتووەو لەواری چیرۆکنووسیدا چاوی لەو کردووە. هەڵبەتە لە واری نووسیندا تەنیا گوتە مامۆستای نەبووە. بەڵکو ناودارانی وەکو واگنەر(٧)، نیتشە و شوپنهاوەریش کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر کەلاّلە بوون و خەملینی فیکری ئەوەوە هەبووە. لە یەکەمین بەرهەمیدا، لە ژێر سەر ناڤی ماڵباتی بوودن برووك دا، کە جۆرە ئوتوبیوگرافیەکەو لە ساڵی ١٩٠١دا، کاتێ تەمەنی بیستو شەش ساڵان بوو، بڵاو بووەوە، خوێنەر یەکەم وا هەستدەکات کە قارەمانەکە خودی نووسەر خۆیەتی و دووەم وا هەستدەکات لە ڕووی فۆرمی چیرۆکنووسییەوە زۆر لە ژێر کاریگەریی تیودور فونتانی(٨) چیرۆکنووسی سەدەی نۆزدەیەمی ئەڵماندایە. جا ئەم ڕۆمانە لە تەمەنی بیستو شەش ساڵیدا، شۆڕەتێکی زۆری پێ بەخشیو مژدەی بە میللەتی ئەڵمان دا کە نووسەرێکی گەورە بەڕێوەیە.

لە نێوان بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمەو، واتە ڕۆمانی درێژی ماڵباتی بوودن برووكو، هەڵبژاردەترین بەرهەمیدا، واتە ڕۆمانی کێوی جادوو، کە بۆ خەڵاتی نۆبڵی کاندید کرد، نزیکەی بیستو دوو دانە ساڵ تێپەڕیوە. تۆماس مان بە درێژایی ئەم ماوە، تا ڕادەیەك درێژە، ڕۆمانو چیرۆك و وتاری زۆری نووسیوە، بەڵام هیچ یەکێك لەو بەرهەمانەی نەگەییـنە ئاستی ئەم دوانە. مان، لە ڕاستیدا، دوو چالاکی مەزنو بەر چاوی لە دنیای نووسیندا هەبوو، یەکێکیان لە بیستو شەش ساڵیدا بوو و ئەویتریان لە تەمەنی چلو حەوت ساڵیدا بوو.

سەیر ئەوەیە بەرهەمەکانی ئەو لە ماوەی ئەم بیستو دوو ساڵەدا، بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئەو چەمكو ئەنگێزانەیان لە خۆ گرتووە کە لە ڕۆمانی مەزنو دوو بەرگی ماڵباتی بوودن برووکدا هاتوون، بۆ نموونە تونیو کروگەر(٩) کە لە ساڵی ١٩٠٣دا بڵاوبووەتەوە، بریتیە لە شرۆڤەو گێڕانەوەی هونەرمەندێك لە هەنبەر ژیانی کەسێکی ئاسایی شارنشیندا، یا تریستان،

که ساڵی پاشتر نووسراوه، هێزی حیرەت ئەنگێزو هەندێجار وێرانکەرو ناماقوولی موسیقیەك دەنوێنێ، یا مردن له ڤینیسیا که نیشانەی وابەستەگی گەندەڵی و داڕوخانی ئەخلاقه لەگەڵ هێزی داهێنان و توانای بلیمەتیداو هەر هەموو ئەم بابەتانه به جۆرێك له جۆران له ڕۆمانی ماڵباتی بوودن برووکدا هاتووه(١٠).

بۆ تێگەییشتن‌و حاڵی بوونی ماڵباتی بوودن برووك که له ڕۆمانه بەهادارەکانی ئەم چیرۆکنووسه مەزنەی ئەڵمانەو هەروەها گەشتێکی وردو هۆشمەندانه به ڕۆمانی کێوی جادوودا که به باشترین بەرهەمی ئەم نووسەره دێته ژماردن، پێویسته خودی نووسەر له نزیکەوه بێته ناسین و خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دنیای منداڵیەتی‌و نۆلاوی ئەو بکرێت، ژینگه وگوزەران، پەروەردەی سەرەتایی، ئەندامانی خانەوادە، ئیمکاناتی خوێندن، سنووری بیرکردنەوەو خوێندنەوەو گەلێك فاکتەرێن دیکەی ژیان، هەر هەموویان له دروستکردنی ئەوو گەشەو نەشەی بەهرەو توانای داهێنانی ئەودا کاریگەر بوون.

تۆماس مان له ١٨٧٥/٧/٦دا له شاری لوبك هاتووەته دنیا، بابی سیناتۆرێکی ناسراو و له هەمان کاتدا بازرگانی دانەوێڵه بووەو ژیانێکی خۆشی هەبووه. له ساڵی ١٨٩١دا، کاتێ تۆماس شازده ساڵان بوو، ئەو کۆچی دوایی کردو لەو کاته بەدواوه ماڵباتی مان له میونیخ که مەڵبەندی هونەرو ئەدەبی ئەڵمان بوو، ئاکنجی و نیشتەجێ بوون.

هاینرش مان، برای تۆماس، که چوار ساڵ لەو گەورەتر بوو، کاری نووسەریی کردبوو به پیشەو ئەم کاره کاریگەری خۆی لەسەر دیاریکردنی ڕێڕەوی چارەنووسی برا بچووکەکەی هەبوو. تۆماس براو خوشکێکی دیکەشی هەبوون. برا بچووکەکەی ناوی ڤیکتۆر بوو که پاشان ژینامەی براکانی له ژێر سەرناڤی ئێمه پێنج کەس بووین، نووسییەوه. دوو خوشکەکەی تۆماس، هەردووکیان به گەنجی خۆیان کوشت‌و داخێکی هەتا هەتاییان خسته دڵی ئەندامانی خانەوادەکەیانەوه.

توماس، له قوتابخانه بێزار بوو، چونکه له ڕووی بەدەنییەوه لاوازو لەشبەبار بوو، بچووکترن ناکامی نەخۆشی دەخست، لەبەر ئەمه بیرەوەریانی منداڵیەتی‌و نۆلاوی ئەو، پڕن له خەم‌و نیگەرانی. یەکێك له کێشەکانی دیکەی تۆماس ئەمه بوو که ڕقی له هاوپۆلەکانی خۆی بوو و، له مامۆستاکانی خۆی بێزار بوو، تاقه حەزو ئارەزووی ئەو خوێندنەوەو نووسین بوو. کتێبی دەخوێندەوەو هەندێجار، له تەنیاییدا، شتی دەنووسی‌و پاشان دەیدڕین. کتێبانی دڵخوازی ئەو ئەفسانەکانی هانس کریستیان ئاندرسن بوون. حەزی له شیعرەکانی شیللەرو هاینەش دەکرد.

لەم ساڵانەدا توماسی نۆلاو تەنیا یەك دۆستی هەبوو که پاشان بەناوی هانس هانسن ناوی بردووەو له چیرۆکی تونیو کروگەردا یادی کردووەتەوه. هانس داوای لێدەکرد که شیعر بڵێت‌و شت بنووسێت‌و توماس به سوور بوونی ئەو بابەتی بۆ بڵاوکراوەیەکی شۆڕشگێڕی بەنێوی لافاوی بەهار دەنووسی.

له ساڵانی هەوەڵی لاویدا، پێش ئەوەی بڕیاری تەواوەتی بدات‌و کارێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت، بۆ ماوەیەك له دەزگایەکی بیمەدا دامەزرا. بەڵام زوو پەی بەوه برد که حەزی لەمجۆره کارانه

نییه. بۆیه وازی هێناو پەیوەندی بە کۆڕی نووسەرانی هەفتەنامەیەکی(١١) ڕەخنەیی مونیخەوە کرد. مان لەم ساڵانەدا ئاشقی خوێندنەوە بوو. تامەزرۆی خوێندنەوەی بەرهەمێن هزرڤانانی ئاڵمان بوو، هەر بەرهەمێکی ئەم هزرڤانانەی بەردەست کەوتبا، چەندین جار دەیخوێندەوە، بەڵام زیاتر دڵبەندی چەند دانەیەکیان بوو: گوتە، شیللەر، فونتان، شوپنهاوەرو، نیتشە.

لێکۆڵینەوە لە یەکەمین کۆ کورتە چیرۆکی، کە لە تەمەنی بیستو سێ ساڵی داو لە ساڵی ١٨٩٨دا بڵاوبووەتەوە، ئەوە نیشان دەدات کە بیرکردنەوەی ئەم داهێنەرانەی هونەرە، لە سەرانسەری نوسینەکانیاندا شەپۆل دەدەن(١٢)، قارەمانی ئەم نووسینانەی ئەو بە شێوەیەکی گشتی، هونەرمەندێکە کە توانای ئەفراندنی هەیە، بەڵام لە قوڵایی دەریای پووچی و بێهودەییو بێ ماناییدا، پەلە کوتێیەتی. هەوڵی بەردەوامی ئەم هونەرمەندە ئەمەیە کە بە هەر جۆرێك بووە پەیوەندییەك لە نێوان "روح"و "ژیاندا" بەرقەرار بکات.

تا ساڵی هەزارو نۆسەد، کە سەدەی نۆزدە کۆتایی دێتو تۆماسی لاو، بیستو پێنجەمین بەهاری تەمەن بەڕێدەکات، کەس نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەڵمانیادا، بە دەرکەوتنی نووسەرێکی گەورە دەست پێدەکات. بەڵام هەرکە ڕۆمانی ماڵباتی بوودن برووك بڵاو بووەوە، دەنگی دەرکەوتنی هزرڤانێکی هونەرمەند، گەییە گوێی میللەتی ئاڵمان. خوێنەر لەم ئوتوبیوگرافیا مەزنەدا، سەر هەڵدانو داڕوخانی ماڵباتێك دەخوێنێتەوە کە بازرگانی دەوڵەمەند و خۆشگوزەران بوونو لە ماوەی چوار نەوەدا، بەرە بەرە ئەستێرەی بەختیان دەکەوێتە نزمیو نابووت دەبنو دەکوژێنەوە. لەم ڕۆمانەدا، چیرۆکنووس، باسی هەموو شتێکی ئەم ماڵباتە دەکات، تەنانەت باسی بچووکترین ڕووداوی ڕۆژانەی ژیانی وەکو نانخواردن وخەوتنیش دەکات. بەم پێودانگە ئەم ڕۆمانە دوو بەرگییە، واریقاتنامەیەکە کە وەکو بەرهەمەکانی بالزاك، ژیانی خەڵکی باڤاریا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەنوێنێ.

هەر سێ چیرۆکی پاشتریشی بە نێوی تونیو کروگەر، تریستانو مردن لە ڤینیسیا، بەڵگەو نیشانەی هەمان شێوەی هزرینو داوەری نووسەرن دەربارەی ژیان، لە هەموو شوێنێکدا سێبەری هونەرمەندێك دیارە کە هەوڵدەدا بە هەر شێوەیەك بووە خۆی دەگەڵ بێهوودەییەکانی ژیاندا بسازێنێ، تا ئەوە بوو کە مان لە ساڵی ١٩٠٥دا زەماوەندی دەگەڵ کیژێکدا بە نێوی کاتیاپرینگشایمدا کرد. ئەمە کیژێکی پاك نیهاد و خوێنەواری مامۆستایەکی زانستگە بوو. وا دیارە ئەم ڤیانو زەماوەندە گۆڕانێکی لە بیری ئەودا سەبارەت بە ژیان چێکرد، لە کتێبی خاوەنشکۆدا کە چوار ساڵ پاش زەماوەندەکەی ئەو نووسراوە، خوێنەر جۆرە گۆڕانێك لە هەڵوێستو داوەرییەکانی ئەودا سەبارەت بە ژیانو کۆمەڵگە، تێدا دەبینێ.

جەنگی جیهانی یەکەم، جۆرە ئەشقێکی نیشتمانپەروەری لەلای ئەو دورست کرد. ئیدی بۆ خۆی جۆرە پەیامێکی گرتە ئەستۆ، بەو مانایەی کە قەناعەتی هێنا نووسەر دەبێت لە هەلومەرجی قەیرانو تەنگانەدا، ڕابەرو ڕێنوێنی کۆمەڵگەو دەوڵەت بێ. توماس مان، لەم مێژووە بە دواوە وەکو هاینریشی برای کە هاتبووە دنیاو مەیدانی سیاسەتەوەو بە وتارێن توندو ئاگرین، حکومەتی سەرکۆنە دەکرد کە بۆچی چووەتە شەڕەوە، ئەویش پەیوەندی بە کۆڕی

سیاسەتوانانەوە کرد. کۆی وتارو پەیامەکانی کە لە ژێر سەرناڤی کاردانەوەکانی پیاوێکی ناسیاسی، لە ساڵی ١٩١٨دا بڵاوبووەوە، ئاوێنەی هزرین و هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەوە(١٣).

کاری گەورەی مان، شەش ساڵ دوای کۆتایی جەنگ بڵاوبووەوە. بریتی بوو لە کتێبێك کە ناوی لە هەر چوار نکالی دنیادا بڵاوکردەوەو خەلاتی نۆبلی بۆ مسۆگەر کرد. بیرۆکەی نووسینی کێوی جادوو، دوازدە ساڵ لەوە پێش بە بیرو خەیاڵیدا هاتبوو. تۆماس مان، کاتیای هاوسەری زۆر خۆشدەویست و لە ساو پەنای ئەشق و خۆشەویستی ئەودا ژیانێکی خۆشی هەبوو، لە ساڵی ١٩١٢دا پزیشکان گوتیان کە کاتیا خەریکە تووشی نەخۆشی سیل دەبێت و ئەگەر یەکسەر چارەسەر نەکرێت و فریانەکەوێ، گیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. مان، لەسەر داواو ئامۆژگاری دکتۆران دەستی ژنەکەی گرت و بۆ داڤۆسی، کە ئاسایشگایەکی بە ناوبانگی سویسری بوو، برد، سێ هەفتەی، لەم کوێستان و زۆزانە دوورە دەستەدا لە نێو خەڵکانێکدا کە تەمەنی کورتی خۆیان لە نێوان مەرگ و ژیان و، ترس و ئومێدا دەگوزەراند، بەسەربردو ئەم مانەوەیە ئیلهام و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ئەوتۆی پێبەخشی کە ڕۆمانی بە نێوبانگی کێوی جادووی لێهاتە بەرهەم. توماس مان، ماوەی دوازدە ساڵی ڕەبەق کاری لەسەر ئەم بەرهەمە کردو زەحمەتی پێوە کێشا.

ڕەخنەگرانی جیهان، لەدیدو نۆڕینی جیاوازەوە، خستوویانەتە بەر وردە بینی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنەوە. یەکەم دەربارەی ناونیشانی ڕۆمانەکە گوتوویانە، کە بۆ دەربڕینی ئەو ئامانجەی کە نووسەر مەبەستی بووەو ئەو چەمك و پەیامەی کە ویستوویەتی دەری ببڕێت، هەڵبژاردن و ناونیشانی ڕۆمانەکە یەجگار لەبارو گونجاو بووە. شوێن دۆڵێکە لە کۆجارەکانی ئالپ بە نێوی داڤۆس و ئاسایشگایەکە بە ناوی "برگهف = Berghof". کێوی جادوو، ڕەمزی شوێنێکە کە کۆمەڵێك نەخۆشی سیلدار لە هەر گۆشەیەکی دنیاوە ڕوو دەکەنە ئەوێندەر تا بۆ معایەنەو دەرمان چەند ڕۆژێك یاچەند هەفتەیەك لەوێ بمێننەوە، بەڵام ئەم ئاسایشگایە بەجۆرێکە کە هەر کەسێك پێ دەنێتە ئەوێندەر، ئیدی بەو بێ لەوێ نەیەتە دەرێ، لە تۆ وایە ئەم ژینگە شاخاویە، خەڵکەکە ئەفسوون دەکات. بۆ زۆربەی نەخۆشەکان، تێپەڕبوونی کات گرینگ نییە، دابڕان لە دنیای دەرەوە لەزەتێکی گەورەی پێوەیە، دیداری دۆستانی تازە ئاشنا و ژیان دەگەڵ ئەواندا، ئارامی پێدەبەخشین.

بابەتەکە بە رواڵەت ئەمەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە ئاوێنەی مێژوو و فەلسەفەی ژیانی سەردەمی ئێمەیە، ئاسایشگای نێو نەتەوەیی برگهف کە لەوێدا کۆمەڵێکی نەخۆش، دنیای نێوان ترس و ئومێد تەی دەکەن، هەمان دنیای ئەمڕۆی ئێمەیە، بەڵام ئەفسوونی کۆجارەکە لەمە دایە کە ئەوانەی لەوێن هەست بە تێپەڕبوونی تەمەن ناکەن، لەم ژینگەیەدا جگە لە پووچی هیچ شتێکی دیکە نییە، هەر یەکە بە جۆرێ دڵخۆشن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا، هیچ بەروبوومێك لەم تێپەڕبوونی تەمەنە، نادوورنەوە. ڕۆژان و شەوان، هەفتەو هەیڤان و زۆر جار ساڵان تێدەپەڕن و هیچ کەسێك خەمی ئەم بەفیڕۆ چوونەی تەمەنی نییە. ئەمانە لەم ژینگە دوورە دەستەداو دوور لە

هەموو شوێنێكو لە گەڵ یەكدیدا دەژینو لە هەراو هەنگامەی ژیاندا تەنیا یەك شتیان هەیەو ئەویش ئایدولۆژیە.

هەر یەكێك لەم سیلدارانە، لە گۆشەیەكی دنیاوە هاتووە، بە هزرینی جیاوازو نۆڕینی جیاوازەوە. ئەمانە لە دەوری یەكدی خڕ دەبنەوە و گەنگەشە دەكەن. تەنیا گەنگەشە، هەردەمن، چونكە ئیمكانی كاریان نییە. قارەمانەكان بە تەبیعەتی جیاوازو مەشرەبی جۆراو جۆرەوە كەمتر دەتوانن بگەنە یەك ئەنجام. یەكێك جوولەكەیەكی توندڕەوە، یەكێكی دی بەشەر دۆستێكی مەسیحی ئیتاڵیاییە، سێیەم پزیشكێكی ئاڵمانیەو چوارەم زانایەكی پۆڵاندیە. ئەمانە و خەڵكانی دیكەی وەكو ئەمانە لەم ئاسایشگا نێودەوڵەتییەدا دەژینو دەگەڵ یەكدیدا هەڵسوكەوت دەكەن. هەموویان نەخۆشن، بەڵام لە هەمان كاتدا، زیاتر ئومێدیان بە ژیانو بە ئایندەیە. لە ڕوانگەیەكی باڵاترەوە،ئەم ئاسایشگا گەورەیە، هەمان ئەوروپایەو نەخۆشەكانی، خەڵكە جەنگ زەدەو سەرگەردانەكەی ئەم كیشوەرە گەورەو بەرینەن.

یەكەم جەنگی جیهان، كارێكی سەیری كردە سەر شێوەی هزرینی توماس مان. كاتێ لە ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٣٩دا سیاسەتوانانو ڕابەرانی جیهان، جارێكی دی بۆنی جەنگێكی گەورەی ماڵوێرانكەریان دەكرد، توماس مانیش، پێشبینی هاتنی ئەم بەڵا گەورەیەی دەكرد. لەو سەروبەندەدا كە نازیەكان،ئاگریان لە "رایشتاك" بەردا، ئەو لە هۆڵاندا دەژیا. بۆ زنجیرە كۆڕێكی وتارخوێنی بانگهێشت كرابوو. مان كە ئەو هەواڵەی بیست، وای بە باش زانی كە بۆ وڵات نەگەڕێتەوە. لەو ڕۆژگارەدا كاری لە سەر كۆ چیرۆكێكی چوار چیرۆكی خۆی، بە ناونیشانی چیرۆكەكانی یاقووب، دەكرد. چوو بۆ زوریخو لەوێندەر مایەوە. دەیزانی ئەگەر بۆ زاگەی خۆی بگەڕێتەوە، بەهۆی هەڤدژی دەگەڵ بیروبۆچوونی توندڕەوانی نازیەكان، یەكسەر دەیگرنو لە زندانی دەپەستن. ڕیوایەتێكی دیكەش هەیە كە منداڵەكانی بە دزییەوە هەواڵ بەو و بە دایكیان دەدەن كە گەڕانەوەیان بۆ مونیخ باش نییە.

لە ساڵانی مانەوەیدا لە سویسرا، درێغی لە نووسینی وتارێن ئەنتی نازی نەكرد، تا سەرەنجام، ناسنامەی ئەڵمانیان لێسەندەوەو ناویان خستە لیستی بێگانانی دژە ئەڵمانەوە. حكومەتی ئەڵمان هەر بەمەوە نەوەستا. فەرمانی دا ئەو دكتۆرای فەخرییەی كە ماوەیەك لەوە پێش زانستگەی بۆن دابوویە لێ بسەنننەوەو فرۆش وخوێندنەوەی كتێبەكانی ئەو لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی ئەڵمانیا قەدەغە بكەن.

توماس مان، لە ساڵی ١٩٣٨دا، سەفەری ئەمریكای كرد. زانستگەی پرینستون، دەعوەتی كردبوو تا زنجیرە كۆڕێكی وتارخوێنی لەو وڵاتەدا ساز بكاتو بگێڕێت. ئەمریكاییەكان تامەزرۆو تاسەمەندی ئەوە بوون كە توماس مان باسی ئەدەبی هاوچەرخی ئەڵمانیایان بۆ بكات، بەڵام ئەم پیاوە "ناسیاسیە" نەیتوانی خۆی لە ناكۆكییە ئایدولۆژیە سیاسیەكان دووربگرێت. بە نووسینی وتارانو گرتنی كۆڕێن وتارخوێنیو بڵاوكردنەوەی كتێبێك بە ناونیشانی سەركەوتنی ئایندەی دیموكراسی، چووە ڕیزی دژمنانی سەر سەختی فاشیزمو نازیسمەوە(١٤).

ئەمریکا زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکردو بە خۆیشی مانەوەی لەم وڵاتەدا، لە وڵاتانی دی پێخۆشتر بوو. لەوێ کرا بە ئەندامی کتێبخانەی کۆنگرەی ئەمریکاو شیرەتکاری بەشی ئەدەبی ئەڵمانی. تا ساڵی ١٩٤١ لە نیوجەرسی ئاکنجی بوو و ئەوسا خانوویەکی لە سانتامۆنیکا، لە ویلایەتی کالیفورنیا کڕیو لەوێندەر نیشتەجێ بوو. لە ساڵی ١٩٤٤دا، ناسنامەی ئەمریکایی وەرگرتو سەرەنجام لە ساڵی ١٩٤٩دا، دوای ساڵانێك دووریو دەربەدەری بۆ زێدو زاگەی خۆی زڤڕییەوە. لەوێ نەك هەر دکتۆرا فەخرییەکەیان دایەوە، بەڵکو خەڵاتی گوتەشیان دایە کە لە خەڵاتە گرینگەکانی ئەدەبی ئەڵمانی بوو.

هەرچەندە هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات، فیدراڵو کۆماریی خەڵك، داوایان لێکرد کە لە وڵاتی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵام توماس مان ئەم داوایەی قەبووڵ نەکرد، لە بەهاری ١٩٥٢دا بۆ سویسرا گەڕایەوەو جارێکی دی لە شاری زوریخ نیشتەجێ بووەوە. دوای نزیکەی سێ ساڵ، لە ١٩٥٥/٨/١٢ دا لەوێندەر ماڵاوایی لە ژیان کرد(١٥).

مان، تا دوا ساتەکانی ژیان لە چالاکی و لە نووسین نەکەوت. لەو دوا ساڵانەی کە ئاکنجی سویسرا بوو، چەند وتارێکی پوختەو جوانی دەربارەی گوتە، چیخوف،و شیللەر نووسیو کە دوا وتاریان دەربارەی شیللەر بوو و چەند ڕۆژێك پێش مردنەکەی چاپ بوو. هەروەها کتێبی، ئیعترافەکانی فلیکس کرول، حیلەبازی باوەڕپێکراو، ساڵێك پێش مردنەکەی بە وەشانکار سپارد(١٦). هاینریش مان، برا گەورەی پێنج ساڵ پێش ئەو مرد. ئەویش وەکو تۆماس مان لە وڵات هەڵاتبوو و بۆ ئەمریکا چوو بوو. لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا، هەموو خۆزیایەکی هاتبووە سەر ئەوەی بۆ ئەڵمانیا بگەڕێتەوەو لە خاکی ئەڵمانیادا، بە تایبەتی لە قەڵەمڕەوی ئەڵمانیای دیموکراتی، بەخاك بسپێردرێت، بەڵام تەمەن مەودای نەداو لە ئەمریکا، لە تەمەنی هەفتاو نۆ ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد.

***

کێوی جادوو، شاکاری توماس مان، جەولەگایەکی بەرینە کە لەوێدا سێ کەلتووری جیاواز، یەکانگیردەبن، کەلتووری باکووری ئەورویا، کەلتووری مدیترانە و کەلتوورو شارستانیەتی ڕۆژهەڵات. شوێنی یەکانگیری ئەم کەلتوورو شارستانیانە، ئاسایشگاو بوژانگەیەکی تایبەت بە سیلدارانە، کەوتووەتە کۆجاڕە بەرزەکانی ئالپی بەشی سویسرا. کات ساڵانی ١٩٠٧- ١٩١٤یە، قارەمانی سەرەکی ئەندازیارێکی گەنجی خەڵکی هامبۆرگە بە نێوی هانس کاستورپ.

هانس، نموونەی گەنجێکی چالاکو هۆشیاری ئەڵمانیای هەوەڵین ساڵانی سەدەی بیستەمە. تازە کارێکی بۆ خۆی پەیدا کردووەو چونکە دوای ماوەیەك کارو چالاکی هەست بە شەکەتی دەکات، لە سەر قسەو ئامۆژگاری پزیشکان لێدەبڕێت بۆ شوێنێکی ئاو وهەوا سازگارو خۆش بڕوات. شوێنی هەرە باش "برگهف"ی داوێنی چیاکانی ئالپە کە هوتێلی زۆری تیایەو "یواخیم زیمسن"ی ئامۆزاشی لە ئاسایشگا گەورەکەی ئەوێندەر کەوتووەو دەتوانێ چەند ڕۆژێك دەگەڵ ئەودا، لەوێندەر ڕابوێرێت. بۆ ماوەی سێ هەفتە سەفەری ئەو دەڤەرە دەکات، بەڵام ئەم سەفەرە

کورتە حەوت ساڵی ڕەبەق دەخایەنێت، خۆ ئەگەر یەکەم جەنگی جیهان هەڵنەگیرسابا لەگین بوو تا کۆتایی تەمەن هەر لەوێندەر ماباوە.

سەرنجی سەرەتاو دەستپێکی کێوی جادووی توماس مان بدەن، فەسڵی یەکەمی ئەم ڕۆمانە مەزنە(١٧)، بەناونیشانی هاتنە ژوورەوەیە، بەمجۆرە دەست پێدەکات: (١٨)

" گەنجێکی خاکی، بێ فیز، لە نیوەی هاویندا، بە مەبەستی پشوویەکی سێ هەفتەیی، لە زاگەی خۆیەوە، شاری هامبۆرگ، بەرەو داڤۆس پلاتزی ناوچەی گاریسوون دەکەوێتە ڕێ . لە هامبۆرگەوە بۆ داڤۆس ڕێگایەکی دوورو درێژە. بە تایبەتی بۆ مانەوەیەکی وا کورت، ڕێگایەکی یەجگار درێژە. بە هەموو جۆرە خاکێکدا تێدەپەڕێت : لە هەورازانی چیایانی سەرکەشەوە تا دۆڵێن قووڵ‌و بێ بن – لە دەشتە هەموارەکانی باشووری ئەڵمانەوە بەرەو دەریاچەی کونستانس، لە خێزا وی شەپۆڵ‌و پێلانەوە تا پانایی ئەو مرداوو باتلاغانەی کە ڕۆژگارێك وا تەسەور دەکران کە بێ بنن.

لەم ڕێگایەدا، کە بەشی زۆری ڕێگای بازرگانی بوو و ناو بە ناو جادەکە قەت دەبوو چەندین وێستگەو بازگە دەهاتنە ڕێ. لە روورشاش، لە خاکی سویسرا ناچاریت قتیارەکەت بگۆڕێت، بەڵام ئەم قیتارەش تا لانکار، کە وێستگەیەکی بچووکی داوێنی ئالپە، زیاتر ناڕوات‌و ناچاریت سواری قیتارێکی دیکە ببیت. لێرەدا، لە شوێنێکا کە هیچ جۆرە جوانییەکی تێدا نییە، دوای چاوەڕوانییەکی دوورو درێژو بێ مانا، سوار قیتارێك دەبێت کە فاسیلەی نێوان ڕێڵەکانی باریکەو هەرکە مەکینە بچووك‌و زۆر بە هێزەکەی ئەم قیتارە کەوتە گەڕو ماوەیەك چووە پێشێ، بەشی هەیەجان ئەنگێزی سەفەرەکە دەست پێدەکات : تێپەڕین بەو هەورازو نشێوە زۆرانەدا کە لە تۆ وایە هەرگیز کۆتایی نایەت دەست پێدەکات. وێستگەی لانکار، لە هەورازێکی هەندێك بچووکدایە، بەڵام لێرەوە ڕێگایەکی چیایی‌و جەنگەڵی یەکجار ترسناك دەست پێدەکات‌و لە چیای ئالپدا کۆتایی دێت. هانس کاستورپ– ناوی وابوو– بە تاقی تەنیا لە فارگۆنێکدا کە دۆشەکی خاکی تیا بوو، دانیشتبوو و جانتا دەستییەکەی کە لە پێستی نەهەنگ بوو و دیاری مامی، کونسوڵی تیاناپل بوو، لە تەنیشتیەوە دانابوو، ئەم هانسە خورجینێکی گەورەی سەفەریشی پێبوو کە لە گەڵ پاڵتۆ زستانیەکەیدا بە قولابێکەوەی هەڵواسی بوو و پەنجەرەکەی دادابووەوەو هەوای پاش نیوەڕۆ خەریك بوو بەرە بەرە ساردی دەکرد، ئەو کە کەسێکی لاواز بوو، یەخەی چاکەتە مۆدەکەی هەڵدابووەوەو کتێبێك لەسەر دۆشەکەکەو لە نزیکیەوە بوو، کتێبەکە بەرگێکی مقەبای هەبوو و ناونیشانەکەی "کەشتیانی ئۆقیانووس پەیما" بوو. هانس ئەم کتێبەی لە هەوەڵی سەفەرەکەیەوە کڕی بوو و ناو بە ناو لە ڕێگادا دەیخوێندەوەو ئێستاش لە سەر دۆشەکەکە فڕێی دابوو، تا گەردیلەی ئەو دووکەڵەی کە لە دووکەڵکێشی ماتۆڕەکەوە هەڵدەستاو پەڕاگەندە دەبوو، لە سەری بنیشێت.

دوو ڕۆژی سەفەر، ئەم گەنجەی – کە هێشتا لەوە گەنجتر بوو کە بە تەنیا ڕەگ‌و ڕیشەیەکی بتەو لە خاکی ژیاندا دابکوتێ، دوور لە هەموو شتێك راگرتبوو: دوور لەو دنیایەی کە تیایدا دەژیا. دوور لە هەموو ئەو کارو ئەرکانەی کە لە ئەستۆی بوو، دوور لە ئەشق‌و ڤیان و دیمەن‌و

ئاسۆیانی ئومێدبەخش، زۆر زیاتر لەوەی لەو دەمەدا کە لە گالیسکەدا دادەنیشتو لە دڵی خۆیدا تەسەوری دەکرد. ئەو فەزاو هاماجەی کە لە نێوان ئەو ودەشتو دەرە بەیارو دڕکەڵانەکەی زێدو زاگەیدا بوو، زیاتر و زیاتر دەبوو، ئەو هێزانەی کە عادەتەن دەیدەینە پاڵ زەمان، باشترو وەستایانەتر کاریان دەکرد، سەعات بە سەعات گۆڕانی بەسەر ئەودا دێنا، وەکو کەسانێك کە زەمانی زۆریان دیبێ، باشترو دیارتر ئەویان گۆڕی، شوێن، وەکو زەمان، فەرامۆشی دەهێنایە ئاراوە، بەڵام لەو کاتەدا کە لە ڕووی بەدەنییەوە ئێمە لەو ژینگەیەی کە تیایداین جیابکاتەوەو دۆخی ژیانی هەوەڵیمان وەکو ڕۆژی یەکەم چۆن بوو، بەو ئاوایە بۆ بگێڕێتەوە. بەڵێ، دەتوانێت لە چاو تروکانێکدا، ئینسانێکی هزرڤان و هۆشن، بکات بە ئاوارەیەکی بێ فەرهەنگو فیشاڵبازو خۆ هەڵکێش. دەڵێن زەمان وەکو ئاوی ڕوباری لیتە(١٩). ڕابردوو لە زەینو یادگەی بەشەردا دەسڕێتەوە، لە هەمان کاتدا گۆڕانی هەواش، هەڵکردنی شنەیەکە، سروەیەکە هێندە بیرەوەری زێیە ئەگەر بە کەڕەتێك فەرامۆشی نەهێنێ، کاریگەرییەکەی زۆر خێرایە.

"هانس کاستورپ"ش ئەزموونێکی وەهای بۆ پێشهات. بەو نیازە نەبوو کە سەفەرەکەی زۆر بە هەند بگرێتو لە ڕادەبەدەر خۆی پێوە گیرۆدە بکات. بە تەما بوو کە بەلەز بڕوات و بە پەلە بگەڕێتەوەو بناغەی ژیانی ئایندەی خۆی دابڕێژێت. هەر دوێنێ بوو کە ئەو لە بازنەی بیرو هزرینی ئاسایی ژیانی خۆیدا، گەیی بووە ئاستی دوو واریقات کە هەردووکیان بیری ئەویان زۆر بە خۆوە مژوول کردبوو: یەکەمیان مەسەلەی تاقیکردنەوە بوو کە تازە تەواوی کردبوو و دووەمیان قەبووڵکردنی کارێك بوو لە دەزگای ویلمز کە کاریان کەشتی سازی و تواندنەوەی ئاسنجاوو فرۆشتنی مەکینەو ئەو شتانە بوو.

ئیدی بەو بێ قەراری و پەلە پەلەوە کە بەشێك بوو کە خوو و خەسڵەتی ئەو، ئەم سێ هەفتە سەفەرە، ئەوی لە ژیانو کاری خۆی دابڕی بوو، بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوتبوو کە پێویستە هەموو هۆشو بیری خۆی بداتێ و ئەو کارەی کە بە گەشتو سەیرانی دەزانیو بە شێوەیەکی سەرڤە سەرڤەی گرتبوو، زۆر بە جدی وەربگرێت."(٢٠).

بۆچی هانس، ئەو ماوە درێژە لەو دۆڵی نەخۆشانەدا مایەوە. هەوەڵجار، ژینگەی ئاسایشگاکەی پێ خۆش بوو بوو و حەزی کردبوو ماوەیەك، دوور لە هەراو زەنای شارو هەراو هەنگامەی خەڵکی، لەو دەڤەرە خامۆشو کڕوکپەدا بەسەر بەرێت، بەڵام هۆی سەرەکی مانەوەکەی، سەرهەڵدانی نەخۆشی سیل، لە خۆیدا بوو. پزیشکەکان دوای زنجیرەیەك معایەنە، بۆیان دەرکەوتبوو کە هانس کاستورپ تووشی نەخۆشی سیل بووەو ئەگەر بە زووترین کات فریای دەرمانی خۆی نەکەوێت، ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

بەمجۆرە، ئەندازیاری گەنج لە نێو نەخۆشەکاندا دەمێنێتەوە و بەرە بەرە پەیوەندی خۆی بە دنیای دەرەوە دەبڕێت. فاکتەری دابڕانو کەنارگیری ئەو لە دنیای دەرێی ئەو چوار دیوارە، هەبوونی خەڵکانێك بوو کە لەم دۆڵە ئارامەدا، تەمەنی بێ قەراری خۆیان بە سەر دەبرد. ئەمانە هەر یەکەیان مەشرەبو خوو و خدەو بیروباوەڕو هزرینی تایبەتی خۆیان هەیە : یواخیم زیمسن، پسامی ئەو، ئەفسەری عەسکەریە، ئینسانێکی ئابڕومەند بەڵام کەمێك بەیتەشەو گێلۆکەیە. تاقە

خاڵی بە هێزی ئەو، مەیلو ئارەزووە سوپاییەکەیەتی. دایکی "یواخیم"ش هەر لێرەدا دەژی، ژنێکە ساردو سڕ، بەڵام شایستەو بە شەخسیەتو بە ئیرادەو ورە بەرزە.

بەڕێوەبەری ئاسایشگای "برگهف" دکتۆرێکی پسپۆڕە، بەڵام بە چاوی زانایەکی وشكو بێ هەستو ساردو سڕ دەڕوانێتە سیمای ژیان. حەزدەکات گەشبین بێتو کارێك بکات کە نەخۆشەکان، لە ژیانێکی خۆشو پڕ شادیدا، تەمەنی خۆ بەسەربەرن، بەڵام زۆربەی کات تووشی تووڕەییو ناڕەحەتی دەبێت. یاریدەدەرەکەی، بابایەکی دەروونناسە، بە چاوی نەخۆشانی دەروونی دەڕوانێتە هەموو نەخۆشەکانو قەناعەتی وایە هەموو نەخۆشیەکان زادەی ئەشقن، یاریدەدەرە ژنەکەی ئاسایشگاکەش، کەسێکی وشكو ئیدارییەکی ڕەشبینو وەڕزە، تاقە شتیکی بەلاوە گرینگ بێ، یاساو ڕێساکانی ئاسایشگاکەیە.

بەڵام خەڵکەکەی دیکەی ئەم دۆڵی نەخۆشانە، خەڵکانێکی روح سووكو ڕووخۆشو خۆشەویستن. کودوڤیکو ستمبرینی، کەسێکی ئیتاڵیاییە، ئەدیبێکی مرۆڤدۆستو ئازادیخوازە. ئەندامی فیرقەی فراماسونیشە. زۆربەی کات قسان دەکات و قسەی جوان و لۆجیکیش دەکات. کە دێتە سەر باسو قسان بە تایبەتی لە واری سیاسیدا، گوتەی هزرڤانانی گەورەی وەکو پترارك، ڤۆلتێر، شیللەر، ماتزینیو ئەوانی دی، بە نموونە دێنێتەوە، بە کورتیەکەی کە دەکەوێتە قسان، هەرگیز بەرانبەرەکەی، لێی وەڕەزو بێتاقەت نابێت.

لیونافنا، کەسێك جوولەکەیە کە بووە بە مەسیحیو چووەتە سەر ئۆلی کاتولیك، کەسێکی ناحەزو کورتە باڵایە، بەڵام مێشکێکی درەخشانی هەیە. حەریفێکی بەهێزی ستمبرینییە. بە سەعاتان دەربارەی ژیانو مردن و شەڕو ئاشتیو مێژوو و فەلسەفەو ئاینو ئۆلو ئەو شتانە قسان دەکاتو هەرگیز لە گەنگەشەو موناقەشە دەگەڵ ئەوانی دیدا ماندوو نابێت.

مەدام کلاڤدیا شوشا، خانمێکی گەنجی ڕووسیە کە ڕەزا سووکێکی چاوباشقاڵە، هانس لە ڕۆژانی هەوەڵەوە حەزی لە چارەی نەدەکرد، بە تایبەتی کاتێ کە ئەو دەچووە هۆڵی نانخواردن، بەوپەڕی خەمساردیو بێسەروبەری دەرگاکەی بە یەکدا دەداو دەنگێکی ناخۆشی لێوە دەهات. بەڵام بەرە بەرە چاوانی پڕ نازوو ئەندامی ئەفسووناوی ئەو کاری خۆیان کردو ئەم گەنجە ئەڵمانیە کەوتە داوی ئەشقی ئەوەوە. کلاڤدیا، ئەم ئەفسوونکارە ڕووسیە دڵدارێکیشی هەیە کە پیاوێکی بە تەمەنە. ئەم پیاوە هوڵاندییەکی سیلاویە بە نێوی پیتەر پیپەرکۆرن کە موڵکدارەو لە جاوە مەزرای بەرینی قاوەی هەیە. خوێنەواری و سیواتی نییە، بەڵام بەو نەخۆشیەش، زۆر بە گوڕو چالاکە. سەرەنجام لە هەمان ئاسایشگا ماڵاوایی لە ژیان دەکات.

لێرەدا کچو کوڕی سەڵتیش زۆرن، لەوانە: کارولین شتور، کە ژنێکی گەنجی سووکەو بە هیچ جۆرێ لە هانس نابێتەوە. ماروسیا، کە کچێکی ڕووخۆشی دەم بە خەندەیەو یواخیم دیلو ئەسیری جوانیو نازفرۆشی ئەو بووە. ئەلین براند کە ئافرەتێکی دانیمارکیەو لە ڕێگەی جوانی لەشەوە، ژمارەیەکی زۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.

هانس کاستورپ، ئەندازیاری گەنجی ئەڵمانی، لەم دەڤەرە چەپەكو تەریکەدا، خۆی لە بیر دەکات .دەرامەتی خانەوادەیی ئەو بە ڕادەیەکە، کە دەتوانێ بە کەیفی دڵی خۆی، بۆ هەر

ماوەیەکی بویَ، لەویَندەر بمیَنیَتەوە. تا ڕادەیەکیش بەوە خۆشحاڵە کە تووشی نەخۆشی سیل بووە، چونکە ئەمە هەنجەتو بیانوویەکی باشە بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆی دەگەڵ دنیای دەرەوەدا ببڕێت. لێرەدا ئاسۆی بیری دەکرێتەوەو چاوی بە کۆمەڵێك دنیای نەناسراوی هزرینی بەشەری دەکرێتەوە. دووچاری گۆڕانی جەستەیی‌و دەروونی دەبێت، لە ئاکامی دیدارو هاوڕێتی‌و تێکەڵاوبوون دەگەڵ خەڵکانی دیدا، بە تەواوەتی دەگۆڕێت‌و دەبێت بە مرۆڤێکی دیکە.

ڕۆمانی کێوی جادوو، ڕۆمانێکی ئاشقانەو ئەڤینداری نییە، بەڵام لە جۆش‌و خرۆش‌و سۆزو گودازو ئاشقێنیش خاڵی نییە. مەدام کلاڤدیاشوشا، تا نیوەی ڕۆمانەکە، زیکرو فیکرو خولیای هانس کاستورپ بە خۆیەوە مژوول دەکات. دووجار دێتە خەونی ئەم گەنجە و هەرجاریَ کە دێتە خەونی، بە جاریَ ئاشق‌و شەیدای خۆیی دەکات. سەرەنجام دوای ماوەیەك لە کێشماکێشی دەروونی، هانس لێدەبڕێت کە گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە ڕازی دڵی خۆی بۆ دەدرکێنیَ، ژنەی جوان‌و لە خۆبایی ڕووسی، ئاسایشگاکە بە جێدێڵێت‌و لەو دەڤەرە دەڕوات.

لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەودا، لە تۆ وایە هیچ بیانوو پاساوێك بۆ نووسەر نامێنێتەوە تا لاپەڕەی ڕۆمانەکەی بە جۆش‌و خرۆشی پڕ پێڵ‌و شەپۆلانی دڵداری بارگاوی بکات. نافتاو ستمبرینی دەکات بە گژ یەکداو چەندین فەسڵی دوورو درێژ بۆ نیشاندانی ڕاوبۆچوون‌و گەنگەشەکانی ئەو دووانە تەرخان دەکات. بەڵام پاشان مەدام شوشا دەگەڕێتەوەو ئەمجارە دەگەڵ پیاوێکی بە تەمەنی خەڵکی هۆڵەندادا بە نێوی پیتەر پیپەر کورن، دەگەڕێتەوە.

گەڕانەوەی خانمی گەنجی ڕووسی، بۆ هانس ئومێدو شادمانیەکی گەورەیە، با لەگەڵ پیاوێکی دیکەشدا بێت. هانس لەو ماوەیەدا کە دلبەرەکەی لەوێندەر ڕۆیی بوو، دەستی دابووە هەندیَ کاری سەیر، یەکێك لەوانە ئەوە بوو کە تفاقی ئەسکی کڕی بوو و دەچوو بۆ شاخە بەرزە بەفرگرتووەکان بۆ خلیسکانیَ. ئیدی ئەمە بۆ ئەو دەرفەتێك بوو تا لە چەنەبازی‌و مشت‌و مڕی ئەو جوولەکە بە مەسیحی بووەو لەو ئیتاڵیاییە فراماسۆنە (ماسۆنی) دووربکەوێتەوە. جا بە ڕێکەوت ئەم کارەی هانس بۆ خوێنەرانی ڕۆمانەکەش دەرفەتێك بوو بۆ ئاسوودەیی، بەڵام هانس جارێك سەرکێشی کردو لە کەش‌و هەوایەکی نا لەبارو نا هەمواردا دەستی دایە وەرزشی ئەسکی. بەفرو بۆران دەستی گرتی‌و ئەگەر کوختەیەکی نەدۆزیباوە کە پەنای بۆ برد، ئەوا بێگومان دەکەوتە ژێر بەفرەوەو تیا دەچوو. لەوێدا، لەو ئێوارە سامناکەدا، ترسی مەرگ بە سەریا زاڵ دەبێت‌و ئەو هەودا ئومێدەی کە ئەوی بە ژیانەوە بەستبوو، سست دەبێت، لیَ خۆشبەختانە لە خەوا سرووشێکی بۆ دێت کە "ئینسان، لەبەر خاتری ڤیان‌و چاکە، نابیَ ڕێگە بدات نائومێدی و مردن بەسەر ڕوحیدا زاڵ ببێت." هانس بەیانی سەیر دەکات ئاسمان ساماڵەو هەتاو بە تاقی ئاسمانەوە دەدرەوشێتەوە، بەوپەڕی ئومێدەوارییەوە، وەکو جاران، بەرەو ئاسایشگاکەو هاوڕێکانی دەگەڕێتەوە.

هانس، دەمیَ بوو لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەدام شوشادا بوو، بەڵام چاوەڕوانی نەدەکرد کە دڵدارە بیَ وەفاکەی دەگەڵ پیاوێکی دیکەدا بگەڕێتەوە. ئەمەش یەکێکە لە گەمەکانی

چارەنووس، یا بە شێوەیەکی ئاشکرا تر، جۆری هزرین و نۆرینی نووسەرە سەبارەت بە بەشەر کە چارەنووسی جگە لە تەحەمولی ئازارو ناکامی هیچی دیکە نییە.

بە هەرحاڵ هانس دەرگای دۆستایەتی لە ڕەقیبە بەهێزەکەی خۆی دەکاتەوە. کارو هەڵوێستەکانی ئەو کە زۆر کات مایەی عەزابە، تەحەموول دەکات. بۆ نموونە کاتێ کە خۆپەرستانە دەم لە ئەشق و ژیان دەکوتێ یا تامەزرۆیی خۆی بۆ شەراب و خواردن و ژن نیشاندەدات، یا بە خۆ هەڵکێشانەوە و بە دەنگی بەرز دەڵێت: "ئێستا جەنابی پیپەر کۆرن بۆ خۆی پێکێك مەی هولاندی تێدەکات..." ئەوسا یەکسەری پێکە جنەکەی هەڵدەدا، هەر هەموو ئەم ڕەفتارانە تەحەموول دەکات و ورتە ناکات، بەڵام ئەم سووکە دۆستایەتییەی بەردەوام نابێت. پیپەر کۆرن خۆکوژی دەکات و هەموو ئاشناکانی سەریان دەسوڕمێ. کاتێ ئەو دەمرێت، تروسکەیەکی کزی ئومێد دەمێنێ، بەڵکو کلاڤدیا بەرەو لای ئەو بێتەوە، بەڵام بێهودە، ژنەی ڕووسی لەو دەڤەرە دەڕوات و چیتر ناگەڕێتەوە.

دنیای بێدەنگ و خەمناکی ئاسایشگاکە، دوور لە هەموو کەس و گشت جێیەك، بۆ هەموو نەخۆشەکان ناخۆشە، بەڵام بۆ هانس کاستورپ، هەرچەندە لە واری عەشقدا ناکام بوو، جۆرە مەشغەڵەتێکە. پزیشکەکان پێیان گوتووە کە دەتوانێ لەوێندەر بڕوات و ئیدی چاك بووەتەوەو هیچ مەترسییەکی لە سەر نییە، بەڵام ئەو مۆڵەت وەردەگرێت کە شەش هەیڤی دی لەوێندەر بمێنێتەوە. یواخیم، گوێ بە دەستووری ئاسایشگەکە نادات و لەوێندەر دەڕوات بەو ئومێدەی پەیوەندی بە یەکەکەی خۆیەوە بکات و لە ژیاندا کارێك بکات. بەڵام ئەم سەرپێچییە لە ئەمری پزیشك بە بەهای گیانی تەواو دەبێت، یانی ژیانی خۆی لەسەر ئەم سەرپێچییە دادەنێت. کاتێ بۆ ئاسایشگاکە دەگەڕێتەوە گەییوەتە حاڵی مردن، دایکی بانگدەکەنە دیاری و ئیدی ئەو بە ناکامی ماڵاوایی لە ژیان دەکات.

ناکۆکی و دووبەرەکی کەوتووەتە نێوان دوو زاناکەی ئاسایشگاکەوە. ڕۆژێ کە بەدەم گەنگەشەوە لێیان دەبێت بە قەرقەشە، نافتا هاوار بەسەر حەریفەکەی خۆیدا دەکات کە: "ناکۆکی نێوان من و تۆ، تەنیا بە شەڕە تفەنگ کۆتایی دێت." و "ستمبرینی"ش بەوپەڕی خوێنساردی ئەم پێشنیازە قەبووڵ دەکات. هانس هەوڵێکی زۆر دەدا کە ئەم دوانە ئاشت بکاتەوە، بەڵام هەوڵەکەی بێهودە دەبێت. کاتێ کە زانا ئیتاڵیاییەکە دەبینێ مەسەلەکە جدیە بەحەریفەکەی خۆی دەڵێت کە ئەو گوللەکە بە ئاسماندا دەتەقێنێ چونکە هەرگیز حەز ناکات دەستی بە خوێنی هیچ کەسێك سووربێ و، هەمان کاریش دەکات، بەڵام یارۆی جوولەکەی تازە مەسیحی، لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان نابێتەوە. جارێکی دیکە هاواری بەسەردا دەکات کە : "نا، بەمنەوەی بنێ!"و ئیدی حەریفە ئیتاڵیاییەکە هەڕەشەکەی بە هەند ناگرێت، گوللەکە دەنێت بەلاجانگی خۆیەوەو دوای تۆزێك، خڵتانی خوێن، بەسەر بەفری کۆجاڕەکەدا غل دەبێتەوە. ئەم شەڕی تەن بە تەنەی دوو ئاشناو دوو دۆستی کۆن، لە فەسڵە خەمین و خەمناکەکانی ڕۆمانی مەزنی کێوی جادووە.

بڕواننە لاپەڕەکانی ٧٠٣- ٧٠٦ی دەقە ئینگلیزیەکە، توماس مان بەمجۆرە دیمەن ئارایی دەکات:

لە سەعات حەوتی بەیانی ڕۆژی دواییدا، هێشتا هیچ دیار نەبوو کە هەتاو لە پشت کێوەکانەوە دەردەکەوێت. بەیانی، بەزەحمەت، لە پشت پەڵە تەمتومانەوە دەبینرا کە هانس کاستورپ، دوای بە سەر بردنی شەوێکی ناڕەحەت، "برگهف"ی بەجێهێشت تا بۆ ژوانکە بڕوات. کارەکەرەکان کە لە هەیوانو دالأنەکاندا خجڵی گسکدان بوون، بە سەرسامی سەیریان کرد. دەرگای گەورەی دەزگاکە کرابووەوەو دیار بوو کە فرژو وهسال، بە تەنیاو یا پێکەوە، لە دەرگاکەوە وەدەرکەوتن تا لەو شەڕو دوئێلەدا کە قەرار بوو بکرێت ، یەکێکیان شایەدی ستمبرینی بێتو ئەویتریان شایەدی نافتا بێت .

هانس بە تەنیا دەڕۆیی. ڕۆڵی بێلایەنانەی ئەو ڕێگەی نەدەدا کە ئەو لە گەڵ هیچ یەکێك لەم دوو گروپەدا بڕوات. بەرەو ژوانگەی خۆی دەڕۆیی، خۆ بە خۆو لەبەر خاتری ئەو بەڵێنەی دابوویو بە حوکمی تەبیعەتی خۆی، زەرووری بوو کە لەم بەرخوردەدا ئامادەبێت – لەبەر ئەمە بیٚ هیچ ناڕەزاییەك دەڕۆیی، ئیدی نەیدەتوانی خۆی لەم ڕووداوە دوور بگرێتو لە جێگاکەی خۆیدا وەمێنیٚ تا هەواڵی پێبگات، بۆیە دەڕۆییو ئەگەر بابەتی یەکەمی بەلاوە زۆر گرینگ نەبوو، بابەتی دووەم شتێك نەبوو گوێی نەداتیٚ... و سوپاس بۆ خوا تا ئەو ساتەی کە بیری دەکردەوە هیچ بویەرێکی ترسناك ڕووی نەدابوو- و لەوەش بوو ڕوو نەدات- دیار نەبوو کە بە ڕاستی بەڵایەك بێتە پێشیٚ. ئیدی ئەمانە ناچار بوون بەیانی زوو لە خەو ڕابن، لە بەر چرا خۆ لەبەر بکەنو بەبیٚ ناشتا، لەو سەهۆڵبەندانە کوشندەیەدا خۆیان بگەیەننە ژوانگەی دیاریکراو.

ئەگەر هانس کاستورپ، لە کاتی خۆیدا، خۆی گەیاندبایە ئەویٚ، لەوە بوو لە حوزووری ئەوداو لە ژێر کاریگەری شەخسیەتی ئەودا، وەزعەکە گۆڕاباو لە هەلومەرجێکی چاوەڕوان نەکراودا، بەخۆشی کۆتایی هاتبا- چونکە ئەزموون زۆر جار دەری خستووە کە هەندێجار سادەترین مەسەلە، بە جۆریٚ کۆتایی دێت کە بە هیچ کلۆجیٚ، نایەتە وێناکردن.

بە هەرحاڵ، بۆ هانس کاستورپ، ئەمە ناخۆشترین بەیانی بوو کە لە هەموو تەمەنیدا دیتبووی. هەستی دەکرد هەم نەخۆشەو هەم بێتاقەتو بیٚ حەواس . وەکو یەکێك بوو دانەچۆقێی پێکەوتبیٚو لە ناخی خۆیدا، توانای ئەوەی نەبێت خۆی کۆنترۆڵ بکات. بیرەوەرییەکان یەك بە یەك بە بەرچاویدا تێدەپەڕین. ئەو خانمەی کە لە مینسکەوە هاتبوو، بەدەم مشتو مڕەوە دەگەڵ باندج سازەکەی خۆیدا، بە جۆریٚ تەندروستی تێك چوو کە لە جێدا کەوت- یا ئەو کوڕیژگە مەکتەبلییەی کە نێوی ویدمن بوو و لە گەڵ ئەو نۆلاوە پۆڵاندیەدا کە نیٚ،ی سوننشاین بوو، شەڕی کردبوو- هەموو ئەمانەی تەحەمول کردبوو، بەڵام هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە ببینیٚ دوو دۆست بە بەرچاوی ئەوەوە یەکدی بەر گوللە بدەنو خوێنی یەکدی بڕێژن. کاتیٚ ئەم دیمەنانەی دێنایە بەرچاوی خۆی، گومانی لە خۆی و لەم دنیایە دەکردو لە نێو ئەو پاڵتۆ فەروەی کە لە بەریدا بوو، دەلەرزی، هەرچەندە لە هەمان کاتدا،

حاڵەتێکی نائاسایی، ڕەوشێکی نائاسایی لە دەروون و ڕوحیدا سەری هەڵدەداو لەو کازیوەی بەیانەدا، سەرسامی دەکرد.

لە گورگو مێشو بوڵێڵی بەرەبەیاندا، کە سپێدە بە خاوی سەری دەردێنا، هانس کاستورپ، بە روحیەتێکەوە کە دیلو ئەسیری ترسو ئومێد بوو، بە بزنە ڕێیەکی شاخاویدا، لە گوزەرگایەکی نزیك گوندێکەوە تێپەڕی – خۆی بە بێشەیەکدا کردو دوای ئەوەی لە پردێکی دارین پەڕییەوە، شان بەشانی قەدی درەختەکان، بە ڕێگایەکدا ڕۆیی، کە شوێن پێیەکی زۆر بەسەر بەفرەکەوە دەبینرا. چونکە زۆر خێرا هەنگاوی دەنا، زوو بە زوو لە ستمبرینیو فرژ کە کیفی دەمانچەکەی لە ژێر پاڵتۆکەیدا هەڵگرتبوو، تێپەڕی. هانس نەوەستا تا دەگەڵ ئەو دوانەداو شانبەشانی ئەوان ڕێبکات، پێش ئەوان کەوت تاگەییە نافتاو وهسال کە چەند هەنگاوێك لە پێش ئەوانەوە ڕێیان دەکرد.

"چ بەیانیەکی ساردە! بەلای کەمەوە هەژدە دەرەجە لە ژێر سفرەوەیە!"

ئەو ڕستەیەی بەوپەڕی نیازپاکی گوت، بەڵام زوو بە زوو بۆی دەرکەوت کە قسەیەکی بێتامی کردووە. ئەوسا لە سەری ڕۆیی:

"برادەران! من قەناعەتم هێناوە کە...."

ئەوانی دی هەموو بێدەنگ بوون. سمێڵە چڕەکانی فرژ بەرزو نزم دەبوونەوە. دوای چەند ساتێك ستمبرینی هەڵوەستەیەکی کرد، دەستی هانس کاستورپی گرتو دوای ئەوەی دەستەکەی دیکەشی نایە سەری، گوتی:

هاوڕێم، من نامەوێ بیکوژم! من نامەوێ کاری وا بکەم! من خۆم بۆ گوللەکەی ئەو ئامادە دەکەم! ئەمە ڕێگای پیاوانەیە. من ئەو ناکوژم! باوەڕ بە من بکە."

دوای ئەم قسانە، دەستی پیاوە گەنجەکەی بەرداو کەوتە ڕێ . هانس کاستورپ، زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە . دوای چەند هەنگاوێك گوتی:

"جەنابی ستمبرینی. ئافەرین بۆ تۆ. بەڵام لایەنەکەی دی، ئەگەر ئەویش لەلای خۆیەوە...."

بەڵام ئاغای ستمبرینی سەرێکی لەقاند. نیازی هانس کاستورپ ئەمە بوو کە ئەگەر یەکێك لە حەریفەکان تەقە نەکات، بێگومان ئەوی دیکەش ناتوانێ تەقە بکات، هەنگێ ئومێدێکی ڕزگار بوون پەیدا دەبوو و بە وێناکردنی ئەم کارە، تروسکە ئومێدێك لە دڵیا هەڵبوو. کارەکان بەرەو ئەوە دەچوون کە بە خۆشی کۆتاییان بێتو لەوە دەچوو کە پێشبینیەکانی ئەو بێنە دی.

بە دۆڵێکدا، کە پردێکی پیادەڕۆی بە سەرەوە بوو و تاڤگەکەی ژێری بەستبووی و خامۆش بوو، تێپەڕین. نافتاو وهسال، بە بەردەم تەختێکدا کە بەفر دایپۆشی بوو، هەورازو نشێو دەبوونەوە. ئەمە هەمان تەخت بوو کە هانس کاستورپ لە سەری دانیشتبوو تا خوێنی کەپووی بوەستێتەوەو ئەمە بیرەوەرییەکی زۆر کۆن بوو و لە بەر چاوی زندوو بوو بووەوە. نافتا، خەریك بوو جگەرەی دەکێشا وهانس کاستورپ لێی پرسی کە ئایا ئەویش هەمان کار دەکات، بەڵام بۆی دەرکەوت کە ئەو کەمترین مەیلی بەلای ئەم کارەدا نییە. بە بۆچوونی ئەو ئەم کارە جۆرە نازو خۆ نواندنێك بوو. بە هەستێکی خۆشەوە کە زادەی ئەم ژینگەو دەوروبەرە بوو، هەنووکە

دەیڕوانیە فەزاو هاماجی کڕوکپ‌و سەهۆڵبەندان‌و دەیبینی هەرچەندە چ شکۆفەیەکی شینی ئاسمانی لە ئارادا نییە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر جوانە. ئەو دار هەنجیرە پیرەی کە لەم دیمەنەدا، گوساخانە بۆ پێشەوە داخزی بوو و بن‌و قەدو لق‌و پۆپەکانی بەفر داپۆشی بوون. گوتی:

"بەیانی باش!"

ئەم دوو وشەیەی بە خۆشحاڵییەوە گوت، بەو ئومێدە بوو کە بەو دوو وشەیە سلاوێکی لەم دیمەنە ڕازاوەیەی سروشت کردبێت‌و لە هەمان کاتدا ئەو هەستە شوومە بڕەوێنێتەوە کە باڵی بەسەر دنیادا کێشا بوو، لێ بەختی یار نەبوو چونکە هیچ کەسێك وەڵامی نەدایەوە. سلاوی حەریفەکان لە یەکدی بە سەردانەواندنێکی بێدەنگ کۆتایی هات‌و ئەم سلاوو مەرحەبایە بە ڕادەیەك وشك‌و فەرمی بوو کە نەبینرا. هانس کاستورپ لە بڕیارەکەی خۆی ساردنەبووەوە، دەیویست ئەو هێزو تین‌و تاوەی لەو پیادە ڕۆییە دوورو درێژەوە بە دەستی هێنا بوو، بۆ ئەوانیش بگوازێتەوە، ئەو گەرمیە دڵگیرەی کە بە هۆی جوڵەی چاپوکی ئەو بەیانیەوە پەیدای کردبوو، بکات بە بەر ئەوانیشدا. بۆیە، بێ هیچ سڵکردنەوەیەك و بە ڕوو خۆشییەوە لە سەر قسەکەی ڕۆیی:

"برادەران، من گەیبوومەتە ئەو قەناعەتەی کە...."

نافتا، بە دەنگێکی سارد ، هەودای قسەکەی بڕی:

"ڕای بنجبڕ بۆ کاتێکی دی هەڵگرە!"

و ئەوسا لە سەری ڕۆیی:

"بێزەحمەت چەکەکان ئامادە بکەن!"

جۆرە غروورێکی ئەوتۆ لە قسەکانیدا هەبوو کە هانس کاستورپ، مۆری لە دەمی خۆیداو چاوی لەو گواستەوە. لە هەمان کاتدا فرژ، ئەو کیفە(٢١) مەرگ ئامێزەی لە ژێر پاڵتۆکەی خۆیەوە دەرهێناو دەمانچەیەکی دایە دەست وهسال تا بیدات بە نافتا، ستمبرینی دەمانچەکەی دیکەی لە دەست فرژ وەرگرت، پاشا لە بن لێوانەوە داوای کرد کە هەنگاوەکان بژمێرن‌و بە خۆی کەوتە ژماردنی هەنگاوەکان. ڕۆیی تا ئەو شوێنەی کە هێڵە بێرونیەکانی بە پاژنەی پۆتینەکەی لەسەر بەفرەکە نیشانە کردو پاشان هێڵە دەروونیەکانی بە نووکە دارێك نیشانە کرد.

بەو حاڵەوە، ئەو پیاوە باشە کە ڕەنجی دەکێشاو خەفەتی دەخوارد لە خۆی دەپرسی ئەمە چ کارێکە؟ هانس کاستۆرپ، باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد. فرژ لۆقی درێژ بوون، ئەو پازدە هەنگاوەی کە ژماردبوونی بۆ خۆی مەودایەك بوو، بەڵام ئەم دارە نەحلەتیانە، نێوانیان زۆر نەبوو. بێگومان ئەو کارەی ئەو دەیکرد، لە پێناوی شەرافەتدا بوو، بەڵام ئەمە چ حوکمێك بوو کە ئەوی ناچار دەکرد کە لەم ڕێوڕەسمە ترسناکەدا، ئامادە بێت.

نافتا پاڵتۆ فەروەکەی خۆی لە سەر ئەرزەکە دانابوو، بە جۆرێ داینا بوو کە ئەستەڕەکەی دیار بوو. دەمانچە بەدەست بەرەو ئەو نیشانەیە ڕۆیی کە دایان نابوو. لە هەمان کاتدا فرژ خەریك بوو، لایەکەی دیکەی نیشانە دەکرد. کاتێ کارەکە تەواو بوو، ستمبرینی، دەمانچەکەی

بەدەستەوەگرت و بە پاڵتۆ فەروەکەیەوە کە زۆر بە شلو شێواوی دوگمەکانی پێشەوەی کرا بووەوە، چوو بۆ جێگاکەی خۆی. هانس کاستورپ بە تەکانێکی توند، خۆی لەو لاوازی و تەزووە ڕزگار کرد کە بە دزییەوە سەراپای گرتبوو، پاشان، هەرچەندە دەیزانی نابێ بەڵێنەکەی خۆی پێشێل بکات، بە دەنگێکی گیراو گوتی:

"ئاغایان! پەلە مەکەن، بە هەرحاڵ ئەمە ئەرکی منە کە..."

نافتا، بە نەڕەیەك قسەکەی بڕیو بە توندی گوتی:

"بێدەنگ ! ئاماژە بدەن!"

بەڵام هیچ ئاماژەیەکیان نەدا. پێشتر قەراری شتی وایان نەبوو. هەڵبەتە دەبوایە نەفەرێك ئەمری دابایە: "تەقە بکە!" بەڵام ئەوان ئاگایان لەوە نەبوو کە ئەم کارە ئەرکی کەسێکی بێلایەن بوو. هانس کاستورپ بێدەنگ بوو و کەسیش لە جیاتی ئەو قسەی نەدەکرد.

نافتا گوتی:

"ئێمە دەست پێدەکەین..."

هەنگیێ، ڕوو لە نەیارەکەی هاواری کرد:

"ئاغا وەرە پێشترەوەو تەقە بکە!"

خۆیشی، لە حاڵێکا کە دەستی درێژ کردبوو و ڕێك نیشانەی لە سینگی حەریفەکەی گرتبووەوە، هاتە پێشەوە دیمەنێکی باوەڕ نەکردەنی بوو. "ستمبرینی"ش هەمان کاری ئەوی کرد. لە سێیەمین هەنگاودا، ئەوی دی بێئەوەی تەقە بکات، گەیی بووە پاڵ محەجەرەکە.

ئەو کابرا ئیتاڵیاییە، ڕووی دەمانچەکەی کردە ئاسمانو تەقەی کرد. دەنگی فیشەکەکە، چەند جارێك لە دۆڵەکاندا دەنگی دایەوە. دەنگەکە بە جۆرێ لە میان چیایەکاندا شەپۆلی دایەوە کە هانس کاستورپ، وای وێنای کرد کە هەنووکە هەموو خەڵکی ئەو دەڤەرە، بە ترسەوە لەخەو ڕادەبنو هێرش بۆ ئێرە دێنن.

نافتا لە کاتێکا دەستی خاو دەبووەوەو دەهاتە خوارەوە، بە کاوەخۆ ڕوو لە ستمبرینی گوتی:

"خۆ تۆ تەقەت بۆ ئاسمان کرد!"

ستمبرینی بەرسڤی دایەوە:

"نیشانە گرتنەوە بە ئارەزووی منە!"

نافتا بە زمانێکی ئامیرانەوە گوتی:

"دووبارەی بکەوە!"

"من نیازی شتی وام نییە! ئێستا نۆرەی تۆیە!"

ئاغای ستمبرینی بە جۆرێك وەستا بوو کە ڕووی لە ئاسمان بوو و بۆیە وەکو تاپۆیەك لە هەنبەر حەریفەکەیدا وەستا بوو. بە ڕاستی ناخۆش بوو کە حەریفان نەدەبوو ڕێك ڕووبەڕوو بڕواننە یەکدیو سینگ بۆ گوللەی ڕەقیب والا بکەن.

نافتا هاواری کرد:

"نامەرد!"

ئەم هاوارەی کە لە سینەی ئینسانێکەوە هەستا، نیشانەی ئەمە بوو کە کوشتن شەهامەت‌و غیرەتێکی زیاتری دەویٚ تا بکوژرێ. دەمانچەکەی بەرز کردەوە، بەڵام نەك بەرەو حەریفەکەی، بەڵکو بەرەو لاجانگی خۆی‌و، تەقاندی.

بە ڕاستی دیمەنێکی دڵتەزێن و ناخۆش بوو. لەو ساتەدا کە کۆجارەکان دەنگی گوللەکەیان وەکو گۆیەك دابووە ناوو یاریان دەکرد، ئەو گێژی خوارد، بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە، یەك دوو هەنگاو بۆ دواوە ڕۆیی، هەردوو پێی لێکدی ئالان، بە هەموو کەلەشیەوە بەلای ڕاستدا خوار بووەوەو هەنگیٚ بە دەمدا، کەوتە سەر ئەرزەکە کە یەکپارچە بەفر بوو.

هەمووان، بە واقی وڕەوە لە جێی خۆدا وەستان. ستمبرینی یەکەم کەس بوو کە خۆی گەیاندە دیاری. دەمانچەکەی فڕێدایە لایەکەوەو گوتی:

"نەگبەت! بزانە لە پێناوی خۆشەویستی خودادا چیت بە خۆت کرد!"(٢٢)

هانس کاستورپ، دانەوییەوەو جەنازەکەی خستە سەرپشت. زامێکی خوێناوی تاریك بەلاجانگییەوە بوو. هەموو ڕوانیانە ئەو سیمایەی کە هەرکەسێك دیتبای حەزی دەکرد دەستماڵێکی ئاوریشمینی سپی پێدا بدات، لە هەمان ئەو دەستماڵەی کە سوچێکی لە گیرفانەکەی بەر یەخەی نافتاوە دیار بوو(٢٣).

هانس، دەڕوانێتە ئاسۆی ژیانی خۆی، لەم دۆڵی نەخۆشانەدا، ڕاستە کە ئەو گەنجێکی ناپوختە بوو، هیچ زانیارییەکی نەبوو و هیچی لە دنیادا نەدەزانی‌و ئێستا دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ، خوێنەوارو بە ئەزموون‌و ئاقڵ بوو بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی لەم ساڵانەدا دیتبووی، جگە لە خەم‌و پەژارە هیچی دی نەبوو. ڕۆژێك نەبووری بوو کە بە بیستنی هەواڵێکی دڵتەزێن، ڕانەچڵەکیٚ‌و ڕوندك بە چاوانیدا نەیەتە خواریٚ.

کۆجاڕی داڤۆس لە شوێنانی دیکەی دنیا جیا بوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە بەشێك بوو لەم دنیایە. ئاسایشگای برگهف، شوێنی ئیسراحەت‌و حەسانەوەی دەستەجەمی بوو، بەڵام لە نیگەرانی‌و ململانیٚ‌و کێشماکێش‌و مردن بە دوور نەبوو .

سەرەنجام ، لە هەمان ئەو ڕۆژانەدا کە بە چاوانی خۆی بینی دۆست‌و ناسیاوێکی دیکە، کە بە گوللەیەك خۆی کوشت، بە گوێی خۆی بیستی کە لە شاری سەرایڤۆ لە سربستان، گوللەیەك بە دەستی کەسێکی نەناس تەقێنراوەو وەلیعادی نەمسا، هنگری لە خاك و خوێن گەوزاوەو دوای ئەوە جەنگی ئیقلیم گیر هەڵگیرساوەو دەستی پێکردووە. بۆیە چیتر ناتوانێت لەم دەڤەرەدا هەڵبکات‌و بمێنێتەوە. ئیدی پێی خۆش بیٚ یا ناخۆش، دەبیٚ لەوێندەر بڕوات‌و شان بە شانی جەنگاوەرانی ئاڵمانی بچێتە مەیدانی شەڕ. ئەفسوونی ئەم کۆجارە و ئەم ژیانە کۆتایی هات.

با پێکەوە تەمەشای دوا دێرەکانی ڕۆمانی کێوی جادووی توماس مان بکەین:

چیە: لە کوێین و ئەم دێوەزمەیە بەرەو کوێمان دەبات؟ سپێیدەیە، باران‌و قوڕاو. بریسکەی ئاگرینی خومپاران لە ئاسمانی تاریکدا چەخماخە دەدات. گرموهۆڕی بەردەوامی هەورە گۆڵەیە، کە دڕ بە هەوای نمسار دەدات‌و دەنگی لوورە ئاساو تووڕەی تۆپانە کە وەکو خرۆشی تولە پڵینگی دۆزەخ هەر جاریٚ کە دەنەڕێنیٚ، دەدڕیٚ، وردوخاش دەکات، لە نێو دەبات. ئیدی

تەقینەوەیەو بڵاچەو چەخماخەو دوا بە دوای ئەو ناڵەو هاوار و لەم هەراو هەنگامەیەدا، دەنگی بەرزی شەیپووران کە بە جۆرێ فوویان پێدا دەکەن خەریکە پارچە پارچە دەبن، دەنگی تەپڵان خێراو خێراترو، هەنگی جەنگەڵێکە کە لە ناخی خودی خەڵکانی خاکی پۆشەوە دێتە دەرێ، خەڵکانێك بەدەم هێرشەوە دەکەون و هەڵدەسنەوەو دیسان هەڵدەستنەوەو لە سەر هێرشی خۆ بەردەوام دەبن و، لەو بەرەوە ریزە شاخێکە کە سەر لە ئاسمانی ئاگرین دەسوون و هەر تۆپەو ناو بە ناو، لە وەخت و ناوەختدا، لە ئاسۆوە چەخماخەیەك دەدەن و دەبن بە مەشخەڵێن خرۆشاو— بە دەوری ئێمەو مەزراکاندا دەسووڕێنەوە، ئەو زەوی و زارە داچێنراوانەی کە پێشێل کراون و ناهەموار بوون، هەمووی لە قوڕا هەڵکشاوە— جادەکە لەمبەرەوە تا ئەوبەر هەر هەمووی قوڕە، کە بە هۆی لقی شکاوو کەوتووی درەختانەوە تەواو گۆڕاوە و لەوێوە عەرەبانە ڕێیەك کە بە تەواوتی ژێرو ژوور بووە، بە پێچە زۆرو زەبەندەکاندا، بەرەو گردە دوورە دەستەکاندا دەڕوات. ئیدی هەر قەدی درەختانە بە شکاوی و ڕووتی بەرچاو دەکەون و بارانێکی سارد سێڵاو ئاسا دێتە خوارێ. بڕوانە! لەوێندەر چەخەرێك (کێلکا سەر ڕێکی) هەیە. بەڵام بە چ دەچێت؟ لەم تاریکستانەدا، هیچ شتێك دیار نییە، نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا؟ کوێ کوێیە؟ دەشتێکە بەرین و جەنگ فەرمانڕەوایە— ئێمە وەکو سێبەرێن تێك ترنجاو واین و خزاوینەتە سووچێکەوە ولە سێبەری خۆشمان دەترسین و ورتەمان لە خۆ بڕیوەو بە هیچ جۆرێ نیازی ئەوەمان نییە زار هەڵێنین و دوو فشە بکەین. خوا خوامانە جارێکی دی لە نێو ئەم هاوشارییە خاکی پۆشانەدا کە بەدەنگی تەپڵ و دەهۆڵان هاتوونەتە جۆش، غار دەدەن و ڕەت دەبەن، دەکەون و دیسان کۆمەڵێکی دی لە پشت بێشەیەکەوە دەردەکەون، تاقە ناسیاوێك بدینین و تەمەشایەکی ئەو سیمایە بکەین، کە ساڵانێکە دەیناسین و ئەو یاخییە خۆش مەشرەبە، کە دەنگی بەو ڕادەیە لە گوێماندا ئاشنایە، پێش ئەوەی بۆ هەمیشە لە دەستی بدەین، ببینین.

ئەم هاوشاریانەیان، کە جارێکی دی، بۆ هێرش لە دوا شەڕدا، کە بە درێژایی ڕۆژەکە بەردەوام بوو، هێناوەتە ئێرە، بەو ئومێدەی سەنگەرو پێگە چیاییەکان و ئەو گوندە سووتاوانەی کە پێرێ لەلایەن دژمنەوە گیرا بوون، وەربگرنەوە. ئەم فەوجەی کە شەڕ دەکات بریتییە لەو نۆلاوانەی کە خۆبەخشانەو بە خوایشتی خۆیان هاتوونەتە مەیدانی شەڕو هەموو بە جۆش و خوێنگەرمن. شەوێ کۆیان کردوونەتەوەو لە قیتاریان ناون و هەموو شەوەکەیان بەڕێوە گوزەراندووەو بەم بەرەبەیانە باراناوی و بەم گوزەرگا ناڕەحەت و ژێرو ژوور بووانەدا بۆ ئێرەیان هێنابوون، دوای حەوت سەعاتە ڕێی خشت بە کۆڵە پشتی و پاڵتۆی تەڕەوە، بە ناو دڕکەڵان و شۆو هەردا، ئەوسا گەییوونەتە ئێرە. ئەم سەفەرە، سەفەری گەشت و گەڕان نییە. ئەگەر یەکێك وریا نەباو پێی لە شوێنی پێی ئەوەی پێش خۆیەوە دانەبابا، لە گەڵ هەر هەنگاوێکدا، بە چۆکا دەهات و ناچار هاواری بۆ کەسێکی دی دێنا تا لە قوڕو قوڕاوی دەربێنێتەوە. پەڕینەوە لە هەر مەزرایەك پتر لە یەك سەعاتی دەخایاند. سەرەنجام گەییبنە شوێنی مەبەست — شەکەت و ماندوو، لە پەلوپۆکەوتگ— بەم حاڵەشەوە بەهۆی هێزی گەنجانەوە، هەر بە پێوە بوون— بەبێ ئارەزووی خەوتن یا خواردن کە تا ئەو دەمە لێیان قەدەغە کرابوو، هەر بە پێوە بوون. سەروچاوی تەڕو

قوڕاویان کە لە چوار چێوەی قایش و قروش و کڵاوخودە خاکیەکانیاندا جەڕی بوون، سوور بووبوونەوە- ڕەنگە لەبەر ئەوەش وا سوور هەڵگەڕابن کە لەو تولە ڕێگایانەی نێو بێشەکەدا، کەسانی خۆیان دەبینی کە تیا دەچوون. دژمن لە هاتنی وان ئاگادار بوو بووووەوە، بۆیە یەك زنجیرە لەمپەریان لە تۆپی کالیبەرو تەنوورە، لە سەر ڕێگایان نابووەوە. ئەم تۆپ و خومپارانە لە نێو ئەم بێشەیەداو لە سەر ڕێگایاندا دەتەقینەوە. ئاگرو مەرگ و دووکەڵ لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبووەوە. بەڵام ئەمان چاریان نەبوو، دەبوایە پێشڕەوی بکەن — ئەم سێ هەزار نۆڵاوە خوێنگەرمە، دەبوایە بە سەرە نێزەکانیانەوە هێرش بۆ ئەو گوندانەی کە لە حاڵی سووتاندا بوون، بۆ سەر سەنگەرو مەتەرێزی دژمن کە لە پاش و پێشی جەبهەکەدا، لێیان دابوون، بەرن- دەبوایە بەرەو خاڵێك بڕۆن کە فەرماندەکەیان نەخشەکەی لە گیرفانی خۆیدا شارد بووەوە. ئەمانە سێ هەزار نەفەرن، بەڵام کاتێ دەگەنە گردو گوندەکان، بەلای کەمەوە دەبێ دوو هەزار نەفەرێك بن. ئەمانە هەرچەندە فەوجێکی سێ هەزار نەفەری بوون، بەڵام یەك یەکە بوون و ئەگەر لێشیان زایە بوایە، دەبوایە لە کاتی هێرشکردن و گەییشتن بە سەرکەوتندا، هەڵهەڵەی هەزار نەفەرێك بۆ ئاسمان بەرز ببوایەتەوەو ئەوانەی کە ناو بە ناو تەختی زەوی دەبوون و زایە دەبوون، حیساب نەکەن.

لەم پێشڕەوییە ناچارییەدا زۆریان یەك یەك تیا چوون و زایە بوون. ئەوەی کە تەمەنی کەمترو لاوازتر بوو، ڕەنگی هەڵدەبزڕکاو دانی لێکدی دەسوو و بەلارەلار خۆی بکێش دەکردو شان بە شانی ئەوانی دی دەڕۆیی و سەرەنجام وێڕای هەموو هەوڵێکی خۆی، لە پێ دەکەوت. هەندێکی دی لە کۆتایی ڕیزەکەوە دەمایەوەو سەربازانی فەوجەکە پێشیان دەکەوتن و لە کۆتاییدا دەکەوتنە سەر زەوی و بێ گۆڕ دەمانەوە. لە هەموو ئەمە خراتر پەڕینەوە بە جەنگەڵ و بێشەکەدا بوو کە لە هەموو شوێنەکانی دی کوشتاری زیاتری تیادرا. بەڵام ژمارەیان یەجگار زۆر بوو و کەم نەدەبوونەوەو بە کۆمەڵ دەهاتنە پێشێ. بە ئاستی جیاجیای ئەرزەکەدا تێدەپەڕین: بە نشێوانی قوڵا، بە هەورازا، بە جادەی باریکدا، بە گوزەرگای نا هەمواردا — و ئێمە وەکو سێبەر لە ناویاندا بووین، لەو شوێنەوە کە بێشە دەستی پێدەکرد، ئەوان سەرەنێزەکانیان لە تفەنگەکانیان دەبەست و ئامادەیان دەکرد. دەنگی شەیپوران هانی دەدان کە پێشڕەوی بکەن و دەنگی تەپڵ تێکەڵ بە هاواری ئەوان دەبوو، هانیدەدان کە بجوڵێن و هەڕنە پێش- و ئەوان پێشڕەویان دەکردو دەکەوتن و هەڵدەستانەوە- لە تۆ وایە بەدەم خەوەوەن و مێردەزمە سواری سەریان بووە- ئەو تۆپەڵە قوڕانەی کە بە چەکەکانیانەوە نووسا بوو، هێندە لینج بوو لە تۆ وایە زنجیرەو لە پێیان بەستراوەوە بە ئەرزەکەوەی دەبەستن.

لەو کاتەدا کە خومپارەیەك بەگڤ و هۆڕ لە عاردی دەدا، ئەوان خۆیان بە عاردیدا دەدا، پاشان هەڵدەستانەوەو درێژەیان بە پێشڕەوی خۆیان دەدا. کاتێ کە بۆیان دەردەکەوت هێشتا زندوون و بریندار نەبوون، ڕادەبوون وبەدەم غاردانەوە هەناسەی ئۆخەیان هەڵدەکێشا. کاتێ دەپێکران،دەکەوتنە سەر زەوی، بە دوو دەست دەکەوتنە هەوڵ و تەقەللا . زۆری پێنەدەچوو کە گوللەیەك بەر تەوێڵ، یا دڵ و یا سکیان دەکەوت و کاری دەکردن، هەنگێ دەمەو ڕوو دەکەوتنە

سەر گڵەکەو ئیدی جوڵەیان نەدەکرد. ئیدی کۆڵەپشتیەکانیان لەپشتەوە دەردەکەوت – کڵاوخودەکانیان لە قوڕ چەقی بوو و لە دوورەوە دیار بوو. بەڵام ئەمە کۆتایی کارەکە نەبوو– دیسان نەفەر لە دووی نەفەر –گروپ لە دووی گروپ– بەدەم کەوتن و هەستانەوە دەهاتن، هاواریان لیّ هەڵدەستاو زایە دەبوون.

سەد حەیف و مخابن بۆ ئەم خوێنگەرمە – ئێستا کۆڵەپشتیەکی بە کۆڵەوەو تفەنگێکی بەدەستەوەیەو سەراپای جل و چەکمەکانی لە قوڕا هەڵکشاوە. تەمەشای دەکەین و دیدی ئینسان بین و جوانی ڕوانی ئێمە تامەزرۆیە کە بیدینیّ– بەڵام نەك لەم شوێنە، بەڵکو لە کەناری دەریاو لە ڕۆژێکی هەتاودا– لەو شوێنەدا کە ئەسپەکەی خۆی لە دەراوی ڕوبارێکدا ئاو دەدات – دەگەڵ ماشقەکەی خۆیدا لە کەناردا پیاسەو ڕاوێچکە دەکات– لێوانی شەیدای ئەو بە گوێی هەستیاری دەزگیرانەکەیدا دەچپێنیّ و لەخۆشترین هەلومەرجدا، تەحەدای حەریفەکەی دەکات کە بێتە مەیدانی ڕکابەری، حەیف – لێرەدا وانییە، کەوتن بەڵام بێگیان لووتیان لە قوڕو قوڕاودا چەقیوە.خۆشحاڵن کە لەم شوێنەدان – هەرچەندە دەروونیان پڕە لەخەمی بێکۆتایی و هیواو ئاواتی پەنهان بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵ– و ڕاستە کە ئەم گیانبازیە، ئەرکێکی شەریفە– بەڵام بەڵگەیەکی قەناعەتبەخش نییە.

لەم شوێنەدایە هاوڕیّ دێرینەکەمان –هانس کاستورپ، دەناسینەوە، لە دوورەوە، بەو تەنکە ریشەوە کە لەم دواییانەدا دابنابوو تا لە کۆڕی "مێژی ڕووسانی بەدناودا(٢٤)" دیار بێت، دەیناسینەوە. سەراپای تەڕەو دەموچاوی سوور هەڵگەڕاوە، غار دەدات، تا ئەژنۆکانی لە قوڕدایەو تفەنگە قەمەدارەکەی بەدەستیەوە دەجووڵێت. تەمەشاکەن! پێیە قورسەکەی نایە سەر دەستی هاوشاریەکەی کە لە عاردیدا کەوتبوو– ئەو چەکمە بە ناڵچانەی بەجۆریّ نایە سەر ئەو دەستە کە لە قوڕەکەدا نقوم بوو. بەڵیّ خۆیەتی. تەمەشاکەن خەریکە گۆرانی دەڵیّ. ئەمە عەنتیکە نییە؟ سەربازێك کە هەڵیکردووەتە سروودو گۆرانی، بیّ ئاگا لە خۆی یەکڕاست دەڕوانێتە پێشیّ. ئەویش واهیە. بە هانکە هانك، هەندێجار بە وشەێن ئاڵۆزو نامەفهووم، بەمجۆرە گۆرانی دەڵیّ:

"و لەسەر لق و چڵە ناسکەکانی،

وشەێن ئاشقانەم، نەخشاندووە..."

لە ناکاوا، ڕەت دەبات، سەرسم دەدات، ئەمە ئەوەیە کە خۆی بە عاردیدا داوە. گوللە تۆپێك، بە لووره لوور وەکو تولە پڵینگی دۆزەخ بەرەو ڕووی دێت. ئەم گەنجە بە سیمای قوڕاویەوە لە عاردی کەوتووە، ئەژنۆکانی چەمیونەوە، لاقەکانی لێك بڵاوبوونەوەو پاژنەکانی لە عاردی چەقیون. ئەم گوللە تۆپە لە بەرهەمەکانی زانستی بەشەرە، بەڵام زانستێك کە لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە، زانستێك کە مەرگ بەرهەم دێنێت – لە سیّ شەقاوی ئەوانەوە، بەدەنگێکی سامناکەوە دەکەوێتەوە، لووتی دەکات بە ئەرزەکەداو هەنگیّ دەتەقێتەوە– هێزێکی قورسی شوومە کە بە بەرزی باڵاخانەیەك، فوارەی گڵ و ئاگرو ئاسن و پارچە گۆشتی ئینسان دەبات بە ئاسماندا. لەو

شوێنەدا کە کەوتەوە دوو گەنج لە خاك‌و خۆڵ گەوزان، دوو هاوڕێ بوون کە دیار بوو، کرا بوون بە نیشانەو هەنووکە جەستەی پارچە پارچەیان تێکەڵاوی یەك بوون‌و لە چاو ون بوون.

شەرم بۆ ئەم شوێنە ئەمنە سێبەر ئاسایەی ئێمە! بەڵام چی لە هاورێکەی خۆمان بکەین؟ ئایا ئەویش بەر گولله تۆپ کەوت؟ بۆ ساتێك وای بە خەیاڵدا هات. کلۆ کە سەکێکی ڕەق بەر ڕانی ئەو کەوت‌و ئازاری پێگەیاند، بەڵام پەکی نەخست. بە خۆشحاڵییەوە لە جێی خۆی هەستاو گێژو وێژ، بەو گوزەرگا قوڕاویەدا، درێژەی بە پێشڕەوی خۆی دا، بێئاگا لە خۆ ئەم گۆرانیەی دەگوت:

"لق‌و چڵە بە شەپۆلەکان

پەیامێکی لەم جۆرەیان

بە گوێی مندا دەچپان..."

ئەوسا، لەو ئاشوب‌و ژاوە ژاوەدا، لەو باران‌و دوا تاریکیەدا، لە چاوی ئێمە ون دەبێت.

بەدوعا هانس کاستورپ، بە دوعا! ئەی منداڵە ناسکەکەی ژیان بە دوعا! چیرۆکی تۆ گێڕدرایەوە. چیرۆکی تۆ تەواو بوو، چیرۆکێك کە نە کورت بوو و نە درێژ، بەڵام هونەرمەندانە بوو. لەبەر خاتری خۆمان گێڕامانەوە نەك بۆ تۆ کە کەسێکی سادە دڵ بوویت. ئەمە سەربهوودرو وایقاتێك بوو کە بەسەر تۆدا هات، هەڵبەتە ئەم سەرگورشتەیە لەوە زیاتر بوو کە تەسەورمان دەکردو نکۆڵی لەو ڕاستیە ناکەین کە ئەمە بێ توانایی هونەریی گوتاری ئێمە بوو، دەنا ئەگەر باشترمان بگوتبایە، ئەوەمان وێنا کردبا کە جارێکی دی تۆ نابینینەوە و دەنگی تۆ ناژنەوین، فرمێسکمان لە چاوان دەباراند.

بە دوعا، تۆ چ لە ژیاندا بی چ مرد بی. دیدی تۆ بۆ لاپەڕەی ژیان سنووردارە. ئەو سەما نائومێدانەیەی کە شادی تۆی حەشارداوە، ساڵانی گوناح ئامێز چەند درێژا بکێشێت‌و ئێمە تا ڕۆژی خۆی گرەوی گەورەی لەسەر ناکەین . تەنانەت دان بەم خاڵەشدا دەنەین کە سوور نین لە سەر ئەو شتانەی دێنە پێشێ. ئەوەی بەسەر جەستەی تۆدا تێپەڕی‌و ئەوەی لە ڕوحی تۆدا روویدا، لە حاڵێکا کە سادەیی‌و سادە دڵی تۆی دەنواند، ئەو بەهرەیەیان بە تۆ بەخشی کە لە دڵ‌و دەروون‌و ڕوحی خۆتدا بۆ شادمانی و خۆشییانێك بگەڕێیت کە جەستەی تۆ توانای ئەوەی نەبوو ئەوەت پێ ڕەوا بدینێت. لە تەمەنی تۆدا، هەندێ ساتی دوور لە مەرگ‌و بەدەر لە تۆغیانی جەستە، بەسەر تۆدا تێپەڕی کە کاتێ پەیت بە کرۆك وجەوهەری دەروونی خۆت برد،هەنگێ کەوتیتە ناو خەونی ڤیان‌و ئەشقەوە. لە نێو ئەم زیافەت‌و دەعوەتە جیهانییەی مەرگەوە، لەم ئاسمانی دەمی شێوانەوە، کە باران شۆردویەتیەوە، کە بڵاچەی ئاگری تۆپ‌و هاوەن روناکی دەکاتەوە، چ دەبێ ئەگەر ڕۆژێك خواوەندی ئەشق لە ماڵی دڵی تۆدا لابداو بگیرسێتەوە!

توماس مان، ناسك‌و ڕازاوە دەنووسێت. قسەی ئەو سەر ڕێژە لە چەمکێن جۆراو جۆر. جارێ ئاشقانە و ڕۆمانسیە، دەمێ تەنز ئامێزەو هەندێجاریش، بە نوکتەو پێکەنین بارگاویە. شێوازو ستایلێکی دیاری نییە، دەمێ ڕیالیستە و دەمێ سەمبولیست، یانی هەم بەلای حەقیقەتگەرای‌و واقیعبینیدا مایلەو هەم میتافۆر و ڕەزمزو ڕازی پێخۆش‌و لەلا پەسند بوو. بەڵام هەر چیەك هەیە، شێوازی نووسینی ئاسان نییەو تێگەییشتنی بابەتەکانی ئاسان نییە. مەبەست‌و ئامانجی ئەو

مرۆڤە، مرۆڤ بە هەموو شکۆو جوانیو هەستێکیەوە. هەمیشە بەزەیی بە ئینساندا دێتەوەو دڵی بە حاڵی دەسووتێتو نیگەرانی چارەنووسی ئەوە. هەر بۆیەش دەتوانرێ، بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمەکانی توماس مان، بە جیلوەگایەك بۆ نواندنی ئینسانیەت و مرۆڤایەتی ناو ببرێت.

لە نێو بەرهەمە هەمە جۆرەکانی ئەودا، دەتوانرێت کێوی جادوو بە بیرنامەیەك دابنرێت کە هەر خوێنەرێك بە جۆرێ لەزەتی لێدەبینێ. بۆ خوێنەرێکی کتێب دۆستو جدی ئەم بەرهەمە چیرۆکێکی دڵگیرە دەربارەی ئاسایشگایەكو دنیای تایبەتی کۆمەڵێك خەڵکی سیلدار. بۆ ئەدیبێکی هۆشمەند، کەلتوورنامەیەکە سەر ڕێژ لە مەسەلەێن فەلسەفیو سیاسی و کۆمەڵایەتی — لێ ئەوەی لەم بەینەدا گرینگ و بایەخدارە، قەڵەمی سیحراوی و لە هەمان کاتدا نهێنی ئامێزی نووسەرە. ڕەنگە توماس مان، بە خۆیشی لە سەرەتای دەستپێکی نووسینی ئەم بەرهەمەوە، تەسەوری ئەوەی نەکرد بێت کە چ شاکارێك دەئافەرێنێ. خۆی گوتەنی لە ڕۆژی یەکەمدا، نیازی وابووە کورتە چیرۆکێك بنووسێت کە دیمەنی مەرگو ئەوپەڕی زاڵی ئاشووب بەسەر سیستەمی ژیانو هەروەها چۆنیەتی مامەڵەی کۆمیدیانەی بۆرژوازی دەگەڵ ڕووداوە دڵتەزێنو کارەساتبارەکانی ژیاندا وێنەبگرێت(٢٥)."

بەڵام بە پێچەوانەی ویستی نووسەرەوە، ئەم چیرۆکە بوو بە داستانێك دەربارەی ژیانی فانی بەشەر، لە کتێبی بچووکەوە بوو بە "ئەدەبنامە"یەکی گەورەی پتر لە هەوت سەدو بیست لاپەڕە، کە لەوێدا باسی هزرینو بیرکردنەوەی گەلێك لە هزرڤانانی ئەو ڕۆژگارو سەردەمە کراوە. ناودارانێکی وەکو گوتە، شوپنهاوەر، نیتشە، پترارك، شیلەرو ڤۆلتێرو ئەوانە لە بندێڕی ئەم ڕۆمانەدا بەرجەستە بوونو دیارن.

لەلایەکی دیکەشەوە، زمان و نووسینی نووسەر، بە ڕادەیەك بووە بە مەیدانی خۆنوێنی، کە لە هەندێ شوێندا، ڕستەکان هێندە ئاڵۆزو قورسن، کە بە ئاسانی نایەنە فامینو شرۆڤەو پاچڤە.

لە ڕۆمانی کێوی جادوودا، خوێنەری وردبینو زیرەك هەست بە پەیامێك دەکات کە نووسەر بۆ خۆی هەڵیبژاردووەو لەم چیرۆکەدا دەری بڕیوە، ئەویش ئەمەیە کە: "ژیان بەبێ هەوڵو کۆششو جوڵە، ژیان نییە، ئەوەی کە بیر لە ژیان دەکاتەوە، تا تێکەڵ بە ژیان نەبێت و دەگەڵ خەڵکی دیکەدا تێکەڵ نەبێتو نەکەوێتە ململانێو خەبات، ناتوانێ لە مانای ڕاستەقینەی ژیان بگات."

سالآنێکی زۆر، پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی کێوی جادوو ئەوروپا هەر باسی ئەم ڕۆمانەیان دەکرد.

پاچڤەی ئەم شاکارە، سێ ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی، لە ئەمریکادا هاتە چاپو بڵاوکردنەوەو شۆرەتو نێوبانگێکی گەورەی بە نووسەرەکەی بەخشی، بەڵام نووسەر بەبێ کاری دانەنیشت. لە ساڵی ١٩٣٣دا، توماس مان، خووی دایە کتێبی پیرۆزو چوار چیرۆکی جوانی لە حیکایەتی بە نێوبانگی یاقووبو یوسفی تەوراتەوە هەڵێنجا. ئەم چوار چیرۆکە کە لە سالآنی ١٩٣٣– ١٩٤٣دا بڵاوبوونەوە بریتین لە چیرۆکانی: یاقووب، یوسفی گەنج، یوسف لە میسر،و یوسفی چارەساز. هەڵبەتە ئەم چوار چیرۆکە، کتێبێکی مەزهەبی یا مێژوویی زەمانی کۆن نین، بەڵکو چیرۆکی

تەوراتە کە بۆ خەڵکی سەدەی بیستەمو بە قەڵەمی چیرۆکنووسێکی ساتیریست هاتوونەتە داڕشتن.

ئەشقی هەمیشەیی توماس مان بە گوتە، لە ساڵی ١٩٣٩دا کردیە کارێك کە بکەوێتە تاقیبی شارلوتی دڵداری ڤارتەر و جارێکی دی ئەشقنامەی ژانەکانی ڤارتەری گەنج، سەر لە نویٚ دابڕێژێتەوەو تازە بکاتەوە(٢٦).

کاتیٚ توماس مان لە ساڵی ١٩٥٥دا ماڵاوایی لە ژیان کرد. رەخنەگران زۆریان دەربارە نووسی. هەندێك بە مامۆستای بیٚ چەندو چوونی پەخشانی ئەڵمانی، چیرۆکنووسی زانا، ئەدیبی قۆشمەو تەنزنووسو هەندێکی دی بە کۆی دەنگ بە گەورەترین چیرۆکنووسی هاوچەرخو مودێرینی ئەڵمانیان لە قەڵەمدا، بەڵام لە نێو ئەوانەشدا خەڵکانێك هەبوون، ڕەخنەگرانێك هەبوو کە ئیرادیان لە زمانو داڕشتنەکەی دەگرتو بە نووسەرێکی ئاڵۆزنووس دەژمارد، یا دەیانگوت: "ئەم نووسەرە دڵی نییەو بەزەیی بە هیچ یەکێك لە ئافەریدەکانی خۆیدا نایەتەوە." یان "توماس مان، زۆربەی کات ئینسانەکانو بویەرەکان دەکات بە قوربانی ئایدیولۆژیاو بۆ ئەوەی قسەیٚن زانایانەی خۆی بکات، بیری خۆی دەرببڕێت، بنەماکانی دیکەی چیرۆکنووسی فەرامۆش دەکات..." وێڕای ئەمەش هەر هەمووان لەم هەڵسەنگاندنو داوەرییەدا یەك دەنگ بوون کە توماس مان نووسەرێکی مەزنو کەم وێنەی ئەڵمانەو ڕۆمانی کێوی جادووەکەی شاکارێکی ئەدەبی میللەتی ئەڵمانە.

سەرچاوەو پەراوێز:

١- بۆ ناسینی تەواوەتی توماس مان، خوێنەر دەبیٚ کتێبی بوودن بروك بخوێنێتەوە. ئەم بەرهەمە کە لە ساڵی ١٩٠١دا، کە نووسەر لە تەمەنی بیستو شەش ساڵیدا بوو، لە ژێر سەر ناڤی "سەربهووردی ماڵباتی بوودن بروك"دا بڵاو بووەتەوە. ئەمە دەربارەی کەوتنو نەمانی ماڵباتێکی ناسراوو محافەزەکاری ئەڵمانیە کە لە هەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدەدا، بازرگانانی بەنێوبانگ بوون. ئەمانە تا زیاتر بیٚ پارەو بیٚ کاسبی دەبن، زیاتر خوو دەدەنە کارێن هونەریو کۆکردنەوەی بەرهەمی بەنرخی هونەری. ئەم ڕۆمانە شەقڵو مۆرکێکی فەلسەفی لە خۆ گرتووەو ئەو ڕەخنەگرانەی کە بە هزرو بیری مان ئاشنایی نزیکیان هەیە، باوەڕیان وایە لە کاتی نووسینی ئەم بەرهەمەدا، زۆر لە ژێر باندۆرو کاریگەری شوینهاوەرو نیتشەدا بووەو بیروبۆچوونی ئەوان لە کارو کرداری قارەمانانی ڕۆمانەکەدا وەکو : یوهان بوودن بروك کە قەشەباشیە یا نەوەکانی ئەو: ئانتونی، کریستیان، یا توماس کە تێکڕا گەنجانی رۆشنبیرن، بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

٢- ماشوق دەگەڕێتەوە، ناونیشانێکە کە پاچڤەوانی ئەمریکایی ئەم بەرهەمە لە ڕۆمانەکەی ناوە، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٣٩دا بڵاو بووەتەوە.

٣- مەبەست لە حاڵەتێکی دەروونیە کە فروید ناوی شەپۆلی هۆشی لێناوە.

٤- دكتۆر فاوستۆس، تاقە بەرهەمێکی توماس مانە کە میللەتی ئەڵمان زۆر بە توندی گلەییان لێی هەبوو. ڕەخنەگران پێیان وایە کە ئەم بەرهەمە دژی ئەڵمانە، هۆی ئەم ناڕەزاییەش تەنیا ئەمەیە کە نووسەر، دژی گەندەڵی و خەمساردی و گومڕایی چینی لاوانی ئەڵمانی وەستاوە. مونیکا، کیژی توماس مان، لە یاداشتەکانی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە مۆسیقاو جۆرەکانی، لە بیرو هزرینی بابیدا زۆر کاریگەر بووە. دکتۆر فاوستۆس، بریتییە لە ژیانی ئاهەنگ سازێك بە نێوی ئادریان لوڤەرکوهن کە نزیکەی دوو ساڵ دوای مردنی ئەو، لەلایەن دۆستەکەیەوە هاتووەتە بەرجەستە کردن. ڕەخنەگران باوەڕیان وایە توماس مان لەم بەرهەمەدا هەموو توانای خۆی لە سیمای ئاهەنگسازێکی گەنجدا، بەرجەستە کردووە.

٥- کورتەیەکە لە پێشەکیە سخ‌و چڕەکەی هنری هاتفیلدی ڕەخنەگری بە نێوبانگی ئەمریکایی ( یەکێکە لە توماس مان ناسە ناودارەکانی جیهان) لە کتێبی "توماس مان، بە قەڵەمی هنری هاتفیلد" کە لە ساڵی ١٩٦٢دا لە لایەن ئالفرید ئاکنوفەوە بڵاوکراوەتەوە، ل ٤-٥.

٦- هەموو ڕەخنەگرەکان لە سەر ئەم باوەڕەن‌و ڕوی پاسکال مامۆستای خانەنشینی ئەدەبیاتی ئاڵمان لە زانستگەی بیرمنگام بە ڕاشکاوی لە (بریتانیکا)دا ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کردووە (بەرگی ١١، ل ٤٥٥)

٧- ریچارد ویلهلم واگنەر (١٨١٣- ١٨٨٣) هەر ئاهەنگساز نەبوو، بەڵکو نووسەر، تێوریسین، توێژەرو دانەریش بوو. زۆر هزرڤانی مەیدانانی جیاوازی ئەدەب‌و هونەری خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بەڵام کاریگەری واگنەر بەسەر توماس مانەوە، زیاتر لە ڕووی موسیقییەوە بوو نەك لە ڕووی نووسەرایەتی.

٨- تیودور فونتان، چیرۆکنووس، شاعیرو ڕەخنەگری نێوداری ئەڵمان، لە ساڵانی ١٨١٩- ١٨٩٨دا ژیاوە، هەرچەندە لە بنەماڵەیەکی فەرەنسی بوو، بەڵام لە زمان‌و ئەدەبی ئەڵمانیدا گەییە پایەیەکی ئەوتۆ کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، لە واری چیرۆکنووسی‌و وتارنووسی بە زمانی ئەڵمانی، میللەتی ئەڵمانی شانازیان پێوە دەکرد. یەکێك بوو لە پەیڕەوکارانی شێوازی تەبیعەتگەرایی ئەمیلا زولا، بەڵام بە خۆی ڕێبازێکی لەم جۆرە چیرۆکنووسیەدا لە پروسیا هێنایە ئاراوە کە پاشان کۆمەڵێك نووسەر هەمان ڕێچکەی ئەویان گرت.

٩- تونیو کروگەر، ئەمڕۆکە ناوێکی ناسراوە لە زمانی ئەڵمانیداو هەندێجار ئەم ناوە وەکو نموونە لە زمانی دیالۆگدا بەکار دەبرێت. هەرچەندە تونیو کروگەر ئافەریدەی توماس مانە بەڵام زیاتر لە نیوەی خودی نووسەرە. هۆی ئەوەی کە شارەزایان، پێیان توماس مان لە ژێر باندۆرو کاریگەری واگنەردایە، ئەمەیە کە مان لە چیرۆکی تونیو کروگەردا، جۆرە لایت موتیڤێکی بەکار بردووە کە لە تەکنیکی واگنەر دەچێت لە واری ئاهەنگسازی‌و ئاوازدانانادا، لەم چیرۆکەدا وەکو چۆن هەندێ بەشی میلودیەك لە

سەمفۆنیەکانی ئاهەنگسازدا دووبارە دەبێتەوە، بەو ئاوایە بابەتێك لە ڕۆمانەکەدا دووبارە دەبێتەوەو بەشێك لە دەقی چیرۆکەکە پێك دەهێنێ. ئەم دووبارە بوونەوەیە لە چیرۆکی تونیو کروگەردا، وشە، دەستەواژە، شتی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت و بە مەبەستی وەیاد هێنانەوەی ڕابردوو یا بەرجەستەکردنی ئاینده، بەکار براوە. خۆ لە ڕۆمانی مرن لە ڤینیسیادا ئەم تەکنیکە بە زەوق و سەلیقەیەکی فراوانترەوە، بە مەبەستی نیشاندانی لاوازی و بێتوانایی جەستەیی و دەروونی نووسەرێك، بەکار براوە.

١٠- مرن لە ڤینیسیا، لە رۆمانە کورتەکانی توماس مانە (چاپی پنگوینی ساڵی ١٩٧٤ی بە ئینگلیزی ٧٩ لاپەڕەیە). ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی دوا ڕۆژەکانی ژیانی چیرۆکنووسێکە بە نێوی گوستاڤ ڤون ئاشنباخ، کە بۆ بە سەر بردنی پشووی هاوینە، بۆڤینیسیا هاتووە. بە ڕۆژەوە بە بیری خۆیەوە مژوولەو زۆر کەڕەت بە سەعاتان لە ئوتێلەکەدا، لە کونجێکدا دادەنیشێت و بیر دەکاتەوە یا شت دەنووسێت. ڕۆژێك گوستاف سەرنجی لەسەر چەند کچ و کوڕێکی پۆڵاندی دەگیرسێتەوە کە بە ڕواڵەت هەموو نەجیمزادەن و دەگەڵ و سەرپەرشتیارو مامۆستا تایبەتیەکەی خۆیاندا، دەگەڕێن و پیاسە دەکەن. کچەکان بە گشتی لە ڕەبەنیتانی گەنجن و لە ڕووی بەدەنییەوە هیچ جوانییەکیان تیا نییە، بەڵام کوڕێکی چواردە ساڵانیان لەگەڵە کە لە جوانیدا بەشی کەسی نەهێشتووەتەوە. جوانییەکەی بە ڕادەیەکە کە نووسەر ئەفسوون و بێقەراری ئەو دەبێت و لە دڵی خۆیدا وا خەیاڵ دەکات کە خواوەند جوانی خۆی لە سیماو بەژن و باڵای ئەودا بەرجەستە کردووە. توماس مان گوتەنی، ئاشنباخ "سەبارەت بەم جوانیە مەلەکوتیەی کە لەم کوڕیژگەیەدا نەخشاوە، هەم سەرسامە هەم ترساو." ڕۆژان بە دزییەوە لە سووچێکدا دادەنیشێت و چاوان دەبڕێتە ئەوو بۆ ساتێکیش چاو لەو ناگوازێتەوە. "بەرە بەرە، بە لەزەتێکی نوێوە، ئەو سەر لە نوێ کەشف دەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەڕوانێتە ئەو جوانییەو کەشفی دەکات و بە سەرسامی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە هەر زەڕەیەکی بوونی زیاتر مەفتوونی ئەوەو زیاتر لەزەت لە تەمەشای ئەو دەبینێ..." بەڵام لە ڤینیسیادا، نەخۆشی گیرۆی تاعوون بڵاو بووەتەوەو گوستاڤ ڤون ئاشنباخ، هەرچەندە دەزانێ ژیانی خۆی و ئەم مندالانە لە مەترسیدایە، هیچ قسەیەك ناکات و بەرە بەرە بە جۆرێ لە ئەشقی خۆیدا دەتوێتەوە، و حاڵی زۆر خراپ دەبێت و دەگاتە حاڵی مردن و ڕۆژێك، ڕێکەوتی ئەو کاتەی کە ئەم خانەوادەیە خۆ ساز دەدەن کە سەفەر بکەن و شار بە جێ بێڵن، ئیدی ئەو بۆ خۆی لێدەبێتەوەو دەمرێت، بێئەوەی تاقە وشەیەك دەربارەی ئەو ئەشقە گەورەیەی خۆی بدرکێنێ.

١١-ناوی ئەم هەفتەنامە کۆمیکی و رەخنەییە (Simpticiss mus).

١٢- ئەم کۆچیرۆکە کورتە بە ناونیشانی (Derkteine Herr Fried).

١٣- له واری سیاسیدا، مان له سالّی ١٩٢٩دا کتێبێکی به ناونیشانی (ماریو و جادووگەر) بلاوکردووەتەوه، که لەم کتێبەدا بوچوونی ئەو سەبارەت به حکومەتانی دیکتاتۆری زۆر ئاشکرایه.

١٤- مان، له سالآنی ١٩٤٠- ١٩٤٢دا، سەبارەت به تاوانەکانی هیتلەر، هەستی به بێزاری دەکردو قەناعەتی وابوو ئەم شێته خوێنمژه، ناوی ئالّمان و ئابڕووی خەڵکی ولآتی پروسی عەیبدار و لەکەدار کردووه، ئیدی دەستی دایه کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی فراوان دەربارەی هیتلەر و حکومەتو دەسەلآتی نازییەکانو هەنگێ له ڕێگای ڕادیۆی بی بی سی، له لەندەنەوه، کۆمەڵێك وتاری له ژێر سەر ناڤی "ئەی ئەڵمانی گوێ بگره" پێشکەش کرد. پاشان ئەم گوتارانه له شێوەی کتێبێکدا بلآوکرایەوه.

کاتێ که تەبەعەو ناسنامەی ئەڵمانیان لێ سەندەوه، بۆ ئەوەی هەستی لایەنگرانی ئەو له ئەڵمانیادا بریندار نەبێت، تەبەعەی چیکوسلوفاگیان دایه ( بڕوانه ئینسایکلوپیدیای بریتانیکا، بەرگی ١٤، ل ٧٩٦).

١٥- بەگوتەی لیسلی جوهاس، مامۆستای بەشی زمانی ئەڵمانی له زانستگەی نیویورك و هەڵسەنگاندنه پوختەکەی ئەو له مونارك، ژماره ٥٦٦دا (چاپی نیویورك) توماس مان له دوا ساڵەکانی تەمەنیدا ڕووبه ڕووی بێمیهری و بێ لوتفی هاوولآتیەکانی خۆی بوو بووەوه. ئەو ڕۆڵەی ئەو له چیرۆکی دکتۆر فاوستوس دا گێڕا بووی، تێکڕای میللەتی زویرکردبوو. چەپەکانیش هێرشیان دەکرده سەری و قەناعەتیان وابوو که نووسەرێکی خۆ هەڵکێشەو هیچ مەبەستو ئامانجێکی دیاریکراوی نییەو هەرگیز له بەرهەمەکانی خۆیدا بیروباوەڕێکی ڕوونو جێگیری نیشان نەداوه. بۆیه هاتنی ئەو بۆ ئەڵمانیا، به تایبەتی ئەڵمانی ڕۆژهەلآت، زۆر مایەی دڵخۆشی نەبوو. مان، خانووەکەی خۆی له کالیفورنیا فرۆشت و سەرایەکی له سویسرا کڕی تا هەم له ئەوروپا بێ و هەم نزیکی زاگەی خۆی بێ. بەلآم لەم خانووه جوانەدا که دەیڕوانیه دەریاچەی زوریخ، تووشی دەرده باریکه بوو. له خەستەخانەی زوریخدا خەواندیانو دکتۆرەکان زۆریان هەوڵ دا که چاك ببێتەوه، بەلآم بێفایده بوو. له ڕۆژی ١٩٥٥/٨/١٢دا، کەمێك پاش ئەو ئاهەنگه سێ ڕۆژەیەی که بەبۆنەی هەشتایەمین ساڵیادی له دایکبوونی خۆیەوه گرتبووی، کۆچی دوایی کرد (بڕوانه مونارك، ل ١٤).

١٦-چیرۆکی ئیتعرافەکانی فلیکس کرول -حیلەبازی باوەڕپێکراو (به کەسێکی دەغەڵباز دەگوترێت که کاری ئەوەیه متمانەی قوربانیەکانی به دەست بێنێ و گوێیان ببڕێت- بڕوانه فەرهەنگی وبستر- بەرگی ١، ل ٣٨٢) له چیرۆکه تەواو نەکراوەکانی توماس مانه، لەوه دەچێ نووسەر به تەمابووبێ چیرۆکانی دیکەش به نێوی فلیکس کرولەوه بنووسێت. به پێچەوانەی گەلێك له بەرهەمەکانی مانەوه که شەقڵ و مۆرکی مەعریفەتی ئەهلی ڕازیان له خۆگرتووەو تا ڕادەیەك سۆفیانەن، ئەم بەرهەمەی، چیرۆکێکی دڵ ئەنگێزه، که له بیرو هزرینی غەیبانی خاڵییه، بۆیه ئەم دوا نووسینەی که له دوا سالآنی

تەمەنیدا هاتووەتە نووسین، بووە مایەی سەرسامی، شەیدایانی بەرهەمەکانی ئەو. خەڵکی ئاڵمان بە تایبەتی و ئەڵمانی زمانان بە گشتی، مان بە میراتگری گوتەو شیلەر دەزانن، بۆیە نەهەقیان نییە سەریان لەم بەرهەمەی سوڕبمێنیٚ و لە خۆ بپرسن نووسەر چ نەخشەیەکی لە مێشکدا بووە کە فریا نەکەوتووەو مردن مەودای نەداوە تەواوی بکات. تەنانەت لە دوای مردنیشی هەوڵی زۆر دراوە کە نووسینیٚ، شتێك بدۆزنەوە کە پەردە لە ڕووی ئەم نهێنییە هەڵماڵێت، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە بیٚ ئاکام بوون. ئیدی بیرۆکەو نەخشەکە هەرچییەك بووبیٚ، لەگەڵ خۆیدا چووە گۆڕەوە...

١٧- ئەو کتێبەی لەبەر دەست نووسەرە، پاچڤەی ئینگلیزی کتێبەکەیە کە بە قەڵەمی H. T. Lowe- porter پاچڤە کراوە، ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی پنگوینە، چاپی ئینگلیستان، ساڵی ١٩٧٥، ٧١٦ لاپەڕەیە. بە پیی تاقیبو پەیگیری نووسەر، ئەم پاچڤەیە ئەمینترین پاچڤەیە کە تا ئەمڕۆ لە دەقە ئەڵمانییەکەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی پاچڤە کراوە و پاچڤەوان، لە دیباجەی کتێبەکەدا سوپاسگوزاری خۆی بۆ چەندین مامۆستای پایەبەرزی ئەڵمانی دەربڕیوە کە لە ڕوونکردنەوەی هەندیٚ خاڵی ئاڵۆزو گۆنگی کتێبەکەدا یارمەتیان داوە. ئەم کتێبە حەوت بەشەو هەر بەشەی چەند ناونیشانێکی لە خۆگرتووە.

١٨- هەڵبەتە دەبیٚ ئەوە بگوتریٚ کە توماس مان لە نووسیندا شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو نووسینەکانی لە بەرهەمی مامۆستایانی کۆنی دنیای نووسین دەچن. بۆیە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ زمانانی دی کارێکی ئاسان نییە. هەوڵمداوە، دەقە فارسییەکە، لە دەقە ئینگلیزییەکەوە زۆر نزیك بێت.

١٩- ڕوباری لیت: لە ئەفسانانی یۆنانی کۆندا ڕوباری بیرچوونەوەیەو هەر کەسێك لە ئاوی ئەم ڕوبارە بخواتەوە، ڕابردووی خۆی لە بیر دەکات. ئەم ڕوبارە لە هادیس دایە (دنیای ژێرین).

٢٠- بڕوانە بەرپەڕێن ٣-٤ چاپی پنگوین.

٢١- توماس مان ئەم وشەیەی بە فەرەنسی نووسیوە. ئیدی عادەتی ئەو وابوو: کتێبەکە پڕە لە ڕستەێن فەرەنسی و ئیتاڵی و وەرگێڕە ئینگلیزەکەش هەندێجار بە ناچاری، بڕێك ڕستەی ئەڵمانیشی وەکو خۆی داناونەتەوە.

٢٢- ستمبرینی ئەم ڕستەیە بە زمانی ئیتاڵی دەڵێت.

٢٣- وەرگێڕانە فارسییەکە لەلایەن نووسەرەوە کراوەو لە لاپەڕەی ٧٠٢- تا ٧٠٦ی دەقە ئینگلیزییەکەوە، چاپی پنگوین، وەرگێڕدراوە.

٢٤- "مێزی ڕووسانی بەدناو" مەبەست لە گروپێکی نەخۆشانی وڵاتی ڕووسیایە کە لە ئاسایشگاکەدا، لە کاتی نان خواردندا لە دەوری یەك مێز خڕ دەبوونەوە.

٢٥- بڕوانە سەد کتێبی گەورە، نووسینی جون کانینك، ل ٥٠١.

٢٦-توماس مان ناونیشانی کتێبەکەی کردووەتە (شارلوت لە وایمار).

سەرچاوە: سیری در بزرگترین کتابهای جهان / جلد دوم / تالیف حسن شهباز / چاپ پنجم / موسسه انتشارات امیر کبیر تهران / ۱۳۸۹.

# ١٤- باوكانو كوڕان

## ئیڤان سیرگیوفیچ تورگینیف

( ١٨١٨- ١٨٨٣ )

نووسەرێکی مەزنی ڕووسە، هەرچەندە موڵکدار بوو، بەڵام بە بەرهەمەکانی جەزرەبەیەکی توندی لە سیستەمی کۆیلەداری رووس دا. تورگینیف لە بەرهەمەکانیدا، بابەتە سەرەکیە کۆمەڵایەتیو جڤاکییەکانی دەخستە روو و بۆیە بوو بە مایەی مشتو مڕو گەنگەشەیەکی فرە لە وڵاتی خۆیدا.

***

باوکانو کوڕان شاکاری تورگینیفە. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٨٦٢، لە گەرمەی پەشێوی قوڵی سیاسی کۆمەڵایەتی ڕووسیادا بڵاوبووەوەو بوو بە مایەی مشتو مڕو قەرقەشەو گەنگەشەیەکی توند. تەوەری ئەم بەرهەمە، بریتییە لە ڕوو بەر ڕووبوونەوەی دوو نەوەی یەك لە دووی یەك، دەربارەی پەیڕەوکردنو پراکتیزە کردنی باشترین شێوەی ژیان لە ڕووسیادا، کە بە فاکتەرێکی زۆر گرینگ لە ڕووداوەکانی دواتردا، هاتە ژماردن.

***

ئەلکساندەری دووەم، تزاری خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، بەڵام ڕۆشنبیری ڕووسیا، مەنشوور بە "تزاری ئازادیبەخش(١)"، لە ساڵی ١٨٥٥دا، لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی ڕووسیا، لە سان پتروسبۆرگ دانیشتو دوای شەش ساڵ، فەرمانێکی دەکرد کە بنجو بناوانی ژیانی میلیۆنان خەڵکی ئەم مەرزو بۆیەی گۆڕی. فەرمانەکە ئازادی بەکۆیلان دەبەخشیو لە ئەنجامدا ئەو مسکێنانەی کە موڵکی خاوەنەکانیان بوون لە بەندایەتی ڕزگار دەبوون، ئەمە ئاواتو ئارەزوویەك بوو کە لە مێژ بوو، وەرزێرانی زەحمەتکێشی ڕووسیا خەونیان پێوە دەبینی. ئیدی پەسند کردنی "هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی" لەلایەن تزارەوە، زنجیرەیەك گۆڕانو وەرچەرخانی لە سەرانسەری ڕووسیادا هێنایە ئاراوەو لە هەموو شوێنێ باس هەر باسی فەرمانەکەی ئیمپراتۆر بوو.

بەڵام لە هەمان سەروبەندا، چیرۆکێکیش لەلایەن نووسەرێکی نێودارەوە بڵاوکرابووەوە، کە لە سەرانسەری دیوەخانی پیاوماقولانو کۆڕو کۆبوونەوەی ڕۆشنبیراندا بوو بوو بە وێردی سەر زاران. نێوی ڕۆمانەکە باوکانو کوڕانو نێوی نووسەرەکەی ئیڤان سیرگیوفیچ تورگینیف بوو کە پێشتر چەند چیرۆکێکی کۆمەڵایەتیو چیرۆکێکی ئەڤینداری بڵاوکردبووەوەو خەڵکی ڕووسی وەکو ناو دەیانناسی.

لە ساڵانی نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا، کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی ڕووسیای تزاری، کتێبیان زۆر دەخوێندەوەو بایەخی تایبەتیان بە خوێندنەوەو موتاڵای بەرهەمێن ئەدەبیو کۆمەڵایەتی

ڕۆژئاوایی، بەتایبەتی بە نامە فەلسەفیەکان دەدا، ئەم ئارەزوو و کەڵکەڵەی خوێندنەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی فەیلەسوفانی ئەڵمانی گرتبووەوە. باسکردنی گۆڕانکاری فیکری ڕۆژاوا، بەجۆرە خۆنواندنو شانازییەك دەهاتە ژماردنو بۆیە ڕۆشنبیران و ئەشرافزادان هەوڵیان دەدا لەواری پەیگیری کاروانی فیکری ڕۆژاوادا، لێکدی دوانەکەون. بە هەرحاڵ کاتیٚ لە ساڵی ١٨٦٢دا کتێبی باوکانو کوڕان بڵاوبووەوە، خوێنەران زیاتر باسی یەك کەسیان دەکرد، ئەویش (بازاروف)ی قارەمانی شۆڕشگێڕی ئەم چیرۆکە بوو کە هزرو بیری غەریبو سەیری هەبوو. ئەمە بابایەکی "نەهلیست" بوو، ئینسانێك بوو گاڵتەی بە هەموو یاساو ڕێساو دابو نەریتو سەنگو ئیحتوبارێکی جڤاکیو کۆمەڵایەتی دەکرد، کەلەپووری مێژوویی بە سەخیف دەزانیو بنەمای دنیای بوونی بە پوچو بە وەهمو بێهودە دەزانی(٢) ئەم ئینسانە دەستکردەی تورگینیف، هەر چەندە ڕواڵەتێکی پەسندی هەبوو، قسەی وەهای دەکردو بەڵگەی وای دێنایەوە کە هیچ ئاقڵێکی میانڕەو قەبووڵی نەدەکرد. تەبعی سەرکێشانەو بیری یاخیانەی ئەو بە هیچ لۆجیکێك ڕام نەدەبوو و ملی بۆ هیچ پرەنسیپێکی کۆمەڵایەتی نەدەدا. وێڕای ئەمەش ئینسانێکی ڕوح سووك بوو خەڵکی خوا خوایان بوو باشترو پتری بناسن.

باوکانو کوڕان، ئەو چیرۆکەی کە سەربهووردو بیروبۆچوونی یەڤگینی ڤاسیلیفچ بازاروف، ئەم گەنجە ئاوارتەیە دەگێڕێتەوە هەوەڵجار لە ڕۆژنامەی پەیامی ڕووسیدا بە زنجیرە بڵاوبووەوەو پاشان یەکسەر بەکتێب چاپو بڵاوکرایەوە. پەیامی ڕووسی ئۆرگانی نەوەی نوێی ئەم مەرزو بۆیە بوو و ئەو بابەتانەی کە لەوێدا بڵاودەبوونەوە، لە ڕاستیدا قسەی نەوەیەك بوو کە وەرچەرخانو گۆڕانیان دەخواست. ئەم وەرچەرخانو گۆڕانە، لە چەند بوارێکدا بوو. ئەمانە دەیانویست کە حکومەتی ڕووسیا، ڕەنجبەرانی کۆیلە، ئازاد بکاتو بە دەرکردنی فەرمانی "هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی" میلیونان وەرزێر لە جێی خۆیان بمێننەوە. دەیانویست دەوڵەت چاوپۆشی لە ڕاوەدوونانو ئازارو ئەشکەنجەی سیاسەتوانان بکاتو سانسۆر هەڵگرێت، دەیانویست دەسەڵاتداران، دەستبەرداری سیستەمی دکتاتۆری بنو حکومەتی گەل بۆ گەل بێتە ئاراوە، هەڵبەتە ئەم ئاواتو ئارەزووانە، جگە لە بەشی یەکەمی کە تزار، ئەلکساندەری دووەم، بە خۆی فەرمانەکەی ئیمزا کردبوو، ئەوانی دیکەی هەر هەمووی خەو و خەیاڵ بوو.

لەو سەروبەندەدا ڕۆمانی باوکانو کوڕان بە چاپ گەیی.

بازاروف، قارەمانی گەنجو شۆڕشگێڕی ڕۆمانەکە، کە لە ڕاستیدا نوێنەرو ڕەمزی نەوەی تازەی ڕووسیا بوو، قسەی خۆی دەکردو کاراکتەرەکانی دیکەی ڕۆمانەکە، بەشداری گەنگەشەکەیان دەکرد، هەندیٚ لەگەڵی بوونو هەندێکی دی لەگەڵی نەبوون.

لە دەرێی دنیای ڕۆمانەکەداو لە کۆڕو مەجلیسی ئەو کەسانەدا کە ئەم بەرهەمەیان دەخوێندەوە، ڕەوشەکە بەمجۆرە بوو: "سلاڤدۆستان" یان خەڵکانی بە تەمەن کە دڵیان بەڕابردوو خۆش بوو و "دایکی نیشتمان"یان بە دەقی خۆیەوە و وەکو جاران خۆش دەویست، بە قسەکانی بازاروف قەڵس دەبوون. ئەوانە گۆڕانیان نەدەویست، لە هەرجۆرە گۆڕانێك دەسڵەمینەوە، چونکە دەترسان سەروەتو سامانو ئاسوودەیی خۆیان لە دەست بدەن. بەڵام

گەنجان ئامادە نەبوون دەگەڵ ڕەوشی کۆندا بسازێن‌و خەڵکی "محافەزەکار"و "کۆنەپەرستیان" قەبووڵ نەبوو.

ئەم باس‌و دیالۆگ‌و ڕاو ڕای پێچەوانانە، بەرە بەرە، زیاتر پەرەی سەند، تا کاربەدەستانی حکومەتی تزاریان خستە گومان‌و دوو دڵییەوە. ئایا ئەم ڕۆمانە زەمینەیەکی خۆشکرد کە خەڵکی ڕووسیا دژی حکومەت ڕاپەڕن؟ ئایا نووسەر مەبەستی دنەدانی خەڵکی‌و هەڵگیرسانی شۆڕش و بەرپا کردنی پەشێوی و ئاژاوە بوو؟ قەرار لەمبارەیەوە ئاسان نەبوو.

ئیڤان تورگینیف، نووسەری ئەم ڕۆمانە، خۆی سەر بە چینی ئەشراف‌و ئەرستۆکراتی ڕووسیا بوو. دایکی موڵکێکی زۆری هەبوو و ئیڤان بەخۆی ئەهلی کار نەبوو. ئەم نووسەرە لە لایەکەوە، لە هەندەران، لە دەرێی ڕووسیا، شۆرەت‌و ئیحتوبارو ڕێزێکی زۆری بۆ خاك‌و وڵاتی خۆی بەدەست هێنابوو، ئیدی بە تەمای چ بوو. پێشوازی خەڵکی لە هزرو بیری ئەو سەردەمانێك گەییە لوتکە کە ئەم ڕۆمانە بوو بە کتێب‌و نووسخەکانی لە هەموو شوێنێك دەستاو دەستی دەکرد. بە هەرحاڵ مامورانی سانسۆر، چاوپۆشیان لە قەدەغە کردنی ڕۆمانەکەو تاقیب‌و ئازاری نووسەرەکەی کرد، لە کاتێکا کە ئەم ڕۆمانە، بە کردەوە زەمینەی بۆ شۆڕشی گەورەی ڕووسیا فەراهەم کرد. ڕەوشی ئەنارشیستی سیاسی و بیری یاخیگەرێتی‌و ئازادیخوازی وەکو تۆوێك لە دڵاندا داچێنرا تا سەرەنجام ڕۆژێك ئەم سەر زەمینەی کرد بە یەکپارچە ئاگرو خوێن.

ڕۆمانی باوکان و کوڕان، کە بە شێوەیەکی پراکتیکی بۆ چەندین ساڵی دوا بە دوای یەکدی "محافەزەکاران"و "ئازادیخوازانی" کرد بە گژ یەکدا، ئاوێنەی ناکۆکی‌و دژایەتی دێرینی نێوان "لاوی"و "پیری"یە. لاو، عادەتەن دەگەڵ پیردا ناسازێت‌و پیریش حیساب بۆ لاو ناکات. لەم ڕۆمانەدا محافەزەکاران بە ناوی "باوکان"و "ڕۆشنبیرانی ئازاد" بە ناوی "کوڕان" ڕوو بە ڕووی یەك دەبنەوە.

جا بۆ ئەوەی تیمەو بابەتی ڕۆمانی باوکان‌و کوڕان باشتر حاڵی ببین‌و قارەمانەکانی زیاتر بناسین، جێگای خۆیەتی، خودی چیرۆکنووسەکە لە نزیکەوە بناسین‌و وەزع‌و حاڵی ئەو دەوران و سەردەمە بزانین کە ئەو تیایدا ژیاوە، تا ڕووداوێن ڕۆمانەکەو هزرین‌و ئەندێشەو خەیاڵێن قارەمانەکان ڕوونتر و دیارتر بێنە دیتن.

***

ئیڤان سیرگیوفیچ دووەمین منداڵی ئەفسەرێکی سوارەی خانەنشین بوو کە لە ڕۆژی ١٨١٨/١١/٩، لە "ئۆریل" لە وڵاتی ڕووسیای ناوەندی هاتووەتە دنیا(٤).

دەربارەی دایکی، قسە زۆرە، جا چونکە خولق‌و خوو و مەشرەف‌و شێوەی هزرینی ئەو، کاریگەری زۆری بەسەر ئایندەی کوڕەکەیەوە هەبووە، باسکردنی ئەو قسەو بەسەرهاتانە پێویستن.

ڤارڤارا پتروڤنا، چەندە دەوڵەمەندو دارا بوو، ئەوەندەش ناشیرین‌و کرێت و ڕەزا قورس بوو. هەرچەندە لە هەر جوانییەکی بە دەنی بێبەش بوو و زیاتر لە "پیاوێکی زبر" دەچوو، کەسێکی مجێزو ئاگرین‌و دڵناسك‌و تووڕەو تڕۆش بوو. چیکڵدانە تەنگ‌و توندەتەبیعەت بوو، هەر لە

منداڵییەوە وەکو کەسێکی ئاڵۆزو تۆڵەئەستێن‌و ڕقن پەروەردەکرا بوو. باوە پیاڕەکەی کە بەردەوام مەست بوو، بەردەوام ئەزیەتی دەداو جارێکیش کاتێ زڕکچەکەی بالق بوو بوو، پەلاماری دابوویەو سواری بوو بوو. بۆیە هیچ سەیر نییە کە ئەم ژنە کاتێ گەییە تەمەنی بیست‌و شەش ساڵی‌و خۆی وەکو موڵکدارێکی گەورە بینییەوە، زبری‌و دڵڕەقی‌و سەختگیری کرد بە پیشەو لە سەر بچووکترین هەڵە، وەرزێرانی کۆیلەی دەگرتە بن قامچی‌و نانی نەدەدانێ(٥).

نزیکەی سێ دانە ساڵ بەسەر ئاکنجی بوونی ئەم ژنەو خۆ سەری و ستەمکارییە بێ کۆتاییەکانی ئەم ژنە لەم دیارو دەڤەرەدا، تێپەڕی کە ڕۆژێك تووشی ئەفسەرێکی سوارە بوو بە نێوی سیرکی نیکولایوفیچ تورگینیف. ئەم ئەفسەرە گەنجە شەش ساڵ لەو ژنە بچووکتر بوو و کەمترین مەیلی بە لای ئەم ژنەدا نەبوو کە سەیرێکی سەرو سیمای بکات. بەڵام هۆیەك لە ئارادا هەبوو کە ئەوی لەم ژنە خۆسەرو دکتاتۆرە نزیك دەکردەوە. خانەوادەی تورگینیف تووشی نابووتی بوو بوون‌و باوکی سێرگی، کە هەستی کرد ئەم ژنە مەیلێکی بەلای کوڕەکەیدا هەیە، دەسەو دامێنی کوڕەکەی کەوت تا بۆ ڕزگاری خانەوادەکەیان دەگەڵ ئەو ژنەدا زەماوەند بکات. لە ڕۆژی ١٨١٦/٧/١٤، ئەفسەری گەنج بەوپەڕی بێ مەیلی، ئەم ژنە کرێت‌و دزێوکردارەی مارە کردو ژیانی هاوبەشی هاوسەرێتی لە گەڵیا دەست پێکرد، بەڵام هیچ کاتێك بێزاری و نەفرەت‌و ناڕەزایی خۆی لە بێدادی و دڵڕەقیەکانی ژنەی تاین نەدەشاردەوەو لە ڕووی خۆشی‌و شادیەوە دەگەڵیدا نەدەژیا. ئیدی لە تۆڵەی ئەوەدا چەندین ماشوقانی بۆ خۆی گرت‌و تەنانەت لە یەکێکیان منداڵێکیشی بوو(٦).

ڤارڤارا، لە ساڵی ١٨١٧دا کوڕێکی بوو کە نێویان نا نیکولاس. دوای ساڵ‌و هەندێك پاش ئەوە، ئیڤان سیرگیوفیچ کۆچی دوایی کردو چوار ساڵ دوای ئەو بەروارە کوڕی سێیەمی بوو ناوی نا سیرگی‌و تەمەنێکی ئەوتۆی نەکردو پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی لاوی مرد.

ڤارڤارا، هەمان ڕەفتاری زبری دەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا دەکرد کە دەگەڵ مسکێنە بێ دەسەڵاتەکانی خۆیدا دەیکرد. ڕۆژگاری منداڵی‌و گەنجی ئیڤان بە جۆرێ تێپەڕین کە هەر کاتێ باسی ڕابردوویان لێ پرسیبا، لە وەڵامدا دەیگوت: "من هیچ بیرەوەرییەکی خۆش‌و دڵگیرم دەربارەی ڕابردووی خۆم نییە....(٧)"

لە ساڵی ١٨٢٢دا، کاتێ ئیڤان چواردە ساڵان بوون ماڵباتی تورگینیف، گواستیانەوە بۆ ئەوروپا. ئەفسەری لاو وازی لە خزمەتی سەربازیی لە سوپای ڕووسیادا هێنا بوو و بە دەرامەتی فراوانی هاوسەرەکەی، ژیانێکی خۆشی دەقەتاند. لەم سەفەرەدا کە لە چەند مانگێك پتری نەخایاند، بویەرێك بەسەر ئیڤاندا هات کە بە درێژایی تەمەنی لە بیری نەکردو لە هەمان کاتدا هەمیشە باوکی لە بیر بوو کە ئەوی لە مەرگێکی پڕ ئازار ڕزگار کردبوو.

لە بیرن، ئیڤان دەگەڵ باوکی‌و یەکێك لە براکانیدا چوو بووە باخی گیانلەبەران. کاتێ تەمەشای ئەو کەندە گەورەو بەردەڵانەی کردبوو کە چەند ورچێکی زەلامی سپی تێدا بوو، هاوسەنگی خۆی لەدەست دا بوو و لە موحەجەرەکەوە کەوتبووە قوڵایی کەندەکەوە، بەڵام بابی گزو گومەت فریا کەوتبوو، لە دوا ساتداو خۆی هەڵدا بوو و لاقی کوڕەکەی گرتبوو و منداڵەکەی

له مەرگی مسۆگەر رزگار کردبوو(٨). وێڕای ئەمەش، ئەم منداڵە بچووکە، لە ڕووی بەدەنیەوە بە ڕادەیەك بریندار و لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆش کەوت‌و چەندین مانگ لە جێگادا کەوت‌و نەیدەتوانی جوڵە بکات(٩).

ئیڤان، لە ڕووسیادا، بە چاودێری دایکی، خوێندنی سەرەتایی لە باشترین هەلومەرجدا بەسەر برد. مامۆستایانی فەرەنسی‌و ئەڵمانی دەرسی تایبەتیان پێدەگوتەوە. بەڵام ئەمەی لە دڵ گران‌و لەلا ناخۆش بوو. ئەو کە خۆی بە ڕووس دەزانی‌و بە ڕووس بوونی خۆیەوە دەنازی، جگە لە هەردوو زمانی فەرەنسی‌و ئەڵمانی هیچی دی نەدەخوێند. هەمیشە خەمباری ئەوە بوو بۆچی زمانی ڕووسی ناخوێنێ. خزمەتکارانیماڵەکەیان هەندێجار حیکایەتی ڕووسی‌و هەندێ شیعرو هۆنراوەی ڕووسیان بۆ دەخوێندەوەو دەگێڕایەوە. ڕۆژێك یەکێك لەم خزمەتکارانە کتێبێکی بە دیاری دابویە. ئەم کتێبە ناوی رووسیادا(١٠) بوو و هۆنەرەکەی، شاعیرێکی سەدەی هەژدە دەبێت بە نێوی میخائیل خرساکوف. ئیڤان نەیدەتوانی ئەم داستانە بە ئاسانی بخوێنێتەوەو بۆیە زۆری خەفەت خوارد. ئەنجام سوور بوونی ئەو لە سەر فێر بوونی زمان‌و ئەدەبیاتی ڕووسی، کاری خۆی کردو دایکی بۆ مۆسکۆ هات. ساڵ، ساڵی ١٨٢٧ بوو و ئیڤان تەمەنی نۆ ساڵ بوو.

هەر سێ منداڵەکەی ماڵباتی تورگینیف هاتبوون کە لە قوتابخانەکانی مۆسکۆ بخوێنن، بەڵام ئەمە ئاسان نەبوو. ئیڤان بەدەم جۆرە نەخۆشیەکی ماخولیاوە دەتلایەوەو نەیدەتوانی شان بە شانی قوتابییەکانی دی دەرس بخوێنێ، لەبەر ئەمە هاوپۆلەکانی گاڵتەیان پێدەکردو زۆر ئازاریان دەدا. ئیڤان هەمیشە دەترسا بمرێت‌و ئەم ترسە بۆ ساتێکیش بەری نەدەدا. ئیدی دایکەکەی مامۆستای تایبەتی بۆ ئەو و کوڕەکانی دیکەی گرت تا هەر چۆنێ بووە، ئامادەیان بکەن کە بگەنە زانستگە.

لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، لە ساڵی ١٨٣٣دا، چووە زانستگەی مۆسکۆو یەکسەر بە سەریا نەخۆش کەوت . پزیشکان هەرچیان دەکردو دەکۆشا، نەیاندەتوانی هۆی نەخۆشیەکەی بدۆزنەوە. زۆری پێنەچوو کە باببشی مردو ئیڤان هێشتا تەمەنی شازدە ساڵانی پڕ نەکردبووەوە کە یارو پشتیوانە خۆشەویستەکەی خۆی بۆ هەمیشە لە دەست دا.

سەرەنجام لە پاییزی ساڵی ١٨٣٤دا، ئیڤان چووە زانستگەی سان پتروسبۆرگ‌و لە بەشی زمانەوانیدا دەستی بەخوێندن کرد. ئەمجارەیان، هیچ کۆسپ‌و تەگەرەیەك نەهاتە ڕێگەی خوێندنەکەی و تا ساڵی ١٨٣٧ کە شادەتنامەی وەرگرت لە هەمان زانستگە مایەوە. تورگینیف لەم سەروبەندەدا ئاشقی لۆرد بایرونی شاعیری نێوداری ئینگلیزی بوو و ڕەنگە هەر ئەم جۆش‌و خۆشەویستیە بووبێتە هۆی ئەوە کە ئەویش ئارەزوو بکات کە ببێت بە بایرونی ڕووسیا. دەکرێت ئەم حەزو ئارەزووە وەکو جۆرە ئیعترافێك لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا بەدی بکرێت. تورگینیف لەم ساڵانەدا بە چاودێری پرۆفیسۆر پلیتینیف، بەیتێکی پێنج هیجایی لە ژێر سەر ناڤی ستنیا هۆنیەوە کە لە ڕاستیدا چاولێکەری بەیتە جوانەکەی "مانفرید"ی لۆرد بایرون بوو. مامۆستای پایە بەرز، ئەم بەیتەی زۆر بە وردی خوێندەوەو هەندێ عەیب‌و کێماسی تێدا بینی،

بەڵام چونکە نەیدەویست هۆنەرەکەی لە کاری شاعیری یا نووسەری سارد بکاتەوە و تووشی نائومێدی بکات، هات زەمینەسازییەکی بۆ کرد. ڕۆژێك لە هۆڵی کۆلیج دا، پرۆفیسۆر پلیتینیف، شیعری ناڤبری لە هەوەڵەوە تا کۆتایی خوێندەوە، بەڵام ناوی هۆنەرەکەی نەبرد. کۆمەڵێك بە دڵیان بوو و کۆمەڵێکی دیکە بە کارێکی منداڵانەیان لە قەڵەم دا. پرۆفیسۆر ڕوویکردە ئیڤان تورگینیف و گوتی: "سەرەتا و دەستپێکی کاری هەموو شاعیران و نووسەران هەر وا بووە، بێگومان بەرهەمی دواترت لە هەر کەم و کوورییەك بەدەر دەبێت..." ئەم هاندانە کاری خۆی کرد(١١). ئیڤان، بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە کەوتە کارکردن. دوای چەند مانگێك گۆڤاری سەردەم (١٢)، هۆنراوەیەکی ئەوی بە ناونیشانی پیرە بەڕوو بڵاوکردەوە کە مژدەی ئایندەیەکی درەخشانی بۆ شاعیر پێ بوو.

لە ساڵی ١٨٣٨دا کاتێ تەمەنی بیست ساڵان بوو، سەفەری بەرلینی کرد. ئەمە یەکەم هەنگاوی گەورەو کاریگەر بوو کە ئیڤان لە ڕێگای پێشڤەچوونی خێرای خۆیدا نای و بەمە لە ڕاستیدا ئایندەی خۆی ڕوناکتر و پرشنگدارتر کرد. بەڵام ئەم سەفەرە لە مەترسیش خاڵی نەبوو. ئەو کەشتیەی ئەو سواری بوو بوو لە کەناراوەکانی ئەڵمانیا تووشی ئاگر کەوتنەوە بوو. بە گوێرەی هەندێك هەواڵان، ئیڤان بە تەواوەتی نەترەی بەردا بوو. ترسی مەرگ بە جۆرێ دایگرتبوو کە هاواری دەکرد: "ئەی هاوار فریام بکەون... رزگارم بکەن.... من تاقانەی دایکی خۆمم..."و پاشان خۆی هەڵداوەتە دەریاکەوە(١٣)، چل و پێنج ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، تورگینیف بەیتێکی هۆنیوەتەوە بە ناونیشانی "ئاگر لە دەریادا" دیارە ئەم بەیتە، ڕەنگدانەوەی بیرەوەرییەکی ڕابردوو بوو، هۆنەر، نکۆڵی لە ترس و ترسنۆکی خۆی کرد بوو، لێ نەیارەکانی دوای ئەوەی بەیتەکە دەخوێننەوە، دەربارەی ئەو ڕۆژە دەنووسن کە شاعیر، چیوای نەما بوو لە ترسا بمرێت.

تورگینیف، لەم سەفەرەیدا بۆ ئەڵمانیا مەبەستی خوێندنی فەلسەفە دەبێت. هیگل، فەیلەسووفی پایەبەرزی ئەڵمانیا، لە مێژ بوو لە هزرو بیری ئەودا، پایەیەکی بەرزی پەیدا کردبوو. لە ساڵی ١٨٣٨ەوە تا ١٨٤١ لە بەرلین مایەوە و بە پێچەوانەی دەستووری دایکیەوە کە پەیتا پەیتا بۆی دەنووسی بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، هەر لەوێندەر مایەوەو لەم ساڵانەدا ئاشنایەتی و ناسیاوی لەگەڵ خەڵکانێکی ناودراردا پەیدا کرد. دەگەڵ میخائیل باکونینی ڕابەری دژە مارکسیستی ڕووسیدا برادەری پەیدا کرد(١٤)و لەوە بە دواوە لێبڕا وەکو شۆڕشگێڕێکی نوێخوازی رووس، قەڵەم و ژیانی خۆی وەقفی رزگاری گەلی خۆی، لە زوڵم و زۆرو ستەمکاری، بکات.

ئاشنا بوونی تورگینیف بە کەلتوورو شارستانیەتی ڕۆژاوا، دابڕانی ئەو بوو لە کەلتووری سلاڤی. ئیڤان تورگینیف، شاعیری گەنجی ڕووسی، بە یەکجاری بوو بە هزرڤان و ڕۆشنبیرێکی ئەورووپایی و بە گوتەی خۆی تا کۆتایی تەمەنی دەستبەرداری ئەو بیرکردنەوانە نەبوو.

سەر سەختی وسەختگیری دایکی، سەرەنجام کاری خۆی کردو کوڕەکەی دووبارە بۆ ڕووسیا ڕاکێشایەوە. بینینی، ڕەفتاری دکتاتۆریانەی دایك سەبارەت بە مسکێنەکان، هزرڤانی گەنجی

زۆر قەڵس دەکرد، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو. ئیدی کەوتبووە سەر دووڕیانی دوو دڵیو سەرگەردانی. نە دەیتوانی دەگەڵ دایکیدا بژیو هەڵبکات نە دڵی دەهات دڵی بێ قەرارو ئۆقرەی ئەو، کە تەژی خۆشەویستی ئەم بوو بشکێنێ(١٥)، دیسان چوو بە سۆراخی شیعرەوەو بە گوتەی خۆی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، بە دانانی پارچە شیعرێك بە ناونیشانی "پاراشا" بەشێوەیەکی جدی پێی نایە دنیای ئەدەبیاتەوە. بەیتی پاراشا، بە خۆی لە ڕووداوو دەردەسەر بەدەر نەبوو، تورگینیف شیعری ناڤبری بە نێوی ئاشکرای خۆیەوە بڵاونەکردبووەوە، بەڵکو بە دوو پیتی "ت ـل" قەناعەتی کردبوو. دوای بڵاوبوونەوەی، بیلینسکی، ڕەخنەگری بە نێوبانگی وەخت کە بۆچوونی ئەو دەربارەی بەرهەمێن ئەدەبی هاوچەرخ چ شیعرو چ پەخشان، بۆ خۆی پەساپۆرت بوو. بەیتی نێوبراوی بە بەرهەمێکی بەرز لە قەڵەم دابوو و لە هەمان کاتدا لە بڵاوکراوەی ساڵنامەی نیشتماندا، هەندێ ئیرادی بەڵگەداری گرتو لە کۆتایی وتارەکەدا، داوای لە شاعیر کردبوو کە هەر کێیەك هەیە خۆی ئاشکرا بکات.

تورگینیف، خۆی لە قەرەی ئەم کارە نەدا. تەنانەت ستایشەکانی "کیریڤسکی" ڕەخنەگریش، نەیتوانی ژێوانی بکاتەوەو خۆی ئاشکرا بکات. کاتێ دۆستە نزیکەکانی لێی دەپرسن کە بۆچی خۆی دەشارێتەوەو ئەوهەموو ستایشە لە کیس خۆی دەدات، لە وەڵامدا دەڵێت: "تاریفو ستایشەکەی کیریڤسکی لە جیاتی خۆشحاڵم بکات، نیگەرانی کردووم...(١٦)".

ژیانی تایبەتی تورگینیف لە ترسو دوو دڵیو نیگەرانی خاڵی نەبوو. لە ساڵی ١٨٤١دا کاتێ لە بەرلینەوە بۆ گەڕایەوە و بە مەبەستی دیدەنی دایکی پێی نایە سپاسکویەوە، سەیری کرد بە هیچ کلۆجێ توانای ئەوەی نییە دەگەڵ دایکیدا لەم دەڤەرە دوورە دەستەدا و لە نێو وەرزێڕانی مەزڵوم و چەوساوەدا بژی . ئیدی مەسەلەی درێژەدان بە خوێندنی کرد بە بیانوو چوو بۆ سان پترسبۆرگ. لە بەهاری ساڵی ١٨٤٢دا، بە تەمای وەرگرتنی شادەتنامەی ماجستێر، ناوی خۆی لە زانستگە قەیدکرد، بەڵام هەندێ ڕووداوان هاتنە پێش کە هەودای بیرو ژیانو خوێندنەکەی پچڕی. ڕووداوی هەرە گرینگ سکپڕبوونی کچێکی خەیات بوو کە کاری بۆ دایکی دەکردو دەیگوت گوایە ئیڤان سکی پڕ کردووەو سکەکەی لە ئیڤانە. دایکە، بە تووڕەیی، یەکسەر بۆ سان پترسبۆرگ هاتو کچەی قۆڵ بەست کردو دەگەڵ خۆیدا بۆ سپاسکوی برد. بەڵام ئیڤان کچەی ڕفاندو بۆ مۆسکۆی بردو لەوێندەر خانوویەکی بۆ گرت(١٧). لە لایەکی ترەوە تورگینیف لەم سەردەمەدا پەیوەندی دەگەڵ خۆشکە گەنجەکەی باکونیندا بەستبوو و ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئەو جووتە زەماوەند بکەن، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ، بە جۆرێ ئەم کچەی کە ناوی "تاتیانا" بوو، لەبەر چاو کەوت، کە براکەشی فەرامۆش کردو بۆ ئەوەی خۆی لەو ژینگەو کارە دوور بخاتەوە، لە وەزیفەی دەوڵەتدا دامەزراو لێڕا هەر چۆنێك بووە هەموو هێزو توانای خۆی بۆ ڕزگاری گەلی چەوساوەو داماوی ڕووسیا تەرخان بکات.

لەو سەروبەندەدا شیعریشی دەگوت و کاتی خۆی بە تاقیکردنەوەی شیعرییەوە بە سەر دەبرد . دایکی کە هیچ یەکێك لە کارەکانی بەدڵ نەبوو، تەواو خستیە ژێر گوشارەوە تا ئەوەی ئەو

دەفەرموویت ئەنجام بدات، بەڵام چونکە ئیڤان نەچووە ژێربار، کۆمەکە داراییەکانی خۆی لێ بڕی‌و ئیڤان کاتێکی بە خۆ زانی گیرۆدەی دەست تەنگی و نەبوونیەکی زۆر بووە.

لەم دەورانەی نێوان ساڵانی ١٨٤١- ١٨٥٠دا، نیکولای گوگول، چیرۆکنووسی نێوداری ڕووسی بە نووسینی ڕۆمانێك لە ژێر سەرناڤی گیانە مردووەکاندا، هەراو هەنگامەیەکی زۆری نابووەوە. گیانە مردووەکان ئاوێنەیەکی پرشنگداری زوڵم‌و زۆری کاربەدەستانی حکومەتی رووسیا بوو، دەرهەق بەخەڵکی بندەست‌و بێ پەنا. تورگینیف پشتیوانی گەرم‌و گوڕی لەم بەرهەمە کردو وتارێکی جوان‌و ئاگرینی (١٨٥٢/٣) لە گەورەترین گۆڤاری ئەدەبی ڕۆژدا بڵاوکردەوەو هەرایەکی گەورەی نایەوە. دوای چەند ڕۆژێك لە ماڵەکەی خۆیدا زندانییان کردو پاش دادگاییەك کە دوو مانگێکی خایاند، بۆ ماوەی دوو ساڵ، بۆ موڵکەکانی دایکیان دوور خستەوە(١٩). تورگینیف ئەم حوکمی دوور خستنەوەیەی بە جۆرە فەزڵێکی خوایی لە قەڵەم دا، چونکە ئەمجارەیان ناچاربوو لە تاراوگەدا بمێنێتەوەو هەموو کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات(٢٠).

گەورەترین سەربهووردی ئاشقێنی ژیانی تورگینیف کاتێ ڕوویدا کە ئەو لە مۆسکۆ بوو، ژنێکی گەنج‌و جوانی بینی بە ناوی پولین ڤیاردو، پولین گۆرانی بێژی ئۆپرا بوو و جوانی و هونەری ئەو لە سەرانسەری کۆڕو مەجلیسی ئەشرافانی ڕووسدا، بوو بوو بە وێردی سەرزاری خاس‌و عەوامی خەڵك. ساڵ، ساڵی ١٨٤٣ بوو وئیڤان هەر بیست‌و پێنج ساڵ دەبوو. ئەو شەوە، جەوانی ئەشرافزادە کە دڵێکی سەر ڕێژ لە ئەشق‌و ڤیانی هەبوو،لە یەکەم نیگاوە دڵبەندی پۆلین بوو، غافڵ بوو لەوەی کە ئەم ژنە، هاوسەری بەڕێوەبەری ئۆپرایەکەیەو ئەم ئەشقە بەم کۆسپ و تەگەرەو لەمپەرەوە هەرگیز هیچ بەرێکی نابێت جگە لە ڕەنج‌و مەینەتی. وێڕای ئەمەش، ئاشقی گەنج، وازی لە دڵدارەکەی خۆی نەهێناو کاتێ ئەوان چوون بۆ پاریس، ئەویش دەگەڵ پولین دا هات بۆ پاریس . هەموو وایان تەسەور دەکرد تەمەنی ئەم ئاشقێنیە کورت دەبێت، بەڵام تورگینیف تا دوا هەناسە هەر لە گەڵیدا مایەوەو قەت لێی دانەبڕا(٢١).

لەم ساڵانەدا تورگینیف ئارەزووی نووسینی شانۆنامەی کەوتبووە سەر. لە ساڵی ١٨٤٨دا شانۆنامەیەکی نووسی بە ناونیشانی "نەجیمزادەی هەژار"کە بە ئاشکرا سێبەری گۆگۆڵی پێوە دیار بوو. "پیاوی سەڵت" شانۆنامەیەکی دیکەی بوو و لە نێو چەندین شانۆنامەدا، تاقە بەرهەمێك بوو کە لە ژێر قەڵەمی کارمەندانی سانسۆر دەرچوو و لە سەر شانۆ پێشکەش کرا. شانۆنامەی "مانگێك لە گوند" بە باشترین شانۆنامەی ئەم سەردەمەی ئەو لە قەڵەم دراوە، کە لە ساڵی ١٨٥٥دا نووسراوە بەڵام دوای بیست دانە ساڵ، لە سەر شانۆ نمایش کرا(٢٢).

ئەم شانۆنامەیە، وەکو بەرهەمەکانی چیخوف، دوای تێپەڕبوونی ڕۆژگارێکی زۆریش، هێشتا لە لایەن هونەرمەندانی دنیای شانۆگەرییەوە نمایش و پێشکەش دەکرێت.

تورگینیف، پێش ئەوەی کارێك لە دام‌و دەزگاێن دەوڵەتی وەربگرێت کە بۆ پایەی ئەو زۆر کەم بوو، چەند پارچە شیعرێکی دیکەی نووسی بوو، لەوانە: گفتوگۆ، ئاندرێ کولوسف‌و فیودال، کە هیچ یەکێك لەم شیعرانە پاداشت‌و دەسکەوتی نە مادی و نە مەعنەوی بۆ ئەو تیا

نەبوو بوو. کاتێ کە زانی دایکی مانگانەکەی بڕیوە، بەجدی دەستی بە کاری نووسین کرد. لە ساڵی ١٨٥٠دا کتێبێکی بڵاوکردەوە کە شۆرەت و ئیحتوبارێکی زۆری بۆ نووسەر پەیدا کرد. ناوی کتێبەکە "بیرەوەری وەرزشکارێك (٢٣) بوو و نووسەر نزیکەی نۆ دانە ساڵی ڕەبەق، لە نێوان ١٨٤١- ١٨٥٠دا کاری لە سەر کردبوو و زەحمەتی پێوە کێشا بوو. بیرەوەری وەرزشکارێك کۆ کورتە چیرۆکێك بوو کە زۆربەی هەرە زۆری سەروکاری دەگەڵ ژیانی مەینەتباری وەرزێران و ئاغایانی خۆپەرستدا هەبوو و هەرچەندە تورگینیف ئاگای لە نێوەڕۆکی گیانە مردووەکانی گۆگۆڵ نەبوو و ئەم دوو بەرهەمە لە یەکسەروبەندا بڵاو بوونەوە، بەڵام لێکچوونێکی زۆر لە نێوان نێوەڕۆك و بابەتی هەردوو بەرهەمەکەدا هەیە.

ڕەخنەگران، باوەڕیان وایە یەکەمین نووسینی گرینگ و بایەخداری تورگینیف، چیرۆکی دیمیتری رودینە کە لە ساڵی ١٨٥٥دا کەوتووەتە بەردەستی ئەدەبدۆستانی رووس. گومان لەمەدا نییە کە تورگینیف لە کاتی نووسینی ئەم چیرۆکەدا سیمای میخائیل باکونینی شۆڕشگێڕی ئەنتی مارکسیزمی لە بەرچاو بووە. ئەم چیرۆکە باسی چارەنووسی پیاوێك دەگێڕێتەوە کە لە وتاربێژیدا مامۆستایەو جۆش و خرۆش و کاریگەری قسەکانی بە جۆرێکە کە هەر گوێدێرێك دێنێتە جۆش . قارەمانی چیرۆکەکە کە ژنەو ناوی ناتالیایە، کیژێکی دڵپاك و نیشتمان پەروەرە، ئاشق و دڵبەندی ئەو دەبێت و داوای لێدەکات کە دەستی بگرێت و بەرەو ئامانجە شکۆدارەکانی ڕێنێوی بکات، لێ بۆی دەردەکەوێت کە خۆشەویستەکەی، بە پێچەوانەی گوتەکانیەوە، ئینسانێکی زۆر لاوازەو جگە لە قسە هیچی تری نییە، هەر دەمەو هیچی دی. دوای ئەوەی ئەم کتێبە لە هاوینی ١٨٥٦دا بڵاوبووەوە، تورگینیف، بەرەو پاریس ڕۆیی تا لەگەڵ دڵدارەکەیدا، پۆلین فیاردو دا، ڕۆژگاری خۆشی ژیان بەسەر بەرێت، لێ بە پێچەوانەوە ئەم سەفەرو ئەم دیدارە جگە لە عەزاب و ناخۆشی هیچی لێ بەرهەم نەهات. ئیدی تەواو شەکەت و پەست بوو. ناچار، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك، لە شارێکەوە بۆ شارێك کەوتە سەفەرو لەم سەفەرانەدا، دیداری دەگەڵ ناودارانێکی وەکو ئەمیل زولا، ئالفونس دودە، گی دو موپاسان، گنکورو گوستاف فلوبیردا کردو ناسیاوی و دۆستایەتی دەگەڵدا پەیدا کردن. لە ساڵی ١٨٥٨دا، دوای گەڕانەوەی بۆ ڕووسیا، چیرۆکی "هێلانەی نەجمیزادەیەك"ی نووسی کە لە گەڵ بڵاوبوونەوەیدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. ئەم بەرهەمە، یەکەمین نووسینی تورگینیفی چیرۆکنووسی رووسە کە ڕەسەنایەتی ڕووسی خۆی لە دەستداوەو شەقڵی ئەوروپایی لە خۆ گرتووە. بەگوتەیەکی دی "هێلانەی نەجیمزادەیەك" لە ڕووی فۆرم و بونیادەوە زیاتر ڕۆژاواییە تا ڕووسی بێ(٢٤).

چیرۆکنووسی رووس، لەم ساڵانەدا، کە تەمەنی خەریك بوو لە چل ساڵی تێدەپەڕی ، زیاتر ڕوویکردە لاوان و دنیای لاوان و ئەو بەرهەمانەی کە لەم تەمەنە بە دواوە بڵاوی کردونەتەوە ئەوە نیشاندەدەن کە حەزیکردووە قارەمانانی بەرهەمەکانی خۆی لە نێو گەنجانەوە هەڵبژێرێت و جڵەوی ژیان و چارەنووس بە دەستی ئەوان بسپێرێت.

نیازی پەنهانی تورگینیف، بو نیشاندانی هاوخەمی و هاوفیکری دەگەڵ ڕۆشنبیرانی گەنجی رووسیا، تەقریبەن لەم سەروبەندەوە دەست پێدەکات. تورگینیف، هەرگیزو بەعەمراتی، نەبوو بە هاوبیری نوێخوازان‌و ئەم کەسانەی کە خۆیان بە "ڕادیکاڵ" دەژمارد. بەڵام لاری لەوە نەبوو کە بیری نەرێنی و ئامانجە بە سوودەکانی ئەم ژنان‌و پیاوە ڕۆشنبیرانە لە بەرهەمەکانی خۆیدا بنوێنیٚ‌و بەرجەستە بکات. ڕەنگدانەوەی ئیحساسی لەم جماعەتانە، بە تایبەتی سەرکردەکانیان، وەکو نیکۆلای چرنیشفسکی‌و نیکولای دوبرلیوبۆڤ ساردو هەندێجار دژمنانە بوو(٢٥).

ڕەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە چیرۆکنووسی ڕووس، لە جیاتی ئەوەی هزرو ئامانجی سیاسی ئەوان لە چیرۆکەکانی خۆیدا عەکس بکاتەوە، هاتووە جۆش‌و خرۆش‌و ئەشق‌و هەوەس‌و مەشرەب‌و مجێزی ئەوانی لە بەرهەمەکانی خۆیدا عەکس کردووەتەوەو تەواو. تامەزرۆ بوو باسی ئەوان بکات، بەڵام نەك پەیڤدارو گێڕەرەوەی ئارەزووە شۆڕشگێڕیەکانی ئەوان بیٚ، چیرۆکی ئاسیا کە لەو سەردەمەدا نووسراوە، نیشانەیەکی زەقە کە تورگینیف، حەزی لە دنیای گەنجایەتی کردووەو دنیای ئەوانی بەلاوە خۆش بووە، بەڵام دەربەست لە خزمەتی هزری سیاسی ئەواندا نەبوو.

تورگینیف لە سەردەمێکدا دەژیا کە خەڵکانێکی یەجگار گەورە لە واری چیرۆکنووسیدا، لە رووسیا دەژیان، خەڵکانی وەکو دوستویفسکی و تولستۆی. ئەگەر تورگینیف لە ڕووی شێوازو تەکنیکی کارەوە، لەوان جیاواز بوو، ئەوا لەم خاڵەشدا، لە گەڵ بیروبۆچوونی ئەواندا جیاواز بوو کە ئەدەبیات ناتوانیٚ وەڵامی سەدان پرسیاری مرۆڤ دەربارەی ژیان، بداتەوە. ئەو لە چیرۆکەکانی خۆیدا، قارەمانێکی دروست دەکرد، کە ئەم قارەمانە، چ ژن بوایە چ پیاو، وەڵامی گەلێك لەو پرسیارانەیان دەدایەوە کە پێشوەختە لە زەینی نووسەردا کەڵەکە بوو بوون‌و ئەم کاراکتەرە وەستایە، لە ڕاستیدا چرایەکی هەڵدەکرد کە تاریکی "بیٚ ئاگاییەکانی" ڕوناك دەکردەوە بۆیە خوێنەر دەبێت لە چیرۆکەکانی تورگینیفدا، بڕوانێتە ڕوخساری قارەمانەکان‌و ڕەفتارو گوتاری ئەو وەکو کردارو پەیامی نووسەر قەبووڵ بکات.

دوو ساڵ، بەر لە بڵاوبوونەوەی چیرۆکی ئاسیا، چیرۆکی "شەوی پێش ڕووداوەکە"ی نووسی . ئەم کتێبە لە بەرهەمە مەنشوورو پڕ بایەخەکانی ئەوە. چیرۆکەکە باسی دوو شت دەکات. یەکێکیان ئەو کێشەیەیە کە ڕۆشنبیرانی گەنج لە ڕۆژگاری پێش شەڕی قرم ڕوو بە ڕووی بوو بوونەوەو ئەویتریان ئەو گۆڕانکارییە بوو کە بە هۆی دەرکردنی فرمانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لەلایەن تزارەوە، کە لە ئاستانەی ڕوودانیدا بوو. قارەمانی ئەم چیرۆکە نیشتمانپەروەرێکی بولگاریە کە زوڵم‌و زۆری عوسمانیەکان تەنگەتاوی کردووەو هەوڵدەدات، خزمەتێك بە هاووڵاتیانی خۆی بکات.

هەوڵ و کۆششەکانی ئەو لە پێناوی گەییشتن بە هیواو ئاواتەکانی‌و، سەرەنجام شکست‌و نەخۆشی‌و مردنی ئەو، نیشانەی ئەوەن کە تورگینیف دیل‌و ئەسیری جۆرە هەستێکی ڕەشبینی و نا ئومێدی بووەو باوەڕی وابووە کە ژیان جگە لە مەینەت‌و مەرگ هیچی دیکە نییە. ڕەنگە

پەیوەندی خودی ئەو بە مەدام ڤیاردو ناکۆکیەکانی مێردەکەی دەگەڵ ئەودا، هۆکاری ئەم جۆرە هزرین و هەستە بووبێ.

***

تورگینیف، لە ساڵانی ١٨٦٠- ١٨٧٠دا، کە تەمەنی ٤٠-٥٠ ساڵی بەسەر دەبرد، لە جوملەی رۆشنبیرانی ئازادیخوای ڕووس بوو، لێ گەنجانی شۆڕشگێڕی ئەم مەرزو بۆیە، ئەویان بە یەکێك لە خۆ نەدەزانی. نووسینەکانی ئەو کە لە کۆڕو ئەنجوومەنی ئەدەبناسان و خوێنەرانی ڕووسدا دەستاو دەستیان دەکرد، بەدڵی ئەوان نەبوو. ئەو گۆڕان و وەرچەرخانەی کە تورگینیف و هاوبیرانی ئەو دەیانویست دەگەڵ جۆری ئەو گۆڕانکاری و شۆڕشەی کە گەنجانی ڕۆشنبیری ئەم قۆناغە ئارەزوویان دەکرد، جیاواز بوو، بۆیە هەرگیز لێك حاڵی بوون و سازش و ئاشتی لە نێو ئەم دوو گروپەدا نەدەهاتە ئاراوە.

ئەلکساندەری دووەم، تزاری ڕووسیا، ئازادی بە وەرزێران و ڕەنجبەرانی کۆیلە بەخشی بوو، بەڵام ئەم ئیمتیازو بەخششە لاوانی خوێنگەرم و توندڕەوی ڕازی نەدەکرد. هەموو چاوەڕوان بوون، شتێك ڕوو بدات، شتێك ببێتە مایەی گۆڕینی حکومەت و هەرەسهێنانی کۆشکی ستەمی تزار . تورگینیف لەم هەلومەرجەدا، هەرچەندە لە دڵەوە دەگەڵ ئامانجی گەنجانی شۆرششگێڕدا نەبوو، بەڵام بە ئەرکی خۆی دەزانی کە خزمەتێك بە گەل و نیشتمانی خۆی بکات(٢٦). بۆیە دەستی بە نووسینی ڕۆمانی باوکان و کوڕان کرد، ئەو بەرهەمەی کە پاشان نەك بە هەڵبژاردەترین کاری ئەو هاتە ژماردن، بەڵکو بوو بە یەکێك لە ڕۆمانە گەورەکانی ڕووسیا و یەکێك لە بەرهەمە بەنرخەکانی ئەدەبی دنیا، تورگینیف لە مانگی ٨/١٨٦٠دا، لە نامەیەکیدا بۆ دۆستێك دەڵێت: "بابەتی چیرۆکێکم لە زەین و مێشکی خۆدا گەڵاڵە کردووە، بەڵام هێشتا دەربارەی ئەنجامەکەی بە گومانم..."

تورگینیف، لە چیرۆکنووسیدا، عادەتی وابوو کە هەوەڵجار قارەمانێکی دێنایە بەرچاوی خۆی و پاشان ئەو قسانەی کە دەیویست بیانکات، لە زمانی ئەوەوە دەیکردن. ئەم شا قارەمانەکەی هێنابوو، گەنجێك بوو پڕ جۆش و خرۆش، ئاگرین خوو، لەو ڕۆشنبیرانەی کە نموونەی لە نێو نەوەی ریفۆرمخوازی ئەو زەمانەدا زۆر بوو(٢٧). بەڵام نەیدەتوانی بڕیار بدات کە ئەو لە چ ئاستێکی نوێخوازی و گۆڕانخوازیدا دابنێت. لەو سەردەمەدا لە گوندی سپاسکویەی موڵکی دایکیدا دەژیا. لەو ڕۆژانی هاوینەدا، بە ڕادەیەك بیری لە شا قارەمانی چیرۆکەکەی دەکردەوە، کە توانای ئەوەی نەبوو بۆ ساتێکیش لە خەیاڵی خۆی دەری بێنێ، جارێکی دی نامەیەکی بۆ دۆستێکی هزرڤانی نووسی:

" لەو ڕۆژەوە کە دەستم بە چیرۆکەکەم کردووە، هیچ کەسێك باوەڕ ناکات کە من بەردەوام و بێئەوەی لە دەسەڵاتی خۆمدا بێ، دەگەڵ ئەم گەنجەدا کە نێوی بازاروفە دەژیم..."

کاتێ کتێبەکە تەواو بوو، نەیدایە وەشانکاران، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا بۆ پاریسی هێنا. لە پاریس بۆ دۆستانی خۆیی خوێندەوە(٢٨)، خەڵکەکە هەموو جۆرێك، بێ موبالاتیان نیشاندا بوو. ئیدی چیرۆکنووس، بە پێویستی زانی کە گۆڕانکارییەکی زۆری تیا بکات و، هەر واشی

کرد. له ڕووسیادا، هەموو شتێك له ئاستانەی گۆڕاندا بوو ، خەڵکەکە له سایەی جۆره نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکدا دەژیان. تورگینیف، حەزی دەکرد که بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمه بڕێك دوا بخات، لیٚ وەشانکاری بەرهەمەکەی، ئامانی نەدابوو و تورگینیف، ئەمەی له نامەیەکدا بۆ دوستویفسکی باسکردبوو. سەرەنجام له هەیڤی ١٨٦٢/٣، چیرۆکەکەی بۆ کاتکوڤ سەر نووسەری گۆڤاری مانگانەی پەیکی ڕووسیا، که ئۆرگانی لاوانی ڕۆشنبیری ڕووسیا بوو ڤرێکردو لەوێندەر چاپ بوو.

تورگینیف، لەو قۆناغەدا چاوەڕوان بوو پەرچه کرداری باش‌و خراپ سەبارەت به ڕۆمانەکەی خۆی ببینیٚ، بەڵام هیچ کاتیٚ به تەمای ئەوه نەبوو که بارانی تۆمەت‌و بوختان‌و جنێوی بەسەردا بباریٚت. به تایبەتی ئەوەی که دوستویفسکی له نامەیەکدا بۆ نووسەری نووسی بوو، باسی ئەوەی کرد بوو که کتێبەکەی‌و قارەمانی کتێبەکەی، بازاروف، بووه به بابەت‌و باسی یەکەمی ئەنجوومەن‌و کۆڕەکانی ڕووسیا. بەڵام ئەمەی که له هەر چوار نکالەوه جەبهەی دژایەتی لێبگرن، ئەمەی بەلاوه سەیرو سەمەره بوو، له دڵی گران بوو. "محافەزەکاران" که له ڕۆمانەکەدا له ژێر پەردەی "باوکان"دا دەرکەوتبوون، سەبارەت به نووسەر، زۆر قەڵس و لێی پڕ بوون، چونکه بازاروف که نوێنەری نەوەی نویٚ بوو، به قسه لۆژیکییەکانی خۆی بناغەی بیروهزرینەکانی ئەوانی هەڵتەکاند بوو. "ڕادیکالەکانیش" که ئازادیخوازانی میانڕەو بوون، قسەی هیچ یەکێك لەم دوو گروپەیان قەبووڵ نەبوو و به کرێتیان دەزانی. له هەموو ئەمانه گرینگتر لاوانی توندڕەو که بازاروف لەم ڕۆمانەدا دەوری نوێنەری ئەوانی دەبینی، به هیچ کلۆجیٚ ئەویان قەبووڵ نەبوو و ئەویان بەکاریکاتۆرێکی لێبۆکی ئەم نەوەیەیان دەزانی، جا لەم حاڵەتەدا تورگینیف، له نێو جماعەتێکدا گیرۆده بوو بوو که هەر هەموویان نەیاری بوون. له هەموو ئەمانه سەرنجڕاکێشتر ئەو بیروبۆچوونه بوو که ئەلکساندەر هرتزنی شۆڕشگێڕی نێوداری رووس که له لەندەن دەژیا، دەری بڕی بوو. ئەو گوتی: "ئیڤان تورگینیف، ویستویەتی له ڕێگای ڕۆمانی "باوکان‌و کوڕان"ـەوه شتێك به قازانجی باوکان بنووسێت، بەڵام له جیاتی ئەوەی کوڕان مەحکوم بکات، قامچییەکی داوەته دەستی ئەوان تا به کەیفی دڵی خۆیان، بکەونه وێزەی باوکان...(٢٩)".

کار بەدەستانی سەختگیری حکومەتی تزار که سەبارەت به ناوەڕۆکی کتێبەکه تیا مابوون‌و نەیاندەزانی که نووسەر هێرشی کردووەته سەر کیٚ‌و داشداری له کام لایەن دەکات، سەرەنجام ڕایانگەیاند که...

"... تورگینیف به داهێنانی وشەی ڕەخنەئامێزی "نەهلیست" داغمەی نەنگ‌و ڕیسوایی ناوه به تەوێڵی لاوانی شۆڕشگێڕەوەو بناغەی هزرین‌و تیورییه مادیەکانیانی لەق کردووه..."

بەم فەرمانه سادەیە، ڕۆمانەکەیان له مەترسی کۆکردنەوەو قەدەغەکردن ڕزگار کردو ناوی نووسەر نەکەوته سەرەتای لیستی ناوی مەحکوومانی زندانی سیبریا(٣٠).

مەسەلەکه چ بوو؟ تورگینیف بەر ٖاستی دەیویست چی بڵیٚ و بازاروڤ قارەمانی نەمری ڕۆمانەکەی چۆن بەشەرێك بوو؟ دژمنی گەنجان بوو یا داشداری هزرینی ئەوان بوو؟

نووسەر، سەری لەو هەموو بۆچوونە هەڤدژانە سوورمابوو کە دەربارەی ڕۆمانەکەی دەوتران و زۆر پێی ناڕەحەت بوو. دەیویست داکۆکی بکات و قسەی خۆی بکات، بەڵام هەراو هەنگامەیەکی ئەوتۆ دەربارەی بازاروف نرابووەوە کە ئیدی کەس گوێی لە قسەی ئەو نەدەگرت و باوکان و کوڕانی ڕووسی حەزیان دەکرد، پەنا وەبەر نێوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەرن تا داکۆکی وداخۆیان و روونکردنەوەی نووسەر.

تورگینیف لە مانگی ١٨٦٢/٤، لە نامەیەکی تێرو تەسەلدا بۆ کونستانتین سلوچیفسکی، کە یەکێك بوو لە ڕابەرانی گەنجانی ئازادی خواز، بەرگری لەو ئەرك و پەیامە کردبوو کە دابووی بە ملی بازاروفدا، داکۆکی ئەوەی لێکردبوو کە نەك هەر شایەنی تەوس و توانج و تەشەر نییە، بەڵکو بەوپەڕی سوور بوونەوە بازاروڤ بە کەسێکی ئابڕوومەندو بە هەڵوێست و یەك ڕەنگ و جێگای متمانە دانا بوو ودەیگوت: "بابایەکی دیموکراتی ڕاستییە." وبە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شانازی بەوەوە کردبوو کە توانیویەتی لەم ڕۆمانەدا "تەمەڵی و خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی چینی نەجیمزادان نشان بدات" و خۆی لە ستایش و پێدا هەڵدانی ئەم چینە خۆسەرو خۆ پەرست و ستەمکارە دوور بگرێت و سەرەنجام گوتبووی کە: "هەموو هەوڵێکی من ئەمە بووە کە داری تۆمەتباری ڕوو بە ڕووی ئەم نەجیمزادە ئاسوودەخوازانە هەڵبڕم...(٣١)"

شارەزایان و ئەدەبناسانی بێلایەن کە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربارەی نێوەڕۆکی ڕۆمانی باوکان و کوڕان دەردەبڕی، باوەڕیان وا بوو کە نووسەر زیاد لە پێویست، بایەخی بە نیکولای پترۆفیچ کیرزانوف، نەجیمزادەی ناڤساڵی ڕۆمانەکە کە پیاوێکی دڵ و دەروون باش و ئاشقی ئارکادی کوڕی خۆی بوو، داوە. تورگینیف، زۆرجار گوتبووی کە ئەم پیاوە، جگە لە خۆم کەسی دیکە نییەو هەوڵمداوە هەست و کەڵکەڵە شەخسیەکانی خۆم لە سیماو کردارو گوتاری ئەم پیاوەدا بنوێنم.

ئەم چیرۆکنووسیە ڕووسە، لەم ڕۆژگارەدا کە لە پاریس بوو، هەوڵی دەدا، بە هەر شێوەیەك بووە، نیازو نیەتی خۆی و سیفەت و خەسڵەت و خووخدەی قارەمانەکانی خۆی بۆ شارەزایان و ئەدەبناسان روونبکاتەوە. بەڵام زۆر کەم ڕێدەکەوت کە قەناعەتیان پێبکات. تا ئەوە بوو لێبڕا بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، بە ڕێکەوت ڕۆژێ گەییەوە سان پترۆسبۆرگ کە ئاگرێکی ترسناك لەم شارەدا کەوتبووەوە، کات هاوێنی ١٨٦٢ بوو. دەگوترا، خوێندکارانی زانکۆ ئەم ئاگرە سەیرەیان کردبووەوە. کاردانەوەی خەڵکەکە بەرانبەر بە دیتنی تورگینیف سەیر بوو. هەر هەموویان بە ساردی و بێ موبالاتی پێشوازیان دەکرد. بۆیە زۆر بە خەمینی بۆ دۆستێکی خۆی دەنووسێت:

"کاتێ بۆ سان پترۆسبۆرگ گەڕامەوە، هەمان ڕۆژ بوو کە ئاگرێکی گەورە لە بەشێکی شار کەوتبووەوە، هاواری "نەهلیست" لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبووەوە. یەکەم کەس کە منی ناسییەوە، بەرەو ڕووم لە نەعرەتەی داو هاواری کرد: "تەمەشاکە بزانە ئەم نەهلیستانەی تۆ چییان بەسەر ئەم شارە هێناوە! ئەوانەی کە سان پترۆسبۆرگیان لە ئاگرو خوێن هەڵکێشاوە، هەمان دەستپەروەردەکانی تۆن...(٣٢)".

ئەم چیرۆکنووسە مەزنە لەو ڕۆژگارەدا بە ڕاستی دووچاری حیرەت بوو بوو. ژمارەیەکی زۆر کەم بە هانایەوە چووبوون و وەدەیانگوت: "تورگینیف پیاوێکی چل ساڵانە، حەزی کردووە گەنجانی ئەم سەردەمە لە ڕۆمانەکانی خۆیدا وێنەبگرێت. جا ئەگەر ئێوە ئەم وێنەیەتان پێ پەسند نییەو باوەڕتان وایە کە ئەو لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نییە، خەتای ئەو نییە. ئێوە لە دیدی ئەودا، بەو جۆرە بوون."

بەڵام حەقیقەتی مەسەلەکە، ئەم قسەو داوەریانە نەبوو، شتێکی دیکە بوو. تورگینیف بە خۆڕایی بایەخی بە داوەری ئەمو ئەو دەدا . دیارە زیاد لە پێویست شۆرەتو خۆشەویستی خۆی مەبەست بوو و نەیدەویست کارێك بکات کە خەڵکی ڕووسیا، بە بێگانەی بژمێرن. ئاینده ئەم حەقیقەتەی سەلماند.

چیرۆکی باوکانو کوڕان بە سەفەری دوو هاوڕێی خوێندکار بە نێوی ئارکادی کیرسانوفو یەڤگینی بازاروف، لە زانستگەی سان پترۆسبۆرگەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان دەست پێدەکات. کات بەهاری ساڵی ١٨٥٩یەو جووتە ڕێبوار لە یەکەم مەزڵدا، کە موڵکی بابی ئەرکادییە بە نێوی مارینو، لادەدەن. نیکولای پترۆفیچ کیرسانوف، بابی ئارکادی، پیاوێکی جوانە، لە چینی ڕۆشنبیرو دەوڵەمەندی خەڵکی ڕووسیایە، هەرچەندە وەزعو حاڵی دارایی ڕۆژ بە ڕۆژ خراتر دەبێت، هاوسەرەکەی ماوەیەك لەوەپێش مرد بوو و ئێستا ماشقەیەکی هەبوو بە نێوی ڤنچیکا. پاڤلی برایشی لە هەمان موڵکدا دەگەڵ ئەودا دەژی.

ئارکادیو بازاروف، بە ڕواڵەت دوو خوێندکاری هاودەورەن. بەڵام لە ڕاستیدا ئارکادی بە جۆرێ کەوتووەتە ژێر کاریگەری کەسێتی بەهێزو دڵگیری بازاروفەوە کە بووە بە موریدو شاگردی ئەو. نیکولای کیرسانوف کە کوڕەکەی خۆی خۆشدەوێ و شانازی پێوە دەکات، بۆیە ڕێزی هەر میوانێك دەگرێت کە پێ دەخاتە ماڵەکەی، هەروەها مامە پاڤل کیرسانوفیشی ڕێزی میوانەکانی دەگرێت، بەڵام لە ڕەفتارو گوتاری میوانە گەنجەکەی کوڕەکەی بە گومانە. گوێ لە قسەکانی ئەو دەگەڵ کوڕەکەیدا، لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنەوە، لە زمانی تورگینیفەوە بگرن:

لە ئارکادی پرسی: "هاوڕێ تازەکەت لە کوێیە؟"

ئارکادی بەرسڤی دایەوە: "چووەتە دەرێ.حەز دەکات بەیانیان زوو لە خەو ڕابێو کەمێك پیاسەو ڕاوێچکە بکات. بەڵام دەمویست شتێك بە تۆ بڵێم، بۆ هەوەڵجار و دواجار، زۆر خۆت لەم هاوڕێیەی من مەگەیەنە، وازی لێبێنە، ئەمە هی تەشریفاتو ڕێو ڕەسمان نییە...."

"خۆیشم هەستم بەمە کردبوو."

ئەوسا بە هێمنی، تۆزێك کەرەی هەڵگرتو لە نانەکەی خۆیی هەڵسوو.

"زۆر لە لای ئێمە دەمێنێتەوە؟"

"لای من قسەی نەکردووە، بەتەمایە لێرەوە بۆ لای بابی بڕوات."

"بابی لە کوێ دەژی؟"

"لەم نزیکانەی خۆمان، لە دووری نزیکەی نەوەت کیلۆمەترێکی ئێرەدا موڵکێکی چکۆلەی هەیە. کاتی خۆی دکتۆری سوپا بووە."

"عەجایەب. لە خۆڕایی نەبوو کە بەردەوام لە خۆم دەپرسی کە ئەم ناوەم، کاتی خۆی لە کوێ بیستووە؟ بازاروف... بازاروف... نیکولاس، لە بیرت نییە کە لە لیواکەی باوکماندا دکتۆرێك هەبوو بە نێوی بازاروف ؟"

"شتێکی وەهام لە بیرە."

"بەڵێ. خۆیەتی، کەواتە ئەم دکتۆر بازاروفە باوکی ئەم گەنجەیە؟"

پاشان پاڤل پترۆفیچ، دەستێکی بە سمێڵیدا هێناو پرسی: "باشە ئەم ئاغای بازاروفە گەنجە، چۆن ئینسانێکە؟"

ئارکادی بەرسڤی دایەوە: "دەتانەوێ بڵێم چۆن ئینسانێکە؟ کەسێکی نەهلیستە."

نیکولاس پترۆفیچ بە سەرسامی پرسی: "گوتت چییە؟"

پاڤل پترۆفیچ، لەم ساتەدا قیت‌و بێ جوڵە دانیشت. هێشتا تۆزێك کەرە بە نووکی چەقۆکەیەوە بوو. ئارکادی دووبارەی کردەوە:

"گوتم کەسێکی نەهلیستە."

نیکولاس پترۆفیچ دووبارەی کردەوە: "نەهلیست؟ ئەم وشەیە، ئەوەندەی من بیزانم لە "نیهیل"ی لاتینییەوە هاتووە کە مانای هیچە. یانی چی؟ مەبەست ئەمەیە کە هیچ شتێك نازانێت؟".

پاڤل پترۆفیچ کە سەر لە نوێ خەریك بوو کەرەکەی لە نانەکە هەڵدەسوو گوتی: "یا کەسێکە کە ڕێزو حورمەتی هیچ کەسێکی لەلا نییە؟"

ئارکادی گوتی: " کەسێکە بە چاوی ڕەخنە تەمەشای هەر شتێك دەکات".

پاڤل پترۆفیچ پرسی: "جا ئەمە فەرقێکی هەیە؟"

"زۆریان فەرقە، نەهلیست کەسێکە سەر بۆ هیچ دەسەڵاتێك شۆڕ ناکات. هیچ پرەنسیپێك وەکو باوەڕ قەبووڵ ناکات، جا با ئەو پرەنسیپە، لە هزرینی گشتیدا پایەیەکی زۆر بەرزیشی هەبێ."

پاڤل پترۆفیچ پرسی: "تۆ لەگەڵ ئەم جۆرە بیرەدایت؟"

"هاپۆ گیان، ئەمە پەیوەندی بە جۆری هزرینی ئەو کەسەوە هەیە. زۆر کەس بە دروستی دەزانن‌و زۆر کەسیش بە هەڵەی دەزانن."

"دروستە. من پێموایە کە لە گەڵ جۆری بیرکردنەوەی ئێمەدا ناگونجێت. ئێمە کە سەر بە ڕێبازو قوتابخانەی کۆنین، باوەڕمان وایە کە بەبێ ئەم پرەنسیپانە، کە تۆ گوتەنی وەکو ئیمان وەرمان گرتووە، ژیان مانایەکی نامێنێ. جا ئێستا ئێوە دەتانەوێ بیگۆڕن فەرموون (ئەم ڕستەیەی بە فەرەنسی گوت) خودا ڕاوەستاو و تەمەن درێژتان بکات‌و بتانگەیەنێتە پایەی جەنەراڵی، ئێمە بەمە ڕازین کە ئێوەگەل..."

گوتت بڵێین چی؟"

"نەهلیست"و ئارکادی دانی لەسەر هەر حەرفێکی ئەو وشەیە دادەگرت.

"بەڵێ، سەردەمانێ بوو کە هیگلیستمان هەبوون، ئێستاش نۆرەی نەهلیستە. با تەمەشاکەین‌و بزانین کە ئێوە چۆن دەتوانن لە "هیچ"دا بژین، لە بۆشاییدا، لە شوێنێکدا کە هەوا نییە.... جا ئێستا براله ئەو زەنگە لێدە. حەزم چووەتە کووپێك کاکاو....(٣٣)"

ئەم گفتوگۆو گەنگەشانە لە کاتی عەسرە چایشدا دووبارە بوونەوە. پاڤل، بەجۆرە پەستیەکەوە خۆی بە ژووری میواندا کرد. وەکو یەکێك بوو کە خۆی ئامادە کردبێت تا پەلاماری دژمن بدات. بازاروف، حاڵەتێکی وای لە خۆ هێنا بوو وەکو ئەوەی نەیەوێت دەگەڵ "ئەم دوو پیرەدا" بکەوێتە گەنگەشەو چەلەحانیەوە.

چا لە دووی چای دەخواردەوەو دەبیرەوە دەچوو. تا سەرەنجام قسەو باس هاتە سەر موڵکدارەکەی دراوسێیان. بازاروف کە پێشتر ئەم کەسەی لە سان پتروسبۆرگەوە دەناسی، دەستی بە قسان کرد:

"ئەرستۆکراتێکی بەدە. ئەگەر بڵێی کەودەنیشە!"

پاڤل، بەدەم لێوەلەرزێوە گوتی: "بەیارمەتی خۆت ئایا لای تۆ ئەم وشەیە "ئەرستۆکرات"و "کەودەن" یەك مانایان هەیە؟"

بازاروف، لە کاتێکدا کە بە شێنەیی چایەکەی خۆی دەخواردەوە بەرسڤی دایەوە: "من گوتم ئەرستۆکراتێکی بەدە!"

"دروستە، بەڵام پێموایە تۆ ئەرستۆکراتی بەدو ئەرستۆکرات، لەیەك خانەدا دادەنەیت. من ئەمە بە ماڤ خۆم دەزانم کە پێت بڵێم، کە باوەڕی من وانییە. من خۆم بە کەسێکی لیبڕاڵ دەزانم‌و، حەزم لە پێشکەوتنە... هەر بۆیەش ڕێزی ئەرستۆکراتانی ڕاستەقینە دەگرم... تەمەشا ئاغای بە ڕێز من..." بە هەمان تۆنی پڕ حورمەتەوە، لە کاتێکا بازاروف ڕاست دانیشتبوو و چاوی بڕی بووە ئەو، لەسەری ڕۆیی: "تەمەشا ئاغای بەڕێز و ئازیزی من، ئەشرافیەتی ئینگلیزی بێنە بەرچاوی خۆت. ئەوانە یەك زەڕە ماڤ خۆ بە هیچ کەسێك نادەن‌و لە هەمان کاتدا ڕێزی ماڤ هەموو کەسێکیش دەگرن. داوای شتانێك دەکەن کە ماڤ خۆیانە. لە هەمان کاتدا سوورن لە سەر ئەوەی ماڤ خەڵکانی دیکەش بدەن، جا ئەم جۆرە ئەرستۆکراتیەت‌و نەجیمزادەییەیە کە ئازادی بە ئینگلیستان داوەو ئەمە پایەو کۆڵەکەیەکی مکوم‌و بتەوە کە ئینگلیز پشتی پێوە داوە."

بازاروف گوتی: "ئەمە قەوانێکی کۆنە، زۆرجار گوێمان لێبووە، بەڵام مەبەستت لەم قسانە چییە؟"

"مەبەستم برادەری ئازیز، ئەمەیە کە بیسەلمێنم بەبێ هوشیاری تاك سەبارەت بە پێگەو پایەی خۆی، بەبێ ڕێزگرتنی خۆی‌و ئەو جۆرە هەستەی کە لە نێو نەجیمزاداندا باوە، هیچ جۆرە بنەماو بناغەیەك بۆ هاوژینی کۆمەڵگەو مانەوەی دەوڵەت نامێنێ. تاك، شەخسیەت، برادەری ئازیزی من، دەبێ هەبێت. شەخسیەت‌و کەسێتی پیاو، دەبێ وەکو تاوێرێکی بتەو مکوم‌و بتەو بێت، چونکە هەموو شتێك لەسەر ئەم بناغەو پایەیە ڕۆنراوە. من زۆر چاك دەزانم کە خۆ ڕازانەوەی من، جل‌و بەرگی من، تەنانەت ئەتەکێتی من لە بەر چاوی ئێوە مەخسەرەیە، بەڵام هەر

هەموو ئەمانە زادەی ڕێزگرتنی خۆمە... بەڵێ... ئاغا، زادەی هەست کردن بە ئەرکی خۆمە! من لە گۆشەیەکی دوورە دەستی گوندا دەژیم، بەڵام لەوەش غافڵ نیم کە بە خۆم ڕابگەم! من لە دڵی خۆمدا، حورمەتی کەسێتی خۆم دەگرم!" بازاروف گوتی: "ببورە جەنابی پاڤل پترۆفیچ، تۆ دەڵێی حورمەتی خۆت دەگریت و بەڵام لە هەمان کاتدا دەسەو ئەژنۆ دانیشتوویت. ئەم ڕەفتارە چ سوودێکی بۆ کۆمەڵگە هەیە؟

خۆ ئەگەر حورمەتی خویشت نەگرتبایە جگە لەمە ڕەفتارو هەڵوێستێکی دیکەت نەدەبوو! هەر ئەمە هەڵوێستت دەبوو!"

پاڤل پترۆفیچ ڕەنگی بوارد. بەرسڤی دایەوە:

"ئەمە شتێکی دیکەیە. من حەز ناکەم پێت بڵێم بۆچی دەستەو ئەژنۆ دانیشتووم. کە زۆر حەز دەکەی ئەمەم بە چاودا بدەیتەوە. من دەمویست بە تۆبڵێم کە ئەرستۆکراتیەت بناغەو پرەنسیپی خۆی هەیەو بە ڕاستی ئەمە کارێکی نابەجێ و دوور لە ئەخلاق و بێ مانایە کە هەندێ کەس هەوڵدەدەن بەبێ ئەو پرەنسیپە بژین، من ئەم قسەیەم ڕۆژێك دوای هاتنەوەی ئارکادی بەو گوت و ئەمڕۆش بە تۆی دەڵێم."

بازاروف، دووبارەی کردەوە: "ئەشرافیەت، ئازادیخوازی، مەرام، پێشکەوتن و ئەم قسانە لە زمانی ئێمەدا نامۆن. کۆمەڵێك وشەی تورەهات و بێکەڵکن. بابایەکی ڕووسی ڕاستەقینە پێویستی بەوە نییە کە ئەم وشانە بەکار بێنێ!"

"باشە بە بۆچوونی تۆ چ شتێك دەبێ بەکار ببرێت؟ خۆ ئەگەر وابێ، مانای وایە ئێمە لە دەرێی مەرزی مرۆڤایەتی و یاسادایین. ئەمە قسەی بەلاشە. لۆژیکی مێژوو وا دەخوازێ کە ...."

"تۆ چیت داوە لە لۆژێکی مێژوو؟ بەبێ لۆژێکیش دەشێت بژی!"

"چۆن؟"

"نموونەیەك دێنمەوە. کاتێ کە تۆ برسیت دەبێ، بۆ ئەوەی پارووە نانێك لە زاری خۆت بنەیت. پێویستت بە لۆژیك نییە؟"

پاڤل پترۆفیچ دەستی خۆی بەرز کردەوە:

"ئەوەی ڕاستی بێ من قسەکانی تۆ فام ناکەم. تۆ خەریکە سووکایەتی بە گەلی ڕووسیا دەکەیت! من نازانم چۆن دەشێت بەبێ پرەنسیپ، بەبێ مەرام و ئامانج و پرەنسیپ بژی. ئەگەر تۆ باوەڕت بەم شتانە نەبێت، ئەدی چ شتێك لە ژیاندا ڕابەریت دەکات؟"

ئارکادی هەڵیدایە: "هاپۆ گیان من پێمگوتیت کە ئێمە باپەندی هیچ پرەنسیپێك نین!"

بازاروف لە سەری ڕۆیی: " هەر کاتێ، هەر پرەنسیپێك بە قازانجی خۆمان بێت پشتیوانی لێدەکەین حاڵی حازر بەرژەوەندی ئێمە لەمەدایە کە نکۆڵی لە هەموو شتێك بکەین و ڕێك ئەم کارە دەکەین."

"نکۆڵی لە هەموو شتێك؟"

"لە هەر هەموو شتێك!"

"لە هونەریش؟ من ڕووم نایەت ئەو قسەیەی کە پێویستە بیکەم، بکەم."

بازاروف، بەبێ موبالاتی دووبارەی کردەوە: "هەموو شتێك، تەنانەت هونەریش(٣٤)."

باس و گفتوگۆو چەلەحانێ لە نێوان بازاروڤ شا قارەمانی ڕۆمانی باوکان و کوڕان و قارەمانەکانی دیکەی ئەم ڕۆمانەدا. ئاو زۆر دەکێشێت. سازش لە نێوان ئەوو نیکولای پتروفیچ دا، باوکی هاوڕێکەی زۆر ئەستەم نییە، چونکە ئەو پیاوێکی دڵنەرم و میرەبانەو زوو قەناعەت دەکات، بەڵام ئەوەی بە هیچ جۆرێك لە هەنبەر ئەو جووتە گەنجە شۆڕشگێڕە نوێخوازەدا، نایەتە ڕەداو سەری سازش دانانەوێنێ، پاڤل پتروفیچە، ئەم ئەرستۆکراتە تەقلیدییە کە پابەندی هەموو پرەنسیپەکانی خەڵکانی هاوتەرازو هاوعەسری خۆیەتی و دواکەوتن لەو شتانە بە گوناحێکی گەورەی لە بەخشین نەهاتگ دەزانێ.

لە ڕۆمانی باوکان و کوڕاندا، کۆمەڵێك کاراکتەری دیکە هەن و خوێنەر بەلای خۆدا ڕادەکێشن. لەوانە: ئانا سیرگیوڤنا ئودینتسوڤا کە بێوەژنێکی جوان و دەوڵەمەندەو لەوە دەچێت لەم تەمەنی بیست و نۆ ساڵیەدا، بە تەواوەتی خۆی بۆ وەدەستهێنانی ئەزموون ماندوو کردبێت، زۆربەی ساڵانی تەمەنی لەگەڵ بابە قوماربازەکەیدا بەسەر بردووەو پاش مردنی ئەو، پەیوەندییەکانی خۆی کەم کردووەتەوەو زیاتر پەنای وەبەر گۆشەگیری بردووە. زەماوەندی ئەو دەگەڵ پیاوێکی قێزەونی وەکو ئۆدینتسوڤادا، فێری ئەوەی کرد کە چۆن دەبێت دەستبەرداری "هەستبازی" و سەر سەختی و کەللە شەقی خۆی ببێت، جۆش و خرۆش و سۆزو گودازو هەڵچوون و هەست و نەستی ئانا، لە سەرەتاوە بە هەمان توندی و حەماسی بازاروف بوو، بەڵام خۆی فێری ئەوە کرد کە دەبێ لەبەر خاتری ئاسایش و ئاسوودەیی ڕوحی و دەروونی، هەستە سەرکێش و توندەکانی خۆی ڕام و جڵەو بکات.

بازاروف، دڵبەندی ئەو دەبێت و ئەوەی لەم ئەشق و ڤیانەدا، بەنسیبی عاشق دەبێت، تەنیا چارە ڕەشییە. لەوە دەچێت ناسینی ئەم ژنە، کردبێتیە کارێك کە ئەم گەنجە لە خۆبایی و گەردنکێشە بە جۆرێ لە کێماسییە دەروونیەکانی خۆی وە ئاگابێتەوە کە پەنا وەبەر خۆکوژی بەرێت.

ئانا،خوشکێکیشی هەیە بە نێوی کاتیا. تەمەنی هەژدە ساڵەو دڵی بە ئارکادی یەوەیە. هەموو تەمەنی کورتی خۆی لە سایەو لە ژێر دەسەڵاتی خوشکەکەیدا ژیاوەو لەم ڕۆڵە زیاتر هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نەدیتووە. بۆیە شەرمنۆك و بێدەسەڵات و دەستوپێ سپییە، بەڵام ڕوح سووك و ڕەزا شیرین و میرەبان و لە هەمان کاتدا بەهرەدارو بە توانایە. ژیانی دەگەڵ ئارکادی دا، تەقلیدی دەبێت.

لە ڕۆمانی باوکان و کوڕاندا، ئەوەی بۆ خوێنەر مایەی سەرنجە، ڤیان و ئەڤینی لە ناکاو و سەرکێشی بازاروفە سەبارەت بەو بێوەژنە جوانە. بازاروف کە کەسێکی نەهلیستە و لەم دنیایەدا باوەڕی بە هیچ پرەنسیپێك نییەو هەرچی سۆزو هەست و پەیوەندی هەن، بەقێزەون و قسەی قۆڕی دەزانێ، لە ناکاوا لە هەنبەر ئەم ژنە گەنج و جوانەدا، بە تەواوەتی هەرەس دێنێ، بەڵام دیمەنی خەمناك و سەیری پاشتر، ئەو ڕەفتارەیە کە ئانا بەرانبەر بە بازاروف هەیەتی. ژنەی لە خۆبایی زۆر بە توندی ئەو لە خۆی دەتارێنێ و ئەشق و ئەڤین و هەستی ئەو بە پولێك ناکڕێت.

بازاروف کە غروورو کبریای زۆر بریندار دەبێت، دەستبەرداری دەبێتو دوای سێ ساڵ دووری بۆ لای بابی دەگەڕێتەوە. لێ بەرهەمی ئەم دیدارە جگە لە تاڵیو نا ئومێدی هیچی دی نابێت. بازاروف ئیدی. تاقەتی ئەوەی نەبوو گوێ لە قسەکانی بابیو ئەندامانی خانەوادەکەیان بگرێت. لە هەستی گەرموگوڕی ئەوانیش بێزارە، ناچار دوای سێ ڕۆژ، بەبێ هیچ ئاگادارییەکی پێشوەختە، بەجێیان دێڵێتو لەوێندەر دەڕوات.

مانەوە لەگەڵ کەسوکاری ئارکادی دا، هەندێك ناخۆشە. بازاروف، هەوڵدەدات بە هەر جۆرێك بووە، خۆی لە گەنگەشەو موناقەشەی پاڤل پتروفیچ دوور بگرێت، تا نەبا جارێکی دی، قسەو باسەکانیان تێك بگیرێ، بەڵام ڕۆژێك کارێکی لێ سادر دەبێت کە چەکێکی بڕندە دەداتە دەست هاپۆی توندڕەو. بازاروف،خۆی لەبەر جوانی فنیچکای، ماشقە دێهاتیەکەی نیکولای پتروفیچ ناگرێتو ڕۆژێك لە ناکاوا، لە ژێر کەپریماڵەکەدا، ماچی دەکات. بەڵام پاڤل، ئاگای لەم ئاشقێنییە پەنهانە دەبێت. پاڤل، کە بە خۆی ژێراو ژێر دڵی بەم کیژە جوانە دێهاتییەوە دەبێتو لە دڵی خۆیدا بەغیلی بە براکەی دەبات کە ئەم پارچە جوانەی بە خوتو خۆڕایی دەستکەوتووە، زۆر قەڵس دەبێت. ئیدی ئەمە دەرفەتە بۆ تۆڵە کردنەوە. ئیدی داوای دوئێلی تەن بە تەن، بە دەمانچە لەگەڵ بازاروفدا دەکات. جووتە ڕەقیب بەرانبەر لێکدی دەگرن. بازاروف گوللەیەك دەتەقێنێو گوللەکە بەر ڕانی حەریفەکەی دەکەوێت، بەڵام خۆی لەم تالوکەیە بە سەلامەتی دەردەچێت. دوای ئەم قەوماوە، لەو کاتەدا کە پاڤل لە جێدا دەکەوێت تا فنیچکا پەرستاری بکات، گەنجەی نەهلیست بۆ هەتا هەتا ئەو ماڵو موڵکە بە جێدێڵێت. بەدەم ڕێوە بۆ موڵکەکەی بابی، دیدەنیەکی ئانا دەکاتو لەوێ بۆی دەردەکەوێ کە شاگردو موریدەکەی ئەو، ئارکادی، وازی لەو هێناوەو کاتیای خواستووە. سەرەنجام دەگەڕێتەوە نك بابیو لە کاری پزیشکیدا یارمەتی دەدات، ڕۆژێك بە دەم توێکاری نەخۆشێکی تیفووە، بە خۆی تووشی دەبێتو دەمرێت.

مردنی بازاروف، لە ڕۆمانی باوکان و کوڕاندا خەمناکە، بەڵام بە غروورو ئازایەتی لاویی بارگاویە . لە دوا هەناسەکانی ژیاندا، پەیامێك بۆ دڵدارەکەی خۆی، ئانا ڤرێدەکات تا بێتە دیدەنی ئەم . ئانا، دەگەڵ پزیشکێکی ئەڵمانیدا دێتە دیدەنی، پزیشکەکە پاش معایەنە کردنی، خەبەر بە ئاناو بابە خەمگینەکە دەدات کە کار لە کار ترازاوەو ئەم هیچی لە دەست نایەت. ئانا، پەشێو و پەرێشان دەچێتە ژووری نەخۆشەکەو لە قەراخ تەختەکەیەوە دادەنیشێت. بازاروف، بە چاوانی بەقولا چوو، تەمەشایەکی دەکاتو دەڵێت: "ئەی میهرەبان... تۆ چەند نزیکی منیت... چەند تەڕو بڕو خشکۆكو پاکی... خوا حافیز.... عەمرت درێژبێ... ئەمە باشترین دوعایە کە من دەتوانم بۆتی بکەم... هەوڵبدە تا زندوویت، لەزەت لە تەمەنی خۆت ببینی... تۆ هەنووکە دیمەنێکی ناشیرین دەبینی... کرمێك دەبینی کە ژێر پێیان کەوتووە بەڵام نیوە گیانێکی تیایە... من... من وام بیر دەکردەوە دەتوانم زۆر شتان بشکێنم... زۆر کێشە چارەسەر بکەم... من دێوێك بووم لەو گۆڕە... دێو، ئێستا کێشە ئەمەیە کە ئەم دێوە چۆن بە ئارامی بمرێت..." لێرەدا لە پڕ جووڵەیەکی بۆ دەکات. دەیەوێت دابنیشێت. بە ئەسپایی دەڵێت: "ئانا... تۆ دەزانی کە من

ڕۆژێك دەمویست تۆ ماچ بکەم... ئێستا... ئێستا هەناسەت بۆ لای ئەم چراکزە وەرگێڕە... وەرە پێشترەوەو بمکوژێنەوە..."

ئانا، ماچێکی تەوێڵی دەکاتو دەکشێتەوە. دەنگی کزو نزمی گەنجەکە دێتە گوێ: "بەسە... دەبینم کە دنیا تاریك بووە..."و پاشان لە خۆدەچێتو بۆ سبەی بەیانی ماڵاوایی لە ژیان دەکات.

دوای شەش هەیڤان، زیافەتێکی بەشکۆ لە مارینو بەرپا دەکرێتو ئەم زیافەتو ئاهەنگە بە بۆنەی زەماوەندی ئارکادی دەگەڵ کاتیاو هەروەها نیکولای لەگەڵ ڤنیچکایە. هەموو دەخۆن و دەخۆنەوە، کەیفو شادی دەکەنو کەس بازاروڤ ناکامو نامرادی لە بیرو لە خەیاڵ نییە. لە بیر چووەتەوە، کاریگەریی قسەو ڕەفتارەکانی لە بیری هەمووان چووەتەوە. تەنیا کاتیا لە دوا دواییدا پێکێك بە یادی ئەو دەخواتەوە. بازاروفو یادی ئەو لە گۆڕی فەرامۆشیدا بە خاك سپێردراوە.

***

ڕۆمانی باوکاو کوڕان، لە ڕووی هونەری چیرۆکڤانییەوە، کارێکی سادەو بێ هەڵچوونە، لە هەر جۆرە پلوتێکی بە هێز بە دەرە. زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە گەورەیەی ڕووس بەو جۆرەن. قارەمانێکی بەهێزی هەیە کە نوێنەرایەتی هزرینی نووسەر دەکات. بەڵام ئەم قارەمانە بەهێزە، وروژێنەر نییە. لقو پۆپی چیرۆکەکە، لە ڕووداوێن سەرەکی چیرۆکە کە زۆرترن. ئەوەی لەم چیرۆکەدا، لە هەوەڵەوە تا کۆتایی هاتووە، تەنیا گفتوگۆو گەنگەشەی نێوان باوکانو کوڕانە کە هەوێنی دوو ئەشق، دوئێلێکی تەن بە تەن و مەرگێکی تێکراوە.

وێڕای ئەمەش، شەخسیەتی بازاروف، هزرڤانی شۆڕشگێڕ. هێندە جوانە کە هەموو کێماسیەکانی ڕۆمانەکەی داپۆشیوە. ئەم نەهلیستە گەنجە کە بە گوتەی خۆی نکولی لە هەر یاساو رێسایەکی جڤاکیو ئەخلاقی دەکات، گەنگەشە دەگەڵ هەر کەسێکدا دەکات بۆڕی پێدەدات، زۆر پابەندی بیروباوەڕی خۆیەتی. ترسی لە هیچ شتێك، تەنانەت لە مردنیش نییە. کاتێ ڕوو بە ڕووی خەڵکانی گەوج دەبێتەوە، کاردانەوەیەکی هزری سەیر دەنوێنێ. تۆنی تەوسامێزو قسە تەنزئامێزەکانی بە جۆرێکە کە خوێنەر دێنێتە پێکەنین. تەنانەت ئاشقێنییەکشی نا ئاساییو ئاوارتەیەو لەگەڵ هی خەڵکانی دیکەدا جیاوازە. ئەو ئاشقی ئانا بووەو هاوڕێ و موریدەکەی ئاشقی کاتیا بووە. بەڵام جۆری هەستو کاردانەوەی ڤیانو ئەشقی ئەم دوانە بە تەواوەتی جیاوازە. ئەم ئەهلی شینو گرینو گلەیی نییە. کەسێکی توندو ئاگرینو بێ پەروایە. وەڵامی ئەو یا بەڵێ یا نەخێرە. حەوسەڵەی ئەوەی نییە بە هەردوو دەستان خۆی بە خەیاڵێکی خاوەوە هەڵواسێتو تەمەنی خۆی بە گلەییو گریانەوە خەسار بکات.

بازاروف، ئەم مرۆڤە دەستکردەی تورگینیف، یەکەمین نەهلیستی ئەم دنیایەیە. بە گوتەیەکی دی ئەو یەکەمین کەسە کە چیرۆکنووسی ڕووس وشەی "نەهلیستی" بۆ ئەو بەکار بردووە، ئیدی لە هەر شوێنو کاتێکی دیکەدا کە ئەم ناوە بە کار برابێ، ئەوا لە ڕۆمانەکەی ئەوەوە وەرگیراوە. گومان لەوەدا نییە کە ماوەیەکی تا ڕادەیەك زۆر وشەی نەهلیست لە نێو خەڵکی ڕووسدا باو

بووه. له ساڵانی ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەوە تا کاتی شۆڕش، لاوانی ڕۆشنبیری ئەم وڵاتە شانازیان بەوەوە کردووە کە نەهلیست بن‌و بێگومان وەسوەسەی نەهلیست بوون کردوویەتیە کارێك کە بیر لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو هزرین بکەن. هەرچەندە دەبێ ئەوە بگوترێ کە بازاروف لە داوەرییەکانی خۆیدا لە ڕادەبەدەر توندڕەو بووەو لەبەر ئەمە ئەو خەڵکانەی سەر بە نەوەی پێش ئەو بوون‌و گەلێك لە داب‌و نەریتی سەر زەمینی خۆیان بە پیرۆز دەزانی، زۆر لەو پەست‌و بێزار بوون.

بازاروف هیچ شتێکی قەبووڵ نەبوو. مەزەبی ڕەتدەکردەوە، گاڵتەی بە هونەر، بە تایبەتی شیعری لیریکی‌و ڕۆمانسیانە دەکردو مانایەکی دیکەی ئەم بۆچوونە ئەوە بوو کە ڕقی لە پوشکین بێت. نیشتمانپەروەری بەو شێوەیەی کە باوی ڕۆژ بوو، بە هەستێکی گەوجانە دەزانی. سیاسەتوانانی، بە تایبەتی ئەوانەی کە خۆیان بە لیبرالی لایەنگری پەرلەمان دەژمارد، بە گەوج‌و شێت لە قەڵەم دەدا. تەنانەت ئەشق‌و ڤیانیشی بە کارێکی بێهودەو نەزانانە دەژمارد، مەگەر ئەم ئەشقە ئەوزارێك بوایە بۆ ئیجادی لەزەتی فسیولوجی‌و ڕوحی، دەنا ئەشقی وەکو سۆزو گوداز بە کارێکی گەوجانە دەزانی.

بە هەرحاڵ ئەم کەسە باوەڕی بە هیچ پرەنسیپێك نەبوو، تەنیا باوەڕی بەو پرەنسیپە هەبوو کە خۆی دەیگوت: "کارو کردەوەی ئێمە، هەر چییەك بێ، دەبێ سوودمەندبێ، بە گوتەیەکی دی هەر پرەنسیپێکمان قەبووڵ کرد، دەبێ ئەمڕۆ و لە م ساتەدا سوودێکی بۆ کۆمەڵگە تیا هەبێت. ئێستا زەمانێکە کە دەبێت هەموو شتێك ڕەت بکەینەوە، چونکە قازانجی ئێمە لەمەدایە . ئێمەش ڕێگەی نەفی‌و ئینکار دەگرینە بەر."

چەمك‌و مانای ئەم بۆچوونە، لە زمانی بابایەکی نەهلیستەوە دەکاتە چی؟ مانای ئەمەیە کە نەهلیزم "جۆرە سەنگەر بەندییەکی جەنگییە" لە هەنبەر ئەو هێزانەدا کە لە ڕابردوودا وێرانکارو زیانبەخش بوون‌و تا ئەو کاتەی کە پرەنسیپی تازەو بە سوود نەیەتە ئاراوە، دەبێ هەموو شت‌و هەموو کەسێك ڕەت بکرێتەوە. بەڵام ئەم ئینسانەی کە هەموو یاساو ڕێساو پرەنسیپەکان ڕەت دەکاتەوە، لایەنگری دوو ئاتەشەی زانستەو هۆیەکەشی ئەمەیە کە خۆی زانایە و ڕێگای زانستی گرتووەتە بەر. ئەو دەڵێت: "بابایەکی کیمیازان، سەد شاعیر دێنێ، هۆیەکەشی ئەمەیە کە ئەم کیمیازانە لەگینە دەرمانێك بدۆزێتەوە کە گیانی هەزاران بەشەر لە نەخۆشییەکی کوشندە ڕزگار بکات، بەڵام بابایەکی شاعیر هەموو کارەکەی بریتییە لەمەی بە قسەی بێ بنج‌و بناوان‌و ڕواڵەت فریوی خۆی ، مێشکی گوێدێر بەنج بکات‌و بەو داماوی‌و بێنەواییەی خۆیەوە بیهێڵێتەوە."

لە ڕۆمانی باوکان‌و کوڕاندا، جگە لە بازاروف، بە شێوەیەکی گشتی کاراکتەرانی ژن، لە کاراکتەرانی پیاو باشترن. ڕەسەنایەتی ڕووسی بوونی ئەوان زیاترەو هەندێك لەم کاراکتەرانە، بە ڕادەیەك ڕووسی بوونیان پێوە دیارە لە تۆ وایە کاڵترین سێبەری کەلتوورو شارستانیەتی دیکەیان بە سەرەوە نییەو هەر ئەمەش وایکردووە چیرۆکەکە بۆ خوێنەری نا ڕووس خۆش‌و مایەی سەرنج بێت. مەدام کوکشین کە بێوەژنێکی ڕۆشنبیرەو زۆری حەز لە زانستی کیمیاو خوێندنەوەی کتێبی ڕۆژئاواییە، نموونەی ژنێکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی ڕووسیا

که دەیەوێت سەرێك بێ لە نێو سەرانداو خۆی لە نێو هاوتەرازانی خۆیدا بنوێنێ و دەربخات. کتێبان زۆر دەخوێنێتەوە و لەم ڕێگایەوە ئاشنایەتی دەگەڵ ئەدەبیاتی ئەورووپاو ئەمریکادا پەیدا دەکات. بە نۆڕینی ئەو ئەمرسون لە جۆرج ساند باشترەو هەرچەندە ئەم بەراوردە گەوجانەیە بەڵام لە نۆڕینی ژنێکی بۆرژوای ڕووسیەوە جوانە. مەدام ئانا، کە پاشان بازاروف حەزی لێدەکات، نموونەیەکی دیکەیە لەم قارەمانە ژنە دیارانەی ڕۆمانەکە، ئەویش ڕەسەنایەتیەکی زۆری تیایە. هەرچەندە جیاوازی تەمەنی دەگەڵ گەنجێکی ڕوشنبیردا زۆرە، بەڵام حەز لەو و لە بیروبۆچوونەکانی ئەو دەکات. هاوفیکری وهاوڕێیەتی ئەو دەگەڵ خوێندکارێکی زانکۆدا دەستکردنییە. ڕەنگە لە دڵی خۆیدا بیەوێ حەزی لێبکات، بەڵام هێندەی درۆو ساختەچیاتی لە پیاوان دیتووە کە کاتێ باسی ئەشق و ئاشقی دێتە ئاراوە، لە ناکاوا شێت دەبێت و لەبەر ئەمە، دەست بە ڕووی کوڕەی گەنجەوە دەنێت. خوێنەر بە ئاشکرا بۆی دەردەکەوێت کە ئانا هەر چەندە بە ڕواڵەت کەسێکی بەختەوەر دیارە، بەڵام ژنێکی بێ بەخت و کلۆڵەو هیچ لە ژیان حاڵی نەبووە.

قارەمانێکی ژنی دیکەی ڕۆمانی باوکان و کوڕان، دایکی بازاروفە. کە بە گوتەی تورگینیف:

"..... ژنێکی نەجیب و ڕەسەنی زەمانی کۆنی ڕووسیایە، هی چەند سەدەیەك لەمەو پێشە." کەسێکی نەخوێنەوارو خورافاتیە. وەکو زۆربەی ژنانی خۆی ئاسا، هەمیشە وەختی خۆی بە فاڵگرتنەوە دەباتە سەرو بەبێ تەزبێحات ناتوانێ هیچ کارێك ئەنجامبدات، بەڵام لە هەمان کاتدا دایکێکی دلۆڤان و میرەبانەو دەگەڵ ژێر دەستانی خۆیدا زۆر نەرمو بە سەبرو حەوسەڵەیە. تورگینیف وێنەیەکی جوانی ئەوی کێشاوە، وێنەیەکی دڵگیرەو تەنانەت خودی نووسەریش بەداخە کە بۆچی لە ڕووسیادا، ژنانی وەکو ئەو زۆر نین. لەم ڕۆمانەدا تەنانەت فنیچکاش، ئەم کیژە دێهاتیەی کە نیکولای گیرسانۆڤ ئاغای کردوویەتی بە ماشقەی خۆی، یەجگار جوان و دڵگیرە. ژنێکی گەنجی بەحەیاو حورمەتە، لە مەکری ژنانی چینی باڵا، دوورە. هەرچەندە ژنی فەرمی کابرای موڵکدار نییەو لەو سکی پڕ بووە، بەڵام بەو حاڵەشەوە غەمگین نییەو لەوە دەچێ بە ئەرکی خۆی بزانێت کە لەگەڵ ئاغایدا بخەوێت و فەرمانەکانی ئەو موو بە موو جێبەجێ بکات. جا ئەم قارەمانانە نیشانەی ئەم حەقیقەتەن کە داهێنەری ڕۆمانی باوکان و کوڕان جاری ئەورووپاییەو جاری ڕووسییە. جاری لە ناو جەرگەی ڕۆشنبیرانی پاریسییەوە سەر دەردێنێ و جاری لە ناوەندی ڕەسەنترین خەڵکانی کۆمەڵگەی سلاڤیەوەو ئەم جیاوازی و هەمە ڕەنگییە جوانییەکی تەواوی بە نووسینەکەی بەخشیوە.

یەکێك لەو ڕەخنەگرە ناودارانەی کە دەربارەی ڕۆمانی باوکان و کوڕانی نووسیوە لیونید ئاندرییفی(٣٥) چیرۆکنووسی ساڵانی هەوەڵی سەدەی بیستەمە کە بایەخێکی زۆری بە بەرهەمەکانی ئیڤان تورگینیف داوە. ئەو بە پێچەوانەی گەورە ڕەخنەگرانی دیکەوە، باوەڕی وایە کە "ئەشق" تیمەی سەرەکی چیرۆکەکەیە نەك باسی نەهلیزمو ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئەو جۆرە بابەتانە، لەو بارەیەوە دەنووسێت:

"بازاروف کە تاقە سوارەی مەیدانەو دەیەوێت بە چەکی ڕەتکردنەوەو نکوڵی، هەر هەموو پرەنسیپەکانی ژیان‌و بیروباوەڕو داب‌و نەریتی میللەتی ڕووس ڕەت بکاتەوە، سەرەنجام دەکەوێتە داوی ئەشقەوەو ئەم ئەشقە، مکوومی و پایەداری شەخسیەتی ئەو تێکدەشکێنێ. تەنیا ئەو دیل‌و قوربانی ئەشق نییە، خەڵکی دیکەش وەکو ئەون، پاڤل پتروفیچ، بە هەموو غرووڕێکی ڕابوردوویەوە، ئاشقەو چاوباشقاڵی دەگەڵ ڤنیچکادا دەکات. ئەگەر نیکولای پتروفیچ، بە کەیف‌و بە دەماخە، لەبەر ئەوەیە کە ڤنیچکای جوان‌و دڵپاك‌و سادەی داگیرکردووەو ئاشقێنی دەگەڵدا دەکات، دەنا ژیانی لە هەر جۆرە خۆشییەك خاڵی بوو. ئارکادی، کوڕی نیکولای، موریدو فیدایی بازاروفە ،بەڵام کاتێ کاتیا دێتە مەیدان، مورادەکەی خۆ لە بیر دەکات. ئەشقی ئەو بۆ کاتیا بە جۆرێکە کە ئەو ڕێگایە بەر دەدات کە پێشتر گرتبووی. ئەم ئەشقە بە جۆرێکە کە لە هیچ وەرزێکدا پرشنگی ناکوژێتەوە. بۆیە دەبێ ڕۆمانی باوکان‌و کوڕان، وەکو هەموو ڕۆمانانی ئاشقانەی دنیا حسێب بکرێت کە لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەی سەردەمی قارەمانەکانی بە باشترین شێوە نیشانداوە."

یەکێك لەو هۆیانەی کە هەوادارانی بەرهەمەکانی تورگینیف ئیرادو ڕەخنەیان لێگرتووەو گوتوویانە کە ئەم ڕۆمانەیان بەدڵ نییە ئەمەیە کە قارەمانەکەی دەمرێت. بازاروف لە ئەنجامدا تیفۆ دەگرێت ودەمرێت. مردنەکەی ئازایانەیە. وەکو پرەنسیپێکی ئاسایی زانست وەریدەگرێت‌و خەمباری لە نێو چوونی خۆی نییە. تورگینیف کاتێ تووڕەیی و ناڕەزایی خوێنەران دەربارەی مەرگی بازاروف دەژنەوێ. نامەیەك بۆ دۆستێکی خۆی دەنووسێت:

" ئێمە هەموومان مەحکووم بە مەرگین. ئایا هیچ شتێك لە مەرگ خەمناکترە؟ بازاروف لەم ڕۆمانەدا دەبوایە بمرێت. ئەمە حەزی من نەبوو کە بمرێت، بەڵکو یەکێك بوو لە پێویستییەکانی چیرۆکەکەم. من زۆرم خۆشدەویست و بە هیچ جۆرێ حەزم نەدەکرد بەو دەردە بچێت. بەڵام ئەم کارە زەروری بوو، باوەڕ بکەن کاتێ کە من لە ڕۆمانەکەمدا هاتمە سەر بابەتی مردنەکەی ئەو، ڕووم وەرگێڕا، تا دڵۆپە فرمێسکەکانم نەتکێنە سەر کاغەزە نووسراوەکە...(٣٦)"

بەڵام پرسیار ئەمەیە کە: "بۆچی تورگینیف، ئەم گەنجە هوشیارو زیرەکەی کوشت؟ بۆچی دەبوایە بمرێت ؟"

لێرەدا، نەیارانی ئەو دەم دەکەنەوەو دەڵێن: "هۆیەکەی ئەمەیە کە نووسەر تیا مابوو ئەم قارەمانە سەر بکەوێت یا ژێر بکەوێت؟ ئەنجامی هەوڵەکانی ئەو چ بوو؟ هیچ. مەگەر بمرێت‌و بە ناکامی لە دنیا دەربچێت."

بەڵام باوەڕو بۆچوونی تورگینیف وەکو ئەمانە نەبوو. ئەو دەیگوت:

"بازاروف، قسەی خۆی کردووە. هەڵبەتە ئەم قسانە کاریگەری خۆیان هەبووە. بێگومان ئەم پیاوە، جماعەتێکی وەدووی خۆی داوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا شتە. ئومێد ئەمەیە کە قسەکانی ئەو بمێنێ. هزرڤانان‌و ریفۆرمخوازان بە شێوەیەك پەیڕەوی ئەو بکەن‌و سەرەنجام لە نێو ئەم هەموو ململانێ‌و کێشماکێش‌و قەرقەشەیەوە جۆرە ئاشتیەك، چارەسەرێك بێتە ئاراوەو دەردێن خەڵکی دەرمان بکات(٣٧)".

پێشبینییەکەی تورگینیف هەڵە نەبوو. ڕۆمانەکەی ئەو کاری خۆی کردو هزری نەهلیستی لە هەموو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا ڕەگی داکوتا. تا کاتی پێش شۆڕشی مەزن، دەیان بازاروف لە نێو میللەتی ڕووسیادا پەیدا بوونو دژی حکومەتی ستەمکارانەی تزارەکان هەستان. ئەم ململانێو کێشماکێشانە، کەمتر لە نیو سەدەیان خایاند، چلو سێ ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی باوکانو کوڕان، لە شۆڕشی ١٩٠٥دا بویەرەکان بە تەواوەتی گۆڕانو لە ساڵی ١٩١٧دا، ڕووسیا سەر لە نوێ لە دایك بوو. بێگومان لەم شۆڕشەدا، تورگینیف و ڕۆمانی باوکانو کوڕان دەورێکی هەستیاریان گێڕا.

بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی تورگینیف بەگشتی و ڕۆمانی باوکان و کوڕان بە تایبەتی، جێی خۆیەتی سەرنجی سێ کەس لە گەورە ڕەخنەگرانی هاوعەسری ئەو کە ڕووس نەبوون بدرێت. ئەم سیانە بریتین لە: هنری جیمز(٣٨)، چیرۆکنووسی پایەبەرزی ئەمریکایی ئینگلیزی نەژادو جرمی لوید(٣٩)، ڕەخنەگری ئینگلیزی و ئەدموند ویلسونی(٤٠) وتارنووس و ڕەخنەگری نێوداری ئەمریکایی.

هنری جیمز، داهێنەری بەرهەمێن مەنشووری وەکو وێنەی ژنێك و سەفیران، لە هەوادارانی بێ چەندوچوونی بەرهەمەکانی تورگینیف بوو و لە وتارێکی چڕو سەنگیندا کە لە ژێر سەرناڤی تورگینیف و تولستویدا نووسیویەتی، باسی شۆرەتو خۆشەویستی تورگینیف لە ئەورووپادا دەکات و دەڵێت:

"لە نێو چیرۆکنووسانی نا ئەورووپاییدا، ڕەنگە نووسەرێکی دیکەی هاوتەرازی تورگینیف نەبێت، کە بە شێوەیەکی ئاسایی بەرهەمەکانی لە کتێبخانانی خەڵکی ئینگلیزی زماندا، شوێنێکی بۆ خۆی گرتبێت. وەستایی ئەو لە فۆرمدا، دیقەتو هوشیاری ئەو لە داهێنانی نێوەڕۆکدا، ئەوی گەیاندووەتە پایەیەك کە لە ڕێگەی تواناو بەهرەی سەرڕێژی خۆیەوە، حەقیقەتی شادی ئافەرینی یەکێتی و یەکگرتوومان نیشان دەدات، کە ئەم یەکێتییە، لە ناوەڕۆكو شێوەدا، بە جۆرێکە کە لە نەخشەو نیگارێکی لە کاڵبوونەوە نەهاتگ دەچێت."

مەبەستی هنری جیمز لە فۆرمو ناوەڕۆك چییە؟ مەبەستی لە فۆرمو بونیادی چیرۆك، دەوری قارەمانەکان، هەست و هزرینی قارەمانەکانو پەیوەندی ئەم فاکتەرانە بە یەکەوەیە کە تێکڕا هاماجو فەزایەك چێدەکات کە خوێنەر خۆی لە ژیانی قارەمانەکاندا دەبینێتەوە. لە شوێنێکی دیدا دەڵێت:

"لە نێو ئەم جۆرە نووسەرانەدا، کەم کەس شك دەبەم کە ئەوەندە بە سەرنجو تیژبین بێتو ئافەریدەکانی خۆی وا لە نزیکەوە شی بکاتەوەو بە ناسکیو هەندێجار ئاوێتە بە تەنز، کەسێتی ڕاستەقینەی ئەوان بەرجەستە بکات. دەبێ بە تورگینیف بگوترێ چیرۆکنووسی چیرۆکنووسان."

جی. ئا. ت. لوید، کە ڕەخنەگرێکی دیکەی ئینگلیزە، هەوڵی داوە لە کتێبی ئیڤان تورگینیفدا کە لە ساڵی ١٩٤٢دا لە لەندەن بڵاوی کردووەتەوە، هەوڵیداوە پەیوەندی ژیانی نووسەرو قارەمانانی بەرهەمەکانی شیبکاتەوە، دەربارەی ڕۆمانی باوکانو کوڕان دەڵێت:

"باوکان‌و کوڕان قەواڵەو بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵگەی ڕووسە. بازاروف کابرایەکی یاخی‌و سەرکێشی قارەمان ئاسایە کە دەیەوێ لە ڕێگەی لۆژیك‌و زانستەوە پاکانە بۆ "خەباتی ئازادی" بکات‌و ئەم کارە بەردەوام لە ڕووی ئەقڵیەوە ئەنجامدەدات نەك لە ڕووی عاتیفییەوە. بۆچی مرد؟ هۆیەکەی ئەمەیە کە جەهل‌و نەزانی ڕووسیای کۆن ئەوی کە کەسێکی یاخی‌و توندڕەو بوو، لە پەلوپۆخست. ئەو ویستبووی بناغەی فیکری و کۆمەڵایەتی ڕووسیا بگۆڕێت‌و هەڵی بوەشێنێتەوە، بەڵام سەرەنجام هەمان بناغەی ئەوی لە خۆیدا توانبووەوە. ئەو نموونەی یەك نەوەی نوێ و یەك نەژادی نوێی ڕووسیا بوو بەڵام مرد، چونکە هەمان بێموبالاتی و خەمساردی میللەت ئەوی کوشت. ئەم مردنە نیشانەی شکستی ئەو نییە، بەڵکو بەڵگەی مەحکوومیەتی ڕووسیاو شانازی یەك نەهلیستی گەنجە."

ڕەخنەگرێکی ناوداری دیکەش هەیە کە خەڵکی ئەمریکایە، پشتیوانی لە تورگینیف و ڕۆمانی باوکان و کوڕان کردووە. ئەم ڕەخنەگرە پایە بەرزە ئەدموند ویلیسونە. ویلسون، ڕەخنەوانی سەردەمی نوێی ئەمریکا، لە کتێبێکدا بە ناونیشانی تورگینیف و دڵۆپی ژیانبەخش، باسی ڕابردووی تاڵ‌و دزێوی پڕ ئازاری چیرۆکنووس دەکات‌و پاش باسکردنی ئەو ناڕەحەتییە ڕوحی و کێشماکێشە دەرونیەی کە نووسەری ڕووس هەی بوووەو پێوەی ناڵیوە ( بەتایبەتی پەیوەندییەکانی ئەو دەگەڵ دایکە نەکلۆکەکەی‌و ماشقە ناسازگارەکەی پولین ڤیاردو) و دەنووسێت:

"نیوەڕۆکی بەرهەمەکانی هەوەڵینی تورگینیف، کەم دابێژێك ڕەنگدانەوەی شەخسیەتی دایکی خۆیەتی. تا ئەوسای ئەو لە ژیاندا بوو، لە قەڵەمەکەی ئەوەوە هێزێکی سەرکێش‌و یاخی، لە قاڵبی پیاوێکەوە دەهاتە دەرێ‌و جیلوەگەری دەکرد. کاتێ کە دایکەکەی مرد، ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی دی دەردەکەوت. ئەمجارەیان ژنێك دەردەکەوت کە هەمشیە سارد، بێ سۆز، دڵڕەق، وێرانگەرو دسەڵاتخواز. ڕەشبینی بەردەوامی تورگینیف نیشانەی ئەو زوڵم‌و زۆرو کڵۆڵی و نەفرەت و نائومێدییەیە کە بە منداڵی دووچاری بوو بوو. سپاسکۆیە، لە کتێبەکەی ئەودا وێنەیەکە دەربارەی ئەو شوێنەی کە ئەو تیایدا لە دایك بوو بوو، گەورە بوو بوو، لێدانی خوارد بوو، بریندار بوو بوو و سەرەنجام زنجیری دیلی پچڕی بوو و لەوێندەر هەڵاتبوو."

ویلسون، دەربارەی وەستایی تورگینیف لە واری نیشاندانی ناخ‌و دەروونی قارەمانەکانی خۆی،دەڵێت:

" ئەم چیرۆکنووسە، زیاتر بینەرێکی خودان ڕەئی‌و بێلایەنە تا دەروونناسێکی توێژەر بێ، کاتێ کە دەیەوێ ئەوە نیشان بدات کە قارەمانەکانی چ دەکەن یا چ دەڵێن یا چۆن دێنە بەرچاو و یا خەڵکی دی چۆن دەربارەیان بیر دەکەنەوە، بە ڕاستی مامۆستایە..."

هەرچۆنێك بێت ڕۆمانی باوکان‌و کوڕان یەکێك لە شانازییەکانی ئەدەبی ڕووسی و بەرهەمێکە لە جۆری خۆیدا دەشێت لە ڕیزی بەرهەمە نەمرەکانی دنیا دابنرێ‌و بێتە ژماردن.

تورگینیف ساڵێك پاش نووسینی کۆ پەخشانە شیعرەکانی، نەخۆش کەوت. لەم سەرو بەندەدا لە فەرەنسا دەژیا. پزیشکان گوتیان نەخۆشیەکەی شێرپەنجەی مۆخە. سەرەنجام وێڕای

هەوڵی زۆر، نووسەری نێوداری ڕووسی لە ڕۆژی ١٨٨٣/٩/٣دا، لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا، ماڵاوایی لە دنیاکرد. جەنازەکەی بەڕێزو حورمەتەوە بۆ زاگەی خۆی برایەوەو میللەتی ڕووس بەڕێوڕەسمێکی بەشکۆی ئەوتۆوە کە پاش پوشکین، ڕووسیا ڕێوڕەسمی وەهای بەخۆوە نەدی بوو، بەڕێیان کرد. ئەم چیرۆکنووسە مەزنە لەوە بەدواوە تەنیا موڵکی ڕووسیا نەبوو بەڵکو بوو بە موڵکی هەموو جیهان.

ئیڤان تورگینیف، یەکەمین چیرۆکنووسی ڕووسی سەدەی نۆزدە بوو کە شۆرەت و نێوبانگی لە مەرزی وڵاتەکەی هێوەتر ڕۆیی و دنیای گرتەوە. تورگینیف هەر چیرۆکنووس نەبوو بەڵکو شاعیرو شانۆنامە نووسیش بوو، بەڵام لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەمە بوو کە دامەزرێنەری ڕێبازی ریالیزم بوو لە ژیانی میللەتدا، بە تایبەتی دێهاتیانی نەبوو و ڕەش و ڕووتی ئەو مەرزو بۆیە، کەسێك بوو کە دەیتوانی ڕێڕەوی فیکری کۆمەڵگەی ڕووس و هزرینی نوێخوازانەی گەنجانی ریفورمخواز، بە وردی بخوێنێتەوەو تێبگات و لە بەرهەمەکانی خۆیدا بیان نوێنێتەوە. سەفەرەکانی ئەو بۆ هەندەران، بە تایبەتی بۆ ئەورووپای ڕۆژاوا وەکو سەفیرێك یا پاشکۆی ڕۆشنبیری، تەنیا لەبەر ئەمە نەبوو کە ئاشنای شارستانیەتی ڕۆژاوا ببێت، بەڵکو حەزیدەکرد وەکو سیاسیەکی لیبراڵ، سیستەمی حوکمڕانی تزاری دەگەڵ دیموکراسیەتی ڕۆژاوادا بەراورد بکات. و ئەگەر ئەمەی بۆ چووە سەر، بە هەر شێوەیەك بووە ئەم جیاوازییە لە نووسین و بەرهەمەکانیدا دەرببڕێت و بنوێنێ.

باوکان و کوڕان، گەورەترین ڕۆمانی ئەو، کە لە ساڵی ١٨٦٢دا کاتێ کە تورگینیف لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا بوو، نووسراوە، ڕەنگدانەوەی هزرینی (نەهلیستی) گەنجێکە بە ناوی بازاروف کە دەشێت ئەو بە نموونەی گەنجێکی ڕۆشنبیری سەدەی نۆزدەی ڕووسیا بزانرێ. هەڵبەتە ئەم ڕۆمانەی ئەو دەورێکی کارای لە ئاگادارکردنەوەی خەڵك لەمەڕ ڕەوش و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا هەبووەو تەنانەت دەتوانرێ بگوترێ ئەم ڕۆمانە بەرهەمێکی "کۆمەڵگەساز" بوو، چونکە ئەوانەی کە پاشان نەخشەی شۆڕشی ڕووسیایان داڕشت، لە نێوەڕۆکی ڕۆمانەکەی ئەو بێئاگا نەبوون.

سەرچاوەو پەراوێز:

١- ئەلسکاندەر نیکولایوفیچ (١٨١٨- ١٨٨١) بە تزاری ئازادی بەخش ناسراوەو کوڕی گەورەی نیکولای یەکەم بوو کە لە سەروبەندی شەڕەکانی قرمدا هاتە سەر تەختی پاشایەتی. وێڕای ئەوەی وەرزێرانی کۆیلەی (Serf) ئازاد کردو لە ڕووسیادا، پرۆژەی گەورەی ئاوەدانی خستەگەڕ، بەو حاڵەشەوە پێنج کەڕەت هەوڵی تیرورکردنی دراو و سەرەنجام بە هۆی هەڵدانی نارنجۆکی کابرایەکی تیرۆریستەوە کوژرا.

٢- وشەی "نەهلیست" لە وشەی "نیهیلی" لاتینیەوە هاتووە و مانای "هیچ شتێك" دەگەیەنێت. هەرچەندە نەهلیست، نکۆڵی لە هەموو شتێك دەکات و باوەڕی وایە کە هەموو ئەنجوومەن و دامەزراوەکان دەبێ لە ناو ببرێن، داب و نەریتان نەهێڵرێن و

بناغەیەکی نویێ بۆ ژیان دا بڕێژرێ، بەڵام نکۆڵی لە زانستێن تەبیعی ناکاتو ئەوەی کە لە خودی تەبیعەتدا هەیە، بەگرینگو بنەڕەتی دەژمێرێت.

٣- پەیکی رووسی (پەیامی رووسی).

٤- دەگێڕنەوە کە یەکێك لە باپیرەکانی تورگینیف بە نێوی پیوتەر، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا لە مۆسکۆ، هاتووەتە سەر بڕینو تاوانەکەی ئەمە بووە کە ویستوویەتی پەردە لە رووی فریوو ڕیای دیمیتری درۆزن هەڵماڵێت ( لە سەردەمانێکدا کە لە مێژووی رووسیادا بە "سەردەمی پاشاگەردانی" بە ناوبانگەو پاش مردنی نهێنی ئامێزی تزار ئیڤانی چوارەم ناسراو بە "ئیڤانی سامناك" دەستی پێکردووە ( ئاخرو ئۆخری سەدەی شازدە) سێ کەس ئیدیعا دەکەن کە کوڕی ڕاستەقینەی ئیڤانن و ئەم سێ کەسە داوای تەختو تاجی رووسیا دەکەنو بە "دیمیتری د رۆزن" بە ناوبانگن.

یەکێکی دیکە لە باپیرەکانی تورگینیف بە نێوی یاکوڤ لە دەرباری پەتروسی گەورەدا لیبۆك بوو و هەر ئەو بوو کە پێشنیازی بۆ پەتروس کرد کە دەستوور بدات کە هەموو بۆیارەکان (Boyars): ئەمانە چینێك بوون لە ئەشرافی ڕووسیا کە خۆیان لە چینەکانی دی بە زیاتر دەزانی و نیشانەی دیاریان ڕدێنی درێژو لوولیان بوو) ڕدێنی خۆیان لە بنەوە بتاشن.

سیرگی نیکولایوفیچ تورگینیف، بابی ئیڤان لە سەربازگەی یەلی زافنگرادی نزیکی ئورال خزمەتی دەکردو لەو شوێنەدا بوو کە ڤارڤارای بینی، ئەو کاتەی کە بابی ئیڤان وازی لە خزمەت، لە سینفی سوارەی قۆشەنی ڕووسیا هێنا، پلەی عەقیدی هەبوو. (بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە ئەمریکانا، بەرگی ٢٧ ل ١٧٧).

٥- بڕواننە پێشەکی جین وکسفورد لەبڵاوکراوەی مونارك، ژمارە (٨٧٧).

٦- بڕوانەن هەمان سەرچاوە.

٧- موڵکە فراوانەکەی دایکی کە بە سپاسکوی - لوتوڤینۆڤا بە ناوبانگ بوو، ئەم ناوە بە درێژایی تەمەنی نووسەری ناوداری ڕووس، وەکو دێوەزمەیەك باڵی بەسەردا کێشا بوو، ئازاری دەداو لێی نەدەبووەوە. ئێرە خۆی لە خۆیدا تاراوگەیەك بوو کە ئیڤان ساڵانێکی تەمەنی خۆی لەوێدا بەسەر بردبوو، ئەمە جگە لەوەی کە ئێرە دۆزەخێك بوو کە وەرزێرانی ڕەنجبەر، ڕەنجیان تیا دەداو بەهۆی گوشاری زوڵمو زۆری دایکیەوە، بەوپەڕی کلۆڵی و نەبوونی دەمردن. لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا، وێنەی سپاسکویەو ژیانی مەینەتبارانی ئەم دەڤەرە، بەرجەستە کراوە. هۆی ئەمەی کە تورگینیف، وێڕای ئەوەی لە ڕووی سەروەتو سامانەوە لە هیچی کەم نەبوو، خووی دابووە خەڵکانی ڕۆشنبیرو سەنگەری دژی دەوڵەمەندانی گرتبوو، ئەمە بوو کە لە سپاسکویەدا، زوڵمو بێدادی فیودالْ و خاوەن موڵکانی دیتبوو.

٨- ماکروپیدیا، بەرگی ١٨، ل ٧٧٨.

٩- تورگینیف، چەند لە دایکی بێزارو نەبان بوو و لە دڵی خۆیدا گلەیی لە کارو کردەوەکانی دەکرد، ئەوەندە هۆگری بابی بوو و خۆشی دەویست، بە تایبەتی ئەو هەوڵەی کە بابی،

ئەو ڕۆژەی کە لەزگ بوو تۆماری ژیانی ئەم بپێچرێتەوە، بۆ رزگاری ئەمی دابوو، یادگارییەکی دڵگیری لای ئەم هێشتبووەوەو نووسەر قەرزاریاری خۆی بە باوکی لە چیرۆکی یەکەمین خۆشەویستیدا نیشانداوە.

١٠- ڕووسیادە (بە مانای داستانی رووسی) لە نێوان ساڵانی ١٧٧١-١٧٧٩دا لەلایەن میخائیل ماتیوفیچ خرساکوفەوە (١٧٣٣- ١٨٠٧) هۆنراوەتەوەو ڕەنگە لەبەر ئەم داستانە بێت کە بە هۆ میرۆسی ڕووسیای دەژمێرن. بابەتی ئەم داستانە دەربارەی گرتنی کازانە کە لە ساڵی ١٥٥٢دا سوپای ڕووسی بە فەرماندەیی ئیڤانی سامناك توانی بیگرێت. شیعرەکانی خرساکوف تا ئاخرو ئۆخری سەدەی هەژدەیەم مایەی پەسندی خەڵکی ڕووسیا بوو بەڵام بەرە بەرە بایەخی خۆیان لە دەست داو ئەمڕۆ، جگە لە ناوی شاعیر، چ شتێکی دیکە، لە مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسیدا، نەماوەتەوە.

١١- ئەمریکانا، بەرگی ٢٧، ل ١٧٨.

١٢- بڕوانە بڵاوکراوەی سەردەم بە زمانی ڕووسی.

١٣- بڕوانە یاداشتەکانی جین ئۆکسفورد، بڵاوکراوەی مورناك.

١٤- میخائیل ئەلکساندروفیچ باکونین (١٨١٤- ١٨٧٦) ڕابەری گەورەی ئەنارشیستەکانی ڕووسیای سەدەی نۆزدەیەمو ڕەقیبو دژمنی سەر سەختی کارل مارکسو نووسەری گەورەی سیاسی وەخت، بوو. چەندین ساڵی تەمەنی خۆی لە زندانەکانی سیبریاو تاراوگەو دەربەدەریدا قەتاندو سەرەنجام توانی میللەتی ڕووس بۆ شۆڕشێکی گەورە تەیار بکات.

١٥- ئەم ماوە کورتەی سەفەری سپاسکویە بۆ تورگینیف بە سوود بوو. لەویَ بە تایبەتی کەوتە خوێندنەوەو ئەو بەرهەمانەی، کە لەمێژ بوو تامەزرۆی خوێندنەوەیان بوو، هەمووی خوێندنەوە. ئەم لێکۆڵینەوانە بۆ ئەو بە ڕادەیەك سوودمەند بوو کە بە گوتەی بیوگرافیانوسەکەی، دەیڤید ماگرشاك: "دوای ئەم خوێندنەوەو موتالاّیانە بوو کە تورگینیف توانی بناغەی زانیاری خۆی بتەو بکاتو هەندیَ شت فێر ببیَ کە لە ماوەیەکی کورتدا، لە سەرانسەری ڕووسیاو ئەوروپادا لای خەڵکی خۆشەویستی کرد...."

١٦- بڕوانە ئەمریکانا، بەرگی ٢٧، ل ١٧٨.

١٧- ئیڤان تورگینیف، هەرگیز ژنی نەهێنا. ئەم منداڵە، تاقە منداڵی ئەو بوو کە لەم کیژە دێهاتییە بوو بووی. هەندیَ لە بیوگرافیا نووسەکان، بە هەڵە ئەم منداڵەیان داوەتە پاڵ پولین ڤیاردۆی گۆرانی بێژی جوانو بە ناوبانگی ئۆپرا کە تورگینیف بە درێژایی تەمەنی ئاشقو شەیدای ئەو بوو. ڕەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە بوو بێتە بایسی ئەوەی ئەم منداڵە بدرێتە پاڵ مەدام ڤیاردۆ ئەمە بیَ کە تورگینیف تکای لەو کرد بوو کە پەروەردەی منداڵەکە لە ئەستۆ بگرێت. (ماکروپیدیا، بەرگی ١٨، ل ٧٧٨)

١٨- دەربارەی چیرۆکی گیانە مردووەکان، بڕوانە هەمان وتار لە هەمان کتێبدا. تورگینیف لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٥١دا. بە دیداری گوگول شاد بوو بوو. ڕێك چوار مانگ دوای ئەم

دیداره نووسەری ناوداری ڕووسی (گوگول) کۆچی دوایی کرد. تورگینیف، کاتێ کە وتاره دیفاعییەکەی خۆی هەوەڵجار لە هەواڵی سان پترۆسبۆرگ و پاشان لە هەواڵی مۆسکۆدا بڵاوکردەوە، گوگول مردبوو، هۆی ئیتیهامەکەی تورگینیف ئەمە بوو کە نووسی بووی: "ئەو مردووە. ئەم پیاوەی کە ئەم مافەی داوینەتێ کە دوای مەرگ ئەو بە گەورە بژمێرین..." ئەم ڕستەیە پێچەوانەی بڕیاری ئەو ئەنجوومەنە بوو کە ڕۆمانی گیانە مردووەکانی مەحکووم کردبوو. یەکسەر تورگینیفیان گرتو ماوەی یەك مانگ خستیانە زندانی ئینفیرادییەوە. پاشان وەکو دەگێڕنەوە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك بۆ سپاسکویە دووریان خستەوە (بڕوانە جین ئۆکسفورد، یاداشتەکانی مورناك، پێشەکی، ل١٠)

١٩- بە ڕیوایەتێکی دیکە ماوەی مانگێك لە زندانی سان پترۆسبۆرگ. هێشتیانەوەو ئەوسا بۆ ماوەی هەژدە مانگ بۆ سپاسکویەیان دوورخستەوە. (ماکروپیدیا، بەرگی ١٨، ل ٧٧٩).

٢٠- هەندێك پێیان وایە کە دوورخستنەوەی تورگینیف، لەم ماوەیەدا، بۆ سپاسکویە نیعمەتێك بوو لەلایەن خواوە بەو درابوو، چونکە تورگینیف، لەم ماوەیەدا، بە کەماڵی ئاسوودەیی بەرەو وەرزێرانی ڕەنجبەر دەڕۆیی و لە نزیکەوە دیمەنی دەردو ئازاری ئەوانی دەبینی (بڕوانە، سەد کتێبی گەورە، دانانی جون کونینگ، چاپی ١٩٧٤، ل ٣٦٣).

٢١- ئەو بیوگرافیانووسانەی کە لێکۆڵینەوەی فراوانیان دەربارەی تورگینیف کردووە قەناعەتو باوەڕیان وایە کە ئەشقی ئەو بۆ پولین، ئەشقێکی ئەفلاتونی و دوور لە هەر هەستێکی سێکسی بووەو نووسەری نێوداری ڕووس چەند ئەورووپای خۆش ویستووە، ئەوەندەش پولینی خۆش ویستووە. بەڵام هەندێ لەو نامانەی کە بە قەڵەمی ئەو بۆ پۆلین نووسراوە، هەندێ ڕستەیان تێدایە ئەوە نیشاندەدەن کە پەیوەندی ئەوان لە پەیوەندی دوو دۆستی ئاسایی زیاتر بووە. یەکێك لەو هۆیانەی کە وایکردووە هەندێك لە بیوگرافیا نووسەکان قەناعەتیان وابێ پەیوەندی ئیڤانو پولین، لە پەیوەندی دوو دۆست زیاتر بووە، ئەمەیە کە تورگینیف هیچ کاتێك ژنی نەهێناوماڵو حاڵێکی بۆ خۆی پێکەوە نەناو، ژیانی لە نزیك پولیندا، بەسەر ماڵو حاڵو ژنو منداڵدا پەسند دا (بڕوانە ماکروپیدیا، بەرگی ١٨، ل ٧٧٩).

٢٢- ماکروپیدیا، بەرگی ١٨، ل٧٧٩.

٢٣- داهێنانی ئەم بەرهەمە کە کۆی بیستو پێنج سکێچە، چیرۆكو بەسەر هاتی خۆی هەیە. نووسەری لاو، ڕۆژێك بە دەم ڕاوەوە لە دەڤەری ئورال، تووشی دوو جووتیار دەبێتو ئیدی ئاگاداری لە سەر بهووردی دڵگیرو لە هەمان کاتدا پڕ دەرسو عیبرەتی ئەوان پەیدا دەکات. بە حوکمی ئەوەی لەم سەروبەندەدا، هاوکاری قەڵەمی دەگەڵ گۆڤاری ئەدەبی وەخت، سەردەم دا دەبێت، سەربهووردی ئەم دوو وەرزێرە لە ژێر سەرناڤی "خورو کالینچ"دا دەکات بە نووسینو بۆ سەر نووسەرکەی ڤرێدەکات. یارۆی سەرنووسەر ئەم شێوە چیرۆکە کورتانەی بەدڵ دەبێتو داوای لێدەکات لەو جۆرە کورتە چیرۆکانەی بۆ بنووسێت. تورگینیف لەسەر ئەم کارە بەردەوام دەبێت و هەر جارێ کە بابەتێك دەنێرێت

لە ژێر ناونیشانی، لە سکێچەکانی ڕاوچییەك، بڵاودەبێتەوە. سەرەنجام لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٨٥٢دا، ئەم کۆمەڵەیە کە بیستو پێنج چیرۆك یان (سکێچ) لە خۆ دەگرێت لە ژێر سەر ناڤی (سکێچەکانی وەرزشکارێك)دا چاپ دەکرێن (ماکروپیدیا، بەرگی ١٨، ل ٧٧٩).

٢٤- ئاشیانە (هێلانە)ی نەجیمزادەیەك. جۆرە مەیلەو غەزەلنامەیەکی خەمناکە کە خوێنەری ئاشنا بە ژیانی ئەشراف کۆنی ڕووسیا دووچاری "خەمی هیجران" دەکاتو دەیخاتە یادی ئەو دەورانە خۆشانەوە کە نەجیمزادەکان بە ڕەحەتی دەژیان. فیدور لاڤریتسکی کە شارەزای دابو نەریتی ئەشراف ئینگلیزەکانە، بە زەحمەت دەتوانێ خۆی دەگەڵ زبریو ناکۆکییەکانی خەڵکانی گۆڕانخوازی ڕووسدا بگونجێنێ. تەنانەت سەفەری هەندەرانو خواستی کیژێکی بێ عاتیفە کە ئەوی بەرەڵلا کردووە و ڕیوە، نەتوانێ ئەو لە ئازاری کردەوەێن خەڵکی گۆڕان پەسند ڕەها بکات. دەگەڕێتەوە بۆ ڕووسیاو ئەمجارە بە ڕاستی ئاشقی کیژێکی سادەو دڵپاکی ڕووسی دەبێت . کاتی بەرواری زەماوەندی ئەوان نزیك دەبێتەوە، ژنە هەلاّتووەکەی پێشووی، کە تەسەور دەکرێت مردبێت، دەگەڕێتەوەو خەونی دڵنەوازی کیژەی ئاشق، هەرەس دێنێ. کچە پەنا دەباتە بەر دێرێكو دنیا تەرك دەکاتو ژنەی بێ عاتیفەش دوای ماوەیەك بۆ ئەورووپا دەڕوات. لە ئەنجامدا فیدور لاڤریتسکی دەمێنێتەوەو دنیای ماتەمی ئەو. چونکە هیچ شوێنەوارێکی ژیانی ئاسوودەی ڕابردوو نابینێ، تووشی ماخولیا دەبێتو دڵی لە هەموو شادمانییەك دەتۆرێت.

٢٥- ماکروپیدیا، بەرگی ١٨، ل ٧٨٠.

٢٦-ساڵانێك پێش ئەوەی فەرمانی ئازادی وەرزێران لەلایەن تزارەوە ئیمزا بکرێت، تورگینیف لە چیرۆکەکانی خۆیدا، دیمەنی ژیانی خەمناکی ئەوانی بەرجەستە کردبوو. بەرهەمێن وەکو: دوو فیودالٚ، هەملێتی خەڵکی ستانی شیگروڤسکیو عەتیقەی گیاندار، لەو جۆرە چیرۆکانەن کە نووسەر تێکەڵاوی یەك بە یەکی ڕەنجبەرانی ڕەشو ڕووت بوو بوو و ژیان و گوزەرانیانی نووسی بووەوە، لەم چیرۆکانەیدا، ئەم وەرزێرانە بە "ڕۆڵەکانی تەبیعەت" ناو دەبات، کە لە هەموو شوێنێکدا لە هەوڵو هۆڵی وەدەستهێنانی ئازادیدان، بەڵام هەرچیەك دەکەن لە حەساری ئەسارەتی قانوونی کۆیلایەتی دەرناچن. تورگینیف خۆی لە چینی ئەرستۆکراتو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە بوو و بێگومان نەیدەتوانی خەمو پەژارەی ئەوان وەکو خۆی، چۆن هەبوو، بەو ئاوایە دەرك بکات، بەڵام بابەتەکانی خۆی بەشێوەیەك دەنووسی کە دەچووە دڵی خوێنەرەوەو بێگومان دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی بیرو هزرینی ئەو و بەرهەمەکانی ئەو لە ئیمزای فەرمانی یاسای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی بێ کاریگەری نەبوو (بڕوانە ماکروپیدیا، بەرگی ١٨، ل ٧٧٩).

٢٧-بازاروف، شا قارەمانی باوکانو کوڕان، زادەی خەیاڵی ڕووتی نووسەر نەبوو. تورگینیف لە ڕێگای سەفەریدا بۆ ئینگلیستان، تووشی پزیشکێکی گەنجی ڕووسی بوو بوو کە بیرو

بۆچوونی شۆڕشگێڕانەی هەبوو بوو و ئیدی نووسەر وای بە خەیاڵدا هاتبوو کە ئەم کەسە دەشێت بکرێت بە شا قارەمانی چیرۆکەکەی.

٢٨-دۆستانی پاریسی ئەو، لە نووسەرانی نمرە یەکی ئەم وڵاتە بوون.

٢٩- بڕوانە جین ئۆکسفورد،یاداشتەکانی مونارك، ل ١٧.

٣٠-یاداشتەکانی مونارك، ل ١٧.

٣١- جون کونینگ، سەد کتێبی گەورە، ل ٣٦٣.

٣٢-یاداشتەکانی مونارك، ل ١٨.

٣٣-وەرگێڕان لە دەقی ئینگلیزی باوکان و کوڕانەوە، کتێبی گەنجینەی ئەدەبی جیهان.

٣٤-لە هەمان کتێبەوە پاچڤە کراوە، لە ١٣٣٣- ١٣٣٤.

٣٥-لیونید نیکولایوفیچ ئاندریف (١٨٧١- ١٩١٩) چیرۆکنووسێکی هاوعەسری مەکسیم گۆرکی، و سیمایەکی پرشنگداری سەرەتای سەدەی بیستەمی ڕووسیا بوو، ئینشاو قەڵەمی ئەو بە قەڵەمی تولستۆی شوبهێنراوە. بەڵام لە بەرهەمەکانی ئەودا جیاوازییەکی تەواو دەگەڵ بەرهەمەکانی تولستۆیدا هەیەو ئەویش ئەوەیە کە ئاندریف بە زمانێکی زەق و ئاشکراو بێ پەردە باسی سێکس دەکات، بەڵام لە بەرهەمی پێشینانی ئەودا، شەرم و حەیا، باڵی بەسەر سەرانسەری چیرۆکەکاندا کێشاوە. ئەمە کردبوویە کارێك کە ئاندریف یاران و نەیارانی زۆری هەبن، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەو لە ڕێگای نووسینەکانی خۆیەوە سەروەت و سامانێکی زۆری وەدەست هێنا و ژیانێکی خۆشی بۆ خۆی دابینکرد. ناکۆکی ئەو دەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا کردیە کارێك لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا لە فنلاندا ئاکنجی بێت و بژی.

٣٦-یاداشتەکانی مونارك، ل ٢١.

٣٧-هەمان سەرچاوە.

٣٨-هنری جمیز (١٨٤٣- ١٩١٦) چیرۆکنووس و نووسەری ئینگلیزی ئەمریکایی نەژاد، کە بابەتی بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی ژیانی خەڵکی ئەمریکاو بەرخوردی کەلتووری دنیای نوێ دەگەڵ کەلتووری خەڵکی ئەوروپادایە.

٣٩- جرمی لوید، یەکێکە لە ڕەخنەگرە ئەدەبناسەکانی سەدەی بیستەمی ئینگلیستان.

٤٠-ئەدموند ویلیسون (١٨٩٥- ١٩٧٢) ڕەخنەگرو وتارنووسێکی ئەمریکاییە کە لە هەمان کاتدا شاعیر، شانۆنامەنووس، دیرۆکنووس، سەر نووسەرو نووسەری کورتە چیرۆکان بووە. بەرهەمەکانی ئەو لە کۆڕی ڕۆشنبیرانی ئەمریکادا، بایەخ و پایەیەکی بەرزیان هەیە.

سەرچاوە: سیری در بزرگترین کتابهای جهان/ حسن شهباز/ جلد دوم/ چاپ پنجم / تهران/ امیر کبیر/ ١٣٨٩.

# ١٥- یولیوس قەیسەر*

**ویلیام شەکسپیر**

**"١٥٦٤- ١٦١٦)**

**شاعیرو شانۆنامەنووسێکی هەرە بە ناوبانگی ئینگلیزە. نزیکەی سی و هەشت شانۆنامەی بەناوەوە هەیە کە زۆربەی هەرە زۆریان بۆ زۆربەی زمانانی دنیا پاچڤە کراون، گەلێك لە پسپۆرانی ئەو بوارە بە گەورەترین شانۆنامەنووسی مێژووی دەزانن.**

***

**ئەم شانۆنامەیە لە ژیانی تزارەوە، قەیسەری مەزنی ڕۆمەوە (١٠٠- ٤٤ پ. ن) هەڵێنجراوە کە لە ئەنجوومەنی پیراندا بە دەستی دۆستەکانی خۆی کوژرا، یەکێك لە وتەکانی تزار کە لە مێژوودا ماوەتەوە ئەمەیە: " هاتم، دیتم، فەتحم کرد ."**

***

**پتر لە سێ سەدو هەفتا ساڵە کە شانۆنامەی شیعریی یولیوس قەیسەر، بە قەڵەمی ئەفسوون ئافەرێنی ویلیام شەکسپیر نووسراوە(١) لە ماوەی ئەم ساڵە دوورو درێژانەدا کە دەورانێکی نزیکەی بە چوار سەدە دەبێت، ئەم بەرهەمە جارەهای جار پاچڤە کراوەو بەردەوام لە سەر شانۆکانی جیهاندا پێشکەشکراوە، نوێنراوە، نەوە لە دووی نەوەی خەڵکی ڕۆشنبیرو هونەردۆست، دیتوویانەو ستایشیان کردووە، بەڵام بە دەگمەن کەسێك لە خۆی پرسیوە کە ئەم یولیوس قەیسەرە کێ بووەو مێژوو دەربارەی ئەو چ دەڵێت و چ داوەرییەك دەکات؟**

**ئەو سیمایەی کە شاعیری پایەبەرزی ئینگلیزی دەربارەی ئەو کێشاویەتی بە جۆرێ زەینی هونەردۆستانی مژوول کردووە کە کەم کەس بیری لەوە کردووەتەوە سۆراخی مێژووی ئەو بکات و. بڕوات ژیاننامەی ئەو بە وردی بخوێنێتەوە. گومان لەمەدا نییە کە شەکسپیر ڕووداوی شانۆنامەکەی خۆی لە پلوتارکەوە وەرگرتووە. بەڵام ئایا پلوتارك، قەیسەری بە ڕاستی بە هەمان شێوە خستووەتە ڕوو کە شەکسپیر لە شانۆ نامەکەی خۆیدا نیشانی داوە(٢).**

**لە درامای شاهانەو بە هێزەکەی شەکسپیردا، بروتوس، زۆر لە قەیسەر پتر شا قارەمانە، یانی بە جۆرێکە کە بینەر ئەو بە قارەمان دەزانێت نەك قەیسەر، بەڵام مێژوو قەیسەر بە جۆرێ دەناسێنێت و پروتوس بە جۆرێکی دی. هەڵبەتە لەم بەینەدا قارەمانێکی مەیلەو ئەفسانەیی دیکەش هەیە کەنێوی مارك ئانتونییەو ژیانی ئەم سەردارەش هێندە خەیاڵئەنگێز بووە کە نەیتوانیوە شاعیران و چیرۆکنووسان و هونەرمەندان لە کاریگەریی شەخسیەتی سەرنجڕاکێشی خۆی دوور بخاتەوەو دەربارەی ئەویش ڕاوبۆچوونی هەمە جۆرو جیاواز هاتووەتە دەربڕین.**

**قەیسەر کێیەو ئەم سەردارەی کە لەمێژوو و دیرۆکاندا بە گایۆس، یولیۆس قەیسەر ناوبراوە، چتۆ وەسفکراوە؟**

یولیوس، گوایه له ساڵی سەدی پ.ز له دایك بووەو له ساڵی ٤٤ پ.ز کوژراوە، بەم پێیه پتر له ٥٦ ساڵ نەژیاوە(٣). بەم عینوانانه له مێژوودا ناوبراوە: "سەرداری ڕومی، دیکتاتۆرو سیاسەتوان، کەسێك کە ڕەوتی مێژووی جیهانی یونان و رومی له ڕیشەوەو بە یەکجارەکی گۆڕی(٤)". ئایا پیاوێکی خۆشەویست بوو؟ ئەمه جێی گومانەو توێژەران پێیان وا نییه خۆشەویست بووبێ، هەرچەندە بەخشندە بوو و بەرانبەر بە دژمنانی بەزیوی خۆی، میرەبان و بە بەزەیی ڕەفتاری دەکرد، بەڵام قەت نەیدەتوانی خۆشەویستی وان دەرهەق بە خۆی وەدەست بێنێ. سەربازەکانی خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە تزار بە زەبری توانایی و زیرەکی و شەڕزانی خۆی دەیتوانی دژمن بشکێنێ و دەسکەوت و شانازی زۆر بۆ ڕوم بەدەست بێنێ، بە شێوەیەکی گشتی، چونکە تزار کابرایەکی بلیمەت بوو و دەستی دەدا بە هەر کارێك، سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، خەڵکی خۆشیان دەویست(٥). بەڵام له خۆشەویستی ڕاستەقینەی دۆست و بناژۆکانی دوور بوو. ڕەنگه یەکێك لەو هۆیانەی کە بروتوس، ڕازی بوو بوو بە کوشتنی، نەبوونی ئەم خۆشەویستییە بووبێت.

پلوتارك، له مێژووەکەی خۆیدا، باسی ساڵانی ژیانی سەرەتای ئەوی نەکردووەو چیرۆکی ژیانی ئەوی له زەمانەوە دەست پێکردووە کە سولای سەرداری ڕومی له ڕۆژهەڵاتەوە گەڕاوەتەوەو گەییوەتە ترۆپکی دەسەڵات. ئەو تزاری گەنج کە دەگەڵ کرنلیای کیژی سینادا زەماوەندی کردووە ناچار دەکات هاوسەرەکەی خۆی تەڵاق بدات و تزار سەرپێچی فەرمانەکەی ئەو دەکات و قسەی له عاردی دەدات.

وەدەست هێنانی دەسەڵات و سەرکەوتنه پرشنگدارەکانی تزار کە له مێژووی تیرەی بەشەردا وێنەی کەمە، له هەموو مێژووەکاندا باسکراوە، ئەوەی گرینگەو له ڕاستیدا ئامیان و بناغەی تراژیدیاکەی شەکسپیر پێك دەهێنێت، تایبەتمەندیه ئەخلاقیەکانی شەخسی تزارە کە له مێژووەکەی پلوتارك دا، بە دوورو درێژی شرۆڤه کراوە. پلوتارك ئەو بە کەسێکی ستەمکارو دکتاتۆر له قەڵەم نادات و دەڵێت: "لێ ئەوەی پتر له هەر شتێك بووە مایەی تووڕەیی خەڵك و کینەکێشی عەوامی خەڵك دژ بە تزار، بلاوبوونەوەی هەواڵێك بوو کە گوایه تزار بە تەمایه خۆی بە شا ناوبەرێ. خۆی بکات بە شا. ئەم کارە کردیه کارێك کەرب و کینێکی زۆر دژی ئەو بەرپا ببێت. ئیدی ژمارەی ئەو کەسانەی کە له هەوەڵەوە دژمنی ئەو بوون و دانیان بە خۆدا دەگرت دایە زیادی. بیانوویەکی باشی دایە دەستی هەمووانەوە تا نەفرەت و غەزەبی خۆیان دەرهەق بەو دەربڕن، لێ خەڵکانێك هەبوون، کە ئەم هەواڵ و دەنگۆیانەیان بڵاودەکردەوە کە گوایه له کتێبانی پیرۆزو خورافاتی کۆنی ڕومیدا نووسراوە کە ئەو کەسەی دەگەڵ ئەشکانیەکان بکەوێتە شەڕو سەرکەوتوانه له مەیدان و بەرەی شەڕ بگەڕێتەوە سوڵتانێکه له خەڵکی ڕوم، دەنا ئەو جۆرە سەرکەوتنه بە نسیبی هیچکەس له ڕۆمیان نابێت، ئەم خەڵکە، بە ڕادەیەك شولیان لێهەڵکێشا، کە تزار له سەفەری شاری ئالپ گەڕایەوە، له نێو پێشوازی کەرانەوە، گروپێك بە پاشا بانگیان دەکردو خەڵکەکە لەمە تووڕە بوون. تزار بەوپەڕی پەستی و ناڕەحەتی له وەڵامی ئەواندا گوتی کە پایەی ئەو له پایەی سەڵتەنەت و پاشایەتی دا نییه بەڵکو تزارە، بەڵام وێڕای ئەمەش، ورتە له

جەماوەرەکەوە نەهاتو بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا بوو، تزار کە لەم کارە یەجگار قەڵسو ناڕازی بوو، ملی ڕێگای خۆی گرتو ڕۆیی. لە ئەنجوومەنیشدا کاتێ ویستیان پلەو پایەی بەرزتر لە پێشینانی خۆی بدەنێ، بەو بۆنەیەوە کونسولانو دادڤانان دەگەڵ تێکڕای نوێنەرانی ئەنجوومەنی پیراندا، لە مەیدانی گشتی شاردا چوونە پێشوازی تزار کە لە سەر کورسی خوتبە خوانی دانیشتبوو، تەنانەت لەبەر ئەوانەی کە هاتبوون بۆ پێشوازی هەڵنەستا، بەڵکو وەکو چۆن مڕوولی گفتوگۆی ئاسایی بێت، بەو ئاوایە قسەی دەگەڵ کردنو ڕایگەیاند کە بەخۆی هێندەی شانازی و دەسەلات هەیە کە دەبێ هەندێکی کەم بکرێتەوە نەك زیاد بکرێت. ئەم قسەیە نەك بووە مایەی تووڕە بوونی ئەنجوومەنی پیران، بەڵکو ئاگری تووڕە بوونی خەڵکیشی هەلایساند. چونکە سەیریان کرد ئەوەی لە دیدو نۆڕینی ئەوانەوە پیرۆزو بەڕێزە، بەلای تزارەوە هیچ نییەو بێبایەخە، بە جۆرێ کە حیساب بۆ دادڤانان ناکاتو قەدری ئەنجوومەن ناگرێت، دوای ئەم قسانەی ئەو، تەنانەت یەك کەسیش نەبوو کە بە سەر شۆری و بە زویری ئەو کۆڕ کۆبوونەوەیە بەجێ نەهێڵێت. خودی تزاریش بە پەستی لە مەجلیسو کۆڕەکە وەدەرکەوت و بە هەشتاو بەرەو ماڵی خۆی نشێو بووەوەو هەرکە گەییەوە، عەباکەی لە شانو ملی کردەوەو بەدەست و پێوەندو دەوروبەرەکەی خۆی گوت کە ملی ئامادە کردووە تا هەر کەسێك دەیەوێت لە ملی بداتو ئەو لەم خەمو پەژارەیە ڕزگار بکات. پاشان دەنگۆیەکیان بلاوکردەوە کە هۆی ئەم ڕەفتارە نابەجێیەی ئەو، ئەو نەخۆشییە بووە کە تووشی بووەو لەم جۆرە نەخۆشییە درێژخایەنو بێ دەرنامانەدا، یارۆی نەخۆش لە ناکاوا ئەقڵو هۆشی لە دەست دەدات. بەتایبەتی کاتێ کە ئەو کەسە بە پێوە وەستا بێت و بیەوێ لە بەردەم خەڵکیدا قسە بکات(٦)."

هەر کەسێك کە ئاگای لەم بەشانەی مێژووی ژیانی ئەو بێت باشتر لەوە دەگات کە بۆچی ویلیام شەکسپیر لە شانۆنامەی یولیوس قەیسەردا ئەم پەیڤو ڕستانەی خستووەتە سەر زاری بروتوس:

..... تا کۆتایی سەبر بگرن.

ڕومیان، هاوولاتیان، یاران، بۆ پەی بردن بە مەبەستی من، گوێ لە قسەکانی من ڕادێرنو، بێدەنگ بن تا گوێتان لێبێت. لەبەر خاتری ئابڕوو وشەرەفم باوەڕ بە قسەکانم بکەنو شەرەفم بپارێزن تا باوەڕ بە قسەکانم بکەن. بە ئەقڵی خۆتان دەربارەم داوەری بکەنو حەواسی خۆتان بێدار بکەنەوەو تاباشتر داوەری خۆتان بکەن. ئەگەر لە نێو ئەم حەشیمەتەدا کەسێك هەبێت، دۆستێکی دڵسۆزی قەیسەر، پێی دەڵێم کە میهری بروتوس بۆ قەیسەر لەو کەمتر نەبووە. بۆیە ئەگەر لە من بپرسێت کە بۆچی بروتوس دژی قەیسەر ڕابوو، وەلامی من ئەمەیە: "لەبەر ئەوە نەبوو کە من قەیسەرم کەمتر خۆشدەویست، بەڵکو لە بەرە ئەوە بوو کە من ڕوحم پتر خۆشدەویست." ئایا حەزتان دەکرد کە قەیسەر بژیو ئێوە بە کۆیلایەتیو لە کۆیلایەتیدا پێشوازی مەرگ بکەنو بمرن؟ یان قەیسەر بمرێتو ئێوە ئازادانە بژین؟ جا چونکە قەیسەر منی خۆشدەویست بۆیە بۆی دەگریم، چونکە بەختەوەر بوو شادی بۆ دەکەم، چونکە کەسێکی دلێر بوو، بۆیە پاسەوانیم دەکرد، بەلام چونکە شۆرەتو پایەخواز بوو، بۆیە کوشتم. فرمێسك ڕێژیم

لەبەر خۆشەویستی ئەوە، شادیم لەبەر شاکامی ئەوە، ڕێزو حورمەتم لەبەر بەڕێزی ئەوە، مردنەکەش لەبەر پایەخوازی ئەو بوو. لە نێو ئەم کۆڕو کۆبوونەوەیەدا کێ هەیە ئەوەندە نامەرد بێ کە بیەوێ کۆیلە بێت؟ ئەگەر کەسێك گلەیی هەیە با گلەیی خۆی بکات. لێرەدا، لەم کۆڕەدا کێ هەیە ئەوەندە چەپەڵو بەدفەڕ بێت کە نەیەوێ کەسێکی ڕومی بێت؟ ئەگەر کەسێك هەیە، با قسە بکات، چونکە من ئازارم داوە. لێرەدا چ ئینسانێکی خوێڕی هەیە کە نیشتمانی خۆی خۆشنەوێ؟ ئەگەر کەسێك هەیە، بێ منەت بێ، با ئەم سووکایەتیەی من قەبووڵ نەکاتو قسە بکات. چاوەڕوان دەکەم تا وەڵامێك بژنەوم.

خەڵکەکە: هیچ کەس بروتوس، هیچ کەسێك.

بروتوس: کەواتە من سووکایەتیم بە کەس نەکردووە. من بەرانبەر بە قەیسەر لەوە پترم نەکردووە کە ئێوە دەتانەوێ بەرانبەر بە بروتوس بیکەن. مەسەلەی مەرگی ئەو لە کاپیتول تۆمار کراوە. هیچی لەو شکۆو جەلالەی ئەو کە شایستەی بوو، کەم نەکردووە، هیچی لە تاوانەکانی ئەو کە سزاکەی مەرگ بوو، زیاد نەکردووە.

لێرەدا مارك ئانتونی دەگەڵ جەنازەو تەرمەکەی قەیسەردا وەژوور دەکەوێت.

بروتوس: ئەوە تەرمەکەیەتی کە مارك ئانتونی بۆی دەگری. هەرچەندە. هەرچەندە دەستی لە مەرگەکەیدا نەبووە بەڵام ئەو سوودەکەی دەبات، ئەو پایەیەی کە لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکەدا هەیبوو و، کێ لە ئێوە هەیە کە نەتوانێ بەدەستی بێنێ.

بەر لە جیابوونەوە، گوێ لە دوا قسەی من ڕادێرن، وەکو چۆن من باشترین خۆشەویستی خۆم لە ڕێگای خێرو بەرژەوەندی ڕومدا کوشت، بەو ئاوایە هەمان خەنجەرم بۆ خۆمیش داناوە تا لەو کاتەدا کە وڵاتەکەم مەرگی منی گەرەك بێ، بەکاری بێنم(٧).

***

پلوتارك لە کتێبی ژیانی ناودارانda، بەمجۆرە وەسفی مەرگی تزار دەکات:

" بەڵێ، کاتێ تزار وەژوورکەوت، هەموو سیناتۆرەکان بەڕێزەوە لەبەری هەستان، ئیدی هەندێك لە کودەتاچی و پیلانگێڕەکان چوونە پشت کەژاوەکەوەو هەندێکی دیکە چوونە پێشوازیو وایان نواند کە بۆ زەمینە خۆشکردنی بەخشینی میتلوس سمبەر کە لە تاراوگە دەژیا لەگەڵ براکەیدا دەچنە پێشوازی تزار... تزار لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتو تکاکەیانی قەبووڵ نەکرد، بە هۆی سوور بوونو پێداگری یەکە بە یەکەی ئەوانەوە تووڕە بوو. لەم کاتەدا میتلوس، بە هەلی زانی و عەباکەی تزاری داکەوندو لە ملی پێچا. ئەمە نیشانەو پەڕلەیەك بوو کە پیلانگێڕەکان بۆ دەستپێکی کارەکەی خۆیان دایان نابوو. ئەوسا کاسکا بە پەلە لە دواوە بە خەنجەرەکەی خۆی جەزرەبەیەکی توندی لە ملی تزاردا، بەڵام جەزرەبەکە ئەوەندە کاری نەبوو کە ببێتە مایەی مەرگی. چونکە کاسکا بە ئەندازەیەك خرۆشا بوو و شڵەژا بوو کە نەیتوانی بە کەماڵی ئیسراحەت، جەزرەبەیەکی ناگەهانیو کوشندە بوەشێنێ، تزار یەکسەر ئاوڕی لە کابرای خەنجەر وەشێن دایەوەو توند دەستی گرتو هەردووکیان پێکەوە هاواریان کرد. تزاری زامدار بە

زمانی لاتینی هاواری دەکرد: "ئەی خیانەتکاری شەڕانی، کاسکا، چ دەکەی؟" خەنجەر وەشێنەکەش بە یۆنانی دەیگوت: "برا! فریام بکەوە!(٨)".

ئەو ئامادەبوانەی کە لەگەڵ پیلانگێڕەکاندا نەبوون، بە دیتنی ئەم دیمەنە بە ڕادەیەك حایر مابوون کە نە توانیان هیچ کۆمەکێك بکەنو نەتوانیان هەڵێن، تەنانەت نەیانتوانی هیچ قسەیەکیش بکەن، بە جۆرێ حەپەسا بوون کە نەیانتوانی تەنانەت هاواریش بکەن. لە کاتێکا پیلانگێڕەکان بە خەنجەری ڕووتەوە چوار دەوری تزاریان دابوو، بە جۆرێ کە بیویستایە لە هەر لایەکەوە هەڵێت، چەند نەفەرێك بە نووکی خەنجەران لێیان دەدا یا خەنجەری ڕووتیان لە ڕوویدا هەڵدەکێشا تا ئەگەر لە جێی خۆی بجووڵێت، بیکەن بە سەرو چاویدا. تزار، تەنیاو تەنیا باڵ، لە نێو ئەو ئاپۆڕاو شەڕە ترسناکەدا لە هەوڵو تەقەلادا بوو. لەو کاتەدا دەقاو دەق وەکو حەیوانێکی دڕندە وا بوو کە کەوتبێتە نێو کۆمەڵێك دڕندەی ترەوە کە لە هەر چوار نکالەوە ڕێگەیان لێ بڕی بێت. لە هەر لایەکەوە هێرشی دێنا بە زەربی خەنجەر برینداریان دەکرد. چونکە نەیاران لە نێو خۆیاندا ڕێك کەوتبوون کە هەر کەسێك جەزرەبەیەك لە تزار بدات، بە یەکێك لە پیاوکوژان حیساب دەکرێتو لەم خێرەدا شەریك دەبێت، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە تەنانەت (بروتوس)ش جەزرەبەریەکی وەشاند کە بەر خوارەوەی ئەندامی تزار کەوت. هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن کە تزار تەنانەت بەو جەزرەبە کوشندانەشەوە، پیاوانە داکۆکی و بەرگری لە خۆی دەکردو لە هەنبەر هەر هێرش بەرێکدا مقاوەمەتو بەرخودانی دەکردو هەڕەشەی لێدەکردنو جەستەی سەراپا زامی خۆی بە هەموو لایەکدا بکێش دەکردو بە هەڵچوونو خرۆشانو توانایەکی لە ڕادەبەدەرەوە، بەرەو هەر لایەك هێرشی دەبرد. تا چاوی بە بروتوس کەوت کە خەنجەر بە دەست، هێرشی بۆ ئەم دێنا، ئەو کاتە ئیدی عەباکەی دا بەسەروچاوی خۆیداو ئیدی لە مقاوەمەتو بەرەڤانی کەوت(٩). ئەنجام یا بە ڕێکەوت یا لەلایەن پیلانگێڕو کودەتاچییەکانەوە، ڕاکێشرایە پای پەیکەرەکەی پومپەو لەوێدا تەختی زەوی بوو. پایەی پەیکەرەکەی پومپە لە خوێنی تزارا سوور بوو بوو، وەکو ئەوە بوو تەمەشای ئەم دیمەنی تۆڵە و سزایەی دژمنەکەی خۆی بکات(١٠). تزار لەو دەمەدا بە جەستەی خوێناوییەوە لەبەر پێیدا کەوتووەو هێندەی زامو برین پێوە بوو، لە حاڵی ئاوزینگو گیانەڵلادا بوو. دەڵێن بیستو سێ زەربی خەنجەری پێوە بوو، تەنانەت ژمارەیەك لە پیلانگێڕان لە پەشێوەی و شپرزەیی و تووڕەییدا خۆیان بریندار کردبوو (١١)."

گوتەکانی بروتوس ومارك ئانتونی بە دیار جەنازەکەی قەیسەرەوە جوانترین بەشی ئەم تراژیدیا بەشکۆیە پێك دەهێنن. لە مێژووەکەی پلوتارکدا هیچ هەواڵێك لەم وتانەوە نییە، تەنیا ئاماژەیەك بۆ ئەوە کراوە کە بۆ سبەینێی ڕۆژی کارەساتەکە، لە هەمان هەلومەرجدا کە سەرانسەری رۆم دووچاری پەشێویو شپرزەیی بوو بوو، پیلانگێڕان هاتنە مەیدانی فوروم (سەنتەری سەرەکی شار) و هەندێ قسانیان کرد کە خەڵکەکەیان نە خەمبار کرد نە شادومان.

ئیدی ئەمە تەبعی گەورە داهێنەرو خامەی جادووکاری شەکسپیرە کە دوو قارەمانی گەورەی ئەم تراژیدیایە ڕوو بە ڕووی یەك دەکاتەوە تا قسەی خۆیان بۆ خەڵکی بکەن. دوای ئەوەی کە

پروتوس وتاره ئاگرینەکەی خۆی تەواو کرد، هەنگێ مارك ئانتونی، سەرداری نێوداری ڕومی و دۆستی دێرینی قەیسەر دەست بە وتاری خۆی بکات. جا لە میانەی قەڵەمی شەکسپیرەوە گوێ لە قسەکانی ئەو بگرن:

.... یاران، ڕومیان، هاووڵاتیان، گوێ لە قسەکانی من بگرن، هاتووم کە قەیسەر بە گۆڕ بسپێرم، نەك ستایشی بکەمو پێیدا هەڵبەم. ئەو بەدکردارییەی کە مرۆڤان دەیکەن، دوای مردنیانیش دەمێنن، لە کاتێکدا چاکییەکانی بە زۆری دەگەڵ ئێسكو پروسکەکانیاندا دەچنە ژێر گڵەوە. دەیسا با بۆ قەیسەریش هەر وابێت.

بروتوسی مەزن بە ئێوەی گوتووە کە قەیسەر دیکتاتۆر و ستەمکار بوو، ئەگەر وابێ تاوانێکی گەورە بووە،

و ئەو بە ئازارەوە بە سزای خۆی گەیی.

جا لێرەدا، بە یارمەتی بروتوس و ئێوە،

(چونکە بروتوس مرۆڤێکی ئابڕوومەندە هەروەها ئێوەش) لەم ڕێوڕەسمی ناشتنەی قەیسەردا دەست بە قسە دەکەم:

قەیسەر دۆستی من بوو، دەرهەق بە من وەفادار و دروستکار بوو،

بەڵام بروتوس دەڵێت کە دیکتاتور بوو،

و بروتوس پیاوێکی دلێرو گەورەیە،

ئەو دیلێکی زۆری بۆ ڕوم هێنا،

کە خوێن بایی ئەوان گەنجینەی گشتی پڕکرد.

ئایا ئەم کارەی قەیسەر دیکتاتوریانە بوو؟

کاتێ بێنەوایی و هەژاری دەگریا،

قەیسەریش دەگریا،

دیکتاتۆریەت دەبێ لە مادەیەکی لەمە

سەخت تر دروست بکرێت.

کەچی بەم حاڵەشەوە بروتوس دەڵێت دیکتاتور بوو،

وبروتوس ئینسانێکی گەورەیە.

ئێوە هەموو بە چاوی خۆتان بینیتان کە لە ئاهەنگ و جەژنی لوپەرکالدا(١٢).

من سێ کەڕەتان تاجی پاشایەتیم پێشکەش بەو کرد،

ئە سێ جاران ڕەتی کردەوە، ئایا ئەمە دیکتاتۆریەتو

پایەخوازی بوو؟

هێشتاش بروتوس دەڵێت دیکتاتۆرو پایەخواز بوو،

و بێگومان بروتوس ئینسانێکی گەورەیە.

قسەی من بۆ ئەوە نییە کە بروتوس بە درۆ بخەمەوە

و پێچەوانەی قسەکانی ئەو بسەلمێنم،

بەڵام من بۆیە هاتووم تا هەر چییەك دەزانم بیڵێم:
ئێوە هەمووتان ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوتان خۆشدەویست،
ئەم خۆشەویستیە بێ هۆ نەبوو،
ئەدی بۆچی خۆتان لە تازیەکەی دەدزنەوە؟
ئەی داوەری! تۆ بەرەو دڕندانی بێ شعور هەڵاتووی،
واز لەوانە بێنە، خۆیان دۆڕاندووە مدارای من بکە،
دڵی من لەگەڵ قەیسەردا لەو تابووتە نراوە،
و دەبێ دەم لێکبنەم تا بۆ لای من بێتەوە.
ڕومی یەکەم: من پێموایە، لوجیکێکی زۆر لە قسەکانیا هەبوو.
ڕومی دووەم: ئەگەر بە دروستی لەم کارە وردبیتەوە دەبینی
کە قەیسەر خەتای گەورەی هەبووە.
ڕومی سێیەم: ئاغایان ئێوە بڵێن، ئایا بە ڕاستی هەڵەی گەورەی هەبوو؟
من ترسی ئەوەم هەیە کە لەو خراپتر جێگەی بگرێتەوە.
ڕومی چوارەم: گوێتان لە قسەکانی بوو؟ ئەو تاجی پاشایەتی قبووڵ نەکرد!
بەمجۆرە، گومانی تیا نییە کە ئەو دیکتاتۆرو پایەخواز نەبوو.
ڕومی یەکەم: ئەگەر ئەمە ساغ ببێتەوەو بێتە سەلماندن، ئەوا
هەندێ کەس دەبێ چاوەڕوانی سزای قورس بن.
ڕومی دووەم: بەستەزمانە،چاوەکانی لە گریاندا وەکو پشگۆی ئاگر سوور بوونەتەوە.
ڕومی سێیەم: لە ڕومادا ئینسانێکی شەریفتر لە ئانتونی نییە.
ڕومی چوارەم: گوێ بگرن! دەیەوێ قسە بکات!
ئانتون: تا دوێنێ ناوی قەیسەر، داستانی سەر زاری هەموو جیهانییان بوو،
کەچی ئەمڕۆ ئەوەتا بێناز لەوێ کەوتووە،
و کەسێك نییە، ڕێزی لێبگرێت.
ئەی سەروەران! ئەگەر من بمەوێ دڵو بیری ئێوە.
بە رق و کینە پڕ بکەمو بهاڕوژێنم، ئەوا غەدر لە بروتوس دەکەم، غەدر لە کاسیوس دەکەم،
غەدر لەم ئینسانانە دەکەم کە خۆتان دەزانن گەورەن،
من غەدر لەوانە ناکەم، من حەز دەکەم کە
غەدر لە مردوو بکەم، غەدر لە خۆم بکەمو لە ئێوە
نەك غەدر لەم پیاوە بەڕێزو خانەدانانە بکەم.
ئێستا تەمەشاکەن، ئەمە بەڵگەنامەیەکە بە مۆری قەیسەرەوە.
کە لە گەنجینەی ماڵەکەیدا دۆزیومەتەوە، ئەمە وەسێتنامەی ئەوە
جێگەی خۆیەتی کە خەڵکی گوێیان لێبێ،
(هەڵبەتە دەمبورن، من نیازی خوێندنەوەیم نییە.)

هەنگێ بەرەو قەیسەر دەڕۆن‌و زامەکانی جەستەی ماچ دەکەن،
و دەستەسڕەکانی خۆیان لە خوێنی پیرۆزی ئەو هەڵدەکێشن،
بەڵێ سەرو داوە موویەکی ئەو بۆ یادگاری بەڕێزەوە هەڵدەگرن،
ئەو داوە مووە وەکو میراتێکی گرانبەها،
بۆ منداڵەکانی خۆیان بە میرات دادەنەن.
ڕومیەکان: ئێمە دەخوازین گوێمان لە وەسێتنامەکە بێت،
مارك ئانتونی بۆمانی بخوێنەوە.
ئانتونی: ئەگەر فرمێسکتان لە چاو دایە،
ئێستا خۆتان ئامادە بکەن کە بیڕێژن،
ئێوە هەمووتان ئەم عەبایە دەناسن،
و من لە بیرمە کە قەیسەر یەکەمجار لەبەری کرد.
ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی دوا دوایی هاوین بوو و من لە خێوەتەکەیدا بووم.
و رۆژێك بوو کە بەسەر نیرڤیەکاندا(١٣) سەرکەوتبوو.
تەمەشاکەن خەنجەرەکەی کاسیوس ئێرەی هەڵدڕیوە،
و کاسیکای دڵڕەش‌و بەغیل چ شەبەقێکی تێکردووە،
لێرەوە بروتوسی ئازیز خەنجەرەکەی خۆی بردۆتە ژوورەوە،
و هەرکە ئەو پۆڵا مەلعوونەکەی دەرهێنایەوە،
تەمەشاکەن چۆن خوێنی قەیسەر لەوێوە فیچقەی کرد،
دەڵێی لە دەرگاوە دەردەپەڕی تا دڵنیا ببێ کە
ئایا ئەمە بروتوسە بەم بێ ڕەحمیە لە دەرگا دەدات(١٤)
چونکە بروتوس، وەکو خۆتان دەزانن، فریشتەی قەیسەر بوو،
بڕوانن، ئەی خودایان، کە قەیسەر چ نازێکی دەدایە!
و ئەمە نامێرانەترین زامێك بوو کە بەوەوە نرا،
کەنگێ قەیسەری مەزن، ئەوی بینی کە خەنجەر دەوەشێنێ،
ئەوەندە بێوەفایانەو، زۆر سەخت تر لە جەزرەبەی
خاینان، دەیوەشێنێ.
ئەو کاتە بوو کە ئەو لەپێ کەوت‌و دڵە دلێرەکەی شەقی برد،
لەو دەمەدا کە سیماو ڕوخساری خۆی لە عەبایەکەی خۆیدا دەشاردەوە،
و لە پای پەیکەرەکەی پومپەدا، خوێنی لەبەر دەڕۆیی،
تزاری مەزن مرد(١٥).

لە شانۆنامەی "یولیوس قەیسەر"ی شەکسپیردا، بروتوس ئینسانێکی شەریفە، سادەو دڵپاك‌و نیشتمانپەروەرە. شانازی نەتەوەیی و خۆشەویستی بەرزێتی ڕوم، وای لێدەکات کە دەستی خۆی بە خوێنی ئینسانێك سوور بکات، خیانەت و ناپاکی لە کەسێك بکات کە نزیکترین

یارو یاوەری ئەو بوو و لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بە پشتو پەنای ئەو دەژمێردرا، بەڵام ئایا بە ڕاستی مارکوس یونیوس بروتوس، ئەو کەسەی کە لە مێژووی ئیمپراتۆریەتی ڕومدا وەکو سیاسەتوانێکی ڕومی دەناسرێت، ئینسانێکی ڕەندو مەردو ساغو سروشت باش بووەو ئەم تاوانە بێ چەندوچوونەی لە ڕووی هەستی نیشتمانپەروەرییەوە ئەنجام داوە؟

دیارە ئەمە گومانی لەسەرە. پلوتارك لە کتێبی ژیانێن هاوتادا، بە ڕاشکاوی باسی ئەخلاقو ئەتوارو کرداری ئەو ناکات، بەڵام هەندێك هێماو ئاماژەی تێدایە کە تا ئەندازەیەك نیازی ئەو لە کوشتنی تزاردا، ئاشکرا دەکات:

"... بروتوس، زۆر جار هەستی دەکرد کە تواناو دەسەڵاتی تزاری لە پشتەو پشتیوانی لێدەکات. ئەگەر بیویستایە و بە ڕاستی بڕیاری دابا، دەیتوانی لە نێو دۆستاندا، بێ هەڤڕك پایەی یەکەم وەربگرێتو لەوانی دی پتر جێی خۆی لای ئەو بکاتەوە، لێ دەستەی کاسیوس، ڕێو ڕێبازێکی دیکەیان گرتبووە بەر ( و تەنانەت خودی کاسیوس، دوای ئەو قەرقەشە پڕ سەرو سەدایەی کە نابویەوە هێشتا بە تەواوەتی،جێگای دڵخوازی خۆی لە دڵی تزاردا نەکردبووەوە.) ئەویان بەردەوام دنەو هاندەدا کە نەچێتە ژێر باری حوکمی بە ڕواڵەت باشی تزار، بەڵکو تادەتوانێ خۆی لەو دوور بگرێتو مل بۆ کاری داگیرکارانەو ستەمکارانە بداتو باوەڕیان وابوو کە ئەگەر تزار سەبارەت بەو ڕووی خۆش دەنوێنێ تا لەم ڕێگەیەوە بوێری و ڕەسەنی قسەکانی و دلێری خۆی کەم بکاتەوەو خاوی بکاتەوە. لە ڕاستیدا تزار گومانی لەو هەبوو، لە ڕەفتارو گوفتاری دوو دڵ بوو، لە تواناو یەکێتی یارانی ئەو دەترسا، بەڵام سەبارەت بەدروستکاریو دروستی کردەوەکانی متمانەی پێی هەبوو. چونکە ڕۆژێ هەواڵیان هێنا کە ئانتوانو دولابلا، لە عەلەیی ئەو دواون، تزار دەڵێت ترسی لەو کەسە قەڵەو و خۆشگوزەرانە نییە، بەڵام دەبێ لەو جووتە لەڕو لاوازو ڕەنگو ڕوو سیسەڵەو چرچەڵانە بترسێن و مەبەستی بروتوس و کاسیوس بوو. جارێکی دی (بروتوس) یان تاوانبار کرد کە لە کەمینی ئەودایەو پێویستە پتر ئاگای لە خۆ بێتو خۆی بپارێزێت. تزار، دەستێك بە بەدەنی خۆیدا دێنیو دەڵێت: "چۆن؟ ئایا تەسەور ناکەن کە بروتوس ئەوەندەی حەوسەڵە و سەبر هەبێت تا ئەم بەدەنە فەرتووسە خۆبەخۆ لە بەین بچێت؟" ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە بروتوس، لە دوای تزار بە ڕاستی خاوەنی دەسەڵاتێکی فرە بووە (١٦).

توێژەران، بە گوێرەی بەڵگەنامەو قەواڵەیەك کە لە زەمانی کۆنەوە ماوەتەوە، ئەو بە ئینسانێکی بێ سەروبەر، سەر سەخت و بزێو وکەلەشەقو، لە مەسەلەی داراییدا، دەست بڵاو وخوێن ڕێژ دەزانێ (١٧). بابایەکی سووتخۆری دڵڕەق بوو و کە دۆستایەتی سیسرونی دەکردو سیسرون، پەنای دەدا، هەمووی بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆی بوو(١٨).

تزار، زۆر ڕووی دابوویە، لەساڵی چلو هەشتی پ.ز دا کاتێ کە لە شەڕی فارسالوسدا، لایەنگری لە پومپە کردو دژی تزار وەستا و شکستی هێنا، تزار لێی خۆش بوو. نەك هەر چاوپۆشی لە تاوانەکەی کرد، بەڵکو خستیە ڕیزی یارانی نزیکی خۆیەوەو دوای دوو ساڵ، فەرمانداری ناوچەی گولێ (فەرەنسای کۆن)ی بەو سپارد. هەروەها لە ساڵی ٤٤ پ. ز، کردی بە

(پراتور(١٩)ی ڕوم. بە هەرحاڵ سەرەڕای ئەم هەموو چاکەیەی کە تزار دەرهەق بەو کردی، ئەو دەگەڵ بەدخواهان و پیلانگێڕاندا دەستی تێکەڵ کردو نەخشەی کوشتنی تزاری دانا (٢٠).

بەمجۆرە شەکسپیر، بۆ ئەوەی شانۆنامەکەی پڕ جۆشتر و کاریگەرتر بێ ( لەوەشە ویستبێتی، هەستی نیشتمانپەروەری بینەر جۆشبدات) بروتوسی خاینی کردبێت بە قارەمانی شانۆنامەکەی خۆی و نەك هەر خەرمانەیەکی جەلال و شکۆی لە دەوری دروستکردووە، بەڵکو وەکو ڕومیەکی بە باوەڕو نیشتمانپەروەریش بەرجەستەی کردووە. هەڵبەتە نابێ سیماو کەسێتی مارك ئانتونیش لەم شانۆنامەیەدا پشت گوێ بخرێت. ڕۆڵی ئەویش وەکو بروتوس دیارو درەخشانەو بینەر دەکەوێتە ژێر باندۆرو کاریگەری ئەوەوە.

شەکسپیر ناوی شانۆنامەکەی ناوە (تراژیدیای یولیوس قەیسەر) و مانای ئەمەش وایە کە سەرانسەری شانۆنامەکە بە دەوری تزاردا دەسووڕێتەوە. حاڵبوکی قەیسەر تەنیا لە سێ دیمەن و پەردەدا دەردەکەوێت و لەوێشدا کە ڕوحی ئەو خۆی دەنوێنێ و جیلوەگەری دەکات تەنیا شازدە وشە دەڵێت. لە شانۆنامە هاوشێوەکانی دیدا (ئانتونی و کلیوپاترا) و (کوریولانوس)دا قارەمانی شانۆنامەکە یەك کەسە، حاڵبوکی لەم شانۆنامەیەدا، بروتوس و تزارو مارك ئانتونی هەرسێکیان دەوری قارەمان دەبینن. شەکسپیر ئەم ستایلەی لە شانۆنامەی (ریچاردی دووەمیش) دا بەکار بردووە. ئەگەر بمانەوێ بایەخی کاراکتەرەکان، لە ڕووی ئەو دەورەوە کە لە شانۆنامەکەدا هەیانە پۆلێن بکەین، ئەوا دەبێ بڵێین کە ئانتونی یەکەمە، بروتوس دووەمەو قەیسەر سێیەمە.

***

لەم شانۆنامەیەی شەکسپیردا، تا ئەو کاتەی کە مارك ئانتونی بێدەنگەو نەهاتووەتە قسان، بروتوس تاقە سوارەی مەیدانە، بەڵام کاتێ ئانتونی وتارە ئاگرین و بەڵگەدارەکەی خۆی پێشکەش دەکات، هەڵوێستەکە دەگۆڕێت و خەڵکەکە ڕوو دەکەنە خوشکەزاکەی قەیسەر. بروتوسی زرینگ و زیرەك، پێشوەختە، پێشبینی ئەم سەرکەوتنەی کردبوو، بۆیە قەناعەتی وابوو کە دەبێ (ئانتونی)ش لە نێو ببرێت یا بەلای کەمەوە دەرفەت و دەلیڤەی قسەکردنی نەدرایە، بەڵام ئانتونی سوودی لە دوا وتەکانی بروتوس وەرگرت و قسەکانی خۆی بە جۆرێ دەست پێکرد، لە تۆ وایە دەیەوێ پشتیوانی لە قسەکانی ئەو بکات.

ڕاپەڕینی ڕوم دژی پیلانگێڕان، بروتوس و لایەنگرەکانی ناچارکرد کە لە ڕوم هەڵێن، بە هەرحاڵ جەماوەرێکی زۆر پەیوەندییان پێوەکردن و دارو دەستەیەکی دیکە کە لە ڕەفتاری ناجوامێرانەی ئەوان تووڕە بوو بوون و خرۆشا بوون، لە دەوری مارك ئانتونی و یارانی ئەو، وەکو ئەکتاویوس و ئامیلیوس خڕ بوونەوەو شەڕیان دەست پێکرد.

لەو کاتەدا کە شەیپوری شەڕ لە ساردیس بەرز بوو بووەوە، ناخی پیس و چەپەڵی کاسیوس بۆ بروتوس، زیاتر ئاشکرا دەبێ و قەرقەشەو کێشماکێشی ئەو دوانە لە سەر بەدکاریەکانی یەکدی دەست پێدەکات. بروتوس، بەڵگەی ڕوونی لە دەستدایە کە کاسیوس، خیانەتی لەو و لەوانی دی کردووەو سەرەنجام ئەوەی بەگوێدا دەگەیەنێ کە خوشکەکەی لە داخی ڕەفتارە

**نەنگینەکانی ئەو، خۆی کوشتووە. شەوێ هەرکە بروتوس بەڕێ دەکاتو دەڕوات، روحی قەیسەر دێتە دیدەنی بروتوس. دەیسا لە زمانی شەکسپیرەوە گفتوگۆیەکەیان بژنەون:**

**(ڕوحی قەیسەر وەژوور دەکەوێت.)**

**بروتوس: ئەم مۆمە چەند نەخۆشانە دەسووتێ. ها! ئەوە کێیە لێرە؟**

**لەوە دەچێ کزی چاوەکانی من بێ،**

**کە ئەم تاپۆ ترسناکە دەنوێنێ،**

**هێرشم بۆ دێنێ، تۆ چیت؟**

**تۆ لە خواوەندانی، فریشتەی، شەیتانی،**

**کە خوێن لە دەمارەکانمدا دەجەمەدینیو**

**مووم گرژ دەکەیت؟**

**قسە بکە، چیت؟**

**تاپۆ: ڕوحی چەپەڵی تۆ بروتوس!**

**بروتوس: بۆچی هاتوویت؟**

**تاپۆ: تا پێت بڵێم کە من لە فیلیپی دادەبینی.**

**بروتوس: یانی من جارێکی دی تۆ دەبینمەوە؟**

**تاپۆ: بەڵێ لە فیلیپی!**

**بروتوس: چاکە، کەواتە من تۆ لە فیلیپی دەبینم.**

**( و ڕوحەکە دیار نامێنێ )**

**لە شەڕگەی فیلیپی دا، بروتوس و کاسیوس لە بەرەیەکو ئانتونی و ئەکتاویوس لە بەرەیەک، بەرانبەر لێکدی دەگرن، لەو کاتەدا کە لەشکرەکان دەجوڵێنو دەنگی دەهۆڵ هەڵدەستێ، جەنگاوەران، دوا قسەی خۆیان بە یەکتر دەڵێن. بروتوس دەڵێت: "قسەی باش، باشترە لە جەزرەبەێن خراپ."و ئانتونی بەرسڤ دەداتەوە: "تۆ لەو کاتەدا کە زەربەی خراپ دەوەشێنێ، قسەی باش بە زمانتا دێتو وەکو چۆن لەو کاتەدا کە دڵی قەیسەرت بە خەنجەر دادەدڕی، هاوارت دەکرد بژی قەیسەر!" دوای چەند مشتو مڕێکی دی لە سەری دەڕوات: "ئەی خوێڕیانە! لەو کاتانەدا کە خەنجەری ناپاکی ئێوە، لە هەردوو قەبرغەی قەیسەردا یەکیان دەگرت. ئەوجاش هەر وەکو سەگ کڵکە سووتێتان دەکردو ڕیاگۆییتان دەکردو پێی ئەوتان ماچ دەکرد. ئەوسا کاسکای مەلعوون وەکو سەگێکی خوێڕی لە پشتەوە لە ملی قەیسەری دا."**

**دژمنایەتیەکی لە ئاشتی نەهاتگو نەفرەتێکی لە سارێژ بوونەوە نەهاتوو. شەڕ دەست پێدەکات و سەرەنجام بروتوسو کاسیوس هەردووکیان تیا دەچن. کاسیوس بە دەستو خەنجەری خوڵامەکەی خۆی، پانداروس دێتە کوشتنو بروتوس ناچار مل بۆ چارەنووسی تاڵی خۆی دەدات:**

**کلایتوس: هەڵێ، هەڵێ گەورەم، کاتی خاوە خاو نییەو تازە کار لە کار ترازاوە.**

**بروتوس: بە دوعا لە تۆو، لە تۆش ئەی ولومنیوس،**

هاووڵاتیان، دڵی من لە شادیدا لێدەدات کە هێشتا لە سەرانسەری ژیانی خۆمدا،
ئینسانێکم نەبینی کە دۆستی من بێ.
من بە شکستی ئەمڕۆ، شانازییەکی زیاترم لەوە بەدەست هێناوە کە ئەکتاویوس یامارك ئانتونی،
بەم سەرکەوتنە نەنگینە بەدەستیان هێناوە،
کەواتە خوا حافیز لە هەمووتان، چونکە زوبانی بروتوس،
کۆتایی بە مێژووی ژیانی ئەو هێناوە .
شەو بە چاومەوە هەڵواسراوە. ئێسکەکانم کە ڕەنجیان بۆ گەییشتن بەم سەعاتە کێشاوە ئاسوودە دەبن.
( لە هەموو لایەکەوە هاوار بەرز دەبێتەوە کە هەڵێ... هەڵێ....)
کلایتوس: هەڵێ سەروەرم، هەڵێ.
بروتوس: ئێوە بڕۆن، من لە دووتان دێم.
( بروتوس و ستراتو بە تەنیا دەمێننەوە.)
ستراتو تکات لێدەکەم کە لەگەڵ خودانی خۆتدا بمێنەوە، تۆ ئینسانێکی خانەدان و وەچاغزادەی،
ژیانت تەماسێکی کەمی لەگەڵ شەرەفدا هەبووە،
کەواتە شمشێرەکەت ڕاگرەو ڕووت وەرگێڕە.
تا من خۆمی بە سەرا بدەم. ئەمەم لەگەڵ دەکەی ستراتۆ؟
ستراتۆ: هەوەڵجار دەستت بدە من. خوا حافیز سەروەرم.
بروتوس: خوا حافیز ستراتۆی چاك کردار. قەیسەر! ئێستا تۆ ئارام بگرە!
من تۆم، بە نیوەی ئەم نیازە باشەوە نەکوشت.
( دەکەوێتە سەر عاردی و دەمرێت"٢١" ).
پلوتارك لە کتێبی ژیانێن هاوشێوە، بەمجۆرە مەرگی بروتوس دەگێڕێتەوە:
"... بەتلێکی شەو ڕۆیی بوو کە بروتوس سەری بەلای کلایتوسدا، کە یەکێك بوو لە خزمەکارەکانی خۆی، نەوی کردەوەو شتێکی بە گوێیدا چپاند. یارۆی خزمەتکار، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، لێ دەستی بەگریان کرد. پاشان یەکێك لە سوارەکانی، کەنێوی داردانوس بوو، بانگ کردو بە ئەسپایی شتێکی بەویش گوت. ئەنجام ڕووی کردە ولومنیوس و بە زمانی یونانی و بە یادی دۆستایەتی ڕۆژانی گەنجی کە پێکەوە، خەریکی خوێندن و فێربوون، بوون، داوای لێکرد بەخەنجەرێك کۆتایی بە ژیانی بێنێ. ولومنیوس زۆر بە توندی داواکەی ڕەفز کرد. ئەوانی دیکەش ڕەفزیان کرد. یەکێك لە یاران گوتی نابێ بەخۆڕایی لێرە بوەستین دەبێ ڕێگای هەڵاتن بگرین. هەنگێ بروتوس، هەستایە سەر پێیان و گوتی: "بەڵێ پێویستە هەڵێین و خۆمان ڕزگار بکەین، بەڵام نەك بە کۆمەکی پێیان بەڵکو بە کۆمەکی دەستەکانمان." هەنگێ دەستی بە یەك بە یەکی یاراندا هێناو بەوپەڕی ڕووخۆشی گوتی: "من زۆر دڵخۆشم کە هیچ یەکێك لە یارانم

تا دەمی مەرگ، پشتیان تێنەکردم. هەرکاتێ پێویستم پێیان بووبێ، لە پشت سەرمەوە بوون، من هیچ گلەیی و گازاندەیەکم لەبەختی خۆم نییە، مەگەر لەوەدا کە پەیوەندی بە وڵاتەکەمەوە هەبێت، چونکە من خۆم لەو کەسانە بە بەختیار تر دەزانم کە سەرکەوتوون، نەك هەر لەبەر ئەوەی تێپەڕیوە، بەڵکو بە هۆی ئەم وەزعو حاڵەوە، چونکە من شانازی هەمیشەیی فەزیلەتو تەقوام لە دوا دەمێنێ. بەڵام دژمنانی سەرکەوتووی ئێمە نە بە زەبری چەكو نە بە زۆری پارە ئەوە دەرك ناکەنو هیچ شوێنەوارێك لە دوای خۆ، بۆ نەوەکانی ئایندە بەجێ ناهێڵن. هەمووان دەڵێن چ خەڵکانێکی شوومو شەڕانی بوون کە خەنجەریان لە ڕووی شەیدایانی هەقو عەدالەت هەڵکێشاو کوشتیانن تا زوڵمو ستەم بە دەستی خەڵکانی دی لە ڕۆژگاردا پایەدار بکەن."

ئەمەی گوتو گەردن ئازایی دەگەڵ ئامادەبووانداکردو داوای کرد، تا کات درەنگ نەبووە، ڕێگای خۆ بگرنو هەڵێن. پاشان چووە سووچێکەوەو تەنیا لەگەڵ سێ کەس لە دۆستەکانیدا کە یەکێکیان ستراتون بوو، مایەوە، ستراتون یەکەمین کەس بوو کە پێکەوە، دەستیان بە خوێندنو فێر بوون کردبوو. بروتوس لێی نزیك بووەوە و بە دەستەکانی خۆی توند خەنجەرەکەی گرت، هەنگێ خۆی بە توندی دا بەسەر نووکی خەنجەرەکەداو بەمجۆرە حەیاتی لەبەر خۆی بڕی.

هەندێکی دی دەڵێن کە خودی بروتوس خەنجەرەکەی بە دەستەوە نەگرتووە، بەڵکو ستراتون، بە سوور بوونی ئەو خەنجەرەکەی لە عاردی ڕاگرتووەو ڕووی خۆی بۆ لایەکی دی وەرگێڕاوە، هەنگێ بروتوس بە پێوە وەستاوەو لە ناکاوا خۆی بەسەر خەنجەرەکەدا داوە. خەنجەرەکە بەدەنی دیواودەر کون کردووە. ورگو ڕیخۆڵەی هەڵدڕیوەو یەکسەر گیانی دەرچووە(٢٢).

***

لە شانۆنامەکەی شەکسپیردا، دوا قسەی بە جۆشی ئەکتەرەکان، ئەو قسانەیە کە مارك ئەنتونی بەدیار جەنازە بێگیانەکەی بروتوسەوە دەیکات:

ئەم لە نێو هەموو ئەوانەدا، خانەدانترین ڕومی بوو،

هەموو پیلانگێڕان، تەنیا ئەو نەبێ، ئەوەی کردیان لە ڕووی حەسوودی و بەغیلییەوە بوو بە قەیسەری مەزن، تەنیا ئەو، لەبەر خێرخوازی بۆ خەڵکانی دی، چووە ڕیزی ئەوانەوە.

ژیانی ئابڕوومەندانە بوو و پیاوێك بوو جەوهەری مەردایەتی لێدەباری

کە ڕەنگە ڕۆژێك تەبیعەت ڕابێت،

و بە هەموو خەڵکی دنیا بڵێت: "ئەو پیاو بوو پیاو!(٢٣)"

***

لە نێو ئەو سیو هەشت شانۆنامەیەدا کە ویلیام شەکسپیر نووسیونی و لە نێوان ساڵانی ١٥٩٠– ١٦٠١دا، خراونەتە سەر شانۆ، (یولیوس قەیسەر) نۆزدەمین بەرهەمی شیعریی ئەو بوو کە بۆ نواندن نووسرا بوو. بە گوێرەی یاداشتی توماس پلاتر، خەڵکی سویسرا کە لە سەردەمی ژیانی شەکسپیردا سەردانی لەندەنی کردووەو هەندێ یاداشتی لە پاش بەجێماوە، ئەم بەرهەمە کە بە یەکەمین شانۆنامەی کۆمەڵە شانۆی (ڕومی) ئەو دێتە ژماردن، بۆ یەکەمجار، لە شەوی بیستو یەکەمی / ١٥٩٩/٩دا لە تەلاری نمایشی (گلوپ)دا خراوەتە سەر شانۆو پێشکەش

کراوه.ەبێ هیچ چەندو چوونێك، شەکسپیر بۆ نووسین و ئامادەکردنی شانۆنامەی ناڤبری سوودی له دەقەکەی پلوتارك بینیوه که لەلایەن سێرتوماس نورتەوه، پاچڤەی ئینگلیزی کرابوو. بایەخدانی خەڵکی بەم بەرهەمە کردیه کارێك که شەکسپیر دوو شانۆنامەی دیکه، له کتێبەکەی پلوتارکەوه هەڵێنجێ و له ژێر سەر ناڤی (ئانتونی و کلیوپاترا)و (کوریولانوس)دا بڵاویان بکاتەوه(٢٤).

ئەو ڕەخنەگرانەی که هەوڵیانداوه، ئیرادو ڕەخنه له بەرهەمەکانی شەکسپیر بگرن، چەند خاڵێکیان له بارەی تراژیدیای قەیسەرەوه گوتووه.

یەکەمیان ئەمەیه که له شانۆنامەی قەیسەردا، ڕوحی قەیسەر، له خودی قەیسەر پتر حوزوری هەیەو ئەم قسەیەی بروتوس دەکەن به بەڵگە: "ئەی یولیوس قەیسەر، تۆ هێشتا هەر به توانایت، ڕوحی تۆ لەم دنیایەدا دەسوڕێتەوەو شمشێرەکانمان، بەرەو ڕووی خۆمان دەگەڕێنێتەوه..."

دووەمیان ئەمەیه که هونەرمەندی ئینگلیزی، حەقیقەتی دیرۆك و مێژووی تەحریف کردووەو کەسێتی تزاری وەکو خۆی، وەکو چۆن هەیه، بەرجەسته نەکردووه. لەم شانۆنامەیەدا تزار ئینسانێکی بەهێز نییه، حاڵبوکی یولیوس قەیسەر ئەو سەردارەیه که ئیمپراتۆریەتی مەزنی ڕومی بونیات ناوه و وشەی تزاری له مێژووی تیرەی بەشەردا جاویدان و نەمر کردووه(٢٥).

جۆرج برنادشۆ، له جوملەی ئەم ڕەخنەگرانه بووه که سەبارەت بەلاوازی و بێ توانایی قەیسەر ئیرادی له شەکسپیر گرتووه. جا که شۆ هاتووه شانۆنامەی (تزارو کلیوپاترا)ی نووسیوه زیاتر بۆ ئەوه بووه تا لەم ڕێگەیەوه، سەرداری گەورەی ڕومی، وەکو خۆی، وەکو چۆن هەبووه، بەخەڵکی دنیا بناسێنێ.

پەراوێزو سەرچاوان:

١- بەگوێرەی سەرچاوان یەکەمجار له ساڵی ١٦٠١دا پێشکەش کراوەو یەکەمجار له ساڵی ١٦٢٣دا چاپ کراوه.

٢- مێژووەکەی پلوتارك له ساڵی ١٥٧٩دا، لەلایەن سێر توماس نورتەوه، پاچڤەی ئینگلیزی کراوه ئەم مێژووه نزیکەی بیست ساڵ پێش نووسنی یولیوس قەیسەر بووه لەلایەن ویلیام شەکسپیرەوه. توماس نورت ئەم کتێبەی له پاچڤه فەرەنسییەکەی جاك ئامیۆوه بۆ ئینگلیزی وەرگێڕاوەو کتێبەکه له ماوەیەکی کورتدا، ناوبانگێکی فراوانی دەرکرد.

شەکسپیر، هەندێ پەرەگراف له نووسینەکانی پلوتارکەوه که به پەخشان بوو، وەکو خۆی بەهۆنراوه پاچڤه کردووه و تێهەڵکێشی شانۆنامەکەی خۆی کردووه.

٣- به گوتەی تیودور مومسن (١٨٠٧- ١٩٠٣) دیرۆکنووسی ناوداری ئەڵمانی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات، که ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی بۆ نووسینی مێژووی ڕۆم و لێکۆڵینەوه له ژیانی تزار تەرخان کردووه، ئەو ڕێك له ڕۆژی ١٠٠/٧/١٢ پ. ز، له روم هاتووەته دنیاو له رۆژی ٤٤/٣/١٥ پ.ز به دەستی یارانی خۆی له ئەنجوومەنی پیران کوژراوه. ئیدی رومیان، هەر به ناوی ئەوەوه، مانگی ڕۆمی Quinctilis که مانگی حەوتەم ساڵ و بورجی له دایکبوونی ئەو بوو گۆڕییووەو ناویان ناوه Julius تامێژووی

له دایکبوونی ئەو کوێر نەبێتەوەو بە زندوویەتی بمێنیتەوە.. ئەو بە خۆیشی دامەزرێنەری ئەو تەقویمەیە کە ئێستا لە ڕۆژئاوا پەیڕەوی دەکرێت.

٤- تیودور مومسن ئەو بە (دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ڕوم) دەزانێ و وشەی "نووسەر"ش لە دوای لەقەبەکانی ئەوەوە بەکار دەبات. بەگوێرەی ئەو نووسینانەی کە مێژوونووسان دەربارەی ئەو نووسیویانە تزار نووسەرێکی بەتوانا، خەتیبێکی دەماوەرو هزرڤانێکی شارەزای ئەدەب بوو. نامەو نووسینەکانی نەماون، تاقە بەرهەمێك کە لەبەر دەستدابێ، بەرهەمێکە لە ژێر سەرناڤی تەفسیرو شرۆڤەی شەڕێن گولان، کە بریتیە لە حەوت بەرگ‌و هەر بەرگەیان بە شێوەیەکی جیا شرۆڤەی جەنگێکی بە ناوبانگ دەکات. وادیارە تزار ئەم ڕاپۆرو کتێبانەی بۆ هەڤڕك‌و نەیارەکانی خۆی نووسی بوو تا ئەگەر ئیراد لە کارەکانی ئەو بگرن، پێشوەختە وەلامی دابنەوە. ئەم بەرهەمانەی کە ماونەتەوە، ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنن کە ئەگەر تزار سەردارێکی جیهانگیر نەبوایە، دەبوو بە مێژوونووسێکی گەورەو خەتیبێکی بە تواناو لە واری ئەدەبیاتی ڕومدا پایەیەکی بەرزی دەبوو. سیسرون، قەڵەمەکەی ( بە قەڵەمێکی بە توانا، بێگەرد، جوان‌و وەکو جلێکی ڕازاوە) لە قەڵەم داوە. (بڕوانە ئینسایلکوپیدیای نێو دەوڵەتی، بەشی سێیەم، ل ٤٧٠).

٥- یەکێك لە گوتە بە ناوبانگەکانی تزار، کە لە هەموو مێژووەکاندا تۆمار کراوە، سێ وشەیە (هاتم، دیتم، فەتحم کرد) تزار، ئەم وشانەی لە ساڵی ٤٧ پ.ز گوتوون، کاتێ کە بە دووی پومپی دا بۆتسالی‌و لەوێندەرەوە بۆ میسر ڕۆیی بوو و پاش مودەتێك ئەشقبازی دەگەڵ کلیوپاتردا بۆ باکووری ڕۆژهەلاتی ئەناتولی سەفەری کردبوو و دژمنانی خۆی شکست دابوو. ئیدی ئەو سێ وشەیە "دەسەلات‌و کەسێتی‌و سەرکەوتووی" ئەویان دەگەیاند.

٦- مێژووی ژیانی پیاوانی بەنامێ، بەرگی سێیەم، پاچڤەی دکتور ڕەزا مەشایخی، ل٥١٤.

٧- پەردەی سێیەم، دیمەنی سێیەم، مەیدانی فوروم لە ڕوم (شانۆنامەی یولیوس قەیسەر، بەرهەمی شەکسپیر).

٨- ئەمان دوو برا بوون، یەکێکیان لونگرس‌و دووەمیان کاسکا کە هەردووکیان فریوی بروتوسیان خوارد بوو و ئامادە بوون کە قەیسەر بکوژن.

٩- ئەو بابەتە وردو هەستیارەی کە سەرنجی شەکسپیری ڕاکێشا بوو بەرخوردی نیگای قەیسەر بوو لەگەڵ دۆست‌و یاوەرە باوەڕپێکراوەکەی خۆیدا، واتە بروتوس. شەکسپیر لەو دیمەنەدا کە بروتوس خەنجەرەکە لە قەیسەر دەدات‌و لەو دەمەدا نیگای قەیسەر لە نیگای دۆستەکەی خۆی هەڵەنگوێت، خۆ بە خۆ هاوار دەکات: "تۆش ئەی دڕندە خوو! کەواتە بمرە، ئەی قەیسەر!"

هەندێ لە مێژوونووسان، دوا وشەکانی قەیسەریان بەمجۆرە گێڕاوەتەوە: "تۆش بروتوس، کوڕی من!...."

١٠-ئەم پومپەیە هەمان (سنیوس پومپیوس)ی سەرداری گەورەی ڕۆمیە کە دژی تزار ڕاپەڕی و سەرەنجام دوای زنجیرەیەك شەڕێن دوورو درێژ لە ساڵی ٤٨پ.ز کە بەرەو

میسر هەڵدێت، بەدەستی سپتیمیوس، پارێزڤانی ڕوم دەکوژرێت. کاتێ کە سەری ئەویان بە تزار نیشاندا، فەرمانی دا کە بکوژەکە لە هەمان شوێن سەرببڕن. پومپە لە دەورانی فەرمانڕەوایی تزار بە گەورەترین دژمنی قەیسەر دەژمێردرا.

١١- بڕوانە پلوتارك، مێژووی ژیانی پیاوانی بەنامێ ، بەرگی ٣، پاچڤەی دکتۆر ڕەزا مەشایخی، ل ٦٠٤- ٦٠٥.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە تزار لە تەمەنی پەنجاو شەش ساڵیدا، ئەوەندە بەهێزو ساغلەمو گەنج بوو کە ئەگەر نەکوژرابا، دەشیا پازدە – بیست ساڵی دیکە ژیابا، سەلامەتی بەدەنی ئەو بە ڕادەیەك بوو کە نەخۆشی پەرکەمیش (صرع) نەیتوانی بوو هێزی جەستەیی ئەو کەمبکاتەوە. (بڕوانە ئینسایکلوپیدیای بریتانیکا، بەرگی ٤ ل ٥٧٦).

١٢- جەژنو بۆنەی لوپرکال، یەکێکە لە جەژنو بۆنە کۆنەکانی ڕومیان کە بە "لو پرکالیا" مەنشوور بوو، ساڵی جارێك دەگێڕدرا، ساڵیادێك بوو لە خۆشیو شادی گشتی، وەکو ڕێزو حورمەت بۆ لوپرکوسی خواوەندی گوندان (بەرانبەر بە پانە کە پارێزڤانی مەڕو ماڵات بوو لە گورگانو هەروەها خواوەندی پیتو بەرەکەتی زەویش بوو) ئەم جەژنو بۆنەیە لە ٢/٥دا بەرپا دەکرا، کە لە کۆنا دەیکردە دوا مانگی تەقویمی ڕۆمی.

١٣- نیرڤی Nervii، ناوچەیەك بوو لە دیارو دەڤەری گول کە لە ساڵی ٥٧ پ.ز لەلایەن قەیسەرەوە گیرا. ئانتونی بەخۆی لەم شەرەدا بەشدار بووە.

١٤- وشەی Knock لە زمانی ئینگلیزیدا دوو مەعنای هەیە، یەکەمیان لە دەرگادانە و دووەمیان لێدانو ژەنینی شتێکە.

١٥- پەردەی سێیەم، دیمەنی سێیەم، مەیدانی فوروم لە ڕوم.

١٦- بروانە، مێژووی ژیانی پیاوانی بە نامێ، بەرگی چوارەم، پاچڤەی دکتۆر ڕەزا مەشایخی، ل ٦٠٠- ٦٠١.

١٧- بڕوانە ئینسایکلوپیدیای بریتانیکا، بەرگی چوارەم، ل ٣١٦.

١٨- ئینسایکلوپیدیای ئەمریکانا، بەرگی ٤، لە٦٤٥- ٦٤٦. بەشێکی ئەم بەڵگەنامانە، نامەی نێوان بروتوس و سیسرونە کە لە کتێبی خوتبەکانی سیسرون دا هاتووە. سیسرون، ئەم بەرهەمەی بە دۆستی خۆی بروتوس پێشکەش کردووە.

١٩- پایەیەکە هاوتای قازی گشتی لە ڕومی کۆندا.

٢٠- ئینسایکلوپیدیای ئەمریکانا، بەرگی ٤، ل ٦٤٦.

بروتوس، کوڕی باوکێکی هاوناوی خۆی بوو، کە کەسایەتی بەرزو دیاری ئەو بووە هۆی ئەوەی پومپە دژی بوەستێو دژایەتی بکاتو سەرەنجام لە ڕێگای دەستو پێوەندانی ئەوەوە کوژرا. کاتێ ئەو کوژرا، بروتوس منداڵێکی هەشت ساڵان بوو، دایکی کە زڕ خۆشکی "کاتو" بوو، پەروەردەکردنی ئەوی گرتە ئەستۆو زانیاری تەواوی فێرکرد. بەڵام بروتوس بەگەڵ بکوژەکەی بابی خۆی کەوتو دژی تزار وەستا کە سەرەنجام بە شکستو تەسلیم بوونی ئەو شکایەوە.

٢١- پەردەی پێنجەم، دیمەنی پێنجەم، مەیدانی شەڕ.

٢٢- بڕوانە پلوتارك، مێژووی ژیانی پیاوانی بە نامیٚ، بەرگی ٤، پاچڤەی دکتۆر ڕەزا مەشایخی، لە ٦٦٤- ٦٦٥.

٢٣- پەردەی پێنجەم، دیمەنی پێنجەم، مەیدانی جەنگ (شانۆنامەی یولیوس قەیسەر، نووسینی ویلیام شەکسپیر.)

٢٤- کوریولانوس، شانۆنامەیەکی خەمناکە، لە ژیانی گایوس مارکوس کوریولانوسەوە، کە قارەمانێکی ئەفسانەیی ڕومە کە لە دەوروبەری سەدەی پێنجەمدا ژیاوە، هەڵێنجراوە. پلوتارك لە کتێبی ژیانین هاوشێوەدا باسی کردووە. ئەم شانۆنامەیە یەکێکە لەو شانۆنامە کەمانەی شەکسپیر، کە شەقڵی (سیاسەت)ی لە خۆ گرتووەو جیلوە ڕوحیە ئینسانیەکانی وەکو خۆشەویستیو ڤیانو حەسوودیو ئازایەتیو تۆڵە ئەستێنیو کینەکێشیو ئەو جۆرە ئەڵهاو خەمو خولیایانەی لە ژێر پەردەی پرسە سیاسیەکاندا شاردووەتەوە. ڕەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە نەیهێشت ئەم تراژیدیایە، کە یەکسەر دوای شانۆنامەی (ئانتونی و کلیوپاترا) نووسراو بە سی و یەکەمین شانۆنامەی شەکسپیر دێتە ژماردن، شۆرەتو نێوبانگی جیهانی پەیدا بکات، ئەمە بووبیٚ.

٢٥- جووتە وشەی "تزار" و "قەیسەر" کە یەکەمیان پاشایانی ڕووسو دووەمیان ئیمپراتۆرانی پروس بۆ خۆیانیان هەڵبژاردبوو، بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە. سیٚ وشەی "هاتم، دیتم، فەتحم کرد" وێڕای ئەوەی نزیکەی دوو هەزارساڵێکی بەسەردا ڕۆییوە، هێشتا لە هزرو بیردا ماوە. هەندیٚ پەندو قسەی نەستەقی دیکەش لە دەورانی قەیسەرەوە ماونەتەوە، لەوانە:

ئەلف: "هاوسەری قەیسەر لە سەرووی هەر بەد گومانیەکەوەیە" خەڵکی ڕوم ئەم پەندەیان بۆ پومپیا دروستکردبوو و کاتیٚ بە دخوایان، قاویان داخست کە پومپیا دەگەڵ کلودیوس دا، کە یەکێك بوو لە نزیکانی قەیسەر، دەستی ئاشقێنی تێکەڵ کردووە، قەیسەر، هەرچەند دەیزانی کە بیٚ تاوانە، هەر تەڵاقی دا.

بیٚ: "یاتزار، یاهیچ کەس." ڕومیان تا ساڵانو سەردەمانێکی یەجگار زۆر ئەم پەندەیان بەکار دەبردو مەبەست ئەمە بوو کە "هەموو شت یان هیچ شتێك" هەروەها "یا ئەوەی کە دەمەویٚ یا هیچ شتێك."

پیٚ: "شاری تزاران" مەبەست لەم ڕستەیە ڕوم بوو. پەندی پێشنیانی "هەموو ڕێگاکان دەچنەوە ڕۆما" یەکێك بوو لەو پەندانەی کە لە زەمانی قەیسەردا کەوتە سەرزارانو مەبەست لە بەرینی ئیمپراتۆریەتی ڕوم و مەرکەزیەتی شاری ڕۆما بوو.

*- سەرچاوە: سیری در بزرگترین کتابهای جهان (جلد دوم) چاپ، پنجم/ (١٣٨٩) حسن شهباز/ موسسه انتشارات امیر کبیر.

# فەرهەنگۆك

## ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاکار

ئارایشتکار : ئارایشتگەر ، مکیاجکار

ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاّ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیکلام : کڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، کێشك

ئاکنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەکید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

**ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە**

**ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا**

**ئەسکەمیل: کورسی**

**ئاوەز: ئەقڵ**

**ئاخێز: نیوە هەستان**

**ئەوقات: پارێزەر**

**ئۆل: ئاین**

**ئاریشە: کێشە، گرفت**

**ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ**

**ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابڕوو، خوێڕی**

**ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك،ئێزنگ وقەلأشکەری**

## ب:

**باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی**

**باب: باوك**

**بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان**

**بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج**

**بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب**

**بلوور: شووشە**

**بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو**

**بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی**

**بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان**

**برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)**

**بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان**

**بەرۆك: یاخە، یەخە**

**بەکاوەخۆ: بە هێواشی**

**بەرسڤ: وەلأم**

**بەڕك: گیرفان، باخەڵ**

**بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە**

**بوری: تێپەڕی**

**بیلبتون: بە تەواوەتی**

**بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە**

**باریە: لۆسە**

**بەستێن: ڕۆخ، کەنار، گویٚ چەم، دەم چەم**

**بێشە: دارستان، لێر**

**بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە**

**بن پیاڵە: ژێر پیاڵە**

**بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو**

**بوێر : ئازا، دلێر**

**بێوەی: بیٚ زیان، سەلامەت**

**باڕ : بێچووە مەلی بەهارە**

**بێزوو: بێزگ، مەگیرانی**

**بێزگەوان: بێزووکەر**

**بەلآنس: هاوسەنگی**

**بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر**

**باجەوان: باجگر**

**بەسویٚ: بە ژان، بە ئازار**

**بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر**

**بێدادی: نەهەقی**

**بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان**

**بویەر: ڕووداو**

**باژێرۆك: شارۆچکە**

**باشار: دەربردن، خۆراگرتن**

**بەرایی: پێشایی، بەراهی**

**بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن**

**بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد**

**بەلەك: پووز**

**بە خورتی :بە تۆپزی**

**بالیف: سەرین، پشتی**

**بەگەنکردن: پەسندکردن**

**باندۆر: کاریگەریی**

**بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە**

**بەرخودان: مقاوەمەت**

**بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو**

**بەرجەوەن: دیمەن**

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو

باسریشک: بەفرو باران پێکەوە

## پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارک: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەک

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشک گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشک ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلاّمەت

پیتاک: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێلاّو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بیّ مانا

**پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك**

**پەتۆ: بەتانی**

## ت:

**تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر**

**تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا**

**تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ریژ**

**تا: لا، لایەن**

**تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی**

**تالووکە: مەترسی، خەتەر**

**تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ**

**تەژەو ناقۆڵا: گەورەو ناشیرین**

**تاین: یارۆ، فلأن، ناڤبری**

**تاژی: سەگی ڕاو، تانجی**

**تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن**

**تەیرو تو: باڵندەو مەلان**

**تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن**

**تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم**

**تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین**

**تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك**

**تەختەبەن: تەختە خەو**

**تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو**

**تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن**

**تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن**

**تیلمە: تیلماسك**

**تیلاگ: لاسەر**

**تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو**

**تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ**

**تەریدە : ڕێگر ، چەتە**

**توولەك: وەرینی مووی لەش**

**تۆسن: سەرکێش، نا ڕام**

**تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە**

**تەمراندن: کوژاندنەوە**

تاری : تاریك

تۆماكۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

## ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سیٚ سووچە لە زەڵکاودا دەڕویٚ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولاٚ، بزوا

جڤاکی: کۆمەلاٚیەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

## چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆریٚ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چیٚڵ: مانگا

چەنگ: ئامیٚریٚکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: میٚرگ، میٚرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشه

چوارنكال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسكێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەڵیب

چاوگ: دەستە چیە

## ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، كەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

## خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشكۆك: دەلال، جوانكیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنكاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاّم، نۆكەر، خزمەتكار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: ریك، بیٚ کەم و زیاد

خاکی: بیٚ هەوا، بیٚ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، ڕوون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمڕە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

## د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جیٚ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بیٚ فڕو فێڵ، بیٚ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر توڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەلاٌت و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بیٚ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆک، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەلە

دەست قلْپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

## ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك

رمووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

ڕەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

ڕەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بیٚ نموود

ڕۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

ڕامووسان: ماچ

ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالٚ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

ڕەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب

ڕەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار

## ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆلاٚو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخالٚ: رەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دلٚ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، مندالاٚن

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

## ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

## س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

**سازڤان: مۆزیکوان**

**سەرناڤ: ناونیشان**

**ستان: شار، پارێزگا**

**ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف**

**ساردخانە: مەیتخانە**

**سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل**

**سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا**

**ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە**

**سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو**

**سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن**

**سویێ: ئازار، ژان**

**سیخار: زوقم**

**ساقەتە: لاسکی گیا**

## ش:

**شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا**

**شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار**

**شەیپور: بۆقی، کەڕەنا**

**شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران**

**شکەفت: ئەشکەوت**

**شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ**

**شتاقیان، هیچیان، کەسیان**

**شنگ: هێز، تاقەت، توانا**

**شەقاو: هەنگاو**

**شلینگ: پارەیەکە**

**شاپ: شەق**

**شەکەت: ماندوو، هیلاك**

**شوورە: دیوار**

**شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی**

**شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش**

**شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە**

**شەلاق: شەلاخ، قامچی**

**شەم: مۆم، شەمالك**

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە

## ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

## غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

## ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

ڤڕێکردن: بەڕێکردن، ناردن

## ق:

قالیچە: مافووری بچووک

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، ڕەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەلکاوی قامیشەلاّن

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەلاّتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلاّیی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت ڕەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کوور، پشت کۆم

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشکر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیرات: گەرماپێو

قڕێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان

## ک:

کوت ومت: دەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسک

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توک

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەک: سۆس

کۆمەک: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووک

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسک: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کلاوخود: کلاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەڤرۆك: بەردەلآن

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك: سەگ

کەستەك:سندە گڵ، کڵۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕك هەڵگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێك

## گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

**گەدا: پارسەك، سواڵكەر، دەرۆزەكەر**

**گورزە: باقەی گەورە**

**گەرەكمە: دەمەوێ ، دەخوازم**

**گەمە: یاری، وازی، كایە**

**گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا**

**گەردنبەند: ملوانكە**

**گازكردن: بانگكردن**

**گۆرین: یارۆ، ناڤبری**

**گوند: دێ، ئاوایی**

**گومناو: ناوبزر، نەناسراو**

**گۆزینگ : قولەپێ**

**گەڵۆز: ناولینگ**

**گول: گەڕ و گول**

**گاگۆز: پۆڵكە**

**گارد: پاسەوانی تایبەت**

**گۆنگ : ئاڵۆز**

**گەنگەشە: موناقەشە**

**گووراو : مەخلووق**

**گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك**

**گازی: بانگكردن**

**گرۆز: وڕكن**

**گڵكۆ: گۆڕ، ئارامگە**

**گمێز: پێشاو**

# ل:

**لە كەیفان: لە خۆشیان**

**لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە**

**لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلاّن**

**لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی**

**لۆسە: باری**

**لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو**

**لێ: بەلاّم**

**لێبڕا: بڕیاری دا**

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

## م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

ملێ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەلاٌقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مراك: کەوچك، کەچك

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

## ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەلاٌن

نسیبەت: بەلاٌ، موسیبەت

نەترە: ورە

**ناچیز: هیچ، زۆر کەم**

**نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ**

**ناحەز: ناشیرین**

**نێچیرڤان : ڕاوچی**

**نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن**

**نەزاکەت : لوتف و ئەدەب**

**نك : کن ،لا، جەم ، دەف**

**ناڤبری : ناوبراو**

**نەژنەو :نەبیست، منجڕ**

**نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە**

**نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو**

**ناڤساڵ : میانە ساڵ**

**نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا**

**نەخاسما: بە تایبەتی**

**نەسرانی: فەڵە، مەسیحی**

**ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە**

## و:

**وەمێنیٚ:بمێنێتەوە**

**وەکرد: کردەوە**

**وەشێرت: شاردەوە**

**وێنا: تەسەور**

**وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن**

**واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو**

**وێدەدەم: دەدەمیٚ**

**وەقف کردن : تەرخان کردن**

**وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر کێڵاٚن**

**وەردیان : زیندانەوان**

**وەشانخانە: بلاٌوەخانە، دارالنشر**

**وەشانکار: بلاٌوکەرەوە، ناشر**

**وڕاوە: وڕێنە**

**ودم:مومبارەکی، پیرزی**

**وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو**

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

## ھ:

ھانکە ھانك: ھەناسە برکێ

ھەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

ھەڕوگیڤ: ھەرەشەو گورەشە

ھەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

ھەزاربەھەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

ھەڵزنان: ھەڵگەڕان بۆ سەرەوە

ھایم: سەرگەردان، وێڵ

ھەنبەر: بەرانبەر

ھەترەش: زەندەق، زراو

ھەنووکە: ئیستا، نها، نھوو

ھۆشن: بەھۆش

ھەتەر: مەودای حوکمی چاو

ھۆڤی: کێوی، وەحشی

ھۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

ھزرو ھزرین : بیرو بیرکردنەوە

ھەیڤ : مانگ

ھەیڤەشەو: مانگە شەو

ھەدا : سەبر ، حەوسەڵە

ھەراوزەنا : ھەراو ھەنگامە

ھەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

ھاپۆ : مام

ھەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

ھەرەت : تاف

ھەتوان : مەرھەم ، مەڵحەم

ھەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

**هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ**

**هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا**

**هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا**

**هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەلأیەتی**

**هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان**

**هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە**

**هێورین: حەوانەوە**

**هاماج: ئۆتمۆسفیر**

**هەلأوێردن: جیاکرنەوە**

**هاتە وەشاندن ، بلأوکرایەوە**

**هزرڤان: بیرمەند، زانا**

**هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان**

**هەلاکەت: گیانەڵلأ، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن**

**هەلأژیان: ڕاکشان**

**هاژۆتن: لێخوڕین**

## ی:

**یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم**

**یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان**

**یارۆ : فلأن**

**یاتاخ : پێخەف ، نوێن**

**یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو**

**یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن**